# لەخزمەت قورئاندا

١-١٠

ئەندازیار عوسمان

چاپی پێنجەم

١٤٣٥-٢٠١٤

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ناوی کتێب : لەخزمەت قورئاندا

نووسینی : عوسمان محمد رشید

تیراژ : ١٠٠٠دانە

چاپ : پێنجەم

ژ. سپاردن (٣٧٨) وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٤

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درودوسەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یار و یاوەران و شوێنکەوتوان هەتارۆژی دوایی.

ساڵی ١٩٩٦بەشی یەکەمی لەخزمەت قورئاندا چاوی گەشی بەدنیا هەڵهێنا ، بۆیەکەمجار جێیەکی بۆ خۆی کردەوە لەدڵی عاشقانی بەرنامەی خوادا .

ئیتر لەو ڕۆژەوە ، بەفەزڵی خوا بەشەکانی تریش یەك بەدوای یەکدا هاتن و هاندانی دۆست و خۆشەویست و خوێنەران ، وای کرد کە دەست و برد بکەین و زیاتر جەخت بکەینە سەر بابەتە قورئانیەکان و بابەتە رۆحیەکان .

بەڵێ هەوڵی دەیان ساڵە و رەنجی بێوچان و گەڕان بەجیهانی دەوڵەمەندی کتێب دا ئەم دە بەشەی لێ سەوز بوو ...ئێستاش کە هەمووی لەبەرگێکدا کۆدەکرێتەوە ، هیوا وایە کە چاکتر و جوانتر بێت و بەبەرگێکی قەشەنگ و قەبارەیەکی گونجاوترەوە بچێتەوە خزمەتی خوێنەرانی ...

دیارە کاری مرۆڤ کەم تا زۆر کەم و کوڕی تیا دەبێت ، بەڵام ئەم کارە هەرچۆنێك بێت ، یەکەمجارە لەکتێبخانەی کوردی دا بابەتی وا لەبارەی قورئانەوە بڵاوبکرێتەوە ، ئەوەندەی منیش بزانم لەکتێبخانەی عەرەبیشدا هەر بەهەمان شێوە ئەم جۆرە هەڵوێستە کورتە قورئانیانە کەمن ، هەرچەندە تەفسیریان زۆرە وبەشێوازی تر باسی هەمەجۆر و هەمە لایەنەیان هەیەو کتێبخانەی قورئانیان دەوڵەمەندە.

بەهەر حاڵ هەرچی خزمەتێ بەقورئان بکرێت هەرکەمە ، چونکە دوا پەیامی خوایە بۆ مرۆڤایەتی و هەقە کوردیش وەك گەلانی تر لەقورئان بەهرەوەربێت و دنیا و قیامەتی خۆی پێ بەختەوەر بکات.

هەروەك چۆن خۆر رووناکی و گەرمی یەکەی بۆ هەمووانە بەبێ جیاوازی ، قورئانیش نوور و هیدایەتە بۆ هەموو بەرەی ئادەمی لەژێر دروشمی ﴿ ان اکرمکم عند الله اتقاکم ﴾ وە ﴿ لا فضل لعربي على أعجمي الا بالتقوى ﴾ ، لەهەمووکات و شوێنێکدا .

(صلاح الدین) بەڕەحمەت بێت ، ویستی فەتحی قودس بکات و بەیەکجاری خاچپەرستەکانی لێ دەربکات بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی لەسەر دانرێت .

هەندێك لەسەركردەكانی سوپاكەی هەرچەندە عەرەب بوون ، هەروەك زۆر لەسەركردە عەرەبەكانی ئەمڕۆ ، سەروساختیان هەبوو لەگەڵ دوژمندا ، بۆیە ئایەتەكانی سوڵحیان بۆ (صلاح الدین) دەخوێندەوە ،بۆ ئەوەی لەگەڵ دوژمندا رێكەوێ و ئاوی ڕووی خاچپەرستەكان پارێزراوبێت ، ئەویش تووڕە بوو ، وە داواكەی دانە دواوە و وتی : ( انا كردي أفهم القران أكثر منكم ) واتە : من كوردم ، لەئێوە باشتر لەقورئان تێدەگەم و، قودسیش فەتح دەكەم و بەیەكجاری خاچ پەرستەكان دەردەكەم .

جا كوردی نەوەی ئەو (صلاح الدین) ە هەق وایە ئەوەندە گرنگی بدەن بە قورئان و شارەزا بن لێی ، تا هەمووكات بەشانازی یەوە بڵێین : ئێمەی كورد لەخەڵكانی تر باشتر لە قورئان تێدەگەین .

ئەم زنجیرەیەش هەنگاوێكە بۆ ئەو مەبەستە بەوهیوایەی كە سوودبەخش بێت بۆ خوێنەرانی ، بەتایبەت لەم سەرەتای هەزارەی سێیەمەدا كە دوژمنانی ئیسلام زۆر لەجاران زیاتر لەكاردان بۆ دژایەتی ئیسلام و كوژاندنەوەی نووری قورئان ... ڕووداوەكانی ئەم دواییەش وای كرد كە زیاتر بەئاشكرا دەست بكێشنە ناو وڵاتانی ئیسلامەوە و زیاتر فشار بخەنە سەر موسڵمانان ... بەڵام ئاشكرایە كە خوای گەورە پیلانەكانیان بێئاكام دەكات ﴿ یریدون لیطفئوا نور الله بأفواههم و الله متم نوره ولوكره الكافرون ﴾ الصف

بۆ شایەتیش لەتۆڕی ئینتەرنێت دا ئەم هەواڵە بڵاوكراوەتەوە كەدەڵێ : پاش ڕووداوەكانی ئەمریكا و هێرشی سەربازی و پڕوپاگەندەی ناڕەوای ئەمریكا بۆ سەر ئیسلام و موسڵمانان ، ئیسلام زیاتر لەجاران خەڵكی بەدوایدا دەگەڕێن و لەفەڕەنسادا چەند جار قورئانی راڤەكراوی فەڕەنسی چاپ كراوەتەوە و پەڕاوی (ماهو الاسلام) بەفەرەنسی زۆر دەفرۆشرێت .

سەركەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بەرۆژهەڵات و رۆژئاوادا پەیمانی خوایە و داهاتووش راستی ئەم پەیمانە دەردەخات ﴿ و الله غالب علی امره ولكن اكثر الناس لایعلمون ﴾( یوسف ) ..

نووسەر ٢٠٠١

## پاش چارەکە سەدەیەك حاشیەیەك بۆ قورئان

زۆرن ئەوانەی لە ڕابردوو ئێستادا دەنوسن و نوسیویانە ، کەمن ئەو نوسینانەی ئەمێننەوە نەك لەسەر پەڕەی کاغەز و ستونی کتێبخانە و شەپۆلی تۆڕی ئینتەرنێتدا بەڵکو مەبەستم پەڕەی دڵ و ستوونی زهن و شەپۆلی بیرە .. مەگەر ئەو نوسینانەی کە یان داهێنانێك ئەسازێنن و گرەوی نەمری ئەبەنەوە یان ئەبنە ڕاڤەو ڕامان لە دەقێکی نەمر...

ئەوەی ئەندازیار عوسمان کردویەتی لەم کتێبەدا ئەمەی دوەمیانە ، قورئانی پیرۆز زەریایەکی گەورە و بێ بنە ، ئەوەی تا ئێستا لە مەدحی شەپۆلێکی دا نوسراوە هەر پرژەیەکە، ئەوەی لە وەسفی شنەیەکی سەرنج ڕاکێشیدا وتراوە تەنها سروەیەکی هێمنی بینیوە ، ئەوەی خۆی لە باسی لێرەوار و دامێن و پونگەی کەنار و نەشئەی سپێدە و تریفەی نێوەند و هوردوی جوانی ئەوی داوە عاشقانی گەوهەر و مرواریەکانی بوون و هەر ڕۆیشتن و پێی نەگەیشتن ، عاشق بوون و هەر لەدەوری شەمعی شەم چرای بوونە پەپولەی باڵ سووتاو لە سایەیەك زیاتر نەڕۆیشتن ، چۆن سەییدی ڕەحمەتی یەکەمجار (تصوير فني في القران ) ی نوسی و بەهیوای دروستکردنی سایە و سێبەرێك تا لە حەساریا ( في ظلال ) بنوسێ و پاشانیش (تەفسیر )ێك یاداشت بکات . بەڵام نە تەمەن مۆڵەتی داو نە ژیان بۆی لەبار بوو نە عیشق ڕێی پێدا لەوە زیاتر لە مەعشوق بدوێ ،جا منیش هەر لە سەرەتای ئەم ڕازەوە کە ئەندازیار عوسمانم ئەبینی دەفتەرێکی بە باوەشەوە بوو پەنجاوشەش هەڵوێستی تیادا یاداشت کردبوو پرسیاری ئەکرد و ئەگەرا ناوی چی لێ بنێ ؟

کۆرپەیەکی چاوگەشی بەباوەشەوە بوو ئەگەڕا لە حەوتوی دا حەوتێکی بۆ بکا و ناوی لێ بنێ ، بەڵام ناوەکەی چی بێ ؟ چی نەبێ ؟!

وتیان : ئەم ڕازە ناوبنێ (٥٦ هەڵوێستە لەڕێگای قورئان دا ) وتی : نەخێر .

وتیان : ناوی بنێ ( ٥٦ مرواری دەریای قورئان) وتی : نەخێر .

وتیان : یاداشتێکە ( ٥٦ ڕامان لە گوڵەکانی قورئان ) وتی : نەخێر .

وتیان : بیکه به (لەخزمەت قورئاندا ) و سەڵاواتی لیّ به .

ئەویش وتیەوه : اللهم صل علی محمد وعلی ال محمد ... بارك الله فیك زۆر جوانه ...

هەر لەو رۆژەوه دەرکم کرد که ئەم هەڵویّستانه ڕوانینه لە ڕیّگایەکی دوور ، تەعبیره لە ڕامانیّکی قووڵ ،هەنگاوه بۆ کاروانیّکی دوور ، سەرەتایه بۆ قۆناغیّکی تر ، هەنگاوەکەی (تصویر فنی)یەو بەهیوای (فی ظلال) یّکی تره ، بەڵام ترسی تەعبیر و تووڵانیّتی ڕیّگا و قورسی هەنگاو ئەو جورئەتەی نادەنیّ هەر لە ساڵی (١٩٩٧)ەوه باس لە خەونیّکی گەورەتر بکات ،که چارەکه سەدەیەك زیاتره پیّوەی هۆگر بووه .. باس لە حاشییەیەك بۆ قورئانی پیرۆز بکات ... سوپاس بۆ خوا پاش ئەم (٥ ) ساڵه لە (٥٦) هەڵویّستەوه گەیشته (٢٠٠) و کسوورو خوای گەوره یارمەتی ئەم ئەندازیارەمان بدات و چاوانی ڕوون و هیّزی بینینی فراوان و توانای زهنی زیاد بکات تا لە تەلاری بەرزه باڵای قورئانی پیرۆز زیاتر هەڵویّسته بکات و جوانتر و وردتر پەخش و نەخشی سەما و سیمای و گازه و ڕازی ڕابمیّنیّ و سەرنج کۆی خۆی یاداشت بکات و دریّژه بەم کاره پڕ لە خزمەتەی بدات بەهیوای ئەوەی خوای گەوره قورئانی پیرۆز بکاته بەهاری دڵی هەموومان و سۆمای دیده و چرای تەمەن و هاوڕیّ ی سەفەر و ڕیّبەری ڕیّی ئەو دنیامان و تا دوا هەنگاو شەفاعەت کاری حەشرمان .

* * *

قورئان ماکی ژیانەوەی مرۆڤ و بوژانەوه و گەش بونەوەی دڵ و دەرونی بۆ خوا سوڵحاوان و زاهیدان و خواناسانه { وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا }الشوری ٥٢/ کۆشان کۆشی مرۆڤ لەژیاندا لەپیّناوی هەرچیەك و هەرشتیّك دا بیّت هیّندەی ئەوه گرنگ نابیّت کەسەرقاڵی خزمەتی چلۆچیّوو گەڵا و گوڵی باخچەی قورئان و پەڕ و باڵی تەیر و تواڵی ئایەتەکانی قورئان بیّت ... چی لە دەریای ڕوونی سورەتەکانی قورئان زیاتر مرۆڤ ئاسوده دەکات و چاو و دڵ و دەروون ڕوون دەکاتەوه ، چی لە جوانی ماسی و گەوهەرەکانی نیّو قوڵایی زەریای جوزئەکانی قورئان ، شەپۆلەکانی فورقان سیحری کیّشندەی کیتاب ، سەرنج ڕاکیّشتر و پڕ کریشمه تره ، زمانی قورئان زمانی کیّشندەی عەقڵ و زیهنه ، زمانی خرۆشانی سۆزی پیرۆزه ،

زمانی گۆیای هەستی بەئاگایە هەر بۆیە ( جفری لەنگ ) پاش موسڵمان بوونی هێندەی چێژی لە قورئان ولە نوێژ ئەچەشت، هێندەی چەشەی موتاڵای لە بیستنی ئایەتەکانی قورئان دا ئەبینیەوە بە هیچ شتێکی تر ئاوا سەرسام نە ئەبوو ، هەر بۆیە کاتێك کە لێیان ئەپرسی خۆتۆ زمانی عەرەبی نازانی ، لە قورئان تێناگەیت ، بۆچی ئەمەندە حەزت لە نوێژی جەماعەت و قورئان خوێندنی ئیمامە ؟! ئەویش چەن سادە .. چەن پاك .. بێ گرێ .. چەند بە ئاسانی ئەیوت : کاتێك منداڵێك دەگری بە لایلایەی دایکی ژیر نابێتەوە ؟

وتیان بەڵێ .

وتی : کێ تەرجومانی نێوان دایك و کۆرپەیە ؟؟ بەڵکو تەنها پەیوەندی ڕۆحی نێوان دایك و منداڵەکەیە ئەبێتە هۆی ژیر بونەوەی منداڵەکە ، منیش بەهەمان شێوە .

قورئان ئەو ئارامکەرەوەی دەرونەیە کەلەکاتی خەم و خەفەتدا ،لەکاتی تۆفانی ستەم و نارەحەتی دا دەبێتە شەماڵێکی فێنك کەرەوە و ئاسۆیەکی ڕوناك کەرەوە بۆ دڵ و دەروون . قورئان ئەو فریادڕەسەیە کەلەکاتی بروسکەی ترس وهەڵدێران و نسکۆدا دەبێتە هاوکار و هاوڕێ ی حوزن و ڕەوینەوەی ترس و لەرز .

ئەوە قورئانە ئاوا هەست و سۆزی مرۆڤ ئەداتە بەر شەپۆلی عیشق و جۆشانی عاتیفە و جووڵانی نەست ،مرۆڤ کاتێك کەمەندکێشی ئەو هەستە بوو ، عاشقی ئەو هێزە بوو ، گەڕیدەی ئەو چرایە بوو ، ماندو بوون و گەڕان و نارەحەتی و کەند و کۆسپی شەو و ڕۆژی لێ ئەبێتە گەشت و سەفەر و سیاحەت ، جا لەو گەشتەدا چاوی ئەکەوێت بە چەندین دیمەنی دڵگیر و چەندین تیرۆژی نگین و نوری پیرۆز ، گوێی بەژنەوتنی چەندین دەنگی خۆش و سروەی نەشئە بەخش و سۆزی پڕخرۆش و دەنگی سیحر ئامێز دەکەوێت ، دەستی بە مەملەکەتێك ئەگات کە خەونەکانی تێیدا بونەتە واقیع ، کە ئەفسانەکانی تێدا بونەتە گوزەشتە ، کە (ستەم ) ەکانی تێدا بونەتە (داد) ، کە گشت (صە مت )ەکانی تێدا بونەتە (دەنگ) .کە دەنگە ئەزیەتدەرەکانی تێدا بونەتە ئاهەنگ ، لەم گۆڤەندەوە مرۆڤ چی دەبینێ ؟! لەم ئاهەنگی قورئانەدا ( ڕەحمان ) پێشانگای نیعمەتەکانی خوا و (بەقەرە و ئالی عیمران ) گوڵە بۆن

خۆشەکانن و (یاسین ) دڵی بەسۆز و (فاتیحە) سەرەتا و تاچاو بڕکا (ئەلناس ) و خەڵکی درێژە بە گێڕانی ئاهەنگ دەدەن . لە گۆڤەندێکی وا دڵگیردا لە باخچەیەکی وا سیحر ئامێزدا لە جوانیەکی وا پڕ لە وردەکاریدا هەموو چاوێك ئەتوانێت جوانی ببینێ ... هەموو گوێیەك ئەتوانێ دەنگێکی پڕ خرۆش ببیستێ ، هەموو پێیەك ئەتوانێ سەفەری نێو سیحر و جوانی بکات ، گەشتی نێو زینەت و زیبا بکات ، هەموو دڵێك ئەتوانێ بەو هەموو خۆشیانەی سروور مەندبێت ، بەڵام قسە لێرەدایە : ئەندازیارێکی ورد بین خاوەن تەدارەکی گەشت بەرچاو ڕونترە لە بینینی جوانیەکان و بەگوڕترە لەهەنگاوی گەشت و گوێ سوکترە لە بیستنی دەنگ و بەئاگاترە لە هەڵسەنگاندنی ڕەنگ و دڵ وریاترە لە خرۆشاندنی دەروونی پڕجۆش . لەو دیدگایەوە ئەمانەوێت گەواڵەیەك لە ڕامانەکانی ئەم ئەندازیارە بچنینەوە ، چونکە لەژێر سایەی قورئان دا ،لەبەر هەناسەی گەرمی ئایەتەکاندا ، لەپاڵ سۆزی پڕ خرۆشی سورەتەکاندا ، مرۆڤ حەیران ئەمێنێ ناتوانێ هەموو دیدگا و ڕامان و ڕوانگە و بینینەکان بچنێتەوە .

بەڕێز حاجی عوسمان لەم گەشتەیدا (٢٧٠) جار هەڵوێستەی کردوە لەبەردەم شەپۆلەکانی ئەم دەریای پڕ میهرەدا . لەنێو ئەم هەڵوێستە کردنانەدا چەندین مەشهەدی جوان و دڵگیری یاداشت کردووە کە ئەکرێت بە چەند خاڵێك و بەکورتی ئاماژەیان پێ بکەین :

١- هەڵبژاردنی دەستەبژێرێك لە مەشهەدی سۆزدارانە و پڕ نەشئانەی ژیانی سەرداری مرۆڤایەتی حەزرەتی (محمد) (د.خ)کە ڕاڤەی مەشهەدەکە ئەبێتە ڕاڤەی ئایەتێك .

٢- هەڵبژاردن و مۆنتاژکردنی زۆرترین ئایەتی پەروەردەیی و نیشاندانی حاڵەتی ئیحسان و چاکە و کردەوەی باش و ئاکامی سەرفرازیانە لەگەڵ حاڵەتی سلبی گوناه و خەتا و نسیان و عصیان وە ئاکامی ئەم نمونانە لە ڕەفتار و گوفتاردا و لە حەشر و نەشردا .

٣- ڕامان و تێبینی وردی چنیوەتەوە لەڕووی مانا و زمانەوە و کە تێگەیشتن لە قورئان زۆر ئاسان دەکەن ، بە واتایەکی تر تیشکۆیەکە بۆ سەر زانستی ڕەوانبێژی لە قورئانی پیرۆزدا . وەك زنجیرەکانی (٤١) و (٤٧) و (٤٨) و (٤٩) و (٥٠) و (٥٣) و(٥٦) و .... هتد

٤- لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە چەندین دیاردەی هەڵەی نێو شانەکانی کۆمەڵی ڕاست کردۆتەوە ئەوانەی کە ئەبنە هۆی داهێزران و ڕمانی جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە وە لەسەر نوسینی چەندین بابەتی ئەکتیڤی (چالاك) بۆ جوڵاندن و بزۆکترکردنی جەستە و گیانی ئیجابی کۆمەڵگە وە ڕاست کردنەوەی ڕوئیا و ڕوبینای ئەندامەکانی وەك بەشەکانی :

(بەخشین و نەبەخشینی منداڵ لەخواوەیە ، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە ڕام کراوە ، (انشا الله) تان بیر نەچێت، تەوەکول بەخوا ، چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك دا ، وەرن با لەعنەت لە درۆزن بکەین ، پێغەمبەران چاك لەدەستی خوا گەیشتوون، ئافرەتانیش خەبات گێڕ بوون ،دوو پۆشاك ، لادان لە فیترەت و ...هتد ).

٥- شکاندنی ئەو تەلیسمەی کە نمونەی گەورەی ڕۆحانی و ئەولیا قەتیس بێت لەناو جیلی صەحابە و تابعیندا ، ئێستەی لیٚ بیٚ بەش بێت ، بەشێوەیەکی گشتی لەناو گەڵاگەڵای ڕوبەندی ئەم کتێبەدا ئەم تەلیسمە شکێنراوە و چەندین نمونەی زیندوو تازە و کوردەواری و خۆماڵی تێدا یاداشت کراوە.

٦- لەڕیزی گرنگیدان بە بوارە جیاوازەکان و نێوان ئاپۆڕای تێگەیشتن لە قورئان ،گرنگیەکی بەرچاوی داوە بە ئیعجازی زانستی لە چەند ئایەتێکی قورئان دا. کە ئەم لاکردنەوەیە لە ئیعجازی زانستی قورئان لە کتێبخانەی کوردیدا بە دووەمین هەوڵ ئەژمێردرێت پاش (کۆباسەکانی میحراب ) ی مامۆستا شەماڵ موفتی .

٧- لەنیشاندانی هەڵوێستە و لەخستنە بەرچاوی ڕامانەکان دا چەندین سەرچاوەی بۆ بەهێزکردن و بەپێزکردنی وانەکان بەکار بردووە لەوانە :

أ- ژێدەری کەناڵەکانی بۆشایی ئاسمان .

ب- سەرچاوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەگوێرەی پێویست .

ج- ڕووداوی واقیعی و کاریگەر .

د- شیعری پڕ هەڵوێستی شاعیرە گەورە و خواناسەکان .

هـ- كاسێتی ڤیدیۆ و تۆمارکەر .

٨- هەندێك لە بەرگەکانی ئەم کتێبە میحوەرێك تیایاندا باڵاترە لەچاو گرێژنەی بابەتەکانی تردا کە ئەوەش بۆتە هۆکاری زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو چەمکە لەچەند ڕویەکەوە بۆ نموونە : بەرگی سێهەم تیشکێك لە قورئانەوە تەوەرەی سەرەکی لەم بەشەدا ( قورئان و ئەوی دی یە ) یە کە تیایدا ئەم بابەتانە ورووژێنراون :

* ئیعجاز و گەورەیی قورئان .

* ئینجیلی بەرنابا و ڕاستیەکی مێژوویی .

* چۆنیەتی دەست تێوەردان و گۆڕینی ڕاستیەکان لە ئینجیلەکان دا .

* هێنانەوەی چەند نموونەیەکی زیندوو لە جولەکەکان خۆیان .

* کاریگەری ئەفسانە و فیکری هیندی لەسەر ئینجیل .

* ڕاست کردنەوەی هەڵە گەورە و دیارەکانی جولەکە لەلایەن قورئانەوە .

* دەست نیشانی چەند چەمکێکی دەست لێ نەدراو لە پەیامە پێشینیەکاندا .

* ئیستێك بەر لە مەرگ و هەناسەیەك لە ساتی مەرگدا و هەڵوێستەیەك لەخزمەت قورئاندا .

٩- زۆرێك لە هەڵوێستەکان چەند شێوازێك گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی خوێندنەوەیان ئاسان بکات و خوێنەر بەبێ پچڕان بتوانێ یەك لەدوای یەك بەردەوام بێت لە خوێندنەوەیان لەو شێوازانەدا بەرگ گۆڕی لە داڕشتنیاندا کردووە هەندێکیان بە زانیاری نوێ و هەندێکیانی چیرۆك چن کردووە تا زیاتر بەچێژ بن لەلای خۆێنەر .

١٠- لەپەنا بردنە بەر چیرۆك و سەر گوزشتەکاندا بەکۆی جیاوازیەکانیەوە نموونەی لێ خواستوون و یەك ڕەنگی نەکردووە بە کاڵای باڵایان بۆ نموونە :

أ– لـه زماندا به یه‌کێکیانه‌وه نه‌گیرساوه‌ته‌وه به‌ڵکو لـه فارس و لـه عه‌ره‌ب و تورك و ئینگلیز و ... هتد نموونه‌ی وه‌رگرتووه .

ب– لـه‌سه‌بکی په‌یڕه‌ودا ته‌نها ئیسلامی بوونی به مه‌رج گرتووه و بیٚ جیاوازی نموونه‌ی لـه ( پێشه‌وا سه‌عید نورسی ) و ( ئیبن ته‌یمیه) و ( برایانی موسوڵمان ) و ( شێخانی قادری و نه‌قشبه‌ندی ) ، ( پیاوانی بۆ خوا سوڵحاوی پێشین و پاشین ) ی وه‌رگرتووه که ئه‌مه خاڵێکی که‌م نییه لـه به‌پێز کردنی کتێبه‌که‌دا چونکه هه‌م ده‌وڵه‌مه‌ندی کردووه لـه ڕوی بابه‌ته‌وه هه‌م بیٚ لایه‌نی کردووه لـه‌ڕووی داڕشتنه‌وه .

١١– گرنگی دانێکی زۆر به جه‌وهه‌ری قورئان لـه‌هه‌موو به‌رگه‌کان دا ده‌بینرێت ئه‌ویش که (به‌هێز کردنی لایه‌نی ڕۆحی و ته‌زکیه‌ی نه‌فس و خۆ په‌روه‌رده کردنه به مه‌عانی قورئان و خۆڕاهێنان لـه‌سه‌ر ئارام گرتن ). لـه‌م ڕووه‌وه چه‌ندین زنجیره‌ی تایبه‌ت کردووه به‌لایه‌نی ئیمانی و په‌روه‌رده‌یی و گرنگی دان به (عبادات ) (فكر) (زیكر) (شكر) ( كاری خێرخوازی )( زیندوو کردنه‌وه‌ی سونه‌ت ) (سڵاوات دان ) و ...هتد

١٢– زۆربه‌ی بابه‌ته‌کان به زمانێکی ساده‌ی کوردی بیٚ گریٚ و گۆڵ نوسراون ، بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو ئاستێك زۆرترین سوودی لیٚ وه‌ر بگریٚ ..که ئه‌مه‌شی هاتوه‌ته دی و لـه‌چه‌ند شێوه‌یه‌ك دا ده‌رکه‌وتووه:

أ– بوه‌ته مایه‌ی ڕه‌واندنه‌وه‌ی گومان و دڕدۆنگی زۆر که‌س سه‌باره‌ت به چه‌ندین چه‌مکی قورئانی و مه‌عانی ئیمانی .

ب– بڵاوبوونه‌وه‌ی زنجیره‌کانی ڕابردوو به‌چه‌ند وڵاتێکدا و وه‌رگێڕانی هه‌ندیٚ بابه‌تی بۆ سه‌ر زمانی فارسی و ئینگلیزی .

١٣– ئه‌کرێت چه‌نده‌ها خاڵی تر ئاماژه پیٚ بکرێت که لـه زنجیره‌کانی ئه‌م کتێبه‌دا جه‌ختیان لـه‌سه‌ر کراوه‌ته‌وه به‌ڵام وه‌ك سه‌ره‌تا ئاماژه‌م پیٚ کرد ئه‌مه گه‌واڵـه‌یه‌که لـه ڕامانه‌کانی ئه‌م ئه‌ندازیاره‌مان لـه‌پێناو حاشیه‌یه‌ك بۆ قورئانی پیرۆز .

لـه كۆتايي دا ئەمەويت بلێم ئەم كتێبە چەندين پەرەگرافى تێدان كە بەڕاستى نموونەيان كەمە لـە نوسراوى تا ئێستاى كتێبخانەى كورديدا وەك ( زنجيرەى (٢)، (١١٠)،(١١٥)، (١١٦)، (١٢٢) ، (١٤١) ، (١٤٢) ، (١٤٦) ، (١٤٧) ، (١٦٣) ، (١٧٦) ،(٢٠٠) ، (٢٤٠) ...هتد .

بۆيە لـە پايانى ئەم وردە وشانەدا داواى نزاى خێر و سەركەوتن ئەكەم بۆ مامۆستاى بەڕێز و هەموو ئەو كەسانەى كە دەستيان هەبووە لـە سازكردنى ئەو بارودۆخەى كە بتوانێت بەو بيرە ڕوناكەوە ئەو هەڵوێستە جوان و وردانە ياداشت بكات و خواى گەورە يارمەتى و كۆمەكى زياترى بكات لـەپێناو خزمەت كردنى زياتر بە گەوهەرستانى قورئانى پيرۆز و گشت لايەكمان بە خزمەت گوزارى قورئان قبوڵ بفەرمويت .

عادل شاسوارى

٢٠٠١/٨/٨

## بەشی ١

# هەڵوێستەی گشتی

| | |
|---|---|
| ١- پەروەردەکردنی موسوڵمان لەسەر هەوڵ وتێکۆشان | پێشەکی |
| ٣-گرنگی ماڵ وسامان لە ئیسلامدا | ٢- خوا دەیەوێت ئاسانکاریتان بۆ بکات |
| ٥- پاراستنی مافی جوولەکەیەك | ٤-شایەتی دانی خۆشەویست |
| ٧-کەڕو لاڵێ کە پشتت تێ بکاو ڕا بکا | ٦-دادوەریو هەق ووتن |
| ٩- پرسیار دەکەن کەی قیامەت دێت؟ | ٨- ئەگەر وریا کردنەوە سوودی نەبوو |
| ١١- پیلانی کافران دەنوسرێ | ١٠- پەروەردەکردن لە ڕێی ڕوداوەوە |
| ١٣- ئیمان وئیسلامەتی گەورەترین نیعمەتن | ١٢- دوو دیمەنی بێ بڕواکان لە قیامەت دا |
| ١٥- چاکترین قسە بکە! | ١٤- تەخت وتاراجیان تێك درا |
| ١٧- دیمەنێکی ڕۆژی قیامەت! | ١٦- ئارام گرتن سێ پلەیە |
| ١٩- پەروەردەیەکی گرنگ بۆ ناو ماڵ | ١٨-لە خۆشیوناخۆشیاخواتان لە بیر بێت |
| ٢١- تیاچوونی هاوبەش پەیداکەران | ٢٠- بڕواداری دانەمەزراو ومۆلەق! |
| ٢٣- دانوستانی خۆشەویست و کافرەکان | ٢٢- ڕێزگرتنی مامۆستاو پێشەوا |
| ٢٥-بڕواداران ناو پێخەفیان لێ دەبێزرێت! | ٢٤-تەفرەدان وچەواشەکردنی جەماوەر! |
| ٢٧-بە زمان وبەکردەوە سوپاس گوزار بن | ٢٦-مەبن بە بار بەسەر کەسەوە! |
| ٢٩-هەر کەسەو بە قولە پێی خۆی | ٢٨- شەیتان بە راستی دوژمنتانە |
| ٣١-یونس پێغەمبەرو گەلەکەی | ٣٠-میراتگرانی خۆشەویست |
| ٣٣-ئایا خوا بەس نیە بۆ بەندەکەی | ٣٢-دوعاکەی ئەیوب |
| ٣٥-کەشتیەکەی نوح علیە السلام | ٣٤-کافران هەردوو دەستیان دەگەزن |

| | |
|---|---|
| ٣٧- ئاوو كشتوكاڵ وجەختكردنی قورئان | ٣٦- هەڕەشەیەكی قورس وگران |
| ٣٩-گەوهەرو مرواری هەڵڕژاوو پرژاو | ٣٨-كات لە پێغەمبەر مەگرن |
| ٤١- ئەورۆژەی هەموان رادەكەن! | ٤٠-شاخەكان وەك مێخ داكوتراون |
| ٤٣- تابلۆی ئەسپێك لەكاتی جەنگدا | ٤٢-لەگەڵ ناخۆشیدا دوو خۆشی هەیە؟! |
| ٤٥- پێش ودواخستنی وشە لە قورئاندا | ٤٤- سەرقاڵی زۆركردنن |
| ٤٧- خوازەو خواستن لە قورئاندا | ٤٦-كورت كردنەوەو درێژ كردنەوە |
| ٤٩- طباق لە قورئاندا | ٤٨- جیناس لە قورئاندا |
| ٥١- وشەی (قل ) و سەرنجێك | ٥٠-زیادكردنی پیتی (ن) بۆ جەخت كردنە |
| ٥٣-بەكارهێنان وبەكارنەهێنانی (یا قومی) | ٥٢-دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەی گاڵتە بە ئاین دەكەن |
| ٥٥-لابردنی پیتی (ن) | ٥٤- خوا كارو نیەتی دوو ڕووەكان دەبینێ |
| | ٥٦- ئارام گرتن ولێ خۆش بوون |

# پێشەکی

قورئانی پیرۆز بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویت ﴿ کتاب انزلناه اليك مبارك ليدبروا اياته و ليتذكر اولوا الالباب ﴾ ص :٢٩واتە : پەڕاوێکی پیرۆزمان بۆ ناردویت تاوەکو لەئایەتەکانی ورد ببنەوە و مایەی هۆشیاری و بیرخستنەوە و دڵ بێداری خاوەن هۆشەکان بێت .

پێغەمبەری خۆشەویستیش (ﷺ) بەبڕواداران دەفەرمویت ﴿ اقرءوا القران فأنه يأتي يوم القيامة شفيعاً لأصحابه ﴾ مسلم.واتە : قورئان بخوێنن و شارەزابن لێی ، لەڕۆژی قیامەتدا قورئان دەبێتە تکاکاری هاوەڵ و هاودەمەکانی . جا بەهیوای شارەزایی و وردبونەوەی زیاترمان لەقورئانی پیرۆز ، فەرمون ئێوە و ئەم گەشتە بە گوڵزاری گوڵستانی قورئاندا ، کە لە ڕاستی دا هەڵوێستەیەکە لەبەردەم چەند ئایەتێکی پیرۆزدا ، سا بەڵکو زیاتر دڵ بۆ قورئان بکەینەوە و ببێتە سەرمەشق بۆمان و لەقیامەتیش دا تکاکارمان بێت و سەرفرازی قیامەت بین . ئەو قیامەتەی کە (طامة الكبرى ) یە .

**(١) پەروەردەکردنی موسڵمان لەسەر تێکۆشان :**

قورئانی پیرۆز ئامۆژگارێکی دڵسۆزە و ، بەردەوام موسوڵمانان پەروەردە دەکات و ڕێنمایی یان دەکات کە ئەمەبکەن و ئەوە مەکەن ، ئەمە دۆستانە و ئەوەش دوژمنتانەو خۆتانی لێبپارێزن .

قورئانی پیرۆز پەروەردەی موسوڵمان دەکات لەسەر هەوڵ و تێکۆشان و نەبەردی و چاو قایمی ، لەسەر بەخشینی ماڵ و سامان .. بۆ ئەمەش داستان و ڕووداوەکانی گەلانی دێرینیان بۆ دەگێڕێتەوە ، هەروەك لەسوورەتی(البقره)دا دوو نموونەمان بۆ باس دەکات و دەفەرمویت ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ﴾ ئایا وردنەبویتەوە لەوانەی کەلەترسی مردن لەوڵاتی خۆیان دەرچوون ، لەکاتێکدا ئەوان هەزاران کەس بوون ( واتە ڕووبەڕووی دوژمن نەبوونەوە و جیهادیان نەکرد نەباوەکو بمرن ، بەڵام خۆ ئاشکرایە جیهاد و تێکۆشان ساتێك مردن پێش و دوا ناخات ، چونکە ئەجەل دیاریکراوە و هەموو بەفەرمانی خوا دەمرین و ڕۆژمان تەواو دەبێت ) .

بۆیە خواوەند پەندێکی وای دادان کە خۆیان و ئەوانەی لەدوای خۆشیان دێن سودی لێوەرگرن ﴿فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ (٢٤٣)﴾ خواوەند پێی فەرموون : بمرن ! هەموویان مردن ،ئنجا زیندووی کردنەوە ،

بەمەش تێی گەیاندن کەناتوانن لەدەست مردن رابکەن و مردن و ژیان بەدەست خوایە و کەس ناتوانێ پێش و دوای بخات .

بەراستی خوای پەروەردگار خاوەنی چاکەیە بەسەر مەردومەوە ، بەلاّم زۆر کەس پێ نازانن و سوپاسی ناکەن ، ئەی بڕواداران لەم راستی یە تێ بگەن و هەوڵ و کۆشش بکەن و ، بجەنگن لەڕێی خوادا ﴿ وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٤٤)﴾ وە بزانن کەخوا ژنەوای دانایە ، خواوەند گوێی لەهەمو قسەیەکتانە و زانایە بەهەموو کار و کردەوەیەکتان ، هیچی لێ ون نابێت ئەگەر مسقاڵە زەڕەیەکیش بێت .

ئنجا پاش ڕوون کردنەوەی مەسەلەی (ئەجەل) باسی گرنگی بەخشینیان بۆ دەکات لەڕێی خوادا و دەفەرموێت﴿من ذا الذي يُقرض الله قرضاً حسناً فيضاعفه له اضعافاً كثيرة ، والله يَقبض ويَبسط و اليه ترجعون ﴾ واتە : کی یە ئەو کەسەی قەرز بدا بەخوا قەرزدانێکی باش ، ئنجا خوا بۆی زۆر بکات و بەچەندەها قات بیداتەوە ، جاباش بزانن کە هەر خوایە ماڵ و سامان دەبەخشێ و زیادی دەکات و هەر ئەوە کە دەیگرێتەوە و نایبەخشێ ... واتە بەخشینی ماڵ و سامان لەڕێی خوادا لێی کەم ناکاتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرەکەتی تێدەخات هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ ما نقصت صدقة من مال ﴾ موسلم . ئنجا قورئان دەفەرموێت : ﴿واليه ترجعون ﴾ ئێوە ئەی بەرەی ئادەمی ، ئەی بڕواداران ڕۆژێك دێت دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا و لەدادگای حەقی خواییدا دادگایی دەکرێن .

ڕوودا و کارەساتی دووەمیش کە قورئان موسوڵمانانی پێ پەروەردە دەکات ، سەرگوزشتەیەکی جوولەکەکانە لەدوای زەمانی(موسا) سەلامی خوای لێ بێت هەروەك قورئان دەفەرموێت ﴿الم تر الى الملأ من بني اسرائيل من بعد موسى اذ قالوا لنبي لهم ابعث لنا ملكاً نقاتل في سبيل الله ﴾ واتە : ئایا وورد نەبویتەوە و سەرنجت نەدا لەکۆمەڵێك پیاوماقوڵانی نەوەی یەعقوب لەدوای مردنی موسا ، کە بەپێغەمبەرەکەی ئەو سەردەمەی خۆیانیان وت : پاشایەکمان بۆ هەڵبژێرە ، بۆ ئەوەی لەژێر ئالاّکەیدا جەنگ بکەین لەڕێی خوادا :﴿ قال هل عسيتم ان كتب عليكم القتال الا تقاتلوا ؟ قالوا وما لنا الا نقاتل في سبيل الله وقد اخرجنا من ديارنا و أبناءنا﴾ واتە : پێغەمبەرەکەیان ویستی تاقییان بکاتەوە بزانێ راست دەکەن ؟ پێی فەرموون :ئایا لەوانەن ئەگەر جەنگتان لەسەر فەرزکرا جەنگ نەکەن و پشت هەڵکەن ؟! وتیان : چۆن جەنگ ناکەین لەڕێی خوادا کە هەموو خۆمان و ماڵ و منداڵمان

لەولآتمان دەرکراوین ؟ دیارە ئەمە قسەی سەر تێری یە و خۆ قسەش پارەی تێناچێت؟! تاقیکردنەوە سەنگی مەحەکە و راست و ناڕاست دەردەخات ، بۆیە ﴿فلما كُتب عليهم القتال تولوا الا قليلاً منهم ، و الله عليم بالظالمين ﴾ کاتێك جەنگیان لەسەر فەرزکرا هەمووپشتیان هەڵکرد کەمێکیان نەبێت ، وە خوا ئاگادارە بەستەمکاران .

ئەمە رەوشتی کەسانێکە کە بیروباوەڕیان باش دانەمەزرابێ و ، لەمەسەلەی ژیان و مردن تێ نەگەیشتبن ، بەراستی ئەوانە ستەم کارن و خواش ئاگاداری ستەمکارانە و خۆی دەزانێ چۆن تۆڵەیان لێدەکاتەوە .

﴿ وقال لهم نبيهم : ان الله قد بعث لكم طالوت ملكاً . قالوا : أنى يكون له الملك علينا و نحن أحق بالملك منه ، ولم يؤتَ سَعة من المال ؟ قال : ان الله اصطفاه عليكم و زادَهُ بَسطة في العلم و الجسم ، والله يؤتي مُلكَه مَن يشاء ، والله واسع عليم ﴾ پێغەمبەرەکەیان پێی فەرموون : خوا(طالوت) ی بۆ ناردن بەپاشا ، وتیان : ئەو چۆن دەبێ بەپاشا بەسەر ئێمەوە کە ئێمە لەو شایستەترین بەپاشایی وە ئەودارایی زۆری نەدراوەتێ و دەوڵەمەند نی یە ؟

پێغەمبەرەکەیان فەرمووی : خوا ئەوی هەڵبژاردووە بەسەر ئێوەدا ، وە ئەو بەشی زیاتری دراوەتێ لەفراوانی زانین و توانایی جەستەدا ، وە خوا موڵك و پادشایەتی خۆی دەبەخشێ بەهەر کەس کە خۆی خواستی لەسەر بێ وبیەوێ ، وە خوا خاوەنی بەخشینی زۆرە ، وە دانایە بەشایستەیی ئەو کەسەی کە دەیڕێژێ بەسەریا ...

وا دیارە جوولەکەکان بەم قسانەی پێغەمبەرەکەیان دەمکوت نەبوون ، وە پێویست بوون بە(معجزە) یەك دڵیان بێنێتە سەر ڕێ ، لەبەر ئەوە پێغەمبەرەکەیان پێی فەرموون : ﴿ وقال لهم نبيهم : انّ آيةَ مُلكه أن يأتيكم التابوت فيه سكينة من ربكم وبقية مما ترك آل موسى و آل هارون تحمله الملائكة ، ان في ذلك لآية لكم ان كنتم مؤمنين ﴾ نیشانەی پاشایی(طالوت)کە راستەو لەخواوەیە ئەوەیە کە سنووقەکەی موساتان بۆ دێتەوە کە ماوەیەکی زۆرە دوژمن لێی داگیر کردون ، کاتێ عەمالیقەکان هاتن و وڵاتی ئەمانیان داگیرکرد ، لەوشتانەی بردیان ئەو سندوقەبوو کە زۆر شتی بەنرخی پاشماوەی خانەدانی مووسا و هاروونی تیابوو وە زۆر لەسەر دڵیان گران بوو کە نەیان دەتوانی بەدەستی بهێننەوە . ئەو سندووقەی کە هاتنەوەکەی مایەی ئارامی دڵتانە لە پەروەردگارتانەوە ، وە ئەو پاشماوەیەی تیایە کە خانەدانی مووسا و هاروون بەجێیان هێشتووە ،

فریشتەکان هەڵیدەگرن و لەناو دوژمنەوە دەیهێننەوە بۆتان ، بێگومان ئەم کارە گەورە و پیرۆز و سەر سوڕهێنەرە نیشانە و بەڵگەی خوا یيە بۆ ئێوە ئەگەر ئێوە بڕوادارېن .

جوولەکەکان کە چاویان بەم(معجزە)یە کەوت وادیارە دڵنیابوون ، وەبڕوایان کرد کە لەم جەنگەدا خوا یارمەتیان دەدات و قایل بوون بە پادشایەتی و سەرکردایەتی(طالوت):﴿ فلما فصل طالوت بالجنود : قال ان الله مبتليكم بنهر ، فمن شَرِبَ منه فليس مني ، ومن لم يَطعَمهُ فأنه مني ـ الا من اغتَرَف غُرفة بيده ـ فشربوا منه الا قليلاً منهم ﴾ ، کاتێك (طالوت) بەخۆی و لەشکرەکەیەوە لەشار دەرچوون ، پێی فەرموون خوا تاقیتان دەکاتەوە بەچەمێك ئاو (کەلەڕێیاندابوو) ، هەر کەسێك لێی خواردەوە ئەوە لە لەشکرەکەی من نی یە ، وە هەرکەسێکیش لێی نەچەشت ئەوە لەمنە ، مەگەر کەسێك لالەوێچێکی (مشتێکی) لێ بگرێ (واتە تەنها پڕ بەدەستی ئاو بخواتەوە بۆ دەم تەڕکردن) ئنجا کە گەیشتنە ئاوەکە هەموو تێریان لێ خواردەوە کەمێکیان نەبێت ... کە (٣١٣) کەس بوون ، بەپێی ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەری خوا (د.خ) لەڕۆژی بەدردا بەهاوەڵانی فەرموو : ئێوە ئەمڕۆ بەقەدەر هاوەڵەکانی (طالوت) ن کە لەڕووبارەکە پەڕینەوە ... چونکە ئەوان لەڕۆژی بەدردا(٣١٣) کەس بوون ﴿فلما جاوزه هو والذين امنوا معه ، قالوا لا طاقة لنا اليوم بجالوت وجنوده ،قال الذين يظنون أنهم مُلاقوا الله:كم من فئة قليلة غَلَبَت فئة كثيرة باذن الله،والله مع الصابرين ﴾ واتە : کاتێك کە طالوت و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیدا پەڕینەوە لەئاوەکە ، هەندێکیان وتیان : ئەمڕۆ ئێمە دەرەقەتی جالووت و لەشکرەکەی نایەین ، ئەوانەش کەپێیان وابوو( لەڕۆژی دواییدا ) بەخزمەت خوا دەگەن وتیان : زۆر دەستەو تاقمی کەم زاڵ بوون بەسەر دەستە و تاقمی زۆردا بەفەرمانی خوا ، وەخوا لەگەڵ خۆڕاگرانە .

﴿ ولما بَرَزوا لجالوت وجنوده قالوا : ربنا أفرغ علينا صبراً ، وثبت أقدامنا ، و انصرنا على القوم الكافرين ﴾ واتە : خوایە بڕێژە بەسەرمانا ئارام گرتن و ، پێمان جێگیر بکەو ، زاڵمان بکە بەسەر گەلی بێ بڕوایانا ﴿ فهزموهم باذن الله ، وقتل داودُ جالوتَ واتاه الله الملك و الحكمة ، وعَلَمه مما يشاء ﴾ بەفەرمانی خوا دوژمنیان شکاند ، وە داود جالووتی کوشت ، وەخوا پادشایەتی و پێغەمبەریەتی دایە ، وە ئەوەی ویستی فێری کرد .

ئنجا قورئان پەردە دائەداتەوە بەسەر لەشکر و سەرکردە و پاڵەوانان و ڕووداوەکان دا و ئەفەرموێ :﴿ ولولا دفعُ الله الناس بعضهم ببعض لفَسَدتِ الارض ، ولكن الله ذو فضل على العالمين ،

تلك ايات الله نتلوها عليك بالحق وانك لمن المرسلين ﴾ البقرة : ٢٥٥ واته : ئەگەر خوا مەردومی لەناو نەبردایە هێندێکیان بەهێندێکیان بەم ڕەنگە بەبڕوادار بێبڕوا و بەچاك خراپی پاك نەکردایەتەوە ، جیهان بۆگەن دەبوو ، سەر زەوی تێك دەچوو ، وە زۆر و ستەم و دەست درێژی بڵاودەبۆوە و ، جیهان پڕ دەبوو لەبێدادی ، بەڵام خوا خاوەنی بەخشش و میهرەبانی یە بەسەر هەموو جیهانییانەوە. ئەم دوو داستانەی کە بۆمان گێڕایتەوە ، ئایەتی خوان ، ئەیان خوێنینەوە بەسەرتا بەڕاستی ، وە تۆ بەبێگومان یەکێکیت لەپێغەمبەرانی خاوەن نامە .

**( ٢ ) خوا دەیەوێ ئاسانکاریتان بۆ بکات و لێتان خۆش بێت :**

﴿یرید الله لیبین لکم و یهدیکم سنن الذین من قبلکم و یتوب علیکم و الله علیم حکیم ، و الله یرید أن یتوب علیکم و یرید الذین یتبعون الشهوات أن تمیلوا میلاً عظیماً ، یرید الله أن یُخَفِف عنکم و خُلِق الانسان ضعیفاً ﴾ النساء /٢٨

واتە : خوا کەبەرنامەی بۆ ناردون بۆ ئەوەیە کە دەیەوێت ڕێگای ڕاستان نیشان بدات و ، ڕێنمونیتان بکات بۆ ڕێگە و ڕەوشتی چاکان و خواناسان کەلەسەر ڕاستە شەقامی ئیمان بوون ، (واتە : لە(سنن)ەکانی خوا شارەزاتان بکات ، چونکە ئەوانە یاسان هەروەك یاساکانی جیهانی ماددە ، چۆن زاناکان ناوبەناو دەیاندۆزنەوە و ، زانینیان بۆ بەردەوام بوون و بەرەو پێش چوونی ژیان پێویستن ، ئەو (سنن) انەش نەگۆڕن و ﴿ ولن تجد لسنه الله تبدیلاً ﴾ فاطر : ٤٣ وە تێگەیشتن لێیان زۆر پێویستن بەتایبەت بۆ بانگخوازان، هەروەها خواوەند دەیەوێت لێتان خۆش بێت و، خوا زانا و کاردروستە ، خواوەند دەیەوێت لێتان خۆش بێت ، بەڵام ئەوانەی دوای هەواو ئارەزوو کەوتوون دەیانەوێت ئێوەش لادەن و گومڕاتان بکەن بەلادانێکی گەورە ، خواوەند دەیەوێت باری شانتان سووك بکات چونکە مرۆڤ بە دیهێنراوە بەلاوازی .

مرۆڤ لاوازە ، بەتووشبوونی نارەحەتی و تەنگ و چەڵەمە زوو سەری دنیای لێدێتەوە یەك ، کەس نیە لەم دنیایەدا هەمووشت بەدڵی ئەو بێتە پێشەوە ، یا تاسەر چی بوێت بۆی بلوێت ! بۆیە داخ و خەم سەر و دڵی دەگرێت و زۆر جار لای بێبڕواکان دەگاتە بێهیوایی و خۆکوشتن !! ئەم مرۆڤە لاوازە ئیسلام ڕێزی لێدەگرێ ، خۆی پێ دەناسێنێ و ڕێی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و دەیبات بەرە و سەربەرزی دنیا و قیامەت ، ئیسلام باری شانی مرۆڤ سووك دەکات و دڵ نەوایی دەکات ، بەتایبەت بەمەسەلەی قەزا و قەدەر کە(نهێنیەکە لە نهێنیەکانی خوا) و بەهۆیەوە و بڕوادار

لەوەسوەسەی شەیتان و ئەگەر و نەگەری خراپ رزگاری دەبێت هەر وەك قورئان کە باسی قەزا و قەدەر دەکات دەفەرموێت : ﴿ لكي لاتأسَوا على ما فاتكم ولا تَفرحوا بما آتاكم ﴾ الحديد : ٢٣ . واتە : تێگەیشتن لەراستی قەزا و قەدەر بۆ ئەوەیە کە زۆر خەم نەخۆن بۆ شتێك کەلەکیستان دەچێت ، وە زۆردڵخۆش نەکەن و لە خۆتان بایی نەبن بەشتێك کە دەستان دەکەوێت !

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەئاشکرا ئاماژە بۆ ئەم راستی یە دەکات و و دەفەرموێت: ﴿ المؤمن القوي خير وأحب الى الله من المؤمن الضعيف وفي كل خير ، احرص على ما ينفعك ، واستعن بالله ولا تعجز ، وان أصابك شئ فلا تقل لو أني فعلت كذا وكذا ولكن قل قدر الله وماشاء فعل ، فان لو تفتح عمل الشيطان ﴾ موسلیم گێڕاویەتیەوە . جا کە دەڵێین ئافرەت لاوازە هیچ زوڵممان لێنەکردووە چونکە لەتێڕوانینی ئێمەدا پیاویش هەر لاوازە و هەریەکەی بە دەرەجەیەك ، بەڵام ئافرەت زیاتر مافی پێشێل دەکرێت ، لێرەوە ئیسلام دەیەوێت مافەکانی بۆ دەستەبەر بکات و ستەمی لێنەکرێت ، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت :﴿ اللَّهمَّ إنِّي أحرِّجُ حقَّ الضَّعيفينِ اليتيمِ والمرأةِ﴾ نسائی گێڕاویەتیەوە .

واتە : خوایە بەشایەتی تۆ ئەوا من ئەو خەڵکە ئاگادار دەکەمەوە کە بەهیچ جۆرێك ناهەقی وبێ ویژدانی نەکەن لەگەڵ هەتیوو ئافرەت دا کە لاواز و کەم دەسەڵاتن ..

تێبینی : سێ جار وشەی (يريد اللـه ) دووبارە بۆتەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە بکات کە خوا مەبەستی خێر و خۆشی و چاکەی مرۆڤە !

**( ٣ ) گرنگی ماڵ و سامان لەئیسلامدا :**

﴿ ولا تؤتوا السفهاء أموالكم التي جعل الله لكم قياماً ، وارزقوهم فيها واكسوهم وقولوا لهم قولاً معروفاً ﴾ النساء : ٥ واتە : ماڵ و دارایی یەکانتان کە خوا گێڕاویەتی بۆتان بەهۆی ژیان و راگیر بوونی کاروبارتان ، مەدەنە دەست ئەوانەی کە ژیر نین و بەفیڕۆی دەدەن ، ببنە چاودێریان و بەوماڵ و سامانە رزق و رۆزی و پۆشاکیان بۆ دابین بکەن و قسەی شیرینیان لەگەڵدا بکەن .

موسوڵمانان پێویستە لەبەردەم ئەم ئایەتەدا بوەستن وچاك لێی بکۆڵنەوە ، پارە و ماڵ و سامانەکە هی منالی هەتیو یان هی ئەو کەسەیە کە ژیر نیە ، کەچی قورئان دەفەرموێت : (اموالكم) پارەکانتان ، چونکە ئەو پارەیە لەراستیدا پارەی هەموو کۆمەڵگایە و هەمووان بەرپرسیارن

لەوپارەیە کەبە فیڕۆ نەچێت ، ئەگەر زانیان بەفیڕۆ دەچێت دەبێت یەکێك ببێت بەسەر پەرشتیار و ئەو پارەیە لەژێر چاودێری ئەودا بێت و بیخاتە کارەوە بەپێی توانا و ، لەو پارەیە بژێوی و پۆشاك بۆ منالە هەتیوەکە ،یا (سفیه)ە کە ، دابین بکات وقسەی خۆشیان بۆ بکات ... کاتێك گەورە بوو ، بالغ بوو ، یان(سفیه)ە کە باری دەروونی چاك بۆوە پارەکەی بۆ بگێڕێتەوە ، وە هەق و حسابی خۆی بدرێتەوە.

پارە مایەی راگیربوون و بەڕێوەچوونی ژیانە ، راستە نابێ پارە و ماڵ لەدڵمانا بێت ، بەلاَم خۆ کەس نەیووتوە پارە لەدەستیشماندا نەبێت ؟!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ نعمَ المالُ الصالح للرجل الصالح ﴾ ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە ، یان دەفەرموێت ﴿إنَّ اللهَ تعالى حرَّمَ عليكمْ : عقوقَ الأمهاتِ، و وأدَ البناتِ، و منعًا وهاتِ، وكرهَ لكمْ : قيلَ و قالَ، وكثرةَ السؤالِ، و إضاعةَ المالِ﴾ بوخاری و موسلیم / واتە : خوا حەرامی کردووە لەسەرتان ، دڵرەنجاندنی دایکان و باوکان ، زیندەبەچاڵکردنی کچان و، نەدانی مافی سەرتان و ،زەوت کردنی هەقی خەڵکان و، حەزیش ناکات لەم رەفتارانە بۆتان : لەوتی وتی و لەپرسیارکردنی زۆر یان(سواڵکردن) وە لە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامان ...

پارە گرنگە ، بەبێ پارە بانگەواز زۆر بەنارەحەتی دەڕوات بەرێوە ، بۆیە پێویستە موسوڵمانان چاوێ بەم راستیەدا بگێڕنەوە و هەوڵ بدەن ، ماڵ و سامان پەیدا بکەن لەرێی حەلاڵەوە و ، لە پێناوی بەدەست هێنانی قیامەتدا بەختی بکەن ...

کاتی خۆی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوودی لەماڵ و سامانەکەی (خەدیجە) و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و گیرفانی موسڵمانان وەرگرت و توانی بانگەوازی خوایی بگەیەنێ ...

مێژوویش خۆی دووبارە کردەوەو ، پێشەوای شەهید دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوودی لەپارەی هاوسەرەکەی وەرگرت بۆ بانگەوازەکەی ، منیش سوودم لەپارەی برای هاوسەرەکەم وەرگرت بۆ گەیاندنی بانگەوازی خوا ، ئەمە بێجگە لەوەی گیرفانی برایان هەردەم ئامادەبوو بۆ بەخشین لەرێی خوادا تەنانەت پێویستی یەکانی خۆشیان دەفرۆشیت و پارەکەیان دەبەخشی بەبانگەوازەکەیان ، مەگەر یەکێکیان پاسکیلێکی نەبوو بۆ هاتووچۆی خۆی فرۆشتی و هەموو

ڕۆژێك ڕێگایەكی دوور و درێژی بەپێ دەبڕی بۆ سەر كارەكەی !جا كەبرایان زانیان پاسكیلێكیان بۆ كڕیەوە.

**(٤) شایەتیدانی خۆشەویست (ﷺ) :**

﴿فكيف اذا جئنا من كل امة بشهيد وجئنا بك على هؤلاء شهيداً ، يومئذ يَود الذين كفروا وعَصَوا الرسول لو تُسوى بهم الارض ولايكتمون اللهَ حديثاً ﴾ النساء : ٤٢ . واتە : دەی ئایا چۆن دەبینن ڕۆژی دوایی كاتێ كە خوا پێغەمبەران دەكات بەشایەت لەسەر كردەوەی گەلەكانیان و ، تۆش دەهێنین بۆ شایەتی لەسەر گەلەكەت ، دەبێ ئەوانە لەو ڕۆژەدا چیبكەن و چیبلێن و بۆ كوێ بڕۆن ؟ ئەوانە وان لەبەردەم دادگای خوادا و لەبەرئەوەی بێباوەڕبوون و بەقسەی پێغەمبەریان نەكردبوو حەزدەكەن زەوییان پێتەخت بكرێ و بخرێنە ژێر خاكەوە (واتە زیندوو نەبونایەتەوە) ، لەو ڕۆژەدا هیچ قسەو باسێك ناشارنەوە لەخوا ، وە هەموو ئەندامەكانیشیان شایەتیان لەسەر دەدەن .

ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەئیبن مەسعودی فەرموو قورئانم بۆ بخوێنە ، ئەویش وتی قورئان بۆ سەر تۆ هاتووە چۆن من بۆ تۆی بخوێنم ؟ فەرمووی پێم خۆشە لەغەیری خۆم بیبیستم ئیبن مەسعود دەڵێ : سورەتی‌نیسائم خوێند تا گەیشتمە ئەم ئایەتە ﴿وجئنا بك على هؤلاء شهيداً ﴾ لەوێدا پێغەمبەر دەستی كرد بەگریان و منیش بێدەنگ بووم .

بەلای منەوە هۆی گریانەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەكاتێ بانگ دەكرێت بۆ شایەتیدان لەسەر ئومەتەكەی و بەهۆی شایەتی دانەكەی ئەمەوە هەندێك لەئومەتەكەی لەبەرچاوی پەل كێش دەكرێن بەرە و دۆزەخ . ئەمیش بەو هەموو دڵ نەرمی و میهرەبانیەوە بۆ ئومەتەكەی ، ئاخر چۆن خۆی پێدەگیرێ و فرمێسك ناڕێژێ ؟

ئێمە زۆر جار باسی كارەساتەكانی قەبر و قیامەت دەخوێنینەوە خەیاڵمان لەلایەكی دیكەیە بۆیە كارمان تێناكات ، بەلاّم خۆشەویست لەبەرچاوی بووە و بەهەموو هەست و هۆشیەوە ژیاوە لەگەڵیدا ،خوای گەورەش وەسفی سۆز و میهرەبانی و دڵسۆزیەكەی دەكات و دەفەرموێت : ﴿ لقد جاءكم رسول من انفسكم عزيز عليه ما عنِتم حريص عليكم بالمؤمنين رؤوف رحيم ﴾ التوبة : ١٢٨ . واتە : لەخۆتان فروستادەیەكتان بۆ هاتووە بەناخۆشیەكانتان دڵ گران دەبێت و سوورە لەسەر خێر و خۆشیتان و ، بۆ بڕواداران بەسۆز و میهرەبانە .

**( ٥ ) پاراستنی مافی جوولەکەیەك :**

لەغەزایەکدا موسوڵمانێك شەیتان تەفرەی دەدات و زریٚ پۆشێکی موسوڵمانێکی دی دەدزێت و پاشان کە دەزانێت خەریکە دزییەکەی ئاشکرابێت ، زریٚ پۆشەکە فڕێدەداتەماڵی جوولەکەیەکەوە ، ئنجا چەند خزمێکی لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) شایەتی پاکی بۆ دەدەن و تاوانەکە دەخەنە ملی ئەو جوولەکەیەی کەزریٚ پۆشەکە لەماڵیان دۆزراوەتەوە .

خوای پەروەردگار بەرگری لەمافی جولەکەکە کرد، ئەمەش دوا پلەی دادپەروەریە کە ئیسلام لەم سەرزەویەدا چەسپاندی ، ئەوەتا دەفەرموێ : ﴿ انا انزلنا اليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس بما اراك الله ولا تكن للخائنين خصيماً ، واستغفر الله ان الله كان غفوراً رحيماً ﴾ نساء : ١٠٦ واتە : ئێمە پەڕاوێکمان بۆ ناردوویت کە حەق و راستی یە تاوەکو حوکمی پێبکەیت لەنێوان خەڵکیدا بەوشێوەیەی کە خوا رێنماییی کردویت و پیشانی داویت ، بەرگری مەکە لەناپاکەکان (واتە دزەکان) وەداوای لێبوردن بکە لەخوا کە خواش هەمیشە لێبوردە و میهرەبان بووە ﴿ ولاتجادل عن الذين يختانون انفسهم ان الله لايحب مَن كان خَواناً اثيما ﴾ بەرگری مەکە لەوانەی کە ناپاکی دەکەن و خیانەت لەنەفسی خۆیان دەکەن ،بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش ناوێت کە خیانەتکار و گوناهکارن.

﴿ يستخفون من الناس ﴾ ئەو تاوانبارانەی دزیەکە دەشارنەوە دەیانەوێ چاوەڕواو لەخەڵکی بکەن بۆ ئەوەی ئابڕویان نەچێت ﴿ولا يستخفون من الله ﴾ بەلاٌم خۆ ناتوانن هیچ بشارنەوە لەخوا ﴿ وهو معهم اذ يُبيتون مالا يرضى من القول و كان الله بما يعملون محيطاً ﴾ ناتوانن هیچ بشارنەوە چونکە خوا لەگەڵیاندایە و ئاگای لێیانە کە بەنهێنی تەگبیری خراپ دەکەن ، خوا چوار دەوری کارەکانیانی داوە هیچی لێون نابیٚ .

﴿ ها انتم هؤلاء جادلتم عنهم في الحياة الدنيا فمن يجادل الله عنهم يوم القيامة ام مَن يكون عليهم وكيلاً ﴾ واتە : باشە ئێوە بەرگریتان لێکردن لەدنیادا ئەی کیٚ دەتوانیٚ لەقیامەتدا لەلای خوا بەرگریان لێبکات یاخود کیٚ دەتوانیٚ ببێت بەوەکیلیان پاڵپشتیان لێبکات .؟

ئنجا قورئان دەیەوێت دەرگای تەوبەیان بۆ بکاتەوە سا بەڵکو پەشیمان ببنەوە ﴿ وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا (١١٠)﴾ هەرکەس خراپەیەك بکات بەرامبەر کەسێك یان زوڵمێك لەنەفسی خۆی بکات پاشان تەوبەبکات خوا لێی خۆش دەبێت.

ئنجا قورئان بیروباوەڕێکی ئیسلامی گرنگ دەچەسپێنێت و دەفەرموێت : ﴿ ومن یکسب اثماً فانما یکسبه علی نفسه وکان الله علیماً حکیماً ﴾ واتە : کەسێك گوناهێك بۆ خۆی پەیدا بکات ئەوە خۆی بەرپرسیارە و زیانەکەی بۆ خۆیەتی و ،کەس گوناهی کەس ناخرێتە گەردنی و،خوای پەروەردگار زانا و کاردروستە .

ئنجا باسی سزای کەسێك دەکات کە بوختان بکات و کردەوەی خراپی خۆی بسەپێنێت بەسەر یەکێکی دیکەدا ﴿وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا (١١٢)﴾ واتە هەرکەسێ هەڵە و تاوانێك بکات و ئینجا بیخاتە ملی بێتاوانێکەوە ئەوە بەراستی خۆی تووشی بوختان و گوناهی ئاشکرا کردووە و باری شانی خۆی پێ قورس کردووە . ئنجا بە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ أَنْ يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِنْ شَيْءٍ وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا (١١٣)﴾

واتە : ئەگەر بەهرە و میهرەبانی خوا نە ئەبوو بەسەرتەوە ، بێگومان دەستەیەك خەریك بوون سەرت لێتێك بدەن و ، قەناعەتت پێبکەن کە جوولەکەکە تاوانبارە ، بەڵام ئەوانە سەریان لەخۆیان شێواند و خۆیان گومڕاکرد ، ئەوانە بەفەزڵی خوا ناتوانن زیان بەتۆ بگەیەنن و سەرت لێتێك بدەن، خوا قورئان و حیکمەتی ناردووە بۆت و، فێری کردیت و ئاشنای کردیت بەوەی کەلەوە و پێش نەتدەزانی و، بەراستی فەزڵی خوا بەسەرتەوە گەورەیە ..

﴿ لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (١١٤)﴾ واتە : هیچ خێر و چاکەیەك نیە لەزۆربەی چپە چپیان و سەرکردن بەیەکیاندا ، مەگەر کەسێ چپە بکات بۆ خێرێك یان چاکەیەك یان ڕێکخستنەوەیەك لەنێوان خەڵکیدا ، جا هەر کەسێ ئەوانە بکات لەبەر خوا، خواوەند پاداشتی گەورەی دەداتەوە ...

قورئان پەروەردەی موسوڵمانانی دەکرد ، کە چپەچپ نەکەن و ، هانی دەدان ئەگەر شتێکیان هەیە بیبەنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵیا بەتەنها و بەنهێنی و باسی بکەن ئەگەر کارەکە تایبەت بێ وە بەئاشکرا لێی بدوێن ئەگەر کارەکە کارێکی گشتی بێ ... ( لە فەرمودەشدا هاتووە کە نابێ

لـه سێ کەس دووانیان سەر بکەن بەیەکدا و بکەونە چپەکردن ، چونکە دڵی سێهەم نارەحەت دەبێت ) .

دزەکە ناوی (طعمه) یان (بشیر) بووە ، پاش ئاشکرابوونی دزیەکەی ، پاشگەز بۆتەوە لـەئیسلام بۆیە قورئان دەفەرموێ:﴿ ومَن يشاقق الرسول من بعد ماتبين له الهدى و يتبع غير سبيل المؤمنين ، نُوَله ماتَولى و نُصليه جهنم و ساءت مصيراً ﴾ واتە : هەرکەس دوژمنایەتی پێغەمبەری خوا بکا پاش ئەوەی راستی بۆ دەرکەوت ، وە دوای رێبازێ بکەوێ غەیری رێبازی بڕواداران ، ئەوە ڕووی دەکەینە ئەوەی کە بەخواهیشتی خۆی رووی تێکردووەو ، دەیخەینە دۆزەخەوە کە خراپترین چارەنووس و سەرەنجامە .

﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا (١١٦)﴾ واتە : خوا خۆش نابێ لـەکەسێ کەهاوەڵ بۆ خوا بڕیار بداتو ، لـەوە کەمتر خۆش دەبێت بۆ هەر کەس کە خۆی مەیلی لـەسەربێ و ، هەرکەس هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاربدات ئەوە گومڕابووە بە گومڕایی یەکی زۆر دوور ، کە دوورە لـەهەق و راستی و ، دوورە لـەفام و ژیری ...

**( ٦ )دادوەری و هەق وتن :**

لـە سورەتی(النساء) دا جارێکی دیکە باسی دادپەروەری و هەق بێژی دەکات و دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥)﴾ واتە : ئەی کەسانێك کە بڕواتان هێناوە هەمیشە بەردەوام و پایەداربن لـەسەر دادپەروەری و شایەت بن بۆ خوا لـەسەر هەق ، هەر چەند ئەوشایەتی دانە زیانی خۆتان یان دایك و باوکتان ، یان خزم و خوێشتانی تیابێت ، جا ئەو کەسەی شایەتییەکەی لـەسەر دەدرێت دەوڵەمەند بێت یان هەژار ، ئێوە لـەهەق و راستی لامەدەن بۆ کەسیان ، چونکە پەروەردگار لـەپێشترە و نزیکترە بۆ چاو دێری ئەوانە لـەئێوە ، واتە مەڵێن : ئەو کەسە هەژارە با ئێمە لایەنی ئەو بگرین ، چونکە جاری وا هەیە هەقی دەوڵەمەندەکەیە ، وەیان مەڵێن ئەو کەسە دەوڵەمەندە با ئێمە لایەنی ئەو بگرین چونکە جاری وا هەیە هەقی هەژارەکەیە ، کەواتە هیچ شتێکی دنیایی نابێ کارتان

تێبكات و لەراست بێژی و شایەتی دانی هەق لاتان بدات و ، مەكەونە شوێن هەواو ئارەزوو ، وە لەهەق لامەدەن ، جا ئەگەر لەهەق لاتانداو رووتان وەرگێڕا ئەوە خوا ئاگادارە بەوەی كەدەیكەن و ، هەموو كەس ڕوو بەڕووی كار و كردەوەی خۆی دەبێتەوە و پاداشتی خۆی وەردەگرێت .

**( ٧ ) كەڕولاڵێ كە پشتت تێبكاو رابكات چۆن تێی دەگەیەنی ؟!**

﴿والذين كذبوا بآياتنا صُم وبُكم في الظلمات ، من يشأ الله يُضلله ومن يشأ يجعله على صراط مستقيم ﴾ الانعام : ٣٩ . قورئانی پیرۆز لێرەدا باسی حاڵی كافرەكان دەكات و دەفەرموێت : ئەوانەی كە بڕوایان نیە بە نیشانە و بەڵگە ئاشكراكانی ئێمە و بەدرۆیان دادەنێن ، ئەوانە كەڕن و نابیستن و، لاڵن لەئاستی هەق و راستیدا و دانی پیانانێن ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو وان لە ناو تاریكاییەكاندا ، ڕەنگە مرۆڤێكی كەڕولاڵ لەڕووناكیدا ڕووبەڕووی دانیشی شتێكی تێبگەیەنی بەئیشارەت و شتێك حاڵی ببێ ، بەلاَم ئەو سپاچارە گومڕایانە كەڕ و لاڵی ناو تاریكایی یەكانن .

هەركەس خوا بیەوێ گومڕای دەكات ، وە هەركەسیشی بوێت دەیخاتە سەر ڕێی راست ، كار بەدەست و بەدیهێنەر تەنها خوایە ، لەهەمان كاتدا بەندە خاوەنی هەڵبژاردن و (اختیار)ە بەپێی ئەو هەڵبژاردن و سەرپشك بوونە لەگرتنە ڕێی چاك یان خراپدا بەرپرسیار دەبێت و پاداشتی دەدرێتەوە .

لەئایەتێكی تردا دەفەرموێت ﴿ انك لا تُسْمع الموتى ولا تُسمع الصم الدعاء اذا ولوا مدبرين ﴾ النمل : ٨٠ واتە : تۆ ئەی (محمد) (ﷺ) ناتوانی مردووان تێبگەیەنی و ناتوانی كەسێكی (كەڕ) تێ بگەیەنی كەپشتت تێبكا و بەهەموو هێزیەوە رابكات ..

**( ٨ ) ئەگەر ورياكردنەوە سوودی نەبوو لەناویان دەبەین:**

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِنْ قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُمْ بِالْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ (٤٢) فَلَوْلَا إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٤٣)﴾ الانعام: واتە : سوێند بەخوا فروستادەمان نارد بۆلای چەند گەل و ئومەتێك لەپێش تۆوە ، بەناڕەحەتی و ناخۆشی تاقیمان كردنەوە بەڵكو بگەڕێنەوە و پەشیمان ببنەوە ، دەی لەجیاتی ئەوەی سەری بەندایەتی بۆ خوا دانەوێنن دڵیان ڕەق بوو ، وە شەیتان كارە خراپەكانیانی لەبەرچاو جوان كردن و ئەوەندەی تر گومڕای كردن .

ئەوە جۆرێكی تاقیكردنەوەكەیە ، كە خوا بەلاّ و موسیبەت و نارەحەتیان بۆ دەنێرێ ، بەلاّم جاری واهەیە خواوەند دەرگای هەموو شتێكیان لێ دەكاتەوە و بەخۆشی و فەرەحی تاقیان دەكاتەوە : ﴿ فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ (٤٤) فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٤٥)﴾ الانعام . واتە : ئنجا كاتێ ئەو گەل و ئوممەتانە روویان وەرگێڕا و تەمێ خواردوو نەبوون بەوانەی كە خوا دووچاری كردن ، دەروازەكانی هەمووشتێكمان لەسەریان كردەوە ، هەموو خێر و خۆشی و ناز و نیعمەتێكمان دانێ ، هەتا كاتێ كەیف خۆش و شادمان بوون بەوەی كە پێیان بەخشراوە ، لەناكاو گرتمانن و سزامان باراند بەسەریاندا ، ئیتر نائومێد و سەرگەردان بوون ، بەو جۆرە ستەمكاران دوابڕاوكران و دوا كەسیان لەناوبرا و، هەموو سوپاس و سەناو ستایشێك هەر بۆ خوای جیهانیانە ، كە چاكەكاران سەردەخات و خراپە كارانیش لەناو دەبات . ئەم ئایەتە وەلاّمە بۆ ئەو كەسانەی كە دەڵێن بۆچی زۆر جار خراپەكاران ناز و نیعمەت دەڕژێ بەسەریاندا ...

ئەگەر لەسەر نەبوونی یەوە خوا لەناویان بەرێ ئازار و زووخاوەكەیان كەمتر دەبێ ، بۆیە خوای گەورە پاش ورياكردنەوە كەسوودیان لێوەرنەگرت ، دەرگایان لێدەكاتەوە و خێر و بێر دەڕژێنێ بە سەریاندا ، ئنجا كەتەواو دڵخۆشبوون بەدنیا لەناویان دەبات و جەرگیان دەبڕێت و ئنجا بەوەی كە ئەو ناز و نیعمەتەیان لەدەست دەچێ زۆرتر زووخاویان دەداتێ و دوا بڕاویان دەكات ...

**( ٩ ) پرسیار دەكەن ، كەی قیامەت دێت ؟**

﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (١٨٧)﴾ الاعراف

واتە : پرسیارت لێدەكەن لەكاتی هاتنی رۆژی قیامەت،( هەروەك قیامەت كەشتیەك بێت و خەڵكی لەقەراغ دەریایەك چاوەڕێی بكەن دەربكەوێ و لە قەراغ دەریاكە لەنگەر بگرێ ... چونكە وشەی (مرساها) ئەومانایە دەگەیەنێ ، واتە : پرسیارت لێدەكەن كەشتی قیامەت كەی دێت و لەنگەر دەگرێت ؟!) پێیان بڵێ : هەر خوا كاتی هاتنەكەی كەشتی قیامەت دەزانێت ، نایهێنێ و دەری ناخات لەكاتەكەی خۆیدا مەگەر خوای بالاّدەست ، رۆژی قیامەت و هاتنەكەی زۆر قورس و

گرانە لەئاسمانەکان و زەویدا و ، لەناکاویشدا بۆتان دێت و لەنگەر دەگرێت ، کەتیایدا فریای هیچ ناکەون و دەتانپێچێتەوە ! پرسیارت لێدەکەن هەروەك بیزانیت و بەوان نەلێیت !؟ پێیان بڵێ : تەنها خوا دەزانێت کەی دێت و خوا کەسی لێئاگادار نەکردووە ،بەڵام زۆر کەس ئەم راستی یە نازانن .

﴿ قل لا أملك لنفسي نفعاً ولا ضراً الا ماشاء الله ، ولو كنت أعلم الغيبَ لأستكثرتُ من الخير وما مسنيَ السوء ، ان انا الا نذير وبشير لقوم يؤمنون ﴾ الاعراف : ١٨٨ واتە : پێیان بڵێ : من ناتوانم هیچ سودێك بە خۆم بگەیەنم و بەرگری بکەم لە هیچ زەرەر و زیانێك مەگەر بەیارمەتی خوا ، وە ئەگەر من غەیبم بزانیایە خێری زۆرم دەست دەخست و نەم دەهێشت توشی هیچ ببم ، من تەنها ترسێنەرم لەسزای خوا و مژدەدەریشم بەپاداشتی خوایی ، بۆ گەلێك کە بڕوا بهێنن .

موسوڵمانێك لەپێغەمبەری (ﷺ) پرسی کەی قیامەت دێت ؟ ئەویش پرسیارەکەی بۆ گۆڕی و خستیە باسێکی دیکەوە و لێی پرسی: باشە چیت بۆ ئامادەکردووە ؟ وتی : خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی ، ئەویش فەرمووی : دەی تۆ لە قیامەتدا لەگەڵ خۆشەویستەکانتدا دەبیت .

**( ١٠ ) پەروەردەکردن لەڕێی ڕووداوو غەزاکانەوە :**

﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ الانفال : ١ واتە : پرسیارت لێدەکەن لەبارەی دەست کەوتەکانی جەنگی بەدرەوە ، کەنەیان دەزانی چۆن بەشی بکەن ، قورئانیش کە هەمیشە خەمی پەروەردەکردنی بڕوادارانیەتی وەڵامی پرسیارەکەی دواخست و کەوتە ئامۆژگاری کردنیان و فەرمووی: پێیان بڵێ ئەو دەستکەوتانە هی خوا و پێغەمبەرە و ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن ، لەبەر ئەوە لەخوا بترسن و پەیوەندی نێوانتان چاك بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەی بن ئەگەر بڕوادارن .

ئنجا باسی چەند سیفەتێکی بڕواداران دەکات ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٢) الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (٣) أُولَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَهُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ (٤)﴾ واتە : بەراستی باوەڕداران کاتێ ناوی خوادەهێنرێت دڵیان دەلەرزێت و ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بەسەرا بخوێنرێ باوەڕیان زیاتر دەبێ و تەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن ، ئەوانەی نوێژەکانیان بەچاکی

دەکەن و لەوەی پێمان داون دەبەخشن ، ئەوانەن بڕواداری تەواو، پلەی چاکیان هەیە لای خوا ، لەگەڵ لێخۆش بوون و ڕۆزیەکی چاك .

ئنجا قورئان لە (**٣٥**) ئایەتدا بەدرێژی باسی دەستی قودرەتی خوا و یارمەتیەکی دەکات لەغەزای بەدردا و بەو ڕووداوە گرنگە پەروەردەیان دەکات کە ئەمەش پێی دەوترێت ﴿ التربية بالاحداث ﴾..( کە لەبەر درێژ نەبوونەوەی باسەکە بەجێی دەهێڵین بۆ خوێنەر بەدوایدا بگەڕێت) پاشان قورئان وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِنْ كُنْتُمْ آَمَنْتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤١)﴾ **الانفال** . واتە : وە بزانن کە هەر دەستکەوتێکتان بوو لە شەڕا ئەوە پێنج یەکی بۆ پێغەمبەرەو ، بۆ نزیکەکان و خزمان ، وە بۆ بێباوکان و بۆ هەژاران و بۆ ڕێبوران ئەگەر باوەڕتان بەخواو بەوە هەیە کەلە ڕۆژی (الفرقان)دا ، ڕۆژی بەیەك گەیشتنی دوو کۆمەڵەکە ناردومانە خوارەوە بۆ سەر بەندەکەمان کە(**محمد**)ە و،خواش بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا .( واتە چوار بەشەکەی دیکە بۆ جەنگاوەرەکانە و بەش دەکرێت بەسەریاندا) ئنجا قورئان دەچێتە سەرباسی ڕووداوەکانی جەنگی بەدر بۆ زیاتر پەروەردەکردنی بڕواداران ، چونکە لەوکاتەدا ئاسنەکەی دەروونیان گەرم بوو ، دیارە ئاسنی گەرمیش کوتانی ئاسانترە و شتی باشتری لێ دروست دەکرێت !

**( ١١ ) پیلانی کافران دەنووسرێ و بەرپەرچ دەدرێتەوە :**

﴿وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُمْ مَكْرٌ فِي آَيَاتِنَا قُلِ اللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ (٢١)﴾ **یونس** . واتە : کاتێ کە ناخۆشی و ناڕەحەتی لەسەر خەڵك لادەبەین و خۆشی و فەرەحیان پێ ئەنۆشین لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خوا بکەن و ملی بەندایەتی بۆ کەچ بکەن ، دەکەونە سپڵەیەتی و پیلان گێڕان دژ بە ئایەتەکانی خوا و بەرنامەکەی ، پێیان بڵێ : خواوەند خێراتر و بەتواناترە لەئێوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانە خراپەکانتان و ، فریشتەکانمان پیلانەکانتان تۆمار دەکەن ، ئەمانیش ئەو فریشتانەن کەبە ﴿حفظة ﴾ و ﴿ کراماً کاتبین ﴾ ناوبراون ..

( مكر) واته پیلان گێڕان خوای گەورە لێی ناوەستیٚ دەمودەست بەرپەرچی دەداتەوە و لەسەریان دەنووسێت ئەمەش بۆ دڵنەوایی و دڵقایمی موسوڵمانانە کە بزانن خوای گەورە هەردەم یاریدەدەریانە و ئاگاداری پیلانی دوژمنانە و پووچەڵی دەکاتەوە .

مرۆڤ کاتێك کە دەیەوێت گوناهێك بکات لەسەری نانووسریٚ بەڵکو پەشیمان بێتەوە و نەیکات ، کاتیٚ گوناهەکەی کرد یەك خراپەی لەسەر دەنووسریٚ . قورئان دەفەرموێت: ﴿ سنکتبُ ماقالوا ﴾ ال عمران : ١٨١ . واته : قسەکانیان لەداهاتوودا تۆمار دەکەین ، کاتیٚ سووردەبن لەسەری و تەوبە ناکەن ..

وە هەموو نیەتێك و کردارێکی چاکیش دەنووسریٚ و پاداشتی هەیە ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ولا ینفقون نفقة صغیرة ولا کبیرة ولایقطعون وادیاً الا کُتب لهم لیجزیهم الله أحسن ماکانوا یعملون ﴾ التوبه : ١٢١ . واته : هەرشتێك ببەخشن کەم یان زۆر و، هەر دۆڵ و دەشتێك ببڕن لەرێی خوادا ، یەکسەر بۆیان دەنووسرێت ، بۆ ئەوەی خوا پاداشتیان بداتەوە بەپێی چاکترین کردەوەکانیان ، پێغەمبەریش (ﷺ) لەفەرمووده‌دا ئاماژەی بەمە کردووە .

**( ١٢ ) دوو دیمەنی بێبڕواکان لەقیامەت دا :**

﴿وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لَافْتَدَتْ بِهِ وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (٥٤) ﴾ یونس : واته : ئەگەر هەرچی لەزەویدایە هی ستەمکارێك بێت لە قیامەتدا ئەی دات بەمەرجێك لەسزا رزگاری بێت ، ئەو ستەمکارانە پەشیمانی و داخ و خەفەتیان لەو رۆژەدا دەشارنەوە و ئاشکرای ناکەن ، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئەبلەق بوون و ، بەچاو دەبینن دۆزەخی سەخت و سامناك !! وە لەلایەکی دیکەوە هێشتا ئازارەکەیان نەچەشتووە و حەز ناکەن خەڵك پێیان بزانن ...

ئەوە دیمەنێکی قیامەتە لە سەرەتاوە بەلاٚم لەدیمەنەکانی دیکەدا ، وان لەناو دۆزەخ دا هاوار دەکەن و دان دەنێن بەهەموو تاوانەکانیاندا بە ئاشکرا هەروەك لەسوورەتی (تبارك) دا دەفەرموێت : ﴿وَلِلَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (٦) إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ (٧) تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ (٨) قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا فِي ضَلَالٍ كَبِيرٍ (٩) وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ

نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ (١٠) فَاعْتَرَفُوا بِذَنْبِهِمْ فَسُحْقًا لِأَصْحَابِ السَّعِيرِ (١١)﴾ واته : ئەوانەی بێبڕوان بە پەروەردگاریان سزای دۆزەخیان بۆ هەیە کە خراپترین چارەنووسە ، کاتێك کە فڕێدرانە ناویەوە لوورەیەکی لێ ئەبیەن وە ئەو ئەجۆشێ ، نزیکە دۆزەخ لە ڕقا پارە پارە ببێ ، هەرچەند دەستەیەك فڕێ بدرێتە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێدەکەن ئایا ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە ؟

وتیان : بەڵێ ترسێنەرمان بۆ هاتووە ، بەڵام بەدرۆمان دەزانی و ، پێمان دەوتن خوا هیچی نەناردۆتە خوارەوە و ئێوە لەگومڕاییەکی گەورەدان و، وتیان ئەگەر قسەمان ببیستایە و تێبگەیشتینایە و عەقڵمان هەبوایە ، ئەمڕۆ هاوڕێو هاودەمی دۆزەخ نەدەبوین ، بەو جۆرە دانیان نا بەتاوانەکانیاندا ، دە هەر با دووربن لەڕەحمەتی خوا هاودەمەکانی دۆزەخ ...

**( ١٣ ) ئیمان و ئیسلامەتی گەورەترین نیعمەتن :**

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ ، قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ ﴾ یونس : ٥٨واتە : ئەی خەڵکینە بۆتان هاتووە ئامۆژگاری یەکی گەورە و گرنگ لەلایەن پەروەردگارتانەوە ، کە شیفاو دەرمانە بۆ دڵ و دەروونتان وەرێنمایی و ڕەحمەتە بۆ بڕواداران ... پێیان بڵێ : دڵ بەفەزڵ و میهرەبانیەکەی خوا خۆش بکەن کە زۆر گەورەترە لەهەموو ئەو شتانەی لە دنیادا هەوڵی کۆکردنەوەی دەدەن ، کە زۆر گەورە و بەنرخترە لەدنیا و هەرچی تێدایە . لەسوورەتی (الحجر) دا ئایەتی (٨٧) جارێکی دیکە جەخت دەکاتەوە سەر ئەم مەسەلەیە و دەفەرموێت : ﴿ ولقد اتيناك سبعاً من المثاني و القرآن العظيم ، فلا تَمُدَن عينيك الى ما متعنا به ازواجاً منهم ولا تحزن عليهم و اخفض جناحك للمؤمنين وقل اني انا النذير المبين ﴾ واتە : ئێمە سورەتی (فاتحه) و قورئانی گەورەمان پێبەخشیت ، بۆیە چاو مەبڕە ئەو ناز و نیعمەتەیداومانە بەچەند کەسێك لەبێباوەڕان ، وەخەفەت مە خۆ کە بڕوا ناهێنن و، باڵی بەزەیی و ڕێز و دڵ نەرمی بکێشە بەسەر بڕواداران دا و بڵێ : بەڕاستی من ترسێنەرێکی روون و ئاشکرام بۆتان لەسزای سەختی خوایی .

بەڕاستی نیعمەتی ئیمان و ئیسلامەتی نیعمەتێکە کە هاوتای نیە و ، دەبێت هەمیشە ئەو راستی یە لەبەرچاومان بێ و تەنها دڵ بەوە خۆش بکەین .

**( ١٤ ) تەخت و تاراجیان تێکدرا بەسەر یەك دا !!**

﴿ قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللَّهُ بُنْيَانَهُمْ مِنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ (٢٦) ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَائِيَ الَّذِينَ كُنْتُمْ تُشَاقُّونَ فِيهِمْ قَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ إِنَّ الْخِزْيَ الْيَوْمَ وَالسُّوءَ عَلَى الْكَافِرِينَ (٢٧) ﴾النحل :

واته : بەڕاستی ئەوانەی لەپێش ئەمان بوون پیلانیان گێڕا ، پیلانێك كەبەگەرمی كاریان تیا دەكرد و بینایان دەكرد ، تاگەیشتنە ئەوەی وەك كۆشك و تەلارێك بێت و تەواوی بكەن ، خوای گەورە دیوار و پایەی كۆشكەكانی تێكدا و سەقفی كۆشكەكەش رووخا بەسەریاندا بەجۆرێك داری بەسەر بەردەوە نەهێشتن و تەفروتونای كردن و ، سزایان بۆ هات لەلایەكەوە كە هەرگیز بەخەیاڵیاندا نەدەهات . ئەمە دنیایان ، لە قیامەتیشدا ریسوا وسەرشۆڕیان دەكات و پێیان دەوترێ كوان ئەو هاوەڵ و هاوبەشانەی كە بۆ منتان دادەنا ، بێگومان هیچ هاوبەشێك و هاوەڵێك نیە ... بۆیە لەوێدا ئەوانەی كە زانینیان پێ بەخشراوە لەپێغەمبەران و شوێن كەوتوان یان مەلائیكەكان دەڵێن : ئەمڕۆ ریسوایی و سەر شۆڕی و سزا هەر لەسەر بێ بڕواكانە ...

﴿ فاتى الله بنيانهم من القواعد فخر عليهم السقف من فوقهم ﴾ چەند بەجوانی تەعبیر لە لەناوبردنەكەیان دەكات ،كە ئەمەش شێوازی قورئانە لە دەربڕینی مەبەستەكانیدا .

**( ١٥ )چاكترین قسەبكە !**

﴿وقل لعبادي يقولوا التي هي أحسن ، ان الشيطان ينزَغُ بينهم ، ان الشيطان كان للأنسان عدواً مبيناً ﴾ الاسراو /٥٣ واتە : ئەی (محمد) بەبەندەكانم بڵێ : كە لەكاتی قسەكردندا باشترین قسە هەڵبژێرن و بیكەن ، چونكە شەیتان لەفرسەت دەگەڕێ ناكۆكی و ئاژاوە بخاتە نێوانیانەوە ، بەڕاستی شەیتان هەر لەدێر زەمانەوە دوژمنێكی ئاشكرای ئادەمیزاد بووە .

مرۆڤ بەرپرسیارە بەرامبەر هەموو وشەیەك كە لەدەمی دێتە دەرەوە ، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێ : ﴿ من كان يؤمن بالله و اليوم الاخر فليقل خيراً أو ليَصمُت ﴾ واتە : كێ بڕوای بەخوا و رۆژی دوایی یە یاچاك بڵێ یان بێدەنگ بێت ... ئەو چاكەش بابەباشترین وشە دەر ببڕێ بۆ ئەوەی شەیتان لەدڵی بەرامبەرەكەدا كە گوێی لی یە شتی خراپ دروست نەكات .

**( ١٦ ) ئارام گرتن سێ پلەیە :**

﴿وما نتنزل الا بامر ربك له ما بين أيدينا وما خلفنا وما بين ذلك ، وما كان ربك نسياً ، رب السماوات و الارض وما بينهما فاعبده واصطبر لعبادته هل تعلم له سمياً ﴾ مريم /٦٥

پێغەمبەری خوا (ﷺ)بە (جوبرەئیل) ی فەرموو : ئایا چی بەرگریت ئەكات لەوەی كە زۆرتر بێیت بۆ لامان . دیارە بۆ دڵقایمی پێغەمبەر (ﷺ)زۆر چاك بووە كە (جوبرەئیل) زوو زوو سەری لێبدات ...وەڵامەكەی (جوبرەئیل) قورئان تۆماری دەكات و دەفەرموێت : ئێمە لەئاسمانەوە نایەینە سەر زەوی مەگەر بەفەرمانی پەروەردگارت ، كە ئاگادارە بەهەموو كاروبارێكی ئێستا و لەمەوپاش و لەمەوپێش ، وە هەرگیز پەروەردگارت وازی لێنەهێناویت و لەبیری نەكردویت . پەروەردگاری تۆ پەروەردگاری هەموو ئاسمانەكان و زەوی یە و هەرچی وا لەنێوانیاندایە بۆیە تەنها ئەو بپەرستە و ئارام بگرە لەسەر خوا پەرستیەكەت ئارام گرتنێكی زۆر ﴿هل تعلم له سمياً﴾ ئایا ئاگاداری بەهیچ وێنەیەك بۆ خوا ؟ واتە : نەخێر دەزانی كە خوا وێنە و هاوشێوەی نیە بۆیە هەر ئەو شایەنی پەرستنە.

تێبینی : ئارام گرتن سێ پلەیە لەكەمەوە بۆ زۆر﴿ صبر تصبر و اصطبار ﴾ .

**( ١٧ ) دیمەنێكی ڕۆژی قیامەت :**

﴿يَوْمَ يُنْفَخُ فِي الصُّورِ وَنَحْشُرُ الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا (١٠٢) يَتَخَافَتُونَ بَيْنَهُمْ إِنْ لَبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا (١٠٣) نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِنْ لَبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا (١٠٤)﴾ طه .واتە : ڕۆژێ كە فوو دەكرێت بە كەڕەناداو ، تاوانباران زیندوو دەكرێنەوە و حەشر دەكرێن دەموچاویان لەترسا شین ومۆر و بۆتەوە ، بەچرپە بەیەك دەڵێن: هەر دەرۆژێك لەدنیادا بووین ، ئێمە زاناتر و ئاگادارترین بەوەی كە دەیڵێن ، كاتێ ژیرترینیان كە لەڕاستیەوە نزیكترە دەڵێت: تەنها ڕۆژێك لەدنیادا بووین ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنْسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا (١٠٥) فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا (١٠٦) لَا تَرَى فِيهَا عِوَجًا وَلَا أَمْتًا (١٠٧)﴾

واتە: پرسیارت لێدەكەن لەبارەی شاخەكانەوە كەلەڕۆژی قیامەتدا چیان لێدێ، پێیان بڵێ : پەروەردگارم هەموویان پارە پارە دەكات ، وە دەبن بەتۆز و بڵاودەبنەوە ، وە شوێنەكانیان دەبێت بەدەشتێكی تەختی ساف كە هیچ جۆرە لاری و بەرز و نزمێكی تیا نابینی ...

﴿ يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ الدَّاعِيَ لَا عِوَجَ لَهُ وَخَشَعَتِ الْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْسًا ﴾ طه:١٠٨ لەو رۆژەدا بەبێ سەرپێچی دوای ئەو بانگدەرە دەکەون کەبەرە و مەیدانی مەحشەریان دەبات ، ئا لەو کاتە سامناك و نارەحەت و ناهەموارەدا هیچ دەنگێکت گوێ لێ نیە مەگەر دەنگی تەپەی پێیان ! (خوایە بمان پارێزی بەرەحمی خۆت ) .

**( ١٨ )لەخۆشی و ناخۆشیدا خواتان لەبیر بێت :**

﴿رَبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (٦٦)﴾ الاسراء واتە : پەروەردگارتانە کەشتیەکانتان بۆ هاتوچۆ پێ دەکات لەدەریاکاندا تا پێی بگەنە مەرامی خۆتان ، خوا بۆ ئێوە میهرەبانە .

﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنْسَانُ كَفُورًا (٦٧) ﴾وە ئەگەر توشی نارەحەتی بن لە دەریادا هاوار لەکێ ئەکەن بێجگە لەخواو ، کە رزگارتان بوو سەرپێچی دەکەن ، بەراستی مرۆڤ ناسوپاسی بێباوەرە .

﴿أَفَأَمِنْتُمْ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ وَكِيلًا (٦٨)﴾ ئایا وادەزانن دەستی خوا ناتگاتێ ؟ ئایا ئێوە دڵنیان کە خوا لەسەر وشکانی نغرۆی زەویتان ناکات ، یان بەرد نابارێنێ بەسەرتانا ؟ جا ئەگەر ئەوانەی بۆ ناردن هاوار لەکێ دەکەن و کێ پاڵ پشتانە ؟

﴿أَمْ أَمِنْتُمْ أَنْ يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِنَ الرِّيحِ فَيُغْرِقَكُمْ بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِ تَبِيعًا (٦٩)﴾ یاخود ئێوە دڵنیان کە جارێکی دیکە ناچنەوە ناو دەریا و توشی رەشەبا و تۆفان نابنەوە کە نوقمتان بکات و لەناوتان بەرێ بەهۆی بێبڕواییتانەوە . جا ئەو کاتەش کەستان نەمێنێتەوە تا هەواڵتان بپرسێ و سۆراخێکتان بکات .

﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (٧٠)﴾ ئێمە رێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و هەڵمان گرتوون لەوشکانی و لەدەریادا (بەوەی کە زۆر هۆکاری گواستنەوەمان بۆ فەراهەم هێناون) و رۆزی چاکمان پێ بەخشیون و فەزڵمان داون بەسەر زۆر لە دروستکراوەکانماندا .

بەو جۆرە قورئان پەروەردەی مرۆڤ دەكات كە نابێ تەنها لەتەنگانەدا خوای لەبیربێ و لە خۆشیدا لەبیری بچێتەوە .

**(١٩) پەروەردەیەكی گرنگ بۆ ناوماڵ :**

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنْكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنْكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِنْ قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُمْ مِنَ الظَّهِيرَةِ وَمِنْ بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآَيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٨)﴾ النور

واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە بەندە و خزمەتكار و ئەو مناڵانەتان كە باڵغ نەبوون با مۆڵەتتان لێوەرگرن بۆ هاتنە لاتان لەسێ كاتدا ، پێش نوێژی بەیانی و ، كاتێ لەنیوەڕواندا پشوو دەدەن و دوای نوێژی خەوتنان ، ئەو سێ كاتە (عورات) ن بۆتان ، واتە ڕەنگە لەوكاتانەدا لەشتان دەربكەوێت ، دوای ئەوسێ كاتە هەرچەند بچنە لای یەكتری و هاتوو چۆی یەكتری بكەن گوناهتان ناگات ، بەو جۆرە خوا ئایەتەكانتان بۆ روون دەكاتەوە ، وە خوا زانا و كار دروستە .

﴿ وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنْكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آَيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٩)﴾وە ئەگەر منالەكانتان بالغ بوون با هەموو كاتێك مۆڵەت بخوازن هەروەك چۆن ئەوانەی پێشوو مۆڵەتیان خواست . بەوشێوەیە خواوەند ئایەتەكانتان بۆ روون دەكاتەوە وە خوا زانا و كار دروستە .

﴿و القواعد من النساء اللاتي لا يرجون نكاحاً فليس عليهن جناح أن يَضَعنّ ثيابَهن غيرَ متبرجات بزينة وأن يَستعففنَ خير لهنَ و الله سميع عليم ﴾ النساء / ٦٠واتە : ئەو ئافرەتە پیرانەی كە بەتەمای شوو نەماون ، گوناهیان ناگات ئەگەر كەمتر خۆیان بپێچنەوە و مەبەستیان جوانی دەرخستن نەبێت وە ئەگەر داپۆشراوبن چاكترە بۆیان .

ئەم ئایەتانە پێش هەزار و چوارسەد ساڵ گرنگی داوە بەلایەنی دەروونی مناڵ و نابێت لەش و عەوراتی دایك و باوكیان ببینن و پێویستە مۆڵەت بخوازن كاتێ دەچنە ژووری دایك و باوكیان ..

بەتەنها ئەم چەند ئایەتە دەیسەلمێنیٚ کە ئەم پەڕاوە لـەخواوەیە ، وەگەر نا پێش چواردە سەدە کیٚ توانیویەتی بیر لـەشتی وابکاتەوە ، کیٚ توانیویەتی ڕێنمایی ئاوا بکات ... گویٚ نەدان بەم ڕاستیە و زۆر بوونی دیمەنی بەرەلآیی لـەبەرچاوی منالٚ ، فیترەی منالآنی شێواندووە بەتایبەت لـەرۆژ ئاوادا و بەرەو توندڕەوی و کاری نابەجیٚ هەنگاو دەنێن ... ڕۆژنامەیەکی رووسی ڕاپرسیەکی کرد و ئەم پرسیارەی ئاڕاستەی ژمارەیەك لـەمنالآن کرد : چی دەکەیت ئەگەر (کلآشنکۆف)ێکت هەبێت ؟ زۆربەی وەلآمەکان بەم شێوەیە بوون : هەموو ئەو کەسانەم دەکوشت کە خۆشم ناوێن . هێرشم دەکرە سەر (بانق) و تالآنم دەکرد و لـەگەلٚ کچە هاوەلٚـەکەمدا بۆ دەرەوەی ولآت هەلٚ دەهاتم . هەموو ئەندامانی خێزانەکەم دەکوشت بۆ ئەوەی خانوەکەمان بفرۆشم . کۆگای زەرەنگەرەکانم تالآن دەکرد . هەڕەشەم لـەمامۆستاکەم دەکرد بۆ ئەوەی پلـەی بەرزم بۆ دانیٚ .

تێبینی : جارێك لـەئایەتەکاندا قورئان دەفەرموێت : ﴿ كذلك يبين الله لكم الايات و الله عليم حكيم ﴾ وە جارێکی تر جەخت دەکاتەوە سەر ئەو ڕاستیە و دەفەرموێت ﴿كذلك يبين الله لكم اياته و الله عليم حكيم ﴾ .

تا لای موسولٚـمانان گرنگی مەسەلـەکە دەربکەویٚ و زۆر گوێی پێبدەن ، چونکە ئەو خوایەی کە زانایە و کار دروستە خۆی چاك دەزانیٚ چ ڕێوشوێنێك و ، چ ڕێنماییەك بۆ بەندەکانی دادەنێت کە مایەی خێر و خۆشی دنیا و قیامەتیان بێت ، مەگەر خوا لـەهەموو کەس شارەزاتر نیە بە دەروونی مرۆڤ !! هەروەك لـەسوورەتی (تبارك) دا ئایەتی (١٤) دەفەرموێت : ﴿ الا يعلم مَن خلق وهو اللطيف الخبير ﴾ ئایا ئەو خوایەی کە بەدی هێناون و دروستی کردون نازانیٚ چی باشە بۆیان ، وە خوا ورد بین و کار دروست و زانا و ئاگادارە .

**( ٢٠ )بڕواداری دانەمەزراو و مۆلـەق !**

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انْقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ (١١)﴾ الحج .واتە : هەندیٚ کەس دامەزراو نیە لـەخوا پەرستیدا ، بەوێنەی کەسێك کەلـەسەر بەردێکی مۆلـەقی قەراغ شاخێك خواپەرستی بکات ، ئەگەر توشی خێر و خۆشی بوو ، ئەوە دلٚـنیا دەبێت ، وە ئەگەر تووشی فیتنە و ناخۆشی بوو وەردەگەڕێت و هاوسەنگی خۆی لـەدەست دەدات و سەرەنریٚ دەبێت و دەکەوێتە

خوارەوە و هەپروون بەهەپروون دەبێت ، بەمەش خەسارەتمەندی دنیا و ئاخیرەت دەبێت کە ئەوەش خەسارەتێکی دیار و ئاشکرایە .

﴿ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُ وَمَا لَا يَنْفَعُهُ ذَلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ (١٢) يَدْعُو لَمَنْ ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِنْ نَفْعِهِ لَبِئْسَ الْمَوْلَى وَلَبِئْسَ الْعَشِيرُ (١٣)﴾ ئەو کەسە شتێك دەپەرستێ لەجیاتی خوا کە هیچ سود و زیانێکی نیە ، وە ئەوەش گومڕاییەکی زۆر دوورە لەڕاستی ئەو کەسە کەبانگی غەیری خوا دەکات و دەیپەرستێ توشی گوناهو تاوان دەبێت و هیچ سودێك وەرناگرێ ، بەراستی ئەو پەرستراوە یارمەتی دەر و هاودەمێکی خراپە چونکە مایەی سەرگەردانی و بەدبەختیە .

﴿ إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ (١٤)﴾ بەڕاستی خوا ئەو بڕوادارانەی کە چاکەکارن دەخاتە بەهەشتانێ کە رووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات وە بەراستی خواوەند هەرچی بوێت دەیکات .

بڕواداران توشی هەرچی بن لەدنیادا بەخۆشی و ناخۆشی یەوە ، بە تاقیکردنەوەی دەزانن ، لەخۆشیدا سوپاسی خوا دەکەن و لەناخۆشیدا ئارام دەگرن ، لەهەردوو بارەکەش دا پاداشتی چاك دەدرێنەوە و بەهەشتی بەرینی هەتاهەتایی جێگایانە . ئنجا خوای گەورە بەشێوەیەکی زۆر جوان پەیمانی سەرکەوتنی ئاینەکەی دەدات و گاڵتە بەکافران دەکات و دەفەرموێت : ئەگەر ئێوە پێتان ناخۆشە ئەم ئاینە سەرکەوێ دەبڕۆن بمرن لەخەفەتا و خۆتان هەڵواسن چونکە خوا لە دنیا و قیامەتدا ئاینەکەی سەردەخات .

﴿مَنْ كَانَ يَظُنُّ أَنْ لَنْ يَنْصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنْظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ (١٥)﴾ واتە : هەرکەسێ گومانی وایە کە خوا لەدنیا و ئاخیرەتدا (محمد) و ئاینەکەی سەر ناخات با بڕوات گوریسێك هەڵخات بەسەقفی ماڵەکەیەوە ، پاشان خۆی پێ بخنکێنێ و دوایش گوریسەکە کە بچرێ و بکەوێتە خوارەوە ، بزانێ خەمەکەی لادەچێت ، واتە خوا بێ گومان ئاینی خۆی سەردەخات ، هەرکەسیش بەوە نارەحەت دەبێت با بڕوا چی دەکات بیکات . بەراستی ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر راستیەتی ئەم بەرنامەیە ئەوکەسانەی لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەدا ژیاون زۆریان ئەم راستی یەیان بەهێندەی ئەمڕۆی ئێمە لا رۆشن نەبووە ، ئەوا ئێمە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لەچواردە سەدە دەبینین ئیسلامەتی چوارقوڕنەی دنیای گرتۆتەوە و ،

دۆست و دوژمن شایەتی ئەوە دەدەن کە داهاتوو بۆ ئیسلامەو ، پەیمانەکەی خوا بەچاکی لەم دنیایەدا هاتۆتەدی و ، ئاشکراشە لە قیامەتیش دا هەر موسڵمانە سەرفراز و سەرکەوتوو .

**( ٢١ )تیاچوونی هاوبەش پەیداکاران :**

﴿حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١)﴾ الحج . واتە : خۆتان دوورخەنەوە و خۆتان لادەن لەهەموو ڕێگا و ڕێبازێك وەرن بەرەو بەرنامەکەی خوا و، هاوەڵ و هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن و ، هەرکەس هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات وەکو لەئاسمان کەوتبێتە خوارەوە وایە ، دیارە هەر کەسێ لەشوێنی وا بەرزەوە بکەوێتە خوارەوە پارچە پارچە دەبێت ، ئنجا باڵداری گۆشت خۆر بەگورجی پەلاماری بدات و هەر پارچەیەی بەلایەك دا ببات و هەر پارچەیەیەی بچێتە جیقڵانەی باڵدارێکەوە ، یان ڕەشەبای بەهێز پارچەکانی بەرەو شوێنی زۆر دوور بەرێت .

بەراستی ئەمە وێنەیەکی زۆر جوان و تەواوە بۆ ئەو کەسەی کەلە فیترەتی خۆی لابدات و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات ،ئەوکەسە لەئاسمانی بەرزی ئیمانەوە ، لەپلەی بەرزی خوا ناسیەوە دەکەوێتە خوارەوە بەرەو (اسفل السافلین) بەرەو چاڵی قووڵی کوفر و بێباوەڕی ، دڵ و دەروون و هەست و هۆشی پارچە پارچە دەبن ، باڵندەی هەواو ئارەزووی هەردەمەی بەلایەکدا دەیبات و توشی دەردە سەریەکی دەکات ،کە بە ئاشکرا لەژیانی بێباوەڕان دا هەستی پێدەکرێت، لەتاوا بەمەی و ماددە سڕکەرەکان لەو (واقیعە) ڕادەکەن کە تیایا دەژین !...

**( ٢٢ ) ڕێز گرتنی مامۆستا و پێشەوا :**

لەکاتی هەڵکەندنی چاڵی دەوری مەدینەدا لەشەڕی خەندەقدا ، کە جەنگێکی زۆر ناڕەحەت و دژوار بوو ،زۆر لەموسڵمانەکان بەگەرمی چاڵیان هەڵدەکەندو لەبەر زۆر کاری پێویست نەبوایە مۆڵەتیان وەرنەدەگرت ، کەچی دووڕووەکان خۆیان دەدزیەوە بە بیانووی جۆراو جۆرەوە ، بێگومان خوا ئاگای لەهەموو شتێکە ، بۆیە بەم چەند ئایەتە پەروەردەی موسڵمانان دەکات و دەفەرموێت : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُوا مَعَهُ عَلَى أَمْرٍ جَامِعٍ لَمْ يَذْهَبُوا حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ أُولَئِكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِذَا اسْتَأْذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَنْ لِمَنْ شِئْتَ مِنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمُ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٦٢)﴾ النور . واتە :بڕواداری ڕاست ئەوەیە کە

بڕوای دامەزرابێ بەخوا و پێغەمبەر(ﷺ)وەکاتێك کەلەگەڵ پێغەمبەردا بوون لەسەر کارێکی گرنگ کە بەرژەوەندی موسوڵمانانی تیا بێت ، ناڕۆن بۆ هیچ شتێك و بەجێی ناهێڵن تا مۆڵەتی لێوەرنەگرن ، بەراستی ئەوانەی مۆڵەتت لێ وەردەگرن ئەوانەن کە بڕوایان دامەزراوە بەخوا و پێغەمبەرەکەی .

ئەگەر مۆڵەتیان داواکرد بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کاری خۆیان ، ئەوا ڕێبدە بەوانەی کە دەتەوێت و، داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە لای خوا بەڕاستی خوا لێخۆشبوومیهرەبانە .

﴿لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٦٣)﴾ واتـــه : پێغەمبەر (ﷺ)بانگ مەکەن هەر وەك چۆن یەکتری بانگ دەکەن ، خواوەند زانایە بەوانـەی خۆیـان دەدزنەوە و ، با ئاگاداربن ئەوانـەی سەرپێچـی فـەرمانی پێغەمبــەر دەکــەن ، کـە توشـی فیتنـە یـان سـزایەکی ئـازاراوی دەبـن . ﴿أَلَا إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قَدْ يَعْلَمُ مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٦٤)﴾ النور / ٦٤ . واتە : بەراستی هەر بۆ خوایە ئەوەی لەئاسمانـەکان و زەویدایـە ، خـوا چـاك دەزانێـت ئێـوە لــە چ حاڵێـك دان و، کـاتێ دەگەڕێنەوە بۆ لای هەواڵیان دەداتێ بەوەی کە کردویانەو ، خوا ئاگاداری هەموو شتێکە.

تێبینی : ڕێزگرتنی خەڵکی ڕەوشتێکی بەرزی ئیسلامە هەر وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ( لەئێمە نیە هەر کەس ڕێزی گەورە نەگرێ و بەزەیی بەبچووکدا نەیەتەوە ) .

**( ٢٣ ) دانوستانی خۆشەویست( د.خ )لەگەڵ کافرەکاندا :**

قورئانی پیرۆز پێغەمبەری خوا (ﷺ)فێردەکات کە چۆن گفتوگۆ بکات لەگەڵ کافرەکاندا و چۆن ڕاستیەکانیان پێ بسەلمێنێ هەروەك دەفەرموێت : ﴿ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾ النمل /٥٩ .

واتە : لەسەرەتاوە بڵێ : سوپاس بۆ خوا وەسڵاو لەسەر ئەو بەندانەی کە هەڵبژێردراون (واتە پێغەمبەران) ئنجا یەك یەك تەوەری باسەکانی بۆ دیاری دەکات ، ئایا خوای بەدیهێنەری باڵادەست چاکترە یان ئەو هاوبەشانەی کە هیچیان دەسەڵات نییە؟!

﴿ أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴾ النمل : ٦٠.

**كەسێ ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێنابێ و لەئاسمانەوە بارانی باراندبێ ، بەو بارانەش باخچەی رازاوەی جوانی رواندبێ ، کە خۆتان نەتاندەتوانی بیڕوێنن ، ئایا خوایەك هەیە لەگەڵیا ، نەخێر ئێوە گەلێکن لەرێ لاتانداوە و دێن شتانێك دەکەن بەهاوشانی خوا کە هیچ نین .**

﴿ أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ النمل : ٦١ .

**ئایا ئەوەی زەوی بۆ رام کردون کەلەسەری بژین و رووباری تیا داناوە و شاخەکانی تیا جێگیر کردوە بۆ لەنگەر گرتن و هاوسەنگی زەوی و، لەنێوان دەریای سوێر و شیرین دا بەربەستی داناوە کە تێکەڵ نەبن ، خوایەك ئەمە دەسەڵات و توانای بێت کەس هەیە هاوەڵ و هاوبەشی بێت ،نەخێر زۆریان هەق و ڕاستی نازانن .**﴿ أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ ﴾ النمل : ٦٢

**خوایەك بێ بەهانای لێقەوماوێکەوە کاتێ بانگی دەکات و نارەحەتیەکەی لەسەر لابدات و ، بتانکاتە جێ نشین لەسەر زەویدا ،کەس هەیە ببێتە هاوەڵی ، بۆ ئەمەندە کەم بیر دەکەنەوە و هیچ حاڵی نابن .**﴿ أَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَنْ يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ النمل : ٦٣ .

**ئەو خوایەی کە ڕێنمایتان دەکات لەناو تاریکاییەکانی وشکانی و دەریادا و ، باتان بۆ دەنێرێ کە مژدە دەدات بەداکردنی باران ، ئایا هیچ هاوەڵ و هاوبەشێکی هەیە ؟ پاك و بەرزە خودا لەوەی دەیکەن بەهاوبەشی .**﴿ أَمَّنْ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ النمل : ٦٤ .

**کەسێك کە زیندەوەران بەدیبهێنێ و پاش مردنیشیان دووبارە زیندویان بکاتەوە و، رۆزیتان بداتێ لەئاسمان و زەوییەوە ، ئایا دەبێت هاوبەشی هەبێت ؟ بڵێ : ئەگەر هاوبەشی بۆ بریار دەدەن فەرموون بەڵگە بهێنن ئەگەر راست دەکەن .**

﴿ قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ النمل: ٦٥ .پێیان بڵێ کەس نیە لەئاسمانەکان و زەویدا غەیب زان بێت مەگەر خواو ، نازانن کەی زیندوو دەکرێنەوە .

قورئانی پیرۆز زۆر گرنگی بەوەداوە و جەختی کردۆتە سەر، کەکەس نیە غەیب زان بێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لەدەرونیدا حەز بەزانینی غەیب و شتە شاراوەکان دەکات و لەهەموو سەر دەمێکیشدا کەسانێك هەن کەلافی زانیی غەیب لێدەدەن ، ئێستاش لەجیهاندا ئەمە زۆر باوە بۆیە پێغەمبەری خواش(د.خ) لەفەرموودەکانیدا یاساغی کردووە موسوڵمانان بچنە لای فاڵگرەوە و جادووگەرەکان و بڕوایان پێبکەن﴿ من أتى كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد ﴾ ئەبو داود گێراویەتیەوە. واتە : هەر کەسێ بچێتە لای کاهنێك و بڕوا بەقسەکانی بکات لەبارەی غەیبەوە ئەوە کوفری کردوە بەو قورئانەی کە بۆ ( محمد) نێردراوە .

**( ٢٤ ) تەفرەدان و چەواشەکردنی جەماوەر !**

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَلْ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾ القصص : ٣٨

واتە : فیرعەون وتی : ئەی پیاو ماقوڵان نەمبیستووە خوایەك هەبێ جگە لەخۆم ، جا ئەی هامان خشتی سورەوەبووم بۆ بهێنە وکۆشکێکم بۆ دروست بکە سەری لەئاسمان توند بووبێت ، تاوەکو لەوێوە بڕوانم و خواکەی مووسا ببینم ، چونکە من بەیەکێ لەدرۆزنانی دەزانم .

فیرعەون زۆرزان بوو ، دەیزانی جەماوەرەکەی چۆن دەخەڵەتێنێ و چۆن لەچاوەڕوانیدا دەیان هێڵێتەوە ، لێرەدا فیرعەون وا خۆی پیشان دەدات کەلەجیاتی گەل دەچێ بزانێ خواکەی مووسا لەئاسمانە ، بۆ ئەمەش دەبێ کۆشکێکی زۆر بەرز هەبێ ، ئاشکرایە دروست کردنی ئەم کۆشکەش چەندەها ساڵی دەوێت ، دەی کەواتە با خەڵکی چاوەڕێ بن ، بەم جۆرە فیرعەون تەفرەی جەماوەرەکەیدا .

فیرعەون جەماوەری سوك و ریسوا کرد ﴿ فاستخف قومه ﴾ ئەوانیش ﴿فاطاعوه ﴾ دەم و دەست بەدەم داواکانی فیرعەونەوە چوون و بە گوێیان کرد و رازی بوون بەزەلیلی و ریسوایی ... بەڕاستی ئەوانە گەلێکی فاسق بوون ﴿ انهم كانوا قوماً فاسقين ﴾ زخرف ٥٤ .

﴿ فلما آسَفونا انتقمنا منهم فاغرقناهم اجمعين ، فجعلناهم سلَفاً ومثلاً للاخرين ﴾ زخرف٥٦

كاتێ ملیان نەدا بۆ هەق و راستی و رق و قینیان هەستانین تۆڵەمان لێ سەندن و هەموویانمان نووقمی ئاو کرد و خنکاندمانن و ، کردمانن بە پەند و مێژوو بۆ گەلانی دوای خۆیان .

تێبینی : کاتێ مووسا سەلامی خوای لێبێت لەسەرەتاوە چوو بۆلای فیرعەون بەنەرم و نیانی قسەی لەگەڵ کرد ، چونکە پەروەردگار فەرمانی پێدابوو ، کە بەنەرم و نیانی بانگەوازی خوا بدا بەگوێیدا هەروەك دەفەرموێت : ﴿ فقولا له قولاً ليناً لعله يتذكر أو يخشى ﴾ طه : ٤٤ . بەڵام پاش ئەوەی کە فیرعەون ملی نەدا و لەسەر تاوانکاری یەکانی بەردەوام بوو ، ئیتر کارەکە چووە قۆناغێکی دیکەوە ، کە قسەی نەرم و نیان سوودی نەبوو ، بۆیە موسا قسەیەکی زۆر رەقی بەفیرعەون وت کەکەس زاتی ئەوەی نەدەکرد پێی بڵێ : ﴿ قال لقد علمت ما انزلَ هؤلاء الا رب السماوات و الارض بصائر واني لأظنك يا فرعون مثبوراً ﴾ الاسراء : ١٠٢ .

مووسا سەلامی خوای لێبێت بەفیرعەونی وت : تۆ باش دەزانیت کە ئەو موعجیزانەی من لە خواوەیە کە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی یە و ئەو موعجیزانە بەڵگەن و بەرچاورۆشن کەرەوەن ، جا کەتۆش مل نەدەی بۆ هەق و راستی ، من چاك دەزانم کە تۆ ئەنجامت تیا چوونە !

کەواتە بانگەواز قۆناغ قۆناغە و هەر قۆناغەش هۆکار و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە ، کە بەگوێرەی شوێن و کات و حاڵی خەڵکی دەگۆڕدرێت و مەسەلەکەش کێشمە کێش و مل ملانێی نێوان هەق و نا هەقە .

لەم سەردەمەش دا زۆر هۆکار بەکار دەهێنرێت بۆ تەفرەدان و چەواشە کردنی جەماوەر ، وەك هۆکانی راگەیاندن کە هەموو دەزگا (مخابرات) یەکان شەوو رۆژ کار دەکەن بۆ زل کردن و هێشتنەوەی دیکتاتۆرەکان .

دەزگای موخابەراتی ئەمەریکی پسپۆڕێکی نارد بەناوی (ئیخلبرگر) کەلەبواری دروست کردنی (شخصيات) دا زۆر بەتوانا بوو تاوەکو لەمیسردا کار بکات و رێ و شوێن دابنێ بۆ گەورە کردنی (عبدالناصر) لەبەرچاوی جەماوەر .

بۆ نموونە شانۆگەرییەکیان دروست کرد بە جۆرێك لەکاتی وتاردانداا بۆ جەماوەر لەدورەوە بەکرێ گیراوێکی خۆیان تەقەی لێبکات و وا پیشان بدرێت کە سەرۆك بریندار بووە بەمەش لای خەڵکی خۆشەویست بکرێ . ئەمە بێجگە لەوەی چەندەها گۆرانیان بەباڵایدا هەڵدا و. هەروەها چەندەها پەڕاو لەلایەن پسپۆڕانەوە دەنوسرا و بەناوی سەرۆکەوە بڵاویان دەکردەوە (سەیری پەراوی لعبە الامم ـ بکە ، نووسینی : مایلز کۆبلاند) .

**( ٢٥ )بڕواداران ناو جێگاو پێخەفیان لێدەبێزرێ !**

﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآَيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (١٥) تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ (١٦) فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٧)﴾ السجدة .

واتە : ئەوانە باوەڕیان هەیە بەئایەتەکانمان ، کاتێ بیریان بخرێتەوە سوجدە دەبەن و تەسبیحات و سوپاسی خوا دەکەن و، خۆیان بە گەورە نازانن . ئەوانە بەشەو جێگای گەرم و نەرم بەجێ دێڵن و ، بێزراوە جێگاکانیان لەلایان ، لەخوا دەپاڕێنەوە و دڵیان لەسزای خوا دەترسێ و هیوایان بەڕەحمەتی خوا زۆرە و، لەو ڕۆزیەی پێمان داون دەیبەخشن لەڕێی خوادا . هیچ کەسێ نازانێ چیمان بۆ شاردونەتەوە لەناز و نیعمەت لەقیامەتدا کەمایەی چاو ڕوونی و دڵ خۆشی یە ، لەپاداشتی کردەوەکانیان دا .

تێبینی : وشەی (تتجافی) جیایە لەوشەی (تتباعد) بەوەی نەك هەر لە جێگاکانیان دوور دەکەونەوە بەڵکو جێگاکانیان لە لا بێزراوە و ساردی هەیە لەنێوان ئەمان و جێگاکانیان دا .

**( ٢٦ ) مەبن بەبار بەسەر کەسەوە !**

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا﴾ الاحزاب /٥٤ .

واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە مەچنە ماڵی پێغەمبەر مەگەر بانگ کرابن بۆ خواردنێك کە ئامادەبێ و چاوەڕێ مەکەن پێ بگات ، وە کاتێ بانگیش کران و نانتان خوارد بلاوەی لیبکەن و دامەنیشن بۆ قسە و دەمەتەقێ ، چونکە ئەمە ئازاری دڵی پێغەمبەر دەدات و ئەویش شەرمتان لێدەکات پێتان بڵێ ، بەلام خوا شەرم ناکات لەوتنی هەق .. وە ئەگەر داوای شتێکتان کرد لەخێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ)خۆتان مەکەن بەژووردا بەڵکو لەپشت دەرگاوە داوا بکەن ، ئەمە پاکترە و چاکترە بۆ دڵتان و بۆ دڵیان و ، بۆتان نی یە ئازاری دڵی پێغەمبەر بدەن و ژنەکانی دوای خۆی مارە بکەن ، چونکە ئەوان دایکی بڕوادارانن و ئەوکارەش لای خوا زۆر بەگەورە گیراوە، ئەگەر لە دڵتانا شتێك بشارنەوە یان دەری ببڕن و ئاشکرای بکەن خوا ئاگاداریەتی ، چونکە هیچ شتێك نی یە لای خوا ئاشکرا نەبێت .

بەراستی موسڵمانان پێویستە زۆر گرنگی بدەن بەم مەسەلەیە و هەوڵ بدەن هەرگیز نەبنە ئەرك بەسەر کەسەوە ، چەند هەڵوێستێکی جوان و برایانە بوو ، کە ئەنصارییەك بە (عبدالرحمانی کوڕی عەوف ) ی وت : برا ئەوە ماڵەکەم دەیکەین بەدوو بەشەوە ، ئەوەش دوو هاوسەرم هەیە کامیانت دەوێ بۆتی تەلاق دەدەم و تۆ بیخوازە ، ئەویش زۆر مەردانە وتی : براگیان خوا پاداشتت بداتەوە تەنها ڕێی بازاڕم نیشان بدە! ئیتر کەوتە کار و کاسبی و بەرەنجی شانی خۆی خۆی دروست کردەوە.

مامۆستا (عباس سیسی) لەنامیلکەی (الذوق سلوك الروح) دا زۆر نموونەی واقعی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەهێنێتەوە، بۆ نمونە برایەك لەلای ئەوان بەتەلەفۆنی برایەکی دیکە قسە لەگەڵ دەرەوەی ولاتدا دەکات و بەخوا پاداشتت بداتەوەیەك لێی دەردەچێت ، کەبەمەش برای بەسەزمانی خاوەن تەلەفۆن زیانی موچەی مانگێکی لێدەکەوێ و ئەیدات بەهەقی تەلەفۆن کردنەکەدا .دەی کەی ئەمە ڕەوای هەقە !! یان هی وا هەیە لەکاتی ناوەخت و سەقەتدا سەردان دەکات و تەلەفۆن دەکات کە ئەمەش بەراستی لەگەڵ ئادابی ئیسلامیدا ناگونجێت ؟! .

بەکورتی بێ سەلیقەیی و بێ زەوقی زۆر بوار دەگرێتەوە خۆزگە لەپەروەردەدا زۆر گرنگی پێدەدرا و پەڕاوی (الذوق سلوك الروح ) یش بەوانە دەخوێندرا ؟!(بەندە ئەو نامیلکەیەم بەدەستکارییەوە وەرگێڕاوە بەناوی زەوق و سەلیقەی بڕوادار).

**( ٢٧ ) بەزمان و بەكردەوە سوپاسگوزاربن :**

﴿ اعملوا ال داود شكرا و قليل من عبادي الشَكور ﴾ السبأ : ١٣واته : خانەوادەی داوود بەكردەوە سوپاس گوزاری بكەن ، زۆر كەم لەبەندەكانم سوپاس گوزارن .سوپاسگوزاری گەورەترين پلەيەوبەهۆی پارێزكارييەوە مرۆڤ دەيگاتێ ، قورئان دەفەرموێت :﴿ فاتقوا الله لعلكم تشكرون ﴾ ال عمران ١٢٣ پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەمەندە خواپەرستی كرد ئاوی پێی داهات ، دەيفەرموو بەڵكو بگەمە پلەی سوپاسگوزاری ﴿ افلا أكون عبداً شكوراً﴾ بەڵێ سوپاسگوزاری راست ئەوەيە هەر بەدەم نەبێت و لەكاروكردەوەدا رەنگ بداتەوە .

**( ٢٨ ) شەيتان بەڕاستی دوژمنتانە :**

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ (٥) إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ (٦) ﴾ فاطر.

واته : ئەی خەڵكينە بەڕاستی بەڵێنی خوا هەقە ، با ژيانی دنيا لە خشتەتان نەبات و بەڕەحمەتی خواش لەخۆتان بايی مەبن چونكە خواوەند ( شديد العقاب) يشە ، بەراستی شەيتان دوژمنتانە و بە دوژمنی خۆتانی بزانن و دوای مەكەون ، چونكە شەيتان شوێنكەوتوانی بانگدەكات بۆ دۆزەخ .

بەڵێ تەنها زانينی ئەو راستيە بەس نيە ، بەڵكو گرنگ ئەوەيە شەيتان وەك دوژمن مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ ( فاتخذوه عدواً ) وخۆمانی لێبپارێزين ..

**( ٢٩ ) هەركەس بەقولە پێی خۆی هەڵدەواسرێ !**

﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنْذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَمَنْ تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ ﴾ فاطر١٨ واته : كەس گوناهی كەس هەڵناگرێ و ، ئەگەر تاوانبارێكی بارگران داوا لەكەسێكی تر بكات بارەكەی لەگەڵ هەڵبگرێ ، لەگەڵی هەڵناگرێ ئەگەر خزميشی بێت . بەڕاستی تۆ ئەوانە ئينزار دەكەيت كەلەخوا دەترسن و نوێژ دەكەن و، هەركەس خۆی پاكژ بكات و لەگوناه خۆی بپارێزێ بۆ خۆيەتی و، گەڕانەوە و سەرەنجاميش هەر بۆلای خوايە .

تێبینی : ﴿وَإِنْ تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى﴾ نموونەی ئافرەتێکی سك پڕە کە قورس بووە بەسکەکەیەوە و ناڕەحەتە ، هەروەك چۆن نزیکترین کەسی ناتوانێ بارەکەی لەسەر شان سوك بکات ، ئاوەهاش هەر کەس باری خۆی بەسەر شانی خۆیەوەیەتی لەڕۆژی قیامەت دا و هەرکەس بە قولەپێی خۆی هەڵدەواسرێ !

**( ٣٠ )میراتگرانی خۆشەویست (ﷺ) :**

خۆشەویست(ﷺ)زۆر جار بیری دەکردەوە ئاخۆ لەدوای خۆی ئەم پەیامە دەکەوێتە دەست کێ ، خوای پەروەدگاریش لەم چەند ئایەتەدا باسی ئەم مەسەلەیەی بۆدەکات و دەفەرموێت : ﴿ و الذي أوحينا اليك من الكتاب هو الحق مصدقاً لما بين يديه ، ان الله بعباده لخبير بصير ، ثم أورثنا الكتاب الذين اصطفينا من عبادنا فمنهم ظالم لنفسه ومنهم مقتصد ، ومنهم سابق بالخيرات باذن الله ، ذلك هو الفضل الكبير ﴾ فاطر : ٣٢ .واتە : ئەوەی بەسرووش بۆمان ناردویت لەم پەڕاوەدا هەق و راستی یە و دان دەنێ بەڕاستی پەڕاوە ئاسمانیەکانی پێش خۆی دا ، بەراستی خوا ئاگاداروبینایە بەبەندەکانی ، نامەکەمان بەمیرات دا بەکەسانێکی هەڵبژێردراو لەبەندەکانمان . پاشان بەشێکیان ستەم لەنەفسی خۆیان دەکەن بەهۆی گوناهی گەورەوە و حیسابێکی زۆریان لەگەڵ دەکرێ ، وە بەشێکی دیکەیان کەمتر گوناە دەکەن و حیسابیان ئاسانترە ، وە بەشی سێهەمیان پێشبڕکێ دەکەن بە یارمەتی خوا بۆ کاری چاکە و مەشخەڵداری راستەقینەن کە رەنگە زۆریان بەبێ حیساب بچنە بەهەشتەوە .

بەڵێ (باذن الله) پێشبڕکێ دەکەن لەکاری خێردا ، وە ئەو بانگەوازەی کە دەیکەن وەك درەختێکە کە (باذن الله) بەرهەمی دەبێت . زانینی ئەم راستیە پێویستە بۆ ئەوەی بانگخوازان لەخۆیان بایی نەبن و هەردەم سوپاسی خوا بکەن لەسەر ئەوەی دەبنە میراتگری پێغەمبەر(ﷺ).

**( ٣١ ) یونس سەلامی خوای لێبێت گەلەکەی بەجێهێشت !**

﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (١٣٩) إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (١٤٠) فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ (١٤١) فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (١٤٢) فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (١٤٣) لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٤٤)﴾ الصافات. واتە : بەراستی یونس یەکێ بوو لە فروستادەکانمان ، کاتێ هەڵهات و رایکرد بەبێ ئیزنی خوا بەرەو کەشتیەکی پڕ ، کەشتیەکە خەریك بوو نوقم بێ بۆیە

بڕیاریاندا سوكی بكەن ، تیروپشكیان كرد و یونس دەرچوو ، خستیانە ئاوەكەوە و نەهەنگێك قوتیدا بە لۆمە كراوی وە ئەگەر تەسبیحاتی خوای نەكردایە و پەشیمان نەبوایەتەوە ئەوە تا رۆژی زیندووبوونەوە رزگاری نەدەبوو .

تێبینی : كاتێ بەندەیەك لەدەست خاوەنەكەی رادەكات پێی دەوترێت (العبد الآبق) ئەم حاڵەتەی یونس سەلامی خوای لەسەر بێت ، هەر وایە بۆیە وشەی (آبق) ی بۆ بەكار هێناوە .

**( ٣٢ ) دوعاكەی ئەیوب ( علیه السلام ) :**

﴿ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ (٤١) ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ (٤٢) وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنَّا وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (٤٣)﴾ ص واتە : یادی ئەیوبی بەندەمان بكە كاتێ لە پەروەردگاری پاڕایەوە و وتی : شەیتان توشی نارەحەتی و ئازاری كردوم( وەك بڵێ! خوایە خۆت ئاگات لەحاڵمە ، ئیتر داوای چاك بونەوەی نەكرد) خواوەندیش پێی فەرموو : پێت بدە بەزەویدا ئەویش پێی دا بەزەویدا و كانیاوێك لەژێر پێیەوە هەڵقولا، خۆی پێ شت و لێی خواردەوەو بەفەرمانی خوا چاك بووەوەو،كەسوكار و خێزان و چی هەبوو بەزیادەوە پێمان دایەوە . كە ئەمەش رەحمەت بوو لە ئێمەوەو ، بوو بەپەند و ئامۆژگاری بۆ هۆشمەندەكان .

**( ٣٣ ) ئایا خوا بەس نیە پشتگیری بەندەكەی بێت ؟**

﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ، وَمَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ ﴾ الزمر : ٣٧ .

واتە : ئایا خوا بەس نیە بۆ بەندەكەی ؟ كافران ئەو ترسێنن بەشتانێك كە دەیپەرستن بێجگە لەخوا . جا ئەوەی خوا رێی لێ ون كردوە كەس نیە رێنمایی بكات . یەكێكیش خوا رێنمایی بكات كەس ناتوانێ رێی لێ ون بكات ، ئایا خوا بەدەسەلاّت و تۆڵەسێن نیە ؟

﴿ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ (٣٨) ﴾ الزمر ، وە ئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت كێ ئاسمانەكان و

زەوی بەدیهێناوە دەڵێن خوا . پێیان بڵێ : باشە ئەگەر خوا ویستی زیانێ بەمن بگەیەنێ كەس هەیە بێجگە لەخوا ئەو زیانەم لەسەر لاببات ؟ یان ئەگەر خوا بیەوێ رەحمەتێ برێژێ بەسەرما كەس هەیە رێی لێ بگرێ ؟ بێگومان كەس نیە ، كەواتە بڵێ : من خوام بەسە ، هەر پشت بەو دەبەستم .

پێغەمبەر (ﷺ)كە ئەم فەرمانەی بۆهات كردی بەویردی بەیانیان و ئێوارانی وە دەیفەرموو ﴿ حسبي الله لا اله الا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم ﴾ .

پاشان قورئان پێی فەرموو : ﴿ قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣٩) مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ (٤٠)﴾الزمر : پێیان بڵێ گەلەكەم ئێوە لەسەر رێبازی خۆتان برۆن و منیش لەسەر رێباز و بەرنامەی خۆم دەرۆم ، جا بۆتان دەردەكەوێ كێ سزای ریسواكەری بۆ دێت لەدنیادا و ، لە قیامەتیش دا سزای هەتا هەتایی دووچاری دەبێت .

**( ٣٤ ) كافران هەردوو دەستیان دەگەزن لە پەشیمانیدا :**

رۆژی قیامەت رۆژێكی سەخت و ناهەموارە ، مرۆڤ پەشیمان دەبێتەوە و ، لە پەشیمانیدا هەردوو دەستی خۆی دەگەزێ و دەڵێ خۆزگە دوای پێغەمبەر بكەوتمایە : ﴿ويوم يعضُّ الظالم على يدَيه يقول ياليتني اتخذتُ مع الرسول سبيلا ﴾ الفرقان : ٢٧ .

لەو رۆژەدا مرۆڤ رقی لە خۆی دەبێتەوە ، چونكە وا دووچاری چارەنووسی هەتا هەتایی خۆی دەبێتەوە ، فرسەتەكە تەواو بووە و گەرانەوە نیە بۆ دنیا و پەشیمانیش كەڵك ناگرێ ، لە سەر و هەموو ئەوانەشەوە ، تەنها كەسێ كە شتی پێ بكرێ و پەنای پێ ببرێ خوایە ، خواش رقی لێیانە و بە چاوی بەزەیی و میهرەبانی سەیریان ناكات : ﴿ ان الذين كفروا يُنادَون لمقتُ الله اكبر من مقتكم انفسَكم اذ تُدعون الى الايمان فتكفرون ﴾ غافر : ١٠ واتە : بەراستی ئەوانەی بێباوەڕن بانگ دەكرێن و پێیان دەوترێت رق و لۆمەی خوا بۆتان گەورەترە لە رق و لۆمەی خۆتان بۆ خۆتان ، چونكە كاتێ بانگ دەكران بۆ ئیمان ، بڕواتان نەدەهێنا و كوفرتان دەكرد . لەو رۆژەدا هیچ چاریان نامێنی داوا لەدەرگاوانەكانی دۆزەخ دەكەن ، لێیان دەپاڕێنەوە تاوەكو تكایان بۆ بكەن ، نەك سزاكە لا ببرێ لەسەریان بەڵكو هەر هیچ نەبێت تەنها یەك رۆژ لە سەریان سووك بكرێ ؟!

﴿وقال الذين في النار لخزنة جهنم ادعوا ربكم يُخَفف عنا يوماً من العذاب ﴾غافر : ٤٩كە ئەمەشیان بۆ نالوێ و وەڵام نادرێنەوە ، ئنجا ئاواتی مردن دەخوازن و داوا دەكەن بەیەكجاری لەناو

ببرێن ﴿ بل كذبوا بالساعة واعتدنا لمن كذب بالساعة سعيراً ، اذا رأتهم من مكان بعيد سمعوا لها تغيظاً و زفيراً ، واذا القوا منها مكاناً ضيقاً مُقَرنين دعَوا هنالك ثُبوراً ، لا تدعوا اليوم ثُبوراً واحداً وادعوا ثبوراً كثيراً ﴾ الفرقان : ١٤واته : بڕوایان نەکرد بەقیامەت ، هەر کەسیش بڕوای پێی نەبێ دۆزەخمان بۆ ئامادە کردوە ، کاتێ دۆزەخ لەدوورەوە دەیانبینێ رق و قینی لێ دەبارێ و، تاوانباران لەدوورەوە گوێیان لەناڵە ناڵی ناو دۆزەخە .

کاتێ بەکۆت و پێوەندکراوی فڕێ دەدرێنە ناو شوێنێکی تەنگ و تەسکی دۆزەخەوە هاوار بۆ مردن دەکەن ، پێیان دەوترێ : هاوارێك چیە ؟ چەندەها جار هاواری مردن بکەن . بەڵام خۆ وەڵام نادرێنەوە ،دە بچەژن سزای سەخت ،بەڕاستی هەروەك وتراوە﴿ اشد من الموت ما يتمنى معه الموت ﴾ لە مردن ناخۆشتر ئەوەیە کە تووشی شتێك ببیت و ئاواتی مردن بخوازیت .

لەم ڕۆژەدا داوا دەکەن و دەڵێن : ﴿ وقال الذين كفروا ربنا أرنا الذين اضَلانا من الجن و الانس نجعلهما تحت اقدامنا ليكونا من الاسفلين ﴾ فصلت : ٢٩ پەروەردگارا ئەوانەمان پیشان بدە لە پەری و ئادەمی کە گومڕایان کردین ، تا بیانخەینە ژێر پێمانەوە ، بۆ ئەوەی ریسوا بن و هەقی خۆمانیان لێ بکەینەوە .بەڵێ لەم ڕۆژەدا دۆستەکانی دنیا هەموویان دەبنە دوژمنی یەکتری تەنها پارێزکاران نەبێت کە خۆشەویستیەکانیان زیاد دەکات ﴿الاخلاء يومئذ بعضهم لبعض عدو الا المتقين﴾ الزخرف : ٦٧ .

### ( ٣٥ ) کەشتیەکەی نوح سەلامی خوای لێبێت :

لەهەموو قورئاندا کە باسی کەشتی یەکەی (نوح) کراوە سەلامی خوای لێبێت بە (فلك) ناوی بردووە ، بەڵام لەسورەتی (القمر) دا بە ﴿ذات الواح و دسر﴾ ناوی دەبات و دەفەرموێت : ﴿وحملناه على ذات الواح ودسر ﴾ القمر : ١٣ .واتە : نوحمان هەڵگرت لەسەر شتێك کەلە لەوحی تەختە و بزمار دروست کرابوو .

ئەمەش لەبەرئەوەی هەموو کۆتایی ئایەتەکان بە(ر) هاتووە بۆیە جوانترین وشە بۆ ئێرەش کە هاوسەنگی یەکەی بپارێزێ وشەی (دسر)ە ، و لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەك وەسفی کەشتیەکە دەکات ، کە مرۆڤ خەیاڵی بەکاربهێنێ و بڵێ : ئەبێ ئەو شتە چی بێ کە موسڵمانانی رزگار کرد

لەو تۆفانەدا ، کە ئاو تەنانەت لە(تەنوری نان کردنەوە)دەهاتە دەرێ و ئاوی سەر زەوی لەگەڵ ئاوی ئاسماندا دای لەیەك .

قورئان لەباسی زۆری ئاوەکەدا دەفەرموێت﴿ و فجرنا الارض عيوناً فالتقى الماء على امر قد قُدِر ﴾ القمر : ١١ نا فەرموێ : ﴿ وفجرنا عيون الارض ﴾ واتە : کانیەکانی سەر زەویمان تەقاندەوە و ئاویان لێهات ، بەڵکو دەفەرموێت : ﴿وفجرنا الارض عيوناً﴾ واتە : زەویمان هەمووی تەقاندەوە و وەك کانی ئاوی لێ هەڵدەقولاَ تا بەفەرمانی خوا سەر زەوی پاك بوەوە لەتاوانباران ، موسڵمانەکان کە(١٢) کەس بوون و بەری رەنج و زەحمەتی (٩٥٠) ساڵ بانگەوازی (نوح) بوو ، ژیانیان لەسەر زەوی دەست پێکردەوە .

## ( ٣٦ ) هەڕەشەیەکی قورس و گران :

﴿يسأله من في السماوات والارض كل يوم هو في شأن فبأي الاء ربكما تكذبان سَنَفرُغ لكم أيه الثَقَلان فبأي الاء ربكما تكذبان ﴾ الرحمن : ٣٢ واتە : هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە داوا لەخوا دەکەن و رۆژانەش خوا کارەکانیان بۆ ئەنجام دەدا و وەڵامیان دەداتەوە ( وەك داوای لێخۆش بوون بەخشینی رۆزی و پلە و پایە ...هتد ) خوای پەروەردگار ئاگاداری هەموو شتێکە لەم بونەوەرەدا و، هیچ شتێك لای خوا ئەرك نیە و هیچ شتێك دەستی ناگرێت ، هەمووی بە(کن فيکن) دەبێت بەلاَم بۆیە بەم شێوەیە باسی دەکات تا هەڕەشەیەکی زۆر قورس کە گەورەترین و سامناکترین هەرەشەی قورئانیە بیکات بۆ تەمێی پەری و ئادەمی و دەفەرموێت : رۆژانە خەریکی داواکانی بەندەکانم ، دەستی خۆمانتان بۆ بەتاڵ دەکەین و چارتان دەکەین ئەی سەر سەختانی پەری و ئادەمی!

## ( ٣٧ ) ئاو و کشتوکاڵ:

﴿ افرأيتم ما تحرثون ، أأنتم تزرعونه ام نحن الزارعون ، لونشاء لجعلناه حطاماً فظلتم تَفَكَهون ، انا لَمُغرَمون بل نحن محرومون ﴾ الواقعە : ٦٣ .واتە : نابینن ئەو تۆوەی کە دەیچێنن ، ئێوە دەیڕوێنن یان ئێمە دەیڕوێنین ، ئەگەر بمان ویستایە کشتوکاڵەکانمان لەناو دەبرد ، ئەوساش دەکەوتنە قسەی بێ هودە و هاوارتان لێهەڵدەستا و ، دەتانوت : بەراستی ئێمە زیانمان لێکەوتووە ، قەرزار بووین لەسەر کشتوکاڵەکەمان و ،ئێمە لە رزق و رۆزیمان بێبەش بووین ، لێرەدا چونکە رەنجی زۆریان داوە و پارەی باشیان سەرف کردووە ،لایان گرانە و پێیان سەیرە و بڕوا ناکەن کە رەنج بێ بەر بن و

کشتوکاڵەکەیان بفەوتێنرێ ،بۆیە قورئان دەفەرموێت:﴿لجعلناه) بە (لامی تاکید) جەخت دەکاتە سەری .

﴿افرأیتم الماء الذي تشربون اانتم انزلتموه من المـُزن أم نحن المنزلون ، لو نشاء جعلناه أُجاجاً فلولا تشكرون ﴾ الواقعه : ٧٠ واتە : ئایا ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە ؟ ئایا ئێوە لەهەورەوە باراندوتانە یان ئێمە باراندومانە ؟ ئەگەر بمانویستایە سوێرمان دەکرد بۆ سوپاسی خوا ناکەن ، ئنجا ئەمانە هیچ رەنجێکیان نەکێشاوە و هیچ پارەیەکیان سەرف نەکردووە بۆ ئاوەکە ، جا ئەگەر سوێریش ببێ رەنگە بەهێندەی کشتوکاڵەکە دەربەس نەیەن بۆیە پێویست بە(جەخت) کردن ناکات و تەنها (جعلناه) بەکاردەهێنێت (وە ئاوی سوێریش زۆرە لەسەر زەوی ئەوە دەریاکان و ئۆقیانوسەکان بۆ ئەوەی بۆگەن نەکەن بەفەرمانی خوا هەمووی سوێرە) .

## ( ٣٨ ) کات لە پێغەمبەر ( د.خ )مەگرن :

﴿ یا ایها الذین امنوا اذا ناجیتم الرسول فقدموا بین یدي نجواکم صدقة ، ذلك خیر لكم وأطهر ، فان لم تجدوا ، فأن الله غفور رحیم ﴾ المجادله : ١٢ . واتە : ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە کاتێ دەتانەوێ بچنە لای پێغەمبەر (ﷺ)بۆ کارێکی خۆتان پێش ئەوە خێرێك بکەن ، ئەمە باشترە بۆتان و پاکترە ئەگەر نەتان بوو زۆر پێویست بوون ئەوا قەیدی ناکا ، بەراستی خوا لێ بوردوی میهرەبانە .

﴿ أاشفقتم ان تقدموا بین یدي نجواکم صدقات ، فاذ لم تفعلوا وتاب الله علیكم فاقیموا الصلاة و اتوا الزكاة و أطیعوا الله ورسوله و الله خبیر بما تعملون ﴾

واتە : ئایا ترسان لەهەژاری و نارەحەت بوون کە شتێك ببەخشن پێش چوونەلای پێغەمبەر (ﷺ)بۆ کاری تایبەتی خۆتان ،دەی کە خوا ئێستا لێتان خۆش بووە ، نوێژەکانتان بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکەن ،وە خوا زانا و ئاگادارە بەکردەوەکانتان . ئەمە پەروەردەیەك بوو بۆ بڕواداران تا هەموو سەرنەکەنە سەر پێغەمبەر و نارەحەتی نەکەن و هەموو کاتی لێنەگرن بەبێ سوود ، بەمەش موسڵمانان زۆر پێویست نەبوانایە نەدەچونە لای و فێری رێزگرتنی کاتەکان و حەواندنەوەی پێغەمبەربوون(ﷺ).

بەراستی موسوڵمانان زۆر پێویستیان بە فێربوونی ئەم رەوشتە هەیە ، هەر بۆیە مامۆستا (حسن البنا) لە(مكتب) ەکەیدا تابلۆیەکی لەژوور سەری هەڵواسیبوو کە تیایا نوسرابوو ﴿ الواجبات اكثر

من الاوقات ) بۆ ئەوەی میوانەکەی تێبگەینێ و بەناڕاستەوخۆ پێی بڵێ : برای ئازیزم ئەرکەکانی سەرشانمان لەکاتەکانمان زیاترن ، بۆیە با کاتی یەکتری بەفیرۆ نەدەین .

**( ٣٩ ) گەوهەر و مرواری هەڵڕژاوو پرژاو !**

﴿ویطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رأیتهم حسبتهم لؤلؤاً منثوراً﴾ الانسان : ١٩ .

واتە : لەبەهەشتا نەوجوانانی هەتا هەتایی خزمەتیان دەکات ، ئەگەر دەیانبینی وا دەزانی گەوهەر و مرواری پرژاون ، ئەگەر چەند گەوهەر و مرواریەك لەشتێکدا کۆبکرێتەوە بەهێندەی ئەوە جوان نیە کەبلاو بکرێتەوە لەسەر شتێك و هەریەکە لەلایەکەوە وەك ئەستێرە بدرەوشێتەوە !

**( ٤٠ ) شاخەکان وەك مێخ داکوتراون :**

﴿و الجبال اوتاداً﴾ النبأ /٧

واتە : شاخەکان وەك مێخ داکوتراون بە زەویدا ، لەکۆتای ئەم سەدەیەدا زانایان بۆیان دەرکەوت کە شاخ وەك مێخ بە زەویدا داکوتراوە و چەند لەسەرەوە بەرزە دەئەوەندەی ئەوە زیاتری لەناو زەویدایە .

**( ٤١ ) ئەو ڕۆژەی هەمووان لەیەکتری ڕادەکەن !**

﴿یوم یَفر المرء من أخیه ، وامه وأبیه ، وصاحبته و بنیه ، لکل امرئ منهم یومئذ شأن یُغنیه ﴾ عبس : ٣٧ . واتە : لەتەنگانە و ناڕەحەتیەکانی دنیادا ، خەڵکی باوەش دەکەن بەیەکا و پەنا بەیەك دەگرن ، کەچی لەقیامەتدا ، ئادەمی لەبرای و لەدایك و باوکی و، لەهاوسەر و منالی ڕادەکات ، هەرکەسە و سەرقاڵی دەردی خۆیەتی و، کەس سەرکەسی ناپەرژێ ، ڕەنگە هەرکەس لەوە بترسێ خزم و کەسەکەی یەخەی بگرن و داوای هەقێکی لێبکەن ، یان ڕەنگە نەیەوێ کەس بە ناڕەحەتیەکانی بزانن و بیەوێ بیشارێتەوە و تەریق نەبێتەوە !!

ئا لەو ڕۆژەدا ﴿وجوه یومئذ مُسفِرة ضاحکة مستبشرة ﴾ زۆر روخسار گەش و دەم بە پێکەنین و شادمانە .﴿ ووجوه یومئذ علیها غَبَرة ترهقها قترة اولئك هم الکفرة الفجرة ﴾ عبس : ٤٢ وە زۆر روخساریش تۆز و خۆڵی لێنیشتووە و ڕەش داگەڕاوە ، ئا ئەوانەن بێبڕوا و بەدکار و سیاچارە !

**( ٤٢ ) لەگەڵ ناخۆشیدا دوو خۆشی هەیە ؟!**

﴿فان مع العُسر يُسرا ان مع العسر يُسرا ﴾ الانشراح

واته : بەراستی لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا ئاسانی یە ، بەراستی لەگەڵ هەموو تەنگانەیەکدا ئاسانیە لێرەدا دووجار وشەی (العسر) هات کە (معرفه) یە ، وە لەهەردوو جارەکەدا دیاری یە کە چ ناخۆشی یەکە ، بەڵام (یسر) (نکره) یە واتە دیار نیە چ خۆشیەکە ، واتە دوو خۆشی جیاوازن .

پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەم ئاماژەیەی ئەم ئایەتە تێگەیشت و فەرمووی (لن یغلب عسر یسرین) واتە هەرگیز ناخۆشیەك زاڵ نابێ بەسەر دوو خۆشیدا ... بروادار هەردەم لەناخۆشییەکاندا دان بەخۆیدا دەگرێت چونکە بەتەمای دوو خۆشی یە دەستی بکەوێت کەوان لەگەڵ ناخۆشیەکەدا .

**( ٤٣ ) دیمەنی ئەسپێك لەکاتی جەنگ و هێرش بردندا :**

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿والعاديات ضَبحاً ، فالموريات قدحاً ، فالمغيرات صُبحاً ، فأثرن به نقعاً ، فوسطن به جمعاً ﴾ العاديات : ١ ـ ٥ . ئەم سورەتە دوای سورەتی و (العصر) هاتۆتە خوارەوە لەمەککە ، کە خوای گەورە تیایدا سوێند دەخوات بەو ئەسپانەی کە بەتاو دێن و دەچن و دەپرمێنن لەکاتی جەنگدا ، ئەو ئەسپانەی ئاگر هەڵئەگیرسێنن لەکاتی پرتاوا بەناڵ و بزماری ژێر سمیان کە بەتوندی لەبەرد دەکەوێت ، ئەو ئەسپانەی کە هەڵمەتبەرن لەدەمی بەیانیاندا بۆ سەر دوژمن ، ئنجا بەو پڕتاوو هەڵمەتە تەپوتۆز بەرپادەکەن و بەو تەپ و تۆزەوە خۆیان دەدەن بەناوەڕاستی دوژمندا و، پەرت و بڵاویان دەکەنەوە ، خوای پەروەردگار سوێندی خواردووە بەو ئەسپانەی کە ئەم سیفەتانەیان بێ بۆ ئەوەی بەرزیان بکاتەوە لەپێش چاوان و، خۆشەویستیان بکات لەدڵی موسڵماناندا ، ئەمەش خۆی بۆ خۆی جۆرێکە لەپەروەردەی سەربازی بۆ موسڵمانان .

لەئایەتێکی دیکەدا کەلەمەدینە هاتۆتە خوارێ دەفەرموێت : ﴿ واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل تُرهبون به عدوَ الله و عدوكم ﴾ الانفال : ٦٠واته : چیتان لەدەست دێ ئامادەی بکەن لەچەك و لەئەسپی بەستراوەی رەسەن تا دوژمنانی خوا و خۆتانی پێ بترسێنن .

کاتێ موسڵمانان پەیڕەوی ئەم فەرمانەیان دەکرد سەربەرز و شکۆداری دنیابوون ،کەوازیشیان لێهێنا و فەرامۆشیان کرد ئاوایان بەسەر هات کە ئێستا هەموو بەچاکی دەیبینین و هەستی پێدەکەین لەژێر دەستەیی و بێدەسەلاتی و دواکەوتویی .

**( ٤٤ ) سەرقاڵی زۆر کردنن و بەجێشی دەهێڵن :**

﴿ الهاكم التكاثر حتى زرتم المقابر كلا سوف تعلمون ثم كلا سوف تعلمون كلا لو تعلمون علم اليقين لترون الجحيم ثم لترونها عين اليقين ثم لتُسألون يومئذ عن النعيم ﴾ بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێوە سەرقاڵ و گیرۆدەی زۆر کردنن تا دەمرن و دەتان بەن بۆ گۆڕستان ، نەخێر لەمەولا تێدەگەن ، پاشانیش نەخێر لەمەولا تێدەگەن ، وانی یە بتانزانیایە زانستێکی بەڕاستی ( ئاوەها زۆرکردن ) سەرقاڵی نەدەکردن ، بێگومان دۆزەخ دەبینن پاشانیش بەچاوی راستەقینە دەیبینن ئنجا پرسیاری هەموو نیعمەتەکانتان لێدەکرێ بەورد و درشتیەوە لێرەدا دەبێ بزانین کە وەلامی (لو ) (حذف) کراوە کە تەقدیرەکەی (كلا لو تعلمون علم اليقين) ( لما الهاكم التكاثر) ە.

(محمد ئەسەد) کە نووسەرێکی موسڵمانی رۆژئاواییە دەڵێت : یەکێك لەهۆکارەکانی موسڵمان بوونم ئەم ئایەتە بوو کاتێك دەمبینی خەڵکی ئاوەها راکەڕاك دەکەن و خۆیان دەدەن بەدار و بەردا بۆ زۆرکردن ، تێگەیشتم کە ئەم فەرمایشتە تەواو فەرمودەی خوایە و هەرئەو دەتوانێ ئاوا دەروونی مرۆڤ بخوێنێتەوە .

**( ٤٥ ) پێش و دواخستنی وشە لەقورئان دا :**

لەقورئاندا وشەیەك یان پیتێك پێش و دوا دەخرێت بۆ مەبەستی تایبەتی وەك پێشخستنی (جار و مجرور) کە تایبەتمەندی ( الاختصاص )دەگەیەنێت بۆ نموونە :

– ﴿ اياك نعبد و اياك نستعين ﴾ واتە : تەنها تۆ دەپەرستین و ، تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین ، ئەگەر بیفەرموایە(نعبدك و نستعينك) واتە : داوای یارمەتیت لێدەکەین ، رەنگە بێجگە لەخوا شتی تر هەبێ بیپەرستێ و داوای یارمەتی لێبکات .

–﴿ وعلى الله فليتوكل المتوكلون ﴾ ابراهيم : ١٢ واتە : تەنها پشت بەخوا ببسەتن ئەوانەی کە (متوکلن) .

-﴿اليه يرد علم الساعة﴾ فصلت : ٤٧ واته : تەنها دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا زانینی هاتنی قیامەت و هیچ کەسی دیکە نایزانێت .

-﴿وعنده مفاتح الغيب لا يعلمها الا هو ﴾ الانعام : ٥٩ . واته : تەنها لای خوایە کلیلەکانی غەیب ئەو نەبێ کەس غەیب نازانێت .

هەروەها پێش و دواخستنی وشەش وەك :

-﴿ولا تقتلوا اولادكم من املاق نحن نرزقكم و اياهم ﴾ الانعام : ١٥١ .واته : منالەکانتان مەکوژن لەبەر برسێتی چونکە ئێمە ڕۆزی ئەوان و ئێوەش دەدەین ، لێرەدا کابرا هەژارە ، دەترسێ منالەکەی ئەوەندەیتر هەژاری بکات ، بۆیە ڕۆزی خۆی لەپێشدا باس دەکات تا دڵنیای بکات ... بەڵام حاڵەتێکی تر هەیە :﴿ ولا تقتلوا اولادكم خشية املاق نحن نرزقهم و اياكم ﴾ الاسراء : ٣١

واته : منالەکانتان مەکوژن لەترسی ئەوەی لەداهاتوودا هەژار بن (ئێستا کە دەوڵەمەندن مەترسن لەوەی هەژار بکەون) چونکە منالەکانتان ڕۆزی خۆیان هەیە و خواوەند ڕۆزی بەوانیش و بە ئێوەش دەدات ، لێرەدا ڕزق و ڕۆزی منالەکە پێشدەخات ، تا بزانرێ منالەکە نابێتە مایەی هەژاری چونکە رزقی خۆی هەیە .

### ( ٤٦ )کورت کردنەوە و درێژکردنەوە لەهەندێ ئایەت دا :

لەقورئاندا هەندێ ئایەت کورتکردنەوەی تیایە وەك ﴿ وقالوا كونوا هوداً أو نصارى تهتدوا ﴾ البقره : ١٣٥ . واته : وتیان ببنە جوولەکە یان گاور هیدایەت دەدرێن ، ئەم ئایەتە لەراستیدا ئاوایە ﴿ قال اليهود كونوا هوداً تهتدوا ، وقال النصارى كونوا نصارى تهتدوا ﴾ واته : جوولەکە دەڵێن ببنە جوولەکە هیدایەت دەدرێن و، گاورەکانیش دەڵێن ببنە گاور هیدایەت دەدرێن ، چونکە هیچان دانی خێر بەوی تریاندا نانێت .

بەپێچەوانەشەوە لەهەندێ ئایەتدا باسەکان درێژ دەکاتەوە بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە وەك ﴿كما ارسلنا فيكم رسولاً منكم يتلوا عليكم اياتنا و يزكيكم و يُعلمكم الكتاب و الحكمة و يُعلمكم مالم تكونوا تعلمون ﴾ البقرة : ١٥١ . واته : بۆمان ناردن لەخۆتان فروستادەیەك کە ئایەتەکانتان بەسەردا بخوێنێ و پاکتان بکاتەوە و فێری قورئان و سوننەتان بکات و فێری ئەوەتان بکات کە نایزانن

. ئەمەش بۆ زیاتر دەرخستنی کاری پێغەمبەرە(د.خ) و بۆ ئەوەی بزانن بۆچی هاتوە و قەدری بزانن و بە گوێی بکەن .

**( ٤٧ ) خوازە و خواستن لەقورئاندا :**

لەقورئانی پیرۆزدا خوازە وخواستن (الاستعارە) هەیە ، کە ئەویش بریتیە لەوەرگرتنی وشەیەك کە بخوازرێ لەمانای تایبەتی خۆیەوە بۆ مانایەکی تازەی پێنەزانراو کەلەبنەڕەتی زماندا ئەو مانایە نەبەخشێ ، بەلاّم مەرجە و دەبێ پەیوەندی نێوان مانای خوازراوو لێ خوازراو بەهێزبێ ، مەبەستیش دەرخستنی مانای پەنامەکی و نائاشکرابێ بەشێوەیەکی رون و ئاشکرا وەك ﴿ وترکنا بعضهم یومئذ یموج في بعض ونُفخ في الصور فجمعناهم جمعاً ﴾ الکهف : ٩٩ . وشەی ( یموج) بۆ ئاوی دەریا بەکار دەهێنرێ کە شەپۆل بدات ، لێرەدا خوازراوە بۆ ئەو خەڵکە کەلە قیامەتا ئەمەندە زۆرن ئەمسەر و ئەوسەریان دیار نیە ، هەتا بڕوانی خەڵکە و دەجولێتەوە ، هەر دەڵێی دەریایە و شەپۆل دەدات .

هەروەها قورئان دەفەرموێت : ﴿ ولما سکتَ عن موسی الغضب ﴾ الاعراف : ١٥٤ وشەی (سکت) خوازراوە ، هەروەك ئەوەی توڕەبوون مرۆڤێك بێت و مووسا هان بدات بۆ سووربونەوە و رق هەستان ، ئنجا بێدەنگ ببێ و ئیتر پاڵ بە مووساوە نەنێت و مووساش سەلامی خوای لەسەر ، بێدەنگ بێت لێرەدا قورئان گیانی کرد بەبەری توڕەبووندا هەروەك لەم نموونەیەی تریشدا دەیبینین ﴿فوجدا جداراً یرید ان ینقضَ فاقامە ﴾ الکهف : ٧٧ .واتە : مووسا و خضر دیوارێکیان بینی دەیویست بڕوخێ ،خضر دیوارەکەی هەستانەوە و چاکی کردوەوە بە جۆرێك کە بەرگەی چەند ساڵێکی تر بگرێت . لێرەدا دیوارەکە هەر وەك زیندوبێت و ئیرادەی هەبێت وایە ،کە ئەمەش ئایەتەکان جوان دەکات.

**( ٤٨ ) ( جیناس ) لەقورئاندا :**

لەئایەتەکانی قورئاندا (جناس) هەیە واتە: بەکارهێنانی وشەیەك بەدوو مانای جیاواز لەیەك شوێندا ، کە ئەمەش دوو جۆرە :

١ـ (جیناسی تەواو) وەك ﴿ویوم تقوم الساعة یقسم المجرمون مالبثوا غیر ساعة ﴾ الروم : ٥٥ : واتە : کاتێك قیامەت دێت تاوانبارن سوێند دەخۆن کە تەنها کاتێکی کەم لەدنیادا ماونەتەوە . لێرەدا وشەی (ساعە) بەدوو مانا بەکار هاتووە .

٢ــ (جيناسی ناتەواو) بريتيە لەوەی کەچەند پيتێکی دوو وشەی بەکارهاتوو وەك يەك بێت ، وەك ﴿فاما اليتيم فلا تقهر واما السائل فلا تنهر﴾ الضحی : وشەی (تقهر) و(تنهر) پيتی (هـ ، ر) يان وەك يەکە و بەوەش جوانی دەبەخشن بەئايەتەکە .

**(٤٩) ( طباق) لەقورئان دا :**

لەئايەتەکانی قورئاندا (طباق) هەيە کە ئەويش بريتيە لەبەرکارهێنانی دوو وشەی پێچەوانەی يەکتری وەك (ظلمات ، نور ) (يحيی، يميت) (ليل ، نهار) (أعمی ، بصير ) ( الخبيث ، الطيب) کە بەمەش دارِشتنی ئايەتەکان جوانتر دەبن .

تێبينی : گرنگی دان بەزانستی (بلاغە) زۆر پێويستە بۆ ئەوەی لە بەلاغەتی قورئان شارەزابين کەبەشێکە لەموعجيزەکانی قورئان ، وە ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژەيەکی کورتمان بۆ کردووە .

**(٥٠) زيادکردنی پيتی( ن ) بۆ جەختکردنە سەرشتێك :**

لەئايەتەکانی قورئان دا وشەی (تکن) پيتی (ن) ی بۆ زياد دەکرێت بۆ (تاکيد) وەك :

﴿الحق من ربك فلا تکونن من الممترين ﴾ البقرە : ١٧٤ واتە : هەق لە پەروەردگارتەوەيە ، بەهيچ جۆرێك گومانت نەبێت .

﴿ ولئن لم يفعل ما امره ليسجنَنَّ وليکوناً من الصاغرين ﴾ يوسف : ٣٢ واتە : ژنەکەی (عەزيزی مصر) وتی : ئەگەر يوسف ئەو کارەم لەگەڵ نەکات ئەوا بێگومان بەند دەکرێت وە دەچێتە ريزی ريسواکانەوە . لێرەدا خۆشەويستيەکەی هەر ڕەنگ دەداتەوە حەز دەکا بەند بکرێ و جەختی لەسەر دەکات (ليسجُنَنَّ) بەڵام حەز ناکات زۆر ريسوا ببێت بۆيە جەخت ناکاتە سەری کەم نەبێت ( وليکوناً) !!

**(٥١) وشەی( قل ) و سەرنجێك :**

وشەی(قل) کە دێت لەقورئاندا رێنماييەکی تايبەتی گرنگە بۆ پێغەمبەری خوا(د.خ) ، وە راگەياندنێکی گرنگە کە دەبێت جەخت بکاتە سەر راگەياندنەکەی وەك :

ا ــ ﴿ وقل اني أمِرْتُ ان اكون اول من أسلم ﴾ الانعام : ١٤ پێیان رابگەیەنە و بڵێ : من خوا فەرمانی پێدام کە یەکەم کەس بم لەپابەندبوونمدا بەئیسلامەوە ، چونکە ئەگەر ئەو لەهەموو کەس زیاتر پابەند نەبێ چۆن خەڵك بەگوێی دەکەن و چاوی لێدەکەن ،جا کە سەیری ژیاننامەی پڕ خێر و بەرەکەتی بکەین ئەو راستی یە زۆر بەچاکی دەبینین .

ب ــ ﴿ قل اني امرت ان اعبد الله مخلصاً له الدين ، وامرت لأن أكون أول المسلمين ﴾ الزمر : ١٣ پێیان بڵێ من فەرمانم پێدراوە کە بەئیخلاسەوە خوا پەرستی بکەم و فەرمانیشم پێدراوە کەیەکەم موسڵمان بم ...

هەڵبەتە ئەمەش پەند و ئامۆژگاریە بۆ بانگخوازان ، ئەگەر بەتەواوی پابەندی بەرنامەی خوا نەبن کەس وەلاَمیان ناداتەوە و دەبنە مایەی ناشرین کردنی ئیسلام لەبەرچاوی خەڵکی .

وە زۆرجار (قل) کە هاتووە بۆ فێرکردنی پێغەمبەرە (ﷺ)کەشتێك بڵێت ، پێغەمبەری خواش (ﷺ)کردویەتی بەویرد:وەك ﴿قل حسبي الله عليه يتوكل المتوكلون ﴾ الزمر : ٣٨ پێغەمبەری خوا رۆژی حەوت جار بەیانیان و ئێواران (حسبي الله ) ی دەفەرموو هەروەها (قل هو الله) و(قل يا ايها الكافرون ) و ( المعوذتين) یش بەهەمان شێوە بەیانیان و ئێواران کردبونی بە ویرد .

**( ٥٢ ) دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا کە گاڵتە بەئاین دەکەن !**

﴿ واذا رأيت الذين يخوضون في اياتنا فاعرض عنهم حتى يخوضوا في حديث غيره ، واما ينسينك الشيطان فلا تقعد بعد الذكرى مع القوم الظالمين ، وما على الذين يتقون من حسابهم من شئ ولكن ذكرى لعلهم يتقون ﴾ الانعام : ٦٨ واتە : ئەگەر بینیت کافرەکان قسەی نارەوا دەکەن دژ بە ئایەتەکانی ئێمە ، رویان لێوەرگێڕە و بەجێیان بهێڵە ، تا دەچنە سەر باسێکی دیکە وئەگەر شەیتان لەبیری بردیتەوە ، پاش بیرکەوتنەوە لەگەڵیاندا دامەنیشە بەڵکو خۆیان بپارێزن لەو قسە خراپانە ، پاش چەند ساڵێك جارێکی تر قورئان جەخت دەکاتەوە سەر ئەم مەسەلەیە و دەفەرموێ :

﴿ وقد نزل عليكم في الكتاب ان اذا سمعتم ايات الله يُكفر بها و يُستهزأ بها فلا تقعدوا معهم حتى يخوضوا في حديث غيره انكم اذا مثلهم ، ان الله جامع المنافقين و الكافرين في جهنم جميعاً ﴾ النساو : ١٤٠ . واتە : هەر وەك لەووپێش لە قورئان دا پێمان راگەیاندن ﴿ مەبەستی ئایەتی /٦٨ ی سورەتی (الانعام) ە ﴾ کاتێ گوێتان لێ بوو کوفر کرا بەئایەتەکانی خوا ، یان گاڵتەی پێکرا ،

دامەنیشن لەگەڵیاندا و بەجێیان بهێڵن تا باسەکە دەگۆڕن ، ئەگینا ئێوەش وەك ئەوان دەبن لە گوناهدا ، بەراستی خوا دووڕوەکان و کافرەکان لەدۆزەخ دا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە .

**( ٥٣ ) بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی وشەی ( یاقومی ) :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وان یکذبوك فقد کذبت قبلهم قوم نوح و عاد وثمود ، وقوم ابراهیم و قوم لوط ، واصحاب مدین ، وکُذب موسی ﴾ الحج : ٤٤.

واتە : ئەگەر بڕوات پێ نەهێنن ئەوا ئەو گەلانەی پێش ئەوانیش هەر وابوون ، وەك گەلی نوح و عاد و ثمود و ، گەلی ئیبراهیم و گەلی لوط و (اصحاب مدین) وە موساش بڕوای پێنەکرا ..

لێرەدا نافەرموێ (قوم موسی) چونکە ، گەلی موسا کە (بنی اسرائیل ) ن (موسا) یان بەدرۆنەخستەوە ، بەڵکو فیرعەون و قیبتیەکان بوون بڕوایان بەموسا نەهێنا (سەلامی خوای لێبێ).

یان ئەفەرموێ ﴿ واذ قال موسی لقومه یاقومي لم تؤذونني وقد تعلمون اني رسول الله الیکم ﴾ الصف : ٥ واتە : مووسا بەگەلەکەی فەرموو : گەلەکەم بۆچی ئازارم دەدەن لەکاتێکدا چاك دەزانن کەمن نێراوی خوام بۆتان .

کەچی بۆ عیسا سەلامی خوای لێبێ دەفەرموێت : ﴿ وذا قال عیسی ابن مریم یا بني اسرائیل اني رسول الله الیکم ﴾ الصف : ٦واتە : عیسا (سەلامی خوای لێبێ) فەرمووی ئەی نەوەی ئیسرائیل من نێرراوی خوام بۆ ئێوەو، نەی فەرموو ئەی گەلەکەم چونکە (عیسا) بێ باوکە و نەسەبی نی یە لەناویاندا .

**( ٥٤ ) خواوەند کارونیەتی دووڕووەکان دەبینێ !**

قورئانی پیرۆز دەربارەی کردەوەی دووڕوەکان دەفەرموێت : ﴿ وسیری الله عملکم ورسوله ثم تُردون الی عالم الغیب و الشهادة فینبئکم بما کنتم تعملون ﴾ التوبه : ٩٤ .

واتە : ئەی دووڕووەکان خوا هەقیقەتی کارەکانتان دەبینێت (چونکە هەمووی روپامایی و خەڵەتاندنە و روکەشەکەی وەکو ناوەوە نیە ) و پێغەمبەریش (د.خ)بەهۆی وەحیەوە دەیزانێت ، پاشان کە دەگەڕێنەوە لەقیامەتدا هەواڵی کارەکانتان دەدەینێ و حسابتان لەگەڵ دەکەین ، بەڵام بۆ کاری بڕواداران قورئان دەفەرموێت : ﴿ وقل اعملوا فسیری الله عملکم ورسوله و المؤمنون و

ستُرَدون الى عالم الغيب و الشهادة فينبئكم بما كنتم تعملون ﴾التوبه : ١٠٥ . واته : ئەی بڕواداران کار بکەن خواوەند کارەکانتان دەبینیٰ و پێغەمبەر و موسڵمانانیش دەیبینن (چونکە هیچ پێچ و پەنای تیا نیە ، بە روکەشی چۆنە لەناوەوەش هەر وایە ) پاشان دەگەڕێنەوە و لەقیامەتدا هەواڵی کارەکانتان پێدەدرێت ... واتە : بڕوادار کاری بروادارى ساغ دەبینێت ، بەڵام ناتوانیٰ هەقیقەتی کاری دوو روو ببینیٰ چونکە ئاشکرا نیە ... بەڵام خۆ خوا دەیبینیٰ و لێیان دەپرسێتەوە لەرۆژی سەختی قیامەتدا (خوایە وامان لیٰ بکە کە نیەت و کارەکانمان تەنها بۆ تۆ بن ) .

**( ٥٥ )لابردنی پیتی ( ن ) و بچوککردنەوەی وشە :**

لەقورئان دا وشەی (تکن) جاری وا هەیە پیتی (ن) ی لیٰ لادەبریٰ و دەبێت بە(تك) کە بۆ بچوککردنەوە و کەم کردنەوەیەو ،لەگەڵیدا وشەکەش بچوك بۆتەوە ... بۆ نموونە :

﴿ فلا تكُ في مرية منه انه الحق من ربك ﴾ هود : ١٧واتە : هیچ گومانێکت نەبیٰ ( ئەگەر زۆر کەمیش بێت ) چونکە بە راستی ئەم بەرنامەیە هەقە و لەپەروەردگارتەوەیە .

﴿ الم يك نطفة من مني يُمنى ﴾ القيامه : ٣٧واتە : ئایا مرۆڤ تۆوێکی زۆر بچووك و بیٰنرخ نەبوو ، کە هەر هیچ نیە ...

﴿ فلم يك ينفعُهم ايمانهم ﴾ غافر : ٨٥واتە : بڕواکەیان هیچ سودێکی پێنەگەیاندن چەند کەمیش بێت .

**( ٥٦ ) ئارام گرتن و لێخۆش بوون :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ واصبر على ما اصابك ان ذلك من عزم الامور ﴾ الشورى : ٤٣وە هەروەها لەسورەتی (لقمان) ئایەتی ١٧ دا دەفەرموێت ﴿ ولمن صبر وغفر ان ذلك من عزم الامور ﴾ .

لەیەکەمیاندا ئارام گرتنەکە لەسەر بەڵاو موسیبەتێکی خوایی یە ، بەڵام لەدووهەمدا ئارام گرتنەکە لەسەر ئەزیەت و ئازاری خەڵکی یە کە دەبیٰ لێشی ببورێت ، کە ئەمەش لەیەکەم گرنتزە بۆیە جەختی دەکاتەوە سەر و دەفەرموێت : ﴿ لمن عزم الامور ﴾ .

# بەشی ٢

# دەستی پەروەردگار

| | |
|---|---|
| ٥٧-نیعمەتەكانی خوا لـە ژماردن نایەن | پێشەكی |
| ٥٩-ماڵ ومناڵی خوانەناسان هیچ نین | ٥٨-جیاوازی دووئایەتی چیرۆكی موسا |
| ٦١- دەردو نەخۆشی گەلان درمە | ٦٠-چاكەكاران ماڵی خۆیان دەبەخشن |
| ٦٣- هۆكارەكان مەپەرستن | ٦٢- پشتبەستن بە خوای بە توانا |
| ٦٥- ڕزق وڕۆزی پارێزكاران | ٦٤- بەفەرمانی خوا باران دەبارێت |
| ٦٧- رامكردنی ئاسمانەكان وزەوی | ٦٦- مشتە خاكیّ لـەشەوی هیجرەتدا |
| ٦٩- إنشاءالله تان بیر نەچێت | ٦٨- سەركەوتن تەنها لـە خواوەیە |
| ٧١- هەر خوایە مردوو زیندوو دەكاتەوە | ٧٠- وانەیەك لـە سورەتی (كهف)ەوە |
| ٧٣- خوا ترس دەخاتە دڵی جوولـەكەوە | ٧٢- پێغەمبەران لـە دەستی خوا گەیشتوون |
| ٧٥- موعجیزەی لـە دایك بونی عیسا | ٧٤- بەخشین ونەبەخشینی مناڵ لـە خواوەیە |
| | دوا وتە.. |

## پێشەکی

خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت (کتاب أنزلناه إليك مبارك ليدبروا آياته وليتذكر أولوا الألباب)ص٢٩، واتە : پەڕاوێکی پیرۆزمان بۆ ناردوویت تاوەکو لە ئایەتەکانی ورد ببنەوەو مایەی هوشیاری و بیرخستنەوەو دڵ بێداری خاوەن هۆشەکان بێت...

هەروەها قورئان لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرمووێت(أفلا يتدبرون القرآن، ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه إختلافا كثيرا)النساء/٨٢.

واتە:(بۆ ورد نابنەوە لە قورئان، تا بۆیان دەرکەوێ کە لە لایەن خواوە نێردراوە، ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە نەنێردرایە ئەوا بێگومان جیاوازی و دژایەتی و ناتەواوی زۆری تێدا دەبوو...

ئێمەش بە هیوای بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار و شارەزایی زیاتر لە قورئان دا، لە بەرگی یەکەمی ئەم باسەدا (٥٦) هەڵوێستەمان لە خزمەت قورئاندا باس کردو لەم بەرگی دووهەمەشدا بەردەوام دەبین و چەند هەڵوێستەیەکی دیکە دەخەینە روو، خوای گەورە هاوکارو یارمەتیدەری هەموو لایەك بێت .

### ٥٧ ) نیعمەتەکانی خوا لەژماردن نایەن :

ئاشکرایە کە نیعمەتەکانی پەروەردگار ئەمەندە زۆرن لە ژمارە نایەن، قورئانیش ئەو نیعمەتانە لە چەندەها ئایەتدا باس دەکات و دەیانخاتە بەرچاوی مرۆڤ، تاوەکو زیاتر پەروەردگار بناسێ و زیاتر سوپاس و ستایشی خوای لەسەر بکات...

قورئان دەفەرموێت:(وإن تعدوا نعمه الله لا تحصوها إن الله لغفور رحيم)، واتە:(ئەگەر بکەونە ژماردنی نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار، ناتوانن بیژمێرن، وە بەڕاستی خوا لێبوردەو بەخشندەو میهرەبانە.)(النحل ١٨) .

واتە: لەگەڵ ئەو هەموو نازو نیعمەتەی بەخشیویەتی بە مرۆڤ کەچی زۆر کەس نەك هەر سوپاسی ناکات بە چاکی، بە پێچەوانەوە ڕەنگە نا سوپاسی و ناشوکری بکات...

هەروەها لە هەمان سورەتدا لە ئایەتی (٨٣) دەفەرمووێت :(يعرفون نعمة الله ثم ينكرونها وأكثرهم الكافرون)، واتە (نیعمەتی خوا دەزانن و بە ئاشکرا لەبەرچاویانە کەچی دان نانێن بەوەدا

که ئەوە لـە خواوەیەو هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوا بڕیاردەدەن و زۆربەیان کافرو بێباوەڕان و ناشوکریو ناسوپاسی دەکەن.

هەروەها دەفەرمووێت :(واشكروا نعمة الله إن كنتم إياه تعبدون) النحل/١١٤، واته :(سوپاسگوزاری نیعمەتی خوابن، ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوا دەپەرستن، بەڵێ...(شوکر) پلـەیەکی زۆر بەرزە لـە ئایینی ئیسلامدا بۆیە لـەڕێی (تەقوا)وە بڕوادار دەیگاتێ، هەروەك قورئان دەفەرموێت:(فاتقوا الله لعلكم تشكرون)ال عمران: ١٢٣ واته :(لـەخوا بترسن و پارێزکار بن بەڵکو بگەنە پلـەی سوپاسگوزاری.

سوپاسگوزاریش تەنها وشەیەك نیە بەدەم بوترێ، بەڵکو دەبێت هەموو وتنێك کرداری لـەگەڵ بێت و بە کردەوە مرۆڤ سوپاسی خۆی بۆ خوا بسەلمێنێ، ئەویش بە پەیڕەوی کردنی بەرنامەکەیو ئەنجامدانی کارو کردەوەی چاك، قورئان ئاماژە بەم راستی یە دەکات و بە خانەوادەی داوود (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت:(إعملوا آل داوود شكرا وقليل من عبادي الشكور) سبأ/١٣ واته:(ئەی خانەوادەی داوود بە کردەوە سوپاسگوزار بن، کەمێك لـە بەندەکانم سوپاسگوزارن)، بۆیە سولـەیمان، کە کوڕی (داوود)ە دوعا دەکات و لـە خوا دەپاڕێتەوە کە یارمەتی بدا بۆ سوپاسکردنی نیعمەتە بێشومارەکانی و دەفەرمووێت :(قال رب أوزعني أن أشكر نعمتك التي أنعمت علي وعلى والدي وأن أعمل صالحا ترضاه وأدخلني برحمتك في عبادك الصالحين)النمل/١٩، واته:(پەروەردگارا... یارمەتیم بدە کە سوپاسی هەریەك لـە نیعمەتەکانی تۆ بکەم کە داوتەو رژاندووتە بەسەر خۆم و باوانمدا، وە هاوکاریم بکە تا کارێك بکەم چاك بێت و تۆ لێی رازی بیت... وە بە رەحمی زۆری خۆت بمخەرە ناو کۆمەڵی بەندە چاکەکانتەوە...

پێغەمبەری خواش (ﷺ)ئەوەندە خوا پەرستیو شەو نوێژی دەکرد، قاچی دەئاوساو تەواو خۆی ماندوو دەکرد، کە هاوسەرەکەی لێی پرسی بۆچی ئەوەندە خۆت دەڕەنجێنیت ، خۆ تۆ خوا لـە گوناهی بەرو دوات خۆش بووە، لـەوەڵامدا فەرمووی:(أفلا أكون عبدا شكورا)...

## ٥٨ ) جیاوازی نێوان دوو ئـایـەتی چیرۆکی موسا ( سەلامی لێبێت ):

قورئانی پیرۆز لـە باسی موسادا(سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (وأوحينا إلى أم موسى أن ارضعيه، فإذا خِفتِ عليه فألقيه في اليم ولا تخافي ولا تحزني، إنا رادوه إليك وجاعلوه من

المرسلين) القصص/٧، واته: (خستمانه دڵی دایكی موساوه كه شیری بدەرێ و، ئەگەر ترسای لەوەی كه دەست فیرعەون بكەوێ و تووشی زیان ببێ، بیخەره ناو سندووقێكەوەو پاشان بیخەره ئاوی رووباری نیلەوە، وە هیچ مەترسەو خەم مەخۆ، چونكە ئێمە دەیپارێزین و دەیگێڕینەوە بۆ لات و دەیكەین بە یەكێ لە نێرراوانی خوا...)

ئاشكرایە كە قورئان زۆر باسی چیرۆكی موسای كردووه(سەلامی خوای لێبێت)، هەر جارەو بەشێكی چیرۆكەكەی بە جۆرێك هێناوە كە مایەی ئامۆژگاریەو پەندلێ وەرگرتن بێت...هەندێ لەو بەشانە كە دووبارە دەبێتەوە خوێنەری ئاسایی وا دەزانێت هیچ جیاوازییەك نیە لەنێوانیاندا، بەڵام ئەگەر بە چاكی لێی وردبێتەوە دەبینێ جیاوازن...بۆ نموونە ئەو چەند ئایەتەی پێشەوە باسی كاتێكی ئاسایی دەكات، ئەگەر ترسا لەوەی موسا تووشی ناڕەحەتیەو زیان بێت، ئا بەو جۆرە موسا بخاتە ناو سندووقەوەو بیخاتە ناو دەریاوە، هەروەك دەفەرموێ:(إذا خفت علیه...)، بەڵام لە سوورەتی (طه)دا، هەر هەمان شت باس دەكات و دەفەرمووێت:(ولقد مننا علیك مرة أخرى، إذ أوحینا إلى أمك ما یوحى، أن إقذفیه في التابوت فاقذفیه في الیم فلیُلقه الیم بالساحل یأخُذه عدو لي وعدو له، وألقیت علیك محبة مني ولتصنع على عیني)طه/٣٩، واته:(سوێند بە خوا ئێمە منەت و چاكەی خۆمان ڕشت بەسەرت دا لە كاتی تردا، لەو كاتەی كە دایكت سەری دنیای لێ هاتبۆوە یەك كە چیت لێ بكاو چۆن حەشارت بدات و رزگارت بكات لەدەست فیرعەون و دارودەستەكەی، ئێمەش لەو كاتە ناهەموارو ترسناكەدا، خستمانە دڵی دایكتەوە، كە خێرا بیخەره ناو سندوقێكەوە و، فڕێی بدەره ناو رووباری نیلەوە، با دەریاكەش فڕێی بداتە قەراخی ئاوەكە، با كەسێ كە دوژمنی منەو دوژمنی ئەویشە ـ واتە فیرعەون ـ وەری بگرێ و بیباتە لای خۆیەو بە دەستی خۆی دوژمنەكەی بەخێوبكات و، خۆشەویستیم رژاند بەسەرتدا و خۆشەویستم كردی تا لەژێرچاودێری مندا، لە ماڵی دوژمنەكەتدا بەخێو بكرێت و پەروەردە ببی...

بەڵێ ئەم بەشەی چیرۆكەكە جیاوازە لەوەی پێشوو، چونكە لێرەدا گەرمەی مەسەلەكەیەو، خەریكە لەدایك بوونی مووسا ئاشكرا دەبێت و دایكی بەستەزمانی بێدەسەڵاتی نازانێ چی بكات، ئا لێرەدا لە (سەعاتی سفردا)خوای گەورە دێ بە هانایەوەو فەرمان دەدات بە دایكی مووسا كە خێرا بیخەره ناو سندووقەكەوە، بیخەره رووباری نیلەوە، رووباری نیلیش با ئەو سندووقە لەسەر سەری رابگرێو بیبات بەرەو قەراغەكەیو بگاتە دەست فیرعەون و داروو دەستەكەی .

واته ئایەتەکانی پێشوو ئامادەکردن بوو، ئەم ئایەتەی دواییش جێبەجێ کردنی کارەکەیە لەو کاتە ناسکەی کە خەریکە کار لە کار دەترازێ و مووسای منالّی شیرەخۆرە تووشی زیان دەبێت .

**٥٩ ) ـ ماڵ و منالّی خوانەناسان هەرچەند بێت هیچ نین!.**

قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (التوبە) ئایەتی (٥٥) دەفەرمویێت:(فلا تُعجبك أموالهم ولا أولادهم، إنما يريد الله ليعذبهم بها في الحياة الدنيا وتَزهقَ أنفسَهم وهم كافرون)، واتە:(دوو رووەکان دەهاتن بە نابەدڵی هەندێ پارەو ماڵیان دەبەخشی بۆ چاوە چاوی موسڵمانان و شاردنەوەی دوورِوویی یەکەیان قورئانیش ئاشکرایان دەکات و دەفەرمووێت : لێتان وەرناگیرێو خوا قبووڵی ناکات لێتان...ئنجا بە پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت(ﷺ)نە پارەیان بە هیچ بزانەو، نە منالّ و وەچەیان بە هیچ بزانە، وە هیچ نرخێکیان بۆ دامەنێ، چونکە خوای گەورە دەیەوێ بە ماڵ و منالّیان لە دنیادا سزایان بدات و لێی نەحەسێنەوە، پاشان گیانیان دەرچێ بە کافری و بەرەو دۆزەخ بچن.لێرەدا باس لە دوو کۆمەڵ دەکات، یەکەمیان ماڵی زۆری هەیە، دووەمیان منالّی زۆری هەیە...کە نابێت پێغەمبەری خوا(ﷺ)هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ دابنێت...

کۆمەڵی سێیەمیش هەیە کە ماڵ و منالّی زۆریان هەیە، ئەمانەش هەروەها نابێت پێغەمبەری خوا(ﷺ)سەرسام بێت پێیان و نابێت هیچ بایەخێکیان پێ بدات، هەروەك لە سوورەتی (التوبە) ئایەتی(٨٥) دا دەفەرمووێت:(فلا تعجبك أموالهم و أولادهم، إنما يريد الله أن يعڑبهم بها فى الدنيا وتزهق أنفسهم وهم كافرون)،واتە:(سەرت سوورِ نەمێنێ لە ماڵ و منالّی دوورِووەکان و هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ دامەنێ، چونکە خوای گەورە دەیەوێت بەهۆی ئەوانەوە لە دنیادا سزایان بدات و لە سەرەمەرگیش دا بە کافری گیانیان دەربچێت .

لە یەکەم دا (أموالهم ولا أولادهم) بوو، لێرەدا(أموالهم وأولادهم)ە، کە بێگومان ئەم دوو حاڵەتە جیاوازی تیایەو هەر یەکێکیان باسی تاقمێك دەکات.

**٦٠ ) چاکەکاران پارەو ماڵی خۆیان دەبەخشن :**

لە سوورەتی(المعارج) ئایەتی(١٩ ـ ٢٥) قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت:{إن الأنسان خُلِق هلوعا، إذا مسَه الشر جزوعا، وإذا مسَه الخير منوعا، إلا المصلين الذين هم على صلاتهم دائمون، والذين في أموالهم حق معلوم للسائل والمحروم}، واتە:بێگومان مرۆڤ دروست کراوە بە چاوبرسی یەکی تەنگە

تیلکە، کە ناخۆشی یەکی کەمی تووش دەبێت هاواو ناڵەی لێ بەرز دەبێتەوە، خۆ ئەگەر خێرو خۆشی و سامانێکی دەست کەوت، لە خۆی بایی دەبێت و یارمەتی کەس نادات، مەگەر ئەو نوێژخوێنانە نەبێت کە بەردەوامن لەسەر نوێژەکانیان و ئەوانەی کە بەشێکی دیاریکراو لە ماڵیان ـ کە زەکاتە ـ دەیدەن بە هەژارانی داواکەرو داوانەکەر...

قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (الذاریات) (١٥ ـ ١٩) دا دەفەرموویێت: {إن المتقين في جنات وعيون، آخذين ما آتاهم ربهم، إنهم كانوا قبل ذلك محسنين، كانوا قليلا من الليل ما يهجعون، وبالأسحار هم يستغفرون، وفي أموالهم حق للسائل والمحروم}، واتە:بەڕاستی پارێزکاران لەناو باخات و لە کەناری سەرچاوەهای ڕەواندان لە بەهەشتدا، ئەوەی کە خوا پێی داون وەری دەگرن، چونکە ئەوان لەوەوپێش کاری باشیان کردووە، لە شەودا کەم دەنووستن و شەونوێژو خواپەرستیان دەکرد، وە بەیانیان لەگەڵ شەبەقدا لە بارەگای خوا دەپاڕانەوە و داوای لێخۆشبوونیان لێدەکرد...وە لە داراییو ماڵیان دا بەش هەبوو بۆ هەژارانی داواکەرو داوانەکەر.

ئەم ئایەتە(وفی أموالهم حق معلوم للسائل والمحروم)باسی موسڵمانانە بە گشتی کە تەنها زەکات دەدەن کە هەقێکی دیاریکراوە، بە هەژاران، بەڵام دووەم ئایەت (وفی أموالهم حق للسائل والمحروم)باسی ئەو پارێزکارە چاکەکارانە (محسن)انە دەکات کە نەك هەر زەکات، بەڵکو پارەو ماڵی زۆری تریش ئەدەن بە هەژاران. جا بەو خێرکردنەبێ سنوورەکە زیاترە لە زەکات و، وە بەو زیاترخوا پەرستی کردنەیە کە گەیشتوونەتە پلەی (المتقين) و(المحسنين).

### ٦١ ) دەردو نەخۆشی گەلان درمەو خۆپاراستن پێویستە :

قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (البقرە)دا ئایەتی (١١٨) دەفەرموویێت:(وقال الذين لايعلمون لولا يُكلمنا الله أو تأتينا آية، كذلك قال الذين من قبلهم مثل قولهم، تشابهت قلوبهم، قد بينا الآيات لقوم يوقنون)، واتە:(نەفام و نەخوێندەوارو بێبڕواکان وتیان:(بۆچی خوا قسەمان لەگەڵ ناکات، یان بەڵگەو نیشانەو موعجیزەمان بۆ نانێرێت ؟، ئەم دوو بیانووە بێباوەڕانی پێشتریش وتوویانە، دڵەکانیان وەك یەك وان و بەوێنەی یەکترن لە کوێریو گومڕاییو نەفامیدا.

جا قورئان بۆ یەکەمیان وەڵامیان ناداتەوە، چونکە داواکەیان هەر زۆر بێجێیە، بەڵام بۆ دووەم بیانوویان دەفەرمووێت (قد بينا الآيات لقوم يوقنون)، (بەڕاستی ئێمە ئایەتەکانمان بەڕوونی باس کردووە بۆ گەل و کۆمەڵێ کە بەدوای راستیدا دەگەڕێن )...

هەروەها قورئان لە سوورەتی (التوبە) ئایەتی(٣٠) دا دەفەرمووێت:(وقالت اليهود عزير ابن الله وقالت النصارى المسيح ابن الله، ذلك قولهم بأفواههم، يضاهئون قول الذين كفروا من قبل، قاتلهم الله أنى يؤفكون)، واتە:(جوولەکەکان دەڵێن (عوزەیر) کوڕی خوایە، گاورەکانیش دەڵێن (عیسا) کوڕی خوایە، ئەمە قسەیەکی ناڕاستە کە لە دەمیانەوە دەردەچێت لاسایی کافرەکانی پێش خۆیان دەکەنەوە، خوا بیانکوژێ و لەناویان بەرێ چۆن ئاوا لە هەق و راستی لادەدەن).

لەم دوو ئایەتەوە تێدەگەین کە چۆن گەلان یەك لە دوای یەك لاسایی یەکتر دەکەنەوەو هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە، واتە بەرێو شوێنی یەکتردا دەڕۆن...

پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئاماژە بەم راستی یە دەکات و دەفەرمووێت:(لتتبعن سنن من كان قبلكم شبرا بشبر، وذراعا بذراع، حتى لو دخلوا جُحر ضَب تبعتموهم، قلنا يا رسول الله اليهود والنصارى؟، قال فمن)، واتە:لاسایی گەلانی پێش خۆتان دەکەنەوەو بەرێو شوێنی ئەواندا دەڕۆن و دوایان دەکەون، بست بە بست و باڵ بە باڵ یان هەنگاو بە هەنگاو جێ پێیان هەڵدەگرن، تەنانەت ئەگەر بچنە کونی ماروو مێروو بزنمژەشەوە ئێوەش دەچن بەدوایاندا، وتمان ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت جولەکەو گاورە؟ فەرمووی ئەی چی مەبەستم ئەوانە).

ئەم مەسەلەی لاسایی کردنەوە و جێ پێ هەڵگرتنە زۆر ترسناکە، بۆیە قورئان زۆر بە درێژی باسی نەخۆشی گەلانی دێرین و لادانەکانیان دەکات بەتایبەت جولەکەو گاورەکان...تا گەلی موسڵمان وشیارو بێدار بنو کوێرانە شوێنیان نەکەون.

قورئان باسی خاوەن نامەکانی پێشوو دەکات کە چۆن هەندێ لە ئایەتەکانی بەرنامەکانیان لەبیر چۆتەوە، هەندێکی تریان شاردۆتەوە، هەندێکی تریان گۆڕیوەو تەحریفیان کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەدەستی خۆیان شتیان دەنووسی و دەیان وت هی خوایە، ئینجا لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەق و راستیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشت و دەیانگۆڕیەوە بە دنیایەکی کەم و بێ بایەخ و قیامەتی خۆیان دەدۆڕاند، هەروەك لەم چەند ئایەتەدا هاتووە لە سوورەتی (المائدە) ئایەتی(١٣):

١ ـ پەیمان شکاندن(فبما نقضهم میثاقهم لعناهم)، واته: لەعنەتمان لێکردن بەهۆی پەیمان شکێنیانەوه .

٢ ـ دڵڕەقی(وجعلنا قلوبهم قاسیة)، ئینجا دڵیانمان رەق کرد بەهۆی خراپیانەوه.

٣ ـ گۆڕینی حەق و راستی(یُحَرفون الكلم عن مَواضعه)، واته: قسەی خوایان گۆڕی بەهۆی لێکدانەوەو هەڵەی نابەجێ.

٤ ـ لەبیر خۆ بردنەوه(ونَسوا حظا مما ذُكِروا به)، واته بەشێك لە فەرمانەکانی خوایان لەبیر خۆیان بردەوه و پشت گوێیان خست.

٥ ـ خیانەت کردنی بەردەوام(ولا تزال تَطلع علی خائنةٍ منهم إلا قلیلا منهم)، واته: بەردەوام دووچاری خیانەت و ناپاکیان دەبیت، مەگەر کەمێکیان نەبێت باش بن و خیانەتت لێ نەکەن.

جا لەو قۆناغەدا خوای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) چاوپۆشییان لێ بکات(فاعف عنهم واصفح، إن الله یحب المحسنین)، واته: (لێیان خۆش ببەو چاویان لێ بپۆشه، بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت .

لە سوورەتی (آل عمران) ئایەتی(٧١):چەند سیفەتێکی دیکەیان باس دەکات و دەفەرمووێت :

٦ ـ شاردنەوەی حەق و راستی(یا أهل الكتاب لم تلبسون الحق بالباطل وتكتمون الحق وأنتم تعلمون)، واته:(ئەی ئەهلی کیتاب بۆ حەق دەگۆڕن بە ناحەق و راستی دەشارنەوه، لەکاتێکدا وەنەبێ ئەوەی دەیکەن لە نەزانینەوه بێت، بەڵکو چاك دەزانن کە ئەوانەی دەیکەن ناحەقه.

٧ ـ کڕینی شتی بێنرخ بە ئایەتەکانی خوا(ولاتشتروا بآیاتي ثمنا قلیلا)البقرە/٤١، واته:(بە ئایەتەکانی من شتی کەمی بێنرخ مەکڕن و بەرنامەی خوا بە سووك مەزانن)، بەڵێ...شارەزابوون لە نەخۆشیو دەردە کۆمەڵایەتیو دەروونی یەکانی گەلانی کۆن و نوێ مەسەلەیەکی گرنگە، پێغەمبەر (ﷺ)زۆر جڵەوگیری موسڵمانانی کردووه کە لاساییان بکەنەوه بۆ ئەوەی وەك ئەوان تیا نەچن، هەروەك دەفەرموێت:

أ ـ (إیاكم والغلو في الدین، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو في الدین) نەسائی گێڕاویەتی یەوه، واته: زیادەڕەوی مەکەن لە ئایین دا، ئەوانەی پێش ئێوه بە زیادەڕەوی لە ئایین دا لەناوچوون.

ب ـ (لاتطروني كما أطرت النصارى إبن مريم، إنما أنا عبد، فقولوا عبد الله ورسوله)بوخارى گێڕاویەتی یەوە، واتە:زیادەڕەوی مەکەن لە پیا هەڵدانمدا، هەروەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد دەربارەی پێغەمبەرەکەیان ـ عیسا، سەلامی خوای لێبێت ـ، من بەندەی خوام، تەنها بڵێن بەندەی خواو نێرراوی خوا...

ج ـ نەك هەر فەرمانی داوە بە لاسایی نەکردنەوەیان بەڵکو فەرمانی داوە بەوەی کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە بن (خالفوا المشركين، أحفوا الشوارب وأوفروا اللحى) بوخاریو موسلم گێڕاویانەتەوە، واتە:(پێچەوانەی کافران بن، بەتەنك کردنەوەی سمێڵ و هێشتنەوەی ریش).

ئەمەش بۆ ئەوەی موسڵمانان لە هەموو شتێکی بێبڕوا و جوولەکەو گاورەکان خۆیان بپارێزن و لە راستە شەقامی ئیمان و ئیسلامەتی نەترازێن و وە بشزانن کە چۆن مامەڵەو هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکەن.

### ٦٢ ) پشت بەستن بەو خوایەی کە توانای بێپایانە :

خوای پەروەردگار (طلاقة) ی قودرەتی خۆی لێ نەشاردووینەتەوە، بەجۆرێك کە نەبینین و تێی نەگەین، بەڵکو زۆر بە ئاشکرا لە قورئاندا باسی ویستی خوایەتی خۆی دەکات، کە هەرچیەکی بوێت وادەبێت و هەرچی یەکی بوێ بە فەرمانی (کن) بەئەنجام دەگات، واتە تەنها دەفەرموێت (ببە) دەبێت، چونکە هیچ شتێك لەم بوونەوەرەدا نیە کە بەرپەرچی فەرمانی خوا بداتەوە و مل کەچ نەبێت...هەروەك لەم چەند ئایەتەدا دەفەرمووێت:

-(يختص برحمته من يشاء).

-(يعذب من يشاء) و(يغفر لمن يشاء)

-(يهدي من يشاء) و(يضل من يشاء)

-(يعز من يشاء)و(يذل من يشاء)

- (يؤتي الملك من يشاء)و(ينزع الملك ممن يشاء)

- (إن الله على كل شيء قدير)

خوای پەروەردگار (أسباب) هۆکاری داناوە، کە مرۆڤ دەبێت سوود لەو هۆکارانە ببینێت و بەکاریان بهێنێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، بەڵام ئەو هۆکارانە ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبێت هیچیان لێ بەرهەم نایەت...بۆ نموونە:

خوای گەورە لەسەر زاری ئیبراهیم دەفەرموێت:(وإذا مَرضت فهو يَشفين) الشعراء/٨٠ ، واتە:(ئەگەر نەخۆش کەوتم هەر خوایە کە چاکم دەکاتەوە...)

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە دەرمان بەکارنەهێنین، چونکە پێغەمبەر (ﷺ)بە ئاشکرا دەفەرموویت(تداووا عباد الله، فإن الله لم يضع داء إلا وضع له الدواء، غير داء واحد :الهرم) ئیمامی ئەحمەد گێڕاویەتی یەوە، واتە(لەکاتی نەخۆشییەکانتاندا داوودەرمان بەکاربهێنن، چونکە پەروەردگار هیچ نەخۆشییەك نیە چارەسەری بۆ دانەنابێ، جا خەڵکی دۆزیبێتیانەوە یان هێشتا نەیاندۆزیبێتەوە، تەنها پیری نەبێت کە خوا دەرمانی بۆ دانەناوە...).

بەڵام ئەبێ لەگەڵ ئەوەدا کە دەرمان بەکاردەهێنین دڵنیا بین ئەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێت چاك ببین چاك نابین، کە ئەمەش مانای (پشت بەخوا بەستنە)(التوكل على الله)، واتە هەموو هۆکارە ماددی یەکان دەگرین و بە دڵیش روودەکەینە قاپی رەحمەتی خواو دەپاڕێینەوە کە بەرەکەت بخاتە هۆکارەکانەوە و ئەنجامەکانیان زوو بێتە دی.

ئەوە پزیشکەکان خۆیان دەڵێن زۆر نەخۆش هەیە بە دەرمان یەکسەر چارەسەر دەکرێن ، بەڵام هی واهەیە کە داوو دەرمان دەستەوسانە بەرامبەر نەخۆشی یەکەی و ئەمانیش ناچار ئیزنی دەدەن و چاوەڕێن هەواڵی مردنی ببیستن، کەچی دوای ماوەیەك دێتەوەو دەڵێت چاك بووم... باشە چۆن؟، بێگومان خوایە کە نایەوێ جارێ بمرێت و بە ویستی خوایەتی خۆی چاکی دەکاتەوە.

یان کێڵانی زەوی‌و چاندنی تۆو، راستە دەبێت هەرچی لەتوانادایە جوتیارەکە بیکات، بەڵام رەنگە بەرهەم بدات یان نەیدات، بۆیە دەبێت لە دڵەوە پشت بە خوا ببەستێ و داوا بکات رەنج بە خەسار دەرنەچێت، قورئانی پیرۆز ئاماژە بەم راستیە دەکات و دەفەرموویت:(أفرأيتم ما تحرثون، أأنتم تزرعونه أم نحن الزارعون، لو نشاء لجعلناه حطاما فظلتم تفكهون، إنا لَمُغرَمون، بل نحن محرومون) الواقعة/٦٧، واتە:(سەیری ئەوە بکەن کە دەیچێنن، ئایا ئێوە دەیهێننە بەرهەم یان ئێمە،

ئەگەر بمانەوێ نایەڵین بێتە بەرو تێکی دەشکێنین، ئەوسا ئێوە نارەحەت دەبن و دەکەونە پرتەو بۆڵەی ئەوەی کە قەرزار بوون لەسەرکشتوکاڵەکەتان ئێستاش بێبەش بوون لێی و هیچ بەرهەم نەهاتووە).

یان سەیری ئەو ئاوە بکەن کە سوودی لێوەردەگرن، راستە ئاوی دەریاکان دەبێتە هەڵم و بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و پاشان خەست دەبێتەوەو هەور دروست دەبێت و باران دەبارێت، بەڵام ئەوانە هەمووی بە ویست و خواهیشی خوایی بە ئەنجام دەگات، بۆیە دەفەرموویت :(أفرأيتم الماء الذي تشربون، أأنتم أنزلتموه من المزن أم نحن المنزلون، لو نشاء لجعلناه أجاجا فلولا تشكرون) الواقعة/ ٧٠، واتە:(نابینن ئەو ئاوەی کە دەیخۆنەوە، ئایا ئێوە لە هەورەوە باراندووتانە یان ئێمە؟، ئەگەر بمانەوێ سوێری دەکەین، بۆچی سوپاسی خوا ناکەن لەسەری کە شیرین و سازگارە؟!).

یان دارو درەخت کە ئاگری پێدەکەنەوە (أَفَرَأَيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ (٧١) أَأَنْتُمْ أَنْشَأْتُمْ شَجَرَتَهَا أَمْ نَحْنُ الْمُنْشِئُونَ (٧٢) نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِلْمُقْوِينَ (٧٣) ) الواقعة، واتە: (نابینن ئەو ئاگرەی کە دەیکەنەوە، ئایا ئێوە درەختەکەیتان رواندووەو پێگەیاندووە یان ئێمە، ئێمە ئەو ئاگرەمان کردووە بە یادخەرەوەو مایەی سوود لێ وەرگرتن بۆ رێبواران بەتایبەتی و خەڵکی بە گشتی).

یان لە سوورەتی(يس) دا دەفەرموێت:(الذي جعل لكم من الشجر الأخضر نارا، فإذا أنتم منه توقدون) يس/ ٨٠، واتە:(خوا ئەو خوایەیە کە لە دارو درەختی سەوز ئاگری بۆ فەراهەم هێناون و ئێوە دایدەگیرسێنن و سوودی لێوەردەگرن.جا قورئانی پیرۆز ئەمە دەخاتەروو تا لە دەستی پەروەردگار تێبگەین و تەنها ئەو بپەرستین.

### ٦٣ ) هۆکارەکان مە پەرستن:

وتمان هۆکارەکان لە دنیادا پێویستە بگیرێن و لە دڵیشەوە پشت بە خوای باڵا دەست ببەسترێ، لە ئاخیرەتدا ئەو هۆکارانە نامێنن و هەموو شت بەبێ ئەرك و ماندوو بوون دێتە بەردەست. ب هەر لە دنیادا کە خوا مەیلی لەسەر بوو، هۆکارەکان پەك دەخاتلەبەر ئەوەی کە مرۆڤ ئەو هۆکارانە نەپەرستێ یان لەبەر هەر حیکمەتێك کە خۆی دەیزانێ ...

أ ـ ئاگر دەسووتێنێ، بەڵام کاتێك (نەمروود) فەرمانی دا کە چاڵێکی گەورە هەڵبکەنرێ و ئاگرێکی گەورەی تیادا بکرێتەوە و پاشان ئیبراهیم پێغەمبەری تێ فڕێبدرێ، ئاگرەکە بە فەرمانی خوا وەستا لە سووتان و، (ئیبراهیم) ـ سەلامی خوای لێبێت ـ بە سەلامەتی لێی هاتە دەرەوە، باشە خۆ

پەروەردگار دەیتوانی بارانێك ببارێنیّ کەچی نەیباراند، بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی خوا بۆ خەڵکی دەربکەویّ و(نەمروود) نەپەرستن و خوای تاکو تەنهاو بە دەسەڵات بپەرستن.

ب ـ هەروەها ئاو هەمووی یەك ئاست وەردەگریّ و دەڕوات، کەچی کاتێك (موسا) ـ سەلامی خوای لێبێت ـ و بڕوادارەکان گەیشتنە بەردەم رووباری نیل و فیرعەون ودارودەستەکەشی بەدوایانەوە بوون، هاکا ئێستا یا تاوێکی تر دەگەنە سەریان و لەناویان دەبەن، ئا لەم کاتەدا خوای گەورە بە موسای فەرموو(فأوحينا إلى موسى أن إضرب بعصاك البحر، فانفلق فكان كل فرق كالطود العظيم)الشعراء/٦٣، واتە :(ئەی موسا عەصاکەت بکێشە بە ئاوی دەریاکەدا، ئەوسا ئاوەکە بوو بە دوو بەشەوە و لەهەر لایەکەوە بەرز بۆوە  بە هێندەی شاخێك و رێگایەك دروست بوو، موساو هاوەڵەکانی پەڕینەوە، لەو بەرەوە موسا ویستی عەصاکەی بداتەوە بە ئاوی دەریاکەدا، بەڵکو لەیەك بداتەوە و فیرعەون و دارودەستەکەی نەتوانن بپەڕنەوە، خوای پەروەردگار پێی فەرموو(اترك البحر رهوا، إنهم جُند مغرقون)الدخان/٢٤، واتە: (واز لە دەریاکە بهێنە با ئاوەکەی وا بێت، بۆ ئەوەی فیرعەون ودارودەستەکەی بێن و بیانەویّ بپەڕنەوە،ئەوسا هەموویان نقووم دەکەم و لەناویان دەبەم ).

هەرواش بوو کاتێك پەڕینەوە بە فەرمانی خوا ئاوەکە دایەوە لە یەك و چۆوە دۆخەکەی جارانی و هەر هەموویانی نقووم کردو تەفروتونای کردن.

ج ـ پێغەمبەر(ﷺ)لەگەڵ ئەوەدا کە داوو دەرمانی بەکار دەهێنا لە نەخۆشیدا، دوعای دەکرد دەیفەرموو(اللهم اشفي أنت الشافي، لا شفاء إلا شفاؤك شفاء لا يغادر سقما)، واتە:پەروەردگارا چاك بکەرەوە، هەر تۆی چاکەرەوەو شیفادەر، هیچ شیفایەك نیە شیفای تۆنەبیّ، شیفایەك کە هیچ ناساغی و نەخۆشییەك نەهێڵیّ).

هەندیّ کەس پاش ئەوەی هیچ شتێك چاریان ناکات ، پەروەردگار بە ئاشکرا کاریان بۆ ئاسان دەکات و شیفایان دەدات...بۆ نموونە: پیاوێکی بازرگان لە سەیدصادق تووشی نەخۆشییەکی پێست دەبێتو هیچ چاری ناکات و لە خەودا پێی دەڵێن : توێکڵی شووتی بسووتێنەو تۆزەکەی لێبدە، ئەویش دەیکات و چاك دەبێت،ئەم پیاوە لە رۆژنامەی یەکگرتوودا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە .

هەروەها مامۆستا (محمد علی قەرەداغی) بۆی گێڕامەوە، کە نەخۆشییەکی پێستی هەبووهەموو ساڵێك هەڵی دەدایەوە بۆ ماوەی دە ساڵ هیچ چاری نەدەکرد، لـە خەویا پێیان وت:ترشی لێبدە، کە لێیدا لـە سایەی خواوە بەیەکجاری چاك بوو...

ئەمەش ئەو راستی یەمان بۆ دەردەخات کە هەرگیز نابێت بڕوادار بێهیوا ببێت، بە پێچەوانەوە دەبێت هەمیشە چاوی لـە قاپی رەحمەتی خواوە بێت بپاڕێتەوە، چونکە پاڕانەوەکەشی هەر عیبادەتە و خواوەند چی بەچاك بزانیّ ئەوەی بۆ دەکات، هەروەك دەفەرمووێت :(إنه لا ييأس من روح الله إلا القوم الكافرون) يوسف/٨٧، واتە(کەس لـە میهرەبانی خوا بیّ هیوا نابێت، مەگەر گەلی کافران).

**٦٤ ) بە فەرمانی خوا باران دەبارێت:**

هەورو باران، بە فەرمانی خوایە و، بۆ کوێی بویّ دەینێرێت ، هەروەك دەفەرمووێت (وهو الذي يُرسل الرياح بُشرا بين يَدَي رحمته ) أعراف/٥٧، واتە: هەر خوایە کە با دەنێرێت و ئەویش هەورەکان بە ئاسماندا دەبات،کە مژدەی باران بارینیان پێیە ..

لـە فەرموودەی (صحيح) دا هاتووە کە پیاوێك زەوی یەکەی دەکێڵا، گوێی لـە دەنگێك بوو بە پەڵە هەورێکی وت: بڕۆ باخ و بێستانی فلاّن کەس ئاوبدە. پاشان بینی هەورەکە رۆیشت و لـەسەر باخ و بێستانێك باری، ئەویش چووە لای خاوەن باخ و بێستانەکەو لێی پرسی کە تۆ خەریکی چیت ئاوەها خواوەند هەورو بارانت بۆ دەنێریّ ، ئەویش باسی ئەو هەموو خێرو چاکەیەی کرد کە لـە باخ و بێستانەکەی دەیکات.

لـە پەڕاوی (الله) ی (سعيد حوى) دا هاتووە کە چەند برایەك دەچن کارێکی تەقینەوە ئەنجام بدەن لـە هێڵێکی شەمەندەفەری ئینگلیزی دا لـە شەڕی قەناتی سوێسدا، شەوەکە مانگەشەو دەبێت، خوای پەروەردگار بەڕەحمی خۆی پارچە هەورێك دەنێرێت و بەری مانگەکە دەگرێت دنیا تاریك دەبێت، ئەمانیش گورج و گۆڵ کارەکە ئەنجام دەدەن و کەتەواو دەبن هەورەکە ئەڕەوێتەوە.

جاری وا هەبووە گەلێکی خراپەکار هەوریان بۆ هاتووە، دڵیان پێخۆش کردووە و وایان زانیوە رەحمەت و بارانە، کاتیّ بەخۆیان دەزانن غەزەبی خوایەو، بۆتە مایەی لـەناوبردنیان، هەروەك قورئان دەفەرموێت:(فلما رأوه عارضا مستقبل أوديتهم قالوا هذا عارض ممطرنا بل هو ما استعجَلتم به، ريح فيها عذاب أليم، تدمر كل شيء بأمر ربها، فأصبحوا لا يُرى إلا مساكنهم كذالك نجزي القوم

المجرمين)الأحقاف /٢٥، واته : کاتێ گەلی بێباوەڕی هود، هەوریان بینی کە رووەو شیوو دۆڵەکانیان دەهات، دڵیان پێخۆش کردو وتیان ئەوە هەورێکە بارانمان بۆ دەبارێنێ، نەخێر وانیە، ئەوە سزای خوایە کە پەلەتان بوو پێتان بگات، رەشەبایەکی پڕ سزاو ئازارە، کە بە فەرمانی خوا هەموو شتێك لەناو دەبات و وێرانی دەکات... بەڵێ بەجۆرێك وێرانی کرد تەنها شوێنەواری ماڵەکانیان دەبینرا، چونکە خۆیان و ماڵ و سامان و ئاژەڵیان لەناوچوو، ئابەو جۆرەش سزای گەلی تاوانباران دەدەین.

هەروەها پەروەردگار بە هەورە بروسکە هەندێ کەس لەناو دەبات، هەروەك دەفەرموێت (ویُرسل الصواعق فیُصیب بها من یشاء)الرعد/١٣ واتە خوای پەروەردگار هەورە بروسکە دەنێرێت و کێی بوێت لەناوی دەبات پێی...

### ٦٥ ) رزق و رۆزی پارێزکاران :

خوای پەروەردگار زۆر مەبەستێتی کە لە دەستی قودرەتی تێبگەین، بۆیە دەفەرموێت:(ومن یتق الله یجعل له مخرجا ویرزقه من حیث لا یحتسب) الطلاق/٢، واتە : کێ پارێزکار بێت بۆ خوا، ئەوا پەروەردگار لە تەنگوچەڵەمە و نارەحەتیەکانی دا دەرگای خێری بۆ دەکاتەوەو سەرفرازی دەکات، وە لە شوێنێکیشەوە رزقی دەدات کە هەرگیز حیسابی بۆ نەکردووەو بەخەیاڵیدا نەهاتووە.

لەبەر ئەوەش لە شوێنێکەوە رزق و رۆزی دەداتێ کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە و حیسابی بۆ نەکردووە، تاوەکو باش بزانێ ئەوە خوا بۆی ناردووە و بەمەش زیاتر لە خوا نزیك بێتەوەو زیاتر سوپاسی خوای لەسەر بکات.

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا(ﷺ)هاتووە کە جەخت دەکاتە سەر ئەم مەسەلەیە و دەفەرموێت:(أبى الله أن یجعل أرزاق عباده المؤمنین إلا من حیث لا یحتسبون) (ضعیف الجامع الصغیر٢٨)، واتە : خوای پەروەردگار رۆزی بەندە بڕوادارە پارێزکارەکانی نادات مەگەر لە رێگایەکەوە کە هیچ حیسابێکیان بۆ نەکردووە.

هەروەها مرۆڤ زۆر جار دەکەوێتە حاڵەتی واوە کە دەستی بەکەسدا ناگات، کەس نیە بێت بەهانایەوە، هیچ هۆکارێکی دنیایی فریای ناکەوێت، ئالەم کاتەدا پەنا دەباتە بەر خوا، بەدڵ لێی دەپاڕێتەوە، ئەویش دێت بەهانایەوە و رزگاری دەکات، بۆ ئەوەی چاك لە قودرەت و توانای بێپایانی پەروەردگار تێبگات و بەچاکیش سوپاسی بکات، هەروەك دەفەرموێت:(أم مَن یُجیب المضطر إذا

دعاه ويكشف السوء ويجعلكم خلفاء الأرض، أأله مع الله؟) النمل/٦٢، واته: كێیه كه دێت به هانای كەسێكی(مضطر)ەوەكە گیری خواردووەو كەس نیه فریای بكەوێت و رزگاری دەكات و،هەروەها كێیه دەتانكات به جێگیرو جێنشین لـه زەویدا ؟، ئایا كەس هەیه بێجگه لـەخوا شایەنی پەرستن بێت و كاری بەدەست بێت ؟ بێگومان ئەو، هەر خۆی خوایەو هەر ئەویش شایەنی پەرستنه).

**٦٦ ) مشته خاكێ له شەوی هیجرەتدا:**

ئەندامەكانی لـەشی مرۆڤ هەمووی نیعمەتی خوان و پێویسته هەردەم سوپاسی خوای لـەسەر بكەین، بۆ نموونه جومگەكان و جوولـەیان، كه هەروەك پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەفەرمووێت (یصبح على كل سُلامى من أحدكم صدقة، فكل تسبيحة صدقة، وكل تحميدة صدقة، وكل تهليلة صدقة، وكل تكبيرة صدقة،وأمر بالمعروف صدقة ونهي عن المنكر صدقة، ويجزيء من ذلك ركعتان يركعهما من الضحى) ـ موسلیم گێڕاویەتیەوە، واته : بۆ جولانی هەموو جومگەیەك لـه لـەشدا هەق وایه مرۆڤ خێرو چاكەیەك بكات، جا هەموو(سبحان الله، الحمد لله، لاإله إلا الله، الله أكبر) یێك خێرو چاكەن، فەرمان دان به چاكەو جلـەو گیری لـه خراپەش چاكەن،وە كردنی دوو ركاتی نوێژی چێشتەنگاو جێی ئەوانەش دەگرێتەوە.

چاو كه نیعمەتێكی زۆر گەورەیە، مرۆڤ بەهۆیەوە دنیای روون دەبینێ، ئەگەر خوای پەروەردگار لـێی سەندەوەو ئارامی لـەسەر گرت، پاداشتەكەی بەهەشتی بەرینی هەتا هەتایی یه، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرمووێت (إن الله عز وجل قال : إذا ابتليت عبدي بحبيبتيه فصبر عوضته منهما الجنة) بوخاری گێڕاویەتی یەوە، واته:(خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : هەر بەندەیەكم تاقیكردەوەو دوو خۆشەویستەكەیم لێ سەندەوە (كه چاوە) و ئارامی گرت، لـەجیاتی چاوەكانی بەبەهەشت پاداشتی دەدەمەوە).

لـه نیعمەتی چاوەوە ئەوە تێدەگەین، كه خوایەك بتوانێ، بەئێمەیەكی لـه خوێن و گۆشت دروست بوو، دوو چاو ببەخشێ كه دنیای پێ ببینین، باشه دەبێت خۆی كه خاوەنی ئاسمانەكان و زەوی یه و تواناو دەسەلاتی بێپایان و بێ سنوورە، چەندە ئاگاداربێت و چۆن هەموو شتەكان ببینێ و تەنانەت مسقالـه زەڕەیەكیشی لێ ون نەبێت... قورئان مرۆڤ بەمە هوشیار دەكاتەوە(يقول أهلكت مالا لبدا، أيحسب أن لم يره أحد، ألم نجعل له عينين) البلد/٨، واته:(مرۆڤی وا هەیه دەلـێت : ماڵ و سامانێكی زۆرم بەخت كردووە، باشه وا دەزانێ كەس چاوی لێ نیەو كەس ئاگادار نیه پێی؟چۆن

دەبێ ئاوا بیر بکاتەوە ؟ئایا ئێمە دوو چاومان نەداوەتیٚ؟ باشە ئێمە بتوانین دوو چاو بدەین بەو، ئایا خۆمان نابینایین و ئەو نابینین کە چی بەخت کردووەو چی نەکردووە !!)... بەڵێ...خوا چاوی داوەو کە مەبەستی بوو لەکاری دەخات، ئنجا کاتی بێت یان بە یەکجاری...بۆ نموونە رۆژێك ئەبووبەکروپێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دانیشتبوون و ژنی ئەبولەهەب هات بەتوڕەیی و چنگیٚ بەردی پیٚ بوو، وتی: کوا (محمد) ئێستا بەردە بارانی دەکەم ؟ چۆن باسی ئێمەی کردووە؟(مەبەستی سوورەتی ـ تبت یدا أبی لهب)بوو...ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) خەمی لێهات، پێغەمبەری خوا(ﷺ)بە چرپە پێی فەرموو :خەمت نەبیٚ ـ إنشاء الله ـ نامبینیٚ...بەڵێ هاتە ژوورەوەو پێغەمبەری خوای نەبینی (ﷺ).

مامۆستا (محمد قطب) یش بۆمان دەگێڕێتەوە( لە زنجیرە وتارەکانی پەروەردەی ئیسلامیدا ) دەڵێت :

لە ساڵانی پەنجاکاندا، لەگەڵ برایاندا بەند کرابووین، هەواڵیان داینیٚ کە ئەمڕۆ دەتانگوێزینەوە بۆ بەندیخانەیەکی دیکە، بەڵام وریا بن شتی قەدەغەکراوتان پیٚ نەبیٚ.جا ئەوەش کە یاساغ و قەدەغەبوو(پارەو، مقەست و، چەقۆ) بوو...منیش رۆژیٚ لەوەو پێش برایەك کە لای ئێمە گواستیانەوە، بڕی (٢٥) جونەیهی لا دانابووم بە ئەمانەت، ناچار راوێژم لەگەڵ برادەرانی ناو ژوورەکەم دا کرد و وتم : ئەگەر ئەو پارەیە هی خۆم بوایە بیٚ سیٚ و دوولێکردن فڕێم دەدا، بەڵام ئەمانەتە نازانم چی لێبکەم دەترسم داوای بکاتەوەو روو زەرد بم لای! ئەوانیش تەگبیریان بۆ کردم، ئەو بڕە پارەیە بخەمە سەر پینەیەك کە بە رۆبەکەمەوە بوو،پاشان جەندرمەکان هاتن و کەوتنە پشکنینمان، برادەرێکیان پێش من پشکنی، تاقە جونەیهێکی پێبوو ئەوەندەیان لێدا هەموو سەرووچاویان کرد بە خوێن.

کە ئەوەم بینی سەرم بەرزکردەوەو وتم : خوایە تۆنەبی کەس نیە لەم دنیایەدا لەدەست ئەم ستەمکارە خوێنمژانە رزگارم بکات! ئنجا سەرە هاتە سەر من و کەوتە پشکنینی کەلو پەلەکانم و، خاولیەکەمی پشکنی چۆن پشکنینێك، سەرەتا دەیتەکاند، ئینجا سانتیمەتر بە سانتیمەتر، بگرە ملیمەتر ملیمەتر دەستی پێدا دەگێڕاو سەیری دەکرد، ئنجا هاتە سەر رۆبەکە خوا ئاگادارە تەکاندی ئینجا دەستی پیێدا گێڕاو چووە سەر پینەکە و زەق زەق سەیری دەکرد بەفەزڵی خوا نەیبینی و رزگارم بوو!.

یان پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەشەوی هیجرەتدا، مستێ خۆڵی هەڵدا بەرووی کافراندا کە چواردەوری ماڵەکەیان تەنی بوو، بۆ ئەوەی بیکوژن... فەرمووی(شاهت الوجوه )بەفەزڵی خوا نەیانبینی و بە سەلامەتی دەرچوو... هەروەك مەحوی دەڵێ :

شــەوی هــیجرەت کە ئەعــدا زۆری هێـنا مشتە خاکێ بوو

پیــا چەنــدن، دەبــەنــگ و کــوێرو کــەڕ مــان ئەو لەعینانە

لەنــاو ئــەوگــورگ و ورچ و ســەگ گەلـــە دەرچــوو(بـإذن الله)

بــە یـــاری غـــارەوە پیــێ نــایــە ئــەو چــۆڵ و بــیـابــانــە

ئەم جۆرە رووداوانە کە موعجیزەی پێغەمبەرن (ﷺ)هەندێکیان بۆ بڕواداران وەك کەرامەتێك دووبارە دەبنەوە، تا زیاتر بڕواداران دڵخۆش و دڵ قایم بن و زیاتر لە قودرەت و توانای پەروەردگاریان تێ بگەن.

لە نامیلکەی (کاك ئەحمەدی شێخ لە روانگەی مەکتووباتەکانیەوە) چەند کەراماتێکی کاك ئەحمەدی شێخم باس کردووە، وا لێرەشدا نموونەیەکی دیکەی خواناسێکی بانگخواز تۆمار دەکەم، بەڕێز (دکتۆر عەلی ئیحسان) بۆی گێڕامەوە کە لە ساڵی (١٩٥٨) دا کە کۆمۆنیستەکان باڵا دەست بوون لە شاری بەغدادا، کۆمەڵێکیان دەچنە سەر قوتابخانەکەی (مامۆستا ئەنوەر)کە یەکێ بوو لە برایانی بەغداو دەڵێن ناڕۆین تا نەیکوژین، چونکە خەریکی بانگەوازی ئیسلامی یە!.

جەنابی بەڕێوەبەروگشت مامۆستاو زۆرێك لە قوتابیان دەچنە لایان و تکایان لێ دەکەن و لێیان دەپاڕێنەوە کە واز لە (مامۆستا ئەنوەر) بهێنن بێ سوود دەبێت !

هیچ چارێك نامێنێت مامۆستا ئەنوەر مشتێ خۆڵی حەوشەی قوتابخانەکە هەڵدەگرێ و بە بەرەکەتی دوعاکەی پێغەمبەر(ﷺ)هەڵی دەدات و دەڵێت (شاهت الوجوه)...ئینجا مامۆستا دەڵێت نازانم ئەو مشتە خۆڵە چی پێکردن، هەریەکەو نەمزانی بە چ لایەکدا رۆیشتن و خوا رزگاری کردم.

شایانی باسە ئەم (مامۆستا ئەنوەر)ە ژن برای (دکتۆر عادل الشویخ)ی رەحمەتی یە کە لە نەوەدەکاندا هاتە کوردوستان و لە رێی سوسێ وەرگەڕاو لە گردی شێخ ئەحمەدی هیندی نێژرا.

## ٦٧ ) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە رامکراوە:

بۆ ئەوەی ژیان و گوزەران لـەم سەر زەوی و بوونەوەرەدا بێت، خوای پەروەردگار هەموو شتی بۆ رامکردووین، هەروەك دەفەرموویت:(ألم تروا أن الله سخر لكم مافي السماوات وما في الأرض وأسبغ عليكم نعمه ظاهرة وباطنة، ومن الناس من يجادل في الله بغير علم ولا هدى ولا كتاب منير) لقمان/٢٠، واته:(ئایا نابینن كە خوا هەرچی لـە ئاسمانەكان و زەوی دایە بۆی رامكردوون و، بەفراوانی نیعمەتەكانی خۆی رشتووە بە سەرتاندا، ئەوەی كە ئاشكرایەو هەستی پێدەكەن و، ئەوەشی كە نهێنی یەو هەستی پێ ناكەن (ئاشكرایە كە هەندێ كەس سوپاسی خوای لـەسەر دەكات) بەڵام هەندێ كەسیش هەن كە دەمەدەمێ دەكەن بە نەزانی لـەبارەی خواوە، بەبێ ئەوەی هیچ رێنماییەك كرابن لـەلایەن پێغەمبەرانەوەو، بەبێ ئەوەی هیچ پەڕاوێكی روون و ئاشكرایان پێبێت ، واتە دەم دەدەن لـە باسێك كە هی ئەوان نیەو لـە توانای ئەواندا نیە، كە ئەویش باسی خوای تاك و تەنهایە.

بێگومان ئەو رامكردنەش بۆ ماوەیەكی دیاریكراوە كە تەنها وا لـەعیلـمی خوادا، هەروەك دەفەرمویت :(ألم تر أن الله يولج الليل في النهار ويولج النهار في الليل وسخر الشمس والقمر كل يجري إلى أجل مسمى وأن الله بما تعملون خبير) لقمان/٢٩، واتە :(ئایا نابینن كە خوا شەو دەبات بەناو رۆژداو رۆژ دەبات بەناو شەودا و بەدوای یەكدا دەیانهێنێت و، خۆرو مانگی ژێر بارو رامكردووە، هەموو یەكێ لـەم دووانە دەگەڕێ هەتا كات و ماوەیەكی ناوبراو و دیاری كراو...جا هەروەكو چۆن ئەم بوونەوەرە ئەجەلێكی هەیە، ئاوەها ئێوەش ئەجەلتان دێت و هەتا هەتایی نین لـە دنیاداو، هەموو دەچنەوە بەر دەستی خواو، بەڕاستی خوا ئاگاداری كارو كردەوەكانتانە).

مرۆڤی خاوەن باوەڕ كە چاو دەگێڕێ و ئەو هەمو شتە دەبینێ كە خوای گەورە بۆی رامكردووە، سوپاسی خوای لـەسەر دەكات بەتایبەت كە سواری وڵاخێك یان كەشتیەك یان هەر هۆیەكی گواستنەوەی دیكە دەبێت، چونكە قورئان رێنمایی كردووە بۆ ئەو سوپاسگوزاری یە، هەروەك دەفەرمویت :(الذي خلق الأزواج كلها وجعل لكم من الفلك والأنعام ما تركبون، لتستوا على ظهوره ثم تذكروا نعمة ربكم إذا استويتم عليه وتقولوا سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين، وإنا إلى ربنا لمنقلبون)الزخرف/١٤، واتە:(خوا ئەو خوایەیە كە لـە بوونەوەردا ئەو هەموو جووتەی دروستكردووە لـە نێرومێ و(سالـب و موجب)و، هەروەها كەشتی بۆ رامكردوون كە بەسەر ئاوی دەریادا بڕواو، ئەو هەموو ئاژەڵەی بۆ ژێربار كردوون كە سواریان بن و كەلوپەلیان پێ

بگوێزنەوە،جا کاتێك سواری وڵاخ یان کەشتی دەبن بیری نیعمەتەکانی خواتان بکەوێتەوە و بڵێن پاك و بێگەردە ئەو خوایەی کە ئەمەی بۆ ئێمە ژێر بارو رامکردووە، کە بەڕاستی بە ئێمە ژێربار نەدەکراو رام نەدەکراو، بەڕاستی هەمومان دەگەڕێینەوە بۆ لای پەروەردگارمان).

(إنا الى ربنا لمنقلبون) مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، واتە کاتێك کە سواری وڵاخ یان کەشتی دەبن و بەلایەکدا سەفەر دەکەن سەفەری قیامەتتان بیربکەوێتەوە، کە بەیەکجاری کۆچ و باری تیا دەپێچنەوە بەرەو قیامەت، بەرەو دادگاییکردنی بەردەم ئەو خوایەی کە هیچی لیٚ ون نابێت.

بەڵیٚ خوای گەورە زەوی رامکردووە، بەڵام هەندیٚ جار بەفەرمانی خوا، بوومەلەرزە یان گڕکان دەبێت، یان دەریای رامکردووە، کەچی جاری وا هەیە بەفەرمانی خوا شەپۆلی وا دێت کە زەرەروزیانی گەورە دەدات، یان بارانی پڕ خێرو بەرەکەت جاری واهەیە دەبێتە لافاوو زریانێك کە هەر مەگەر خوا بزانێت چەندە زیان دەدات،ئەمەش حیکمەتی تیایە، بۆ ئەوەی مرۆڤ دابچڵەکیٚ و زیاتر هەست بە رامکردنی ئەم بوونەوەرە بکات و زیاتر سوپاسی خوای لەسەر بکات و، ئەگەر بهاتایەو بەردەوام ئەو شتانە ئارام بوونایە مرۆڤ زیاتر غافڵ و سەرکەش و یاخی دەبوو.

هەروەها لە نیعمەتەکانی خوایە کە گیانلەبەرانی رامکردووە، بۆ نمونە سەگی بۆ رامکردووین تا پاسی مەڕومالاٌتمان بۆ بکات، کەچی لەم لاوە گورگی رام نەکردووە، زۆر بە دڕندانە پەلاماری مەڕو مالاٌت دەدات،بەمەرجیٚ لەهەمان (فصیلە) ی سەگە.ئەمەش ئەو حیکمەتەی تیایە کە مرۆڤ زیاتر لەمەسەلەی رامکردن تێبگات و ئەگەر فەرمانی خوا نەبیٚ هەموو گیانلەبەران وەك گورگ دڕندە بوونایە ئاخۆ ژیان چۆن دەبوو؟!.

**٦٨ ) سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە :**

پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێت) لەگەڵ بانگخوازاندا تەنها بانگەوازکردنیان لەسەرە بەچاکی، ئیتر سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن ئەرکی سەرشانی ئەمان نیە، ئەوە خوای گەورە بڕیاری لەسەر دەدات، بەمەرجێك هەرچیان لەتوانادا بێت بیکەن...قورئان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمووێت :(وإن ما نرينك بعض الذي نَعِدُهم أو نَتَوفَينك فإنما عليك البلاغ و علينا الحساب، أو لم يروا أنا نأتي الأرض نَنقُصها من أطرافها، والله يحكم لا مُعَقِب لحكمه وهو سريع الحساب) الرعد/٤١، واتە:(ئەگەر پیشانت بدەین ئەوەی پەیمانمان داوە، کە لەناوبردنی کافران و سەرخستنی ئیسلامە، یان

بتمرێنین و نەیبینیت، ئەوە تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرەو سەرەنجام و حیسابیش لەسەر ئێمەیەو بەدەست ئێمەیە، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە خوا وازی لە کافران هێنابێ، نەخێر، ئەوەتە بەردەوام زەوی ژێر دەسەڵاتی کافران کەم دەکەینەوە و دەیخەینە ژێر دەستی موسڵمانانەوە، کەواتە باش بزانن کە هەر خوایە حوکم دەکات و بڕیار دەردەکات و کەسیش نیە بتوانێ بڕیاری ئەو هەڵبوەشێنێتەوەو، خواوەند حیسابکردن و ئەنجامدانی کاری خێرایە...)

بۆیە بڕواداران دەبێت تەنها پشت بەخوا ببەستن، هەروەك قورئان دەفەرمووێت:(إن ينصركم الله فلا غالب لكم، وإن يخذلكم فمن ذا الذي ينصركم من بعده، وعلى الله فليتوكل المؤمنون) آل عمران/١٦٠، واتە:(ئەگەر خوا سەرتان بخات کەس ناتوانێت زاڵ بێت بەسەرتانداو، ئەگەر دەستان لێبەردات و ژێر بکەون کێ هەیە فریاتان بکەوێ و سەرتان بخات، تەنها پشت بەخوا دەبەستن بڕواداران).

زۆر جار پەروەردگار سەرکەوتن دوادەخات، هەرچەندە پێغەمبەران و بڕواداران هەموو توانای خۆشیان خستۆتە گەڕ، ئنجا پێغەمبەران و بڕواداران دڵیان لە خۆیان دائەمێنێ و بێ ئومێد دەبن لەسەرکەوتن، ئا لەم کاتەدا خوای پەروەردگار سەرکەوتن دەنێرێت!؟، خۆ ئەمەش حیکمەتی تیایە، چونکە خوای پەروەردگار بڕوادارانی خۆش دەوێت، حەز دەکات سەرکەوتنەکە بە هی خۆیان نەزانن، ئەوە نیە چییان هەوڵ داوە بەدەست نەهات...پاشان کە خوا ناردی بۆیان، باش تێبگەن ئەو سەرکەوتنە لە خواوەیەو، لە قودرەتی پەروەردگار شارەزا بن و سوپاسی خوای لەسەر بکەن بەبەردەوامی، هەروەك قورئان دەفەرمووێت:( حتى إذا استيأس الرسل وظنوا أنهم قد كُذبوا جاءهم نصرنا فنُجي من نشاء ولا يُرَد بأسُنا عن القوم المجرمين) يوسف/١١٠، واتە: کاتێك پێغەمبەران نائومێدی دایگرتن، خەتەرەی ناخۆش هات بەدڵیاندا، ئا لێرەدا کە دەسەوسان بون و هیچیان پێ نەکرا، خوا سەرکەوتنی بۆ ناردن، هەرچی خوا ویستی ڕزگاری بوو، سزای ئێمەش بۆ کافران و تاوانباران گەڕانەوەی بۆ نیە و دەبێت بیچەژن).

تێگەیشتن لەم ڕاستیەش بڕواداران دەبات بەرەو پشت بەستنی تەواو بە خوا، بەوەی کە هەرچییان لە توانادایە بیکەن و بە دڵیش لە خوا بپاڕێنەوە کە سەرکەوتوو سەرفرازییان بکات و، کە سەرکەوتنیش هات لەخۆیان بایی نەبن و سەرکەشی نەکەن و لە سنوور دەرنەچن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم مەسەلەیە وا لە بڕواداران دەکات کە ئەوەندەی لە گوناهی خۆیان دەترسن، ئەوەندە لە دوژمن نەترسن، چونکە دەزانن کە ئەگەر گوناهبار بوون و لە فەرمانی خوا لایان دا، هیچ فەزڵێکیان نابێت بەسەر دوژمناندا و بگرە ئەمان کەم دەست ترن، لە رووی ژمارەی سەربازو تفاقی جەنگەوە...بۆیە بە ئاسانی دەشکێن و خوای گەورەش پشتیان بەردەداو هاوکاریان ناکات،بۆیە هەمیشە خەلیفەکان ئامۆژگاری سەربازەکانیان دەکرد بە ئیمان و تەقواو دەیان وت:ئێوە تەنها بە ئیمان و تەقوا سەردەکەون بەسەر دوژمنان دا.

قورئانی پیرۆز باسی جەنگی بەدر دەکات تا ببێتە پەندو ئامۆژگاری و موسڵمانان لە دەستی قودرەتی خوا تێبگەن و دەفەرموێت:(قد كان لكم آية في فئتين التقتا، فئة تقاتل في سبيل الله وأخرى كافرة يَرونهم مثليهم رأي العين، والله يؤيد بنصره من يشاء إن في ذلك لعبرة لأولي الأبصار) آل عمران/١٣، واتە:(بەڕاستی لەبەر چاوی ئێوە نیشانەیەکی زۆر ئاشکرا لەسەر گەورەیی خوا روویدا لە نێوان دەستەی موسڵمانان و کافراندا، کە لە بەدردا بەیەك گەیشتن ، دەستەیەکیان سێسەدو سیانزە کەس بوون و بە چەکێکی کەمەوە لە پێناوی خوادا دەجەنگین، دەستەکەی تریان بێبڕوا بوون و نۆسەدوپەنجا کەسی پڕچەك بوون، خوا وایکرد بێبڕواکان موسڵمانەکانیان دەبینی بە دوو چەندانەی خۆیان ، بەهۆی ئەوەوە ترسان و تێکشکان و، خوا کۆمەکەی خۆی دەبەخشێت بە هەر کەسێك کە خۆی بیەوێ، ئالەم یارمەتی و پشتگیرییەدا پەند هەیە بۆ ئەوانەی بەرچاویان روونەو ژیرن.

### ٦٩) (إنشاءالله) تان لەبیر نەچێ:

جوولەکە هانی قورەیشی یە بێبڕواکانیان دا، کە پرسیار بکەن لە پێغەمبەر(ﷺ) لە سێ شت: (روح)و(أصحاب الكهف)و (ذي القرنين)، ئەویش فەرمووی : بەیانی وەڵامتان دەدەمەوەو، نەیفەرموو(إنشاء الله)...لەبەرئەوە خوای گەورە وەحی بۆ نەنارد تا ماوەی(١٥) رۆژ، کافران کەوتنە مقۆمقۆو لاقرتێ کردن وپێغەمبەریش (ﷺ)زۆر بێتاقەت بوو،ئنجا خوای پەروەردگار وەڵامی ئەو پرسیارانەی نارد لە سوورەتی(الكهف) داو تیایدا ئامۆژگاری کردو فەرمووی:ولا تقولن لشيء إني فاعل ذلك غدا إلا أن يشاء الله، واذكر ربك إذا نسيت، وقل عسى أن يهدين ربي لأقرب من هذا رشدا)الكهف/٢٤، واتە:هیچ شتێك مەڵێ سبەینێ دەیکەم بەبێ(إنشاء الله)و، یادی خوا بکە ئەگەر بیرت چوو (إنشاء الله) بکەی ، وە بڵێ هیوادارم و چاوەڕوانم کە پەروەردگارم رێنماییم بکات بۆ بەڵگەو نیشانەی ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرێتیم.

هەموو ڕووداوێك، بەڵكو هەموو هەناسەیەك لە هەناسەكانی هەموو زیندوویەك بەستراوە بە مەیل و خواهیشتی خواوە، بەبێ خواهیشی ئەو هیچ شتێك نابێت و، هەموو ڕووداوێكی داهاتووش غەیبە، كەواتە با لە خۆمانەوە بڕیار نەدەین كە ئەو شتە دێتەدی مەگەر خوا مەیلی لێبێت.

بە تێگەیشتن لەم ڕاستی یە و وتنی(إنشاء الله)بۆ هەموو كارێك دڵ زیاتر پەیوەست دەبێت بە خواوە و، زیاتر خوا دەناسێت و لە دەستی پەروەردگار تێدەگات و لەكاتی سەركەوتن دا لەخۆی بایی نابێت و لە كاتی سەرنەكەوتنیش دا بێهیوا نابێت .

ئەم ئایەتە پێویستە زۆر لە خزمەتیا بوەستین،بۆچی؟

چونكە من دەڵێم سبەینێ فلانە كار دەكەم و، تۆش دەڵێیت سبەینێ فلان كار دەكەم و، ئەوەی كە تەنها دەسەلات و توانای بێپایانی هەبێت لەسەر كار خوایە(سبحانە وتعالى)...ئەگەر بیەوێ دەیكات و ئەگەر نەیەوێ نایكات.

با ئەمە تۆزێك ڕوون بكەینەوە:ئەوەی دەیەوێت شتێك بكات، دەبێ یەكەم خاوەنی قودرەتی تەواو بێت لەسەر كارەكە و، دووەم پێویستە خاوەنی ئەو كات و شوێنە بێت كە كارەكەی تیا ڕوودەدات. واتە ئەگەر من وتم سبەینێ دەچم فلان كەس دەبینم، كە ئەمەش سادەترین و ئاسانترین شتە كەمرۆڤ بیلێ و بیكات،بۆ ئەوە دەبێت من قودرەتی ئەوەم هەبێت كە تا بەیانی بژیم و نەمرم، كە ئەمەش بەدەست خوایە، ڕەنگە ڕێدات بژیم، ڕەنگە كۆتایی بە ژیانم بێنێ و بمرم.

كەواتە من كە بە دڵنیاییەوە جەخت دەكەمە سەر ئەوەی كە سبەینێ فلانەكەس دەبینم هەڵەیە، چونكە نازانم ئاخۆ سبەینێ دەژیم یان دەمرم. گریمان سبەینێ دەژیم بەلام كێ دەڵێ بەهۆی نەخۆشی كت و پڕەوە، یان بەهۆی میوانێكی ناوەختەوە، یان لەبەر هەر شتێكی تر، دەتوانم بچم بەدەم كارەكەوەو فلانە كەس ببینم.

با وادانێین كەمن هەموو شتێكم بۆ ڕەخسا، بەلام كێ دەڵێ كە فلانە كەس كە من دەمەوێ ببینم بارو زروفی بۆ دەرەخسێ؟ كەواتە وتنی (إنشاء الله)هەقەو پێویستە بوترێ، تا دڵنیا بین لەوەی كە هەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا بە فەرمانی خوا دەبێت و نەیەڵین هەرگیز ئەم ڕاستیەمان لە یاد بچێت.

**٧٠ ) وانەیەك لە سوورەتی( كهف ) ەوە:**

قورئانی پیرۆز لـە سوورەتی(كهف) دا فەرمان دەدات بە پێغەمبەر(ﷺ)كە ئەم نموونەیە بۆ موسڵمانان بكاتە وانەیەك كە هەمیشە پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگرن، هەروەك دەفەرموویێت : ﴿وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلًا رَجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا (٣٢) كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِمْ مِنْهُ شَيْئًا وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا (٣٣) وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنْكَ مَالًا وَأَعَزُّ نَفَرًا (٣٤) وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَنْ تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا (٣٥) وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِنْ رُدِدْتُ إِلَى رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِنْهَا مُنْقَلَبًا (٣٦)﴾.

واتە: (سەرگوزشتەو بەسەرهاتی ئەو دوو پیاوە بگێڕەرەوە بۆ موسڵمانان كە فەراهەممان هێنابوو بۆ یەكێكیان دوو باخ بە چەند جۆر لـە ترێ و بە درەختی دارخورماش چوار دەوری ئەو دوو باخەمان بۆ دابوو وەكو پەرژین و، لـەناوەڕاستی ئەو دوو باخەدا كشتوكاڵمان بۆ فەراهەم هێنابوو، جا هەردوو باخەكە بەرو میوەی خۆیانیان دەدا بەتێرو تەسەلی و هیچ كەم و كووڕییان نەبوو.كابرا بەروبوبوم و داهاتی تریشی زۆر هەبوو،واتە تا بڵێی دەوڵـەمەندمان كردبوو.

ڕۆژێ لـەقسەو باسدا بە هاوەڵـەكەی وت : من ماڵو منالـم لـەتۆ زیاترە، ئنجا چووە باخ و باخاتەكەیەوەو زوڵمی لـە نەفسی خۆی كرد بەهۆی ناشوكری یەوە و وتی : وا نازانم كە هەرگیز ئەم باخانە تێك بچن، وەوا ناشزانم كە قیامەت دێت و، ئەگەر بێتیش لـەوێ لـەمە چاكترم دەبێت...(بەڕاستی ئەمە چڵە پۆپەی لـەخۆ بایی بوون و نەگبەتی یە) بۆیە:﴿ قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا (٣٧) لَكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا (٣٨) وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ إِنْ تَرَنِ أَنَا أَقَلَّ مِنْكَ مَالًا وَوَلَدًا (٣٩) فَعَسَى رَبِّي أَنْ يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِنْ جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِنَ السَّمَاءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا (٤٠) أَوْ يُصْبِحَ مَاؤُهَا غَوْرًا فَلَنْ تَسْتَطِيعَ لَهُ طَلَبًا (٤١)﴾، واتە(هاوەڵـەكەی بەدەم قسەو گفتوگۆوە پێی وت : ئایا تۆ بێباوەڕی بەكەسێك كە تۆی دروست كردووە لـە خۆڵ و لـە پاشان لـە دڵۆپە ئاوێك؟ئینجا كردوویتی بە پیاوو ئەم هەموو نازو نیعمەتەی ڕشتووە بەسەرتدا...وە من ئەو خوایە دەپەرستم و هاوەڵی بۆ بڕیار نادەم و، ئەگەر كاتێك تۆ چوویتە ناو باخەكەتەوەو وتت:هەرچی خوا بیەوێ وادەبێ و هەموو هێزوو توانایەك هی ئەوە (واتە نازو

نیعمەتەکانت بەهی خوا بزانیایە و باوەڕدار بوویتایە) ئەوسا تۆ هەقت بوو دڵ بە ماڵ و حاڵەکەت خۆش بکەیت.

راستە دەبینی من ماڵ و منالّم لەتۆ کەمترە، بەلاّم بۆ خوا هیچی تێ ناچێ ئەگەر لە باخ و باخاتەکەی تۆ باشتر بدات بەمن وئەوەی تۆش هەتە لەناوی بەرێت و لە ئاسمانەوە بەلاّیەکی بۆبنێرێت...یان ئاوی باخەکانت بڕوا بە ناخی زەویداو نەتوانی ئاوی بۆ پەیدا بکەیت.

(وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَى مَا أَنْفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَدًا (٤٢) وَلَمْ تَكُنْ لَهُ فِئَةٌ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مُنْتَصِرًا (٤٣) هُنَالِكَ الْوَلَايَةُ لِلَّهِ الْحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا (٤٤))الكهف، واتە:(سامان و بەروبووم و باخاتەکەی چواردەوریان گیراو وێران کران ، ئنجا خاوەنەکەی دەستی بۆ ئەدا بەدەستاو ئاخی هەڵئەکێشا بۆ ئەو هەموو مەسرەفەی کە تیایدا کردبووی، لەکاتێکدا کە بینی هەمووی تێکوپێك درابەسەریەکدا...ئنجا وتی : خۆزگە هاوەڵم بۆ خوا بڕیار نەدایەو خۆم ماڵوێران نەکردایە.هیچ دەستەو تاقمێکی نەبوو بێن بەهانایەوەو خۆیشی بە هێزو توانای خۆی توانای بەرگریکردنی سزای خوای نەبوو،جا لەو کات و شوێنانەدا یارمەتیدان تەنها لە خواوەیەو، خوا باشترە لە هەموو کەسێ لە بابەت پاداشت دانەوە بۆ دۆستەکانی و ئەو باشترەو بەدەسەلاّتە کە پاشەڕۆژیشیان پێ بدات. (بەڕاستی ئەمەش وانەیەکی پڕ ئامۆژگاری یە کە لێیەوە لە دەسەلاّت و توانای بێپایانی خوا تێبگەین).

### ٧١ ) هەر خوایە مردووان زیندوو دەکاتەوە:

خوای پەروەردگار رووداوێکمان بۆ باسدەکات، کە بەتەواوی دەسەلاّت و توانای بێ ئەندازی خۆی تیا دەردەکەوێ و دەفەرموویت:( أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَلْ لَبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانْظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانْظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِلنَّاسِ وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ )(٢٥٩) البقرە /واتە:(یاوەك ئەو کەسەی کە رابوورد بەسەر دێیەکدا و، ئەو دێیە رووخابوو بەسەر یەکداو، وتی : خوا چۆن ئەم لادێیە زیندوو دەکاتەوە دوای مردنی؟، ئنجا خوا سەد ساڵ مراندی لە پاشاندا زیندووی کردەوە، (فریشتە) پێی وت : چەند ماویتەوە لێرەدا؟، وتی :

تاقە ڕۆژێك یان نیوە ڕۆژێك ماومەتەوە، وتی : بەڵكو سەد ساڵە ماویتەوە، تەماشای خواردن و خواردنەوەكەت بكە تێكنەچووەو، تەماشای گوێدرێژەكەشت بكە، ئەمانەشمان بۆیە كرد تا بتكەین بە بەڵگەو نیشانە بۆ خەڵكی لەسەر مەسەلەی زیندووبوونەوەو، تەماشای ئێسقانەكان بكە چۆن بەرزی دەكەینەوە لە پاشاندا گۆشتی بەسەردا دەهێنین،ئینجا كە ئەمانەی بۆ دەركەوت، وتی : تێگەیشتم كە خوا خاوەن دەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێكدا.

ماوەی سەد ساڵ خەوی لێخست بەبێ ئەوەی هیچی لێبێت، كەچی گوێدرێژەكەی لە شوێنی خۆی ئێسك و پروسكی هەڵوەری، خواردن و خواردنەوەكەش كە دەبوایە پاش تێپەڕینی سەد ساڵ نەمایەو خراپ بوایە، كەچی وەك خۆی مابۆوە، چونكە خوای گەورە باڵا دەستە، هەرچی بوێت دەیكات و كەس نیە دەست بێنێتە ڕێی و هەموو فەرمانێكی تاقە وشەیەكە، ببە(كن) دەبێت(فیكون).

هەروەها(أصحاب الكهف)یش خوای پەروەردگار خۆیان و سەگەكەیان سێ سەدو نۆ ساڵ خەوی لێخستن لە ئەشكەوتێكدا، ، پاش ئەو ماوە دوورو درێژە خەبەری كردنەوە، پاشان مراندنیەوە بۆ ئەوەی بیانكات بە بەڵگەیەكی ئاشكراو ڕوون لەسەر دەسەڵاتی خوای پەروەردگارو مەسەلەی زیندووبوونەوە. كە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا شوێنەوارەكانیان دۆزرایەوە و ئەوساو ئێستاش مایەی سوود وەرگرتن و پەندو ئامۆژگاری یە.

هەروەها شوێنەواری گەلی(لوط)یش لای دەریای مردوو دۆزرایەوە و شوێنەواری كۆشك و تەلاری پاشای (سبأ)یش دۆزرایەوە كە لە دووری هەزار مەترەوە لێیەوە شوێنەواری پەرستگاكەشیان دۆزرایەوە كە خۆریان تێدا دەپەرست، بەهەر حاڵ ڕۆژ بەڕۆژ ڕاستیەكان زیاتر بۆ بەرەی ئادەمی دەردەكەون، سا بەڵكو ڕێی ڕاست بگرنە بەر.

### ٧٢ ) پێغەمبەران چاك لە توانای خوا گەیشتوون :

پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێت )، دەستی قودرەتی پەروەردگار ئامادەیان دەكات، بۆ ئەوەی بتوانن پەیامی خوایی بگەیەنن بەبەرەی ئادەمی، هەروەك قورئان دەفەرموێت:(واذكر في الكتاب موسى إنه كان مُخلَصا وكان رسولا نبيا) مريم/٥١،واتە:(یادی موسا بكە كە خوا هەڵی بژاردبوو، وە پاڵفتە كرابوو وە نێرراوو پێغەمبەر بوو، وشەی (مخلص) واتە خوا پاكی كردبۆوەو دامەزراوی

کردبوو بۆ ئەوەی بتوانێ بەچاکی شان بداتە بەر باری قورسی بانگەوازو رووبەڕووی فیرعەونی ستەمکار بێتەوە کە خۆی بە خوا دەزانی.

خوای گەورە بەهۆی (جبرائیل) ەوە(سەلامی خوای لێبێت)پەیوەندی بە پێغەمبەرانەوە دەکات و ، ئەوانیش لەهەموو کەس زیاتر خوا دەناسن و لە دەستی خوا تێدەگەن...

(یەعقوب)سەلامی خوای لێبێت بە کوڕەکانی وت : بڕۆن بگەڕێن بەدوای یوسف دا، وتیان تۆ چۆن وا دەڵێی، یوسف هیچ سۆراخێکی نیە.ئەویش فەرمووی:( قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٨٦) يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْئَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْئَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ (٨٧))يوسف

واتە:(من تەنها شکاتی خەم و پەژارەکانم لای خوا دەکەم و، ئەوەی من لەبارەی خواوە دەیزانم ئێوە نایزانن، کوڕەکانم بڕۆن بگەڕێن بەدوای یوسف و براکەیداو بێهیوا مەبن لە میهرەبانی خوا، بەڕاستی تەنها کافرانن کە لە میهرەبانی خوا بێهیوان .

بەڵێ رۆیشتن و یوسف و براکەیان دۆزی یەوەو کراسەکەیان بۆ هێنا، هەر ئەوان لە میسرەوە کەوتنە رێ، (یعقوب) لە دووری هەزارەها کیلۆمەترەوە فەرمووی : من بۆنی یوسف دەکەم، ئەگەر لۆمەم نەکەن و بڕوام پێبکەن، ئەوانیش وتیان تۆ هەر لەسەر خەیاڵە کۆنەکانتی و نایبڕیتەوە، ئاخر یوسفی چی، دەیەها ساڵە دەنگ و رەنگی نیە...کە گەیشتنەوە لای و کراسەکەیان دا بەدەمو چاویدا، چاوی چاك بۆوەو پێی فەرموون:(ألم أقل لكم إني أعلم من الله ما لا تعلمون ) یوسف/٩٦،واتە:پێم نەوتن ئەوەی دەیزانم لەبارەی خواوە ئێوە نایزانن.

ئیبراهیمیش ـ سەلامی خوای لێبێت ـ لە رووی نازەوە داوای لە خوا کرد کە کرداری زیندوو کردنەوەی پیشان بدات، (وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٦٠)) البقرة، واتە:(کاتێك ئیبراهیم وتی : ئەی پەروەردگارم نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوودەکەیتەوە؟ فەرمووی : ئایا بڕوات بە زیندووبوونەوە نیە؟ وتی : بەڵێ بڕوام پێیەتی، بەڵام ئەمەوێ بیبینم تا دڵنیا بم، فەرمووی چوار مەل بگرە، ئنجا رامیان بکە بۆ لای خۆت، وە هۆگری خۆتیان بکە بە جۆرێك کە بانگت کردن بێن بۆلات تا لێیان

ورد ببیتەوەو بیان ناسیتەوە، پاشان پارچە پارچەیان بکەو لە پاشاندا هەر پارچەیەی لەسەر شاخێك دابنێ، لە پاشا بانگیان بکە دێن بۆ لات بە هەڵە داوان.خوا چۆنی فەرموو ئیبراهیم کردی، دوای ئەوەی کە بانگی کردن خوا زیندووی کردنەوەو هاتن بۆ لای وەك جاران،ئنجا پەروەردگار پێی دەفەرموێت(واعلم أن الله عزیز حکیم)، وە بزانە کە خوا زاڵی بەدەسەڵاتی کاردروستە.

خوای پەروەردگار داواکەی ئیبراهیمی رەت نەکردەوەو نازەکەی نەشکاند، بۆ ئەوەی زیاتر ئامادەی بکات و چاکتر لە تواناو دەسەڵاتی خوا دڵنیا بێت، چونکە ئیبراهیم دەبێت رووبەڕوو بێتەوە لەگەڵ پاشایەکی سەرسەختدا کە(نەمرود)ە، جا کارێکی ئاوا گران، دیارە ئامادەکردنی باشی دەوێت، تا ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت)، بێباکانە بچێتە ئاگرەوەو دڵی نەترسێت و پاشان ژن و تاقە کوڕەکەی بەرێتە بیابانێکی وشك و برینگی بێ ئاوو بێ سەوزایی چۆڵ و هۆڵ و بە جێیان بهێڵێ و خەمیشی نەبێت، تا لەدوای ماوەیەك دەوری ماڵی خوا ئاوا بێتەوەو ئەمیش بەدەستی موبارەکی دیوارەکانی کەعبە دروست بکاتەوە و لەوێوە پەیامی خوایی بگاتە مرۆڤایەتی.

### ٧٣ ) خوای گەورە ترس دەخاتە دڵی جولەکەکانەوە:

لە سەرەتای ساڵی چوارەمی کۆچی لە ناوەندی جەنگی ئوحود و خەندەقا، رۆژێك پێغەمبەر(ﷺ)خۆی و دە کەس لە یارانی دەچن بۆ گەڕەکی (بني نضیر)– کە نیو سەعات لە مەدینەوە دوور بووە – بۆکارێك، بە دیمەن جوولەکەکان پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لێدەکەن و، پێغەمبەر(ﷺ)چیان پێ دەڵێت ئەوان بەڵێنی پێ دەدەن، بەڵام لە ژێریشەوە لە راوێژی کوشتنی پێغەمبەردا دەبن(ﷺ) ،پێغەمبەری خوا(ﷺ)لە ژێر سێبەری دیوارێکدا دانیشتبوو، ئەوانیش یەکێکیان نارد کە لە سەربانەوە بەردێك تل بکاتەوەو بیدات بەسەریدا، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ئاگادار دەکات لە پیلانی جوولەکەکان، پێغەمبەری خوا(ﷺ) گورج هەڵدەستێ و دەڕوات، وەك ئیشێکی خۆی ببێ و بچێت بیکات و بگەڕێتەوە، هاوڕێکانی زۆر چاوەڕوانی دەکەن هەر ناگەڕێتەوە، کە هەڵدەستن و پرسیار دەکەن، تێدەگەن تەشریفی چۆتەوە بۆ مەدینە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ)دوای ئەم ناپاکییەی جوولەکەکان پەیمانەکەیانی دایەوە بە سەریانداو بە لەشکرێکەوە چووە سەریان و، پێی فەرموون : لە ماوەی دە رۆژدا دەبێ لێرە برۆن و هەرچی یەکیشتان هەیە لەگەڵ خۆتاندا ببەن، دەمێنێتەوە باخاتەکەتان، ئەویش دەتوانن یەکێکی بەسەرەوە

دابنێن، بەرووبوومەکەتان بۆ کۆ بکاتەوە، بەڵام دووڕووەکانی مەدینە جوابیان بۆ ناردن کە جێی خۆیان بەجێ نەهێڵن و بە هەموو جۆرێك هاوکاریان دەکەن.

جوولـەکەکان پشت ئەستوور بوون و خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ و، چوونە ناو قەڵاو قوللـەکانیانەوەو، سەری کۆڵانەکانیان هەڵچنی، پێغەمبەر(ﷺ)کە ئەمەی زانی دەوری گرتن و، فەرمانی دا بە بڕینی دارخورماکانیان. بە بڕین و سووتاندنی چەند دارێك ورەیان بەرداو، دڵیان بە شوێنەکەیانەوە نەما، دوای بیست و شەش ڕۆژ کە نائومێدمان لـە یارمەتی دووڕووەکان، داوایان کرد لـە پێغەمبەر(ﷺ)کە نەیانکوژێ و، ڕێیان بدات بڕۆن و هەرچییان هەیە ببەن لـەگەڵ خۆیاندا بێجگە لـە چەك، پێغەمبەر(ﷺ)بەوە ڕازی بوو، ئەوانیش هەرچییان هەبوو نایانە سەر پشتی حوشترەکانیان و بردیان، تەنانەت خانووەکانیشیان رووخاندو دەرگاو پەنجەرەکانیشیان برد، ئنجا ئەم سوورەتە هاتەخوارەوە کە ڕووداوەکە باس دەکات و، موسڵمانانی پێ پەروەردە دەکات و دەسەڵاتی پەروەردگاریان تێدەگەیەنێ کە چۆن جوولـەکەکانی لـە جێی خۆیان هەڵکەندو دەفەرموێت:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُمْ مَانِعَتُهُمْ حُصُونُهُمْ مِنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ (٢) وَلَوْلَا أَنْ كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلَاءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ (٣) ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٤) الحشر، واتە:(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، هەرچی لـە ئاسمانەکان و زەویدایە یادی خوای کردو، ئەو زاڵی کار دروستە، خوا ئەو خوایەیە کە بێبڕواکانی خاوەن نامەی لـە شوێنی خۆیان دەرکرد، لـەگەڵ یەکەم کۆبوونەوەی پێغەمبەرو هاوڕێیانی بۆ جەنگ لـەگەڵیاندا، گومانتان نەدەبرد موسڵمانینە کە جوولـەکەکان ئاوا دەردەچن، هەروەك ئەوان وایاندەزانی کە قەڵاکانیان لـە سزای خوا دەیانپارێزێ، تا سزای خوایان بۆ هات لـە لایەکەوە کە گومانیان بۆی نەچووبوو، خوا ترسی خستە ناو دڵیانەوە، بە جۆرێك کە خانووەکانی خۆیان وێران دەکرد بە دەستی خۆیانو بە دەستی موسڵمانان، ئنجا پەند وەرگرن، ئەی ئەوانەی بەرچاوتان ڕوونەو تێدەگەن،(لـە قوتابخانەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا، ئەم وانەیە بخوێنن، کە ناپاکیو پەیمانشکێنی و پشتبەستن بە غەیری خوا

ئەوە سەرەنجامەکەیەتی ، دەستی قودرەت ئاوا کاردەکات ولـە باڵی ستەمکارو تاوانباران دەدات، کە خوا مەیلی لـەسەر بوو لـەناویان بەرێت، نەقەڵاو نە قوڵـلـەو نە چەك رێی لێ نەگرت و، خوای گەورە لـە دڵ و دەروونیانەوە بۆیان چوو، دڵەکانیانی شکست پێ هێنا، کە دڵیش شکستی خوارد هیچ شتێك سوودی نیە و خۆی بۆ ناگیرێ).

جا ئەم رۆیشتنی جوولـەکانە بۆ خۆیان باش بوو، چونکە ئەگەر نەڕۆیشتنایە ناپاکی خۆیان هەر دەکرد، ئەو حەلـە دووچاری سزای خراپتر دەبوون هەر لـە دنیاداو، لـە رۆژی دواییشدا سزای ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە، ئەم سزایەش بەهۆی ئەوەوەیە کە بە پێچەوانەی فەرموودەی خواو پێغەمبەریان کردو، هەرکەسێك پێچەوانەی فەرمانی خوا بکات بە ڕاستی سزای خوا سەختە.

### ٧٤ ) بەخشین و نەبەخشینی منداڵ لە خواوەیە :

خوای پەروەردگار لـە سوورەتی(الشورى) دا دەفەرموویێت : (لِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ الذُّكُورَ (٤٩) أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَنْ يَشَاءُ عَقِيمًا إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ (٥٠))، واتە(هەرچی لـە ئاسمانەکان و زەویدایە موڵکی خوایە، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەر بۆ خوایە، هەرچی بیەوێ دروستی دەکات، کچ دەبەخشێ بەهەرکەسێك کە مەیلی لێبێت و، کوڕیش دەبەخشێت بەهەر کەسێك کە مەیلی لێبێت ، یان بە جووت کوڕو کچ دەبەخشێت و، کێش مەیلی لێبێت دەیکات بە نەزۆك و هیچی پێ نابەخشێ، بەڕاستی خوا زاناو بەدەسەڵات و کاردروستە).

خوای پەروەردگار باڵا دەستە، توانای بێ سنوورە، ئادەمی بێ دایك و باوك دروست کرد،(حوا)ی هاوسەری لـە ئادەمەوە دروست کرد بێ دایك، (عیسا)شی دروست کرد تەنها لـەدایك و، بەبێ بوونی باوك، (یەحیا)شی دروست کرد لـە دایکێکی نەزۆك و باوکێکی پیری بەساڵاچوو،سەرجەم خەڵکانی تریشی دروست کردووە لـە دایك و باوك(کە ئەمەشیان سوننەت و باوو یاسای خوایە لـە بوونەوەردا)، بەڵام کە خۆی ئەم یاسایەی داناوە، مانای ئەوە نیە کە دەستی خۆی پێبەستووەو ناتوانێت لێی دەرچێت، بەڵکو هەرچی بوێت دەیکات لـەبەر ئەو حیکمەتەی کە خۆی دەیزانێت، کردنەکەش هیچی تێناچێت، تەنها دەفەرموێت(کن) (ببە) یەکسەر (دەبێت) (فیکون).

لـه قورئاندا هەمیشە دەفەرمویّت(فلما جاء أمرنا) هەرئەوەندە كە فەرمانی ئێمە دەرچوو...ئیتر یەكسەر جێبەجیّ دەبێت،بۆ زیاتر تێگەیشتن لـەم راستیە چاك وایە بچینە خزمەت سوورەتی(آل عمران)لـە ئایەتی(٣٤ تا ٤١)كە باسی لـەدایك بوونی (مەریەم) و(یەحیا) دەكات ـ سەلامی خوایان لێبێت ـ و دەفەرموویّت :

(إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٣٥) فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنْثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (٣٦) فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنْبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا..)، واتە: كاتێك ژنی عیمران وتی : ئەی پەروەردگارم بەڕاستی ئەوەی لـە سكمایە نەزرم كرد بۆ خزمەتی خانەی تۆ كە (بیت المقدس)ە، بەتەما بوو كوڕی ببێت، ئەو خزمەتەش بە كوڕ دەكرا، لێم قبوولّ بكە، بەڕاستی تۆ بیسەرو زانایت، كاتێك كە سكەكەی دانا بەخەم و پەژارەوە وتی : ئەی پەروەردگارم مێینەم بوو (ئا لێرەدا قسەكەی ژنی عیمران دەپچڕێ و خوای پەروەردگار تەعلیق لـەسەر قسەكەی دەدات و دەفەرموویّت) خوا داناترەو زاناترە بەوەی كە بوویەتی و، ئەو نێرینەیەی كە داوات كردووە وەك ئەم مێینەیە نیە كە بووتە، ئەمە گەلیّ باشترە.

(خوای گەورە دەیزانی كە كچی دەبێت و هەڵبەتە قەدەری خوا ئەم كچەی پیّ چاكتر بووە، بۆ ئەوەی لـە دوارِۆژدا بە موعجیزە (عیسا)ی ببێت، بەلاّم خۆ ئەو ئافرەتە (ظاهر) بینە، نازانیّ قەدەری خوا چی هەڵگرتووە بۆی).

ئنجا قورئانی پیرۆز پاشماوەی قسەكانی ژنی عیمران تۆمار دەكات كە دەڵێت : وە من ناوم نا (مەریەم) و، من خۆی و نەوەی دەپارێزم بە تۆ لـە شەیتانی دەركراو، پەروەردگاری مەریەم، مەریەمی وەرگرت بە وەرگرتنێكی باش و، رازی بوو بەمە كە مەریەم ئازاد بێت بۆ خواپەرستی و خزمەتی خانەی خوا هەرچەندە مێینە بێت و، خوا رواندی بە رواندنێكی جوان و پەروەردەی كرد بە پەروەردەكردنێكی جوان، (بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو كارە گەورەیە بگرێت، كە تاقیكردنەوەیەكی زۆر قورس بوو، ئەویش موعجیزەی بوونی منالّ بوو بە بیّ باوك، كە كەم كەس هەبوو بڕوای پێبكات و بوختانی زۆریان بۆ كرد).

(وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٧))، واته: زەکەرییاو خێزانی مەریەمەیان بەخێوکرد، تا تۆزێك گەورە بوو ئنجا جێیەکی تایبەتیان لـە پەرستگا بۆ تەرخان کرد کە خوا پەرستی تێدابکات، هەرجارێك زەکەریا سەری بدایە لـە مەریەم، خواردنی لـەلا دەبینی، رۆژێك لێی پرسی : ئەی مەریەم ئەم خواردنانە کە لـەم ناوچەیەداو لـەم وەرزەدا نین لـە کوێت بوو؟؟.

ئەویش وتی : ئەمە لـە خواوەیە، بەڕاستی خوا رۆزی دەدات بە هەر کەسێك کە بیەوێ بەبێ حەددو حیساب (خوای پەروەردگار بەم جۆرە مەریەمی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لـە قودرەتی پەروەردگار تێبگات).

(هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ (٣٨) فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (٣٩))، واتە:(لـەوێدا زەکەریا قسەکانی مەریەم کاری تێکردو، کەوتە پاڕانەوە لـە بارەگای خوادا: پەروەردگارا کوڕێکی سروشت پاك و چاکم پێ ببەخشەلـەلایەن خۆتەوە(واتە بە قودرەت و دەسەلاتی بێپایانت)، بەڕاستی تۆ بیسەری دوعایت.

کاتێك کە زەکەرییا لـە میحرابدا وەستابوو نوێژی دەکرد فریشتە بانگی کرد، کە خوا مژدەت دەداتێ بە (یەحیا) کە بڕوا هێنەرە بە عیسا(واتە یەکەم کەسە کە بڕوادەهێنێ بەو عیسایەی کە لـەدایك دەبێت بە وتەیەك لـەخواوە کە وتەی(کن فیکون)ەو، وە (سیدا) پێشەوای رێگای خواو (وحصورا) وە جلـەو گیری نەفسی خۆیەتی و، پێغەمبەرێکە لـە پێغەمبەرانی چاك کرداران.

(قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ (٤٠) قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ (٤١))، واتە: (زەکەریا وتی: پەروەردگارا من لـە کوێ کوڕم دەبێ، کە بەڕاستی پیری یەخەگیرم بووە و ژنەکەم نەزۆکە؟، فەرمووی : بەلـێ وایە وەك دەلـێیت، ئەوی خوا بیەوێ دەیکات. زەکەریا وتی : پەروەردگارا نیشانەیەکم بۆ دابنێ، فەرمووی نیشانەکەت ئەوەیە کە ناتوانیت سێ رۆژ قسە لـەگەلـ کەس بکەیت مەگەر بە ئاماژەو، ئێواران و بەیانیان زۆر یادی پەروەردگارت بکە.

(خوای پەروەردگار کە کوڕەکەی بۆ ناونا (يحيى) واتە(ئەژی) بۆ ئەوە بوو کە خوای گەورە دەیزانی شەهید دەبێت، شەهیدیش نامرێ، کەواتە ئەو کوڕە لە راستیدا نامرێ و دەژی و، خوای گەورە ناوێکی تەواوو چاکی لێنا ، دیارە ناوێکیش خوا بینێ هەروادەبێ).

**٧٥ ) موعجیزەی لەدایك بوونی ( عیسا ) سەلامی خوای لێبێت :**

قورئانی پیرۆز هەر لە سورەتی (آل عمران) دا لەئایەتی(٤٢ ـ ٥٠) دا باسی موعجیزەی لەدایکبوونی عیسا دەکات ـ سەلامی خوای لێبێت ـ و دەفەرموێت:

(وإذ قالت الملائكة يا مريم إن الله اصطفاك وطَهَرَكِ واصطفاكِ على نساء العالمين . يا مريم اقنتي لربكِ، واسجدي، واركعي مع الراكعين)، واتە: (کاتێك کە فریشتە وتی : ئەی مەریەم بێگومان خوا تۆی هەڵبژاردووەو پاکی کردویتەوە و باوی دای بەسەر ژنانی جیهاندا، ئەی مەریەم فەرمانبەری پەروەردگارت بە و، سەجدەو رکوع بەرە لەگەڵ ئەوانەی کە سەجدەو رکوع دەبەن).

ئاشکرایە ئەم دەنگوباس و سەرگوزەشتەیە نە پێغەمبەرو نە گەلەکەی نەیاندەزانی ، خوای پەروەردگار بۆ پەندو ئامۆژگاری بۆیان بەیان دەکات، (ذلك من انباء الغيب نوحيه إليك وما كنتَ لديهم إذ يُلقون أقلامهم أيهم يكفلُ مريم، وما كنت لديهم إذ يختصِمون)، واتە: ئەوەی وترا لە دەنگ و باسی نهێنی و غەیبە بە وەحی بۆت دەنێرین، وەتۆ لەلای ئەوان نەبوویت کاتێك کە قورعەیان کرد قەڵەمەکانیان هاویشت بۆ ئەوەی بزانن کامیان مەریەم بگرێتە خۆی و بەخێوی بکات و، تۆ لەلایان نەبوویت کە دەمەقاڵەیان دەکرد لەم رووەوە (چونکە چەند خواناس و پیاوباشێکی ئەو زەمانە حەزیان دەکرد فەزڵی بەخێوکردنی مەریەمیان دەسگیر بێت، بەڵام ویستی خوا وابوو کە ئەو کارە مەزنە بۆ زەکەریا بێت).

(إذ قالت الملائكة يا مريم أن الله يُبشركِ بكلمة منه اسمه المسيح عيسى ابن مريم وجيها في الدنيا والآخرة ومن المقربين، ويكلم الناس في المهد وكهلا ومن الصالحين) واتە:(کاتێك فریشتە وتی ئەی مەریەم بێگومان خوا مژدەت دەداتێ بە عیسایەك کە لە دایك دەبێت بە وتەی ـ کن : ببە ـ لەلایەن خواوە کە لە دین و دنیادا بەرێزو پایە بەرزە و لە خۆشەویستان و نزیکانی بارەگای خوایە، لەگەڵ خەڵکیدا قسەدەکات لەبێشکەو لە کاتی گەورەییدا و یەکێکە لە پیاوچاکان(قالت رب أنى يكون لي ولد ولم يمسسني بشر؟ قال كذلك الله يخلق ما يشاء، إذا قضى أمرا فإنما يقول له كن

فیکون)، واته:(مەریەم وتی: پەروەردگارا من لەکویٚ کوڕم دەبیٚ، لە کاتێکدا کە پیاو نەهاتۆتە لام؟! جبرائیل وتی : وایە کە دەڵێیت خوا چی بویٚ دروستی دەکات، کاتێك کە خوا بڕیاری شتێکی دا هەر ئەوەندەی دەویٚ کە بفەرمویٚ : ببە، ئیتردەبێت.

(وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ (٤٨) وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٤٩))، واتە:(خوای گەورە(عیسا) فێری نامەو شەریعەت و تەورات و ئینجیل دەکات و، بە فروستادە دەینێریٚ بۆ نەوەی یەعقوب، عیسا بە گەلەکەی وت کاتی ڕەوانەکردنەکەی : بەڕاستی من نیشانەیەکم لە پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون، من لە قوڕ شتێکتان بۆ دروست دەکەم وێنەی باڵندە، فووی پێادەکەم دەبێتە باڵندە بەفەرمانی خواو، کوێرو بەڵەك چاك دەکەمەوە و، مردوو زیندوو دەکەمەوە بە فەرمانی خواو، هەواڵتان دەدەمیٚ بەوەی کە لەماڵەوە دەیخۆن و ئەوەش کە بە زەخیرە هەڵی دەگرن، بەڕاستی ئەمانە موعجیزەو بەڵگەو نیشانەن بۆتان لەسەر پێغەمبەرێتی من، ئەگەر ئێوە بڕوادارن.( وَمُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُمْ بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (٥٠))، وەمن هاتووم بە بڕواهێنەر بەو تەوراتەی کە لەبەر دەستمایەو، هاتووم بۆ ئەوەی کە هەندیٚ شتتان بۆ حەڵاڵ بکەم کە لێتان قەدەغەکراوەو، هاتووم بە موعجیزەو بەڵگە بۆلاتان لە پەروەردگارەوە، بترسن لە خواو فەرمانبەری بکەن.

جا هەندێك ڕەنگە گومانیان هەبێت لە مەسەلەی لەدایك بوونی عیسادا، قورئان لە ئایەتی(٥٩ ـ ٦٠) ی سوورەتی(آل عمران)دا جەخت دەکاتە سەر ئەم مەسەلەیەو ڕوونی دەکاتەوەو دەفەرموێت:

(إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له كن فيكون، الحق من ربك فلا تكونن من الممترين)، کاتێك وەفدی گاورەکانی نەجران لە یەمەنەوە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر) وتیان تۆ چۆن دەڵێیت عیسا بەندەی خوایە؟، عیسا یا خوایە یا کوڕی خوایە، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی : بەڵیٚ عیسا بەندەی خواو ڕەوانەکراوی خوایە، بە وتەی (کن فیکون)پەیدا بووە لە سکی دایکیا. وەفدەکە وتیان : تا ئێستا ئادەمی یەك بەبیٚ باوك و دایك لەدایك نەبووە، ئەگەر بووە پێمان بڵیٚ، جا بۆیە بەم بۆنەوەیە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی : بەڕاستی

حاڵی عیسا لای خوا وەك حاڵی ئادەم وایە، (كە هەموو جیهان دەزانن بەبێ دایك و باوك هاتۆتە دنیاوە) و، ئەو خوایەی كە ئادەمی بەبێ باوك و دایك دروست كردووە، (عیسا)شی بەبێ باوك دروست كردووە.

ئادەمی دروست كرد لـەگەڵ ئنجا فەرمووی (ثم قال له كن فيكون)ببە بە ئادەمی یەكی زیندوو خاوەن گیان، (فيكون)ئیتر یەكسەر بوو، (الحق من ربك فلا تكونن من الممترين) هەق و راستی لـە پەروەردگارتەوەیە كە بۆمان باس كردیت، كەواتە بەهیچ جۆرێك لـە گوماندااران مەبە.

**دوا وتـە:**

بە تێگەیشتن لـە بێپایانی دەسەڵاتی خوا حەقیقەتی (توكل) تێدەگەین.. واتە هەرچی لـە تواناماندا بێت دەیكەین و هۆكارە پێویستەكان دەگرین و پاشان لـە دڵیشەوە پشت بە خوای باڵادەستی بە توانا دەبەستین...بۆ نموونە:

پرس وراوێژكردن فەرمانی قورئانە كە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت:(وشاورهم في الأمر فإذا عزمت فتوكل على الله، إن الله يحب المتوكلين) آل عمران/١٥٩، واتە : پرس و راوێژ بە موسڵمانان بكە، پاشان كە بڕیاری شتێكتان دا پشت بە خوا ببەستن بۆ ئەنجامدانی، بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت كە پشتی پێدەبەستن.

یان دەفەرمووێت:(وأمرهم شورى بينهم)الـشورى/٣٨، واتە: كاروباری موسڵمانان بە پرس و راوێژە لـە نێوان خۆیاندا .

لـە لایەكی دیكەوە پێغەمبەر(ﷺ)هەروەك چۆن قورئانی فێری هاوەڵان دەكرد ئاوەهاش فێری نوێژی(استخارە)ی دەكردن، كە بۆ هەموو كارێك دوو ركات نوێژی (استخارە) بكەن و ئەم دوعایەی تیا بخوێنن:(اللهم إني أستخيرك بعلمك وأستقدرك بقدرتك، وأسئلك من فضلك العظيم، فإنك تقدر ولا أقدر، وتعلم ولا أعلم وأنت علام الغيوب، اللهم إن كنت تعلم أن هذا الأمر خير لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاقدره لي ويسره لي، ثم بارك لي فيه، وإن كنت تعلم أن هذا الأمر شر لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاصرفه عني واصرفني عنه واقدر لي الخير حيث كان، ثم أرضني به) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

پێشەوا (ابن تیمیە)ش دەڵێت: (ماندم من استخار الخالق وشاور المخلوقین)، واتە: کەسێك کاری خۆی بداتە دەست خواو ئیستخارە بکات و، پرس و راوێژیش بە خەڵکی بکات، پەشیمانی حاصل ناکات لە کارەکانیدا.

سەرچاوەکان:١ – معجزة القرآن ـ جزء ١ ـ ٥ متولي الشعراوي .

٢ – تەفسیری خاڵ شێخ محمدی خاڵ.

٣ – ریاض الصالحین .

## بەشی ٣

# تیشکێك لە قورئانەوە

| | |
|---|---|
| ٧٦- مژدەدان بە هاتنی پێغەمبەر(سەلامی خوای لەسەر) لەتەورات وئینجیلدا | پێشەکی |
| ٧٨- موسوڵمان بوونی بەردەوامی هەندێك گاورو جولەکە | ٧٧- شایەتێك لەنەوەی ئیسرائیل |
| ٨٠- شاردنەوەی هەق وڕاستیو گۆڕینی... | ٧٩- خوا شایەتەو ئەوانەش کە زانان بە پەڕاوە پێشینەکانیان |
| ٨٢- قورئان بیرو بۆچونی گاورو جوو ڕاست دەکاتەوە | ٨١- گاورو جولەکەکان قسەی کافرەکانی پێشین دوبارە دەکەنەوە |
| ٨٤- قورئانی پیرۆز تەحەددای ئەهلی کیتاب دەکات | ٨٣- ئەو شتانەی کە لە پەڕاوە پێشوەکاندا دەستکاری نەکراون |
| ٨٦- بویژدانیی تەنانەت لەگەڵ ئەهلی کیتابییشدا | ٨٥- وەرن با لەعنەت لە درۆزن بکەین |
| ٨٨- پیلانێکی گەورەی جولەکەکان | ٨٧- دانوستانێك لەگەڵ ئەهلی کیتابدا |
| ٩٠- دوا ساتەکانی ژیان | ٨٩- ئەهلی کیتاب لەسەرە مەرگدا |
| (٩٢)نوستن وخەو بینین | ٩١- تۆبەی سەرەمەگ وەرناگیرێت |
| ٩٤- ئایەتە زانستی یەکان | ٩٣- دوعاکردن |
| ٩٦- چاکە کردن لەگەڵ دایك وباوکدا | ٩٥- ورد بوونەوە لە شاخەکان |
| ٩٨- ورد بوونەوەو بیر کردنەوە پێویستن | ٩٧- پایەی بەرزی پێغەمبەر (د.خ) |
| ١٠٠-لەدەست خوا دەرناچن نە لە ئاسمان ونە لە زەویدا | ٩٩- سەرنجدان لەشیر |

## پێشەکی

ئاشکرایە قورئان دوا بەرنامەی خوایە بۆ بەرەی ئادەمی هەتا رۆژی قیامەت ، بۆیە ئاسان کراوە ، تاگەورە و بچووك ، خوێندەوار ونەخوێندەوار ، هەرکەسە بەشی خۆی سودی لێوەربگرێ و رێی پێدەربکات لەتاریکایەکانی ژیاندا .

بەتایبەت لەمرۆدا کە زیاتر لەهەموو کات و ساتێك تاریکایی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە و گشت ئەزموونەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە تەنها بانگی (حی علی الفلاح) ی ئیسلامە مرۆڤ بەرێ بەرەو سەرفرازی دنیاو قیامەت و لەتاریکاییەکان رزگای بکات .

بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە بۆ نموونە لە(١٥) ساڵی رابردوودا (٣٠٠٠٠٠) (سێ سەد هەزار) کەس لە بەندیخانەکانی ئەمریکادا موسڵمان بوون و لەپاش دەرچوونیان لەبەندیخانە لە(٨٥٪) یان بەجۆرێك چاك بوون جارێکی دیکە نەچوونەتەوە بەلای خراپە و تاواندا ، بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی کە موسڵمان نابن و بەردەبن لە(٩٧٪) یان بۆ جارێك و چەند جارێکی دیکەش دێنەوە بەندیخانە ... ئەمەش وای لە حکومەتی ئەمریکی کردووە کە ئیمامی موسڵمان دابمەزرێنێ بۆ بەندیخانەکان و مووچەی باشیان بۆ ببڕێتەوە تا رێنومایی سەرگەردان و لەرێ لادراون بکەن (١) .

جا بۆیە ئەمرۆ لەهەنگاونانماندا بەرە و ئاسۆ ، بەرە وسەرفرازی دنیا و ئاخیرەت ، دەبێ لەقورئان تێ بگەین ، لەئەڵقەی یەکەم و دووەمی ئەم زنجیرەیەدا(٧٥) هەڵوێستەمان لە خزمەت قورئاندا تۆمار کردوو لەم ئەڵقەیەشدا بەردەوام دەبین لەگەشتەکەماندا بە گوڵزاری گوڵستانی قورئاندا ، بەو هیوایەی زیاتر دڵ بۆ قورئان بکەینەوە ، چاکتر پەیڕەوی بکەین و ببینە (اصحاب) و هاوەڵی قورئان هەتاوەکو لە قیامەتیشدا یەکێك بین لەوانەی کە قورئان تکاکاریان دەبێت ، هەروەك پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت : ﴿ اقرؤا القران فانه يأتي يوم القيامة شفيعاً لأصحابه ﴾ موسلیم گێڕاویەتیەوە .

### ( ٧٦ ) مژدەدان بەهاتنی پێغەمبەر (ﷺ)لە تەورات و ئینجیلدا :

عیسا (سەلامی خوای لێبێت) مژدەی داوە بەهاتنی پێغەمبەر (ﷺ)هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ واذ قال عيسى ابن مريم يا بني اسرائيل اني رسول الله اليكم مصدقاً لما بين يدي من التوراة و مبشراً برسول يأتي من بعدي اسمه احمد ، فلما جاءهم بالبينات قالوا هذا سحر مبين ﴾ الصف

: ١٦ واتە : بیر بکەرەوە کاتێك کە عیسای کوڕی مەریەم وتی : ئەی کوڕانی یەعقوب (بەنی ئیسرائیل) بەڕاستی من رەوانە کراوی خوام بۆ لای ئێوە ، بڕوادارم بەو تەوراتەی لەبەردەستانایەو ، مژدەدەرم بە پێغەمبەرێکی رەوانەکرا و کە دێ لەدوای من و ناوی (ئەحمەد) ە . ئنجا کاتێك ئەو پێغەمبەرەیان بۆ هات بەچەند نیشانە و بەڵگەیەکی رۆشنەوە وتیان : ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٥٧) ﴾ الاعراف

واتە : ئەوانەی کە دوای فروستادەیەك دەکەون کە پێغەمبەرە و سروشی لەخواوە بۆ هاتووە و نەخوێندەوارە ، کە مژدە بەهاتنی دراوە لەلایان ، لەتەورات و لەئینجیلدا ، فەرمانیان پێدەدات بەچاکە و جڵەوگیریان لێدەکات لە خراپە و ، شتی پاك و چاکیان بۆ حەلاڵ دەکا و شتی پیس و خراپیشیان لێ حەرامدەکات و،ئەو زنجیرو بارە قورسەی لەسەر شانیانە لای دەبات و ئەرکیان سووك دەکات .

جا ئەو کەسانەی باوەڕیان پێهێنابێ و بەرێز و گەورە گرتبێتیان و کۆمەکیان کردبێ ، وە دوای ئەو نوور و روناکی یە کەوتبن کەلەگەڵی دا نێردراوە ، هەر ئەوانن سەرکەوتوو سەرفراز .

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ ولما جاءهم كتاب من عند الله مصدق لما معهم وكانوا من قبل يستفتحون على الذين كفروا،فلما جاءهم ما عَرَفوا كفروا به فلعنة الله على الكافرين ﴾ البقرة : ٨٩ واتە :کاتێك قورئانیان بۆ هات لەلایەن خواوە کەبڕوادارە بەو تەوراتەی کەلەلایانە و بەدەستیانەوەیەو،لەوەوپێش دەیانوت :خوایە دوا پێغەمبەرمان بۆ بنێری تا شوێنی بکەوین و زاڵ بین بەهۆیەوە بەسەر بتپەرستەکاندا ،کەچی کاتێك ئەو پێغەمبەرەیان بۆ هات کەلەوەوپێش دەیان ناسی بەهۆی ناونیشانەکانی تەوراتەوە ، بڕوایان پێنەکرد ، ئنجا نەفرینی خوا لە بێبڕوایان .

جوولەکەکان هەروەك چۆن منداڵی خۆیان دەناسی ئاوەهاش پێغەمبەریان (ﷺ)دەناسی و لێی دڵنیابوون ، بەڵام چونکە لەنەوەی (ئیسماعیل) بوو ، لەداخ و حەسەدا دوای نەکەوتن ، ئەمان

حەزیان دەکرد کە لەنەوەی (ئیسحاق) بێت ، جا کەویستی خوا بەجۆرێکی تر بوو ، کەوتنە پروپاگەندە کردن دژی و چیان بۆ کرا لەدوژمنایەتی کردیان بەرامبەری .

ئنجا قورئان لەم بارەیەوە دەفەرموێت پاش ئەو چەند ئایەتەی باسمان کرد ﴿بئسما اشتروا به أنفسهم أن يكفروا بما انزل الله ، بغياً أن يُنزِلَ الله من فضله على من يشاء من عباده ، فباؤا بغضب على غضب و للكافرين عذاب مهين﴾ البقرة : ٩٠ واتە : شتێکی زۆر بەدی خراپ بوو ئەوەی کە خۆیانیان پێ فرۆشت ، کە ئەوەش بڕوانەکردنیان بوو بەو قورئانەی کە خوا ناردوویەتی یە خوارەوە ، بەهۆی ئەو سەرکێشی کردن و حەسەدەی هەیان بوو بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ)کە خوا بەخششی خۆی رشت بەسەریدا ، جوولەکەکان گەڕانەوە بە خەشم و غەزەبی خواوە یەك لەسەر یەك و، بۆ بێ بڕوایان سزای ریسواکەر هەیە ).

بەڵێ ، حەسەد چاوی کوێر کردبوون و هەق و راستیان پشت گوێ خست ، بەمەش دۆڕان و خۆیان خەسارەتمەندی دنیا و ئاخیرەت کرد ...

تێبینی : باسی خۆشەویست (ﷺ)لەتەورات و ئینجیلدا هاتووەو، زۆر لەزاناکانی پێشین بینویانە و کردویانە بەبەڵگە بەسەر گاور و جوولەکەوە ، لەو زانایانەش ئیبن قوتەیبە کەلەساڵی ٢٧٦ کۆچیدا وەفاتی کردووەو ، (ماوردی) کەلەساڵی (٤٥٠) ی کۆچیدا مردووەو ، (الفخر الرازی) کەلەساڵی ٦٠٦ ی کۆچیدا لەدنیادەرچووە و، (ئیبن تیمیە) کە لەساڵی ٧٢٨ی کۆچیدا گیانی سپاردووە ... (ئیبن تیمیە) لەپەڕاوی (الجواب الكافي لمن بدل دين المسيح ) دا دەڵێ : لە (سفر دانیال) دا باسی پێغەمبەر (ﷺ)بەم جۆرە هاتووە :

( وقال دانيال النبي ايضاً : فلايزالون ملعونين (بني اسرائيل) عليهم الذلة و المسكنة ، حتى أبعث نبي بني اسماعيل التي بشرت به هاجر ، وأرسلت اليها ملاكي و بشرها ، واوحي الى ذلك النبي ، وأعلمه الاسماء ، وأزينه بالتقوى ، واجعل البر شعاره ، و التقوى ضميره ، اسري به الي ، وأرقيه من سماء حتى يعلو فاقربنه و اسلم عليه ، واوحي اليه ، ثم ارده الى عبادي بالسرور و الغبطة ... فيدعو قومه الى توحيدي و عبادتي ، و يخبرهم بما راى من اياتي فيكذبونه ويؤذونه ...)

واتە : دانیال پێغەمبەر هەروەها وتی : نەوەی ئیسرائیل هەر مەلعون و زەلیل و ریسوا دەبن هەتا ئەو پێغەمبەرە دەنێرم لەنەوەی (ئیسماعیل) کە هاجەرە خاتوون مژدەی بوونی پێدراو ، مەلائیکەتم

نارد بۆلای بۆ ئەو مژدەدانە و، سرووش دەنێرم بۆ ئەو پێغەمبەرە و ناوەکانی فێردەکەم و بە تەقوا جوانی دەکەم و ، چاکە و (البر) دەکەمە شیعاری و تەقواش دەکەمە ویژدانی ، ئیسرای پێدەکەم و دەیبەم بۆ لای خۆم و، بەرزی دەکەمەوە ئاسمان بەئاسمان و نزیکی دەکەمەوە و سەلامی لێدەکەم و ، سروشی بۆ دەنێرم و پاشان بەدڵخۆشی یەوە دەینێرمەوە بۆلای بەندەکانم و گەلەکەی بانگ دەکات بۆ یەکتاپەرستی و پەرستنی من و، هەواڵیان دەداتێ ئەوەی کەبینیویەتی ئەوانیش بڕوای پێناکەن و ئازاری دەدەن .(ئیبن تەیمیە) دەڵێ : ئەم مژدەیە ئێستا لای جولەکە و گاورەکان هەیە و دەیخوێننەوە و دەڵێن هێشتا ئەم کەسە نەهاتووە ) .

## ( ۷۷ ) شایەتێك لەنەوەی ئیسرائیل :

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ خاوەن نامەکاندا ( ئەهلی کیتاب) قورئانی پیرۆز پێغەمبەر (ﷺ)فێردەکات کەپێیان بفەرموێت : ﴿ قل ما کنت بدعاً من الرسل ، وما ادري ما يُفعَل بي ولا بكم ، ان اتبع الا ما يوحي الي ، وما انا الا نذير مبين ﴾ الاحقاف : ۹ واتە : پێیان بڵێ من لەناو پێغەمبەراندا یەکێکی تازە پەیدابوو (بیدعە) نیم ، (لەپێش مندا نزیکەی ۱۲٤۰۰۰ سەد و بیست و چوار هەزار ـ پێغەمبەر هاتوون سەلامی خوایان لێبێت ) ومن نازانم چی دەربارەی منیش و ئێوەش دەکرێت لەمەودوا ، من دوای ئەو سروشە دەکەوم کە بۆم هاتووەو ، من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکراو روونم لە سزای سەختی خوا ).

﴿ قل : أرأيتم ان كان من عند الله و كفرتم به وشهِدَ شاهد من بني اسرائيل على مثله فآمن و استكبرتم ، ان الله لا يهدي القوم الظالمين ﴾ الاحقاف : ۱۰ واتە : پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ ، ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن خواوە هاتبێ و ئێوەش باوەڕتان پێنەهێنا و شایەتێك لەنەوەی ئیسرائیل ، شایەتی لەسەر هاتنی ئەم قورئانە لەپەڕاوە پێشووەکاندا داو ، بەهۆی ئەوەوە کەزانی هەق و راستە بڕوای هێنا ، ئێوەش هەر سەرکەشیتان کرد ، ئایا ئێوە کافر و زاڵم نین ؟؟ بێگومان وایە ، بەراستی خوا ڕێنمایی گەلی ستەمکاران ناکات ).

یەکێ لەو شایەتانەی (ئەهلی کیتاب) (عەبدوڵڵای کوڕی سەلام) ە کە زانایەکی جولەکە بوو ، خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت : سیفەت و ناوو زەمانی هاتنی پێغەمبەرم دەزانی ، جا کاتێك هاتە مەدینە و لە (قباء) دابەزی پیاوێك هات هەواڵی گەیشتنی دا ، منیش لەوکاتەدا لەسەر دارخورمایەك بووم ، لەژێر دارخورمایەکیشدا پوورم ( خالیدەی کچی حارث) دانیشتبوو ، کە گوێم

لەهەواڵەکە بوو ، بە دەنگی بەرز وتم(الله اکبر) پوورم کە گوێی لە (الله اکبر) ەکە بوو وتی : خوا بتگرێ ، بەخوا ئەگەر موساش بهاتایە ڕەنگە هەر ئەوەندەت پێ خۆش بوایە . پێموت : پورێ بەخوا ئەو برای موسایە و ، خوا بەهەمان بەرنامەکەی ئەو ناردوویەتی . ئەویش وتی : ئەمە بۆیە وادەکەی ، ئنجا چووم بۆلای و موسڵمان بووم .

شایەتێکی دیکەش (نەجاشی) پاشای حەبەشە بوو ، کاتێك هەندێك لەموسڵمانەکان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە بەفەرمانی پێغەمبەر (ﷺ)کافرەکان (عەمری کوری عاص) یان نارد کە پیاوێکی ژیر و زۆرزان بوو ، هێشتا موسڵمان نەبوو بوو ، تاوەکو دڵی نەجاشی سارد بکاتەوە لێیان و پشتیان نەگرێ و دەریان بکات .

کاتێك نەجاشی بانگی موسڵمانەکانی کرد و پرسیاری لێکردن لەبارەی ئاینەکەیانەوە ، جەعفەری ئامۆزای خۆشەویست (ﷺ)، کەدەم راستیان بوو ، وتی : پاشا ئێمە گەلێکی نەزانی بت پەرست و بێ وێڵی خاوەن خەرافات بووین مردارەوەبوومان دەخوارد، شەرواڵ پیسیمان دەکرد ، سەرمان لەخزم و کەس و کار نەدەدا و ، دراوسێ لەدراوسێی نەدەپرسی یەوە ، تا خوای گەورە لەخۆمان پێغەمبەرێکی بۆ ناردین ، کە نەژاد و تیرەی دەناسین و هەمووومان دەزانین کە پیاوێکی راستی ئەمینی دەست و دەم و دڵ و دەروون پاکە ، ئەویش بانگی کردین بۆ ئەوەی خوا بەتاك و تەنها بزانین و هەر خوا بپەرستین و واز لەپەرستنی ئەو دار و بەردانە بێنین ، داوای لێکردین کە راست و ئەمین بین ، سەر لەخزم و کەسوکارمان بدەین و چاکە لەگەڵ دراوسێدا بکەین و خۆمان لەگوناهو خراپە بپارێزین داوای لێکردین کە خوا بپەرستین و هاوەڵی بۆ دانەنێین و نوێژ بکەین ... هتد ، ئێمەش بڕوامان پێهێناو خزمەکانمان کەوتنە ئازاردانمان و ستەمی زۆریان لێکردین ، ئێمەش ناچار پەنامان هێنایە بەر تۆ و هیوامان وایە پارێزراو بین .

نەجاشی وتی : باشە لەوپەڕاوەی بۆتان هاتووە لای خواوە هیچتان لەبەر نیە بۆم بخوێننەوە ؟ جەعفەر سەرەتای سورەتی (مریم)ی بۆ خوێندن ، کەباسی عیسا و دایکی تیایە(سەلامی خوایان لێبێت )، نەجاشی و قەشەکان دەستیان کرد بە گریان و وتیان : بەخوا ئەمە لەو سەرچاوەیەوە هاتووە کە (ئینجیل) ی عیساى لێوە هاتووە .

ئنجا نەجاشی بەعەمری وت : بەخوا هەرگیز ئەمانەتان نادەمەوە ...

**( ٧٨ ) موسڵمانبوونی بەردەوامی هەندێك گاور و جوولەكە :**

لەسەرەتای مێژووی ئیسلامەوە تا ئەمرۆو تا قیامەتیش كەسانی خاوەن ویژدان و هەق پەروەر ، كە بەدوای هەق و راستیدا دەگەڕێن ، روو دەكەنە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەجیهاندا رای دەگەیەنن (محمد) (ﷺ)ئەو پێغەمبەرەیە كە پێغەمبەرانی پێش خۆی مژدەی هاتنیان بەخەڵكی داوە ..

بۆ نموونە : لەساڵی (٩٢) ی زانییدا واتە پێش لەدایك بوونی پێغەمبەر (ﷺ)بەسەد ساڵ ( پاپا ــ گلاسیوس) فەرمانی دەركرد بەیاساغ كردنی خوێندنەوەی چەندەها پەڕاو ، یەكێك لەو پەڕاوانە (ئینجیلی بەرنابا) بوو ، بۆیە گشت نوسخەكانی كۆكرایەوە و سووتێنرا ، تەنها نوسخەیەك مایەوە لە كتێبخانەی پاپادا و بەزمانی (ئیتالی) نووسرابۆوە .

كاتێك(فرامینۆ)كەراهیبێكی لاتینی بوو،چەند نامەیەكی(ئەرینایوس)ی دەستدەكەوێ ، سەیر دەكات باسی ئینجیلی بەرنابا دەكات ،بۆیە دەبێتە خولیای سەری كە بەدوای ئەو ئینجیلەدا بگەڕێ.

سەرەنجام لەكتێبخانەی پاپا (سكتش)ی پێنجەمدا ، كە هاوەڵی دەبێت ، ئەو ئینجیلەبە دەست دەهێنێو دەكەوێتە لێكۆڵینەوەی ، پاشان زۆر سەرسام دەبێت لەوەی كەلەو ئینجیلەدا ئاماژەی تێدایە دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ)، هەروەك دەڵێت : ﴿وسیبقى هذا الى أن يأتي محمد رسول الله الذي متى جاء كشف الخداع للذين يؤمنون بشريعة الله ـ ئینجیلی بەرنابا / الباب/ ٢٢٠ ) ، ئەمەش وای كرد كە فرامینۆ موسڵمان ببێت و هەوڵی زۆر بدات بۆ بلاْوكردنەوەی ئەو ئینجیلە ، لەپاشدا نوسخەیەكی تری ئیسپانی دۆزرایەوە لەسەرەتای سەدەی هەژدەی زاینیدا ، كە ئەمەش بووە بەڵگەیەكی دیكەی نوێ .

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وانه لتنزيل رب العالمين ، نزل به الروح الامين ، على قلبك لتكون من المنذرين ، بلسان عربي مبين ، وانه لفي زبر الاولين او لم يكن لهم اية ان يعلمه علماء بني اسرائيل ﴾ الشعراء /١٩٧ . واتە : بەڕاستی ئەو قورئانە پەروەردگاری هەموو جیهان ناردوویەتی یە خوارەوە ، جوبرەئیلی ئەمین بە سرووش لەخواوە هێناویەتی یە ناودڵتەوە تاوەكو یەكێك بێت لەترسێنەرانی خەڵكی لەسزای خوا، بەزمانێكی عەرەبی روون و رەوان و ، بەڕاستی ئەو قورئانە لەپەڕاوی گەلە پێشووەكاندا ئاماژەی پێكراوەو ، ئایا نەبووە بە نیشانە و بەڵگە و دڵنیایی بۆیان ، كە

زاناکانی نەوەی ئیسرائیل ئەم راستیيە دەزانن و دڵنیان کە قورئان و سیفاتی پێغەمبەر لەپەڕاوەکانی بەردەستیاندا ئاماژەی بۆ کراوە و ، هەندێکیشیان لێ موسڵمان دەبێت ..

**( ٧٩ ) خوا شایەتە و ئەوانەش کە زانان بە پەڕاوە پێشینەکان :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ ويقول الذين كفروا لست مرسلاً ، قل كفى بالله شهيداً بيني وبينكم ومن عنده علم الكتاب ﴾ الرعد : ٤٣ واتە : کافرەکان دەڵێن تۆ رەوانە کراونیت لەلایەن خواوە ، بڵێ : بەسە خوا شایەت بێت لەنێوان من و ئێوەداو ، هەرکەسێك کە زانیاری (کتاب) ی لایە ، واتە زانا بەویژدانەکانی (ئەهلی کتاب) کە ناونیشانی پێغەمبەری خوا دەزانن .

پەڕاوە پێشینیەکان خوای پەروەردگار داویەتی یە دەست خەڵکی خۆیان کە بیپارێزن ، کە بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر قورس و گرانە و ئەستەمە ، بۆیە هەر لەزووەوە ئەو پەڕاوانە دەستکاری کراون و زیاد و کەم کراون ، بۆ نموونە ئێستا لە بەردەستی گاورەکاندا (٢٤٠٠٠) بیست و چوار هەزار دەستخەتی ئینجیل هەیە دوانیان لەسەدا سەد وەکو یەك نین .

لەگەڵ ئەو هەموو دەستکاری و گۆڕانکاریانەدا کەچی کەم تا زۆر ئاماژەی تیایە بەهاتنی (محەمەد) (ﷺ)بۆ نموونە :

ا ــ ( وأنا أطلب من الاب فيعطيكم معزياً اخر ليمكث معكم الى الابد ) ئینجیلی یۆحەننا باب ١٤:١٦ ) واتە : عیسا دەفەرموێ : من داوا لەپەروەردگار دەکەم کە پێغەمبەرێکی دیکەتان بۆ بنێرێ ،تا بمێنێتەوە لەگەڵتاندا هەتا هەتایە ).

دیارە هەموو کەس دەمرێت ﴿كل نفس ذائقة الموت ﴾ کەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە بەرنامەی ئەو پێغەمبەرەیە ، کە ئەویش لەقورئانی پیرۆز بەولاوە هیچی تر نیە کە هاتبێت و رۆڵێکی گرنگی جیهانی بینیبێ و ، تا ئێستاش مابێت وپارێزراوبێت و شوێنکەوتوانی رۆژ بە رۆژ روو لە زیادی بن .

ب ــ (لكني أقول لكم الحق انه خير لكم أن أنطلق ، لأنه ان لم أنطلق ، لا ياتيكم المعزي ، ولكن ان ذهبت أرسله اليكم ) ئینجیلی یۆحەننا /٧:١٦) واتە : عیسا دەفەرموێت : هەقتان پێدەڵێم :بۆتان چاکترە کە من برۆم ، چونکە ئەگەر نەڕۆم ئەو پێغەمبەرەتان بۆ نایەت ، بەڵام ئەگەر رۆیشتم ئەینێرم بۆتان ) .

ج ــ ( وأما متى جاء ذلك روح الحق فهو يرشدكم الى جميع الحق ) ئینجیلی یۆحەننا / ١٦ : ١٣) واتە : هەرکاتێك ئەو ــ روح الحق ــ ە هات ئەوە رێنماییتان دەکات بۆ هەموو هەق و راستیەك. ئاشکرایە لەدوای عیساوە سەلامی خوای لێبێت تا ئەمرۆ کەسێك نەهاتووە وەك محمد (د.خ) کە خەڵکی رێنمایی کردبێت بۆ هەموو هەق وراستی یەك(٢).

**( ٨٠ ) شاردنەوەی هەق و راستی و گۆڕینی :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ الذين اتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبناءهم وان فريقاً منهم ليكتمون الحق وهم يعلمون ﴾ البقرة : ١٤٦ واتە : ئەوانەی کە پەڕاومان داوە پێیان (محەمەد) دەناسن هەروەك چۆن کورەکانی خۆیان دەناسن و، بەڕاستی کۆمەڵێکیان هەق و راستی دەشارنەوە ، کەباش دەیزانن و لێی دڵنیان ) .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ أَفَتَطْمَعُونَ أَنْ يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِنْ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (٧٥)﴾ البقره واتە : ( ئایا بەتەمان ئەی موسڵمانینە کە جوولەکە بڕوا بێنن بەئایینەکەتان ، لەکاتێکدا کە دەستەیەك لەوان فەرمودەی خوایان دەبیست لەتەورات ، پاش تێگەیشتنی دەستکاریان دەکردو ، ئەوان دەشیانزانی کە ئەو دەسکاری کردنە کارێکی نارەوایە ) .

نموونە لەسەر دەستکاری کردنی ( ئەهلی کیتاب) :

١ ــ لەو ئینجیلەی کە(٣٩) کەنیسە بەشداریان کردووە لەئامادەکردن و چاپ کردنیدا ، دەقێك هاتووە بەزمانی ئینگلیزی کە ماناکەی بەم جۆرەیە : ( انه الذي يدفع اليه الكتاب ، فيقول : اقرأ ، فيقول ما أنا بقارئ ) واتە : ئەوە کە پەڕاوەکەی پێدەدرێت . دەڵێت: بخوێنە ، دەڵێت : من خوێندەوارنیم ) کەچی گاورە عەرەبەکان کە گۆڕیویانە بۆ سەر زمانی عەرەبی ، بەم جۆرە وەریان گێڕاوە : ( انه الذي يدفع اليه الكتاب ، فيقول اقرأ فيقول ما انا بكاتب ) واتە : ( ئەوە کە پەڕاوەکەی پێ دەدرێ دەڵێ بخوێنە دەڵێ من نووسەر نیم ئەمەشیان بۆیە گۆڕیوە بۆ ئەوەی جیاواز بێت لەگەڵ ئەو گفتوگۆیەی نێوان پێغەمبەر (ﷺ)و جوبرائیل سەلامی خوای لێبێت کە هەموو پەڕاوەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر تۆماریان کردووە ) .

ب ــ لەدەقێکی تردا هاتووە کە بەم جۆرە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی ( عندما یاتي الحجاج الی وادي (بکة) یشربون الماء ) واتە : (کاتێك حاجیەکان دێنە وادی (بەککە) ئاودەخۆنەوە ) کەبەئاشکرا مەبەست مەککەیەو باس لەسەردەمی ئیسلام دەکات کەچی گاورە عەرەبەکان کە ئەو دەقەیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی بەم جۆرەیان لێکردووە (عندما یأتي الحجاج الی وادي البکاء یشربون الماء ) ئەمەش بۆ ئەوەی هەرکەس ئەو دەقەی خوێندەوە خەیاڵی نەچێت بەلای مەککە و موسڵمانێتیدا چونکە لەهەموو جیهاندا یەك شوێن ناوی (بەککە)یە کە ئەویش شاری مەککەی پیرۆزە (٣) .

ج ــ لەئینجیلدا وشەی(بیریکلیتۆس) هاتووە بە زمانی یۆنانی ، کەماناکەی (احمد و محمد) ە کەسێك دەگرێتەوە جێی سوپاس و ستایش بێت ، کە بێگومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) (محمد) ی تیا مەبەستە ، کەچی وشە یۆنانی یەکە گۆڕاوە بەوشەیەکی دیکە کە ئەویش (باراکلیتۆس) ە کە ماناکەی (بەسۆز و میهرەبان و تکاکار) ە ، کە ئەمەش هەر ئاماژەیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، چونکە قورئان دەفەرموێ لەبارەیەوە ﴿بالمؤمنین رؤوف رحیم ﴾ التوبە : ٢٨ ئەم وشەیەش کەوەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بووە بە (Comfort) لەکاتی وەرگێڕانیشدا بۆ زمانی عەرەبی کراوە بە (معزی) واتە(مساعد ، معاون) واتە : هاوکار و یارمەتی دەر (٤) .

بەم جۆرە لەهەر وەرگێڕانێکدا ، تۆزێك لەمانا سەرەکیەکەی دوور خراوەتەوە ، تا کەس هەست نەکات کە مەبەستی ئینجیل باسکردن و مژدەدانە بە هاتنی (محەمەد) (ﷺ).

(شێخ عبدالوهاب النجار) کە پەڕاوی (قصص الانبیاء) ی نووسیوە ، پرسیار لەدکتۆر (کارلونلینو) دەکات ، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی (ئیتالی) یە لەبارەی وشەی یۆنانی (بیرکلیتۆس) ەوە ، کەلەئینجیلدا هاتووە ، ئەویش دەڵێ : قەشەکان دەڵێن ئەو وشەیە مانای ( المعزی) یە واتە (یارمەتی دەرو هاوکار) شێخ عبدالوهاب دەڵێ : من وەکو قەشەیەك پرسیارت لێناکەم ، وەك خۆت پرسیارت لێدەکەم کە دکتۆرات هەیە لە وێژەی زمانی (یۆنانی کۆن ) دا ، ئەویش وتی (بیرکلیتوس) یانی ( ئەوەی کە زۆر سوپاسی بکرێ ) .

بەڵێ دکتۆر بەویژدان بوو کە دانی ناوە بەو ڕاستیەدا ، کە ئەو وشە یۆنانی یە ئاشکرای دەکات لەئینجیلدا مژدە دراوە بە هاتنی (محمد) بەوشەی (احمد ) ﴿ ومبشراً برسول یأتي من بعدي اسمه احمد / الصف / ٦ ) .

د ــ مێژوو نووسی ئینگلیزی بەناوبانگ (جیبۆن) دەڵێت : ( زانایانی گاور و جوولەکە پاش هاتنی ئیسلام زۆر دەقی تەورات و ئینجیلیان گۆڕی) .

هەروەها (بشری زخاری میخائیل) گاوربوو وە خوا هیدایەتی داو موسڵمان بوو لەپەڕاوەکەیدا ( محمد رسول الله هكذا بشرت الاناجيل) دەڵێت : ( راهیبەکان گۆڕانکاریان کرد ، کە ئەمەش لەچاپە جیاجیاکانی ئینجیلدا دەردەکەوێت ) .

هەروەها (مطراني موصل) ( عبدالاحد داود الاشورى) لە پەڕاوەکەیدا ( الانجيل و الصلب) دا دەڵێت : ( عیبارەتی / الحمد لله في الاعالي و على الارض السلام و بالناس المسرة ) لەبنەڕەتدا وانییە و گۆڕدراوە ، راستی یەکەشی ئەمەیە : ( الحمد لله في الاعالي وعلى الارض اسلام ، و للناس احمد ) (٥) .

٨١ ) **گاور و جوولەکەکان قسەی کافرەکانی پێشین دووبارە دەکەنەوە :**

قورئان دەفەرموێت : ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَلِكَ قَوْلُهُمْ بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (٣٠)﴾ التوبه : واته : جوولەکەکان وتیان ، عوزەیر کوڕی خوایە ، گاورەکان وتیان : عیسا کوڕی خوایە ، ئەوە وتەیەکی بەد و خراپە کە بەدەمیاندا دێت و لاسایی کافرەکانی پێش خۆیان دەکەنەوە ، خوا لەناویان بەرێ و بیانکوژێ بۆ ئەو لادانەی کە لادراون لەهەق و راستی ) .

شێخ (ابو زهره) پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد ، بەراوردێکی کردووە لەنێوان تەورات و ئینجیل و پەڕاوە کۆنەکانی هیندی یەکاندا ، بۆی دەرکەوت کەلەهەندێ بیروباوەڕدا ، گاور و جولەکەکان قسەی بتپەرستە کافرەکانی هیندی یەکانە دووبارەی دەکەنەوە ،بەراستی ئەم مەسەلەیەش موعجیزەیەکی قورئانە کە ئاوا پەردە لەسەر ئەم باسە لادەدات.

بەراهیمەکان دەڵێن ( كرشنة ـ هو المخلص و الفادي ـ و المعزي و الراعي الصالح و الوسيط ـ وابن الله ، و الاقنوم الثاني من الثالوث المقدس ، وهو الاب وروح القدس ـ پەڕاوی تاريخ هند / مجلد ٢/ ص ٣٥٩ ) .

گاورەکانیش دەڵێن : ( يسوع المسيح ـ هو المخلص الفادي ، و المعزي و الراعي الصالح و الوسيط ـ وابن الله ، و الاقنوم الثاني من الثالوث المقدس ، وهو الاب و الابن وروح القدس ـ انجيل لوقا / و أنجيل متى ) ( ٦ ) .لەمەشەوە دەردەکەوێت کە هەمان قسەی هیندیەکانە دووبارە بۆتەوە و تەنها وشەی ( کرشنه) گۆردراوە بە (يسوع المسيح) .

مێژوونووسان دەڵێن : پۆلس کە جولەکە بووە لە بنەڕەتدا و ناوی (شاول ) بووە بە سەرزارەکی بۆتە گاور و بەفەرمانی جولەکە ئەم بیروڕایانەی کەباسی خوایەتی عیسا دەکەن هێنایە ئایینی مەسیحی یەوە و ، لەبیروڕای هیندی یە کۆنەکانەوە زۆر شتی وەرگرت ) .

لەسەرەتاوە کۆمەڵێکی زۆر هەبوون کە بیروڕایان تەواو بووە و یەکتاپەرست بوون ، تا ساڵی(٣٢٥ زاینی ) لە (مجمع نيقيه) کە (دووهەزار و چل و هەشت) ئەندام کۆبوونەوە تەنها (سێ سەد و هەژدە) ئەندام لەسەر بیرو باوەڕی (سێ خوایی) بوون ، بەڵام لەبەر ئەوەی حاکمی ڕۆمای ئەو کاتە (قسطنطين) و هاوەڵەکەی (کاهینی ڕۆما) لەپشت ئەم بیروباوەڕە چەوتەوە بوون ، بەزۆری زۆرداری ئەوەیان سەپاند بەسەر خەڵکدا و هەندێك لەگاورە یەکتاپەرستەکانیان کوشت و زۆریشیان لێ دەربەدەر کردن . لەوانەی کە کوژران ، زانای میسری (اريوس) بوو کە ئیمامی (اريسيين) بوو ، کە دەستیەکی یەکتاپەرست بوون (٧) .

**( ٨٢ ) قورئـان بیرو بۆچوونی گاور و جوولەکەکان ڕاست دەکاتەوە :**

هیچ شتێك لەخوا ون نابێت ، ئەو ئاگادارە بەهەموو شتێك لەم بوونەوەرەدا ، گەورە بێت یان بچووك ، ئاشکرا بێت یان نهێنی ، کۆن بێت یان تازە .

خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا ، باسی مێژووی دێرینی جوولەکە و گاورەکان دەکات ، کە مەگەر هەر خۆی بیزانێ ،ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و تەواوە لەسەر ئەوەی کە قورئان فەرمودەی خوایە و ، تەنها ئەوە کە بیروبۆچوونی هەڵەی جوولەکە و گاورەکان ڕاست دەکاتەوە ...

قورئانی پیرۆز لەمبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ ان هذا القران يَقُصُ على بني اسرائيل أكثر الذي هم فيه يختلفون ﴾ النمل /٧٦ . واتە : بەڕاستی ئەم قورئانە باس دەکات و دەخوێنێتەوە بەسەر نەوەکانی ئیسرائیلدا باری ڕاست وهەقیانەت لە زۆربەی ئەو باس و مەسەلانەی کە ئەوان لەنێوان خۆیاندا ڕاو بۆچوونیان جیاوازە .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ يا أهل الكتاب قد جاءكم رسولنا يبين لكم كثيراً مما كنتم تخفون من الكتاب و يعفوا عن كثير /المائدة / ١٥﴾ واتە : ئەی نامەدارەکان ، بێگومان نێردراومان (محمد) هات بۆ لاتان کە بۆتان روون دەکاتەوە زۆر لەوشتانەی کە شاردووتانەتەوە و بەردەوام دەیشارنەوە و ، چاوپۆشی دەکات لە زۆر لەوانەی کە شاردوتانەوە و باسیان ناکات ... لەبەر ئەوەی ئەو شتانە بۆکات و زەمانێکی تایبەتی بوون و ئێستا پێویست نین ... ) .

هەندێك نموونە لەسەر راست کردنەوەکانی قورئان بۆ (ئەهلی کتاب) :

١ ــ گاورەکان لەبارەی کوشتن و لەسێدارەدانی عیساوە(سەلامی خوای لێبێت) ، چەند رای جیاوازیان هەیە ، تاقمیٚ دەڵێن : لەسێدارەدرا هەتا مرد ، ئنجا خرایە گۆڕ و لەپاش سیٚ رۆژ لەگۆڕەکەی هاتە دەرەوە و بەرز بۆوە بۆ ئاسمان . تاقمێکی دیکە دەڵێن یەهوزا کەیەکێك بوو لەهاوەڵەکانی راست نەبوو لەگەڵی و ئەو عیسای بۆ دەست نیشان کردن ، ئنجا خوا ئەوی خستە شێوەی عیساوە و ئەو لەجیاتی لەسێدارە درا ، کۆمەڵێکی دیکە دەڵێن : شێوەی عیسا (سەلامی خوای لێبێت) بەسەر (سیمون) ناوێکدا کشاو لەباتی ئەو لەسێدارە درا ... ئەمە بێجگە لەچەندەها رای جیاوازی دیکە لەو مەسەلەیەدا ... قورئانی پیرۆز پاش چەند سەدەیەك لەو رووداوە دێت و هەواڵی راست و دروست دەدات و دەفەرموێت : ﴿ وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم ﴾ واتە : حەرزەتی عیسایان نەکوشتووە و نەیانداوە لەسێدارە بەڵکو وێنەی عیسایان نیشان درا ( یان هەر شێوەی عیسایان نیشان درا) .

﴿ وان الذين اختلفوا فيه لفي شك منه ، ما لهم به من علم الا اتباع الظن ، وما قتلوه يقيناً ، بل رفعه الله اليه وكان الله عزيزاً حكيما ﴾ النساء : ١٥٨ واتە : بێگومان ئەوانەی کە دووبەرەکیان کرد لەکاری عیسادا لە گومان و دوودڵیدان لە کوشتنەکەیدا ، هیچ زانین و ئاگادارییەکیان نییە لەکوشتنەکەی مەگەر ئەوە نەبیٚ دوای گومان کەوتوون و ، بەراستی و بەبێگومان عیسا نەکوژراوە ، بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ لای خۆیەو، بەراستی خوا بەدەسەڵات و حەکیمە ... )

هەرچەند قورئان بەدرێژیی باسی ئەو بەرزکردنەوەیەی نەکردووە ، روونی نەکردۆتەوە بەلەش و بەگیان بووبیٚ یان هەر بەگیان بووە ...بەڵام لەفەرمودەدا هاتووە کە عیسا (سەلامی خوای لێبێت) لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە لەنزیکی دوایی هاتنی ئەم جیهانەدا ، دەبیٚ بە حەکەمێکی دادپەروەر و رازی نابیٚ و ماوەی هیچ کەسێك نادات کە هیچ ئایینێکی تر بگرێتە گەردن بێجگە لەم ئایینی

ئیسلامە ، لەفەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ : کە عیسا دەمرێت و لای پێغەمبەرەوە یان لە (بیت المقدس) دەنێژرێت ... بەپێی ئەم ریوایەتانە دەبێ بەلەش و بەگیان لەئاسمان بێت تاکاتی هاتنە خوارەوەی و، بۆ خوا ئەوە هیچی تێناچێت و، هاتنەخوارەوەی هیچ سەیر تر نیە لەوەی کە خوا بەبێ باوك بەخشی بە مەریەمی دایکی ﴿ وكان الله عزيزاً حكيما ﴾ .

هەرچەندە ئەم باسە بەم جۆرە لە ئینجیلی (یوحنا ، لۆقا ، متی ، مرقص) دا نەهاتووە بەڵام ئەوەی جێی سەر سوڕمانە ئەوەیە کەلەئینجیلی بەرنابادا زۆر بە جوانی وەکو قورئان باس کراوە (٨).

ب ــ ﴿ اتخذوا احبارهم و رهبانهم ارباباً من دون الله و المسيح ابن مريم ، وما أُمروا الا ليعبدوا الله الهاً واحداَ ، لا اله الا هو سبحانه عما يشركون ﴾ التوبة : ٣١ واتە : گاور و جوولەکە لەجیاتی خوا زاناکان و عابیدەکانی خۆیان دەپەرست ، هەروەها گاورەکان عیسای کوری مەریەمیان کرد بە خوای خۆیان ، لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە مەگەر بەپەرستنی خوای تاك و تەنها ، کە هەر ئەو خوایە پاك و بێگەردە و بێنیازە لەو هاوەڵانەی بۆی بڕیار دەدەن ) .

(عەدی کوڕی حاتەمی تائی) دەڵێت : چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و ملوانکەیەکی زیوم لەمل دابوو لەشێوەی ( صلیب) دا ، ئەم ئایەتەی بۆ خوێندمەوە ﴿ اتخذوا احبارهم ورهبانهم ارباباً من دون الله .... ﴾ منیش وتم : ئەوانە ئەمانەیان نەپەرستووە ، ئەویش فەرمووی : بەڵێ زاناکان و عابیدەکان شتێکیان بۆ حەڵاڵ بکردنایە بە حەڵاڵیان دادەناو ، شتێکیان لێ قەدەغە بکردنایە بەحەرامیان دادەناو بەگوێیان دەکردن ، ئەمەش بەپەرستن دادەنرێت ...( واتە پەرستن تەنها سوجدە بردن و رکوع بردن نییە ).

واتە : مرۆڤ لەمەسەلەی حەرام و حەڵاڵدا دوای قسەی هەرکەس بکەوێ ئەوە ئەو کەسەی پەرستووە ، ئەم راستی یەش ئەمڕۆ زۆر روون و ئاشکرایە ، لەیاسای زۆر لە دەوڵەتاندا ، زۆر حەرام حەڵاڵکراوە و خەڵکیش بێ سێ و دوو کردن پەیڕەوی دەکەن و کە ئەمە بۆ دینیان خراپە و جۆرە پەرستنێکە بۆ غەیری خوا و، لەبەر ئەوەی کە خوا بەدیهێنەری بوونەوەر و مرۆڤە ، هەر دەبێت فەرمان فەرمانی ئەو بێت،هەروەك قورئان دەفەرموێت ﴿ الا له الخلق و الامر تبارك الله رب العالمين ﴾ الاعراف : ٥٤ .

ج ــ هەندێك لەگاور و جوولەکەکان دەیانوت : خوای پەروەردگار ئاسمانەکان و زەوی لەشەش رۆژدا دروست کردووە و رۆژی حەوتەم پشووی داوە . قورئانی پیرۆزیش ئەم بیرو بۆچوونە هەڵەیان بۆ راست دەکاتەوە و دەفەرموێ : ﴿ ولقد خلقنا السموات و الارض وما بينهما في ستة أيام وما مسَنا من لُغوب ﴾ ق : ٢٨ واتە : ئاسمانەکان و زەوی هەرچی لەنێوانیاندایە دروستمان کرد لە شەش رۆژدا و هیچ ماندوو نەبووین ) .

د ــ هەندێك لە گاورەکان دەیانوت : عیسا خوایە ،قورئانی پیرۆزیش ئەم هەڵە گەورەیەیان بۆ راست دەکاتەوە و دەفەرموێت : ﴿ لقد كفر الذين قالوا ان الله هو المسيح ابن مريم وقال المسيح يابني اسرائيل اعبدوا الله ربي وربكم انه من يشرك بالله فقد حرم الله عليه الجنة ومأواه النار وما للظالمين من أنصار ﴾ المائدة : ٧٢ . واتە : بەراستی بێبڕوا بوون ئەوانەی کەوتیان : بێگومان عیسای کوری مەریەم خوایە ، لەکاتێکدا کە عیسا فەرموویەتی : ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو خوایە بپەرستن کە پەروەردگاری من و ئێوەشە ، بەراستی هەرکەس هاوەڵ بۆ خوا پەیدا بکات ، خوا بەهەشتی لێ حەرام دەکات وشوێنی ئاگر و دۆزەخ دەبێت و، ستەمکاران هیچ یارمەتیدەر و هاوکارێکیان نابێت کە رزگاریان بکات ) .

ئنجا بەدوای ئەوەدا قورئان دەفەرموێت : ﴿ لقد كفر الذين قالوا ان الله ثالثُ ثلاثة وما مِن اله الا اله واحد ، وان لم ينتهوا عما يقولون ليمَسنَ الذين كفروا منهم عذاب أليم ﴾ المائده : ٧٣ واتە : بەراستی کفریان کرد ئەوانەی کە وتیان بێگومان خوا یەکێکە لەسێ خوا ، کە بریتین لەخوای پەروەردگار و عیسا و دایکی و، هیچ خوایەك نییە بێجگە لەتەنها یەك خواو ، ئەگەر ئەوانە واز نەهێنن لەوقسانە ،سوێند بەخوا ئەو کافرانەی وادەڵێن دووچاری سزایەکی بەسوێ و بەئازار دەبن ).

ئنجا دەفەرموێ : ﴿ افلا يتوبون الى الله ويستغفرونه و الله غفور رحيم ، ما المسيح ابن مريم الا رسول قد خلَت من قبله الرسل وأمُه صديقة كانا يأكلان الطعام ، أنظر كيف نُبين لهم الايات ثم انظر أنى يؤفكون ﴾ المائدة : ٧٥ واتە : بۆ تۆبە ناکەن و ناگەڕێنەوە بۆ لای خواو داوای لێبوردن ناکەن ، لەکاتێکا کە خوا لێبوردەی میهرەبانە ، مەسیحی کوری مەریەم فروستادە و نێردراوی خوایە ، لەپێش ئەوەوە چەندها نێرراوو پێغەمبەر هەبوون و، دایکیشی ئافرەتێکی خواناس و راست و دروست بوو ، عیسا و دایکی مرۆڤ بوون ، خواردنیان دەخوارد ، سەرنج بدە ئەی محەمەد چۆن بۆیان روون

دەکەینەوە بەڵگە و نیشانەکان ، ئینجا سەیر بکە چۆن ئەوان لادراون لەگوێگرتن لەهەق و لەوەرگرتنی راستی ) .

ئنجا دەفەرمویٚ : ﴿قل اتعبدون من دون الله مالا يملك لكم ضراً ولا نفعاً ، والله هو السميع العليم ﴾ المائدة : ٧٦ پێیان بڵێ ئایا بێجگە لەخوا شتێك دەپەرستن کە نەزیانی هەیە بۆتان و نەسوودی هەیە بۆتان ، (واتە هیچی دەسەڵات نییە ) لەکاتێکدا کە هەر تەنها خوایە هەموو شتێك ببیستیٚ و زانابیٚ .

**( ٨٣ ) ئەوشتانەی کەلە پەڕاوە پێشووەکاندا دەسکاری نەکراون :**

هەندێك لەوشتانەی کەدەسکاری نەکراون لەتەورات و ئینجیلدا ، لە قورئاندا وەك خۆی ئاماژەی پێکراوە ، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ قال رب أرني انظر اليك قال لن تراني ... الاعراف : ١٤٣ ﴾ واتە : موسا سەلامی خوای لەسەر بێت فەرمووی : پەروەردگارا دەمەوێت بتبینم ، خوای پەروەردگاریش فەرمووی : ناتوانی بمبینیت ) .

لەئیصحاحی(٣٣) لە (سفر الخروج)دا دەڵێ : ( فقال موسى : أرني مجدك ، قال لا تقدر أن ترى وجهي وان الانسان لا يراني ويعيش ) .

هەروەها لەبارەی (یوسف)ەوە سەلامی خوای لەسەر دەفەرموێت : (قالوا يا أبانا انا ذهبنا نستبق و تركنا يوسف عند متاعنا فأكله الذئب ... وجاؤا على قميصه بدم كذب ﴾ یوسف : ١٨ لە(سفر التكوين) یشدا بەهەمان شێوە هاتووە کە دەڵێت :( فاخذوا قميص يوسف وذبحوا تيساً من المعز و غمسوا القميص في الدم ... وحش ضار أكله افترس يوسف افتراساً ) .

هەروەها خەوەکەی یوسف و خەوەکەی مەلیکی میصریش هەروەك چۆن لە قورئاندا هاتووە ئاوەهاش لە (سفر التكوين) دا هاتووە ... هەر لەبەر ئەوەشە قورئان لەکۆتایی سوورەتی (یوسف)دا دەفەرموێت : ﴿ وما كان حديثاً يفترى ولكن تصديق الذي بين يديه ﴾ یوسف : ١١١ واتە : ئەم باسە دروست کراو نییە بەڵکو بەڕاست گێڕو روونکەرەوەی راستی ئەونامەیەیە کەلە پێش ئەمەوە هاتوون ، هەروەها ﴿ وتفصيل كل شئ ﴾ روونکەرەوەی هەمووشتێکە کە باسکردنی پێویست بێت ، وە ﴿ و هدى ورحمة لقوم يؤمنون ﴾ رێنموویی و میهرەبانی یە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و ئامادەن بۆ بڕوا هێنان .

واته : قورئان (تصديق) ی هەندێك لەشتی ناو تەورات و ئینجیل دەكات و زیاتر روونی دەكاتەوە ، بەتايبەت ئەوانەی كەدەسكاری نەكراون .

**( ٨٤ ) قورئانی پیرۆز تەحەددای ئەهلی كیتاب دەكات :**

قورئان دەفەرموێت: ﴿ كل الطعام كان حلاً لني اسرائيل الا ما حرم اسرائيل على نفسه ، من قبل أن تُنزلَ التوراة قل فأتوا بالتوراة فاتلوها ان كنتم صادقين/ ال عمران : **٩٣**﴾ واتە : هەموو جۆرە خواردەمەنیەك حەلاڵ بوون بۆ نەوەكانی ئیسرائیل ، مەگەر ئەوانەی كە ئیسرائیل (یەعقوب) لەسەر خۆی حەرامی كردبوو ، ئەمەش پێش ئەوەی كە تەورات بهێنرێتە خوارەوە (چونكە پاش هاتنی تەورات هەندێ شتی تریان لێ حەرام كرا بەهۆی نالەباری بەنی ئیسرائیلەوە ) ...

ئاشكرایە قورئان هات و شەریعەتێكی تایبەتی ئاسانی هێنا ، كەباری شانی ئادەمی سووك كرد ، جا هەندێك لەوشتانەی لەسەر خاوەن نامەكانی زوو حەرامبوون لەبەر هۆی تایبەت ، قورئان حەلاڵی كردەوە،جا ئەهلی كیتابیش كەوتنە رەخنەگرتن و تانەوتەشەر لێدان ، قورئانیش تەحەددایان دەكات و دەفەرموێت : تەورات بهێنن و بیخوێنن بەئاشكرا ، تاوەكو راستی یەكان دەربكەوێ ، كە ئەم خواردنانە لەبنەڕەتدا حەلاڵن و لەبەر حیكمەتێك و لەبەر چەند هۆیەكی تایبەت بەو گەلانەوە حەرامكراون، ئێستا زۆر شتێكی سروشتی یە قورئان حەلاڵی بكاتەوە ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ)خۆی و بەرنامەكەی رەحمەتن بۆ عالەم ، بەلاّم جوولەكەكان كە زانیان سرِیان هەلّدەمالّرێت نەیان وێرا وەلاّمی داواكەی قورئان بدەنەوە.

ئنجا دەفەرموێت : ﴿ فمن افترى على الله الكذب من بعد ذلك فاولئك هم الظالمون ، قل صدق الله فاتبعوا ملة ابراهيم حنيفاً وما كان من المشركين ﴾ ال عمران : **٩٥** واتە : ئنجا پاش ئەم تەحەددا ئاشكرایە ، هەركەس درۆ بكات بەدەم خواوە ،ئەوانە ستەمكارن. پێیان بلّێ خوا راستی فەرمووە كەواتە پەیڕەوی ئاین ومیللەتی ئیبراهیم بكەن كە من بانگتان دەكەم بۆلای لەكاتێكدا كە ئیبراهیم رووی لەهەموو ناحەقی یەك وەرگێڕاوە بەرەو هەق و راستی و بەهیچ جۆرێك هاوەلّی بۆ خوا بڕیار نەداوە .

.

.

( ٨٥ ) وەرن با لەعنەت لە درۆزن بکەین :

قورئانی پیرۆز دەفەرمویّت : ﴿ ان مثل عیسی عند الله کمثل ادم خلَقه من تراب ثم قال له کن فیکون ، الحق من ربك فلا تکن مِن الممترین ﴾ واتە : بەراستی عیسا لای خوا وەك ئادەم وایە ، کە دروستی کرد لەگەڵ پاشان پێی فەرموو : ببە و ، بوو ، قسەی راست ئەوەیە کەلەخواوە بە تۆ گەیشت ، کەواتە لەگوماندااران مەبە .

﴿ فمن حاجك فیه من بعد ماجاءك من العلم ، فقل تعالوا ندع أبناءنا وأبناءکم و نساءنا و نساءکم ، وأنفُسنا وأنفسکم ، ثم نبتهل فنجعل الله علی الکاذبین ﴾ ال عمران : ٦١ واتە: ئنجا هەر کەسێك دەمەقاڵێی لەگەڵ کردیت لەبارەی عیساوە دوای ئەو زانیاریەی کە بەسروش بۆت هات بڵێ : وەرن با بانگی کوڕەکانمان و کوڕەکانتان و ژنەکانمان و ژنەکانتان و خۆمان و خۆتان بکەین لە پاشا لەخوا بپاڕێینەوە کە نەفرەت لە درۆزنان بکات ) .

﴿ ان هذا لهو القصص الحق ، وما من اله الا الله وان الله لهو العزیز الحکیم /ال عمران٦٢﴾ واتە : ئەم داستانە قسەی راست و دروستە ، هیچ پەرستراوێکی بەراستی نییە خوا نەبێ ، بەراستی خوا زاڵی دروست کردارە .

﴿ فان تولوا فان الله علیم بالمفسدین ﴾ ال عمران : ٦٣ واتە : ئەگەر روویان وەرگێڕا با بترسن کە خوا ئاگادارە بەکردەوەی بەدکاران .

ئەم ئایەتانە کە هاتنە خوارەوە ، پێغەمبەر (ﷺ)بانگی وەفدی گاورەکانی نەجرانی کرد، کە خەڵکی یەمەنن و ئەوکاتە هاتبوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و دەمەقاڵێیان دەکرد لەبارەی خوایەتی عیساوە پێی فەرموون هەرچەند بەڵگەتان بۆ دەهێنینەوە لەسەر بەندەیی و فرستادەیی عیسا ئێوە قەناعەت ناکەن ، کەواتە با( موباهەلە) بکەین ، واتە هەموو لایەکمان کۆببینەوە و دووعا بکەین و لەعنەت بکەین لە درۆزن ، تا راستگۆ و درۆزن دەربکەوێ ... بەڵام ئەوان لەبەرامبەر ئەم تەحەددایەدا خۆیان بۆ نەگیرا و رازی بوون بەوەی کەلەسەر گاورێتی خۆیان بمێننەوە و جزیە بدەن بە دەوڵەتی ئیسلامیی .

.

## ( ٨٦ ) بەویژدانی تەنانەت لەگەڵ ئەهلی کیتابیشدا :

قورئانی پیرۆز کە فەرموودەی بەرزی خوایە، کەباسی سیفاتی خراپ و کردەوەی بەدی ئەهلی کیتاب دەکات بەویژدانەوە باسی دەکات ، دەفەرمویت : هەندێکیان تەورات و ئینجیلیان گۆڕی ، هەندێکیان خیانەت دەکەن لەو ئەمانەتەی دەدرێتە دەستیان ،ئەمەش لەبەر ئەوەی کە رەنگە کەسانێکیان تیابێ وانەبن و ئومێدی خێریان لێبکرێت ...

هەروەك دەفەرمویت : ﴿ومن أهل الكتاب من ان تأمنه بقنطار يؤده اليك ومنهم من ان تأمَنه بدينار لايؤده اليك الا مادُمت عليه قائماً ، ذلك بأنهم قالوا : ليس علينا في الاميين سبيل ، ويقولون على الله الكذب وهم يعلمون ﴾ ال عمران : ٧٥ واتە : لەخاوەننامەکان هی وا هەیە ئەگەر خەزنەیەکی بەسپاردە لادابنێیت دەتداتەوە و ، هی واشیان هەیە ئەگەر دینارێکی لادابنێیت ناتداتەوە مەگەر بەسەریەوە بوەستیت و زۆری لێبکەیت ، ئەم ناپاکی یە بەهۆی ئەوەوەیە کە دەیانوت : گوناهمان ناگات لەخواردنی ماڵی عەرەب کە ئومیین ، واتە نەخوێندەوار و نەفامن (ماڵی غەیری جولەکەیان بەحەڵاڵ دەزانی) ئنجا خوا بە درۆیان دەخاتەوە و دەفەرمویت : ﴿ درۆ بەدەم خوا و تەوراتەوە دەکەن کە دەڵێن ماڵی غەیری جولەکەیان بۆ حەڵاڵە ، ئەوان دەزانن کە درۆدەکەن ) ..

## ( ٨٧ ) دانوستانێك لەگەڵ ئەهلی کیتابدا :

قورئانی پیرۆز دەفەرمویت : ( قل يا اهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم ألا نعبدَ الا الله ولا نشرك به شيئاً ، ولايتخذ بعضنا بعضا أرباباً من دون الله ، فان تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون ﴾ ال عمران : ٦٤ واتە : ئەی محەمەد بە ئەهلی کیتاب بڵێ : ئەی خاوەننامە : وەرن بۆ لای وتەیەکی راست کە لەناوەندی ئێمە و ئێوەدا یەکسانە تا پەیڕەوی بکەین ( واتە با کۆببینەوە لە خاڵێکی هاوبەشدا ) کە ئەویش ئەمەیە : خوا نەبێ کەسی دیکە نەپەرستین و کەس نەکەین بەهاوبەشی خواو ، هەندێکمان هێندێکمان بەپەروەردگار نەزانین ( واتە جولەکە واز لەوە بهێنن کە دەیانوت : عوزەیر کوڕی خوایە و گاوریش واز لەوە بهێنین کەدەیان وت : عیسا خوایە ، یان کوڕی خوایە ، ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دیکەوە حەڵاڵ و حەرام تەنها لەبەرنامەی خواوە وەرگرین ، چونکە ئەوەش جۆرێکی پەرستن و هاوەڵ بۆ خوا پەیداکردنە ) ... ئەمەش لەبەر ئەوەی هەموو پێغەمبەران هەر داوای ئەم هەق و راستی یەیان کردووە ﴿ وما أرسلنا من قبلك من رسول الا نوحي

اليه أنه لا اله الا أنا فاعبدون ﴾ أنبياء :٢٥ ئنجا ئەگەر روويان وەرگێڕا بڵێن : ئێوە بەشاهید بن کە ئێمە موسڵمانین و غەیری خوا ناپەرستین) .

ئنجا قورئان پێیان دەفەرموێت : ﴿ يا أهل الكتاب لم تحاجون في ابراهيم وما انزلت التوراة و الانجيل الا من بعده أفلا تعقلون ؟ ها أنتم هؤلاء حاججتم فيما لكم به علم فلم تُحاجون فيما ليس لكم به علم ؟ و الله يعلم وأنتم لا تعلمون ﴾ ال عمران : ٦٦ واتە : ئەی خاوەننامە بۆچی دەمەقالێدەکەن لە ئیبراهیما ، لەکاتێکدا کە تەورات و ئینجیل نەنێرراونەتە خوارەوە دوای ئیبراهیم نەبێ ؟ نابێ تێبگەن ؟ ئاگادارن ئێوە ئەوانەن کە دەمەقاڵێتان کرد لەوەی کەشتێکتان دەزانی ، ئەی بۆ دەمەقاڵێ دەکەن لەوەی کە هیچی لێنازانن ؟! خوا دەزانێ و ئێوە نازانن . جا ئەو راستیەش کە دەبێ بیزانن ئەوەیە کە :

﴿ ماكان ابراهيم يهودياً ولا نصرانياً ، ولكن كان حنيفاً مسلماً ، وما كان من المشركين ﴾ ال عمران : ٦٧ واتە : ئیبراهیم نەجوولەکە بووە و نە گاور ، بەڵکو پاك و خواپەرست و موسڵمان بووە ، وە لەهاوبەش پەیداکەران نەبوو ... ( ئیتر چۆن لەخۆتانەوە دەڵێن ئیبراهیم گاور یان جولەکە بووە لەکاتێکدا عیسا و موسا (سەلامی خویان لێبێت) لەدوای ئەو هاتوون ) .

**( ٨٨ ) پیلانێکی گەورەی جولەکەکان :**

جولەکەکان فێڵێکی خراپیان کرد بۆ چەواشەکردنی موسڵمانەکان ، بەڵام خوای گەورە و میهرەبان فێڵەکەی ئاشکراکردن و، پێغەمبەر (ﷺ)وموسڵمانەکانی ئاگادارکرد تا ئەم کردەوە پیسە کارنەکاتە سەر دڵی نۆ موسڵمانەکان ، مەبەستی جولەکەکان ئەوەبوو سەر لەتازە موسڵمانەکان تێکبدەن ، پیلان و فێڵەکەش بەم جۆرەیە کە قورئان بۆمان ئاشکرا دەکات : ﴿ وقالت طائفة من أهل الكتاب امنوا بالذي أنزل على الذين امنوا وجه النهار و اكفروا اخره لعلهم يرجعون ولا تؤمنوا الا لمن تبعَ دينكم ﴾ ال عمران : ٧٣ واتە : دەستەیەك لە خاوەننامە وتیان : سەر لەبەیانیان بەفێڵ بڕوابێنن بەو قورئانەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئەوانەی کە موسڵمانبوون و، بۆ ئێوارە پەشیمان ببنەوە ، بەڵکو بەهۆی ئەمەوە موسڵمانان گومان بکەوێتە دڵیانەوە بەرامبەر ئاینەکەیان و پەشیمان ببنەوە ... وە دڵنیا نەبن لەکەس ئەم نهێنی یەی لا باس کەن مەگەر کەسێك کە جولەکە بێت و لەخۆتان بێت.

﴿ قل ان الهدى هدى الله ، أن يؤتى أحد مثل ما اوتيتم أو يحاجوكم عند ربكم ، قل ان الفضل بيد الله يؤتيه من يشاء و الله واسع عليم ، يختصُ برحمته من يشاء و الله ذو الفضل العظيم ﴾ ال عمران ٧٤واته : پێیان بڵێ ئەی محەمەد بەراستی ڕێمموونی هەر ڕێمونی خوایە و، ئەم فڕوفێڵە کە دەیکەن لەبەرئەوەیە پێیان گرانە کە بدرێ بەیەکێکی تر ، وێنەی ئەو دینەی کە بەئێوە دراوە ، یان دەمە قاڵێتان لەگەڵ بکەن بەهۆی ئەو نامەیەی کەلەخواوە بۆتان هاتووە ، بڵێ(ئەی محەمەد) بەراستی فروستادەیی بەهرەیە ، خوا دەیدات بەهەر کەسێك کەبیەوێ ، وە خوا رەحمەتی بێپایانە ، تەرخان دەکات بۆ رەحمەتی خۆی ئەو کەسەی کەبیەوێ و، خوا خاوەنی ئیحسانی گەورەیە .

جولەکە کۆمەڵێك سیفاتیان هەیە کە هەرگیز دەستبەرداریان نابن ، خیانەت و ناپاکی کردن ، پەیمان شکاندن ، خۆشویستنی پارە و ئاڵتون تا دوا پلەی خۆشەویستی ، سووخۆری ، بازرگانی کردن بەجنس و بەدڕەوشتی یەوە ...هتد .

قورئان بەئاشکرا ئەمە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ ولا تزال تَطلع على خائنة منهم الا قليلاً منهم ، فاعف عنهم و اصفح ان الله يحب المحسنين ﴾ المائدة : ١٣واته : بەردەوام و هەمیشە ناپاکی دەبینی لێیان ، کەمێکیان نەبێت هەقویست و بێ زیانن ، لەبەر ئەوە دڵ فراوانبەو چاویان لێبپۆشە ، بەراستی خوا چاکەکارانی خۆشدەوێت ) .

بەڵێ ئەمە قۆناغێك بوو ، تا خراپە و تاوانیان لەسنوور دەرچوو ، ئەوسا خوای گەورە فەرمانیدا بەدەرکردنیان لە(مەدینە) و پاشان لەنیوە دوورگەی عەرەب بەیەکجاری دەرکران .

### نموونەیەك لەکوردستانەوە :

قورئانی پیرۆز بەئاشکرا حەسەد و رق و کینەی ئەهلی کیتاب دەخاتە روو دەفەرموێت : ﴿ ولن ترضى عنك اليهود ولا النصارى حتى تتبع ملتهم ﴾ واتە : ئەهلی کیتاب لێت رازی نابن ئەی محەمەد تا دوایان نەکەویت و نەچیتە سەر ئایینەکەیان ، جا بۆیە هەوڵ و کۆششیان هەردەم بەردەوامە بۆ شێواندنی ئیسلام .

لەسالآنی دوای جەنگی جیهانی یەکەم فەقێیەکی کوردی موسڵمان دەبێت لە مەریوان بەناوی (فەقێ سەعید) کە بۆ خوێندن دێتە شاری سنە و ماوەیەك لە مزگەوتی (دار الاحسان) دەرس دەخوێنێت ، پاشان لەگەڵ مزگێنیدەرانی ئینگلیزدا ئاشنا دەبێت و لەدین وەردەگەڕێت و دەبێتە گاور

، مزگێنیدەران فەقێ سەعید دەنێرنە لەندەن و پاش خوێندن لەکۆلیجی پزیشکی دەردەچێت و دەبێتە پزیشك و ناوی خۆی دەنێت (دکتۆر سەعید خانی کوردستانی) پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سنە و خەستەخانە دەکاتەوە و لەڕێی کارەکەیەوە دەیەوێت خەڵکی بکات بەگاور پاشان کە دانیشتوانی سنە لەمەرامی تێدەگەن خەستەخانەکەی دەسوتێنن و دەیانەوێت بیکوژن ، ئالەم کاتەدا ئایەتو اللە مەردۆخی فریای دەکەوێت و رزگاری دەکات و دەچێتە هەمەدان ، لەوێش خەستەخانە دەکاتەوە و دەمێنێتە تا کاتی مردن . دکتۆر سەعید خان دینی مەسیحی بەشیعری هەورامی دادەڕێژێت و لەدوو توێی پەڕاوێکی(٩٠٠) لاپەڕەیدا لە لەندەن ساڵی ١٩٢١ دا چاپ دەکرێت .

دکتۆر سەعید خان چەند دێڕ هۆنراوەیەکی داناوە کەباس لەوەدەکات گوایە کاتێك سوپای ئیسلام هاتۆتە کوردستان خەڵکی ئەنفال کردووە و دەست درێژیان کردۆتە سەر ئافرەتان و ئەم چەن دێڕ شیعرەدەدات بە( ملك الشعراء بهار) ئەویش لەپەڕاوی (شعر در ایران) دا بلاّوی دەکاتەوە و دای دەنێت بەکۆنترین هۆنراوەی کوردی کە گوایە لەسەر پارچە پێستێکی ئاسك نوسراوەتەوە و لەکوردستاندا دۆزراوەتەوە ، زۆر نووسەر ئەم چەند دێرە شیعرە دەست هەڵبەستەیان وەك کۆنترین دەقی ئەدەبی کوردی دووبارە کردۆتەوە وەك مامۆستا (عەلادین سجادی) کەلەمێژووی ئەدەبی کوردیدا هێناویەتی، هەرچەندە مامۆستای بەڕێز گومانیشی هەبووە لەوەی کەراست بێت، بەهەر حاڵ زۆر لەرۆشنبیرانی کورد ئەم چەند دێرەیان بە نموونە دەهێنایەوە و دژ بە ئیسلام بەکاریان دەهێنا ( مێژووی ئەدەبی کوردی لاپەڕە ) ١٥٢ چ دووهەم .

هەتا خۆشبەختانە (مامۆستا ئەحمەدی شەریفی ) لەسنە و تارێکی لەسەر ئەم باسە بلاّوکردەوە لەرۆژنامەی (رێگای رزگاری / ژمارە ــ ٢ ــ لەساڵی ١٩٩٣) دا تیایدا سەلماندی کە ئەم پارچە شیعرە دەست هەڵبەستی (دکتۆر سەعید خانی کوردستانی) یە .

**( ٨٩ ) ئەهلی کیتاب لەسەرەمەرگدا :**

﴿ وان من أهل الكتاب الا ليؤمنن به قبل موته ويوم القيامة يكون عليهم شهيداً– النساء ١٥٩ ﴾ واتە : سوێند بەخوا هیچ کەسێك نیە لەنامەدارەکان کە بڕوا نەهێنێ بەعیسا لەپێش مردنیا و لەکاتی سەرەمەرگدا ، بڕوا دێنێت بڕوایەکی راستەقینەی تەواو ، بەلاّم لەوکاتی سەرەمەرگدا بڕواکەیان سوودی نییە ، چونکە گیانیان گەیشتۆتە قورقوڕاگەیان و تازە کار لەکار ترازاوە و، رۆژی

قیامەتیش عیسا (سەلامی خوای لێبێت) دەبێت بەشایەت بەسەر نامەدارەکانەوە ، شایەتی ئەدا لەسەر جوولەکە کەبڕوایان پێنەهێنا و لەسەر گاورەکانیش کە ئاینەکەیان تێکدا .

مەسەلەی سەرەمەرگ ، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و قورئان لەچەندەها ئایەتدا باسی کردووە ، تا پەند و عیبرەتی لێوەرگیرێ ، بۆیە پێمان باشە باسی ئەو ئایەتانە بکەین و ، ساتێك لەخزمەتیاندا بین و هەڵوێستەیەکمان ببێت .

**( ٩٠ ) دوا ساتەکانی ژیان :**

قورئانی پیرۆز لەپەروەردەکەیدا ، تیشك دەخاتە سەر دوا ساتەکانی ژیان ، ئەو کاتەی کە ڕۆح دەگاتە قورقوڕاگەی مرۆڤ ، ئەوساتەی کە مرۆڤ پێیەکی لەدنیایە و پێیەکی لەئاخیرەت ، شتی سەیر دەبینێ ، کەم کەم ڕاستیەکانی لائاشکرا دەبێ ، ئینجا دەیەوێت تۆبە بکات ، بەڵام پاش چی ؟ تەمەنی هەمووی بەفیڕۆدا ، چەند هەناسەیەکی ماوەو تازە تەوبەش وەرناگیرێ . بۆ نموونە:

١ــ قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وجاءت سكرة الموت بالحق ذلك ما كنت منه تحيد﴾ ق : ١٩ واتە : سەختی و نارەحەتی گیان کێشان هات و هەق و ڕاستی لەگەڵ خۆیدا هێنا ، لەوێدا دەردەکەوێ کە ئەوەی خوا و پێغەمبەر (ﷺ)فەرمانیان پێدابوو هەق و ڕاستی بوو ، جا ئەمە ئەو مردنەیە کەلەدنیادا خۆتت لێ لادەدا و ، لەبیر خۆتت دەبردەوە .

٢ ــ ﴿ ولو ترى اذ الظالمون في غمرات الموت و الملائكة باسطوا أيديهم أخرجوا أنفسكم اليوم تجزون عذاب الهون بما كنتم تقولون على الله غير الحق و كنتم عن اياته تستكبرون ﴾ الانعام : ٩٣ واتە : ( ئەگەر دەبینی ئەی پێغەمبەر (ﷺ)ئەو کاتەی کەستەمکاران لەسەرەمەرگدان و مەلائیکەتەکان دەستیان بۆ درێژ دەکەن و ئازاریان دەدەن و پێیان دەڵێن : ئەگەر دەتوانن فەرموون خۆتان ڕزگاربکەن لەمردن ، ئەمڕۆ تۆڵەتان لێدەسێنرێ و دووچاری سزای سەخت و ریسوایی دەبن ، بەهۆی ئەوەی شتی ناهەقتان دەگوت لەبارەی خواوە و خۆتان بەزل دەزانی و رووتان وەردەگێڕا لەئایەتەکانی ﴿ ولقد جئتُمونا فُرادى كما خلقناكم أول مرة وتركتم ما خَولناكم وراء ظهوركم ، ومانرى معكم شفعاءكم الذين زعمتم أنهم فيكم شركاء ، لقد تَقَطعَ بينكم وضلَ عنكم ما كنتم تزعُمون ﴾ الانعام : ٩٤ واتە : بێگومان ئەوا هاتنەوە بۆ لامان بەتەنهایی ، بێ ماڵ و مناڵ ، بێ کەسوکار ، هەروەك چۆن یەکەمجار دروستمان کردن ، هەرچیش پێماندابوون لەدوای خۆتان

بەجێتان هێشتن و، نابینن ئەو کەسانەی کەبەتکاکاری خۆتانتان دەزانین ، ئەوانەی دەتانکردن بەهاوبەش و هاوەڵ و هاودەمی دنیاتان و ، هەموو ئەو لاف و گەزافەی لەدونیادا لێتان دەدا ئەمرۆ لێتان ونبووە .

٣ ـ ﴿وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ وَعَتَوْا عُتُوًّا كَبِيرًا (٢١) يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَحْجُورًا (٢٢) وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُورًا﴾ الفرقان ٢٣ .واتە : ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نییە دەڵێن: با مەلائیکە بنێردرایە بۆ لامان ، یان خوامان بدیایە ، سوێند بەخوا خۆیان ناناسن و خۆیانیان زۆر لا گەورە بووە داوای شتی وا دەکەن ، بەمەش ستەم و تاوانێکی زۆر گەورەیان کرد و لەسنوور دەرچوون .

جا ئەو ڕۆژەی دوا ساتەکانی ژیانیانە و لەسەرە مەرگدان و مەلائیکە دەبینن ، هیچ مژدەیەکی خۆشیان پێنادرێت و داوا لەخوا دەکەن کە رزگاریان بکات ، بەلاّم بێسوودە ، چونکە لەو ڕۆژەدا هەموو کردەوەکانیان دەکەین بە تۆز وخۆڵێکی پەرژو بلاّوی دەم ڕەشەبا و ، هیچی وەرناگرین ، بەهەشتیەکان لەو ڕۆژەدا جێ و ڕێیان زۆر چاکە و لەخۆشی و بەختیاری و ئارامیدان ..

٤ـ ﴿فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (٨٣) وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ (٨٤) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ (٨٥) فَلَوْلَا إِنْ كُنْتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ (٨٦) تَرْجِعُونَهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٨٧)﴾ الواقعە : واتە : لەکاتێکدا کە گیان دەگاتە قوڕقوڕاگە و ، ئێوە بەخەم و خەفەتێکەوە لە دەورین و تەماشای دەکەن و ، ئاهو هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشن ، وە ئەگەر لێتان وەربگیرێ هەرچی یەکتان هەیە دەیدەن بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە و رزگاری ببێت .

لەم کاتەدا کە گیان دەردەچێ‌و، هەرچی هەیە بەجێ دەمێنێ و، ڕوودەکاتە عالەمێکی تاریك و نووتەك کە هیچی لێنازانێ و، هیچی بەدەستەوە نییە بۆ ئەو ڕۆژە مەگەر کردەوە ، ئنجا سا یان باش یان خراپ .

لەم کاتەدا گیانەکەی لەعالەمی ئەولاشت دەبینێ ، بەلاّم ناتوانێ باسی بکات ، لاشە لەوێدا کەوتووە ، دانیشتوان دەیبینن ، بەلاّم نازانن گیانەکەی بۆ کوێ چوو ، وە چی بەسەر هات .

لێرەدا دەسەڵاتی ئادەمی و زانینی دەوەستێت و، پەردە دائەدرێتەوە لەنێوان زیندووەکان و مردووەکاندا ، لێرەدا هەر خوا خۆی و دەسەڵاتی هەیە ، وەك دەفەرموێ: ﴿ ونحن أقرب اليه منكم ولكن لا تبصرون ﴾ ئێمە لەئێوە نزیکترین بە مردووەکە ، بەڵام ئێمە نابینن .

ئنجا ئەگەر لەلایەن خواوە بڕیاری مردنتان نەدراوە ؟ بۆچی لەکاتی گیانەڵادا گیانی نەخۆشەکەتان ناگێڕنەوە ؟ ئەگەر ڕاست دەکەن کە دەڵێن : نە ڕۆژی دوایی هەیە نە لێپرسینەوە .

ئنجا کەدەستەوسان مانەوە و هیچتان پێنەکرا ، نابێ تێبگەن و بزانن کە هەموو کارێك هەر بە دەست خوایەو ،هەر ئەوە فەرمانڕەوا لەدین و دنیاداو ، نابێ لێی بترسن و لەفەرمانی دەرنەچن ؟.

﴿ فَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ (٨٨) فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ (٨٩) وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ (٩٠) فَسَلَامٌ لَكَ مِنْ أَصْحَابِ الْيَمِينِ (٩١) وَأَمَّا إِنْ كَانَ مِنَ الْمُكَذِّبِينَ الضَّالِّينَ (٩٢) فَنُزُلٌ مِنْ حَمِيمٍ (٩٣) وَتَصْلِيَةُ جَحِيمٍ (٩٤)﴾ الواقعه / واتە : ئنجا ئەگەر ئەو مردووە لەنزیکانی بارەگایە ، بەم ڕەنگە هەرچی خوا فەرمانی پێداوە کردوونی و، هەرچی جڵەوگیری لێکردووە نەیکردوون ، بۆ ئەوە دڵنیایی و حەسانەوە و بۆنخۆشی و بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەت و ، ئەگەر ئەو مردووە لەدەستەی لای ڕاستە ، سەلامەتی و بێ زیانی بۆ تۆ ئەی ئەو کەسەی کەلەدەستەی لای ڕاستیت . وە ئەگەر ئەو مردووە لەبێبڕوایانە ، میوانداریەکەی لەئاوی لەکوڵی دۆزەخ و چوونە ناو دۆزەخە ، ئەوەی کە لەم سوورەتەدا وترا لەباسی زیندووبوونەوە و پاداشت وەرگرتن شتێکی ڕاست و دروست و بێگومانە ، ئنجا ئەی پێغەمبەر تۆبڵێ ( سبحان ربي العظيم ) ..

٥ ــ ﴿ كلا اذا بلغت التراقي وقيل مَن راق ، وظن أنه الفراق ، والتفتِ الساق بالساق ، الى ربك يومئذ المساق ﴾ القيامه : ٣٠ واتە : باوی دنیاو خۆشەویستی ماڵ و سامان مەدەن بەسەر قیامەتدا ، پەشیمان بنەوە ، خۆ ئەگەر ڕۆژی دوایی بەدوور دەزانن ، خۆ مردن دوور نییەو ، دەزانن کە هەموو دەمرن و، تووشی ئەو گیانەڵا و چەناگە کوتانە دەبن ، کە مردنیش دەرگای ڕۆژی دواییە ، بیر بکەنەوە لەوتەنگانە و نارەحەتیەی کەدێت ، کاتێك کە ڕۆح دەگاتە قورقوڕاگەو ، کەس و کار و خزم و خوێش دەستەو ئەژنۆ دادەنیشن و، هیچ هیوایەکیان نامێنێ نوشتە و ئەفسوون نەبێ ، (وقيل من راق) وترا لەلایەن کەس و کاری نەخۆشەوە : کێی وا هەیە نوشتەیەکی بۆ بکات (وظن

انه الفراق ) وه نهخۆشهكه زانی ئهوهی تووشی بووه مردن و جیابوونهوهیه لهماڵ ومناڵ ، ﴿ و التفت الساق بالساق ﴾ وهقاچ لهقاچ ئالاّ و جووڵهی لێبڕا ...

بهڵێ كاتێك مردن هات و فڕاندنی لهناو كهسوكارتدا ، ئهو كاته تێدهگهیت بۆ كوێت دهبات ؟ ﴿ الی ربك یومئذ المساق ﴾ بۆ لای پهروهردگارته راپێچكردن لهو رۆژهدا .

**( ٩١ ) تهوبهی سهرهمهرگ وهرناگیرێت :**

﴿ وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الْآنَ وَلَا الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ النساء : ١٨واته : تهوبه بۆ ئهوانه نییه كه خراپه دهكهن و دهستی لێهه‌ڵناگرن ، جاكاتێ مردن یهخه بهیهكێیان دهگرێ و دهزانێ كار لهكار ترازاوه ، ئهو كاته بهناچاری دهڵێ : من ئێستا تهوبه دهكهم و پهشیمانم لهكردهوهكانم ، چونكه گهیشتۆته حاڵهتی نائومێدی و لهدنیای تێكۆشان و ههوڵدان دهرچووه ، كهوتۆته دنیای پاداشت و تۆڵهوه ، ئهوهی لێچاوهڕوان ناكرێ كهماوهی ههبێ واز لهخراپهكاری بێنێ و پهشیمانیهكهی بهرێته سهر ، ههروهها ئهوانهش كهبهكافری دهمرن تۆبهیان لێوهرناگیرێ ، ئهو دووتاقمهی كه تۆبهیان لێوهرناگیرێ سزای بهئێش و بهسوێمان بۆ ئامادهكردون ..

دوا ساتهكانی ژیان ، كه خوای گهوره دیاری كردووه بۆ مرۆڤ ، ناڕهحهتترین و سهختترین كات و ساتی ژیانن ، پێغهمبهر(ﷺ)لهوكاتهدا ئارهقی ناوچهوانی دهسڕی و دهیفهرمو : ( سبحان الله ان للموت سكرات ) ( پاك و بێگهردی بۆ خوایه ، بهراستی مردن ئازار و ناڕهحهتی ههیه و سهخت و گرانه ) .

ههندێك پرسیار لهقیامهت دهكهن ، بهدووری دهزانن ، بهلاّم خۆ هاتنی قیامهتی ههریهكهمان یهك ههناسهیه ، كهنههات نایهت ...

لهوكات و ساته دژوارهدا مرۆڤ لهسهر دووڕێیانی دونیا و قیامهت دهوهستێت و پشت له دنیا و روو لهقیامهت ههنگاو دهنێت ، نهله رزق و رۆزی یهكهی دهترسێ، نهلهداهاتووی دهترسێ ، نهلهكهس دهترسێ و ، ههموو ترسهكانی دنیای نامێنێ ، تهنها یهك ترس نهبێ ، ئهویش ترسانه له چوونه بهردهستی پهروهردگار ، ئهمهش ئهو رۆژهیه كهلهیهكهم سورهتدا سورهتی ( العلق ) باسی دهكات و دهفهرموێت : ﴿ انَّ الی ربك الرُجعی ﴾ ، واته ( گهڕانهوه تهنها بۆ لای پهروهردگارته ) وه

لەسەر تاسەری قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە و ، تەنانەت دوا ئایەتیش کە هاتە خوارەوە فەرمووی : ﴿ واتقوا یوماً تُرجعون فیه الی الله ﴾ واتە : بترسن لەرۆژێك کە دەگێڕدرێنەوە بەردەستی خوا .

بۆ زیاتر شارەزا بوون و عیبرەت وەرگرتن چەند نموونەیەکی سەرەمەرگ باس دەکەین :

**یەکەم : عومەری کوری خەتتاب :**

عومەری کوڕی خەتتاب لەدوا ساتەکانی ژیانیدا سەری لەسەر رانی (عبدالله)ی کوڕی بوو ، پێیوت : سەرم بخەرە سەر زەوی بەڵکو خوای گەورە بەزەیی پێمدا بێتەوە ، (عبدالله) ش دڵی نەدەهات ، بۆیە عومەر دووبارەی کردەوە ، سەرم بخەرە سەر زەوی ، ئەویش خستی ، ئنجا عومەر دەستی کرد بە گریان ، ئنجا وتی : خۆت و دایکت رەنجەڕۆ دەبن ، ئەی عومەر ! ئەگەر خوا لێت خۆش نەبێت ، دوای ئەوە گیانی دەرچوو خوا لێی رازی بێت .

بەڵێ ، ئەمە حاڵی خەلیفەی دووەمە ، ئەمیری بڕواداران ،کە بەهەر کووچە و کۆڵانێکدا بڕۆیشتایە شەیتان بە کووچە و کۆڵانێکی تردا دەڕۆیشت ، ئەو عومەرەی کە دینی خوا لەسەر دەستیدا برەوی سەند و هەر لەدنیادا پێغەمبەر (ﷺ)مژدەی بەهەشتی دابوویە ...

**دووەم : عومەری کوڕی عەبدول عەزیز :**

کاتێك کە مەرگ لێی نزیك بۆوە مەسلەمەی کوڕی عەبدول مەلیك چووە ژوورەوە و وتی : ئەی ئەمیری بڕواداران تۆ دەمی ماڵ و منداڵەکەت لەم سامانە بەستووە و وا بەنەبوونی و هەژاری بەجێیان دەهێڵی ... ئەویش وتی : کوڕەکانم یەکێك لەم دوو پیاوەن ، یان ئەوەتا شەرم لەخوا دەکەن و ، خواش دەرووی خێریان لێدەکاتەوە ، یان ئەوەتا سەریان کردۆتە تاوان و منیش نامەوێ پارەیان بۆ بەجێبهێڵم خراپەی پێوە بکەن .

پاشان ناردی بەدوای کوڕەکانیداو سەیری کردن و بەدەم گریانەوە وتی : بەقوربانی ئەو کوڕە گەنجانەم کە سوپاس بۆ خوا بەهەژاری لەسەر خێر و چاکە بەجێیان دەهێڵم ... کوڕە شیرینەکانم ! تووشی هەر موسڵمانێك یان ئەهلی (زیمە) بوون ، ئەوا مافتان بەسەریانەوە هەیە ، (واتە باوکتان ستەمی لێنەکردوون تا ئێوە قەرزاریان بن) .

ئێوە دوو کار وا لەبەردەمتاندا : یان ئەوەتا بەحەرامی دەوڵەمەند بن و باوکتان بچێتە ئاگرەوە ، یان بە هەژاری بمێننەوە و باوکتان بچێتە بەهەشتەوە ،جا باوکتان پێی خۆشە ئێوە هەژاربن (بەوەی کە دەستی بۆ ماڵی دەوڵەت و موسڵمانان درێژ نەکردووە ) تا بچێتە بەهەشتەوە ... دەفەرموون هەستن خوا پارێزراوتان بکات .

پاشان کورەکان و مەسلەمەی خاڵیشیان چوونە دەرەوە و لەبەر دەرگاکەدا دانیشتن ، خەلیفەش چاوی بڕیە دەرگاکە ، هەروەك کۆمەڵە میوانێکی بەرێز بەدیی بکات و هاتبنە دیداری ، کۆمەڵە میوانێك لەمەلایکەتانی پەروەردگار ، تا خەلیفەی دادپەروەر لەگەڵ خۆیاندا بەرن بۆ ئاسمان.

فاتمەی خێزانی دەڵێت : لەبەر دەرگا گوێم لە خەلیفە بوو دەیووت : مەرحەبا لەم دەم و چاوانە کەلە ئینس و جن ناچن ! ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿ تلك الدار الاخرة نجعلها للذين لا يريدون علواً في الارض ولا فساداً و العاقبة للمتقين ﴾ القصص : ٨٣ چەند جارێك دووبارەی کردەوە و پاشان گیانی دەرچوو ..

**سێیەم : یونس کوڕی عوبەید :**

یونس کوڕی عوبەید کە تابعیی یە قوتابی (ئەنەسی کوڕی مالیك) بووە و خەریکی بازرگانی کردن بوو ، لەسەرمەرگدا سەیری قاچی خۆی کرد و دەستی کرد بەگریان ، کەس و کارەکەی لێیان پرسی : باوکی ( عبدالله) بۆچی دەگریت ؟

ئەویش وتی : بۆ ئەوە دەگریم کە پێم تۆزی جیهادی لێنەنیشت لەدنیادا .

بەڵێ ، ئەو پیاوە باشە بۆ ساتەکانی ژیانی دەگریا کە هەر خەریکی بارزگانی بووە و جیهادی نەکردووە ، چونکە پلە و پایەی تێکۆشەرانی ڕێی خوا یەکجار بەرزە و ، تۆز و خۆڵی جیهاد کردن ڕێگرە لە چوونە ناو دۆزەخ .

**چوارەم : یوسفی کوڕی حوسێنی رازی :**

ئەم پیاوە باشە لەمزگەوتەکاندا ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد ، لەسەرمەرگدا لەوەدەترسا کە ئامۆژگاری یەکی خەڵکی کردبێ و خۆی پەیڕەوی نەکردبێ ... دەترسا بەر ئەم ئایەتە بکەوێ ﴿ يا ايها الژين امنوا لم تقولون مالا تفعلون كبر مقتاً عند الله أن تقولوا مالا تفعلون ﴾ الصف : ٢ واتە :

ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە بۆچی ئەوەی دەیڵێن نایکەن ، زۆر مایەی خەشمی خوایە کەقسەیەك بڵێن و نەیکەن ) .

بۆیە لەدوا هەناسەکانیدا ئەم دوعایەی کرد و وتی : ﴿ اللهم انی نصحت خلقك ڤاهراً، و غششت نفسی باگناً ، فهب لی غشی لنفسی ، لنصحی لخلقك ﴾ واتە : خوایە من ئامۆژگاری خەڵکیم بەئاشکرا کردووە و ، لەژێرەوە غەشم لەنەفسی خۆم کردووە ، خوایە غەشەکەم بەرامبەر نەفسی خۆم ببەخشی بەو ئامۆژگاریانەی کەهی خەڵکیم کردووە ...) ئینجا گیانی دەرچوو .

**پێنجەم : ئیبن سەمماك :**

ئەم پیاوە باشە ئامۆژگاری هاروونە ڕەشیدی دەکردو ، هەمیشە ئامۆژگاری باوکی لەگوێیدا دەزرنگایەوە کە پێی وتبوو : ئەگەر دەتوانی وەك پیاوێك بە کە مردنی چەشتبێ پاشان گەڕابێتەوە دنیا ، لەئامادەیی و لەسەر پێی بۆ گەڕانەوە و هەوڵدانی زۆری بۆ کاری چاکە ) .

لەسەرەمەرگدا وتی : (خوایە هەرچەندە من لەفەرمانت دەرچووم بەڵام هەردەم ئەوانەم خۆش ویستووە کە گوێڕایەڵی تۆ بوون ) .

بەڵێ ، ئیبن سەمماك پاش ئەو هەموو خزمەتە بە ئیسلام لەوکات و ساتە ناهەموارەدا تەنها خۆشەویستی موسڵمانانی لەیادە کە فریای بکەوێت .

**شەشەم : ئیبراهیمی نەخەعی :**

ئەم پیاوە خواناسە زانای عێراق و موفتی ئەهلی کوفە بوو ، لەسەرەمەرگدا دەگریا ، لێیان پرسی : باوکی عیمران بۆدەگریت ؟ وتی : چاوەڕێی فریشتەی گیانکێشان دەکەم ، نازانم مژدەی بەهەشتم پێدەدات یان دۆزەخ ؟

**حەوتەم : دکتۆر عادل شویخ :**

حەزدەکەم بۆ مێژوو ئەم چەندوشەیە تۆمار بکەم :

پێش سەعاتێك لەمردنی دکتۆر عادل ، لەتەنیشت منەوە دانیشتبوولە بینای ئیغاسەی ئیسلامی لە سولەیمانی، لیَم پرسی : مامۆستا یەکێکی وەك بەڕێزتان چاکتر نییە دەست بەتاڵ بن بۆ کاری

بانگەواز ؟ فەرمووی : ئێمە حەزدەکەین بەرِەنجی شانی خۆمان بژین ، هەروەها مەسرەفی ولاّتانی کەنداو گرانە ، ئەوەی کە بانگەواز دەیدات بەئێمە ، چەندەها بانگخوازی لەولاّتانی دیکەی پێ کەفالەت دەکرێ و دەتوانن خۆیانی پێ دەستبەتاڵ بکەن بۆ بانگەوازکردن . پاش ئەم قسانە ، خواحافیزیان کرد و پاش سێ چارەکێك لەرێی سووسێ ئوتومبیلەکەیان وەرگەرِا ، خێرخوا لەپیکابێکدا مامۆستایان بەپەلە هێنایەوە بۆ سلێمانی ، ئەو برادەرەی کەلەپیکابەکەدا سەری دکتۆر عادل لەسەر رانی ، بۆی گێرِامەوە و وتی : لەلای بینایەی (حەسیب سالّح –پالاص) دکتۆر چاوی هەڵبرِی و وتی : سەرم تۆزێ نزم بکەرەوە ، ئینجا بۆ دواجار لەدنیادا شایەتمانی هێناو گیانی پاکی سپارد بەخوا رەحمەتی خوای لێبێت .

**هەشتەم : مامۆستا مەلا نجم الدین :**

ئەم پیاوە چاکەش لەو رۆژەوەی قوتابخانەی برایانی ناسی رێرِەوی ژیانی گۆرِدرا بەرە و نەسرەوتن لەهەوڵ و تێکۆشان وپەروەردەکردنی موسڵمانانادا .

پێش ئەوەی وەفات بکات بە ماوەیەك ، کاسێتێکی تۆمار کردووە بۆ منالّەکانی کەتیایدا کۆمەڵێك ئامۆژگاری دین و دنیایان دەکات ، لەیەکێك لە ئامۆژگاریەکانیدا دەڵێت : وەسیەت بێت بۆ ئەولادی ئەولادم کەلە قوتابخانەی برایان لانەدەن ، چونکە ئەو قوتابخانەیە ئێمەیان پێگەیاند لەم ولاّتەدا و فێری دینداری راستیان کردین .

لەدوا ساتەکانی ژیانیشیدا لەخەستەخانە ، کە لەژێر چاودێری پزیشکەکاندا بوو ، سەعات دووی شەو لەدوا هەناسەکانیدا ئەو دێرِە هۆنراوەیەی ئیمامی شافعی وت کە ئەویش لەسەرەمەرگیدا وتبووی :           ولما قسا قلبي وضاقت مذاهبي

جعلت الرجا مني لعفوك سُلما

**نمونەیەك لەسەرەمەرگی تاوانباران** :

فیرعەون :

لەپاش ئەوەی هەشت نمونەمان باس کرد لەسەر پیاوباشانی رێی خوا بەچاکمان زانی سەرەمەرگی فیرعەونیش باس بکەم کە قورئان تۆماری کردووە دەفەرموێت : ﴿حتى اذا ادركه الغَرَق

قال امنت انه لا اله الا الذي امنت به بنو اسرائيل و أنا من المسلمين الان وقد عصيتَ قبلُ وكنتَ من المفسدين ،فاليوم نُنَجيك ببدنكَ لتكون لمن خلفك آية وان كثيراً من الناس عن اياتنا لغافلون ﴾ يونس : ٩٢ واته : كاتێك فيرعەون گەيشتە ئەوەی نوقم بێت و ئومێدی رزگاربوونی نەما وتی : ئەوا بڕوام هێنا کە هیچ خوایەك نییە بێجگە لەو کەسەی نەوەی ئیسرائیل بڕوایان پێهێناوە ، وەمن لە موسڵمانانم ، ئایا ئێستا بڕوا دەهێنی ؟ لەکاتێکدا لەمەو بەر بەگوێی ئێمەت نەکردووە لەخراپەکاران و ستەمکاران بوویت ، ئەمڕۆش لاشەکەت رزگار دەکەین لەتیاچوون بۆ ئەوەی ببیٚ بەپەندی زەمانە بۆ ئەوانەی دوای خۆت ، تا ببی بە بەڵگە و نیشانەیەك لەسەر دەسەڵاتی خوا ، هەرچەندە زۆر کەس بیٚئاگان لەئایەتەکانی ئێمە ).

فیرعەون بەخەڵکی رادەگەیاند کە ئەو پەروەدگاری باڵا دەستیانە هەتا خوای گەورە بەو دەردەی برد کە بردی ﴿ فقال : أنا ربكم الاعلى فأخذه الله نكالَ الاخرة و الاولى ان في ذلك لعبرة لمن يخشى ﴾ النازعات : ٢٦ واتە : فیرعەون بە خەڵکی راگەیاند و وتی : من خوای هەرە گەورەتانم ، ئنجا خوا گرفتاری کرد بە سزای هەردوو جیهان ( یەکەم بەخنکاندنی لەئاوا ، دووەم لە رۆژی دواییدا ،بە سووتانی لەدۆزەخ دا ) بەراستی لەم داستانەدا پەند هەیە بۆ ئەوەی لەخوا بترسیٚ.

فیرعەون ئەوەندە تاوانبار و ستەمکاربوو ، جوبرائیل (سەلامی خوای لیٚبیٚت) بە پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ يا محمد فلو رأيتني وأنا آخذ من حال البحر ، فأدسه في فيه مخافة أن تدركه الرحمة ــ ترمذي بەسەنەدێکی حەسەن گێڕاویەتیەوە ) واتە : ئەی محەمەد بریا لەو کاتەدا چاوت لیٚم دەبوو کە چۆن قوڕ ولیتەی ناو دەریاکەم دەخنیە ناو دەمی فیرعەونەوە نەبادا بەر رەحمەتی خوا بکەوێت ، بەهۆی وتنی وشەی ( لا الە الا اللـه ) ەوە لاپەڕە ٢٣٨ بەرگی شەشەم التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول / وەرگێڕانی نوری فارس ) .

**( ٩٢ ) نوستن و خەو بینین :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ ومن اياته منامكم بالليل و النهار و ابتغاؤكم من فضله ، ان في ذلك لايات لقوم يسمعون ﴾ الروم : ٢٣ واتە : خەوتنتان لەشەوو رۆژدا و، هەوڵ دانتان بۆ رزق و رۆزی کەلەفەزڵ و میهرەبانی خواوە بۆتان فەراهەم هاتووە ، بەڵگە و نیشانەی ئاشکران بۆ گەلیٚك کە گوێگرن و ببیستن .

بەراستی خەوتن دیاردەیەکی سەیرە ، مرۆڤ زیاتر لەیەك لەسەر سێی تەمەنی لەخەودا بەسەر دەبات ،ئنجا خەوی تیا دەبینێ ،هەندێکیان بێبایەخن و هەندێکیشیان مژدەی تێدایە و زۆر گرنگن .

دکتۆر (مستەفا مەحمود) کە موڵحید بوو پاشان موسڵمانبوو ، لەبارەی (خەوبینین) ەوە ، دەڵێت : هاوەڵێکی کۆمۆنیستم هەبوو ، پێی وتم : خەوم بینیوە (جمال عبدالناصر) بەم زوانە دەمرێت ، منیش پێموت : جا ئەگەر خەوەکەت راست دەرچوو مانای وایە مەزهەبی ماددیەتی تۆ هەرەس دێنێت ، چونکە ئەم خەوەی کەبینیوتە و پێشوەخت رووداني مردنی (عبدالناصر) بزانیت هیچ لێکدانەوەیەکی ماددی نییە ، پاش ماوەیەك خەوەکەی هاتە دی (جمال عبدالناصر) مرد ، بەڵام داخەکەم هاوەڵەکەم عیبرەتی لێوەرنەگرت ، منیش بەش بەحاڵی خۆم هەندێك لەو خەوانە کاریان تێکردم و ڕێڕەوی ژیانمیان گۆڕی لە کوفرەوە بەرەو ئیمان .

لەکاتی لاوێتیمدا ، خەریکی ئەدەبیات بووم و شەو تا درەنگ دادەنیشتم ، بەیانیانیش درەنگ لەخەو هەڵدەستام ، بەیانیەکیان سەعات نۆ هاوڕێیەکم تەلەفۆنی بۆ کردم و لەخەو خەبەری کردمەوە ، کە قسەم لەگەڵ کرد زانی کە خەوتبووم زۆر تەریق بۆوە داوای لێبووردنی کرد و دایخستەوە ، منیش پاش تەلەفۆنەکەی ئەو خەوم لێکەوتەوە ، لەخەوما برادەرەکەم بینی لەگەڵ برادەرێکی تریدا لە شەقامێك پیاسەیان دەکرد وباسی رەخنەی ئەدەبیان دەکرد ...

کە خەبەرم بۆوە نیوەڕۆ تەلەفۆنم کرد بۆ هاوەڵەکەم و وتم :دەزانی کە تۆ تەلەفۆنەکەت داخستەوە من خەوم لێکەوتەوە و خەوێکی ئاوەهام پێوە بینیوت : کە تۆ و فلان کەس لە فلان شەقام باسی فلانە شتتان دەکرد ، ئەویش زۆر لای سەیر بوو ،وتی : بەخوا خەوەکەت راستە و هەر دەڵێی تۆش لەگەڵماندا بوویت .

ئەم ڕووداوە رایچڵەکاندم و کەوتمە گەڕان بەدوای تەفسیری ئەم مەسەلەیەدا زۆر گەڕام لەپەڕاوە کۆنەکاندا ، لەتەورات و ئینجیل و پەڕاوە هیندیەکاندا ، کە هیچم دەست نەکەوت پەنام بردە بەر زانستی تازەی سەردەم ، زۆر گەڕام ، سەرەنجام بەوە قەناعەتم کرد کە ئیسلام لەبارەی مرۆڤ و رۆح و خەوتن و خەوبینینەوە باسی دەکات ...( بۆ درێژەی ئەم باسە سەیری نامیلکەی ـ خەوبینین ـ بکە لەزنجیرەی پەروەردەی ئیسلامیدا ) .

.

**( ٩٣ ) دوعاكردن :**

رووكردنه خوا و هاوار بردن بۆی و داواكردنی گشت پێویستی یەك لێی بەشێوەیەكی راست ، دڵ و دەروون پاك دەكاتەوە لەسەر كەشی و خۆبەزل زانی كە بنەڕەتە بۆ هەموو خراپەیەك . لەبەر ئەوە خوای پەروەردگار بەمیهرەبانی زۆری رێی داوین یادی بكەین ،پێغەمبەر (د.خ) كەبەیانیان لەخەوهەڵدەستا دەیفەرموو(الحمد لله الذي رد الي روحي وعافاني في جسدي وأذن لي بذكره )واته : سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە رۆحی بۆ گێڕامەوە و لاشەمی ساغ و تەندروست كردووە و رێی پێداوم كە یادی بكەم .

خوای پەروەردگار نەك هەر رێی داوە یادی بكەین بەڵكو ئەگەر ئێمە یادمان كرد ،یادمان دەكاتەوە و، رەحمەت و بەرەكەتمان بەسەردا دەبارێنێ ، قورئان دەفەرموێت : ﴿ وقال ربكم ادعوني استجب لكم ، ان الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنم داخرين ﴾ غافر : ٦٠واته : پەروەردگارتان دەفەرموێت : داوام لێبكەن بۆ پێویستیەكانتان ، وەڵامتان دەدەمەوە و بۆتان بەجێدێنم ، بێگومان ئەوانەی سەركەشی دەكەن و من ناپەرستن بەسەر شۆڕی و ریسوایی دەچنە دۆزەخەوە.

لەدوعاكردندا دەبێ ئاگامان لەدووشت بێت :

**یەكەم** : بەئیخلاص و لەدڵەوە دوعا بكەین و حەرام خۆر نەبین .

**دووەم** : بزانین كە تەگبیر و راوێژ بۆ خوا ناكرێ ..

بەم جۆرە شێوە و بارێكی بۆ دیاری بكرێ ، یان كات و وەختێكی تایبەتی ، بەڵكو دەبێت ئەوپەڕی گەردن كەچی و ئەدەب بەكاربهێنرێ ، وە بزانێ ئەم بەندەیە و لەسەریەتی پەنا ببات و داوابكات لەخوا ئیتر خوا خۆی دەزانێت كەی دەیكات و چۆنی دەكات ، بێگومان ئەوەی كە خوا دەیەوێت هەر ئەوە چاكە بۆ ئادەمیزاد ، جا پێبزانێ یان نا ، چونكە زانین و ئاگاداری خوا بەهەمووشتێك لەسەر و هەموو زانینێكەوەیە ، بۆیە بەبڕواداران دەفەرموێت : ﴿ قل لن يصيبنا الاما كتب الله لنا ، هو مولانا وعلى الله فليتوكل المتوكلون ﴾ التوبه : **٥١** واته : بڵێ دووچاری هیچ نابین مەگەر ئەوەنەبێت كە خوا بەباشی بزانێ بۆمان ، تەنها بەخوا پشت دەبەستن بڕواداران .

خالێکی تریش گرنگە کە نابێت بەندە پەلە بکات لەخوا ، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت : ( يستجاب لأحدكم ما لم يستعجل ، أو مالم يعجل ) واتە : نزا وەردەگیرێ لەهەرکامتان ئەگەر پەلە پەل نەکەن و بڵێن دوعامان کرد و وەڵامی نەبوو .

مامۆستا ( عبدالمجيد زندانى) دەڵێت :

دوعا بووە لەدوای دە دەقیقە هاتۆتە دی ، یان هەبووە پاش دوو سەعات ، جاری واش بووە ، پاش رۆژێك یان چەند رۆژێك خوا قبوڵی کردووە و بەئەنجام گەیشتووە ، مامۆستایەکی زانکۆ دەناسم کەلەئیسپانیاوە رای کرد لەتاو چەوسانەوە ، بۆ ئەوەی دینەکەی سەلامەت بێت ، لەلای ئێمە لەزانکۆ وانەی دەوتەوە ، کوڕەکەی تووشی (شێرپەنجە) بوو ، هاتە لام نەیدەزانی چی بکات ، وتی : لەتاو دینەکەم رام کرد و تووشی ئەم بەڵا گەورەیە بووم و، لەلای ئێوەش چارەسەری ئەو نەخۆشی یە نییە ، منیش پێموت :لەنیوە شەودا هەستە و دووعا بکە ... خوا ئاگادارە پاش ئەوەی دووعای کرد ، کوڕەکەی چاك بوو ، من خۆم کوڕەکەییم بینی لەکاتی نەخۆشی و لەکاتی چاك بونەوەکەشیدا .

جارێکیان چووم بۆ یەکێك لەشارەکانی یەمەن کە کۆمنیستەکان زۆر بە خراپی کاریان لەسەرکردبوون ، پاش ئەوەی وتارم بۆدان ، خەڵکەکە وتیان باشە خۆ بەچاوی خۆت بینیت چ بێبارانیەکە ، ئەوا دەغڵ و دان ئەوەندەی نەماوە لەناوبچێ ، بۆ دوعایەك ناکەیت باران ببارێت .

مەوقیفەکە زۆر نارەحەت بوو ، دوعا بکەم و خوا مەیلی نەبێ بباری دەترسم بەخراپی بشکێتەوە بەسەر نەفسیەتی خەڵکەکەدا ، وە ئەگەر دوعاش نەکەم هەر نابێ ، بۆیە پشت بەخوا لەگەڵیاندا کەوتمە دوعا کردن ، پاشان بەجێمان هێشتن ، گەیشتینە بەرزایی چیایەك هاوەڵەکەم وتی : سەیرکە دڵۆپە باران بە جامی سەیارەکەوە ،کە ئاوڕمان دایەوە لەوشارە لەپشتمانەوە سوپاس بۆ خوا دەستی کرد بەبارین .

هەروەها مامۆستای مزگەوتی (فاتح) لەتورکیا بۆی گێڕامەوە ، وتی ماوەیەکی زۆر باران نەباری ، خەڵکی تەواو نارەحەت بوون ، لەئەستەمبوڵ سەرۆکی شارەوانی (تەیب ئەردوغان) داوای لەخەڵکەکە کرد دەرچن بۆ نوێژی باران ، هەندێك وتیان ئەم کابرایە تێکچووە نوێژە بارانەی چی!

بەهەر حاڵ دەرچوون و نوێژکرا ، بۆ بەیانی بارانباری ، خەڵکی و زۆر سایەق تەکسی کە سەردەکەوتی لەگەڵیاندا دەیان وت : ( بارانەکەی تەیب ئەردوغانت بینی ؟!) .

**( ٩٤ ) ئایەتە زانستی یەکان :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ و السماء ذات الرجع و الارض ذات الصدع ، انه لقول فصل وما هو بالهزل ﴾ الطارق : ١٤ واتە : سوێند بە ئاسمانی خاوەن باران ، بەزەوی خاوەن قڵیش ، ئەم قورئانە گوفتارێکی راست و دروستەو ، کۆمەڵە دەستورێکی بەرزە و گاڵتە نییە ، شایستەی ئەوەیە کە هەموو کەسێك بیری لێبکاتەوە و بەپێی خۆی بەهرەی لێوەرگرێت ) .

بەڵێ ... هەر چڵە گیایەك کە بیەوێ سەر دەربێنێ بەفەرمانی خوا زەویەکەی بۆ دەقڵیشێتەوە نەك بە زۆری چڵە گیایەکی نەرم و شلی باریکی ناسکی وەك تاوە دەزوو .

رووی زەوی هەروەك چۆن درز و قڵیشی زۆری تێدایە ، ئاوەهاش چینەکانی ژێرەوەی زەوی درز و قڵیشی زۆری تێدایە چینەکانی زەوی یەکپارچە نین کە ئەمەش حیکمەتێکی گەورەی تێدایە بۆ بەردەوامبوونی ژیان چونکە لە (٩٠٪) بورکان و زۆربەی بوومەلەرزەکان لە دەوری ئەو قڵیشانەی زەویدان و، ساڵانە نزیکەی (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار بوومەلەرزە دەبێت ، هەرچەندە کەمێکیان زەرەو زیان دەدەن ، ئەگەر ئەو بوومەلەرزە و بورکانانە نەبوایە ئەوا زەوی کە لەناویدا ئەو هەموو پاڵە پەستۆیە هەیە تەنفیسی نەدەبوو ، بەمەش رەنگ بوو بە یەکجاری بتەقێتەوە و کەسی تیانەمێنێ .

دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی قڵیش و درزی چینەکانی زەوی لەم سەدانەی دواییدا دەستی پێکرد ، کەچی قورئان ئەوەتا گرنگی پێدەدا و خوای پەروەردگار سوێندی پێدەخوات پێش زیاتر لە(١٤) سەدە .

قورئانی پیرۆز تا قیامەت شتی وای تێدایە کە خەڵکی کەمەندکێش بکات بەرە و لای خۆی ، هەرچەندە لەپێشینیاندا هەستی پێنەکرابێت ، قورئان دەفەرموێت : ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٥٣)﴾ فصلت : وتە : ئایەت و بەڵگە و نیشانەکانیان پیشان دەدەین لەبوونەوەر و لەنەفسی خۆیاندا ، تا بۆیان دەرکەوێ کە ئەوە هەق و راستی یە ، ئایا ئەوە بەس نییە کە پەروەردگارت ئاگادارە بە هەموو شتێك).

خوای پەروەردگار عەقڵی داوە بە مرۆڤ تا بەکاری بهێنێ و بە ئەزموون و هەوڵ و تێکۆشان بگات بە زۆر راستی و ،زۆر دۆزینەوەی وا بهێنێتە کایەوە کە ژیانی خۆی پێ بەرەو پێش بەرێت ، زۆرجار پێویستیەکانی وای لێدەکات هەوڵی بێوچان بدات و بەوەش (اکتشافات و اختراعات) دێنە کایەوە .

هەندێك ئاماژەی زانستی لەقورئاندا پەی پێبراوە و دۆزراوەتەوە ، لەهەر سەردەمێکدا بوونەتە مایەی موسڵمان بوونی زۆر کەس ، کە بۆیان ئاشکرا بووە ، ئەو ئاماژە زانستیانە تەنها لەعیلمی خوادا بووە ، ئەگینا کەس پێش چەندەها سەدە شتی وای نەزانیوە ...

عومەری کوری خەتتاب (رەزای خوای لێبێت ) چاك لەم مەسەلەیە تێگەیشتبوو ، بۆیە هەندێك باسوخواس و هەندێ ئاماژەی لەو جۆرە کە ئەو رۆژگارە نەزانراوە و کەسانێك ویستوویانە لێی بدوێن عومەر پێی فەرمون:﴿دعوا هذه الاشياء حتى يأتي اذن الله لعقول أن تجدها ﴾ پەراوی معجزه القران ج٢/الشعراوی لاپەڕە : ١٦٤ ) واتە : ئەم جۆرە شتانە واز لێبێنن بۆ ئەو کاتەی کە خوای گەورە رێ دەدات بە عەقڵەکان کە بیدۆزنەوە .

**( ٩٥ ) ورد بوونەوە لەشاخەکان :**

سەیری رەنگی شاخەکان بکەن : ﴿ الم تر أن الله أنزل من السماء ماء فأخرجنا به ثمرات مختلفا ألوانها ، و من الجبال جدد بيض و حمر مختلف ألوانها و غرابيب سود ، ومن الناس و الدواب و الانعام مختلف ألوانه ، كذلك انما يخشى الله من عباده العلماء ، ان الله عزيز غفور ﴾ فاطر : ٢٧ واتە : ئایا نابینی کە خوا لەئاسمانەوە بارانی باراندووە بەو بارانەش بەروبوومی رەنگاو رەنگی فەراهەم هێناوەو ، لە کێوەکان رێگای جۆراو جۆری سپی و سوور و رەشی قیرینمان دروست کردووەو ، لەئادەمیزاد و لەو گیانلەبەرانەی دەڕۆن بەسەر زەویدا و لەئاژەڵیش چەندەهای جۆراو جۆرمان دروست کردووە ، وە ئەوانەی بەدڵ لەخوا دەترسن لە بەندەکانی خوادا زاناکانن ، وە بەراستی خوا بەدەسەڵات و لێخۆشبووە . هەروەها سەیری شاخ بکەن کە وەك مێخ داکوتراوە ﴿ و الجبال أوتاداً ﴾ النبأ : ٧ .

بەڵێ ئەوانەی کە بەراستی زانان لەخوا دەترسن ، بەڵام ئەوانەی کە نیوە زانیاریەکیان بەدەست هێناوە ، تووشی لەخۆبایی بوون و سەرکەشی دەبن. بۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هانی موسڵمانان

دەدات کە پەنا بگرن بەخوا لە زانیاری یەك کە سوودی نەبێت داوا بکەن هەردەم زانیاریان زیاتر و تەواوتر بکات ... قورئان دەفەرموێت ﴿ وقل ربی زدنی علماً ﴾ .

هەروەها پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرموێت : ﴿ اللهم اني أعوذبك من علم لا ينفع ﴾ ...

**( ٩٦ ) چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوکدا :**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری داوە بەمافەکانی دایك و باوك و، خراپەکردنی لەگەڵ دایك و باوکدا داناوە بەیەکێك لەگوناهە گەورەکان .

ئنجا ئەگەر سەیری شێوازی ئامۆژگاری قورئان بکەین لەم بارەیەوە دەبینین کەلەچەند جێگەدا باسی کردبێت پاش ئەوە باسی کردووە کە هاوەڵ بۆ خوا پەیدا نەکەن ، کە ئەوەش هەقی خوایە بەسەر دروستکراوەکانی یەوە ، ئنجا دێتە سەر هەقی دایك و باوك و نافەرمووێ : ﴿ لا تعتدوا علی الوالدین ﴾ یان ﴿ لاتؤذوا الوالدين ﴾هەروەك چۆن لەسیاقی ئایەتەکەدا دەفەرموێت : ﴿ ولا تشرکوا باللە ) بەڵکو مەسەلەی خراپەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا هەر باس ناکات ، چونکە ئەوەشتێکی بەڵگە نەویستە و، یەکسەر فەرماندەدات کە چاکە بکەن لەگەڵ دایك و باوکدا ، واتە نەك هەر نابێت خراپەیان بەرامبەر بکرێت ، بەڵکو دەبێت زۆر چاکیش بن لەگەڵیاندا ، کە ئەمەش بەراستی جێی سەرنجە هەروەك دەفەرموێت :

ا ـ ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْكُمْ وَأَنْتُمْ مُعْرِضُونَ (٨٣)﴾ البقرة : واتە : کاتێك کە پەیمانمان وەرگرت لەجوولەکە ، کە کەس نەپەرستن خوا نەبێت و، چاکە بکەن لەگەڵ باوك و دایك و ، خزمان و هەتیواندا و ، قسەی جوان بکەن لەگەڵ مەردومدا و ، نوێژ بکەن و زەکات بدەن ، لەپاشان پشتان هەڵکرد کەمێکتان نەبێت ، ئێوە هەر پشت هەڵکەرو لادەرن لەهەق و راستی .

ب ـ ﴿ و اعبدوا الله ولا تُشرکوا به شيئاً ، و بالوالدين احساناً ﴾ النساء : ٣٦ واتە : خواپەرستن و هیچ شتێك مەکەن بەهاوبەش و هاوەڵی و ، لەگەڵ دایك و باوکدا چاك بن .

ج ـ ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١) وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (١٥٢)﴾ **الانعام . واته : وەرن با بۆتان بخوێنمەوە ئەوەی کە پەروەردگارتان لەسەری حەرام کردوون ، هیچ شتێك مەکەن بەهاوەڵ و هاوبەشی خواو ، چاکە بکەن لەگەڵ دایك و باوکدا ، لێرەدا فەرمان دەدا بەچاکەکردن لەگەڵیاندا تا بزانرێت تەنها خراپە نەکردن بەس نییە ، بەڵکو دەبێت چاکەی زۆریان لەگەڵدا بکرێت و دڵیان رابگیرێت ...**

**مناڵەکانتان مەکوژن لەبەر هەژاری و نەبوونی ، ئێمە رۆزی ئێوە و ئەوانیش دەدەین و، نزیك مەکەونەوە لەکار وکردەوەی بەدی ئاشکراو نهێنی و، مەکوژن ئەو نەفسانەی کە خوا کوشتنی حەرام کردوون مەگەر بەهەق نەبێت (ئەو هەقەش دیارە بەرنامەی خوا دیاری دەکات) .**

**ئەم شتە گرنگانە خوا ئامۆژگاری کردن پێی ، بەڵکو ژیر بن و خۆتان بپارێزن لێیان ، هەروەها نزیك مەکەونەوە لەماڵی هەتیو مەگەر بەشێوەیەکی زۆر چاك وەك پاراستن و بەرهەمهێنانی ماڵەکە بۆی ـ تا گەورە دەبێت و باڵغ دەبێت و، لە کڕین و فرۆشتن و پێوانەش دا دادپەروەربن و ستەم لەکەس مەکەن ، داوای هیچ شتێکیش لەهیچ کەسێك ناکەین مەگەر ئەوە نەبێت کەلە توانایدایە ، واتە : کەسێك بەنەزانی و بەبێ دەست ئەنقەست کەم و کورتیەك بکات لە کێشانە و پێوانەدا خوا لێی ناگرێت و ، ئەگەر شتێکتان وت هەق بڵێن : وەك شایەتیدان با ئەوەی هەقەکەی لەسەر دەڵێن خزمیشتان بێت ، بەوەفا بن بەو عەهد و پەیمانەی دەیدەن بەخوا ، ئەم شتە گرنگانە خوا ئامۆژگاری کردن پێی بەڵکو بیر بکەنەوە و هۆشیاربن) .**

### ( ٩٧ ) پایەی بەرزی پێغەمبەر (ﷺ) :

**پێغەمبەر (ﷺ)ئەوەندە پایە بەرز و خۆشەویستە ، خوا داوامان لێدەکات درود و سەڵاوات بدەین لەسەری و ، بەهەر سەڵاواتێك کە ئەیدەین لەسەری خوای پەروەردگار دەجار سەڵاواتمان**

لەسەر دەدات (واتە: دە ئەوەندەی ئەوەی کە ئێمە داوای رەحمەت و پایەبەرزی دنیا و قیامەت بۆ پێغەمبەر (ﷺ)دەکەین خوای پەروەردگار رەحمەت و سۆز و میهرەبانی دەبارێنێ بەسەرماندا ) .

( اللهم صل على محمد و على ال محمد )

هەتا تەجەللی خودا لە عالەما بکا ظهوور

بەئاگری گوڵی چەمەن چیا ببێتە کێوی طوور

فریشتە و ئادەمی دەڵێن هەتا ئەبەد لەخوارو ژوور

صەلاتی حەق لەسەر شەهێ کەشەق دەکات قەمەر لەدوور

سەلامی حەق لەسەر مەهێ کە ئەسپی خۆر لەغار دەکات          بێخود

ب ــ خوای پەروەردگار کە باسی چیرۆکی گەلی (لوط) دەگێڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)لەکاتی باسەکەدا ، سوێند دەخوات بە ژیان و تەمەنی خۆشەویست و دەفەرموێت : ﴿ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ (٧٢) فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ (٧٣) فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ (٧٤) إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْمُتَوَسِّمِينَ (٧٥) وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُقِيمٍ (٧٦) إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِلْمُؤْمِنِينَ (٧٧)﴾ الحجر :واتە : سوێند بە ژیان و تەمەنی تۆ ئەی محەمەد ، ئەوانە وان لەسەر خۆشی و گومڕایی خۆیاندا ، لەکاتێکدا سەرگەردانن و چاوی دڵیان نابینایە ، بۆیە لەناومان بردن بەدەنگێکی گەورە لەکاتی خۆرهەڵاتن دا ، وە ژێرەو ژوورمان کردن و ، وردە بەردمان بەسەردا باراندن ، ئەمە بەڕاستی بەڵگەو نیشانەیە بۆ کەسانێك کە بیربکەنەوە وردببنەوە ، وە بێگومان جێ‌ڕێیان کەوتۆتە سەر ڕێگای کاروانەوە و بەڕاستی ئایەت و بەڵگە و پەندە بۆ بڕواداران ...

ج ــ هەروەها خوای پەروەردگار ئەوەندە دڵی پێغەمبەری لا مەبەستە ، بۆیە سوێند دەخوات بەو گلەیی یەی کە پێغەمبەر (ﷺ)دەیکات و دەفەرموێت :﴿ وقيله يارب ان هؤلاء قوم لايؤمنون فاصفح عنهم وقل سلام فسوف يعلمون ﴾ الزخرف : ٨٩ واتە : سوێند بێت بە گلەیی یەکەی (محەمەد) کە گلەیی لەگەلەکەی دەکات و دەفەرموێت: پەروەردگارا بەڕاستی ئەمانە گەلێکن باوەڕناهێنن ... ئەی (محەمەد) گوێیان مەدەرێ و لێیان گەڕێ ، لەمەو پاش دەزانن چییان بەسەردێت .( ئەمە بۆچوونی مامۆستا شەعراویە ) .

خوای خاوەن دەسەلاَت ئەو هەڕەشە سەختەی کرد لەو کۆمەڵە سەرسەختە ، زۆری پێنەچوو لەشەڕی بەدر و جەنگەکانی تردا زۆری لیَ لەناوبردن ، ئەمە لە دنیادا و لەقیامەتیشدا مەگەر خوا خۆی بزانیَ چۆن سزایەکیان دەدات .

**( ٩٨ ) ورد بوونەوە و بیرکردنەوە پیۆیستن :**

قورئانی پیرۆز دەفەرمویَت : ﴿ ومن اياته خلق السماوات و الارض ومابث فيهما من دابة وهو علي جمعهم اذا يشاء قدير ﴾ الشوری : **٢٩** واتە : لەبەڵگە و نیشانەی دەسەلاَتی خوا ، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی یە و ، ئەو هەموو گیانلەبەرەش کە دروستی کردوون و بلاَوی کردونەتەوە ، لەزەوی و ئاسمانەکاندا ، جا هەر کاتیَك بیەویَ هەروەك چۆن بلاَوی کردوونەتەوە ، لەزەوی و لەئاسمانەکاندا ، دەتوانیَت کۆیان بکاتەوە و حەشریان بکات .

هەروەها دەفەرمویَت : ﴿ خلق السموات بغير عمد ترونها وألقى في الارض رواسي أن تميد بكم وبث فيها من كل دابة ، وأنزلنا من السماء ماء فانبتنا فيها من كل زوج كريم ، هذا خلق الله فأروني ماذا خلق الذين من دونه بل الظالمون في ضلال مبين ﴾ لقمان **١١** واتە : خوای پەروەردگار ئاسمانەکانی دروستکردووە بەبیَ پایە و ستوون ، ئەوەتا دەیانبینین ، هەریەکەیان کە چەندەها ئەوەندەی زەوی یەکەی خۆمان گەورەتر و قورس ترە لەبۆشایی ئاسمانەکاندا لەخولگەی تایبەتدا ، بەبیَ ئەوەی هیچ راگیری کردبن دەسووڕیَنەوە ،هەروەها لەزەویشدا شاخ و کیَوەکانی داناوە بۆ هاوسەنگکردنی زەوی و ، لەزەویدا لەهەموو جۆرە گیانلەبەریَکی بلاَوکردۆتەوە ، لەئاسمانیشەوە بارانمان هیَنایە خوارەوە کە بەهۆیەوە لەهەموو رووەکیَکی بەسود و بەکەڵکمان بۆ ژیان رواند، ئەوانە هەمووی دروستکراوی خوان ، دەی پیشانم بدەن بیَجگە لەو کیَ هیچ شتیَکی دروستکردوە ؟ بیَگومان کەس هیچی دروست نەکردووە .

هەروەها دەفەرمویَت : ﴿ الذي أحسن كل شئ خلقه و بدأ خلق الانسان من طين ﴾ السجدة : ٧ واتە : ئەو خوایەی کە هەرچیەکی دروست کردبیَ بەچاکترین و ریَك و پیَکترین شیَوە دروستی کردووە ، کە بگونجیَ بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دروستکراوە ، وە لەسەرەتاشەوە مرۆڤی لەقوڕ دروست کرد ) .

دکتۆر (مستەفا محمود) لەبەرنامەی ( العلم و الايمان)دا دەڵیَت :

١ــ مێروولـه (٢٠) هەزار جۆری هەیە لیکەکەی (ئەنتی بایۆتیکی) تێدایە کە هەمیشە خۆی پێ پاك دەكاتەوە ، بەو بچووكی و وردیە (دەستورێكی شایانەی) تایبەتیان هەیە ، خاوەنی نیزامن ، زمانی لێك حاڵی بونیان هەیە .

٢ـ سمۆرە (بندق) و خواردنی تر دەشارێتەوە بەلاّم بیری دەچێتەوە کەلـه کوێدا داینـاوە ئەمەش خێری تێدایە بۆ مرۆڤ چونکە کاتێك باران دەبارێت ئەو دەنکە شاراوانە دەڕوێن ئەمەش یەکێکە لەوهۆیانەی کە دارستانی چڕ پەیدا دەبێت بەبێ ئەوەی کەس بیڕوێنێ .

٣ــ لەئادەمیزاد و زۆر لـەگیانلـەبەراندا نێرینە بەتواناترە و هەوڵ و کۆشش دەدا و،مێینەش نەوەی نوێ دەخاتەوە و میهرەبان و ناسکە ،کەچی هەر لـەدروستکراوەکانی خوادا جۆرە یاسایەکی تر دەبینین کە پێچەوانەی ئەوەیە کە باسمانکرد بۆ نموونە : لـه مێشولـەدا مێیەکەی خوێن دەمژێت و نێرەکەی شیلـەی گوڵ و شتی دیکە دەمژێت ، لـەشێردا مێینە دڕترە ، لـەهەنگدا مێیینە (شا)یەو ئەوانی تر هەموو لـەخزمەت مەملـەکەتەکەیاندان ، لـەدووپشك و جاڵجاڵۆکەدا مێیینە نێرینە دەکوژێت ، لـە( فرس البحر) یشدا لـەمێیینە هێلکە دەردەچێت و دەچێتە کیسێکەوە لای نێرینەوە لـەوێدا دەپیتێنرێت ، پاشان (حمل) ە کە لای نێرینەکەی دەبێت و لای ئەویش دێتە دنیاوە لـەمەشەوە دەسەلاّتی بێپایانی خوا تێدەگەین کە هەرچی بوێت و هەرچۆنی بوێت دروستی دەکات ﴿ يخلق ما يشاء ﴾ ﴿ ان الله على كل شئ قدير ﴾ .

٤ــ حوشتر : هەتا چاوی خەڵکی لێ دیاربێ ناچێتە لای مێیەکەی و، فیلیش کەنەخۆش دەکەوێ بەتەنها دوور دەکەوێتەوە ئەگەر چاك بۆوە دێتەوە ناویان وەگەرنا بەتەنها دەمرێت .

(دکتۆر مستەفا )دەڵێت : هەرکەس بڕوای نییە بابێت لـەبنی دەریاکان بکۆڵێتەوە کەچی گیانلـەبەری سەر سوڕهێنەری تێدایە جا بزانێت ئیمان دێنێت یان نا . لـەدکتۆریان پرسی لـەماڵەوە تەلیسکۆبێکت هەیە سەیری ئاسمانی پێدەکەیت چی پێ دەبینیت ؟ وتی : دەبینم لـەئاسماندا نوسراوە : (مشيئة الله) .

سەرنجدان و ورد بوونەوە و بیرکردنەوە ئەوەندە لـەئیسلامدا جەختی لـەسەرکراوە ،(عباس عقاد) دەڵێت : (التفكير فريضة اسلامية ) واتە : بیرکردنەوە فەرزێکی ئیسلامیە .

بەڵێ ، قورئان کە موعجیزەی خوایە بۆ بەرەی ئادەمی توانیویەتی سەرنجی مرۆڤ بۆشتانێك رابکێشێت کە مرۆڤێکی چوارده سەده لەمەوبەر بەشی خۆی تێبگات و مرۆڤی سەدەی ۲۱ یش پاش ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستیە سوودی لێوەربگرێ و بەلایەوە گرنگ بێت . بەراستی ئەمەش مەگەر هەر لەدەست قورئان بێت .

**۹۹ ) سەرنجدان لە( شیر ) :**

قورئان دەفەرموێت : ﴿ وان لكم في الانعام لعبرة نسقيكم مما في بطونه من بين فرث و دم لبناً خالصاً سائغاً للشاربين ﴾ النحل : ٦٦ واته : عیبرەت و پەند هەیە بۆ ئێوە لەحوشتر و ولاّخ و مەڕ ومالآتدا کە دەرخواردتان دەدەین شیرێکی پاڵفتە و خاوێن لەوەی لەناو سکیدایە لەنێوان سروان و خوێندا کەبەئاسانی دەخورێتەوە و لەگەروو دەچێتە خوارێ .

با هەموو ژیرێك بیر بکاتەوە ، لەوەی لەپێش چاوەوە ئەو مەڕو مالآتە ئەو خۆراك و ئالفە دەخۆن و لەپاشان لەو ئالفە ئەوشیرە پاکە چۆن فەراهەم دێت و لەگوانەکانەوە دەدۆشرێت و پاشەڕۆکەکەشی لەشوێنی خۆیەوە دەردەچێت و وەك پەین ئەویش سوودی خۆی هەیە . تەنها ئەو گۆرانکاریە بەسەیرکردنێکی سەر پێیی مرۆڤ سەرسام دەکات ، جا ئەگەر چاکتر زانستیانە لێی بکۆڵیتەوە دەردەکەوێ کە قورئان موعجیزەیەکە پێش چوارده سەده باس لەشیر دەکات کەلەنێوان خوێن و سرواندا دەردەچێت . .

شیر ئەو نیعمەتەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ من أطعمه الله طعاماً فليقل اللهم بارك لنا فيه واطعمنا خيراً منه ومن سقاه الله لبناً فليقل : اللهم بارك لنا فيه وزدنا منه فأنه ليس شئ يجزئ من الطعام و الشراب الا اللبن ﴾ ئەبوداود و ترمذي ریوایەتیان کردووە لە ئیبن عەبباسەوە.

واته :خوای پەروەردگار هەر خواردنێکی دا بەهەریەکێکتان با بڵێ خوایە بەرەکەتی تێ بکەیت بۆمان و چاکترمان پێ ببەخشیت وە هەرکەس خوا شیری پێ بەخشی بابڵێ خوایە بەرەکەتی تێبخە بۆمان و بۆمانی زیاد بکە چونکە هیچ شتێك نییە وەك شیر جێی خواردن و خواردنەوە بگرێت بەراستی ئەمەش موعجیزەیەکی پێغەمبەرە (ﷺ)ئەوەتا لێکۆڵینەوەی زاناکان جەخت دەکەنە سەر چاکی شیر و بەسوودی بۆ لاشەی مرۆڤ .

**(١٠٠ ) لەدەست خوا دەرناچن نەلەئاسمان و نەلەزەویدا :**

قورئان دەفەرمویێت : ﴿ وما أنتم بمُعجزين في الارض وما لكم من دون الله من ولي ولا نصير ﴾ الشورى : ٣١ واته : ئێوە ناتوانن لەدەست خوا دەرچن لەزەویدا وەنییە بۆ ئێوە جگە لەخوا هیچ دۆست و یارمەتی دەرێك .

هەروەها دەفەرمویێت : ﴿ وما أنتم بمُعجزين في الارض ولا في السماء ﴾ العنكبوت : ٢٢ واته : ( ئێوە ناتوانن لەدەست خوا دەرچن نەلە زەویدا و نەلەئاسماندا ) . بەراستی ئەم ئایەتەش بۆ خۆی موعجیزەیەکە چونکە مرۆڤ تەنها لەم سەدەیەی دواییدا توانی بچێت بۆ ئاسمان کەواتە ئایەتەکە پێشبینی ئەوەی تێدایە کە مرۆڤ نەك هەر لەسەر زەوی بەڵکو لەئاسمانیشدا دەبێت ، وە لەهیچ شوێنێکدا نەلەزەوی و نەلە ئاسمان ناتوانێت لەژێر دەسەڵات و فەرمانی خوای گەورە دەربچێت و ، لە چەند ئایەتێکی دیکەشدا بەگشتی جەخت دەکاتەوە سەر ئەم راستیە گرنگە و دەفەرمویێت : ﴿ ولا يحسبن الذين كفروا سبقوا انهم لا يعجزون ﴾ الانفال : ٥٩ واته : ئەوانەی کەباوەڕیان نەهێناوە با گومان نەبەن لەدەستی قودرەتی خوا دەردەچن ، بێگومان ئەوانە خوا دەستەپاچە و پەککەوتوناکەن و قوتار نابن .

---

(١) بەرنامەی ( المسلمون فی الغرب) کەناڵی فەزایی (اقرا) .

(٢) سەیری پەراوی محمد الخليفة الطبيعي للمسيح / احمد ديدات بكە .

(٣) ئەم دوو نموونەیەم لەوتارێکی شێخ عەبدول مەجید زندانی وەرگرتووە .

(٤) سەیری پەڕاوی محمد الخليفة الطبيعي للمسيح / احمد ديدات بكە .

(٥) لاپەڕە (١٠٢) پەراوی ( توحيد الخالق / عبدالمجيد الزندانی ) .

( ٦ ) بۆ درێژی ئەم باسە سەر بدە لە ( الاساس فی التفسير / لاپەڕە ـ ٢٢٥٠ ) .

(٧) بڕوانە : لاپەڕە ٤ پەراوی صيحة التحذير من دعاة التنصير ـ محمد الغزالی .

(٨) سەیری تەفسیری قورئانی پیرۆز جزمی (٥) لا (١٧٣) بكە .

## بەشی ٤

# خێرخوازی

| | |
|---|---|
| ١٠١- شەهادەتی هەق | پێشەکی |
| ١٠٣- یەکەم پایەی ئیسلام شایەتی دانە | ١٠٢- ئایا گومانتان هەیە لەوەی پێغەمبەر دەبینێت؟! |
| ١٠٥- ئاوی سپی چاو | ١٠٤- ئاسن لە زەویدا دروست نەبووە |
| ١٠٧- بەرزەخی نێوان دوو دەریا | ١٠٦-قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ |
| ١٠٩- ئاسمانەکان وزەوی مل کەچی خوان | ١٠٨- دۆزینەوەکانی دەریای مردوو |
| ١١١- ئەجەلی مرۆڤ وئەجەلی بوونەوەر | ١١٠- لە خزمەتی سورەتی (الأنشقاق) دا |
| ١١٣- گەلی نوح | ١١٢-گەلانی دێرین |
| ١١٥- هیچ وشەیەك لە قورئاندا بەبێ مەبەست نەهاتووە | ١١٤- هەڕەشەیەکی قورئانی لە سورەتی (طور) دا |
| ١١٧- بەرەکەت | ١١٦- تەقدیری خوا لە دروست کردنی هەموو شتێکدا |
| ١١٩- پەیوەندیەکانی موسوڵمان | ١١٨- ئاوڕدانەوە |
| ١٢١- خێر خوازی | ١٢٠- سوجدە بردن بۆ خوا1/2 |
| | ١٢٢- ئەوانەی داخ وغەم ئەدەن بە شەیتان |

## پێشەکی

قورئان نامەیەکی ئاسمانی یە ، هاتۆتە خوارەوە لەلای خواوە ، بۆ سەر دڵ و دەروونی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)بەهۆی جبرائیلەوە ، بۆ راگەیاندنی بەهەموو ئادەمی سەر زەوی ﴿ تبارك الذي نزل الفرقان على عبده ، ليكون للعالمين نذيراً ﴾ الفرقان : واتە : بەرزی و گەورەی و پیرۆزی بۆ ئەو خوایەیەی کە قورئانی ناردۆتە خوارەوە بۆ بەندەی خۆی کە پێغەمبەرە ، تابیێ بە ترسێنەر و مژدەدەر بۆ هەموو ئادەمی سەر زەوی تا ڕۆژی قیامەت .

قورئان نامەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و مێژوویی و زانستی و سیاسی یە ، دەستوور و باوی خوا نیشان دەدات لەدین و دنیادا ، مایەی سەرفرازی یە لەدنیا و لەقیامەتدا .

قورئان ئەمەندە بەرز و پیرۆزە کە ئەگەر بنێردرایەتە خوارەوە بۆ سەر کێوەکان پارچە پارچە دەبوون لەترسی خوا ﴿ لو أنزلنا هذا القران على جبل لرأيته خاشعاً متصدعاً من خشية الله ، وتلك الامثال نضربها للناس لعلهم يتفكرون ﴾ الحشر : ٢١

جا ئەی ئادەمی بەو هەموو زەبوونی یەتەوە ، خۆت لێ بووە بەچی ، ناچی بەدەم بانگەوازی خواوە و پەیڕەوی قورئان ناکەیت ، چاوەڕێیت هیدایەت و ڕێنماییت لەکوێ چنگ بکەوێت، مەگەر پێغەمبەر (ﷺ) نا فەرموێ ﴿ ومن ابتغى الهدى في غيره أضله الله ﴾ هەرچی بەتەمای ئەوەبێ هیدایەتی لەغەیری قورئاندا دەست بکەوێت خوا سەرگەردانی دەکات ، هەڵگرانی مەشخەڵی قورئان ، دەبێت بەکردەوە ئیسلام لای خەڵك شیرین بکەن ئەبو حوزەیفە دەڵێت : ﴿ يا اهل القران زينوا القران بالافعال ﴾

لەشەڕی یەمامەدا بە ( سالم مولى ابى حذيفة ) وترا ( ترست نییە لەخۆت کە بکوژرێیت لەوەڵامدا وتی : (بئس أنا حامل القران اذاً ) وتی : ئەگەر وابم مانای وایە من قورئان هەڵگر و پەیام دارێکی زۆر خراپم .

بەهیوای شارەزابوونی زیاتر لەقورئان لەسێ بەشی پێشوودا (١٠٠) هەڵوێستەمان کرد لەخزمەت قورئاندا و لەم بەشی چوارەمەشدا بەردەوام دەبین لەسەر وردبوونەوە لەقورئان هەروەك پێغەمبەری خواش (ﷺ)دوعاکە دەکەین ( اللهم اجعل القران ربيع قلوبنا ونور صدورنا وجلاء حزننا و ذهاب همنا و غمنا ).

پەروەردگارا قورئان بکەرە بەهاری دڵمان و ڕووناکی سنگمان ڕەوێنەرەوەی خەم و خەفەتمان .

**( ١٠١ ) شەهادەتی هەق :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ شهدالله أنه لا اله الا هو والملائكة وأولوا العلم قائماً بالقسط لااله الا هو العزيز الحكيم ﴾ آل عمران/١٨.واته: خوا لەسەر تاكو تەنهایی خۆی شەهادەت ئەدات، کە هیچ خوایەکی تر نی یە تەنها ئەو نەبێت، فریشتەکانو خاوەنانی زانینو زانیاریش شایەتن، لە حاڵێکا کە خوا بەم شەهادەتە لە دادو هەقو ڕاستی نەچووەتە دەرەوە، هیچ پەرستراوێکی بەڕاستی نی یە تەنها خوا نەبێ کە زاڵی دروست کرداره.

بەڵێ خوای گەورە بەڵگەو نیشانە زۆرەکانی بوونەوەرو ئایەتەکانی قورئانی بە جۆرێك ناردووە کە هەموو کەس بەشی خۆی لێی تێبگات و بۆی ببێت بە مایەی ڕێنماییو بەڵگەی ڕوون لەسەر تاكو تەنهایی خوای باڵادەست.

فریشتەکانیش کە بۆ ساتێکیش لە زیکرو یادی خوا غافڵ نابن، بەهەمان شێوە شەهادەت ئەدەن لەسەر تاكو تەنهایی خوا.

خاوەن زانیاریەکانیش، وەك پێغەمبەران ـ سەلامی خوایان لەسەر بێت ـ کە خوا هیدایەتی داوونو هەڵیبژاردوون و لە هەموو کەس باشتر خوا دەناسن، شاهیدی هەق ئەدەن لەسەر تاكو تەنهایی خوا.

هاوەڵێکی پێغەمبەر قەرزار دەبێتو خاوەن قەرزەکان داوای هەقی خۆیان دەکەنەوە، ئەویش بەرووبوومی خورمای ئەو ساڵەی کەم دەبێتو نازانێت چۆن قەرزەکانی پێبداتەوە، بۆیە دێتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)و باسی خۆی بۆ دەکات.. خۆشەویستیش(ﷺ) دەچێتە ناو باخەکەیو دەفەرموێ پشت بە خوا دەست بکە بە قەرزدانەوە، پاش ئەوەی لە خورماکە قەرزی هەمووان دەداتەوە سەیر دەکات بە بەرەکەتی دوعای پێغەمبەر(ﷺ)خورماکە لێی کەم نەبۆتەوە، بۆیە دێتە لای خۆشەویست(ﷺ) ئە هەواڵەی دەداتێ، ئەویش دەفەرموێت: (أشهد أني رسول الله).

هەروەها لەغەزایەکدا هاوەڵان خواردنیان کەم بۆوە، عومەر فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆنە ئەگەر ئەو خواردنانەی ماوە بۆت کۆ بکەینەوەو دوعایەکی بەرەکەتی بەسەردا بخوێنی، ئەویش

فەرمووی باشە. هەرچی هەبوو لە خواردن کۆکرایەوە و پاش دوعاکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بەرەکەتێکی زۆری ئاشکرای تێکەوت و هەمووان بەشی خۆیانیان لێبرد، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أشهد أن لا اله الا الله، وأني رسول الله، ولا يلقى الله بهما عبد غير شاكٍ فيهما الا دخل الجنة) موسلیم گێڕاویەتیەوە. واتە: شاهیدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نی یە (خوا) نەبێت، وەشاهیدی دەدەم کەمن نێرراوی خوام، وەهەرکەس بەو دوو شایەتی دانەوە بگاتەوە بەخوا، بەبێ ئەوەی گومان لە دڵیا بێت، دەچێتە بەهەشتەوە.

لە غەزایەکی تردا پێغەمبەر(ﷺ)لەبارەی پیاوێکەوە فەرمووی (هذا من أهل النار) ، ئەو پیاوە لەبەرئەوەی لە غەزاکەدا زۆر ئازاو چاونەترس بوو، هاوەڵان هاتنەلای خۆشەویستو وتیان: ئەوەی کە ماوەیەك لەمەوپێش فەرمووت (ئەهلی دۆزەخە) زۆر چاك شەڕی کردو شەهید بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ دۆزەخ دەچێت.. هەندێ موسوڵمان خەریك بوو گومان لە دڵیاندا دروست ببێت.. پاش ماوەیەك هەواڵ هات کە هێشتا نەمردووەو زۆر بریندارە.. لەکاتی شەودا کابرا خۆی ناگرێو خۆی دەکوژێ.. کە بەیانی ئەم هەواڵەیان دا بەخۆشەویستr فەرمووی: (الله أكبر أشهد أني رسول الله) ئینجا فەرمانی دا بە بیلال کە جاڕبدات بە ناو خەڵکا، هەرکەس موسوڵمان نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە، هەرچەند جاری وایە خوا بە پیاوی دوور لە دینیش ئاینی خۆی سەر دەخات. (موسلیم گێڕاویەتیەوە)

## ١٠٢. ئایا گومانتان هەیە لەوەی پێغەمبەر(ﷺ) دەیبینێت؛

دیارە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەستی قودرەتی پەروەردگار پەروەردەی کردووە و ئامادەی کردووە بۆ پێغەمبەرایەتی، شتانێك دەزانێو شتانێك دەبینێ کە کەسێکی تر نایزانێو نایبینێ، بەڵام کاتێك مرۆڤ بەهۆی بەڵگەو نیشانەو موعجیزاتی زۆرەوە بڕوای پێهێنا، ئیتر چۆن دەبێت گومانی ببێت لەهەر هەواڵێکی ڕاست کە پێغەمبەر دەیدات..

لەشەوی ئیسراو میعراجدا پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەوە برا بۆ قودسی پیرۆز، لەوێ ئیمامەتی بۆ پێغەمبەران کرد ـ سەلامی خوایان لێبێت ـ، ئینجا خوای پەروەردگار گەشتی ئاسمانەکانی پێکردو زۆر ئایەتو بەڵگەو نیشانەی گەورەییو دەسەڵاتی خوای بینی.. قورئان دەفەرموێت: ﴿سبحان الذي أسرى بعبده ليلاً من المسجد الحرام الى المسجد الأقصى ألذي باركنا حوله لنُريه من آياتنا انه هو السميع البصير﴾ الاسراء/١. واتە: پاکو بێگەردیو گەورەیی بۆ خوایە کە شەوڕەوی بەبەندەکەی

خۆی کرد لـه مزگەوتی (حرام)ەوە بۆ مزگەوتی (ئەقصا) کەبەرەکەت دارمان کردووە، تاوەکو ئایەتو بەڵگەو نیشانەکانی خۆمانی پیشان بدەین، بەڕاستی خوا بیسەرو بینایە بە هەموو شتێك.

کەواتە شەوڕەوی و گەشتی بە ئاسمانەکاندا بۆ ئەوەبوو پیشانیبدرێ شتانێك کە بەڵگەو نیشانەی زۆر گەورەو گرنگن‌و دیارە کەکەسی تر نایبینێت، ئنجا ﴿مازاغ البصر وما طغى لقد رأى من آيات ربه الكبرى﴾ النجم. واتە: پێغەمبەر(ﷺ) بە چاوی خۆی ئایەتە گەورەکانی خوای پەروەردگاری بینی، بە جۆرێك چاوی نەگێڕا بەم لاولاداو، چاوی ئەوەی دەبینی کە بۆی دیاری کرابوو ببینێ، واتە بەچاکی هەموو ئەوانەی بینی کەخوای گەورە مەبەستی بوو ببینێ..

پاشان کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە و هەواڵی دا بە موسوڵمانانو بەخەڵکی تر، ئنجا نەك هەرهەواڵی ئەو گەشتەی کە بۆ کەسی تر نەلواوەو بۆ کەسیش نالوێت، بەڵکو هەموو هەواڵێکی تری کەباس لـە ڕابووردو وە باس لـە داهاتوو دەکەن، نابێت گومانی لێبکرێت چونکە ئەوەی ئەو دەیبینێت و ئەوەی ئەو دەیزانێت هەمووی لـە خواوەیەو خۆشەویست (ﷺ) لـە خۆیەوە قسەناکات. هەروەك قورئان بە سەرزەنشتەوە دەفەرمووێ ﴿أفتُمارونه على مايرى﴾ نافەرمویێ تەنها (أفتمارونه على مارأى) واتە: گومانتان نەبێ لـەوەی کە بینویەتی، نەخێر، بەڵکو گومانتان نەبێ لـەوەی کەلـەمەولاش دەیبینێ.. چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ﴿ومايَنطقُ عن الهوى ان هو الا وحي يوحى﴾.

لـە پەڕاوی فەرموودەکانو لـە ژیاننامەی خۆشەویستدا (ﷺ) زۆر نمونە باسکراوە لـەسەر ئەوشتانەی کە خۆشەویست (ﷺ) هەواڵی پێداوەو هاتوونەتە دی، وەك:

أ. عەدی کوڕی حاتەم دەڵێ: باوەڕناکەم لـەناو عەرەبدا هیچ پیاوێك هەبووبێت ئەوەندەی من ڕقی لـە پێغەمبەر (ﷺ)بووبێ، من پیاوماقوڵێکی ناو خێڵەکەی خۆم بوومو گاوربووم، ئەوەندەیان ڕێز لـێدەگرتم کردبویانمە سەرۆکی خۆیانو، چواریەکی مەڕومالاٌتی خۆیان دەدامێ. کاتێ سوپای ئیسلام گەیشتە ناوچەکەی ئێمە من ڕامکردو چوومە لای خزمەکانم لـە شام، پاش ئەوەی خوشکێکم لـە ناوچەکە مابوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر ڕێزی لـێگرتو ئازادی کردو هات بۆ شام بۆلام، پێیوتم: چاکتروایە بچیت بۆلای پێغەمبەر و ئیسلامەتی خۆت ڕاگەیەنی. منیش کە گەڕامەوە چوومە مەدینە، لـە مزگەوت بە خزمەتی گەیشتم و خۆمم پێناساند، ئەویش بردمیەوە بۆماڵەوە. لـە ڕێگەدا پیرەژنێکی لاوازی پێگەیشت، وەستاندیو بۆماوەیەکی زۆر قسەی لـەگەڵ کرد. وتم: سوێندبێ بە خوا ئەمە مەلیك نی یە، ئەگەر مەلیك بوایە ئەوەندە بێ‌فیز نەدەبوو. پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی

لێکردم، کە چووینەماڵەوە تەنها پێخەفێکی هەبوو، خستیە بەردەمی منو فەرمووی: لەسەری دابنیشە. وتم: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا خۆت لەسەری دابنیشە. ئەو فەرمووی: نەخێر هەردەبێت تۆ لەسەری دابنیشیت. منیش بەناچاری لەسەری دانیشتمو ئەو لەسەر زەویەکە دانیشت، جارێکی تر لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی هاوار کەی ئەمە هەڵسوکەوتی مەلیکە، هەردەبێ ئەم پیاوە پێغەمبەر بێت. ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕوی تێکردمو فەرمووی: عەدی تۆ لەسەر ئاینی (رکوسی) بوویت؟ -(رکوسی) بیروباوەڕێکە لەنێوان نەصرانیو صابئیەکاندا- منیش وتم: بەڵێ. فەرمووی: ئایا تۆ لەناو گەلەکەتدا چواریەکی ماڵت لێوەرنەدەگرتن؟

وتم: بەڵێ. فەرمووی: ئەوە لە ئاینەکەی خۆتدا حەلاڵ نەبوو. پاش ئەو پرسیارانە، سوێند بەخوا زانیم کە پێغەمبەرەو مەلیك نی یە، چونکە ئەو مەسەلانە هیچ کەس لە موسوڵمانان نەیاندەزانی. ئینجا فەرمووی: عەدی تۆ ڕەنگە لەبەرئەوە موسوڵمان نەبیت کە دەبینیت موسوڵمانان هەژارن، بەخوا ئەوەندەیان بەسەردا دەڕژێ کەس نامێنێ فەقیربێ، یان ڕەنگە موسوڵمانان ببینی کەمنو دوژمنیان زۆرە، بەخوا ڕۆژێك دێت ئافرەتێك لە قادسیەوە بێترس بەسواری حوشتر دێت بۆ زیارەتی کەعبە، یان ڕەنگە ببینی دەسەلاتو حوکم بەدەستی غەیری موسوڵمانەوەیە، بەخوا دەبیستی کە کۆشكو تەلاری بابل فەتح دەکەن.

عدی دەڵێ: ئینجا موسوڵمان بووم، بەخوا دووانیانم بینیوە هاتونەتە دی، کۆشكو تەلاری بابلیان فەتح کردو ئافرەتیش لە قادسیەوە دێت بۆ کەعبە بەبێترس، بەخوا سێیەمیش دەبێتو پارە بە جۆرێك زۆر دەبێ کەسی هەژارت دەست ناکەوێ خێری پێبکەیت.(ئەمە لەزەمانی عومەری کوڕی عبدالعزیزدا هاتە دی).

ب. سەلمانی فارسی دەڵێت: لەکاتی چاڵ هەڵکەندندا لە جەنگی خەندەقدا، گیرم خوارد بەدەست بەردەلاّنیەکەوە، چەند هەوڵم دا سودی نەبوو وەبەردەکان نەدەشکان، کە پێغەمبەر r بینیمی، پاچەکەی لە دەست وەرگرتمو یەکەم پاچی لێدا پریشکیدایەوە دووەم پاچی لێدا بەهەمان شێوە پریشکی دایەوەو سێیەم جاریش بەهەمان شێوە.. لێم پرسی: دایكو باوکم بە فیدات بن ئەوە چی یە کە پاچی لێدەدەیت ئاوا پریشك دەداتەوە.. فەرمووی: بۆ ئەوەت بینی ئەی سەلمان؟ وتم: بەڵێ. فەرمووی: لەیەکەمیاندا خوا یەمەنی بۆ فەتح کردم، لە دووەمیاندا خوا شامو ڕۆژئاوای بۆ فەتح کردم، لە سێهەمیشدا خوا ڕۆژهەلاّتی بۆ فەتح کردم. جالەسەردەمی عومەرو عوسماندا

(خ.ر) کاتێ ناوچەیەك لەوانە فەتح دەكرا ئەبو هورەیرە دەیفەرموو: كوێتان دەوێ فەتحی بكەن، بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، هەرشارێکتان فەتح کردووەو هەرچیش فەتح دەکرێ خوا پێشتر پێغەمبەری (ﷺ) لێ ئاگادارکردووە. ل٨٠،ل١٧٤ (المعجزات المحمدية ـ وليدالأعظمي)

ج. پێغەمبەر (ﷺ) نامەی نارد بۆ کیسراو بانگیکرد بۆ ئیسلام، کیسرا کە نامەکەی پێگەیشت دڕاندی، کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵەکەی پێگەیشتەوە دوعای لێکردو فەرمووی: (خوا موڵکەکەی پارچەپارچە بکات). کیسرا نامەی نارد بۆ (باذان) کە کاربەدەستی بوو لە یەمەنو فەرمانی دایە کە دوو کەسی بە هێز بنێرێ بۆ مەدینەو محمدی بە باڵ بەستراوی بۆ بەرن، (باذان)یش نامەیەکی نووسی و بە دووکەسی دا ناردی بۆ محمد (ﷺ) ، پێغەمبەریش کە نامەکەی پێگەیشت پێکەنیو فەرمووی: ئەمڕۆ بڕۆن سبەینێ وەرنەوە بۆ لام ئەوەی دەمەوێ پێتان دەڵێم.

کە بەیانی هاتنەوە فەرموی: (بەسەرۆکەکەتان بڵێن ئەمشەو پەروەردگارم کیسرای کوشت، پاش حەوت سەعات لەسەری ئێوارە). کە هەواڵەکە گەیشتە (باذان) چاوەڕێی هەواڵی کیسرای کرد دوای ماوەیەك هەواڵی پێگەیشت کەلە شەوی ١٠ی جەمادی یەکەمی ساڵی حەوتی کۆچی هەروەك پێغەمبەر (ﷺ)خەبەری دابوو (شیرویە) کیسرای باوکی کوشتووە. ئەمەش وای لێکرد کە موسوڵمان بیێو خۆیو ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون، پاشان هەواڵیان نارد بۆ خۆشەویست کەلەنوێژدا ڕوو بکەنە کوێ، ئەویش فەرمووی: ڕووبکەنە شاخی (ضین)کە ٣٠ کیلۆمەتر لە سەنعاوە دوورە (مزگەوتەکە ماوەو دەڵێن تائێستا تەواوترین قیبلە ئەوەیەکە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی دیاری کردن کە فەرمووبوی ڕووبکەنە ئەو شاخە ، دیارە ئەمەش موعجیزەیەو خوای گەورە بە پێغەمبەری ڕاگەیاندبوو ئەگینا خۆشەویست (ﷺ)هەرگیز یەمەنی نەدیبوو). ل٣٧٠ فقه السيرة ـ محمد سعيد رمضان البوطي.

### ١٠٣ـ یەکەم پایەی ئیسلام شایەتمانە :

بەوتنی (أشهد أن لااله الا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) کەپایەی یەکەمی ئیسلامەتی یە مرۆڤ دەبێتە موسوڵمان. ئنجا ئەو کەسە خۆی دەشواو دەست نوێژ دەشوات، پاشان ئەگەر ڕووەو قیبلە وەستاو بڵێ (أشهد أن لااله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله) هەرهەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە (هەروەك ئیمامی موسلیم گێڕاویەتیەوە).

پاشان بانگ دەدرێ بۆ نوێژو تیایدا دوو جار (أشهد أن لااله الا الله)و دووجاریش (أشهد أن محمداً رسول الله) دەوترێ، هەرکەسیش گوێی لێبوو دەبێ دووبارەی بکاتەوە. ئینجا لە قامەتیشدا جارێك دەوترێ (أشهد أن لااله الا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله). لە نوێژیشدا لە دوای هەردوو ڕکاتێك دەبێت موسوڵمان دانیشێت بۆ (جلسة التشهد)و شایەتمانی (أشهد أن لااله الا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) بڵێت.

ڕۆژانەش سونەتە موسوڵمان وەك پێغەمبەر (ﷺ) بەیانیانو ئێواران بڵێت (اللهم اني أشهدك وأشهد ملائكتك وجميع خلقك بأنك أنت الله لااله الا أنت وأن محمداً عبدك ورسولك).

جائەگەر موسوڵمان لەم شایەتی دانی هەقە تێگەیشتو لە ژیانیا ڕەنگی دایەوە بەوەی کە تەنها خوا بپەرستێو هاوەڵی بۆ پەیدا نەکات و پەیڕەوی بەرنامەکەی بکات، ئەوا لە قیامەتدا کە تەرازوو بۆ کردەوەی مرۆڤ دادەنرێت کارتی (أشهد أن لااله الا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) فریای دەکەوێت و تای تەرازووی چاکەکانی بە جۆرێك قورس دەکات (لەبەر گەورەیی ناوی خوا تیایدا) کە ئەو مرۆڤە سەرفراز دەبێت هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە دەفەرموێت: (ان الله سيخلص رجلاً من أمتي على رؤوس الخلائق يوم القيامة، فينشر تسعة وتسعين سجلاً، كل سجل مدّ البصر، ثم يقول: أتنكر من هذا شيئاً، أظلمك كتبتي الحافظون؟ فيقول: ألك عذر؟ فيقول: لايارب. فيقول الله تعالى: بلى، ان لك عندنا حسنة، فأنه لاظُلم اليوم، فتخرج بطاقة فيها أشهد أن لااله الا الله، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، فيقول: أحضر وزنك. فيقول: يارب ماهذه البطاقة مع هذه السجلات؟ فيقول: فأنك لاتظلم، فتوضع السجلات في كفة والبطاقة في كفة، فطاشت السجلات وثقلت البطاقة، ولايثقل مع اسم الله شيء). ابن ماجة، حاكم، بيهقى بە اسنادى صحيح گێڕاویانەتەوە.

## ١٠٤ ــ شایەتی زانایان:

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسی گەورەیی و بەرفراوانی ئاسمانەکانو زەوی دەکات، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿لخلق السموات والأرض أكبر من خلق الناس ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾ غافر واتە: دروست کردنو بە دیهێنانی ئاسمانەکانو زەوی گەورەترو گرنگترە لە دروست کردنو بەدیهێنانی مرۆڤ بەڵام زۆر کەس ئەم ڕاستی یە نازانن.

هەروەها دەفەرمویت: ﴿الله الذي خلق سبع سموات ومن الأرض مثلهن يَتنزلُ الأمر بينهن لتعلموا أن الله على كل شيءٍ قدير وأن الله قد أحاط بكل شيءٍ علما﴾ الطلاق/١٢. واتە: خوا ئەو خوایەیە کە حەوت ئاسمانی دروست کردووەو زەویشی دروستکردووە بە وێنەی ئەوان ، فەرمانی خوا دێتە خوارەوە لە نێوان ئاسمانەکانو زەویدا و فەرمانی ڕەوایە لە هەردووکیاناو لە هیچیاندا پێچەوانەی دەستورو باوی خوا نابێت ، ئەمەش بۆ ئەوەی تێبگەن کە خوا بەسەر هەموو شتێکا توانایەو بێگومان خوا بە زانین دەوری هەموو شتێکی داوەو ئاگای لە هەموو کارێکە.

قورئانی پیرۆز هەروەك چۆن باسی حەوت ئاسمانو حەوت زەوی دەکات ئاوەهاش سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ حەوت ئایەتەکەی سوورەتی فاتحە کە گەورەترین سورەتە لە قورئانداو خولاسەی هەموو قورئانە هەروەك دەفەرموێ ﴿وما خلقنا السموات والأرض الا بالحق وان الساعة لآتية فاصفح الصفح الجميل ان ربِك هو الخَلاقُ العليم ولقد آتيناك سبعاً من المثاني والقرآن العظيم﴾ الحجر/٨٧. واتە: ئاسمانەکانو زەوی و هەرچی لە نێوانیاندایە دروستمانکردووە بە هەقو دادو حیکمەت، بێگومان ڕۆژی دوایی دێتو هەرکەس پاداشتی کردەوەی خۆی وەردەگرێت، کەواتە ڕوو وەرگێڕە لە بێبڕواکان بە ڕوو وەرگێڕانێکی جوان، کە بریتی یە لە لێبوردنو چاوپۆشی بەڕاستی هەر پەروەردگارتە کە زۆر کاردروستو داهێنەری ئاگاو زانایە و بە ڕاستی پێمان بەخشیت حەوت ئایەت کە دووبارەو چەند بارە دەکرێنەوە کە سورەتی فاتیحەیەو گەورەترین سورەتە لە قورئانداو، پێمان بەخشیت قورئانی زۆر گەورەی گرنگ، بۆیە کەتۆ ئەم هەموو بەخششە گەورەیەت پێبەخشراوە ﴿ لاتَمُدَن عينيك الى مامَتعنا به أزواجاً منهم ولا تَحزَن عليهم واخفض جناحك للمؤمنين وقل اني أنا النذير المبين﴾ واتە: چاومەبڕە ئەو نازو نیعمەتەی داومانە بە چەند تاقمو کەسێك لە بێبڕوایان، غەمبارو دڵتەنگ مەبە بۆ بڕوا نەهێنانیان، وەباڵی بەزەیی‌و ڕێزو دڵ نەرمیت بکێشە بەسەر بڕواداراندا‌و بڵێ: بەڕاستی منم ترسێنەرێکی ڕوونو ئاشکرا لە سزای سەختی خوا.

خوایپەروەردگار سوێند دەخوات بە ئەستێرەکان کەچۆن هەریەکەو لە خولگەی تایبەتی خۆیدا دەسوڕێتەوەو دەفەرموێت: ﴿فلا أقسم بمواقع النجوم، وانه لقسم لو تعلمون عظيم انه لقرآن كريم في كتابٍ مكنون لايمسه الا المطهرون تنزيلٌ من رب العالمين﴾ الواقعة/٨٠. واتە: سوێند بە شوێنی ئەستێرەکان، ئەم سوێندە ئەگەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە ئەم قورئانە نامەیەکی زۆر

گەورەو بەفەڕو پیرۆزە، لەناو نامەیەکی شاراوەدایە، دەستی فریشتەی پاکان نەبێ نایگاتیو نێرراوەتە خوارەوە لە پەروەردگاری جیهانیانەوە.

باوبووە لەناو عەرەبدا هەرکاتێك یەکێك بیویستایە سوێند بخوات لەسەر شتێکی ئاشکرا کە پێویستی بە سوێند نەبوایە ئەیووت (لاأقسم) سوێند ناخۆم کە ئەم شتە وایە واتە ئەوەندە ئاشکرایە پێویست بە سوێند ناکات. هەندێ جاریش کە بیانویستایە سوێند بە شتێکی گەورە بخۆن ئەیان وت (لاأقسم) واتە ئەم شتە من بە سوێند پێخواردنی گەورەی ناکەم، چونکە خۆی لە خۆیدا گەورەیە.

﴿فلا أقسم بمواقع النجوم﴾ سوێند ناخۆم بەجێی ئەستێرەکان کە هەریەکەو لەسەر خولگەی خۆی دەسوڕێتەوە بێ‌ئەوەی لە وسوڕانەوەیەدا لە خەتی خۆی دەرچێ، کەئەمەیە نهێنی وەستانی بوونەوەر، وەئەم سوێندە ئەگەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە ﴿وانه لقسم لو تعلمون عظيم﴾ سوێند بە شوێنی ئەستێرەکان. ﴿انه لقرآن كريم﴾ ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆتان ئەخوێنێتەوە قورئانێکی زۆر گەورەو بەفەڕە، نەجادووەو نەشیعرەو، نە قسەی پێشینانە، وەك بێبڕواکان دەڵێن ﴿ان هذا الا أساطير الأولين﴾ وەنە شەیتان بەوەحی بۆی هێناوە ﴿وما تنزلت به الشياطين﴾ بەڵکو موعجیزەیەکی خوایی یەو مایەی ڕێنمایی ئادەمی یە ئەم قورئانە ﴿فى كتابٍ مكنون﴾ لەنامەیەکی شاراوەدایە بۆی ناردوون دەستی کەسی ناگاتێ ﴿لايمسه الا المطهرون﴾ دەستی فریشتەی پاکان نەبێ ناگاتە ئەم نامەیە وەهەرئەوان دەتوانن بەسروش بیبەن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ﴿تنزيل من رب العالمين﴾ نێردراوەتە خوارەوە لە پەروەردگاری جیهانیانەوە بۆ سەرداری پێغەمبەران (ﷺ)ل١٩٨ تەفسیری خاڵ جزمی ٢٧.

هەرکەس بەچاوی ئینصافەوە سەیری بوونەوەر بکات و وردبێتەوە لە قسەی زانایان ئەگاتە ئەوەی کە بەدڵ شایەتمانی هەق بهێنێ چونکە بەدەگمەن زانای (فلك) هەیە بڕوای بە پەروەردگاری بەدیهێنەری بوونەوەر نەبێت. زانایان دەڵێن (نیوە تیرەی بوونەوەر کە تائێستا دۆزراوەتەوە، (دەهەزار ملیار ملیار) کیلۆمەترە، کە ئەو دووریەش ڕووناکی لە (١٠ملیار) ساڵی ڕووناکیدا دەیبڕێ). هەروەها دەڵێن: (نزیکەی ١٠٠ملیار هەسارە هەیە کە یەکێکیان هەسارەی کاکێشانەو ١٠٠ملیۆن ئەستێرەی تیایە).

جا خوای پەروەردگار باسی گەورەییو دروستبوونی ئەستێرەکان دەبەستێتەوە بە بەرزیو پیرۆزی ئەم قورئانەوەو دەیکاتە بەڵگە بۆیو سوێندی پێدەخوات، زانایانیش هەرکامیان ئازادبنو

فشاريان لەسەر نەبێت شايەتمانى هەق دێنن‌و لە هەموو كەس زياتر لەخوا دەترسن ﴿انما يخشى الله من عباده العلماءُ﴾.

١٠٥ــ ﴿ان في السموات والأرض لآياتٍ للمؤمنين وفي خلقكم وما يبث من دابّةٍ آياتٍ لقومٍ يوقنون﴾ الجاثية/٤. واتە: بەڕاستى لە ئاسمانەكان‌و زەويدا بە ڵگەى ڕوون‌و ئاشكرا هەيە بۆ بڕواداران، وەلە دروستبوونى خۆتانداو لەو هەموو گيانلەبەرەى كە هەيە لە دەوروبەرتان بەڵگەو نيشانەى زۆر هەيە بۆ گەلێك كە بيانەوێ دڵنيابن و هەق‌و ڕاستيان بۆ دەربكەوێ.

زانايان پاش لێكۆڵينەوەى زۆر بۆيان دەركەوتووە كە خانەكانى هەر مرۆڤێك زۆر جياوازە لە خانەكانى مرۆڤێكى تر، بەجۆرێك كە ٣٠مليۆن جۆر خانە هەيەو، بەرگى هەرخانەيەك بەهۆى گەرديلەى پڕۆتينييەوە كە شەش هەزار جۆرن‌و بۆ هەرخانەيەك بە جۆرێك ڕيز دەبن كارێك دەكەن كە شێوەى هيچ خانەيەك لەوى تر نەچێت. جاكاتێك ڤايرۆسێك يان ميكرۆبێك دەچێتە لاشەى كەسێكەوە خڕۆكە سپيەكان ڕووبەڕوى دەوەستن‌و دەزانن كەئەمە جياوازە لە خۆيان‌و پەلامارى دەدەن، بەڵام جارى واهەيە هەندێ ڤايرۆس كە خۆى زياد ناكات، دەچێتە ناوكى خانەيەكەوە بەمەش هەمان بەرگى خانەكانى ترى دەبێت‌و والەو خانەيەش دەكات كەلەسەر شێوەى ڤايرۆسەكە هى تر دروستبكات، جا ئەوكاتە خڕۆكە سپيەكان جياى ناكەنەوە لە خۆيان و لەبەرئەوەى نەخۆشيەكيشى هەيە، دەكەونە پەلاماردان‌و سەريان لێدەشێوێ‌و خۆيان لەناودەبەن بەمەش دەوترێ (التدمير الذاتي) كەئەمەش لە نەخۆشيە خراپە سامناكەكانە. لەكاتى گواستنەوەى ئەندامێك لە كەسێكەوە بۆ كەسێكى تر دەبێ ڕەچاوى ئەوە بكرێت كە خانەكانى هەردوولايان وەك يەك بێت ئەگينا ئەوكەسەى كە ئەندامەكەى بۆ دەگوێزرێتەوە ئەندامە نوێ يەكە ناگرێتە خۆى‌و ڕەفزى دەكات.

ئەگەر سەيرى گيانلەبەران‌و دروستكراوەكانى دەوروبەريشمان بكەين بەهەمان شێوەى دروست بوونى مرۆڤ پڕە لە حيكمەت‌و وردەكارى كە مەگەر هەر لە دەست پەروەردگاربێت، بۆ نمونە: هەنگ لەكاتى گەرمادا بەباڵەكانيان هەوا گۆڕكێ دروست دەكەن لە پورەكەياندا‌و فێنكى دەكەنەوە، لەسەرماشدا لەناوەوە خۆيان لەيەك دەخشێنن و ناو پورەكەيان گەرم دەكەنەوە.. هەروەها ڕەنگ‌و بيناو داروبەرد لەيەك جيادەكەنەوەو شوێنى خۆيان دەناسنەوە، گوڵيش تيشكى سەروو بنەوشەيى دەداتەوەو بەوەش سەرنجى هەنگەكان بەرەو خۆى ڕادەكێشێ‌و لەوەدەچێ هەندێ جاڵجاڵۆكەش لەم مەسەلەيە ئاگاداركرابن بۆيە لەسەر ئەو تۆڕەى كە دەيچێنن شتێك دادەنێن كە

تیشکی سەروو بنەوشەیی بداتەوە بەوەش هەندێ هەنگی داماوی پێدەخەڵەتێو دێت وادەزانێ گوڵەو دەبێت بەداوی جاڵجاڵۆکەکەوەو ڕزگاری نابێت. هەروەها ئەگەر حەشەرەیەك بێتە ناو پوورەکەیانەوە لەناوی دەبەنو فڕێی دەدەنە دەرەوە بەڵام ئەگەر گەورەبوو وەك مشك ئەوا لەناوی دەبەنوپاشان مۆمیای دەکەنوبە مادەیەك دەوری دەدەن تاوەکو بۆگەن نەکاو پوورەکەیان تێك نەدا.

لە وڵاتی(کوەیت)یش زاناکان سەرنجیاندا خشۆکی (وارا) کە شتێك پێوەی بدات دەچێت خۆی دەخشێنێ لە ڕووەکێك کە (ڕەمرام)ی پێدەوترێتو پێستەکەی خۆی پێبریندار دەکاتو بەوەش لەکاریگەری پێوەدانەکە ڕزگاری دەبێت بەمەش تێگەیشتن کەلەو ڕووەکەدا مادەیەك هەیە سودی هەیە بۆ حاڵەتی پێوەدانو حەساسیەت ناهێڵێ.

### ١٠٥ــ ئاسن لەزەویدا دروست نەبووە:

قورئانی پیرۆز دەفەرموویت ﴿لقد أرسلنا رسلنا بالبينات وأنزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط وأنزلنا الحديد فيه بأس شديد ومنافع للناس وليعلم الله من ينصره ورسله بالغيب ان الله قوي عزيز﴾ الحديد/٢٥. واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمانمان ڕەوانەکرد بەبەڵگەو نیشانەی زۆرەوە ونامەی ئاسمانیو تەرازووی دادمان لەگەڵدا ناردن تا مەردووم بە دادو یەکسانی کاربکەن لەگەڵ یەکتریدا وئاسنمان دروست کرد بۆتانو ناردمانە خوارەوە کەهەرچی هێزی سەختی جەنگی هەیە بەوە و قازانجێکی زۆریشی هەیە بۆ مەردوم، خوا ئەمانەیکرد تاببینێ ئەو بڕوادارەی کە پشتی ئاینیخواو پێغەمبەرانی دەگرێت بەهۆی ئیمانو بڕوایانەوە بەخواو بەڕۆژی دوایی (کە غەیبن).. بێگومان خواخۆی بەتواناو زاڵە.. خوای پەروەردگار دەیەوێ دەربکەوێ لە دنیادا کێ دەبێتە پەروانەی خواناسیو پارێزەری هەقو ڕاستی کەئەمەش دیارە مرۆڤ بۆ خۆی دەیکات و سوودو قازانجی خۆی تیایە ئەگینا خوا ئاتاجی بەیارمەتی کەس نی یە.

لەکۆنگرەی یەکەمی (ئیعجازی زانستی قورئانو سوننەت) کەلە شاری ئیسلام ئاباد لە پاکستان گیرا ساڵی ١٩٨٧ (روبرت کولمان) زانای زانکۆی ستانفۆردی ئەمریکی ڕایگەیاند کەلەگەڵ چەند زانایەکی تردا گەیشتوونەتە ئەو ڕاستیەی کە ئاسن لەم سەر زەوییەدا دروست نەبووە، بەڵکو لەشوێنێکی تری بوونەوەردا لەناو هەسارەیەکدا دروست بووەو هێنراوەتە سەرزەوی هەر لەبەر ئەوەشە قورئان وشەی (أنزلنا) بەکاردەهێنێ واتە: ناردومانەتە خوارەوە بۆ سەرزەوی. ئەمەش لەبەرئەوەی کە یەکگرتنی هایدرۆجینو هیلیۆم پێویستی بەوزەیەکی گەرمی ئەوەندە زۆرە کەئەو

وزەیە لەسەر زەویدا هەرگیز نەبووە جابۆیە زانایان ڕایان هاتە سەرئەوەی کە ئاسن پەیدابووە لە ئەنجامی ئەو وزەگەرمی یە زۆرەی کاتی تەقینەوە گەورەکەی بوونەوەر لە (١٣)ملیار ساڵ لەمەوپێش‌و پاشان لەدەرەوەی زەوی ئاسن هاتە ناو زەوی یەوە و لەبەر قورسی پێکهاتنەکەی بەشلی لە ناو قوڵایی زەویدایەو لەگەڵ گڕکانەکاندا دێتە دەرەوە. (نامیلکەی ـ الطب في ظلال القرآن والسنة ـ کۆلیژی پزیشکی زانکۆی موسڵ١٩٩٩)

### ١٠٦ ـــ چارەسەری ئاوی سپی چاو:

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق أولم يكف بربك أنه على كل شيءٍ شهيد﴾ فصلت/٥٣. واتە: ئایەت‌و بەڵگەو نیشانەکانیان پیشان دەدەین لە بوونەوەرو نەفسی خۆیاندا تا بۆیان دەربکەوێ کە ئەم بەرنامەیە هەق‌و ڕاستە، ئایا ئەوە بەس نی یە کە پەروەردگارت ئاگادارە بەهەموو شتێك‌و شایەتە بۆ ڕاستێتی ئەم پەڕاوەی کە بۆی ناردویت.

خوای پەروەردگار عەقڵی داوە بە مرۆڤ تابەکاری بهێنێ و بەئەزموون‌و هەوڵ‌و تێکۆشان بگاتە زۆر ڕاستی‌و زۆر دۆزینەوەو هۆکاری وا بهێنێتە کایەوە کە ژیانی خۆی پێ بەرەو پێش بەرێت. هەندێك ئاماژەی زانستی لە قورئاندا پەیپێبراوەو دۆزراوەتەوەو بۆتە مایەی هیدایەتی زۆر کەس پاش ئەوەی کە دڵنیابوون ئەم باسە تەنها مەگەر لە عیلمی خوادا بووبێ.

عومەری کوڕی خەتاب چاك لەم مەسەلەیە تێگەیشتبوو بۆیە هەندێ ئاماژەی قورئانی کەلەو کات‌و سەردەمەدا نەزانرابوو وەهەندێ کەس پرسیاریان لەبارەیانەوە دەکرد، عومەر پێی دەوتن (دعوا هذه الأشياء حتى يأتي اذن الله لعقول أن تجدها) واتە: ئەم جۆرە باس و ئاماژە نەزانراوانەی قورئان واز لێبهێنن بۆ ئەوکاتەی کە خوای گەورە ڕێدەدات بە عەقڵەکان کە بیدۆزنەوە. (پەڕاوی معجزة القرآن ج٢ شعراوی ل١٦٤).

قورئانی پیرۆز باسی یەعقوب دەکات ـ سەلامی خوای لێبێت ـ کەلە تاو دووری یوسف ئەمەندە خەفەتی خوارد، چاوی تووشی ئاوی سپی بوو نەیدەبینی،﴿وابيضت عيناه من الحزن فهو كظيم﴾ یوسف. پاش چەند ساڵێك لەتاو برسێتی‌و قات‌و قڕی براکانی یوسف دەگەنە وڵاتی میسرو دەچنە لای یوسف بۆ یارمەتی، ئەویش پاش ئەوەی یارمەتیان دەدات بەبیانووی ئەوەی کە برا

بچووکەکەیان جامی پاشای دزیوە لای خۆی گلی ئەداتەوە، پاشان دەگەڕێنەوە ولاّتی خۆیان، باوکیان دەیاننێرێتەوە میسر بۆ یارمەتیو هێنانەوەی براکەیان، یوسفیش خۆی ئاشکرا ئەکات لێیانو ئینجا یوسف کراسەکەی خۆی دەدات بەبراکانیو دەفەرموێ: بیخەنە سەر چاوی باوکم چاك دەبێتەوە، هەرکە کاروانەکە کەوتە ڕێ لەمیسرەوە یەعقوب لە ولاّتی خۆیەوە فەرمووی: من بۆنی یوسف دەکەم ئەگەر نەمکەن بە کێودا..

وتیان: بەڕاستی تۆ واز لەم قسەو باسە ناهێنیو نایبڕیتەوە.. کاتێ کە مژدەدەر کراسەکەی بۆ هێناو خستیە سەر چاوی، چاوی چاك بووەوە. ئنجا یەعقوب ـ سەلامی خوای لێبێت ـ پێی فەرموون نەمووت: ئەوەی من دەیزانم لەبارەی خواوە ئێوە نایزانن. هەروەك لەقورئاندا دەفەرمووێت ﴿اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ (٩٣) وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ (٩٤) قَالُوا تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ (٩٥) فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٩٦)﴾ یوسف.

لەم باسەدا موعجیزاتی تێدایە وەك ئەوەی کە یوسف چۆن دەزانێ باوکی ئەو کراسەی بۆ بەرن و بیخەنە سەرچاوی چاك دەبێتەوە، هەروەها (یەعقوب) چۆن لەدووری سەدەها کیلۆمەترەوە بۆنی یوسف دەکاتو کەس لەوانەی دەورووبەری بڕوای پێناکەن و بگرە سەرزەنشتی دەکەن.. دەستی پەروەردگار بەتەواوی لەهەموو چیرۆکی یوسف دا دیارە بۆیە قورئان دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (١١١)﴾ یوسف. واتە: چەند ئامۆژگاری هەیە لەو چیرۆکانەدا بۆ خاوەن ژیرییەکان ئەمە قسەو باسێکی دروستکراو نی یە بەڵکو ڕاستگێری پەراوەکانی پێش خۆیەتی کەلەوانیشدا ئاماژە بە چیرۆکی یوسف کراوە و لێرەدا بە دوورو درێژترو بە ڕوونتر باسی لێوەکراوە، جائەم قورئانە بەچاکیو ڕوونی لەهەموو شتێکی پێویست بۆ مرۆڤایەتی دەدوێت و هیدایەتەو ڕەحمەتە بۆ گەلێ بڕوا بهێنن.

ئەم چەند ئایەتە وایان لە (د. عبدالباسط محمد السید) کرد کە چارەسەری نەخۆشی ئاوی سپی چاو بکات بەوەی کە بیری کردەوە ئاخۆ کراسەکەی یوسف چی پێوە بێت ئاوا کاریگەری زۆری

لەسەر چاوی (یەعقوب) دروست کرد؟؟ دیارە کراس لەبەر دەکرێ‌و ئارەقی لەشی بەردەکەوێ.. تۆ بڵێی پەیوەندی یەك نەبێت لەنێوان ئارەقی کراسەکەی یوسف‌و ئەو نەخۆشی یەدا؟؟.

دکتۆر هات لە ئارەقی لەشی مرۆڤ مادەیەکی دەرهێنا بەناوی (جواندین)و خستیە سەر (عەدەسە)ی چاوی ئەو نەخۆشانەی کە چاویان ئاوی سپی هەبوو، پزیشکەکان بە عەمەلیات دەریان هێنابوو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا بۆی دەرکەوت ئەو (عەدەسانە) کەبە هۆی نەخۆشی یەکەوە گەردیلە پرۆتینیەکانی دەشێوێن بە هۆی ئەو مادەی ئارەقی لەشی مرۆڤەوە گەردیلە پرۆتینیەکان ڕێك دەبنەوەو ڕوون دەبنەوەو مرۆڤ دەتوانێ وەك جاران بەچاکی ببینێت. جاران ئەو چاوانە عەمەلیات دەکران‌و عەدەسەی تریان بۆ دادەنان بەڵام ئەم دۆزینەوە تازەیە لە ساڵی ١٩٩١دا (براءة اختراع)ی ئەوروپی وەرگرت و لەساڵی ١٩٩٣زدا لە ئەمەریکا (براءة اختراع)ێکی تری وەرگرت.. ـ نامیلکەی (الطب في ظلال القرآن والسنة/ جامعه الموصل ١٩٩٩) ـ

### ١٠٦ـ قۆناغەکانی دروستبوونی مرۆڤ:

لە کۆنفراسێکدا (د. عبدالمجيد الزنداني) بەزانای ئەمریکی (مارشاڵ جۆنسون) دەڵێت: لەقورئاندا باس لە قۆناغەکانی دروست بوونی مرۆڤ کراوە ئەویش هەڵدەستێتە سەر پێ و دەڵێت: نەخێر.. شتی وانابێت چونکە لە ئەوروپا تاکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم زانایان دوو بەش بوون بەشێکی دەیانووت: مناڵ تەنها بەهۆی هێلکەی ئافرەتەوە دروست دەبێت‌و دەوری (تۆو)یش ئەوەیە کە منداڵدان گورج دەکاتەوە.. بەشی دووەمی زاناکانیش دەیانوت: کە کۆرپەلە تەنها لە تۆوی پیاو دروست دەبێت‌و ڕۆڵی دایکیش ئەوەیە کەلە منداڵداندا خواردن‌و جێ‌و ڕێیەکی باش ئامادەبکات بۆ کۆرپەلە سەرۆکی ئەم دەستەیەش کە ئەمە بیروڕایان بوو زانا (سوامر دام)بوو، ئەم دوو بیرو بۆچوونە مایەوە تاساڵی ١٨٧٥ز کە زانا(هێرتویج) بۆیەکەم جار ڕایگەیاند کە جوجەڵە لە هێلکەی مریشك‌و تۆوی کەڵەشێر پەیدا دەبێت.. بەم جۆرە وردەوردە زانست پێشکەوت بەهۆی دۆزینەوەی تیشکی (X) و چەندەها ئامێری پێشکەوتووەوە، پاشان زانیان کە کۆرپەلە بە چەند قۆناغێك لەپاش یەکگرتنی هێلکەو تۆو دروست دەبێت.

(مارشاڵ) وتی: یان محمد بە ڕێکەوت وتویەتی یان میکرۆسکۆبی گەورەی هەبووە. پێیان وت: دیارە محمد (ﷺ) لەسەدەی حەوتەمی زایندا هاتووە، وەمیکرۆسکۆبی گەورە نەبووە چونکە لەم سەدەیەی دوایدا میکرۆسکۆب پەیدا بووە هەروەها ڕێکەوتیش نی یە چونکە لەچەند شوێنێکدا

دووباره بووەتەوەو بەچەند جۆرێکیش باسکراوە وەك ﴿يخلقكم في بطون أمهاتكم خلقاً من بعد خلق في ظلماتٍ ثلاث ﴾ زمر/٦. واته: خوای پەروەردگار لەسکی دایکتانا دروستان دەکات قۆناغ لەدوای قۆناغ لەناو سێ پەردەی تاریکدا.

لەئایەتێکی تریشدا دەفەرمووێ ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ (١٢) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ (١٣) ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ (١٤)﴾ المؤمنون/واته: بێگومان مرۆڤمان دروستکرد لە خۆلاسەو پاڵفتەیەك لە قوڕ ئینجا دروستمانکرد لە دڵۆپە ئاوێك لەناو ئارامگاو قەرارگایەکی دامەزراودا کە (منداڵدان)ە وەکۆرپەلە نزیکەی نۆ مانگێك تیایدا دەمێنێتەوەو دەیپارێزێو نایەڵێ زیانی دەرەوەی پێبگات ئینجا دڵۆپە ئاوەکەمان کرد بە هەڵواسراوێك بەدیواری منداڵداندا کەلە زەروو دەچێت پاشان کردمان بە خوێن پارەیەك کەبەئەندازەی تیکەیەکی ناو دەم وایە کە بجورێت.. ئینجا کردمان بە ئێسكو پاشان بە گۆشت دامانپۆشی ئنجا گۆڕانکاری ترمان بەسەردا هێناو مرۆڤمان بەتەواوی دروستکرد کە جیاوازە لە گیانلەبەرانی دیکەو کەواتە خوا پایە بەرزو پاکە لەهەموو ڕەخنەو کەمو کوڕییەك و چاکترین بەدیهێنەرە.

لەجیهاندا نزیکەی (١٢) پرۆفیسۆرێك هەن لە زانستی کۆرپەلەزانیدا ، یەکێ لەوانە پرۆفیسۆر (کیث مور)ە کەزانایەکی کەنەدی یە پاش ئەوەی ئەم ئایەتانەی قورئانیان بۆ باسکرد موسوڵمان بوو چونکە دەیزانی کە تا ئەم سەدەیەی دوایی کەس ئەم وردەکاریەی لەبارەی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلەوە نەزانیوە. ئەم پرۆفیسۆرە لە تەلەفزیۆنی کەنەدیدا لەبەرنامەیەکی سێ ئەڵقەیدا باسی موعجیزەی قورئانی کرد لەبواری کۆرپەلەناسیدا پاشان لێیان پرسی :تۆ بڕوات هەیە بەوەی کە قورئان لە خواوەیەو محمد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە؟ وتی: بەڵێ من ئەم شایەتی یە بۆ قورئان دەدەمو هیچ گرانیەکیشی تێدا نابینم. وتیان: ئەی چی دەڵێی لەبارەی عیساوە؟ وتی: من وادەزانم کە عیساو محمد ـ سەلامی خوایان لێبێت ـ لەیەك قوتابخانەن. هەروەها پرۆفیسۆر (کیث مور) لە ئەکادیمیای فەڕەنسی لە پاریس لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لەزاناو ڕۆشنبیراندا پاش ئەوەی باسی موعجیزەی قورئان کرا وتی: محمد ئەم شتانەی لەکوێ زانیوە؟ ئامادەبووانی هۆڵەکە بێدەنگ بوون، ئەمجا خۆی وەڵامی دایەوەو وتی: (دیارە نازانن بەڵام من دەزانم کەئەم قورئانە لای خواوە بە وەحی هاتووە بۆ محمد و محمد پێغەمبەری خوایە).

**مۆریس بۆکای**: پزیشکێکی نوژداری بەناوبانگی ڕۆژئاوایە پاش ئەوەی موسوڵمان بوو چەند پەڕاوێکی لەبارەی ئیسلامەوە دانا لە ساڵی ١٩٦٧دا لەهۆڵی ئەکادیمیەی فەڕەنسی لەپاریس لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر زانای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا پاش ئەوەی باسی ڕاستی یەکانی قورئانیکرد وتی: (پێم ناڵێن محمد ئەم زانینەی لەکوێ هێنا لەکاتێکدا خۆتان باش دەزانن ئەی زانایانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا کە ئەوەی لە تەوراتو ئینجیلدا هاتووەو دەستکاری کراوەو پێچەوانەی زانستی نوێیە؟). هەموو بێدەنگ بوون، ئنجا وتی: (بێگومان وەڵامتان لا نیەو ، وەڵام لای منە ئەم قورئانە لەلایەن خواوە نێرراوە بۆ محمد(ﷺ) کە پێغەمبەری خوایە). ئەم موحازەرەیەی مۆریس بۆکای لە ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژئاوادا دەنگی دایەوە.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٩ز دا لەئەڵمانیا لەکاتی کردنەوەی کۆنگرەی کۆرپەلە زانیدا سەرۆکی ئەڵمانی وتی: (هیچ بیردۆزێكو هیچ پەڕاوێك نی یە وەك ئیسلام کە بیروبۆچوونێکی تەواوی دابێت بەدەستەوە لەبارەی دروستبوونی مرۆڤو قۆناغەکانی کۆرپەلەوە).

زانای گەردووناس (بروسو یوشادی کروزای) کەبەڕێوەبەری (مەرصەدی فەلەکی)یە لە (تۆکیۆ) کە بەدووەم مەرصەد دادەنرێ لە پێشکەوتوویدا لەدوای مەرصەدی (بالومار)ی ئەمریکی، سەردانی زانکۆی (مەلیك عبدالعزیز) دەکات لە سعودیەو زانایان دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵیدا لەبارەی زانستی گەردوونەوە لەپاشدا موسوڵمان دەبێو دەڵێ: (پاش ئەوەی هاتمە ئێرە بۆم دەرکەوت کە قورئان ئاماژەی زانستی زۆری تیایە لەبارەی گەردوونەوە و،من موسوڵمانبوونی خۆم ڕادەگەیەنم).

**١٠٧ـــ بەرزەخی نێوان دوو دەریا :**

ئەگەر ئیمان بریتی بێت لە (قول باللسان)و (تصدیق بالجنان)و (عمل بالارکان) ئەوە دەبێت کەبەدەم وتمان (لااله الاالله محمد رسول الله) هەوڵ بدەین کە ئیمانو بڕواکەمان تەواو دابمەزرێتو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو یەقینو دڵنیایی بچین (هەروەك پێغەمبەر(ﷺ)هەردەم دوعابکەین (اللهم انی أسألك ایماناً کاملاً ویقیناً صادقا). دیارە دوژمنانی هەقو ڕاستی بەردەوام پڕوپاگەندەو گومانو (شبهات) بڵاودەکەنەوە بۆ دڵ ساردکردنەوەی موسوڵمانان بۆیە وەڵام دانەوەی ئەو گومانو (شبهات)انەو پوچەڵ کردنەوەیان کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دڵو دەروون. هەروەها موعجیزاتی قورئانی زیاتر بڕوادار بەرەو دڵنیایی دەبات بۆیە باسکردنو خستنەڕووی ئەو

موعجیزاتانەش پێویستیەکی ئەم سەردەمەنو مایەی هیدایەتی خەڵکانێکی زۆرن لەهەموو چینو توێژێك، بۆ نمونە: (د. عبدالمجيد زنداني) دەڵێت: لەکۆنگرەی زانستی ئیعجازی قورئاندا لەهۆڵی (گۆرباتشۆف) لەمۆسکۆ ژمارەیەکی زۆر لەزانایان لەهەموو بوارێکدا ئامادەبوون، زۆر باسی چڕوپڕ لەکۆنگرەکەدا خرانە بەرباسو لێکۆڵینەوە، باسەکەی منیش لەسەر ئایەتی (مرج البحرين يلتقيان بينهما برزخ لايبغيان) الرحمان /بوو کە موعجیزەیەکی ئاشکرایە، قورئان باس لەبەیەك گەیشتنی دوو دەریا دەکات کەلە نێوانیاندا (برزخ)ێك هەیە، واتە ناوچەیەك هەیە کە سیفاتەکانی ئاوەکەیو گیانلەبەرو ڕووەکەکانی ناوی جیاوازە لەسیفاتەکانی هەردوو دەریاکە..

دیارە ئەم ڕاستیە کەس لەسەردەمەکانی پێشوودا نەیزانیوە تەنها لەم سەدەی دوایدا کۆستۆی فەڕەنسی پاش هەوڵو تەقەلاو لێکۆڵینەوەی دەیەها ساڵ توانی بگاتە ئەو ڕاستی یەو بیدۆزێتەوە.. لە هۆڵەکەدا ڕۆژهەلاّت ناسێکی ڕووسی وتی: چوار ڕۆژە بەڵگەی زۆر ڕوونو ئاشکراو باسی چڕوپڕ پێشکەش دەکرێت ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە شایەتی هەق بدەینو بڵێین (أشهد أن لااله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله)، وەبەوەش موسوڵمان بوو.

**١٠٨ـ دۆزینەوەکانی دەریای مردوو:**

لەسالاّنی ڕابوردودا کۆمەڵێك دەستخەتی کۆن دۆزرایەوە لە گۆزەی گڵیندا لای دەریای مردوو کە ئێستا ئەو دۆزراوانە لە ولاّتی ئەردەنن. دکتۆر(د.ف.ألبراين) کەزانایەکی بەناوبانگە لە (آثارالانجیل)دا دەڵێت: هیچ گومانێك نی یە لە جیهاندا لەبارەی ڕاستیو تەواوێتی ئەو دەستخەتانەوەو، ئەو لاپەڕانە شۆڕشێك بەرپادەکەن لەبارەی فیکری مەسیحیمانەوە. هەروەها قەشە (أ. باول دیفز) لە واشنتۆن لەپەڕاوی (مخطوطات بحر الميت)دا دەڵێت: (دەستخەتەکانی دەریای مردوو لەگەورەترین دۆزراوەکانی ئەم چەند سەدەیەی دواییە، کە تێگەیشتنی ئاسایی دێرینمان بۆ ئینجیلەکان دەگۆڕێت).

لەم دەستخەتانەدا ڕاستیەتی ئینجیلی (بەرنابا) زیاتر دەردەکەوێت کە مژدەی ڕوونو ئاشکرای تێدایە بەهاتنی محمد(ﷺ)و لەم دەستخەتەدا هاتووە کە دەڵێت: (ان عيسى كان مسيا المسيحيين، وان هناك مسياً آخر). واتە: عیسی سەلامی خوای لێبێت پێغەمبەری گاورەکان بوو، وە پێغەمبەرێکی تریش دێت.

ئەم دەستخەتانە وای لە پاپای ڤاتیکانی ئەوکاتە کرد کە داوای بەستنی کۆنگرەیەك بکات بۆ موسوڵمانو گاورەکان، لەژێر چاودێری خۆیدا بەڵام بەداخەوە وەفاتی کرد، (هەندێك دەڵێن کوژرا، ڕەنگە بۆئەوە بووبێت کەبەو کارە گرنگە هەڵنەستێ). پاپای دوای ئەو هاتوو بۆ ماوەی چوار ساڵ لێکۆڵینەوەو ڕاوێژ لەسەر ئەو دەستخەتانە کراو کۆنفراسی بۆ گیرا سەرەنجام بەیاننامەیەك دەرچوو لە ڤاتیکانەوە کە ئیسلام ئاینێکی ئاسمانی ڕاستەو موسوڵمانانیش کۆمەڵێکی سەرفرازن لە قیامەتداو پێویست ناکات (تبشیر) بکرێن و بانگ بکرێن بۆ سەر ئاینی مەسیحی). نوسخەیەکی ئەم بەیاننامەیە لە (رابیتەی عالەمی ئیسلامی) لە وڵاتی سعودیەیە (ئەمە د. عبدالمجید زندانی لەبەرنامەی ـ وذکر ـ لەکەناڵی ئاسمانی ئیمارات لە مانگی ١٩٩٩/١١ باسیکرد).

**١٠٩ـــ ئاسمانەکانو زەوی ملکەچی خوان:**

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٩) وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ (١٠) ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (١١) فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (١٢) فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنْذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ (١٣)﴾ فصلت

واتە: پێیان بڵێ ئایا ئێوە باوەڕناهێنن بەو زاتەی کە زەوی دروستکردووە لە دوو ڕۆژدا وەهاوبەشو هاوەڵی بۆ دادەنێن ئەو زاتەش داهێنەر و پەروەردگاری هەموو جیهانیانە، بەسەر زەوی یەوە شاخی دامەزراوی دانا، وە پیتو فەڕو بەرەکەتی تێخست لەهەموو بارو ڕوویەکەوە کە ژیان پێویستی هەیە هەروەها گشت خۆراکێکی تیا فەراهەم هێنا کە پێویست بێت بۆ مرۆڤ و گیانلەبەران.. ئەوانەی هەموو جێبەجێکردو پێکی هێنا لە چوار ڕۆژدا(بەدوو ڕۆژەکەی پێشووەوە).. (سواء للسائلین).. ئەو خۆراكو پێبژێویانەی بڕیاردا لەبەر داواکەرانو داخوازان کە پێویستیان هەیە پێیان لە ژیانیاندا.. (ثم استوى الى السماء وهي دخان) لەپاشدا نیازو ئیرادەی ڕووی کردە ئاسمان کە تاریكو دووکەڵ بوو (فقال لها وللأرض ائتیا طوعاً أو کرها قالتا أتینا طائعین) پەروەردگار فەرمووی بە ئاسمانو زەوی: وەرنە پێشەوە ئەوەی بڕیاردراوە بۆتان بەدی بهێنن بە خۆشی خۆتان یان بە زۆر، ئەوانیش وتیان ئەوا هاتین بە خۆشیو بێخۆشبوونی خۆمان، واتە ژێربارینو ملکەچین، چیمان لێنیاز

کرابێت هەربەو جۆرە دەبین.(فقضاهن سبع سموات في يومين وأوحى في كل سماءٍ أمرها) حەوت ئاسمانی پێکهێنا لە دوو ڕۆژداو هەرچی پێویست بوو لەو حەوت ئاسمانەدا بەدیهێنا. (وزينا السماء الدنيا بمصابيح وحفظاً ذلك تقدير العزيز العليم) ئاسمانی دنیامان ڕازاندەوە بەچرای ئەستێرەکان و، پاراستمانن لە تێکچوون، ئەوەی کە باسکرا بڕیارو داهێنراوو تەقدیری کەسێکە کە عەزیزو عەلیمە. (فان أعرضوا فقل أنذرتكم صاعقة مثل صاعقة عادٍ وثمود) جائەگەر ئەو بێبڕوایانە ڕوویان وەرگێڕاو پشتیان کردە هەق‌و ڕاستی پێیان بڵێ: ئەتان ترسێنم بەهەورە تریشقە کە لێتان بدات‌و هەروەك گەلی عادو ثمود لەناوتان بەرێت..

ڕۆژێك (عوتبەی کوڕی ربیعە) هاتە خزمەت خۆشەویست(ﷺ) و وتی: تۆ خۆت دەزانی تا چ ڕادەیەك ڕێزو قەدرت هەیە لەناو گەلەکەتدا، تۆ کارێکی زۆر گەورەت داهێناوەو تەفرەقەو دووبەرەکیت تێخستوون‌و بەنەفام‌و کافریان دادەنێیت.. گوێم بۆ بگرە چەند شتێك دەڵێم بیریان لێبکەرەوەبەڵکو هەندێکی وەرگری لێم .

خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: باوکی وەلید بڵێ گوێم لێتە. ئەویش وتی: ئەگەر مەبەستت ماڵ و سامانە ئەوەندەت بۆ کۆ دەکەینەوە تا لەهەمووان دەوڵەمەندتر بیت ، ئەگەر بەرزی‌و سەرۆکایەتیت دەوێ دەتکەین بە پاشای خۆمان وەئەگەر ئەمەی بەسەرت هاتووە حاڵەتێکی دەروونی یە ئەوا پزیشکت بۆ دێنین‌و بەهەرچەندێك بێت چارەسەرت دەکەین.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: لەقسەکانت بوویتەوە باوکی وەلید؟ وتی: بەڵی.. فەرموی: دەتۆش گوێم بۆ بگرە.

ئینجا خۆشەویست(ﷺ) کەوتە خوێندنەوەی ئەم سورەتە تا گەیشتە (فقل أنذرتكم صاعقة مثل صاعقة عادٍ وثمود)، عوتبە ترسێکی زۆری لێنیشتوو دەستی گرت بەدەمی خۆشەویستەوەو وتی: نەکەیت داوات لێدەکەم لەبەر خاتری خواو خزمایەتیمان ئینجا عوتبە گەڕایەوە بۆ ناو خەڵکەکەو وتی: سوێند بێت بەخوا شتێکم لێبیستووە نە جادووەو نە سیحرەو نە کاهینێتی یە، گەلی قوڕەیش بە قسەم بکەن وازلەم پیاوە بهێنن بالەگەڵ عەرەبدا خۆی یەکلایی بکاتەوە ئەگەر سەرکەوت بەسەریاندا سەرکەوتنەکەی بۆ ئێوەشە، ئەگەر عەرەب سەرکەوتن بەسەریا ئەوا ڕزگاردەبن لێی، بەخوا ئەوەی ئەو دەیڵێت پاشەڕۆژێکی گرنگی دەبێت. دیارە قوڕەیشیش وازی نەهێناو پاش جەنگ‌و ماڵوێرانییەکی زۆر هیچیان بۆ نەکراوو پاشەڕۆژیش بۆ ئیسلام بوو.

.

**١١٠ـــ لەخزمەت سورەتی (الأنشقاق)دا:**

لە قورئانی پیرۆزدا باسی گەورەیی ئاسمانەکانو زەوی زۆر کراوە ئەمڕۆش زانایان زۆر زیاتر لە جاران لەو مەسەلەیە تێگەیشتوون وە بۆیان دەرکەوتووە کە بارستایی خۆر (٣٣٣)هەزار ئەوەندەی بارستایی زەوی یە هەروەها قەبارەی خۆر نزیکەی ملیۆنێك ئەوەندەی قەبارەی زەوی یە جائەگەر ئەم بارستاییە گەورەو گرانە بەئاسمانەوە لە بۆشاییدا دەستی قودرەتی خوا، فەرمانی خوا ڕاگیری نەکات ملیۆنەها ساڵە بەچی ڕاگیر بووە هەروەك قورئان دەفەرمووێت ﴿ان الله يُمسك السموات والأرض أن تزولا ولئن زالتا ان أمسكَهما من أحدٍ من بعده﴾ واتە: خوایە کە ئاسمانەکانو زەوی ڕاگرتووەو نایەڵێ لەناوبچن باشە ئەگەر خوای گەورە دەستی لێ بەرداو بەرەڵایان بکات کەس هەیە بیانگرێتەوەو ڕاگیریان بکات بێگومان نی یە..

ئاسمانەکانو زەوی و ملیارەها ملیار ئەستێرە کە فەرمانبەری خوابن مرۆڤی سەرسەختی داماو تۆ بەچیتەوە لاساری دەکەیت، قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت: ﴿اذا السماء انشقت وأذِنت لربها وحُقت وأذا الأرض مدت وألقت مافيها وتخلت وأذِنت لربها وحُقت ياأيها الانسان انك كادحٌ الى ربك كدحاً فمُلاقيه ﴾ الأنشقاق. واتە: کاتێك کە ئاسمانەکان لەت بوون لە قیامەتداو ئەستێرەکان لە خولگەکانی خۆیان دەرچوونو بەیەکا هەڵتەقان و، گوێیان گرت بۆ فەرمانی خواو ملکەچ بوون وەشایستەش بوون بۆ فەرمانبەری ئەو خوایەی کە دروستیکردوون.. وەکاتێك زەوی لە جێی خۆی ترازاو هێزی کێشەندەی نەماو هەرچی شاخو کێوی هەیە داڕوخاو زەوی ڕاکێشراو پان بووەوە، هەرچی لەناو زەویدا بوو هاتە دەرێ و ناوی خاڵی بوو، زەوی لەو دەمەدا لەژێر فەرمانی خوای گەورە ناچێتە دەرەوەو ملکەچو فەرمانبەرە وەشایستە بوو بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خوا (بەڵێ.. ئاوەها زەویو ئاسمانەکان گوێڕایەڵو گوێبیستی فەرمانی خوانو هەقیشە وابن).

هەرکاتێك ئەوانە ڕوویداو قیامەت هات ، ئادەمی بەخزمەت خوای خۆی دەگات و بەری کردەوەی خۆی دەبینێ وەکو دەفەرموێ : ﴿ياأيها الانسان﴾ ئەی ئادەمی ﴿انك كادح الى ربك كدحا فملاقيه﴾ تۆ بێگومان لەهەوڵو تەقەلادایت لە چاکە یا لەخراپە و، بەرەبەرە ڕووەو مردن دەڕۆیت و، بەرەو ڕووی پەروەردگاری خۆت دەبیتەوەو تۆ بەهەموو هەناسەیەك خشتێك لە عومری خۆت دەردێنیت لەبن و، بەهەموو هەنگاوێك هەنگاوێك لەمردن نزیك دەکەویتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە بەیەکجاری قاچی لێڕادەکێشێتو بەچاوی خۆت قیامەت دەبینیت.

## ١١١ـ ئەجەلی مرۆڤ و بوونەوەر:

قورئانی پیرۆز دەفەرموویێت: ﴿كل نفسٍ ذائقة الموت﴾. واتە: هەموو کەس چێژەری مردنە لەکاتی هاتنی ئەجەلدا. ﴿ولن يؤخِر الله نفساً اذا جاء أجلها والله خبير بما تعملون﴾ المنافقون. واتە: خوا هیچ نەفسێك دوا ناخات ئەگەر ئەجەلەکەی هات و، خوا ئاگادارە بەو کارانەی کە دەیکەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو مرۆڤێك ئەجەلێکی تایبەتی خۆی هەیە بەهەمان شێوەش هەموو گەلێك ئەجەلێکی تایبەتی خۆیانیان هەیە، ﴿لكل أمة أجلٌ فاذا جاء أجلهم لايستأخرون ساعة ولايستقدمون﴾ اعراف/٣٤.

جائەوانەی پەلەت لێدەکەن کە سزایان بۆ بێت بابزانن خوای گەورە ئەجەلێکی بۆ داناونو بەپێی ئەوە لەناویان دەبات ﴿يستعجلونك بالعذاب ولولا أجلٌ مسمى لجاءهم العذاب﴾ العنكبوت/٥٣. ئەم بوونەورەش هەمووی ئەجەلی هەیە، قورئان دەفەرموویێت: ﴿وسخر الشمس والقمر كل يجري الى أجلٍ مسمى﴾. مرۆڤ ئەجەلی خەڵکانێکی زۆر دەبینێت تا سەرەنجام خۆشی کۆتایی دێت، دیارە ئەجەلی بوونەوەر نابینێت چونکە تەمەنی کورتە تەنانەت ئەجەلی کیسەڵێك نابینێت کە نزیکەی (٣٠٠)ساڵ دەژی. قورئان دەیەوێت بڕوادار بیر لە خۆی بکاتەوەو تێبگات هەروەك چۆن خۆی بەهەق دروست کراوەو ئەجەلێکی هەیە ئاوەهاش ئەم بوونەوەرەو گشت دەووروبەری بەهەق دروستکراونو ئەجەلێکی تایبەتیان هەیە. ﴿أولم يتفكروا في أنفسهم ما خلق الله السموات والأرض وما بينهما الا بالحق وأجلٍ مسمى﴾ الروم/٨. واتە: بۆ بیرناکەنەوە لە نەفسی خۆیان خوای پەروەردگار ئاسمانەکانو زەویو هەرچی تێدایە دروستی نەکردووە مەگەر بەهەقو ئەجەلێکی دیاری کراو نەبێت.

ئەم بوونەوەرە گەورەیە کەلە خزمەتی مرۆڤدایە دیارە دەبێت کۆتاییەکی هەبێت هەروەك چۆن سەرەتایەکی هەیە.. چونکە مرۆڤ خۆی کۆتایی دێتو ژیانێکی کاتی لەم دنیا کاتیەدا بەسەردەبات. دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی گەورەترە لە دروستکردنی مرۆڤ بەڵام زۆر کەس نازانێت ﴿لخلق السموات والأرض اكبر من خلق الناس ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾ غافر. خۆرو مانگو ئەستێرەکان بەحسابێکی وردو ڕێكوپێك دێنو دەچن بەفەرمانی خوا بە جۆرێك کە زانایان ئەتوانن پێش سەدەها ساڵ پێشبینی کاتی خۆر گیرانو مانگ گیران بکەن.. هەروەها دەتوانرێ حسابی شەوو ڕۆژو کاتەکانیشی بەچاکیو وردی لەسەربکرێ.. قورئان دەفەرموویێت: ﴿والشمس والقمر

بحسبان﴾ الرحمن/٥. واته: خۆرو مانگمان به حسابێکی زۆر ورد دروستکردووەو بەحسابن. هەروەها دەفەرموویێت: ﴿فالق الاصباح وجعل الليل سكناً والشمس والقمر حُسبانا ذلك تقدير العزيز العليم﴾ الأنعام/٩٦. خوایه که بەرەبەیان دێنێ و شەوی کردووه به سوکناو خۆرو مانگیشی بەحساب دروستکردووه تا بەچاکی حسابی ڕۆژانەی لەسەر ڕابگیرێ کەئەمەش تەقدیراتی خوایەکی زاڵ و بەتواناو زانایە..

جائەم بوونەوەرە تا ئەو پەڕی ئەوەی ژێری مرۆڤ دەرکی پێبکات ڕێكو پێكو وردەو بەحسابە ئەو خوایەی کەوا بەچاکیو ڕێكو پێکی دروستی کردووه ئەجەلێکی دیاریکراویشی بۆ داناوە کەهەرچەند زۆربەی زۆری مرۆڤەکان دێنە سەرزەوی و بەجێشی دەهێڵنو نایبینن.. ڕەنگە تەنها جیلێك لەم زەویەدا ببینێ.. بەڵام ئەمە وەعدو پەیمانی خوایەو بێگومان دێتە دی.

### ١١٢ـ گەلانی دێرین:

خوای پەروەردگار لەقورئاندا باسی گەلانی دێرین دەکات بەجۆرێك کەمەگەر هەر لە عیلمی ئەودا هەبێتو قورئان ئاشکرای بکات.. چونکە قورئان ئەو خوایە ناردوویەتی کە نهێنی ئەم بوونەوەرە هەمووی دەزانێ هەروەك دەفەرمووێ: ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا (٤) وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (٥) قُلْ أَنْزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا﴾ الفرقان. واته: ئەوانەی بێبڕوان وتیان ئەم قورئانە هیچ نی یە جگە لە درۆیەکی زل کە خۆی دایناوەو هەڵیبەستووەو گەلو کۆمەڵی تر یارمەتیان داوەو کۆمەکیان کردووە، بەڕاستی ئەوانە جەورو ستەمو بوختانێکی گەورەیان کرد، ئەوانەی وتیان قورئان قسەو باسی گەلە پێشینەکانەو محمد داوای نووسینەوەی کردوون بۆ خۆیو نووسراونەتەوە بۆی ئینجا ئەو قسەو باسانە ئەخوێنرێتەوە بۆی لەبەیانیانو ئێوارانو ئەویش بەخەڵکی دەڵێ، ئەی محمد پێیان بڵێ ئەم قورئانە کە ئێوە بوختانی بۆ دەکەن ئەو خوایە ناردویەتی یە خوارەوە کە نهێنی ئاسمانەکانو زەوی هەمووی دەزانێت بەڕاستی خوا لەگەڵ ئەو هەموو زانینو دەسەڵاتەیدا لێخۆشبوو بەسۆزو میهرەبانە بەرامبەر بەندەکانی.

خوای پەروەردگار کە نهێنیەکانی بوونەوەر هەموو دەزانێ باسی مێژوو گەلانی دێرینمان بۆ دەکات ، کە تەنها لە عیلمی ئەودایە بەتایبەت مێژووی گەلان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا، تابێتە

مایەی پەندو ئامۆژگاری. لایەنێك لـە مێژووی ئەو گەلانە، ئەو سزایەیە کە خوا بۆی ناردونو بە هۆیەوە تەفروتونای کردوون، بۆنمونە قورئان دەفەرمووێت: ﴿فكلاً أخذنا بذنبه فمنهم من أرسلنا عليه حاصباً ومنهم من أخذته الصيحة ومنهم من خَسَفنا به الأرض ومنهم من أغرقنا وماكان الله لِيَظلِمهم ولكن كانوا أنفسهم يظلمون﴾ العنكبوت/٤٠. واتە: (پاش ئەوەی ئایەتەکانی سورەتی (العنكبوت) باسی گەلی نوحو گەلی ئیبراهیمو گەلی لوطو گەلی عادو گەلی ثمودو گەلی شعیبو گەلی فیرعەونو قارون دەکاتو سزاکانیان دەخاتە ڕوو ئینجا دەفەرمووێت) هەموو ئەوانەمان لـەناو برد هەندێکیان بە ڕەشەبایەکی بەهێز کە وردەبەردی لـەگەڵدا بوو، هەندێکیان بە نەعرەتەو دەنگی گەورە، هەندێکیان بە نغرۆکردنیان بە ناخی زەویدا، هەندێکیشیان بە خنکاندن لـە ناو دەریادا جا ئەمەش وەنەبێ خوا ستەمو ناهەقی بەرامبەر کردبن بەڵکو خۆیان ستەمیان لـە نەفسی خۆیان کرد.

### ١١٣ـ گەلی نوح:

﴿ولقد أرسلنا نوحاً الى قومه فلبث فيهم ألف سنة الا خمسين عاما فأخذهم الطوفان وهم ظالمون فأنجيناه وأصحاب السفينة وجعلناها آيةً للعالمين ﴾ العنكبوت/١٥. واتە: سوێند بەخوا نوحمان ڕەوانەکرد بە پێغەمبەریی بۆلای گەلـەکەی، نوح مایەوە لـەناویاندا هەزار ساڵ پەنجا ساڵ کەم، بانگی کردن بۆلای خواو هەوڵی لـەگەڵدان بەشەوو بەڕۆژ بەئاشکراو بەنهێنی کەچی تا ئەهات یاخی ئەبوونو لـەهەقو ڕاستی دوورئەکەوتنەوە ژمارەیەکی کەم نەبێت کە بڕوایان هێنا ، بۆیە لافاوو تۆفان دای بەسەریاندا و هەموویانی خنکاند لـە کاتێکدا کە ئەوان ستەم کار بوون ،ئینجا نوحو ئەو بڕوادارانەی لـەگەڵیدا بوون ڕزگارمان کردن لـەکەشتیەکەدا.

لـەزەمانی پێغەمبەردا ڕەنگە موعەدەلی عومر(٦٠ـ٧٠) ساڵێك بووبێت، پێغەمبەر (ﷺ) (٦٣) ساڵێك ژیا.. کەچی قورئان باس لـەتەمەنی (٩٥٠) ساڵی دەکات دیارە ئەم هەواڵە بۆ ئەمڕۆو بۆ ئەوساش سەیر بووە بەڵام ئاشکرایە کە فەرموودەی خوایەو ئاگادارە بە هەموو وردو درشتێکی ئەم بوونەوەرە.. قورئان بە دیقەت ساڵەکانی مانەوەی نوح لـەگەلـەکەیدا دیاری دەکات هەرچەندە سەیریش بێت لای خەڵکی. لـەبارەی تەمەنی نوحەوە هەندێ ڕاو بۆچوون هەیە لـەوانە:

یەکەم/ ڕەنگە تەمەنی خەڵکی لـەو زەمانەدا زۆر نەبووبێ بەڵام نوح خوای گەورە وەك موعجیزەیەك ئەو تەمەنە درێژەی دابێتێ لـەگەڵ چەند نەوەیەکدا خەریکی بانگەواز بووبێت.

دووەم/ لەوە دەچێت تەمەنی مرۆڤ لەسەرەتاوە زۆر بووبێت لەبەر ئەوەی سەرزەوی مرۆڤی کەمی تیابووە تا بەو تەمەنە زۆرەوە بتوانن زیاتر زەوی ئاوەدان بکەنەوە.

لەهەندێ بەدوادا گەڕان و (حفريات)دا لەعێراق مەلحەمەی گلگامش دۆزرایەوە کە باسێکی نوحو تۆفانەکەی تیایە، هەروەك (أنطون مورتكات) لە (تأريخ الشرق الأدنى القديم)دا باسی دەکات کە دەڵێت: (لەدوای تۆفانی نوحەوە، نەوەی ـ کیش ـ ی یەکەم بە ٢٣ پاشا نزیکەی (٢٤)هەزار ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە هەروەها نەوەی (اوروك)ی یەکەم بە ١٢ پاشا نزیکەی ٢٠٠٠ساڵ حوکمڕانیان کردووە). ئەگەر ئەمە وابێت مانای وایە کە مرۆڤ بە گشتی زۆر تەمەنی هەبووەو نزیکەی ١٠٠٠ ساڵێك ژیاون. (ل١٧ـ مجلدی ألأساس في التفسير ـ سعيد حوی)

دیارە ئەمانە هەواڵو دەنگوباسێکی نەزانراوو غەیبن و خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردوون هەروەك دەفەرمووێ پاش باسکردنی چیرۆکی گەلی نوح ﴿تلك من أنباء الغيب نوحيها اليك ماكنت تعلمها أنت ولا قومك من قبل هذا فاصبر ان العاقبة للمتقين﴾ هود/٤٩.

### ١١٤ـ هەڕەشەیەکی قورئانی لەسورەتی (طور)دا:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿والطور وكتابٍ مسطور في رقٍ منشور والبيت المعمور والسقف المرفوع والبحر المسجور ان عذاب ربك لواقع مالَهُ مِن دافع﴾ الطور١ـ٨. واتە: سوێندبە کێوی طور ـ کە شاخێکە لە سیناداو موسا قسەی کردووە لەگەڵ پەروەردگاردا لەسەری ـ سوێند بەنامەی نووسراوە لە پێستێکی یەکالاکراوەی خۆشکراو ـ کە قورئانە ـ و گەورەترین نامەی ئاسمانی یە، سوێند بە (بيت المعمور) کە خانەی ئاوەدانە بە خوا پەرستی (جا مەبەست ئەو خانەیە بێت کەلە ئاسمانەوە مەلائیکەت تەوافی بەدەوردا دەکەن یان مەبەست کەعبە بێت)، سوێند بە ئاسمانی بڵند کراو، سوێند بەدەریای پڕلێوان لێو کە نزیکەی ٣\٢زەوی داپۆشیووە، (بۆ نموونە دەریای هادی (٦٠)هەزار ملیۆن میل چوارگۆشەیە، قوڵیەکەی لە هەندێ لاوە(٩٤٣٣)م).

بەڕاستی ئاسمانو دەریا دوو نیشانەی زۆر گەورەن لەسەر گەورەیی خوا، ئاسمان لە پانو پۆڕیو فراوانیو هاتو چۆی ڕۆژو مانگو ئەستێرەکانو هەڵاتنو ئاوابوونیانو بەرودواهاتنی شەوڕۆژوو تاریکیو ڕووناکیو ساڵو مانگو هاوین وبەهارو پایزو زستان. دەریاش لەگەورەییو فراوانیو بەرزبوونەوەی شەپۆلو نزمبوونەوەیو هاتنو کشانەوەییو هەڵگرتنی هەزاران هەزار کەشتیو

پاپۆڕو بەلەم لەسەر پشتیو ژیانی ملیۆنەها گیاندارانی ئاوی لەناویاو بەهەزاران تەن دورِ و لۆلۆو مەرجانو بەردی بەنرخ، ئەمانە هەموو لایەکیان بە سرپەو سرکە ئەچرپێنن بە گوێچکەی ئادەمیدا لەبابەت دەسەلاتو کارسازیو کردار جوانی خواوە بە سیخورمەو نقورچ ئادەمی خەولێکەوتوی بێئاگا بێدار دەکەنەوە کە چاوێك هەلْبڕنو نەختێك وردبنەوە . خوای گەورە بەم پێنج شتە گەورانە سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی کە ڕۆژی زیندووبوونەوەو حسابو سزا بێگومان ڕووئەداو ئەبێ و،هیچ شتێك نی یە کە بتوانێ پاڵی پێوە بنێو دووری بخاتەوەو ڕێی لێبگرێت.. ئەم ئایەتانە کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دڵو دەروون کاتێ کە بە چاکی گوێیان بۆ بگیرێت.

جوبەیری کوڕی مطعم کافر بوو هاتە مەدینە بۆ ئازادکردنی دیلەکانی غەزای بەدر گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کەلە نوێژی ئێوارەدا لەمزگەوت ئەم سورەتەی دەخوێند بۆ موسوڵمانان کە گەیشتە ﴿ان عذاب ربك لواقع ماله من دافع ﴾ لەترسی سزای خوا موسوڵمان بوو ئینجا خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت (خەریك بوو لەترسا دڵم شەق بەرێت، بڕوام هێنا لەترسی هاتنی سزای خوا، وام ئەزانی لە جێی خۆم هەڵناسمو سزاکەی خوا ئەدات بە تەوقە سەرمدا..) . (گۆڤاری النور ـ ژمارە/١٤٥ـ ساڵی ١٩٩٧ـ ل٦) .

شەوێك کە عومەری کوڕی خەتاب بە کۆلانەکانی شاری مەدینەدا دەگەڕا گوێی لە موسوڵمانێك بوو ئەم سورەتەی دەخوێند لە نوێژدا کە گەیشتە ﴿ان عذاب ربك لواقع ماله من دافع ﴾ لە دڵی کاری کردو فەرمووی: بەخوا سوێندێکی هەقو ڕاستە. ئینجا لە گوێدرێژەکەی دابەزیو ماوەیەك پاڵی دا بەدیوارێکەوە پاشان گەڕایەوە ماڵەوە و نزیکەی یەك مانگ موسوڵمانان سەریان لێدەدا نەیاندەزانی نەخۆشی یەکەی چی یە! خۆ عومەر ڕەنگە سەد جار ئەم سورەتەی بیستبێ بەلام لەم شەوەدا دڵو دەروونو هەستو هۆشی باشتر ئامادەبوو بۆ وەرگرتنی فەرمانی خوایی بۆیە ئاوا بەچاکی دڵی پێکاو کاری تێکرد .. (في ظلال القرآن ـ ل٣٣٩٤)

### ١١٥ــ هیچ وشەیەك لەقورئاندا بێمەبەست نەهاتووە:

قورئانی پیرۆز بەشێوەیەك دارِێژراوە مەگەر هەر لە عیلمی خوادا بێت هەروەك دەفەرموێت: ﴿لكن الله يشهد بما أنزل اليك أنزله بعلمه والملائكة يشهدون وكفى بالله شهيدا﴾ النساء/ ١٦٦. واتە: بەلام خوا شایەتی ئەدات لەسەر ڕاستێتی ئەو قورئانەی کە بۆی ناردووی، ناردوێتی یە

خوارەوە بە زانستی یە تایبەتی یەکەی خۆی کە بێوێنەیەو بێپایانو بێسنورە، فریشتەکانیش شایەتی دەدەن و، خوا بەسە شایەت بێت..

بەڵێ قورئان ئەگەر لەخواوە نەهاتایە جیاوازیو ناتەواوی زۆری تیادەبوو. ﴿أفلا يتدبرون القرآن ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافاً كثيرا﴾ النساء/٨٢.واتە: بۆ بیرناکەنەوەو ورد نابنەوە لە قورئان تابۆیان دەربکەوێ کە چەند جوان نەخێشێنراوەو چنراوە جائەگەر ئەم قورئانە لەلایەن هەرکەسێکی ترەوە بهاتایە بێجگە لە خوا جیاوازیو نارێکیو دژایەتی زۆری تێدا دەبوو . بۆ نمونە لەقورئاندا:

١. (١٢)جار وشەی (الشهر) هاتووە بەقەدەر مانگەکانی ساڵ.

٢. (١١٥)جار وشەی (الدنيا) هاتووەو (١١٥)جاریش وشەی (الآخرة) هاتووە.

٣. (٥)جار وشەی (يؤثرون) هاتووەو (٥)جاریش وشەی (الشح) هاتووە.

پەڕاوی الاعجاز العلمي في القرآن الكريم/ محمدسامی / ١٩٩٣.

**١١٦ــ تەقدیری خوا لەدروستکردنی هەموو شتێکدا :**

**أ. تەقدیری خوا لەدروستکردنی ئاسمانەکانو زەویدا :**

﴿قل أئنكم لتكفرون بالذي خلق الأرض في يومين وتجعلون له أنداداً.........فقضاهن سبع سمواتٍ في يومين وأوحى في كل سماءٍ أمرها وزينا السماء الدنيا بمصابيح وحفظا ذلك تقدير العزيز العليم﴾ فصلت. (بگەڕێرەوە بۆ هەڵوێستەی -١١١-)

هەروەها لەبارەی مانگو خۆرەوە دەفەرموێت ﴿والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم﴾ يس/٣٨. واتە: بەڵگەو نیشانەیەکی تر ئەم خۆرەیە کە هەموو کات ئەگەڕێو ناوەستێت هەتا ئەوکاتەی یان ئەو شوێنەی کە تەنها خوا خۆی دەزانێو دیاری کردووە بۆ وەستانی.

ئەو خۆرەی کە قەبارەکەی ملیۆنێك جار لەقەبارەی زەوی گەورەترە بێجگە لەوەی بەدەوری خۆیا ئەسوڕێتەوە لەگەڵ هەسارەکەشیدا جوڵەیەکی تری هەیە لەبۆشایی بوونەوەردا، کەلە چرکەیەکدا ١٢میل دەبڕێت، ﴿ذلك تقدير العزيز العليم﴾. ئەوە شتێکە بڕیاردراوی کەسێکە کە

زاڵە بەسەر هەموو شتێكدا وەدەسەلاَتو توانای بێسنوری هەیە ئاگاداری هەموو شتێکە واتە ئەوە بە تەقدیری خوا، بە دەسەلاَتی خوا بەو ئاسمانەوە ڕاگیر بووەو گەرمیو ڕووناکی دەنێرێ بۆ سەرزەوی خۆ ئەگەر نزیکتر بوایە هەموو شتی دەسوتان وەئەگەر دوورتر بوایە سەرزەوی دەیبەست بەو شێوەیەش ژیان لەسەر زەوی نەئەبوو.

﴿والقمر قدرناه منازل حتى عاد كالعرجون القديم لاالشمس ينبغي لها أن تُدرك القمر ولا الليل سابقُ النهار وكل في فلكٍ يسبحون﴾ يس/٤٠. واتە: بەڵگەو نیشانەیەکی گەورەی تر ئەم مانگەیە کە شوێنی گەڕانیمان کردووە بە چەند قۆناغێك کەلەهەر شەوێکدا لەیەکێ لەو قۆناغانەدا ئەبێو ئەبینرێت. نەخۆر بۆی ئەکرێو شایانە بۆی بگات بە مانگ (چونکە مانگو خۆرو هەموو ئەستێرەکان شوێنی تایبەتیان بۆ دانراوە کە چەرخەو گەڕانی تیا بکەن، ئەندازەی دوریو نزیکیان لەیەکترەوە دیاریکراوە) وەنەشەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت. وەهەمووان لەخولگەکانی خۆیاندا دەگەڕێنو مەلە دەکەن .

وەکو بەچاو ئەبینرێ لەیەك شەوەوە بەرەبەرە زیاد دەکات تا ئەبێتە مانگی چواردەو ڕووی بەتەواوی ڕووناك ئەبێ ئینجا بەرەو کەمی ئەڕوات بەرەبەرە هەتا ئەبێتەوە بە یەك شەوەو وەکو عرجونی کۆنی لێدێت باریكو زەردو لاواز.

### ب. تەقدیری خوا لەدروستکردنی مرۆڤدا:

﴿قُتِل الانسان ماأكفره من أي شيءٍ خَلَقه من نطفة خلقه فقدره﴾ عبس/١٩. واتە: بەکوشت چێ ئادەمی چەند ناسوپاسو پێنەزانە بەرامبەر ئەو هەموو بەخششەی کە خوا بەسەریا ڕشتووە، نابێ بیرێ لە خۆی بکاتەوە تا بزانێت خوا چی دروستکردووە؟ لە دڵۆپێك ئاو دروستی کردووە ئینجا بەئەندازە ئامادەو ڕێکی خستووە.

بەڕاستی هەرکەس بەچاکی لە دروست بوونی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا کەزانستو زانین زۆر شتی نادیارو سەرسوڕهێنەری جەستەی مرۆڤی ئاشکراکردووە سەری دەسوڕمێ لەو هەموو وردەکاری یەی کە کراوە لە پێکهاتنی ئەندامەکانی مرۆڤدا.. ﴿ألم نخلقكم من ماءٍ مهين فجعلناه في قرارٍ مكين الى قدرٍ معلوم فقدرنا فنعم القادرون﴾ المرسلات/٢٣. واتە: ئایا ئێوەم دروست نەکردووە بەم جوانیو ڕێكو پێکی یە لە دڵۆپە ئاوێکی بێنرخ ئینجا خستمانە ئارامگاهێکی

قایمی بەهێز کە منداڵدانە تا ماوەیەکی دیاری کراو. ﴿فقدرنا﴾ ئینجا ئەندازەمان بۆ دانا ﴿فنعم القادرون﴾ چاك ئەندازە دانەرێکین. ﴿ویلٌ یومئذٍ للمکذبین﴾ وای بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بەدەسەڵاتو توانای پەروەردگارو قیامەت نی یە.

### ج. تەقدیری خوا لەناردنی ڕزق و ڕۆزیدا:

﴿وان من شيءٍ الا عندنا خزائنه وما نُنزله الا بقدرٍ معلوم﴾ الحجر/٢١. واتە: هیچ شتێك نی یە مەگەر لای ئێمەیەو لەژێر دەسەڵاتو تەصەروفی ئێمەدایە کانو خەزنەکانی و، نایهێنینەخوارەوەو نایبەخشین مەگەر بەئەندازەیەکی زانراوی دیاری کراو بەپێی لێزانیو کاردروستی خۆمان. هەروەها دەفەرموێت ﴿ولو بسط الله الرزق لعباده لبغوا في الأرض ولكن یُنَزل بقدر مایشاء انه بعباده خبیر بصیر﴾ الشوری/٢٧. واتە: ئەگەر خوا بەزۆریو بەلێشاو ڕۆزی بدات بەبەندەکانی تووشی زیادە ڕەویو لەسنوردەرچوون دەبن بۆیە خوا بەئەندازەو بەبڕی تایبەت دەینێرێ بۆ بەردەوامبوونی ژیان، بەڕاستی خوا ئاگادارو بینایە بەبەندەکانیو دەزانێ حیکمەت لە چیدایە..

خوای پەروەردگار بە حیکمەتی خۆی هەرکەسەو بەشێکی دیاریکراوی لە ڕزق و ڕۆزی بۆ داناوە کە تا تەواوی نەکات لە دنیا دەرناچێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت (ان روح القدس نفث في روعي أنه لن تموتَ نفسٌ حتی تستکمل رزقها وأجلها) ابن ماجە گێڕاویەتیەوە، واتە: جبرەئیل خستیە دڵمەوە کە هیچ کەسێك نامرێو لەدنیا دەرناچێ تا ڕۆزیو ئەجەلی خۆی تەواو نەکات.

### د. تەقدیری خوا لەباران باریندا:

﴿وأنزلنا من السماء ماءً بقدرٍ فأسکناه في الأرض وانا علی ذهابٍ به لقادرون﴾ المؤمنون/١٨. واتە : ئاومان هێناوەتە خوارەوە لە ئاسمانەوە بەئەندازەیەکی دیاری کراو بە حیکمەتو بەتەگبیرێکی زانراو وەلە زەویدا هێشتوومانەتەوە بەپێی پێویست، وەئەگەر بمانەوێ لەناوی دەبەینو بەزەویدا دەیبەینە خوارەوە..

### ه. تەقدیری خوا لەمردنی مرۆڤدا:

﴿نحن قدرنا بینکم الموت وما نحن بمسبوقین﴾ واتە: ئێمە بڕیاری مردنماندا لەناوتانا بۆ هەریەکێك لەکاتی تایبەتی خۆیدا و کەس پێش دەسەڵاتی ئێمە ناکەوێو لەدەست مردن ڕزگاری نابێت. ﴿علی

أن نُبَدل أمثالكم وننشئكم فيما لاتعلمون﴾ الواقعه/٦١. لەدوای ئێوەش چینێکی تر دێنینه جێتان ئەوخوایەی کەمردنی داناوه هەر ئەوخوایەش ژیانی داناوه، مردنی داناوه تا ئەوی ئەمرێ یەکێکی تر بێته جێی تا ژیانی دنیا ئەبڕێتەوه ئەوکاته ژیانی دوایی دەست پێدەکات. ﴿وننشئكم فيما لاتعلمون﴾ دروستتان دەکەینەوه لە قیامەتێکدا کە ئادەمی هیچی لێنازانێت مەگەر ئەوەندەی کە خوا خۆی هەواڵی دابێت.

خوای گەوره هەموو شتێکی لەم بوونەوەرەدا دروستکردووه بەئەندازەیەکی تایبەت ﴿وخلق كل شيءٍ فقدره تقديرا﴾ الفرقان/٢. وەهیچ شتێك لەم بوونەوەرەدا بەگۆترەو بێحیساب دروست نەکراوه ، جا کە مرۆۋ لەمە تێگەیشت تووشی لەخۆبایی بوونو لەسنور دەرچوون نابێت قورئان دەفەرموێت ﴿ياأيها الانسان ماغرك بربك الكريم الذي خلقك فسواك فعدلك في أي صورة ماشاء ركبك﴾ انفطار. واته: ئەی ئادەمی چی فریوی داویتو یاخی کردوویت بەپەروەردگاری گەورەو میهرەبانی خۆت ئەو پەروەردگارەی کە دروستی کردویتو ڕێکی خستویتو جیای کردویتەوه لە گیانلەبەرانی تر لەجوانترینو ڕێكوپێك ترین شێوەیەك کە خۆی پەسەندی کردووه.. ئەی ئادەمیزاد تەسبیحاتی ناوی پەروەردگاری هەره بڵندی خۆت بکە، ئەوەی هەموو شتێکی دروست کردووەو ڕێکی خستووه، وەئەوەی دایناوه (تەقدیری کردووه) بۆ هەموو گیاندارێك مایەی ژیانی، ئینجا ڕێنموویی بۆ کردووه هەروەك دەفەرموێت ﴿سبح اسم ربك الأعلى الذي خلق فسوى والذي قدر فهدى﴾ الأعلى. کاتێك ئەم ئایەته هاته خوارەوه پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بەموسوڵمانان کەلە پەیڕەوی ئەم ئایەتەدا لەسوجدەکانیانا بڵێن (سبحان ربي الأعلى).

بەڵێ، ڕاسته ئەو خوایەی کەبه تەقدیری پڕحیکمەتی ئەم بوونەوەرەی لەنەبوونەوه هێناوەته بوونو هەموو شتێکی بەرێكو پێکی و بەتەقدیراتێکی تەواو دروستکردووه، هەر ئەو شایانی ئەوەیه کڕنوشی بۆ ببرێتو سەری بەندایەتی بۆ بخرێته سەرزەوی (سبحان ربي الأعلى)ی بۆ بکرێته ویردی سەر زمان.

### ١١٧ـ بەرەکەت:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ألا له الخلق والأمر تبارك الله رب العالمين﴾ الأعراف/٥٤. واته: بێدارببنەوه هەربۆخوایه دروستکردنو داهێنان، بڕیار دانو دیاری کردنی هەرشتێك لەسنوری تایبەتی

خۆیدا، بەرزو بڵندەو پیتو فەڕی زۆرەو فراوانە پەروەردگاری جیهانیان. کەواتە هەموو سوپاسو ستایش هەر بۆ ئەوەو ،هەرئەو شیاوی پەرستنە چونکە هەربۆ ئەوە دروستکردنو فەرمان دان.

یان دەفەرموویت ﴿الله الذي جعل لكم الأرض قراراً والسماء بناءً وصَوركم فأحسن صوركم ورزقكم من الطيبات ذلكم الله ربكم فتبارك الله رب العالمين ﴾ غافر/٦٤. واتە: خوایە کە زەوی کردووە بە قەرارگاو شوێنی ژیانو مانەوە بۆ ئێوەو بینای ئاسمانی کردووە بەسەرتانەوە، ئەو خوایە بە جوانترن شێوە دروستیکردوون و رزقو ڕۆزی پاكو خاوێنی پێداون، ئەو خوایە پەروەردگارتانەو پاکەو بێگەردە لەهەموو لەکەیەكو لەهەموو هاوەڵو هاوبەشێكو پیتو فەڕو بەرەکەتی ئێجگار زۆر فراوانە.

### ١) بەرەکەتی خوا لەزەویدا:

أ. ﴿قل أئنكم لتكفرون بالذي خلق الأرض في يومين وتجعلون له أنداداً ذلك رب العالمين وجعل فيها رواسى من فوقها وبارك فيها وقدر فيها أقواتها في أربعة أيامٍ سواءً للسائلين﴾ واتە: پێیان بڵێ، ئایا ئێوە باوەڕناهێنن بەو خوایەی کە زەوی دروستکردووە لە دوو ڕۆژداو هاوبەشی بۆ دادەنێن ئەو خوایە پەروەردگاری جیهانیانە، بەسەر زەوی یەوە چەندەها شاخی دامەزراوی دانا، وە پیتو فەڕو بەرەکەتی تێخست لەهەموو ڕوویەکەوە کە ژیان پێویستی پێیەتی هەروەها هەموو جۆرە خۆراکێکی بۆ گیانلەبەران فەراهەم هێنا ئەوانەی هەموو بەدی هێنا لەماوەی چوار ڕۆژدا(بەدوو ڕۆژەکەی پێشووەوە).

ب. ﴿ان أول بيت وضِع للناس للذي ببكة مباركاً وهدىً للعالمين﴾ آل عمران/٩٦. واتە: بەڕاستی یەکەم ماڵێ کە دانراوە بۆ ئادەمیزاد بۆ خواپەرستی ئەو ماڵەیە کە لەشاری (بکە) کە پیرۆزو بەرەکەت دارو ڕێنموونی یە بۆ جیهانیان.. ئەوەتا خوا خۆشەویستی کردووەو بڕواداران لە نوێژدا ڕووی تێدەکەنو بۆ حەجو عمرە تەوافی بەدەورا دەکەن، هەموو نوێژێك لەدەوری کەعبەو لە (مەسجدی حەرام) بە سەد هەزار نوێژ دادەنرێت .

تێبینی/ وشەی (بكە) کە ناوی مەککەیەو لە کۆندا بەو ناوە ناوبراوە کەئەمەش موعجیزەیەکی قورئانی یەو لەنووسینی (هیرۆگلیفی) کۆنیشدا کەلەم سەدەیەی دواییەدا دۆزرایەوە و هێماکانی

خوێنرایەوە هەر ناوی (بکە) هاتووە بۆ شاری مەککەی پیرۆز (ئەمەش د.مصطفی محمود لەئەڵقەیەکی بەرنامەکانیدا باسی کرد).

ج. ﴿سبحان الذي أسرى بعبده ليلاً من المسجد الحرام الى المسجد الأقصى الذي باركنا حوله لنريه من آياتنا﴾ اسراء/١. واتە: پاکیو بێگەردیو بەرزی بۆ ئەو خوایەیە کە شەوڕەوی کرد بەبەندەکەی محمد (ﷺ) لەمەککەوە بۆ (مەسجیدی ئەقصا) کەبەرەکەتمان ڕژاندووە بەسەریا تاوەکو لەئایەتەکانی خۆمانی نیشان بدەین.

د. پێغەمبەر (ﷺ) لەدوعایەکیدا داوا لەپەروەردگار دەکات کە چەندە بەرەکەتی ڕشتووە بەسەر شاری مەککەدا دوو ئەوەندە بەرەکەت بڕژێ بەسەر شاری مەدینەدا، (اللهم ان ابراهيم عبدك وخليلك دعاك لأهل مكة بالبركة واني محمد عبدك ورسولك أدعوك لأهلِ المدينة بالبركة مع البركة بركتين) واتە: خوایە ئیبراهیمی بەندەو خۆشەویستی تۆ داوای لێکردیت کەبەرەکەت بڕژیت بەسەر خەڵکی مەککەدا منیش محمدی بەندەو نێرراوی تۆ داوات لێدەکەم بەرەکەت بڕژێنی بەسەر خەڵکی مەدینەدا لەگەڵ بەرەکەتەکەدا دوو بەرەکەت*.

## ٢. بەرەکەتی خوا دەڕژێ بەسەر هەندێ کەسدا:

أ. خوای پەروەردگار بە نوح ـ سەلامی خوای لێبێت ـ دەفەرموێ: ﴿قيل يا نوح أهبط بسلام منا وبركاتٍ عليك وعلى أممٍ ممن معك وأممٌ سنمتعهم ثم يمسهم منا عذابٌ أليم﴾ هود/٤٨. واتە: گوترا بە نوح لەپاش نیشتنەوەی ئاوی تۆفانەکە ئەی نوح دابەزە سەر وشکانی بەسەلامی ئێمەوە لەسەرتو بەپیتو فەڕی زۆرەوە لەسەر خۆتو لەسەر هەندێ لەو گەلو ئوممەتانەی کە پەیدادەبن لەنەوەی ئەوانەی کەلەگەڵتان وەلەنەوەی ئەوانە چەند گەلو ئوممەتێك دێن کەماوەیەك لەدنیادا مۆڵەتیان دەدەینو ئەیان ژێنین پاشان بەهۆی لادانو سەرکەشیانەوە لە قیامەتدا سزای سەختیان دەدەین.

ب. ﴿وباركنا عليه وعلى اسحاق ومن ذريتهما محسنٌ وظالم لنفسه مبين﴾ الصافات/١١٣. واتە: بەرەکەتمان ڕژاند بەسەر ئیبراهیمو ئیسحاقدا وەلەنەوەی ئەوان چاکەکار هەنو کەسانێکیش هەن کە ستەم لەخۆیان دەکەن بەئاشکرا.

لەخوێندنی تەحیاتی نوێژدا هەموو نوێژ خوێنێك داوای ڕەحمەتو بەرەکەتی خوا دەکات کە دابارێت بەسەر محمد(ﷺ)دا هەروەك چۆن داباریوە بەسەر ئیبراهیمو خانەوادەکەیدا (وبارك على محمدٍ وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم في العالمين انك حميدٌ مجيد).

ج. بەرەکەتی عیسا ـ سەلامی خوای لەسەر بێت ـ، ﴿اني عبدالله أتاني الكتاب وجعلني نبياً وجعلني مباركاً أين ماكنتُ وأوصاني بالصلاة والزكاة مادمتُ حيا﴾ مريم/٣١. واتە: عیسی کە کۆرپە بوو لەباوەشی دایکیا بە موعجیزە هاتە قسەو بەخەڵکەکەی وت بەڕاستی من بەندەی خوامو پەڕاوی پێداومو بێگومان ئەم کات بە پێغەمبەر وەموبارەکو پیرۆزی کردووم لەهەرکوێیەك بم وەفەرمانی پێداوم بە نوێژکردنو زەکات دان هەتا مابمو زیندوو بم... خوای پەروەردگاریش ئەم موعجیزەیەی دابە عیسا ـ سەلامی خوای لەسەر بێت ـ لەو منالیەدا تاوەکو بەڵگە بێت لەسەر داوێن پاکی دایکیو بەڵگە بێ بۆ پێغەمبەرایەتی لە داهاتوودا.

د. بەرەکەتی سەلامکردن، ﴿فاذا دخلتم بيوتاً فسلموا على أنفسكم تحية من عندالله مباركة طيبة كذلك يبين الله لكم الآيات لعلكم تعقلون﴾النور/٦١. واتە: کاتێ ویستتان بچنە ماڵان سەلام بکەن لەسەر خۆتانو ئەوانەی لەو جێگەیەدان بەسەلامێکی پڕبەرەکەت و پاك لەخواوە (کەمایەی بەرەکەتدار بوونو پاك بوونەوەی دڵو دەروونو دڵسافی یە بەرامبەر یەکتری). بەم جۆرە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەڵکو ژێر بن ڕەفتاری پێبکەن.

**٣) بارانی فەڕو بەرەکەت:**

﴿ونزلنا من السماءِ ماءً مباركاً فأنبتنا به جناتٍ وحَبَ الحصيد﴾ ق/٩. واتە: لەئاسمانەوە بارانێکی پیرۆزو پڕ فەڕو بەرەکەتمان باراند کە بە هۆیەوە باخو باخاتو دانەوێڵە دەڕوێنین.

**٤) شەوێکی پیرۆزی بەرەکەتدار:**

﴿حم والكتاب المبين انا أنزلناه في ليلة مباركة انا كنا منذرين ﴾ الدخان /١-٣. واتە: سوێند بەو کتێبە ڕوونو ئاشکرایە بەڕاستی ئێمە ئەو کتێبەمان هێنایە خوارەوە لە شەوێکی پیرۆزو پڕ فەڕو بەرەکەتدا کە شەوی(لیلە القدر)ە بێگومان ئێمە ئەو پەڕاوەمان ناردووە بۆ ئاگادارکردنەوەی بەندەکانمان لەسزای دۆزەخ.

**٥ ) قورئانی پیرۆزی پڕ فەڕوبەرەکەت :**

﴿وهذا كتابٌ أنزلناه مباركٌ مصدقٌ الذي بين يديه﴾ الانعام /٩٢. واته: ئەم قورئانە نامەیەکە ئێمە هێنامانە خوارەوە پیرۆزو موبارەك کراوەو سودو قازانجی زۆرو هەمیشەییە بەڕاست گێڕی نامەیەکە لەپێش ئەمەوە هاتووە (کە تەورات‌و ئینجیلە).

﴿وهذا كتابٌ أنزلناه مبارك فاتبعوه واتقوا لعلكم ترحمون﴾ الأنعام/١٥٥. واته: ئەمە پەڕاوێکی پیرۆزە ناردوومانە دوای بکەون‌و پەیڕەوی بکەن‌و لەخوا بترسن بەڵکو ڕەحمتان پێ‌بکرێت.

﴿وهذا ذكر مبارك أنزلناه أفأنتم له منكرون﴾ ألأنبياء/٥٠. واته: ئەم قورئانە یادخەرەوەیەکی پیرۆزە ناردوومانە ئایا ئێوە ئینکاری دەکەن‌و بڕوای پێناکەن.

﴿كتاب أنزلناه مبارك ليدبروا آياته وليتذكر أولوا الألباب ﴾ ص/٢٩. واته: پەڕاوێکی پیرۆزمان بۆ ناردویت کەلێی وردبنەوەو لەئایەتەکانی بگەن‌و مایەی بیرخستنەوەی خاوەن هۆشەکان بێت.

تێبینی/لەباسی پیرۆزی باراندا بە (منصوب) باسکرا (ماءً مباركا) کەچی لەهەر چوار ئایەتەکەی‌تردا کە باسی قورئان کرا بە (مرفوع) باسکرا (مباركُ) واتە بەرەکەتی قورئان بەردەوام‌و هەتاهەتایی‌و جێگیرە نەك هەرلە دنیادا مایەی بەختیاری‌و بەرەکەتە بگرە لە قیامەتیشدا بەرەکەتەکەی بەردەوامە بە پێچەوانەی بارانەوە کە هەر لە دنیادا سودی هەیە جاری واش هەیە لەکاتی لافاودا زیانیش دەگەیەنێ بە خەڵکی.

**٦ ) پەیڕەوی قورئان مایەی بەرەکەتدار بوونە :**

﴿ولو أن أهل القرى آمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركات من السماء والأرض ولكن كذبوا فأخذناهم بما كانوا يكسبون﴾ ألأعراف/٩٦. واته: ئەگەر دانیشتوانی ئەو شارو وڵاتانە بڕوایان بهێنایەو خۆیان بپاراستایە لە سزای خوا دەرگای چەند پیت‌و فەڕو بەرەکەتمان بەسەردا والآدەکردن، لەئاسمان‌و زەویدا، بەڵام بڕوایان نەهێنا ئێمەش سزامان دان‌و لەناومان بردن بەهۆی کردەوەی خراپیانەوە.

## ١١٨ــ ئاوڕدانەوە:

خوایپەروەردگار بە لوط ـ سەلامی خوای لەسەربێت ـ دەفەرموێت ﴿فأسر بأهلك بقطع من الليل واتبع أدبارهم ولا يلتفت منكم أحد وامضوا حيث تؤمرون﴾ الحجر/٦٥. واتە: ئەی لوگ شەوڕەویی بکە بە خێزانو شوێن کەوتووەکانت لەبەشێکی شەوداو خۆت دوایان بکەوەو لە پاشیانەوە بڕۆ با هیچ کەس لەئێوە لانەکاتەوەو ئاوڕنەداتەوە، بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کە فەرمانتان پێدراوە. یەکێ لەو هۆکارانەی کە شەیتان بڕوادارانی پێسەرقاڵ دەکات (استفزاز)کردنە هەروەك قورئان دەفەرموێت﴿واستفزز من استطعت منهم بصوتك﴾ جا پیاوانی شەیتانیش لە هەمو کاتو سەردەمێکدا بەهەمان هۆکاری شەیتان خەڵکی سەرقاڵ دەکەن بۆیە دەبێت بڕواداران هۆشیاربنو لەسەر ڕاستە شەقامی ئیمانو ئیسلامەتی بەدامەزراویو بەرچاو ڕوونیەوە بڕۆن بەڕێداو ئاوڕلە شەیتان و پیاوانی نەدەنەوە. چونکە گورگێك کاتێك ئاسکێکی بۆ دەگیرێت کە ئاسکەکە ئاوڕدەداتەوەو خێراییەکەی کەم دەکات. عومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێ (استقامە) ئەوەیە کەبە گورجوگۆڵی بە شاڕێگەی ئیسلامدا بڕۆیتو وەك ڕێوی ئاوڕ بەملاولادا نەدەیتەوە.

لەشەڕی خەیبەردا پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاکەی دایە دەست ئیمامی عەلی پێی فەرموو بڕۆ بۆ فەتحی قەڵای خەیبەر ئاوڕنەدەیتەوە ئەویش چەند هەنگاوێك ڕۆیشتوو پاشان وەستا بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە هەندێ پرسیاری لە خۆشەویست (ﷺ) کرد ئەویش وەڵامی دایەوە.

جەنگی موئتە: لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ)سوپایەکی (٣)هەزار کەسی نارد بۆ شام بەسەرکردایەتی زەیدی کوڕی حارسە و فەمووی: ئەگەر زەید تووشی شتێ هات جەعفەری کوڕی ئەبی تالیب سەرۆکو ئاڵابەدەست بێ ئەگەر جەعفەریش تووشی شتێك هات ، با عبدالله ی کوڕی رەواحە بچێتە جێگای ئەگەر عبدالله ش تووشی شتێ هات با موسوڵمانان بۆخۆیان فەرماندەیەك هەڵبژێرن. کاتێك سوپای ئیسلام گەیشتە (معان) بیستیان کە دوژمن (٢٠٠)هەزار کەسن، کەوتنە ڕاوێژ لەناو خۆیانداو خەریك بوو ڕایان بێتە سەرئەوەی کەهەواڵ بدەنەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانن یارمەتیان بۆ دەنێرێ یان فەرمانی بە چی یە، عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە کەوتە هاندانیانو وتی: خزمینە بەخوا ئەو شتەی ئێستا پێتان ناخۆشە ئەوەیە کە ئێوە هەوڵی بۆ ئەدەن ئەویش شەهیدی یە ئێمە تەنها بە چەكو تفاقی زۆرو ژمارەی زۆرەوە ناجەنگێن ئێمە بەباوەڕوئاینەکەمانەوە ئەجەنگێین، ئێمە یەکێ لەو دوو خۆشی و چاکەیەمان دەستگیر دەبێ

سەرکەوتن یان شەهیدی.لەسەرەتای جەنگەکەدا زەیدی کوڕی حارسە شەهید بوو ئینجا جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب بووە فەرماندەو ئەویش قۆڵەکانی لەجەنگەکەدا قرتانو شەهید بوو، ئینجا عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرتو ڕاڕایيو دوو دڵی تووشی بوو، بۆیە هۆنراوەیەکی بۆخۆی وتو سەرزەنشتی نەفسی خۆی کرد:

أقسمت يانفس لتـــــــنزلنه لـــــــــتنزلن أو لتكرهنه

ان أجلب الناس وشدوا الرنة مالي أراك تكرهين الجنة

قد طالما قد كنت مـــــطمئنة هل أنت الا نطفة في شنة؟

هەروەها وتی:

يانفس ان لا تقتلي تموتي هذا حمام الدم قد صليت

ومـــا تمنيت فقد أعطيت ان تـــفعلي فعلهما هديت

پاش ماوەیەك ئەمیش شەهید بوو ئینجا موسوڵمانان خالیدی کوڕی وەلیدیان کردە سەرکردەی خۆیانو ئەویش پاش چەند ڕۆژێك شەڕکردن توانی سوپای ئیسلام ڕزگار بکاو بەکەمترین زیانو کوشتار بیانگێڕێتەوە، خالید لەبارەی ئەو ڕۆژەوە دەڵێت (لەجەنگی موئتەدا ڕۆژێکیان نۆ شمشێر لەدەستما شکا وە شمشێر نەبوو لەدەستما خۆی بگرێت تەنیا شمشێرێکی یەمانی نەبێت) پێغەمبەری خوا(ﷺ)لەکاتی جەنگەکەدا خوای گەورە ڕووداوەکانی هێنایە بەرچاوی بۆیە هەردەمو دەست هەواڵی دابە هاوەڵەکانیو فەرمووی: ئەوە زەید ئاڵاکەی هەڵگرتو شەهیدکرا پاشان جەعفەر ئاڵاکەی گرتە دەستو شەهید کرا ئینجا بێدەنگ بوو ئەنصارەکان ڕەنگیان تێك چوو ترسان لە هەڵوێستی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە پاشان خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی وەرگرتو شەهید بوو، ئینجا فەرمووی: لەبەهەشتا هێنرانە بەرچاوم لەسەر تەختی ئاڵتونن، عەبدوڵڵام بینی تەختەکەی تۆزێ نزمترە لەوانی تر .

وتیان لەبەرچی؟ فەرمووی: هەردوو فەرماندەکە بەبێ دوو دڵی چوونە پێشو شەهید بوون، بەڵام عەبدوڵڵا هەندێ دوودڵیو ڕاڕایيو سڵەمینەوەی تووش بوو، بۆیە تەختەکەی جیاواز بوو لە دوو هاوەڵەکەی . پاشان خۆشەویست فەرمووی: ئەوا شمشێرێ لە شمشێرەکانی خوا ئاڵاکەی

هەڵگرتو ڕزگاریان بوو.. لەو ڕۆژەوە خالید ناونرا (سیف الله). (سەیری پەڕاوی معجزات النبی (ﷺ)نووسراوی ولید الأعظمي بکە).

ئەم ڕووداوەمان بۆ ئەوە هێنا ئەگەر دوو دڵیو سڵەمینەوە لەشەهیدیا لە پلەو پایەی قیامەت تۆزێ کەم بکات، ئاخۆ ئاوڕدانەوەو هاتنە دواوەو ساردبوونەوە چۆن پلەو پایەی دابەزێنێ. (اللهم افرغ علینا صبراً وثبت أقدامنا وانصرنا علی القوم الکافرین.. اللهم یا مقلب القلوب ثبت قلوبنا علی دینك، اللهم یامحول الاحوال حول حالنا الی أحسن حال)..

## ١١٩ــ پەیوەندیەکانی موسوڵمان:

قورئانی پیرۆز لەبارەی پەیوەندیەکانی موسوڵمانەوە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٧٧) وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ (٧٨) ﴾الحج .

لێرەدا قورئان پەیوەندیەکانی موسوڵمان دیاریدەکات کە بریتین لە:

أ. پەیوەندی موسوڵمان لەگەڵ خوادا، کە بریتی یە لەوەی موسوڵمان لەهەموو ژیانیدا هەرچیکرد مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورەبێو بەپێی فەرمانی ئەو هەڵسوکەوت بکاتو ئەو پەرستشانەی کە لەسەری فەرز کراوە بەچاکی جێبەجێی بکات، کە ئەمانەش هەمووی خواپەرستیە بەماناگشتی یەکەی ﴿یاأیها الذین آمنوا ارکعوا واسجدوا واعبدوا ربکم﴾.

ب. پەیوەندی موسوڵمان بەکۆمەڵگاو کەسانی دەورووبەریەوە بریتی یە لەکارو کرداری چاك لە خێرخوازیو چوون بەهانای خەڵکەوە، هەروەك دەفەرمووێت (وافعلوا الخیر) کەئەمانەشی کرد سەرفراز دەبێت (لعلکم تفلحون).

ج. پەیوەندی موسوڵمانیش لەگەڵ ئەوانەی کەبەرنامەی خوایان پێنەگەیشتووە جیهادکردنە بەهەموو پلەکانیەوە، هەروەك دەفەرمووێت ﴿وجاهدوا في الله حق جهاده هو اجتباکم وما جعل علیکم في الدین من حرج ﴾ واتە: تێبکۆشن لەڕێی خوادا بەتێکۆشینێکی چاك، خوا ئێوەی

بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ناردوە، وەلە ئاینەکەیدا هیچ جۆرە شتێکی دانەناوە زەحمەتو نارەحەت بێتو لەتوانای مرۆڤدا نەبێت ئێوە هەرلەسەر ڕچەو بەرنامەکەی ئیبراهیمی باوکتانن (ملە أبیكم ابراهيم) وە خوا ناوی ناوون (موسوڵمان)و لەپەڕاوی پێشووەکانیشدا باسی کردوون (هو سماكم المسلمين من قبل)، (وفي هذا) وەلەم قورئانەشدا کەناوی ناون موسوڵمان بۆ ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) شایەت بێت لەسەر ئێوەو ئێوەش شایەت بن بەسەر گەلانی دیکەوە (لیكون الرسول شهيدا عليكم وتكونوا شهداء على الناس)..

جالەبەر گرنگی ڕێی سەرفرازیمان تیشکێ دەخەینە سەر خواپەرستی بەتایبەت سوجدە بردن بۆ خوا هەروەها باسێکی خێرخوازیش دەکەین کە هۆکاری دووەمە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەی بالادەست.

**١٢٠ـ سوجدە بردن بۆ خوا:**

١) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە فەرمانبەری خوانو کڕنووشی بەندایەتی بۆ دەبەن، تەنها مرۆڤ و (جن) نەبێت کە ئیختیاریان دراوەتێو هەندێکیان لەڕێی ڕاست لادەدەن، قورئان دەفەرمووێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَنْ يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ (١٨)﴾ الحج . واتە: ئایا نازانیتو نابینیت کە کڕنووش دەبات بۆ خوا چی لەئاسمانەکانو زەویدایەو خۆرو مانگو ئەستێرەکانو چیاو درەختو گیانلەبەرانی تری زەوی، وە زۆر کەس لەئادەمیش، وەزۆریش هەن کڕنووش بۆ خوا نابەن سەرپێچی دەکەن بۆیە شایانی سزا دەبنو خوا ڕیسوایان دەکات، جا هەرکەسێ خوا ڕیسوای کرد کەس نی یە ڕێزی لێبگرێت، بەڕاستی خوا هەرچی بوێ دەیکات.

٢) دوعاکردن لە سوجدەدا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت (أقرب مايكون العبد من ربه وهو ساجد، فأكثروا الدعاء) مسلم. واتە: لە سوجدەدا مرۆڤ لەهەموو کاتێ زیاتر لە خوا نزیکە، بۆیە دوعا زۆر بکەن. پێغەمبەر (ﷺ) لەسوجدەدا دەیفەرموو (اللهم اغفر لي ذنبي كله، دقه وجله، وأوله وآخره، وعلانيته وسره) مسلم.

پێغەمبەر (ﷺ) لـە سوجدەدا زۆر دەمایەوە، بەهێندەی خوێندنی (٥٠)ئایەت واتە نزیکەی (دە) خولـەك. پیاو باشانیش لـەسەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لـەزەتو خۆشی زۆریان لـە سوجدە وەرگرتووە، بۆنمونە سەعیدی کوڕی جوبەیر بە مەسروقی هاوەڵی دەڵێ: (هیچ شتێ نی یە حەزی لـێبکرێ بە هێندەی سەرخستنە سەر زەوی بۆ خوا) هەروەها مەسروقیش دەڵێ: (هیچ شتێ نی یە وەك سوجدەبردن بۆ خوا کە مرۆڤ خەفەت بۆ نەمانی بخوات لـەدنیادا).. عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ئەوەندە لـە سوجدەدا دەمایەوە باڵندەو چۆلـەکە لـەسەر پشتی دەنیشتنەوە..

٣) (مسجد) ناوەکەی لـە سوجدەوە هاتووە واتە سوجدەگای موسوڵمانان، مزگەوت ماڵی خوایە ، خوای پەروەردگار کەعبەی هەڵبژارد کە ماڵی خۆی بێت بە هەڵبژاردنی خۆی، جا هەر ماڵێکیتر بۆ خوا بکرێ بە هەڵبژاردنو ئیختیاری مرۆڤ دەبێت ڕووبکاتە قیبلـە کە ماڵی خوایەو بە ئیختیاری خوایە.

٤) سوجدەبردن لـەزۆربەی بەرنامە ئاسمانیەکانی پێش ئیسلامدا بەشێك بووە لـە خواپەرستی، هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ مِنْ ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِنْ ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا (٥٨)﴾ مریم. واتە: ئەو پێغەمبەرانەی کەلـەمەوپێش باسکران کەسانێکن کە خوا چاکەو بەهرەی خۆی ڕشت بەسەریاندا کە بریتین لـەو پێغەمبەرانەی کە هێندێکیان لـەنەوەی ئادەمن (وەکو ئیدریس)، هەندێکیتریان وەکو لـەنەوەی ئادەمن لـەنەوەی ئەوانەشن کەلـەگەڵ نوحدا لـەکەشتی یەکەدا هەڵمانگرتن، وەکو ئیبراهیم کە لـەنەوەی (سام)ە، هەندێکی تریان لـەنەوەی ئیبراهیمنو وەکو ئیسماعیلو ئیسحاق هەندێکی تریان لـەنەوەی (ئیسرائیلـن) وەك موساو هارونو زەکەریاو یەحیا، ئەوانە هەموو لـەوانەن کە ڕێنموویمان کردون و هەڵمانبژاردوون بۆ پێغەمبەرایەتی، جائەوانە هەموویان ئەگەر ئایەتەکانی خوا بخوێنرایەتەوە بەسەریاندا ئەکەوتن بەدەمدا بەسوجدەبردنو گریانەوە ، واتە ئەوەندە کاریگەری هەبووە ئایەتەکانی خوا لـەسەر دڵو دەروونیان.

٥) سوجدەکەی داود (سەلامی خوای لـێبێت): کاتێ داود خەریکی خواپەرستی بوو دوو مەلائیکەت لـەشێوەی مرۆڤدا لـەپڕ بەسەر دیواردا هاتنە ژورەوەو کەوتنە شکات کردن، داودیش حوکمی دا بۆ یەکێکیان بێئەوەی گوێ لـەدووەم بگرێ دوایی تێگەیی کەئەمە تاقیکردنەوەیەکو

وانەیەك بوو لەخواوە بۆیە چووە ركوع‌و سوجدەوەو داوای لێخۆشبوونی لەخواكرد، قورئان دەفەرموویت: ﴿وظن داود أنما فتناه فاستغفر ربه وخر راكعاً وأناب ﴾ ص/٢٥.

پێغەمبەری خواش(ﷺ)كەهەردەم پێغەمبەرانی پێش خۆی كردبووبە سەرمەشق و مامۆستا دەفەرمووێ: (ئەو سوجدەیەی داود بۆ تەوبەكردن بردی ئێمە وەك شوكرو سوپاس بۆ خوا هەمان سوجدە دەبەین (السجدة التي في (ص) سجدها داود توبة، ونحن نسجدها شكرا) ابن عباس گێڕاویەتی یەوە بە اسنادی صحیح.

٦) شەونوێژو سوجدەبردن تیایدا، قورئان دەفەرموێت: ﴿أمن هو قائم آناء الليل ساجدا وقائما يحذر الآخرة ويرجوا رحمة ربه قل هل يستوى الذين يعلمون والذين لايعلمون انما يتذكر أولوا الألباب﴾ الزمر/٩. واتە: ئایا كەسێك گوێڕایەڵ‌و گەردن كەچی خوابێت لەشەودا خواپەرستی بكات سوجدە ببات‌و بە پێوە لە خزمەت خوای خۆیدا بوەستێ‌و ترسی قیامەتی لە دڵدا بێت‌و ئومێدی بەڕەحمی پەروەردگاری بێت، بڵێ ئایا ئەو كەسەی ئەمە دەزانێ وەك كەسێكە كەنەیزانێ؟ بەڕاستی ئەوانەی ژیرن ئامۆژگاری وەردەگرن.

٧) شوێنەواری سوجدەبردن لەسەر ڕەنگ‌و ڕوو ﴿ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ﴾ الفتح/٢٩. واتە: محمد پێغەمبەری خوایە ئەمە شایەتیەكی گەورەیە لەخواوە لەسەر پێغەمبەرێتی (محمد (ﷺ)) وە ئەوانەی كەلەگەڵیدان‌و بڕوایان پێ‌هێناوە زۆر بەتین‌و توندوتیژن بەرانبەر كافران(ئەگەر خزمیشیان بێت) بەسۆزو بەزەیی‌و میهرەبانیشن بەرانبەر یەكتری دەیانبینی ركوع‌و سجود دەبەن‌و داوای فەزڵ‌و پاداشت‌و ڕەزامەندی خوادەكەن نیشانەی خواپەرستی‌و سوجدەكەیان لەدەموچاویاندا ڕەنگ دەداتەوە ئەوەی باسكرا سیفاتی ئەو بڕوادارانەیە لەتەوراتدا.

ئەمە موعجیزەیەكی قورئانی یە خوا نەبێ كێ دەزانێ لەتەوراتدا بەو شێوەیە پێش هەزاران ساڵ ئاوا باسی ئێماندارانی شوێن كەوتووی محمد كراوە، بەمەرجێ جولەكەكان ئەمەیان دەشاردەوەو پاشان تا (٥٠٠) ساڵیش دوای هاتنی پێغەمبەر (ﷺ)تەورات وەرنەگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی

وەئەگەر یەکێ بیویستایە کارێکی وابکات ڕێیان لێدەگرت بۆ ئەوەی ڕاستیەکانی قورئان دەرنەکەێو زانستی تەورات تەنها خۆیان بیزانن.

لەقیامەتیشدا پێغەمبەر (ﷺ) ئوممەتی خۆی بەشوێنی دەست نوێژوو ناوچەوانی پڕنووریاندا دەناسێتەوە کەنیشانەی سوجدە بردنیانە لە دنیادا.. (هەروەك ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە).

٨) زیادبوونی خشوع، ﴿قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا (١٠٧) وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنْ كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا (١٠٨) وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا (١٠٩)﴾ الأسراء. واتە: ئەو گاورو جولەکانەی کە زانینیان هەیە بە پەڕاوەکانیانو ئیمان دەهێنن بە محمد r ئەگەر ئایەتەکانی قورئانیان بۆ بخوێنرێت دەچنە سوجدەوەو دەڵێن پەروەردگارمان پاکو بێگەردە لەهەمو عەیبو کەمو کوڕییەك بەڕاستی هەمیشە بەڵێنەکانی خوا هەق بوونو هاتوونەتە دی، دەچنە سوجدەوەو دەگرینو خشوعیان زیاددەکات.

٩) ئارامگرتنو نەمانی خەمو خەفەت، ﴿انا نحن نزلنا عليك القرآن تنزيلا فاصبر لحكم ربك ولا تُطع منهم آثما أو كفورا واذكر اسم ربك بكرة وأصيلا ومن الليل فاسجد له وسبحه ليلا طويلا﴾ الدهر/٢٦. واتە: بێگومان ئێمە قورئانمان بۆتۆ ناردۆتە خوارەوە ئنجا ئارام بگرەو چاوەڕوانی فەرمانی پەروەردگاری خۆت بە تا کاتی خۆی دێتو بەرنامەی خوا سەردەکەوێت وەدوای هیچ گوناهبارو ناسوپاسێك مەکەوە لەوان، وەیادی خوای خۆت بکە بەیانیانو ئێواران وەلە شەوا سوجدەی بۆ بەرە وەناوی خوابەرە لە بەشێکی زۆر لەشەوا..

دان بەخۆداگرتنو وەستان لەبەر باری خوادا قورسو گرانە پێویستی بە خۆئامادەکردنو بە تێشوو هەڵگرتنە دیارە ئەوەش بە خواپەرستیو شەونوێژو یادی زۆری خوا بەدەست دێت کەئەمەش سەبوری ئەدات بە دڵو دەروونو دەبێتە مایەی ڕەوینەوەی خەمو خەفەت هەروەك دەفەرموێت ﴿ولقد نعلم أنك يضيق صدرُك بما يقولون فسبح بحمد ربك وكن من الساجدين﴾ الحجر/٩٧.

سوجدە مایەی ئارامی دەروونە: مامۆستا (عبدالحلیم خەفاجە) دەڵێت: پیاوێکی ئەڵمانی موسوڵمانێك دەبینێت لە نوێژدا سوجدە دەبات زۆر سەری دەسوڕمێ لەم مەسەلەیە، چاوەڕێ

دەكات تا موسوڵمانەكە لە نوێژەكەی دەبێتەوەو لێی دەپرسێ ئەوەی دەتكرد چیبوو؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوەو بۆی باس دەكات كە ئەوەی كردم نوێژبوو وەئەوەش كەسەرم لەسەر زەوی دانا ئەوە سوجدەم بۆ خوای گەورەی باڵادەست برد.. كابرا زۆر دڵی گەشایەوە وتی: من بۆیە ئەوەندم لا مەبەستە چونكە چەند ساڵە كە تووشی بارێكی دەروونی ناخۆش دەبمو دڵم تەنگ دەبێ ناوچەوانم دەخەمە سەر زەویو لەو حاڵەتە ڕزگارم دەبێو دڵو دەروونم دەگەشێتەوە. ئینجا لەگەڵ ئەو موسوڵمانەدا چوون بۆ مەركەزی ئیسلامی لەشاری (میونخ) و پاش ئەوەی بە تێروتەسەلی باسی ئیسلامیان بۆ كرد موسوڵمان بوو.. (واحات الایمان ـ عبدالحمید البلالی ـ ل٧)

١٠)وەرینی گوناهو بەرزبوونەوەی پلەی مرۆڤ، پێغەمبەر (ﷺ) بە (ثوبان) دەفەرموێ :(علیك بكثرة السجود لله فانك لاتسجد لله سجدة الا رفعك الله بها درجة وحط عنك بها خطیئة) مسلم. واتە: ئەی (پوبان) زۆر سوجدەبەرە بۆ خوا چونكە هەر سوجدەیەك بەری بۆ خوا پلەیەكی پێبەرزدەبیتەوەو گوناهێكیشت پێی دەوەرێت.

١١) شەیتان دەگریو خەفەت دەخوا، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (اذا قرأ ابن آدم السجدة فسجد اعتزل الشیطان یبكي یقول یاویلي أُمر ابن آدم بالسجود فسجد فله الجنة وأُمرت بالسجود فأبیت فلي النار) مسلم. واتە: كاتێك كەسێك ئایەتی سوجدە دەخوێنێو دەچێتە سوجدەوە، شەیتان دەچێتە لاوەو دەگریو دەڵێ ئای بۆ من ئیبن ئادەم فەرمانی پێدرا بەسوجدەو سوجدەی بردو دەچێتە بەهەشتەوە منیش فەرمانم پێدرا بە سوجدەو سوجدەم نەبردو دەچمە دۆزەخەوە.

١٢) سوجدەی نزیك قیامەت" پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (والذي نفسي بیده لیوشكن أن ینزل فیكم ابن مریم حكما عدلا فیكسر الصلیب ویقتل الخنزیر ویضع الحرب ویفیض المال حتى لا یقبله أحد حتى تكون سجدة الواحدة خیرا من الدنیا وما فیها) البخاری. واتە: سوێند بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە عیسی دێتو دادپەروەری بڵاودەكاتەوەو (صلیب) دەشكێنێو بەراز دەكوژێو شەڕناهێڵێو پارەو ماڵ ئەوەندە زۆر دەبێ كەس نایەوێ چونكە دەزانن قیامەت نزیكە جالەو ڕۆژەدا تەنها سوجدەیەك ناگۆڕنەوە بەهەموو دنیاو هەرچی تێدایە.. لەو ڕۆژەدا بڕواداران زیاتر تامو چێژ لە سوجدە وەردەگرن دەزانن ماڵی دنیا فریایان ناكەوێو خواخوایانە چەند بتوانن خواپەرستیەك زیاتر بكەن.

١٣) دۆزەخ جیٚسوجدە ناسوتێنیٚ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویٚ: (حتى اذا فرغ الله من القضاء بين العباد وأراد أن يخرج برحمته من أراد من أهل النار امر الملائكة أن يخرجوا من النار من كان لايشرك بالله شيئا ممن أراد الله أن يرحمه ممن يشهد أن لا اله الا الله فيعرفونهم في النار بأثر السجود يأكل النار ابن آدم الا أثر السجود حرم الله على النار أن تأكل أثر السجود فيخرجون من النار قد امتحشوا فيصب عليهم ماء الحياة فينبتون تحته كما تنبت الحبة في حميل السيل) البخارى. واتە: کاتیٚ پەروەردگار دادگایی بەندەکانی تەواو دەکات دەیەوێت بەڕەحمەتی خۆی هەندیٚ لە ئەهلی دۆزەخ ڕزگار بکات فەرمان بە فریشتەکان دەدات کە هەرکەس هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەداوە لە دۆزەخ دەری بهێنن ئەوانیش ئەو کەسانە لەدۆزەخدا بەجیٚ سوجدەکانیانا دەناسنەوە چونکە ئاگر شوێن سوجدە ناسوتێنیو خوا حەرامیکردووە لەسەر ئاگر کە جیٚسوجدە بسوتێنیٚ جا ئەوانە دێنە دەرەوە لە دۆزەخ بە جۆرێك کە بەتەواوی پوکاونەتەوە ئینجا ئاوی ژیان دەکرێت بەسەریانداو هەروەك ڕووەك سەوز دەبنەوەو دەژێنەوە.

## ١٢١ـ خێرخوازی:

ئاشکرایە کە خێرخوازی سیمای موسوڵمانەو قورئانی پیرۆزو فەرموودە بەرزەکانی خۆشەویست (ﷺ) زۆر باسیان کردووەو هانی موسوڵمانانیان داوە کە هەردەم خێرخوازبنو نکوڵی نەکەن لە خێرو چاکە ئێمەش پێمان باش بوو کە بەشێك لەم ئەڵقەیە بۆ ئەو باسە تەرخان بکەینو پاشان بەردەوام ین لەسەر هەڵوێستەکانمان لە خزمەت قورئاندا.

خوای پەروەردگار (کریم)ە بەخششی زۆرو بیٚشومارە بۆ گشت بەندەکانی قورئانێکیشی ناردوە کەبە (کریم) ناوی دەباتو دەفەرمویٚت ﴿فلا أقسم بمواقع النجوم وانه لقسم لو تعلمون عظيم انه لقرآن كريم في كتاب مكنون لايمسه الا المطهرون﴾ الواقعة/٢٧. واتە: سوێند بەشوێنی ئەستێرەکان ئەم سوێندە ئەگەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە ئەم قورئانە نامەیەکی زۆر گەورەیەو بەفەڕە لەنامەیەکی شارەوەدایە کە عیلمی غەیبی خوایە بۆی ناردوونو بۆی ئاشکراکردوون دەستی فریشتەی پاکان نەبێت نایگاتیٚ کەبە سروش بیبەن بۆ پێغەمبەران، نێرراوەتە خوارەوە لە پەروەردگاری جیهانیانەوە. بەڵیٚ قورئان بەدەستی جوبرەئیل نێررا ئەویش خوا بەکەریم ناوی دەباتو دەفەرموویٚت ﴿انه لقول رسول كريم ذي قوة عند ذي العرش مكين مطاع ثم أمين ﴾ التكوير. واتە: بێگومان ئەو قورئانە گوفتاری ڕەوانەکراوێکی پایەبەرزە (کەفریشتەی سروشە)و بەهێزەو لای خوای

گەورەی خاوەن عەرش خاوەن پایەیەو لەناو کۆمەڵی فریشتەشدا قسەی ڕەوایەو دەست پاکە لە سروش بردن بۆ پێغەمبەران. ئەم قورئانە کەنێرراوە بۆ خۆشەویست (د.خ) ئەویش هەر (کریم)ە قورئان دەفەرموێت: ﴿فلا أقسم بما تبصرون ومالا تبصرون أنه لقول رسول كريم﴾ الحاقة/٤٧. واتە: سوێند بەوەی کە دەیبین وەبەوەش کە نایبینن (واتە سوێند بەهەموو شتێك) ئەم قورئانە فەرموودەی ڕەوانەکراوێکی (کەریم)ە کە محمدەو نەشاعیرەونەکاهن. دیارە ئەم قورئانەش بۆ ئەوە هاتووە کە مرۆڤێکی چاکی تەواوی بەخشندەی خێرخوازو (کەریم) پەروەردە بکات کە مایەی بەختیاری بێت بۆ خۆیو بۆ گشت دەوروبەری. نەك هەر بە کردەوە بەڵکو لە قسەشدا ئەبێ (کریم) بێت بەتایبەت بەرانبەر دایكو باوك، هەروەك دەفەرموێت (وقل لهما قولا كريما).

١. هەموو خێروچاکەیەك لە خواوەیە:

قورئان دەفەرموێت: ﴿قل اللهم مالك الملك تؤتي الملك من تشاء وتنزع الملك ممن تشاء وتُعز من تشاء وتُذل من تشاء بيدك الخير انك على كل شيء قدير﴾ آل عمران/٢٦. واتە: بڵێ ئەی خودا ئەی خاوەنی هەموو شتێك ماڵو موڵك دەدەیت بەهەرکەسێك کە بتەوێ و ماڵوموڵکیش دەسێنیتەوە لەهەر کەسێك کە بتەوێ، بەرێزو پایەداری دەکەیت ئەوی بتەوێ، زەلیلو داماوی دەکەیت ئەوی بتەوێ، بەدەست تۆیە هەموو خێروچاکەیەك، بەڕاستی تۆ بەسەر هەموو شتێکدا توانای.

تێگەیشتن لەم ڕاستی یە زۆر گرنگە چونکە ئەگەر مرۆڤ تێگەیشت کە هەموو خێرو چاکەیەك لەخواوەیە ئەوسا ئەگەر خێروچاکەیەکی کرد لە خۆی بایی نابێو سوپاسی پەروەردگاری لەسەر دەکا.

## ٢. ڕۆژی قیامەتتان لە پێشە:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿وما تفعلوا من خير يَعلَمهُ الله وتَزَودوا فان خير الزاد التقوى﴾ البقرة/١٩٧. واتە: هەر خێروچاکەیەك بکەن خوا ئاگاداریەتیو هیچی لێ وون نابێت توێشوو بخەن بۆ قیامەتتانو چاکترین توێشووش لە خواترسان و پارێزگاری یە.

هەروەها دەفەرموێت ﴿يوم تجد كل نفس ماعملت من خير محضرا وما عملت من سوء تودّ لو أن بينها وبينه أمدا بعيدا ويحذركم الله نفسه والله رؤوف بالعباد﴾ آل عمران/٣٠.واتە: لەڕۆژی قیامەتدا هەرکەسێك چاکەیەکی کردبێت دێتەوە ڕێی وەهەرکەسێکیش خراپەیەکی کردبێت حەزدەکات

هەرگیز چاوی پێنەکەوێتەوەو زۆر زۆر لێی دووربێت خوای گەورە دەتانترسێنێ لە سزاکەی خۆیو میهرەبانە بەوەی کە ڕێنومایی بەندەکانی دەکاتو وشیاریان دەکاتەوە.

٣. ڕژدیو چروکی ماڵ وێرانکەرە:

قورئان دەفەرمووێت ﴿ولايحسبن الذين يَبخلون بما آتاهم الله من فضله هو خيراً لهم بل هو شر لهم سيُطَوقون بما بخلوا به يوم القيامة ولله ميراث السموات والأرض والله بما تعملون خبير﴾ آل عمران/١٨٠. واتە: باوانەزانن ئەوانەی کە بەخیلیو چروکی دەکەن لەو ماڵو سامانەی خوا پێی داون خێرە بۆیان بەڵکو بە پێچەوانەوە خراپو ماڵ وێرانکەرە ئەو ماڵو سامانەیان دەبێتە تەوقی ئاگر و دەئاڵێتە گەردنیان هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە خوا خاوەنیەتیو هەربۆ ئەو دەمێنێتەوە و خوا ئاگادارە بەکار و کردەوەتان.

٤. لەخۆتەوە دەست پێبکە بە خێرکردن:

پاش ئەوەی قورئان بیرو باوەڕی لە دڵی موسوڵماناندا دامەزراندو موسوڵمانانیش هەنگاوی باشیان دەنا لە گۆڕینی دڵو دەروونو نەفسی خۆیاندا هەندێکیان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاریان دەکرد کەچی بەخت بکەن لە ڕێی خواداو چۆن بەختی بکەن هەروەك قورئان دەفەرمویێت ﴿يسئلونك ماذا ينفقون قل العفو كذلك يبين الله لكم الآيات لعلكم تتفكرون في الدنيا والآخرة﴾ البقرة/٢١٩. واتە: پرسیارت لێدەکەن چی بەخت بکەن؟ پێیان بڵێ ئەوەی لێتان زیاد دەبێت بەختی بکەن ئاوەها خوا ئایەتەکانیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا بیر بکەنەوە لەکاری دنیاو ئاخیرەتتان.

ئاینی ئیسلام بەخت کردنی ماڵو سامان زۆر لەسەر مرۆڤ سوك دەکاتو شێوازێکی زۆر جوانو پڕحیکمەتی بۆ داناوەو دەفەرموێت:

أ. بەشی خۆتو ماڵو منداڵت دابنێو هەرچی یەکت لێ زیاد بوو خێروچاکەی لێ بکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (خير صدقة ماكان عن ظهر غنى واليد العليا خير من اليد السفلى وأبدأ بمن تعول) موسلیم گێڕاویەتیەوە. واتە: چاکترین خێرو صەدەقە ئەوەیە کەلەسەر تێرییو دەوڵەمەندیەوە بکرێت وەئەو دەستەی دەبەخشێت چاکترە لەوەی کە وەردەگرێت، لەخێرکردندا لەخۆتو ماڵو منداڵتەوە دەست پێبکە.

ب.  ئەو ماڵو سامانە حەلاڵەی لە خۆتو ماڵو منالْت زیادبوو یارمەتی دایكتو باوكتی پێبدە پاش ئەوان ئەگەر هەتبوو یارمەتی خزمانو منالْی بێباوكو بێنەواو دەستە پاچەكان بدە ئینجا یارمەتی ئەو ڕێبوارانە بدە كەلەڕێداو لە غەریبیدا پارەیان لێدەبڕێو پەكیان دەكەوێ قورئان دەفەرموێت ﴿يسألونك ماذا ينفقون قل ماأنفقتم من خير فللوالدين والأقربين واليتامى والمساكين وابن السبيل وما تفعلوا من خير فان الله به عليم﴾ البقرة/٢١٥.

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەكیتردا دەفەرموێت (أبدأ بنفسك فتصدق عليها فان فضل شيء فلأهلك فان فضل عن أهلك فلذي قرابتك فان فضل عن ذي قرابتك شيء فهكذا وهكذا) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

٥.  مسقاڵە زەڕەیەك خێر:

تەرازوی قیامەت مسقاڵە زەڕەی چاكەو خراپە دەخوێنێتەوە هەروەك دەفەرموێ ﴿فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يره ومن يعمل مثقال ذرة شرا يره﴾ الزلزلة . واتە: هەركەسێك مسقاڵە زەڕڕەیەك چاكە بكات دەیبینێتەوە وەهەركەسێكیش مسقاڵە زەڕڕەیەك خراپە بكات دەیبینێتەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (لاتحقرن من المعروف شيئا ولو أن تلقى أخاك بوجه طلق). واتە: هیچ خێرو چاكەیەك بەكەم مەزانن ئەگەر زەردەخەنەیەكیش بێت لە ڕووی كەسێكدا..

٦.  خێرو چاكە نهێنی بێت یان ئاشكرا هەرچاكە:

قورئان دەفەرموێت ﴿ان تُبدوا الصدقات فنعما هي وان تُخفوها وتؤتوها الفقراء فهو خير لكم ويُكَفر عن سيئاتكم والله بما تعملون خبير﴾ البقرة/٢٧١. واتە: ئەگەر خێرو چاكەكانتان بە ئاشكرا بكەن ئەوە دەبێتە سەرمەشق بۆ خەڵكانی دیكەو چاكە، وەئەگەر بیشارنەوەو بە نهێنی بیدەن بە هەژاران ئەوەش هەر خێرە بۆتان و لە گوناهتان خۆش دەبێت وەخوا ئاگادارە بەو كارو كردەوانەی كە دەیكەن.

٧.  منەت مەكەن :

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿قول معروف ومغفرة خير من صدقة يتبعها أذى والله غني حليم يأأيها الذين آمنوا لاتبطلوا صدقاتكم بالمن والأذى﴾ البقرة/٢٦٤. واتە: قسەیەكی خۆشو چاوپۆشی یەك

چاكترە لە خێرێك كە ئازاری بە دوادا بێت وە خوا دەوڵەمەندو لەسەر خۆیە. ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خێرەكانتان پووچ مەكەنەوە بە منەت كردنو ئازاردانی خێر پێكراو..

٨. با نیەتتان تەنها بۆ خوا بێت:

موسوڵمانان لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) خزمو كەسی بێباوەڕو گاورو جولەكەیان هەبوو، كەهەژاربوون، موسوڵمانان هیچ یارمەتیەكیان نەدەدانو داوای موسوڵمان بوونیان لێدەكردن. قورئانی پیرۆز ئەم هەڵوێستەی بۆ ڕاستكردنەوەو هانیدان كە یارمەتی خزمو كەسی هەژاریان بدەن بەبێ مەرجی موسوڵمان بوون ﴿لیس علیك هداهم ولكن الله یهدي من یشاء وما تُنفقوا من خیر فلأنفسكم وما تُنفقون الا ابتغاء وجه الله وما تُنفقوا من خیر یوف الیكم وأنتم لاتُظلمون﴾ البقرة/٢٧٢. واتە: موسوڵمان كردنی خەڵك لەسەر تۆ نی یە ئەی محمد (ﷺ) بەڵكو خوا ڕێنمایی هەركەسێكی بوێ دەیكات ، وەئەوەی بەختی دەكەنو دەیبەخشن بۆ خۆتانە، ئێوە هیچ بەخت ناكەن مەگەر بۆ ڕەزامەندی خوا نەبێت، وەئەوەی بەختی دەكەنو دەیبەخشن دەتاندرێتەوەو ئێوە ستەمتان لێناكرێت..

بەڵێ، ئەوانەی كە دژایەتی موسوڵمانان ناكەنو هەژارن دروستە كە موسوڵمان خێرو چاكەیان بەرانبەر بكات بەبێئەوەی مەرجی موسوڵمان بوونی لەسەر دانێ، كەئەمەش بەڵگەیەكی ڕوونو ئاشكرایە لەسەر گەورەییو سنگ فراوانی ئەم ئاینە بەرزە خواییە.

٩. پێشبڕكێ لەخێركردندا:

قورئان دەفەرموێت ﴿فاستبقوا الخیرات أینما تكونوا یأت بكم الله جمیعا ان الله علی كل شيء قدیر﴾ البقرة/١٤٨. واتە: پێشبڕكێ بكەن لە خێرو چاكەدا لەهەركوێیەك بن دەستی خوا دەتانگاتێ و هەمووتان دەهێنێتە بەر بارەگای لێپرسینەوە، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێكدا. هەروەها دەفەرموێت﴿والذین یؤتون ماآتوا وقلوبهم وجلة أنهم الی ربهم راجعون أولئك یسارعون في الخیرات وهم لها سابقون﴾ المؤمنون/٦١.

واتە: ئەوانەی كەماڵو سامان دەبەخشنو دڵیشیان هەر دەترسێ لەوەی كە دەگەڕێنەوە بەردەستی پەروەردگار، ئەوانە دەستپێشخەریو پێشبڕكێدەكەن لە خێرو چاكەدا.

١٠. هەرچیت پێدەکرێ لەکاری خێر بیکە:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿قالوا ماسلككم في سقر قالوا لم نك من المصلين ولم نك نُطعم المسكين وكنا نخوض مع الخائضين وكنا نُكذب بيوم الدين حتى أتانا اليقين ﴾ المدثر/٤٧. واتە: چی ئێوەی دووچاری دۆزەخ کرد؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە لە نوێژکەران نەبوینو خواردنمان نەدەدا بە هەژارانو ، ڕۆدەچووین لە قسەی خراپو بێشەرعیدا لەگەڵ ئەوانەدا کە ڕۆدەچوونو بڕوامان بەڕۆژی دوایی نەدەکرد، تامردینو بەچاوی خۆمان دیمان.. ئەمە لەکاتێکدایە کەسێك هەیبێتو دەست بقوچێنێو هاوکاری هەژاران نەکاو خواردن نەدات بە برسیو نەدارەکان.. بەڵام ئەگەر نەیبوو دەبێت هەروا دابنیشێو گوێ نەداتێ؟ نەخێر بەڵکو دەبێت کارێکی (ئیجابی) بکات، ئەویش بەوەی کەهانی ئەو کەسانە بدات کە دەوڵەمەندن و توانایان هەیە کە هاوکاری هەژارانو داماوان بکەن، قورئان دەفەرموێ ﴿أرأيت الذي يكذب بالدين فذلك الذي يدع اليتيم ولايحض على طعام المسكين﴾ الماعون/٣. واتە: ئایا دیت ئەو کەسەی بڕوای بە ئایین نی یە؟ ئەوە کەسێکە کەپاڵ بە هەتیوەوە دەنێو دەریان دەکا، وەهانەهانەی مەردووم نادات بۆ خواردەمەنی دان بە هەژاران، وشەی (لايحض) سیفەتێکی خراپی ئەو کەسانەیە کە ڕێنمایی خەڵك ناکەن بۆ چاکەو قورئانیش دەیخاتە ڕوو تا موسوڵمانان هاندەری خەڵکی بن لەسەر خێرو چاکەو پیاوەتی. دیارە هەرکەسێکیش ببێتە مایەی کردنی خێرێك بەهێندەی خێرکەرەکە خێری بۆ دەنووسرێت هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (من دل على خير فله مثل أجر فاعله).

١١. سوودەکانی خێرخوازی:

یەکەم/ بۆ خێرکەر، قورئان دەفەرمووێت ﴿ومن يوق شُح نفسه فأولئك هم المفلحون﴾الحشر/٩ واتە: هەرکەس لەڕژدی نەفسی خۆی خۆی بپارێزی ئەوانە سەرفرازی دنیاو قیامەتن.

هەروەك چۆن مرۆڤ کە نەخۆش دەکەوێت چوونە لای پزیشكو بەکارهێنانی داوودەرمان پێویستن ئاوەهاش خێرو چاکە چارەسەرن شان بەشانی داودەرمانەکان، پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە بۆ ئەمە دەکاتو دەفەرموێت (داوو مرضاكم بالصدقات).. هەروەها دەفەرموێت (صنائع المعروف تقي مصارع السوء، والآفات والهلكات وأهل المعروف في الدنيا هم أهل المعروف في الآخرة) صحيح الجامع الصغير ـ ٣٧٩٥. واتە: چاکەکردن مرۆڤ لە ئاخر شەڕیو بەڵاو موصیبەتو تیاچوون دەپارێزێ ئەهلی خێرو چاکە لە دنیادا ئەهلی خێرو چاکەشن لە قیامەتدا..

دووەم/ بۆ خێر پێکراوو کۆمەڵگە، کاری خێرو چاکە دەبێتە مایەی نەمانی ڕقو کینەو کەم بوونەوەی تاوان ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (اتقوا الشُح فأن الشح أهلك من كان قبلكم حملهم على أن سفكوا دماءهم واستحلوا محارمهم) بوخاری گێڕاویەتیەوە. واتە: خۆتان بپارێزن لە ڕژدیو چروکی ئەوانەی پێش ئێوەیان لەناوبرد وای لێکردن کە خوێن بڕێژنو شەرەفو ناموسی یەکتری بۆ خۆیان حەلاڵ بکەن. خێرو چاکەو چوون بەهانای خەڵکەوە مایەی ڕزگارکردنە لە درۆکردنو وەعدی درۆ چونکە کەسێك کە قەرزار دەبێتو نایبێت بیداتەوە دوچاری درۆکردنو بێوەعدی دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت (ان الرجل اذا غرم حدث فكذب ووعد فأخلف) بوخاری .

١٢. خێرو چاکە خوا دەیخاتەوە جێی:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿من ذالذي يقرض الله قرضا حسنا فيضاعفه له أضعافا كثيرة والله يقبض ويبسط واليه ترجعون ﴾ البقرة/ ٢٤٥. هەروەها دەفەرموێت:﴿وما أنفقتم من شيء فهو يُخلفه﴾ واتە: هەرچی یەك ببەخشن خوا دەیخاتەوە جێی..

پێغەمبەریش (ﷺ) زیاتر جەخت دەکاتە سەرئەم ڕاستی یەو دەفەرموێت (مانقصت صدقة من مال) موسلیم. واتە: خێرو چاکە لەماڵ و سامان کەم ناکاتەوە. هەروەها دەفەرموێت (مامن يوم يصبح العباد فيه الا ملكان ينزلان فيقول أحدهما اللهم أعط منفقا خلفا ويقول الآخر اللهم أعط ممسكا تلفا) بخاري ومسلم. واتە: هەموو ڕۆژێك کە دێ بەسەر خەڵکیدا دوو مەلائیکەت دێنە خوارەوە یەکێکیان دەڵێت خوایە ئەو کەسەی کە دەبەخشێت بیخەیتەوە جێی بۆی ئەوی تریشیان دەڵێت خوایە ئەوەی نابەخشێت ماڵەکەی بۆ لەناوبەرە.

١٣. خێرخوازی لە جیهاندا:

ئەمڕۆ مرۆڤایەتی تێگەیشتووە کە هاوکاریو بەدەمەوە چوون گرنگە، بۆیە سەیر دەکەین کەلە جیهاندا ئەمڕۆ نزیکەی (٤)ملیۆن ڕێکخراوی خێرخوازیو کۆمەڵی هەرەوەزی هەیە لە گەورەو بچووك، لەئەمەریکادا ساڵانە خەڵکی (١٠٠)ملیار دۆلار دەبەخشن، ئەوەش زیاتر لەلایەن ئەوکەسانەوەیە کە ئیمانو بڕوایان بەخوا هەیە.

هەرچەندە لەئیسلامدا وەك لەپێشەوە باسمانکرد گرنگی یەکی زۆر دراوە بە خێرخوازی بەلاّم لە ساڵانی حەفتاکانەوە بیر لەوە کراوەتەوە کەکاری خێرخوازی دەزگای هەبێ، لەبەر ئەمەش

کۆمەڵێ دەزگا دامەزرا وەك (دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی جیهانی)و (لیژنەی موسوڵمانانی ئەفریقیا).

ڕێکخراو هەیە تایبەتە بەچالاکیەك لە کۆمەڵدا وەك (جمعية العفاف) لەئەردەن کە تائێستە شەش وەجبە ژیانی هاوسەرێتی ڕێکخستووە بۆ کۆمەڵێ لاوی کەم دەرامەت. لەوڵاتی کوەیتیشدا (جمعية بشائر الخير) هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە دووچاری ئیدمان بوون، وەلەساڵی ۱۹۹۳ وە تا ئێستا توانیویانە کۆمەڵێ کەس لەو بەڵایە ڕزگار بکەن.

۱٤. ڕێزگرتن لەکاری خێرخوازی:

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (من أتى اليكم معروفا فكافؤه، فأن لم تجدوا فادعوا له حتى يعلم أن قد كافئتموه) البخاري في الأدب المفرد. واتە: کەسێك چاکەیەکی لەگەڵ کردن هەوڵ بدەن هەقی بۆ بکەنەوە ئەگەر نەتان بوو ئەوا دوعای خێری بۆ بکەن تا بزانێ کە هەقتان بۆ کردووەتەوە.

لەغەزایەکدا کچی حاتەمی گائی خێرخواز بە دیل گیرا، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ڕێزی لێگرتو ئازادی کردو پێی فەرموو: (باوکت ڕەوشتە بەرزەکانی خۆشدەویست، ئەگەر بڕواداربوایە ڕەحمەتی زۆریشمان بۆدەناردو دوعای خێرمان بۆ دەکرد).

بەڵێ، هەرچەندە حاتەمی گائی بڕوادار نەبووە بەڵام ئەمە ڕێگرنی یە لەوەی کە دەستی ڕێز بنرێ لەو کارە خێرانەی کە کردوونی لە چەند ساڵی گرانیو قاتو قڕی لەوەو پێشداو ڕێز لە منداڵەکانیشی بگیرێت.

**١٢٤ ـــ ئەوانەی داخ و خەم ئەدەن بەشەیتان و دوژمنانی خوا :**

خوای گەورە پێی خۆشە موسڵمان بەهێز بێت و دامەزراوبێت ، تا ببێتە بەربەستێکی پۆڵاین لەبەردەم دوژمنانی خوادا ﴿ ومثلهم في الانجيل كمل زرع أخرج شطأه فازره فاستغلظ فاستوى على سوقه يعجب الزراع ليغيظ بهم الكفار ﴾ الفتح : ٢٩ واتە : شوێن کەوتوانی محمد (ﷺ)لەئینجیل دا نمونەیان بەوە باسکراوە کەوەك تۆوێکن کە بڕوێنرێ و زوو چەکەرە بکا و پێبگات و خۆی لەسەر قەدێکی ئەستوور رابگرێت کەمایەی سەرنجی کشتیارەکان بێت وببێتە خەفەتیش بۆ کافران.

دیاره بڕواداران بەو خەفەتدانە بەكافران پاداشتی گەورەیان دەست دەكەوێت لەخواوە و هەموو هەنگاوێك كە دەینێن بۆ ئەو مەبەستە و هەموو ئەو نارەحەتی و ناخۆشیانەی دێتە ڕێیان لای خوا وون نابێت هەروەك دەفەرموێت : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَطَئُونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ الْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ بِهِ عَمَلٌ صَالِحٌ إِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (١٢٠)﴾ التوبة

بڕوادار هەروەك چۆن دەبێت جهادی دوژمنای خوا بكا بەهەمان شێوەش دەبێت دوژمنایەتی شەیتانی بیر نەچێت و ئاگای لەفرت و فێڵەكانی شەیتان بێت وە هەوڵ بدات لوتی شەیتان بشكێنێ .

بۆ نموونە سونەتە كە ئەگەر بڕوادارێك لەنوێژدا سەهویەكی پێكرد چۆن بەلایەوە ڕاستە نوێژەكەی تەواوبكا و لەدوایدا دوو سوجدە بەرێت بەوەش ئەگەر هەڵەیكردبوو چاك دەبێ و ئەگەر نەشی كردبێ و تەنها وەسوەسەی شەیتان بێت لووتی شەیتانی پێدەشكێ ، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ ﴿ ان صلاته تامة كانتا ــ أي السجدتان ــ ترغمان أنف الشيطان ﴾ مسلم گێڕاویێتیەوە .

بەشی ٥

# بەرەو دڵنیایی

| | |
|---|---|
| ١٢٥- هەق وڕاستی | پێشەکی |
| ١٢٧- خوای ڕێنومایی گیاندارانی کردووە | ١٢٦-گەڕان بەدوای هەقداو هیدایەتی خوا |
| ١٢٩- گەلێکی نەخوێندەوار | ١٢٨- سەرنجدان و ورد بوونەوە لە بونەوەر |
| ١٣١- با پێغەمبەری خوا باشتر بناسین | ١٣٠- پرسیارەکانی هەرقل |
| ١٣٣-بەڵگەو (بورهان) لە خواوەیە | ١٣٢- بەرەو دڵنیایی |
| ١٣٥- دۆزینەوەکانیش شایەتی دەدەن | ١٣٤- قورئان وتەورات وئینجیل |
| ١٣٧- زانایان لە خوا دەترسن | ١٣٦- ئەو وشانەی قورئان بەکاریان دەهێنێ |
| ١٣٩-سەرەتاکانی دروستبوونی ژیان وبونەوەر | ١٣٨- کەرت بوونی مانگ |
| ١٤١- ناوچەوان ودۆزینەوەیەکی سەیر | ١٤٠- جۆرەکانی هەور |
| ١٤٣- هەڵکردنی با وجۆرەکانی | ١٤٢- قورئان ئاسان کراوە |
| ١٤٥- دڕك ودالّ ترێ وهەنجیر ناگرێت | ١٤٤- پیلانی بەردەوامی جوولەکە |
| ١٤٧- هەواڵدان بە ڕوداوەکانی داهاتوو | ١٤٦- گرنگترین هەواڵ |
| ١٤٩- پاشە ڕۆژ بۆ ئیسلامە | ١٤٨- هیمەت بەرزی |
| | دوا ووتە |

## پێشەکی

خوای پەروەردگار گەورەترین و بەنرخترین پەڕاوی ناردووە بۆمان و داوای لێکردووین کەبەردەوام لێی وردبینەوە و هەوڵی تێگەیشتن و کارپێکردنی بدەین ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ افلا يتدبرون القران ام على قلوب أقفالها ﴾ بەوهیوایەی کەقفڵی سەردڵەکان بکرێنەوە و پەردە لەسەر دڵەکان لابچێ و نووری هەق و راستی پێبگات ، لەچواربەشی هەڵوێستەیەك لەخزمەت قورئاندا (١٢٤) هەڵوێستەمان تۆمارکرد، واپشت بەخوا لەم وورد بوونەوە و تێڕامانەدا بەردەوام دەبین و هەوڵ دەدەین بەپێی توانا و دەرفەت تیشك بخەینە سەر چەندەها ئایەتی دیکە و لەبەر ئەوەش کە بابەتەکان زیاتر بۆ دڵنیابوون و دڵ دامەزراوی یە بۆیە ئەم بەشی پێنجەممان ناونا ( بەرەو دڵنیایی) و دیارە لەم گەشتەی دنیاماندا بەرەو قیامەت گرنگترین شتێك کە پێویستبێ بەرچاو روونی و دڵنیایی و (یەقین) ە بۆیە خۆشەویست (ﷺ)دوعای دەکرد و دەیفەرموو : ﴿ اللهم انى أسالك ايماناً كاملاً و يقيناً صادقاً ﴾ وە هەروەها دەیفەرموو : ﴿ اللهم انى أسالك ايماناً كايمان جبرائيل و ميكائيل ﴾ پلەکانی ئیمانیش زۆرن وەك ( ئیمان ، ئیسلام ، ئیحسان ، تەقوا ، صدق ، شوکر ، ... هتد ) وە ئیبن قەییم لە(مدارج السالكين) دا (٦٦) پلەی باس کردووە ، پێویستە زوو زوو بەخۆماندا بچینەوە و بزانین لەچ پلەیەکداین ، گەیشتن بەپلە بەرزەکان هەوڵی بەردەوامی دەوێت و هاوەڵی کردنی پیاوچاکان و راستگۆیانی دەوێ بۆیە قورئان دەفەرموێت ﴿ اتقوا الله وكونوا مع الصادقين ﴾ لەبەلاَّوموسیبەت و تاقی کردنەوەکانی ژیانیشدا تەقوا و صدق و فریای بڕوادار دەکەوێ کە پێی نەخلیسکێ و دامەزراوبێ .

جا بەو هیوایەی کە بڕواکەمان تەواو و بێ کەم و کوڕی بێت و یەقینمان راست بێت فەرموون لەگەڵ هەڵوێستەکانی خزمەت قورئان .

### (١٢٥) هەق و ڕاستی :

وشەی (الحق) لەقورئاندا (٢٢٧) جار دووبارە بۆتەوە و لێرەدا هەندێکیان باسدەکەین ، خوای گەورە یەکێك لەناوە پیرۆزەکانی (حق)ە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (٦٢)﴾ الحج ، واتە : خوای پەروەردگار (الحق) ە و هەرچی لەغەیری خوا بانگ دەکەن و دەیپەرستن ناهەقن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦)﴾ الحج ، واته : خوای پەروەردگار (الحق) ە و هەر ئەو مردوو زیندوو دەکاتەوە و ئەو زاڵ و بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا ).

* ﴿ والله يقول الحق و هو يهدي السبيل ﴾ الاحزاب : ٤

* ﴿ الا ان وعد الله حق ولكن أكثرهم لايعلمون ﴾ يونس : ٥٥

هەروەها خوای پەروەردگار هەموو ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی تیایاندایە بە(هەق) دروستی کردون و بەناهەق و بێهودە دروستی نەکردوون ، هەروەك دەفەرموێت :

﴿ ألم تر أن الله خلق السموات و الارض بالحق * ان يشأ يُذهبكم ويأت بخلق جديد وما ذلك على الله بعزيز ﴾ ابراهيم /٢٠ واته : ئایا نابینی کە خوا ئاسمانەکان و زەوی بە(هەق) دروست کردوە و ئەگەر بیەوێ ئێوە لەناو دەبات و کۆمەڵێکی دیکە دێنێت ، ئەمەش بۆ خوا گران و قورس نی یە.

هاتنی قیامەت (هەق) ە کەواتە با مرۆڤ رێی راست بگرێ : ﴿ ذلك اليومُ الحق * فمن شاء اتخذ الى ربه مآباً ﴾ النبأ : ٣٩ .

لەبەر ئەوەی کە ئەو رۆژە (هەق) ە خوای پەروەردگار پێغەمبەری بە(هەق) بۆ ناردوین و ئاگادارمان دەکاتەوە بۆ خۆپاراستن لە سزای خوا و مژدەشمان دەداتێ بەپاداشتی نەبڕاوەی ، ئەگەر چاکەکار و پارێزکاربین ، هەروەك دەفەرموێت :

* ﴿ انا أرسلناك بالحق بشيراً ونذيراً ﴾ البقرة : ١١٩

*﴿ يا ايها الناس قد جاءكم الرسول بالحق من ربكم ﴾ ال عمران : ١٧٠

*﴿ ذلك بأن الله نزل الكتاب بالحق ﴾ البقرة : ١٧٦

*﴿ وبالحق أنزلناه و بالحق نزل وما أرسلناك الا مبشراً ونذيراً ﴾ الاسراء : ١٠٥

واته : بەهەق قورئانمان ناردوە و هەقیشی لەگەڵ خۆی هێناوە ، وە تۆمان نەناردووە مەگەر بەمژدە دەر و ترسێنەر نەبێت .

جا كه ئەم(هەق) ە ش هات كێشمە كێش لەنێوان ئەم و ناهەقدا دەست پێدەكات و سەرەنجاميش ناهەق لەناودەچێ و خۆی لەبەردەم هەق و راستی دا پێڕاناگیرێ هەروەك دەفەرموێت :

﴿ وقل جاء الحق و زهق الباطل * ان الباطل كان زهوقاً ﴾ الاسراء : ٨١

خوا هەق و راستی و بەرنامەكەی سەردەخات هەرچەند تاوانباران پێشیان ناخۆش بێت :

﴿ ويُحق الله الحق بكلماته ولو كره المجرمون ﴾ يونس : ٨٢ .

هەرچەندە زۆركەس لەبەر هەواو ئارەزوو ، يان لەبەر بەرژەوەنديەكی نابەجێ هەقيان نەوێت ، هەق و راستی دوای هەواو ئارەزووی ئەوان ناكەوێت ، چونكە هەرچی لەئاسمانەكان و زەويدايە بەهەق ڕاگيربووە و ئەگەر وانەبێ هەمووی بەسەريەكدا دەشێوێت هەروەك دەفەرموێت : ﴿ ولو اتبع الحق أهواءهم لفسدت السماوات و الارض ومن فيهن * بل أتيناهم بذكرهم فهم عن ذكرهم معرضون ﴾ المؤمنون : ٧١ .

جا ئەو كەسانە هەق و راستی دەشارنەوە و خەڵكی چەواشە دەكەن ، بۆیە قورئان دەفەرموێت : ﴿ ولا تلبسوا الحق بالباطل و تكتموا الحق وأنتم تعلمون ﴾ البقرة : ٤٢ واته : هەق و راستی بەدرۆ دامەپۆشن و هەق و راستی مەشارنەوە لەكاتێكدا كە خۆتان باش ئەمە دەزانن ، واتە ئێوە باش دەزانن محمد و ئەوەی هێناويەتی هەق و راستی يە و لەلای ئێوەش لەتەورات و ئينجيل دا مژدە بەهاتنی دراوە ئيتر بۆ دەيشارنەوە و خۆتانی لێهەڵە دەكەن .

جاری وا هەيە لەبەر حيكمەتێك كە خوا خۆی دەيزانێ و مرۆڤی پێ تاقی دەكاتەوە ، ناهەق دەكەوێتە ڕوو وەك كەفی دەريا سەر ئاو دەكەوێ ، يان وەكو چڵك و پيسی ماددەی ئاڵتون و زيوو سەردەكەوێ لەكاتی گەرم كردندا ، بەڵام ئەوە كاتی يە و پاش ماوەيەك لادەچێ و هەق و راستی و ئەوەی كەمايەی سوود و بەختياری ئادەمی يە هەتا سەر دەمێنێتەوە ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ أنزل من السماء ماء فسالت اودية بقدرها * فاحتمل السيل زبداً رابياً * ومما يوقدون عليه في النار ابتغاء حلية أو متاع زَبد مثله * كذلك يضرب الله الحق و الباطل * فاما الزبد فيذهب جُفاءً وأما ما ينفع الناسَ فيمكث في الارض كذلك يضرب الله الامثال ﴾ الرعد : ١٧

لەبەرئەوە گەڕان بەدوای هەق و راستیدا ئەركی سەرشانی هەموومانە چونكە مەسەلەیەكە چارەنووسمانی پێوەبەندە ، خێر و خۆشی دنیا و قیامەت وەستاوەتە سەر ئەو هەق و ڕاستی یە ... مردنیش هەقە و هەق و راستی دەهێنێ و هەر لەدوا ساتەكانی ژیان و سەرەمەرگدا ئیتر مرۆڤ پەردەی غەفڵەت لەسەر چاوی لادەچێ .﴿ وجاءت سكرة الموت بالحق ﴾ ، وە مردن بۆ خۆی (یەقین) ە ﴿ واعبد ربك حتى ياتيك اليقين ﴾ الحجر : ٩٩

هەموو كەسیش لەسەرەمەرگدا پەشیمانە ، ئەگەر چاكبێ دەڵێ :خۆزگە زیاتر چاكەم بكردایە ، وە ئەگەر خراپیش بوبێ دەڵێ خۆزگە لەجیاتی خراپە چاكەم بكردایە هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی .ئنجا هەر هەموومان دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو خوایەی كە هەر ئەو خاوەنی حەقیقی و هەر ئەو پشت و پەنای هەموانە ﴿ ثم رُدوا الى الله مولاهم الحق الا له الحكم وهو أسرع الحاسبين ﴾ ٦٢ الانعام .

مرۆڤیش لەكۆمەڵدا بۆ ئەوەی چەواشە نەكرێ و هەردەم هەق و راستی لەیادبێت پێویستە ئەندامەكانی كۆمەڵ ئامۆژگاری یەكتری بكەن و هەق و راستی بەیەك بڵێن و هەروەها ئارامیشی لەسەر بگرن ، قورئان دەفەرموێت : ﴿ و العصر ان الانسان لفي خسر الا الذين امنوا وعملوا الصالحات و تواصوا بالحق و تواصوا بالصبر ﴾

واتە : سوێند بەكات و زەمانە ، هەموو ئادەمی لەزیان و خەسارەتمەندیان ، مەگەر ئەوانەی كەبڕوایان هێنابێ و كردەوەی چاكیان كردبێ ، وە ئامۆژگاری یەكتریان كردبێ بەهەق و راستی و ئامۆژگاری یەكتریان كردبێ بەئارام و خۆڕاگرتن .

ئەم سورەتە ئەوەندە گرنگە ، ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لێبێت لەبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ لو لم ينزل غير هذه السورة لكفت الناس ، لانها شملت جميع علوم القران﴾ واتە : ئەگەر بێجگە لەم سوورەتە هیچی تر نەهاتایەتە خوارەوە ، خەڵكی بەسیان بوو ، چونكە هەموو زانستەكانی قورئانی لەخۆگرتووە .

هاوەڵان لەم راستی یە باش تێگەیشتوون بۆیە كاتێ لەیەك جیا دەبوونەوە ئەم سورەتەیان بۆیەك دەخوێند ، هەروەك دەستوور و پەیمان تازەكردنەوە و بیرخستنەوەیەك پاشان سەلام و خواحافیزیان لەیەكتری دەكرد ..

**( ١٢٦ ) گەڕان بەدوای هەق و ڕاستیدا و هیدایەتی خوا :**

دکتۆر فاضل السامرائی مامۆستای کۆلیژی ئاداب لەزانکۆی بەغداد ، باسی ئەزموونی خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێت : باوەڕبوون بەخوا و گەڕان بەدوای هەق و ڕاستیدا زۆر سەرقاڵی کردم لەتافی لاویمدا ، خەو و خۆراکم لێ تاڵ بوبو ، زۆرجار کەبەڕێگادا دەڕۆیشتم خەیاڵم لای خۆم نەبوو ، دۆست و ناسیاوو برادەر بەلامدا تێدەپەڕین و سەلامیان لێدەکردم و دەیانووت ، فلان ئەوە خەیاڵت لەکوێیە وەرەوە هۆش خۆت .

من وامدەزانی کەس بڕوای تەواوی نی یە لەسەر ڕووی ئەم زەویەدا و هەموو گومانیان هەیە ، هەرچەند هەندێکیان دەری دەخەن و هەندێکیشیان دەری ناخەن من وام هەست دەکرد کەکەس نیە لەدنیادا بتوانێ قەناعەتم پێبکات بەبوونی پەروەردگار ، وە ئامادەش بووم چیم هەبوو بیدەم بەوکەسەی بەبەڵگەوە ئەوەم بۆ بسەلمێنێ .

نەمدەزانی کام ڕێگا بگرمە بەر ، ڕێگای هەواو ئارەزوو رابواردن ، یان ڕێگای پابەندبوون و دەست کێشانەوە لەحەرام و کاری نابەجێ ، لەم خەم و خەفەتەدا ماوەیەکی دوور و درێژمامەوە ، سەرەنجام بڕیارمدا بکەومە هەوڵی بێوچان ئەگەر زۆریش بکەوێ لەسەرم ، ئینجا ئیتر سەرم لەهەرچی یەکەوە دەرچێ ، کفربێ یان ئیمان ...

کەوتمە خوێندنەوە ، جاری وا هەبوو پەڕاوی گەورەم لەبەرگەوە بۆ بەرگ دەخوێندەوە و هیچ سودێکم لێوەرنەدەگرت و تینوێتی نەدەشکاندم بەمەش گومان و دوودڵی یەکەم زیاتر دەبو ، بەردەوام بووم ، بێکۆڵدان و بێزاربوون ، تاوەکو خوا ئیمان و یەقینی پێبەخشیم ، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ و الذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا ﴾ العنكبوت : ٦٩

بەخوا تا ئێستا ڕۆژی بڕواهێنانم هەردەم یاد دەکەمەوە ، کە خۆشترین کات و ڕووناکترین ڕۆژی تەمەنمە ... بوونەوەر هەمووی لەدەورم گۆڕدرا ، باڵندە و درەخت ، ڕووبار و بەرد ، ئەستێرە و مانگ و خۆر ، هەستم دەکرد کە هەماهەنگی و پەیوەندیەکی بەتین هەیە لەنێوان من و ئەم بوونەوەرەدا ، نازانم بۆچی من لە کاروانی ئەوان بەجێمابووم ، نەفسم نەفسەکەی دوێنێ نەبوو ، وام هەست دەکرد تازە لەدایك بووم و ، تازە پێم ناوەتە ئەم بوونەوەرەوە .

دەرونم ڕوناك بوەوە و ، دڵم گەش و سینەم فراوان بوو ، پڕبوو لەنوور ، هەستم بەنوورەکەی دەکرد هەروەك ببینم ، تاریکایی نەما و باری شانم سووك بوو .

پەروەردگارا !! ئیمان و باوەڕ چەند خۆش و شیرینە ! ژیانی بڕوادار چەند خۆشە و ژیانی کافریش چەند تاڵە . پەروەردگارا بەڕەحمەتی خۆت ، نیعمەتەکانی ئیمانم لێمەسێنە ، بەرگی دڵنیایم لێدامەڕنە ، تا ئەو ڕۆژەی دەگەمەوە بەلیقای تۆ ...

پاشان بۆ پارێزگاری کردن لەودەستکەوتە بەنرخە ، هەردەم ورد دەبومەوە لەجوانی دروست کراوەکانی خوا ، هەتاوەکو دەستی قورەتی پەروەردگارم بینی لەهەموو شتێکدا ، ئینجا زیاتر گەڕام بەدوای بەڵگەی عەقڵی دا لەسەر پێغەمبەرێتی محمد (ﷺ)ئەوەشم لەقورئاندا چنگ کەوت ، چونکە قورئان موعجیزەی لەوێنە نەبووی محمد ە (ﷺ)هەر لەو ڕۆژەوە کە یەکەم ئایەت هاتە خوارەوە تا ڕۆژی قیامەت .

**( ١٢٧ ) خوای پەروەردگار ڕێنومایی گیاندارانی کردوە :**

ئەگەر سەیری جیهانی گیانلەبەران بکەین دەبینین هەندێکیان لەسەر زەوی دەژین و هەندێکیان بەئاسماندا دەفڕن و لەئاودا مەلەدەکەن ،وە هەر کۆمەڵە و بەجۆرێکی وادروستکراوە کە بتوانێ لەو ژینگەیەی خۆیدا ژیان بباتە سەر ..

هەروەها گیانلەبەران هەریەکەیان بەپێی ناوچەکەیان حسابی گەرمی و ساردی بۆکراوە ئەوانەی بەستەڵەکەکان بەفەرووی ئەستوور یان مووی درێژ لەشیان داپۆشراوە ، وە ئەوانەش کەلەشوێنی گەرمدان بەپێچەوانەوە ئەوانەی لەبیاباندان لەشیان توانای هەڵگرتنی ئاوو بەرگە گرتنی تینوێتی هەیە ...

هەموو گیانلەبەران غەریزەیان بەرە و ئەو شتانەیان دەبات کەمایەی ژیانیانە ئەگەرچی هیچ یەکێ لەهاوشێوەکانی خۆشیان نەبینن ... بۆ نموونە ئەگەر هێلکەی هەنگێك بهێنرێ و دوور لەهەنگەکانی هاوشێوەی هەڵبهێنرێ بەرێگایەکی زانستی تایبەت ، دەبینی پاش ماوەیەك خانەیەکی مێو بۆ خۆی دروست دەکات لەشێوەی شەش لادا ، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگێکی بینیبێ کاری وابکات ، کێ ئەمەی فێرکردووە ئەگەر خوا نەبێ ؟

ڕۆژێ چەند کەسێك (٣٠) هێلکەی مریشکیان لەگەڵ هێلکەی مراویدا خستە ناو ئامێرێکی هێلکە هەڵهێنانەوە ، پاش ماوەیەك هێلکەکان هەڵهاتن و، لەناو باخچەیەکدا دایان نان ، جووجەڵەکان کەوتنە گەڕان بەناو گڵ و خۆڵی باخچەکەداو بەدەنووك بەدوای خۆراکدا دەگەڕان ، بێچووە مراویەکەش ئەوانی بەجێهێشت و ڕووی کردە جۆگەیەکی ئاوی ناو باخچەکە و کەوتە مەلەکردن بەبێ ئەوەی چاو لەو ژمارە زۆرەی جووجەلەکان بکات ... بەراستی هەر پەروەردگارە کە ﴿ اعطی کل شئ خلقه ثم هدی ﴾ .

نموونەی دیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆرن وەك :

* ئەگەر سەیری تۆو بکەین دەبینین بەجۆرێك خوا دروستی کردوە کە بەرگەی زۆر شت دەگرێ و ، دەمێنێتەوە ، تەنانەت گەدەی مرۆڤ ئێسك بەوپێکهاتە ڕەقەیەوە کەهەیەتی هەرسی دەکات کەچی تۆو هەرس ناکات هەروەها میوە و بەروبووم تا پێنەگات تۆوەکەش لەگەڵیا پێنەگات شیرین نابێت و بەکەڵکی خواردن نایەت ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر مرۆڤ بەروبوومەکەی خوارد تۆوەکە بمێنێ بە پێگەیشتوویی و ئەو جۆرە بەرهەمە بەهۆی تۆوەکەیەوە بەردەوام بێت

* خانەکانی لەشی مرۆڤ هەندێکیان لەچەند ساتێکدا دەمرن ، هەندێکیان وەك پێست لەدوای (٢١) رۆژ دەمرن ، هەندێکی تریان لەدوای (١٢١) رۆژ دەمرن ، بەڵام خانەکانی دەماغ نامرن و تازە نابنەوە تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ بەیەکجاری دەمرێ ، چونکە زانیاریان تیا (خزن) دەکرێ ، مرۆڤ سەرسام دەبێ لەوەی جاری وا هەیە لەخانەکانی دەماغدا زانیاری سەد ساڵ تۆمار دەبێت و هەڵدەگیرێ ؟ ئەمە چۆن و لەکوێدا دەبێت ، هەروەها لەنێوان دووبەشەکەی دەماغدا (٣٠٠) ملیار (عصب) هەیە کە زانیاری دەگۆڕنەوە

**(١٢٨) سەرنجدان و ووردبونەوە لە بوونەوەر :**

بیرکردنەوە لەزەوی و لەدوور و نزیکی خۆر و مانگ لەزەوی یەوە و ، وربونەوە لەبەرگی گازی دەوری زەوی کەبەردەوام زەوی دەپارێزێ لەملیۆنەها (شهب و نیازك) کە بەری بکەون ، وە هەروەها پلەی گەرمی دەپارێزێ و نایەڵێ تیشکی زیانبەخش بگاتە سەر زەوی ...

دکتۆر (ماریت ستانلی) ئەندامی (الجمعیة الامریکیة الطبیعیة) دەڵێ (دەتوانین بەرێگەی وردبونەوە لە بوونەوەر بگەینە ئەوەی کەهێزێکی باڵادەستی بەتوانا ئەم بوونەوەرە دەبات بەڕێوە ،

بەتایبەت کەسەرنجی هاوسەنگی دەدەین لەبوونەوەردا ، وەك سوورِی ئاو لەسروشتدا و سوورِی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و شتە سەر سورِهێنەرەکانی دیکەی ئەم بوونەوەرە کە بەڵگەی تەواون لەسەر ئەوەی کەرێکەوت ناتوانێ شتی وەها بەرهەم بهێنێ ).

هەروەها زانستی نوێ گەیشتۆتە ئەوەی کە بوونەوەر سەرەتای هەیە و لەئەنجامیشدا کۆتایی دێت ، هەروەك دکتۆر دونالد روبرت کار، مامۆستای کیمیای جیۆلۆجی و پسۆرِ لەدیاری کردنی تەمەنی جیۆلۆجی بەهۆی تیشکە سروشتیەکانەوە دەڵێت : ئێستا چەند رێگایەکی جیاواز بەکاردەهێنرێ بۆ دیاری کردنی تەمەنی زەوی کە ئەنجامەکانیان لەیەکەوە نزیکن و بە پێنج ملیارساڵ مەزەندە دەکرێ ، جالەبەر ئەوە بونەوەر ئەزەلی نی یە و سەرەتایەکی هەیە .

هەروەها دکتۆر (جۆن کلیفلاند) سەرۆکی بەشی زانستی سروشتی زانکۆی (دولث) دەڵێ : ( ئەم جیهانە ماددیەی ئێمە ئەبێ دورست کراوبێ و بەدیهێنرابێ وەلەو رۆژەوە دروستکراوە لەسەر یاسا و بەرنامەیەکی تایبەت دەرِوا بەرێوە کە بەهیچ جۆرێك رێکەوتی تیا نی یە جا کە ئەم بونەوەرە خۆی بەدی نەهێنابێ کەواتە پەروەردگارێك بەدی هێناوە کە بەدەسەلاّت و زانا و دانایە ) .

نموونەی دیکە لەسەر ئەو راستیانە زۆرن وەك :

* زانایان دەڵێن بارستایی زەوی ٥,٥ ملیار ملیار تەنە بەدەروی تەوەری خۆیدا دەخولێتەوە هەموو ٢٤ سەعاتێك بەخێرایی ١٦٠٠ کم/ سەعاتدا ، وەبەدەوری خۆردا دەخولێتەوە بەخێرایی ١٠٠ هەزار کم لە سەعاتدا وەلەگەڵ کۆمەڵەی خۆردا بەدەوری چەقی هەسارەکەدا دەسورِێتەوە بەخێرایی ٧٤٠کم لە سەعاتدا وەلەگەڵ هەسارەکەی دا لەهەسارەکانی تر دوور دەکەوێتەوە بەخێرایی ٣,٥ ملیۆن کم لەسەعاتێکدا ئایا ئەم بارستاییە گەورەیە لەم بونەوەرەدا کە هەر ئەوەندەی دڵۆپە ئاوێك دەبێ لەدەریایەکدا ئاوەها بەرێوە بچێت ئاخۆ رێکەوت چی بۆبکرێ لەگەڵیدا دیارە ئەو کەسەی رێز لەخۆی و عەقڵی بگرێ دان بەگەورەیی ئەو دەسەلاّتەدا دەنێ کەبەفەرمانی ئەو ئەم بونەوەرە بەرِێوە دەچێت .

* بۆشایی نێوان خۆر و زەوی ئەگەر وەك روناکی پیا تێپەرِ دەبێت دەنگیشی پیا تێپەرِ ببوایە کەس لەتاو دەنگی تەقینەوەکانی خۆر نەی دەتوانی بژی لەم سەرزەمینەدا .

* ئاو تا پلەی (٤) ی سەدی کەسارد دەکرێتەوە قەبارەی کەم دەکات و قورس دەبێت بەڵام لە (٤) پلەی سەدیەوە کە سارد دەکرێتەوە تا پلەی (سفر) ی سەدی پێچەوانە دەبێتەوە قەبارەی زیاد دەکات و سەر ئاو دەکەوێت ئەگەر خوا ئاوی وا دروست نەکردایە ئەوا لەدەریاکاندا کاتێ ئاو بیبەستایە گیانەوەران لەناو قولایی دەریادا نەدەمان و هەموو لەناو دەچوون .

* خوای گەورە بڕێکی دیاری کراو هایدرۆجین و ئۆکسجینی کرد بەئاو ئەوەندە کەزەوی نوقم نەبێ لەئاودا و بڕەکەش نەگۆڕێ و ، لێی دەبێت بەهەڵم و دەبێت بەباران و ...هتد ، جا کە ئاویش دەچێتە ناو زەویەوە تا ناوجەرگەی زەوی ناڕوات چونکە ئەگەر هەر رۆبچوایە ئەوا کەس سوودی لێوەرنەدەگرت و کاریز و کانی و بیری ئیرتوازی نەدەبوون هەروەك دەفەرموێت : ﴿ قل أرايتم ان اصبح ماؤكم غوراً فمن يأتيكم بماء معين﴾ الملك : ٣٠

* ئەو گەرمیەی پێویستە بۆ گەرم کردنی (١) سم٣ ئاو پێنج ئەوەندەی ئەو گەرمیەیە کە پێویستە بۆ گەرم کردنی (١) سم٣ لەبەرد ، بۆیە لەرۆژدا دەریاکان گەرمی زۆر هەڵدەمژن و هەوایەکی سارد و فێنك دروست دەکەن بۆ سەر زەوی بەڵام لەشەودا درەنگ سارد دەبێتەوە بە پێچەوانەی زەویەوە کە زوو سارد دەبێتە بەمەش هەوایەکی گەرم لەدەریاوە دێت بۆ سەر زەوی ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە مرۆڤ بتوانێ بژی لەم سەرزەویەدا و ئەمانەش هەمووی بەحیکمەتی خوا ئەنجام دراوە .

**( ١٢٩ ) گەلێکی نەخوێندەوار :**

هەرکەس سەیری ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ)بکات کە نەخوێندەورا بووە و بێدایك و باوك لەلای باپیر و مامی گەورە بووە و لەناو گەلێکی نەخوێندەواری دواکەوتووی زیاتر لە ١٤٥٠ ساڵ لەمەوپێشدا قەناعەتی تەواو دەکات کە تەنها (سرووش) ە کە ژیانی گۆڕیو ئەو روداوە گەورە لەوێنە نەبووەی لەو سەردەمەدا هێنایە کایەوە قورئان دەفەرموێت﴿ هو الذي بعث في الاميين رسولاً منهم يتلو عليهم اياته و يزكيهم و يُعلمهم الكتاب و الحكمة وان كانوا من قبل لفي ضلالٍ مبين ﴾ الجمعة : ٢ واتە : خوا ئەو خوایەیە کە ڕەوانەی کردووە لەناو نەخوێندەواران پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار لەخۆیان کە ئایەتەکانی خوا ئەخوێنێتەوە بەسەریاندا و پاکیان دەکاتەوە ، وەنامەی قورئان و فەرمودەی پڕ سوودیان فێردەکات ، هەرچەندە ئەوان لەمەوپێش لەگومڕاییەکی ئاشکرادابوون .

هەروەها دەفەرمویّت : ﴿ الذين يتبعون الرسول النبي الاميَ الذي يجدونه مكتوباً عندهم في التوراة و الانجيل ﴾ الاعراف : ١٥٧ واته : ئەو ئەهلی کتابانەی کەدوای ئەو فرستادە نەخویّندەوارە دەکەون کەلەتەورات و ئینجیلی بەردەستیاندا مژە بەهاتنی دراوە... ) .

هەروەها بە پیّغەمبەر (د.خ) دەفەرمویّت : ﴿ وما كنت تتلو من قبله من كتاب ولا تخُطه بيمينك اذاً لأرتاب المبطلون ﴾ العنكبوت : ٤٨ واته : تۆ ئەی پیّغەمبەر (د.خ)لەپیّش ناردنی ئەم قورئانەدا هیچ کتیّبیّکت نەخویّندوە و نەنوسیوە بەدەستی راستت خۆ ئەگەر وانەبوایە ئەگونجا بیّبڕواکان گومانیان بۆ پەیدابیّ ).

ئەم ئایەتانە کەراستیەکی میّژوویی تۆماردەکەن و ، شەوو ڕۆژ خویّندراوە و هەمووان ئاگاداری بوون کەس نەبوویێت و بلّیّت نەخیّر ئیّمە خویّندەوار بووین ، یان (محمد) (د.خ) خویّندەواربووە ، قورئان تۆماری دەکا و باکی نییە لەکەس ... یان ئەوەتە بەخۆشەویست دەفەرمویّت پیّیان بلّیّ : ﴿ قل لو شاء الله ما تلوته عليكم ولا أدراكم به فقد لبثت فيكم عمراً من قبله أفلا تعقلون ﴾ يونس : ١٦ پیّیان بلّیّ : ئەگەر خوا بیویستایە هەر پیّم رانەدەگەیاندن و بۆم نەدەخویّندن ، خۆمن چل ساڵ لەناوتاندا ژیام پیّش پیّغەمبەرێتی و باش حاڵی من دەزانن ، نابیّ کەمیّ ژیر بن .

پیّغەمبەریش (ﷺ)لەبارەی خۆی و گەلەکەیەوە دەفەرمویّ : ﴿ انا أُمة أُمية لا نكتب و لا نحسب ﴾ جا کاتیّك پیّغەمبەر (ﷺ)لەسەرەتاوە سرووشی بۆ هات زۆر دەترسا لەوەی کە بۆی لەبەرنەکریّ و لەبیری بچیّتەوە بۆیە بەپەلە لەگەڵ ( جبرائیل) دەیوتەوە ، خوای پەروەردگار پیّی فەرموو : ﴿ ولا تعجَل بالقرآن من قبل أن يُقضى اليك وحيه ﴾ طه : ١١٤ واته : ئەی پیّغەمبەر (ﷺ)پیّش ئەوەی سروشی قورئان بەتەواوی بە تۆ بگات ، پەلە پەل لەخویّندنەوەیان مەکە ، هەروەها لەسورەتی قیامەتدا پیّی فەرموو : ﴿ لا تُحرك به لسانك لتَعجل به ان علينا جمعه و قرآنه فاذا قرأناه فاتبع قرآنه ثم انَّ علينا بيانه ﴾ القيامة : ١٩ واته : زمانت مەجولّیّنە بەخویّندنەوەی سروش ، تا پەلەی تیا بکەیت ـ بەراستی بەپیّی بەلّیّنیّك کەداومانە لەسەر ئیّمەیە کۆکردنەوەی لەسنگتا و خویّندنەوەی ، ئنجا کە قورئانمان بۆ خویّندیتەوە بەهۆی جبرائیلەوە پەیڕەوی خویّندنەوەی ئەو بکە ، پاشان هەرچیت وویست بۆت ڕوون دەکەینەوە و بۆت راڤە دەکەین .

( بەلّیّنەکەش ئەوەیە کەلە سورەتی (الاعلى) دا دەفەرمویّ : ﴿ سنُقرئك فلا تنسى ﴾ واته : قورئانت بەسەردا دەخویّنینەوە لەبیرت ناچیّتەوە ) .

دوای ئەم ئامۆژگاریانە خۆشەویست کە سروشی بۆ بهاتایە ، سەری دادەخست و گوێی بۆ دەگرت تالێ‌دەبۆوە ، ئینجا لەبەرخۆیەوە دەوری دەکردەوە و هەمووی لە دڵیا دەچەسپی ... کە ئەمەش گەورەترین موعجیزەیە ، چونکە جاری وا هەبووە ئایەتێك یان چەند ئایەتێك هاتووە ، جاری وا هەبووە سورەتێکی کورت هاتووە ، بەڵام سورەتی (الانعام) ژمارەیەکی زۆر لەمەلائیکەت دابەزین لەگەڵ جبرائیلدا و بەیەکجار بۆ خۆشەویستیان هێناو هەمووی بەیەکجار لەدڵیدا جێگیر بوو کە ئایەتەکانی (١٦٥ ) ئایەتە .

شایەنی باسە ساڵی جارێك جوبرائیل سەلامی خوای لێبێت لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) موراجەعەی قورئانی دەکردەوە ، ئەو ساڵەی تیا وەفاتی کرد دووجار موراجەعەیان کردەوە ،ئەمەیش بۆ دڵنیایی زیاتر و گەیاندنی یەکجاری بەهاوەڵان ، کە ئەو ساڵە دوا ساڵی خۆشەویستەکەی خوا بوو (ﷺ).

**(١٣٠) پرسیارەکانی هرقل :**

لەدوای رێکەوتنی حودەیبیە ،خۆشەویست (ﷺ)نامەی نارد بۆ قەیسەری رۆم (هرقل) کاتێ کاغەزەکە گەیشتە دەستی( هرقل) بەوانەی بەردەستی وت : بزانن یەکێ لەقەومی ئەو پێغەمبەرە لەم ناوەدا ناردۆزنەوە تا هەندێ پرسیاری لێبکەم ... گەڕان ئەبوسوفیان و چەند کەسێکی دیکەیان بەردەست کەوت کە بۆ بازرگانی هاتبوون بۆ شام ... ئەبوسفیان دەڵێ : من و هاوەڵەکانمیان برد بۆ (قدس) بۆ بەردەم (هرقل) کە ژمارەیەکی زۆر لەوەزیر و پیاوانی ئاینی لەلای وەستابوون ...( هرقل) بەوەرگێڕەکەی وت : لێیان بپرسە بزانە کامیان خزمایەتی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەدا کەلافی پێغەمبەرایەتی لێدەدا کەلێیان بپرسین وتم : من ئامۆزای ئەوم ، ئنجا منیان نزیك خستەوە وهاوەڵەکانیان لەپشتەوە وەستان بۆ ئەوەی ئەگەر راستم نەوت بۆم راست بکەنەوە ...

ئەبوسفیان دەڵێ : ئەگەر شەرمی ئەوەم نەکردایە کەهاوەڵەکانم درۆکان بگێڕنەوە و بەدرۆزن ناو دەربکەم ئەوا بەدرۆ وەڵامم دەدایەوە .

هرقل پرسیاری کرد وتی : بنەچە و رەچەڵەکی چۆنە لەناوتانا ؟ وتم : بنەچە و رەچەڵەك و نەسەبێکی بەرزی هەیە ..

وتی : کەس پێش ئەو لەناو ئێوە قسەی وای کردوە ؟ وتم : نەخێر

وتی : کەس لەباوباپیرانی پادشابوون ؟ وتم : نەخێر .

وتی : گەورە و پیاوە دەوڵەمەندەکان دوای دەکەون یان هەژار و بێدەسەڵاتەکان ؟

وتم : هەژار و بێدەسەڵات دوای دەکەون .. وتی : زیاد دەکەن یان کەم دەکەن ؟

وتم : روو لەزیادین ... وتی : ئایا کەسیان لەبەر خراپی و نارازی بوون لە ئاینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە ؟

وتم : نەخێر ...

وتی : ئایا لەوە وپێش درۆتان لێدیوە ؟ وتم : نەخێر.

وتی : ئایا پەیمان شکێنی کردوە ؟ وتم : نەخێر ئێمە ئێستا لەگەڵیا رێکەوتنێکمان گرێداوە نازانین چی تیادەکات و چۆن دەبێت ، دەترسین بیشکێنێ ( تەنها ئەوەندەم بۆ کرا بیڵێم بۆ ئەوەی عەیبداری بکەم ).

وتی : شەڕتان لەگەڵ کردوە ؟ وتم : بەڵێ ...

وتی : شەڕەکانتان چۆن بووە ؟ وتم : هەندێ جار ئەو سەرکەوتووە و هەندێك جار ئێمە ... وتی : فەرمانتان بەچی پێئەدات ؟ وتم : فەرمانمان پێدەدا کە تەنها خواپەرستین و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەین و واز لەڕچەی باوباپیرانمان بهێنین و نوێژ بکەین و راست گۆ و داوێنپاك بین و خزمایەتی بەجێ بهێنین .

ئەبو سفیان دەڵێ : کە ئەوانەم وەڵام دایەوە ، بەوەرگێڕەکەی وت :

من پرسیارم کردلێت لەبارەی بنەچە و رەچەڵەکیەوە ، وتت خاوەن بنەچە و ڕەچەڵەکێکی بەرزە ، پێغەمبەران هەمووان وان ، لێم پرسیت کەلەوەپێش قسەی وای کردوە ، وتت : نەخێر ، منیش وتم ئەگەر لەپێش ئەودا یەکێ لەئێوە ئەم قسەیەی کردبێ ، دەمووت پیاوێکە شوێن قسەیەك کەوتووە کەلەوە و پێش کراوە ...

لێم پرسیت کەلەپێش ئەو قسەیەدا هیچ گومانی درۆتان پێبردوە ، وتت : نەخێر ، منیش وتم : نابێ بەدەم خەڵکەوە درۆنەکات و بەدەم خواوە درۆبکات ... لێم پرسیت باوك و باپیری پادشابوون

، وتت : نەخێر ، منیش وتم : ئەگەر باوك و باپیری پادشابونایە ئەموت داوای موڵکی باوك و باپیری دەکات .

لێم پرسیت کەپیاوی گەورە و ناودار دوای دەکەون یان پیاوی کەم دەسەڵات و هەژار ، وتت هەژار و کەم دەسەڵات دوای دەکەون ، جا شوێن کەوتەی پێغەمبەران ئەو جۆرە کەسانەن ، لێم پرسیت : زیاد دەکەن یان کەم ، وتت : زیاددەکەن ، ئیمانیش وایە هەتا تەواو دەبێ ... لێم پرسیت لەبەرئەوە کەحەز لەدینەکە نەکەن و پێیان ناخۆش بێ ، کەس وازدێنێ ، وتت : نەخێر ئیمانیش وایە کەچووە ناودڵەوە .لێم پرسیت کە پەیمان شکێنی دەکات ، وتت : نەخێر ، پێغەمبەران پەیمان ناشکێنن ، لێم پرسیت : فەرمانتان بەچی پێدەدا ، وتت : فەرمان دەدات بە خواپەرستی و هاوەڵ پەیدا نەکردن بۆی و شوێن نەکەوتنی باوك باپیر و نوێژکردن و راست گۆیی و داوێن پاکی و خزمایەتی ...

جا ئەگەر ئەوانەی وتت راست بن ، ئەوا ئەم جێ پی یەی من دەگرێ و دەبێتە خاوەنی ... وەمن دەمزانی کە پێغەمبەرێك دێت ، بەڵام گومانم نەدەبرد کەلەئێوە بێت ، وە ئەگەر بمزانیایە دەگەمەلای دەچووم بۆ خزمەتی و، ئەگەر لەلای بومایە هەردوو پێم بۆ دەشت و خزمەتکاریم بۆ دەکرد ...ئەبوسفیان دەڵێ : ئینجا نامەکەی پێغەمبەریان (ﷺ)هێناو خوێندویانەوە کەتیایدا دەفەرموێت : بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، لەمحەمەدەوە بەندە و نێردراوی خوا بۆ (هرقل) ی گەورەی رۆم ، سەلام لەوکەسەبێ کەدوای هیدایەت بکەوێ ، پاشان من بانگت دەکەم بۆ ئیسلامەتی ، موسڵمان ببە سەلامەت دەبی ، موسڵمان ببە خوا دوو پاداشتت دەداتێ ( ئەویش بەوەی کەبڕوای بەعیسا و محمد هێناوە سەلامی خوایان لێبێت) ئەگەر پشتیش هەڵکەی و بڕوانەهێنی گوناهی شوێن کەوتوانیش بەملی تۆیە .

﴿ قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ (٦٤)﴾آل عمران .

ئەبوسفیان دەڵێ : کەقسەکەی (هرقل) تەواوبوو گەورە پیاوانی دەوری کردیان بەهەرا و غەڵبە غەڵب ، ئێمەیان کردە دەرەوە و نەمزانی چی دەڵێن ، لەدەرەوە بەهاوەڵەکانم وت: بەخوا ئیشی محەمەد گەورەبووە ، ئەوە پاشای رۆمە لێی دەترسێ .

ئینجا ئەبوسفیان دەڵێ : بەخوا من هەر زەلیل بووم ، لیّم یەقین بوو کە ئیشی محەمەد هەر سەردەکەوێ ، هەتا خوا ئیسلامەتی خستە دڵمەوە .

جارێکی دیکە (هرقل) گەورە پیاوانی لەکۆشکەکەی لە(حمص) کۆدەکاتەوە و دەرگایان لەسەر دادەخات و خۆی دەچێتە سەر شوێنێکی بەرز و پێیان دەڵێ ئەی کۆمەڵی رۆم ، ئەگەر دەتانەوێ سەرفرازبن و بێنە سەر رێی راست و موڵکتان بمێنێ ، ئەوە بڕوا بەو پێغەمبەرە بکەن ... هەموویان شێت گیر بوون و بوو بەهەرا و هوریا ... کە هرقل زانی دەست بەرداری گاورێتی نابن و عەقڵیان هەق و راستی نابڕێ ، ناچار قسەکەی گۆڕی و وتی : من ویستومە ئیمان و بڕواکەتان تاقیبکەمەوە بزانم چەندە سورن لەسەر ئاینەکەتان ( ئەمەش بۆ ئەوەی شۆڕش نەکەن بەسەریدا و موڵکەکەی لەدەست نەچێ ) لەم ڕووداوەوە بەچاکی خۆشەویست و بەڵگە ڕوونەکانی پێغەمبەریەکەی تێدەگەین و هیچ گومانێ نامێنێ لەسەر راست و دروستی بەرنامەکەی هەزاران درودوسڵاوتی لەسەربێ ...

**( ١٣١ ) با پێغەمبەری خوا باشتر بناسین :**

خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ ان الله و ملائکته یُصلون علی النبي * یا أیها الذین امنوا صلوا علیه و سلموا تسلیماً ﴾ الاحزاب : **٥٦**

واتە : خوای پەروەردگار بەردەوام رەحمەت و بەرەکەت دەبارێنێ بەسەر خۆشەویستدا و مەلائیکەتەکانیش بەردەوام داوای پایە بەرزی و دابەزینی رەحمەت دەکەن بۆ سەرگیانی سەرداری پێغەمبەران ، ئێوەش ئەی بڕواداران درودوسڵاوات داواکەن بۆ سەرگیانی پێغەمبەر .

(یصلون) (مضارع) ە و پلە و پایە بەرزی خۆشەویست نیشان دەدات لای خوا ، حا بۆ ئەوەی لەوپلە و پایەیە تێ بگەین ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو :

١ ــ لەقورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار بەناوی خۆیەوە بانگی نەکردووە بەڵکو بەناز ناوی پێغەمبەرایەتی یەوە ناوی بردووە ، کە دەفەرموێ : ﴿ یا ایها الرسول ، یا ایها النبي ﴾ وەك لەم دوو ئایەتەدا هاتووە : ﴿ یا ایها الرسول بلغ ما انزل الیك من ربك ﴾ المائدة /٦٧ وە ﴿ یا ایها النبي حسبك الله ومن اتبعك من المؤمنین ﴾ ٦٤ / الانفال .

٢ ــ خوای پەروەردگار داوا لەموسڵمانان دەکات کە دەنگ بەرزنەکەنەوە لەخزمەتیا و بەناوی خۆیەوە بانگی نەکەن : ﴿ لا تجعلوا دعاء الرسول بینکم کدعاء بعضکم بعضاً ﴾ وە ﴿ لا ترفعوا اصواتکم فوق صوت النبي ولا تجهروا له بالقول کجهر بعضکم لبعض أن تحبط أعمالکم و أنتم لا تشعرون ﴾ الحجرات .

٣ ـ پێغەمبەری خوا وەك خۆرە و هاوەڵانیشی وەك ئەستێرەن و هەمووان ڕووناکی لەوەوە وەردەگرن ﴿ وداعیاً الی الله باذنه و سراجاً منیراً ﴾ الاحزاب /٤٦ مەحوی شاعیریش لەم بارەیەوە دەڵێ :

بەنوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون

غەریبی تازە هاتوو دەیووت : ئەم پێغەمبەرستانە !

٤ــ خوای پەروەردگار ئەمەندە دڵی پێغەمبەر (ﷺ)ڕادەگرێت ، کەمەسەلەی (التبنی) هەڵدەوەشێنێتەوە زۆر بەناسکی پێی دەفەرموێت : تۆ کەزەیدت کرد بەکوڕی خۆت ، کارێکی هەق و عەدل بوو ، چونکە ئەوتۆی دانا لەجێی باوك و دایك و گشت کەسوکاری ، بەلاٚم لەوە عەدالەتتر و هەقتر ئەوەیە کە هەرکەس بەناوی باوکی خۆیەوە بانگ بکرێت ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ ادعوهم لاباءهم هو أقسط عند الله ﴾ الاحزاب : ٥ واتە : بەناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن ، ئەوە (أقسط) ە لای خوا ، هەرچەندە ئەوەی تۆش کردوەتە (قسط) ە .

٥ ــ پێغەمبەر (ﷺ)یەکەم کەسە کەبەسەر پردی (صراط) دا دەپەڕێتەوە ، وە بەدواشیدا ئوممەتەکەی دەپەڕنەوە هەروەك دەفەرموێت : ﴿ فاکون اول من یجیز من الرسل بأمته ﴾ بخاری ، هەروەها یەکەم کەسە کەلە دەرگای بەهەشت دەدات و بۆی دەکرێتەوە و دەچێتە ژوورەوە ﴿ انا اول من یقرع باب الجنة ﴾ وە دەفەرموێ : ﴿ آتي باب الجنة یوم القیامة فاستفتح ، فیقول الخازن : من أنت ؟ فاقول : محمد ، فیقول : بك أُمرت ، لا افتح لاحد قبلك ﴾ موسلیم .

٦ ــ پێغەمبەر کوڕەکانی هەر بەمنداڵی مردوون ، ئەمەش قەدەری خوابوو ، وە تەصدیقی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ ما كان محمد ابا احد من رجالكم ولكن رسول الله و خاتم النبيين ﴾ الاحزاب واتە : محمد باوکی هیچ پیاوێکتان نی یە ، بەڵکو فرستادەی خوایە و دواهەمین پێغەمبەرە ، جا لەگەڵ ئەوەدا کە بە (نسب) باوکی هیچ پیاوێك نی یە ، لەپێش باوك و دایك و گشت کەس و کارەوەیە بۆ موسڵمانان ، هەر لەبەر ئەوەش بوو رۆژانە هاوەڵان چەند جار خۆیان و دایك و باوکیان دەکرد بەقوربانی و دەیان وت : ﴿ فداك ابى وامى يارسول الله ﴾ وە ئەو نورەیان خۆش دەویست لەدنیادا و خەمی ئەوەیان بوو چۆن لەقیامەتا ببینن و لەخزمەتیابن .

٧ ــ پێغەمبەر (ﷺ)بەشەوقەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە کە براو خوشکەکانی ببینێ ، رۆژێك چوە سەر گۆڕستانی بەقیع و فەرمووی : ﴿ سلاوتان لێ بێ ، دانیشتوانی شاری خامۆشان ، ئەو بڕوادارانەی لەم گۆڕستانەدا سەرتان ناوەتەوە ، ئێمەش خوا حەزکات دەگەینەوە پێتان ، خۆزگە براکانی خۆمان دەبینی ، هاوەڵان وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا بۆ ئێمە برات نین ؟ فەرموی : ئێوە هاوەڵی منن ، براکانمان ئەوانەن کە دوای ئێمە دێن و بەشوێنی دەستنوێژەکەیاندا دەیانناسمەوە لەقیامەتدا ... ﴾

٨ ــ پێغەمبەر (ﷺ)یەکێکە لەخاوەن (عەزمەکان) وەزۆرترین شوێن کەوتووی دەبێت لەقیامەتدا ، هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە دەزانن کە پێغەمبەری خوایە ، تەنها سەرپێچی کەرانی ئینس و جین نەبێت ...

پێغەمبەر (ﷺ)دڵ و دەروونی بەهەق و راستی ئاودرابوو ، ئەوەی دەیەفەرموو لەدڵەوە بوو ، لەهەموو کەسیش زیاتر پابەندبوو بەهەق و راستی یەوە ، بۆیە کەفەرمایشتێکی دەفەرموو دڵ و دەروونی دەهەژاند و گەورەترین کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروست دەکرد ، نەك هەر ئادەمی بەڵکو دار و بەدریش لەخزمەتیا دەلەرزین ، هەروەك ئیمامی موسلیم و بوخاری بۆمان دەگێڕنەوە و دەڵێن : ﴿ خۆشەویست لەسەر مینبەرەکەی کەسێ پلەی تەختەبوو باسی گەورەیی خوای دەکرد و ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿ وما قدروا الله حق قدره ، و الارض جميعاً قبضته يوم القيامة و السماوات مطويات بيمينه سبحانه و تعالى عما يشركون ﴾ ئینجا فەرمووی : خوا دەفەرموێ : ﴿ انا الجبار ، أنا المتكبر ، انا المتعال ، أنا العزيز ، أنا الكريم يمجد نفسه ﴾ خۆشەویست ئەمەی چەند جار

دووبارەکردەوە ، مینبەرەکەی ژێر پێی کەوتە لەرزین ، هاوەڵان ترسان کە خۆشەویست بەلادابێت و بکەوێتە خوارەوە .

٩ ــ ئیمامی مالیك بەبێ دەستنوێژ یان بەپێوە فەرمایشتی پێغەمبەری (ﷺ)نەدەگێڕایەوە ، کەلەم بارەیەوە پرسیاریان لێکرد : وتی : من جەعفەری کوری محمدم بینیوە ، زۆر قسە خۆش و دەم بەپێکەنین بوو ، کاتێ باسی خۆشەویست بکرایە (ﷺ)ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا و دڵی پڕدەبوو لەگریان لەخۆشەویستی و شەوقی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)،جامنیش ئەوم کردووە بەسەر مەشقی خۆم.

دەڵێن ئیمام مالیك هەموو شەوێك خەوی بەخۆشەویستەوە بینیوە ...

١٠ ــ پیاوێك دێتە لای زانایەکی خواناس و پێی دەڵێ حەزدەکەم خەوبینینم بەخۆشەویستەوە ئەویش پێی دەڵێ : ئاسانە سبەینێ بە ڕۆژوو بە ، کە ئێوارە بەربانگت کردەوە نان بخۆ بەڵام چەند دەتوانی ئاو مەخۆرەوە ، ئەویش بەگوێی دەکات و ڕۆژێکی گەرم دەبێت ، ڕۆژوو دەگرێت و ئێوارەش نان دەخوات و ئاو ناخواتەوە ، پاشان کە دەنوێت ، چەند جارێك خەو بەئاوەوە دەبینێ و دادەچڵەکێ ، بەیانی دێتەوە لای زاناکە و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ، ئەویش پێی دەڵێ : ویستم تێ بگەیت کە هەر کاتێ وەك چۆن دڵت لای ئاوە و خەوی پێوە دەبینی ، دڵت لای خۆشەویست بێ و خەمی بینینت بێت ، وەك ئاوەکە لە خەودا بەخزمەتی دەگەیت ...

١١ ـ خۆشەویست (ﷺ)لەهەموو کەس باشتر لەقورئان و ڕێنماییەکانی تێگەیشتووە و لەهەموو کەس زیاتر یادی خوای کردوە ، جا کاتێ قورئان دەفەرمویێ : ﴿ لتستوا علی ظهوره ثم تذکروا نعمة ربکم اذا استویم علیه وتقولوا سبحان الذي سخر لنا هذا وما کنا له مقرنین وانا الی ربنا لمنقلبون ﴾ الزخرف : ١٤

ئەویش لەئەنجامی ئەم ڕێنماییەوە لەکاتی سەفەرکردندا کە سواری حوشترەکەی دەبوو سێجار الله اکبری دەکرد و ئینجا دەیفەرموو : ﴿ سبحان الذي سخر لنا هذا وما کنا له مقرنین ، وانا الی ربنا لمنقلبون ، اللهم انا نسألك في سفرنا هذا البر و التقوی ، ومن العمل ما ترضی ، اللهم هون علینا سفرنا هذا واطو عنا بعده ، اللهم انت الصاحب في السفر و الخلیفة في الاهل ، اللهم اني اعوذبك من وعثاء السفر ، وکآبة المنظر ، وسوء المنقلب في الأهل و المال و الولد ﴾ .

ئەگەر سەرنجی ئەم دوعایە بدەین دەبینین :

ا ــ جێبەجێ کردنی فەرمانی پەروەردگارە :

ب ــ لەکاتی هەموو سەفەرێك ، سەفەری قیامەت بیری مرۆڤ دەخاتەوە ، بەوەی کە دەڵێ : ﴿ وانا الى ربنا لمنقلبون ﴾ .

ج ــ هەستکردن بەبوونی پەروەردگار لەگەڵ بڕواداران لەکاتی سەفەردا ﴿ اللهم انت الصاحب فى السفر ﴾ ئەمەش مرۆڤ بەرەو پلەی (احسان) دەبات کە بزانێ پەروەردگار هاوەڵ و هاودەمێتی و لەرەگی لاملی لێی نزیك ترە ...

د ــ کەسوکار و ماڵ و منداڵ دەداتە دەست خوا چونکە ئەو ﴿ الخليفة في الاهل ﴾ ە وە چاکترین کەسە ئەو ئەمانەتەی پێ دەسپێرێ ..

و ــ تێگەیشتن لەوەی کە ئەگەر رامکردنی خوا نەبێ بۆ مرۆڤ هەرگیز نەیدەتوانی سوود لەهۆکانی گەیاندن وەرگرێ ، وەك ولاَخ و کەشتی ... هتد .. بۆیە دەڵێ:﴿سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين ﴾ .

هـــ ــ هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسەفەرمان هەردەم بۆ کاری خێر بێ و پاشان داوابکەین لەخوا کە هاوکاریمان بکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارەخێرانە ﴿ اللهم انا نسألك في سفرنا هذا البر و التقوى ومن العمل ماترضى ﴾ .

جا کاتێك دەگەڕایەوە لەسەفەر ئەم چەند وشەیەشی بۆ زیاد دەکردو دەیفەرموو : ﴿آيبون تائبون عابدون لربنا حامدون ﴾ بەمەش گەڕانەوە لەسەفەر دەبەستێتەوە بەگەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە لەگوناه و سوپاسی پەروەردگار دەکات ...

کە دەگەیشتە ماڵیشەوە دەیەفەرموو : ﴿ توباً توباً ، لربنا اوباً ، لايغادر علينا حوباً ﴾ ئیمام ئەحمەد گێڕاویەتیەوە / پەشیمانین پەشیمانین لەهەموو گوناهێك بۆلای پەروەردگار دەگەڕێینەوە ، گەڕانەوە و پەشیمانیەك کە هیچ گوناهێك نەهێڵێتەوە .

خوای گەورە فەرمانی داوە بەخۆشەویست کەیادی بکات بۆیە دەبینین ئاوا لەهەموو موناسەبەیەکدا دەم بەوویرد و دوعا بووە و هەمیشە دەمی پیرۆزی پارا و بووە بەیادی خوا کە بەڕاستی هەقە چاوی لێبکەین ...

١٢ ــ پێغەمبەر (ﷺ)دوعای قبوڵ بووە و ئەمەش بەئاشکرا هاوەڵان بینیویانە ، بۆ نموونە خەڵکی مەدینە تووشی قات و قڕی بوون ، ڕۆژێکی هەینی کە خۆشەویست (ﷺ)وتاری دەدا پیاوێك هەستا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئاژەڵ و مالات و ولاخ قڕبوون لەبەربێ بارانی ، دەی لەخوا بپاڕێرەوە کە بارانمان بۆ ببارێنێ ، پێغەمبەریش (ﷺ)هەردوو دەستی بەرزکردەوە و کەوتە پاڕانەوە ، ئەنەس دەڵێ : بایەك هەڵیکرد و هەورێکی هێنا و بەرەبەرە هەوری تر هات و باران بەلێزمە دایکرد و کە گەڕاینەوە بەناو شەپۆلی ئاودا دەڕۆیشتین ئیتر هەتا هەینی داهاتوو بەردەوام بارانمان بۆ باری ، لەکاتی نوێژی هەینی داهاتوودا هەمان پیاو هەستایەوە و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، خانوو ماڵ ڕوخا و ڕێگەوبان بڕا ، ئەوەندە باران باری لەخوا بپاڕێرەوە کە ئیتر نەبارێت ، پێغەمبەر (ﷺ)زەردەخەنە یەك گرتی و فەرمووی ﴿ خوایە بەدەورمانا بیبارێنە ، نەوەك بەسەرمانا ، ئەنەس دەڵێ : تەماشام کرد گورج هەروەکە لەئاسمانی مەدینە ڕەویەوە و وەك بازنە لەئاستی مەدینەدا خەرمانیدا ﴾ بوخاری و موسلیم.

**( ١٣٢ ) بەرەو دڵنیایی :**

ڕۆیشتن بەرەو دڵنیایی و چارەسەری گومان و دوو دڵی یەکان مەسەلەیەکی گرنگە و کاری لەسەر کراوە هەروەك دەفەرموێت : :

ا ــ ﴿ انما المؤمنون الذين امنوا بالله ورسوله ثم لم يرتابوا و جاهَدوا باموالهم و أنفسهم في سبيل الله اولئك هم الصادقون ﴾ الحجرات : ١٥

واتە : بڕوادارانی ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کەباوەڕیان هێناوە بەخوا و پێغەمبەرەکەی، ئینجا پاش ئەو ئیمان و باوەڕەیان گومان و دوو دڵیان نەبووە و تێکۆشان بەسەر و بەماڵ لەڕێی خوادا .

بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی کەنەخۆشی گومان و ڕاڕایيان هەیە خۆیان لەهەوڵ و تێکۆشان دەدزنەوە :

﴿ انما يستاذنك الذين لايؤمنون بالله و اليوم الآخر و ارتابت قلوبهم فهم في ريبهم يترددون ﴾ التوبة : ٤٥ واتە : ئەوانەی بڕوایان بەخوا و بەرۆژی دوایی نییە ، داوای مۆڵەت دەکەن تا نەچن بۆ غەزا ، ئەوانە دڵیان دانەمەزراوە و لەگومان و دوودڵی و ڕاڕایی دان .

ب ــ قورئانی پیرۆز لەچەندەها ئایەتدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئەم پەڕاوەی خواناردویەتی هیچ گومانێکی تیا نیە ﴿ ذلك الكتاب لاريب فيه ، هدى للمتقين ﴾ البقرة : ٢ هەروەها جەخت دەکاتە سەر هاتنی قیامەت و دەفەرموێ : ﴿ ليعلموا أن وعد الله حق وأن الساعة لاريب فيها ﴾ الكهف : ٢١

ج ــ بۆ ئەوەی مرۆڤ گومانی لەزیندوبونەوەدا نەبێت باسەیری دروست بوونی خۆی بکات ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ يا ايها الناس ان كنتم في ريب من البعث ، فانا خلقناكم من تراب ، ثم من نطفة ثم من علقة ، ثم من مضغة مُخَلقة و غيرِ مُخَلَقة لنبين لكم﴾ الحج : ٥

ئینجا قورئان دێتە سەرباسی باران بارین و ، سەوزبوون و بوژانەوەی زەوی پاش ئەوەی کەوشك و برنگ و خامۆشە و ئەویش دەکاتە بەڵگە لەسەر زیندوبوونەوە ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنْزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ (٥) ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ (٧)﴾ الحج .

**( ١٣٣ ) بەڵگە و ( بورهان ) لەخواوەیە :**

قورئان دەفەرموێت : ﴿ يا ايها الناس قد جاءكم برهان من ربكم وأنزلنا اليكم نوراً مبيناً ، فاما الذين امنوا بالله و اعتصموا به فسيدخلهم في رحمة منه و فضل و يهديهم اليه صراطاً مستقيماً ﴾ النساء : ١٧٥ واتە : ئەی خەڵكینە بێگومان لەلایەن خواوە بەڵگە و نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووە ( کە محمد (ﷺ)و موعجیزاتەکانیەتی ) وە ناردومانە نامەیەك وەك خۆر رووناکی دەبەخشێ و ڕوون و ئاشکرا و دیارە ، جا ئەوانەوی بڕوایان بەخوا هێناوە و دەستیان بەقورئانەوە گرتووە ، لەرۆژی دوایىدا خوا دەیانخاتە بەهەشتەوە و ناز و نیعمەتی زۆریان بەسەرا دەرِێژێ و شارەزای ری یەکی راستیان دەکات بۆ ئەوەی بگەن بەپاداشتی نەبڕاوەی خۆی .

مەسەلەی بەڵگە و بورهان گرنگە ، قورئان داوا لەکافرەکان دەکات کە ئەگەر ڕاست دەکەن بابەڵگەکانیان بهێنن لەبارەی ئەوشتانەی کە دەیانکەن بەهاوەڵی خوا ، خۆ نەدەتوانن هیچ دروست بکەن و نەدەتوانن هیچ بمرێنن و زیندوی بکەنەوە و ، وە نەدەتوانن رزق و رۆزی کەس دابین بکەن

﴿ امن يبدؤا الخلق ثم يعيده ، ومن يرزقكم من السماء و الارض االه مع الله ؟ قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين ﴾ النحل : ٦٤

جوولـەکەکانیش دەیان وت : ئەوەی جوولـەکە نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە ، گاورەکانیش دەیان وت : ئەوەی گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە ، قورئانیش دفەرموێ : ئەوەی دەیلێن قسەیە و ئەگەر راست دەکەن بەڵگە بهێنن بۆ سەلماندنی قسەکەتان :﴿وقالوا : لن يَدخُل الجنة الا مَن كان هوداً أو نصارى ، تلك امانيُهم قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين ﴾ البقرة : ١١١

قورئان ئەو پەڕاوەیە کە هەرگیز موعجیزاتی تەواو نابێ ، دارِشتنی ئایەتەکانی بەوپەڕی بەلاغەت و رەوانبێژیەوەیە ، کەهەمیشە بۆتە هۆی موسڵمان بوونی گەورە شاعیران لـەکۆن و نوێدا .

لـەزەمانی نەفامیدا یەکێك لـەوشاعیرانەی کە هۆنراوەیان لـەبەر بەپیزی بەدیواری کەعەبدا هەلواسرا ( لبیدی کوری رەبیعە) بوو ، پاش ئەوەی موسڵمان بوو وەجوانی قورئان و رەوان بێژیەکەی کاریان تێکرد ، تەنهایەك دێڕ هۆنراوەی ووت کە دەڵێت :

الحمد لله اذ لم يأتيني أجلي حتى كساني من الاسلام سربالاً

رۆژێك عومەری کوڕی خەتاب پێی فەرموو : ئەی باوکی عەقیل ، هەندێ هۆنراوەی خۆتم و بۆ بڵێ : ئەویش چەند ئایەتێکی سورەتی (البقرە) ی بۆ خوێندەوە ووتی : هۆنراوە ناڵێم پاش ئەوەی خوای گەورە فێری سورەتی (البقرە) و (ال عمران ) ی کردم .

( ١٣٤ ) **قورئان و تەورات و ئینجیل :**

قورئان هەڵـە و بۆچوونە دەست کاری کراوەکانی تەورات و ئینجیلی راستدەکردەوە ، کەبەدرێژایی چەندەها سەدە لـەوەوبەر خرابوونە ئەو پەڕاوانەوە ، وە ژیاننامەی پێغەمبەران و گەلـەکانیان باس دەکات بەجۆرێك کەتەنها لـەعیلمی خوادا هەیە و کەس پێشتر نەیزانیوە هەروەك دەفەرموێت :

﴿ تلك من أنباء الغيب نوحيه اليك ما كنتَ تعلمُها أنت ولا قومك من قبل هذا ، فاصبر ان العاقبة للمتقين ﴾ هود : ٤٩ واتە : ئەم دەنگ و باسانە غەیبین و بەسروش بۆت دەنێرین ، نەخۆت و نەگەلـەت پێشتر نەتان دەزانی ، بۆیە ئارام بگرە بەراستی پاشە رۆژ و سەرکەوتن بۆ پارێزکارانە ، ئەم

ئایەتە موعجیزەیەکی گەورەیە و تۆمارکراوە وشەو رۆژ دەخوێنرا ، ئەگەر وانەبوایە خەڵکانێکی زۆر لەئەهلی کتاب و کافرەکانیتر دەهاتن و دەیان ووت : نەخێر وانی یە ، ئێمە ئەم چیرۆکانەمان بیستووە ، کەچی کەس نەبووبێ (اعتراض) ی هەبێ ..

نموونەش زۆرە بۆ راست کردنەوەکانی قورئان ، کەبیر و بۆچوونی ئەهلی کتابی راست کردۆتەوە لەوانە :

١ ــ ئەهلی کتاب هەندێکیان وایان تصور دەکرد کە یەکێك گوناهەکانیان هەڵدەگرێ و لەکۆڵ ئەمان دەکەوێ ، وەدەیان ووت کە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە گوناهکارە و مەسیح سەلامی خوای لێ بێ بەلەسێدارەدانی ئەو گوناهانەی لەکۆڵ مرۆڤایەتی کردۆتەوە ، قورئان کە فەرموودەی خوای پەروەردگارە ئەم بیر و بۆچوونە هەڵەیە راست دەکاتەوە و دەفەرموێ : ﴿ ليس بامانيكم ولا اماني اهل الكتاب من يعمل سوءاً يُجزَ به ﴾ النساء :١٣٢.

هەروەها جولەکەکان بوختانیان بۆ مریم دەکرد و بەداوێن پیسی تاوانباریان دەکرد ، قورئان وەڵامیان دەداتەوە و بەرگری لەداوێن پاکی (مریم) دەکات و دەفەرموێ ئەوەی ئێوە بە(مریم) ی دەڵێن بوختانێکی گەورەیە ﴿ وبكفرهم و قولهم على مريم بهتاناً عظيماً ﴾ النساء : ١٥٦ .

ئەو پەڕاوە کۆنانە خوا پاراستنیانی دابووە دەست مرۆڤەکان و ئەوانیش بۆیان نەپارێزرا هەروەك دەفەرمووێ : ﴿ بما استُحفِظوا من كتاب الله وكانوا عليه شهداء ﴾ المائدة : ٤٤ بۆیە دەستکاری و گۆڕانکاری ئێجگار زۆر دەبینرێ تیایاندا تا ئەگاتە پلەیەك کەشتی نابەجێ و نالائیق دەخەنە پاڵ پێغەمبەران ، کەدیارە ئەوان سەلامی خوایان لێ بێت (معصومن) بۆ نموونە داوێن پیسی و زینا دەدەنە پاڵ داود ( سەلامی خوای لەسەر ) کە ئەمەش بوختانێکی گەورەیە .

دیسان دروست کردنی گوێرەکەکە و پەرستنەکەی دەدەنە پاڵ هارون سەلامی خوای لێبێ ، قورئان ئەمە راست دەکاتەوە دەفەرموێت : ﴿ ولقد قال لهم هارون من قبل يا قوم انما فُتِنتم به ، وان ربكم الرحمن فاتبعون و أطيعوا امري ﴾ طه : ٩٠ واتە : هارون لەوەو پێش پێی فەرموون گەلەکەم ئێوە بەراستی بەم گوێرەکەیەی کەلە ئاڵتونە و سامری بۆی دروست کردون ، تووشی فیتنە و تاقی کردنەوە بوون ، وەبەڕاستی پەروەردگارتان میهرەبانە ، بۆیە تەنها دوای من بکەون و گوێرایەڵی فەرمانم بن ، تاوەکو موساش دەگەڕێتەوە .

بەڵێ قورئان (مهيمن) و باڵا دەستە بەسەر ئەو پەڕاوانەدا و نەك هەرهیچی لێ‌وەر نەگرتوون بەڵكو هەڵەو كەم و كورتی و دەستكاری كردن و گۆڕینەكانیشیان بۆ ڕاست دەكاتەوە : ﴿ وانزلنا اليك الكتاب بالحق مصدقاً لما بين يديه من الكتاب و مهيمناً عليه فاحكم بينهم بما انزل الله ، ولا تتبع أهواءهم عما جاءك من الحق ﴾ المائدة : ٤٨ .

خوای پەروەردگار ئاگای لەهەموو نهێنیەكانی بوونەوەرە ، بۆیە دەتوانێ ئەو ڕووداوە مێژووییانەی كە هەزاران ساڵ پێش خۆشەویست (ﷺ)ڕویان داوە ڕاستی بكاتەوە و ئەوەش كەڕاستە (تصديق) ی بكات ، یەكێ لەو (تصديق) كردنانەش ئەم ئایەتەیە كەدەفەرموێت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٤٥) ﴾ المائدة :واتە:لەتەوراتدا نووسیمان و پێویستمان كرد لەسەریان كەرهەكەسێك بەناهەق و بەئەنقەست یەكێ بكوژێ ئەكوژرێتەوە لەجیاتی ، چاو لەجیاتی چاو ، لووت لەجیاتی لووت ، گوێچكە لەجیاتی گوێچكە ، دان لەجیاتی دان واتە ئەم ئەنەندامانە ئەگەر زیانیان پێ بگەیەنرێ بەهەمان شێوەی خۆی سزا لەتاوانبار دەسێنرێ ، زامەكانیش تۆڵەیان زامكردنی دەست درێژی كارانە بەوێنەی كردەوەكەی خۆیان جا هەركەسێكیش چاكە بكات و لەتاوانبارەكە ببورێ ئەوا دەبێتە مایەی كەفارەتی گوناهی و پەروەردگار لەخراپەكانی خۆش دەبێ.

ئەم ڕاستی یە و ئەم فەرمانە خواییە ، تا ئێستا لەتەوراتدا وەك خۆی ماوە ، كە ئەمەش موعجیزەیە ، چونكە ئەهلی كتاب حەزیان نەدەكرد پەڕاوەكانیان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و دەیان ویست هەر خۆیان بیزانن و زاناكانیان شارەزابن تیایدا ، بۆیە تا سەردەمی ئیمامی غەزالیش واتە تا دوای چەند سەدەیەكیش لەدوای زەمانی پێغەمبەر (ﷺ)ئینجا وەرگێردرانە سەر زمانی عەربی ، ئەوكاتەش بەدەگمەن دەست دەكەوتن ئینجا ماوەتەوە بڵێین ، خوا نەبێ كێ بەمحمدی فەرموو (ﷺ)كە ئەو فەرمانە لەتەوراتدایە ، دەقەكەی ناو تەوراتیش بەم جۆرەیە ﴿ من ضرب انساناً فمات يقتل قتلاً ، ومن ضرب ابوه وامه يقتل قتلاً وان حصلت اذية تعطي نفساً بنفس و عيناً بعين و سناً بسن و يداً بيد ورجلاً برجل و كيا بكي وجرحاً بجرح و رضا برض ﴾ اصحاح ٢١ من سفر الخروج .

**( ١٣٥ ) دۆزینەوەكانیش شایەتی دەدەن :**

ماموستا عەقاد لەپەڕاوی (مطلع النور) دەڵێ : لەمێژووی بطلیموس دا باسی گەلی عاد و ثمود کراوە ، وەناوی عاد وشەی (ارم) ی لەگەڵدا هاتووە لەپەڕاوەکانی یۆنانیەکاندا ، وە بە وشەی (ادرامیت) ناویان دەبردن بەزمانەکەی خۆیان کە ئەمیش شایەتیە بۆ قورئان کە بەهەق وشەی (ارم) ی لەگەڵ ( عاد) دا بەکارهێناوە ، وە هەروەها شوێنەوارناس (موزیل التشییکی ) خاوەنی پەڕاوی (الحجاز الشمالی) پەیکەرێکی لەلایی (مدین) دۆزیەوە کەبەزمانی (نبطي) و (یۆنان) ی باسی هۆزەکانی ثمودی لەسەر هەڵکۆڵدراوە ، وەباسی ئەبرەهەش کە قورئان ئایەتی لەسەر نارده خوارەوە لەسەر دیوارە رووخاوەکانی (سد المأرب) دۆزایەوە کە بە ئەمیری حەبەشە ناوبراوە ).

قورئانیش لەسورەتی فجردا دەفەرموێ : ﴿ الم کیف فعل ربك بعاد ، ارم ذات العماد التي لم يُخلَق مثلها في البلاد ، وثمودَ الذين جابوا الصخرَ بالواد ﴾ الفجر :٩ واته : ئایا نەتزانیوە بەزانینێ وەك بینین ، کەپەروەردگارت چۆنی کرد بە ( عاد) وچی بەسەرهێنان ؟ ئەم گەلی ( ارم) ە کەلە نیوە دوورگەی عەرەبدا خاوەنی خێوەتگا و هێزی زۆر بوون بەجۆرێك کەلەوێنەیان دروست نەکراوە لەولاٚتانا تا ئەو چەرخ و سەردەمە ! وە (ثمود) ئایانەتزانیوە خوای تۆچی پێکردن ، لە(حجر) لەناوەندی حیجاز و شامدا دەژیان و شاخیان دەبڕی و دایان دەتاشی بۆ خانوو ( ئەم شاخ کون کردن و هەڵکۆڵینەش وورده وورده دۆزراوەتەوە ) ل ٢٥٠ الرسول / سعید حوی .

بەڵێ ... قورئانی پیرۆز زۆر بەووردی باسی دەسەلاٚت و توانایان دەکات بەتایبەت (عاد) کەکەس لەپێش ئەواندا ئاوا بەدەسەلاٚت نەبوون ، وە(ثمود) یش کە چۆن شاخیان داهێناوە و هەڵیان کۆڵیوە و خانوویان تیا دروست کردوە کە ئەمە لەزەمانی زوودا لای هەندێ گەل باوبووە ، ئەم زانیاری یە مێژووییانە مەگەر هەر لەعیلمی خوادا بێت ..

هەروەها قورئان باس لەپادشای ( سبأ) دەکات لەسەردەمی سولەیمان دا کە چۆن خۆی و گەلەکەی خۆریان پەرستووە و پاشان هاتنەلای سولەیمان و موسڵمان بوون ، لە ساڵانی هەشتاکاندا پاشماوەی دێرینی کۆشکی پادشا دۆزراوەتەوە و لەدووری هەزار مەتریشەوە پەرستگا دۆزراوەتەوە کە خۆریان تیا پەرستووە ، ئەمەش هەر موعجیزەیە ، ئەگینا خوا نەبێ کێ ئەو وردەکاری یە دەزانێ لەبارەی ئەوگەلەوە، ئەوەتا قورئان دەفەرموێ لەسەر زمانی هودهود ﴿ إِنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ (٢٣) وَجَدْتُهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ (٢٤) ﴾ النمل .

**( ١٣٦ ) ئەو وشانەی کە قورئان بەکاریان دەهێنێ :**

هەموو وشەیەك لەقورئاندا بەمەبەست بەکارهاتووە تەنانەت زیادکردنی پیت و کەم کردنی بەووردی حسابی بۆ کراوە بۆ نموونە وشەی (وسواس) دووبارە بوونەوەی (واو ) و (سین) دووبارەبوونەوەی هەوڵی شەیتان پیشان دەدات کە کۆڵ نادات لەوەسووەسە پێکردنی مرۆڤدا ، شایەنی باسیشە ووشەی (وسواس) لەدەنگی بەریەك کەوتنی زێڕ و زیو و خشڵەوە هاتووە کەسەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ و سەرقاڵی دەکات هەروەها وشەی (يَخِصِّمون) کەپیتی (صاد) تیایا دوبارەیە ئەو کێشمەکێش و هەوڵە زۆرەی کافرانمان پیشان ئەدات کەلەدنیادا سەرقاڵی کردوون تا ئەوکاتەی مردن یەخەیان دەگرێت﴿ ما ينظرون الا صيحة واحدة تأخذهم و هم يَخِصِّمون ﴾ يس : ٤٩ هەروەها لەپەڕاوی (الظاهرة القرآنية) ی مالك بن نبی دا هاتووە دەڵێ : لەزمانی میسری کۆندا بەسەرەك وەزیران ، یان سەرۆکی پۆلیس شتێك وتراوە کە ئەگەر وەر بگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی واتە ( عزيز الـه الـشمس ) بەلاَم قورئان کەوەری گێڕاوەتە سەرزمانی عەرەبی و لەسورەتی (يوسف) دا باسی دەکات ، تەنها ووشەی (العزيز) ی هێناوە لەبەر یەکخواناسی (توحيد) وشەی( الـه الـشمس) ی لابردووە ... ئەم راستیەش قەشە (فیگۆرۆ) دۆزیەوە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆرەوە ....لا ١٩٧ / نبوة محمد من الشك الى اليقين ) .

**( ١٣٧ ) زانایان لەخوا دەترسن :**

زانای هەڵکەوتووی هیندی (دکتۆر عناية الله المشرقي) دەڵێ : رۆژێکی یەك شەممە ساڵی ١٩٠٩ ز ، باران و لێزمە بوو بۆ ئێشێك لەماڵەوە هاتمە دەرەوە ، لەرێدا زانای فەلەکی بەناوبانگ (الـسير جيمس جينز) م بینی ، کە مامۆستا بوو لەزانکۆی (کمبردج) دەچوو بۆ کەنیسە و ئینجیلێك و چەترێك لەبن دەستی دابوو ، لێی نیزیك بوومەوە و سەلامم لێکرد ، وەلاَمی نەدامەوە ، جارێکی تر سەلامم لێکردەوە ، لێی پرسیم : چیت لێم دەوێت ؟ وتم : قوربان دووشت یەکەم باران دەبارێ چەترەکەشت لەبن باڵتدایە ، ئەویش پێکەنی و چەترەکەی هەڵدا ، وتم : دووەمیش چی وای لەزانایەکی ناوداری وەك بەرێزتان کردوە بچێ بۆ کەنیسە ؟ بۆ ئەو پرسیارەیان تۆزێك وەستاو ووتی : ئەم ئێوارەیە وەرە بۆ ماڵمان ئەوسا قسەدەکەین .

منیش ئێوارە چوومە ماڵیان و بەدەم چا خواردنەوە کەوتە باسی ئەستێرەکان و گەورەیی بوونەوەر ، بەجۆرێك مووی سەری راست بوو بوونەوە و دەستی دەلەزرین و فرمێسك بەچاوەکانیا

دەهاتە خوارەوە ، پاشان وتی : عنایە الله ، کاتێ سەیری جوانی دروستکراوەکانی خوا دەکەم ، هەموو گیانم دەلەرزێ ، وەکاتێ کڕنۆش بۆ خوا دەبەم و دەڵێم تۆ گەورە و دەسەلاَتداریت ، هەست دەکەم هەموو خانەکانی لەشم دان دەنێن بەوراستیەدا و هەست بەئارامی و دڵنیایی یەکی گەورە دەکەم خۆشیەکم دەست دەکەوێت کە هەزار ئەوەندەی خۆشی خەڵکە .. ئینجا نازانم تێگەیشتیت کە من بۆدەچم بۆ کەنیسە ) منیش وتم : حەز دەکەم بەم بۆنەیەوە ئایەتێکی پەڕاوە پیرۆزەکەی خۆمانت بۆ بخوێنم ، وتی : فەرموو : منیش ئەم ئایەتەم بۆ خوێند : ﴿ ومن الجبال جُدَد بیض وحُمر مختلف ألوانه و غرابیبُ سود ، ومن الناس و الدواب و الانعام مختلف الوانه کذلك انما یخشی الله من عباده العلماءُ ﴾ فاطر :٥٣

(سیر جیمس) بەدەنگی بەرز ووتی : چیت وت ؟ زانایان لەخوا دەترسن ، سەیرە ، زۆر سەیرە ! ئەم شتە من پاش پەنجا ساڵ لێکۆڵینەوەو گەڕان گەیشتوم پێی ، کێ هەیە لەخوا زیاتر ئەم هەواڵەی دابێ بە (محمد) ؟ ئەگەر راستە ئەم ئایەتە لەقورئاندایە ، قەڵەم و کاغەز بهێنە و ئەم شایەتیەی من تۆمار بکە ( قورئان وەحی یە و خوای پەروەردگار ناردویەتی بۆ محمد ) ( پەڕاوی الاسلام یتحدی ) .

**( ١٣٨ ) کەرتبوونی مانگ :**

قورئان لەبارەی کەرت بوونی مانگەوە دەفەرموێت : ﴿ اقتربت الساعة و انشق القمر ، وان یروا آیة یعرضوا ویقولوا سحر مستمر ، وکذبوا و اتبعوا أهواءهم وکل أمر مستقر ﴾ القمر : ٣ واتە : نزیك کەوتەوە قیامەت ، وەلەت بوو مانگ ، وە ئەگەر بێ بڕواکان موعجیزەیەك ببینن رووی لێ وەرئەگێڕن و دەڵێن : ئەمە جادو یەکی هەمیشەیی یە ، بێبڕواکان قسەکانی پێغەمبەریان بەدرۆزانی ، وە دوای هەواو ئارەزووی خۆیان کەوتن ، وە هەموو کارێك سەرەنجامێکی هەیە ) .

بت پەرستەکان هاتنی رۆژی دوایی یان بە دوور و نەگونجاو دا ئەنا ، لەبەر ئەوە داوای نیشانەیەکیان کرد کە ببێتە بەڵگەیەکی رون لەسەر هاتنی ئەو رۆژە ، ئەویش بە ئیزنی خوا ئەو نیشانە گەورەیەی پیشاندان ، کە زۆر بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە ، چونکە هاتنی رۆژی دوایی بەوە دەبێ کە ئەم مانگ و خۆر و ئەستێرانە نەمێنێ و ئەم دنیایە تێك بچێت، دەی ئەو لەت بوونی مانگە نموونەیەك و بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەری .

ئەم ڕووداوە فەرموودەی ( متواتر) ی لەسەرە ، بوخاری لەئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ : ﴿ انشق القمر في عهد رسول الله (د.خ) فرقتين فرقة فوق الجبل و فرقة دونه ، فقال عليه الصلاة و السلام ( اشهدوا ﴾ واتە : مانگ دوو کەرت بوو لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)، بەجۆرێك کەشاخەکە لەنێوانیاندابوو ، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی :سەیرکەن و بەچاوی خۆتان ببینن.

هەروەها ئیمام ئەحمەد دەگێڕێتەوە کە ﴿ انشق القمر على عهد رسول الله (ﷺ)فصار فرقتين ، فرقة على هذا الجبل وفرقة على هذا الجبل ، فقالوا ، سحرنا محمد ، فقالوا ان كان سحرنا فانه لا يتسطيع ان يسحر الناس ﴾ واتە : مانگ دوو لەت بوو لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)دا پارچەیەکی لەسەر ئەم شاخە و پارچەیەکی لەسەر ئەم شاخە ، کافرەکان وتیان : محمد جا دووی لێکردوین ، ئینجا وتیان باپرسیار لەخەڵکی دەرەوەی مەککە بکەین ، بزانین بینویانە ، چونکە (محمد) ئەگەر جادوی لەئێمە کردبێ کەلای وەستاوین ، ناتوانێ جادوو لەخەڵکی دەرەوەی مەککە بکات .

بەڵێ ، پرسیاریان کرد و خەڵکی دەرەوەی مەککەش بینیبویان .

ئەگەر کافرەکان ئەم ڕووداوەیان نەبینیایە و قورئانیش ئاوا بەئاشکرا باسی دەکات و ، شەوو ڕۆژ دەخوێنرا ، ئەوا گەورەترین بەزمیان دەنایەوە و ڕەنگ بوو زۆر لەموسڵمانەکانیش پەشیمان ببونایەتەوە .

خاوەنی پەڕاوی (اظهار الحق) لەپەڕاوی (تأريخ فرشنه ) ەوە بۆمان نەقڵ دەکات کە گوایە خەڵکی (مليبار) لەهیندستان ئەو ڕووداوی مانگ لەت بوونەیان بینوە .

ئیبن و تەیمیەش دەڵێ : (هەندێ ڕێبوار کەسەردانی هیندیان کردبوو ، بۆیان باسکردم کەبینایەکی کۆنیان بینیوە لەهیندستان ، لەسەری نوسراوە لەشەوی مانگ کەرت بوونەکەدا دروست کراوە ) .

خوای پەروەردگار لەبارەی قورئانەوە دەفەرموێت : ﴿ وانه لكتاب عزيز ، لاياتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه تنزيل من حكيم حميد ﴾ فصلت : ٤٢ واتە : ئەو قورئانە پەڕاوێکی گەورە و دەسەڵاتدار و عەزیزە ، ئەوەی باسی دەکات ، هیچ گومانێکی تیا نییە ، لەخوایەکی کار دروستی سوپاسکراوەوە هاتووە ) .

دکتۆر عەبدول مەجید زندانی سەرۆکی زانکۆی ئیمان لەیەمەن دەڵێ :

( لەگەڵ رۆژهەلأت ناسێکدا باسی لەت بوونی مانگمان کرد ، ووتی : باشە بەڵگەت چی یە ؟ وتم : ئەگەر ئەوەی قورئان تۆماری کردووە لەسورەتی (القمر) دا وەها نەبوایە ، کافرەکان دنیایان پڕەکرد دژی پێغەمبەر (ﷺ)بەلأم هیچیان پێنەکرا ، ئەوەنەبێ کەوتیان ئەمە جادوە و محمد جادوی لێکردوین ، هەروەها پاشگەز نەبوونەوەی موسڵمانان و بەردەوام موسڵمان بوونی کەسانی دیکە گەورەترین بەڵگەن لەسەر ئەم راستیە .

وتی : باشە کێ دەڵێ قورئان نەگۆڕدراوە ؟ وتم : لەدنیادا بگەڕێ ، دەبینی هەموو قورئانەکان لەکۆن و نوێدا تاقە وشەیەکیش جیاوازی نی یە لەنێوانیاندا ) .

دکتۆر (زغلول النجار) کەیەکێکە لەزانا ناودارەکانی (جیولوجیا) لەجیهاندا ، دەڵێ : لەبەریتانیا موحازەرەیەکم دا ، یەکێك پرسیاری کرد لەبارەی کەرت بوونی مانگەوە ، منیش ووتم : هیچم نەبیستووە ، یەکێ لەئامادەبووان کەناوی (داوسی موسی بسکوك) ە هەستا ووتی : من هەواڵێکم لایە حەز دەکەم پێتان رابگەیەنم ، وتمان ، فەرموو ، ووتی : من ماوەیەك لەمەوبەر زۆر بەپەرۆش بووم بۆ دۆزینەوەی رێی راست ، بۆیە قورئانێکم کڕی کەبەزمانی ئینگلیزی ڕاڤەکرابوو ، کردمەوە ، قەدەری خوا وابوو سورەتی (القمر) بوو ، کەخوێندمەوە مەسەلەی دووکەرت بوونی مانگ بوو بەخولیای سەرم و بوو بەگرێی دەروونی بۆم بەرەو هەق و راستی ، رۆژێك سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد ، لەبەرنامەیەکدا سێزانای وەکالەی فەزای ئەمریکی (ناسا) بانگهێشت کرابوون ... ئامادەکەری بەرنامەکە پرسیاری لەیەکێکیان کرد و وتی : ئێوە ( ١٠٠ ) ملیار دۆلارتان سەرف کرد تا چوونە سەرمانگ و لەو سەرەوە هەندێ گڵ و خۆڵتان هێنایەوە ، باشتر نەبوو ئەو پارەیەتان بایە بەملیۆنەها خەڵکی هەژار لەجیهاندا کە خەریکن لەبرسانا دەمرن ..

زاناکە قسەکەی پێناخۆش بوو ، لەوەلأمدا وتی : بۆ تۆ وەزانیت ئەوەی ئێمە لەسەر مانگ و لەئاسماندا دەیدۆزینەوە بلأوی دەکەینەوە ؟! ئێمە لەسەر مانگ دیاردەیەکمان دۆزیوەتەوە ئەگەر دە ئەوەندەشمان تیا سەرف بکردایە ئاسایی بوو ، ئێمە لەسەر مانگ لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆردا بۆمان دەرکەوت کە رۆژێ لەرۆژان مانگ دووکەرت بووە و بەهێزێکی گەورە بەیەکا ( لکێندراوەتەوە) و بەمەش( حیزامێك) پشتێنەیەك دروست بووە..

(داوسی دەڵێ ) کە ئەمەم بیست گرێ دەروونیەکەم بۆ کرایەوە و موسڵمان بووم ، زانیم کە قورئان فەرموودەی خوایە ، ئەگەر نا (محمد) (ﷺ)ئیشی چی یە بەباسی مانگ و دووکەرت بوونی ، تا زانستی سەدەی بیستەم بێت و ملیارەها دۆلار خەرج بکا و ئەو راستی یە بدۆزێتەوە ...

شایانی باسە (داوسی) لەمانگی ١١ ی ساڵی ١٩٩٩ ز دا گەورەترین حزبی ئیسلامیی لەبەریتانیا دامەزراندا ، بۆ خزمەتی ئیسلام و بانگەواز کردن . بۆ ئەم باسە سوود لەپەڕاوی الرسول سعيد حوى وەرگیراوە ، لەگەڵ بەرنامەی ( براهين الايمان ) الزندانى ) .

**( ١٣٩ ) سەرەتاکانی دروستبوونی ژیان و بوونەوەر :**

قورئانی پیرۆز سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ بۆ گەڕان بەزەویدا تاتێبگا سەرەتاکانی دروستبوونی بوونەوەر و گیانەوەران چۆن بووە ، بەتایبەت لەم زەمانەی ئێستادا کەچەندەها (متحف) لەسەرتاپای جیهاندا کراونەتەوە بۆ ئەو کەل و پەل و ئێسقان و شتانەی کەبەردەوام لەلایەن شوێنەوار ناسانەوە دەدۆزرێنەوە .

قورئان دەفەرموێت : ﴿ اولم يروا كيف يُبدئ الله الخلق ثم يُعيده ، ان ذلك على الله يسير ، قل سيروا في الارض فانظروا كيف بدأ الخلق ، ثم الله يُنشئ النشأة الاخرة ان الله على كل شئ قدير ﴾ العنكبوت : ٢٠

ئەگەر سەیری دروست بوونی مرۆڤ بکەین و وورد ببینەوە بەراستی موعجیزەیەکی گەورە دەبینین ، کە چۆن لەژن و پیاوێکەوە منالێك لەنەبوونەوە دێتە بوون و پاشان بەنزیکەی نۆمانگێك گەشەکردن و گەورەبوون ، دێتە دنیایەوە و پاش بەسەربردنی تەمەنێکی کورت یان درێژ دەمرێ و بەجێی دێڵێ ، ئەمە چونکە رۆژانە دووبارە دەبێتەوە ، مرۆڤ راهاتووە لەگەڵیدا ، ئەگینا گەورەترین بەڵگەیە لەسەر مردن و زیندو بوونەوە و دەسەڵاتی پەروەردگار .

هەروەها خانەکانی لەشی مرۆڤ کەهەندێکی پاش چەند رۆژێك دەمرن هی تر دێتەوە جێیان هی واشیان هەیە (١٢١) رۆژ دەژی و دەمرێ و خانەکانی مێشکیش تا کاتی مردنی مرۆڤەکە دەمێنێتەوە ، ئەمەش مردن و تازە بوونەوەیەکی بەردەوامە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ : کاتێ ئاسمانەکان و زەویم دروست کرد ئێوە نەبو بوون تا ئاگاداربن ، وە کەسیش نەبووە هاوکارم بێت تا ئاگای لێبێ ، بۆیە هەرچیتان پێ دەڵێن ، تەواو راستە ، ئەوەش خەڵکی کوێرانە و بێ بەڵگە دەیڵێن وانی یە ، ﴿ ما

اشهدتهم خلق السموات والارض ولا خلقَ انفسهم ، وما كنتُ متخذَ المضلين عضُداً ﴾ كهف :٥١ قورئان باس لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤ دەكات لە ( ئادەم) ەوە كە لەگڵ دروستی كردەوە پاشان هاوسەرێكیشی لەئادەم دروست كردوە و ئینجا لەوانە نەوەی زۆری خستۆتەوە ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ الذي أحسن كل شئ خَلَقه وبدأ خلق الانسان من طين ﴾ السجدة : ٧

هەروەها قورئان باس لەدروست بوونی بوونەوەر دەكات كەلەیەك پارچە مادده وە تەقینەوەیەكی گەورەبووە و بەفەرمانی خوا مانگ و خۆر و زەوی گشت ئەستێرەكانی لێ دروست بووە و ، لەسەر زەویشدا لەئاو هەمووشتێكی دروست كردووە ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ اولم یر الذین كفروا ان السموات و الارض كانتا رتقاً ففتقناهما و جعلنا من الماء كل شئ حي ﴾ الانبیاء : ٣٠ هەروەها دەفەرموێت : ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ذَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٩) وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ (١٠) ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ (١١) فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (١٢) ﴾ فصلت .

واتە : پێیان بڵێ : ئایا ئێوە باوەڕناهێنن بەو خوایەی كە زەوی دروست كردوە لە دوو رۆژدا وە هاوبەش و هاوەڵی بۆ دادەنێن ، ئەو بەدیهێنەرە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ، بەسەر زەوی یەوە شاخی دامەزراوی دانا ، وەپیت و بەرەكەتی تێخست لەهەموو باروو رویەكەوە كەژیان پێویستی هەیە وە هەروەها گشت خۆراكێكی تیا فەراهەم هێنا ، ئەوانەی هەموو لە چوار رۆژدا بەدی هێنا بەدوو رۆژەكەی پێشوەوە ، لەپاشاندا نیاز و ئیرادەی رووی كردە ئاسمان كەتاریك و دووكەڵبوو ، وە بەئاسمان و زەوی فەرموو : وەرنە پێشەوە ئەوەی بڕیاردراوە بۆتان بەدی بهێنن بەخۆشی خۆتان یان بە زۆر ، ئەوانیش وتیان ئەوا هاتین بەخۆشی خۆمان و ملكەچی فەرمانین ، ئاسمانی دنیامان رازاندەوە بەئەستێرەكان و پاراستنمان لەتێك چوون ، ئەوەی كە باسكرا بریار و داهێنرا و وتەقدیری كەسێكە دەسەڵاتدار و زانایە ) .

د . عبدالمجید الزندانی دەڵێ : لەگەڵ پرۆفیسۆر (بالمر) دا گفتوگۆمان دەكرد لەسەر دروست بوونی ئاسمان و زەوی و ئەستێرەكان ، ئەو ووتی : لەئەنجامی تەقینەوەیەكی گەورەی ئاسمانەكان و

زەویدا تۆز و غوبار و گاز پەیدابوون لەئاسمانەکاندا ،منیش پێم وت : نەخێر دوکەڵ و گاز دروست بووە و دوکەڵ گەرمە و رەشە بەپێچەوانەی تۆز و غوبارەوە کەساردە و رەشیش نییە.

پاش دوو ساڵ پرۆفیسۆر (بالمر) پەیوەندی پێوەکردمەوە و ووتی : پاش لێکۆڵینەوەی زۆر بۆمان دەرکەوت کەتۆ راست دەکەیت و دووکەڵ دروست بووە لەئاسمانەکاندا نەك تۆز و غوبار ... پاشان ئەم راستیەشیان لەگۆڤاری زانستی ئەمەریکیدا تۆمارکرد و وشەی ( smok) یان بۆ بەکارهێنا ) لەبەرنامەی براهین الایمان / زندانی ەوە وەرگیراوە .

دیارە ئەمەش موعجیزەیەکی گەورەی قورئانە کەلەکۆتایی سەدەی بیستەمدا دۆزراوەتەوە و لەگۆڤارە زانستی یەکاندا وەك ئەوەی کە قورئان دەیفەرموێ تۆمارکرا .

هەروەها قورئان دەفەرموێ : ﴿ فاذا انشقت السماء فكانت وردة كالدهان ﴾ النجم واتە کاتێك ئاسمان لەت بوو ، وەسوور هەڵگەرا وەك گوڵاڵە سوورە و رۆنی تواوە و رۆنی قاڵکراو ... کە ئەمەش لەکاتی هاتنی رۆژی قیامەت دایە ...

دکتۆر (زغلول النجار) دەڵێ : ئێستا توانیویانە وێنەی هەسارەیەك بگرن کە تەقینەوە تیا رووی داوە و رەنگەکەی هەمان ئەو رەنگەیە کە قورئان باسی دەکات و ئەو وێنەیەشیان لەسەر (ئینتەرنێت) بڵاوکردۆتەوە ، کە ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر راستێتی قورئان ، چونکە پیاوێکی نەخوێندەوار لەو رۆژگارەدا چۆن دەتوانێ باس لەشتی وابکات . هەروەها قورئان باس لە(نجم)دەکات کە دەکوژێتەوە و گڕ و گەرمی نامێنێ و بۆ (کواکب) یش دەفەرموێ : هەپرون بەهەپرون دەبێ ﴿ واذ الكواكب انتثرت﴾.

﴿ فاذا النجوم طُمِست ﴾ بەڵێ جیاوازی نێوان (کواکب) و (نجوم) لەم سەدەیەی دواییدا لەلایەن زانایانەوە دۆزراوەتەوە ، دیارە (محمد) (ﷺ)نەچۆتە دەرەوەی زەوی بۆ لێکۆڵینەوەی مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و هەروەها ئەو جۆرە زانستانەش لەوکات و سەردەمەدا بەهیچ جۆرێك پەی پێنەبراوە . ( عەبدول مەجید زەنەدانی لەشریتی كيف بدأ الخلق ) دا باسی کردووە .

**( ١٤٠ ) جۆرەکانی هەور :**

قورئانی پیرۆز سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێت بۆ ئایەت و بەڵگە و نیشانە زۆرەکانی دەسەلأتی خوا لە بوونەوەردا و دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنْفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ مَاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآَيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (١٦٤)﴾ البقرة .

واتە : بەراستی بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە لەسەر دەسەلأتی خوا بۆ خاوەن عەقڵەکان ، لەدروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و گۆڕانی شەو ورۆژ و ئەو کەشتیانەی کەدێن و دەچن لەدەریادا بەوشتانەوە کە قازانج دەگەیەنن بەمەردووم ، وەلەو ئاوەی کە خوا باراندویەتی لەئاسمانەوە و زەوی پێ زیندوو کردەوە ، دوای مردنی و ، بلأوی کردەوە تێیدا لەهەموو گیانلەبەرێك هەروەها ئایەت و بەڵگەی زۆریش هەیە لەگێڕانی بادا بەهەموو لایەکدا و رام کردنی هەور لەناوەندی ئاسمان و زەویدا ، جا لەبەرئەوەی هەور ئایەتێکە و ژیانی خەڵکیشی پێوە بەندە بەوەی کە زۆر کات چاویان لەئاسمانە و چاوەڕێی هەورن کە رەحمەت و بەرەکەتی باران لەگەڵ خۆیدا بهێنێ بەفەرمانی خوا .قورئان زۆر بەووردی باسی جۆرەکانی هەور و تەرزە و هەورە بروسکەی کردوە کە زانستی نوێ لەم سەدانەی دواییدا دۆزیویانەتەوە هەروەك دەفەرموێ :

١ ـــ السحاب الطبقي :

﴿ اللَّهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَفًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ (٤٨) وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمُبْلِسِينَ (٤٩)﴾ الروم ، واتە : ( خوا (با) رەوانە دەکات بەپێی بەرنامە و یاسایەك ، کە هەورەکان دەخرۆشێنێ ودەردەکەون ئینجا پەروەردگار چۆن بیەوێت بەئاسماندا بلأوی دەکاتەوە و زۆربەی زۆری ئاسمان و ناوچەکە داگیر دەکات ، ئینجا دەبینی بارانی لێوە دەبارێ ، جا هەر ئەوەندە بارانەکەی باری بەسەر ئەو کەسانەی کە خوا مەبەستێتی شادمان و بەختەوەر دەبن ، پاش ئەوەی کە نا ئومێد بوون بەهۆی بێ بارانیەوە ) .

بەڵێ ... ئەمە جۆری یەکەمی هەورەکەپێی دەوترێت : ( السحاب الطبقي ) کە نەهەورە تریشقەی لەگەڵە و نەتەرزە و مایەی دڵخۆشی خەڵکەکەیە و بەیەك تەبەق ئاسمان دەگیر دەکات .

٢ ــ السحاب الركامى : أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ (٤٣) النور.

واته : ئایا نابینی خوا هەور دێنێ و پاشان کۆیان دەکاتەوە و لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە و پاشان چین لەسەر چین هەورەکە بەوێنەی شاخ بەرز دەبێتەوە ، باران دەبینی لەهەورەکەوە دەبارێ ، هەروەها تەرزە دەبارێ بەسەر هەندێ کەسدا کە خوا مەبەستێتی و لای دەدات لەهەندێ کەس کە نایەوێت و مەیلی نی یە بۆیان ببارێ ، جا لەوهەورە شەوە هەورە تریشقە دەبینی کەلەوانەیە ئاوی چاو ببات .

تەرزە لەناو ئەم هەورە چین لەسەر چینەدا چەند جار سەر و خواردەکات ، چەند جار زیاتر سەرو خواربکات لەناو هەورەکەدا ئەوەندە زیاتر تەرزەکە گەورەتر و قورستر دەبێت ، لەو سەرو خوارکردنەشدا دەبێتە گەیەنەری بارگە کارەباییەکانی ناو هەورەکە و هەورە بروسکە دروست دەبێت ، هەورە بروسکەکەش ترس دەخاتە دڵی خەڵکیەوە و هەندێ جار دەبێتە مایەی زیان و سوتاندن ، بۆیە لێرەشدا باس لەدڵخۆشی خەڵکەکە ناکات وەك هەورەکەی پێشوو .

ئەمریکا و ئوسترالیا و یابان چەند ساڵێك لێکۆڵینەوەیان کرد لەسەر هەورە بروسکە ، لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٨٥ دا گەیشتنە ئەو راستیەی کە هەورە بروسکە لەناو هەوری چین لەسەر چیندا پەیدا دەبێت بەهۆی هات و چوونی تەرزەوە ، ئەمەش بەراستی جێی سەر سوڕمانە و موعجیزەیە کە قورئان لەم جۆرە هەورەدا باس لەهەورە بروسکە و تەرزە دەکات .

٣ ــ المعصرات : ﴿ وانزلنا من المعصرات ماء ثجاجاً لنخرج به حباً و نباتاً و جنات الفافا ﴾ النبأ : ئەمەش جۆری سێیەمە لەهەور ، کەنە تەبەقیە و نە ( رکامیة) بەڵکو هەورێکە بارانێکی بەخووڕی بچڕبچڕی لێدەبارێ هەروەکو ئەوە وایە هەورەکە ناو بەناو بگوشرێ وەك بارانی ناوچەی (استوا) کە دارستانی زۆریشی پێدێتە بەرهەم قورئان دەفەرموێ : ﴿ و جنات الفافا﴾ .

بەڵێ ، ئەم ئاماژە زانستیانە موعجیزەی نەبڕاوەی قورئانن کەلە هەرکات و شوێنێکدا دەرکەون و بدۆزرێنەوە دەبنە مایەی هیدایەتی خەڵکانێکی زۆر لەزانایان و خەڵکانی دیکە ... کە بەئاشکرا (برهان) ێکە لەخواوە و بەگشت مرۆڤایەتی دەفەرموێ : ئەم قورئانە وەحیە ﴿ قل أي شئ أكبر

شهادة ، قل الله شهيد بيني و بينكم وأوحيَ اليَ هذا القرآن لأُنذِرِكُم به ومَن بَلَغ ﴾ الانعام : ١٩ واته : پێیان بڵێ چ شتێك گەورەترین شایەتی هەیە ، (دیارە شایەتی و ئاگاداری خوا ) پێیان بڵێ ، خوا شایەتە لەنێوان من و ئێوەدا ، وە ئەم قورئانەی بەسروش بۆ ناردووم تا ئاگادارتان بکەمەوە هەموو ئەو کەسانەش کەلەداهاتوودا دێن و ئەم بەرنامەیەیان پێ رادەگەیەنرێت .

**( ١٤١ ) ناوچەوان و دۆزینەوەیەکی سەیر :**

قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێکدا باسی ناوچەوان و پێشەسەری مرۆڤ دەکات و دەفەرموێت : ﴿ ارايت الذي ينهى عبداً اذا صلى ، ارايت ان كان على الهدى او امر بالتقوى ، ارايت ان كذب وتولى ، الم يعلم بأن الله يرى كلا لئن لم ينته لنسفعاً بالناصية ، ناصية كاذبة خاطئة ﴾ العلق : ١٦ واته : ئایا دیت ئەی (محمد) ئەوکەسەی جڵەوگیری دەکات لەبەندەیەك کە نوێژ بکات ؟! ئەگەر ئەوکەسە لەسەر رێی چاکە بوایە و ئامۆژگاری مەردومی بکردایە بەخواپەرستی و لەخواترسان ، لەجیاتی ئەوەی نەیەڵێ نوێژ بکەن چاکتر نەبوو ؟

دەی ئەوکەسە ئەگەر بڕوانەهێنێ و پشت هەڵکات لەهەق و راستی ، ناترسێ ، لەوەی کتوپڕ تووشی گەرداوێکی گەورەی بکەین ، کە هەرگیز لێی رزگاری نەبێ .

ئایا ئەوکەسە نازانێ کە خوا دەیبینێ و ئاگادارێتی ؟ (کلا) باواز لەسەرکەشی یاخی بوون بهێنێ ، ئەگەر وازنەهێنێ ، سوێنبێ بەناوچەوان و پێشە سەری رای دەکێشین بەرەو تیاچوون و دۆزەخ ، چ ناوچەوان و پێشە سەرێك ؟! ناوچەوان و پێشەسەرێکی درۆزنی بەهەڵە داچوو ... بەڵێ ... درۆ و هەڵە ، سیفەتی خاوەن ناوچەوانەکەیە ، بەلاَم لێرەدا ، ئایەتەکە ناوچەوانەکە بە درۆزن و هەڵەکەر دادەنێ ئاخۆ پەیوەندییەك نەبێت لەنێوان پێشەسەر و درۆ وهەڵەکردن دا ؟!

ئەم راستی یە لەساڵی (١٨٥١) لەئەمریکادا بۆ زانایان ئاشکرابوو ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە پیاوێك لەراکێشانی هێڵی شەمەندەفەردا کاری دەکرد و بەرد و بەرزیەکانی رێگای دەتەقاندەوە ، لەکاتێکدا کە چاڵێکی کردبووە تاشەبەردێکەوە بەپارچە شیشێك باررووتی دەکردە ناویەوە ، لەئەنجامی لێك خشانەوە باروتەکە گەرم بوو تەقیەوە و پاڵی نا بەشیشە ئاسنەکەوە چەقیە چاوی کابراو لەپێشە سەریەوە دەرچوو ، دەموو دەست کابرایان گەیاندە خەستەخانە و پاش چارەسەرێکی زۆر چاك بووەوە ، پزیشکەکان سەیریان کرد کابرا بەهۆی ئەوەی بەشی پێشەوەی مێشکی سەری

زیانی لێکەوتبوو ، هەڵس و کەوتی گۆڕدرا و وەك منالْ بەبیٚ ئیرادە دەهات و دەچوو ، زانایان لەمەوە تێگەیشتن کەبەشی پێشەوەی مێشك بەرپرسە لەرەفتار و هەڵس و کەوتی مرۆڤ ، ئێستا لەزانکۆیەکی ئەمریکی ئەوکاسەسەرەی ئەو پیاوەیان هەڵگرتووەو پەیکەرێکیان بۆ دروست کردووە.

لەئەنجامی ئەم دۆزینەوەیە ئێستا لەهەندیٚ ویلایەتی ئەمەریکادا ، ئەگەر گیر بخۆن بەدەست تاوانکارێکەوە و بەهیچ شتێك بۆیان چارەسەر نەکرێت و نەشیا نەویٚ لەسێدارەی بدەن ، ئەوا نەشتەر گەریەکی بۆ دەکەن ، بەشی پێشەوەی مێشکی ، ئەوەی کەبەر پرسە لەهەڵس و کەوتی لای دەبەن ، بەمەش تاوانبارەکە دەبێتە کەسێکی بەستەزمان و منالێك دەتوانێت بیهێنێت و بیبات .

جالەمەوە تیٚدەگەین کە قورئان بۆچی سیفەتی درۆ و هەڵە دەخاتە پالْ ناوچەوان و پێشە سەری مرۆڤ . ئەمەش نەك هەر لەمرۆڤدا بەڵکو لەگشت گیانلەبەراندا وایە وەك (مەیمون و سەگ و ماسی و باڵندە و ... هتد ) .

خوای پەوەردگار لەگەلْ ئەوەدا کە ئیرادە و توانا و هەڵس و کەوتیداوە بە مرۆڤ و گیانلەبەران و ناوەندی ئەو جوولە و هەڵسوکەوتەش بەشی پێشەوەی مێشکیانە ، مانای وانیە ئیتر لەدەست خوا دەردەچن و چیان بویٚ بیکەن .

خوای گەورە سنورێکی داناوە و مۆڵەتێکی داوە ، کەی لغاوی گرتنەوە ، دەیانگرێتەوە و رزگاریان نابێت ، چونکە ئەگەر وانەبیٚ خەڵکانێکی زۆر وەك فیرعەون خۆیان لیٚدەگۆڕا و دنیایان ژێرە و ژوور دەکرد .

قورئان ئاماژە بۆ ئەم راستی یە دەکات لەسەر زمانی (هود) سەلامی خوای لیٚ بیٚ دەفەرموێت : ﴿ فكيدوني جميعاً ثم لاتُنظرون ، اني توكلت على الله ربي وربكم ما من دابة الا هو آخذ بناصيتها ، ان ربي على صراط مستقيم ﴾ هود : ٥٦ واتە : خەڵکینە چیتان لەدەست دیٚ بیکەن ، بەرنامەی خوام پیٚراگەیاندن و پشتم بەخوا بەستووە ، کە پەروەردگاری من و ئێوەیە ، هیچ گیانلەبەرێك نیە کەناو چەوان و پێشەسەری بەدەست خواوەنەبیٚ (واتە لەدەست خوا دەرناچێت) بەڕاستی پەروەردگارم لەسەر بەرنامە و یاسا و رێبازێکی راست و تەواوە .

پێغەمبەریش (ﷺ)لەدوعایەکیدا دەفەرموێت : ﴿ اللهم اني عبدك وابن عبدك ابن امتك ناصيتي بيدك ، ماض في حكمك ، عدل في قضاؤك ، أسالك بكل اسم هو لك ، سميت به نفسك او انزلته في

كتابك ، أو علمته احداً من خلقك ، أو استأثرت به في علم الغيب عندك ، أن تجعل القران العظيم ربيع قلبي ونور صدري وجلاء حزني و ذهاب همي وغمي ﴾ ئيمام ئەحمەد و تەبەرانی . واتە : پەروەردگارا من بەندەی تۆم و رۆڵەی دایك و باوكێكم که ئەوانیش هەر بەندەی تۆن ، ناوچەوانم بەدەستی قودرەتی تۆوەیە ، حوكمی تۆم بەسەرا جێبەجێ دەبێت ، کە ئەو قەزا و حوکمەت هەمووی دادپەروەریە ، داوات لێدەکەم بەناوە جوانە پیرۆزەکانت کە بۆ خۆتت داناون و لەپەڕاوەکەتتدا باست کردون ، یان فێری یەکێ لەدروستکراوەکانی خۆتت کردووە یان لای خۆت هێشتۆتەوە لە عیلمی غەیبی خۆتدایە ، خوایە بەو هەموو ناوانەوە لێت دەپاڕێمەوە ، قورئان بکەرە بەهاری دڵم و رووناکی چاوم و لابەری خەمم ..

لە دوعایەکی تریشدا دەفەرموێ:﴿ اللهم اني اعوذ بك من شر كل ذي شر انت آخذ بناصيته ﴾ واتە : خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لەشەڕی هەموو خاوەن شەڕێك کە ناوچەوانی بەدەستی قودەرتی تۆوەیە .

### ( ١٤٢ ) قورئـان ئـاسان كراوه

قورئان دوا بەرنامەی خوایە بۆ بەرەی ئادەمی هەتا رۆژی قیامەت ، بۆیە ئاسان کراوە، تا گەورە وبچووك ، خوێندەوار و نەخوێندەوار ، شاری و گوند نشین ، عەرەب و غەیری عەرەب ، پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرن لەهەموو کات و ساتێکدا لەگشت ناوچە و ولاتێکدا ...

خوای پەروەردگار لەسورەتی (قمر) دا چوار جار ئەم راستیە دووبارە دەکاتەوە و دەفەرموێ : ﴿ ولقد يَسَرنا القرآنَ للذكر فهل مِن مُدّكر﴾القمر ١٥ واتە : بەراستی قورئانمان ئاسان کردوە بۆ پەند لێوەرگرتن ... بەڵگەش بۆ ئەم راستی یە زۆرە لەکۆن و نوێدا بۆ نموونە :

١ ــ لەکوردستانی خۆماندا و لەساڵەکانی پەنجاکاندا ، لەگوندی تەکیەی قەرەداغ ، شێخ عبدالله ی شێخ حسن بەخوێندەوارێکی زۆر کەمەوە دەبێتە پەروانەی دەوری چرای قورئان و لەرۆژدا بەدەم دروێنە و کاری فەلاحەتەوە قورئانی دەور دەکردەوە، شەوانی زستانیش پشتی دەکردە سۆپا دارەکەیان و لەبەر چرایەکی نەوتین ، دەم بەویرد و سەلاوات و قورئان شەوگاری درێژی بەڕێدەکرد ...

ئەم پیاوە قورئان پەروەرە ، منالآنی گوندی کۆ دەکردەوە و لـەگەڵ ئەوەدا کەنانی دەدانێ فێری ئەلف و بێ و قورئان خوێندنی دەکردن .. ئەوەندەش خەمی منالّی بێ باوکی بووە و بەپەرۆش بووە بۆیان زۆر جار تکاو رجای دەکرد لـەدایکی ئەو منالّە هەتیوانە کەداریان پێنەهێنن و بێن بەلای خوێندنەکەیانەوە ، هەقی ئەوەش بەکۆڵ داری خۆی بردووە بۆ مالّی ئەو منالّە بێباوکانە ... بەڕاستی ئەمەش هیمەتێکی بەرزە و مەگەر هەر لـەدەست قوتابی قورئان بێت ، بەم کارە بەرزو پیرۆزەش چەندەها کەسی پێگەیاند کە خێریان بۆ خۆیان و بۆ خەلّکیش دایەوە ...

٢ ـــ زۆر کەس لـەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی عەرەبی نازانن ، قورئان کاردەکاتە سەر دڵ و دەرونیان و موسلّمان دەبن ، (شێخ ابو العینین الشعشیع) کە قورئان خوێنێکی میسریە دەلّێت : ( لـەفەرەنسا قورئانم دەخوێند ، چەندەها فەرەنسی تەنها بەبیستنی قورئان موسلّمان بوون ) هەروەها (محمد محمود طبلاویش) کە قورئان خوێنێکی میسریە دەلّێت: ( من لـەئەمەریکا قورئانم دەخوێند چەندەها ئەمریکی بەبیستنی قورئان موسلّمان بوون).

٣ ـــ خوای پەروەردگار قورئان بەرۆح ناو دەبات و دەفەرموێت : ﴿ وكذلك انزلنا اليك روحاً من امرنا ﴾ شوری : ٥٢ وە ئەم قورئانە دەبێتە مایەی ژیانەوەی مرۆڤ و بوژاندنەوە گەش بوونەوەی دڵ و دەروونی ، ئەو مرۆڤەی کە خوا رۆحی کردووە بەبەریدا ...

ئەم قورئانەش خوا بەمەلائیکەتێکدا ناردویەتی کە جوبرائیلـە و ئەویش بە(روح الامین) ناو دەبات ﴿ نزل به الروح الامين على قلبك لتكون من المنذرين ﴾ شعراء : ١٩٣.

هەرچەندە نازانین رۆح چیە و چۆنە و عەقلّی مرۆڤ پەی پێنابات ، بەلاّم لـەم ئایەتانەوە تێدەگەین ، کە ئەم قورئانە رۆحێکە لـەخواوە و (روح الامین) هێناویەتی و رۆحی مرۆڤیشی پێ ئارام دەبێت و دڵ و دەروونی پێ ئاوەدان دەبێتەوە .

زانای ئەمریکی (جفری لنك ) لـەپەڕاوەکەیدا ( الصراع من اجل الاسلام) دەلّێت : کاتێك موسلّمان بووم دەچووم بۆ مزگەوت و بەجەماعەت نوێژم دەکرد و زۆر دلّخۆش دەبووم بەقورئان خوێندنی ئیمامەکە ...

لێیان پرسیم : خۆتۆ زمانی عەرەبی نازانیت و لـەقورئان تێناگەیت ، بۆچی ئەمەندە حەزت لـەنوێژی جەماعەت و قورئان خوێندنی ئیمامە .

منيش پێم وتن کاتێك منداڵێك دەگری و گوێی لەدەنگی دایکی دەبێت ژیر دەبێتەوە، ئایا هیچ لەقسەکانی دایکی تیٚدەگات بێگومان نەخێر ، تەنها پەیوەندی رۆحی نێوان دایك و منداڵەکەیە دەبێتە مایەی ژیر بوونەوەی منداڵەکە منیش بەهەمان شێوە هەست بەو پەیوەندیە رۆحیە دەکەم لەنێوان من و قورئاندا وە دڵ و دەروونمی پیٚ ئارام دەبێت ، مەگەر خوا نافەرموێت :﴿ الا بذكر الله تطمئن القلوب ﴾ الرعد .

٤ ــ هەوڵدان بۆ باش گویٚگرتن لەقورئان زۆر پێویستە ، بۆ ئەوەی سەرفرازبین وە خوا رەحمان پیٚبکات و بۆئەوەی زیاتر لێی تیٚ بگەین پەروەردگار دەفەرمویٚ : ﴿ افلا يتدبرون القران ام على قلوب أقفالها ﴾ ابن عباس دەفەرموێت : ( ام) بەمانای (بل ) واتە بۆ لەقورئان وورد نابنەوە و تیٚناگەن دیارە دڵەکانتان قفڵی لیٚدراوە هەروەها دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ (٢٠٤)الاعراف . واتە : ئەگەر قورئان خوێندرا باش گوێی بۆ بگرن و بیٚدەنگ ببن بەڵکو سەرفراز ببن .

پیاوباشێك دەڵیٚ : چەند ساڵ هەوڵم لەگەڵ نەفسی خۆمدا ، قورئانم کە خوێند وابزانم لەدەمی خۆشەویستەوە وەری دەگرم ، کە گەیشتمە ئەو پلەیە ئینجا چەند ساڵیٚتر هەوڵمدا کە قورئانم خوێند وابزانم لە جوبرائیلی وەردەگرم کە گەیشتمە ئەوە ئینجا هەوڵمدا کە قورئانم خوێند واهەست بکەم کەیەکسەر لەپەروەردگارەوە وەری دەگرم .

زين العابدين کوڕی عەلی دەڵیٚ : من لام سەیرە کەسیٚ تووشی خەم و خەفەت دەبیٚ ناڵیٚ ( لا اله الا انت سبحانك انی کنت من الظالمين ) وەك یونس چونکە من گوێم لەپەروەردگار بووە دەفەرمویٚ لەدوای ئەو فەرمایشتەی یونسەوە ﴿فنجيناه من الغم و كذلك ننجي المؤمنين ﴾ وە من لام سەیرە کەسیٚ تووشی ترسێك دەبیٚ وەك بڕوا دارەکەی ئالی فیرعەون ناڵیٚ : ﴿ وافوض امري الى الله ان الله بصير بالعباد﴾ چونکە من گوێم لەپەروەردگاربووە بەدوای ئەوەدا دەفەرموێت : ﴿ فوقاه الله سيئات ما مكروا وحاقَ بآل فرعون سوءُ العذاب ﴾ ئەگەر سەیری قسەکەی (زين العابدين ) بکەین چەند جوان دەفەرمویٚ : ﴿ فانی سمعت الله ﴾ (گوێم لەپەروەردگار بووە) ئەو هەست کردنە بەوەی کە قورئان کەلامی خوایە و لەخواوە بۆمان هاتووە و لەوەوە وەری دەگرین ، کاریگەری گەورەی دەوبێت لەسەر دڵ و دەروون ، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن و خەیاڵیان نازانن لەکوی یە و هیچ حاڵی نابن .

## ( ١٤٣ ) هەڵكردنی با و جۆرەكانی :

قورئانی پیرۆز سەرنجمان رادەكێشیٚ بۆ بەڵگە و نیشانە زۆرەكانی بوونەوەر كەشاهیدی دەدەن لەسەر دەسەلاٚت و قودەرەتی بیٚ پایانی پەروەردگار هەروەك دەفەرمویٚ : ﴿ومن اياته ان يرسل الرياح مبشرات و لِيُذيقكم من رحمته و لتجريَ الفلك بأمره و لتَبتَغوا من فضله و لعلكم تشكرون ﴾ الروم :٤٦ واته : لەنیشانەو ئایەتەكانی پەروەردگارە كە با دەنێریٚ بەمژدەدەر بەباران تاوەكو رەحمەتی خۆیتان پیٚ بچێژیٚ وە بۆ ئەوەی كەشتی بگەریٚ بەفەرمانی خواوە بۆ ئەوەی لەبەخشش و بەهرە و فەزڵی خواتان دەست بكەویٚت بەهۆی بازرگانی كردن و كەل و پەل گواستنەوە لەدەریا و رووبارەكاندا ، ئەمانەش بۆ ئەوەی كە سوپاسی خوا بكەن لەسەر نیعمەت و بەخششە زۆرەكان .

كاتێك رەشەبایەك هەڵی دەكرد خۆشەویست (ﷺ)بێتاقەت و نارەحەت دەبوو، هەردەهات و دەچوو دوعای دەكرد و دەیفەرموو : كیٚ دەڵیٚ سزای تیانی یە وە ئامۆژگاری موسڵمانانیش دەكات كە ئەگەر بەرەشەبا بێتاقەت بوون جنێو نەدەن و دوعا بكەن و بڵێن: ﴿ اللهم انا نسألك من خير هذه الريح و خير ما فيها وخير ما امرت به ونعوذ بك من شر هذه الريح وشر مافيها وشر ما امرت به ﴾ ترمذي .

## جۆرەكانی با :

١ ــ سروەی (با) : لەیەك پلەوە تا شەش پلەیە و قورئان لەبارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ هو الذي يُسَيركم في البرِّ و البحر حتى اذا كنتم في الفلك و جَرَين بهم بريح طيبة وفرحوا بها ﴾ يونس : ٢٢ واته : خوایە ئێوە دەگێریٚ و هۆكارەكانی هاتوچۆتان بۆ فەراهەم دێنیٚ لەووشكانی و دەریادا ، كاتیٚ لەكەشتیەكدا دەبن لەدەریادا و نەرمە بایەك و سروەیەكی خۆشتان بۆ دیٚ دڵخۆش و دڵشاد دەبن ، ئیتر ئەم سروەیە بەهەر شەش پلەكەیەوە نەشەپۆل دروست دەكات و نەترسی هەیە .

٢ــ رەشەبا : ئەمەش لە پلەی (٧) تا پلەی(١٠) یە لەدەریادا شەپۆل دروست دەكات لەهەموولایەكەوە و سەرنشینانی كەشتی دەترسێنیٚ هەروەك قورئان لەتەواو كردنی هەمان ئایەتی پێشوودا دەفەرمویٚ ﴿ هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنْجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ (٢٢) فَلَمَّا أَنْجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ

فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٣)﴾ يونس : واته : كاتێك دڵ بەو سروەیە خۆش دەكەن رەشەبایەك هەڵكات و شەپۆل لەهەموولایەكەوە بهێنێ و هەست بكەن كە چواردەوریان گیراوە و رزگارنابن . ئالێرەدا تەنها لەخوا دەپاڕێنەوە و دەڵێن بەخوا ئەگەر رزگارمان بكەیت بڕوا دێنین و سوپاس گوزار دەبین جا كاتێ رزگاریان دەكەین دەست بەجێ دەكەونە خراپەكاری بەخاك و ولاٌتدا بەناحەق و ناڕەوا ئەی خەڵكینە تاوان و ستەمتان بۆ خۆتانە ژیانی دنیا كەم و كورت و بێ بایەخە و پاشان بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە وهەواڵی كردەوەكانتان پێدەدەین و تۆڵەتان لێ دەسێنین .

٣ ــ گەردە لوول و زریان : ئەمەش پلەی (١١) و (١٢) ی هەیە و كەشتی و پاپۆڕ دەشكێنێ و ئەگەری تیاچوون زۆرە قورئان دەفەرموێ : ﴿ رَبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (٦٦) وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلَّا إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنْسَانُ كَفُورًا (٦٧) أَفَأَمِنْتُمْ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ وَكِيلًا (٦٨) أَمْ أَمِنْتُمْ أَنْ يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِنَ الرِّيحِ فَيُغْرِقَكُمْ بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِ تَبِيعًا (٦٩)﴾ الاسراء

واتە : پەروەردگارتان كەشتی بۆ ڕام كردوون لەدەریادا ، بۆئەوەی ڕزق و رۆزی پەیدابكەن و بازرگانی بكەن ، بەڕاستی خوا بەڕەحم و میهرەبانە بەرامبەرتان ، كاتێك تووشی نارەحەتی و زیان دەبن لەدەریادا كەس لەخەیاڵتان نامێنێ هاواری بۆ بكەن خوا نەبێ ، كاتێكیش رزگارتان دەكا و پێدەخەنە سەر ووشكانی پشت هەڵدەكەن و یاخی دەبن ، زۆر ئادەمی سپڵە و ناسوپاس بووە ... ئایا ئێوە دڵنیان لەوەی كە خوا لەسەر وشكانی نغرۆی زەویتان ناكات ، یان بەرد نابارێنێ بەسەرتانا ، ئەوكاتەش كەوامان لێكردن و سزامان دان كەس نیە بتانپارێزێ ... یان ئێوە بێ باكن لەوەی كەجارێكی تر سواری كەشتی ببنەوە و ئەمجارەیان گەردەلوول و زریانێكی واتان بۆ بنێرین كە نقومی دەریاتان بكەین و (بتان كەین بەخۆراكی ماسی)( ئینجا ئەوكاتە دیارە كەسیش نیە هەقتان بسێنێ و لەسەرتان بكاتەوە ... دیارە كەس هیچی بەرامبەر بەخوا پێناكرێ ... ) بەڵێ قورئان پێش هەزار و چوار سەد ساڵ ئاوا باس لەوسێ جۆر (با) یە دەكات و زانستی ئەم سەردەمەش هەردەیكات بەو سێبەشەوە و ئەو(١٢) پلە یەشی بۆ داناوە ... كە ئەمەش لەخۆیدا موعجیزەیە و هەرگیز خۆشەویست (د.خ) نەچۆتە كەشتیەوە و گەشتی نەكردوە بەناو دەریادا ، دیارە ئەمە هەر خوا بۆ

خۆی دەتوانێ ئاوا بەووردی و جوانی وەسفی ئەو حاڵەتانە بکات و ، وا لەمرۆڤ بکات لەدەسەلاَت و قودەرتی پەروەردگار تێبگات و سەرکەشی و زیادە رەوی نەکات . لەقورئانیشدا وشەی (ریاح) بۆ بایەکی خێر و خۆشی و بێزیانە کەمایەی هێنان و بردنی هەور و (تلقیح) ی رووەکە هەروەك دەفەرموێ : ﴿ وارسلنا الرياح لواقح ﴾ الحجر : ٢٢ وە دەفەرموێ : ﴿ الله الذي يُرسل الرياح فتثير سحاباً ﴾ الروم ٤٨ ووشەی (الريح) یش زیاتر بۆ رەشەبایەکی زیان بەخش و سزایە بۆیە خۆشەویست(د.خ) لەکاتی رەشەبادا هەندێ جار دەیفەرموو : ﴿ اللهم اجعلها رياحاً لاريحاً ﴾ .

**( ١٤٤ ) پیلانی بەردەوامی جوولەکە :**

قورئان زۆر بەووردی باسی خوورەوشت و هەڵسوکەوت و باری دەروونی جوولەکە دەکات ، لەلایەك بۆ ئەوەی موسڵمانان هۆشیاربن و ئاگاداری ناپاکی و پەیمان شکێنێ جوولەکەبن ، لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان بپارێزن لەنەخۆشیە دەرونیەکانی جوولەکە ، تا دووچاری خەشم و غەزەبی خوا نەبن .

خوای پەروەردگار کە ئاگاداری هەموو شتێکە ، بەجۆرێك سیفاتی جوولەکە دەخاتە روو ، ئەگەر لەهەر بارو زروفێك و زەمانێکدا تا قیامەت بەراوردی بکەی لەگەڵ حاڵیاندا سەد دەرسەد تەواوە ، کەبەراستی ئەمەش موعجیزەیەکی دیکەی قورئانە هەروەك دەفەرموێت : ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَى خَائِنَةٍ مِنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣)﴾ المائدة : واتە : بەهۆی پەیمان شکێنی جوولەکەوە لەگەڵ خوادا ، لەعنەتمان لێکردن و دڵیانمان رەق کرد ، بەجۆرێك کەبەردەوام لەهەوڵی گۆڕینی بەرنامەی خوادان ، تەورات و ئینجیلیان شێواند و زۆر هەوڵیشیاندا دەستکاری قورئانیش بکەن بەڵام بۆیان نەچووە سەر ، زۆر لەو ئامۆژگاریانەی کرابوون پشت گوێیان خست و بەردەوام ئەی (محمد) (ﷺ)خیانەت ناپاکیان لێدەبینیێ ، مەگەر کەمێکیان نەبێ کە مرۆڤی خاوەن ویژدانن و موسڵمان دەبن ، بۆیە چاوپۆشیان لێبکە و لێیان ببورە ، بەراستی خوا چاکە کارانی خۆش دەوێت ، پێغەمبەریش (ﷺ)چاوپۆشی لێکردن تا چەند ساڵێك کە خیانەت و ناپاکیان رۆژ بە رۆژ زیادی کرد ، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ)بەفەرمانی خوا لەنیوە دوورگەی عەرەب دەری کردن . ئەگەر سەیری مێژووی کۆن یان بکەین ، دەبینین ئەوەندە ئازاری موسا پێغەمبەریان داوە تا لەرووویاندا دەوەستێتەوە و پێیان دەفەرموێت : ﴿ واذ قال موسى لقومه ، ياقوم لم تؤذونني وقد

تعلمون أني رسول الله اليكم ﴾ الصف : واته : موسا بەگەلـەکەی فەرموو : ئەی گەلـەکەم بۆ ئازارم دەدەن لـەکاتێکدا دەزانن کەمن پێغەمبەری خوام و نێراوم بۆ لاتان .

لـەزەمانی عیساشدا سەلامی خوای لـێبێ ، هەوڵی کوشتنیاندا و خوای گەورە سەری لـێتێکدان و هاوشێوەکەی (عیسا) یان کوشت و خوای گەورەش (عیسا) ی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان .

ئەگەر سەیری مێژووی ئیسلامیش بکەین دەبینین چەندەها جار هەوڵی کوشتنی پێغەمبەریان داوە (ﷺ)هەروەك ئەوەی جارێك ژنێکی جوولـەکە گۆشتێکی ژەهراوی بۆ لـێدەنێ و هاوەڵـەکەی پێغەمبەر (ﷺ)دەیخوات و شەهید دەبێ و خۆشەویستیش گۆشتەکەی دەستی بەفەرمانی خوا هەواڵی دەداتێ کە ژەهرم پێوەکراوە مەخۆ خۆشەویستیش بەژنەکە دەفەرموێ : بۆ وات کرد ، دەڵێ : لـەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر پێغەمبەر بێت زیانی لـێنادا و دەزانێ ، ئەگەر پێغەمبەریش نەبێ دەیکوژێ و رزگارمان دەبێ لـەدەستی ، خۆشەویست لـەسەرەتادا لـێی خۆش بوو ، دوایی کە هاوەڵـەکەی شەهید بوو لـەحەقی ئەودا کوشتیانەوە ، بەردەوامیش پەیوەندیان هەبوو بەدووڕووکافرەکانەوە و خەریکی پیلان گێڕان و ئاژاوە نانەوە بوون ، لـەزەمانی خەلیفەکانی تریشدا دەستیان هەبوو لـەشەهید کردنی (سیانیان)دا لـەو رۆژەشەوە بەردەوام کۆمەڵی نهێنی جۆراو جۆریان دامەزراندوە بۆ چەواشەکردنی موسڵمانان و بۆ جێبەجێکردنی مەرامە گڵاوەکانیان لـەهەر ولاتێکدا بووبن رۆژهەلات بێ یان رۆژ ئاوا وەك ماری سڕ بوو هەرئەوەندەی گەرمی بووەوە بەوکەسەوەی داوە کەچاکەی لـەگەڵدا کردووە پاش ئەوەش کەدەستی گڵاویان ئاشکرابووە خەڵکی ئەو ولاتانە کەوتونەتە لـەناوبردن و قڕکردنیان ، لـەسەردەمی ئێستاشدا بەهەمان شێوەی جاران خەریکی خراپە وپیلانن هەر رۆژە و شتێکی نوێ دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ بۆ نموونە :

یەکەم : لـەکۆتایی ساڵی ۱۹۹۹ ز لـە فرۆکەخانەی دوبەی پیاوێکی سەر بە دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی دەسگیرکرا کە (۸۰) ملیۆن دراوی تەزویری بەحرەینی پێ بوو ئەمەش بۆ ئەوەی زیان بەئابوری ولاتی بەحرەین بگەیەنن .

دووەم : ژنی سەرۆکی فەلـەستینی جوولـەکە تاوانبار دەکات بەوەی کەلـە ۸۰٪ سەرچاوەکانی ئاوی فەلـەستینیەکان پیس کراوە، بەمەوادی کیمیاویی و بلاوکردنەوەی گازی ژەهراوی لـەهەندێ ناوچەدا ، بەجۆرێك ژمارەیەکی زۆر لـە فەلـەستینیەکان تووشی نەخۆشی ترسناك بوون ئەمە بێجگە لـەوەی (مرکز الحقوق الفلسطيني )هاوولاتیانی غەززەی ئاگادار کردەوە کە گۆشتی گوێرەکە و

مانگای بێکەڵك و خراپ خراوەتە بازاڕەوە بەنرخێکی هەرزان لەلایەن جوولەکەوە و زیان لەتەندروستی دەدات گۆڤاری (المجتمع) ژمارە ١٣٧٧ ساڵی ١٩٩٩ .

سێیەم : لەمانگی ١٢/ ی ساڵی ١٩٩٩ زاینیدا پەرلەمانی مەغریبی کۆبونەوەیەکی تایبەتی کرد لەسەر ئەو ڤایرۆسانەی تووشی بەرهەمی تەماتە بوبو ، لەکاتێکدا کەبەرهەمهێنانی تەماتە دەست کەوتێکی باشە بۆ وڵاتی مەغریب .

پەرلەمانتارەکان هۆی بڵاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسەیان گێڕایەوە بۆ ئەو پسپۆڕە جوولەکانەی کە پێش سێ ساڵ لێکۆڵینەوەیان کردبوو لە مەغریبدا لەسەر تەماتە هەروەك چۆن چەند ساڵێك لەوەوبەر هەمان ڤایرۆسیان لەڕێی شەتڵی تەماتەوە لەمیسردا بڵاوکردەوە بەوەش زیانیان گەیاند بەووڵاتی میسر ...

شایانی باسە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر تۆڕێکی جاسووسی ئیسرائیلی ئاشکرابوو لەمیسردا کەلەهەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایدز دابوون لەڕێی کاری بەد ڕەوشتی و لەهۆکانی ڕاگەیاندندا باسکرا لەکاتی خۆیدا ( گۆڤاری المجتمع ١٣٧٧) .

چوارەم : جوولەکە نەك هەر بەرامبەر موسڵمانان پیلان دەگێڕن ، بەڵکو هەموو گەلانی غەیری جوولەکە بەکاردەهێنن بۆ مەرامی خۆیان و باریان بۆ کەس نی یە ، ئەو ئەمریکایەی کە هەموو یارمەتیەکی ماددی و مەعنەویان دەدات سیخوڕی بەسەرەوە دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەست دەکێشنە ناو کارو فرمانیانەوە و بۆخۆیان دایدەدۆشن ، دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی لەڕێگای بڵاوکردنەوەی چەند تۆڕێکی سیخوڕی لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ، بۆ ماوەی زیاتر لە(٣٥) ساڵ دەچێ لەهەوڵی ئەوەدایە کە گشت زانیاری و نهێنیە ووردەکانی بوارەکانی سەربازی و سیاسی و ئەمنی ئەمریکای چنگ بکەوێت . سیخوڕەکانی مۆساد توانیان زانیاریان لەسەر چۆنیەتی دروست کردنی ڕۆکێتی بالیستی و بۆمبای هێشوویی دەست بکەوێ و پاش ئەمریکا ئیسرائیلیش توانی دروستی بکات .

سووربوونی مۆساد لەسەر کاری سیخوڕی وای لەسەرۆکی ئەمریکا (ڕۆناڵد ریگن) کرد دوخاڵ بخاتە بەردەمی پنتاگۆنەوە بەمەبەستی پاراستنی نهێنیەکان :

١ ــ قەدەغەکردنی جوولەکەکانی ئەمریکا لەشوێنە گرنگەکان وبەرێوەبەرایەتیەکانی ئەمەریکا.

٢ــ دانانی (٣٠) چاودێر بۆ چاودێری کردنی هەریەك لەباڵوێزخانە و دبلۆماسیەکانی ئیسرائیل سەبارەت بەجموجوڵ و هەڵس و کەوتیان لەسەراسەری ئەمەریکادا . بەڵام دوای هەموو ئەمانەش زۆربەی ناوەندە لێکۆڵەرەوەکانی ئەمەریکا لەو بڕوایەدان کە دەزگای موساد لەهەوڵی ئەوەدایە کەیەکێك لەسیخوڕەکانی خۆی بخاتە ناو سەرکردایەتی (CIA) ئەمریکی بۆ ئەوەی زانیاری زیاتری چنگ بکەوێ . ( ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژ /٢٨٢ ساڵی ٢٠٠٠ ) .

بەکورتی جوولەکە ئاژاوەگێڕن و خراپەکارن چیان پێ بکرێ بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە و بەقڕدانی خەڵکی دریغی ناکەن و خوای گەورەش ( بالمرصاد) ە بۆیان وەسەرەنجام لەناویان دەبات و تەوفیقیان نادا هەروەك دەفەرموێت : ﴿ کلما اوقدوا ناراً للحرب اطفأها الله و يَسعَون في الارض فساداً و الله لا يحب المفسدين ﴾ المائدة : ٦٤ ئەمە لەکاتێکدا کەلەجیهاندا ئێستا نزیکەی (٦) ملیار مرۆڤ هەیە و ژمارەی جوولەکەش تەنها (١٤) ملیۆن کەسە ، باشە بەم کەمیەوە ئەم هەموو خراپەیە دەکەن حەق نی یە وەك ناپلیۆن بڵێین ( جوولەکە میکرۆبی بەشەریەتن ) .

بەراستی خوا چاك ناسیونی کە ووشەی (یسعون) بەکار دەهێنێ بە ( مضارع )واتە بەردەوام هەوڵی فەساد و خراپە نانەوەیانە بەهەرحاڵ ئەمەش گەورەیی قورئان دەردەخات و ئەگەر بمێنین شتی زۆری تریش دەبینین کە هەمووی ( تصدیق) ە بۆ قورئان ( تەنانەت ئەم شەڕەی ئێستا چیچان کەم تازۆرێك جوولەکەی لەپشتەوەیە ، دەڵێن چەند ملیار دێرێکی جوولەکە لەروسیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بۆ ئەوەش کە گەلی روسی و سیاسەت مەدارانی ئەو وولاتە نەیان پەرژێتە سەر پیلانەکانی جوولەکە لەروسیادا و سەرقاڵبن بەشەڕی دەرەکیەوە ئەم ئاگری شەڕەیان خۆش کردووە و دیارە بەوەش گەلی موسڵمانی چیچانیش زیانی گەورەیان لێدەکەوێت کە ئەمەش ئاواتی جوولەکەیە لەهەموو کات و سەردەمێکدا ) گۆڤاری (المجتمع)

**( ١٤٥ ) دڕك و داڵ ترێ و هە نجیر ناگرێ :**

ڕۆژێك عیسا سەلامی خوای لێبێت بەقوتابیەکانی فەرموو : وریای ئەوانەبن کەبەدرۆ لافی پێغەمبەرایەتی لێدەدەن . کە گورگن و لەپێستی مەڕدا خۆیان دەردەخەن ، قوتابیانی پرسیاریان لێکرد و وتیان : ئەی مامۆستا بەچیدا بیان ناسینەوە فەرمووی : بەبەرهەم و بەروبومیاندا دەیان ناسنەوە ، ئایا دڕك و داڵ ترێ و هەنجیر دەگرێ ؟ هەموو جۆرە درەختێکی باش بەروبومی باشی دەبێ و هەموو درەختێکی خراپیش بەروبوومی خراپی دەبێت ( ئینجیل متی الاصحاح السابع / ١٥ ــ ١٨ ) .

بەڵێ ئەوەی بەویژدان بێ و سەیری ژیاننامەی پێغەمبەر بکات بەئاشکرا بەروبوومی چاك و ڕاستیّتی بۆ دەردەکەوێت ، دوژمنان بۆ چەواشەکردنی خەڵکی دەیان ووت : محمد شاعیرە ، محمد کاهنە ، قورئانیش وەڵامیان دەداتەوە دەفەرموێت :﴿ فلا أقسم بما تبصرون وما لاتبصرون انه لقول رسول كريم وما هو بقول شاعر قليلاً ماتؤمنون ولا بقول كاهن قليلاً ما تذكرون تنزيل من رب العالمين ﴾ الحاقة : ٤٣ واتە : سوێندبێ بەوەی کە دەیبینن بەوەش کە نایبینن ( واتە سوێند بەهەموو بوونەوەر و بەخوا خۆشی چونکە خوای گەورەش نابینرێت ) ئەم سوێندە گەورەیەش بۆ ئەوەیە بزانن و دڵنیابن کە ئەم قورئانەفەرمودەی خوایە و نێرراوی خوا بۆتان دەهێنێ ئەم قورئانە قسەی شاعیر نییە خۆشتان باش دەزانن کە محمد(ﷺ) هەرگیز هۆنراوەی نەوتوە کەچی کەم ئیمان دەهێنن وە ئەم قورئانە قسەی کاهین نی یە کە قسە لەهەندێ شتی پەنهان و نادیار دەکات و لەسەدا ئەگەر یەکێکیان وەك پلاری کوێر بیگرێ و ڕاست دەرچێ، ئێوە زۆر کەم بیردەکەنەوە ئەم قورئانە نێراوەتە خوارەوە لەپەروەردگاری جیهانەوە ﴿ ولو تقول علينا بعض الاقاويل لأخذنا منه باليمين ثم لقطعنا منه الوَتين فما منكم من أحد عنه حاجزين ﴾ الحاقة : ٤٧ واتە : ئەگەر محمد بەدەم ئێمەوە درۆی بکردایە وە قسەی هەڵبەستایە ئێمە بەدەستی خۆمان تۆڵەمان لێدەسەند لەپاشا ڕەگی گیانیمان لێدەبڕی وەکەس نەدەبوو لەئێوە بتوانێ ڕێمان لێبگرێ و ( محمد) ڕزگار بکات لەدەستمان .

ڕۆژێك ئیبن قەیم بەیەکێك لە ئەهلی کتاب دەڵێ ئێوە زۆر بێ ئەدەبی دەکەن بەرامبەر بەخوا کە دەڵێن محمد پێغەمبەر نییە کابرا بەسەر سوڕمانێکەوە وتی : بۆچی ؟ ئیبن قەیم وتی ئاخر پێم ناڵێیت ئەوخوایەی ئێوە باسی دەکەن لەکوێ بوو ( محمد)ێك هات و ئەو هەموو ئایەتەی بەناوی خواوە هێنا و ئەو دەنگی نەکرد ، نەك هەر دەنگ نەکردن بەڵکو سەریشی خست و ئایینەکەی لەرۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڵاوبویەوە ، لەقورئانەکەی ئێمەدا هاتووە کە ﴿ ولو تقول علينا بعض الاقاويل لأخذنا منه باليمين ثم لقطعنا منه الوتين فما منكم من أحد عنه حاجزين ﴾ الحاقة :٤٧

واتە : ئەگەر محمد تەنها چەند ووشەیەك درۆ بکات بەدەم ئێمەوە لەناوی دەبەین باشە خۆ زیاتر لەشەش هەزار ئایەتی هێناوە و لەناوی نەبرد ، کابرای ئەهلی کتاب سەری داخست و نەیتوانی هیچ بڵێت .

**( ١٤٦ ) گرنگترین هەواڵ :**

پێغەمبەر (ﷺ)گەورەترین و مەزنترین هەواڵی بۆ مرۆڤایەتی هێناوە لەخواوە ، کە هەموو ژیانی ئادەمیزادی پێوە بەندە لەدنیا و قیامەتدا ،هەروەك دەفەرموێ ﴿ قل هو نبأ عظيم أنتم عنه معرضون ﴾ ص : ٦٧ واتە : پێیان بڵێ ئەمەی من بۆم هێناون دەنگ و باسێکی گەورەیە پێتان رادەگەیەنم کەچی ئێوە گوێی پێنادەن و لێی رادەکەن ! هاتنی (محمد) (ﷺ)ئەوەندە گرنگە بۆ مرۆڤایەتی، هەموو پێغەمبەران مژدەیان داوە بەهاتنی ﴿ وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٨١) فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٨٢)﴾ ال عمران : واتە : کاتێ خوا پەیمانی وەرگرت لەپێغەمبەران کە هەرچیم دانێ لەنامە و حیکمەت ، لەپاشا فرستادەتان بۆهات و بڕوای بەپێغەمبەرانی پێش خۆی هەبوو ، ئەبێ بڕوای پێ بهێنن و یارمەتی بدەن ، خوا فەرمووی : ئایا دانتان نا بەم پەیمانەدا، وە لەسەر ئەوەپەیمانی منتان وەرگرت ؟ پێغەمبەران وتیان : بەڵێ ، خوا فەرمووی : ئێوە بەشایەت بن و منیش لەگەڵ ئێوەدا یەکێکم لەشایەتەکان .

ئینجا ئەوەی پشتی هەڵکرد لەم پەیمانە دوای ئەو دان پیانانە ، هەر ئەوانەن دەستەی بەدکاران ، ئیمامی عەلی و ئیبن عباس لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێن:(خوا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ پەیمانی لێوەرگرتووە ، کە ئەگەر (محمد) لەزەمانی ئەودا هات و هەڵبژێردرا ئیمانی پێ بهێنن و هاوکاری بن ) .

لەبەر ئەمەشە دەبینین لەتەورات و ئینجیلدا مژدە دراوە بەهاتنی خۆشەویست ، هەرچەندە بەدرێژایی چەندەها سەدە دەستکاری کراوە ، هەروەك ئیبن تەیمیە دەفەرموێ : لەپەڕاوێکی (زەبور) دا مژدەی هاتنی خۆشەویستم بینی ، کەچی لەنوسخەیەکی تردا گەڕام ئەو مژدەیەیان لابردبوو ) .

لەپەڕاوە کۆنە جیهانیەکانیشدا کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ نامەی پێغەمبەران بن و گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ ، ئاماژەی بۆ هاتنی حەزرەت تیایە بۆ نموونە :

١ ــ لەپەڕاوی (سامافیدا) کە یەکێکە لەپەڕاوە پیرۆزەکانی (براهیمیەکان) لەفەقەرەی شەش و هەشتی بەرگی دووەمدا دەڵێت : ئەحمەد شەریعەت لەپەروەردگاریەوە وەردەگرێ کە پڕە لەحیکمەت ، وە نووری لێوەردەگرێ هەروەك چۆن نوور و رووناکی لەخۆرەوە وەردەگیرێ ) پەراوی ( الرسول / سعيد حوى / ل ٤٠٢ ) .

٢ ــ ئەنیس مەنصور لە ڕۆژنامەی (الاهرام) دا دەڵێ : لەساڵی ١٧٧٦ دا دەریاوانێکی (اسکتلندی) لەحەبەشە هەندێ(مخطوطات) ی زۆر کۆنی دۆزیوەتەوە کە دەڵێت : (صحف) ی (ئیدریس) ە سەلامی خوای لێبێت ، لەیۆغۆسلافیاش هاو شێوەی ئەوەیان دۆزیوەتەوە ، پاش شیکار کردن و دۆزینەوەی ئەو زمانەی کە پێی نوسراوە ، بۆیان دەرکەوتووە کە مژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامی تێدایە و باس لەبەرز بوونەوەی ئیدریس دەکات بۆ ئاسمان هەروەك عیسا(سەلامی خوای لێبێت) وەڕەنگە ئەم ئایەتەی قورئانیش ئاماژەی تیابێ بۆ ئەوە کە دەفەرموێ : ﴿ واذكر في الكتاب ادريس انه كان صديقاً نبيا ورفعناه مكاناً علياً ﴾ مريم : ( دکتۆر احمد کبیسی لەبەرنامەی كلمات قرآنية دا لەکەناڵی دبی باسی کرد ).

٣ ــ مولانا عەبدولحەق فدیارتی لەپەڕاوی ( محمد في الاسفار الدينية العالمية) دا دەڵێ : ( لەئاڤێستاشدا مژدە بەهاتنی (محمد) دراوە ، هەرچەندە گۆڕانکاری زۆر بەسەر ئەو پەڕاوەدا هاتووە ، ڕەنگە ئاینەکەی زەردەشتیش ئاینێکی ئاسمانی بێ و بەدرێژایی هەزاران ساڵ دەستکاریی کرابێ ).

( لەپەڕاوی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کورد ــ لەنووسینی مامۆستا حسن محمود باس لەم مەسەلەیە کراوە ) و هەروەها سەیری ( الرسول / سعيد حوى / لا ٤٠٢ ) بکە .

**( ١٤٧ ) هەواڵدان بەڕووداوەکانی داهاتوو :**

خوای پەروەردگار هەرچی نهێنی و پەنهانە دەیزانێ و هەر خۆی (عالم الغيب) ە وەکەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنی خۆیدا مەگەر پێغەمبەرێکی هەڵبژێردراو کە پەیامی خوا بگەیەنێ بەبەندەکانی خوا ،قورئان دەفەرموێ﴿ عالم الغيب فلا يظهر على غيبه احدا الا مَن ارتضى مِن رسول ﴾ الجن : ٢٧

لەژێر رۆشنایی ئەم ئایەتەوە تێدەگەین کە ئەو هەواڵانەی پێغەمبەر (ﷺ)داوێتی لەبارەی ڕووداوەکانی داهاتووەوە ، زانستی غەیبین و خوای گەورە خۆشەویستی لێئاگادار کردونەتەوە بەهۆی (وحی)یەوە ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ و النجم اذا هوى ما ضلَ صاحبكُم وما غوى وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى ﴾ النجم : ١ واتە : سوێند بەئەستێرە لەکاتێکدا کەئاوادەبێ ، هاوڕێکەتان محمد لەرێلای نەداوە و رێی وون نەکردووە و ، لەخۆیەوە قسە ناکات ، هەرچی دەڵێ هەمووی هەر سرووشە و خوا بۆی دەنێرێ ...

ئەو هەواڵانەی خۆشەویست (ﷺ)داویتی بەموسوڵمانان لەبارەی رووداوە گەورەکانی داهاتووەوە گەورەترین بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی خۆشەویست چونکە زۆریان هاتوونەتەدی ، هەندێکی تریشیان ماوە لەداهاتوویەکی دووریان نزیکدا دێنەدی ...

لەو دەنگوباس و هەواڵانەش :

یەکەم / رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ)هاوەڵانی کۆکردەوە فەرمووی : ئەمرۆ نەجاشی پاشای حەبەشە کۆچی دوایی کردوە ، بەیەکەوە هەموویان نوێژی مردویان لەسەر خوێند . پاش ماوەیەك هەواڵی مردنی گەیشتە لای موسڵمانان ... دیارە ئەمە خوا هەواڵی داوە بەخۆشەویست (ﷺ)و دیارە نەجاشی موسڵمان بوو بوو بۆیە نوێژیان لەسەر کرد ( بوخاری و موسلیم) .

دووەم / پێغەمبەر (د.خ) لەرۆژی فەتحی مەککەدا دوعای کرد کە خوایە هەواڵی چوونمان بۆ سەر مەککە بشاریتەوە لەکافرەکان بۆ ئەوەی کوشتار روونەدات و خوێن نەرژێ ، کەچی (حاتەبی کوری ئەبی بەلتەعە ) بەئافرەتێکدا کاغەزێکی نارد کە تیایا هەواڵیان دەداتێ پێغەمبەر (د.خ) نیازێکی وای هەیە ، خواش بەسروش خۆشەویست ئاگاداردەکاتەوە و ئەویش ئیمامی عەلی و یەکێکی تر دەنێرێ بەدوای ئەو ئافرەتەدا و دەفەرمووێ : برۆن لەفلان شوێن بیگرن و نامەکەی لێبسێنن ، ئەوانیش دەگەنە شوێنی دیاریکراو و ئافرەتەکە دەدۆزنەوە و نامەکەی لێدەسێنن ، دیارە ئەمەش دوعا قبوڵ بوونی خۆشەویستە . هەروەك لە( ژیاننامەی خۆشەویستدا باسکراوە) .

سێیەم/پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ:﴿ اعدد بين يدي الساعة ستاً،موتي ثم فتح بيت المقدس ﴾ واتە : شەش رووداو بژمێرن لەپێش هاتنی قیامەتدا ، مردنی من ، فەتح کردنی (بيت المقدس) ..هتد ، دوای وەفاتی خۆشەویست (ﷺ)لەزەمانی عومەری کوری خەتتابدا (قدس) فەتح کرا .

چوارەم / پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێ : ﴿ تغزون جزيرة العرب فيفتحها الله لكم ، ثم فارس فيفتحها الله لكم ، ثم تغزون الروم فيفتحها الله ﴾ موسلیم واتە : غەزای نیوەدوورگەی عەرەب دەکەن و خوا فەتحی دەکات بۆتان ، ئینجا غەزای وڵاتی فارس دەکەن و خوا فەتحی دەکات بۆتان ، ئینجا غەزای رۆم دەکەن و خوا فەتحی دەکات ...

لێرەدا بەلای منەوە بێجگە لەوەی خەبەردان بەفەتح کردنی ئەو سێ شوێنە موعجیزەیە، خاڵێکی گرنگی تریشی تیایە بۆ نیوەدوورگەی عەرەب و فارس دەفەرموێ : خوا بۆتانی فەتح دەکات

( فيفتحها الله لكم )،چونكە ئەم دوانە لەسەردەستی (صحابە) دابوو وە (خطاب)ەكەش بۆ ئەوان بوو ، بەلاَم بۆ فەتحی رۆم كەشاری (قسطنطينية)كە (استانبول)ی ئێستایە دەفەرمویّ﴿ فيفتحها الله ﴾ خوا فەتحی دەكات و ووشەی (لكم) بەكارناهێنیّ چونكە لەزەمانی هاوەلاّندا نەبوو هەرچەندە لەزەمانی(معاويە) شدا محاولات كرا ، بەلّكو ئەو فەتحە گەیشتە زەمانی (محمد فاتح) دوای چەند سەدەیەك .

هەروەها دەفەرمووێ لەفەرموودەیەكی تردا : ﴿ اذا هلك كسرى فلا كسرى بعده واذا هلك قيصر فلا قيصر بعده ، و الذي نفسي بيده لتنفقن كنوزهما في سبيل الله ﴾ بخاری / واتە : ئەمە مژدەدانە بەنەمانی دەولّەتی فارس و رِوم وەبەخت كردنی مالّ و سەروەت و سامانیان لەرێی خوادا ،كە دیارە ئەمەش وەك خۆی هاتەدی .

لەفەرموودەیەكی تریشدا زیاتر مەسەلەكە روون دەكاتەوە و دەفەرمویّ : ﴿ فارس نطحة او نطحتان ثم لا فارس بعد هذا ابداً ، و الروم ذوات القرون ، كلما هلك قرن خلفه قرن ﴾ واتە : فارسەكان یەك دوو شەرِەقۆچ دەكەن و نامێنن بەیەكجاری بەلاّم رۆمەكان قۆچیان (شاخیان) زۆرە ، هەرشاخێكیان شكا ، شاخێكی‌تریان شەرِەقۆچ دەكات ... لەمێژوودا رۆمەكان زیاتر بەرگەیان گرت و شەرِەقۆچیان كرد لەگەلّ موسلّماناندا و چەند سەدە شەریان درێژەی كێشا بەلاّم كە تێك شكان ئیتر ئەمانیش دەسەلاّتیان نەما ( لا ٣١٤ الرسول / سعيد حوى ) .

پێنجەم : ئوم حیرامی كچی ملحان خێزانی عوبادەی كورِی صامت دەلّیّ : گوێم لە خۆشەویست بوو (ﷺ)فەرمووی : ﴿ یەكەم سوپایەك لە ئوممەتم كەلە دەریادا غەزا دەكەن بەهەشتین منیش پێم ووت ئەی پێغەمبەری خوا منیان لەگەلّدام ؟ فەرمووی : بەلّیّ تۆیان لەگەلّدایت ، ئینجا فەرمووی : یەكەم سوپایەك لەئوممەتم كە غەزای شاری قەیسەر دەكەن ، خوا لەگوناهیان خۆش بووە ، ووتم منیان لەگەلّدام ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : نەخێر ﴾ بخاری .

ئوم حیرام لەگەلّ سوپای مەعاویەدا بۆ یەكەمجار چوونە ناو دەریاوە بۆ غەزاكردن ، لەقبرص لەسالّی ٢٨ ی كۆچیدا ، كاتیّ ئوم حیرام لەكەشتی دابەزی و سواری ولاّخەكەی بوو پاش ماوەیەك لەولاّخەكەی كەوتە خوارەوە و شەهید بوو ... كە ئەمەش راستی هەوالّەكەی خۆشەویست پیشان دەدات .

شەشەم : پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ لا تقوم الساعة حتى تخرج نار من ارض الحجاز تضئ اعناق الابل ببصري ﴾ بخاري و مسلم / واتە : قیامەت نایەت تا ئەو کاتەی ئاگرێ لەخاکی حیجازدا پەیدا دەبێت ، گەردنی ووشتر لەشاری (بوصرا) ی شامەوە رووناك دەکاتەوە . ئەم فەرموودەیەش لەساڵی ٦٥٤ کۆچیدا هاتەدی ، واتە دوای نزیکەی شەش سەدە و نیو ، بەشێوەی بورکانێکی گەورە لە (حر) ە نزیك شاری (مەدینە) تەقیەوە و چەند شەو و رۆژێکی خایاند و شەوی تاریکی کردبوە رۆژی رووناك و لەدووری چەندەها کیلۆمەترەوە دەبینرا و گەردنی ووشتری لە(بصری) ی شام ڕووناك کردەوە .

مێژوونووسانی ئەو ڕۆژگارە بەووردی باسیان کردوە ، وەك ئەبی شامە کەلەساڵی ٦٦٥ ك وەفاتی کردووە وە ئیبن ساعی کەلەساڵی ٦٧١ك دا وەفاتی کردوە ، وە قورتوبی کەلە ساڵی ٦٧١ دا لەدنیا دەرچووە وەشێخ ئیبن تەیمیەش تۆماری کردوە کە دوای چەند ساڵێك لەڕووداوەکە لەدایك بووە (پەڕاوی نبوة محمد من الشك الى اليقين ) لا ١٨٨.

حەوتەم : پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی : ﴿ لا تقوم الساعة حتى تقاتلوا الترك صغار الاعين ، حمر الوجوه ، ذلف الانوف ، كأن وجوههم المجان المطرقة ﴾ بخارى و مسلم .واتە : قیامەت نایەت هەتا شەڕ لەگەڵ تورکدا دەکەن چاوو لووت بچکۆلە و روومەت سوور ، روومەتپان و خڕوو گۆشتن ئەڵێی قەڵغانێکی دووچینە و ئەستوورە( واتە قەڵغانێك بەپێستی توراق ) داپۆشرابێ و ئەستوور بوبێ.

ئەمەش لەهێرشی تەتەرەکاندا خۆی دەبینێتەوە ، کە موسڵمانان تەواونارەحەت بوون بەدەستیانەوە ، و شەڕێکی درێژ خایەنیان لەگەڵ کردن و سەرەنجام موسڵمانان سەرکەوتن و ئەوانیش زۆریان لێ موسڵمان بوون ، ئیبن تەیمیە کە خۆی لەڕووداوەکاندا ژیاوە دەڵێ : ئەگەر خۆت ئەو گەلە ببینی نازانی وەکو پێغەمبەر (ﷺ)وەسفیان بکەی ، ئیمامی نەوەویش هەمان قسەدەکات (نبوة محمد من الشك الى اليقين /١٩٢ ) .

هەشتەم : هەروەك لەبەشی پێشوودا باسمان کرد کە عیسا گەلەکەی ئاگادارکردۆتەوە لەوکەسانەی بەدرۆ باس لە پێغەمبەرایەتی دەکەن ، محمدیش (ﷺ)بەهەمان شێوە موسڵمانان وریا دەکاتەوە و دەفەرموێت :﴿ سيكون في امتي كذابون دجالون سبعة و عشرون اربع نسوة ، واني خاتم النبيين لا نبي بعدي ﴾ ئیمام ئەحمەد بەسەنەدێکی باش گێڕاویەتیەوە واتە : لەئومەتی مندا بیست و حەوت دەجالی درۆزن پەیدا دەبن کە چواریان ئافرەتن ، من دوا پێغەمبەرم و کەس بەدوامدا نایە ) .

هەندێك لەو درۆزنانە هەر لەزەمانی خۆشەویستدا پەیدا بوون وەك( موسەیلەمەی کەزاب و ئەسوەدی عەنەسی) بەردەوامیش تا ئەمڕۆ ناو بەناو پەیدا دەبن ، وە لەم سەدەی بیستەمەشدا (غلام احمد) ی قادیانی هاتە مەیدان کەلافی پێغەمبەرایەتی لێدەدا و شوێن کەوتوی هەیە و دوژمنانی ئیسلامیش گرنگیان پێدەدەن بۆ شێواندنی ئیسلام لای خەڵکی ، زانایانی ئیسلامیش قسەکانی ئەو درۆزنەیان وەڵام داوەتەوە و پوچەڵیان کردۆتەوە ، موسەیلەمەی درۆزن لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لەگەڵەکەی کە بڕوایان هێنابوو هاتن بۆ مەدینە بۆلای خۆشەویست و، دەیووت : ئەگەر محمد دوای خۆی کار بەمن بسپێرێ دوای دەکەوم ، خۆشەویستیش (ﷺ)لەگەڵ سابتی کوڕی قەیسدا چوو بۆ لای ، پاش قسەکردن .

خۆشەویست پارچە چیلکەیەکی بەدەستەوە بوو ، پێی فەرموو : ﴿ ئەگەر داوای ئەم پارچە چیلکەیەشم لێ بکەی نات دەمێ چ جای ئەوەی بت کەم بەجێنشینی خۆم ، تۆ ناتوانی فەرمانی خوا بشکێنی ، ئەوەی خوا لەبارەی تۆوە بڕیاریداوە رەت نابێتەوە ، خۆ ئەگەر لەمن هەڵگەڕێیتەوە خوا لەناوت دەبات ... وەمن وا دەبینم کە تۆ ئەو کابرایەی کەبە خەو حاڵی بەدی ئەوم نیشاندرا ئەوا من دەڕۆم ، چ قسەیەکت هەیە (سابت) لەجیاتی من وەڵامت دەداتەوە ) .

خەوەکەی خۆشەویستیش ئەوەبوو کەلە هەردوو دەستیا دووبازنی زێڕی بینی ، زۆر غەمگین دەبێ ئینجا لەخەوەکەدا وەحی بۆ دێ و پێی دەوترێ فوویان لێ بکە ، کە فوویان لێدەکات هەردووکیان با دەیانبات ) .

جا ئەو دوو بازنە خۆشەویست بەدوو درۆزن لێکی دەداتەوە کە پەیدا دەبن ( بوخاری ومسلیم)لا ٢٤٥ التاج ١٠/ نوری فارس ) .

نۆیەم : خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ الخلافة بعدي في امتي ثلاثون سنة ثم تصير ملكاً عضوضاً بعد ذلك ﴾ ابوداو و الترمذي واتە : (خەلافەت لەدوای من سی ساڵ دەبێت ، ئینجا دەبێتە پادشایی ) ئەم هەواڵەش موعجیزەیەکی زۆر گەورەیە چونکە ئەگەر سەیری ماوەی خەلافەتی هەرچوار خەلیفەکە بکەی و ماوەی کار بەدەستێتی ئیمام حەسەن حساب بکەی لەگەڵیا کە وازی لەحوکم هێنا بۆ موعاویە نزیکەی سی ساڵ دەکات ، واتە : لەمانگی ربيع الاول ی ساڵی (١١) کۆچی هەتا ربيع الاول ساڵی (٤١) کۆچی .

که موعاویەش هاتە سەرحوکم فەرمووی :﴿ انا آخر الخلفاء واول الملوك﴾ واته : من کۆتایی خەلیفەکان و سەرەتای پادشاکانم ( پەڕاوی الخلفاء الراشدون صلاح عبدالفتاح الخالدي).

موعجیزەکانی پێغەمبەر (د.خ) زۆر زۆرە بۆیە ئێمەش وەك شاعیری خواناس (مەحوی) دەڵێین :

خەبەردانی لەموستەقبەل قسەی چی لێبکەم تا حەشەر

هەموو بەرتبقی فەرموودەی ئەوە ئەم واقیعاتـــــانـــــە

بەیانی شەش حەو ئیعجازی لەجوملەی سەد هەزار ئیعجاز

ئەوەی دەیکا پەشیمانە ، ئەوی نەیکا پەشـــــیمانـــــە

.

.

**( ١٤٨ ) هیمەت بەرزی :**

لەقورئانی پیرۆزدا چیرۆکی پێغەمبەران باسکراوە سەلامی خوایان لێبێ و تیشك خراوەتە سەر هیمەتی بەرز و هەوڵ و کۆشش و ماندوبونیان لەگەڵ گەل و نەتەوەکانیاندا ، بەجۆرێك کەیەك لەسەر سێی قورئان چیرۆکە و دیارە ئەمەش رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە ، تاوەکو ئەم چیرۆکانە ببنە سەر مەشق بۆ خۆشەویست و موسڵمانان ، هەروەك قورئان دەفەرموێ : ﴿ وكُلا نقص عليك من أنباء الرُّسل ما نثبت به فؤادك وجاءك في هذه الحق و موعظة و ذكرى للمؤمنين ﴾ هود : ١٢٠ قورئانی پیرۆز داوا لەپێغەمبەر (ﷺ)دەکات کە ئارام بگرێ و پەلەنەکات لەئیمان هێنانی گەلەکەی و داوای تیاچوونیان نەکات ، هەروەك پێغەمبەرە( اول العزم) ەکان کە نوح و موسا و عیسا و ئیبراهیمە سەلامی خوایان لێبێت ، دەفەرموێت : ﴿ فاصبر كما صبر اولوا العزم من الرسل ولا تستعجل لهم ﴾ الاحقاف : ٣٥

خۆشەویست (ﷺ)پاش ئەوەی بەردبارانیان کرد لە تائیف ، مەلائیکەی خوا هاتە لای کە ئەگەر دەیەوێ بەفەرمانی خوا ئەو دوو شاخە دەڕوخێنێ بەسەر کافران دا و تۆڵەیان لێدەسێنێ ، ئەویش فەرمووی : ( من ئاواتە خوازم ئەگەر خۆشیان نەبێ ، نەوەکانیان رووبکەنە خوا و موسڵمانبن

...) بەڵێ ...خۆشەویست (ﷺ)بەو سنگ فراوانی و ئارام گرتنەی چووە پلەی بەرزی پێغەمبەرانی (اولوا العزم) ەوە .

موسڵمانانیش لەقورئانی پیرۆز و هیممەتی خۆشەویستەوە ، وانەی چاو قایمی و جەسووری وگیان فیداییان وەرگرت ، کە هەندێکی لەلاپەڕەکانی مێژودا تۆمارکراون بۆ ئەوەی هەمیشە سەر مەشق بێ بۆ نەوەکانی داهاتوو ، ئەمەش چەند نموونەیەکە :

یەکەم / عائیشە خوای لێ ڕازیبێ دەفەرموێ : کاتێ موسڵمانان بەیعەتیاندا بە ئەبوبەکر عەرەب هەمووی هەڵگەڕانەوە لێی و نیفاق سەری هەڵدا و گاوور و جوولەکەکانیش سەریان بەرزکردەوە و کەوتنە سەرەتاتکێ ، موسڵمانانیش وەکو مەڕ و ماڵاتێکی بێ شوان بوون لەشەوێکی تاریکی زستاندا ، بەهۆی کۆچی پێغەمبەرەکەیان و کەمی ژمارەیان و زۆری دوژمنانیان ، لەم بار و زروفەدا ئەو بارەی لەسەر شانی باوکم بوو لەسەر شاخ و کێو دات بنایە هەرەسی دەهێنا.

بەڵێ ئالێرەدا وورەی بەرز و هیمەتی بەرزی گەورەترین قوتابی محمد (ﷺ) ئەبوبەکر بوو کەتوانی رابەرایەتی موسڵمانان بکات و لەتیاچوون رزگاریان بکات ، بار و زروفەکە ئەوەندە نارەحەت بوو ، کارەکە ئەمەندە گران بوو، تیاچوون ئەمەندە مسۆگەر بوو ، بۆیە ئەبوهورەیرە سێ جار لەسەر یەك سوێند دەخوات و دەفەرموێ : ئەبوبەکر نەبوایە موسڵمانان تیاچووبوون .

بەڵێ ئەبوبەکر بەعومەری فەرموو : ﴿ اینقص الدین و انا حی ﴾ دین و ئاین کەم بکات و من زیندووبم هەرگیز شتی وانابێت ئەگەر لای راستم جەنگم بۆ نەکات بەدەستی چەپم دەیکەم .

دووەم : سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص هاتە خزمەت خۆشەویست و فەرمووی : حەزدەکەم دوعام بۆ بکەی دوعا و نزام لای خوا قبوڵ بێت ، ئەویش پێی فەرموو : نانی حەلاڵ بخۆ دوعات قبوڵ دەبێت ) .

ئەم شۆڕە سوارە پێشەوایەتی موسڵمانانی کرد و بەهیممەتی بەرزەوە لەجەنگی قادسیەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەسەر فارسەکاندا ، موسڵمانان (٢٥) هەزار بوون بەرامبەر (١٥٠) هەزار کەس دەجەنگان ، فارسەکان کۆمەڵێکیان دەجەنگان و کۆمەڵێکیشیان پشوویان دەدا ، بەڵام موسڵمانەکان بەردەوام و بەبێ پشوو ، تەنانەت نوێژەکانیان بەئیشارەت و لەسەر وڵاخەکانیانەوە دەیانکرد ،جاری وابوو ،شەوو رۆژی تەوا و نان و ئاو نەدەچووە سەردەمیان ،وەك لەشەوی ( الهریر)

دا کە شەوو ڕۆژەکەی بەردەوام جەنگان و نزیکەی (٣٠) سەعات شەڕیان کرد بێ پشوودان ، تا خوا سەری خستن و لاپەڕەیەکی زێڕینیان بۆ خواویستی و هیممەت بەرزی تۆمارکرد .

سێیەم : شێخ محمود شیت خەتتاب دەڵێ : (چەند ساڵ لێکۆڵینەوەی بەردەوامم کرد ، تا گەیشتمە ئەو ڕاستیەی کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)نزیکەی لەسەدا هەشتایان لێ شەهیدبووە و گۆڕ و مەزارگاکانیان شایەتی دەدەن لەسەر ئەم راستی یە و زۆریان پەڕیونەتە ئەم وڵات و ئەو وڵات و دوور لەخاکی خۆیان بەغەریبی و بە شەهیدی سەریان ناوەتەوە ) .

چوارەم : (ئیبن شەداد) دەڵێ لەگەڵ (صلاح الدین) سواری پاپۆڕ بووین و لەدەریادا تووشی تۆفان و زریانێکی زۆربووین ، بەجۆرێك ترسام سوێندی گەورەم خوارد کە نەچمە دەریاوە جارێکی تر و وتم : ئەوەی ژیر بێت سواری پاپۆڕ نابێ و ناچێتە دەریاوە ، شەرتبێ لەمەودوا ، هەرچی چو بووە کەشتی یەوە یان کاری بازرگانی بوو لەناو دەریادا ، شەهادەتی وەرنەگرم چونکە دیارە ژیر نیە و کەسێکیش ژیر نەبێ دیارە شایەتی وەرناگیرێ ...

ئا لەم کاتەدا (صلاح الدین) هاتە لامەوە و وتی : حەز دەکەم وڵاتی شام رزگاربکەم و پاشان سواری کەشتی ببم و دوای سەلیبیەکان بکەوم تا ناو وڵاتەکانی خۆیان ، سایان وڵاتەکانیان فەتح دەکەم یان دەمرم .

ئیبن شەداد دەڵێ : کە ئەم قسانەی صلاح الدین م گوێ لێ بوو خۆمم لەبەرچاو کەوت و زۆر لەحاڵی خۆم تەریق بوومەوە .

ئیبن شەداد دەڵێ : جارێکیان پاش فەتحی شارێك ، سەلاحەدین کچێکی بچووکی بینی ، دابەزی و ماچی کرد و زۆر گریا ، وتم : قوربان ئەوە دەیناسی ؟ وتی نەبەخوا ، هەر ئەوندەیە کچەکەی خۆمم بیرکەوتەوە کەسێ ساڵە بەجێم هێشتووە و نەمدیوە .

پێنجەم : موسڵمانێك لەوڵاتی سعودیەوە دەچێت بۆ خوێندن لەزانکۆیەکی ئەمریکی بۆ بەدەستهێنانی ماجستێر و دکتۆرا ، کە دەگاتە ئەوێ بیردەکاتەوە کەلەنزیك بەندیخانەیەکەوە شوقەیەك بەکرێ بگرێت ، تاوەکو ئەگەر فرسەتی بۆ هەڵکەوت سەربدات لەوبەندیخانەیە و بانگی خوا بدات بەگوێیاندا ، بەڵێ ... رۆژێك چوو بۆلای بەڕێوەبەری ئەو بەندیخانەیەی کە نزیك بوو لەشوقەکەیەوە و داوای لێکرد کە ڕێ بدات قسە بۆ بەند کراوەکان بکات ، ئەویش مۆڵەتی داو

پاش سەعاتێك قسە بۆكردن ، سێ کەس لەڕەش پێستەکان موسڵمان بوون ... ئیتر بەجێی هێشتن و خەریکی خوێندنی خۆی بوو ... پاش مانگێك بەڕێوەبەری بەندیخانەکە چوو بۆ لای و وتی : داوات لێدەکەم کە بێیت وتارێ بدەیت بۆ بەندکراوەکان ، ئەویش پێی دەڵێ : بۆچی حەزدەکەی من بێم ، تۆ نازانی من دەیانکەم بە موسڵمان ...؟

ئەویش وتی : بەهەرچیەکیان دەکەیت گرنگ نییە ، گرنگ ئەوەیە ئەوەتی تۆ سەردانت کردوون ، بەندکراوەکان سەرقاڵی ووتوێژو و پەڕاو خوێندنەوەن وڕەفتاریان چاك بووە بەمەیش بەندیخانەکەی من بە باشترین بەندیخانەی ئەم شارە دراوەتە قەڵەم و (مکافأە)م لەسەر وەرگرتووە .

بەڵێ ... ئەمە هیممەتی بۆ خوا سوڵحانە ، ئەگینا ئەوێکی سەرقاڵ بەدیراسەوە چی داوە لەبانگەوازکردن لەبەندیخانەدا ، ئینجا بۆ بەندیخانەکانی تری ئەمەریکا کە نزیکەی (٥) هەزار بەندیخانەن و، پاش هەوڵی زۆر و پەیوەندی کردن بەخێر خوازانەوە ، توانی هەزار کتێبخانە دروست بکات بۆ هەزار بەندیخانە و هەربەندیخانەیەك بایی ( هەزار ریاڵ) پەڕاوی ئیسلامیان بۆ دابین بکات .

**( ١٤٩ ) پاشە ڕۆژ بۆ ئیسلامە :**

ئاینی ئیسلام کە پێ دەنێتە هەزارەی سێهەمەوە ، بەوپەڕی توانا و لێهاتووییەوە دەستی مرۆڤایەتی دەگرێ بەرەو و خێر و خۆشی دنیا و قیامەت ، ئەمڕۆش و لە داهاتووشدا زیاتر خەڵکی ڕێی خوا دەگرنە بەر و بار و زروفەکەش زۆر لەبارە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

١ــ گەڕانەوەی خەڵکی بۆ سەر فیترەت ، قورئان دەفەرموێت : ﴿ فاقم وجهك للدين حنيفا فطرة الله التي فطر الناس عليها لا تبديل لخلق الله ذلك الدين القيم ولكن أكثر الناس لا يعلمون ﴾ الروم : ٣٠.

بەڵێ ... خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ سەر فیترەتی پاکیان ئەگەرچی تۆ ز و خۆڵێ جاهیلی ماوەیەکی زۆریش دایپۆشێ ، چونکە دروستکراوەکانی خوا کە مۆری فیترەتیان لێدراوە ، هەق و ڕاستی لەدڵ و دەروونیاندا هەڵکەندراوە ناگۆڕدرێن ، گۆڕانێکی وا کە یەکجاری بێت ، ڕاستە سەرگەردان دەبن و لەسنوور لادەدەن ، بەڵام بەتەنها (تۆبە) کردنێك ڕابردوو دەسڕێتەوە و لاپەڕەیەکی تازەی سپی هەڵدەدرێتەوە ...

ڕۆجیه گارودی که بەمارکسی سەدەی بیستەم ناوزەدکرا ، پاش دەیەها ساڵ ئیلحاد و دوور لەخوایی ، موسڵمان بوو ، زانایەکی یابانیش موسڵمان بووە و دەڵێ : خاکی یابان لەبارە و لەهەموو کات زیاتر ئامادەیە بەرنامەی ئیسلام وەربگرێ ، بەمەرجێ ئەو بانگخوازانە بێنە مەیدان که قسە و کرداریان یەکە ..

٢ـ جاڕدانی گەردوونی بۆ مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنانی زوڵم و ستەم و دەستەبەرکردنی ئازادی ، ئەگەر کەمیش بێت ،، هۆکارێکی گرنگه بۆ ئەوەی خەڵکی بەئازادی بیربکەنەوە و ئەوە هەڵبژێرن کەبەچاکی دەزانن ، لەبەرئەوەی ئیسلامەتیش (بەڵگه و بورهان) ی هێناوە زۆر بەئاسانی دڵی خەڵکی رادەکێشێ و دەیانخاتە سەر راستە شەقامی بەرنامەکەی .

هەر لەبەر ئەوەشە که دەبینین لەئەمەریکادا مزگەوتەکان روو لە زیادین و ئێستا (٣) هەزار مزگەوت هەیە و مانگی چەند مزگەوتێکی نوێش دروست دەکرێ ، هەروەها لە(١٥) ساڵی رابردوودا (٣٠٠) هەزار کەس تەنها لەبەندیخانەکانی ئەمەریکادا موسڵمانبوون ، که ژمارەی بەندیخانەکانیان (٥) هەزارە و گیریان خواردوە بەدەست تاوانبارەکانەوە ، ئەوانەش که روو دەکەنە ئیسلام ، دەبنە تاکێکی چاك و خزمەتگوزار ، ئەمەش مایەی پێزانینی حکومەتی ئەمریکیە و ئێستا (ئیمام) ی موسڵمان بۆ ئامۆژگاری کردنی بەندکراوەکانی بەندیخانەکان دادەمەزرێنێ ، لەبەریتانیاش بەهەمان شێوە وەزراەتی داد داوای لەحکومەت کردووە که (ئیمام) ی موسڵمان دابمەزرێنێ بۆ بەندیخانەکان ..

٣ ـ ئەمرۆ مرۆڤایەتی رێز لە زانست دەگرێ ، بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشوەوە که لەرۆژئاوا دا زانایانیان دەکوشت لەسەر ئەوەی ئەگەر بیروبۆچونێکی زانستی ببوایە و بەدڵی کەنیسە نەبوایە ، رۆژئاواییەکان لەئەندەلوسەوە ( منهج البحث التجريبي ) یان لەموسڵمانان وەرگرت تا کوێ گەیشتبوون ، ئەوان پەرەیان پێدا و تەواویان کرد .

بۆ نموونە ئێستا هەر لە ڕۆژئاوادا کەنیسەیەك کفنێکی لایە دەڵێ ئەمە کفنی عیسایە و هی نزیکەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەرە ، زانایەکی پسپۆڕ بەناوی (ماکرون) داوای پارچەیەکی بچووکی لێکردن ، ئەوانیش بەهەر حاڵێك بوو ( ١ سم ٢ ) یان دایە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد ، لەئەنجامدا وتی : ئەو ڕەنگە سوورەی بەکفنەکەوەیە خوێن نییە ، وە مێژوی ئەو کفنەش دەگەڕێتەوە بۆ شەش سەد ساڵ لەمەوبەر ... زۆر بەئاسانی قسەکەی وەرگیراو کەسیش دەستی بۆ نەبرد ، ئەمە

ئەگەر جاران بوایە لەناویان دەبرد . ئەم ریزگرتنەش لەزانست بۆ ئیسلام زۆر چاکە ، چونکە (علم و ئیمان) تەبان و هیچ دژایەتیەکیان لەنێوان دا نیە ، ئەگەر کەسێ ریز لەعەقڵی خۆی و لەئەزموونی خەڵك و لەبنەما زانستیە نەگۆڕەکان بگرێ ، دەیهێنێ بەرەو ئیمان و رێی راست دەدۆزێتەوە ..

٤ ـــ بەرنامەکەی خوا موعجیزەیە و لەمەوبەر چەندی بۆ خەڵك ئاشکرابووە ، لەمەودواش زیاتری لێئاشکرادەبێ و هەردەم مایەی هیدایەتە و ئەوانەش کەبە ئینصاف بن دان ئەنێن بەو راستیانەدا ( موعجیزەی عیلمی زۆر لە قورئان و سوننەت ) دا هەیە لەهەموو بوارێکدا ، قورئان دەفەرمویت : ﴿ ان هذا القران يهدي للتي هي أقوم ﴾ واتە : ئەم قورئانە رێنمایی کاری مرۆڤە بۆ راستترین و تەواوترین بەرنامە ( موستەشار سالم بهنساوی) دەڵێ : چوار ساڵ لەمەوبەر فەرەنسا کۆمەڵێ یاساناسی نارد بۆ وڵاتی سعودیە بۆ لێکۆڵینەوەی ( میرات لەئیسلام) دا تا سوودی لێوەرگرن لەیاسای فەڕەنسادا و ئەو زوڵم و ستەمەی هەیە لەیاساکانی خۆیاندا لای ببەن ، ئەمە لەکاتێکدا کەلەبنەڕەتدا یاسای فەڕەنسی سوودی لە ( فقه امام ابو حنيفة ) وەرگرتووە .

هەروەها چەند ساڵێك لەمەوبەر لەئەڵمانیای رۆژئاوادا بۆ یەکەمجار لەسەر داوای خۆیان بۆ ماوەی دە رۆژ کۆبونەوەکرا لەسەر (ئابوری لە ئیسلام) دا و ژمارەیەکی زۆر زانای ئابوری ناسی ئیسلام بەشداریان کرد و سەرۆکی ژووری پیشەسازی ئەڵمانی وتی: ( ئێمە دەزانین کە رزگاربوونمان لەباری خراپی ئابووریمان بە ئابووری ئیسلامی دەبێت ، بەڵام کێشەکەلەوەدایە کە ئابووری لە ئیسلامدا بەشێکە لەئاینی ئیسلام و جیاناکرێتەوە ، بۆ پەیڕەوی کردنی ئەو جۆرە ئابوریيە دەبێت خەڵکانی ئەڵمانیا موسڵمان بن ، کە ئەمەش کاتی دەوێت ) .

هەروەها جێگری سەرۆك وەزیرانی روسیا و کۆمەڵێك ئابوری ناس پێش چەند ساڵێك چوونە قاهیرە و لەزانکۆی ئەزهەر ئامادەی کۆبوونەوەیەکی گەورە بوون لەسەر ئابووری لە ئیسلامدا و لەدوای کۆبوونەوەکان جێگری سەرۆك وەزیران وتی :( ئێمە کەموکورتی شیوعیەت و سەرمایەداری دەزانین و، چاك تێگەیشتووین کە ئەو دوو بیر و بۆچوونە سوود بە روسیا ناگەیەنن ).

**( ١٥٠ ) دواوتە :**

بانگخواز لەهەموو کەس زیاتر لەقورئان تێدەگات ، چونکە لەکاتی هەوڵو تێکۆشان و نارِەحەتی و کێشمە کێشدا زیاتر لەمەبەستە بەرزەکانی قورئان حاڵی دەبێت ، ئەمەش بە پێچەوانەی

ئەو کەسانەی کەلـەسای سێبەردا دادەنیشن و گوێ بەهیچ نادەن ، ئەم ئاینە بۆ گۆڕانکاری هاتووە ، گۆڕانکاری لـەدڵ و دەروون و بیرو بۆچووندا ، گۆڕانکاری لـەکۆمەڵگادا ...گۆڕانکاری بەرەو نوو رو بەرەو سەربەرزی دنیا و قیامەت ...

بانگخوازان زیاتر پایەدار دەبن ، زیاتر شارەزادەبن کاتێ هەوڵدەدەن فێربین و کاتێ هەوڵدەدەن خەڵکی فێربکەن ... قورئان ئاماژە دەکات بۆ ئەمە و دەفەرموێ : ﴿ ولكن كونوا ربانيين بما كنتم تعلمون الكتاب وبما كنتم تدرسون ﴾ ال عمران .

بۆ نموونە :

١ ـ تەنها بانگخوازان لـەبەندکردنی ناوسکی حووت تێدەگەن ، چونکە هەرکاتێ بانگەوازی خوا بەجێ بهێڵن و خۆیان بدزنەوە لـەهەوڵ و تێکۆشان بەنیازی پشوودان و سەلامەتی ، خوای گەورە زلـلەی میهرەبانیان لێدەدات و نایەڵێ بحەوێنەوە و ، بۆ جارێکی دیکە لـەلایان روودا وو بەسەرهاتەکەی یونس دووبارە دەبێتەوە .

لـەفەرهەنگی بانگخوازاندا بەشی یەکەم باسی ئەم لایەنەمان کرد ، بۆ زیاتر روون بوونەوەش ئەم ئە زموونە باس دەکەین ... دکتۆر سەید دسوقی ئەندازیارە و خەڵکەی میسرە لـەگەڵ هاوکارانیدا لـەسەندیکای ئەندازیاراندا مل ملانی یەکی گەورە دەکەن لـەگەڵ رژێمدا ... ساڵی ١٩٩٣ بۆ سەردان دەچێ بۆ ئەمەریکا بۆلای کوڕەکانی کە لـەوێ خەریکی کارن و دیارە ئەمانیش هەر بانگخوازن ..

برادەرێك پێی دەڵێ : ئەڵێی لـەمیسر رات کردوە و بەیەکجاری بەجێت هێشتووە ، ناهەقیشت نی یە کۆڵت دابێ لـەمل ملانێ ...

ئەویش پێی دەڵێ : نەبەخوا ، خوابۆ خۆی دەزانێ بەجێم نەهێشتووە ، من زۆر دەترسم لـەناو سکی حوت، چونکە خوای گەورە چەند جار بەندی کردوم لـەناو سکی حوتدا و هەر ئەوەندەش کەوتمە ئەو حاڵەتەوە ، یەکسەر بەخۆمدا چوومەتەوە و تەوبەم کردوە و گەڕاومەتەوە سەرکاری بانگخوازی و هەوڵ و تێکۆشان ...

٢ ـــ مامۆستا (سید قوتب) یش لـەبەرئەوەی بانگخواز بوو ، توانی بەفەزڵی خوا تەفسیرێکی زۆر جوان و پایەبەرز بنوسێ و ببێتە مایەی هیدایەتی ملیۆنەها کەس لـەجیهانی ئیسلامیدا ... دیارە ئەگەر مامۆستا بانگخواز نەبوایە و هەموو ژیانی تەرخان نەکردایە بۆ گەیاندنی هەق و راستی و خوێنی خۆی نەبەخشیایە بەخوا نەیدەتوانی شاکارێکی ئاوا بەهەرم بێنێ ...

مامۆستا دەژیا لـەگەڵ راستی یەکان و مانا بەرزەکانی قورئاندا ... بۆ نموونە لـەتەفسیری ئایەتی ﴿ اذ يُغشيكم النعاس أمَنة مِنه و يُنَزل عليكم من السماء ماء ليُطهركم به ويُذهب عنكم رجزَ الشيطان و ليربط على قلوبكم و يُثبتَ به الاقدام ﴾ الانفال : دەڵێ : منیش بەهەمان ئەزموونەدا رۆیشتووم ، دکتۆر سەید دسوقی دەڵێ : زۆر مەراقم بوو کە بزانم ئەو ئەزموونەی (سەید) چۆن بووە ... بۆیە لـەساڵی ١٩٦٠ دا کە مامۆستا لـەبەر خراپی باری تەندروستی لـەبەندیخانەوە برایە خەستەخانە و چەند پزیشکێکی برادەرم سەریان لێدەدا ، منیش رێکەوتم لـەگەڵیاندا کە (صدريه) یەکی سپی دکتۆرەکان لـەبەر بکەم و سەردانی مامۆستا بکەم لـە خەستەخانە ... کە چووینە لای پاش ئەوەی فرمێسکەکانم گیرسانەوە ... لێم پرسی : لـەتەفسیری ئایەتی ﴿ اذ يغشيكم النعاس امنة منه ﴾ دا باسی ئەوەتان کردوە کە ئەو حاڵەتانەش بەسەرتانا هاتووە ، پێمناڵێی چۆن بووە ...

ئەویش فەرمووی : بۆ ماوەی هەفتەیەك ئاویان کردبووە ژووری بەندیخانەکەمەوە و نەمدەتوانی دانیشم یان پاڵ بکەوم و تۆزێ بنووم ، بۆیە کە بردیانم بۆ ژووری مەحکەمە زۆر ماندوو شەکەت بووم ، دانیشتم یەکسەر خەوم لێکەوت گوێم لـەناوەکەم بوو بانگیان کردم خەبەرم بۆوە ، سەیری کاتژمێرم کرد تەنها چرکەیەکی خایاندبوو ، تەواو ئارامی و هێمنیم بۆ گەڕایەوە و تەواو ماندوێتی و شەکەتیم نەماو بەچاکی پشوومدا ،خوا بەڕەحمی خۆی ئەو (نعاس) ە ی بۆ ناردم و بۆم بوو بە ئارامی.

بەڵێ ... خوای پەروەردگار رەحمەت و بەرەکەت دەبارێنێ بەسەر بانگخوازاندا و هەمیشە دەستی خێری پێیانەوەیە بۆ ئەوەی باری قورسی بانگەوازیان لـەسەر سووك بکات و نموونەش بۆ ئەمە زۆرن و لـەبوارێکی تردا پشت بەخوا باسیان دەکەین .. (سەرچاوە: تاملات في التفسير الحضاري للقران الكريم ) دکتور سيد دسوقي.

## بەشی ٦

# گوڵستانی بانگخوازان

| | |
|---|---|
| ١٥١– سوود وەرگرتن لـە تەمەن | پێشەکی |
| ١٥٣– پەند وەرگرتن لـە قورئان | ١٥٢– ببنەخواناس |
| ١٥٥ – پەند وەرگرتن لە چیرۆکی بەنی ئیسرائیل | ١٥٤– پەند وەرگرتن لـە بەسەرهاتی (یونس) |
| ١٥٧– هەڵوێستەیەك لە خزمەتی هیجرەتدا | ١٥٦– پەند وەرگرتن لـە پێغەمبەرێك |
| ١٥٩– (ئەیوب) سەلامی خوای لێ بێ | ١٥٨– ئافرەتانیش خەبات گێڕ بوون |
| ١٦١– پەرستشەکان ویادی خوا | ١٦٠– یادی خوا |
| ١٦٣– دوو پۆشاك | ١٦٢– کۆتایی سورەتی البقره |
| ١٦٥– ئیسلامەتی فیترەته | ١٦٤– لادان لـە فیترەت |
| ١٦٧– دووجار لـەدایك بوون | ١٦٦– شکاندنی کۆت وپێوەندەکان |
| ١٦٩– دامەزراوی کۆڵ نەدان | ١٦٨– بانگەوازو خزمەت کردن |
| ١٧١ – فیرعەون چلەپۆپەی ستەمکاری | ١٧٠– ترس و تۆقاندن |
| ١٧٣– تەنها پشت بە خوا دەبەستین | ١٧٢– هەیبەتی موسوڵمان |
| ١٧٥– دوو جۆر بازرگانی | ١٧٤– خوامان بەسە کەیارمەتی دەرمان بێت |
| ١٧٧–یەکخواناسی بەخششی خوایە | ١٧٦– بەرهەمی قسەی خێر |
| ١٧٩– ڕوو زەردی قیامەت | ١٧٨–دروستکراوەکانی خوا |

## پێشەکی

بانگخوازێك لەو ڕۆژەوەی فێری ئەلف و بێی بانگەواز دەبێت و تێدەگات کە بانگەوازکردن ئەرکی سەرشانێتی و ئەگەر ئایەتێکیش بزانێ دەبێ بیگەیەنێ ..

بانگخوازیك لەو ساتەوەختەی کە قەناعەت دەکات تەمەن کورتە و ژیان فرسەتە و چاکتر وایە ساتەکانی ژیانی بەفیڕۆ نەدات و خەرمانی کردەوە چاکەکانی زیاد بکات ..

ئەو بانگخوازە دڵی بەخەڵکی دەسووتێ کە لەتاریکاییەکاندا بە نەشارەزایی پەل بکوتن و سەرگەردان بن و خەمێتی کەسێ زیاتر سوود مەندبێت و سەرفرازبێت و، دەشزانێ هەرکەسێك رزگار بکات خێری بەهێندەی دنیا و چی تێدایە دەستی دەکەوێت ، بۆ ئەم کارە پیرۆزە گەشتێك دەستپێدەکات کە بەرچاو ڕوونی دەوێ ، ناچار شەوو ڕۆژ دەداتە دەم یەك ، وشەیەك زیاتر فێربێت و وشەیەك زیاتر فێری خەڵك بکات .

ئەم گەشتیارە گەشتەکەی دەستپێدەکات بە جیهانی کتێب و عالەمی بانگەوازدا ، ڕێی لە زۆر بابەتی جوان و پەیڤی بە پێز و ئەزموونی گرنگ دەکەوێ ، ئینجا بۆ خۆی ئەزموونی نوێی لادروست دەبێت ... بیردەکاتەوە ئەم هەموو ڕەنجەی کە داویەتی ، بۆ کەسانێکی دیکەی هاوسەنگەر و هاو خەباتی سوودی لێوەر نەگرێ ؟

بۆیە ناوبەناو ئەزموون و تێبینیەکانی دەخاتە بەردەست و دەڵێ وامن لە گوڵزاری گوڵستانی بانگەوازدا چەپکێ گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بۆن خۆشم بۆ هێناون ، بەڵکو بەفەزڵی خوا بۆنی خۆش بێت بەسەرتانا و ڕەحمەت و بەرەکەت بباریێ بەسەر دڵە کانتانا .

ئێستاش فەرموون ئێوە و چەپکە گوڵێ لەجیهانی بانگەواز و بانگخوازان .

### ( ١٥١ ) سوود وەرگرتن لەتەمەن

خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەر موسڵمانان کە ئامۆژگاری یەکتری بکەن و دڵسۆزی یەکتری بن و، ئارام بگرن لەسەر ئەو زەحمەتەی دێتە ڕێگایان لەو ئامۆژگاری کردنەدا ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ والعصر ، ان الانسان لفي خسر الا الذين امنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر ﴾ واتە : سوێند بەکات و زەمانە ، ئادەمی لەزیان دایە ، مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان

هێنابێ و کردەوە باشەکانیان کردبێ و، ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئاینی ڕاست و ، ئامۆژگاری یەکترییان کردبێ بە خۆڕاگرتن .

العصر ــ واتە گوشین ، وەك کەسێك کەجلێك بگوشێ و ئاوەکەی بچۆڕێنێتەوە و، هەروەها هەوریش هەروەك بگوشرێ وایە و بارانی لێ دەبارێ بۆیە قورئان بە ( المعصرات ) ناوی دەبات و دەفەرموێ ﴿ وأنزلنا من المعصرات ماءً ثجاجاً ﴾النبأ: ١٤

تەمەنی مرۆڤیش کات و زەمانی خۆیەتی و دەبێ بیگوشێ تا بەچاکی سوودی لێوەرگرێ و بەرهەمێکی چاکی ببێ ، واتە: کات و زەمانە گوشینی دەوێ ، تا ئاوێکی پڕ خێری لێبچۆڕێ و بەفیڕۆ نەچێ بۆیە خوای گەورە بە ( العصر ) ناوی دەبات و سوێندیشی پێدەخوات ، جا ئەوانەی کە بڕوادارن و کاروکردەوەی چاکدەکەن و فەرماندەدەن بەچاکە و ئارامگرتن ، ئەوانەن سەرکەوتوو سەرفراز ، بێجگە لەوانە خەڵکی هەموو خەسارەتمەندن .

قورئان لەچەندەها جێگەدا باس لە براوەیی و سەرفرازی دەکات و دەفەرموێت : ﴿ فمن زُحزِح عن النار وأُدخل الجنة فقد فاز ﴾ ١٨٥ ال عمران / واتە : هەرکەسێك لە دۆزەخ رزگاری بێت و بخرێتە بەهەشتەوە ، سەرفراز و براوەیە و سەرکەوتووە .

هەروەها دەفەرموێت ﴿ ومَن يُطع الله رسوله فقد فاز فوزاً عظيماً ﴾ الاحزاب : ٧١

واتە:هەرکەسێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا وپێغەمبەرەکەی بێت،سەرکەوتوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە .

کاتێك بڕواداران دەچنە بەهەشتەوە و یادی دونیا دەکەنەوە ، یەکێکیان دەڵێ :من هاوەڵێکی بێباوەڕم هەبوو بڕوای بەزیندووبوونەوە نەبوو ، هەمیشە پێی دەوتم : تۆ چۆن بڕوات بەشتی ئاوەهایە ، چۆن ئێمە بمرین و ببین بەگڵ و خۆڵ و ئێسقان دووبارە زیندوو دەکرێینەوە ، جاکاتێك ئەو هاوەڵە دەبینێ لەدۆزەخدا ، دەڵێ خەریك بوو سەرگەردانم بکەی ، خوا بەفەزڵ و نیعمەتی خۆی رزگاری کردم .بەڕاستی ئەمەیە سەرکەوتن و سەرفرازی تەواو ئینجا هەرکەسێ دەیەوێ سەبەرز و سەرفراز و براوە بێت با بۆ ئەم بەهەشتە نەبڕاوەیە کاربکات ﴿ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ (٥٠) قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ (٥١) يَقُولُ أَئِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ (٥٢) أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَئِنَّا لَمَدِينُونَ (٥٣) قَالَ هَلْ أَنْتُمْ مُطَّلِعُونَ (٥٤) فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ

الْجَحِيمِ (٥٥) قَالَ تَاللَّهِ إِنْ كِدْتَ لَتُرْدِينِ (٥٦) وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنْتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ (٥٧) أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ (٥٨) إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَى وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (٥٩) إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٦٠) لِمِثْلِ هَذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ (٦١) ﴾الصافات .

پرسیارە سەرەکیەکانی مرۆڤ ، کەبریتیە لە : لەکوێوە هاتووین ، بۆ کوێ دەچین ، لەبەرچی هاتووین ، دەبێت تەنها ئەوکەسە وەلامی بداتەوە کە ئاگاداری ڕابردوو ئێستا و داهاتووە و هیچی لێون نابێت و هیچ شاراوە نی یە لەلای و، هەروەها دەبێت هەر ئەویش ڕێی سەرفرازی بۆ مرۆڤ دیاری بکات و لەڕێی سەرگەردانی و بەدبەختی ئاگاداری بکات .

زۆر لەفەیلەسوف و زاناکان ــ دوور لەئاین ـــ گەڕان بەدوای مانای ژیاندا بەلام هیچێکی وایان دەستنەکەوت ، کە خۆیان و خەڵکی پێ دڵنیابکەن . یەکێ لەفەیلەسوفە بەناوبانگەکانی فەڕەنسا کە هاوەڵی جێسکار دیستانی سەرۆکی فەڕەنسی بوو وتی : ئێمە لە ژیاندا دۆڕاوین کە ئەو هەموو هەوڵ و کۆشە دەدەین و سەرەنجامیش ژیان بەمردن کۆتایی دێت و نابینە خاوەنی هیچ ... جا بۆیە چاك وایە خۆمان کۆتایی بەژیانی خۆمان بێنین ، بۆیە ژنەکەی خۆی کوشت و چووە بنکەیەکی پۆلیس هەواڵی لە خۆیدا کەژنەکەی لەماڵەوە کوشتووە و فەرموون بمگرن . ئەوانیش لەبەرئەوەی کەسایەتیەکی ناودار بوو پاش ئەوەی دڵنیاش بوون لە کوشتنی ژنەکەی ، پەیوەندیان کرد بە سەرۆکی فەرەنسیەوە ئەویش ناچار وتی : بیخەنە شێتخانەوە و بڵێن شێت بووە ...

لەڕاستیدا ئەو پیاوە شێت نەبووە و ڕاستیش دەکات ، چونکە ژیان لە ڕوانگەی ماددی یەتەوە و دوور لە تێڕوانین و بیروبۆچوونی ئاینی هەرچی بکەی هەر بێ هودەیە و دۆڕاوی ؟! .

هاوەلان لەم سەرفرازی و ( فوز ) ە باش تێگەیشتبوون ، بۆیە کاتێك ( حیرام کوڕی میلحان ) لە ڕۆژی ( بئر المعونە ) ە دا لەگەڵ هاوەلانیدا شەهید دەکرێ و ڕمێکی بەردەکەوێ و بەخەستی بریندار دەبێ و دەکەوێ هاوار دەکات ( فُزتُ ورب الكعبة ) ( بەخوای کەعبە بردمەوە و سەرفراز بووم ) ... ئەو کافرەی کە ڕمەکەی تێدەگرێ گوێی لەم قسەیە دەبێت ، بۆیە پرسیار دەکات و دەڵێت باشە ئەوا ئەو لەناوچوو ، دنیای لەدەست چوو ، ئیتر چی بردەوە ؟ پێی دەڵێن : ئەو مەبەستی شەهیدی و شادبوونە بەبەهەشت ، ئەم ڕووداوە کاردەکاتە سەر ئەو کافرە و ئەویش تەوبەدەکات و موسڵمان دەبێت ...

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِي مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ (٧٩)﴾ ال عمران : واتە : نابێ هیچ ئادەمیەك كە خوا نامە و شەریعەت و پێغەمبەرێتی دابێتێ ، بەمەردومان بڵێ : ببن بەبەندەی من بێجگە لـەخوا ، بەڵكو پێیان دەڵێن : خوا پەرست بن بە هۆی ئەوەی كە نامەی ئاسمانی دەڵێنەوە و دەیخوێنن .

لێرەدا دوو ڕێگای خواناسیمان بۆ دیاریكراوە ، كە بانگەوازكردن و خەڵك فێركردنە لـەلایەك ، وە هەروەها هەوڵ دانمانە بۆ فێربوون و شارەزابوون لـەلایەكی ترەوە .

بەڵێ ... فەرمانی خۆشەویستمانە(ﷺ) : كە ئەگەر تاقە ئایەتێكیش دەزانی بیگەیەنە، بەڵكو بەردەوام هەوڵ بدەیت بەمەش خۆت زیاتر شارەزا دەبیت و گەرم و گوڕ دەبیت بەرەو فێربوون و خۆپێگەیاندن .

بڕوادار شەو و ڕۆژ لـەهەوڵدایە بۆ ڕێنمایی كردنی خەڵكی و خەریكی ئامۆژگاری خێرە و كۆڵ نادات چونكە دڵسۆزە بە خوا ، دڵسۆزە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، دڵسۆزە بە قورئان ، دڵسۆزە بەكاربەدەستانی موسڵمان ، دڵسۆزە بە موسڵمانان ... چونكە ئاین بریتی یە لـەو دڵسۆزی یە ، خۆشەویست دەفەرموێ ﴿ الدين النصيحة ، الدين النصيحة ، الدين النصيحة ﴾ واتە: سێ جار فەرمووی : ئاین دڵسۆزی یە ... پرسیاریان لێكرد دڵسۆزیە بۆ كێ ؟ فەرمووی : بۆ خوا ، بۆ پەڕاوەكەی ،بۆ پێغەمبەرەكەی و، كاربەدەستانی موسڵمان و ، موسڵمانان بەگشتی ،( مسلم ) .

ئەبوبەكری المزنی دەڵێ ( ئەبوبەكر بەزۆری نوێژ و ڕۆژوو پێش هاوەڵان نەكەوتبوو ، بەڵكو بەهۆی شتێكەوە لـەدڵیا پێش كەوتبوو ، كە خۆشەویستی خوا و دڵسۆزی بوو بۆ موسڵمانان ) .

***دڵسۆزی بۆ خوا و پێغەمبەر (ﷺ) :**

بریتی یە لـەپابەندبوونی تەواو بە فەرمانی پێغەمبەرەوە ، ڕۆژێك ( عبدالله ی كوڕی مسعود ) لـە دەرەوەی مزگەوت دەبێت و دەیەوێت بێتە ژوورەوە و خۆشەویست (ﷺ) وتار دەدا و لـەناوەندی وتارەكەیدا بەهەندێ لـەهاوەڵانی فەرموو : دانیشن ، یەكسەر ( عبدالله ی كوڕی مسعود ) یش كە

گوێی لەمەبوو هەر لەدەرەوە لە جێی خۆیدا دانیشت ، کە پاش نوێژ ئەمەیان بۆ خۆشەویست(ﷺ) گێڕایەوە فەرمووی : ( زادك الله طواعية لله ورسوله ) ... واتە : خوا گوێڕایەڵی و پابەند بونت زیاد بکات بۆ فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی ... ( ل ١٠٥ بيعتا العقبة )

لە جەنگی ئوحوددا خۆشەویست (ﷺ)فەرمووی کێ هەواڵێکی ( سەعدی کوڕی ڕەبیع ) م بۆ دێنێ ، ( محمدی کوڕی مەسلەمە ) ش وتی : من دەچم کاتێ چوو بەناو کوژراو و بریندارەکاندا گەڕا ، سەعدی بینی کە زۆر بریندارە و گیان ئەدات ، سەعد بە محمدی کوڕی مەسلەمە دەڵێت : سەلام بکە لە خۆشەویست و هەواڵی بدەرێ کە لەدوانزە جێگەوە بریندار کراوم و، هەواڵیش بدە بەهۆزەکەم کە هیچ بیانوویەکیان لێوەرناگیرێ لای خوا ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) بکوژرێ ، لەکاتێکدا ئەوان لە شەوی عەقەبەدا پەیمانیاندا بەپاراستنی، بەخوا هیچ عوزر و بیانویەکیان نیە لای خوا ئەگەر دوژمن دەستی بگاتە پێغەمبەرەکەیان وئەوان لە ژیاندابن ، ... کە محمدی کوڕی مەسلەمە گەڕایەوە و ئەم هەواڵەی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)ئەویش فەرمووی ( رحمه الله نصح لله ولرسوله حياً وميتاً ) ل ( ٩٦ بيعتا العقبة) واتە : خوا ڕەحمی پێ بکات دڵسۆز بوو بە خوا و بەپێغەمبەرەکەی لەژیان و لەسەرەمەرگیشدا .

### *دڵسۆزی بۆ موسڵمانان :

جەریری کوڕی عبدالله ی بەجەلیدەڵێت : ( بايعت رسول الله (ﷺ)على اقام الصلاة و ايتاء الزكاة ، والنُصح لكل مسلم ) موسلیم گێڕاویەتیەوە ، ( واتە : بەیعەتم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کرد (ﷺ) لەسەرکردن و ڕاگرتنی نوێژ بەچاکی و زەکات دان و ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆ هەموو موسڵمانێك ) ...

ڕۆژێك جەریری کوڕی عەبدولاّ خزمەتکارەکەی دەنێرێ ئەسپێکی بۆ بکڕێ ، ئەویش ئەسپێکی بە ( ٣٠٠ ) درهەم بۆ دەکڕێ و کابرا دەهێنێ بە خۆی و ئەسپەکەیەوە بۆلای ( جرير ) کەپارەکەی پێ بدات ... کە ( جرير ) ئەسپەکە دەبینێ ، ئەڵێ : برا ئەسپەکەت چاکە و زیاتر دەهێنێ ، دەیدەی بە ( ٤٠٠ ) درهەم ، ئەویش دەڵێ ، کەیفی خۆتە ،دەڵێ لەوەش زیاتر دەهێنێ دەیدەی بە ( ٥٠٠ ) درهەم ، دووبارە هەر دەڵێ : کەیفی خۆتە ، بەم جۆرە سەد سەد بۆی زیاد دەکات ، تا دەگاتە ( ٨٠٠ ) درهەم و کابراش ڕازی دەبێت و بە خۆشی و سوپاسێکی زۆرەوە پارەکەی وەردەگرێ ... پاشان کە ئامادەبوان پرسیار لە ( جرير ) دەکەن و دەڵێن : کەس هەیە ئەسپێکی بە

( ٣٠٠ ) درهەم دەستبکەوێ و خاوەنەکەشی ڕازی بێت ، زیادی بکات بۆ ( ٨٠٠ ) درهەم ، ئەویش دەڵێ : من بەیعەتم داوە بەخۆشەویست کە دڵسۆزبم بۆ هەموو موسڵمانێك ... ل ٢٧ ( الخطة البراقة لذي النفس التواقة ) .

## ( ١٥٣ ) پەند وەرگرتن لە قورئان

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لەهەموو کەس باشتر لەمانا و مەبەستەکانی قورئان تێگەیشتووە و لەهەموانیش زیاتر پەندی لێ وەر گرتووە بۆ نموونە :

* خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وهو الذي جعل الليل والنهار خِلفَةً لمن أرادَ أن يَذَّكر أو أراد شكوراً ﴾ الفرقان : ٦٢ / واتە : خواوەند شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا دەهێنێ ، ئەوەش بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێ بیربکاتەوە و ووردبیێتەوە لە دروستکراوەکانی خوا ، وە هەروەها بۆ ئەوکەسەی کە دەیەوێ سوپاسی زۆری خوا بکات ...

شەوو ڕۆژ یاد خەرەوەیە بۆ مرۆڤ ، کە بزانێ لەم دنیایەدا میوانە و هەموو هاتنی شەوێك و خەوتنێکی مردنێکە و هەموو هەستانەوەیەکیشی زیندو بوونەوەیەکە ، هەروەها بوونی ڕۆژ بۆ کارکردن و هاتنی شەویش بۆ پشوودان و سەرجەم نیعمەتەکانی دیکەی پەروەردگار وا لە بڕوادار دەکات که هەردەم سوپاسی خوای خۆی بکات...

خۆشەویست لەم مەسەلەیە چاك تێگەیشتبوو بۆیە بەردەوام بەیانیان و ئێواران ویردی زۆری دەخوێند ... بۆ نموونە لە ئێواراندا دەیفەرموو : ﴿ اللهم هذا اقبال ليلك وادبار نهارك و أصوات دعاتك فاغفر لي ﴾ واتە : پەروەردگار ئەوە شەوەکەت هات و ڕۆژەکەت ڕۆیی ، وە ئەوە دەنگی بەندەکانتە کە لێت دەپاڕێنەوە ، خوایە لێم خۆش ببە .

## ( ١٥٤ ) پەند وەگرتن لە بەسەرهاتی ( یونس )سەلامی خوای لێبێت:

قورئانی پیرۆز لەچەند جێگایەکدا باسی ( یونس ) دەکات سەلامی خوای لێبێت ، فەرموودەکانی خۆشەویستیش چەند لایەنێکی بەسەرهاتی ( یونس ) یان باس کردووە ( دیارە خوا بە ( وەحی ) ئاگاداری کردەوە ) ، کەمایەی پەند و ئامۆژگاری زۆرە بۆ موسڵمانان هەروەك دەفەرموێ :

یونس سەلامی خوای لێبێ گەلەکەی ترسان بەسزایەك کەلەماوەی سێ ڕۆژدا دووچاری دەبن ، خەڵکەکەش ترسیان لێنیشت و هەموو منالێکیان لەدایکیان دوورخستەوە و هەموو بێچووی گیانلەبەرانیان لەدایکەکانیان جیاکردەوە هەمووان بەگەورە و بچوکەوە دەگریان ، ئنجا بە کۆمەڵ کەوتنە پاڕانەوە و تەوبەیان کرد ، خوای گەورەش سزاکەی لەسەر هەڵگرتن ، یونسیش چاوەڕێی دەکرد سزاکە بدرێن ، هەروەك پەیمانی پێدابوون ، سێ ڕۆژەکە ڕۆیشت و هیچ سزایەك دیار نەبوو ، لەو وڵاتەشدا سزای درۆزنێك کە هیچ بەڵگەیەکی نەبێت کوشتن بوو ، بەرق و توورەبوونەوە ڕۆی تاگەیشتە قەراخ ئاوێك سواری کەشتیەك بوو ، هەڵیان گرت و ناسیانەوە .

کاتێ سواری کەشتیەکە بوو ، کەشتیەکە بارێکی نائاسایی بەسەردا هاتوو بەهیچ جۆرێ نەدەڕۆی ، لە کاتێکدا کەشتی تر لەدەوروبەریان بەئاسانی دەڕۆیشت ،بۆیە فەرمووی : ئەوە کەشتیەکەتان چیەتی واناڕوات ؟ وتیان : نازانین ... فەرمووی : بەڵام من دەزانم ، کەشتیەکەتان بەندەیەکی ڕاکردووی تیایە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەپەروەردگاری ڕای کردووە، بەخوا تا فڕێی نەدەنە ئاوەکەوە کەشتیەکە ناڕوات ، وتیان : بەخوا هەرگیز تۆی پێغەمبەری خوا ناخەینە ئاوەکەوە . ئەویش فەرموی : باشە تیروپشك بکەن ، ناوی هەرکەس دەرچوو ئەوەبێ دوو دڵی فڕێی بدەنە ئاوەکەوە ، سێ جار تیروپشکیان کرد ناوی ( یونس ) دەرچوو ... بەناچاری هەڵیان دایە ئاوەکەوە و پەروەردگاریش نەهەنگێکی گەورەی بۆ نارد قوتیدا و بردی بەرەو قوڵایی دەریا، کەوتە تەسبیحات کردن لەناو تاریکاییەکاندا ، تاریکی ناوسکی نەهەنگ و تاریکی بنی دەریا و ، تاریکی شەو ، وە فەرمووی : ﴿فنادى في الظلمات أن لا اله الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين﴾ الانبياء ٨٧ ئنجا خوا بەمیهرەبانی خۆی فەرمانی دا بەنەهەنگەکە کەلەقەراخ دەریا دای بنێ و لەبەرئەوەش کە لاشەی ناسك بووبووەوە و ، وەك باڵندەیەکی پەڕ هەڵوەریوی لێهاتبوو خوای گەورە درەختێکی کولەکەی لەوێدا بۆ ڕواند تا لەژێر سێبەریدا بحەوێتەوە لەبەروبومەکەیشی بخوا ... پاشان کە تۆزێ حاڵی چاکتربوو درەختەکە وشك بوو ، یونس گریا بۆ وشکبوونەکەی ، خوای پەروەردگار بەسروش پێی فەرموو : ﴿ بۆ درەختێك دەگریت وشکی کرد ، بۆ زیاتر لە سەد هەزار کەس ناگریت ، ویستت لەناویان بەریت ؟ ﴾ ئنجا کە ئەو جێگایەی بەجێ هێشت شوانێکی بینی ، فەرمووی : تۆ خەڵکی کوێیت ؟ وتی : من لەگەڵی ( یونس ) م پێی فەرموو : کە گەڕایتەوە سەلامیان لێ بکە و بڵێ بە ( یونس ) گەیشتووم و بینیومە .

شوانەکە وتی : ئەگەر تۆ ( یونس ) بیت دەزانیت کەلای ئێمە هەرکەس درۆیەك بکات و بەڵگەی نەبێت لەسەر قسەکانی دەیکوژن ، من ئەگەر ئەو هەواڵەیان بدەمێ کێ شایەتیم بۆ دەدات ؟ ئەویش فەرمووی : ئەم درەختە و ئەم شوێنە شایەتیت بۆ دەدەن ،شوانەکە وتی : دەباشە فەرمانیان پێبدە شایەتیم بۆ بدەن ،ئەویش فەرمووی : ئەگەر ئەم شوانە هاتە لاتان شایەتی بۆ بدەن ... دەرەختەکە و زەویەکەش وتیان :بەڵێ ... غولامەکە گەڕایەوە بۆلای گەلەکەی و بە براو کەسوکارەکەی پشت ئەستور بوو ، هاتە لای پاشا و و تی : من گەیشتووم بە ( یونس ) وسەلامتان لێدەکات ، پاشا فەرمانی دا لەگەردنی بدەن و بیکوژن ، وتی : من بەڵگەم هەیە ... ئەویش چەند کەسێکی لەگەڵدا نارد بزانن بەڵگەکەی چی یە ، کە گەیشتنە شوێنەکە شوانەکە وتی : توخوا ( یونس ) ئێوەی نەکرد بەشایەت وتیان : بەڵێ ! ئەوانەی هاتبوون بەترسەوە گەڕانەوە دەیانوت : درەخت و زەوی شایەتیت بۆ دەدەن ، گەیشتنەوە لای پاشا و ئەوەی دیبویان بۆیان گێڕایەوە ... پاشاکەش دەستی غولامەکەی گرت و لەسەر تەختەکەی خۆی داینا و وتی : تۆ لەمن زیاتر شایەنی ئەم شوێنەی ، ئنجا ئەو غولامە چل ساڵ بوە پاشایان.

* ئەمە سەر گوزشتەی ( یونس ) ە سەلامی خوای لێبێ ، کە ( ابن ابي شيبة ) لە ( المصنف ) ە کەیدا گێڕاویەتیەوە : کە خۆشەویستمان (ﷺ) ئەوپەڕی پەند و ئامۆژگاری لێوەرگرت بۆیە دەبینین لەوهەموو نارەحەتی و بارە ناهەموارەی مەککەدا کە دوژمن لەپەرێزدا بوون بۆی ، هاوەڵانی یەك یەك نارد بۆ مەدینە و خۆشی مایەوە و چاوەڕێی مۆڵەت پێدانی پەروەردگاری کرد ، تائەو ڕۆژەی کەلەنیوەڕۆیەکی گەرمدا هاتە ماڵی ئەبوبەکر و فەرمووی : خوای گەورە ڕێی پێداوم کۆچ بکەم ، خۆت ئامادەبکە با کۆچ بکەین ، ئەبوبەکر لەخۆشیا گریا و پاشان بەنهێنی کۆچیان کرد ، خۆشەویست (ﷺ) دڵ قایم و چاونەترس بوو هاوەڵانی پێش خۆی نارد و پاشان کۆچی کرد، تەنانەت هاوەڵانی نارده حەبەشە لەچەند ساڵێك پێشتردا و خۆی کۆچی نەکرد ، باشە بەهەموو حسابێکی بەشەری دەبوایە خۆشەویست (ﷺ)رزگار بکرێت چونکە کۆچکردنی بەردەوامی هاوەڵان کافرەکانی هۆشیار کردەوە کە ئەویش ئەگەر بەدوایاندا کۆچبکات لەدەستیان دەردەچێت ، لەم لاشەوە شەیتانی دوور لەڕەحمەتی خوا لەشێوەی پیاوێکدا چووە کۆڕی کافرەکانەوە و تەگبیری بۆکردن کەلەهەر تایەفەیەك لاوێکی بەهێز و چابووك هەڵبژێرن و هەموویان بەیەکەوە بچنە سەر ( محمد ) (ﷺ)و بیکوژن بەمەش خوێنەکەی بڵاوەدەکات و کەسوکارەکەی هیچیان پێناکرێ و ناتوانن تۆڵەی بسێنن .

ئەوانیش ئەم پیلانەیان جێبەجێکرد و کۆمەڵێ لاوی جەسوور و ئازایان نارده سەرماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بیکوژن، ئەویش بەیارمەتی خوا بە ناویاندا لەماڵ هاته دەرەوه و کەسیان نەیان بینی .

بەڵێ ... خۆشەویست (ﷺ)لە ( یونس ) ە وە ئەو پەندەی وەرگرتبوو کە چاوەڕێی حوکم و فەرمانی خوا بکات ، هەروەك خوای گەورەش خۆی ئامۆژگاری کردبوو ﴿ فاصبر لحكم ربك ولا تكن كصاحب الحوت اذ نادى وهو مكظوم لولا أن تَداركه نعمة من ربِّه لَنُبذَ بالعراء وهو مذموم فاجتباه ربه فجعله من الصالحين﴾ القلم : واته : دان بەخۆتا بگرە و چاوەڕوانی فەرمانی پەروەردگارت بکە و ، وەك هاوڕێی نەهەنگەکە مەبە کە (یونس )ە ، کاتێك کە بانگی خوای کرد بەخەم و خەفەتێکی زۆرەوە کە لە دڵیا پیشی خواردبۆوە لە داخی بێ بڕوایی گەلەکەی ، ئەگەر میهرەبانیەك لەلایەن خواوە فریای نەکەوتایە ، فڕێ ئەدرایە دەشتێکی ڕووت و، ئەو بەدناو ئەبوو ، ئنجا خوا هەڵی بژاردەوە و گێڕایی بەیەکێك لە ساڵحان و چاکان .

### * مۆڵەت وەرگرتنی خۆشەویست (ﷺ)بۆ سەردانی قەبری دایکی

دوومانگ پێش ئەوەی خۆشەویست(ﷺ) لەدایك بێت باوکی لەدنیا دەرچوو ، لەکاتێکدا کە لە سەفەردابوو ، لەڕێگا نەخۆش کەوت و لەمەدینە بەخاك سپێردرا ئنجا پاش ئەوەی نزیکەی چوارساڵ لەلای ( حەلیمەی سەعدیە) دەمێنێتەوە و دەبێتە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ ماڵی دایەنەکەی بەتایبەتی و بۆ ناوچەکەش بەگشتی ... لەوماوەیەدا فریشتەکان بەفەرمانی خوا دێنە لای خۆشەویست و سنگی دەکەنەوە و دڵی بۆ پاك دەکەنەوە ... حەلیمەش لەم مەسەلەیە زۆر دەترسێ و بەناچاری دەیهێنێتەوە بۆ دایکی و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە دایکیشی دەڵێ : ئایا دەترسن شەیتان دەستی لێ بوەشێنێ و شتێکی لێ بکات ؟ حەلیمە وتی : بەڵێ ،ئەویش وتی : بەخوا شەیتان ڕێگای نیە بۆ سەر محمد ، ئەم کوڕەی من پلەو پایەیەکی گەورەی دەبێ ...

پاشان دووساڵ لەگەڵ دایکیدا مایەوە و ، ئنجا ڕۆژێك لەگەڵ دایکی و لەگەڵ ( ام ایمن ) دا چوون بۆ شاری ( یثرب ) بۆ سەردانی ماڵی خاڵوانی و بۆ سەردانی قەبری باوکی و مانگێ مانەوە ، پاشان گەڕانەوە و لەڕێگا دایکی نەخۆشکەوت و لە دێی ( أبواء ) کە بیست و سێ میل لە ( یثرب ) ەوە دووره کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێ بەخاکیان سپارد و خۆشەویست (ﷺ)بەدڵی شکاو و چاوی پڕ فرمێسکەوە هاتەوە مەککە و ، بێ نازی دایك و باوك لەلای باپیر و پاش ئەویش لای مامی گەورەبوو .

ئنجا پاش ئەوەی کە بوو بە پێغەمبەر(ﷺ)، ویستی سەردانی قەبری دایکی بکات ، بەلاَم چاوەڕێی کرد تا خوای گەورە مۆڵەتی بدات ... پاش مۆڵەت وەرگرتن لەگەڵ هاوەڵاَندا چووە سەر قەبری دایکی و زۆر بەکوڵ گریا و هەموو هاوەڵاَنیشی خستە گریان .

ئەم مۆڵەت وەرگرتنەش پەیوەستبوونی خۆشەویستمان(ﷺ) بۆ دەردەخات بەفەرمانی خواوە ، کە ئەمەش وانەیەکە لەو وانە پەروەردەییانەی کە خوای گەورە فێری کردبوو...

**( ١٥٥ ) پەند وەگرتن لە چیرۆکی بەنی ئیسرائیل**

خوای پەروەردگار باسی چاکە و میهرەبانی خۆی و ،خراپی و سەرپێچی جوولەکەکان دەکات و دەفەرمویت ﴿ واذ قلنا ادخلوا هذه القرية ﴾ واتە : ( بیربکەنەوە کاتێك کەپێمان وتن : بچنە ناو ( بيت المقدس ) ەوە و خۆتان رزگار بکەن لەبیابانی سینا ﴿ فكلوا من حيث شئتم رغداً ﴾ ئنجا لەمیوەی ئەویٚ بخۆن لەهەرچیەك حەزی لێدەکەن بەتێر و تەسەلی ﴿ وادخلوا الباب سُجداً ﴾ و بچنە ناو شارەکەوە لەو دەرگایەوە کە بۆتان دیاری کراوە بە کرنۆش و ملکەچی بۆ خوا ﴿ وقولوا حطة ﴾ ئەو کاتە ئێمەش لە گوناهەکانتان خۆش ئەبین ، ﴿ وسنزيد المحسنين ﴾ وە پاداشتی چاکەکاران زۆرتر دەکەین ، کەچی ﴿ فبدل الذين ظلموا قولاً غير الذي قيل لهم ﴾ ستەمکارەکان ئەوەی پێیان وترابوو گۆڕیان بە گوفتارێکی واکەپێیان نەوترابوو﴿ فانزلنا على الذين ظلموا رجزاً من السماء بما كانوا يفسقون ﴾ ئێمەش ڕشتمان بەسەر ئەوانەی کەستەمیان کرد سزا لەئاسمانەوە بەهۆی ئەو نافەرمانیەی کە کردیان .

لەفەرموودەشدا ئەمە زیاتر باسکراوە و ئەفەرمویٚ : ﴿ قيل لبني اسرائيل : ادخلوا الباب سجداً وقولوا حطة فبدلوا ، فدخلوا يزحفون على أستاههم وقالوا حبة في شعرة ﴾ بوخاری .واتە : وترا بەبەنی ئیسرائیل بچنە دەرگای شارەکەوە بەملکەچی و سوجدە بردنەوە وبڵێن :خوایە گوناهمان بسڕیتەوە ، کەچی ئەوان گۆڕیان و بەپاشە و پاش چوونە ژوورەوە و دەیان وت : داوای دانەوێڵەت لێدەکەین ...

خۆشەویست پەندی لەمە وەرگرتبوو بۆیە کە چووە شاری مەککەوە و فەتحی کرد لەبەر شەرم لەخوا و بۆ گەردن کەچی ئەوەندە سەری دانەواندبوو خەریك بوو سەری بدا لەزینی ولاَخەکەی ، پاشان تەوافی کرد بەدەوری کەعبەدا و کە تەواو بوو ، خۆی و هاوەڵەکانی هەموو بتەکانی دەوری

کەعبەیان شکاند کە ( ٣٦٠ ) بت بوون و، دەیفەرموو : ﴿ وقل جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل کان زهوقاً ﴾ .

ئەگەر بپرسی بۆچی هەر لەسەرەتای بانگەوازەوە نەکەوتە بت شکاندن ، دەڵێم :ڕەنگە ئەو وانەیەشی لە ئیبراهیمەوە وەرگرتبێ ( سەلامی خوای لێبێ ) کە پاش شکاندنی بتەکان خستیانە ئاگرەوە و زیان لەبانگەوازەکەی کەوت ، خۆشەویست دڵەکانی ئازاد کرد و لەدڵیاندا بتەکانی شکاند ئنجا پاش زیاتر لە ( ٢٠ )ساڵ کەوتە شکاندنی یەکجاری بتەکان لەدەرەوەی دڵەکان لەدەوری کەعبەی پیرۆزدا .

## ( ١٥٦ ) پەند وەرگرتن لە بەسەرهاتی پێغەمبەرێك

ئیمام ئەحمەد بۆمان دەگێڕێتەوە لە ( صهیب ) ەوە کە خۆشەویست (ﷺ) لە دوای نوێژی بەیانیەوە لە ڕۆژەکانی غەزای حونەیندا شتێکی دەفەرموو تێنەدەگەیشتم و پێشی نەدەوتین ، تاجارێك پێی فەرموین : هەستان پێکردوم کە ئەو دوعایە دەکەم ؟ وتمان : بەڵێ ،فەرمووی : من یادی یەکێ لە پێغەمبەران دەکەمەوە کەسەربازانێکی زۆری هەبوە لەگەڵەکەی و زۆر دڵی خۆش بوو پێیان و ، دەیفەرموو کێ دەتوانێ بەرامبەر ئەمانە بوەستێ ؟!

خوای پەروەردگاریش ئەو ( اعجاب ) ە زۆرەی پێناخۆش بوو ، ویستی وانەیەکی کرداری فێربکات پەند و ئامۆژگاری زۆری لێوەرگیرێ ، بۆیە سرووشی بۆ نارد و فەرمووی : یەکێ لەم سێ شتە بۆ گەلەکەت هەڵبژێرە ، یا دوژمنیان لەغەیری خۆیان بەسەردا زاڵ دەکەم ، یان تووشی برسێتی و قاتوقڕیان دەکەم ، وەیان دەردی مردنیان بۆ دەنێرم ، ئەویش پرسی بەگەلەکەی کرد ، ئەوانیش لەوەڵامدا پێیانووت : تۆ پێغەمبەری خوای ، فەرمان فەرمانی تۆیە ، خۆت چیت دەوێ ئەوە هەڵبژێرە... بۆیە ئەویش کەوتە نوێژکردن ، جا هەرشتێك نارەحەت و شپرزی بکردنایە پەنایان دەبردە بەر نوێژ کردن ، نوێژێکی زۆری کرد ... ئنجا فەرموی :

پەروەردگارا ، دوژمنیان بەسەرا زاڵ مەکە و برسێتیشیان بۆ مەنێرە ، قەیناکە مردنەکە هەڵدەبژێرم بۆیان ... خوای گەورە حەفتا هەزاری لێمراندن ...

ئینجا خۆشەویست فەرمووی (ﷺ) : ئەو دوعایەی کەلەژێر لێوەوە دەیکەم ئەوەیە کەلە خوا دەپاڕێمەوە و دەڵێم ﴿ اللهم بك اقاتل ، وبك أصاول ، ولا حول ولاقوة الا بالله ﴾ .

ڕەنگە ئەم دوعایە دوای کارەساتی شکاندنی سەرەتای موسڵمانەکان بێت لە غەزای حونەیندا ، کە هەندێ لە موسڵمانان لەبەر زۆری ژمارەی جەنگاوەران بڕوای نەدەکرد تێبشکێن ، بەڵام خوای گەورە پەندێکی وای دادان کەهەرگیز بیریان نەچێتەوە ...

دوای گرتنی شاری مەککە ، موسڵمانان دوو هەفتەیەك پشوویان دا و ، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ)کە ( هوازن و ثقیف ) سوپایان کۆکردۆتەوە و ئەیانەوێ بدەن بەسەریانا ، وە دیارە دەیان ویست دەست پێشخەری بکەن و مۆڵەت نەدەن بە موسڵمانان هێرش بکەنە سەریان ، بەڵێ ( هوازن و ثقیف ) سوپایان کۆکردەوە و لەسەر تەپۆڵکەکانی ( حنین ) سەنگەریان لێدا و خۆیان مەڵاسدا بۆ موسڵمانەکان ، کاتێك موسڵمانانیش هاتن کە ژمارەیان دوانزە هەزار کەس بوو، دەهەزاریان ئەوانە بوون کە فەتحی مەککەیان کردبوو ، دووهەزاریشیان ئەوانە بوون کە دواتر پاش فەتحی مەککە تازە بەتازە موسڵمان بووبوون ، بەهەرحاڵ لەگەڵ تاریکی بەیاندا سوپاکە دەگاتە شیو و دۆڵی حونەین ، دوژمن ئەدات بەسەریاندا و خراپ سوپاکە تێکدەشکێنێت و هەموو ڕادەکەن تەنها خۆشەویست (ﷺ)و نزیکەی سەد کەسێك نەبێ لە کۆچکەران و یاریدەدەران ، خۆشەویستیش(ﷺ) بەعەباسی مامی دەفەرموێ کە دەنگی گەورە بوو ، بانگی موسڵمانان بکاتەوە ، ئەویش هاواردەکا و دەڵێ : ئەی موسڵمانەکان ، ئەی خاوەنەکانی پەیمانی ( عقبە ) ئەی پەیماندەرانی ( شجرة الرضوان ) لەحودەیبیە ، بگەڕێنەوە بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ... موسڵمانان کە گوێیان لەمەبوو وتیان ( لبیك ... لبیك )... پاشان لەدەوری خۆشەویست (ﷺ)بۆ جارێکی دیکە کۆبوونەوە و دوژمنیان تارو مارکرد و سەرەنجام دوژمن تێك شکا و زۆریان لێ بەدیل گیرا ...

قورئان ئەم وانەیە تۆماردەکات دەفەرموێ : ﴿ لقد نصركم الله في مواطن كثيرة ويوم حنين اذ اعجبتكم كثرتكم ولم تُغن عنكم شيئاً وضاقت عليكم الارض بما رحُبت ثم وليتم مدبرين ، ثم أنزل الله سكينته على رسوله وعلى المؤمنين وأنزل جنوداً لم تروها وعذب الذين كفروا وذلك جزاء الكافرين ﴾ التوبة / ٢٥ واتە : سوێند بەخوا ئەی بڕواداران خوا یارمەتی ئێوەیدا و سەری خستن لە زۆر جێگا و شەڕ و پێکدادانداو، یارمەتی دان لە ڕۆژی حونەیندا ، لەوکاتەدا کە بەزۆریتان خەڵەتان و دڵتان پێخۆشکرد ( کە ئێوە دوانزە هەزار کەس بوون و دوژمنیش چوار هەزار کەس بوون ) ... کەچی زۆریەکەتان سوودی نەبوو ، زەویتان لێهاتەوە یەك ، بەجۆرێك نەتاندەزانی چی بکەن و سەربنێن بەکوێوە و چۆن دەرچن ؟ ئنجا پشتتان هەڵکرد و ڕاتان کرد ، پاشان خوا ئارامی و دامەزراوی ناردە

سەردڵی پێغەمبەر و بڕواداران و سەربازانێکی لەئاسمانەوە نارد کە ئێوەنەتان دەبینین و، سزای بێ باوەڕەکانیدا و ، ئەوەش پاداشتی کافرەکانە .

لەوە دەچێ لەو ڕۆژانەشدا خوای گەورە بەسروش بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرەی بەخۆشەویست ڕاگەیاندبێ ، بۆیە ئەو دوعایەی دەخوێند و زۆر دەترسا لە تیاچوونی موسڵمانان و زیان لێکەوتنی بانگەوازەکە ... کە دوعاکە بە ئاشکرا پەناگرتنە بەخوا و جەختکردنە لەسەر هاوکاری و یارمەتی پەروەردگار ، کە دەیفەرموو :

﴿ اللهم بك احاول ، و بك أصاول ، وبك اقاتل﴾ خوایە بەیارمەتی تۆ من هەوڵ دەدەم ، بەیارمەتی تۆ هێرش دەکەم ، بەیارمەتی تۆش غەزا دەکەم ...

بەڵێ سەرکەوتن هەر لەخواوەیە ﴿ وما النصر الا من عند الله ﴾ ال عمران / ١٢٦ ، هەرچەندە موسڵمانان بەرپرسیارن کە زۆرترین هۆکارەکانی جەنگ ئامادەبکەن بەڵام چەندە زۆریش بێ نابێت لەخۆیان بایی بن و پشت بەخوا نەبەستن ، ئەگینا خوا سەریان ناخات و ، پەندێکیان دادەدات کە هەرگیز لەیادیان نەچێ ..

### ( ١٥٧ ) هەڵوێستەیەک لەخزمەتی هیجرەتدا

خوای پەروەردگار دوای ڕووداو و غەزاکان چەند ئایەتی ناردۆتە خوارەوە ، بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان و پەنددادانی موسڵمانان ، وەك غەزای بەدر کە لە دوای غەزاکە لەسورەتی ( ئەنفال ) دا باسی کراوە و لایەنە دیار و نادیارەکانی غەزاکە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ، هەروەها غەزای ئوحود لە سورەتی ال عمران دا و غەزای خەندەق لەسورەتی الاحزاب دا و ... هتد.

بەڵام کەسەیری ڕووداوی هیجرەت دەکەین ، کەخاڵێکی گرنگی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئیسلامدا ، یەکسەر بەدوای ڕووداوەکەدا ئایەت دا نەبەزی لەسەری بەڵکو پاش (٩) ساڵ لە هیجرەت ، ئنجا خوای گەورە باسی کرد ، لەوکات و ساتەدا کە خۆشەویست(ﷺ) بڕیاری ڕوو بەڕوو بوونەوە و جەنگیدا لەگەڵ ڕۆمەکاندا ...

ڕۆم لەو زەمانەدا وەك ئەمریکای ئێستا بوو لەبەرچاوی خەڵکی ، چەند جار جەنگابوو لەگەڵ دەوڵەتی فارسەکاندا ، دواجار ڕۆمەکان سەرکەوتنێکی گەورە سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا ...

خوای گەورە دەیزانی موسڵمانەکان چەندە لەبەریان گرانە جەنگکردن لەگەڵ ڕۆمەکاندا و دیارە دووڕووەکانیش هەوڵیان دەدا ڕۆمەکان هان بدەن دژی دەوڵەتی ئیسلامی ، سا بەڵکو وەك فارسیان شکاند موسڵمانانیش تێك بشکێنن ... بۆ ئەمەش پڕوپاگەندەیان بڵاوکردەوە و دەیانویست ورەی موسڵمانەکان بڕوخێنن ...

ئالەم کات و ساتە ناهەموارەدا ، خوای گەورە وانەی هیجرەتی هێنایەوە یادیان و پێی فەرموون ﴿ إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٤٠)﴾ التوبة :واتە : ئەگەر ئێوە پێغەمبەر (ﷺ) سەرنەخەن و سستی و کەم تەرخەمی بکەن لە جیهاد کردندا ، ئەوە بزانن کە خواپەکی ناخات و هەر خۆی سەری دەخات ، هەروەك چۆن چەندەها جاری دیکە سەری خستووە ، بۆ نمونە :

یەکەم / خوای گەورە سەری خست لە دەرچوونی لەماڵی خۆی لەمەککە ، لەکاتێکدا کافرەکان بەشمشێرەوە دەوری ماڵیان تەنی بوو ، خوای گەورە کەڕ و کوێری کردن و بەسەلامەتی بەناویاندا تێپەڕی و هیجرەتی کرد .

دووەم / خوای گەورە سەری خست لەناو ئەشکەوتەکەدا لەگەڵ ئەبوبەکردا ، لەکاتێکدا کە کافرەکان بە هۆی کەسێکی شارەزا لەناسینەوەی جێ پێدا هاتنە بەردەم ئەشکەوتەکەی و کابرای شارەزا و وتی : ئەمە جێ پێی ( محمد ) ە کە هەروەك جێ پێکەی ئیبراهیمە لەسەر بەردەکەی ( مقام ابراهیم ) لەبەردەم کەعبەدا و، ئەمەی دیکەشیان جێ پێی ئەبوبەکرە یان جێ پێی کوڕەکەیەتی ، جا لەم شوێنە دوورنەکەوتونەتەوە ، یا چوونەتە ئاسمان ، یان چوون بەناخی زەویدا ... بەمەرجێك لەناو ئەشکەوتەکەی بەردەمیاندا بوون و سەیری بەرپێی خۆیانیان بکردایە دەیانبینین ، بەڵام کە خوا نەیویست ببینرێن ، چ چاوێك دەتوانێ بیان بینێ ؟!

سێهەم / خوای گەورە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکەی سەرخست بەو ورە بەرزەی کە دابووی پێیان کاتێ خۆشەویست(ﷺ) بەهاوەڵەکەی فەرموو مەترسە ، تۆ ڕات چی یە بەرامبەر دووکەس کە خوای گەورە سێهەمیانە ... ئنجا خوای گەورە دڵی ئەبوبەکری ئارام کردو سەری خستن بە

سەربازانێك كە ئێوە نەتان دەبینین ... خوای گەورە وشەو پیلانی کافرانی ژێر خست و ، وشەی خوا و بەرنامەی خواش هەمیشە بەرز و سەر بڵندە ، بەراستی خوا زاڵ و بەدەسەڵات و کاردروستە.

لەهیجرەتدا خوای گەورە سەکینەتی دابەزاندە سەر دڵی ئەبوبەکر ، دڵی ئارام و دامەزراوبوو ، ڕەنگە هەر ئەم بەرەکەتی سەکینەتەش بووبێ لەگەڵیا بەردەوام بوو ، بۆیە دەبینین لە کۆچی دوایی خۆشەویستدا (ﷺ) زۆربەی صحابەکان شڵەژان و هاوسەنگیان لەدەستدا وەك عومەر ، کەچی ئەبوبەکر، باڵی کێشا بەسەر موسڵمانانا و ئارامی کردنەوە و بووە گەورەترین ڕابەر و پێشەوا بۆیان و پاش ئەو موسیبەتە گەورەیەی کە تووشیان بوو لە کۆچی خۆشەویستدا ، بەفەزڵی خوا نەیهێشت لەناوبچن و وەك شێریش ڕوو بەڕووی هەڵگەڕاوەکان بووە و سەرکەوتنی گەورەی بۆ ئیسلام بەدەست هێنا بۆیە ئەبوهورەیرە سێ جار سوێند دەخوات ئەبوبەکر نەبوایە ئەم ئاینە نە ئەما...

**( ١٥٨ ) ئافرەتانیش خەبات گێڕبوون**

ئافرەتان هەردەم هاوشانی پیاوان خزمەتی بانگەوازی خوایان کردووە ، چاوگێڕانی خێرا بەمێژووی ئیسلامدا ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات ... بۆ نموونە :

١ ــ دایکی ئەنەسی کوڕی مالیك بیردەکاتەوە چ دیاری یەك بهێنێ بۆ خۆشەویست ، زۆر ژیرانە ئەگاتە ئەوەی کە ئەنەسی کوڕی بکا بەدیاری بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و هەردەم خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ)بکات بەوەش لەماڵی خۆشەویستدا (ﷺ) گەورە بێ و خوو ڕەوشت و دینداری یەکەی باش بێت ...مالیکی مێردی موسڵمان نەبوو ڕێی لێدەگرت و دەیووت واز لەو منالەبێنە و وەکو خۆتی لێمەکە ... بەڵێ سەرەنجام لەگەشتێکدا مالیك تیاچوو نەگەڕایەوە و دایکی ئەنەس ڕزگاری بوو.

پاش ماوەیەك ( ئەبو تەڵحە ) هاتە داوای دایکی ئەنەس و هێشتا موسڵمان نەبووبوو ، دایکی ئەنەس پێیووت : ( ئەبو تەڵحە ) تۆ نازانی ئەو بتەی دەیپەرستی لەزەوی یە وە ڕواوە ؟ وتی : بەڵێ ، وتی : جا شەرم ناکەی درەختێك بپەرستی ؟ ئەگەر موسڵمان ببیت ، مارەیم ناوێ و شووت پێدەکەم ... ئەویش وتی : مۆڵەتم بدە بیربکەمەوە ، پاش ماوەیەك هاتەوە و شایەتمانی هێنا و موسڵمان بوو ، دایکی ( ئەنەس ) یش شووی پێکرد و مارەی یەکەی تەنها موسڵمان بوونی بوو ... کە ئەمەش دیارە گەورەترین دەستکەوتە بۆ قیامەت .

ب ــ ئوم سەلـەمەش لـەگەڵ مێردەكەی و مندالـەكەیدا ویستیان كۆچبكەن بۆ مەدینە ، كەس و كاری ( ئوم سەلـەمە ) هاتن و وتیان: ئەوا خۆت دەڕۆی بڕۆ بەڵام هەرگیز نایەڵین كچەكەمان بەریت لـەگەڵ خۆتدا ،كەس و كاری مێردەكەشی هاتن و وتیان ئێمەش منالـەكەیتان لێ دەسێنینەوە چونكە منالْ منالْی خۆمانە و نایەڵین لای ئێوە بێت ،بەو جۆرە هەر لایەكیان پەلێكی منالـەكەیان ڕادەكێشا ، بەوەش قۆڵی منالـەكە دەرچوو ...

پاش ئەوەی ئەبوسەلـەمە كۆچی كرد بۆ مەدینە و ژنەش لای كەس و كاری دەست بەسەربوو ، منالـەش لای كەس و كاری پیاوەكە ، هەموو ڕۆژێ بەیانیان ( ئوم سەلـەمە ) دەهاتە بیابان و چاوی دەبڕیە ئاسۆ و شیوەنی دەكرد لـەبێ دەسەلاَتیا بۆ منالـەكەی و مێردەكەی ... پاش یەك ساڵی ڕەبەق ئامۆزاكانی بەزەییان پێدا هاتەوە و تكایان بۆ كردو ڕێیان دا منالـەكەی وەربگرێتەوە و كۆچبكات بۆ مەدینە ...

ج ـ عیكریمەی كوڕی ئەبو جەهل بەهۆی هاوسەرەكەیەوە ( ئوم حەكیم ) موسڵمان بوو ، كە زۆر هانیدا لـەسەر موسڵمان بوون ... دیارە بەوەش بوو بە شەریكی خێر و جیهادەكەی لـە ڕوو بەڕوو بونەوە و شكاندنی ڕۆمەكاندا و لـەگەیشتنی بەپلـەی بەرزی شەهادەتدا ...

د ــ ئافرەتان بەشداری نوێژی بەكۆمەڵیان دەكرد لـەگەڵ خۆشەویستدا (ﷺ) و ، داوایشیان كرد كە بەتایبەت لـەگەڵیاندا دانیشێ و ئامۆژگاریان بكات ، ئەویش هەفتانە دەرسی تایبەتی بۆ دانان ...

ئافرەتان حەزیان دەكرد خزمەتی خۆشەویست بكەن (ﷺ) ، ڕۆژێك ژنێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا كوڕەكەم دارتاشە ، با ( مینبەرێك ) ت لـەتەختە بۆ دروست بكات ، خۆشەویستیش (ﷺ)بە پێخۆش بوونەوە پێشنیارەكەی قەبوڵكرد و زۆریش دوعای خێری بۆ كردن ...

و ــــ ئیمامی ئەحمەد و نەسائی بۆمان ئەگێڕنەوە كە دایكی موسڵمانان ئوم سەلـەمە بە خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێت : ئەی پێغەمبەری خوا بۆ قورئان باسی پیاوان دەكات و باسی ئێمە ناكات ؟! ئوم سەلـەمە دەڵێت : ڕۆژێك لـەماڵـەوە قژم دادەهێنا گوێم لـەخۆشەویست بوو(ﷺ) ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە لـەسەر مینبەر ، خێرا قژم كۆكردەوە و گوێم لێ گرت فەرمووی : ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ

وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا (٣٥) ﴾ **الاحزاب / واته : بەراستی پیاوە موسڵمانەکان و ئافرەتە موسڵمانەکان ، پیاوە بڕوادارەکان و ئافرەتە بڕوادارەکان ، پیاوە گوێڕایەڵەکان و ئافرەتە گوێڕایەڵەکان ، پیاوە راستگۆکان و ئافرەتە راستگۆکان ، پیاوە بەئارامەکان و ئافرەتە بەئارامەکان ، پیاوە ملکەچەکان و ئافرەتە ملکەچەکان بۆ فەرمانی خوا ، پیاوە خێرکەرەکان و ئافرەتە خێرکەرەکان ، پیاوە بەڕۆژووەکان و ئافرەتە بەڕۆژووەکان ، پیاوە داوێن پاکەکان و ئافرەتە داوێن پاکەکان ، پیاوە خاوەن یاد و زیکر و ئافرەتە زیکرکارەکان کە هەردەم دەمیان پاراوە بەیادی خوا ، ئەوانە هەموویان ، پیاوو ئافرەتیان کە خاوەنی ئەو دەسیفەتەن ، خوای گەورە بۆی ئامادەکردوون لێخۆش بوون و پاداشتی گەورە. ئەم ئایەتە وەڵامێکە بۆ داوای ( ئوم سەلەمە ) و ئەو ئافرەتانەی کە حەزیان کردووە خوای گەورە بەتایبەت باسی ئافرەتانیان بۆ بکات ... ( ل ٤٤٣٩ اساس فی التفسیر / سعید حوی) .**

**ئەو خوا پێداوانە لەگەڵ خۆشەویستدا (ﷺ)دەژیان و لەڕووی موبارەکی نورینی پڕنوور و مونەوەر بوون ، پەیوەندی بەئاسمانەوە بەردەوام بوو ، چیان دەوت ، چیان داوا دەکرد ، چیان بەسەردەهات ، ئەگەر پێویست بوایە قورئانیان لەسەر دەهاتە خوارەوە ، ئەوانیش دەیانزانی کە ئەم ئایەتە لەسەر فلان و ئەو ئایەتەش لەسەر فیسار کەس هاتۆتە خوارێ ، چۆن دڵیان بەرگەی گرتووە ، چۆن لەخۆشیا شا مەرگ نەبوون ؟! بۆ نموونە :**

**ڕۆژێك خۆشەویست (ﷺ)بە ( ئوبەی کوڕی کەعب ) ی فەرموو ، ئەی ئوبەی خوا فەرمانی داومەتێ کە سورەتی ( البینە ) ت بۆ بخوێنم ، ئوبەی لەخۆشیا دەستی کرد بەگریان و وتی چۆن خوا ناوی منی برد لای تۆ ، فەرمووی : بەڵێ ، ئینجا خۆشەویست (ﷺ) ئەو سورەتەی بۆ خوێندەوە .**

**ڕۆژێکی دیکە جوبرەئیل بەخۆشەویستی(ﷺ) راگەیاند کە بە خەدیجە بفەرموێ : خوای گەورە سەلامی لێدەکات و مژدەی ئەداتێ بە کۆشکێك لەبەهەشتدا ... زۆر جار لەم دەنگ و باسانە دەخوێنینەوە و هەروا دەڕۆین بەسەریا ، چاك وایە کەمێك لەسەری بوەستین و بڵێین خۆزگەمان بە خۆتان ئەی چاکترین ئومەت کە خواناردنی بۆ رزگاکردنی بەرەی ئادەمی تاقیامەت و دامەزراندنی بانگەوازی ئیسلامی بەخوێن و بەعەرەقتان و ، بەشەو نوخونی و ڕەنجی پەی دەرپەیتان ، خوا لەگەڵ**

ئێوەدا بەرەحمی خۆی لەبەهەشتا کۆمان بکاتەوە و وەك لەدنیادا بەخزمەتتان نەگەیشتین لەقیامەتدا بۆ هەتا هەتا لە خزمەتتاندا بین ...

## ( ١٥٩ ) ئەیوب سەلامی خوای لێبێت

خوای پەروەردگار ژیان و مردنی فەراهەم هێناوە بۆ تاقیکردنەوەی بەرەی ئادەمی ، تا لەواقعی ژیاندا دەربکەوێ کێ چاکەکارە و کێش خراپەکارە ، هەرچەندە خوای پەروەردگار بە عیلمی بێپایانی خۆی هەموو شت دەزانێ ، بەڵام ئەو زانینەی فەرزناکات بەسەر کەسدا ، بەڵکو ئازادی هەڵبژاردنی داوە بە ئادەمیزاد و لەسەر ئەو ئازادی هەڵبژاردنەش لەبەندەکانی ئەپرسێتەوە و پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە ودەفەرموێ :﴿ الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم ايكم أحسن عملاً ﴾( تبارك ) ئنجا خوای پەروەردگار لە ژیانی دنیادا بەدەوڵەمەندی و بەهەژاری و بەلەش ساغی و بەنەخۆشی و ... هتد بەندەکانی تاقی دەکاتەوە ، کە هیچ یەکێ لەو حاڵانە نیشانەی چاك و خراپی کەس نیە ، قورئان ئەم چەمکی بیروبۆچوونە راست دەکاتەوە و دەفەرموێ ﴿ فاما الانسان اذاماابتلاه ربه فأكرمه ونعمه فيقول ربي أكرمن ، وأما اذا ما ابتلاه ربه فقدَرَ عليه رزقه فيقول ربي أهانن ، كلا ... ﴾ الفجر / واتە : کاتێك خوا ئادەمی تاقیکردەوە ، بەم رەنگە رێزی گرت و بەهرەی بەسەرا ڕشت ئەوا ئەڵێ پەروەردگارم رێزی گرتووم ، وە ئەگەر کاتێك تاقیکردەوە بەم رەنگە رزق و رۆزی کەم کردەوە ، ئەوا دەڵێ : پەروەردگارم ریسوای کردم ، نا وانیە کەتێی گەیشتوون... بۆ نموونە:

( ١ ) چیرۆکی ئەیوب سەلامی خوای لێبێت کەلە قورئاندا باسکراوە بەڵگەی ئەو راستیانەی سەرەوەیە ، کە دەفەرموێ : ﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (٨٣) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآَتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ (٨٤)﴾ الانبياء / واتە : باسی ئەیوب بکە ، کاتێ نزای کردوو لەخواپاڕایەوە و فەمووی : تووشی ئازار و نارەحەتی و نەخۆشی بووم و تۆش بەبەزەیترینی هەموو خاوەن بەزەییەکانی ، ئینجا ئێمەش نزاکەمان لێوەرگرت و نەخۆشی و ئازارەکانمان لابردو ئەو ماڵ و منداڵەی کە نەمابوون پێمان دایەوە بەدوو هێندەی جاران ، کە ئەوەش رەحمەتێ بوو لەئێمەوە ، وەیادخەرەوەیەکیشە بۆ خواپەرستان، ( چونکە زۆر جار خواپەرستان کە تووشی بەڵاو موسیبەتێك دەبن ، خۆشیان و خەڵکیش لایان سەیرە ، گوایە چۆن دەبێ پیاوی چاك و خواناس تووشی بەڵا و موسیبەت بێ ، لەکاتێکدا کە ئەیوب ( سەلامی خوای لێبێ ) نەك هەرچاکەکاربووە بەڵکو پێغەمبەریش بووە ... )

لەفەرموودەیەکی ( ابن حبان ) دا باسی ئەم بەسەرهاتە هاتووە کە دەفەمووێ :
(ئەیوب هەژدە ساڵ بەو بەلاّ و نەخۆشیەوە مایەوە ، هەموو خەڵکی دوور و نزیك لێی دوورکەوتنەوە تەنها دووپیاوی هاوەڵی و ژنەکەی نەبێت ... دوو هاوەڵەکەی بەیانیان و ئێواران سەریان لێدەدا ، ڕۆژێ یەکێکیان بەوی تریانی وت : بەخوا دیارە ئەیوب گوناهێکی کردووە کەس نەیکردبێ ، هاوەڵەکەی وتی : باشە چۆن ، ئەمیش وتی : ئاخر ئەو هەژدە ساڵە گیرۆدەی نەخۆشی بووە و خوا ڕەحمی پێنەکردووە چاك ببێتەوە ... کاتێك چوون بۆ لای ئەیوب خۆیان بۆ نەگیراو باسیانکرد ، ئەویش فەرمووی : نازانم ئێوەچی دەڵێن و چۆن بیردەکەنەوە ! خوا بۆخۆی دەزانێ من بەلای دووکەسدا دەڕۆیشتم شەڕیان دەکرد و لەدەمەقاڵیەکەیاندا ناوی خوایان دەبرد ، من دەگەڕامەوە ماڵەوە و خێر و سەدەقەم بۆ دەکردن کە خوا لێیان خۆش بێ ، لەبەرئەوەی کەپێم گوناه بوو لەدەمە قاڵێ و دەمەدەمێدا ناوی خوابرێ و دەمووت دەبێ ناوی خوا تەنها لەحەقدا ببرێ ) ... دیارە ئەمەش ئەوپەڕی وەرع و خواناسی ئەیوب بووە ... وە بەمەش ویستی تێیان بگەیەنێ کەلەخراپی یەوە نیە کە خوا گیرۆدەی کردووە بەنەخۆشیەوە ... بەڵکو تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئەیوب کەئارام بگرێ و پەند و ئامۆژگاری یەکی مەزنیشە بۆ ئەوانەی دەوروبەری و ئیماندارانیش لەهەموو کات و سەردەمێکدا ... ( ل ١٥٧ / صحیح القصص النبوی دکتور عمر الاشقر ) .

( ٢ ) شێخ ئەحمەد دیدات پاش ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنج و تێکۆشانەی دای بۆ بەرپەرچ دانەوەی مژدەدەرەکان ، کەدەیانویست موسڵمانان بەتایبەتی لەئەفریقیا بکەنە گاور ... وەپاش نزیکەی هەشتا ساڵ تەمەن ، تووشی جەڵدەی دەماخ و شەلەل بوو نەیئەتوانی قسەبکات و تەنها بەهۆی ڕێگایەکی تایبەتیەوە بەئیشارەتی برۆکانی لێك حاڵی بوون هەبوو ئەویش بەوەی کە یوسفی کوڕی لەسەر تەختەیەك پیتەکانی نوسیبوو و کاتێ بیویستایە لەگەڵ شێخدا شتێك بڵێ ، دەستی دەخستە سەر ریزێك لەڕیزەکانی پیتەکان تا بزانێ ئەوپیتەی یەکەمی ئەو وشەیەی شێخ دەیەوێ لەکام ریزدایە و پاشان کە شێخ برۆی جولاّند بۆ هەر ریزێك لەو ریزەشدا سەیردەکات بزانێ کام پیتی مەبەستە و بەم جۆرە پیتەکانی لێك دەیا تا بزانێ چی دەڵێت .

دیارە ئەمە نەخۆشی یەکە و لەپاش تەمەنێکی هەشتا ساڵی شتێکی ئاسایی یە ڕوودەدات ... بەلاّم سەیر لەوەدایە کەلەسەرەتای ساڵەکانی هەشتاکاندا شێخ لەهۆڵی پاشایی ئەلبەرت مونازەرەیەکی لەگەڵ قەشەیەکی ئەمریکی ( فلوید کلارك ) لەلەندەن دا تۆمارکرد ، لەو مونازەرەیەدا کە بەناوی

( ئایا مەسیح ( صلب ) کراوە ) بوو ، شێخ زۆر بەچاکی راستیەکانی قورئانی خستە ڕوو لەبارەی عیساوە ( سەلامی خوای لێبێ) کە چۆن خوا بردویەتیەوە بۆ ئاسمان و ( صلب ) نەکراوە ...

ئەم قەشەیە پاش ئەو ماوە دوور و درێژە کە دەبیستێ شێخ تووشی ئەو نەخۆشی یە بووە لەئەمریکاوە بەفڕۆکە دێت بۆ وڵاتی خوارووی ئەفریقیا ... یوسفی کوڕی شێخ بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ : لەراستیدا باوکم زۆر سەردانەکەی ئەو قەشەیەی پێناخۆش بوو ، بەڵام هەرچۆنێ بوو زۆر بەچاکی پێشوازیمان کرد و میوانداریمان کرد بەو ئەدەبەی کە ئیسلام فێرمان دەکات .

قەشە فلوید کلارك بەباوکمی وت ( دیدات هۆی نەخۆشی شەلەل و نەتوانینی قسەکردنت ئەوەیە کە تۆ بەگوێی شەیتانت کردووە ، دژایەتی مەسیحی خوات کردووە و نکوڵیت کردووە کە کوڕی خوابێ ، بەوەش خوامان ، پەروەردگارمان مەسیح سزای داوی ... )

شێخ دیدات بەم قسانە زۆر پێکەنی بەوەی کە ئەو پیاوە ئاوا خۆی ماندووکردووە و خۆی رەنجاندووە و لەئەمریکاوە هاتووە تووشی فیتنەی بکات لەدینەکەیدا ، ئینجا کلارك لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو وتی : دیدات ئەجەلت ئەڵبەت نزیك بۆتەوە و منیش هاتووم رزگارت بکەم ، پەشیمان بەرەوە لە قسەکانت و بۆچوونەکانی پێشووت ، ئەمەی پێت دەڵێم تاقی بکەرەوە هیچ زەرەر ناکەی ...

پاشان باوکم بەئیشارەت کردن تێی گەیاندم کەبەو قەشەیە بڵێم : کوا لەپەڕاوە پیرۆزەکاندا لەکوێدا مەسیح دەفەموێ ( من خوام ) ؟؟

قەشەکەش دوو شوێنی باس کرد لەئینجیلی یوحەنادا لە ( عهد الجدید ) دا ، باوکم وەڵامی دایەوە بەئیشارەت کردن کە ئەو دوو شوێنە ئەوەی تیانیە و مەبەست لەوەنیە کەدەیڵێ ... ئنجا قەشەکە وتی : دیدات نوێژێ بکە بۆ مەسیحی پەروەردگار دەبینی چۆن چاکت دەکاتەوە یاوکم وەڵامی دایەوە بەئیشارەت بە هۆی منەوە ، من نوێژ بۆ ئەو خوایە دەکەم کە مەسیحیش نوێژی بۆ کردووە و بەگریانەوە لێی پاڕاوەتەوە و پەنای پێ گرتووە ... پاش هەندێ قسەی تر باوکم فەرمووی : ئەگەر پەڕاوەکەم ( الاختیار) ت بخوێندایەتەوە لەوانەبوو موسڵمان ببی ئەی ( فلوید ) ...

ئینجا باوکم فەرمانی پێدام کە ئایەتەکانی قورئان لەبارەی بەسەرهاتی ئەیوب و نەخۆشی یەکەی و ئارام گرتنیەوە بۆ قەشەکە بخوێنم ...

پاشان قەشەکە گەڕایەوە ئەمریکا و بەوەش وازی نەهێنا ،نامەیەکی لەوێوە بۆ باوکم نارد و هەمان داواکانی پێشووی تیا دووبارە کردەوە ... ( گۆڤاری الفتوی ژمارە / ٨٢ کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ ) .

**( ١٦٠ ) یادی خوا**

خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿وفي الارض آيات للموقنين وفي أنفسكم أفلا تُبصرون ﴾ الذاريات / ٢١ . واتە : لەزەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ ئەوەی یەقین و دڵنیایی دروست بکات لەدڵدا ، وە لەنەفسی خۆشتانا بەڵگە و نیشانە زۆرن ، بۆچی ناگەڕێن بەدوایانا و نابینن .

بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە هەر ڕۆژەی شتێکی نوێ دەدۆزرێتەوە ، کە جەخت دەکاتەوە سەر ئەو راستی یە قورئانیەی کەباسمانکرد ... لەم ساڵدا ( ٢٠٠٠ م ) زانایانی چەند وڵاتێکی گەورە پاش هەوڵ و کۆششێکی ١٠ ساڵی و سەرف کردنی ( ١٠ ) ملیار دۆلار ، توانیان نەخشەی جینەکانی مرۆڤ بدۆزنەوە کە سیفاتە بۆماوەییەکانیان هەڵگرتووە و ، زانایەکیان لەوبارەیەوە دەڵێت: ئەوەی ئێمە دۆزیومانەتەوە ( فصل ) ێکە لە پەڕاوێکی هەزار ( فصل ) ی نهێنی یەکانی دروست بوونی مرۆڤ کە مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ چەندە و چۆنە .

سەرۆکی ئەمریکی لەکۆشکی سپی یەوە رایگەیاند کە ئەم دۆزینەوەیە گرنگترە بۆ مرۆڤایەتی لە دۆزینەوەی بۆمبی ئەتۆمی و لە چوونە سەرمانگ .

بەڵێ خوای پەروەردگار مرۆڤی دروست کردووە و هەموو ورد و درشتێکی نەخشەی پێکهاتەکەی دەزانێ بۆیە چی چاك بێ بۆ دنیا و قیامەتی ئەوەی پێ دەفەرموێ ﴿ الا يعلم مَن خَلق وهو اللطيف الخبير ﴾ الملك .

یەکێ لەسیفاتە دەروونی یەکانی مرۆڤ بێ ئاگابوون و لە یادچوونە ، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێ ﴿ ولقد عهدنا الى ادم من قبل فنسي ولم نجد له عزماً ﴾ طه ١١٥واتە : هەندێ راسپاردە و ئامۆژگاریمان دا بەئادەم ، لەیادی چوو ، وە زوو ورەی ڕوخا ، هەروەها دەفەرموێت ﴿ ولا تكن من الغافلين ﴾ الاعراف / ٢٠٤ واتە : لە غافڵ و بێئاگاکان مەبە ، واتە هەردەم وشیاربە و یادی خوا بکە بەچاکی ، ﴿ ولا تكونوا كالذين نسوا الله فأنساهم أنفسَهُم ﴾ الحشر : ١٩ / واتە : لەوانە

مەبن کە خوایان لـەیاد کردوە و خواش نەفسی خۆیانی بیربردونەتەوە ، چونکە کاتێك کەسێك لـەبەرنامەکەی خوا لائەدات زیان لـەخۆی دەدات و سەرگەردان و سەر لێشێواو دەبێت و خۆشی نازانیٚ خەریکی چی یە .جا بۆ ئەوەی مرۆڤ لـەوغافڵبونە رزگاری بێت قورئان هانی دەدات کە هەمیشە یادی خوابکات و﴿ یا ایها الذین امنوا اذکروا الله ذکراً کثیراً وسبحوه بکرة و أصیلا هو الذي یُصلي علیکم وملائکتُه لیُخرجکم من الظلمات الی النور وکان بالمؤمنین رحیماً ﴾ الاحزاب ٤١.

بەڵێ زۆر یادکردنی خوا مایەی سەرفرازی یە﴿ واذکروا الله کثیراً لعلکم تفلحون ﴾ الانفال هەروەها ئەوانەی یادی خوا دەکەن پاداشتی گەورەیان دەدرێتەوە .

ئەوەی یادی خوابکات زیندووە و ئەوەش یادی خوا نەکات وەك مردوو وایە هەروەك خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێت ﴿ مثل الذي یذکر ربه و الذي لایذکر ربه کمثل الحي والمیت﴾ . غافڵ بوون لـەخوا مایەی خەسارەتمەندیە قورئان دەفەرموێت ﴿ یا ایها الذین امنوا لاتلهیکم اموالکم ولا اولادکم عن ذکر الله ومن یفعل ذلك فاولئك هم الخاسرون ﴾ المنافقون : ٩ واتە : ئەی ئەوانەی کەبڕواتان هێناوە ، ماڵ و منالْ سەرقاڵتان نەکات و دوورتان نەخاتەوە لـەیادی خوا ، چونکە هەرکەس وابکات ئەوە خەسارەتمەندی دنیا و قیامەت دەبێت .

مرۆڤ کاتێ یادی خوا دەکات ، خوای گەورەش یادی ئەو بەرِەحمەت دەکات ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ فاذکروني اذکرکم واشکروا لي ولا تکفرون ﴾ البقرة / ١٥٢ واتە : یادم بکەن ، بەخێر و رەحمەت یادتان دەکەم و سوپاسی نیعمەتە زۆرەکانی من بکەن و کفر مەکەن .

یادی خوا گەورەترین عیبادەت و گوێڕایەڵی یە ، چونکە مەبەست لـەعیبادەتەکانیش یادکردنەوەی خوای پەروەردگارە ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ اتل ما اوحي الیك من الکتاب وأقم الصلاة ان الصلاة تنهی عن الفحشاء والمنکر ولذکر الله أکبر ﴾ العنکبوت : ٤٥ واتە : پەڕاوەکەی بۆت نێردراوە ، بیخوێنە و شوێنی بکەوەو ، نوێژەکانت بەچاکی ئەنجام بدە ، چونکە بەراستی نوێژ رێی خراپە و لادان دەگرێ و، بەوەش یادی خوا دەکەن و ئەویش بەخێر یادتان دەکاتەوە و دیارە یادکردنی خوا بۆ ئێوە لـەهەموو شتێك چاکتر و گەورەترە .

.

.

**( ١٦١ ) پەرستشەكان و یادی خوا**

نوێژ بۆ یادی خوایە ، كە ڕۆژی پێنج جار موسڵمان لەكاروفرمانەكەی خۆی دەست هەڵگرێ و بەدەستنوێژ و جل و بەرگی پاكەوە لە خزمەت خوای خۆیدا ئەو فەرزەی كەلەسەری دانراوە بەجێی بگەیەنێ ، هەروەك قورئان دەفەرموێ ﴿ أقم الصلاة لذكري ﴾ و دوای نوێژیش هەریادی خوا دەكرێ ﴿ فاذا قضيتم الصلاة فاذكروا الله قياماً وقعوداً وعلى جنوبكم ﴾ النساء / ١٠٣ .

هەروەها ڕۆژووش بۆ یادی خوایە و پاداشتەكەی لای خوایە ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ولتكملوا العدة ولتكبروا الله على ما هدكم ولعلكم تشكرون ﴾ البقرة : ١٨٥ واتە : قەزاكردنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزانتان بۆ دانرا ئەگەر نەتانتوانی لەكاتی خۆیدا بیگرن ، تامانگەكە بەتەواوی بگرن ، وە بەگەورەیی ناوی خوا بەرن لەسەر ئەو ڕێنموینەی كەكردونی و، تا سوپاسی بكەن ، ( ئەمەش بریتی یە لەو ( الله اكبر ) وتنەی كەلەشەوی جەژن و بەیانی جەژنی ڕەمەزان دا دەوترێ و دوبارە دەكرێتەوە ).

بەهەمان شێوەش حەج بۆ یادی خوایە ، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ انما جعل الطراف بالبيت ، والسعي بين الصفا والمروة ، ورمي الجمار لاقامة ذكر الله ﴾ ترمزی ریوایەتی كردووە . واتە : تەواف كردن بەدەوری كەعبە و سەفا و مەروە و ڕەجمی شەیتان بۆ یادی خوایە ...

لە كۆتایی حەجیشدا هەر دەبێ یادی خوا بكرێ هەورەك قورئان دەفەرموێت ﴿ فاذا قضيتم مناسككم فاذكروا الله كذكركم اباءكم او اشد ذكراً ﴾ البقرة : ٢٠٠ واتە : كاتێ كارەكانی حەجتان تەواوكرد یادی خوا بكەن و ناوی ببەن ، لەجیاتی ئەوەی كە ناوی باوباپیرانتان دەبەن ، بەڵكو زۆرتر لەیادی باو باپیرانتان یادی خوا بكەن .

لە كۆتایی نوێژی جومعەشدا هەر یادكردنەوەی بەردەوام پێویستە لەگەڵ سەرقاڵبون بەكارو فرمانی ڕۆژانەوە ﴿ فاذا قضيتم الصلاة فانتشروا في الارض وابتغوا من فضل الله واذكروا الله كثيراً لعلكم تفلحون ﴾ الجمعة : ١٠ واتە : ئەگەر نوێژی جومعە تەواو بوو بڵاوبنەوە بەزەویدا و بچنەوە سەركار و كاسپیتان و داوای ڕزقی خوابكەن و یادی خواش زۆر بكەن بەڵكو سەرفراز بن .

لەگەڵ جیهادیشدا یادی بەردەوامی پەروەردگار پێویستە ، تا دڵەكان زیاتر دامەزرێن و ئارام بگرن ﴿ يا ايها الذين امنوا اذا لقيتم فئة فاثبتوا واذكروا الله كثيراً لعلكم تفلحون ﴾ الانفال : ٤٥

قورئانخوێندنیش هەر بۆ یادکردنەوەی خوایە و گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانێتی ﴿ ولقد يسرنا القران للذكر فهل من مدكر ﴾القمر ١٥ واتە : قورئانمان ئاسانکردوە بۆ یادکردنەوە ئایا کەس هەیە بیربکاتەوە و ڕاستی یەکانی بێتەوە یاد و زیکری خوابکات.

## * بەیادی خوا زۆر دەچینە پێشەوە

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ الا انبئكم بخير اعمالكم ، وأزكاها عند مليككم ، و أرفعها في درجاتكم ، وخير لكم من اعطاء الذهب والفضة ، وأن تلقوا عدوكم فتضربوا اعناقهم ؟ ويضربوا أعناقكم ؟ قالوا : وما ذاك يارسول الله ؟ قال : ذكر الله عزوجل ﴾ صحيح ( احمد و ترمذي ) واتە : ئایا هەواڵتان بدەمێ بەچاکترین و بەرزترین کارتان لای پەروەردگارتان و ، بەرزترینی پلەکانتان ، کە خێرترە بۆتان لەبەخشینی زێڕ و زیو و، خێرترە بۆتان لەوەی بەدوژمن بگەن و لەگەردنیان بدەن و لەگەردنتان بدەن ، وتیان ئەوەچ کارێکە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی : یادی خوایە ...

هەروەها دەفەرموێت : ( لايقعد قوم يذكرون الله الا حفتهم الملائكة وغشيتهم الرحمة ونزلت عليهم السكينة ، وذكرهم الله فيمن عنده ) مسلم واتە : هەرکۆمەڵێك دانیشن یادی خوابکەنەوە ، کەمەلائیکەتان دەوریان دەدات و ڕەحمەت و سەکینەت دەبارێت بەسەریاندا و خواوەند لەلای مەلائیکەتان و ( ملأ الاعلى ) باسیان دەکات بەخێر .

پیاوێکی دەشتەکی پرسیاری لەخۆشەویستکرد (ﷺ) وتی : ﴿ أي الاعمال افضل ؟ ، فقال ان تفارق الدنيا ولسانك رطب من ذكر الله ﴾ صحيح ( ئەحمەد ) واتە : چاکترین کارو کردەوە کامەیە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ)فەرمووی : چاکترین کار ئەوەیە کە دنیات بەجێهێشت زمانت تەڕ و پاراو بێت بە یادی خوا .

## ( ١٦٢ ) کۆتایی سورەتی ( البقرة )

﴿ لله مافي السموات ومافي الارض وان تبدوامافى أنفسكم أو تُخفوه يحاسبكم به الله فيغفر لمن يشاء و يعذب من يشاء والله على كل شئ قدير ﴾ البقرة : ٢٨٤ واتە : هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە هی خوایە ، ئەگەر ئەوی لەدڵتانایە ئاشکرای بکەن یا بیشارنەوە خوا محاسەبەتان ئەکا لەسەری ، ئەوکاتە خۆش ئەبێ لەوکەسەی کە بیەوێ و، سزای هەرکەسێکیش دەدات کەبیەوێت و ، خوا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا .

کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە هەندێ لە هاوەڵان چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ، تا ئێستا خوا هەرچی داوین بەسەردا لەپەرستشەکان توانیومانە بیکەین ، بەڵام ئەمەیان زۆر زەحمەتە و قورسە لەسەرمان کەلەسەر هەموو خەیاڵێك کەبەبێ ویستی خۆمان بێت بەدڵمانا حسابمان لەگەڵدا بکات ، ئەویش فەرمووی : ئایا ئەتانەوێ وەك جولەکەو گاورەکان بڵێن : ﴿ سمعنا وعصينا ﴾ بیستمان و بێ فەرمانیمانکرد ؟ بەڵکو ئێوە بڵێن : ﴿ سمعنا و اطعنا غفرانك ربنا واليك المصير ﴾ واتە بیستمان و جێبەجێمان کرد و داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان ،وە گەڕانەوە لەڕۆژی دواییدا هەر بۆ لای تۆیە ، هاوەڵان ئەمەیان فەرموو ... پاشان ئەم ئایەتانەی تر هاتنە خوارەوە : ﴿ آمن الرسول بما انزل اليه من ربه والمؤمنون كل آمن بالله و ملائكته وكتبه ورسله لا نُفَرق بين أحد من رسله ، وقالوا سمعنا و أطعنا ، غفرانك ربنا واليك المصير ﴾ البقرة : ٢١٥ واتە : پێغەمبەر (ﷺ) بڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێردرا لەپەروەردگاری یەوە ، لەگەڵ بڕوادارانا ، هەموو بڕوایان هێنا بەخواو فریشتەکانی و نامە و فرستادەکانی ، کە هەموو ئەڵێن : جیاوازی ناکەین لە ناوەندی هیچ یەکێك لە پێغەمبەرانی خوادا و، وتیان : پێغەمبەر هەموو فەرمودەکانی خوای پێگەیاندوین ، ئێمەش بیستمان و فەرمانبەریمان کرد ، داوای لێ خۆش بوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان و، هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوەمان .

﴿ لايكلف الله نفساً الا وسعها ، لها ماكسبت وعليها ما اكتسبت ، ربنا لا تؤاخذنا ان نسينا أو اخطأنا ، ربنا ولاتحمل علينا اصرارا كما حملته على الذين من قبلنا ، ربنا ولا تحملنا مالا طاقة لنا به ، واعف عنا واغفر لنا وارحمنا أنت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين ﴾ ٢٨٦ / البقرة واتە : خوا داوا لەهیچ کەسێك ناکات مەگەر بەئەندازەی توانایی خۆی ، بۆ ئەو کەسەیە هەرچاکەیەك بکا و، لەسەریەتی هەر خراپەیەك بکا .

( بڕواداران وتیان ) : پەروەردگارا لێمان مەگرە ئەوشتانەی لەبیرمان دەچێت ، یان ئەگەر بەهەڵەو نەزانی گوناهمان کرد ، پەروەردگارا باری قورسمان لەسەر دامەنێ وەك دات ناوە لەسەر ئەوانەی پێش ئێمە ، خوایە بەڵای وامان بەسەردا مەدە کە لەتوانامانداا نەبێ ، گوناهەکانمان بسڕەوە و لێمان خۆش ببەو ، میهرەبانیمان لەگەڵ بکە ، تۆی کارسازمان و زاڵمان بکە بەسەر گەلی بێ بڕوایاندا .

.

چەند تێبینیەك :

( ١ ) مەعاز خوای لێ ڕازی بێ ، هەموو کاتێ کەلە خوێندنەوەی ئەم سورەتە دەبوویەوە دەیووت ( آمین ) ... ( تەفسیری ڕەوان بەرگی دووەم / ل ٨٨ ) .

( ٢ ) کاتێ جوبرائیل لەلای خۆشەویست بوو (ﷺ) ، گوێیان لەدەنگێك بوو لەئاسمانەوە ، جوبرائیل چاوی هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد و ( دیارە لە شێوەی ئادەمیزادا دابەزیبوە لای خۆشەویست ) فەرمووی : ( ئەوە دەرگایەك بوو کرایەوە لە ئاسمان ، قەت نەکراوەتەوە )، مەلائیکەتێکیش لی یەوە هاتە خوارەوە بۆ لای خۆشەویست (ﷺ)و پێی فەرموو: مژدەت لێ بێ بەدوو ( نور ) کە پێت بەخشرا ، کە بەهیچ پێغەمبەرێکی پێش تۆ نەدراوە ، سورەتی فاتحە و کۆتایی سورەتی ( البقرة ) ، هەر پیتێك بخوێنی لێیان ،خوا پێت دەبەخشێ و ئەوەی داوای دەکەی دەتداتێ ) موسلیم و نسائی گێڕاویانەتەوە .

( ٣ ) خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ ﴿ من قرأ بالآيتين اخر سورة البقرة في ليلة كفتاه ﴾ بخاری و مسلم .واتە : هەرکەس دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی ( البقرە ) بخوێنێ لەشەوێکدا بەسیەتی.

( ٤ ) ئیمامی عەلی خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێ : ( بڕواناکەم کەسێك لە ئیسلام گەیشتبێ ، شەو بخەوێ و ( آية الكرسي ) و ( کۆتایی البقرة ) نەخوێنێ ، ئەوە خەزنەیەکە و خوا داویەتی بە پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) لەژێر عەرشەوە ) .

( ٥ ) لە فەرموودەدا هاتووە کە خوای پەروەردگار دوای هەریەك لەو دوعایانە بەبەندەکانی دەفەرموێ : ئەوەی داوای دەکەن بۆم جێبەجێکردون ... ئەوەتا پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ ان الله وضع عن امتي الخطأ والنسيان وما استُكرِهوا عليه ﴾ واتە : خوا لەسەر ئوممەتەکەی منی هەڵگرتووە ، هەڵە و لەبیرچوون و شتێك کە بە زۆر پێیان بکرێ و هیچ دەسەڵاتێکیان نەبێت .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ بُعثت بالحنيفية السمحة ﴾ واتە : ئەو ئاینەی بەمنا نێردراوە ئاینێکی پاکی ئاسان و تەواو و دوور لەکەموکوڕی یە ... ( الاساس فى التفسير ) مج ١/ ل ٦٧٠ .

( ٦ ) بڕوادار هەموو شەوێك ئەم ڕاستیە ئیمانیانە یادی خۆی دەخاتەوە و ئەم چەند ئایەتە دەخوێنێ ، لەدڵ و هەست و هۆشیا دەچەسپێ کە بڕواهێنانی ڕاست دەبێ چۆن بێ و پاشان تەنها لە

خواش داوای لێ بوردن دەکات لەهەرکەموکوڕی یەك کە هەیبێ ولەهەرگوناهێك کردبێتی ... وە دان دەنێ بەوەدا کە خوا باری قورس و گرانی لەسەر کەس فەرز نەکردووە ، ئاینەکەش ئاینێکی ئاسانە و هەموو ئادەمیزادێك لەهەموو کات و شوێنێك دا دەتوانێ فەرمانبەری بکا ...

ئەنجا دڵنیاش دەبێت لەوەی کە ئەم هەمیشە وا لەکێشمە کێشدا لەگەڵ کافران و خراپەکاراندا ، بۆیە داوای سەرکەوتن لەخوا دەکات بەسەریاندا و هەرگیز لەم راستیە غافڵ نابێ ، کەواش بوو ، دوژمنان ناتوانن لەخشتەی بەرن و خۆیانی لێ بکەن بەدۆست و هاوەڵ... ﴿ انت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين ﴾ .

( ٧ ) ( آية الكرسى ) یش کە گەورەترین و مەزنترین ئایەتە باس لەباڵا دەستی و بەئاگایی و غافڵ نەبوون و نەخەوتنی پەروەردگار دەکات ، باس لە ( قيومية ) ی خوا دەکات بەسەر ئەم بونەوەرەدا ، جا خوێندنی لەپێش خەودا بیرخستنەوەی ئەو راستی یەیە مرۆڤ بزانێ و هەردەم لەیادی بێ ، کە هەرچەند خۆی ماندووە و شەکەتەو و دەخەوێ ، خوای پەروەردگار باڵا دەستە و تەنها چاوتروکاندنێکیش غافڵ نابێ لەدروستکراوەکانی ، دیارە ئەم بونەوەرەش بەوە راگیربووە و بەفەرمانی خوایە کە شیرازەی تێکناچێت ... ئەمەش کەلە دڵا دامەزرا ، چاکتر بڕوادار پشت بەخوا دەبەستێ و داوای جێبەجێکردنی خواست و مەبەستەکانی تەنها لەو دەکات .

ئنجا کە موسڵمان ( آية الكرسى ) خوێندو نووست ، ئەوە شەیتان ناتوانێ بێ بەلایداو ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێ ...

**( ١٦٣ ) دوو پۆشاك**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (٢٦) يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (٢٧) ﴾ الاعراف : واتە : (ئەی نەوەی ئادەم بێگومان هێناومانەتە خوارەوە بۆ سەرتان پۆشاکێ کە عەیب و عەورەتتان دا ئەپۆشێ و زینەت و جوانی یە ، هەروەها پۆشاکی تەقواش کە گرنگتر و باشترە ، ئەوەش کە باسکرا لە پۆشاکی ئاشکرا

و نهێنی ، هێندێکە لە بەڵگە و نیشانە ئاشکراکانی خوا ، بەڵکو بیربکەنەوە و ئامۆژگاری وەرگرن و پەیڕەوی فەرمانەکانی خوا بکەن .

ئەی نەوەی ئادەم باشەیتان نەتانخاتە ناو فیتنەو بەلاّ و نارەحەتی ، هەروەك چۆن باوك و دایکتانی لەبەهەشت دەرهێنا و پۆشاکەکەیانی لەبەرداکەندن ، بۆ ئەوەی عەیب و عەورەتیان دەربخات و نیشانیان بدات ، بەراستی شەیتان خۆی و سەرباز و نەوەکانی ئێوە ئەبینن و ئێوەش ئەوان نابینن ، بەراستی ئێمە شەیتانەکانمان گێڕاوە بەدۆست و خۆشەویست بۆ ئەوانەی کە بڕواناهێنن ...

ئیمامی عەلی دەفەرموێ خۆشەویست (ﷺ)لەکاتی لەبەرکردنی جل دا دەیفەرموو : ﴿ الحمد لله الذي رزقني من االلباس ما أتجمل به في الناس وأواري به عورتي ﴾ واتە : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەم جل و بەرگە جوانەی پێ بەخشیم ، کە خۆمی پێ جوان بکەم لەناو خەڵکیدا و عەورەتی پێداپۆشم .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت ﴿ کلوا واشربوا و تصدقوا من غیر مخیلة ولا سرف ، فان الله یحب أن یری أثر نعمته علی عبده ﴾ ئیمام ئەحمەد / واتە : ( بخۆن و بخۆنەوە ، پۆشاك بپۆشن بەشێوەیەکی میانەڕەوی ، نە ڕژدی تیا بکەن و نەدەست بلاّوی ، چونکە پەروەردگار پێی خۆشە دیاردەی نیعمەتی بەسەر بەندەی خۆیەوە ببینێ( ل ٤٦١ بەرگی چوارەم تەفسیری ڕەوان ) .

***خۆدا پۆشین لە فیترە تەوەیە :**

خوای پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ يَا بَنِي آَدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آَمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآَيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢)﴾ الاعراف : واتە : ( ئەی ڕۆڵە و نەوەکانی ئادەم ، بەرگ و پۆشاکتان بپۆشن لەکاتی هەموو نوێژ و تەوافێکدا ، کەلای خوارووی ئەوەیە عەورەت داپۆشێ ، عەورەتیش بۆ پیاو نێوان ناوك و ئەژنۆیە ، بۆ ئافرەتیش هەموو لەشە بێجگە لەدەم و چاوو هەردوو دەستی ، دەبخۆن و بخۆنەوە لەوەی کە حەلاڵە بۆ تان ، زیادە ڕەوی مەکەن ، چونکە بێگومان خوازیادڕەوانی خۆش ناوێ ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ : کێ یاساغی کردووە ئەو شتانەی کە خوا کردویەتی بەهۆی جوانی و

ئارایش لـه پۆشاك و هەرشتێکی تر کە مەردوم خۆی پێ ئەڕازێنێتەوە و، ئەو ڕۆزییە پاك و خۆشانە کە خوا دروستی کردون بۆ بەندەکانی ؟

پێیان بڵێ : ئەو هەموو ڕۆزی و ناز و نیعمەتە بۆ بڕوادارانە لـە دنیادا ( هەر چەند کافرانیش سوودی لێ وەردەگرن ) .وە لـەقیامەتدا و لـەبەهەشتدا تایبەتە بۆ بڕواداران بەتەنها و کافرانی لێ بێبەشن ، بەم جۆرە ئایەتەکانمان بە ڕوونی باس دەکەین بۆ گەل و کەسانێك کە دەزانن و دەفامن

ئیمامی موسلیم لـە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ ( باوی عەرەب وا بووە بێجگە لـە قورەیش بە ڕووتی تەوافیان دەکرد ، مەگەر قورەیش پۆشاکی پێ بدانایە : پیاو بۆ پیاوو ئافرەت بۆ ئافرەت ، قورەیش باویان وابوو لـەموزدەلیفە دەرنەئەچوون وتەنها خەڵکانی تر دەچوون بۆ عەرەفەو ، ئەشیان وت ئێمە ئەهلی حەرەمین کەواتە ئەبێ عەرەب بە پۆشاکی ئێمەوە تەواف بکەن ، کاتێ هاتنە خاکی ئێمە ئەبێ هەر خۆراکی ئێمە بخۆن ، ئنجا هەرکەس لـەو عەرەبانە دۆستێکی نەبوایە لـە مەککەدا کە پۆشاکی بداتێ و خۆشی دەسەڵاتی نەبوایە بەرگی تازە بکڕێ ، ئەوا یان بە ڕووتی تەوافی دەکرد ، یان ئەگەر بە جل و بەرگەکەی خۆیەوە ، تەوافی بکردایە دوایی فڕێ دەدا و کەس بەکاری نەدەهێنا ) .

کاتێك پەروەردگار بەم چەند ئایەتە داوای خۆداپۆشینی لـە موسڵمانان کرد ، وە موسڵمانان هەموو بە داپۆشراوی تەوافیان دەکرد ، کافرەکان کەوتنە تانەوتەشەردان لـە موسڵمانان و تانووتی ئەوەیان لێ ئەدان کە چۆن دەبێ پۆشتە بن . ( ئەم تانە و تەشەرە لـەسەر مەسەلـەی خۆداپۆشین لـە هەموو کات و سەردەمێکدا هەر هەیە و نەفامان و ناحاڵیان ، بەهەموو توانایانەوە ڕوو بەڕووی موسڵمانان دەبنەوە لـەم مەسەلـە گرنگە فیگری یەدا و چیان پێ بکرێ دژایەتی دەیکەن ، بۆ ئەوەی خۆداپۆشین نەمێنێ ) . وەك لـەئایەتەکانەوە دەردەکەوێ شەیتان زۆر مەبەستێتی ئادەمیزاد بەرە و ڕووتی بەرێ ، دیارە بەمەش مەبەستی گلاۆی دێتەدی لـەسەر لێشێواندن و سەر گەردان کردنی بەرەی ئادەمیدا ... ئینجا بەردەوام شەیتانەکانی ئینسیش بەهەمان کار هەڵدەستن ... دوژمنانی ئیسلام زانیان کە ناتوانن لـە جەنگ و ڕوو بە ڕووبونەوەدا بەسەر موسڵماناندا زاڵ بن ، بۆیە کەوتنە پیلان دانان بۆ کرمێ کردنی کۆمەڵگای ئیسلامی و ڕاپێچ کردنی ئافرەتان بەرە و جل و بەرگی کورت و تەنگ و تەسك بۆ جولاندنی غەریزەی جینسی لای ئافرەتان و پیاوان ، ئەمەش بەڵگەیەکی مێژوویی یە لـەسەر ئەو مەسەلـەیە .

*** یەکەم شا جوانی تورکیا :**

لەساڵی ۱۹۳۲ ز دا ڕۆژنامەی ( جمهوریە ) ی تورکیای عیلمانی یەکەم پێشبڕکێی ڕێکخست بۆ هەڵبژاردنی شا جوانی ئەو وڵاتە ، لەپێشبڕکێ کەدا ( کەریمان خالص ) دەرچوو ... لەهەمان ساڵ دا لەشاری ( سپا ) ی بەلجیکا پێشبڕکێی جیهانی بۆ هەمان مەبەست سازدرا ، کە ( ۲۸ ) وڵات تیایدا بەشداریان کرد ... لەم پێشبڕکێ یەدا سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنەکە وتارێکی دا ( کەلە دائرة المعارف ی تورکی جلدی یانزە ، لاپەڕە / ۳۵۷ تۆمارکراوە ) .

سەرۆکی لیژنە وتی ( ئەمڕۆ لەنێوانماندا شاجوانی تورکیا ( کەریمان ) ئامادەیە بە مایۆوە و نوێنەرایەتی ئافرەتی موسڵمان دەکات ،بۆیە ئێمەش ئەو هەڵدەبژێرین و (تاج ) ی سەرکەوتنی پێ دەبەخشین و دای دەنێین بە شاجوانی جیهان ، ڕەنگە جوانتریشی تیابێ لەئامادەبواندا ، بەڵام ئەوە گرنگ نیە ، ئیتر ئەم ساڵ شاجوان مەبەستمان نیە ، بەڵکو سەرکەوتنی ( مە سیحیەتمان ) مەبەستە ، لەم ساڵدا و ئاهەنگی بۆ دەگێڕین ...

سوڵتان سولەیمانی قانونی کاتی خۆی تەدەخولی دەکرد لە ئاهەنگەکانی سەمای فەرەنسادا ڕێی پێنەئەدا ، ئەمڕۆ نەوەی ئەو بەجل و بەرگی قەراغ دەریاوە ئامادەیە لەگەڵماندا و دەیەوێ هەڵبژێرێت ، ئێمەش سەرسامین بەم ئافرەتە و ئەو هەڵدەبژێرین چونکە شوێن ئێمە کەوتووە ، وە ئاوات دەخوازین کە موسڵمانان هەموویان وایان لێبێت و دوامان بکەون لە داهاتوودا ، جا بەم ئاواتەوە ئەمڕۆ ئێمە شاجوانی تورکیا هەڵدەبژێرین بۆ شا جوانی جیهان و، بەو بۆنەیەشەوە پێکی شەرابی سەرکەوتنی ئەوروپا دەنوشین بەسەر موسڵمانانا ...

بەڵێ ... ئەم وشانە وا بزانم پێویست بەهیچ قسەیەکی تر ناکا لەسەری بکرێن ! پیلانەکان زۆر ئاشکران کە دەیانەوێ موسڵمانان وەك خۆیان رووت بکەنەوە و نقومی زەلکاوی بەد ڕەوشتی تلیاك و مەی مان بکەن ...

**( ١٦٤ ) لادان لە فیترەت :**

هەرچی لەم بوونەوەرەدا هەیە ، خوای گەورە بەپێی یاسا و بەرنامەیەك دروستی کردوون ، کە هەمووان بەپێی ئەو بەرنامەیە کاردەکەن و بەڕێوە دەچن ، هەروەك موسا بە فیرعەونی فەرموو ﴿ قال : ربنا الذي أعطي كل شئ خلقه ثم هدى ﴾ طه / ٥٠ واتە : پەروەدگارمان هەموو شتێکی

دروست کردووە و هیدایەتی داون و ڕێنمایی کردوون ... پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێ ﴿ کل مُیَسَر لما خُلِق له ﴾ وە دەفەرموێت ﴿ کل مولود یولد علی الفطرة فابواه یُهودانه أو یُنصرانه أو یُمجسانه ﴾ واتە هەموو منالێك لەسەر فیترەتێك لەدایك دەبێت ، کە ئەویش یەکخواناسی و ئیمان و بڕوایە ، دایك و باوك و دەوروبەرەکەی فیترەی دەشێوێنن و دەیکەنە جوولەکە یان گاور یان مەجوسی .مرۆڤیش بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتی ( فیترى ) کاردەکات ، نابێ بگۆڕدرێ و تێکبدرێ و بشێوێنرێ ، هەروەك دەفەرموێ ﴿ فاقم وجهك للدین حنیفاً فطرة الله التي فطر الناس علیها لا تبدیل لخلق الله ، ذلك الدین القیم ولکن أکثر الناس لا یعلمون ﴾ الروم / واتە : ڕووبکەرە بەرنامە و ئاینی راست و دروستی خوا ، کەلـەگەڵ ئەو فیگرهتەدا دەگونجێ کە مرۆڤی لـەسەر دروست کردووە ، دروست کراوەکانی خواش گۆڕان و دەستکاری ناکرێن ، (چونکە بەهەردەستکاری یەك و گۆڕانێك دەشێوێن و خراپ دەبن ) ئەمەش کە بۆمان ناردون ئاینێکی بێوێنەی راستە ، هەرچەند زۆرکەس ئەم راستیە نازانن .

### * خواردن و خواردنەوە:

کۆ ئەندامی هەرس بەشێوەیەکی ( فیترى ) و ڕێکو پێك کاری خۆی دەکات ، بەو مەرجەی زیادە خۆری نەکرێ ، ئەگەر زیادە خۆری کراو گوێ بەبنەما تەندروستی یەکان نەدرا ، ئەوا جۆرەها نەخۆشی یەخە بە مرۆڤ دەگرێ ... هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ المعدة بیت الداء ﴾ هەروەها دەفەرموێت : ﴿ ما ملا ابن ادم وعاء شراً من بطنه ، بحسب ابن ادم اکلات یقمن صلبه ، فان کان لا محالة فثلث لطعامه ، وثلث لشرابه ، وثلث لنفسه ﴾ ترمذی / واتە : ( گەدەماڵ و خانەی نەخۆشی یەکانە ، مرۆڤ هیچ شتێکی پڕنەکردووە بەهێندەی ورگ خراپ بێت ، ئەوەندە بەسە خواردن بۆ بەرەی ئادەمی کە پشتیان راستکاتەوە بۆ عیبادەت و خواپەرستی ، وە ئەگەر هەر چار نیە و دەخوات بایەك لـەسەر سێی گەدەی بۆ خواردن و یەك لـەسەر سێی تری بۆ ئاوو یەك لـەسەر سێکەی تریشی بەتاڵ بێت ) .

### * نووستنی سروشتی :

دەربارەی نووستنیش قورئان دەفەرموێت ﴿ وجعلنا اللیل لباساً ، وجعلنا النهار معاشاً ﴾ النبأ ١١ وە دەفەرموێ : ﴿ الم یروا انا جعلنا اللیل لیسکنوا فیه والنهار مبصراً ، ان في ذلك لایات لقوم یؤمنون ﴾ النمل : ٨٦

جا ئەگەر مرۆڤ شەوگاری بەکار و فرمان و بێداری بەسەر برد و ، ماوەیەکی کەمی درەنگ وەخت نوست ، ئەوە تووشی خەوزڕان و کەمخەوی دەبێت و ماندویەتی و شەکەتی ڕووی تێدەکات ، هەروەك لەم سەردەمەدا لە زۆر ولاّتدا دەبینین ... بۆ نموونە نیوەی ئەمریکیەکان تووشی خەو زڕان و کەمخەوی بوون و زۆریان حەبی خەو بەکار دەهێنن ، زانایانی ئەم بوارەش دەڵێن ﴿ نووستنی پێش نیوە شەو دوو هێندەی نووستنی دوای نیوە شەو مرۆڤ دەحەوێنێتەوە ) ...

## * هاوسەرگرتن و خێزان دروست کردن :

زایەندیش ( الجنس ) شتێکی فیتری یەکە دەبێ لەڕێی پەیوەندی شەرعی و خێزانەوە بێتەدی ، جا ئەگەر ڕێی تر گیرایە بەر و گوێ نەدرا بە فیترەت ، وەك پەیوەندی پیاو و پیاو ، یان ئافرەت و ئافرەت ، یان داوێنپیسی ، ئەمانە هەمووی دەبنە مایەی جۆرەها نەخۆشی جەستەیی و کۆمەلاّیەتی ، وەك نەخۆشی یە ( جنسی ) یەکان و ( ئایدز ) و شیرازە بچڕانی کۆمەڵ .

## * شیردان بەمناڵ :

کاتێ مناڵ لەدایك دەبێت خوای گەورە دەرگای رزقی لەلای دایکیەوە بۆ دەکاتەوە لە سنگی دایکیەوە سۆز و خۆشەویستی و شیر وەردەگرێ ، ئیسلام زۆر مەبەستێتی کە مناڵ لە کۆشی دایکی مەحروم نەبێت و شیری تەواو بخوات ، تەنانەت لەکاتی جیابوونەوەی ژن و مێردیشدا لەیەکتری دەبێت مافی شیرخواردنی مناڵ پێشێل نەکرێت و هەقی خۆی بدرێتێ ، قورئان دەفەرموێت ﴿ والوالدات یرضعن اولادهن حولین کاملین لمن أراد أن یُتم الرضاعة ﴾ البقرة : ٢٣٣ واتە : دایکەکان شیر ئەدەن بە مناڵەکانیان دوو ساڵی تەواو (تەلاّقدرابن ، یان تەلاّق نەدرابن ) ئەمەش بۆ کەسێکە کە بیەوێ شیری تەواو بدات .

لە زەمانی عومەری کوڕی خەتتابدا مووچە دەدرا بە مناڵ پاش ئەوەی لە شیر ئەبڕایەوە ، بۆیە هەژارەکان بۆئەوەی ئەو مووچەیەیان دەستبکەوێ ، زوو مناڵەکەیان لە شیر دەبڕیەوە ، کە ئەم مەسەلەیە گەیشتەوە بە عومەر ، ناچار مووچەشی بۆ مناڵی شیرە خۆرەش بڕیەوە ، بۆ ئەوەی مناڵاّن پێشوەخت لە شیر نەبڕدرێنەوە ، لە ئەنجامی کارکردنی ئافرەتان و دەرچوونیان لە ماڵ ، شیری وشك هاتەکایەوە ، کە زیانی زۆری دا لەتەندروستی و باری دەروونی مناڵ ، کە ئەمەش لادانە

لە فیترەت ، بۆیە ئەمڕۆ ( ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ) بانگەشە دەکات زۆر بەگەرمی بۆ گەڕانەوە بۆ شیردانی سرووشتی دایك و دوو کەوتنەوە لە شیرەکانی تر.

*** ئالفی ئاژەڵ و مەڕ و مالاَت :**

نموونەیەکی تر لەسەر لادان لە فیترەت ، ئالیکی ئاژەڵ و مەڕ و مالاَت و مریشکە ، کە لە پرۆتین و ئێسقانی هاڕراو و زۆر شتی تر دروست دەکرێت ، کە ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی زۆر نەخۆشی وەك ( نەخۆشی شێتی مانگا ) کە بۆ مرۆڤیش دەگوێزرێتەوە ، ئەم نەخۆشی یە نزیکەی ( ٣٠ ) سی ملیار دۆلاری زیاندا لە ئابووری (بەریتانیا ).

پەروەردگار ئالیکی سروشتی بۆ گیانلەبەران دروست کردووە ، باشتر وایە ئەوە بەکاربهێنرێ ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ وأنزلنا من السماء ماء فأخرجنا به أزواجاً من نبات شتى ، كلوا وارعَوا انعامكم ان في ذلك لايات لأُولي النُهى ﴾ طه : ٥٤ هەروەها دەفەرموێت ﴿ أولم يروا أنا نسوق الماء الى الارض الجُرز فنُخرج منه زرعاً تأكل منه أنعامُهم وأنفسهم أفلا يبصرون ﴾السجدة ٢٧ .خواردنی ئالفی پاك و سروشتی زۆر گرنگە بۆیە خۆشەویست (ﷺ)نەهی کردووە سواری وشترێ ببین کە خووی گرتووە بە خواردنی پیساییەوە ، دیارە دوورکەوتنەوە لە شیرەکەی و گۆشتەکەی هەر پێویستە تا ماوەیەك ئالفی پاك دەخوات و گۆشت و شیرەکەی پاك دەبنەوە و ئەو میکرۆبانە لەلەشیدا نامێنن ﴿ عن ابن عمر قال : نهى رسول الله (ﷺ)عن الجلالة في الابل ان يركب عليها ﴾ أبوداود .

**( ١٦٥ ) ئیسلامەتی فیترەتە :**

بانگەوازکردن بۆ ئیسلام ، بانگەوازە بۆ لانەدان لە فیترەت ، چونکە خوای گەورە ئاگادار و شارەزایە بە سروشتی مرۆڤ و ، چی سوود و قازانجی ئەم مرۆڤەی تێدابێ ئەوەی بۆ ناردووە ، بۆیە سوننەتە بەیانیان و ئێواران بڵێن ﴿ اصبحنا على فطرة الاسلام وكلمة الاخلاص وعلى دين نبينا محمد (ﷺ) وعلى ملة ابينا ابراهيم حنيفاً وماكان من المشركين ﴾ .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات بۆ ( سنن ) ی فیترەت ، کە ئەوانەش سمێڵ کردن و نینۆك کردن و خەتەنە کردنە و هتد ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ خمس من الفطرة الاستحداد ، والختان ، وقص الشارب ، و نتف الابط ، و تقليم الاظافر ﴾ ل٣٨ فقة السنة .

ژن و پیاویش هەریەکەیان فیترەتی خۆیان هەیە کە نابیّ لاسایی یەکتری بکەنەوە و جلی عادەتی یەکتری لەبەربکەن، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەت دەکات لەو کەسانەی کەوادەکەن ، بوخاری بۆمان دەگێڕێتەوە کە ﴿ لعن رسول الله (ﷺ) المتشبهين من الرجال بالنساء و المتشبهات من النساء بالرجال ﴾ ...

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لەوەی لایەکی سەر بتاشریّ و لاکەی تری بهێڵرێتەوە ، یان قۆچکە تاش بکریّ ﴿ عن ابن عمر قال : نهى رسول الله (ﷺ) عن القزع ﴾ بخاری و مسلم ، هەروەها ﴿ رأى رسول الله (ﷺ) صبياً قد حلق بعض رأسه و ترك بعضه فنهاهم عن ذلك ، وقال : احلقوا كله أو اتركوه كله ﴾ ئەبوداود ...

واتە پێغەمبەر (ﷺ) منالێکی بینی لایەکی سەری تاشرابوو لاکەی تری نەتاشرابوو ، جڵەوگیری لێکردن و فەرمووی یا هەمووی بتاشن یان هەمووی بهێڵنەوە ...

**( ١٦٦ ) شكاندنی كۆت و پێوەندەكان**

ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرەتا کە هات ، کۆیلایەتی نیزامێکی جیهانی بوو ، وردە وردە بەپێی بەرنامەیەکی ڕێك و پێك و نەخشە بۆ کێشرا و ، کۆیلایەتی کەم کردەوە و سەرەنجامیش نەیهێشت ، ئیسلام باسی ڕێزداری ئادەمیزادی کرد وفەرمووی﴿ ولقد كرمنا بنى ادم ﴾ وە پێغەمبەریش (ﷺ) دای بەگوێی جیهاندا کە هیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان عەرەبێك و عەجەمێکدا مەگەر بەتەقوا و خواناسین ...عومەری کوڕی خەتتابیش فەرمووی ( متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم امهاتهم احراراً ) بەمەش کۆت و پێوەندەماددیەکان کرانەوە و نەمان .

کۆت و پێوەندی تریش هەن کە مەعنەوین ، بەهاتنی خۆشەویست ئەو کۆت و پێوەندانەش کرانەوە ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٥٧)﴾ الاعراف :واتە : ئەوانەی شوێن ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە دەکەون کەلەلایان نوسراوە و مژدە بەهاتنی دراوە لە تەورات و ئینجیلدا ، کە فەرمانیان پێ ئەدا بەچاکە و جڵەوگیرییان دەکات لە خراپە و، بۆیان حەلاڵ دەکات شتانی پاکو پوخت و یاساغی دەکات لێیان

شتانی پیس و ناهەموار ، وە باری گران و کۆت و پێوەندیان لادەبات ، جا ئەوانەی بڕوای پیێ دێنن و سەری دەخەن و دوای ئەو نورە دەکەون کە هێناویەتی هەر ئەوانەن سەرفراز و سەرکەوتوو ...

هەروەها لـە سورەتی ( البینة ) ش دا دەفەرموێ ﴿ لم یکن الذین کفروا من أهل الکتاب والمشرکین منفکین حتی تأتیهم البینة ، رسول من الله یتلوا صحفاً مطهرة فیها کتب قیمة﴾ ... واته : ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون لـە خاوەن نامە و بت پەرستەکان ، دەستیان هەڵنەگرت لـە بێبڕوایی و کۆت و پێوەندەکانیان نە کرانەوە ، تا نیشانە ڕوونەکەیان بۆ هات ، کە ئەویش پێغەمبەرێکە لـەخواوە ئەخوێنێتەوە بەسەریانا چەند پەڕەیەکی پاك کە قورئانە ، کە تیایانایە چەند نامەیەکی بەنرخ ... ( یان تیایدایە پوختە و پالاْوتەی چەند نامەیەکی بەنرخی ئاسمانی پێغەمبەرانی پێشوو ) ...

ئاینی ئیسلام ڕۆژانە پێنج جار بانگی ( حي علی الصلاة و حي علی الفلاح ) دەدا بەگوێی ئادەمیزادا ، هەستن بۆ نوێژ ، هەستن بۆ شکاندنی گشت کۆت و پێوەندە ماددی و مەعنەوی یەکان ، هەستن بەرەو رزگاری و سەرفرازی .

بۆ نموونە بەخیلی و چرووکی کۆت و پێوەندێکە دەستی خاوەن ماڵ دەبەستێ و نایەڵێ خێر و چاکە بکات ، بۆیە قورئان ئامۆژگاری دەکات و دەفەرموێت ﴿ ولا تجعل یدك مغلولة الی عنقك ولا تبسطها کل البسط فتقعد ملوماً محسوراً ﴾ الاسراء : ۲۹ .

ڕق وکینە و حەسوودی دڵی مرۆڤ بەند دەکات و کۆت و پێوەند دەکاتە گەردنی ، نایەڵێ ئەو دڵە بجوڵێ بەرامبەر موسڵمانان و نایەڵێ سۆز و بەزەیی و میهرەبانی ببێت ، بۆیە بڕواداران دوعا دەکەن کە خوا لـەو کۆت و پێوەندە رزگاریان بکات و ، دڵیان پاك و سینەیان ساف بێت ، بەرامبەر خوشك و برا ئیماندارەکانیان : ﴿ ولا تجعل في قلوبنا غلاً للذین امنوا ، ربنا انك رؤوف رحیم ﴾ الحشر . کافرەکانیش کە لـەدنیادا خوای گەورە لـەبارەیانەوە دەفەرموێ ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلَالًا فَهِيَ إِلَى الْأَذْقَانِ فَهُمْ مُقْمَحُونَ (٨) وَجَعَلْنَا مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ (٩) وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنْذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنْذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٠) ﴾ یس : واتە : ئەم کافرانە لـە بێئاگایی و بڕوا نەهێنانیاندا وەك کەسانێکن کە زنجیرمان کردبێتە ملیان و تا چەناگەیانی داگیر کردبێ ، کەواتە سەریان بەرز ئەبێتەوە و بەردەمی خۆیان نابینن و، وەکو کەسانێکن کەلـەبەردەم و پشتیانەوە دیوار و ( بەربەست ) مان دانابێ و بەرچاویان گیرابێ و نەهیچ ببینن و

نەبشتوانن بجولێن  جا ئەوانە بیانترسێنی و ئاگاداریان کەیتەوە یان نەیکەیتەوە هەروەکو یەکە و هی ئەوەن کە دەستیان لێ بشۆری ، ئەوەندە ڕۆچوون لـە کوفر و جەهالـەتدا  ئەو کافرانەی کەلـەدنیادا کۆت و پێوەندی هەواو ئارەزوو پەل بەستی کردوون و نایەڵێ بێن بەرەو هەق وڕاستی ، لـەقیامەتدا سزاکەیان دۆزەخە  بەدەست وپەل بەستراوی یەوە ، هەروەك لێرە لـەکۆت و پێوەندابوون و ئازاد نەبوون ، لـە قیامەتیشدا هەروا دەبن ، قورئان دەفەرموێت ﴿ خُذه فغلوه ثم الجحيم صلوه ، ثم في سلسلة ذرعها سبعون ذراعاً فاسلكوه ، انه كان لايؤمن بالله العظيم ولا يَحُضّ على طعام المسكين ﴾ الحاقة ، واتە : بیگرن و کۆت و زنجیر بکەنە دەستی ، لـەپاشا بیسوتێنن لـە دۆزەخا ، ئنجا بە زنجیرێکی حەفتا گەزی بیبەستنەوە ، چونکە ئەو بڕوای بەخوای گەورە نە ئەکرد و هانی خەڵکی نە ئەدا لـەسەر ناندانی هەژاران و یارمەتی و و دەست گرتنیان.

هەروەها قورئان دەفەرموێت : ﴿ اولئك الذين كفروا و اولئك الاغلالُ في أعناقهم واولئك اصحاب النار هم فيها خالدون ) الرعد /واتە: ئەوانە بڕوایان نەهێنا و کافر بوون ، ئەوانەن کە کۆت و پێوەند لـە گەردنیاندایە و، ئەوانەن کە هاوەڵ و هاودەمی ئاگری دۆزەخن و تیایا هەتا هەتایی دەبن.

**( ١٦٧ ) دوو جار لەدایك بوون**

هەروەك  چۆن تاریکایی و ڕوناکی ماددی هەیە ، بەو جۆرەش تاریکایی و ڕووناکی مەعنەوی هەیە ، جا بانگەواز کردن واتە رزگاربوون لـە تاریکایی یە مەعنەویەکانی کوفر و نەفامی بەرە و ڕووناکی مەعنەوی کە بەرنامەی خوایە ، ئەم دەرچوونەی دەبێتە مایەی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ڕووناك کە هەمووان بەخۆشی و کامەرانی تیایا ژیان بەسەر بەرن ، قورئان دەفەرموێت ﴿ الر كتاب أنزلناه اليك لتُخرِج الناس من الظلمات الى النور باذن ربهم ﴾ ابراهيم : ١ واتە : پەڕاوێکمان بۆ ناردووی تا خەڵکی لـە تاریکایی یەکانەوە ببەی بەرەو ڕوناکی بە ئیزنی پەروەردگاریان . قورئان لـە سورەتی نوردا نموونە دێنێتەوە بۆ تاریکی مەعنەوی کوفر و نەفامی بە تاریکاییەکی ماددی بینراو و هەست پێکراو لـەناو دەریایەکی زۆر قوڵدا ، کە دەریاش تا قوڵتربێ تاریکترە چونکە ڕووناکی پێناگات ، لـەناو ئەو دەریایەدا شەپۆلی ناوەوەی زیاتر تاریکی بکات و هەروەها شەپۆلی سەردەریاکەش زیاتر ڕووناکی بگرێت و ئاسمانیش هەور بێت ، ئالـەم حاڵەتەدا کەسێك لـەناو ئەم دەریاقوڵەدا کە تاریکایی لـەسەر تاریکییە دەستی دەربێنێ ، ئاخۆ دەستی خۆی دەبینێ ؟ بێگومان نەخێر ، جا ئەگەر لـەم تاریکی یە هەرە زۆرەدا خوا نور و ڕووناکی نەدا بەکەسێك

نور و ڕووناکی لە کوێ دەهێنێت ... هەروەك دەفەرموێت : ﴿ أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ (٤٠)﴾ النور .

کاتێ مرۆۆ لەتاریکاییەکانی ناوسکی دایکی رزگاری دەبێ و لەدایك دەبێ ئەوە یەکەم لەدایك بوونە ، هەروەك لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿ يخلقكم في بطون امهاتكم خلقاً من بعد خلق في ظلمات ثلاث ﴾ الزمر : ٦ واتە : خواوەند دروستی کردوون لە سکی دایکتاندا قۆناغ لەدوای قۆناغ لەسێ پەردەی تاریکیدا کەپێستی سکی دایك و دیواری رەحم و پەردەی دەوری کۆرپەلەیە ...

جا لەدایك بوونی دووەمیش رزگاربوونە لە تاریکایەکانی کوفر و نەفامی بۆیە عیسا سەلامی خوای لێبێ بە هاوەڵانی فەرموو ﴿ انكم لن تلجوا ملكوت السماء حتى تولدوا مرتين ﴾ واتە : ئێوە ناتوانن بچنە مەلەکوتی ئاسمان تا دووجار لەدایك نەبن ... دیارە جارێکیان لە دایك بوونی ئاسایی یە و جارەکەی تریشیان بڕواهێنانە ...

ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە پێغەمبەرمان (ﷺ)باوکی مەعنەوی یە و هاوسەرەکانیشی دایکی بڕوادارانن ، ئوبەی کوڕی کەعب لە خوێندنی ئەم ئایەتەدا دەیفەرموو : ﴿النبي اولى بالمؤمنين من أنفسهم ( وهو اب لهم ) وأزواجه أمهاتهم ﴾ ...

ئەوانەش کەڕێی راست دەدۆزنەوە زیاتر هەست بەم مەسەلەیە دەکەن بۆ نموونە: سەید قوتب لەساڵی ( ١٩٠٦ ) دا لەدایك بووە ، بەڵام دەڵێ لەدایکبوونی راستی من ساڵی ( ١٩٥٢ ) ە کە تیایدا ڕێی راست و بانگەوازی خوام دۆزیەوە ، بانگخوازانیش بەهەوڵ و کۆششی بەردەوامیان ، بە شەونوێژ و خواپەرستیان دەبنە مۆم و چرا و ڕێگای خەڵکی رۆشن دەکەنەوە و لەتاریکاییەکان رزگاریان دەکەن ، دکتۆر محمد ئیقبال جوان گوزارشت لەمەدەکات و دەڵێ :

نائح والليل ساج ســـادل　　يهجع النـــــاس ودمعي هاطل

تصطلي روحي بحزن و ألم　　ورد ( ياقيوم ) انسي في الظلم

أنا كالشمع دموعي غسـلي　　في ظلام الليل اذكـــــــــي شعلي

محفل الناس بنوري يشرق　　انشر النور ونــفــــــــي احرق

دكتۆر ئیقبال بەشەو خەو لەچاوی ئەتۆریّ و موناجات دەكات لەگەڵ خوای خۆیدا و فرمێسك دەڕێژیّ ، لەكاتێكدا خەڵكی هەموو نووستون ، رۆحی ئەسوتیّ بەخەم و ئازارەوە ، ویردی سەرزمانیشی ( یاقیوم ) ە كە هاودەم و هاوەڵێتی . بەڵیّ ، ئەو وەكو مۆم وایە ، فرمێسكی خۆی گڕی خۆشتر و چاكتر دەكات ، بەو خۆسوتاندنەشی ڕێی خەڵكی ڕووناك دەكاتەوە .

جا دكتۆر اقبال ئەوەندە تامەزرۆی شەو نوێژ بووە ترساوە لەوەی كە لێی مەحروم بیّ بۆیە دوعای دەكرد و دەیووت ( خذ مني ما شئت يارب و لكن لا تحرمني اللذة بأنات السحر ) واتە : خوایە چیت دەوێت لێم ببە ، بەلاّم مەحرومم مەكە لەلەزەت و تامی موناجات وناڵینی بەرەبەیان و سەحەر .

### ( ١٦٨ ) بانگەواز و خزمەتكردن

بانگەواز زیاتر بەرەو پێش دەچێت ، ئەگەر بانگكراو متمانەی بە بانگخواز هەبێت و، بزانێت كە بۆ بەرژەوەندی ماددی ئەو كارە ناكات ، بەڵكو مەبەستی بەرژەوەندی خەڵكە و بەكردەوەش ئەوە بسەلمێنیّ .

بۆ نموونە ( صالح )(سەلامی خوای لێبێت) ، ناوبانگێكی باشی هەبوو لەناو گەلەكەی و هەموان بەچاوی رێزەوە سەیریان دەكرد ، هەروەك قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە لەسەر زمانی گەلەكەی كە هاتنە لای و بەسەر سوڕمانەوە وتیان ئەم دەنگو باسە نوێیە چیە هێناوتە ، خۆ تۆ پیاوێك بووی جێی هیوای ئێمە بووی لەمەوبەر ئێستا بۆ وات لێهاتووە ﴿ قالوا يا صالح قد كنتَ فينا مَرجواً قبل هذا اتنهانا ان نعبدَ مايعبدُ اباؤنا واننا لفي شك مما تدعونا اليه مريب ﴾ هود : ٦٢ .

پێغەمبەری خۆشمان (ﷺ) پێش پێغەمبەرێتی جێی متمانەی خەڵك بوو ، زۆر كەس لە بەردەست پاكیەكەی راسپاردەی لا دادەنا ، تەنانەت كە كۆچیشی كرد بۆ مەدینە ، ئیمامی عەلی بەجێهێشت كە ئەو راسپاردانە بداتەوە دەست خاوەنەكانی.

پێغەمبەر (ﷺ) كاتیّ سروشی بۆ هات و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، زۆر دەترسا لەوەی تووشی بەلاّیەك بووبیّ ، خەدیجەی هاوسەری كە چاك دەیناسی پێی فەرموو : بەخوا هەرگیز خوا تۆ تووشی خراپە و ناڕەحەتی ناكات ، تۆ یارمەتی لێقەوماوان دەدەی ، رێز لە میوان دەگری و دەستی ئەوانە دەگریت كە تووشی بەلاّ و نارەحەتی دەبن و سیلەی رەحم بەجیّ دەگەیەنی ...

پێغەمبەر (ﷺ)ئامۆژگاریمان دەكات كە ئێمەش وەك ئەو هاوكاری خەڵكی بكەین و بچین بەهانایانەوە چونكە ﴿ خیر الناس انفعهم للناس ﴾ و ﴿ والله في عون العبد مادام العبد في عون اخيه ﴾ ئەبوبەكریش كەسایەتیەكی ناوداری بازرگانی خزمەتگوزاربوو ، شارەزای بن و بنچینەی قورەیشیەكان بوو ، پیاوێكی گونجاو بوو ، خەڵكی دەهاتنە مەجلیسەكەی لەبەر سوود وەرگرتن لە زانیاری و بازرگانیەكەی ،كاتێ زۆر نارەحەتیان كرد ویستی كۆچ بكات بەرە و حەبەشە ، كە گەیشتە ( برك الغماد ) لای یەمەن ، گەیشت بە ( ابن الدغنه ) كە سەرۆكی هۆزی ( القارة ) بوو ، وتی : ئەبوبەكر ئەوە بۆ كوێ دەچی ؟ فەرمووی : سەری خۆم هەڵدەگرم ، گەلەكەم نایەڵن بە ئازادی خوای خۆم بپەرستم .

ئەویش وتی : تۆ پیاوێكی یارمەتی لێقەوماوان دەدەی و رێز لەمیوان دەگری و دەستت وا بەوانەوە كە تووشی بەلا و نارەحەتی دەبن و سیلەی رەحم بەجێ دەگەیەنی ، پیاوی وەك تۆ نابێ دەرچێ و و نابێ دەریش بكرێ ، بگەڕێرەوە من دالدەی تۆ دەدەم و لەولاتی خۆتدا خواپەرستی بكە .

ئەبوبەكریش گەڕایەوە و لەسەرداوای ( ابن الدغنه ) لە ماڵەوە نوێژی دەكرد و لەبەرئەوەش كە پیاوێكی دڵناسك بوو چی قورئانی دەخوێند دەگریا ، ژن و منالّ و خزمەتكاری كافرەكانیش لێی كۆدەبوونەوە و زۆر ئەم دیمەنە كاری تێدەكردن ...

بەڵێ ... ئەبوبەكر بەبێ دوو دڵی و وەستان یەكسەر بڕوای بە خۆشەویست (ﷺ) هێنا كاتێ بانگی كرد بۆ ئیسلامەتی ، پێغەمبەر(ﷺ)لەبارەیەوە دەفەرموێ : من و ئەبوبەكر لەپێشبڕكێ دابووین ، ئەوببوایە بە پێغەمبەر ، من شوێنی دەكەوتم ، كەمنیش بووم بە پێغەمبەر ئەو دەمودەست بڕوای هێناو شوێنمكەوت ...

بانگخوازانیش دەبێت لە هەمو كاروكردەوەیەكیاندا چاو لەخۆشەویست بكەن (ﷺ) و شوێن پێی ئەو هەڵگرن ، چونكە هەروەك جونەیدی بەغدادی دەڵێ ( الطرق كلها مسدودة الا طريق من اقتفى اثار النبي (ﷺ) ، فان الله عزوجل يقول : وعزتي وجلالي لو أتوني من كل طريق ، و استفتحوا من كل باب ، لما فتحت لهم حتى يدخلوا خلفك ) ( باب الهجرتين / ابن القيم ) واتە : ( هەموو رێگاكان داخراون ودەرناچن مەگەر رێگەی ئەوكەسەی كە شوێن پێی خۆشەویست (ﷺ) هەڵدەگرێت ،خوای گەورە دەفەرموێت : بەعیزەت و جەلالی خۆم ئەگەر لەهەموو

رێگاکانەوە بێن و لەهەموو دەرگاکان بدەن ، لێیان ناکەمەوە هەتا بەدوای تۆدا نەیەن و رێگەکەی تۆ نەگرنە بەر ) .

هەروەك رێگاوبانە ماددیەکان ، رێگاوبانی مەعنەویش هەیە ، کە ئەویش ئەو ( صراط ) ە یە کە رۆژی زیاتر لە ( ١٧ ) جار دەڵێین ( اهدنا الصراط المستقیم ) ،خوایە رێنماییمان بکە و تەوفیقمان بدە لەسەر ئەو رێگا و رێبازە راستەی کە بۆت ناردوین ، جا هەروەك چۆن لەرێگا لانەدەی و بەقەراغەکاندا نەڕۆیت سەلامەت دەبیت ، ئاوەهاش بە ناوڕاستی رێگای ئیسلامەتیدا بڕۆی سەلامەت دەبیت ، ئەوەی هەر بەقەراغەکاندا بڕوات دوور نیە وەربگەڕێ ، بۆیە قورئان دەفەرموێت ﴿ واهدنا سواء الصراط ﴾ یان ﴿ لقد ضلوا عن سواء السبیل ﴾ ... وە خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ ﴿ ومن حامی حول الحمی یوشك ان یقع فیه ﴾ ... جا ئەو رێگایەش لەبەر ئەوەی ( مستقیم ) ە و راستە ، کورترین رێگایە بۆ گەیشتنمان بە ئاوات و مەبەستی دنیا و قیامەت .

**( ١٦٩ ) دامەزراوی کۆڵ نەدان**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ فاستقم کما أُمِرت ومَن تابَ معكَ ولا تَطغوا ، انه بما تعملون بصیر ﴾ هود ١١٢ / واتە : ئیستقامەت هەبێت هەروەك فەرمانت پێدراوە خۆت و ئەوانەش کە تەوبەیان کردووە لەگەڵتداو ، لەسنوور دەر مەچن ، بەراستی خوا ئاگادار و بینایە بە کارەکانتان ...

خۆشەویست (ﷺ) هەمیشە دوعای دەکرد و دەیفەرموو ﴿ اللهم یا مقلب القلوب ثبت قلبي علی دینك ﴾ وەکاتێ لێیان پرسی : بۆچی وا زوو پیربویت ؟ فەرمووی : ئەم ئایەتەی سورەتی هود و دەستە خوشکەکانی ( کەباسی قیامەت دەکەن وەك ( اذا السماء انشقت ) و ( اذا السماء انفطرت ) ( اذا الشمس کورت ) پیریان کردم .

بەڵێ خۆشەویست (ﷺ)لەوکاتەی کە خوای گەورە لەسەرەتای سروشتەوە پێی فەرموو :

﴿ یا ایها المزمل قم اللیل الا قلیلا ﴾ و ﴿ یا ایها المدثر قم فانذر ﴾ هەستانێك هەستا( ٣ ) ساڵی رەبەق دانەنیشتەوە و کەمتەرخەمی نەکرد ، بگرە شەوو رۆژ لە خەمی بانگەوازەکەدا بوو چی دەردە سەری هەبوو بینی ، تابنەماکانی ئەم ئاینەی چەسپاند و دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند ...

.

## لاپەڕەیەك لە كۆڵ نەدانی بانگخوازان

### ١ـ مامۆستا سەعید نورسی :

مامۆستا نورسی لەساڵی ( ١٨٩١ ز ) دا لەتەمەنی ( ١٥ ) ساڵیدا خەو بەرۆژی حەشرەوە دەبینێت ، لەخەوەكەی دا دەیەوێت بەخزمەت خۆشەویست(ﷺ) بگات ، بۆیە دەچێتە لای پردی ( الصراط ) وە دەوەستێت ، تا خۆشەویست بەلایدا تێدەپەڕێ ، دەستی موبارەكی ماچدەكات و داوای زانست و زانیاری لێدەكات ، خۆشەویستیش (ﷺ)دەفەرموێ : ( زانستی قورئانت پێدەدرێ بەمەرجێ داوای هیچ لەكەس نەكەی ) ... بۆیە مامۆستا هەرگیز پرسیاری لەكەس نەكردووە و داوای پارە و یارمەتیشی لەكەس نەكردوە ، خوای گەورەش بەفەزڵی خۆی ئەو هەموو زانستەی دایە تا بە ( بدیع الزمان ) ناوبانگی دەكرد ، مامۆستا پیاوێكی بەهیمەت بوو شەوو رۆژی ( ٥ ) سەعات دەنووست و بەردەوام خەریكی نووسین و خواپەرستی و بانگەوازكردن بوو ، بەیانیەكی بەهار لەگەڵ قوتابیەكیدا دەبێت لەدەشت ، قوتابیەكەی دەكەوێتە دارو چیلكە كۆكردنەوە ، مامۆستاش بەهەمان شێوە دەكەوێتە دارو چیلكە كۆكردنەوە ، قوتابییەكەی دەڵێ : مامۆستا گیان ، زەحمەت مەكێشە من كارەكەی تۆش دەكەم ، ئەویش دەڵێ : هیممەت و غیرەتم رێم نادەن دانیشم و تۆ ئیش بكەی ، ئەگەر دەزانی هیممەت چەند خێرە ، ئەوا هەموو تەمەنت لەهەوڵ و كۆششا بەسەر ئەبەیت و تاقە خولەكێكیش بەفیرۆ نادەی .

مامۆستا دەیفەرموو : وەزیفە و كاری من رزگاركردن و خزمەتكردنی ئیمانە ، ئنجا ئیتر خەڵكی قبوڵی دەكەن یان نا ئەوە پەیوەندی بەخواوەیە ، من لەسەرمە ئەركی سەرشانم جێبەجێكەم و لەسەر بانگەوازەكەم بەردەوام بم .

مامۆستا باسی خۆیمان بۆ دەكات و دەفەرموێ : ﴿ وا دەزانن من پیاوێكم تەنها خەیاڵم لای رزگاكردنی نەفسی خۆمە ؟ نەخێر وانیە ، من دنیا و ئاخیرەتی خۆمم كردە قوربانی رزگاركردنی ئیمانی كۆمەڵگا ، بەدرێژایی تەمەنی هەشتا و ئەوەند ساڵیم لەزەت و خۆشی دنیام نەچەشت ، ژیانم هەمووی لەمەیدانی جەنگ و بەندیخانەكانی دیلی و بەندیخانەكانی وڵاتەكەمدا بەسەر برد ، هیچ سزا و ئازار و موسیبەتێك نەما نەیچێژم ، وەك تاوانبار لە ( مەحكەمەی عەسكەری عورفی )دا دادگایی كرام ، وەك دەربەدەر و ئاوارەكان لەسەرتاسەری وڵاتدا دوورخرامەوە ، بەچەندەها مانگ لە بەندیخانەدا نەیاندەهێشت چاوم بەكەس بكەوێ و، چەندەها جار دەرمانخواردیان كردم ، هەرچی

سووکایەتی پێکردن بوو کردیان بەرامبەرم ، کاتی وام بەسەردا هاتووە کە مردن هەزار قات چاکتر بوو بەلامەوە لە ژیان و ، ئەگەر ئاینەکەم ڕێی خۆکوشتنی نەگرتایە ڕەنگ بوو زۆر لەپێش ئێستەدا لەژێر گڵدا بوایە ...

ئابەوجۆرە ژیانم رابوارد ، بەناخۆشی و نارەحەتی و بەڵا و موسیبەت ، بەوجۆرە خۆم و دنیاکەم کردە قوربانی ئیمانی کۆمەڵگەکەم و بەختەوەری و سەلامەتیەکەی ، من لەدوعاکانیشمدا دوعا لەکەس ناکەم . بەم شێوە و حاڵە ( پەیامەکانی نور ) بوونە هۆی رزگارکردنی ئیمانی سەدەها هەزار کەس بەلای کەمەوە ، بگرە ملیۆنەهاش ، من نازانم سەر ژمێریم نەکردووە ، وا دەڵێن ، ( مودەعی عام ) لەشاری ئەفیون دەڵێ( ٥٠٠ ) هەزار کەس زیاتر دەبن .

بەمردنم تەنها ئیمانی خۆم رزگار دەکەم ، بەڵام بەمانەوەم لەم ژیانەدا و بەئارام گرتنم لەسەر بەڵاو نارەحەتی و کێشمەکێش ، خزمەتم کرد بەرزگارکردنی ئیمانی ئەو هەموو خەڵکە ، هەزار جار سوپاس بۆ خوا ...

ئەوەی ئیسراحەتی لەبەر هەڵگرتووم ئەو پیلانانەیە کە دەوری ئیسلامیان داوە ، جاران پیلانەکان لەدەرەوە دەهاتن ، بەرگرتنی ئاسان بوو ، بەڵام لەناوخۆوە پیلان دێت و کرم و مار و مێرو و داویەتیە لاشەی کۆمەڵگا و ڕوو بەڕووبونەوە یان ئاسان نیە ، چونکە وەك دوژمن دەرناکەون ، کۆمەڵگا ئەو خوێنخۆرانە بەدۆست دەزانن ، جاکاتێکیش چاوی کۆمەڵگا و بەصیرەتی کوێربوو ئەوا قەڵای ئیمان دەکەوێتە مەترسی یەوە ، خۆزگە سەد ئەوەندەی تریش تووشی ئازار و ئەشکەنجە ببومایە ، بەڵام قەڵای ئیمان بێ زیان بوایە.. من وانەیەکی گیانفیدایم لە ئەبوبەکری سدیقەوە وەرگرتووە کە فەرموویەتی :(بالاشەی من ئەوەندە لەدۆزەخدا گەورە ببێ کەجێی هیچ بڕواداریکی تیا نەمێنێتەوە )

پاش زیاتر لە حەفتا ساڵ رەنج و خەبات ، مامۆستا نوورسی لە ١٩٦٠/٣/٢٠ بەقوتابیەکانی وت : ئوتومبیلەکە ئامادەکەن دەچین بۆ شاری ( ئورفە ) قوتابیەکانیشی دەڵێن : مامۆستا گیان ئوتومبیلەکە تایەکانی باش نیە و ، باران و لێزمەیە و بەرێزیشت پلەی گەرمیت زۆر بەرزبۆتەوە و نەخۆشیت ، چۆن لەم کاتەدا بڕۆین ؟ ئەویش وتی : بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)بانگکراوین ، پێم وتراوە : زوو وەرە ) .

( لەفەرموودەدا هاتووە کە خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی : ژیانم خێرە بۆتان و مردنیشم خێرە بۆتان ، ئەگەر مردم کارەکانتانم پیشاندەدرێ ئەگەر چاك بوو سوپاسی خوای لەسەر دەکەم وە ئەگەر خراپیش بوو داوای لێ بووردنتان بۆ دەکەم ) .

رەنگە خۆشەویست(ﷺ) بە فەرمانی خوا لەخەودا مژدەی دابێ بە مامۆستا بەگەڕانەوە بۆ لای خۆی و دیارە پێی فەرمووە کە تۆ لە شاری ئورفە دەمریت و زوو وەرەوە بۆلامان . پیاوانی خوا دیارە کەرامەتیان دەبێ ،هەرچەند نوورسی کەراماتی زۆرە ، لێرەدا تەنها ئەم رووداوە باس دەکەین.

مامۆستا مەلا حمید ئەفەندی زانایەکی ناوداری شاری ئورفەیە دەڵێ ، لە مانگی رەمەزاندا لە مزگەوتی ( قازی ئوغلۆ ) ئیعتکافم کردبوو ، شەو لەخەوما بەبێ ئەوەی ئاگاداری هیچ ببم ، خەوم بە مامۆستا نورسی یەوە بینی کە پێی وتم وەرە بۆلام بۆ ئەوەی ئامادەی جەنازە و کفن و دفن و شتنەکەم ببی ، چونکە من دەمرم ، منیش وتم : مامۆستا نابێت ئەوەی ئیعتکافی کردبێ لە مزگەوت دەرچێ ، چی بکەم باشە ؟ ئەویش وتی : سەیری فلاَنە لاپەڕە بکە لە پەڕاوی ( ملتقى الابحر ) دا ، دەبینی باس لە شکاندنی ئیعتکاف دەکات بۆ زەروورەت ، منیش لەخەو راپەڕیم و خێرا سەیری ئەو پەڕاوەم کرد دەبینم لەو لاپەڕەیەی کە ئەو فەرمووی ئەوباسەی تیایە و منیش ئیعتکافەکەم واز لێ هێنا و چووم ، ئامادەی کفن و دفن و شتنەکەی بووم ! شایانی باسە مامۆستا سەعات سێی شەوی ١٩٦٠/٣/٢٣ لە شاری ئورفە گیانی سپارد( پەڕاوی سيرة ذاتية ) نورسی بکە .

## ٢ـــ ئەمینە صونگور

ئەم ئافرەتە بانگخوازە خواناسە لە یادەوەریەکانیدا دەڵێ : بەچاکی لەیادم نیە ساڵی ١٩٥٦ بو یان ساڵی ١٩٥٨ ز ، من و مێردەکەم چوین بۆ ئەسکی شەهر بۆ سەردانی مامۆستا نوورسی ، مامۆستا پێی وتم : من تۆم لەجێی خانمی خوشکم داناوە کە لەکاتی تەوافی ماڵی خوادا کۆچی دوایی کردووە ، هەموو بەیانیەك بۆ هەردوکتان پێکەوە دەپاڕێمەوە .

کاتێ مستەفا صونگوری مێردم لەخزمەتیا دەبوو ، من لەدێیەکەی خۆمان بەکاری ماڵەوە هەڵدەستام ، خۆم و مناڵەکانم بە سێ ڕۆژ دەچوین لەشاخ دارمان دەبڕی و دەمانهێنایەوە ، مێردەکەشم وازی لەمامۆستایی هێنابوو بەردەوام لە خزمەت مامۆستادا بوو ...جارێك مستەفا دوای دووساڵ و نیو گەڕایەوە لامان ، منیش پێموت : بۆچی مامۆستات بەجێ هێشتووە و هاتویتەوە بۆ

لای ئێمه ، بەبێ ئەوەی کەس بە مامۆستای گەیاندبێ وەك کەرامەتێك نامەیەکی بۆ ناردم کە تیایدا نووسیبوی : ( ئەو ئافرەتەی بەرگەی هەژاریی بگرێ بەوەی مێردەکەی دەستی لەوانە وتنەوە هەڵگرتبێ و هیچ دەست هات و موچەیەکیشیان نەبێت و کاتێ مێردەکەشی لەخزمەتکردن بگەڕێتەوە ، پێی بڵێ : بۆچ هاتیتەوە . بەڕاستی ئەو ئافرەتە لەبەختەوەری کاتی و بەفەناچووی ئەم دنیایە تێگەیشتووە ( واتە تێگەیشتووە کە ئەم دنیایە کەم و کورت و بێ بایەخە و نایگۆڕێتەوە بە قیامەت). ( یادەورەی ئافرەتان بەشی دووەم ) ...

### ٣ــ عبدالرحمن حسب الله :

یەکێك بوو لەو شەش کەسەی کە بانگەوازی برایان لەسەرشانیان دروست بوو لەساڵی ١٩٢٨ ز دا لەمیسر ، ئەم بانگخوازە خواناسە بەدرێژایی شەست و پێنج ساڵ دامەزراوبوو لەسەر بانگەوازکردن و شێرانە خۆی ڕاگرت لەبەر بەڵاو موسیبەت و تاقی کردنەوەی سەختی ستەمکاران ، تا لەساڵی ١٩٩٢ ز دا گیانی سپارد و گەڕایەوە خزمەت پەروەردگاری .

### ٤ــ عبالفتاح اسماعیل :

ئەمیش بانگخوازێکی برایان بوو لەمیسر ، ڕۆژانە شارە و شار و دێ بەدێ دەگەڕا بۆ گەیاندنی بانگەوازی خوا ، ڕۆژی وا هەبوو هەر نوێژەی لە ناوچەیەك کردووە ...بەم جۆرە ژیانی گوزەران تا سەرەنجام خوا شەهیدی کرد بەنسیبی .

### ٥ــ ئەبو صفوان الدباغ :

ئەم بانگخوازەش یەکێکە لە برایانی بەغدا و خاوەنی نامیلکەی ( مع الناشئه ) یە و ساڵی ( ١٩٥٢ ) ز تووشی شێر پەنجە بوو ، لە خەستەخانە کەوتبوو لە ژێر چاودێری پزیشکدابوو ، زانی کە ئەجەلی نزیکبۆتەوە بۆیە ناردی بە دوای سەرکردەی برایانی عێراقی ئەو ڕۆژەدا ، ئەویش لەگەڵ چەند برایەکدا هاتن بۆ سەردانی ... ( ئەبو صفوان ) شایەتمانی هێنا و هەندێ قورئانی خوێند و دەستی خستە ناو دەستی سەرکردەوە و پەیمانی نوێ کردەوە و وتی : سلاّوم بگەیەنن بەو برایانەی کە نەمبینیون و ئامادە نەبوون و، بەهەموو ئەوانەش کەلەدوای من دێنە ریزی ئەم بانگەوازە خوایی یەوە ، ئنجا شایەتمانی دووبارە کردەوە و گیانی سپارد ( پەڕاوی‌الرقائق / محمد احمد راشد).

## ( ١٧٠ ) ترس و تۆقاندن

* بڕواداران ناترسن لـەداهاتوو ، هیچ خەمێکیشیان نیە لـەرابردوو هەروەك قورئان دەفەرمویت ﴿ ان الذين امنوا و عملوا الصالحات وأقاموا الصلاة واتوا الزكاة لهم أجرهم عند ربهم ولا خوف عليهم ولاهم يحزنون ﴾ البقرة : ٢٧٧ ،واتە : ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە وکردەوەی چاك دەکەن و نوێژەکانیان بەچاکی دەکەن و زەکاتی ماڵیان دەدەن ، ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە و ترسیان لـە داهاتوو نیە و خەمی رابردوشیان نیە .

* بڕوادار لـەکافر و ستەمکار ناترسیّ و تەنها لـە خوای بالاّدەست دەترسیّ کە سزای بدات لـەسەر لادان و سەرکەشی ، قورئان بەبڕواداران دەفەرمویّ ﴿ اتخشونهم فالله احق ان تخشوه ان كنتم مؤمنين ﴾ ١٣ التوبة واتە : ئایا لـەکافران دەترسن ، خواشایەنی ئەوەیە کەلێی بترسن ئەگەر ئێوە بڕواداران .

ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش هەوڵ دەدات ترسەکان بڕەوێنێتەوە ، چونکە ترس دەردێکی کاری یە و توناکانی مرۆڤ لـەناو دەبات و تووشی ئیفلیجی دەکات ... پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمویّ : ﴿ من أشار الى أخيه بحديدة ، فان الملائكة تلعنه حتى وان كان اخاً لابيه و امه ﴾ مسلم / واتە : کیّ پارچە ئاسنێك ڕوو بەڕووی برایەکی بکاتەوە و بیترسێنیّ ، ئەوە مەلائیکەت لـە عنەتی لیّ ئەکات ، ئەگەر ئەو کەسەی کەدەیترسێنیّ برای دایك و باوکیشی بێت .

هەروەها دەفەرمویت ﴿ لا يحل لمسم ان يُروع مسلماً ﴾ ئەبو داوود / واتە حەلاّلّ نی یە بۆ هیچ موسڵمانێك موسڵمان بتۆقێنیّ و بیترسێنیّ .

* پەروەردەی ئیسلامی زۆرجەختدەکاتە سەرجەسووری وچاوقایمی، هەروەك خۆشەویست (ﷺ) بە ( ابن عباس ) ی فەرموو ﴿ واستعن بالله ولا تعجز واعلم ان الامة لو اجتمعت على ان ينفعوك بشئ لن ينفعوك الا بشئ كتبه الله عليك ﴾ ترمذی واتە : پشت بەخوا ببەستە و دەستەوسان مەبە و، بزانە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بیانەویّ سودێکت پێبگەیەنن ، ناتوانن هیچ سوودێکت پیّ بگەیەنن مەگەر شتیّ خوا بۆی نووسیبی و، ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە و بیانەویّ زیانێکت پیّ بگەیەنن ، ناتوانن هیچ بکەن بەرامبەرت مەگەر شتیّ کە خوا لـەسەری نوسیبی و بۆی بڕیار دابی .

* نموونەی چاونەترسی و ئازایەتی زۆرمان هەیە لە مێژووی پڕ بەرەکەتی ئیسلامدا لەلایەن گەورە و بچوکەوە ، ئەوە عبداللە ی کوڕی زوبەیرە کەلەگەڵ منالآنی هاوەڵیدا لە کۆلآنێکدا یاری دەکەن ، عومەری کوڕی خەتتاب بەوێدا تێدەپەڕێت و هەموو منالەکان ڕادەکەن ، تەنها عبداللە ڕاناکات ، کە عومەر لێی دەپرسێ : چۆنە تۆش وەك هاوەلآنت ڕات نەکرد ؟ ئەویش لەوەلآمدا دەڵێ : ئەی ئەمیری بڕواداران ، هیچ تاوانێکم نەکردووە تا بترسم و ڕێگەکەش تەنگەبەر نیە تا ڕێت بۆ چۆڵ بکەم ...

ئەم ئازایەتیەی عبداللە بەردەوام بوو ، تا سەرەنجام دژی زوڵمی حەجاج وئەمەویەکان شۆڕشی بەرپاکرد ، بەلآم بەداخەوە نەیانتوانی بەرامبەر دەسەلآت و زەبر وزەنگی کاربەدەستان بوەستن و زۆریان لێکوژرا و عبداللە ش هاتە لای ئەسمائی دایکی کە کچی ئەبوبەکری صدیق بوو ، وتی : دایکە دەترسم بکەومە بەردەستیان و لاشەم بشێوێنن . ئەویش وتی : کوڕم مەترسە کەمەڕێك سەربڕا هەست بەئازار و کەوڵ کردن ناکات ... ئەوەبوو سەرەنجام شەهیدبوو ...

### ( ١٧١ ) فیرعەون چلە پۆپەی ستەمکاری

قورئانی پیرۆز کە ڕاسترین مێژوو تۆمار دەکات باسی فیرعەونمان بۆدەکات و دەفەرموێ ﴿ وما آمن لموسى الا ذرية من قومه على خوف من فرعون وملاهم ان يفتنهم ، وان فرعون لعال في الارض وانه لمن المسرفين ﴾ ٨٣ يونس . واتە : کۆمەڵێ لاوی بەنی ئیسرائیل بەپەنهانی بڕوایان بەموسا هێنا ( سەلامی خوای لێبێ ) لەترسی فیرعەون و دار ودەستەکەی کەبیانچەوسێننەوە و ئازاریان بدەن بەڕاستی فیرعەون خۆبەزل زان بوو ، یەکێك بوو لە زیادڕەوان .

ئەهرامەکان نموونەیەکی زیندووی ئەو ستەم و زۆردارییەی فیرعەونەکانن بەرامبەر بەگەلی داماوی میسر ... ئەوە هەرەمی ( خۆفۆ ) درێژی لایەکی ( ٢٣٠ م )و ، بەرزی یەکەی ( ١٤٦ ) مەترە و، ( ٢,٣ ) ملیۆن بەردی تیا بەکار هاتووە کە بارستایی بەردێك لە ( ٢ ) تەنەوە تا ( ٦ ) تەن دەبێت ، ئەم بەردانەش لەدووری ( ٢٠٠ )کم ەوە هێنراون لە( ئەسوان )ەوە بۆ(جیزە)و نزیکەی سەد هەزار کەس ئیشی تیاکردووە و ( ٢٠ ) ساڵی ڕەبەقی خایاندووە و ، تا ئێستاش ( ٨٠ ) هەرەم دۆزراونەتەوە گەورە و بچووك ... ئەگەر بیربکەینەوە ، ئاخۆ چەند کەس کاریان نە کردبێ و هەڵواسرابن ، ئاخۆ چەندکەس لەکاتی کارکردندا بووبن بەژێر بەردەوە ، ئاخۆ چەند کەس دەست و قاچیان پەڕیێ و کەم ئەندام بووبن ... ئاخۆ و ئاخۆ ... کە تەواو نابن .

قەدەری خوا وابوو کە موسا و بڕواداران رایان کرد لەبەرئەوەی شەو بوو ڕێیان لێ تێکچوو ، لە جیاتی لەوشکانی یەوە دەربازبن و میسر بەجێ بهێڵن ، کاتێکیان زانی دەریا وا لەبەردەمیانا و دوژمن وا لە پشتیانەوە ، ئەمان تەنها قوتاربوون و سەلامەتیان دەویست و خوای گەورەش بێجگە لەرزگاری ئەمان لەناوچوون و خنکاندنی فیرعەونی مەبەست بوو ...

سەرەنجام فیرعەون بوو بەپەندی زەمانە ، خنکاو شەپۆلی ئاو تێکی شکاند و گیانی بە جەهەننەم شاد کرد ... بەڵام ئەو گەلە ئەوەندە سەرکوت کرابوون ، ئەوەندە تۆقێنرابوون ، ڕەنگ بوو زۆریان بڕوایان بەچاوی خۆیان نەکردبێ کە فیرعەون تیاچووە ، رەنگە زۆر کەس بەهۆی پڕوپاگەندەی وەزارەتی راگەیاندنی فیرعەونەوە بڕوایان بە بالاّدەستی و بانگی خوایەتی فیرعەون کردبێ ، خوای گەورە و یستی بۆ هەتا هەتا ئەوە بسرێتەوە لەلای ئەوان و بۆ نەوەکانی داهاتووش مایەی پەندوەرگرتن بێ ، بۆیە لاشەکەی پاراست و سەر ئاوی خست و تا ئێستاش ماوە ،بۆ ئەوەی کەسی تر زاتی ئەوە نەکات باس لە خوایەتی بکات و هەموو کەسیش باش لەسەرەنجامی زوڵم و ستەم شارەزابێ ...

**( ۱۷۲ ) هەیبەتی موسڵمان:**

مرۆڤ چەند لەخوا بترسێ و پارێزکاربێ ، ئەوەندە هەیبەتی بۆ دروست دەبێت ، بە جۆرێك کە هەموو کەس حسابی بۆ بکات و رێزی بگرن ، یان دوورە پەرێزبن لێی و نەتوانن ستەمی لێ بکەن و توخنی بکەون ، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت ﴿ لأنتم اشد رهبة في صدورهم من الله ﴾ واتە : کافرەکان لە دڵەوە زیاتر لەئێوە دەترسن نەك لەخوا ، چونکە بڕوایان بەخوا نیە .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ نُصرت بالرعب مسيرة شهر ﴾ بخاری ، واتە : لەدووری مانگێ ڕێ رۆیشتنەوە دوژمن ترسیان لێنیشتووە و ترساون لێم . هاوەڵانیش لە هەیبەتی پێغەمبەر (ﷺ) و رێزی زۆریان بۆی ، نەیان دەتوانی هەموو پرسیارێکی لێ بکەن و چاویان تێر نە ئەبوو لە بینینی ڕووی موبارەکی ... تەنانەت جاری وا هەبوو زۆر دڵخۆش دەبوون ئەگەر کابرایەکی دەشتەکی بهاتایە و پرسیارێکی لە خۆشەویست (ﷺ)بکردایە ... چونکە ئەو پرسیارە ئەمانیش سوودیان لێوەردەگرت ... ئیمامی موسلیم بۆمان دەگێڕێتەوە لە ئەبوهورەیرەوە کە دەڵێ : رۆژێ خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی چ پرسیارێکتان هەیە فەرموون بیکەن ؟ لەهەیبەتیا کەس پرسیاری نەکرد . هاوەڵانیش هەیبەتی خۆیان هەبووە ، رۆژێك حوزەیفەی کوڕی یەمان لە مەجلیسی عومەردا

باسی هاتنی فیتنه و ئاژاوه دەکات ، کەتیایا دەفەرموێت : دەرگایەك دەشکێ و فیتنه و ئاژاوه هێرش دێنێ ، ئەوانەی گوێ بیستی ئەم قسەیە بوون ، لـە هەیبەتا نەیان توانی پرسیار لـە حوزەیفە بکەن کە ئەو دەرگایە کی یە و چی یە ؟ ناچار بە ( مسروق ) یان وت کەپرسیار بکات ، ئەویش پرسیاری لێ کردو ، حوزەیفەش لـەوەلاّما فەرمووی : ئەودەرگایە ( عومەری کوڕی خەتتاب ) ە کە شەهید دەکرێ و بەوەش فیتنە و ئاژاوە و نارەحەتی سەرهەڵدەدات و دەست پێدەکات .

مەسەلـەی ترسان لـەخوا و دروست بوونی هەیبەت هاوکێشەیەکی ئیمانیە و پیاو باشێك لـەم چەند وشەیەدا دایڕشتووە کە دەڵێ ( من هاب الله هابه الناس ) یەکێکی دیکەش دەڵێ ( على قدر خوفك من الله يهابك الخلق ) ...

بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بێ فەرمانی خوای کرد و گوناهی کرد هەیبەتەکە وردە وردە هەڵدەگیرێ و نامێنێ ، وەك پێشەوا ( عبدالله ی کوڕی عبدالعزیزی العمری ) دەڵێ ( من ترك الامر بالمعروف خوف المخلوقين ، نزعت منة الهيبة ، فلو أمر ولدة لاستخف به ) واتە : هەرکەس وازی لـە فەرماندان بەچاکە هێنا لـەترسی خەڵکی ، هەیبەتی نامێنێ بەجۆرێك ئەگەر فەرمان بەمناڵەکەشی بدات گاڵتەی پێدەکات .

پێغەمبەریش (ﷺ) لـە فەرموودەیەکدا ئاماژە بۆ ئەم مەسەلـەیە دەکات و دەفەرموێت : ﴿يوشك ان تداعى عليكم الامم ، كما تداعى الاكلة الى قصعتها ، فقال قائل : ومن قلة نحن يومئذ ؟ قال : لا بل انتم يومئذ كثير ، ولكنكم غثاء كغثاء السيل ، و لينزعن الله من صدور عدوكم المهابة منكم ، وليقذفن الله في قلوبكم الوهن . فقال قائل يارسول الله وما الوهن ؟ قال : حب الدنيا وكراهية الموت﴾ ئەبوداوود / واتە : ڕۆژێك دێت کە گەلان هێرشتان بۆ دێنن و پەلامارتان دەدەن ، هەروەك چۆن کۆمەڵێ وشتری برسی بە خێرایی دەچن بەرەو ئالیکەکەیان ، یەکێ پرسی : ئاخۆ ئێمە کەمین لـەو ڕۆژەدا ؟ خۆشەویست(ﷺ) فەرمووی : نەخێر ئێوە زۆرن لـەو ڕۆژەدا بەلاّم وەك پوش و کەفی سەر لافاو سوکن و، خوا هەیبەتتان ناهێڵێ لـەدڵی دوژمنەکانتانا و، لاوازی ( الوهن ) دەخاتە دڵتانەوە . یەکێ پرسی ( الوهن ) چی یە ؟ فەرمووی : خۆشویستنی دنیا و حەز نەکردن لـە مردن و شەهید بوون لـەڕێی خوادا .

بەڵێ ڕۆژگاری وا هاتۆتە پێشەوە کە موسڵمانان لـەوپەڕی توانا و دەسەڵاتدابوون وەك زەمانی هارونە ڕەشید کە پاشای ڕۆم تازە دەستبەکار دەبێ و پەیمانشکێنی دەکات ، هارونە ڕەشیدیش

نامەیەکی هەڕەشەی بۆ دەنوسێ کە تیایدا دەڵێ : (من هارون الرشيد الى نقفور كلب الروم الامر كما ترى لا كما تسمع ) . واتە : لەهاروونە رەشیدەوە بۆ ( نقفور ) سەگی رۆم ، ئیشەکە ئەوەیە کە دەبینی چیتان پێدەکەین نەك ئەوەیە کە دەیبیستی ...

کاتێك موسڵمانانیش تەنگیان بەدەوڵەتی فارس هەڵچنی ،کیسرا نامەی نارد بۆ پادشای ( صین ) کە بەسوپا هاوکاری بکات بۆ لەناوبردن و بەرپەرچدانەوەی موسڵمانان... پادشای ( صین ) یش نامەی بۆ ناردەوە کە وەسفی موسڵمانانی بۆ بکات ... کیسراش بۆی نووسی : موسڵمانان شۆڕە سواری ڕۆژ و راهیب و خواناسی شەون و گوێڕایەڵی فەرماندە و سەرکردەکانیانن ، خوای تاك و تەنها دەپەرستن ، پێش شەڕکردن مەرجەکان و داواکانیان دەخەنە ڕوو ... هتد

پادشای ( صین ) یش کە ئەمەی پێگەیشتەوە ، بۆی نووسی ئێمە ناتوانین هیچ هاوکاریەکتان بکەین و ئەگەر دەتەوێت وەك پەنابەر لەوڵاتەکەی خۆماندا وەرت دەگرین ، بەراستی ئەو موسڵمانانەی ئەوە سیفەتیان بێت کە دەیڵێیت ئەگەر بێن تەختەکەی منیش دێننە لەرزە .

بەڵێ موسڵمانان ئەوەندە ئازاو چاوقایم بوون ، خەمیان نەبوو بکەون بەسەر مردندا یا مردن بکەوێ بەسەریاندا و هەمیشە دەپاڕانەوە کە یا سەرکەوتن یان شەهادەتیان بەنسیب بێت ، هەروەك قورئان لەبارەیانەوە دەفەرموێت ﴿ قل هل تربصونَ بنا الا احدى الحُسنين ، ونحن نتربصُ بكم ان يصيبَكُم الله بعذاب من عنده أو بأيدينا فتربصوا انا معكم متربصون ﴾ التوبة : **٥٢** / واتە : ئایا ئێوە چاوەڕوانی چیدەکەن بۆ ئێمە کە تووشمان بێت ، بێجگە لەو دوو شتە چاکە کە سەرکەوتن یان شەهید بوونە ، لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕێین کە ئێوە تووشی بەلاّ و سزایەك ببن لەخواوە یان لەسەر دەستی ئێمەدا خوا سزاتان بدات ، کەواتە چاوەڕێ بکەن ئێمەش لەگەڵتاندا چاوەڕوانین . ئەبوبەکری صدیقیش ئامۆژگاری خالیدی کوڕی وەلید و موسڵمانانی دەکرد و دەیفەرموو : ( احرص على الموت توهب لك الحياة ) واتە : سووربە لەسەر مردن ژیانت دەستدەکەوێت ...

**( ٣ ) بڕوبیانوو هێنانەوە**

کاتێك کەسێك نایەوێ کارێ بکات ، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بۆی ناکرێت ، دەیەوێت بڕوبیانوو بۆ خۆی یان بۆ دەوروبەری بهێنێتەوە و دەستەوسانی خۆی پێ داپۆشێ ...لەشەڕی تەبوکدا ( جد بن قيس ) وتی ئەی پێغەمبەری خوا ڕێم بدە نەیەم بۆ غەزا بۆ ئەوەی تووشی فیتنەی ئافرەتانی

ڕۆم نەبم ، چونکە من لەبواری ئافرەتدا لاوازم و لە جیاتی هاتنم ، بەپارە و ماڵ یارمەتیتان ئەدەم ، خۆشەویستیش (ﷺ) ڕێیدا ، قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە لەسەری و بڕوبیانوەکەی پووچەڵ کردەوەو فەرمووی : ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلَا تَفْتِنِّي أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ (٤٩)﴾ التوبة : واتە : هی وا هەیە دەڵێت ڕێم بدە نەیەم بۆ جیهاد و تووشی فیتنەم مەکە ، بەراستی ئەوانە خۆیان لە فیتنەدان بەنەهاتنیان بۆ جیهاد و ، دۆزەخیش چواردەوری کافرانی تەنیوە . بەهەمان شێوەش کۆمەڵێکیتر گەرمای هاوینیان کردبووە بیانوو کەنەچن بۆ غەزا ، قورئانیش ئەم بیانووەیان دەبڕێ و دەفەرمووێ ﴿ وقالوا لا تنفروا في الحر قل نار جهنم اشد حراً لوكانوا يفقهون ﴾ التوبة / واتە : دەڵێن لەم گەرمایەدا مەچن بۆ جیهاد و غەزا لە ڕێی خوادا ، پێیان بڵێ گەرمای دۆزەخ زیاترە ئەگەر تێبگەن . چونکە گەرمای دنیا کاتی یە و گەرماو نارەحەتی دۆزەخیش هەتا هەتایی یە و لە توانای کەسدا نیە .

بیانوو هێنانەوە زۆر جۆری هەیە و زۆر لایەن دەگرێتەوە و کەبەراستی پێویستە شارەزای ببین و خۆمانی لێبپارێزین ... بۆ نموونە ، لەشەوی درەنگدا خۆشەویست لە دەرگای ماڵی ئیمامی عەلی و فاگیمەی دا کە هەستن بۆ شەونوێژ ؟ ئیمامی عەلیش فەرموی : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە نەفسمان بەدەستی خوایە ، ئەگەر بیەوێ هەستین ئەوا هەڵمان دەسێنێ و خەبەرمان دەکاتەوە ! پێغەمبەریش (ﷺ) کە گوێی لەمەبوو ڕۆیشت و کێشای بەرانی خۆیا و فەرمووی ﴿ وكان الانسان اكثر شئ جدلاً ﴾ بەراستی مرۆڤ لەهەموو شتێ زیاتر موجادەلەو دەمە قاڵێ دەکات و بڕوبیانوو دەهێنێتەوە .

تواناکانی مرۆڤ زۆرن کە خوای گەورە پێی بەخشیوە ، بۆیە چەند هەوڵ بدەین هێشتا هەرکەمە ، ئەگەر جارێك لەکارێکدا سەرنەکەوتین با بەکارەکەماندا بچینەوە و بزانین کەم و کوڕی لەچیدااهەیە و چاری بکەین و بە چاکی هۆکارەکان بگرین و باشتر یاسای ( شەرعی ) و یاسای ( گەردونی ) بگرینەبەر ، هەروەك حەسەنی بەصری دەفەرموێ : ﴿ اذا وجدت تعثراً فابحث عن الخلل في التعامل مع السنن الشرعية ، والسنن الكونية أو كليهما ) واتە : کاتێك پێت هەڵنوتا و کەوتی لەکارێکدا ، بزانە خەلەل و ناتەواویت لەچیایە لە هەڵسوکەوتت لەگەڵ سوننەت و یاساشەرعیەکاندا ، یان لە هەڵسوکەوتت لەگەڵ یاسا و سوننەتە گەردونیەکاندایە ، یا وەکو خەلەل و ناتەواویت لەبەرامبەر هەردوکیاندا هەیە . واتە دەبێ بەپێی یاسای شەرع و بەسوود وەرگرتن لەو

هۆکارانه ( وسائل و ئەسباب ) ه و کەلەبونەوەردا لەبەردەستماندایه ، هەوڵ بدەین بگەینە ئەو مەبەستانەی کە دەمانەوێ خۆئەگەر سەیری هەوڵ و کۆششی خەڵکی بکەین چ کافر و چ موسڵمان ، دەبینین مرۆڤ بەری رەنجی خۆی دەخوات و خواش لەم دنیایەدا دەست نانێ بە ڕووی ئەوانەی کە هەوڵدەدەن و بەخششی خۆی لەم دنیایەدا لەکەس یاساغ نەکردووە هەروەك دەفەرموێ :﴿ وكُلاً نُمِد هؤلاء وهؤلاء من عطاء ربك وما كان عطاء ربك محظوراً ﴾ الاسراء ٢٠.

ئەگەر سەیری ئافرەتێکی وەك ( مارگریت تاتشر ) بکەین کە لە کۆگایەکی بەریتانیادا شتی دەفرۆشت ، پاش هەوڵ و کۆشش بووە سەرەك وەزیرانی ئەو وڵاتە و چەند جارێك هەڵبژێردرایەوە و ناز ناوی ( المرأة الحديدية ) یان دایە ...

هەروەها ( جاك شیراك ) لە چێشتخانەیەکی ئەمریکادا خزمەتکار بوو پاش چل ساڵ بووە سەرۆکی فەرەنسا ، کاتی خۆی ( ناپلیۆنیش ) ئەفسەرێکی ئاسایی بچووك بوو سەرەنجام بووە باڵادەستی فەرەنسا ...

رەنگە یەکێك بڵێ ئەمانە دەستێك لەپشتیانەوە بووە و گەیاندونیەتە ئەم پلە و پایەیە ، ئیتر ئایا زایۆنی جیهانی یان هەر کۆمەڵێکی تر کە بۆ مەبەستی خۆیان گەورەیان کردوون ، منیش دەڵێم راستە ، بەڵام ئەوانە ئەگەر هەوڵیان نەدایە و لێهاتوو نەبوونایە نەدەگەیشتنە ئەو پلەوپایەیە ؟! دیارە لەهەموو شتێکدا هەوڵ پێویستە بۆیە چاك وایە دەستەوسان نەبین ئێمەی موسڵمان ، مەگەر پێغەمبەر (ﷺ) دوعای نەدەکرد ﴿ اللهم اني اعوذ بك من العجز والكسل واعوذ بك من الجبن والبخل ﴾.

## ( ١٧٣ ) تەنها پشت بەخوا دەبەستین

دوژمنانی لێناگەڕێن بانگی هەق و راستی بدرێ بەگوێی خەڵکی سەردەمدا ، بۆیە هەرەشە و گوڕەشە و سزا و ئازاردان و مل ملانێ دەست پێدەکات ، لەنێوان چاکەکاران و خراپەکاراندا ، ئەمەش باوو یاسای خوایە لەسەرەتای دنیاوە تا هاتنی قیامەت ...

قورئان ئەزموونی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت دەخاتە ڕوو بەڵکو ببێتە مایەی دڵ دامەزراوی و بەرچاو روونی ئەهلی هەق :

***نوح ( سەلامی خوای لێبێت )**

هەروەك دەفەرموێت : ﴿ واتل عليهم نبأ نوح اذ قال لقومه : يا قوم ان كان كبر عليكم مقامي وتذكيري بايات الله ، فعلى الله توكلت فاجمعوا أمركم وشركاءكم ، ثم لايكن امركم عليكم غمة ثم اقضوا الي ولا تنظرون ، فان توليتم فماسألتكم من اجر ، ان اجري الا على الله وامرت ان اكون من المسلمين ، فكذبوه فنجيناه ومن معه في الفلك و جعلناهم خلائف وأغرقنا الذين كذبوا  باياتنا فانظر كيف كان عاقبة المنذرين ﴾ . يونس / ٧١

واتە : هەواڵ و دەنگ و باسی ( نوح ) یان بۆ بگێڕەوە کەبەگەلەکەی فەرموو ئەگەر نارەحەتن بە مانەوەی من و یادخستنەوەم بۆتان ، ئەوا من پشتم بە خوا بەستووە ، قسەتان بکەن بەیەك ، خۆتان و هاوەڵ و هاوبەشتان ، ئینجا بە روونی و بەئاشکرایی و بێ ترس کاربکەن و پیلانەکانتان داڕێژن و پاشان دژ بە من چیتان پێ دەکرێ دەست و برد جێبەجێی بکەن و هیچ چاوەڕێ مەکەن ،خۆ ئەگەر پشت هەڵکەن من هیچم داوا لێ نەکردوون ، پاداشتم لای خوایە و فەرمانم پێدراوە کەلە موسڵمانان بم ، بڕوایان بە ( نوح ) نەکرد ، ئێمەش رزگارمان کردن خۆی و ئەوانەی لەکەشتیەکەدا لەگەڵیدابوون ، وە کردمانن بە جێگیر و نیشتەجێی زەوی ، وە ئەوانەش کە بڕوایان بە ئایەتەکانمان نەکرد نقومی ئاوو لافاومان کردن ، ئینجا سەیر کە سەرەنجام و پاشە ڕۆژی ئینزارکراوان چۆن بوو .

*** ( هود ) سەلامی خوای لێبێت .**

﴿ قَالُوا يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آَلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (٥٣)
إِنْ نَقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آَلِهَتِنَا بِسُوءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (٥٤)
مِنْ دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنْظِرُونِ (٥٥) إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا
هُوَ آَخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٦) فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ
وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (٥٧) وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا
نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آَمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَنَجَّيْنَاهُمْ مِنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (٥٨)﴾ هود

واتە : کافرەکان وتیان : ئەی هود تۆ بەڵگەی ئاشکرات نەهێناوە و ئێمە واز لە خواکانمان ناهێنین لەبەر قسەی تۆ ، وە ئێمە بڕوات پێ ناکەین ، ئێمە وا دەزانین کە هەندێ لە خواکانی ئێمە و بتەکانمان دەستیان لێ وەشاندویت .. ئەویش فەرمووی : من خوا دەکەم بە شاهید و شایەتیش دەدەم

که من بێبەریم لەوانەی کە ئێوە دەیکەن بەهاوەڵ و شەریك بۆ خوا ، چیتان لەدەست دێ بیکەن بەرامبەرم و مەوەستن ، من پشتم بەخوای پەروەردگارم بە ستووە کە پەروەردگاری ئێوەشە ، هیچ گیانلەبەرێك نیە کە ناوچەوانی بە دەستی قودرەتی خواوە نەبێ ، پەروەدگاری من لەسەر ڕێگا و بەرنامەیەکی راستە .جاکاتێ فەرمانی ئێمە دەرچوو بۆ لەناو بردنیان ، هود و بڕوادارانمان رزگار کرد بە میهرەبانی خۆمان و رزگارمان کرد لە سزایەکی سەخت و دژوار ...

*** شوعەیب ( سەلامی خوای لێ بێ ) :**

﴿ قَالُوا يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا وَلَوْلَا رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ (٩١) قَالَ يَا قَوْمِ أَرَهْطِي أَعَزُّ عَلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَاتَّخَذْتُمُوهُ وَرَاءَكُمْ ظِهْرِيًّا إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (٩٢) وَيَا قَوْمِ اعْمَلُوا عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَاذِبٌ وَارْتَقِبُوا إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ (٩٣)﴾ هود .

وتیان : ئێمە زۆری قسەکانت تێناگەین ، وە ئێمە تۆ بەلاواز و زەبوون دەزانین لەناوماندا ، وە ئەگەر کەس و کار و عەشرەتەکەت نەبوایە بەردەبارانمان دەکردی ، وە تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەرمانا و بێ توانایت .

ئەویش فەرمووی : ئەی گەلەکەم ئایا خزم و عەشیرەتی من گرنگترە بەلاتانەوە لە خوا ، کەپشت گوێتان خستووە ، بەراستی پەروەردگارم چوار دەوری کارەکانتانی گرتووە و ئاگاداریەتی ، ئەی گەلەکەم ئێوە چیتان پێ دەکرێ بیکەن ، منیش بانگەوازی خۆم دەکەم ، سەرەنجام دەبینن کێ سزایەکی بۆ دێ و ریسوادەبێ ، وە دەزانن کە کێ درۆزنە ، چاوەڕێ بکەن منیش لەگەڵتان چاوەڕێم .

﴿ ولما جاء امرنا نجينا شعيباً والذين امنوا معه برحمة منا وأخذت الذين ظلموا الصيحة فاصبحوا في ديارهم جاثمين ، كأن لم يغنوا فيها الا بعداً لمدين كما بعدت ثمود ﴾

واتە : کاتێ فەرمانی ئێمە دەرچوو بەسزادانیان ، شوعەیب و بڕوادارانمان رزگارکرد بەمیهرەبانی خۆمان ، وە دەنگێکی گەورە کافرانی لەناوبرد و لەجێوڕێی خۆیاندا تیاچوون و کوژانەوە ، هەروەکو نەشبووبن ، کەواتە لەوە لەولاتر چن دانیشتوانی مەدیەن هەروەك چۆن ( ثمود ) تیاچوون و لەوەلەولاتر چوون ...

*** موسا ( سەلامی خوای لێبێ ) :**

﴿ وقال فرعون ذروني اقتل موسى وليَدع ربه اني اخاف ان يُبَدل دينكم او ان يُظهِرَ في الارض الفساد ، وقال موسى اني عُذت بربي وربكم من كل متكبر لا يؤمن بيوم الحساب ﴾ غافر :٢٧

واتە : فیرعەون وتی وازم لێ بهێنن با موسا بكوژم ، با بانگی پەروەردگارەكەی بكات بۆبەهانایەوە ، من دەترسم ئاین و بەرنامەتان بگۆڕێ ، وە فەساد و خراپە بنێتەوە لەوڵاتدا ، موساش فەرموی من پەنا دەگرم بەپەروەردگاری خۆم و ئێوەش لەهەموو خۆبەزل زانێك كە بڕوای بەرۆژی دوایی نی یە ...

*** بڕواداره‌كەی ئالی فیرعەون :**

پاش ئەوەی ئامۆژگاری كردن و پەیامی خوای گەیاند هەرەشەیان لێكرد ئەویش فەرمووی : ﴿ وافوض امري الى الله ان الله بصير بالعباد فوقاه الله سيئات مامكروا وحاق بآل فرعون سوء العذاب ﴾ غافر : واتە : من خۆم دەدەمە دەست خوا ، بەراستی خواش بینایە و ئاگادارە بەبەندەكانی خواش پاراستی لەپیلانە خراپەكانی فیرعەون و داروەدەستەكەی وەئالی فیرعەونیش دووچاری سزای سەخت بوون .

*** پێغەمبەریش(ﷺ)تەنها پشتی بەخوا بەست :**

قورئانی پیرۆز بەخۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ قل ادعوا شركائكم ثم كيدوني جميعاً ولا تُنظرون ان وليَ الله الذي نزّلَ الكتاب وهو يتولى الصالحين والذين تَدعون من دونه لايستطيعون نصركم و لاأنفسهم ينصرون ﴾ الاعراف : ١٩٧ واتە : پێیان بڵێ هاوەڵەكانیشتان بانگ بكەن ئینجا هەمووتان پیلانەكانتان بگێڕن و چاوەڕێ مەكەن چونكە بەراستی من دۆست و خۆشەویست و پاڵپشتم خوایە كە پەڕاوی ناردو بۆم و هەر ئەو پاڵپشتی چاكەكارانە ، ئەوانەش كەبێجگە لەخوا بانگیان دەكەن ناتوانن سەرتان بخەن ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو خۆشیان پێ سەرناخرێت ، هەروەها پێی دەفەرموێت :﴿ يا ايها الرسول بلغ ما انزل اليك من ربك وان لم تفعل فما بلغتَ رسالته والله يعصمك من الناس ان الله لا يهدي القوم الكافرين﴾ المائدة : ٦٧ واتە : ئەی نێردراوی خوا رابگەیەنە ئەوەی لەپەروەردگارتەوە بۆت هاتووە ، ئەگەر بەو كارە هەڵنەسی مانای وایە پەیامەكەیت رانەگەیاندوە خواش دەتپارێزێ لەخەڵكی بەراستی خوا رێنمایی گەلی كافران ناكا و سەریان ناخات .

پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن هاوەڵانەوە پاسەوانی دەکرا بەشەوو بە ڕۆژ نەبادا کافران زەفەری پێبەرن ، کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە خۆشەویست (ﷺ) پاسەوانەکانی ئیزندا و فەرمووی : خوا خۆی دەمپارێزێت ، ئەم ڕووداوە زۆر کاریگەربوو لەژیانی پێغەمبەردا

ئەوەتا ژنێکی بەلجیکی بەم ڕووداوە موسڵمان بوو وتی ( محمد ) (ﷺ) ئەگەر درۆ لەگەڵ هەمووکەسێك بکات درۆ لەگەڵ نەفسی خۆیدا ناکات و موجازەفە بە ژیانی خۆی ناکا و پاسەوانەکانی ئیزن نادا ...تەنها ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) .

*** هاوەڵانیش چاونەترس و ئازابوون**

قورئانی پیرۆز لەبارەیانەوە دەفەرموێت ﴿ الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ (١٧٣) فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ (١٧٤)﴾ ال عمران /واته : ئەو بڕوادارانەی کە خەڵکی پێیان وتن دوژمنان کۆبونەتەوە و هێرش دەکەنە سەرتان بترسن ئەوان بڕوایان زیاتر بوو وەوتیان ئێمە خوامان بەسە و باشترین پاڵ پشتە بۆمان ، سەرەنجام گەرانەوە بەنیعمەتێ لەخواوە و فەزڵی زۆرەوە ، وە تووشی هیچ خراپیەك نەبوون ، ئەوان دوای ڕەزامەندی خوا کەوتن ، خواوەندیش خاوەن فەزڵی گەورە و زۆرە .

**( ١٧٤ ) خوامان بەسە کە یارمەتیدەرمان بێ :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (٣٦) وَمَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُضِلٍّ أَلَيْسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ (٣٧) وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلْ أَفَرَأَيْتُمْ مَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ أَرَادَنِيَ اللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَاشِفَاتُ ضُرِّهِ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِ قُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ الْمُتَوَكِّلُونَ (٣٨)﴾ الزمر ، واتە : ئایا خوا بەس نی یە بۆ بەندەکەی ، ئەوترسێنن بەغەیری خوا باشە یەکێ خوا سەری لێ بشێوێنێ کەس ناتوانی هیدایەتی بدات وە کەسێ خوا هیدایەتی بدات کەس ناتوانێ سەری لێبشێوێنێ ، ئایا خوا بەدەسەڵات و خاوەن تۆڵە نیە ؟ ئەگەر پرسیاریان لێبکەی کە کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە دەڵێن خوا ، بڵێ باشە ئەگەر خوا بیەوێت تووشی زیانێکم بکات کەس دەتوانێ بیگێڕێتەوە ؟ یان ئەگەر بیەوێ سوودێکم پێ بگەیەنێ کەس

دەتوانێ ڕێی لێبگرێ ؟ بێگومان نەخێر دەی کەواتە بڵێ خوام بەسە تەنها پشت بەو دەبەستم و هەر پشت بەو دەبەستن ( متەوەکلەکان ) .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ امَّن يُجيب المضطرَ اذا دعاه ويَكشِفُ السوء ﴾ النمل : ٦٢

واتە : کی یە بێجگە لەخوا بێت بەهانای کەسێکەوە کە دەستی لە هەمووشتێك بچڕاوە و نارەحەتی و زەحمەتەکانی بۆ لابا ، کەسی تر هەیە لەگەڵ خوادا بێگومان نەخێر ؟

مامۆستا عبدالمجید زەندانی لەبەریتانیا چاوی بە گۆرانی بێژی بەریتانی یوسف اسلام دەکەوێ و لێی دەپرسێ چۆن موسڵمان بویت و وازت لە گۆرانی وتن هێنا ؟ ئەویش وتی : لەگوێی دەریا مەلەم دەکرد لەو پەڕی خۆشی لەزەتی دنیادابووم لەپڕ کەوتمە حاڵەتێکەوە خەریك بوو بخنکێم ، لەدڵەوە وتم :خوایە من دەستم لەهەمووشتێك بچڕاوە ، ئەمجارە وەرە بەهانامەوە و رزگارم بکە مەرج بێت خزمەتی ئاینی حەقی تۆ بکەم ، خۆشم نازانم چۆن شەپۆلێکی گەورە هات و هەڵیدامە قەراغ دەریاکە .

منیش پاش ئەو ڕووداوە هەر چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم دەکرد کە پەیمانەکەی خۆم بەرمە سەر و بەرنامە و ئاینی حەق بدۆزمەوە . برایەکم کە بۆ گەشت و گوزار چوو بۆ سەردانی قودس ، لەوێ بیردەکاتەوە کە دیارییەکی ڕۆژهەلاتیم بۆ بهێنێ ، زۆر دەگەڕێ ، سەرەنجام قورئانێکی راڤەکراو بەئینگلیزیم بۆ دەکڕێ و کە گەڕایەوە بەریتانیا پێشکەشی کردم ، منیش سوپاسم کرد و کەوتمە خوێندنەوەی ، هەموو ئەو پرسیارانەی لەدڵمدا گەلاڵە بووبوون وەلامەکەیم لە قورئاندا دۆزیەوە و خوا هیدایەتی دام و موسڵمانبووم و ئێستاش وا خەریکی کاری خێرخوازی و بانگەوازکردنم لە سایەی خواوە .

تێگەیشتن لەوەی کە خوامان بەسە و تەنها پشت بەو ببەستین مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و وەك باسمانکرد قورئان زۆر گرنگی پێداوە و فەرمودەیش زۆر جەختی کردۆتە سەر ، ئەوەتا خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت :

* هەرکەسێ لەماڵ هاتە دەرەوە وتی : ﴿ بسم الله توکلت علی الله ولا حول ولا قوه الا بالله ﴾ پێی دەوترێت ﴿ كُفيت و وقيت وتنحی عنه الشيطان ﴾ واتە : خوات بەسە و پارێزراوی و

شەیتانیش دوور دەکەوێتەوە لێی ... جا شەیتانێکیش بەوی تریان دەڵێ : ﴿ تۆ چی دەتوانی بکەیت لەگەڵ کەسێکدا کە خوا هیدایەتی دابێ و ئەو پاڵپشتی بێ و بیپارێزێ ﴾ ئەبوداوود گێڕاویەتەوە .

* هەروەها سوننەتیشە وەك خۆشەویست (ﷺ) لەشەودا لەکاتی چوونە ناو جێگە بڵێین:﴿الحمد لله الذي اطعمنا وسقانا و كفانا وآوانا فكم ممن لا كافي له ولا مؤوي ﴾ مسلم.

* خۆشەویست بە ( عەبدولڵای کوڕی خوبەیب ) ی فەرموو : ﴿ هەموو بەیانیەك و ئێوارەیەك سێ جار ( قل هو الله ) و ( قل اعوذ برب الفلق ) و ( قل اعوذ برب الناس ) بخوێنە بۆ هەمووشتێك بەستە ﴾ .

* ( معاویە ) ش خوای لێڕازی بێت داوای ئامۆژگاری لە خاتوو عائیشە کرد خوای لێڕازی بێت ئەویش لەوەڵامدا بۆی نوسی : ( هەرکەسێ هەوڵی بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا بێ ئەگەر خەڵکیشی لێ برەنجێ ئەوە خوای بەسە بەرامبەر بەخەڵکی ، وە هەرکەسێ ڕەزامەندی خەڵکی مەبەست بێ بەخوالەخۆ ڕەنجاندن ئەوە خوا دەیداتە دەست خەڵکی و خۆی دەستی لێبەردەدات ) ترمذي گێڕاویەتەوە .

**( ١٧٥ ) دوو جۆر بازرگانی :**

ئەگەر کەسێك ڕێوشوێنی بازرگانییەکی سوودمەندی مسۆگەرت پیشان بدات بە چاکی شوێنی ڕێنماییەکانی بکەویت و سەرەنجام قازانجێکی باش بەدەستبێنی ، دیارە تاماویت دەستی ڕێزی بۆ بەسنگەوە دەگریت و ڕەنگە زۆر جار لەم لاو ئەولاشەوە باسی چاکەی ئەوکەسە بکەیت و خوا خوات بێت کە هەقی بۆ بکەیتەوە ، ئەمە لەدنیای ماددە و ژیانی کەم و کورتی بڕاوەدا ...

ئەی ئەگەر ئەو کەسە خوای گەورەی باڵادەست بێت و ڕێنماییەکی دڵسۆزانەمان بکات بۆ بازرگانییەکی سەد دەرسەد قازانج و سەربەرزی دنیا و قیامەت ، دەبێ چەندە سوپاسگوزاری بین و شوێن ڕێنمایی و فەرمانەکانی بکەوین ... خوای پەروەردگار لەبارەی ئەم بازرگانییەوە دەفەرموێت ﴿ یا ایها الذین امنوا هل ادلکم علی تجارة تُنجیکم من عذاب الیم ﴾ الصف : ١٠ واتە : ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە ئایا ڕێنموینیتان بکەم بۆ بازرگانێتی و کڕین و فرۆشتنێك کە ڕزگارتان بکات لە سزایەکی پڕ دەردو سوێ ... ئنجا خوا خۆی وەڵام دەداتەوە و دەفەرموێ : ئەو بازرگانی یە ئەمەیە ( تؤمنون بالله ورسوله ) بڕوابێنن بەخواو پێغەمبەرەکەی ، و ﴿ تجاهدون في سبيل الله

بامو‌الكم وأنفسكم ، ذلكم خير لكم ان كنتم تعلمون ﴾ وه تێبكۆشن لـه ڕێی خوادا بەسەر و ماڵی خۆتان ، ئەمەتان باشترە بۆ خۆتان ئەگەر بزانن ، جا ئەگەر وابكەن ﴿ يغفر لكم من ذنوبكم ﴾ خوا لەگوناهەكانتان خۆش دەبێ ﴿ ويدخلكم جنات ﴾ وه لـەڕۆژی دوایی‌دا دەتانخاتە ناو باخانێكەوه ﴿ تجری من تحتها الانهار ﴾ كه جۆگه و ئاوی زۆر بە ژێریاندا دەڕوات ﴿ومساكن طيبة في جنات عدن ﴾ وه داتان دەنێ لـەجێگا و ڕێگا و كۆشكی پاك و تەمیز لـەبەهەشتانی هەتا هەتاییدا ﴿ ذلك الفوز العظيم ﴾ كه ئەمەشە رزگاریی و سەفرازی گەورە و بێوێنە .

ئەمانەی كە وتران پاداشتێكی ڕۆژی دواپین ، جا لـەبەرئەوەی كە ئادەمی لـە ئاوو گڵی زەوی دروست بووه ، وه هەمیشە چاوی لـە پاداشتی جیهانیشەوەیە ، بۆیە باسی پاداشتی دنیایشیان بۆ دەكات و دەفەرموێ ﴿ واخرى تحبونها ﴾ وه بەبەهرەیەكی ترتان ئەگەیەنێ لـە جیهانا كە حەزتان لێ یەتی و ئارەزووی ئەكەن ، كە ئەویش ﴿ نصر من الله ﴾ یاریدە دانە لـەخواوە و ﴿ وفتح قريب ﴾ وەگرتنی شاری مەككە ﴿ وبشر المؤمنين ﴾ وه مژدە بدە بەموسڵمانان كە بەم زووانە ئەم بەڵێنە دێتە جێ .

بەڵێ خوا بەڵێنی بەجێهێناوە بەزیادەوە ، لـەساڵی هەشتەمی كۆچیدا مەككە گیرا ، لـە ساڵی یانزەدا پێغەمبەر (ﷺ) كۆچی دوایی كرد ، دوای ئەو سەد ساڵی نەخایاند كە بەیداخی ئیسلامەتی لـەبەشی زۆری جیهانی ئەو ڕۆژەدا هەڵكرا و، بە چرای ئیسلامەتی هەموو سەرزەوی ڕوناك بووەوه.

ئنجا زیاتر جەخت دەكاتەوە سەر هەوڵ و تێكۆشان و دەفەرموێت ﴿ يا ايها الذين امنوا كونوا انصار الله كما قال عيسى ابن مريم للحواريين من انصاري الى الله ؟ قال الحواريون نحن انصار الله ، فامنت طائفة من بني اسرائيل وكفرت طائفة فايدنا الذين امنوا على عدوهم فاصبحوا ظاهرين ﴾الصف واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ، ببن بەیارمەتی دەرانی خوا ، هەروەك عیسای كوڕی مەریم بە هاوڕێ تایبەتی یەكانی خۆی فەرموو : كێن ئەوانەی كە یارمەتیم ئەدەن بۆ بانگ كردنی مەردوم بۆ ڕێی خوا ؟ هاوڕێ تایبەتی یەكانی وتیان : ئێمەین  یارمەتی دەرانی دینی خوا .

بەراستی ئەمانە لێبڕان بۆ خواو ، تا مان خەباتیان كرد ، سەرەنجام دەستەیەك لـەبەنی ئیسرائیل بڕوایان هێنا و دەستەیەكی تر بڕوایان نەهێنا ، ئێمەش پشتیوانی ئەوانەمان كرد كە بڕوایان هێنا ، بەسەر دوژمنەكانیانا زاڵبوون و سەركەوتن ( تەفسیری خاڵ جزمی بیست و هەشتەم ) ...

قورئانی پیرۆز لە سورەتی ( التوبە ئایەتی ( ١١١ ) ش دا تیشکێکی تر دەخاتە سەر ئەم بازرگانی و کڕین و فرۆشتنە و دەفەرموێت ﴿ ان الله اشترى من المؤمنين أنفسَهم واموالَهم بأن لهم الجنة ، يقاتلون في سبيل الله فيَقتُلون ويُقتَلون ، وعداً عليه حقاً في التوراة والانجيل والقران ، ومن أوفى بعهده من الله فاستبشروا ببيعكم الذي بايعتم به ، و ذلك هو الفوز العظيم ﴾ واتە :(بەڕاستی خوا کڕی لە بڕواداران سەر و ماڵیان بەبەهەشت ،ئەو بڕوادارانە ئەجەنگن لەڕێی خوادا ، ئینجا ئەکوژن و ئەکوژرێن ،بەخشینی بەهەشت بۆ ئەو بڕوادارانە بەڵێنی خوایە ، بەڵێنێکی راستەوخۆ ، بڕیاری داوە لە تەورات و لە ئینجیل و لە قورئاندا ، دەی ئایا هیچ کەسێك راست ترە لە خوا لەبەجێهێنانی بەڵێنی خۆیدا ؟ بێگومان هیچ کەس وێنەی خوا نیە ، کەواتە بڕواداران دڵخۆش و شادمان بن بە مامەڵە و کڕین و فرۆشتنەکانیان ، کە ئەمەش ئەتان گەیەنێ بە ئامانجی زۆر گەورە و سەر فرازی ...

## * چەند نمونەیەکی گەشی ئەم بازرگانیە

١) لەشەوی عەقەبەی دووەمدا ، ( عبدالله ی کوڕی رەواحە ) بەخۆشەویستی فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا چۆن ئارەزوو ئەکەیت مەرج دابنێ لەسەرمان بۆ خواو بۆ خۆیشت ، ئەویش فەرمووی : مەرجم بۆ خوا ئەمەیە کە بیپەرستن و هیچ شتێك نەکەن بەهاوبەشی ، مەرجم بۆ خۆم ئەمەیە کەبەرگریم لێبکەن لەهەرشتێك کە بەرگری خۆتان و ماڵتانی لێئەکەن . ئەویش فەرمووی : ئایا چیمان بۆ هەیە ئەگەر ئەوەمان کرد ؟ خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : بەهەشتان بۆ هەیە .

( عبدالله ) و هاوەڵەکانی فەرموویان : مامەڵە وکڕین وفرۆشتنەکەمان قازانجی کرد ، نە پەشیمان بوونەوەت لێوەردەگرین و ، نەپەشیمان دەبینەوە ...

٢) صهیبی رۆمی ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە ، قورەیشی یەکان ڕێیان پێگرت و وتیان : تۆ بە هەژاری هاتوویتە مەککە و لێرە دەوڵەمەند بوویت ، بەخوا نایەڵین خۆت و ماڵەکەت دەرچیت، ئەویش فەرمووی : ئەگەر ماڵەکەتان بۆبەجێبهێڵم ئەهێڵن کۆچ بکەم ؟ وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : دە ئەوە ماڵەکەم بۆ ئێوە ، ئنجا کۆچی کرد بۆ مەدینە بە خۆی و ئیمانەکەیەوە ، کە خۆشەویست (ﷺ) ئەمەی بیست پێی فەرموو ﴿ ربح البيع ، ربح البيع﴾ واتە کڕین و فرۆشتنەکەت قازانجی کرد .

٣) یەکێ لە هاوەڵان دارخورمایەکی دەبێ کەلار بووبۆوە ناو ماڵی دراوسێیەکی هەژاری ، مناڵەکانی ئەو ماڵە لەو دارخورمایەیان دەخوارد و کێشەیەکی لەسەر دروست بوو ، خۆشەویست (ﷺ) دووجار داوای لێکرد کەواز لەو دار خورمایە بێنێ بۆ ماڵە دراوسێ هەژارەکەی بەرامبەر بە دارخورمایەك لەبەهەشتا ، بەڵام دیارە هاوەڵەکەش هەژاربووە و ڕەنگە هەر ئەوەی بووبێ بۆیە نەیتوانی بیبەخشێ ... هاوەڵێکی تر کەلە هونەری بازرگانی لە گەڵ خوادا چاك تێگەیشتبوو ، کە ئەمەی بیست ، هاتە ناو مەسەلەکەوە و خاوەن دارخورماکەی ڕازیکرد بەوەی کە یەك باخ و بێستانی چاکی بداتێ لە جیاتی ئەو تاقە دارخورمایە کە وازی لێبێنێ بۆ دراوسێ هەژارەکەی لەبەر داواکەی خۆشەویست (ﷺ) ... بەو هیوایەی بەرامبەر بەو خێر و چاکەیە پەروەردگار دارخورمایەکی بەهەشتی بداتێ بە پێی فەرمایشتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) .

٤) ڕۆژێك خۆشەویست (ﷺ) لەلای هاوەڵێکی دەوڵەمەند دانیشتبوو ، هاوەڵێکی تری هەژار هات و لای دەوڵەمەندەکە دانیشت ، دەوڵەمەندەکە داوێنی جلەکانی خۆی گرت و خۆی کۆکردەوە ، خۆشەویست (ﷺ) پێی فەرموو : ( چی بوو ، ترسای دەوڵەمەندیەکەت بچێ بۆی ، یان ترسای هەژاری یەکەی تووشت بێ ) ؟ ... هاوەڵەکە بەقسەکەی خۆشەویست (ﷺ)داچڵەکی و بەزەردەخەنەوە وتی : ئەگەر وایە من نیوەی سامانەکەمی دەدەمێ ...خۆشەویست (ﷺ) ڕووی کردە هەژارەکە و فەرمووی : ڕازی دەبیت نیوەی ماڵەکەی وەرگری ... هەژارەکە وتی : (ئەترسم وەری بگرم و تووشی ئەوەببم کە تووشی بوو کاتێ لایەوە دانیشتم ) ...

بەراستی هەردووکیان پایە بەرزن ، یەکەمیان بە هۆشیار بوونەوەی کت و پڕی و بەخشینی نیوەی سەروەت و سامانەکەی ، دووەمیشیان بەو نەفس بەرزی و دنیا نەویستیەی کەلەو مەجلیسەدا نواندی ... ( المجتمع ١٣٩٨ /٢/٥/٢٠٠٠ ) .

### ( ١٧٦ ) بەرهەمی قسەی خێر

خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ (٢٤) تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٥) وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ (٢٦)﴾ ابراهيم .واتە : نابینی چۆن خوا نموونەی وتە و وشەی چاك و پاك و هەق دێنێتەوە

بەدرەختێکی چاکی بەردار ، ڕەگ و ریشەی بەناخی زەویدا چوبێتە خوارەوە و سەری لق و پۆپەکانیشی لـە ئاسمان توند بوبێ ، ئەم درەختە بەفەرمانی خوا هەمیشە سەوزە و بەروبووم دەدات و مایەی سوود و قازانجی خەڵکە ، بەو جۆرە خواوەند نموونە بۆ خەڵك دێنێتەوە بەڵکو هۆشیار ببنەوە و بیربکەنەوە .

وە نموونەی وشەی خراپیش درەختێکی خراپە کە هەڵکەندرابێ و رەگ و ریشەی لـەزەویدا نەمابێ و لـەق بێ و خۆی لـەسەر زەوی بۆ نەگیرێ ، هاکا ئێستا یان تۆزێکی تر بکەوێ بەلادا ...ئینجا قورئان باسی سەرەنجامی هەردوو وشەکە دەکات ﴿ يثبت الله الذين امنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا و في الاخرة و يُضِل الله الظالمين و يفعل الله مايشاء ﴾ واته : خواوەند بڕواداران دامەزراو دەکات بەوتەی چاك و نەگۆڕ لـە دنیا و قیامەتدا ، وەستەمکارانیش زیاتر سەرگەردان دەکات و خواوەند هەرچی بوێت دەیکات

**( ۱ )  موسڵمان بوونی سەدەها هەزار کەس :**

تەتەرەکان لـەسەدەی حەوتی کۆچیدا هێرشیان هێنایە سەر جیهانی ئیسلامی ، کە بەڕاستی فیتنەیەکی گەورە و بەڵایەکی بێوێنە بوو ، بێ هیوایی و رەش بینی تووشی خەڵکی بوو بوو ، وەك پەندێك وتراوە ( ئەگەر وتیان تەتەرەکان تێکشکاون بڕوا مەکە ) ... پاش چەندەها ساڵ لـەشەڕ و پێکدادان و خوێن رشتن ، وە پاش هەوڵ و کۆششی چەندەها زانای خواناس ، تەتەرەکان موسڵمان بوون و لـە لوتکەی دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی ئیسلامەوە ، چوونە لوتکەی پارێزگاریکردن لـە ئیسلام ...

هەوڵـەکان زۆرن مەگەر هەر خوا خاوەنەکانی بەچاکی بناسێ و مەگەر هەر خۆی بەخێر پاداشتیان بداتەوە ... ئێمەش لـێرەدا تەنها رووداوێك باس دەکەین کە مایەی پەند و ئامۆژگاری زۆرە بۆ بانگخوازان ،کە بزانن قسە لـەشوێنی خۆیدا چەندە گرنگە و چۆن لـەکەسی بەرامبەر کاردەکات.

( تغلق تيمور خان ) کوڕی ( مەلیك کاشغر ) وەلی عەهدبوو ، ناوچەیەکی بۆ خۆی دابڕی بوو بۆ راوکردن و قەدەغە بوو کەس پێی تێبخات ، مەگەر خزمەتکار و ئەوکەسانەی کە هاوەڵی بوون بۆ ڕاوکردن .

ڕۆژێك پیاوێك بەناوی ( شێخ جمال الدین ) و چەند هاوڕی یەکی بازرگانی ،لەشاری ( بوخارا ) وە بەڕێ دەکەون و بەنەزانی بەو ناوچەیەدا دەڕۆن کە شوێنی ڕاوی ( تغلق تیمور خان ) بوو ، کاتێ پێیان دەزانن ،دەیانگرن و بەدەست وپێ بەستراوی دەیان هێننە لای ( تغلق تیمور خان ) ، ئەویش پێیان دەڵێت : چۆن هاتوونەتە ناو ئەو سنوورەی کەمن دیاریم کردووە و قەدەغەکراوە ؟ ...

( شێخ جمال الدین ) وتی : ئێمە غەریبین و بەنەزانی هاتوینە ئێرە ؟

وەلی عەهد وتی : ئێوە خەڵکی کوێن ؟

شێخ وتی : ئێمە فارسین ...( جا لەبەرئەوەی تەتەرەکان زۆر رقیان لە فارسی ئێران بووە ) وەلی عەهد وتی :سەگ بەنرخترە لەفارس !

لێرەدا شێخ وەلاَمێکی وای دایەوە کەلە داهاتوودا بووە مایەی هیدایەتی سەدەها هەزار کەس ، شێخ وتی : بەڵێ ، ئێمە لەسەگ کەمترین و بێ نرخترین ، ئەگەر بڕوامان بە ئاینی هەق نەبوایە .

وەلی عەهد سەری سوڕما لە قسەکانی ، پاش گەڕانەوەی داوای کرد کە شێخ ببەنە لای ، پاشان کە بۆیان هێنا ، کەوتنە گفتوگۆ ، شێخ زۆر جوان باسی ئیسلامی بۆکرد ، کە زۆر کاریگەربوو ، بۆیە وەلی عەهد وتی : من ئەگەر ئێستا موسڵمان ببم ، ناتوانم خەڵکی راست بکەمەوە و بیانخەمە سەر ڕێی راست ، ماوەیەك لێم بووەستە کە بوومە پاشا و هەموو کاروبار کەوتە ژێر دەستم ، ئەوسا وەرەوە بۆلام ...

شێخیش گەڕایەوە ولاَتەکەی خۆی و نەخۆشی یەکی قورسی گرت ، لەسەرەمەرگا بە (رشید الدین ) ی کوڕی وت : ڕۆژێك دێت کە ( تغلق تیمورخان ) دەبێتە پاشا ، بیرت نەچێ بچی بۆلای و سەلامی منی پێ بگەیەنە و بەبێ ترس پەیمانەکەی بیربخەرەوە کەپێی داوم.

دوای چەند ساڵێك ( رشید الدین ) چوو بۆ ( معسکر الخان ) ، وە ئەو کاتەش وەلی عەهد بوبووە پاشا و کاربەدەستی ولاَت ...

بەلاَم ئاخۆ ( رشید الدین ) یَکی فارسی غەریب چۆن دەستی بگاتە پاشا و وەسیەتەکەی باوکی جێبەجێ بکات ؟!

( رشيد الدين ) هەموو ڕۆژێ پێنج فەرزە دەچووە نزیك كۆشكی پاشا وە و بەدەنگی بەرز بانگی ئەدا ، بەیانی یەكیان بانگ گەیشتە گوێی پاشا و خەوی زڕاند ، بۆیە زۆر زۆر توڕەبوو ، بەبەردەستەكانی خۆی وت : ئەوە كێیە وا بەجەسارەتەوە بەدەنگی بەرز پشووی پادشا تێكدەدات.

بەردەستەكانی وتیان : قوربان ئەوە پیاوێكی فارسی غەریبە و بەپێی دینەكەی خۆی بانگدەدات ، نوێژ دەكات . ئەویش وتی : كەواتە بۆم بهێنن بابیبینم .

كەهێنایانە لای پاشا ، خۆی پێناساند و وەسیەتەكەی باوكی پێگەیاند ... ئەویش وتی : ڕاستە من بەردەوام ئەو پەیمانەم بیرە كە داومە بەباوكت ، بەڵام شێخ خۆی بۆ ئامادە نەبوو ؟ ئەویش وتی : باوكم كۆچی كردووە و لەدنیا دەرچووە .

پاشا زۆری پێناخۆش بوو ، ئنجا شایەتمانی هێنا و موسڵمان بوو ، پاشان یەك یەك ئەمیرەكانی یانگ دەكرد و داوای موسڵمان بوونی لێ دەكردن ، بەمەش سەدەها هەزار كەس موسڵمان بوون ... ( قصص من التاريخ الاسلامي للاطفال ) الندوی .

**٢ ) شوانێك دەگاتە پلەی دكتۆرا :**

مناڵێكی بێ باوك لەلادێیەكی میسردا ، لەگەڵ دایكیا دەژیا و خەریكی شوانێتی بوو ، لەتەمەنی چواردە ساڵیدا ڕێڕەوی ژیانی دەگۆڕدرێ و بەو درەنگ وەختەی تەمەنی دەستدەكات بە خوێندن بە هۆی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بانگخوازێكەوە كە سەردانی گوندەكەیان دەكات بۆ كاری بانگەواز ...

پاش ئەوەی بڕیاردەدات بخوێنێ لەگەڵ دایكیدا دێنە قاهیرە و هەر لەوێ سەرەتایی تەواودەكات بەسەركەوتوویی و هەموو قورئانیش لەبەردەكات ، ئنجا پاش چەند ساڵێكی تر قۆناغەكانی خوێندن بەسەركەوتوویی تەواودەكات و دەچێتە زانكۆی ئەزهەر . دایكی ئافرەتێكی خواناس بوو پێی ناخۆش بوو كوڕەكەی زمانی ئینگلیزی بخوێنێ ، تەنها بەوە قەناعەتی كرد كە تێیان گەیاند ئەگەر ئەو زمانەش بزانێ زیاتر دەتوانێ خزمەتی ئیسلام بكات .

جا لەگەڵ ئەوەدا كە كلیەی شەریعەی دەخوێند ، خەریكی دیراسەی ( قانون ) یش بوو توانی بە خاریجی كۆلیژی یاسا تەواو بكات ، پاشان لە ( ئەمریكا ) دكتۆرای هێنا... ماوە بڵێین ئەم بلیمەتە كە قسەیەكی خێری بانگخوازێك بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانیدا ناوی ( دكتۆر حسین

حامد حسان ) ە و ئەندامی کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان ) ە و دوو کوڕیشی هەیە کە یەکێکیان دکتۆرە و ئەوی تریان ئەندازیارە !! ( کەناڵی فەزایی ( اقرا ) بەنامەی ( ملف شخصی ) .

## ( ١٧٧ ) یەکخواناسی گەورەترین بەخششی خوایە

کاتێك ئادەم (سەلامی خوای لێبێت)بەرنامەی خوای هێنا بۆ نەوەکانی ، ماوەیەکی زۆر کە نزیکەی هەزارساڵە بەم جۆرە مانەوە تا کەم کەم دیاردەی هاوبەش پەیداکردنیان تیاپەیدابوو ، ئەویش بەوەی کە چەند پیاوچاکێك پاش مردنیان پەیکەریان بۆ دروستکردن و دواتریش کەوتنە پەرستنی ، کە ناویان ( ود ، سواع ، یغوث ، یعوق ، نسر ) بوو ، ئنجا خوای گەورە نوحی نارد بۆیان کە ئەویش ( ٩٥٠ ) ساڵ لەگەڵیاندا خەریك بوو سەرەنجام ( ١٢ )کەس یان زیاتر موسڵمان نەبوون .

قورئان لەسورەتی نوحدا دەفەرموێت قَالَ نُوحٌ رَبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَنْ لَمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا (٢١) وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا (٢٢) وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا (٢٣) وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (٢٤) مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْصَارًا (٢٥) ﴾ نوح : واتە : نوح وتی : خوایە گەلەکەم بێ فەرمانیان کردم و، پەیڕەوی کەسێکیان کرد کە ماڵ و منداڵیان قازانجی پێنەگەیاندوون زیان نەبێ و، زۆر فڕوفێڵی گەورەیان کردو ، وتیان : دەست هەڵنەگرن لە خواکانتان ، دەست هەڵنەگرن لەپەرستنی ( ود ) و ( سواع ) و ( یغوث ) و ( یعوق ) و ( نسر ) وە ئەمانە زۆریان گومراکرد ، خوایە ئەم ستەمکارانە زیاتر سەرگەردان بکە .

بەهۆی گوناهەکانیانەوە بەئاو خنکێنران وخرانە ئاگرەوە و،بێجگە لە خوا هیچ یارمەتی دەرێکیان دەستنەکەوت ...

دوای نوحیش بەردەوام پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ هاتوون و خەڵکیان بانگکردۆتەوە سەریەکخواناسی و دەستبەرداربون لەهەموو ئەوانەی کەلە غەیری خوا دەپەرستران .

بەدرێژایی مێژوو مرۆڤی دوور لەخوا شتێکی بۆ خۆی دروستکردووە و ناوێکی لێناوە و کەوتۆتە پەرستنی ، ئەوشتانەش تەنها ( ناون ) ﴿ مایعبدون من دونە الا اسماء سمیتموها انتم واباؤکم ما انزل الله بها من سلطان ﴾ یوسف : ٤٠ / وە لەراستیدا هیچ نین ، نەدەبیستن نەدەسەلاتیشیان

هەیە بێن بەهانای کەسەوە ، هەروەك ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێ بەگەلەکەی فەرموو ﴿ قال هل یَسمعونکم اذ تَدعون ، او ینفعونکم أو یَضرون ﴾ شعراء:٧٣

بەڵێ مرۆڤی وێڵ و سەرگەردان ، هیچ نەما کڕنووشی بۆ نەبا ، تەنانەت کڕنووشی بۆ ئاژەڵ دار و بەرد و ڕووبار و شاخ و کرم و مارو مێروش برد ... نووسەری پەڕاوی ( الهند القدیمة ) ( ار ، سی ، دت ) دەڵێ لە ساڵی ( ٦٠٠ ) ی زاینی دا ژمارەی ئەو خوایانەی کە هندیەکان دەیانپەرستن گەیشتە نزیکەی ( ٣٣٠ ) ملیۆن ...

هەر لەو سەردەمانەشدا نزیکەی ( ٣٦٠ ) بت هەبوون بەدەوری کەعبەدا و، هەرکەسێك بەردێ دارێکی بۆ خۆی دادەتاشی کڕنۆشی بۆ دەبرد بەتەمابوو سوودی پێ بگەیەنێ ، یان لەخورما دروستی دەکرد و تادەپیەرست دەپیەرست و ئنجا کە برسیشی دەبوو دەیخوارد، زۆر کەسی تریش هەواو ئارەزووی خۆی دەپەرست ، بەو مانایەی دوای هەواو ئارەزووی دەکەوت لەهەموو شتێکدا ، هەورەك قورئان دەفەرموێت ﴿ أفرأیت من اتخذ الله هواه ﴾ هەندێکی تر ماڵ و سامان دەپەرستن ، خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێت ﴿ تعس عبدالدینار ﴾ واتە بەدبەخت بێ بەندەی دینار ، بەدبەخت بێ بەندەی ( درهەم ). هەندێکی تر دەبنە بەندەی گەدەیان و هەموو خۆشیەکیان دێتە سەر خواردن و خواردنەوە هەروەك رۆمانیەکان ، کە پاشئەوەی تێریان دەخوارد حەوزی تایبەتیان دروست کردبوو دەهاتن خۆیان دەرشاندەوە تیایدا و ، ئنجا پاش ماوەیەك دەستیان دەکردەوە بەخواردن ، ئەمەش بۆ ئەوەی زۆرترین لەزەت لە خواردن و خواردنەوە وەرگرن!!

قورئانی پیرۆز لەبارەی ئەو جۆرە کەسانەوە دەفەرموێ : ﴿ والذین کفروا یتمتعون و یأکلون کما تأکل الانعام والنار مثوی لهم ﴾ محمد : ١٢

پێغەمبەریش (ﷺ)لەبارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ ئەوانە وەك ئاژەڵێکن کە زۆر دەخۆن و ئنجا ڕوودەکەنە خۆر و ، کاوێژ دەکەن و میز و پیسایی خۆیان دەکەن و ئنجا دەست دەکەنەوە بە خواردن ) ( الرقائق ) محمد احمد راشد .

زۆر لە شوێن کەوتوانی ئاینەکانیش رابەر و پیاوە ئاینیەکانیان دەپەرستن ، چونکە ئەوەی حەڵاڵە بۆیان حەرام دەکەن و ، ئەوەش کە حەرامە بۆیان حەلاڵ دەکەن و ئەمانیش بێ سێ و دوو لێکردن دوایان دەکەون و بەقسەیان دەکەن ... قورئان لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ اتخذوا احبارهم

ورهبانهم ارباباً من دون الله والمسيح ابن مريم ، وما أُمروا الا ليعبدوا الهاً واحداً لا اله الا هو سبحانه عما يشركون ﴾ ٣١ : التوبة .

واته : زانا و رابەرەكانی خۆیانیان كردە هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوا و، مەسیحی كوڕی ( مەریەم ) یان پەرست ، لەكاتێكدا كە فەرمانیان پێنەدراوە بەمە نەبێ كە هەریەك خوا بپەرستن ، كە هیچ خوایەك نیە ئەو نەبێت ، پاكی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەیە كە ئەوان هاوبەشی بۆ بڕیاردەدەن .

كاتێك خۆشەویست (ﷺ) ئەم ئایەتەی بۆ عەدی كوڕی حاتەمی تائی خوێند ، عەدی وتی : ئەوانە ئەمانەیان نەپەرستووە ، خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ ، ئەوانە شتێكیان بۆ حەلاڵ بكردنایە بەحەلاڵیان دا ئەنا ، وە شتێكیان بۆ حەرام بكردنایە بەحەرامیان دا ئەناو شوێنیان دەكەوتن ، ئەوەش پەرستنەكەیان بووە بۆیان ...

ئنجا تێ دەگەین كە بانگی یەكخواناسی رزگاركردنی مرۆڤایەتی یە لە ملیۆنەها و ملیارەها بت و پەرستراوی تر بێجگە لەخوا ، كە ئەوانەش تواناكانی مرۆڤ لەناو دەبەن ، بۆ نموونە پیاوانی كەنیسە لەكاتی خۆیدا بە جۆرێك لایان دابوو ، وە خۆیان كردبوو بە دەمڕاستی خەڵی كە هەرچی كەنیسە نەیوتایە راست نەبوو ، ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆر و ستەمانەش نزیكەی ( ١٢ ) ملیۆن كەس لە ئەورووپادا كوژرا لەسەدەكانی ناوەڕاستدا ، كە ئەمەش دوو ئەوەندەی كوژراوەكانی شەڕی جیهانی یەكەمە كە نزیكەی ( ٦ ) ملیۆن و چوار سەد هەزار كەس بوو ... ( ل ١٠٠ الاسلام واثره في الحضارة و فضله على الانسانية/ الندوي ) .

كەواتە یەكخواناسی و رزگاربوون لە پەرستنی زانا ئاینی یەكان و كار بەدەستان و ملیۆنەها و ملیارەها پەرستراوی تر نیعمەتێكی گەورەیە ، بەخششێكی خوایی یە ، كە چاك وایە پێی بزانین و سوپاسی خوای لەسەر بكەین .

**( ١٧٨ ) دروستكراوەكانی خوا**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (١٠) هَذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (١١)﴾ لقمان

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ الذي احسن كل شئ خَلَقه وبدأ خلق الانسان من طين ﴾

قورئانی پیرۆز لەنزیکەی ( ١٢٠٠ ) ئایەتدا باسی زەوی و ئاسمانەکان و دروستکراوەکانی خوا دەکات لەگەڵ چەندەها ئاماژەی زانستی و حیکمەت لەدروستکردنەکان و بانگەشە بۆ بیرلێکردنەوەیان .

ئەوانە دروستکراوەکانی خوان بەجوانترین و چاکترین شێوە دروستکراون و، زانایانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر حیکمەتی خوایان بۆ دەردەکەوێ لە دروستکراوەکانیدا، بۆ نمونە: لەشاری میونخی ئەڵمانی ئەندازیاران سوودیان وەرگرت لەشێوەی ئەندازەیی ماڵی جاڵجاڵۆکە بۆ دروستکردنی یاریگەیەکی وەرزشی گەورە ، هەروەها سودیان وەرگرت لە جاڵجاڵۆکەی ناو ئاوی شیرین لە دروستکردنی شارێکی ژێر ئاودا .

ئەمە بێجگە لەوەی کەلەپەیمانگای ( ناتیك ) لە ئەمەریکا لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەکرێت لەسەر دەزووی جاڵجاڵۆکە بۆ سوود لێوەگرتنی لەدروستکردنی ئەو بەرگەی کەفیشەك نایبڕێ بۆ پاراستنی پیاوانی پۆلیس چونکە ئەو دەزوە زۆر بەهێزە و زۆر بەرگە دەگرێت .

هەروەها ئەندازیارانی ئەڵمانیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر شێوەی لاشەی دۆلفین کردووە و دەیانەوێ ژێر دەریایی لەسەر ئەو شێوەیە دروست بکەن چونکە بەوە خێرایی ژێر دەرياییەکە دوو ئەوەندە و نیوی ژێر دەرياییەکانی ئێستە زیاد دەکات و،هەروەها دەیانەوێ لەسەر شێوەی پێستی دۆلفین کەسێ چینە دیواری ژێر دەرياییەکان دروست بکەن .کۆمپانیای دروستکردنی فڕۆکەی کۆنکۆردیش سوودی لەشێوەی سەری دۆلفین وەرگرت فڕۆکەیان لەسەر شێوەی سەری دروست کرد .

کۆمپانیای دروستکردنی ئوتومبێلی ( B. M .) یش لە ئەڵمانیا تەلارێکی چەند نهۆمی لەسەر شێوەی ئەندازەیی ئیسفنجی دەریایی بۆ خۆی دروست کرد ( پەڕاوی بحوث مقارنة بين العلم الحديث والكتاب والسنة / دکتور دلاور محمد صابر ) .

بانگخوازان پێویستە لەکارەکەیاندا سوود لەم باسانە وەربگرن هەروەك چۆن قورئان سەرنجمان رادەکێشێت بۆیان ئاوەها ئەوانیش بیخەنە بەرچاوی خەڵکی ، تا بەچاکی لەدەستی قودرەتی پەروەردگار تێبگەن . ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دەبێت سەرنجی ئەو موعجیزە زۆرانەی

قورئان و فەرموده بدەن و سوودی لێوەربگرن بۆ دڵنیابوونی خۆیان و خەڵکی . لەکاتێکدا کە بەهۆی لێکۆڵینەوە و هەوڵی زانایانەوە بەردەوام شتی نوێ دێتە ئاراوە و دەبێتە مایەی ئاودانی گوێ و دڵەکان بۆ نموونە :

١) قورئان دەفەرموێ :﴿ والارض ذات الصدع ﴾ الفجر، واتە : سوێند بەزەوی کە یەکپارچە نیە و چینەکانی درزیان لەنێواندایە کە ئەگەر وانەبوایە ئەو هەموو گاز و پەستانەی ناوجەرگەی زەوی دەبوونە هۆی تەقینەوەی و کەس لەم سەرزەویەدا نەئەمان . ئەمڕۆ زاناکان تەواو ئەو راستیەی سەرەوەیان بۆ دەرکەوتووە و ئاشکراشیان کردووە کە ئەو درزانە زۆرتر لەبنی ئۆقیانوسەکاندا هەیە و گڕکانیان لێدێنە دەرێ و لەبنی ئۆقیانوسەکاندا ئاگر و ئاو بەیەکدا چوون . رەنگە هەر ئەوەش بێت کە قورئان دەفەرموێت ﴿ والبحر المسجور ﴾ الطور واتە : سوێند بە دەریای گڕگرتووی گڕتێ بەردراو .

٢) ئیمام ئەحمەد و ئەبی داود و نەسائی و حاکم ریوایەتیان کردووە کە ( خۆشەویست (ﷺ) ریی گرتووە لەکوشتنی بۆق ) ئەمڕۆ زانایان لەهەموو کات زیاتر رۆڵی بۆقیان بۆ ئاشکرابوە لەراگرتنی هاوسەنگی ژینگەدا ، بەوەی کە بەدەیەها تەن مێش و مەگەز و مێشوولە لەناو دەبات .

لەساڵی ١٩٨٥ بەنگلادیش ( ٥٠٠ ) تەن بۆقی نارد بۆ ئەڵمانیا بۆ خواردن کە نزیکەی (١٢ ) ملیۆن بۆق دەبوو ، هەروەها ( ٢٥٠ ) تەنیشی نارد بۆ سویسرا و فەرەنسا لەهەمان ساڵدا ، کە ئەوەش نزیکەی ( ٦ ) ملیۆن بۆق بوو . زانایان دەڵێن نەمانی ئەو بۆقانە زیانیان بە ژینگە گەیاندوە چونکە ئەو برە زۆرە بە (طن) مێشو مەگەز دەخۆن لەرۆژێکدا ( حقائق في ضوء العلم الحديث ٣ عبدالرحمن العصافي ) .

٣) پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێ ﴿ في الانسان ستون وثلاثمائة مفصل فعليه ان يتصدق عن كل مفصل منها صدقة ، قالوا فمن الذي يطيق ذلك يارسول الله ؟ قال : النجاسة في المسجد تدفنها ، أو الشئ تنحيه عن الطريق فأن لم تقدر فركعتا الضحى تجزئ عنك ﴾ امام احمد واتە : لەلەشی ئادەمیزادا ( ٣٦٠ ) جومگە هەیە و بەجولاندنی هەریەکەیان هەقە خێرێك بکات ، چونکە ئەگەر ئەو جومگانە نەبن و نەجولێن مرۆڤ ژیانی لێ تاڵ دەبێت وتیان : کێ ئەوەی بۆ دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا ؟

فەرموی : پیسایيەك داپۆشیت لە مزگەوتا یان شتێك لـەرێی خەڵكی لابەیت ئەگەر نەشت توانی دوو ركات نوێژی چێشتەنگا و بری ئەو هەموو خێركردنەی بۆ دەگرێت ) .

تا ساڵی ١٩٩٠ تەنها ( ٣٤٠ ) جومگە لـەلـەشی مرۆڤدا دۆزرایەوە دواتر زانایان بەهۆی تشریح و ئامێری پێشكەوتوەوە بۆیان دەركەوت كە لـە گوێی ناوەڕاستدا جومگەی ئاویتە هەیە كە پێكهاتووە لـە ( ١٠ ) جومگە كەبەمەش كۆی جومگەكانی هەردولا دەكاتە ( ٢٠ ) و ئەنجامی هەموو جومگەكانی لـەشیش دەگاتە ( ٣٦٠ ) جومگە كەبەراستی ئەمەش موعجیزەیەكی ئاشكرای خۆشەویستە r كە خوا خەبەری داوەتێ و ئەویش بەئێمەی راگەیاندوە . ( العلوم المعاصرة في خدمة الداعية الاسلامي دكتور محمد الحبال و قناة اقرأ الفضائية دكتور عبدالباسط سيد محمد ) .

**( ١٧٩ ) رووزەردی قیامەت**

لـەڕۆژی قیامەتدا كە راستیەكان هەمووی ئاشكرا دەبن و نهێنیەكان و شاراوەكان دەكەونە ڕوو ﴿ يوم تُبلى السرائر ، فما له مِن قوة ولا ناصر ﴾ طارق ، مرۆڤ پەشیمانە لـەهەموو گوناهێك و شەرمەزارە لـەوەی كەلـەبەردوو دەستی قودرەتی خوادا رادەوەستێنرێ جا نەك هەر پەنجەی بەڵكو هەردوو دەستی دەگەزێ ﴿ يوم يَعض الظالم على يَدَيه ﴾ الفرقان ، پێغەمبەر (ﷺ) لـەو ڕۆژەدا لای حەوزی كەسەر دەبێت ، پیاوانێك بەرزدەكرێنەوە بۆلای ، دەچێتە پێشەوە ئاویان بداتێ ، دوور دەخرێنەوە ...

ئەویش دەفەرموێ : خوایەگیان ئەوانە یاری منن ، ئوممەتی منن ، دەوترێ : تۆ نازانی دوای تۆچیان كردووە و چۆن لایان داوە .

ئەویش دەفەرموێ : تیاچوون تیاچوون بۆ ئەوانەی لـەپاش من لایان داوە و شتیان هێناوەتە ناو دینەوە .لـەو ڕۆژەدا ئەگەر دەبینی تاوانباران لـەبەردەم خوادا سەریان داخستوە و دەڵێن خوایە گیان بەچاوی خۆمان بینیمان ، بەگوێی خۆمان بیستمان ، بمانگێڕەوە ئیتر چاكە دەكەین ﴿ ولو ترى اذ المجرمون ناكسوا رؤسهم عند ربهم يقولون ربنا ابصَرنا وسمِعنا فارجعنا نعمل صالحاً ﴾ . ئەو ڕۆژە كەس نایپەرژێتە سەر كەس ، كردەوەكانیش ورد و درشتیان تۆماركراون ، دەدرێنەوە بە ڕووی خاوەنەكانیاندا ... مرۆڤ شەرمەزار دەبێت و خەجاڵـەت دەبێت و تازە كاریش لـەكار ترازاوە و هیچ چارەیەك نەماوە .

بۆیه چاك وایه فریای خۆمان كەوین و چی چاكه ئەوەبكەین ، ئەوەش مەولەوی شاعیری خواناسه كه ئامۆژگاری نەفسی خۆی و ئێمەش دەكات و دەڵێت :

دڵه رێگاكەت گـەلێ تـاریـــكه
پردەكه سەخته خـەیلێ بـــاریـكه
دەشتی هیدایەت تـاریك ئـــەبینم
رێگەی رزگاریت بـاریك ئـــەبینـم
چـرایه سازكـه رێی پێ بڕوانــــی
توێشوو هەڵبـگره هەتـا ئـەتوانـــی
گەر لـەڕێی راسـتی لای داوی تـاوان
بگره شوێـنی پـێی كردەوەی پیاوان
تا لـەو دیوانـدا ـ دێوانـەی سەرشێت !
ڕوو زەردی بـــەزمی یـاران نەگا پێت
گــــەر غەفڵەت لــەڕێت داوی تەنیوه
هیچ نیـــت بەتەنــگی شەرمەزاریەوه
بـــــەدڵدابێنه یــــادی ئەو سەروەر
ئەگەر پێی بڵێن لـەو دەشـــتی مەحشەر
ئـــــەمه سەربه تۆو كرداری ئـــــاوا !
سەرچۆن هــەڵئەبڕێ سەرداری ئـــاوا !
ئـــەوكه دای نـــەواند سەری لـەشەرما

مـــن ئەبێ کام خاك بــــــکەم بەسەرما ؟

ئێستە دەمـــــبینی بەم تــــــەرزە زەلیل

هانــامە ، هاوار ، های ساقی دەخـــیـــل !

*　　*　　*

پیری چـــــــەماندی لـەشی خەم زەدەم

ئـــــامــــــادەی کردم بۆ دەگای عەدەم

نـــــزیکە کاتـــــــی ئەدای ئەمانەت

نــــــــــەشری لاپەڕەی ڕەشی خیانەت

نـــــــەیچی ؟ لـەجێی من تۆ بە نەوایێ

بــــــــەم چەن فەردەوە هەڵکە سەدایێ

خــــــوایە ! لـەم شەوەی تاریکە فانی

هـــــــــــەرتۆ بەکردەی بەدیم دەزانی

ئای ! ڕۆژی مەحشەر سەر ئەفگەندە خۆم

شەرمەزاری لای خودا و بەنــــــــدە خۆم

بەرەحمەکەی خۆت خوای تەنیا و تاك

بەشقی مـەشقی عەشق پاکانی دڵپاك

بــــــەو دەمـــــی جیایی دڵ پڕ لـەخاران

بەو نەزرەی دوایی یەکتری یــــــــاران

هەرچــەند بــێ حەددە چەوتی ڕەفتـارم

لـه ڕووم ڕەشتره نامەی کـــــــردارم

تۆ لێم ببوره لـه پـــــــــڕ ئینصافی

من ڕوو زەردی خۆم کافیە کــــــــافی

دیوانی مەولـەوی ( محمد امینی ئەردەلأنی کردویەتی بەسۆرانی )

## بەشی ٧

# پتەوکردنی ئیمان

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١٨٠- مێشولەیەك ودرەختێکی کۆنە ساڵ |
| ١٨١- لەدەست خوا دەرناچین | ١٨٢-پەریەکانیش ئەم ڕاستیە تێ گەیشتوون |
| ١٨٣- بترسن لەو ڕۆژەی دەگەڕێنەوە | ١٨٤- هەورە بروسکە |
| ١٨٥- سورەتی الإنسان | ١٨٦- سەرنجدان وبیر کردنەوە |
| ١٨٧- پەروەردگار زاناو وکار دروستە | ١٨٨- نیشانەکان لە ژماردن نایەن |
| ١٨٩- سەرنجدان لە ئاوو باران | ١٩٠- موعجیزەی دوو ئایەت |
| ١٩١- هەر خوایە دێ بەهانای بەندەکانیەوە | ١٩٢- دوعاقبوڵ بوون |
| ١٩٣- دووعا کردن عیبادەتە | ١٩٤- تەبەو پەشیمانی |
| ١٩٥- ڕەوشتی جوان | ١٩٦- خواردنی حەڵاڵ |
| ١٩٧- نموونە لەسەر تەبەوکردنی هاوەڵان | ١٩٨- با ئیمانمان پتەو بکەین |
| ١٩٩-گەنجینەکانی ئاسمان وزەوی | ٢٠٠- پاشەڕۆژ بۆ ئیسلامە |
| دواوتە | |

## پێشەکی

خوای پەروەردگار قورئانی بەخشی بەدوا ڕشتەی پێغەمبەران (ﷺ)و ئوممەتەکەی ، کە هەتا ڕۆژی قیامەت مایەی هیدایەت و سەرفرازی بێت بۆیان و هەرگیز دەست بەرداری نەبن و لانەدەن لەشارێگەکەی ، جا ئەم ئوممەتەش لەمامەڵە کردنیان و ڕەفتاریان بەرامبەر قورئاندا دەبن بەسێ بەشەوە ، هەروەك خوا دەفەرموێت :

﴿ ثم أورثنا الكتاب الذي اصطفينا من عبادنا ، فمنهم ظالم لنفسه ومنهم مُقتصد ومنهم سابق بالخيرات باذن الله ذلك هو الفضل الكبير ﴾ فاطر : ٣٢

واتە : ئەو کتێبەمان بەخشی بەم ئوممەتە کە هەڵبژێردراون تا چاکترین گەل و ئوممەت بن ، ئنجا هەندێ کەس لەوان ستەمکارە لەنەفسی خۆی ، بەوەی کە کەم پەیڕەوی قورئان دەکات و کردەوە خراپەکانی زیاترن لەچاکەکانی ، وە هەندێکی دیکەیان مام ناوەندین و چاکە و خراپەیان بەهێندەی یەکە ، وە هەندێکی تریان چاکەکانیان زیاترە لەخراپەکانیان و پێشکەوتوون لەچاکەکاریدا بەیارمەتی خوا ... ئنجا ئەوەی کە خوا ئەم پەیامە بەرزەی داوە بە ئوممەتی ئیسلام گەورەترین فەزڵ و بەخشش و چاکەیە ، وە ئەوەش کە پەیڕەوی بکات بەچاکی و لێی لانەدات گەورەترین فەزڵ و بەرەکەتی دەست دەکەوێت ...

بەڵێ ... ئەم قورئانە ئەوەی شوێن کەوتەی بێت خوا پایەبەرزی دەکات لە دنیا و قیامەتدا و ئەوەش کەپەیڕەوی ناکات و دژایەتی دەکات پەروەردگار ریسوای دەکات لەدنیاو قیامەتدا هەروەك خۆشەویست (ﷺ) لەفەرموودەیەك دا کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە دەفەرموێت ﴿ ان الله يرفع بهذا الكتاب أقواماً و يضع به اخرين ﴾

ئیمامی عومەردەفەرموێ : ( يا معشر القراء : ارفعوا رؤوسكم ، فقد وضح لكم الطريق فاستبقوا الخيرات ، لاتكونوا عيالاً على الناس ﴾

واتە : ئەی گرۆهی قورئانخوێن ، سەرتان بەرزکەنەوە ، ڕێتان بۆ ڕۆشنکراوەتەوە ، پێشبڕکێ بکەن لەچاکەکاریدا ، مەبن بەبار بەسەر خەڵکەوە ..

عەبدولاّی کوڕی مەسعود دەڵێت : ﴿ پێویستە مەشخەڵدارانی قورئان ، بەشەو نوێژدا بناسرێن لەکاتێکدا خەڵکی لەگەرمەی خەودان و، بە رۆژووی رۆژیاندا بناسرێن لەکاتێکدا کە خەڵکی بەرۆژوو نابن و، بەخەمیاندا بناسرێن لەکاتێکدا کە خەڵکی دڵخۆشن بە جوانی دونیا و دەست کەوتی بڕاوەی دونیاو ، بەگریانیاندا بناسرێن لەترسی خوا و کەموکورتی خۆیان ، لەکاتێکدا خەڵکی لەغافڵیاندا پێدەکەنن و سەرمەستی هەواو ئارەزوویانن و، هەروەها بە بێدەنگیان بناسرێن لەکاتێکدا کە خەڵکی قسەی پڕو پووچ و بێبایەخ دەکەن و، بەخشوعیان بناسرێن لەکاتێکدا خەڵکی سەرکەش و لەخۆبایین ) .

( عەبدولاّی کوڕی عەمری کوڕی عاص ) دەڵێ : ( کێ قورئانی خوێند و وایزانی کە یەکێ لەبەندەکانی خوا شتێکی باشتری پێدراوە لەم ، ئەوە بەسووکی سەیری ئەو قورئانەی کردووە کە خوا لەهەموو شتێك بەگەورەتری داناوە و، ئەو شتە دنیایی یە کەم بایەخانەی کە خوا بەهیچی داناوە ، ئەم بەگەورە سەیری کردووە ، ( واتە کە قورئانت هەبوو ، شوێنکەوتووی قورئان بوویت ، تۆ لەهەموو کەس گەورە تری لەسایەی قورئاندا و، هیچ شتێکی دنیایی بەرانبەر نیە لەگەڵ نرخی بێپایانی قورئاندا ) ... جا بۆیە نابێ مەشخەڵدارانی قورئان نەفام و نەزان بن وەك ئەوانەی کە دوورن لە قورئان و نەفامی و نەزانی پیشەیانە) ...

حەسەنی بەصریش دەڵێت ( ئەوانەی لەپێش ئێوەوە بوون ، قورئانیان بە چەند نامەیەك دەزانی کەلەخواوە بۆیان هاتبێ ، بۆیە بەشەو دەیانخوێند و لێی ورددەبوونەوە و بەرۆژیش کاریان پێدەکرد ).

بەو هیوایەی کە بەچاکی پەیڕەوی قورئانی پیرۆز بکەین و چاکتر لێی شارەزابین و لەوانەبین کە دەستوبرد دەکەن و پێشبڕکێیانە بۆ کاری خێر ، فەرموون ئێوە و بەشی حەوتەم لە هەڵوێستەکانی خزمەت قورئان .

### ( ١٨٠ ) مێشوولەیەك و درەختێكی كۆنە ساڵ

نموونەی مرۆڤ وەك مێشوولەیەکە کەبەسەر درەختێکی گەورەی لق و پۆپداری کۆنەساڵەوە نیشتەوە و کەوتە منەتکردن بەسەریا و پێیوت : ئەگەر ئەوەو ئەوەم بۆ نەکەی دەفڕم لەسەرت و بەجێتدەهێڵم ئەویش سەری سوڕما لە نەفامی و لەخۆبایی بوونی مێشوولەکە و پێیوت : بۆمن بە خۆمم زانی کە نیشتیتەوە لەسەرم تا بە خۆم بزانم کەفڕیت و لەسەرم نەمایت ؟!

بەراستی مرۆڤیش هەروایە ، ناز بەسەر زەویدا دەکات و لەخۆبایی بوون وای لێدەکات خوای بیربچێتەوە ، لەکاتێکدا کە ملیارەها کەس هاتن و چون و زەویش هەر وەك خۆی وایە و ، زۆربەی ئەوانە کە رۆیشتن زەوی و ئاسمانەکان نەك هەر بۆیان نەگریان بەڵکو هەر بەخەیاڵیشیاندا نەهات هەروەك قورئان دەفەرموێت﴿ فما بکت علیهم السماء و الارض وما کانوا منظرین ﴾ ٢٩/ الدخان.

ئنجا بۆ ئەوەی مرۆڤ لەدەردی لەخۆبایی بوون و لووت بەرزی دووربێ ، قورئان چەندین جار هۆشیاری دەکاتەوە و پێی دەفەرموێت :

﴿ یا أیها الانسان ما غرك بربك الکریم ، الذي خلقك فسواك فعدلك في أي صورة ما شاء رکبك ﴾ الانفطار ( ٦ ) واتە : ئەی ئادەمیزاد ! تۆ چی وای لێ کردوویت کەسەرکەش و یاخی بیت لەپەروەردگاری میهرەبانت؟ لە کاتێکدا ئەو پەروەردگارە بەجوانترین شێواز تۆی دروست کردووە .

*﴿ یا ایها الناس ان وعد الله حق فلا تغرنکم الحیاة الدنیا و لایغرنکم بالله الغرور ﴾ فاطر : ٩ واتە : ئەی خەڵکینە دڵنیابن ، کە بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە ، نەکەن ژیانی دونیا سەرتان لێبشێوێنێت و شەیتان غەڕا و سەرگەردانتان بکات

چونکە شەیتان بەبەڵێن و پەیمانی درۆ مرۆڤ دەخاتە سەرگەردانی و لەخۆبایی بوونەوە ﴿ یَعدهم و یُمَنیهم و ما یَعدهم الشیطان الا غُروراً ﴾ ١٢٠/ النساء

بەڵێ ، مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی هاتۆتە دنیاو، بەبێ ویستی خۆی و بەبێ پرس پێکردنی ئەبێ ئەم دنیایە بەجێبهێڵێ ، مرۆڤ نازانێ کەی دەمرێ و ، ناشزانێ لەکوێ دەمرێ ، ئەوانە بەشێکن لەغەیب و ، زانینی ئەو غەیبەش هەر لای خوایە .

لەوڵاتی لوبنان کوڕێك بەناوی ( ئەمیل بوستانی ) هەژار و کەم دەست بوو ، بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر ، بە عەرەقی ناوچەوان ئنجا دەیتوانی بەهەزار حاڵ بژێوی خۆی و دایکی دابین بکات ، ئەم کوڕە خوا دەرگای ڕزقی لێکردەوە و بەجۆرێك دەوڵەمەندبوو کە بووە ملیۆنەر و پەنجەی بۆ ڕادەکێشرا .

بەلاّم بەداخەوە دەولّەمەندی و مالّ و سامان لەخشتەی برد و تووشی لەخۆبایی بوون و سەرکەشی کرد هەروەك قورئان دەفەرمویّت ﴿ كلا ان الانسان ليطغى ان راه استغنى ﴾ العلق ٧ واتە : بەڕاستی مرۆڤ هەر ئەوەندەی شتیّکی بەخۆیەوە شك برد و زانی دەسەلاّت و توانایەکی هەیە ، لەخۆی بایی دەبیّ و سنووری خوا دەشکیّنیّ .

جا ( ئەمیل بوستانی) لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خوا بکات لەسەر بەخششە زۆرەکانی کەچی سەری کردە مەی خواردنەوە و هاوەلّیکردنی کەسانی دوور لەخوا ...قەبرسانیّکیشی بۆ خۆی دروست کرد و بە بەردی مەڕ مەڕی ئیتالّی ڕازانیەوە و باخ و باخاتی جوانی تیا کردو هەموو سالّیّکیش لەیادی لەدایك بوونیدا تا بەرەبەیان لەوشویّنەدا کۆڕی مەی خواردنەوەیان گەرم دەکرد و ، وەسیەتی بۆ هاوەلاّنیشی کرد ، کە پاش مردنیش هەموو سالّیّ وەرنە سەر قەبرەکەم ئاهەنگ و بەزمی خۆتان بگیّڕن ، وایدەزانی ئەو قەبرسانە دەبیّ بەنسیبی . بەلاّم ویستی خوای پەروەردگار بەجۆریّکی تر بوو ، ئەم سەرلیّشیّواوە لەگەشتیّکیدا بۆ بازرگانی فرۆکەکەیان کەوتە دەریاوە و لاشەی هەموو سەرنشینەکان دۆزرانەوە تەنها هی ( ئەمیل ) نەبیّ ، بەوجۆرە ناوسکی دەریابوو بە قەبری و هەرپارچەی چووە لاشەی ماسی یەکەوە ( ١ ) ..ئیّستاش قەبرسانەکەی ماوە و قەبرەکەی هەتا قیامەت چاوەڕیّی لاشەکەیەتی ، خۆدیارە چاوەڕوانیەکەش بیّ سوودە .

چیرۆکی ژیان و مردن ، بەراستی زۆر لەوە ئاسانتر و ساناترە کە بیری لیّ دەکەینەوە ، پیاویّك هاتە خزمەت ( بشری کوری حارثی حافی ) و وتی : دلّم ڕەق بووە ، ئامۆژگاریەکم بکە ئەویش وتی : برا مەسەلەکە زۆر سادە و ئاسانە و ڕوون و ئاشکرایە ، مەسەلەی ژیان و مردن هەروەك مەسەلەی میّرولەکەی حەوشەی مالّمانە کە بەم ڕۆژگارە هەولّی ئەدا و گەنمی کۆئەکردەوە بۆ زستانی کەلّکی لیّوەرگریّ ، ڕۆژیّك چۆلەکەیەك هات و خۆی و دەنکە گەنمەکەی برد ، نە ئەوەی کۆی کردەوە خواردی ، نە ئەوەش ئاواتی بوو هاتەدی ( ٢ )

### ( ١٨١ ) لەدەست خوا دەرناچن

قورئانی پیرۆز بۆ چارەسەری سەرکەشی و لەسنوور دەرچوونی مرۆڤ لەچەندەها ئایەتدا ئەو ڕاستیە بیری مرۆڤ دەهیّنیّتەوە ، کە لەهەر کویّ بن و چەندە بەدەسەلاّتیش بن لەدەست خوا دەرناچن ، مەگەر بوونەوەر هەمووی مولّکی خوانیە؟!.

ئەگەر چاوێ بخشێنین بەم چەند ئایەتەدا بەچاکی ئەم لایەنەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەفەرموێ :

﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا (٣٩) قُلْ أَرَأَيْتُمْ شُرَكَاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا فَهُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْهُ بَلْ إِنْ يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا (٤٠)﴾ فاطر : واتە : هەر ئەو زاتە ئێوەی کردە جێنشین لەزەویدا ، جا ئەوەی کە کافر و بێ بڕوابێت ، ئەوە کافر بوونەکەی لەسەری دەکەوێت ، بێباوەڕی کافران ، هیچیان لای پەروەردگاریان بۆ زیاد ناکات جگە لە خەشم و قینی خوا لێیان ، خوانەناسی کافران هیچ دەستکەوتێکی نیە جگە لە خەسارەتمەندی وە زەرەرمەندی نەبڕاوە ...

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ : هەواڵم بدەنێ دەربارەی ئەو شتانەی کردووتانە بەهاوەڵ بۆ خوا و هاناو هاواریان بۆ دەبەن ، پیشانم بدەن کام شوێنی زەوییان دروستکردوە ، ئایا بەشداریان هەیە لەگەڵ خوادا لەدروستکردنی ئاسمانەکاندا یاخود کتێبێکمان پێبەخشیون تا دڵنیابن ( لەهاوکاری بتەکان ) ! بەڵکو ستەمکاران هەر بەڵێنی نا دروست و بیروباوەڕی نابەجێ دەدەن بەگوێی یەکتردا و یەکتری پێ تووشی غرور و لەخۆبایی بوون دەکەن .

﴿ إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا وَلَئِنْ زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (٤١) وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ جَاءَهُمْ نَذِيرٌ لَيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ مَا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا (٤٢) اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا سُنَّةَ الْأَوَّلِينَ فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَحْوِيلًا﴾ فاطر : واتە : بەراستی هەر خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی ڕاگرتووە و نایەڵێت تێك بچن و لەیەك بترازێن ، خۆ ئەگەر تێکبچن و لەیەك بترازێن ، کێ دەتوانێت ڕاگیریان بکات جگە لەخوا ، بەراستی هەر خوایە کەبەردەوام خۆگر و ئارامگر و لێخۆشبووە بەرامبەر بەندەکانی . ئەو کافر و هاوەڵپەرستانەی قورەیش زۆر بەرگەرمی بەخوا سوێندیان دەخوارد و دەیان وت ( ئەگەر پێغەمبەرێکی بێدارکەرەوەمان بۆ بێت لەهەموو گەلانی تر باوەڕدارتر ئەبین ) کەچی کاتێ کە پێغەمبەریان بۆ ڕەوانەکرا لەسەرکەشی و دووره پەرێزی زیاتر هیچی تریان لێنەوەشایەوە ... خۆیان بەگەورە و دەسەڵاتدارزانی لەزەویدا و پیلانی شەڕو تاوانیان کێشا ، بەمەرجێك پیلانی شەڕ و تاوان هەمیشە بەسەر ئەوانەدا دەشکێتەوە کە نەخشەی بۆ دەکێشن ، مەگەر ئەمانە بەدژایەتی ئیسلام تەنها

چاوەڕێی ئەوکارەساتانە بکەن کەبەسەر گەلانی پێش ئەمانەدا هاتووە ، کاتیێ کە بڕوایان بەپێغەمبەران نەهێناو لەناوبران ) ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێشبێت ، هەرگیز نابینیت یاسا و بەرنامەی خوا لەنەخشەی خۆیان لابدەن ( کەبەشێکی ریسواکردنی پیلانگێڕانە ) ...

﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا (٤٤) وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا (٤٥)﴾ فاطر ، واتە : ئایا ناگەڕێن بەزەویدا ، تا سەربدەن و تەماشابکەن ، چۆن بوو سەرئەنجامی گەلانی پێش ئەمان و چیمان و بەسەرهێنان ئەوانە هێز و دەسەلاتیان لەمان زیاتر بوو ،وە نەبێ خوا هیچ شتێکی لەدەست دەربچێت لەئاسمانەکان ، یان لەزەویدا ، چونکە بەراستی ئەو زاتە زۆر زانایە و زۆریش بەدەسەلات و بەتوانایە .

خۆ ئەگەر خوا تۆڵە لەخەڵکی بسێنێت لەسەرەنجامی کاروکردەوەی خراپ هەرچی زیندەوە و هەیە لەسەر ڕووی زەوی نەدەما ، بەڵام خوا پەلەیان لێناکات و دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاری کراو ، جا هەرکاتێك وەخت و رۆژی خۆی هات ، بێگومان ئەوکاتە خوا بینایە بەبەندەکانی و ئاگاداری کارو کردەوەیانە ، جا بەئاشکرا کرد بێتیان یان بەنهێنی .

هەروەها دەفەرموێ : ﴿ وما أنتم بمعجزين في الارض ولا في السماء وما لكم من دون الله من ولي ولانصير ﴾ العنكبوت : ٢٢ / واتە : ئێوە لەدەست خوا دەرناچن نەلەزەوی و نەلەئاسماندا ، وە بێجگە لەخوا کەس نیە دۆست و یاریدەرە و سەرخەرتان بێت .

پێغەمبەریش (ﷺ) لەدوعایەکیدا دەفەرموێ: ﴿ اللهم لا ملجأ و لا منجا منك الا اليك ﴾ واتە : پەروەردگارا نەپەناو نە ڕزگاربوون نیە لە تۆ مەگەر تۆ بۆ خۆت میهرەبانیمان لەگەڵدا بکەیت و لێمان ببوری ...

### ( ١٨٢ ) پەرییەکانیش ئەم ڕاستی یە تێگەیشتوون

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (٢٩) قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ

مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (٣٠) يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآَمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٣٢)ن ﴾ **الاحقاف : ٣٢**

**واته : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك دەستەی ئادەمیزاد سەرسەختانە بەرەنگاری بانگەوازەکەت بوونەوە ، ئێمە دەسەتەیەك پەریمان ڕەوانەی لای تۆ کرد تاگوێ لەقورئان بگرن ، جا کاتێ ئامادەبوون ، هەندێکیان بەهەندێکی تریان وت گوێ بگرن و بێدەنگ بن ، کاتێك کە قورئان خوێندنەکە تەواو بوو ، پەری یەکان گەڕانەوە بۆ ناو هۆز و گەلەکەیان و کەوتنە ئاگادارکردنەوەیان و وتیان : ئەی هۆز و گەلی ئێمە ! ( باوەڕبکەن ) گوێمان لەکتێبێك بوو کەلە دوای موسا نێردراوە ، سەلمێنەری پەیام و کتێبەکانی پێش خۆیەتی و ڕێکە لەگەڵیاندا و ڕێنمونی و هیدایەتە بۆ گەیشتن بە هەق و ڕاستی و بۆ گەیشتن بەراستە شەقامی بەرنامەکەی خوا .**

**ئەی دۆستینە ! بچن بەدەم بانگەوازی خواوە و باوەڕی پێ بهێنن ، ئەو کاتە لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت و لەسزای پڕئێش و ئازار دەتانپارێزێت جا ئەوەی پێشوازی بانگەوازی خوا نەکات ، وە نەبێت لەدەستی خوا دەربازبێ لەم سەرزەویەداو ، کەسیش ناتوانێت یارمەتی بدات و ڕزگاری بکات ، ئەوانەی باوەڕ ناهێنن لەگومڕایی و سەرگەردانی یەکی ئاشکرادان .**

**هەروەها لەسورەتی ( الجن ) یشدا پەری یەکان دان بەم ڕاستی یەدا دەنێن و دەڵێن ﴿وانا ظننا ان لن نُعجِزَ اللهَ في الارض ولن نُعجزه هرباً ﴾ الجن : ١٢**

**واتە : ئێمە دڵنیابووین کە هەرگیز لەژێر دەسەڵاتی خوا دەرناچین لەزەویدا ، هەروەها بەهەڵاتن و خۆدزینەوەش لەئاسمانەکاندا لێی ون نابین ...قورئانی پیرۆز ڕوو بەهەموو بێ باوەڕان دەفەرموێ :**

**﴿ لا تحسبن الذين كفروا بمعجزين في الارض و مأواهم النار و لبئس المصير ﴾ النور : ٥٧ واتە : با ئەوانەی بێباوەڕن وا نەزانن لەدەست خوا دەردەچن لەزەویدا و ، با چاکیش بزانن کە جێگا و لانەیان ئاگری دۆزەخە کە خراپترین چارەنووس و جێگەیە .**

.

.

**( ١٨٣ ) بترسن لەو ڕۆژەی دەگەڕێنەوە !**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ واتقوا يوماً تُرجعون فيه الى الله ثم تُوفى كل نفس ما كسبت وهم لايُظلمون ﴾ البقرة ٢٨١ واتە : خەڵكینە لەسزا و تۆڵەی ڕۆژێك بترسن كەتیایدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ، لەوەودوا هەوكەس پاداشتی كاروكردەوەی خۆی وەردەگرێت وستەمیان لێناكرێت .

لەورۆژەدا مرۆڤ سەری دنیای لێدێتەوە یەك و نازانێ بۆ كوێ ڕابكات ، ﴿ فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ (٧) وَخَسَفَ الْقَمَرُ (٨) وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ (٩) يَقُولُ الْإِنْسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ (١٠) كَلَّا لَا وَزَرَ (١١) إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ (١٢) يُنَبَّأُ الْإِنْسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ (١٣) بَلِ الْإِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ (١٤) وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ (١٥) ﴾ القيامة

واتە : كاتێك كە چاو ئەبڵەق بوو لەبەرسامی ئەو ڕۆژە و، مانگ گیرا و ڕووناكی نەما و، ڕۆژ و مانگ كۆكرانەوە ، ئادەمی لەو ڕۆژەدا ئەڵێ : لەكوێوە دەربازبم و بۆ كوێ بچم و لەكوێوە ڕابكەم ؟ ئەوكاتە هیچ پەنایەك نیە كەپەنای بۆ بەرێت ، لەو ڕۆژەدا ئارامگا هەر لای پەروەردگاری تۆیە و، مرۆڤ ئاگادار دەكرێ لەو ڕۆژەدا بەوكار وكردەوانەی كە ئەنجامی داون لەپێشدا و ،ئەو كردەوانەش كە ئاسەواری خراپی هەر بەردەوامن دوای خۆی .

جا ئەو ڕۆژە مرۆڤ شایەتە لەسەر خۆی و، هەرچی بڕووبیانوشی هەیە هیچی وەرناگیرێ و سوودی نابێ ...پێغەمبەر (ﷺ) بەهاوەڵانی دەفەرموو ﴿ لا تنسوا العظيمتين الجنة و النار ﴾ ( ابو يعلى في مسنده ) واتە : هەرگیز دووگەورەكەتان بیر نەچێ بەهەشت و دۆزەخ .

هەروەها دەفەرموێ : ﴿ الا هل من مُشمر للجنة ﴾ ئەرێ كەسێ نیە قۆڵی لێهەڵماڵێ و تێبكۆشێ بۆ بەهەشت .

ڕۆژێ خۆشەویست (ﷺ) بەیارانی فەرموو : ﴿ والذي نفسي بيده ، لو رأيتم ما رأيت لضحكتم قليلاً و لبكيتم كثيراً ، قالوا وما رأيت يارسول الله ؟ قال : رأيت الجنة و النار ﴾ مسلم واتە: بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر ئەتانبینی ئەوەی كەمن دیومە ، تۆزێك پێدەكەنین و زۆر دەگریان ، و تیان : چیت بینی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : بەهەشت و دۆزەخم بینی .

ئەوەی پێی نایە بەهەشتەوە هەموو تاڵاوو ناڕەحەتی یەکانی دنیای بیردەچێتەوە ، وە ئەوەش کە پێی نایە دۆزەخەوە ئەگەر هەموو دنیاش هی ئەو بووبێ ، هەر ئەڵێی هیچی نەبووە و هەرگیز هیچ خۆشی نەدیوە ... خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ يؤتى بانعم أهل الدنيا من أهل النار ، فيصبغ في النار صبغة ... ثم يقال له : يا ابن ادم هل رأيت خيراً قط ؟ هل مر بك نعيم قط ، فيقول : لا و الله يارب ، و يؤتى باشد الناس بؤساً في الدنيا من أهل الجنة ، فيصبغ صبغة في الجنة ، فيقال له : يا ابن ادم ، هل رأيت بؤساً قط ، هل مر بك شدة قط ؟ فيقول : لا و الله يارب ، ما مر بي بؤس قط ولا رأيت شدة قط ﴾.

بۆیە ئێمەش هەروەك خۆشەویست (ﷺ) دەست بەرزدەکەینەوە و دەڵێین :

﴿ اللهم اني أسالك رضاك و الجنة ، وأعوذ بك من سخطك و النار ﴾

**( ١٨٤ ) هەورە بروسکە**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ هُوَ الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنْشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ (١٢) وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَنْ يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ (١٣) ﴾ الرعد

واتە : هەر خوایە کە هەورە بروسکەتان نیشان دەدات ، هاوڕێ لەگەڵ ترسدا ، ( بەهۆی ڕووناکی بەهێز و دەنگی گەورە و سامناکی ) هەروەها ئومێد بەخشینە ( بەساڵێکی پڕ بەرەکەت )، وە هەر خواشە کە هەوری قورس و سەنگین بەدی دەهێنێ ، هەورە تریشقە بەدەنگی گەورە و سامناکی تەسبیحات و سوپاس و ستایشی بەدیهێنەری دەکات و، فریشتەکانیش لەترسی ئەو زاتە سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزارین ، هەروەها جاری وا هەیە هەورە بروسکە دەنێرێ و ئەیدا بەکەسێکدا کە خوا ویستی لەسەرە و ڕۆژی تەواو بووە جا لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە و نیشانە بەهێزانەدا ئەوانە هەردەمەدەمێ و مجادەلەیانە لەکاتێکدا خوا دەسەڵاتی بێپایانە و تۆڵەسێنە لەستەمکاران ، هەروەها دەفەرموێت : وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُمْ بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِنْ دَارِهِمْ حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (٣١)﴾الرعد، واتە: بەردەوام کافران بەهۆی کردەوەی بەدیانەوە توشی سزا و بەڵای خراپ دەبن ، یان توشی دەورووبەر و دەرو دراوسێیان دەبێت بۆ ئەوەی داچڵەکێن و ووریا ببنەوە و تەمێخواردو بن ، هەتا بەڵێنی خوا دێت

بەوەی کە ئەجەلیان دێت و دەمرن یان رۆژی قیامەت دێت و تیا دەچن ، بەڕاستی خوا پەیمانی خۆی بەدی دەهێنێ و لە وەعدی خۆی لانادات : ﴿ ولقد استهزئ برسل من قبلك فأمليتُ للذين كفروا ثم اخذتُهُم فكيف كان عقاب ﴾ الرعد : ٣٢ واتە : سوێند بەخوا هەڕەشە کرا و گاڵتەکرا لەزۆرلەفرستادەکانی پێش تۆ منیش مۆڵەتمدان بۆ ماوەیەك و پاشان گرتمن و تۆڵەم لێسەندن ،دەی ئایا چۆن بوو سزا و تۆڵەی من دەربارەیان ؟

بەڵێ خوای گەورە لغاویان بۆ شکل دەکات بەڵام کەی ویستی دەیان گرێت و ئیتر بەیەکجاری رزگاربونیان بۆ نیە هەروەك خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ ان الله لیُملي للظالم حتی اذا أخذه لم یُفلته ﴾.

*** نمونەیەك لەسزای خوا :**

وەفدی هۆزی بەنی عامیر کە پێکهاتبون لە( ئیربد کوڕی قیس ) و( عامر کوڕی الطفیل ) هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)،عامر وتی : ئەگەر موسڵمان بم چیم دەدەیتێ ؟ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی : حاڵی تۆش وەك حاڵی موسڵمانان دەبێ چیان لەسەرە لەسەر تۆش پێویست دەبێت وەچیشیان بدرێتێ ئەوەش بەتۆ دەدرێت، عامر وتی : فەرمانڕەوایی دوای خۆتم پێدەدەیت ؟ خۆشەویست (ﷺ) فەرموی : ئەوە نەبۆ خۆت و نە بۆ گەلەکەشت نابێت ، ئنجا هەردوکیان چونە دەرەوە و لەپاشدا ڕێکەوتن کە عامر خۆشەویست بخلافێنێ و (ئیربد ) یش شمشێرێکی لێبدات و بیکوژێ بۆیە گەڕانەوە خزمەتی و ( عامر ) کەوتەوە قسەکردن لەگەڵیدا و لەوکاتەدا ( ئیربد ) ویستی شمشێرەکەی دەربهێنێ و بیوەشێنی دەستی بەشمشێرەکەوە سڕبوو ، خۆشەویست کە بینی نیازیان خراپە بەجێی هێشتن .

کە گەڕانەوە لەڕێگا لەماڵی ئافرەتێکی هۆزی ( سلول ) لایاندا عامر توشی نەخۆشیەك بوو بەو دەردە مرد ، ( ئیربد ) یش هۆزەکەی لێیان پرسی ئەنجامی سەردانەکەتان چی بوو لای محمد ئەویش وتی : بۆ خوایەك بانگمان دەکات ئەگەر لەبەردەستما بوایە بەشمشێر دەم کوشت . خوای گەورە هەر زوو تۆڵەی لێسەند ئەویش بەوەی کەلەسەر تەپۆڵکەیەك هەورەبروسکەیەك لێی داوکوشتی .

کاتێ هۆزی ( بنی عامر ) تۆڵەی خوایان بینی لە ( عامر ) و ( ئیربد ) بەپەلە رۆشتن بۆ لای خۆشەویست (ﷺ) و موسڵمانبوون . ئەوەندە پەلەیان کرد ولاخ و حوشتر و شت و مەکیان

لەوناوە بەرەڵاکرد بێخاوەن ، تەنها (یەکێکیان ) نەبێت کە پیاوێکی ژیر و لەسەرخۆ بوو حوشترەکەی بەستەوە و بەلەسەر خۆیی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو ، خۆشەویستیش (ﷺ)لەسەر خۆیی و ژیرییەکەی زۆر پێخۆش بوو بۆیە فەرموی : ﴿ ان فيك خصلتين يحبهما الله و رسوله ، الحلم و الأناة ﴾واتە دوو رەوشت و سیفەتت هەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی پێیان خۆشە : نەفەس درێژیو لەسەر خۆیی ) .

*** نمونەیەکی دیکە لەسەر سزای خوا :**

پێغەمبەر (ﷺ) نامەی بۆ کیسرای پاشای فارس نارد و داوای موسڵمانبوونی لێکرد ئەویش تورە بوو نامەکەی خۆشەویستی دڕاند و پاشان فەرمانیدا بە ( باذان ) کە کاربەدەستی فارسەکان بوو بەسەر یەمەنەوە کە ئەو ( محمد ) ناوەی بەباڵ بەستراوی ، بە زیندویی یان بەمردویی ببەنە بەردەست ، ( باذان ) یش دووسەربازی خۆی نارد بۆ مەدینە کە پێغەمبەر (ﷺ) باڵ بەست بکەن و بیبەن بۆی خۆشەویستیش لەمەدینە بینینی سەیری کرد سمێڵیان زۆر هێشتۆتەوە و ڕیشیان تاشیوە ، پێی فەرمون : ئەوە بۆ واتان کردوە وتیان پەروەردگارمان ( واتە کیسرا ) فەرمانی پێداوین ، خۆشەویستیش فەرموی : منیش پەروەردگارم فەرمانی پێداوم کە ڕیشم بهێڵمەوە و سمێڵم کورت بکەمەوە ، ئنجا کە زانی بۆ گرتنی ئەو هاتوون فەرموی : بڕۆن سبەینێ وەرنەوە کە سبەینێ هاتنەوە فەرموی : دوێنێ پەروەردگارم ( پەروەردگاری ئێوەی لەناوبرد ) کە ئەوانیش گەڕانەوە و هەواڵەکەیان گەیاندەوە یەمەن ، ( باذان ) وتی : ئەگەر ئەوەی دەیڵێ ڕاستەبێ مانای وایە بەراستی پێغەمبەری خوایە چونکە بەچەند مانگێك ئنجا هەواڵ لەفارسەوە دەگاتە ئێمە، ئەو چۆن وا زوو لە چەند ساتێکدا هەواڵی پێگەیشت ، ئنجا پاش چەند مانگێك هەواڵیان لەفارسەوە پێگەیشت کە کیسرا بەدەستی کوڕەکەی خۆی لەوشەوەدا کە خۆشەویست فەرمووبووی کوژراوە ( باذان ) و ( یەمەنیەکان ) هەموو موسڵمان بوون .

ئنجا نوێنەری نارده لای خۆشەویست (ﷺ) کە پرسیار بکات بۆ نوێژ ڕوبکەنە کوێ ؟ تا بەتەواوی بەرەو کەعبەبێت ،خۆشەویستیش بەبێ ئەوەی یەمەنی دیبێ فەرمووی : ڕووبکەنە شاخی (ضين) ئەوە قیبلەی تەواوە . دەڵێن تائێستا تەواوترین قیبلە ڕوکردنە ئەوشاخەیە کەخۆشەویست دیاری کردوە لەیەمەندا . بەراستی ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تۆڵەسەندنی خوا لەکیسرا کە

خۆشەویست (ﷺ)دوعای لەتوپەت بوونی موڵکەکەی کرد هەروەك چۆن نامەکەی خۆشەویستی دڕاند .

( ١٨٥ ) **سورەتی ( الانسان )**

قورئان لەسورەتی ( الانسان ) دا بەئاشکرا بانگی مرۆڤ دەکات بۆ بیرکردنەوە لەڕابردوی کە هیچێکی وانەبوە باسبکرێت ، پاشان بەویستی پەروەردگار لەنەبوونەوە هێنراوەتە رووی کار و بەردەوام وا لەتاقیکردنەوەدا بۆ ئەم تاقیکردنەوەیەش چاو و گوێ و دڵ و عەقڵی دراوەتێ کە دەتوانێ ڕێی راست بدۆزێتەوە .﴿ هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِينٌ مِنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُنْ شَيْئًا مَذْكُورًا (١) إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا (٢) إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا (٣)﴾ الانسان

واتە : بێگومان ماوەیەکی ئێجگار زۆر لەرۆژگار هات بەسەر ئادەمیدا کە شتێکی وانەبوو ناوببرێ ، بەراستی ئێمە ئادەمیمان دروستکرد لەتێکەڵەیەك ( واتە / هێلکەیەکی پیتراو ) ، تا تاقی بکەینەوە ، ئنجا دەزگای چاوو گوێمان دایە تا ببینێ و ببیستێ ، ئێمە بێگومان ڕێ نمونیمان کرد ، سایا سوپاسگوزارە ، وەیا نا سوپاسەوبێ فەرمانیمان دەکات ...

هەروەها قورئان دەفەرموێت : ﴿ ولا تَقْفُ مالیس لك به علم ، ان السمع و البصر و الفؤاد كلُ اولئك كان عنه مسؤلاً ﴾ ٣٦ : الاسراء واتە : ئەی ئادەمیزاد دوای شتێك مەکەوە و باس لەشتێك مەکە کە نایزانی چونکە بەراستی گوێ و چاو و دڵ بۆ شارەزابوون و دۆزینەوەی راستی یە و بەرپرسیارن بەرامبەریان .

*** نمونەیەك لەسەرەتای ئیسلامەوە :**

( طفیل ) کوڕی عەمری دەوسی ، نوێنەری هۆزەکەی بوو ، هات بۆ بازاڕی ( عکاظ ) بۆ خوێندنەوەی هۆنراوە و شانازی کردن بەسەروەریەکانی هۆزەکەیەوە ، کە ئەبوجەهل و گەورە پیاوانی قوڕەیش بینیان ، وتیان ئەگەر ( محمد ) دەستی بگاتە ( طفیل ) موسڵمانی دەکات ، بۆیە میواندارییەکی چاکیان بۆ سازکرد و تێیان گەیاند کە ( محمد ) جا دوگەرە و بەهیچ جۆرێ نزیکی مەکەوە تازیانت پێنەگەیەنێ ... ئەوەندەیان تانەو تەشەردا لە ( محمد ) ، ( طفیل ) بڕیاریدا کەلەکاتی ( طواف ) ی کەعبەدا گوێی خۆی بەلۆکە بئاخنێ و بەهیچ جۆرێك گوێ لە ( محمد ) نەگرێ .

لەکاتی تەوافدا خۆشەویست لەلای کەعبەدا نوێژی دەکرد و ، ( طفیل ) ڕەنگ و ڕووی خۆشەویست (ﷺ)و شان وشکۆی کاریان تێکرد ، بۆیە لەدڵی خۆیدا وتی : ماڵت وێران بێت ( طفیل ) خەڵکی بەشاعرێکی چاك و پایەبەرزت دەزانن و ، قسەی چاك و خراپی خەڵکی دەتوانی هەڵسەنگێنی ، چی ئەبێ ئەگەر گوێ لە ( محمد ) بگری ، ئەگەر خراپ بوو بەگوێی مەکە و ، خۆئەگەر چاکیش بوو ئەوە هەقە دوای بکەوی ..

( طفیل ) لۆکەکانی لەگوێی دەرهانی و گوێی لەخۆشەویست (ﷺ)گرت کە سورەتی ( الرحمان )ی دەخوێندەوە ، زۆر کاری کردە سەر دڵ و دەروونی ، بۆیە دوای ڕۆیشتنەوەی خۆشەویست (ﷺ) دوای کەوت بۆ ماڵەوەیان و لەوێ موسڵمان بوو ، ئنجا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا من قسەم دەڕوات لەناو گەلەکەمدا ، کە گەڕامەوە بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام ، بەڵکو لەخوا بپاڕێیتەوە ( کەرامەت ) ێکم پێبات ، تاوەك بەڵگە و نیشانە بێ بۆم ، بۆ ئەوەی زووتر بڕوام پێ بکەن.

خۆشەویستیش (ﷺ)دەستی موبارەکی بەرزکردەوە و فەرمووی : خوایە بەڵگە و نیشانەیەك بدە بە ( طفیل ) کە یارمەتی بدات لەو نیەتە خێرەی کە هەیەتی .. جا کە ( طفیل )گەڕایەوە لەڕێگا ناوچەوانی دەدرەوشایەوە ، ترسا کەگەلەکەی وابزانن ( بتەکانیان ) دەستیان لێوەشاندوە ، بۆیە دوعای کرد کە خوایە ڕۆشناییەکەم بۆ بخەرە جێگایەکی ترەوە ، خوای گەورەش دوعاکەی گیراکرد و ئنجا سەری گۆچانەکەی دەدرەوشایەوە .

یەکەم کەس کە بە ( طفیل ) گەیشت ( عەمر ) ی باوکی بوو ، بەخێر هاتنەوەی کرد و کەوتنە گفتوگۆ ، باسی خۆی بۆگێڕایەوە و وتی : من لەتۆ ( بەریم ) ئەگەر موسڵمان نەبی ، باوکی موسڵمان بوو . پاشان دایکی و هاوسەرەکەی و ( عەمر ) ی کوڕیشی موسڵمانبوون ، ئنجا کەوتە بانگکردنی گەلەکەی وئەوانیش بڕوایان پێنەهێنا ،بۆیە گەڕایەوە خزمەت خۆشەویست (ﷺ) بەدڵی شکاوەوە و وتی : ئەی فرستادەی خوا بەڵکو دوعا لە گەلە دڵڕەقەکەم بکەی خوا تەفر و تونایان بکات ، پێغەمبەری ڕەحمەت بۆ عالەمیش پێی فەرموو ئیمانداری بەزۆر نیە و ئێمە دوعایان بۆ دەکەین کە خوا هیدایەتیان بدات .

ئنجا بە ( طفیل ) ی فەرموو : بگەڕێرەوە ناو گەلەکەت و بە نەرم و نیانی و لەسەر خۆ بانگیان بکە بۆ ئیسلام .کە ( طفیل ) گەڕایەوە و لەسەرخۆ کەوتە بانگەوازکردن ، یەکەم کەس کە

ئیمانی پێهێنا ( ئەبوهریرە) بوو کە پاشان بوو بەو بلیمەتەی کە زۆری فەرموودەکانی خۆشەویستی (ﷺ)لەبەربوو .

بانگەوازی بەردەوام بوو تا ساڵی حەوتی کۆچی کە خۆشەویست (ﷺ)فەتحی خەیبەری کرد ، لەوساڵەدا ( طفیل ) بەخۆی و هەشتا خێزانەوە هیجرەتیان کرد بۆ ( مەدینە ) .کاتێ گەیشتنە مەدینە خۆشەویست بە ( لا الە الا اللە ) و ( اللە اکبر ) کردنەوە بەدەنگی بەرز پێشوازیان کردن و ئەوانیش هەموویان بەیعەتیاندا بەخۆشەویست(ﷺ).

( (ﷺ) ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بەفەرمانی خۆشەویست (ﷺ)بتی ( ذا الکفین ) ی شکاند،لەدوای وەفاتی خۆشەویستیش (ﷺ) ( طفیل ) سەربازێکی بەوەفا وگوێڕایەڵ بوو بۆ ئەبوبەکرەوە لەشەڕی ( یەمامە ) دا لەگەڵ باوکی و کوڕەکەیدا بەشداریان کرد دژی موسەیلەمەی درۆزن ، ڕۆژی یەکەم باوکی ( طفیل ) شەهید بوو ،لەبەیانی ڕۆژی دوایشدا ( طفیل ) بەکوڕەکەی وت : کوڕی خۆم ئەمشە و لەخەومدا بینیم سەرم تاشراوە و لەوەدەچوو باڵندەیەکیش لەدەمم بێتە دەرێ و ئافرەتێکیش باوەشی بۆ کردمەوە و زۆر بەسۆزەوە گرتمیە خۆی ، تۆش کوڕی خۆم دەتویست بەخێرایی پێم بگەیت ، بەڵام نەگەیشتی بەمن .

جا من بەوە لێکیدەدەمەوە کەسەر تاشینەکەم پەڕینی سەرم بێ و باڵندەکەش گیانم بێ کە دەردەچێ وئافرەتەکەش زەوییە کەباوەشم بۆ دەکاتەوەو بەشەهیدی ئەیگرێتەخۆی( انشاءاللە) ، بەخوا دەمێکە ئاواتی بۆ دەخوازم و، ئەوەش کە پێم نەگەیشتی بەوەی دەزانم کەلەگەڵما شەهید نابیت و دەشزانم کە هەوڵی شەهید بوونتە ، خواش بۆ خۆی چاکتر دەزانێ ، کوڕی خۆم گوێم لێبگرە ، من دەزانم شەهید دەبم و بۆنی بەهەشت دەکەم ، وەسیەتم بۆت ئەوەیە لەڕێی خوادا تێبکۆشە ، تێکۆشانێك کە مردن و شەهادەت ئاواتت بێت و ، خەم مەخۆ بۆ مردنی باوکت و برا شەهیدەکانی ، ئەم شمشێرەشم دوای من بۆ تۆ بیوەشێنە لەڕێی خوادا و هێرشی پێ بکەرە سەر دوژمن ، بەراستی ئەوان لەپێناوی ( تاغوت ) دا دەجەنگن و ئێمەش لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی فەرموودەی خوا و ژێرخستنی وشەی کافراندا دەجەنگین و، ئیتر برۆ بەلای کارتەوە کوڕی خۆم ، هەرگیز خوات لەیاد نەچێ ، پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ یا ایها الذین امنوا اذا لقیتم فئة فاثبتوا و اذکروا اللە کثیراً لعلکم تفلحون ﴾ ..

پاش ئەم ئامۆژگاری یە بەنرخە ( طفیل ) چووە ناو شەڕەکەوە و دوژمنی تارومارکرد ، وە بە ڕەنگێك حەماسەتی هەبوو ، هەڵمەتی دەبرد ، تا پێکراو شەهید بوو گەیشتە ئاواتی هەتا هەتایی.

( عەمری کوری طفیل ) یش لەسەر ڕێبازی گیانفیدایی و فیداکاری بەردەوام بوو لەسەر وەسیەتەکەی باوکی ، تا لەجەنگی یەرموکدا ئەویش شەهید بوو ، چووە ڕیزی ئەو ئیماندارە خواناسانەی کە پەروەردگار لەبارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نَحْبَه ومنهم مَن ينتظر وما بدلوا تبديلاً﴾( ١ )

**( ١٨٦ ) سەرنجدان و بیرکردنەوە :**

قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی خۆشەویست (ﷺ)گرنگیەکی زۆر دەدەن بەهاندانی مرۆڤ لەسەر سەرنجدان و بیرکردنەوە ، پێش ئەوەی ڕۆژی قیامەت بێت و کار لەکار بترازێ و لە حزوری خوادا بڵێن :﴿ ولوترى اذ المجرمون ناكسوا رؤوسهم عند ربهم ، ربنا أبْصَرنا و سمعنا فارجعنا نعمل صالحاً انا موقنون ﴾ السجدة : ١٢ واتە : ئەگەر دەبینی تاوانباران چۆن بەسەر شۆڕیەوە لە حزوری خوادا دەوەستن و دەڵێن : پەروەردگارا ! بینیمان و بیستمان ، بمانگێڕەوە کردەوەی چاکە دەکەین ، ئێمە ئێستا دڵنیاین . یان دەڵێن : ﴿ وقالوا : لوكنا نسمع أو نعقل ما كنا في أصحاب السعير فاعترفوا بذنبهم فسُحقاً لأصحاب السعير ﴾ الملك : واتە : ئەگەر هەقمان ببیستایە و ژیر بووینایە ئاوا لەناو هاوەڵانی دۆزەخ دا نەدەبووین ، دانیان نا بە تاوانەکانیاندا ، دەبا لەوەلاتر چن و لەناو بچن هاوەڵانی دۆزەخ .

بەڵێ ... قورئانی پیرۆز سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ سەرنج دان و ووردبوونەوە سا بەڵکو بەهۆیەوە بگاتە ڕێگای هیدایەت بۆ نمونە : ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

حم (١) تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ (٢) إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِلْمُؤْمِنِينَ (٣) وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِنْ دَابَّةٍ آيَاتٌ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ (٤) وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ رِزْقٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ آيَاتٌ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (٥) تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَ اللَّهِ وَآيَاتِهِ يُؤْمِنُونَ (٦) وَيْلٌ لِكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (٧) يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ تُتْلَى عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَنْ لَمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٨)﴾ الجاثية

واته : حامیم ( كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم قورئانە لەم پیتانە بەفەرمانی خوا پێكهاتووە ، ئەگەر دەتوانن ئێوەش شتێكی ئاوابێنن ، بەلأم دیارە خۆ هەرگیز ناتوانن و بۆیان ناكرێ ، هاتننە خوارەوەی قورئان لەلایەن خوای بالأ دەست و داناوەیە ، بەراستی لەئاسمانەكان و زەویدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ بڕواداران ، هەروەها لەدروستكردنی ئێوە و ئەو هەموو زیندەوەرەی كە بلأوی كردۆتەوە لەزەویدا ، نیشانەی هەمە جۆرن بۆ كەسانی دڵنیاو بڕوادار .

هەروەها لەجیاوازی شەو و ڕۆژدا ، لەو ڕزق و رۆزیەی كەلەئاسمانەوە خوا دەیبارێنێت ، وە بەهۆیەوە زەوی زیندوودەكاتەوە پاش مردنی و، هەروەها لەهاتوچۆ و جووڵەی هەوادا ، بەڵگە و نیشانە هەن بۆ كەسانێك كە عەقڵ و بیر و هۆشیان بخەنە كار .

ئا ئەوانە بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتەكانی خوان ، كە دەیخوێنینەوە بەسەر تۆدا ، كە سەر تاسەری حەق و راستی یە ، ئاخۆ دوای ئەو هەموو نیشانە و بەڵگانە بەچ گوفتارێكی تر دوای و تار و گوفتاری خوا ، وە بەچ بەڵگە و نیشانەیەك باوەڕ دەكەن . هاوار و قوڕ بەسەری و ڕەنجەڕۆیی بۆ هەموو ئەوانەی كە بوختانچی و تاوانبارن .

ئەوەی گوێدەگرێ بۆ ئایەتەكانی خوا كاتێ بەسەریدا دەخوێنرێ ، لەوەو دوا سوور دەبێت لەسەر بێ دینی و خۆی بەزل دەزانێ ، هەروەك نەیبیستێت ، جا مژدەی سزایەكی پڕ ئێش بدە بەوانە.

بەڵێ مرۆڤ بەهۆی سەرنجدان و بیركردنەوە لە بوونەوەر و دروست كراوەكانی خوا ، ڕەنگدانەوەی ڕەحمەتی خوا و سیفاتەكانی خوا دەبینێت ، دەسەڵات و زانین و قودرەتی خوای بۆ دەردەكەوێت ، بۆیە قورئان دەفەرموێت : ﴿ فانظر الى اثار رحمت الله كيف يحي الارضَ بعد موتها ، ان ذلك لمحي الموتى وهو على كل شئ قدير ﴾ الروم : ٥٠ واتە : سەرنج بدە و تەماشای ئاسەواری رەحمەتی خوا بكە ، چۆن بەباران زەوی زیندوودەكاتەوەو ، هەر ئەو خوایە دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەمووشتێكدا.

ئەگەر مرۆڤ سەیری سۆز و میهرەبانی دایك و باوك بكات بۆ بێچوەكانیان ، لەوەوە ئاسەواری سۆز و میهرەبانی خوای بۆ دەردەكەوێ كەلەسەد پلە سۆز و میهرەبانی و رەحم تەنها یەك بەشی لەسەر زەوی لەناو گیانلەبەراندا داناوە ، بۆیە پیاو باشێك دەڵێت ، ئەگەر پێم بڵێن حەز دەكەی

خوای گەورە دادگایت بکات یان دایك و باوکت لەقیامەتدا ، دەڵێم دادگایی کردنی خوام پێ خۆشترە چونکە خوای گەورە ( ٩٩ ) ئەوەندەی دایك و باوکم دڵسۆزتر و میهرەبانترە بۆم .

**( ١٨٧ ) پەروەردگار زانا و دانا و کاردروستە :**

خوای پەروەردگار بەزانایی و دانایی و کاردروستی خۆی زەوی و ئاسمانەکان و هەرچی تێدایە بەهەق دروستی کردون ، بەمەبەست دروستی کردون ، هەموانیشی بەجۆرێك دروست کردووە کە بتوانن بەوکارە هەستن کەلە ژیاندا بۆیان دانراوە ، قورئان دەفەرموێ : ﴿ وما خلقنا السماء والارض وما بينهما باطلا ، ذلك ظن الذين كفروا فويل للذين كفروا من النار ﴾ ص : ٢٧ واتە : ئێمە ئاسمان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندایە بەبێ هودە و هەڕەمەکی دروستمان نەکردووە ، ئەوەگومانی ئەوانەیە کە کافر و بێبڕوان ، هاوار و ئاهو ناڵە و وەیل بۆ ئەوانەی کە کافرن لە ئاگری دۆزەخ .

شێخ عبدالمجید زەندانی دەڵێ : بەپرۆفیسۆرێکم وت کەلە ( کۆلێژی مەلەکی بەریتانی ) زەمالە ئەدات ، جەنابی پرۆفیسۆر ئایا لووت بەمەبەست دروستکراوە و کارێکی تایبەتی هەیە ؟ وتی : بەڵێ ، وتم ئەی دەست وقاچ و ئەندامەکانی تریش هەروان ؟ وتی : بەڵێ ، ئەوە لای ئێمە قوتابیان هەموو دەیزانن و پێی دەوترێ ( علم وظائف الاعضاء ) ، وتم : باشە : ئەگەر هەر ئەندامێکی لاشەی مرۆڤ بۆ مەبەستێك دروست کرابێ و ئیشێکی تایبەتی هەبێ ، ئەی باشە مرۆڤیش بەگشتی کە پێك هاتووە لەو هەموو ئەندامانە ئایا حیکمەت نیە لەدروستکردنەکەیدا ؟ ، وتی : ئەوە باسی فەلسەفەیە ، وتم : زۆر سەیرە کە باسی ئەندامەکانی لەش دەکرێ ، دەڵێی ئەوە زانستی (وظائف الاعضاء ) ە باشە بۆچی کەدێینە سەر مەبەست لەدروستکردنی مرۆڤ کەلەو ئەندامانە پێکدێت دەڵێیت ئەوە فەلسەفەیە ، بۆ ئەوەش هەر عیلم و زانست نەبێ ، راستە مرۆڤ ڕەنگە پەی پێنەبات ، بەڵام خۆ پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت هەموویان ئەو زانست و زانیارییەیان لەلای خواوە هێناوە بۆ مرۆڤ و باس لەحیکمەتی دروستبوونی مرۆڤ دەکەن .

وتم : باشە قوربان پێڵاوەکانت مەبەست هەیە لەدروست کردنیدا و کاروفرمانێکی تایبەتی هەیە ؟ وتی : بەڵی ، ئاشکرایە پێم دەپارێزێ و سوودی زۆری هەیە ، وتم : من سەرم دەسوڕمێ لە ژیاری ماددی ئێوە ، چۆن پێڵاوێك حیکمەت هەبێ لەدروست کردنیا و ئەو مرۆڤەی کەلە پێی دەکات بێبەرنامە و بێ مەبەست و بێ حیکمەت بێ ؟ !

خوای پەروەردگار ئایەتەکانی خۆی پیشانی خەڵکی دەدات لـە بوونەوەر و هەرچی تیای دایە ، بەڵکو زیاتر هەق و راستیان بۆ دەرکەوێت و بزانن کە ئەم هەموو وردەکاری و ( اتقان ) ە هی رێکەوت نیە وگۆترە نیە ،بەڵکو خوایەکی دانای زانای کار دروست هێناونیەتیە بوون و نەخشاندونی بەوپەڕی جوانی و چاکی ، هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ سنريهم اياتنا في الافاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق ، أولم يكف بربك أنه على كل شئ شهيد ، ألا انهم في مرية من لقاء ربهم ألا انه بكل شئ محيط ﴾ ٥٤ فصلت / واتە : ئێمە لـە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەر سوڕهێنەریان نیشان دەدەین لـە ئاسۆکانی بوونەوەردا وە لـەخودی خۆیشیاندا ( بێگومان لـەسەردەمی زانستیدا زۆر لـە نهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرابووە ... زاناکان بەگشتی و زانایانی ئەستێرە ناسی بەتایبەتی سەرسامن لـەوردەکاریی و دامەزراویی و گەورەیی و فراوانیی ئەم گەردوونە ، هەروەها ئاڵۆزی و وردەکاری جەستەی مرۆڤیش پرۆفیسۆر و شارەزایانی ئەم بوارەی ڕاکێشاوە بەرە و وردبونەوەی زیاتر و دان نان بە دەسەڵاتی پەروەردگاردا ) ...

ئەم پیشاندانەش بۆ ئەوەیە تا چاك بۆیان روون ببێتەوە و دڵنیابن کە خوا هەقە و راستە ، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نیە کە ئاگا و زانایە بە هەمووشتێك ؟!

جا لـەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە و نیشانانەدا ئەوانە هەر گومانیان هەیە لـە بەیەکگەیشتن و ڕوو بەڕو بوونەوە و ئامادەبونی بەردەم پەروەردگاریان ، دڵنیابە کە خوا بەهەموو شتێك ئاگادار و زانایە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و هیچی لـەدەست دەرناچێت .

## ( ١٨٨ ) بەڵگە و نیشانەکان لە ژماردن نایەن :

ئایەتەکانی خوای پەروەردگار لـە بوونەوەردا و لـەدروستبوونی مرۆڤدا ، شان بەشانی ئایەتەکانی قورئان،بەڵگەو نیشانەی لـەژمارە نەهاتوون لـەسەر گەورەیی و زانایی و دەسەڵاتی خوای پەروەردگار . بۆیە قورئان لـە ڕێی ئایەتەکانیەوە باسی ئایەتەکانی بوونەوەر دەکات ، بەجۆرێك کە هەر مەگەر خوا بۆ خۆی بیزانێ .

دکتۆر مۆریس بۆکای کە پسپۆڕێکی نەشتەرگەریی جیهانییە ، کاتێ بینی پادشای وڵاتی سعودیە نوێژدەکات لای سەیر بوو ، چۆن کەسێك بەو هەموو دەسەڵات و سامانەوە نوێژ دەکات و بڕوای بە ئاین هەیە .

ئنجا كە زانی لەقورئاندا باسی بوونەوەر كراوە ، وتی زۆر چاكە ، ئەگەر ئەم قورئانە مرۆڤ هەڵی بەستبێ ئەوە ئەو باسەی كە دەیكات ڕەنگدانەوەی رۆشنبیری ئەو زەمانەیە و ، ئێستا بەراورد بكرێت دژایەتی تەواوی زانستی ئەم سەردەمەی تیادەبێت ،بۆیە كەوتە دیراسەی قورئان و وتی ئەگەر ڕەنگدانەوەی زانستی ئەو زەمانە بوو ئەوا دەیكەم بە بۆمبێك و دەیتەقێنمەوە بە ڕووی ئاینی ئیسلامدا ، تاوەكو مەسیحیەت كە كڵێسە دژایەتی زانستی پێدەكرد ، لە كۆڵ خەڵك ببێتەوە و وازی لێ بهێنرێ ...

پاش چەند ساڵ و وردبوونەوە و تاوتوێ كردن ، سەرەنجام بۆی دەركەوت كە ئەوەی قورئان لەنزیكەی هەزار ئایەتدا باسی دەكات لە بارەی دروستكراوەكانی بوونەوەرەوە ، زادەی بیری كەسێكی چواردە سەدە لەمەوبەر نیە و ڕەنگدانەوەی رۆشنبیری ئەو زەمانە نیە و تەنها ئەوەیە كە وەحییە و خوایەكی زانای بالاّ دەست ناردویەتی بۆ ( محمد ) (ﷺ) و ئنجا موسڵمان بوو ...

بەراستی ئەگەر مرۆڤ بەچاوێكی ئینصافەوە و دوور لە كەللە ڕەقی و دەمارگیری سەیری دروستكراوەكانی خوا بكات ، سەرەنجام هەر بەرەو ئیمان هەنگاو دەنێت بۆ نموونە :

١ ــ ئەگەر سەیری مرۆڤ بكەین دەبینین دڵ و سیەكانی كە زۆر گرنگن بۆ ئەوەی پارێزراوبن خوای گەورە قەفەسی سنگی بۆ داناوە ... هەروەها مێشكیش لەناو كاسەی سەردا دانراوە تا لە پیاماڵین و بەركەوتن بیپارێزێ ئەمە بێجگە لەوەی كە بەسێ چین پەردە دەوردراوە ، یەكەم پەردەپێی دەوترێت ( دایكە دڵ ڕەقە ) كە پەردەیەكی قایمە و بەهێزە ، پاشان پەردەی دووەم كە بە مێشكەوە نووساوە پێی دەڵێن ( دایكە میهرەبان ) ، لەنێوان هەردوكیشیانا شانەیەكی ئیسفەنجی هەیە كە پڕە لەموولوولەی خوێن پێی دەوترێت ( جاڵجاڵۆكەیی ) ، لەناو پەردەكانیشدا شلیەك هەیە كە پێی دەڵێن شلەی پەردەكان ( السائل السائحی ) ئەمەش بۆ ئەوەیە كە مێشك پارێزراوبێ و تووشی زیان نەبێت و، لە چركەیەكدا ملیۆنەها خانەی لەشی مرۆڤ دەمرن و هی تر دێنە جێگایان كەچی خانەكانی( دەماغ ) تا ئەو كەسە نەمرێ نامرن و دەمێننەوە تا كۆتایی ژیان ، چونكە زانیاریان تیا هەڵدەگیرێت، ئەگەر بمرن ئەوا ئەوكەسە توشی لەبیرچوونەوەی زۆر زانیاری دەبێت ...

٢ ــ دار كونكەر باڵندەیەكە بەهەوڵ و كۆششێكی زۆر لەچوار ساڵ دا هێلانەیەك بۆ خۆی لەدرەختێكی بەرزی سەوزی زیندودا دروست دەكات ،دەنوكی ئەم باڵندەیە لەكۆتاییەكەیدا

شلەیەك هەیە کە ئەو پیاماڵینە دەمژێ و نایەڵێ دەنوك ماڵینەکەی بەدرەخت دا کاربکاتە سەر کاسەی سەری و زیان لەمێشکی بدات ، دیارە ئەمەش حیکمەتی خوای گەورەی تیایە ...

هەروەها زانایان بەدوای ئەوەدا وێڵ بوون کە بۆچی ئەم باڵندەیە خۆی ماندو دەکات درەختی زیندووی سەوزی تەڕ کون دەکات کە گرانتر و نارەحەت ترە ، بۆچی درەختی وشك بوو کون ناکات کە ئاسانترە ، لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە کاتێ درەختی تەڕ کون دەکات ( کەتیرە) ی لێ دێتە دەرێ و کاتێ مار سەردەکەوێ بەدرەختەکەدا تا خۆی و بێچوەکانی بخوات ، ئەو کەتیرەیە بەر لەشی دەکەوێ و ڕێی لێ دەگرێ و دەکەوێتە خوارەوە ئەگەر بپرسین کێ ئەم عیلمەی فێری دارکونکەر کرد و ئەم وانەیەی لەکوێ خوێندوە ؟هیچ وەڵامێك نیە مەگەر ئەوەی کە خوای زانای کار دروست فێری کردووە و بەرنامەی بۆ داناوە .

( حقائق في ضوء العلم الحديث /٤ ) ( عبدالرحمان العصافي )

٣ ــ ئەگەر سەیری جاڵجاڵۆکە بکەین ، سەیر دەکەین کە زۆر بەوەستایانە ، خانووەکەی دەچنێ و حەوت جۆر دەزووی تیا بەکاردێنێ ، ئەو دەزووە ئەستوری یەکەی یەك لەسەر هەزار ملیمەترە ، وە پێنج ئەوەندەی دەزوویەکی کانزایی بەهێزترە کە هەمان ئەستووری هەبێ ، ئەو دەزووە دەتوانێ چوار ئەوەندەی خۆی بکشێ و ناپچڕێ .

جاڵجاڵۆکە دڵۆپە ئاوێکی کەتیرەیی زۆر زۆر بچوك بە دەزوەکەوە دادەنێ بۆ ئەوەی نێچیرەکەی پێوە بنوسێ و دەزوەکەش تەڕ و بڕبێت و ( مرونە ) ی زیاتر بێت ، وە ئەوەندەش بچوکە کە ئەگەر ( ٣٠٠ ) جار گەورە بکرێ ئنجا دەبینرێ ( حقائق في ضوء العلم الحديث –٥ ).

٤ ــ زەردەواڵەی وەحشی :

ئەم جۆرە زەردەواڵەیە دروستکراوێکی سەر سوڕهێنەرە ، بۆ ئەوەی هێلکە بکات ، دەگەڕێ بە دوای جۆرێك جاڵجاڵۆکەی گەورەدا کە پێی دەڵێن ( ترانتولا ) ، ئەم جاڵجاڵۆکەیە لە ( نفق ) ی تایبەتیدا ئەژی کەلەژێر زەویدا دروستی دەکات ... جا بۆ ئەوەی زەردەواڵەکە بیدۆزێتەوە ، خوای گەورە ئەندامی هەستیاری داوەتێ کە بەبۆن ئەو جاڵجاڵۆکەیە ئەدۆزێتەوە ، جاری وا هەیە چەند سەعاتێك دەگەڕێ و چەند جار ئەندامە هەستیارەکەی پاك دەکاتەوە ، تا هەست دەکات کەلەژێر ئەو شوێنەدا ئەو جاڵجاڵۆکەیە هەیە ...

ئنجا کە دۆزیەوە شەڕێکی قورس دەبێت و جاڵجاڵۆکە کە دەدات بەزەردەواڵەکەوە و ژەهر دەکاتە لەشیەوە ، زەردەواڵەکەش دژە ژەهری تایبەت هەیە لەلەشیدا بۆیە ئەو پێوەدانە زیانی لێنادات. ئنجا زەردەواڵەکە ئەدات بەلای چەپی بەشی سەرەوەی سکی جاڵجاڵۆکەکەوە ، لەبەرئەوەی کەلەهەموو شوێنێکی لەشی جاڵجاڵۆکەکە زیاتر هەستی تیایە و زیاتر پێوەدانەکە کاری تێدەکات ، بەمەش جاڵجاڵۆکەکە تووشی ئیفلیجی دەبێت و زەردەواڵەکە ڕای دەکێشێ تا لەشوێنێکی گونجاودا چاڵێکی بۆ هەڵدەکەنێ و پاشان سکی جاڵجاڵۆکەکە کون دەکات و یەك هێلکەی خۆی تێدەکات ... ئنجا پاش ماوەیەك هێلکە دەتروکێ و لەشی جاڵجاڵۆکەکە دەخوات و گەورە دەبێت . ماوە بڵێین ئەم زەردەواڵەیە لەوەرزێکی زاوزێدا تەنها بیست هێلکە دەکات و ئەبێ بۆ هەریەکەشیان جاڵجاڵۆکەیەکی ( ترانتولا ) پەیدا بکات (هەمان سەرچاوە).

**( ١٨٩ ) سەرنجدان لە ئاوو باران :**

سوڕی ئاو لە سروشتدا یەکێکە لەبەڵگە پڕ حیکمەت و گرنگەکانی پەروەردگار زۆر بە وردیی و بەرێکوپێکی ئاوی دەریاکان دەبن بەهەڵم و پاشان وەك هەور بە ئاسمانەوە دەبینرێن و کاتێ خوا مەیلی لەسەر بوو دەیبارێنێ بۆ هەر خاك و ولاتێك کە پێویستی پی یەتی بەبڕێکی تایبەت کە هەر ساڵەی بەجۆرێکە ، تا مرۆڤ هەمیشە خوایان لەیادبێ و هەمیشە داوا لەخوابکەن ، ئەگەر کەمە بۆیان زیاد بکا و ئەگەر زۆر زیادە و زیانیان لێدەکەوێ ، بیانپارێزێ لەو زیانانە و بڕەکەیان بۆ کەم کاتەوە.

کە بارانەکەش باری دەچێتە چینەکانی زەوییەوە و بەشێوەی کانیاو و کارێز سوودی لێوەردەگیرێتەوە و تا ناخی زەوی ناڕوات ، هەروەك قورئان دەفەرموێت ﴿ قل أرأيتم ان اصبح ماؤكم غَوراً ، فمن يأتيكم بماء مَعين ﴾ الملك : ٣٠

واتە : ئەگەر ئاوی کانی و کارێز و ڕووبارەکانتان ڕۆبچێ بەناخی زەویدا ، کێ هەیە بێجگە لەخوا کە ئاوی پاك و زولاڵتان بۆ بهێنێ ، دیارە کەس ناتوانێ ، دە کەواتە هاوەڵی بۆ پەیدا مەکەن و سوپاسی خوای لەسەر بکەن ، هەروەك چۆن خۆشەویست(ﷺ) لەکاتی نانخواردن و ئاو خواردنەوەدا ( بسم الله ) ی دەکرد و پاشان سوپاسی خوای دەکرد و دەیفەرموو ( الحمد لله الذي أطعمنا و سقانا و جعلنا مسلمين ) ...

لە قورئاندا لەچەندەها ئایەتدا باسی هەردو بارانی کردوە ، هەروەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێت : ﴿ أفرأيتم الماء الذي تشربون ، أأنتم أنزلتموه من المُزن أم نحن المنزلون ، لونشاء جعلناه أجاجاً فلولا تشكرون ﴾ الواقعة : ٧٠ واتە : ئایا دیتان ئەو ئاوەی کە ئەیخۆنەوە بۆ لابردنی تینوێتی و مانەوەی ژیان ، ئایا ئێوە گەرمی خۆرتان بۆ نارد ؟ وە بەو گەرمی یە بوو بەهەڵم و سەرکەوت بۆ ئاسمان ؟ ئایا ئێوە ئەم پارچە هەورانەتان کۆکردەوە لەئاسمان و لەیەکتاندان و ئاوێتەتان کردن و کردتانن بە هەوری قورس بەئاو ؟ ئایا ئێوە ئەم ئاوەتان بەباران ناردە خوارەوە لەهەور ؟ یان ئێمە ناردومانەتە خوارەوە ؟ ئێوە ئەمانەتان هیچ نەکردوە ، بەڵکو هەموی هەر خوا کردوونی ، ئیشی ئێوە هەر ئەوەیە کە چاکتر سوودی لێوەربگرن ، ئەگەر بمان ویستایە ئەمان کرد بە ئاوێکی شۆر و تاڵ وەك ئاوی دەریا ، بۆ سوپاسی نیعمەتی پەروەردگار ناکەن ؟!

لەکاتێکدا کە باران دەبارێ و هەورە بروسکە دەبێت ، گرێکی کارەبایی دروست دەبێت کە نزیکەی ( ٢٠ ) ملیۆن ڤۆڵتە و تەیارێکی کارەبایی دروست دەکات کە ( ١٠ تا ٥٠ ) هەزار ئەمپێر دەبێت ... بەهۆی ئەمەوە برێك گازی نایترۆجین و ئۆکسجین یەك دەگرن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین پێك دێنێ کە ئەویش لەئاوی بارانەکەدا دەتوێتەوە و ترشی نتریك دروست دەبێت ... ( گۆڤاری الایمان ژمارە –٥ ) .

جالێرەدا بێجگە لەوەی کە ئاوەکە نیعمەتێکی گەورەیە ، ئەوەش هەر نیعمەتێکی گەورەیە کە خوای گەورە لەماوەیەکی کورتی دیاری کراودا ئەو برە کارەبایە دەنێرێ و برێکی دیاری کراو ترشی نتریك دروست دەکات ، بەبێ ئەوەی ئاوەکە کەڵکی ببرێت و لەبەر تاڵی نەخورێتەوە و ببێ بە( اجاج ) ، وە هەروەها ئەو برە دیاری کراوەی ( ترشی نتریك ) یش حیکمەتی تیایە تاوەکو نزیکەی لە ( ٥٠ ٪ ) بەپێی خاك دابین بکات کە ئەمەش هەر نیعمەتێکی گەورەیە و بۆ خاك و بۆ مرۆڤ پێویستن .

بەڵێ پەروەردگار باران بەبرێکی دیاری کراو حساب بۆ کراو و دەنێرێ ﴿ وأنزلنا من السماء ماء بقدر فأسكناه في الارض وانا على ذهاب به لقادرون ﴾ المؤمنون : ١٨واتە : هەر ئێمە لەئاسمانەوە بارانمان باراندوە و بە قەدەرێکی تایبەت ، بەبەرێکی دیاریکراو ، جێگیرمان کردوە لەناو زەویدا و نایەڵین رۆبچێ و ، پاشان ئێمە دەتوانین ئەو ئاوە لەناوبەرین و ئەوسەرچاوانە وشك بکەین ...

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ والذي نزل من السماء ماء بقدر فأنشرنا به بلدة ميتا ، كذلك تُخرَجون ﴾ الزخرف : ١١ واتە : ئەو خوایەی کەلە ئاسمانەوە بەئەندازە و بڕی دیاری کراوو تایبەت باران دەبارێنێت ، تاوەکو بەهۆیەوە ناوچە مردوەکانی پێ زیندوبکەینەوە ، هەر بەوشێوەیەش ئێوە لە گۆڕەکانتان دەهێنرێنە دەرەوە ( زیندو دەکرێنەوە ) .

بەڵێ ژیان بە ئاوەوە بەندە و نزیکەی ( ٧٣ ٪ ) ی ڕووی زەوی ئاوەو باقیەکەی تریشی وشکانی یە ، جا ئەگەر سەیری وشەی ( البحر ) بکەین لە قورئاندا دەبینین کە (٣٣) جار دووبارە بۆتەوە ، وەوشەی ( البر ) یش ( ١٢ ) جار ووبارە بۆتەوە ، ئەگەر کۆیان بکەینەوە ( ٤٥ ) جار دەکات ، جا ئەگەر ( ٣٣ ) دابەش بکەین بەسەر ( ٤٥ ) دا دەکاتە (٧٣ ٪ ) وە ئەگەر ( ١٢ ) دابەش بکەین بەسەر ( ٤٥ ) دا دەکاتە ( ٢٧ ٪ ) ئەم ڕێژەیەش وەك ڕێژەی ئاوووشکانی یە لەسەر زەویدا کە ئەمەش معجزەیەکی گەورەی قورئانە کەلە زیاتر لەشەش هەزار ئایەتدا و لەپەڕاوێکی شەش سەد لاپەڕەییدا ئەوەندە بەحیکمەت وشەی ( البر ) و ( البحر ) بەپێی پێویست دووبارە بکاتەوە کە ڕێژەکەی نزیك بێت لە ڕێژەی ئاوووشکانی سەر زەوی . ( العلوم المعاصرة في خدمة الداعية الاسلامي / د . محمد جميل الحبال ) .

جا ماوە بڵێین ، مرۆڤیش کە خوا لەزەوی یەوە دروستی کردوە ڕێژەی ئاو لەلەشیدا هەر نزیکەی ( ٧٣ ٪ ) یە و ماددەکانی تریشی نزیکەی ( ٢٧ ٪ ) ن ...

ئەمەش ڕەنگە تیشکێ بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ئێمە هەموو شتێکمان بەبڕێکی تایبەت دروست کردووە و هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی کار دروستی و حیکمەتی خوایە ﴿ انا كل شئ خلقناه بقدر ﴾ القمر : ٤٩

**( ١٩٠ ) موعجیزەی دووئایەت :**

لەزەمانی پێغەمبەردا (ﷺ) خورافات لە زۆر بواردا مرۆڤی ئەو زەمانەی سەرقاڵ کرد بوو ، بۆ نمونە زۆر ناو دەریایان لا ترسناك بوو ، تەنانەت میسری یەکان کە خاوەن شارستانیش بوون ، گیریان خواردبوو بەدەست خورافاتێکەوە کە ناچار بڕواشیان پێی هێنابوو ، ئەویش ئەوەبوو ساڵانە ئاوی نیل کەمی دەکرد، بۆیە دایك و باوکی کچێکیان ڕازی دەکرد ، کە کچەکەیان ببەخشن و بیڕازێننەوە و بیخەنە ناوی ئاوی نیلەوە ، بۆ ئەوەی ئاوەکە زیاد بکاتەوە و لێیان ڕازی بێت !!

دیاره ئەمەش لوتکەی نەفامی و نەزانی و خورافاتە ...

ئەمە درێژەی کێشا تا سەردەمی عومەری کوری خەتتاب ، کاتێ عەمری کوری عاص لە میسر بوو ، سەیری کرد ئاوی نیل ڕوو لە کەمی یە و ئەوانیش دەیانەوێ کچێك هەڵبژێرن و بیڕازێننەوە و فڕێی بدەنە ئاوی نیلەوە ، بۆیە بەتوندی ڕووبە ڕویان بووەوە و ڕێی لێگرتن و نامەشی نارد بۆ عومەر و ئاگاداری کرد و داوای چارەسەری لێکرد ...

( عومەری کوڕی خەتتاب ) یش نامەی بۆ نووسیەوە و بۆی ڕوون کردەوە کە کاری وا لە ئیسلامدا ڕەوانیە و ئەوە خورافاتەو ، بیتاقەیەکیشی نارد کەفڕێی بدەنە ئاوی نیلەوە کەتیایا نوسرابوو ، لەعومەری کوری خەتتابەوە ئەمیری بڕواداران بۆ ئاوی نیلی میسر ، لەدوایدا دەڵێم: ئەگەر ئاوەکەت بە ئارەزووی خۆت دەڕوات ئەوا مەڕۆ و، ئەگەر بەفەرمانی خوایە ئاوەکەت دەڕوات ، من داوا لەخوای تاك و تەنها و بەدەسەڵات دەکەم کە ئاوەکەت زیاد بکات و بڕوات .

کە نامەکە گەیشت و بیتاقەکەیان فڕێدایە ناو ڕووباری نیلەوە بە فەرمانی خوا ئاوەکەی لەیەك شەو و ڕۆژدا ( شانزە گەز ) زیادی کرد ، بەوەش کەکەرامەتێکی ئاشکرای عومەرە خوا میسریەکانی رزگارکرد لەو خورافاتە ( پەڕاوی قبسات من حیاة الرسول / احمد محمد عساف ).

ئالەو باروزروفەدا کە ئەوەحاڵی میسریە پێشکەوتووەکان بێ ، ئاخۆ حاڵی خەڵکی ئەو سەردەمە و زانیاریان لەبارەی دەریاکانەوە چەند بووبێ کە ئەوەندە بەلایانەوە ترسناك بووە نەیان وێراوە زۆر بچنە دەریاوە . ئالەم کات و زەمانەدا قورئان هات و باسێکی دەریاکانی کرد کە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە زادەی بیری ئەو سەردەمانە نیە ، بگرە لەم سەدەی بیستەمەدا پاش لێکۆڵینەوە و گەڕانی زۆر لە دەریاکاندا ، ئنجا دۆزراونەتەوە ، بۆ نمونە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت :

﴿ مرج البحرين يلتقيان بينهما برزخ لا يبغيان ، فبأي الاء ربكما تكذبان ، يخرج منهما اللؤلؤ و المرجان فبأي الاء ربكما تكذبان ﴾ الرحمان .

واتە : خوای پەروەردگار دوو دەریای سوێری لەپاڵ یەکدا داناوە بەیەکتری دەگەن ، لەنێوانیاندا بەربەستێك هەیە ( ناوچەیەك هەیە ) نایەڵێ بەیەکجاری تێکەڵ بن و وەك یەکیان لێبێت.

جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمی و پەری بەکام لەناز و نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕواناکەن و کامی پەسەند ناکەن ، لەو دوو دەریایە مرواری و مەرجان دەردەهێنن کە بەنرخن و بۆ خشڵ و خۆڕازاندنەوە بەرکاردێن ، جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمی و پەری بەکام لە ناز و نیعمەتەکانی پەروەردگار بڕواناکەن و کامی پەسەند ناکەن ...

( ئەم دوو دەریایەش وەکو دەریای سپی ناوەڕاست و زەریای ئەتڵەسی ، دەریای سوور و دەریای عەرەب ) وە لەبەر ئەوەی دەفەرموێ کە لەهەردوکیان ( منهما ) ( لؤلؤ) دەردەچێ دیارە هەردوکیان مەبەست پێیان دوو دەریای سوێرە چونکە ( مرواری ) تەنها لە ئاوی سوێردا دەردەهێنرێ ...

ئەم ئایەتە موعجیزەیەکی گەورەی قورئانە ، چونکە لەدوای ساڵی ( ١٩٥٠ ز ) ەوە زانایان چەندەها بنکەیان دانا لەناو دەریادا و بۆیان دەرکەوت کەلەنێوان دوو دەریادا ، پلەی گەرمی و جۆری گیاندار و ڕووەك و سوێری و ... هتد جیاوازن ، تێگەیشتن کە هەمووی وەك یەك نیە و بەیەکجاری تێکەڵ نابن و هەروەك ئەوەی بەربەستێکی ئاوی هەبێ لەنێوانیاندا . پاشان بۆیان دەرکەوت لەنێوان دوودەریاکەدا ناوچەیەکی چەند کیلۆمەتری هەیە کە هەمووشتێکی لە دوو دەریاکە جیاوازە ،پلەی گەرمی و زیندەوەر و ڕووەك و هتد ... کە ئەوەش پێی دەوترێ ( برزخ ) .

قورئان بۆ ئاوی شیرین و سوێریش هەمان باسدەکات کە بەیەکجاری تێکەڵ بەیەك نابن بەجۆرێك وەك یەکیان لێبێ و، بەربەست هەیە لەنێوانیاندا و بەرزەخیش هەیە بەڵام ئەم بەرزەخە جیاوازە لەوەی پێشوو چونکە ماسی یەکان و گیاندارانی ناوی نابێ دەرچن بۆ ئاوەشیرینەکە یان ئاوە سوێرەکە و، هەروەها نابێ هیچ گیانلەبەرێ بێتە ئەو ناوچەیەوە لە ئاوە شیرینەکەوە یان لە ئاوە سوێرەکەوە ،چونکە ئەو گیانلەبەرانەی لەم بەرزەخەدا دەژین ناتوانن لە ئاوەشیرینەکە یان سوێرەکەدا بژین .

لەکاتێکدا لەنێوان دوو دەریا سوێرەکەشدا بەرزەخ هەیە بەڵام ( حجرا محجورا ) نیە ، واتە گیانلەبەرانی ئەو ناوچەیەی ناوەڕاست ئاسایی یە کە بچنە هەریەکە لە دەریاکانەوە چونکە هەردوکیان سوێرن . باشە خۆشەویست (ﷺ) ئەگەر خوا فێری نەکات ، چوزانێت کە بەناوچەی نێوان دوودەریای سوێر بڵێت بەرزەخ ، ئنجا وەسفێکی زیاتر بۆ ناوچەی نێوان دەریایەکی سوێر و یەکێکی شیرین بکات و بفەرموێ ( حجرا محجورا ) یە هەروەك دەفەرموێ :

﴿ وهو الذي مرج البحرين هذا عَذب فُرات و هذا ملح أُجاج و جعل بينهما برزخاً و حِجرا محجورا ﴾ الفرقان : **٥٣** واته : خوایەکە دوو ئاوی شیرین و سوێری لای یەکەوە داناوە و ناهێڵێ بەیەکجاری تێکەڵ بن و یەکێکیان ئەوی تریان نەهێڵێ ، واتە بۆ چەند کیلۆ مەترێك تێکەڵ دەبن ئاوی سوێر و شیرینەکە ناوچەیەك دروست دەکەن لەنێوان هەردولادا کەبەرزەخە ، ئەو ناوچەیە سیفاتەکانی وەك شیرینی و جۆری زیندەوەرو چڕی و گەرمی و سوێری و ... هتد ، جیاوازە لەئاوە شیرینەکە و لەئاوە سوێرەکەش وە نابێ هیچ گیانلەبەرێك لەملاو ئەولایەوە بێتە ناوی و نابێ لێشی دەرچن ...بەراستی ئەم وەسفە ورد و جوانە تەنها لەدەست خوا دێت کە عالمی غەیب و شەهادەتە ، ئەو خوایەی کە هیچی لێ ون نابێت و زانایە بەهەموو دروستکراوانی .

مامۆستا ( عبدالمجید الزندانی ) دەڵێ : ئەم ئایەتانە و چەند باسێکی تری قورئانیمان لەبارەی دەریاوە خستە بەردەم زانایەکی پسپۆڕی دەریایی هیندی ، پاش باسوخواسێکی زۆر دانی نا بەوەدا کە ئەم قورئانە لەخواوەیە ، بەڵام نەیدەوێرا ئیسلامەتی خۆی ڕابگەیەنێ لەترسی کەس و کار و ماڵ و منداڵی ، تا ڕۆژێك بینیمەوە زۆر پەشۆکا بوو لێم پرسی چیتە ئاوا شپرزەبوویت ؟

وتی : کێشەیەکم بۆ دروستبووە لەگەڵ فەرمانبەرێکدا لەفەرمانگەدا و زۆر زیانم لێ دەکەوێ و پێی عەیب دار دەبم... منیش ویستم زیاتر خوای پێبناسێنم و لەخوای نزیك بکەمەوە ، وتم ئەگەر دەتەوێت کێشەکەت چارەسەر ببێ ، لەسێیەکی دوایی شەودا هەستە ، خوای گەورە هەمووشەوێ لەوکاتەدا دێتە ئاسمانی دنیاوە و چیت هەیە داوای لێبکە دوعات پشت بەخوا قبوڵ دەبێت ... پاشان ئەویش بەقسەی کردم و هەستا بۆ دوعاکردن ، بەیانی کە دەچێ بۆ فەرمانگەکە ، فەرمانبەرەکە لە دوورەوە بانگی دەکات و دەڵێت : فلان ، فلان ، کێشەکە چارەسەر بوو ، هەقیقەتمان بۆ ڕوون بویەوە ، ئەمەش وای لەو زانایە کرد کە چاکتر موسڵمان ببێ و زیاتر ڕووبکاتە خوا ...

### ( ١٩١ ) هەر خوایە دێ بەهانای بەندەکانیەوە :

قورئانی پیرۆز باس لەبێ دەسەلاتی و بێ توانایی ئەو شتانە دەکات کە کافرەکان هانایان بۆ دەبەن و دەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ (١٣) إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ

(١٤) يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ (١٥) إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ (١٦) وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ (١٧) ﴾ الفاطر

واته : ئەوانەی کە بانگیان دەکەن و هانایان بۆ دەبەن جگە لەخوا خاوەنی تەنانەت تویکڵی تەنکی دەوری ناوکی خورمایەکیش نین کە هەر هیچ نیە ، جا ئەگەر لێیان بپاڕێنەوە و گوێیان لێتان نیە ، وە ئەگەر گوێشیان لێتان بێت نایەن بەهاناتانەوە و، ڕۆژی قیامەتیش حاشا دەکەن لێتان و لەوەی کە بە خواتانز انیون ، بێگومان کەس نیە وەك خوا ئاگادار و زانابێت و، هەواڵی ڕاست و دروست بگەیەنێت .

ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارو نەدارن و هەمیشە ئاتاجتان بە خوایە ، وە هەر خوایە کە دەوڵەمەندە و بێ نیازە و شایانی سوپاسە .ئەگەر بیەوێ ئێوە لەناو دەبات و کەسانی تر سەر لەنوێ دێنێتە کایەوە ئەمەش بۆ خوا کارێکی ئاسانە ...

هەروەها ئیبراهیم بەباوکی فەرموو ﴿ یا ابت لِمَ تعبدُ مالا یَسمع و لایُبصر ولا یُغني عنك شیئا ﴾ مریم ٤٢ واتە : باوکە بۆچی شتێك دەپەرستی کە نابیستێ و نابینێ و هیچ سودێکی نیە بۆت .

ئنجاقورئان لەچەندەها ئایەتی تردا خوای پەروەردگار بە بەندەکانی دەناسێنێ و دەفەرموێ :

* ئەی موسا خۆت و براکەت بڕۆن فیرعەون بانگ بکەن بۆ سەر ڕێی ڕاست و هیدایەت و مەترسن چونکە منتان لەگەڵدام و ئەبینم و ئەبیستم و دەتانپارێزم ﴿ قالا ربنا اننا نخاف ان یفرُط علینا او ان یطغی ، قال لا تخافا انني معکما اسمع وأری ﴾ طه : ٤٦

* زەکەریا کە بینی خوای گەورە بەبێ حساب رزق و ڕۆزیەك دەنێرێ بۆ مەریەم کەلەو ناوەدا نەبوو ، دوعای کرد و فەرمووی خوایە ، چۆن ڕزق و ڕۆزی دەنێری بۆ مەریەم ئاواش منالێك بدە بە خۆم و خێزانم ، هەرچەندە من پیرم و خێزانیشم نەزۆکە ، بەڕاستی تۆ دوعاکانمان دەبیستی ، خوای گەورەش قبوڵی کردو مەلائیکەتی نارد بۆ لای مژدەی لەدایك بوونی ( یەحیا ) یان پێدا ﴿ هنالك دعا زکریا ربه ، قال رب هب لي من لدنك ذریة طیبة انك سمیع الدعاء ، فنادته الملائکة وهو قائم یصلي في المحراب أن الله یُبَشرك بیحیی مصدقاً بکلمة من الله و سیداً و حصوراً و نبیاً من الصالحین ﴾ ال عمران : ٣٩ واتە : ئالەوکاتەدا ، وە لەوشوێنەدا زەکەریا هانای برد بۆ

پەروەردگاری و وتی : پەروەردگارا پێم ببەخشە نەوەی چاك و پاك ، بەراستی تۆ پەروەردگارێکی بیسەری دوعا و نزایت .

جا لەکاتێکدا کە زەکەریا لەپەرستگادا بەپێوە وەستابوو نوێژی دەکرد ، فریشتەکان بانگیان کرد :خوای گەورە مژدەت دەداتێ بە یەحیا ، کە ڕاستی فەرمانی تایبەتی خوا دەگەیەنێت ، وە گەورە و ڕێزدارە و خۆپارێزە لە گوناهەکان و ، پێغەمبەرێکە لەچاکان .

* صالح سەلامی خوای لێبێ بەگەلەکەی فەرموو ﴿ والى ثمود أخاهم صالحاً ، قال ياقوم اعبدوا الله مالكم من اله غيره ، هو أنشأكم من الارض و استعمركم فيها فاستغفروه ثم توبوا اليه ، ان ربي قريب مجيب ﴾ هود ٦١واتە : بۆ هۆزی ( ثمود ) یش صالحی برا و خزمیانمان ڕەوانەکرد ، وتی خزمینە گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن ، جگە لەو هیچ خوایەکی ترتان نیە ، ئەو هێناونیەتیە ئەم سەر زەوی یە و داوای لێکردون ئاوەدانی بکەنەوە ، داوای لێخۆشبوونی لێبکەن و پەشیمان ببنەوە لە گوناهەکانتان ، بەڕاستی پەروەردگاری من زۆر نزیکە و نزاکانتان گیرا دەکات .

* لەبارەی دوعا و نزای ( نوح ) سەلامی خوای لێبێ دەفەرموێت ﴿ ولقد نادانا نوح فلَنِعم المجيبون ، ونجيناه و أهله من الكَرب العظيم ، و جعلنا ذريَته هم الباقين ، و تركنا عليه في الاخرين ، سلام على نوح في العالمين ، انا كذلك نجزي المحسنين ، انه من عبادنا المؤمنين ، ثم أغرقنا الاخرين ﴾ الصافات : ٨٢ واتە : بێگومان نوح هاناو هاواری بۆ هێناین ، ئێمەش چاکترین کەسێ بووین کە بەهاناو هاوارییەوە چووین ، خۆی و کەس و کاری باوەڕداریمان لە تەنگانە گەورەکە رزگار کرد ، تەنها نەوەی ئەومان هێشتەوە کە ببنە هۆی ئاوەدان کردنەوەی زەوی ، وەبەسەرهاتی ئەومان هێشتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو تا پەندی لێ وەرگرن سڵاو لەسەر نوح لەلایەن نیشتەجێی جیهانەکانەوە ، بەڕاستی ئەو لەبەندە ئیماندارەکانی ئێمەیە ، لەوەودوا هەرچی ئەوانی تر بوو غەرقمان کردن و خنکاندمانن .

* پەروەردگار بە موسڵمانان دەفەرموێ : ﴿ وقاتلوا في سبيل الله واعلموا ان الله سميع عليم ﴾ البقرة ٢٤٤ واتە : جیهاد بکەن لە ڕێی خوادا و باش بزانن کە بەڕاستی خوا بیسەر و زانایە و پاڵپشتان دەکات .

*﴿ وقال ربكم : ادعوني استجب لكم ، ان الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنم داخرين ﴾ غافر ٦٠ واته : خوای ئێوه فەرموویەتی : لێم بپاڕێنەوە و دوعا بکەن ، تا بێم بەهاناتانەوە ، ئەوانەی سەرپێچی لەبەندەیی من دەکەن و خۆیان بەزل دەزانن ، ئەوانە بەسەرکزی و داماوی یەوە دەچنە دۆزەخەوە .

**( ١٩٢ ) دوعا قبوڵ بوون :**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ واذا سألك عبادي عني فاني قريب أُجيب دعوة الداعي اذا دعان ، فليستجيبوا لي و ليؤمنوا بي لعلهم يرشدون ﴾ ١٨٦ البقرة / واته : ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێ بکەن دەربارەم ئەوە من نزیکم لێیانەوە ، بەهاناو هاواری دوعایانەوە دەچم ، هەرکاتێك لێم بپاڕێنەوە و داوابکەن ، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن ، وە باوەڕی دامەزراویان بەمن هەبێت ، بەڵکو ڕێگای هۆشیاری و سەرفرازی بگرنەبەر .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَءِلَٰهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٦٢) ﴾ النمل / واته : ئایا کی یە جگە لەخوا کەبێت بەهاناو هاواری لێقەوماو و بێدەرەتان و بێچارەوە ، کاتێك کە نزادەکات و لێی دەپاڕێتەوە ، ئەوسا بەلاّ و ناخۆشی یەکان لادەبات و دەتانکاتە نیشتەجێ و جێنشین لەزەویدا ، ئایا ڕەوایە هاوبەش و هاوەڵی هەبێت ؟ کەمێك بیر بکەنەوە یاداوەری وەرگرن .

بەدرێژایی مێژووی چواردەسەدە ، موسڵمانان لەکاتی بێ بارانی زۆردا ، نوێژی باران بارینیان کردووە و خوای گەورە زۆر کات دەستی نەناوە بەڕوویانەوە بارانی بۆ باراندوون کە زەوی بوژاندوەتەوە دڵەکانیشی بەئاوی یەقین ئاوداوە و زیاتر دڵنیای کردوون ، بۆ نموونە :

١ ــ لەوڵاتی حەبەشە لەسەردەمی حوکمی کۆمۆنیستەکاندا ، بێبارانی و قات و قڕی یەکی زۆر ڕوویکردە وڵات ، پیاوانی کەنیسە چوونە لای کاربەدەستان و وتیان ئێمە دەپاڕێینەوە ، بەڵکو بارانبباریێت ، بەڵێ زۆر پاڕانەوە و پاش چەند ڕۆژێ هیچ نەباری ، کاربەدەستانی دوور لەخواش کەوتنە تانە و تەشەردان لێیان .

پاشان خەڵکەکە چوونە لای ئیمامی مزگەوتی گەورەی ( ئەدیس ابابا ) کەناوی شێخ عبدالله بوو ، داوایان لێکرد کە دەرچن بۆ خوێندنی نوێژی بارانبارین ، ئەویش داوای لێکردن کە هەرکەسە

لەلای خۆیەوە پەشیمان ببێتەوە لە گوناهەکانی و دووبەرەکی ناوخۆیان نەهێڵن و ئەو ڕۆژەش بە ڕۆژو بن و بەدڵ و دەروونێکی پاکی موسڵمانانەوە دەرچن ...

بەڵێ کاتێ بۆ سبەینێ بەوجۆرە چوون و نوێژیان کرد خوای گەورە بەفەزڵ و میهرەبانی خۆی لەدوای نوێژەکە لەهەموو ناوچەکاندا بارانێکی پڕخێری بۆ ناردن ، بەجۆرێك کەلە هەموو شوێنێك دەیانووت : ئەوە بارانی موسڵمانەکانە باریوە ...ئنجا شێخ عبدالله لەم بارەیەوە بە شێخ ( زەندانی ) وت : بەڕاستی ئەو بارانە نەك هەر زەوی و زارمان بەڵکو دڵەکانیشمانی ئاودا و دڵنیایی و یەقینی بۆ زیاد کردین .

٢ ـ ( شێخ جاد الحق ) شێخی ئەزهەر دەڵێ : پارێزگاری شاری سینا هاتە لام و باسی ناڕەحەتی خەڵکی کرد بۆ باران ، منیش پێموت بڕۆن نوێژی بارانبارین بکەن ، کاتێ نوێژیان کرد پاش ماوەیەك بارانێکی ئەوەندە زۆر باری کەوتنە دوعاکردن کە خوا بیباتە دەوروبەریان بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن بەهۆی لافاوەوە .

٣ ــ شێخ عبدالمجید زەندانی دەڵێ : چەند جار بەشداری نوێژی بارانبارینم کردوە لەحەرەمی کەعبەی پیرۆزدا و خوای گەورەش پاش نوێژەکە بارانی بۆ باراندوین .

٤ ــ دوعا قبوڵ بون لەهەموو بوارێکی خێردا بەدی دەکرێت و نموونەش زۆرن ، مامۆستایەکی بەڕێز کە ( کۆلێژی دار العلوم ) ی خوێندوە لەشاری ( لاهور ) ی پاکستانی بۆی گێڕامەوە ، کە پیاوێکی خواناسی بێ کەس دەبێتە خزمەتگوزاری کۆلێژەکەیان ، ساڵی یەکەم ناو دەنوسن بۆ حەج ، ئەم پیاوە خواناسەش دەڵێ منیش بنوسن ، پێی دەڵێن : ئاخر تۆ نەهیچت هەیە و نەکەس و کاریشت هەیە یارمەتیت بۆ بنێرن بەچی دەچیت ؟ عەمیدی کۆلێژەکە دەڵێ لەسەر نیەتی خۆی بۆی بنوسن بەڵکو خوا بۆی ئاسان بکات ، ئەو ساڵە کاتی حەج دێت و هەموان دەچن تەنها ئەو پیاوە نەبێ ، ساڵی دووەمیش بەهەمان شێوە ، ساڵی سی یەمیش جارێکی تر ناوی دەنوسن ، چەند ڕۆژێکی دەمێنێ بۆ ڕۆیشتنی حاجیانی ماڵی خوا ، پیاوێکی دەوڵەمەند دێت بۆ کۆلێژەکە و دەپرسێ : فلانی کوڕی فلان لێرەیە ، دەڵێن :بۆ چیتە قەت ناشێ خزمی بیت ، چونکە ئەو دەڵێ من خزم و کەسم نیە ، پیاوە دەوڵەمەندەکەش دەڵێ : نەخێر خزمم نیە ، تکایە ئەگەر لێرەیە بۆم بانگ بکەن بابیبینم ، کە بانگی دەکەن و دڵنیا دەبێت کە ئەوە دەڵێت :من ئەمساڵ نیازی حەجم هەیە و خۆشەویست (ﷺ)هاتۆتە خەوم کە تۆش بەرم لەگەڵ خۆمدا بۆ حەج لەسەر مەسرەفی خۆم... ئیتر

هەموان پێیان خۆش دەبێ و تێدەگەن کە ئەم پیاوە لەو کەسانەیە کە ئەگەر سوێند بخوا خواشتێکی بۆ بکات ، خوای گەورە دڵی ناشکێنێ و بۆی جێبەجێ دەکا ﴿ لو أقسم على الله لأبره ﴾ .

٥ ــ برایەك بۆی گێڕامەوە کەلەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ، منداڵەکانی خوشکەکەی بەکیمیاییەکە تیادەچن و لەتاو ئەو موسیبەتە گەورەیە باری دەرونی خوشکی دەئاڵۆزێ و هەرچەندە دەیانەوێ لەگەڵ خزمانیدا دەری بکەن لەشار ناڕوات لەگەڵیاندا ، بەهەرحاڵ بە زۆر دەیبەن و دوادەکەون لەخەڵکی ، ئەو شەوە لەئەشکەوتێکدا لەگەڵ خێزانێکی تردا دەمێننەوە ، خواردنێکی کەمیان پێ دەمێنێ ، لەترسی فڕۆکەکانی ڕژێم کەنەوەکو بۆمبارانی شاربکەنەوە بڕیاردەدەن کە بەیانی زوو ئەشکەوتەکەبەجێ بهێڵن و ڕووەو سنوری ئێران بڕۆن ... بەیانی دێنە دەرەوە ، ئەو برایە هەرچەند سەیردەکا و حاڵەکە هەڵدەسەنگێنێ دەزانێ ئیش واناڕوات ، بۆیە لەگوێ ئاوێکدا لەسەر بەردە نوێژێك دووڕکات نوێژی پێویستی دەکات و دەڵێ : پەروەردگارا خۆت دەزانی خوشکم بەجێناهێڵم و، ئەویش ئەوە حاڵیەتی و نایەت لەگەڵماندا و ناتوانێ بڕوات ، دەرویەکمان لێبکەرەوە ، بائێمەش تیا نەچین .

دوای نوێژەکە سەد مەترێك دەڕۆن ، سەربازێکی ئێرانی بەخۆی و وڵاخەکەیەوە بەرە و ڕویان دێت و ، دەڵێ : برا ئەو خوشکە سواری ئەم وڵاخە بکەن و بیبەن بەرە و سنوور ، پێی دەڵێن : باشە ئەی خۆت ؟

وتی :گوێ مەدەنە من خوا کەریمە . بەفەزڵی خوا کارەکەیان ئاسان بوو ، بەسواری وڵاخەکە خوشکەکەیان گەیاندە سەر سنوور ، ئنجا لەبیری ئەوەدا بوون کە ئەم ئەمانەتە چۆن بدەنەوە بەخاوەنەکەی ئاخر لەم سەر سنوورە ئەو لاخە بدەنە دەست کێ !!کاتێك دەزانن لەدورەوە سەربازەکە دێت بەرەو لایان و ئەمانیش دەیناسنەوە و بەسوپاسەوە وڵاخەکەی پێدەدەنەوە .

٦ ـ نوێژی ئیستخارە :

پێغەمبەر (ﷺ)موسڵمانانی فێری نوێژی ئیستخارە و دوعاکەی دەکردن هەروەك چۆن قورئانی فێردەکردن کە ئەویش کردنی دوو ڕکات نوێژی سوننەت و پاشان کردنی ئەم دوعایەیە ( اللهم استخيرك بعلمك و استقدرك بقدرتك و أسالك من فضلك العظيم فانك تقدر ولا أقدر و تعلم ولا أعلم وانت علام الغيوب ، اللهم ان كنت تعلم ان هذا الامر خير لي في ديني ومعاشي و عاقبة امري (

او قال : عاجل لأأمري أو اجله ) فاقدره لي و يسرلي ثم بارك لي فيه وان كنت تعلم ان هذا الامر شر لي في ديني ومعاشي و عاقبة امري ، ( أو قال : عاجل امري و اجله ) فاصرفه عني و اصرفني عنه و اقدر لي الخير حيث كان ثم ارضني به ) . وه لەجیاتی ( هذا الامر ) ناوی ئەو کارە دەبات کە ئیستخارەکەی بۆ دەکات ( بوخاری ).

**نموونەیەك لەکوردستانەوە :**

مامۆستا شێخ محمدی کوری شێخ رسولی تەکیێی بۆی گێڕامەوە کەلەساڵی ١٩٥٤دا بێخود بەچەند مانگ دەهاتە هەڵەبجە و بەرۆژ لەگەڵ دۆست و هاوەڵانیدا وەك مامۆستا ( عبدالعزیز پریسی و شێخ رەسوڵی تەکیێی ) و هتد بەسەر دەبرد و بەشەویش دەچوە ماڵی ساڵح بەگی خوشکەزای دەمایەوە ، شێخ محمد دەڵێ : رۆژێك لەهەڵەبجە بێخودم دی لەمزگەوتی ( جامعە ) پێی وتم : ( شێخ محمد ) ئێستا دەستنوێژم شت و چاکەتەکەم هەڵواسی بوو قەڵەمەکەیان لێ دزیم قەڵەمەکەشم زۆر نایابە و کەم کەس هەیەتی بۆیە ئێستا دوو ڕکات نوێژی ئیستخارە دەکەم و پاشان سەرخەوێك دەشکێنم ئەگەر خوا بیەوێ شتێکم حاڵی دەکات و دەیدۆزینەوە ، بەڵێ ...نوێژەکەی کردو پاڕایەوە ، پاشان سەرخەوێکی شکاند ، ئنجا کەهەستا بانگی کردم وتی : برۆ بۆ لای فلأن کەس و پێی بڵێ ( بێخود دەڵێ ) ئەو قەڵەمەی کەلێم کەوتبوو ئەویش بۆی دۆزیومەتەوە بۆم بنێرێتەوە ، ئنجا منیش چومە لای ئەوکەسە و ئەویش هیچ نکوڵی لێنەکرد و قەڵەمەکەی دامێ و منیش بردمەوە بۆ بێخود .

٧ ــ نوێژی پێویستی ( صلاة الحاجة ) ئەمەش کە دوو ڕکات نوێژە و پاشان چ پێویستیەکت هەبێ دوعای بۆ دەکەی ، موسڵمانان زۆر جار دەیکەن بۆ هاتنەدی پێویستیەکانیان ..

کاك ئەحمەدی شێخ بەڕەحمەت بێت لە مەکتوباتەکەیدا دەڵێ : ( چەند جار بۆ کاری گرنگ ( صلاة الحاجة ) م کردوە ، بەشی زۆری خوای مەزن قبوڵی کردوون... بەڵام سوپاس بۆ خوا ، هەموو کاتێ باوەڕم بەوە بەهێزبووە کە ( صلاة الحاجة ) م قبوڵ ئەکرێ ) جا بۆ ئەم مەبەستە ، خۆی ڕوداوێك دەگێڕێتەوە و دەڵێ :

( پیاوێك هەبوو لەشارەزوور ناوی مام قادر بوو ، لەوەختی گەرمادا کاری بێڵکاری بوو تا نوێژی عەسر ، بەهۆی ئەوەوە هەر دوو چاوی کوێر بوون ، ئەویش گورج لەگەڵ (معروف ) ناوی کوڕیدا هات بۆ شاری سلێمانی ، مەعروفی کوڕی هاتە لام و وتی : باوکم کوێر بوە ... منیش زۆر

دڵم بۆی سوتا و ، لەشەودا( صلاة الحاجة ) م بۆ کرد ، بۆ سبەینێ لەگەڵ شەبەقدا ڕۆیشتم بۆ مزگەوت ، لەدەرگای مزگەوتدا چاوم بەمام قادر کەوت و پێم وت : کەفارەتی گوناهت بێ ، خەم مەخۆ پشت بەخوا هەتا من مابم نەفەقەی تۆ ئەدەم ، ئەویش وتی : یا شێخ مژدەبێ ئیمشە و چاوم چاك بۆوە ، منیش بەبیستنی ئەم مژدەیە گەلێ سوپاسی خوام کرد و دوعا و درودم بۆ گیانی پاکی پڕبەرەکەتی پێغەمبەر نارد ) مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ / ل ١٠٤ بەرگی دووەم / چاپی یەکەم.

بەڕاستی ئەو یەقینە زۆر پێویستە بۆ دوعاکردن ، هەروەك حەزەرت (ﷺ)دەفەرموێ﴿ادعوا الله وأنتم موقنون بالاجابة ﴾ ... نەك وەك زۆر کەس کە دوعا دەکەن بێئاگان و قەناعەتیان نیە کە دوعایان قبوڵ ببێت .

دەڵێن مامۆستایەك لەکاتی بێبارانیدا لەگەڵ خەڵکیدا دەیانەوێ دەرچن بۆ کردنی نوێژە بارانە ، لەوکاتەدا کە خەریکن بڕۆن ، کوڕی مامۆستا دەڵێ : بابە بوەستە با چەترەکەمان بێنم ... ئەویش دەڵێ : وەرە بۆ تۆ بەتەمای باران بباریێت ؟ ! چەترت بۆچی یە ؟!

جا بەڕاستی بەتەمای قبوڵبوونی دوعاکەی نەبێ ، ئیتر دوعای چی دەکات ، عومەری کوری خەتتاب ( ڕەزای خوای لێبێت ) دەفەرموێ : ( من خەمی دوعا قبوڵ بوونم نیە ، تەنها خەمی ئەوەمە گەرم بم بۆ دوعاکردن ، ئەگەر دوعام کرد خوای گەورە دەزانم کەوەڵامم دەداتەوە و لێم قبوڵ دەکات ) .

**( ١٩٣ ) دوعاکردن عیبادەتە :**

پەروەردگار فەرمانمان پێدەدات و دەفەرموێ : ﴿ ادعوا ربکم تضرعاً و خفية انه لايحب المعتدين ، ولاتفسدوا في الارض بعد اصلاحها و ادعوه خوفاً و طمعاً ، ان رحمة الله قريب من المحسنين ﴾ ٥٦ الاعراف ،واتە : داوابکەن لەپەروەردگارتان و هانای بۆ بەرن بە پاڕانەوەی بەکوڵ و دڵ و بەدەنگی نزم ، بەڕاستی خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت کەلەئادابی دوعا کردن لادەدەن ، یان هاناو هاوار بۆ غەیری خوا دەبەن .

فەساد و گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا ، دوای ئەوەی کە چاکەکاری تیا فەراهەم هاتووە ، وە هاناو هاوار بۆ خوا بەرن لەترسی سزای دۆزەخ و بەئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت ، بەڕاستی ڕەحمەتی خوا نزیکە لەچاکەکاران و چاکە خوازانەوە

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ الدعاء هو العبادة ﴾ ئەبوداود و ترمذي / حديث حسن صحيح . واتە : نزا و پاڕانەوە لەخوا باشترین عیبادەت و خواپەرستیە .

وەكاتێ یەكێ موسڵمان دەبوو خۆشەویست(ﷺ) فێری نوێژی دەكرد و ئنجا فەرمانی پێدەدا كە ئەم دوعایە بكات ﴿ اللهم اغفر لی ، وارحمنی ، واهدنی ، وعافنی ،وارزقنی ﴾ موسلیم .

دوعاكانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆرن بۆ نموونە :

﴿ اللهم أصلح لي ديني الذي هو عصمة أمري وأصلح لي دنياي التي فيها معاشي و أصلح لي آخرتي التي فيها معادي ، و اجعل الحياة زيادة لي في كل خير ، و اجعل الموت راحة لي من كل شر ﴾ موسلیم واتە : پەروەردگارا ، دینەكەم كەمایەی خۆشی و باشی هەموو كاروبارێكمە رێك و پێكی بخە بۆم ، وە دنیاكەم كە تیایا دەژیم سازی بكە بۆم ، وە دوارۆژم كەتیا زیندوو دەبمەوە ، باشی بكە بۆم ، خوایە : ئەم ژیانی دنیایەم بۆ بكە بەهۆی هەموو زیادەخێرێ ، وە مردنیشم بۆ بكە بەدەسمایەی سەرفرازی و حەسانەوە لەدەستی گشت شەڕێ ...

هەروەها دەیفەرموو : ﴿ اللهم اغفر لي خطيئتي وجهلي و اسرافي في أمري وما أنت أعلم به مني ، اللهم اغفر لي جدي و هزلي ، وخطئي و عمدي ، وكل ذلك عندي اللهم اغفرلي ماقدمت و ما أخرت ، وما أسررت وما أعلنت ، وما أنت أعلم به مني ، أنت المقدم وأنت المؤخر ، وانت على كل شئ قدير ﴾ بخاری و مسلم

واتە : پەروەردگارا لێم خۆش بە لە گوناهو تاوان و زیادەڕەویم ، لەوگوناهانەشم خۆش ببە كە خۆت لەمن باشتر ئاگات لێیەتی و دەیزانی ، پەروەردگارا لە جدیەت و گاڵتە كردنم خۆش ببە و گوناهەكانم بپۆشە ئەگەر بەئەنقەست كرد و من ، ئەوانەش كە بەئەنقەست نەبوون ، خوایە من هەموو ئەو جۆرە گوناهانەم هەبووە ، خوایە لە گوناهی لەمەوپێش و لەمەودواشم خۆش ببە ، وە هەموو ئەوانەش كە بەئاشكرا كردومن و ئەوانەش كە بەنهێنی ئەنجامم داون ، ئەوانە كە تۆ لەمن باشتر ئاگات لی یەتی ، پێشخستن و پاش خستنی بەندەكانت هەر بەدەستی تۆیە ، وە تۆ دەسەڵاتداریت بەسەر هەمووشتێكدا.

ئەگەر یەکێ دوعا بۆ کەسێك بکات لەپاشملە ئەوە مەلائیکەتیش داوای هەمان شت بۆ ئەمیش دەکەن هەروەك خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ ما من عبد مسلم يدعو لاخيه بظهر الغيب الا قال المَلَك ولك بمثل ﴾ مسلم .

هەروەها لەبارەی پەلەنەکردن لەدوعاشدا خۆشەویست r دەفەرموێ : ﴿ لايزال يُستجاب للعبد مالم يدع باثم أو قطيعة رحم ، مالم يستعجل ، قيل يارسول الله ما الاستعجال ؟ قال : يقول : قد دعوت و قد دعوت ، فلم أر يستجب لي ، فيستحسر عند ذلك ويدع الدعاء ﴾ مسلم / واته : هەمیشە نزای بەندە قبوڵ دەبێ و خوا گیرای دەکات ، بەمەرجێ دوعای ناهەق و گوناه نەبێ ، یان بۆ بڕینی ڕشتەی خزمایەتی نەبێ ، هەروەها پەلە پەلیش نەکا ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا پەلەکردن چۆنە ؟ فەرموی : وەك ئەوەی بڵێ ئای چەندە من نزادەکەم کەچی نابینم هیچی گیرابێ ، ئیتر کۆڵ دەدا و هەست بە نائومێدی دەکا و واز لەدوعاکردن دێنێ . لەفەرموودەیەکی تردا خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ : ﴿ سلوا الله من فضله ، فأن الله تعالى يحب أن يُسأل ، وأفضل العبادة انتظار الفرج ﴾ ترمذي واتە : داوای فەزڵ و میهرەبانی و بەخششی خوابکەن ، بەراستی خوا حەز دەکات بەندەکانی داوای پێویستیەکانیان بکەن و ، گەورەترین بەندایەتیش بۆ خوا چاوەڕێ کردنی دەرووی خێرە کە خوا بیکاتەوە . چەند کاتێك هەیە زیاتر دوعای تیا قبووڵ دەبێ وەك : کاتی سوجدە بردن ، دوای نوێژەکان ، دوعای سێیەکی دوایی شەو ، کاتی باران بارین کە دەرگاکانی ڕەحمەت دەکرێنەوە و بارانی ڕەحمەت دەبارێتە سەر زەوی ، ...هتد

( ١٩٤ ) **تەوبەو پەشیمانی :**

زاناکان دەفەرموون : تەوبەو پەشیمان بوونەوە لەهەموو گوناهێ پێویستە و فەرزە ، جا ئەگەر ئەو گوناهە لەنێوان بەندە و خودای گەورەدا بێ و پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە نەبێ ، ئەوا بەم پێنج مەرجە دروستە :

یەکەم : بەیەکجاری واز لەو گوناهە بهێنێ ، دووەم : لەکردنی پەشیمان بێ ، سێیەم : بڕیار بدا کە ئیتر نەیکاتەوە . چوارەم : لەکاتی گیانەڵاّدا نەبێ ، پێنجەم : لەکاتی هەڵهاتنی خۆر لەخۆرئاواوە نەبێ .

بەلاّم ئەگەر گوناهەکە پەیوەندی بەهەقی کەسێکەوە هەبوو ، دەبێت ئەو هەقەی کەکەوتۆتە لای بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و، گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات .

قورئانی پیرۆز هانمان دەدات لەسەر تەوبەکردن و دەفەرموێت : ﴿ وتوبوا الى الله جميعاً أيها المؤمنون لعلكم تفلحون ﴾ نور : ٣١ واته : ئەی بڕواداران هەموو بگەڕێنەوە بۆ لای ڕەحمەتی خوا و تەوبەبکەن بەڵکو سەرفراز بن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيُدْخِلَكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يَوْمَ لَا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٨)﴾ التحريم

واته : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، ئێوە بەتەوبە و پەشیمانیەکی ڕاست و دروستەوە ڕووبکەنەوە خوا ، بەڵکو پەروەردگارتان لەهەڵە و گوناهەکانتان خۆش ببێت ، و بتانخاتە باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەخت و کۆشکەکانیدا دەڕوات ، ڕۆژێك دێت کە خوا پێغەمبەر و ئەوانەی کەلە خزمەتیدان خەجاڵەت و شەرمەزار ناکات ، نوور و ڕووناکیان دەدرەوشێتەوە لەبەردەم و لای ڕاستیانەوەو ، دەڵێن : پەروەردگارا ئەم نوور و ڕووناکیەمان بۆ بەردەوام و تەواو بکە و لێمان خۆش ببە ، بەراستی تۆ دەسەلاّتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

ئەگەر سەیری سیفاتی پارێزکاران بکەین دەبینین تەوبە و پەشیمانی بەردەوام پیشەیانە قورئان لەبارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ (١٣٣) الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣٤) وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ (١٣٥) أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ (١٣٦) ﴾ ال عمران

واته : پەلەبکەن و گورج بن بۆ بەدەست هێنانی لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانتایی یەکەی بەهێندەی ئاسمانەکان و زەوی یە و ئامادەکراوە بۆ پارێزکاران ، ئەوانەی کەلە خۆشی

و ناخۆشیدا ، لەهەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن ، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و لەخەڵکی خۆش دەبن و چاوپۆشیان لێدەکەن ، دیارە کە خوای میهرەبان چاکەکارانی خۆشدەوێت .

ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێك ئەنجام دەدەن ، یا ستەم لەخۆیان دەکەن و دوایی بەخۆیاندا دێنەوە و یادی خوا دەکەن و داوای لێخۆش بوونی گوناهیان دەکەن ، جا کێ هەیە کەلە گوناهیان خۆش ببێت جگە لەخوا ؟! هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن وە بەئاگاییەوە دووبارەی ناکەنەوە . بۆ ئەوانە لێخۆش بوون و لێبوردەیی هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوە ، هاوڕێ لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا ڕووبار بەژێر درەخت و بەبەردەم کۆشکەکانیاندا دەڕوات و ژیانی هەمیشەیی تیادا دەبەنە سەر ، بێگومان ئەم بەهرەیە پاداشتی کۆشش کارانە ، کە هەردەم لەهەوڵدان بۆ خۆپاراستن لە گوناهو ، تەوبەکردنی بەردەوامیش ئەگەر هەڵە و گوناهێکیان کرد .

خوای گەورە تەوبەکار و پاکانی خۆش دەوێ : ﴿ ان الله يحب التوابين و يحب المتطهرين﴾ البقرة : ٢٢٢

### * تەوبەکردن لەچەند فەرمودەیەکی خۆشەویستدا (ﷺ) :

١ــ خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ يا ايها الناس توبوا الى الله و استغفروه ، فأني أتوب في اليوم مائة مرة ﴾ مسلم ، واتە : خەڵکینە تەوبەبکەن و داوای لێخۆش بوون بکەن لەخوا ، بەڕاستی من ڕۆژی سەد جار تەوبە دەکەم و داوای لێخۆش بوون دەکەم لەخوا .

٢ ــ خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ ان الله تعالى يبسط يده بالليل ليتوب مسئ النهار ، و يبسط يده بالنهار ليتوب مسئ الليل ، حتى تطلع الشمس من مغربها ﴾ مسلم ، واتە : بەڕاستی خوای گەورە دەستی ڕادەهێڵێ لەشەودا بۆ ئەوانەی تەوبە دەکەن لە گوناهی ڕۆژیان ، وە لەڕۆژدا دەستی ڕادەهێڵێ بۆ ئەوانەی تەوبە دەکەن لە گوناهی شەویان ، ئەمەش بەردەوامە تا خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵدێ و قیامەت دێت .

٣ ــ هەروەها دەفەرموێ : ﴿ ان الله عزوجل يقبل توبة العبد مالم يغرغر ﴾ ترمذي حديث حسن واتە : خوای گەورە تەوبەی کەسێك قبووڵ دەکات بەمەرجێك لەگیانەلأدا نەبێ .

٤ ــ هەروەها دەفەرموێت : ﴿ كل بني ادم خطاء و خير الخطائين التوابون ﴾ ابن ماجة باسناد حسن واتە : ( جگە لەپێغەمبەران ) کەس مەعصوم نیە لە گوناهو هەڵە و ، چاکترین کەسیش ئەوەیە کە گوناهو هەڵەیەکی کرد تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە .

**( ١٩٥ ) ڕەوشتی جوان :**

خوای پەروەردگار پەرستشەکانی لەسەرمان فەرزکردووە ، تاوەکو بەهۆیانەوە هەمیشە خوامان لەیادبێ و پارێزکاربین ، وە بەوەش بگەڕێینەوە لە خراپە و تاوان و ئازاردانی خەڵکی ، بۆ نمونە :

* قورئانی پیرۆز لەبارەی قوربانی کردنەوە دەفەرموێت : ﴿ لن ينالَ اللهَ لحومها ولا دماؤها ولكن يناله التقوى منكم ، كذلك سخرها لكم لتُكبروا الله على ماهداكم و بشر المحسنين ﴾ الحج : ٣٧ واتە : بێگومان لە قوربانیدا هەرگیز گۆشتەکەی و خوێنەکەی بەخواناگات بەڵکو پارێزکاری ئێوە بەو دەگات و حسابی بۆ دەکات ، ئابەو شێوەیە ماڵاتمان بۆ ئێوە ڕامهێناوە ، تا لەکاتی سەر بڕیندا ، ( الله اكبر ) بڵێن و قەدری پەروەردگاری گەورە بزانن کە هیدایەتی داون ، وە مژدەش بدە بە چاکە کاران .

* لەبارەی نوێژیشەوە قورئان دەفەرموێ :﴿ ان الصلاة تنهى عن الفحشاء و المنكر ﴾ العنكبوت : ٢٥ واتە : بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لەگوناهو تاوان دەکات ، جا هەرکەس نوێژەکەی نەیگێڕایەوە لە خراپە لەجیاتی لەخوای نزیك بخاتەوە ، بە پێچەوانەوە دووری دەخاتەوە .

* لەبارەی ڕۆژو و شەوەوە قورئان دەفەرموێت : ﴿ يا ايها الذين امنوا كُتِب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم لعلكم تتقون ﴾ البقرة : ١٣٨واتە : ئەی بڕواداران ڕۆژوتان لەسەر فەرزکرا هەروەك چۆن لەسەر گەلانی پێش ئێوە فەرزکراوە ، بۆ ئەوەی پارێزکاربن و خۆتان لە گوناه بپارێزن .

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ من لم يدع قول الزور و العمل به ، فليس لله حاجة أن يدع طعامه و شرابه ﴾ واتە : کەسێ واز لەقسە هەڵبەستنی درۆ و کارپێکردنی نەهێنێ ، ئەوە ئەگەر بەرۆژوش بێت خوا پێویستی بەونیە واز لەخواردن و خواردنەوەی بێنێ .

هەروەها دەفەرمویٚ : ﴿ رب صائم ليس له من صيامه الا الجوع ، ورب قائم ليس له من قيامه الا السهر ﴾ رواه ابن ماجة و النسائی .

واتە : ڕەنگە ڕۆژووەوانێك لە ڕۆژووەكەی تەنها برسێتی بۆ بمێنێتەوەو ، ڕەنگە شەو نوێژكارێك لەشەو نوێژكردنەكەی تەنها شەو نخونیەكەی بۆ بمێنێتەوە ، واتە خێریان بۆ نانوسرێ ! .

هاتنە لای خۆشەویست(ﷺ)و عەرزیان كرد ، ئافرەتێك بەشەو شەونوێژ دەكات و بەڕۆژ بەڕۆژووە بەڵام ئازاری دراوسێی دەدات ، فەرمووی : ئەوە لەئاگردایە و دۆزەخی یە .

* لەبارەی حەجیشەوە قورئان دەفەرموێت : ﴿ فلا رفث ولا فسوق و لا جدال في الحج﴾ البقرة : ۱۹۷ واتە : لەكاتی ئیحرام بەستندا بۆ حەج ، چوونەلای هاوسەر و شەڕ و دەمەقاڵێ دروست نیە و ونابێ تاوەكو مرۆڤەكە لە گوناه پاك ببێتەوە .

* بەرەوشتی جوان پایەبەرز دەبین :

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ الا اخبركم باحبكم الي و اقربكم مني مجلساً يوم القيامة فأعادها مرتين أو ثلاثاً ، قالوا نعم يارسول الله ، قال أحسنكم خلقاً ﴾ ئیمام ئەحمەد ، واتە : ئایا هەواڵتان بدەمێ بەوكەسەتان كەلەهەمووتان خۆشەویسترە لای من و لەقیامەتیشدا لەهەمووتان لێمەوە نزیكترە ؟ دووجار یا سێجار ئەم پرسیارەی كرد ، عەرزیان كرد ، بەڵێ ، فەرموی : ئەوكەسەتان كەلە هەمووتان ڕەوشت و بەرزترە .

هەروەها دەفەرموێت ﴿ ما من شئ أثقل في ميزان المؤمن يوم القيامة من خلق حسن ، ان الله يكره الفاحش البذئ ، وان صاحب حسن الخلق ليبلغ به درجة الصوم و الصلاة ﴾ ئیمام ئەحمەد / واتە : هیچ شتێك لەتای ترازوی خاوەن باوەڕدا سەنگی رەوشتی جوانی نیە و ، خودا ڕقی لەدەمپیسی و جنێو فرۆشە و ، خاوەن ڕەوشتی جوان بەڕەوشتە جوانەكەی دەگاتە پلەی ئەو كەسەی كە نوێژوو ڕۆژووی زۆری هەیە ( واتە ئەوكەسەی كە نوێژ و ڕۆژووی سوونەتی زۆر دەكات ) .

**( ۱۹٦ ) خواردنی حەلاڵ :**

بۆ ئەوەی دوعامان قبوول بێت پێویستە ، تەوبەبكەین لەگوناهو ، كاری چاكەش بكەین بۆ ئەوەی گوناهەكانمان بسڕێتەوە چونكە ﴿ ان الحسنات يُذهبن السيئات ﴾ وە بەڕەوشتی جوان و

خزمەت بەخەڵك كردن پلە و پایەمان بەرز دەبێتەوە و زیاتر لەخوا نزیك دەبینەوە ، خۆشەویست (ﷺ) ئامۆژگاریمان دەكات ﴿ اتق الله حيثما كنت ، و اتبع السيئة الحسنة تمحوها و خالق الناس بخلق حسن ﴾ .

بەراستی سەر و ماڵ و عەرز و ناموسی موسڵمان پارێزراوە و بۆ كەس نیە توخنی بكەوێ . خۆشەویست (ﷺ) لەوتاری حەجی ماڵئاوایدا جەختی كردە سەرهەقی موسڵمان و هەقی ئافرەت و ... هتد ) فەرموی : ﴿ ايها الناس ، ان دماءكم وأموالكم عليكم حرام الى أن تلقوا ربكم ، كحرمة يومكم هذا و كحرمة شهركم هذا ...﴾

﴿ تعلمن أن كل مسلم اخ للمسلم و أن المسلمين اخوة ، فلا يحل لامرئ من أخيه الا ما أعطاه عن طيب منه ، فلا تظلمن أنفسكم الا هل بلغت ؟﴾ واتە : خەڵكینە ، سەروماڵتان لەیەكتری حەرامە تا دەگەنەوە بەخوا ، هەروەك چۆن ئەمڕۆتان ڕۆژێكە ، حەرامە خراپەی تیا بكرێ و مانگەكەشتان كە یەكێكە لە مانگە حەرامەكان نابێ دەست درێژی بكرێتە سەركەس .

دەزانن كە موسڵمانان هەموو برای یەكن ، هیچ شتێكی موسڵمانێك بۆ برا موسڵمانەكەی حەڵاڵ نیە مەگەر بە ئارەزووی خۆی بیداتێ ، زوڵم و ستەم لەیەكتری مەكەن ، خوایە تۆ ئاگاداربە كە من پێم ڕاگەیاندون . لەگەڵ ئەوانە هەموویدا خواردنی حەڵاڵ مەسەلەیەكی گرنگە بۆ دوعا قبوولّ بوون ، حەزەرت (ﷺ) دەفەرموێت ( خەڵكینە خوا پاك و خاوێنە و هەرشتێكیش پاك و خاوێن نەبێت وەری ناگرێ ، خوا فەرمانی داوە بەخاوەن باوەڕان بەوەی كە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرانی ﴿ يا ايها الرسل كلوا من الطيبات و اعملوا صالحاً اني بما تعملون عليم ﴾المؤمنون ٥١ واتە ئەی پێغەمبەران لە پاك و خاوێن و حەڵاڵ بخۆن و كردەوەی چاك بكەن ، هەرچی دەكەن من ئاگاداریم ﴿ يا ايها الناس كلوا مما في الارض حلالا طيباً ﴾البقرة ١٦٧،وە دەفەرموێ :﴿ يا ايها الذين امنوا كلوا من طيبات ما رزقناكم ﴾ البقرة ١٧٢واتە : ئەی خەڵكینە ، ئەی بڕوادارینە حەڵاڵ و پاك بخۆن كە ڕزقمان داون ...

لەپاشا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : پیاو هەیە سەفەری درێژ دەكات ، چڵكن و كوڵكن ، هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزدەكاتەوە دەڵێ ﴿ يارب يارب و مطعمه حرام و ملبسه حرام ، ومشربه حرام و غُذي بالحرام ، فأنى يُستجاب له ﴾ مسلم واتە : دەڵێ خوایە خوایە ، كەچی خۆراكی حەرامە و ، خواردنەوەی حەرامە و ، پۆشاكی حەرامە و ، بەحەرام ژیاوە ، جا چۆن دوعای

گیرا دەبێت ؟ هەروەها دەفەرموێت :﴿ ان العبد ليقذف باللقمة الحرام في جوفه ما يتقبل الله منه أربعين يوماً ، وأيما عبد نبت لحمه من سُحت فالنار أولى به ﴾ ابن حبان واته : وادەبێ یەکێك تیکەیەکی حەرام دەخوات و چل رۆژ خوا هیچ کردەوەیەکی لێ وەرنارگرێت ، هەر کەسێکیش گۆشتی لەشی لەحەرام بڕوێ و دروست بێ ئاگر باشترە بۆ ئەوکەسە و دۆزەخ جی یەتی .

**( ١٩٧ ) چەند نمونەیەك لەسەر تەوبەکردنی هاوەڵان :**

هاوەڵانیش مرۆڤ بوون ، هەڵە و گوناهو تاوان و کەم و کورتیان دەبوو ئەگەر کەمیش بووبێ ، کەسیان ( معصوم ) نەبوون ، چونکە تەنها پێغەمبەرانن سەلامی خوایان لێبێ کە ( معصوم ) ن . بەڵام هاوەڵانی پەروەردەکراوی دەستی خۆشەویست (د.خ) زۆر هەستیار بوون بەرامبەر گوناه ، هەرکاتێ بەهۆی نەفس و هەواو ئارەزووەوە ، بەهۆی لاوازی مرۆڤەوە تووشی گوناهێ ببونایە زوو پەشیمان دەبوونەوە و زۆر دەترسان لە سزای خوا ... نموونەش بۆ ئەم ڕاستی یە زۆرە کە تەنها چەند دانەیەکیان باس دەکەین:

١ ــ عومەری کوڕی خەتتاب لە سوڵحی حودەیبیەدا هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و چووەلای ئەبوبەکر و ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر سوڵحەکە ، حەزی کرد نەرمونیانی بەرامبەر کافرانی قوڕەیش پیشان نەدرێ و بە مەرجەکانیان ڕازی نەبن و بەزۆر مەککە داگیر بکەن. خۆشەویست (ﷺ) ئامۆژگاری کرد و تێی گەیاند کە ئەوە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە و ئەویش لەخۆیەوە هیچ ناکات و فەرمانی خوایە ، ئەبوبەکریش بەهەمان شێوە ئامۆژگاری کرد ، دوایی کە سورەتی ( فتح ) هاتە خوارەوە ئیشەکە زیاتر بۆ هەموولایەك ڕوون بۆوە ، عومەر زۆر پەشیمان بووەوە لەهەڵوێستەکەی خۆی و زۆرجار دەیفەرموو : تا ئێستا نوێژ و رۆژوی سوننەت و خێر و چاکە دەکەم و داوای لێخۆش بوون دەکەم لەترسی ئەو قسەیەی کە ئەو ڕۆژە کردم .

٢ ــ لەشەڕی بەدردا کە موسڵمان و کافرەکان ڕوو بەڕوو بوونەوە خۆشەویست (ﷺ)فەرمانی دا کە هەرکەس ( عباس ) ی مامی بینی هیچی لێنەکات چونکە بۆ شەڕ نەهاتووە ، خۆشەویست (ﷺ) خۆی دەیزانی کە ( عباس ) لە مەککەدا دەنگوباسی بۆ دەنێرێ و دڵی هەر لای موسڵمانانە ، بۆیە ئەو فەرمانەی دا ... لەم کاتەشدا ئەبو حوزەیفە باوکی کوژرابوو زۆر دڵ گەرم بوو ، کە ئەم قسەیەی بیست زۆری پێناخۆش بوو وتی کەس و کار و باوکی ئێمە بکوژرێ و ( عباس ) نەکوژرێ ، بەخوا ئەگەر بینیم دەستی لێناپارێزم ، کە ئەم قسەیە گەیشتەوە بە

خۆشەویست (ﷺ) زۆری پێناخۆش بوو ، پاشان داوای لێبوردنی کرد و وتی : لەدەمم دەرچووە و دڵم گەرمبووە ئەوکاتە ... ئیتر ئەبوحوزەیفە زۆر بەم قسەیە ی خۆی دڵگران و زۆر پەشیمان بوو وە دەیووت :مەگەر شەهادەت لەرێی خوادا ئەم گوناهەی من بسرێتەوە ، خوای گەورەش لەسەر نیەتی خۆی شەهادەتی کرد بەنسیبی لەشەڕی ( یەمامە ) دا ...

ئەگەر سەیری ژیانی هاوەڵان بکەین کە چەندە گوێڕایەڵ بوون و چەندە خاتری خۆشەویستیان ویستووە ، ئەگەر جارێك لەکەسێکەوە دواکەوتنێك بووبێ وەك سێ کەسەکەی غەزای تەبووك کە دوایش تۆبەیان کرد و خوا لێیان خۆش بوو ، هەست بەو راستی یە دەکەین کە ئەم حاڵەتانە کەم بووە و زووش هاتونەتەوە هۆش خۆیان و پەشیمان بوونەتەوە ...

* نمونەش بۆ دڵ راگرتنی خۆشەویست (ﷺ) زۆرە لەوانە :

١ ــ ( ابو العاص ) مێردی ( زەینەب ) ی کچی خۆشەویست بوو (ﷺ)، کاتێك ئیسلامەتی هات زەینەب موسڵمان بوو ، مێردەکەی هەروا بەبێ بڕوایی مایەوە ، تا جەنگی بەدر کە لەگەڵ کافراندا بەشداری جەنگە کە دەکات و بەدیل دەگیرێ ، زەینەب ملوانکەیەکی بەنرخی خۆی نارد بۆ ئازاد کردنی مێردەکەی کە کاتی خۆی خاتوو ( خەدیجە ) ی دایکی پێی بەخشیبوو ، کە خۆشەویست (ﷺ) ملوانکەکەی بینی ناسیەوە و بەیادی رۆژانی ( خدیجە ) ەوە زۆر گریا ... هاوەڵان لەبەر خاتری خۆشەویست (ﷺ)ملوانەکەکەیان بۆ گێرایەوە و ئازادیان کرد .

پاش ئەوەی ئایەت هاتە خوارەوە کە نابێ ئافرەتی موسڵمان لای مێردی کافری بمێنێ ، زەینەب لە مێردەکەی جیابۆوە لەبەر خاتری بیروڕاکەی و لە کاروانێك دا هات بەرە و مەدینە ، لەرێگا دز و جەردە رێ یان پێ گرتن و سەرۆکی دزەکان رمێك دەکا بەناو کەژاوەکەی زەینەبدا و ئازاری دەدات ، بەوەش منداڵی لەبار دەچێ و تووشی خوێن لەبەر رۆیشتن دەبێت و پاش چەند ساڵێکیش هەر بەو خوێن لەبەر رۆیشتنە لەمەدینە دەمرێت ، خۆشەویست کە ئەم ڕووداوی دزانە دەبیستێ فەرمان دەدات کە ئەو دزە لەهەر کوێ بگرن بیکوژن ، کابراش خۆی دەشارێتەوە تا پاش چەند ساڵێك دێتە مزگەوت و لەبەردەم خۆشەویستدا شایەتمان دەهێنێ و ئەویش لەبەر خوا لێی خۆش دەبێت

جارێك ( ابو العاص ) پارەوسامانێکی زۆر کۆدەکاتەوە لەخەڵکی مەککە و دەچێ بۆ بازرگانی لەڕێگا موسڵمانان ڕێیان لێدەگرن ، هەموو پاسەوانەکانی کاروانەکە و کەل و پەلەکان دەگرن تەنها( ابو العاص ) نەبێ کە خۆی دەشارێتەوە ، پاشان شەوێك خۆی دەکات بەماڵی زەینەبدا ، زەینەبیش وەزانێ موسڵمان بووە ، کاتێ باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ ڕووداوێکی وام لێقەوماوە ، لە نوێژی بەیانیدا زەینەب لەمزگەوتدا بانگ دەکات کە من داڵدەی ( ابو العاص ) م داوە کەس دەستی بۆ نەبات ...ئنجا موسڵمانان وازی لێدەهێنن و لەبەر خاتری خۆشەویست (ﷺ) و زەینەب هەموو قافڵەکەی دەدەنەوە ، ئەویش دێتەوە لەمەککە دەیداتەوە بەخاوەنەکانی و دەڵێ :خۆکەس هیچی لام نەماوە دەڵێن : ماڵت ئاوابێ کە ماڵ و سامانەکەت لەتیاچوون پاراستین ...ئنجا دەڵێ : دەوا من موسڵمانبووم و دەشچمەوە بۆ مەدینە ، کاتێ بەموسڵمانی دەگەڕێتەوە خۆشەویستیش (ﷺ) زەینەبی پێدەداتەوە .

٢ ــ لەجەنگی بەنی مصطلق دا موسڵمانان سەردەکەون و ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل دەگرن ، کچی سەرۆکی هۆزەکەش ( جوەیریەی کچی حارث ) موسڵمان دەبێ بەهۆی ئەوەی کەلە خەویا دیبوی مانگێك لەئاسمانی مەدینەوە هەڵهاتبوو کەوتبووە کۆشیەوە ، جا کاتێ موسڵمان بوو خۆشەویست داوای لێکرد کە شوی پێبکات وەك ڕێزێك بۆ خۆی و دڵڕاگرتنێك بۆ هۆزەکەی ئەویش ڕازی بوو ، بەمەش بووە دایکی موسڵمانان ... ئنجا لەبەر ئەوەی بووە خێزانی خۆشەویست (ﷺ) هاوەڵان لەبەرخاتری دڵی خۆشەویست (ﷺ)هەموویانیان ئازاد کرد و بوو بە خێر و بەرەکەت بۆ هۆزەکەی .

* تەوبەکردن لە گوناهی گەورە :

ژنێکی جوهەینی هاتە خزمەت خۆشەویست (ﷺ) وتی : ئەی ڕەهبەری خوا ، حەددم لێبدە ، زینام کردووە ، پێغەمبەر (ﷺ)هەقداری ژنەکەی بانگ کرد و فەرمووی : باش بە لەگەڵی ، کەمنداڵەکەی بوو ، بیهێنەوە ، پاش ئەوەی منداڵەکەی بوو هاتەوە و جلەکانی خۆیان تێوە پێچا و ڕەجمیان کرد ، ئنجا خۆشەویست نوێژی لەسەر کرد ، عومەر وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە زینای کردووە کەچی تۆ نوێژی لەسەردەکەی ؟ فەرموی : بەراستی ئەمە تەوبەیەکی وەهای کردووە ئەگەر بێت و دابەش بکرێ بەسەر حەفتا کەس لەخەڵکی مەدینەدا بەشی

هەمویان دەکات ، تەوبە لەوەباشتر دەبێ چی بێ کە گیانی خۆی بەخشی لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورەی خاوەن شکۆ و دەسەلآت . ( موسلیم گێڕاویەتیەوە ) .

هەروەها لە ڕووداوێکی تردا کە ( ماعیزی کوری مالیك ) لەسەر زینا رەجم کرا ، خۆشەویست فەرموی : تەوبەیەکی کرد ئەگەر بەسەر ئومەتێکدا بەش بکرێ بەشیان دەکات.

لەمەسەلەی ( ماعیز ) دا دەڵێن : گوایە دراوسێیەکی هانی ماعیز دەدات کە بێتە لای خۆشەویست و باسی خۆی بکات و شایەتی لەسەر خۆی بدات ، جا کاتێ ئەو دراوسی یە دێتە لای خۆشەویست و دەڵێ : من ( ماعیزم ) هان دا بێتە خزمەتت تا پاك بێتەوە ، خۆشەویست پێی ناخۆش دەبێ و دەفەرموێ : نەئەکرا بە سووچێکی عەباکەت داتپۆشیایە ، ئایا ( ستر ) ی خۆی بکردایە و ، لەبەینی خۆی و خوادا بوایە و تەوبەی بکردایە باشتر نەبوو ، بەڵکو خوا لێی خۆش بوایە .

بەڕاستی مەسەلەی داپۆشینی کەم و کوڕی موسڵمانان پلەیەکی بەرزە و خێرێکی گەورەیە بۆیە خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ : ﴿ من ستر مسلماً ستره الله ﴾ واتە هەرکەس ( ستر ) ی موسڵمانێك بکات خوای گەورەش ( ستر ) ی گوناهی ئەو دەکات و لێی خۆش دەبێت .

**( ١٩٨ ) با ئیمانمان پتەو بکەین :**

خۆشەویست (ﷺ) لەبارەی دڵەوە دەفەرموێت ﴿ ما من القلوب قلب الا و له سحابة كسحابة القمر ، بينما القمر يضيء اذ علته سحابة فأظلم اذ تجلت ﴾ ( طبراني / حسنه الالباني )

واتە : هەموو دڵێك تەم و مژیا پەڵە هەوری خۆی هەیە ، وەك چۆن پەڵە هەور ڕووی مانگ دەگرێت ، کاتێ مانگ دەدرەوشێتەوە و پەڵە هەورێك بەری دەگرێت تاریکی دێت بەسەر ڕووی جوانی مانگدا ، وە هەرکات لاچوو ڕووناکی دێتەوە و ڕووی ڕۆشنی دەردەکەوێت ...

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ تعرض الفتن على القلوب عوداً عوداً ، فاي قلب أشربها نكت فيه نكتة سوداء ، وأي قلب أنكرها نكت فيه نكتة بيضاء حتى تصير على قلبين ، على أبيض مثل الصفاء فلا تضره فتنة مادامت السماوات و الارض و الاخر أسود مرباداً كالكوز مجخياً لا يعرف معروفاً ولا ينكر منكراً الا ما أشرب من هواه ﴾ مسلم / واتە : فیتنە و ئاشوب دێت بەسەر دڵەکاندا وەك چۆن تاڵەکانی حەسیر یەك یەك ڕەشی ڕووی تێدەکات ، هەر دڵێك بیخواتەوە خاڵێکی ڕەشی تیا دروست

دەبێت ، هەردڵێکیش خۆی لێ لادات خاڵێکی سپی تیادەنەخشێ ، تا لەو نێوانەدا دوو دڵ وەبەر دێت ، یەکێکیان وەك کێوی سەفا سپی و جوان و هیچ فیتنەیەك زیانی پێناگەیەنێ تا ئاسمان و زەوی بەرقەرار بێت ، ئەوی تریش وەك گۆزەیەکی دەمە نخوون کراوە کە هیچ ئاوی تیا ناوەستێ و نازانی خێر و چاکەچی یە و تەنها دوای هەواو ئارەزووی خۆی دەکەوێت ...

قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ پەردە هاتن بەسەر دڵدا دەکات و دەفەرموێ :﴿ کلا بل ران علی قلوبهم ما کانوا یکسبون ﴾ المطففین ١٤ واتە : ئەوەی دەیانکرد لەخراپە پەردەی هێناوە بەسەر دڵیانا .

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەیەکتریان دەووت :

* اجلس بنا نؤمن ساعة ... وەرن بادانیشین و سەعاتێك بڕوامان تازەبکەینەوە .

* تعال نؤمن ساعة ... وەرن باسەعاتێ لەئیمان و بڕوا بدوێین و پتەو تری بکەین

* امشوا بنا نؤمن ساعة ... بابەیەکەوە پیاسەیەك بکەین و باس لە ئیمان بکەین

* اجلسوا ، حتی یعلم من لا یعلم ... دانیشن با ئەوەی نازانێ فێر ببێ ...

* انست غلظة فألن لي قلبي ... هەست بەدڵ ڕەقی یەك دەکەم ، دڵم بۆ نەرم بکەن .

دیارە هاوەڵان بەرەکەتی خۆشەویست(ﷺ)هەمیشە بەهرەمەند دەبوون و باشترین پاڵپشت و دڵسۆزبوون بۆ یەکتری ، ئەگەر ئەوان پێویستیان بە کۆڕی ئیمانی و باسی ئیمانی و خۆ نوێکردنەوە بووبێ ، دەبێ ئێمە لەم بار و زرووفەی ئەم سەردەمەی ئێستاماندا چەندە پێویستمان ، بە پەڕاوی ئیمانی ، بەکۆڕی ئیمانی ، بەهاوەڵی چاك هەبێت ؟!

ئیمامی مالیك دەفەرموێ : ئەگەر دڵم ساردبوایەتەوە ، سەردانی پیاو باشێکم دەکرد و تەنها بە چوونە خزمەتی و بینینی بۆ ماوەیەکی زۆر گەرمی دەکردمەوە ...

جا ئێمەش وەك ئەوان با لەگەڵ کە سانێکدا کات بەسەر بەرین و دانیشین کە سوودی ئیمانیمان پێ بگەیەنن ، زین العابدین کوڕی حسین کوڕی عەلی دەڵێت :﴿ انما یجلس الرجل الی من ینفعه في دینه ﴾ ل ٧٥ الرقائق / الراشد .

* گەورەیی کۆڕ و کۆبونەوەی ئیمانی :

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ لا يقعد قوم يذكرون الله الا حفتهم الملائكة و غشيتهم الرحمة و نزلت عليهم السكينة ، و ذكرهم الله فيمن عنده ﴾ مسلم / واتە : هەر کۆمەڵێ دانیشت لە کۆڕ و کۆبونەوەی ئیمانیدا و یادی خوا و بەرنامەکەی بکەن و یەکتری هان بدەن لەسەر خێر و چاکە ، فریشتە دەوریان دەدا و ڕەحمەتی خوا دەبارێتە سەریان ، سەکینەت و ئارامی دەڕژێ بەسەریاندا و خوای پەروەردگاریش لای خۆی بەخێر باسیان دەکات لە (ملأ الاعلى ) دا ...

لەفەرموودەیەکی تریشدا دەفەرموێ : ( خوای پەروەردگار فریشتەی گەڕۆکی زۆر بەرێزی هەیە کە بەدوای کۆڕ و کۆبوونەوەی ئیمانیدا دەگەڕێن ، لەهەر کوێ ڕێیان کەوت لەو جۆرە کۆڕانە ، دەوریان دەدەن و هەتا نێوانی زەوی و ئاسمانی دنیا پڕدەکەن ، کاتێ خەڵکەکە بڵاوەی لێدەکەن ، ئەوانیش بەرز دەبنەوە و سەردەکەون بۆ ئاسمان ، خوای باڵادەست ــ کە خۆی باشتر شتەکە دەزانێ ــ لەبەر حیکمەتێ لێیان دەپرسێ : لە کوێوە هاتوون ؟ دەڵێن : لەلای کۆمەڵێ بەندەی تۆوە هاتووین . کە یادی تۆدەکەن .

دەفەرموێ : داوای چیم لێ دەکەن ؟ دەڵێن داوای بەهەشتت لێدەکەن . دەفەرموێ : ئایا بەهەشتی منیان دیوە ؟ دەڵێن : نەخێر نەیان دیوە !

دەفەرموێ : دەبێ ئەگەر بەهەشتی من بەچاوی خۆیان ببینن حاڵیان چۆن بێ ؟ دەڵێن : پەنات پێ دەگرن . دەفەرموێ : لەچی پەنام پێدەگرن ؟ دەڵێن : لەتاوی ئاگری تۆ ، دەفەرموێ : ئایا ئاگری دۆزەخی منیان دیوە ؟

دەڵێن : نەخێر ، دەفەرموێ : دەبێ ئەگەر ئاگری دۆزەخی من ببینن حاڵیان چۆن بێ ؟ . دەڵێن : هەروەها داوای لێخۆش بوونت لێدەکەن . دەفەرموێ : دەساوالێیان خۆش بووم و ئەوەی داوای دەکەن پێم بەخشین و پەناشم دان لە دۆزەخ کە لێی دەترسن و پەنام پێ دەگرن لێی . دەڵێن : خوایە ! کابرایەکیان لەناودایە ، بەندەیەکی بەدکارە و بەرێکەوت لەوێوە تێپەڕبوە و لەلایان دانیشتووە .

دەفەرموێ : لەویش خۆش بووم ، هۆزی وا هاونشینیشیان بەهۆی پیرۆزی ئەوان و لەبەر خاتری ئەوان قەت بەدبەخت نابێ ) موسلم گێڕاویەتیەوە .

**( ١٩٩ ) گەنجینەکانی ئاسمان و زەوی:**

دووڕووەکان بە موسڵمانانی خەڵکی مەدینەیان دەیانووت ، هاوکاری ماددی و مەعنەوی هاوەڵانی مەککە مەکەن ، بەڵکو مەدینە بەجێبهێڵن و لە کۆڵمان ببنەوە ، خوای گەورەش دەفەرموێ : ﴿ هم الذين يقولون لا تنفقوا على مَنْ عندَ رسول الله حتى ينفَضّوا ولله خزائن السماوات و الارض ولكن المنافقين لايفقهون ﴾ المنافقون : ٦ / واتە : هەردوو ڕووەکانیش دەڵێن بەخەڵکی : ماڵ و سامان بەمەبەخشن بەو کەسانەی کەلە دەوری پێغەمبەری خوان ، تا بلاَوەی لێ بکەن ! ئەی نازانن هەرچی گەنجینەکان هەیە لەئاسمانەکان و زەویدا خوا خاوەنیانە ، بەلاَم دووڕووەکان تێناگەن .هەروەها دەفەرموێت : ﴿ و جعلنا لكم فيها معايش ومن لستم له برازقين ، وان من شئ الا عندنا خزائنه وما ننزله الا بقدر معلوم ﴾ الحجر : ٢١ واتە : لەسەر زەویدا و لەناو زەویدا ژیانمان بۆ ئێوە دیاری کردووە ، وە بۆ ئەوانەش کە ئێوە ناتوانن ڕۆزیان پێ بگەیەنن .

هیچ شتێك نیە لەبەهرە و ناز و نیعمەتەکان کە گەنجینەکانی لای ئێمە نەبێت ، ئێمە نایبەخشین مەگەر بەئەندازەی تایبەت و لەکاتی دیاری کراودا ...

چونکە ئەگەر پەروەردگار زۆر بڕژێ بەسەر بەندەکانیدا لە سنوور دەردەچن و سەرگەردان دەبن هەروەك دەفەرموێت : ﴿ ولو بسط الله الرزق لعباده لبغوا في الارض ، ولكن يُنَزل بقدر مايشاء ، انه بعباده خبير بصير ﴾ الشورى : ٢٧واتە : ئەگەر خوا ڕزق و ڕۆزی بە فراوانی ببەخشێت بەبەندەکانی ، دەستیاندادەیە تاوان و گوناهو ستەم لەزەویدا ، بەلاَم بەحسابێکی وورد و دیاریکراو دەیانداتێ ، بەڕاستی ئەو خوایە زۆر ئاگا و بینایە بەبەندەکانی و بەکار و هەڵوێستیان .

خوای گەورە بەخیل نیە بەوەی کەلە خەزێنەی ڕەحمەتی ببەخشێ بەبەندەکانی ، بەپێچەوانەی مرۆڤەوە کە زۆریان بەرچاوتەنگن و دەست قوچاون ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ قل لو أنتم تملكون خزائنَ رحمة ربي اذاً لأمسكتم خشيةَ الانفاق ، وكان الانسان قَتوراً ﴾ الاسراء : ١٠٠ / واتە : پێیان بڵێ : ئەگەر ئێوە خاوەنی گەنجینەی بەخشین و ڕەحمەتی پەروەردگارم بوونایە ، دەستان دەگرتەوە و نەتان دەبەخشی ، لەترسی کەم بوونەوەی ، چونکە ئادەمیزاد بە زۆری دەست نوقاوو ڕەزیلە .

جا ئەو خوایەی کە گەنجینەی ڕەحمەتی تەواو نابێت هەق وایە تەنها داوا لەو بکەین ، ئەو خوایەی کەکەسی بیر ناچێت و هیچ شتێك سەرقاڵی ناکات لەشتێکی تر ، ئەو خوایەی کە ئەگەر

هەرچی ئادەمیزادو پەری هەیە لە کۆن و نوێدا لەشوێنێکدا بوەستن و هەرکەس چی دەوێ بەئارەزووی خۆی داوابکات و خواش پێیان بدات ، هیچ لەموڵك و گەنجینەکانی کەم نابێتەوە ، مەگەر بەهێندەی ئەوەی کە دەرزی یەك بکەی بە دەریادا و دەری بهێنیتەوە واتە تەنها قەترە ئاوێکە لەچاو بەحری رەحمەتی خوادا .هەروەك لەم فەرمووده قودسی یەدا هاتووە کەئەبو ئیدریسی خەولانی هەر جارێك بیگێڕایەتەوە لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت ، کە دەفەرموێ :

﴿ عن النبي فيما روى عن الله تبارك و تعالى أنه قال :

ياعبادي اني حرمت الظلم على نفسي ، و جعلته بينكم محرماً ، فلا تظالموا ، ياعبادي ، كلكم ضال الا من هديته ، فاستهدوني أهدكم ، ياعبادي كلكم جائع الا من أطعمته ، فاستطعموني أطعمكم ، يا عبادي كلكم عار ، الا من كسوته ، فاستكسوني أكسكم ، يا عبادي انكم تخطئون بالليل و النهار ، وأنا أغفر الذنوب جميعاً ، فاستغفروني أغفرلكم ، يا عبادي انكم لن تبلغوا ضري فتضروني ، ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني ، ياعبادي لو أن أولكم وآخركم ، وانسكم و جنكم ،كانوا على أتقى قلب رجل واحد منكم ، مازاد ذلك في ملكي شيئاً .

يا عبادي لو أن أولكم و آخركم ، وانسكم و جنكم كانوا على أفجر قلب رجل واحد منكم ، مانقص ذلك من ملكي شيئا .

يا عبادي ، لوأن اولكم و اخركم و انسكم و جنكم ، قاموا في صعيد واحد ، فسألوني فأعطيت كل انسان مسألته ما نقص ذلك مما عندي الا كما ينقص المخيط ، اذا أُدخل البحر ..

يا عبادي انما هي اعمالكم احصيها لكم ، ثم اوفيكم اياها ، فمن وجد خيراً فليحمد الله ، ومن وجد غير ذلك ، فلايلومن الا نفسه ﴾ مسلم

واتە : ئەی بەندەکانم من ستەمم لەخۆم حەرام کردووە و لەناو ئێوەشدا یاساغم کردووە کەواتە ستەم لەیەکتری مەکەن .

ئەی بەندەکانم هەموو سەرگەردان و سەر لێشێواون ئەوە نەبێ ڕێنمایی بکەم ، داوای هیدایەت و ڕێنمایی بکەن ، با هیدایەتان بدەم .

ئەی بەندەکانم هەموو برسین ئەوەنەبێ کە خواردنی بەمێ و ڕزقی بدەم ، داوای خواردن و رزق بکەن با ڕزقتان بدەم و تێرتان بکەم .

ئەی بەندەکانم هەمووتان رووتن ، ئەوەنەبێ کەمن بە پۆشاك پۆشتەی بکەم ، داوای پۆشتەیی بکەن تا پۆشتەتان بکەم ( بە پۆشاکی جل و بەرگ و بەپۆشاکی تەقوا ) .

ئەی بەندەکانم ئێوە بەشە وو بەرۆژ گوناه دەکەن و منیش لەهەموو گوناهەکان خۆش دەبم ، داوای لێخۆش بوون بکەن ، بالێتان خۆش ببم .

ئەی بەندەکانم ئێوە ناگەنە پلەیەك بتوانن زیان لەمن بدەن و، ناگەنە ئەوەی سوود بەمن بگەیەنن .

ئەی بەندەکانم ، ئەگەر ئەوەڵ و ئاخرتان بە ئادەمیزاد و پەری یەوە ، هەموو دڵیان وەك لە دڵی پارێزگارترین کەس بێت هیچ لەموڵکی من زیاد ناکات .

ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵ و ئاخرتان ، بە ئادەمیزاد و پەری یەوە ، هەموو دڵیان وەك دڵی خراپترین کەس بێت هیچ لەموڵکی من کەم ناکات .

ئەی بەندەکانم ئەگەر ئەوەڵ و ئاخرتان ، بە ئادەمیزاد و پەریەوە ، لەشوێنێکدا بوەستن و داوابکەن ، منیش هەر کەس چی داوا کردووە بیدەمێ ، هیچ لەموڵکی من کەم ناکات ، مەگەر ئەوەندەی کەدەرزی یەك بکەی بەدەریایەکدا و دەری بێنیتەوە ( تەنها قەترە ئاوێکە لەچاو دەریایەکدا ) ئەی بەندەکانم ، ئیشەکانتان بۆ هەڵدەژمێرم و پاداشتان دەدەمەوە لەسەری هەرچی خێری دەست کەوت با سوپاسی خوا بکات ، هەرکەسیش بەپێچەوانەوە تووشی سزابوو با تەنها لۆمەی خۆی بکات ...

( ٢٠٠ ) **پاشە ڕۆژ بۆ ئیسلامە :**

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی دەدرێ بۆ دورخستنەوەی موسڵمانان لە ئایینی ئیسلام ، لەگەڵ ئەو هەموو پیلانانەی دەرەوە و ناوەوە ، لەگەڵ ئەو هەموو پارەیەی کە خەرج دەکرێ بۆ دژایەتی ئیسلام ، کەچی بەفەزڵی خوا ئیسلام یەکەم ئایینە لەبڵاوبوونەوەدا .. ئامارەکان دەڵێن کە ساڵانە ( ١٥٠ ) ملیار دۆلار لەلایەن فاتیکانەوە دابین دەکرێ بۆ مژدەدان و بەگاورکردنی

موسڵمانان و غەیرە موسڵمان ، کەچی خوای گەورە بەرەکەت ناخاتە کاریانەوە و هەوڵ و تەقەلاکەیانی سنووردار کردووە ...

لەم لاشەوە موسڵمانان بەهەژاریی و نەداری ، بەدەربەدەری و چەوساوەیی یەوە ، چونکە نیەتیان بۆ خوایە ، ڕۆژانە هەواڵی تازە دەبیستین لەدەرەوە و لەناوەوە ، کە هەموویان مژدەن بەدوا ڕۆژێکی گەش بۆ ئیسلامەتی ، کە ئەوەش تەسدیقی فەرموودەی خۆشەویستە ...

ئەمەش چەند نمونەیەکە :

١ ــ ڕانیا علوانی ، کە پاڵەوانی جیهانی مەلەکردنی ئافرەتانە و بەشداری ئۆڵۆمپیاتی (سیدنی ) کردو ، قوتابی یە لە کۆلێژی پزیشکی لە ئەمریکا ، پاش گەڕانەوەی لە (سیدنی) ، بەرگی بالآپۆشی لەبەرکرد ، وە لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی فەزایی ( اقرأ ) دا وتی : وازم لەمەلەکردن هێناو بەرگی ئیسلامیم پۆشی ، خوا حەزکات لە داهاتوودا لە بواری پزیشکیدا خزمەت ، بەوڵاتەکەم دەکەم ...( رانیا ) تەمەنی ( ٢٣ ) ساڵە و حەڤدە ساڵە مەلە دەکات و لەپێشبڕکێکاندا بەشداری کردووە و چەندەها خەڵاتی بەنرخیشی بەدەست هێناوە ، بەلآم وازی لەوانە هەمووی هێناو پابەند بوونی تەواوی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ڕاگەیاند .

٢ ــ لەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە ژنە هونەرمەندی میسری ( صابرین ) بەدەستی هێنا لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی ( ام کلثوم ) دا و بەهۆیەوە گەیشتە لوتکە و چەندەها خەڵاتی وەرگرت ، لەهەنگاوێکی بوێرانە و لەقەناعەتی تەواوە پۆشاکی ئیسلامی پۆشی و وازی لەبواری هونەری هێنا ... وەڕایگەیاند کە زۆر دڵخۆش و کامەرانە بەوەی کە ڕێبازی پەروەردگاری گرتۆتەبەر و کەسێتی خۆی دۆزیوەتەوە / ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە / ٣٣٠

٣ ــ جولەکەیەك لەئیران بەبینینی زنجیرەی ( اصحاب الکهف ) موسڵمان بوو ... ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە / ٣٢١

٤ ــ دکتۆر ئەحمەد کبیسی ، لەبەرنامە قورئانیەکەی کە ناڵی ( دبی ) یەوە ڕای گەیاند کەپەیوەندی پێوەکراوە و فاکسی بۆ کراوە کە چەند ئەڵمانی یەك تەنها بە بینینی بەرنامەکەی موسڵمان بوون ، لەکاتێکدا زمانی عەرەبیشی نازانن ، تەنها بەبینی روخساری دکتۆر و دکتۆر نەجیبی پێشکەشکاری بەرنامەکە .

٥ ــ لە ئەفریقیا هۆزێکی ( بوذي ) موسڵمان بوون بەهۆی ئەوەی کە هۆزێکی موسڵمانیان دەدی لە جەژنی قورباندا گۆشتان بۆ دەهات و ئەوانیش بەشیان دەدان

بوزیەکانی پرسیاریان کرد ، ئەو گۆشتە چی یە هەموو ساڵی بۆتان دێت ، ئەوانیش وتیان براکانمان لە جیهانی ئیسلامی یەوە قوربانی دەکەن و لەڕێی دەزگا خێرخوازەکانەوە بەسەرمان دەکەنەوە و ئێمەیان لەیادە ،بوزیەکان وتیان ، ئێمەش کەس نیە لێمان بپرسێتەوە ، ئیتر موسڵمان بوون و وازیان لەهاوبەش پەیداکردن هێنا بۆ خوا .

٦ ــ بەهۆی تۆڕی ( ئینتەرنێت ) ەوە ڕۆژانە لەوڵاتانی دوور لە جیهانی ئیسلامی ، کەسانێکی زۆر دەچنە سەر ( ئیسلام ئون لاین ) و پێگە ئیسلامیەکانی تر و گرێ دەروونیەکانیان بۆ دەکرێتەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەستدەکەوێ کە ساڵەهایە پێوەی گرفتارن ...

٧ ـــ دکتۆر ( مراد هۆفمان ) لەپەڕاوەکەیدا ( الاسلام عام ٢٠٠٠ ) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئیسلام دەبێتە یەکەم ئایینی جیهانی لەسەدەی بیست و یەکدا . هەروەها ( جیم میران ) ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرسی ئەمریکی داوا لەئەمریکیەکان دەکات کە چاکتر شارەزای ئیسلام بن و دەڵێ : ( محمد گەورەترین و مەزنترین مرۆڤە لەمێژوودا ) وە لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەشیدا لەگەڵ گۆڤاری ( المجتمع ) دا دەڵێ : ( من لەو بڕوایەدام کە سەدەی داهاتوو سەدەی ئیسلامە و سەدەی ڕۆشنبیری ئیسلامە ، کە ئەمەش وادەکات جیهان زیاتر بەرە و ئاشتی و خۆشی بچێت ) . لا ٩٣ المبشرات بانتصار الاسلام / القرضاوي .

بەڕاستی بانگخوازان دەبێ بزانن کە تەنها هەوڵیان لەسەرە و خوای گەورە بەرەکەت دەخاتە کارەکەیانەوە ...

کاتێ خوای گەورە فەرمانیدا بە ئیبراهیم کە ﴿ واذن في الناس بالحج ﴾ ئیبراهیم لای سەیر بوو ، باشە ئەگەر بچێتە سەر شاخێکیش و بانگ لەخەڵکی بکات کە بێن بۆ حەج ، ئاخۆ دەنگی دەگاتە چەند کەس ... بەڵام خۆ لە ڕاستیدا ئەم هەر بانگەکەی لەسەرە و گەیاندنەکەی لەسەر خوایە ...

بۆیە کە چووە سەرشاخی ئەبو قوبەیس و بانگی خەڵکی کرد بۆ حەج ، خوای گەورە بانگەکەی بەجۆرێك گەیاند بەخەڵکی کە نەك هەربەلاشە بەڵکو دڵیشیان پەرۆشی حەج بێت و

لەهەموو لایەکەوە لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ خەڵکی ڕوودەکەنە ماڵی خوا و ، بە حەجی ماڵی خوا لەگشت گوناهەکانیان خۆیان پاك دەکەنەوە .

هەروەك قورئان دەفەرموێ : ﴿ يأتوك رجالاً و على كل ضامر يأتين من كل فج عميق ... ﴾ الحج : ٢٧ واتە : خەڵکی دێن بەپیادە یا بەسواری ئەو وشترانەی کە بەهۆی دووری و ناڕەحەتی ڕێگاوە لاواز بوون ، وە لەهەموو ڕێگایەکی دوورەوە دێن حەجاجی ماڵی خوا ساڵانە ڕوو لە زیادی یە ونزیکەی ( ٣ ) ملیۆن ،کەس ئێستا حەج دەکەن و هیواوایە کەساڵانی داهاتوو دوو ئەوەندە زیاتریش خەڵکی ڕێی حەجیان پێ بدرێت ...

**دوا وتە :**

لە کۆتایی ئەم گەشتە ئیمانی یەدا ، کە باس و خواسێکی هەمە جۆر بوو بۆ پتەوکردنی ئیمان ، پێمان باشە گوێ ڕادێرن بۆ شاعیری خواناسی کورد ( بێخود ) کە هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی دەخاتە چوار چێوەی چەند دێڕە هۆنراوەیەکەوە ، بەوهیوایەی ئێمەش لەگەڵ پتەوکردنی ئیماندا بە خۆشەویستیەکەمان دا بچینەوە بۆ خوا و پێغەمبەری پێشەوامان ...

مامۆستا شێخ محمدی شێخ ڕەسولی تەکیەیی کەهاوەڵی بێخود ، بووە پێی ڕاگەیاندم کە ( بێخود ) زۆر شەو لەخەودا بەخزمەت خۆشەویست ﷺ دەگەیشت و بەوەش زیاتر دڵی قوڵپی دەدا بۆ سەردانی مەدینەی پیرۆز و ، هەر تەعبیرە لەو حەزەش کەلەهۆنراوە بەناو بانگەکەی دا باسی ڕۆیشتن و سەر هەڵگرتنی دڵی دەکات و ئەمیش بە دوایا وێڵە و سەرەنجام پاش گەڕانێکی زۆر ، سۆراخێکی دڵی دەست دەکەوێ کە چووە بۆلای سالاری مەدینە ( هەروەك لەفەرهەنگی بانگخوازان دا باسمان کرد ) ...

ئێستاش فەرموون لەگەڵ ئەم دەربڕینی خۆشەویستی و شەوقەی ( بێخود ) بۆ مەدینە و بۆپێغەمبەر ﷺ کەلە دیوانەکەیدا دەڵێ :

کەوسەر وەکوو تەنوورەیی چاوی پـڕ ئـــاومـە

دۆزەخ وەکوو تەنووری دڵەی پـڕ هــــالأومـە

ئاخۆ ئەلەکتریکە شەوی کـــردە عـــــەینـی ڕۆژ

یاخۆ بلێسەی ئاگری کوورەی بەتـــــاومـــــە

لـەنگێزەیی بەهارە کەهەڵساوە ( خاصە ) ، یــا

فرمێسکی چاوی سووری بەخـــــورِ دارژاومــــە

یەك جێگە پێ نەمایەوە بۆ من زەمـــیـــنی دەیم

یەعنی لـەفە یضی گریەوە دنیا بـــەراومـــــە

بۆنی کەبابە ، بۆ چەکی جزلێکە دێ لـــــەدوور

یا بۆ چرووکی جەرگ و دڵی هــەڵکزاومـــــــە

هێلانە زەردەواڵە وروژاوە بـــــــــەم شــــەوە

یاگرمە گرمی سینەیی کون کون کــــــراومـــە

داخی شکستی دڵ نی یە ئەیخۆم لـە مـــوددەعـــی

دەردی بەبەردی حادیثە ی شووشەی شـــــکاومـە

غەم واسیطە ی حەیاتی منی بێ کەســە و فـــەقیر

غەم نان و ئاوو چایی و گۆشت و پـــلاوْمـــــــە

بەر بووم ئەگەر لـەداوی تەعەللوق ، ئـــەما بەرِۆح

دڵ گورپە گورپی پەرچەمی چین چــــین و خــاومە

واتێنەگەی لـەرەعشەیی پیریمـە ئەی جــــەوان

لـەرزینی تیری غەمزەیی شۆخێکی لاومـــــــــە

شۆخێ کە یادی ئارەقی بۆن خۆشـــی لامـــــــی

قۆڵۆنیا و شووشەیی عەترو گــــــولاْومە

شۆخێ كه رابیته ی دەمەكـــەی پڕ لـەخەندەكەی

خونچەی گوڵی بەئاوی حەیـــات ئـــاو دراومە

شۆخێ كەیەك موژەی بەمە ثه ل بۆ زە بـیـــحی من

صەد خەنجەری خەلیلی بەدایم ســـــواومـــە

پەروانەنیم كه عاشقی شەمعی كـــــــــوژاوەبم

پەروانەی چرایی تاكو ئەبەد هـــــەڵكراومـــە

مەجنوونی لـەیلی چاوی غەزالێكی هـــــاشـمیم

شاهید دەروونی چاك و یەخـــــــەی دادڕاومـــە

یوسف مەتاعی من نی یە لێم لادە ئەی عــــەزیز

سەودای نگینی خەتمی ڕیسالـەت بـــــەنـاومە

بۆ گۆشەیێكی تیغی برۆی وەك ژنـــــانی میصر

پەیوەستە ئارەزووی لـەپی دەستی بــــــڕاومە

بۆ زەڕڕە خاكی توربەتەكەی ڕەشكی جــەننەتی

یەك دەفعە بووم بەنێرگس و هەرچاوەچـــــاومە

ئەو توربەتەی كه صەیقەلی میرئاتی چاومـــــە

ئیكسیری قەلبی مەعاصی خـــــــوراومـــــە

ئەو توربەتەی كه خۆڵ و گڵ و وردە بـــەردی ئەو

ئالْتوون و زیوو لیرە و غازی و دراومـــــــــە

ئەو توربەتەی كه تۆزی ئەگەر بێتە سەرســـەرم

نایدەم بەتاجی خوسرە و و جەم گەر کلاوەمە

ئەی بازی سیدرە تۆبی خودا بۆچی ناگری

نێچیرەکەت کە پۆڕی دڵی هەڵفڕاوەمە

هەر فیکری تۆیە باعیثی ژین و حەیاتی من

هەر زیکری تۆیە قووەتی ئەژنۆ و هەناوەمە

هەر وەصفی ڕووتە هەر قسەیێ وا لەسەر زمان

هەر صەرفی مووتە هەرچی خەیاڵی بلاوەمە

هەروەك مناڵە کوردێ کەون بێ لەباوکی

ئەگریم بەرە و مەدینە و هەر باوە باوەمە

مەڕوانە چاوی تەڕ ، بەخودا زۆر خەجاڵەتم

گریان نیە ، دلۆپی حەیاکەی تکاوەمە

باکم لە دانەنیشتنی مەنهی نیە ، بەلاّم

ترسی بەئەمری حەزرەتی تۆ هەڵنەساوەمە

چاکەم بەدەست خراپەیەوە هەر زاك و زووکیە

چ بکەم پەرۆشی ماڵی بەتالاّن براوەمە

ساتۆش بفەرموو : خادیمەکەی دەرك و بانی خۆم

پەت کەن کە چونکە ئەوسەگی قول هەڵکراوەمە

یەعنی بەشەو ئەگەر سەگە ، ئەیکەم ، بەتوولە ڕۆژ

ئەم بەسەگ بەتوو لە کردنە بۆ پاس و ڕاوەمە

من چونکە غەیری شیعر و غەزەل هیچی کـــــەم نیە

بۆ خزمەتت هەر ئەم دووە دیاریی نـــــــــراومـــــە

دایم لـە سەییدم ئەمە تەجــــــا ئیزەم بــــــلێ :

( بێخود ) قولی بەنەقدی شەفــــــــاعەت کڕاومە

تەنوورە : گێژی ئاو لەوشوێنەدا کەلە بنەوە چالآیی یەك یا کونێك هەبێ ئاوەکەی پیابچێ .

هەلآو : هالآو لەنگێزە : بارینی بارانی بەخوڕەم خاصە : شیوەکەی ناو کەرکوك

صەدخەنجەری : خەلیلی بەدایم سواومە : ئیشارەتە بۆ چەقۆکەی ئیبراهیم کەویستی کوڕەکەی بکا بە قوربانی بۆ خوا .

خەتمی ریسالەت : ئەوکەسەی کە پێغەمبەرایەتی بەناوی ئەوەوە دوایی هێنراوە .

ڕەشك : داخ و حەسرەت ، ئەو خاکەی کەبەهەشت بەخیلی پێ ئەبا

جەم : جەمشید هەڵنەساومە : ترسی ئەوەم نیە کە خراپەم کردبێ ، چونکە نەم کردووە ، بەڵکو ترسی ئەوەم هەیە کە چاکەم نیە و بەفەرمانی تۆ هەڵنەساوم .

ئەم هۆنراوەیە لەساڵی ١٣٤٥ ی کۆچی دا وتراوە .

شایانی باسە بێخود ساڵی ١٩٥٥ زاینی وەفاتی کردووە .

---

( ١ ) الی الذي سأل این الله / عبدالرحمن السنجری .

( ٢ ) ل ١٢٢ الرقائق / محمد احمد الراشد .

( ١ ) زنجیرەی سلسلەی اعلام الصحابة ( سیف الدین الکاتب ) ( طفیل بن عمرو الدوسي)

## بەشی٨

# عەهدو پەیمان

| | |
|---|---|
| ٢٠١- عەهدو پەیمان | پێشەکی |
| ٢٠٣- جوولەکەو پەیمان شکاندن | ٢٠٢`- عەهدو پەیمانی خاوەن پەڕاوەکان |
| ٢٠٥- باچاو لە پێشینان بکەین | ٢٠٤ - موسوڵمانان وپەیمانەکەیان |
| ٢٠٧- خۆزگەو ئاواتەکان | ٢٠٦- گرنگی دان بە کات وبەفیڕۆ نەدانی |
| ٢٠٩- ئەو مردنەی کە لێی ڕادەکەن | ٢٠٨- خۆزگەو ئاواتێکی دنیایی |
| ٢١١- ڕۆیشتن لەگەڵ جەنازەدا بۆ گۆڕستان | ٢١٠- ئاوات وداوای سەرەمەرگ |
| ٢١٣- خۆزگەو ئاواتەچاکەکانی قیامەت | ٢١٢ - گۆڕی تەنگ وتاریك |
| ٢١٥- دەتەوێ پێشەنگ بیت؟ | ٢١٤-خۆزگەو ئاواتە بێ سوودەکانی قیامەت |
| ٢١٧- هەڵۆی بەرزە فڕی ئیسلام | ٢١٦ -ئەوانەی خۆیان دەفرۆشن بە خوا |
| ٢١٩ - هەرچیت پێدەکرێ بیکە! | ٢١٨– ابن الجوزی وهیمەتەکەی |
| ٢٢١- گەیاندنی پەیامی خوا | ٢٢٠ - لیژنەی موسوڵمانانی ئەفریقیا |
| | دوا وتە یان پوختەی باسەکە |

## پێشەکی

ئیبن مەسعود لەبارەی قورئانەوە دەڵێت﴿ إنَّ هذا القرآنَ مأدبةُ اللهِ فاقبَلوا مأدُبتَه ما استطعتَم إنَّ هذا القرآنَ حبلُ اللهِ والنُّورُ المبينُ والشِّفاءُ النَّافعُ عصمةٌ لمن تمسَّك به ونجاةٌ لمن اتَّبعه لا يزيغُ فيُستَعْتَبُ ولا يَعوَجُّ فيُقوَّمُ ولا تنقضي عجائبُه ولا يخلَقُ من كثرةِ الرَّدِّ اتلُوه فإنَّ اللهَ يأجُرُكم على تلاوتِه كلَّ حرفٍ عشرَ حسناتٍ أما إنِّي لا أقولُ ألم حرفٌ ولكنْ ألفٌ حرفٌ ولامٌ حرفٌ وميمٌ حرفٌ﴾. واته : ئەم قورئانە سفرە و خوانی خوایە بۆتان ، چەند دەتوانن لێی بەهرەوەربن ، ئەم قورئانە ڕێبازی گەیشتنە بەخوا ، نوور و ڕووناکیەکی ئاشکراو چارەسەرێکی بەسوودە ، پارێزەری ئەو کەسەیە کە دەستی پێوەدەگرێ لە گوناهو تاوان ، مایەی سەرفرازی و رزگاری یە بۆ ئەوکەسەی کە شوێنی دەکەوێت ، لادان و سەرکەشی تیانیە ببێتە جێی لۆمەکردن و ، لار و لەوێری تیانیە راست بکرێتەوە ... شتە سەرسوڕهێنەرەکانی تەواونابن و ، بەزۆر وتنەوەی مرۆڤ بێتاقەت و بێزار نابێ ، ئەم قورئانە بخوێنن خواوەند پاداشتان دەداتەوە لەسەر هەر پیتێکی بە ( ١٠ ) چاکە ، من ناڵێم ( الم ) پیتێکە ، بەڵکو ( الف ) پیتە و ( لام ) پیتە و ( میم ) پیتە ...

ئەوە قورئانە ، بۆیە ئەگەر هەموو تەمەنی سەرتاپا بۆ تەرخان بکرێ و سەرو ماڵی لەپێناودا بەخت بکرێ هێشتا هەرکەمە ..

ئیبن و تەیمیە بەڕەحمەت بێ لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتە گەورەیەی کە پێشکەش بەئیسلامی کردووە ، پاش ئەوەی لەگەڵ هاوەڵێکیدا لەدوا رۆژەکانی تەمەنی دا لەبەندیخانەدا هەشتا جار خەتمی قورئان دەکات و تەفسیری قورئان دەکات ، دەڵێ خۆزگە هەموو تەمەنم هەر لەگەڵ قورئاندا بەسەر ببردایە و تەنها خەریکی قورئان بوومایە ...

مامۆستای تەفسیری قورئانیش ، سەید قوتب بەڕەحمەت بێ لەپێشەکی ( في ظلال القران ) دا دەڵێ : ( ژیان لەسایەی قورئاندا نیعمەتە ، نیعمەتێکە هەر کەسێ نەیچەشتبێ نازانێ چۆنە ! نیعمەتێکە تەمەن بەرز دەکاتەوە و خاوێن و پڕ بەرەکەتی دەکات .لەژێر سێبەری قورئاندا ژیام و گوێم لەپەروەردگار دەگرت کەبەم قورئانە دەیدوانم : منی بەندەی بچوکی بێ نرخ . ئای چ بەرزی یەکە قورئان دەیدا بەژیان ؟! ئای چ پلەیەکی بەرێزە پەروەردگار بە مرۆڤی دەبەخشێ !

لەسایەی قورئاندا ژیام و بەدڵ و دەروونێکی هێمن و پڕ ئارامەوە لەهەموو روداوێکدا دەستی پەروەردگارم دەبینی و ، لەژێر چاودێری و ڕەحمەتی خوادا دەژیام ...لەسایەی قورئاندا ژیام و گەیشتمە ئەنجامێکی دڵنیا و ڕاست کە چاکبوون بۆ زەوی و حەوانەوە بۆ مرۆڤایەتی و هێمنی بۆ مرۆڤ و سەربەرزی و خاوێنی و بەرەکەت دەست ناکەوێت و، پێکەوە گونجان لەنێوان یاساکانی گەردون و ڕێبازی ژیاندا دروست نابێ ... بەگەڕانەوە نەبێ بۆ لای خوای پەروەردگار ، گەڕانەوەش بۆ لای خوا ، بەگەڕانەوە دەبێت بۆ سەر بەرنامەی خوا کە قورئانی پیرۆزە ) ..

قورئانی پیرۆز ئەم ئوممەتی ئیسلامەی دروست کردووە و بەردەوامیش مامۆستا و پێشەوا و ڕووناکی ڕێیانە کەسەرگەردان نەبن و لەبەر پیلانی دوژمناندا خۆیان بگرن ... یانزە ساڵ فەڕەنسا خەریکی چاندنی تۆوی خراپە و فەساد بوو لە جەزائیردا ، بەتایبەت کاریان کرد بەناوی رزگار کردن و سەربەستی ئافرەتەوە بۆ تێکدانی ئافرەتان و شێواندنی کۆمەڵگا ... پاش ئەو کارە زۆرە ، وایاندەزانی سەرکەوتوون و توانیویانە ئافرەتان بەرەو پۆشاکی رۆژئاوایی بەرن ، بۆیە ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد و گەورە پیاوانی دەوڵەت و نوێنەرانی وڵاتانیان بانگکرد کەلە جەزائیر بوون ، لەئاهەنگەکەدا سەیر ئەوەبوو کە ئافرەتانی بەشدار بوو بە پۆشاکی ئیسلامی یەوە هاتبوون نەك بە جل و بەرگی رۆژئاوایی یەوە ، بۆیە کاتێ لۆمەی ( لاکۆست ) یان کرد ، کەوەزیری مستعمراتی فەڕەنسی بوو ، کە باشە تۆ یانزە ساڵە کوا چیت کردووە ؟؟ئەویش لەوەڵامدا وتی : من چی بکەم ئەگەر قورئان لەفەڕەنسا بەهێز تربێت .

بەهیوای گەڕانەوە بۆلای قورئان و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورەی میهرەبان ، زنجیرەی ( هەڵوێستەیەك لە خزمەت قورئاندا ) بەشی هەشتەمی پێشکەش بە خوێنەرانی دەکات ، هەرچی لەبابەتەکە تەواوو چاك بوو لەخواوەیە و هەرچی ناتەواوی کەموکوڕیشی تیابوو لەبەندەوەیە ، داواکارم لەخوای باڵادەست لێخۆش بوون و قبوڵ و لەئێوەی بەڕێزیش دوعای خێر .

**( ٢٠١ ) عەهد و پەیمان :**

خوای گەورە مرۆڤی لەسەر فیترەت و سروشتێك دروست کردووە ، کەلە ناخیەوە موسڵمان بێت و هەست بە بوونی زاتێکی باڵا دەستی گەورە و میهرەبان بکات کە خوایە ... ڕەنگە دەورووبەر سەری لێتێك بدەن و ئەم ڕاستی یەی لەبیر بەرنەوە ، بەڵام هەرچیش بکات ناتوانێ لە تەنگانەدا هاوار بۆ ئەو خوایە نەبات کە تەنها ئەوە فریادڕەسی راستەقینەی بەندەکانی ...

قورئانی پیرۆز زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە دەدات و بیری ئادەمی دەخاتەوە، هەروەك لەبارەی کافرانی مەککەوە دەفەرموێت : ﴿ ولئن سألتهم من خلق السموات و الارض ليقولُن الله ﴾ لقمان : ٢٥ واته : ئەگەر لێیان بپرسی کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە دەڵێن خوا ...ئەوەیش کەلە خۆشی و فەرەحیدا نایڵێ لەناخۆشی و تەنگانەدا ناچارە بیڵێت : ﴿ واذا مسكم الضر في البحر ضل من تدعون الا اياه فلما نَجّاكم الى البر أعرضتم وكان الانسان كفوراً ﴾ ٦٧ : الاسراء / واته : کاتێ لەدەریادا تووشی ناخۆشی و تەنگانە دەبن ، هەرچی پەرستراو هەیە لەبیر وهۆش و باوەڕتاندا نامێنێ جگە لەو زاتە ، کە تەنها هاوار و هانا بۆ ئەو دەبەن تا ڕزگارتان بکات ، ئنجا کە رزگاری کردن و پێتان خستەوە سەر وشکانی ، پشت دەکەنەوە بەرنامەی خوا و ڕوو وەردەگێڕن و وا لەخۆتان دەکەن کە ناناسن ، بەراستی مرۆڤ زۆر بەیان ناشکور و ناسوپاگوزارن.

ئەو بەرنامەیەش کە خوای گەورە نادرویەتی لەگەڵ ئەو سروشت و فیترەتەدا دەگونجێ کە مرۆڤی لەسەر دروست کراوە ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (٣٠)﴾ الروم : واته : ڕووبکەرە بەرنامە و ئاینی راست و دورستی خوا کەلەگەڵ ئەو فیترەتەدا دەگونجێ کە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە ، دروستکراوەکانی خواش گۆڕانیان بەسەردا نایەت و دەستکاری ناکرێن ، چونکە بەهەر گۆڕان و دەستکاری یەك لە ( تایم ) دەردەچن و دەشێوێن و خراپ دەبن ، ئەمەش کە بۆمان ناردون ئاینێکی بێوێنەی راستە ، هەرچەند زۆر کەس ئەم راستیە نازانن .

قورئانی پیرۆز لە سورەتی ( الاعراف ) ئایەتی ( ١٧٤ ) دا ئاماژە بە عەهد و پەیمانێکی فیترەتی دەکات کە لەئادەمیزاد وەرگیراوە ، هەروەك دەفەرموێت :

﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آَدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ (١٧٢) أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آَبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ (١٧٣) وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآَيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (١٧٤)﴾ الاعراف : واته : بیریان بخەرەوە کاتێ کە پەروەردگارت لەنەوەی ئادەم پەیمانی وەرگرت ، هەموو نەوەکانی پشتا و پشتی ئادەمی کۆکردەوە ، پێش ئەوەی بێنە دنیاوە لەجیهانی پەنهان و غەیبدا و، کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە و پێی فەرموون : ئایا من پەروەردگاری ئێوە

نیم ؟! هەموو وتیان : بەڵێ شایەتین کە تۆ پەروەردگارمانی ، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو لە ڕۆژی قیامەتدا بڵێن ، ئێمە ئاگامان لەشتی وا نەبووە !!

یاخود بڵێن : ئێمە چی بکەین باوانمان پێشتر موشریك بوون و، ئێمە نەوەیەك بووین و دوای ئەوان هاتین و شوێنیان کەوتین ، ئایا بەهۆی کاری ناردوستی باوك و باپیرانمانەوە لەناومان دەبەن ؟

ئابەم شێوەیە بەڵگەی زۆر دەهێنینەوە ، بەڵکو بیانویان نەمێنێ و بیریٚ بکەنەوە و بگەڕێنەوە سەر ڕاستە شەقامی ئیمان و ئیسلام .

خوای گەورە سەرباقی پەیمانی وەرگیراو کەلە فیترەت و سروشتی ئادەمیزادایە ، بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێکی ناردووە پەیمانی لێوەرگرتوون کە یەکتاپەرست بن و بەرنامەی خوا بەخەڵکی بگەیەنن ، بۆ ئەوەی کەس بیانووی نەمێنێ و بڵێ ئاگادار نەکراوەتەوە هەروەك دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ النَّبِيِّينَ مِيثَاقَهُمْ وَمِنْكَ وَمِنْ نُوحٍ وَإِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَأَخَذْنَا مِنْهُمْ مِيثَاقًا غَلِيظًا (٧) لِيَسْأَلَ الصَّادِقِينَ عَنْ صِدْقِهِمْ وَأَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا (٨) ﴾ الاحزاب / واتە : بیریان بخەرەوە کە ئێمە پەیمانیان لەپێغەمبەران وەرگرتووە ، پەیمانی یەکتاپەرستی و گەیاندنی بانگەوازی خوا ، بەتایبەت لە تۆ ئەی ( محمد ) (ﷺ)وە لەنوح و ئیبراهیم و موسا و عیسای کوڕی مەریەم ، بێگومان پەیمانێکی بەهێز و پتەومان لێوەگرتن .

تا لەڕۆژی قیامەتدا خوا لەراستۆگیان پرسیار بکات دەربارەی ڕاستگۆییەکەیان وە بۆ کافرانیش سزا و تۆڵەیەکی بەئێشی ئامادەکردووە .

پەیمانێکی تریش لەهەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ وەرگیراوە کە هەموویان بەگەلەکانیان ڕاگەیەنن ، هەرکاتێ ( محمد ) (ﷺ) هەڵبژێردرا دوای بکەون و ئیمانی پێبهێنن ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (٨١) فَمَنْ تَوَلَّى بَعْدَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٨٢)﴾ ال عمران

واتە: یادیان بخەرەوە کاتێ پەروەردگار پەیمانی لەیەکەیەکەی پێغەمبەران وەرگرت ، کاتێ کە کتێب و حیکمەتی پێ بەخشین بەوەی کە ئەگەر لەئاییندەدا پێغەمبەرێکم بۆ ڕەوانەکردن و ڕاستی ئەوەی ئێوەشی پێ بوو ، دەبێت باوەڕی پێبهێنن و پشتگیری بکەن ، ئنجا خوا فەرمووی : بڕیارتانداو

پەیمانی منتان بەو جۆرە وەرگرت کە پێم ڕاگەیاندن وتیان : بڕیارماندا و هەروا دەکەین ، ئەوسا خوا پێی فەرموون : دە بەشایەت بن و، من لەسەر ئەو بڕیارەتان لەشایەتەکانم . جا ئەوەی پشتی هەڵکرد و سەرپێچی کرد دوای ئەو پەیمانە ، ئائەوانە لەفاسق و گوناهکارانن.

**( ٢٠٢ ) عەهد و پەیمانی خاوەن پەڕاوەکان**

خوای پەروەردگار پەیمانی وەرگرتووە لەخاوەن پەڕاوەکان هەروەك دەفەرموێت :﴿ وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ (١٨٧) ﴾ ال عمران واتە : یاد بێنەرەوە کاتێ خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کە پەڕاویان پێ بەخشرابوو کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی و نەیشارنەوە ، کەچی پشت گوێیان خست و بەنرخێکی هەرزان فرۆشتیان ، ئای کەشتێکی بێ نرخیان کڕیوە و دەستیان کەوتووە .

هەروەها دەفەرموێت : وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْكُمْ وَأَنْتُمْ مُعْرِضُونَ (٨٣) ﴾ البقرة :  واتە : لەبیرتانە کاتێ لەنەوەی ئیسرائیل پەیمانمان وەرگرت کە جگە لەخوا کەسی تر نەپەرستن و، لەگەڵ دایك و باوکدا چاکەکاربن ، هەروەها لەگەڵ خزمان و هەتیوان و هەژارانیش و، قسەی چاك و باش بەخەڵکی بڵێن ، هەروەها نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش ببەخشن ، کەچی ئێوە لەجیاتی گوێڕایەڵی کەمێکتان نەبێ زۆربەتان پشتان تێکردو ، لەو هەموو ئامۆژگاری یە بەسوودانە ڕووتان وەرچەرخاند .

قورئان لەبارەی پەیمانی گاورەکانیشەوە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللَّهُ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ (١٤)﴾ المائدة

واتە : هەروەها پەیمانمان لەوانەش وەرگرتووە کە دەڵێن : ئێمە گاورین کەچی هەندێك لەوشتانەیان فەرامۆش کرد کەپێیان ڕاگەیەنرابو ،بەتایبەتی دەربارەی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لەنێوانیاندا بەرپاکرد ، لەئایندەشدا خوا هەموو ئەو کارو کردەوانەیان دەخاتە بەرچاوو پێیان ڕادەگەیەنێت و تۆڵەیان لێدەسێنێ .

جا ئەم وەعد و پەیمانە لـەتەورات و لـەئینجیل و لـەقورئاندا یاداشت کراوە و خوای گەورە سەروماڵی لـە بڕواداران کڕیوە بەبەهەشتی بەرین کە گەورەترین دەست کەوتە هەروەك دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١١١)﴾ التوبة .

واتە : بەڕاستی خوا بەبەهەشت سەرو ماڵی لـە بڕواداران کڕی، ئەو بڕوادارانە کە ئەجەنگن لـەڕێی خوادا ئەکوژرێن و ئەکوژرێن ، بەخشینی بەهەشت بۆ ئەو بڕوادارانە پەیمان و بەڵێنی خوایە ، بەڵێنێکی راستەوخۆ ، کە بڕیاری داوە لـە تەورات و لـە ئینجیل و لـەقورئاندا ، دەی ئایا هیچ کەسێك راستتر لـەخوا لـەبەجێهێنانی بەڵێنی خوا ؟ بێگومان کەس وێنەی خوا نیە ، کەواتە بڕواداران دڵخۆش و شادمان بن بەمامەڵـە و کڕین و فرۆشتنەکەیان ، کە ئەمەش ئەیان گەیەنێ بەئامانجی زۆر گەورە و سەرفرازی .

## ( ٢٠٣ ) جوولەکە و پە یمان شکاندن

١) قورئان لـەبارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنْتُمْ بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ فَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ (١٢) فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَنَسُوا حَظًّا مِمَّا ذُكِّرُوا بِهِ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَى خَائِنَةٍ مِنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣)﴾ المائدة

واتە : بێگومان کاتی خۆی ، خوا پەیمانی لـەنەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە ڕابەری تیا هەڵبژاردن و، پێی فەرموون کەمن یار و یاوەرتانم بەمەرجێك نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکات ببەخشن و، باوەڕبێنن بەهەموو پێغەمبەران و پشتیوانیان لێ بکەن و ، لـەبەر ڕەزامەندی ئەو هەموو چاکەیەك ئەنجام بدەن و وەك قەرزێك لای خوا داینێن و چاوەڕێی پاداشتی بن ، بەراستی ئەگەر وابن لـەگوناهو هەڵـەکانتان خۆش دەبم و چاوپۆشیتان لێدەکەم و ، دەتانخەمە باخ و باخاتی

بەهەشتەوە کە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەکانیا دەڕوات ، جا ئەوەی لەوەودوا ڕێبازی کوفر بگرێتە بەر ، ئەوە مانای وایە کە بەڕاستی ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی لێ تێچکووە .

بەهۆی ئەوەوە کە نەوەی ئیسرائیل بەردەوام پەیمان و بەڵێنەکانیان دەشکاند نەفرەتمان لێکردن و دڵەکانیانمان ڕەق کرد ، چونکە یەکێك لەسیفەتیان ئەوەیە کە قسە لەجێی خۆیدا ناکەن و جێی دەگۆڕن ( بە ئارەزووی خۆیان دەستکاریی تەوراتیشیان کردووە ) هەروەها گەلێك لەوشتانەی کە یاداوەری بوو بۆیان فەرامۆشیان کرد و ، بەردەوام دەبینی و بۆت دەردەکەوێت کە زۆر بەیان خیانەتکار و دوژمنکارن مەگەر کەمێکیان نەبێت ... ( لەگەڵ ئەوەشدا قەیناکات ) هەر لێیان خۆش ببە و چاوپۆشیان لێ بکە چونکە بەڕاستی خوا چاکە کارانی خۆش دەوێت .

٢ ) ﴿ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ (٧٩)﴾ البقرة

واتە : وەیل و دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە پەڕاو دەنووسن بەدەستی خۆیان و دەڵێن : ئائەمە لەلایەن خواوەیە ، تا کەمێك لەماڵی دنیا بەدەست بهێنن ، جا وەیل بۆ ئەو دەست و قەڵەمانەی کەشتی وا دەنووسن ، وە وەیل بۆ ئەو کەسانەی کە کەسابەتی ئاوا ئەنجام ئەدەن .

٣) ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٧)﴾ ال عمران : واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خوا بەنرخێکی کەم دەفرۆشن ، ئەوا لەقیامەتدا هیچ بەشێکیان نابێت ، هەروەها خوا لەو ڕۆژەدا نایاندوێنێ و تەماشایان ناکات ، وە لە پیسی گوناه خاوێنیان ناکاتەوە ، وە سزای پڕ ئازاریان بۆ ئامادەیە .

٤) ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٧٤) أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ (١٧٥)﴾ البقرة / واتە : بێگومان ئەوانەی ئایەتەکانی خوا دەشارنەوە کەلە پەڕاوەکانیدا ڕەوانەی کردون و بەنرخێکی کەم دەیفرۆشن ( ئەگەر هەموو دنیاشیان دەست کەوێت هەرکەمە ) ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و دەیکەن بەهەناویانا ، لەقیامەتیشدا خوانایان دوێنێ و پاکیان ناکاتەوە و سزای بەئێشیان پێ دەدرێ .

ئەوانە کەسانێکن کە گومڕایی یان بەهیدایەت  و سزایشیان بە لێخۆشبوون کڕیوە ، ئای چەندە خۆ گرن لەناو ئاگردا !!

٥) بەڵێ جوولەکە نەك هەر پەیمانی خوا و ئایاتی خوایان فرۆشت ، بەڵکو ئەوانە ئەوەندە چاوچنۆك و دنیا پەرست بوون ، لەگەرمەی کڕین و فرۆشتنەکەدا خۆشیان فرۆشت و قیامەتیان لەدەستدا ، جا ئەگەر مرۆڤ خۆی فرۆشت و خۆی لەدەستدا ئیتر هەرچی دەست بکەوێت قیمەتی چی یە و بۆچی باشە ؟

قورئان دەفەرموێت : ﴿ بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ أَنْ يَكْفُرُوا بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَنْ يُنَزِّلَ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُهِينٌ (٩٠)﴾ البقرة / واتە : ئەو جوولەکانە خۆیان بەشتێکی نا پەسەند فرۆشت ، کە ئەویش کفرکردن بوو بەو بەرنامەیەی کە خوا ناردویەتی ، بەهۆی حەسەد و سەرکەشی یەوە ، دەیان ووت : بۆچی خوای گەورە دەرگای فەزڵ و ڕەحمەت دەکاتەوە لەهەرکەسێك کە بیەوێت لەبەندەکانی ، ئەوسا ئیتر دووچاری یەك لەسەریەکی ڕق و خەشمی خوا بوون ، وە بۆ کافران سزایەکی ڕیسوا کەر ئامادەیە .

( ٢٠٤ ) **موسڵمانان و پەیمانەکەیان**

**١ــ قورئان دەفەرموێت** : ﴿ وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُمْ بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٧) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (٨) وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ (٩) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ (١٠) ﴾ المائدة : واتە : یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان ، هەورەها ئەو پەیمانەش کەلەگەڵ ئێوەدا بەستویەتی ( وەکو پەیمانی عەقەبە و پەیمانی رچوان و پەیمانی دینداری بەگشتی ) ، لە بیرتان بێت کە وتتان : گوێڕایەڵ و مل کەچ و فەرمانبەرداریین ، کەواتە ئیتر هەمیشە و بەردەوام لەخوا بترسن و پارێزکاربن ، چونکە خوا زانایە بەنهێنی دڵ و دەروونەکان .

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، هەمیشە و بەردەوام پابەندی فەرمانەکانی خوابن ، وەشایەتی دادوەرانە ئەنجام بدەن ، وە دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك واتان لیٚ نەکات کەلە داد پەروەری لابدەن ، بێگومان دادپەروەری نزیکترە لەتەقوا و خواناسی یەوە ، دەی کەواتە لەخواترس و پارێزکاربن چونکە بەراستی خوا لە کار و کردەوەتان ئاگادارە .بەڕاستی خوا بەڵێنی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن بە لیٚخۆشبوون و چاوپۆشی لەهەڵە و گوناهەکانیان ، وە پاداشتی زۆر و بیٚ سنووری بۆ ئامادەکردوون .ئەوانەش کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتە بەر و بڕوایان بەئایەتەکانی ئیٚمە نیە و بەدرۆی دەزانن ، ئا ئەوانە نیشتەجیٚی ناو ئاگری دۆزەخن .

لەپەیمانی عەقەبەی دووەم دا خۆشەویست (ﷺ)ئەم عەهد و پەیمانەی لە ئەنصار وەرگرت کەلە مەدینەوە هاتبوون ﴿ تبايعوني على السمع و الطاعة في النشاط و الكسل ، و النفقة في العسر و اليسر ، و على الامر بالمعروف و النهي عن المنكر ، وأن تقولوا في الله لاتخافون في الله لومة لائم ، وعلى أن تنصروني فتمنعوني اذا قدمت عليكم مما تمنعون منه أنفسكم وأزواجكم و أبناءكم ولكم الجنة ﴾ .واتە : پەیمانم بدەنیٚ و بەیعەتم لەگەڵدابکەن لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەری لەکاتی گورج و گۆڵی و لەکاتی سستی و تەمەڵی دا ، وە ماڵتان بەخت بکەن لەبوون و نەبووندا بەپیٚی توانا ، وە فەرمان بدەن بە چاکە و جڵەوگیری بکەن لەخراپە ، وە هەق بڵێن لەبەر خوا هەر لەبەرئەویش لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسن ، وە هاوکاریم بکەن و پارێزگاریم لیٚ بکەن کاتیٚ هاتمە لاتان لەوەی کە خۆتان و ماڵ و منداڵتانی لیٚ دەپارێزن ، بەرامبەر بەوەش بەهەشتان پیٚ دەدریٚ .

٢ــ لەسوورەتی ( الرعد ) ئایەتی ( ٢٥ ) دا قورئان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو پەیمانە و دەفەرمویٚت : ﴿ أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ (١٩) الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلَا يَنْقُضُونَ الْمِيثَاقَ (٢٠) وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ (٢١) وَالَّذِينَ صَبَرُوا ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُولَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ (٢٢) جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالْمَلَائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِمْ مِنْ كُلِّ بَابٍ (٢٣) سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ (٢٤) وَالَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ (٢٥) ﴾ الرعد : واتە : ئایا ئەوکەسەی کە دڵنیایە و دەزانیٚ ئەم قورئانە کەلەلایەن پەروەردگارتەوە

بۆت نێردراوه و حەقە و ڕاستیه ، وەكو ئەو كەسەوایە كە كوێرە لەئاستیان و نایبینیٚ ؟ ، بەراستی هەرخاوەن بیرو هۆشەكان لەراستی تێدەگەن و تێدەفكرن ، كە ئەوانیش ئەوكەسانەن كەبەوەفا و بەئەمەكن لەبەرانبەر ئەو پەیمانەی داویانە بە پەروەردگار و، پەیمان شكێن نین و بەڵێنیان هەڵناوەشێننەوە و، هەرچی خوا فەرمانی داوە بەگەیاندنی دەیگەیەنن و، لەپەروەردگار دەترسن و خەمی لێپرسینەوەی توند و تیژی ڕۆژی دواییانە .

هەروەها ئەوانەی كە دانیان بەخۆدا گرت و بەئارام بوون لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگاریان ، وە نوێژەكانیشیان بە چاكی ئەنجام دەدەن ، وە لەو ڕزق و ڕۆزیەی كە پێمان داون بەنهێنی و بەئاشكرا دەبەخشن و، بەچاكەكاری و شێوازی جوان هەڵە و نادروستیەكان چارەسەر دەكەن ، ئەوانە خانووبەرەی ڕازاوەی بەهەشتیان بۆ ئامادەیە .

باخوباخاتی بەهەشت بۆیان ڕازاوەتەوە و دەچنە ناوی ، هاوڕیٚ لەگەڵ هەركەسیٚ كە چاك و پاك و خواناسە لەباوو باپیران و هاوسەرانیان و نەوەكانیان و ، فریشتەكان دەچن بۆ سەردانیان لەهەموو دەروازەكانەوە و دەڵێن :سلاٚوتان لیٚ بێت ئارامی و ئاسایش بۆ ئێوە بەهۆی خۆگرتنتانەوە ، ئای چەندە جێگەو ڕێگەیەكی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر كرد .

بەلاٚم ئەوانەی كە پەیمانی خوا دەشكێنن دوای ئەوەی كە پێشتر ماڵ بوو لەسەریان ( بەتایبەت پەیمانی فیترەت و بەندایەتی ) ، هەرچی پەیوەندیەكیش خوا فەرمانی داوە بەگەیاندنی ئەوان دەیبڕن و دەیپچڕێنن ، فەساد و خراپە و تاوان دەكەن لەزەویدا ، ئا ئەوانە نەفرەت و خەشم و جێگە و ڕێگەی ناخۆش و نالەبار لەدۆزەخدا چاوەڕێیانە .

٣ـ ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ فَمَنْ نَكَثَ فَإِنَّمَا يَنْكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوْفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا (١٠)﴾ الفتح : واته : ئەوانەی پەیمان دەدەن بەتۆ ( ئەی محمد ) (ﷺ)لەراستیدا پەیمانیان بەخوای خۆیان داوە ... دەستی پیرۆز و بەتوانای خوا لەسەر دەستیانەوەیە ( بەپشتگیری و یارمەتی ) جا ئەوەی پەیمانەكە بشكێنیٚ و لیٚی پەشیمان بێتەوە ، ئەوە لەسەر خۆی دەكەوێت ، ئەوەیش كە پەیمانەكە دەباتە سەر پاشگەز نابێتەوە لیٚی ، خوای بالاٚدەست پاداشتی گەورەی پیٚ دەبەخشێت ..

٤ـ خۆشەویست (ﷺ) فێری دوعای ( سید الاستغفار ) مان دەکات کە هەردەم بیلێین و لەو دوعایەشدا هاتووە کە دان بەوەدا دەنێین و جەخت دەکەینەوە کە خوایە ئێمە هەمیشە لەسەر ئەو عەهد و پەیمانەین کە پێمان داویت چەندە بتوانین : ﴿ اللهم أنت ربي لا اله الا أنت خلقتني وأنا عبدك وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت أعوذ بك من شر ماصنعت ، أبوء لك بنعمتك علي و أبوء بذنبي فاغفر لي فأنه لايغفر الذنوب الا أنت ﴾ یادکەوتنەوەی ئەم عەهد و پەیمانە پێویستە بۆ ئەوەی هەردەم بیپارێزین و لێی لانەدەین .

لەغەزای (حونەین) یشدا کە موسڵمانان سەرسام بوون لە زۆری ژمارەیان و دڵیان بە زۆریەکەیان خۆش کرد ، کە ژمارەیان چوار ئەوەندەی کافرەکان بوو ، تێکشکان و تەنها خۆشەویست (ﷺ) و عەباسی مامی و چەند کەسێکی کەم بەدەوریەوە مایەوە ، جا لەبەر ئەوەی دەنگی عەباس زۆر گەورە بوو پێی فەرموو بانگ بکە لە هاوەڵان بەدەنگی بەرز ، ئەویش لەم گەرمەی شەڕ و تێك شکانەدا هاواری کرد ( ئەی کۆمەڵی ئەنصار ، ئەی ئەوانەی کە پەیمانتاندا لە ژێر درەختی رضوان دا ) ، ئیتر هەر ئەوەندە هاوەڵان گوێیان لەمە بوو گەڕانەوە و دەیان وت: ( لبیك ، لبیك ) ... تەنانەت ئەگەر کەسێك وشترەکەی لەقەرەباڵغیدا بۆ نەگەڕابێتەوە ملی نەدابایە بۆی ، دادەبەزی لێی و بەپێ دەگەڕایەوە ناو شەڕەکە ، ئنجا بەنزیکەی سەدکەسێکەوە کە دەست و برد گەڕانەوە ، وە بەیارمەتی سەربازانی خوا و مەلائیکە ، موسڵمانان کافرەکانیان تێك شکاند و ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل گرتن .

## ( ٢٠٥ ) باچاو لە پێشینان بکەین

لەقورئانی پیرۆزدا خوای گەورە داوا لەخۆشەویست دەکات کە چاو لەپێغەمبەرانی پێش خۆی بکا لەهەموو ئەو کارە گرنگ و مەزنانەی کە کردویانە و ، بیانکاتە سەرمەشق بۆ خۆی ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ اولئك الذین هدى الله ، فبهُداهم اقتَدِه ﴾ الانعام ٩٠ واتە : ئەو پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێبێ ، ئەو کەسانەن ، کەخوا هیدایەتی داون ، تۆش ئەی محمد (ﷺ) شوێن ئەوان بکەوە و بیان کە بەسەر مەشقی خۆت ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) و هەموو پێغەمبەرانی دیکەش سەلامی خوایان لێبێ سەرمەشقن بۆ ئێمە ، ﴿ لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة لمن كان یرجوا الله و الیوم الاخر و ذكر الله كثیراً ﴾ الاحزاب : ٢١ / واتە : بەڕاستی لەپێغەمبەری خوادادا (ﷺ) چاکترین نموونەی تەواو رێك و پێك بەدی دەکرێت ، تا چاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون ، بەتایبەت بۆ ئەو

کەسانەی کە ڕەزامەندی خوایان مەبەستە و ، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە و ، بەیادی خوا زمان پاراون ...هەروەها دەفەرموێت : ﴿ قد كانت لكم أسوة حسنة في ابراهيم و الذين امنوا معه .. ﴾ الممتحنة : ٤ ، و ﴿ لقد كان لكم فيهم أسوة حسنة لمن كان يرجوا الله و اليوم الاخر ، و من يتولَّ فأن الله هو الغني الحميد ﴾ ٦ الممتحنة

واتە : لە ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەربێ و لەوبڕوادارانەدا کە لەگەڵی بوون پەند و ئامۆژگاری و نموونەی بەرز هەیە ئەگەر چاویان لێبکەن ، بۆ هەرکەسێ کە مەبەستی ڕەزامەندی خوایە و لە ڕۆژی دوایی دەترسێت ، جاهەرکەسێك پشت هەڵدەکا و شوێن ڕێبازی ئەوان ناکەوێت ، ئەوە خۆی زیانی لێ دەکەوێت و خوا بێنیازە و شایستەی هەموو جۆرە سوپاسێکە .

بەڵێ ئێمە لەکاروانی ئیمان و ئیسلامەتیدا ئەگەر سەیری ئەوانە بکەین کەلەپێشمانەوەن ، ئەوا ئادەم و نوح و ئیبراهیم و باقی پێغەمبەران و ئەو بڕوادارانە دەبینین کە لەگەڵیاندا بوون و بێوچان خەباتیان کردووە و بۆ خوا تێکۆشاون و ، ئەگەر سەیری ئەملاو و ئەولای خۆمان بکەین لەم کاروانەدا ئەو هەموو موسڵمانە دەبینین کە لەگەڵماندا کاردەکەن بۆ خوا ... جا چاولێکەری و هەڵگرتنی جێ پێیان سەرفرازی و سەلامەتی لەدوایە ، هەروەك چۆن کەسێك بەکێڵگەیەکی مین ڕێژکراودا بیەوێ بڕوات ئەبێ جێ پێی ئەوەی پێش خۆی هەڵگرێت کە ڕێگاکەی کەشف کردووە و بەسەلامەتی هەنگاوی ناوە ، ئەگینا تیادەچێت .

پێشینان نموونەی بەرز و پیرۆزیان بۆ ئێمە تۆمارکردووە ، کە زۆرجار لەبەراورکردنی ئێمە و ئەوان سستی و کەمتەرخەمیمان دەردەکەوێ ... ئەوە ئیمام ئەحمەدکەباسی ڕەوشت و خووی بەرزی بڕوادرانی پێش خۆی لا بکرایە دەیفەرموو : ﴿ اسأل الله ان لا يمقتنا ، أين نحن من هؤلاء ؟ ﴾ واتە : داوادەکەم لەخوا کەلێمان نەڕەنجێ و غەزەبمان لێ نەگرێ ، ئێمە لەکوێ و ئەوان لەکوێ ؟ .

پیاوباشێکی دیکە بەهەمان شێوە دەڵێ : ئەگەر باسی پێشینان بکرێ هەموو ئابڕوومان دەچێ لەتەمەڵی و کەمتەرخەمیدا ، ئەوان لەکوێ و ئێمە لەکوێ ؟ ( بۆیە چەند بتوانین نموونەی پێشینان باس دەکەین و نموونەی سەردەمیش بەپێی توانا دەخەینە ڕوو تا خوێنەری ئازیز زۆرترین سوود وەرگرێ و بیانکاتە سەرمەشق بۆ خۆی ) .

## ( ٢٠٦ ) گرنگیدان بەکات و بەفیڕۆنەدانی

قورئانی پیرۆز سەرنجمان ڕادەکێشێ بۆ هاتنی شەوو ڕۆژ بەدوای یەکدا و هانمان دەدات کە پەندی لێوەرگرین و بەفیڕۆی نەدەین هەروەك دەفەرموێت : ﴿ انّ في خلق السموات و الارض و اختلاف الليل و النهار لايات لأولي الالباب ﴾ ال عمران : ١٩٠

واتە : لەدروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و گۆڕانی شەوو ڕۆژدا بەڵگە و نیشانە هەیە بۆ خاوەن دڵ و هۆشیارەکان ) .هەروەها دەفەرموێت ﴿ يُقَلب الله الليل و النهار انّ في ذلك لعبرة لأولي الابصار ﴾ النور : ٤٤ واتە : خوا شەوو ڕۆژ ئاڵ و گۆڕ پێدەکات و دەیانگۆڕێ بەیەکدی ، لەمەدا بۆ بینایان پەند هەیە .هەروەها خوای پەروەردگار سوێند دەخوات بە شەو ، بەبەرەبەیان و بە چێشتەنگاوو ... هتد ، ئەوەش بۆ دەرخستنی گرنگی یەکەیەتی هەروەك دەفەرموێت :

* ﴿ و العصر ان الانسان لفي خسر ، الا الذين امنوا و عملوا الصالحات و تواصوا بالحق و تواصوا بالصبر ﴾ . ( سورة العصر )

* ﴿ و الفجر و ليال عشر و الشفع و الوتر ﴾ سوره الفجر

* ﴿ و الضحى و الليل اذا سجى ، ما و دعك ربك وما قلى ﴾ ( سورة الضحى )

* ﴿ و الليل اذا يغشى و النهار اذا تجلى ﴾ ( سورة الليل )

پێویستە موسڵمان لە ڕۆیشتنی شەوو ڕۆژ پەند وەربگرێ ، چونکە شەوو ڕۆژ هەموو تازەیەك کۆن دەکەن و ، هەموو دوورێك نزیك دەکەونەوە و ، تەمەن دە پێچنەوە و ، منداڵ پیردەکەن و ، پیران لەناو دەبەن .

نابێ تێپەڕ بوونی چەرخ و گۆڕانی شەوو ڕۆژ بەسەر موسڵماندا بڕوا و لەپەند لێوەرگرتنی و بیر لێ کردنەوەی بێئاگابێت ، چونکە لەهەموو ڕۆژێك دا ، بەڵکو لەهەموو سەعات و هەناسەیەکیشدا ، کە دەڕوات شتگەلێ لەجیهاندا ڕوودەدەن ، هی وایان هەیە دەبینرێ و ، هی وایان هەیە نابینرێ و ، هی وایان هەیە دەزانرێ و هی وایان هەیە نازانرێ ، وەك : زەوییەك شین دەبێت و ، دانەوێڵەیەك دەڕوێت و ، گیایەك گوڵ دەکات ، یان کۆرپەلەیەك لەدایك دەبێت و ، مناڵێك گەورە دەبێت و ، لاوێك دەبێتە پیاوو ، پیاوێك پیر دەبێت و ، پیرێك دەمرێت ، یاوەك حاڵگەلێکیش بەسەر

خەڵق دا دێن کاتێ چەرخ لەسەرەوە دەخولێتەوە ، یازەویی لەژێرەوە دەگەڕێت ، لەنێوان خۆشی و ناخۆشیدا و دەوڵەمەندی و گەدایی و لەش ساغی و ناساغی و شادیی و خەفەت و ، هەرزانی و گرانی و سەختی و ئاسودەیی ... هەموو ئەمانە نیشانە و پەندیان تیایە بۆ کەسێ بیری ببێ و ژیربێ ، کە هەردەم ئاگاداری کاتەکانی بێ و بەگرنگیان بگرێ و بەفیڕۆی نەدات ، چونکە وەك حەسەنی بەصری دەڵێ : ئەی ئادەمیزاد تۆ لە کۆمەڵێك ڕۆژ پێکهاتویت ، هەر ڕۆژێك دەڕوات بەشێك لە تۆ دەڕوات .

پێشەوا بەننا دەڵێ : (کات ژیانە ).دیارە ئەرك و پێویستی سەرشانیشمان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام ئەگەر راست بکەین لەگەڵ خوادا و دەرەجەی بەرزمان بۆی لەقیامەتدا ، زیاترن لەکاتەکانمان ( الواجبات اکثر من الاوقات ) ئیبن مەسعود دەڵێ ( بۆ هیچ شتێك ئەوەندە پەشیمان نەبووم بەقەد پەشیمانیم لە ڕۆژێك کە خۆری ئەو ڕۆژەئاوا بێت و تەمەنمی تیا کەم ببێتەوە و کردەوەمی تیا زیاد نەبێت ) .

مرۆڤ بەرپرسیارە لەکاروکردەوەی خۆی و دەتوانێ کات و زەمانی خۆی بەچاکەکاری یان بەدەستە و سانی و کەمتەرخەمی بباتە سەر ، زۆر کەس بەرپرسیارێتی لەگەردنی خۆی دا دەماڵێ و ئەیدا بەسەر دەوروبەریدا ، یان بەسەر زەمانەدا ، زۆر کاتیش لەگەرمەی هەڵچوون و بێزاریدا جنێو دەدات بە ( زەمانە ) واتە ( الدهر ) بۆیە خۆشەویست (ﷺ)جڵەوگیری دەکات لەمە و دەفەرموێ : ﴿ لا تسبوا الدهر ، فان الله هو الدهر ﴾ ،دیارە ( زەمانە ) هیچی بەدەست نیە و تەنها خوایە کە کاروباری ئەم جیهانە هەڵدەسوڕێنێ .

کات و تەمەن ئەوەندە گرنگە لەکۆی چوار پرسیار دووپرسیاری تایبەتە بەتەمەن بەگشتی و کاتی لاوێتی بەتایبەتی .هەروەك دەفەرموێ : ﴿ لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يُسأل عن أربع خصال : عن عمره فيما أفناه ، و عن شبابه فيما أبلاه ، وعن ماله من أين اكتسبه و فيما أنفقه ، وعن علمه ماذا عمِل فيه ﴾.

* ( طيفور البسطامي ) دەڵێ : شەوو ڕۆژ سەرمایەی موسڵمانن ، قازانج تیایدا دەستکەوتنی بەهەشتە و ، زەرەرمەندیش تیایدا چوونە ناو دۆزەخە .

* ( ابو المسلم الخولاني ) دەڵێ : ئەگەر بەهەشت و دۆزەخ بەچاو ببینم کردەوەی زیاتر ناکەم لەوەی کە ئێستا دەیکەم ( دیارە تا دوا پلە سوودی لەتەمەنی وەرگرتووە ) .

* ( رابعەی عدویە ) بە ( سفیان ) ی وت : تۆ لە چەند رۆژێکی دیاری کراوپێك هاتوویت ، ئەگەر رۆژێك بڕوا بەشێکت دەڕوات و ، کە بەشێکت رۆیشت رۆژێك دێت هیچت نامێنێتەوە و هەمووەکەش دەڕوات،تۆش ئەمە دەزانی ، کەواتە کاری چاکە بکە و هەوڵبدە کات بە فیڕۆ نەدەی.

*( فضیل کوڕی عیاض ) بەپیاوێکی وت: تەمەنت چەندە ؟ وتی : شەست ساڵ . وتی : کەواتە لەشەست ساڵ لەمەوبەرەوە تۆ بەڕێوەیت بۆلای پەروەردگارت ، ڕەنگە ئەوەندەت نەمابێت بگەیتە لای ، پیاوەکە وتی : انا لله و انا الیه راجعون .

( فضیل ) پێی وت : ئەزانی تەفسیری ئەوەی کەوتت ؟ ئەوەی بزانێ کە بەندەی خوایە و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە ، بابزانێ کە ڕادەگیرێ و ڕادەوەستێنرێ ، کە ڕاوەستێنرا بابزانێ پرسیاری لێ دەکرێ ، کە پرسیاریشی لێ بکرێ باوەڵام بۆ پرسیارەکان ئامادەبکات .

پیاوەکە وتی : چارە چی یە ؟( فضیل ) وتی : ئاسانە ، ئەوەندەی تەمەنت ماوە چاکە بکە ، خوا لە ڕابردووت خۆش دەبێت ،خۆ ئەگەر بەردەوام بی لەسەر خراپەش ئەوە گوناهی ئەوەڵ و ئاخرت لەسەر حساب دەکرێ .

* ( حەسەنی بەصری ) دەڵێ : کەسانێکم بینیوە چەندە ئێوە خەمی پارە و ماڵتانە ، ئەوان زیاتر خەمی کاتەکانیان بوو کە بەفیڕۆ نەچێت .

هەروەها رۆژێك لەکۆڕێکدا لە پیرەکانی پرسی : کشتوکاڵێك کە پێگەیشتبێ چاوەڕێی چی دەکات ؟ وتیان : دورینەوە .ئنجا وتی : گەنجینە ئێوەش بزانن کە کشتوکاڵ پێش پێگەیشتنی تووشی ئافات دەبێ ( واتە بەتەمای پیری مەبن ڕەنگە هەر زوو ئافات و موسیبەت لەناوتان بەرێت ) ...

بەڵێ ... پەروەردگار هەرکەسە و ئەوەندە تەمەنی دەداتێ کە بەس بێ بۆ بیرکردنەوە و دۆزینەوەی ڕێی ڕاست ، هەروەك دەفەرموێ: ﴿ أولم نُعَمركم ما يتذكر فيه من تذكر وجاءكم النذير ﴾ الفاطر : ٢٧واتە : ئایا ئەوەندە تەمەنمان نەدانێ کە تیایا ئەگەر کەسێ بیەوێ بتوانێ ڕێی

راست بدۆزێتەوە،ئەمە وێڕای ئەوەی کە پێغەمبەرانیشتان بۆهات کە ئاگادارتان بکاتەوە . سەرچاوە ( الوقت أنفاس لا تعود ) عبدالله بن محمد القاسم .

**( ٢٠٨ ) خۆزگەو ئاواتەکان**

مرۆڤ بەردەوام ئاوات و خۆزگەی هەیە ، هەرچەندیشی لێ بێتە دی ، هەر تەواو نابێ و کۆمەڵێکیان هەر دەمێنێت ، ئەمەش داخوازیەکی ژیانە و ئەگەر وانەبوایە ژیان هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدەبینی .

ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە مرۆڤ پەروەردە دەکات ، گرنگی دەدات بە ئاوات و خۆزگەکانی بەو شتانەش کەلـەنیەتیدان بیکات و ، هانی دەدات کە هەمیشە خەیاڵی لای خێر و چاکە بێت و ئاوات و خۆزگەکانی بۆ شتانێك بن کە سوودی دنیا و قیامەتی تیابێ.

خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ اذا تمنى أحدكم فلينظر ما يتمنى ، فأنه لايدري ما يُكتب له من أُمنيته ﴾ ئیمام ئەحمەد / واتە : ئەگەر یەکێکتان ئاوات و خۆزگەی خواست ، با سەیر بکات ئەو ئاوات و خۆزگانەی بۆچی خواستووە ، چونکە بەراستی نازانێ چی بۆ دەنووسرێ لـەو ئاوات و خۆزگانەی .

بڕوادار حەز بە گەیشتنەوە دەکات بەخوای خۆی ، هەرچەندە کارو کردەوەش کەم بێت ، چونکە ڕەحم و میهرەبانی خوا بێ ئەندازە و بێشوومارە ، هەروەك خوا خۆی دەفەرموێت ﴿ ورحمتي وسِعَت كل شئ ... ﴾ الاعراف : ١٥٦

بەلأم جوولـەکەکان ئەیانزانی هەق و راستیان شاردۆتەوە و پەیمانی خوایان شکاندووە بۆیە مردنیان لـەخەیاڵی خۆیان دەرکردبوو ، قورئان تەحەددایان دەکات و دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا إِنْ زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ مِنْ دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٦) وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ (٧)﴾ الجمعة : واتە : پێیان بڵێ ئەی ئەوانەی کەلـەسەر ئایینی جوولـەکەن ، ئەگەر ئێوە خۆتان بە دۆست و لایەنگری خوا دەزانن ، ئەوا داوای مردن بکەن و ئاواتی مەرگ بخوازن ، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای خوا و پاداشتی نەبڕاوەی هەتا هەتایی وەرگرن ، بەلأم ئاشکرایە کە هەرگیزا و هەرگز ئاواتی واناخوازن و مردن داواناکەن ، چونکە خۆیان دەزانن چییان کردووە و خواش زانایە بەکار و کردەوەی ستەمکاران .

ئاوات و خۆزگەی خێر ، نیەتی خێر پاداشتی لەسەر وەردەگیرێ ، ئەگەر نەشتوانێ ئەو ئاوات و خۆزگانەش بهێنێتەدی ، خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ رجل آتاه الله مالاً و علماً فهو يعمل به في ماله و ينفقه في حقه ، ورجل اتاه الله علماً ولم يؤته مالاً فهو يقول : لو كان لي مثل مال هذا عملت فيه مثل الذي يعمل ، قال الرسول ﷺ فهما في الاجر سواء ﴾ ئەحمەد و ابن ماجه / واته : پیاوێکی موسڵمان خوا ماڵ و زانستی دەداتێ ، ئەویش بەپێی زانینی خۆی ماڵەکەی لەخێر و چاکە و لەحەقدا بەخت دەکات و، پیاوێکیش خوا تەنها زانستی داوەتێ و ماڵ و سامانی نەداوەتێ ، دەڵێ : ئەگەر منیش وەك ئەوکەسە ماڵم هەبوایە هەروا لەخێر و چاکە و حەقدا بەختم دەکرد ، بەم ئاوات و خۆزگە خێرەی هەمان پاداشتی پیاوەکەی پێشووی دەست دەکەوێت .

*ئاوات و خۆزگەی خێر :

خۆشەویست (ﷺ) باس لە خۆزگە و ئاواتێکی خۆی دەکات ، تاوەکو ببێ بەسەر مەشق بۆ موسڵمانان و دەفەرموێ : ﴿ و الذي نفسي بيده لوددت أني أُقتل في سبيل الله ثم أحيا ثم أُقتل ثم أحيا ثم أقتل ثم أحيـا ﴾ بخاری / واته : بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە حەزدەکەم کە شەهید بکرێم لە ڕێی خوادا و ئنجا زیندووبکرێمەوە ، پاشان شەهید بکرێمەوە و زیندوو ببمەوە ، جارێکی تریش شەهید بکرێم و زیندوو بکرێمەوە ...

ڕۆژێك عومەری کوری خەتاب بەهاوەڵانی فەرموو : ئاواتتان چی یە ؟ یەکێ وتی : حەزدەکەم پڕ بەو دۆڵە ئاڵتوونم هەبوایە و لەڕێی خوادا بەختم بکردایە ـ یەکێکی دیکەیان وتی : من حەزدەکەم پڕ بەو دۆڵە ئەسپم هەبوایە و بمبەخشیایە لەڕێی خوادا ، عومەریش فەرمووی ( من حەزدەکەم و ئاواتمە پڕ بەم ژوورە پیاوی وەك ئەبو عوبەیدەم هەبوایە و جیهادم پێ بکردنایە لەڕێی خوادا ) .

ڕۆژێك ( عبدالله ی کوڕی عومەر ) و ( عەروە کوڕی الزبیر ) و ( مصعب ی کوڕی الزبیر ) و ( عبدالملك کوری مەروان ) بەیەکەوە دانیشتبوون ، مصعب وتی : هەرکەسە و ئاواتی هەرچی یەکە با بیڵێ ، وتیان: بالەخۆتەوە دەست پێ بکەین ، وتی : من ئاواتمە ببمە والی عێراق و ( سکینە ) ی کچی ( حسین ) و ( عائشەی کچی تەڵحەی کچی عبدالله ) بهێنم ، (لەئەنجامدا خوا بەدڵی خۆی لەگەڵ کرد و بووە والی عێراق و ئەو دوو ئافرەتە بوونە خێزانی ) .

عروە کوڕی الزبیر وتی : من ( فقه ) ئاواتمە و حەزدەکەم ( فەرموودە ) لێمەوە ڕیوایەت بکرێ ...( ئەویش گەیشتە ئاواتەکەی ).

( عبدالملك ) یش وتی : من ئاواتمە ببمە خەلیفە ، خوای گەورە ئاواتەکەی هێنایەدی ، بەڵام عبدالله ی کوری عومەر ئاواتی هیچ یەکێ لەهاوەڵانی نەخواست بەڵکو وتی : من ئاواتم تەنها بەهەشتە ؟!.

عومەری کوڕی عبدالعزیز یش دەڵێ : من نەفسێکی پەرۆشم هەیە ، حەز و ئارەزووی هەرچی بووبێ گەیشتویەتێ ، ئاواتم ئەمارەت بوو دەستم کەوت و ، پاشان ئاواتم خەلافەت بوو ئەویشم دەست کەوت ، ئێستا تەنها ئاواتم بەهەشتە ئەگەر خوا بەرەحمی خۆی پێم ببەخشێ پاش نزیکەی دەسەدە لەوان ، ( محمد الفاتح ) ئاواتی فەتحی شاری (قسطنطينية ) خەوی لێ هەراسان دەکات و ناسرەوێ هەتا فەتحی دەکات ، لەکاتێکدا کە فەتح کردنەکەی ئەستەم بوو لەوکات وزەمانەدا .

ئەم ئاواتەشی بەوە بۆ دروست بوو ، کە باوکی هەر لەمناڵیەوە دەیبرد بۆ بەشداریکردن لەشەڕەکاندا تا ترسی بشکێ و چاوی بکرێتەوە ، پاشان مامۆستاکەشی (ئاق شمس الدين ) ، زۆر جار دەیبرد بۆ گوێ دەریا و لەدوورەوە قەلاّکانی ( قسطنطينية ) ی پیشان دەدا و دەیووت: ئەو شارە خۆشەویست (ﷺ) هەواڵی داوە کەلەسەر دەستی یەکێ لەسەرکردە موسڵمانە چاکەکاندا فەتح دەکرێت .

دەڵێن سوڵتان ( محمد الفاتح ) کەداوا لە ئیمبراتۆری ( قسطنطينية ) دەکات کلیلی ئەو شارەی تەسلیم بکات و ، ئەویش ڕازی نابێ ، بەو پەڕی عەزم و حەزمەوە دەڵێت : زۆر چاکە با کلیلەکان نەدات ، هەر لەم نزیکانەدا یان پایتەختەکەم لە ( قسطنطينية ) دەبێت ، یان قەبرەکەم !

ئەوەبوو خوا ئاواتەکەی هێنایە دی و شارەکەی فەتح کرد هەروەك خۆشەویست (ﷺ) هەواڵی دابوو .

ئاوات و خۆزگەکان ڕەنگدانەوەی عەزم و ئیرادەی خاوەنەکەیەتی ، دەگێڕنەوە کە کاتێك بانگبێژێك دەبیستێ بورجی سەعاتی ( بیگ بن ) لار بۆتەوە و ڕەنگە بڕوخێ ، زۆری پێناخۆش دەبێ . لێی دەپرسن: بۆچی پێت ناخۆشە ؟، دەڵێ : من هیوام زۆرە بەخوا کە موسڵمانان سەرەنجام

رۆژێك فەتحی ( بەریتانیا ) بکەن و منیش سەربکەومە سەر ئەو بورجە و بانگێك بدەم ! ( گۆڤاری المجتمع ژمارە ١٤٢١ ).

بەندەش لـە ئەزموونی کەمی خۆمەوە دەڵێم :لـە سەرەتای هەشتاکاندا بۆ کارێك رێم کەوتە لای پارێزەرێك ، لـەدڵەوە ئاواتم خواست کە خوا شارەزای بکات لـەئیسلام و پەڕاوی ( التشريع الجنائی فی الاسلام ی عبدالقادر عودە ) بخوێنێتەوە ، تا لـە گەورەیی یاساکانی ئیسلام تێ بگات ، کەچی سوپاس بۆ خوا پاش نزیکەی ( ١٣ ) ساڵێك لـەو ئاواتە ، خوارێکی خست و هات بۆلام بۆ دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی جیهانی کە من بەڕێوەربووم لـە سلێمانی ،قسەم بۆ ئەو برادەرە پارێزەرە کردو سەرەنجام رێی پیرۆزی خوای گرتەبەر و ئەو پەڕاوەشم دایە کە ئاواتم بوو بیخوێنێتەوە... هەزاران جار سوپاس و ستایش بۆ خوا ! کە ئاواتەکەمی هێنایە دی و بوینە مایەی شارەزابوونی کەسێك لـەبەرنامە بەرز و پیرۆزەکەی پەروەردگار ...

### ( ٢٠٩ ) خۆزگە و ئاواتێکی دنیایی

قارون لـەخزم و خوێشانی موسا بوو ( سەلامی خوای لێبێ ) ، خوای گەورە تاقی کردەوە بەوەی سامانێکی پێ بەخشی کە کلیلی خەزێنەکانی ئەوەندە زۆر بوون کۆمەڵێ کەسی بەهێزی دەویست هەڵیان بگرێ ، لـەجیاتی سوپاسی خوای لـەسەر بکات کەوتە سەرکەشی و یاخی بوون ، پێیان ووت : بەم سامانە دڵخۆش مەبە و لـەسنوور دەرمەچۆ ، چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کەلـە سنوور دەردەچن و ماڵ و سامان لـەخشتەیان دەبات .

هەوڵ بدە بەو ماڵ و سامانەی کە خوا پێی داویت بەهەشت بەدەست بێنە و، بەشی خۆشت لـەخۆشی دنیا لـەرێی حەڵاڵەوە فەرامۆش مەکە ، چاکەخواز بە هەروەك چۆن خوا چاکەی لـەگەڵدا کردویت ، نەکەی هەوڵی فەساد و گوناهو تاوان بدەی لـەسەر زەویدا ، چونکە بەڕاستی خوا تاوانباران و گوناهکارانی خۆشناوێت .

( قارون ) وتی : ئەم ماڵ و سامانەم بەهۆی زانست و زانیاری و لێزانی خۆمەوە بەدەست هێناوە ، ئیتر وەك نەزانێ کە خوا پێش ئەم چەندەها گەل و هۆزی لـەناوبردوە کە لـەو بەدەسەڵاتتر و دەوڵەمەند تر بوون . خواش ئاگاداری تاوانی خراپەکارانە و هەمووی لـەلای خۆی تۆمارکراوە.

رۆژێك ( قارون ) خۆی سازدا و بەڕازاوەیی چووە دەرەوە بۆ خۆ نواندن ، ئەوانەی کە ئاواتیان ژیانی دنیایە وتیان : ئای خۆزگە ئێمەش وەکو قاروون سامان و دەسەڵاتمان ببوایە ، بەڕاستی بەختێکی چاکی هەیە .

بەڵام ئەوانەی کە شارەزاو زانابوون وتیان : هاوار بۆ ئێوە ، بۆ بیرناکەنەوە ، پاداشتی خوایی زۆر چاکترە بۆ ئەو کەسەی کە باوەڕی دامەزراوی هەیە و کاروکردەوەی چاك ئەنجام دەدات ، ئەو پاداشتەش تەنها دەست ئەوانە دەکەوێت کە خۆگر و ئارامگرن ، ئنجا خوای گەورە پەندی بەنی ئیسرائیلی دادا و هەر زوو تۆڵەی لە ( قارون ) سەندەوە و خۆی ماڵ و سامانەکەی نغرۆی زەوی کرد و کەس نەیتوانی لە سزای خوایی رزگاری بکات ... کە بەنی ئیسرائیل ئەم ( موعجیزە ) گەورەیەیان بینی ، چۆن خوای گەورە ( قارون ) و سامانەکەی لەناوبرد ، ئەوانەی کە پێشتر ئاواتیان بە ( قارون ) دەخواست وتیان : ئەی هاوار بەس نەبوو وەکو ئەو تیانەچووین ، دیارە کە خوا ڕزق و رۆزیی زۆر دەبەخشێت بەهەرکەس بیەوێت ، یاخود بەحیکمەتێك کەمی دەکاتەوە کە هەر خۆی دەزانێت ، ئەگەر فەزڵ و بەهرەی خوا نەبوایە لەسەرمان ، ئێمەش بەناخی زەویدا رۆدەچوین ، ئای کە ڕوون و ئاشکرایە ، کافر وخوانەناسان سەر فراز نابن .

جا ئیتر با خەڵکی دڵنیابن کە ئەو ماڵی قیامەتە ( بەهەشتی بەرین ) مان ئامادەکردووە بۆ ئەو کەسانەی کەلە دونیادا نەبەرزیی و پلەو پایەیان دەوێت و ، نەفەساد و گوناهو خراپەش ، سەرەنجام و سەرفرازیش هەر بۆ پارێزکاران و خواناسانە .ئەوەی کار و کردەوەی چاکە بکات ئەوە چاکە دێتە ڕێی و، ئەوەی گوناهو هەڵە و خراپەش بکات پاداشتیان بەپێی کردەوەکانیانە .

ئەمەی کە باسمانکرد قورئان لە ئایەتی ( ٧٦ تا ٨٦ ) ی سورەتی ( قصص ) دا باسی دەکات هەروەك دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ (٧٦) وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (٧٧) قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا وَلَا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ (٧٨) فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا يَا لَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ (٧٩) وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِمَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا وَلَا يُلَقَّاهَا

إِلَّا الصَّابِرُونَ (٨٠) فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنْصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ (٨١) وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْا مَكَانَهُ بِالْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَوْلَا أَنْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا وَيْكَأَنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ (٨٢) تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ (٨٣) مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِنْهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى الَّذِينَ عَمِلُوا السَّيِّئَاتِ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٨٤)﴾ القصص .

بەڵێ شەیتان بەئاوات و ئارەزووی خراپ رازاندنەوە خەڵکانێکی زۆر چەواشە دەکات و سەرگەردانیان دەکات ، هەروەك قورئان دەفەرموێت :﴿ وَمَنْ يَتَّخِذِ الشَّيْطَانَ وَلِيًّا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُبِينًا (١١٩) يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا (١٢٠)﴾ النساء : واتە : ئەوەی لەجیاتی خوا شەیتان بکاتە پشێوانی خۆی ، ئەوە بەراستی زیانێکی گەورەی لێ کەوتووە و خەسارەتمەندیەکی ئاشکرای توش بووە ، شەیتان بەڵێنیان دەداتێ و ئاوات و ئارەزوو دەرِازێنێتەوە بۆیان ، کە هەمووی بەڵێنی فریودەر و خەڵەتێنەرە ، ئەوانە مەنزڵگەیان دۆزەخە و هەرگیز لە دەستی رزگاریان نابێت .

**( ٢١٠ ) ئەو مردنەی کە لێی ڕادەکەن**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٨)﴾ جمعة : واتە : ئەی ( محمد ) (ﷺ) پێیان بڵێ ئەو مردنەی کە لێی ڕادەکەن ، بەراستی پێتان ئەگات ، ئنجا بۆلای ئەو خوایە دەگەڕێنەوە کە بەنهێنی و ئاشکراتان زانایە و هەواڵی کردەوەکانتان پێ دەدات کە کردوتانە و حسابتان لەگەڵ دەکات .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ و جاءت سكرةُ الموتِ بالحق ذلك ما كنتَ منه تحيد ﴾ ق / ١٩ واتە : ئەی ئادەمیزاد سەرەنجام تەنگانەی مردن و ئازارەکانی یەخەت پێدەگرێت ، ئەوسا پێت دەوترێت : ئائەمە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیە کە خۆتت لێ لادەدا و لەبیر خۆتت دەبردەوە .

ئەو کات کە ڕاکردن لە مردن نەبێت و ، پاشا و گەدا وەك یەك دەستەوسان بن بەرامبەری هەمووان خۆزگە دەخوازن کە خراپەیان نەکردایە و زۆرترین چاکەیان بۆ قیامەتیان بناردایە ، بۆیە

قورئان پێش هاتنی ئەوساتە وەختە ئاگادارمان دەکاتەوە کە باشترین توێشوو ئامادەکەین و دەفەرموێت :﴿ یا ایها الذین امنوا اتقوا الله و لتَنظُر نفس ما قَدَمت لغد ، و اتقوا الله انّ الله خبیر بما تعملون ﴾ حشر : ١٨ / واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکاربن و ، با هەرکەس بڕوانێ چی بۆ سبەینێ ( قیامەت ) ئامادەکردووە لەخوا بترسن ، خوا ئاگادارە بەوکارانەی دەیکەن .

ترسان لەخوا ، یان لەو ڕۆژەی کە دەگەڕێنەوە بەردەستی خوا نیشانەی باوەڕداریی تەواوە ... قورئان دەفەرموێ : ﴿ واتقوا یوماً ترجعون فیه الی الله ، ثم تُوَفی کل نفس ماکَسَبت وهم لا یُظلمون ﴾ البقرة : ٢٨١واتە : لەو ڕۆژە بترسن کە تیایدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ... ئەوسا هەرکەسە و پاداشتی کار و کردەوەی خۆی پێ دەدرێتەوە بەبێ ئەوەی ستەم لەکەس بکرێت .

یان دەفەرموێت : ﴿ وأما من خاف مقام ربه ونهی النفس عن الهوی فأن الجنة هي المأوی﴾ النازعات : ٤١ / واتە ئەوەی لەوەستانی بەردەم دادگای خوایی ترسابێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لەهەواو ئارەزوو ، بێگومان ئەوە بەهەشت جێگە و مەنزڵێتی و تیایا دەمێنێتەوە .

یان دەفەرموێ ﴿ ولمن خاف مقام ربه جنتان ﴾ الرحمن : ٤٦ / واتە : بۆ ئەو کەسەی کەلە وەستانی بەردەم دادگایی خوایی دەترسێ ، دوو بەهەشت و باخیڕازاوە هەیە .

**( ٢١١ ) ئاوات و داوای سەرەمەرگ**

قورئان دەفەرموێت : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ (٩٩) لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (١٠٠)﴾ المؤمنون : واتە : ئەوکاتەی مردن یەخەی یەکێکیان دەگرێ دەڵێ : پەروەردگارا بمگێڕەرەوە و مۆڵەتم بدە بەڵکو چاکە بکەم و ئەو هەلانەی لەکیسم چووە قەرەبووی بکەمەوە ، بەڵام تازەکار لەکار ترازاوە ، شتی وا مەحاڵە ، بۆیە بەتوندی پێی دەوترێ : نەخێر ئەوە قسەیەکە و ئەو بۆ خۆی دەیڵێت ، لەپاش گیان کێشان لەبەرزەخ دا دەمێنێتەوە تا کاتی زیندوو بوونەوەی .

خۆشەویست (ﷺ) لەسەرە مەرگدا دەستی دەکرد بەئاوێکدا کە لەلایەوە دانرابوو ، وە دەیهێنا بەدەم و چاویدا و دەیفەرموو : ﴿ لا اله الا الله ، ان للموت سکرات ﴾ بخاری

کاتێ کە ( فاتیمە ) باوکی لەو حاڵەدابینی وتی : ئای بۆ نارەحەتی و ناخۆشی باوکم ، ئەویش فەرمووی : ( لەمڕۆ بەدواوە ئیتر باوکت ناخۆشی و نارەحەتی نابینێ ) .

خۆشەویست (ﷺ)لەم ساتەوەختەدا دوعای دەکرد و دەیفەرموو : ﴿ اللهم هون علينا سكرات الموت اذا حلت ، و ثبتنا اذا وقعت ، فثقل اللسان ، و اغمضت العينان ومدت الاكفان ، فاللهم برحمتك الى الجنان ﴾ .( محمدی کوڕی واسع ) لەسەرە مەرگدا ئامۆژگاری هاوەڵانی کرد و پێی وتن :براکانم من و ئێوە داوای گەڕانەوەمان کرد لەخوا ، ئەوا بەئێوە دراوە و لەمنیش قەدەغەکراوە ، خۆتان مەدۆڕێنن .

( عبدالملك کوڕی مەروان ) لەسەرە مەرگدا وتی : بەرزم بکەنەوە و دامبنیشێنن ، دایان نیشاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و وتی : ئەی دنیا ، چەند خۆشی ! چەند درێژ بیت هەرکورتی و ، زۆریشت بێ نرخە ، بەڕاستی ئێمە مەغرور بووین پێت ، هەروەها وتی : خۆزگە خەلیفە نەبوومایە و هەموو ژیانم حەماڵ بوومایە .

لێیان پرسی : حاڵت چۆنە ؟ وتی حاڵم ئەوەیە کە ئەم ئایەتە باسی دەکات ﴿ ولقد جئتمونا فُرادى كما خلقناكم أول مرّة و تَركتم ماخولناكم وراء ظهوركم ﴾ الانعام : ٩٤ .

( ئەبو دەردا) لەگیانەلاّدا فەرمووی : ئای بۆ پیاوێك ئیش بكات بۆ رۆژێكی وەك ئەمڕۆی من ، ئای بۆ پیاوێك كاربكات بۆ ساتێكی وەك ئەم ساتەی من ، ئای بۆ پیاوێك خۆی ئامادە بكات بۆ تیاچوونێك وەك ئەمەی من . ئنجا گریا ، هاوسەرەكەی پێی وت : تۆ دەگریت لەكاتێكدا هاوەڵێتی پێغەمبەرت كردووە (ﷺ)؟ فەرمووی : چۆن نەگریم ، لەكاتێكدا من نازانم گوناهەكانم چۆن هێرشم بۆ دێنن .

خەلیفە ( مەئمون ) لەسەرەمەرگدا خۆڵەمێشی كرد بەسەریا و وتی : ئەی ئەو كەسەی موڵكەكەت لەناو ناچێ ، ڕەحم بكە بەكەسێك كە موڵكەكەی لەدەست چوو .( حبيب العجمی ) لەسەرەمەرگیدا دەگریا و دەیووت : ئەمەوێ گەشتێ بكەم كە هەرگیز گەشتی وام نەكردووە ، ئەمڕۆ ئەمەوێ ڕێگایەك بگرمە بەر ، كە هەرگیز نەمگرتۆتە بەر ، ئەمڕۆ ئەمەوێ سەردانی گەورە و بالاّ دەستێك بكەم كە هەرگیز نەمدیوە ، ئەمڕۆ ئەمەوێ ، بەرەو نارەحەتی و زەحمەتێ بچم كە هەرگیز شتی وام نەهاتۆتەڕێ .

( شەقیق کوڕی ئیبراهیم ) دەڵێ : خۆت بەجۆرێك ئامادەبکە ، ئەگەر مردن یەخەی گرتی داوای مۆڵەت و گەڕانەوە نەکەی .

( ابن المنذر ) لەسەرە مەرگیدا دەگریا ، وتیان : بۆ دەگریت ؟ وتی : بەخوا لەبەر گوناهێ ناگریم کە زانیبێتم ، بەڵکو بۆ ئەو شتانە دەگریم کە بەبچوکم زانیوە و کردوومە و لای خواش گەورەن ..

( عومەری کوری خەتاب ) لەسەرە مەرگیدا دەیفەرموو : ئەگەر بەهێندەی دنیا ئاڵتون و زیوم هەبوایە ئەمدا و ئەمکرد بە ساقە سەری خۆم ، چۆن ئەمین بم لەو نارەحەتی و تەنگژەیەی لەپێشمە ، لەکاتێکدا جارێ نازانم چۆن دەبێ و هەواڵی چی یە ؟ ئنجا بە کوڕەکەی وت : سەرم بخەرە سەر زەوی و بەدەم گریانەوە فەرمووی : ئای بۆ من ، وای لەحاڵم ئەگەر خوا ڕەحم پێ نەکات ...ئەگەر ئەمە حاڵی ئەو عومەرە بێت کە بەدوعای خۆشەویست (ﷺ)موسڵمان بوو ، وە ئەوەندە لێی ڕزی بوو کە مژدەی بەهەشتی پێدا ، ئەو عومەرەی کە بە ئاشکرا کۆچی کرد بۆ مەدینە و بۆ ساتێکیش سەنگەری خەباتی دژ بە کافران چۆڵ نەکرد .

ئەو عومەرەی کە زیاتر لە ( ١٠ ) ئایەتدا بیروبۆچوونی پەسەندکراوە ، ئەگەر ئەو ئاوا خەمی گەڕانەوەی بێت ئەبێ ئێمە چی بڵێین ؟!

( بیلال ) یش لەسەرەمەرگدا لەهۆش خۆی چوو ، ژنەکەی هاواری کرد ئای لەم نەگبەتیە ، بیلال هاتەوە هۆش خۆی و وتی : بلێ ئای لەم خۆشی یە ، سبەینێ ئەگەمەوە بەیاران محمد و هاوەڵە خۆشەویستەکان .

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەیووت ئەگەر نەبوایە بە بیدعەیەکی خراپ ، ئەوا سوێندم لە خۆم دەخوارد کە دڵ بەهیچ خۆش نەکەم ، تا دەزانم کەمەلائیکەتی گیان کێشان ڕەنگ و ڕوویان چۆن دەبێ لەگەڵمدا .

ئیمامی شافیعی لەسەرە مەرگدا لێیان پرسی حاڵت چۆنە ؟ فەرمووی : وام لەوەدا کە دنیا بەجێ بهێڵم و لەهاوەڵانم جیاببمەوە و شەرابی مردن بنۆشم و ، ڕوو بەڕووی خراپەکانم ببمەوە و بەخوای پەروەردگارم بگەمەوە ، ئیتر نازانم گیانم بۆ بەهەشت دەچێ تا پیرۆزبایی لێ بکەم ، یان بۆ دۆزەخ دەچێ تا سەرە خۆشی لێبکەم ئنجا گریا و وتی :

لما قسا قلبي و ضاقت مذاهـــبي          جعلت الرجا مني لعفوك سلّماً

تعاظمني ذنبي فلما قرنــتـــــه          بعفوك ربي كان عفوك أعظما

وما زلت ذا عفو عن الذنب لم تزل          تجود و تعفو منّة و تـــــكرُّما

( سليمان اليمى ) دەڵێ چوومە لای هاوەڵێکم لەسەرەمەرگدا ، بینیم زۆر پەشۆکاوە و نارەحەتە ، وتم : بۆئەوەندە نارەحەتیت ، خۆ تۆ لەسایەی خواوە چاکەکار بوویت ؟ وتی : چۆن نارەحەت و بێتاقەت نەبم کێ هەیە لەمن زیاتر شایانی ترسان بێ ؟ بەخوا ئەگەر خوا لێم خۆش ببێت ، من خەفەتی ئەو شەرمەزاری یە مە کەبەو هەموو خراپانەوە دەچمەوە بەردەستی ...

( عبدالله ی کوڕی موبارەك ) لەسەرەمەرگیدا سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و پێکەنی و وتی : با بۆ رۆژێکی وەك ئەمڕۆ ئیش بکەن ئەوانەی کە ئیشکەرن .

پیاوچاکێك لەسەرەمەرگدا ژنەکەی بەسەریەوە دەگری ، پێی دەڵێ بۆ خۆت بگری ، من چل ساڵە بۆ ئەم رۆژەی خۆم دەگریم و خۆمی بۆ ئامادەدەکەم .

**( ٢١٢ ) رۆیشتن لەگەڵ جەنازەدا بۆ گۆڕستان**

پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ عودوا المريض ، و اتبعوا الجنائز تُذكركم الاخرة ﴾ احمد/ صحيح / واتە : سەردانی نەخۆش بکەن و لەگەڵ جەنازەدا بچن بۆ گۆڕستان ، ئاخیرەتتان یاد دەخاتەوە .

( ئەعمەش ) دەڵێ : ئێمە لەگەڵ جەنازەدا دەڕۆیشتین ، نەمان دەزانی سەرخۆشی لەکێ بکەین ، لەبەرئەوەی هەموان دەگریان ، وە هەرە کەسەش بۆ خۆی دەگریا نەك بۆ مردووەکە .

( ئیبراهیم نەخەعی) دەڵێ : پیاوچاکان دەچوون بۆ گۆڕستان لەگەڵ جەنازەدا تا چەند رۆژێك کاریگەری ئەمە لەهەڵوێستیاندا دەبینرا ، بەهۆی ئەوەی کە بیریان دەکردەوە لە مردن و لەحاڵی مردووەکە .

( حەسەنی بەصری ) بەلای جەنازەیەکدا رۆیشت و وتی : ئای چەند ئامۆژگاری یەکی گرنگە و زووش بیردەچێتەوە ، ئای چ ئامۆژگاری یەکە ئەگەر رێی لەدڵی زیندوو بکەوێ ، ئنجا وتی : ئای

لەبیّ ئاگایی ئەو خەڵکە ، هەر ئەڵێی لەخەودا بینیویانە ، مردوانی سبەینیّ مردوانی ئەمڕۆ ئەسپەردەی خاك دەکەن .

هەروەها بەپیاوێکی وت ، کە ئامادەی ناشتنی جەنازەیەك بوو بوو ، تۆ دەڵێی ئەگەر بگەڕێتەوە دنیا چاکەدەکات ؟ وتی : بەڵیّ ، ( حەسەنی بەصری ) پێی وت : دەکە ئەو نەگەڕاوەتەوە ، خۆ تۆ دەگەڕێیتەوە ، دە تا ئەتوانی چاکە بکە .

( ئەبو دەردا ) پیاوێکی بینی لەمەراسیمی ناشتنی جەنازەیەکدا ، پرسیاری دەکرد و دەیووت : ئەریّ ئەمە تەرمی کێیە ؟ ئەویش پێی فەرموو : ئەوە تۆیت ، ئەوە تۆیت .خوای گەورەش دەفەرموێت : ﴿ انك ميّتٌ وانهم ميتون ﴾ الزمر ٢٠

ئیمامی شافیعی لەپارچە هۆنراوەیەکیدا کە ( ئالانی ) کردویەتی بە کوردی دەڵیّ :

توێشووی سبەینێت هەڵگرە کە ڕێبواری سەر سەفەریت

بەس دنیا بەکۆڵت دا بە کە نازانیت بۆ کوێی بەریت

کۆکردنەوەت بۆ خەڵکی یە و بۆ ئەوانیشە کۆڵ بەریت

ڕێی توێشوودارانت دەویّ و بەتەماش نیت توێشوو بەریت

پڕکە توێشوو کە ئێستات لەبەردەم دایە

شەوی تاریکت لەپێشە ڕێگە ئیحتیاجی چرایە

بەسبەینێوە مەنازە ؟!

خوا ئەزانێت چەندی دوێنیّ وا ئەمڕۆ لەناوخاك دایە

زۆرجار تەرمت بۆ گۆڕستان لەگەڵ خەڵکیدا بردووە

دڵنیا بە ڕۆژیّ ئەو تەرمە تۆ دەبی کە خەڵکی هەڵیانگرتووە

.

## ( ٢١٣ ) گۆڕی تەنگ و تاریك

خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێت ﴿ مارأيت منظراً قط الا و القبر أفظع منه ﴾ حسن ، ترمذي ، واتە : هیچ دیمەنێکم نەدیوە بەهێندەی قەبر سامدار و ترسناك بێت .

عوسمانی کوڕی عفان کەلەسەر لێواری قەبرێك دەوەستا ، ئەوەندە دەگریا ڕیشی تەڕدەبوو ، لێیان پرسی : باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکرێت ناگریت، کەچی بۆ ئەمە دەگریت ؟ فەرمووی " خۆشەویست(ﷺ)فەرموویەتی : ﴿ القبر أول منازل الاخرة ، فأن نجا منه فما بعده ايسر منه ، وان لم ينج منه فما بعده أشد منه ﴾ حسن ترمذي .

واتە : قەبر یەکەم مەنزڵگەیە بەرەو ئاخیرەت ، ئەگەر لێی ڕزگاربوو ، ئەوەی بەدوایدا دێت ئاسانترە لێی ، وە ئەگەر لێی رزگار نەبوو سەختتری بەدوادا دێت .

( نافع ) لەسەرەمەرگدا دەگریا ، وتیان : بۆچی دەگریت ؟ وتی : ئەم فەرموودەیەم کەوتەوە یاد کەباسی سەعدی کوڕی مەعاز و گۆڕەو شاردانەکەی دەکات کە دەفەرموێ : ﴿ ان للقبر ضغطة لو كان احد ناجيا منها نجا سعد بن معاذ ﴾ ئەحمەد / صحيح .واتە : قەبر گوشین و هاتنەوەیەك و گۆڕە و شارێکی هەیە بۆ مردوو ، ئەگەر کەسێ لێی رزگار ببوایە ، سەعدی کوڕی مەعاز دەبوو .

ئیمامی عەلی چووە گۆڕستان و وتی : ئەی مردوان ، هەواڵتانمان بدەنێ و هەواڵمانتان دەدەینێ ، هەواڵی ئێمە ئەوەیە ، ماڵ و سامانتان بەشکراو بەمیراتی برا ، ژنانیش شوویان کردەوە و خانووەکانیشتان خەڵکی تیایانا نیشتەجێ بوون ...

ئنجا وتی : بەخوا ئەگەر بتوانن ئێوەش دەڵێن : هیچ توێشوویەکمان نەدی چاکتر بێت لە پارێزکاری .

( ئەبو دەردا ) دەڵێ : ڕۆژی هەژاری و داماویم ئەو ڕۆژەیە کە دەخرێمە ناو گۆڕەوە ...

عومەری کوڕی عبدالعزیز لەگەڵ جەنازەیەکدا بوو ، کەخستیانە گۆڕەوە ، لەسەر لێواری گۆڕەکە وەستاو بەگریانەوە وتی : ئەی کۆچکردوو ، تۆ گەشتی دنیایی خۆتت تەواو کرد ، خۆشی لەخۆت ئەگەر خێر و چاکەت پێش خۆت ناردبێتە گۆڕەکەتەوە .

( حەسەنی بەصری ) لەسەر لێواری گۆڕێك دانیشت و وتی : دنیایەك ئەمە كۆتایی یەكەی بێت ، هەق وایە مرۆڤ تیایدا دەست بكێشێتەوە لەخراپە و ، ئاخیرەتێكیش ئەمە سەرەتا كەی بێت ، هەق وایە مرۆڤ لەدوایی یەكەی بترسێت .

كاتێك خۆشەویست (ﷺ)مردوویەكی بخستایەتە گۆڕەوە دەیفەرموو ( بسم الله ، و بالله وعلى ملة رسول الله ) حديث حسن ترمذي / ئنجا پاش داپۆشینی و گڵ كردنەوە سەری دوعای دامەزراوی بۆ دەكرد لەوەلاَمدانەوەی مەلائیكەتەكان ...

بەڕاستی مردن موسیبەتە بۆیە قورئان دەفەرموێت : ﴿فأصابتكم مصيبة الموت ﴾

بۆیە سەرخۆشی كردن و دڵدانەوەش پاداشتی گەورەی لەسەرە ، هەروەك خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێ : ﴿ ما من مؤمن يعزي أخاه بمصيبة الا كساه الله سبحانه من حلل الكرامة يوم القيامة ﴾ ابن ماجة / حديث حسن .واتە : هەركەسێ سەرخۆشی لەبرایەكی بكات بۆ موسیبەتێك كە تووشی دێت ، خوای گەورە لەقیامەت دا بەرگی كەرامەتی دەكات بەبەردا .

خۆ ئەوەش كەسەر خۆشی دەكات هەر دەبێ بمرێ و قەرارەكەی بۆ دراوە و لەسەرەدایە و هێشتا سەرەكەی ماویەتی ، بۆیە عومەری كوڕی عبدالعزيز ، نامەیەكی سەرخۆشی دەنێرێ بۆ دۆستێكی و دەڵێ :( نازانم چۆن مردوویەك سەرخۆشی بكات لە مردوویەك بۆ مردنی مردوویەك ! ) ( لحظات ساكنة / عبدالملك بن محمد القاسم ) .

**( ٢١٤ ) خۆزگە و ئاواتە چاكەكانی قیامەت**

* لەقورئاندا ئاوات و خۆزگەی بانگخوازە بڕوادارەكەی سورەتی ( يس ) مان بۆ باس دەكات كە چۆن پاش شەهید بوون و چوونە بەهەشتی ، پڕ بەدڵ ئاواتە خوازە كە گەلەكەی بیانزانیایە ئەم وا لەچ ناز و نیعمەتێكدا ، تاوەكو تەوبەبكەن و ڕێی ڕاست بگرن و ئەوانیش پاش پێنج و دوو ڕۆژێكی تر كە دەمرن لەو خۆشی وە بەهەشتە بەرینە بێ بەش نەبن ... هەروەك دەفەرموێ :﴿ قيل ادخل الجنة ، قال ياليت قومي يعلمون ، بما غفرلي ربي و جعلني من المكرمين ﴾ يس ٢٧

* ئیمامی ئەحمەد و ئەبوداود و حاكم لەئیبن عەبباسەوە دەگێڕنەوە كە خۆشەویست(ﷺ) لەباسی شەهیدەكانی جەنگی ئوحوددا فەرمووی : ( كاتێك براكانتان لەجەنگی ئوحوددا شەهید

بوون ، پەروەردگار گیانەکانیانی خستنە ناو باڵندەی سەوزەوە و ، دەیانبردنە سەر جۆگاو ڕووبارەکانی بەهەشت و لەمیوەکانیان دەخوارد و دەگەڕانەوە بۆ ناو چرای زێڕین کەلە ژێر سێبەری عەرشدان .

جا کە ئەم خواردن و خواردنەوە و بەهرە زۆرەیان بینی ، وتیان : خۆزگە براکانمان لەدنیادا بیانزانایە خوا چی پێ بەخشیوین ، بۆ ئەوەی پشتیان لەجیهاد سارد نەبێتەوە و کۆڵ نەدەن لەجیهاد کردن ، خوای پەروەردگاریش پێی ڕاگەیاندن ، من لەجیاتی ئێوە پێیان ڕادەگەیەنم ، ئنجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ (١٦٩) فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (١٧٠) يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ (١٧١)﴾ ال عمران / واتە : هەرگیز وامەزان و وادامەنێن ئەوانەی لەڕێی خوادا شەهید بوون مردوون ، بەڵکو ئەوانە لەلای پەروەردگاریانن و زیندوون و لەڕزق ڕۆزیی بەهرەوەرن .زۆر دڵخۆش و شادمانن بەو بەخششانەی کە خوا پێی بەخشیون ، مژدەش دەدەن بەوانەی کە هێشتا بەوان نەگەیشتوون و شەهید نەبوون ، کە هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت ، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نابێت .مژدە ئەدەن بەناز و نیعمەتانی تایبەتی و فەزڵ و ڕێزی بێ سنوور لەلایەن خوای میهرەبانەوە ، کە بەڕاستی خوا پاداشتی باوەڕداران زایە ناکات .

*ڕۆژێك خۆشەویست (ﷺ)جابری کوڕی عبداللە ی بینی زۆر بێتاقەت و خەمبار بوو ، لێی پرسی ، بۆچی ئاوا مات و غەمگینی ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا باوکم شەهید بوو منداڵی زۆری بەجێهێشتووە و قەرزاریشە .ئەویش فەرمووی : مژدەت بدەمێ خوا چۆن بەباوکت گەیشتووە ؟ ئەویش دەڵێ : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، خۆشەویستیش (ﷺ) دەفەرموێ : خوا باوکتی زیندوو کردەوە و بەبێ پەردە قسەی لەگەڵ کرد ، وە باوکت تاقەکەسە کە خوا بەبێ پەردە قسەی لەگەڵ کردبێ ، پێی فەرموو : ﴿ عبداللـە چی داواتە با پێت ببەخشم و بۆت جێبەجێ بکەم ، ئەویش وتی : پەروەردگارا داوات لێدەکەم بمگێڕیتەوە بۆ دنیاو جارێکی تر لەپێناوی تۆ دا بکوژرێم ، خوای پەروەردگار فەرمووی : من پێشتر بڕیارم داوە کەکەس ناگەڕێتەوە ، وتی : دەکەواتە هەواڵی ئێمەیان بدەرێ . خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە : ﴿ و لاتحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتاً...﴾ ال عمران / ( ئیبن ماجة و ترمذی ) گێڕاویانەتەوە .

ڕەنگە لەشوێنێکدا خۆشەویست ئەو فەرمودەیەی یەکەمی بۆ هاوەڵان باسکردبێ و ( جابر ) ئاگادار نەبووبێ ، پاشان بۆ جابریشی باس دەکات ، باسی فەزڵی باوکی بۆ دەکات کە ئەویش یەکێك بووە لەو شەهیدانەی کە ئەو ئاواتەیان خواستوە و حەزیان کردووە هەواڵیان بگاتە موسڵمانان . خوای گەورەش هەواڵەکە و ئاواتەکەیانی لەقورئاندا بۆ هەتا هەتا تۆمارکرد ، کە هەردەم موسڵمانان بیخوێنن و وانەی هیممەت بەرزی لێوە فێربن .

شایانی باسە خۆشەویست (ﷺ) خەمی جابری دەخوارد تەنانەت رۆژێك دێتە لای خۆشەویست (ﷺ) و دەڵێ : قەرزێکی زۆرمان لەسەرە و بەروبوومی خورمای ئەمساڵیشمان کەمە و بەشی قەرزەکان ناکات ، خۆشەویستیش دوعای بەرەکەتی بۆ کرد و فەرمووی : تۆ برۆ لەسەر خوا دەست بکە بەدانەوەی ، کە چوو دایەوە بەبەرەکەتی دوعای پێغەمبەر (ﷺ)وا بەرەکەت کەوتە خورماکەوە بەشی هەموو قەرزەکانی کرد و لێشی مایەوە کە هاتەوە ئەم هەواڵەی دایەوە بەخۆشەویست ئەویش فەرمووی : ﴿ اشهد أنی رسول الله ﴾ ، هەروەها خۆشەویست (ﷺ)بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەغەزایەکدا بوون و لەگەڕانەوەدا جابر حوشترێکی لەڕ و لاوازی پێبوو نەدەرۆیشت ،خۆشەویست (ﷺ) دارێکی تێژەن گورج بویەوە و پێش ئەوانی تری دایەوە ئنجا داوای لێکرد کە پێی بفرۆشێت ئەویش بەبرێك پارە فرۆشتی بە خۆشەویست کەلە مەدینە بیداتێ کە گەیشتنەوە مەدینە پێغەمبەر (ﷺ)پارەکەشی دایەوە حوشترەکەشی لێوەرنەگرت ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات .

جابر بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ : لەشەوی غەزای ئوحوددا باوکم پێی وتم : کوڕم من وادەزانم شەهید دەبم و من لەدوای خۆشەویست تۆ شك دەبەم ، بۆیە کەشەهید بووم برێك قەرزارم بیدەرەوە و ئاگاداری خوشکەکانت بەو باڵیان بەسەردا بکێشە .. پاشان کە باوکم شەهید بوو لەگەڵ یەکێکی تردا ناشتمان ، پاش شەش مانگ حەزم کرد دەری بهێنمەوە و بەجیا بینێژم کە دەرم هێنایەوە لاشەکەی وەك خۆی بوو تێك نەچوبوو ( حاکم ریوایەتی کردوە و دەڵێ صەحیحە لەسەر شەرتی ئیمامی موسلیم ) .

لا ٥٠٥ ج ٣ حیاه الصحابه / محمد یوسف الکاندهلوی .

.

## ( ٢١٥ ) خۆزگە و ئاواتە بێ سوودەکانی قیامەت

کافرەکان لەقیامەتدا خۆزگە دەخوازن بەلأم بێ سوودە ، چونکە دنیای کارو تاقی کردنەوە تەواو بووە و ئاخیرەتی پاداشت و تۆڵە هاتۆتە کایەوە قورئانی پیرۆز هەندێ لەو ئاوات و خۆزگانەمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت :

١ ) ﴿ وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُوا عَلَى النَّارِ فَقَالُوا يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِآَيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢٧) بَلْ بَدَا لَهُمْ مَا كَانُوا يُخْفُونَ مِنْ قَبْلُ وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (٢٨)﴾ الانعام / واتە : ئەگەر ئەوانە دەبینی لەقیامەتدا لەسەر لێواری دۆزەخ ڕاوەستێنراون بەدەم حەسرەت وناڵەوە دەڵێن : خۆزگە جارێکی تر بگەڕاینەوە بۆ دنیاو لەم سەرەنجامە شوومە ڕزگارمان دەبوو ، ئەوسا هەرگیز نیشانە و بەڵگە و ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەخستەوە و باوەڕی بەتینمان پێی دەبوو.

بێگومان ئەوە ئاواتێکی ئاستەمە چونکە هەموو ئەوکار و کردەوە و پیلانانەی پێشتر دەیان شاردەوە وا ئێستا ئاشکرابوون ، خۆئەگەر بگێڕدرێنەوە بۆ دنیا جارێکی تر دەست دەکەنەوە بەخراپە ، بەڕاستی ئەوانە درۆدەکەن .

٢) ﴿ يوم تُقَلَب وجوههم في النار يقولون ياليتنا أطعنا الله و أطعنا الرسولا ﴾ ٦٦: الاحزاب واتە : ڕۆژێك دێت لەناو ئاگردا روخساریان ئەم دیواو دیوی پێدەکرێ و دەڵێن ئای خۆزگە فەرمان بەرداری خوا بوینایە و گوێ ڕایەڵی پێغەمبەرمان بکردایە

٣) ﴿ و اما من أوتيَ كتابه بشماله فيقول ياليتني لم أوتَ كتابيَ و لم أدري ما حسابيَ ياليتها كانت القاضية ، ما أغنى عني ماليَ هلكَ عني سلطانية ﴾ الحاقة : ٢٩

واتە : ئەوەی نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی چەپی دەڵێت : خۆزگە نامەی کردەوەکانم هەر وەرنەگرتایە ، هەر نەمزانیایە لێپرسینەوەم چۆن دەبێت ، خۆزگە مردنەکەم یەکجاری بوایە و ئاوا زیندوو نەکرامایەتەوە ، ئەوەتە ئەو ماڵ و سامانەی کە بووم فریام ناکەوێت ، ئەو دەسەڵاتەی کە بووم لەدەستمانەما و لەدەستم چوو...

٤) ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا (٢٧) يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا (٢٨) لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنْسَانِ خَذُولًا (٢٩)﴾ الفرقان / واته : ڕۆژێ دێت لەقیامەتدا کەستەمکار لەپەشیمانیدا هەردوو دەستی دەگەزێت و بەحەسرەتێکی زۆرەوە دەڵێت : خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێبازی ئیمانم بگرتایە ، خۆزگە فلاّن کەسم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم ، بەراستی ئەو وێڵی کردم لەبەرنامەی خوا دوای ئەوەی کە پێم ڕاگەیەنرابوو ، بێگومان شەیتان هەمیشە و بەردەوام هۆی خەجاڵەت بوون و شەرمەزاری کردنی ئادەمیزادە .

٥) ﴿ انا أنذرناكم عذاباً قريباً ، يوم يَنظُر المرء ماقَدَمَت يداه ، ويقول الكافر ياليتني كنتُ تراباً ﴾ النبا ٤٠/ واته : ئێمە ئێوەمان لەسزایەکی زۆر نزیك ئاگادار کردۆتەوە ، سزای ڕۆژێك کە ئادەمیزاد سەیری توێشووی قیامەتی خۆی دەکات ، کافر و خوا نەناسیش دەڵێت : خۆزگە هەرخاك بوومایە و زیندوو نەکرامایەتەوە .

**( ٢١٦ ) دەتەوێ پێشەنگ بیت ؟**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وفي ذلك فليتنافس المتنافسون ﴾ ٢٦ المطفّفين. واته : با بۆ ناز و نیعمەتی بەهەشت پێشبڕکێ بکەن ئەوانەی کە پێشبڕکێ دەکەن ، چونکە بەهەشت هەتا هەتایی یە و هەرچی هەوڵێکی بۆ بدەیت دەهێنێت و شایانێتی ، هەروەها قورئان باسی ( السابقون ) دەکات لەچەندەها ئایەتدا و گرنگی دەدات بەدەست و بردکردن و پەلەکردن لەکاری خێردا ، بۆ ئەوەی ئەو کەسەپێشەنگ بێت و ببێتە سەرمەشق بۆ کەسانی تریش ... هەروەك دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ (٥٧) وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ (٥٨) وَالَّذِينَ هُمْ بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ (٥٩) وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ (٦٠) أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ (٦١) وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنْطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (٦٢)﴾ المؤمنون .

واته : بەڕاستی ئەوانەی کە ترسی پەروەردگاریان لەدڵدایە و دەترسن لێیان بڕەنجێت ، ئەوانەی بڕوایان بەئایەت و نیشانەکانی پەروەردگاریان هەیە و سەرپێچی ناکەن ، ئەوانەی کە هاوەڵ و هاوبەش و شەریك بۆ پەروەردگاریان بڕیار نادەن ، وە ئەوانەی کەلەو شتانە دەبەخشن کە پێمان

بەخشیون و دڵیان دەترسێ لەگەڕانەوەیان بۆ لای پەروەردگاریان ، نەوەکو کاروکردەوەی چاکیان قبووڵ نەبوبێ ، ئائەوانە بەپەلەن بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك ، وە پێشبڕکێ دەکەن لەوەدا و لەپێشەنگدان ، ئێمە هیچ ئەرکێك نادەین بەسەر هیچ کەسێکدا مەگەر لەچوارچێوەی تواناکەیدا بێت ، وە ئێمە دۆسیەی تایبەتی هەموو کەسێکمان لایە ، کە هەقگۆیە و هەموو شتێکی تیا تۆمار کراوە ، لەبەر ئەوە ئەوانە هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ ناکرێت .

ئەوانەی پێشەنگن لەکاروانی ئیماندا ، بڕوادارانی دوایان هەمیشە لەگەڵ خۆیاندا دوعایان بۆ دەکەن ، چونکە ئەوان هۆکار بوون بەرنامەی خوا بە ئێمە بگات ، قورئان دەفەرموێت : ﴿ و الذين جاءوا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا و لأخواننا الذين سبقونا بالايمان ولا تجعل في قلوبنا غلاً للذين امنوا ربنا انك رؤوف رحيم ﴾ الحشر : ١٠ واتە : ئەوانەی کە بەدوای کۆچکەران و پشتیوانانیاندا هاتن ، دەڵێن پەروەردگارا ، لەئێمەو لەو برایانەشمان خۆش ببە کە پێش ئێمە ڕێبازی ئیمانیان گرتەبەرو ، لە دڵەکانماندا هیچ جۆرە بوغز و کینەیەك مەهێڵە دژی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە ، پەروەردگارا تۆ زۆر بەسۆز و میهرەبانیت .

ساحیرەکانی گەلی فیرعەونیش کە موسڵمان بوون ، فیرعەون هەڕەشەی هەڵواسین و کوشتنی لێ کردن ئەوانیش تەحەددای فیرعەونیان کرد و وتیان چیت لەدەست دێ بیکە ئیمانمان هێناوە و ئێمە دەگەڕێینەوە لای خوا و ئێمە هیواردارین کە خوا لە گوناهەکانمان خۆش ببێت ، هەر بەوەی کەیەکەم دەستەین و پێشەنگی بڕوادارانین : ﴿قَالَ آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ (٤٩) قَالُوا لَا ضَيْرَ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنْقَلِبُونَ (٥٠) إِنَّا نَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا أَنْ كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ (٥١)﴾ الشعراء ، هەروەها قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (٢١)﴾ الحديد / واتە : دەست پێشکەری بکەن و پێشەنگ بن بۆ لێخۆشبوونتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە ، وە بۆ بەهەشتێك کە پانتایی یەکەی وەك پانتایی ئاسمان و زەوی یە ، ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە بەخوا و فرستادەکانی ، ئەو بەخشینی بەهەشتەش فەزڵ و کەرەمی گەورەیە لەلایەن خواوە . جا ئەوانەی کە دەستپێشکەری دەکەن لەکاری خێردا و پێشەنگی خێرن ئەوانە پاداشتی گەورەیان هەیە قورئان بەتایبەت ناویان دەبات ،

هەروەك دەفەرموێ : ﴿ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٠)﴾ الحديد ١٠ / واتە :ئەوە چیتانە بۆ نابەخشن لە پێناوی خوادا ، لەکاتێکدا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خوا دەمێنێتەوە ، وەك یەك نین ئەوانەتان کەلەپێش گرتنی ( مەککە ) دا ماڵی خۆیان بەخت کردو جەنگین ، ئەوانە پلەوپایەیان گەلێك گەورەترە لەوانەی کەلەدوای گرتنی مەککە جەنگین و دارایی یان بەخت کرد ، وە بە هەردوولا خوا بەڵێنی باشی داوەو ، خوا ئاگادارە بەوەی کە دەیکەن ...

هەروەها قورئان بەتایبەت باس لەکۆمەڵی کۆچکەران و پشتیوانان دەکات کە لەسەرەتادا و لەرۆژە سەختەکانی خەباتدا قۆڵی مەردایەتی و خواناسیان لێ هەڵکرد و بەئارەقی نێو چەوان و خوێنی گەشیان مێژوویەکی پڕ سەروەریان نەخشاند و بوونە بەردی بناغەی بینای ئیمان و ئیسلامەتی ، هەورەك دەفەرموێ : ﴿ و السابقون الاولون من المهاجرين و الانصار و الذين اتبعوهم باحسان رضي الله عنهم و رضوا عنه و أعد لهم جنات تجري تحتها الانهار خالدين فيها أبداً ذلك الفوز العظيم ﴾ التوبة : ١٠٠واتە : سەرەتای پێشەنگی کاروانی کۆچکەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بەکاروکردەوەی زۆر و بە ( ئیحسانەوە ) شوێنیان کەوتون ، خوای میهرەبان لەهەموویان ڕازی یە و ئەوانیش لەو ڕازین ، بەهەشتێکی بۆ ئامادەکردوون کە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات ، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە و هەتا هەتاییدا ، کە ئەوەش سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و بێ ئەندازە .

لەبەر ئەوەش بوو ئەگەر کەسێ بەرامبەر کۆچکەر و پشتیوانەکانی رۆژانی سەخت ، قسەیەکی بەرز و نزمی بکردایە ، خۆشەویست (ﷺ)بێ تاقەت دەبوو ، وە دەیفەرموو : واز لەهاوەڵانم بێنن بۆم ، ئەگەر یەکێکتان بەهێندەی شاخی ئوحود ئاڵتون ببەخشێ ناگاتەوە بەوان ...

## پێشەنگ و پێشەواکانی زەمانی هاوەڵان :

ئەگەر سەیری ژیاننامەی پڕ بەرەکەتی هاوەڵان بکەین ، لەدەیەها هەزار ( صحابە ) ناوی کۆمەڵێکیان دیارن ، ئەمەش بەکار و کردەوەی بەرز و پێشبڕکێیان زیاتر لەوانی دیکە ... ئەبوبەکرلەپێش هەموانەوەیە و خۆشەویست (ﷺ) لەدوا رۆژەکانی ژیانیدا دەیکاتە ئیمامی

موسڵمانان ، عومەریش لەگەڵ ئەو هەمو پلەو پایەیەی هەیبوو لەرۆژانی پێش غەزای تەبووکدا نیوەی ماڵەکەی هێنا بیبەخشێ سا بەڵکو پێش ئەبوبەکر بکەوێ و کارێکی مەزنتر بکات ، کە بینی ئەبوبەکر هەموو ماڵەکەی بەخشیوە زانی کە هەرگیز ناگاتە ئەبوبەکر .

خۆشەویست (ﷺ)لەبارەی عوسمانەوە دەفەرموێت: چۆن شەرم نەکەم لەکەسێك کە مەلائیکەتەکان شەرمی لێدەکەن ، وە پاش ئەو هەموو ماڵ و سامانەی کەلەشەڕی تەبوکدا بەخشی خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : عوسمان هەرچی بکات لەمەودواو هەرچۆنێك بێت لەپلەی بەرزی کەم ناکاتەوە و زیانی لێنادات !

( علی ) یش خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر بوو (ﷺ)کە ئالأی غەزای خەیبەری گرتە دەست و خوا لەسەر دەستی ئەودا فەتحی کرد ، بەم جۆرە ئەگەر سەیر بکەین چەندەها هاوەڵی تر دەبینین کە لە بوارێکدا بە جۆرێك ئەسپی خۆی تاوداوە و پلە و پایەی بەرزبۆتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی دەکرد و خەڵکانی تری پێ پەروەردە دەکرد ..

رۆژێك خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : پیاوێکتان پیشان بدەم کە ئەهلی بەهەشتە ؟و تیان بەڵێ ، لەوکاتەدا پیاوێك لەمزگەوت هاتە دەرێ ، خۆشەویست ئاماژەی بۆ ئەو پیاوە کرد... بەهەمان شێوە رۆژی دووەم و سێیەمیش هەمان شتی دووبارەکردەوە و هەمان فەرمایشتی فەرموو ... بۆیە عبدالله ی کوڕی عومەر حەز دەکات لەو شتە تێبگات کە ئەو پیاوەی ئاوا بردۆتە پێشەوە ، ئێوارەیەك چووەماڵیان و مۆڵەتی وەرگرت کە یەك دوو رۆژ میوانی بێت ، لەو ماوەیەدا چی سەیری کرد ، هیچی زیادەی نەدی لەوەی کە خۆی دەیکرد لەنوێژ و رۆژوو یادی خوا ، بۆیە لەخاوەن ماڵەکەی پرسی ، برا خۆشەویست (ﷺ)شتێکی ئاوای دەربارەی تۆ فەرمووە و منیش حەزم کرد لەنزیکەوە لێت تێبگەم ، تۆ چ کارێك دەکەی لەئێمە زیاتر ، ئەویش وتی : بەخوا من هیچی زیادە لەئێوە ناکەم ، تەنها ئەوەنەبێ کە دڵ و سینەم سافە بەرامبەر موسڵمانان ، وتی : کەواتە دیارە ئەمەیە تۆی کردۆتە پێشەنگ و سەرمەشق بۆ موسڵمانان .

### * چاوەڕێ کردنێك کە پەشیمانی لەدوابوو :

لەدوای غەزای بەدر کە موسڵمانان سەرکەوتنێکی گەورە سرکەوتن و هەق و ناهەق بەئاشکرا بۆ خەڵکی دەرکەوت ، خۆشەویست (ﷺ) بە ( ذو الجوشن الضبابي ) فەرموو (هل لك أن تكون

من الاوائل ) ئەرێ ناتەوێ ئیمان بهێنی و ببی بە پێشەنگ ؟ ئەویش وتی : نەخێر ، جارێ چاوەڕوان دەبم ، ئەگەر گەلەکەت سەرکەوتن بەسەرتا ئەوا من دووره بەلاٚ ئەبم ، وە ئەگەر تۆش سەرکەوتی بەسەریاندا ئەوا بڕوات پێ دەهێنم ...

( ذو الجوشن ) پاش چەند سالێ لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا کە دەستە دەستە دەهاتن و موسڵمان دەبوون ، ئەویش موسڵمان بوو ... بەلاٚم هەردەم دەستی پەشیمانی خۆی دەگەست و خەمبار بوو کە بۆچی زوو نەهات بەدەم بانگی خواوە و نەبووە ئەو پێشەنگەی کە خۆشەویست داوای لێ کردبێ .

*** سورەتی ( قل هو الله احد ) و پایەدارێك :**

( معاویە کوری معاویە موزەنی ) هاوەڵێك بوو دیار نەبوو ، ئەوەی پلەی بەرزی دەرخست رۆژی مردنەکەی بوو ... ئەمەش سەر گوزەشتەکەیەتی ، ئەم هاوەڵەلەگەڵ خۆشەویستدا بەشداری غەزاکانی کردووە و گوێڕایەڵ و دامەزراوبووە ، لە ڕۆژی غەزای تەبوکدا تووشی گرانەتایەکی قورس دەبێت و چی هەوڵی چارەسەری بۆ ئەدەن چارەسەر نابێ ، بۆیە خۆشەویست (ﷺ)فەرمانی پێ ئەدات کەلە مەدینە بمێنێتەوە ، پاش ماوەیەك بەر لەوەی خۆشەویست بگەڕێتەوە ، (معاویە ) وەفات دەکات ، هەر ئەوشەوە جوبرائیل دەچێتە لای پێغەمبەر (ﷺ)و لەخێمەکەیدا هەواڵی دەداتێ کە ( معاویە )وەفاتی کردووە و فەرموو وەرە لەدەرەوەی خێمەکە نوێژی( غائب ) ی لەسەر بکە ، چونکە دوو ڕیز مەلائیکەت لەئاسمانەوە دابەزیون کە هەر ڕیزەی حەفتا هەزار مەلائیکەتە و چاوەڕێی تۆن ئیمامەتیان بۆ بکەیت و ئەوانیش دەیانەوێت نوێژی (غائب) ی لەسەر بکەن ... خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : باشە بەچی گەیشتۆتە ئەو پلەیە ؟ ( جوبرائیل ) فەرمووی : ئەو پیاوە سوورەتی ( قل هو الله احد ) زۆر خۆش دەویست و هەمیشە دەیخوێند و دەیووت ئەو سورەتە سیفاتی پەروەردگاری تیایە ! ...

( لەفەرموودەی خۆشەویستدا (ﷺ) جەخت کراوەتە سەرگەورەیی و بەرەکەتی ( قل هو الله ) بۆ نموونە : پیاوێك گوێی لە پیاوێکی تر دەبێت ( قل هو الله ) زۆر دووبارە دەکاتەوە ، دێت بۆ لای خۆشەویست و باسی ئەو پیاوەی بۆ دەکات ، خۆشەویست (ﷺ) لەوەلاٚمی دا فەرمووی : بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە ( قل هو الله ) یەك لەسەر سێی قورئانە ( بوخاری گێڕاویەتیەوە ) .

جارێکی دیکەش خۆشەویست (ﷺ) ( سریە ) یەك دەنێرێ و پیاوێك دەکاتە سەرکردەیان ، ئەویش کاتێ پێش نوێژیان بۆ دەکات لە کۆتایی قورئان خوێندنەکانیدا ( قل هو الله ) دەخوێنێ ، دێنەوە لای خۆشەویست(ﷺ) باسی دەکەن کە ئەو پیاوە ( قل هو الله )ی زۆر دەخوێنێت ، ئەویش پێی فەرموون لێی بپرسن بزانن بۆ وادەکات ؟ کەلێیان پرسی وتی : ئەو سوورەتە سیفاتی خوای میهرەبانی تیایە و من حەزدەکەم بیخوێنم و خۆشم دەوێ ... خۆشەویستیش (ﷺ) فەرمووی : هەواڵی بدەنێ کە خوا خۆشی دەوێ . (موسلیم و نسائی ) .

**( ٢١٧ ) ئەوانەی خۆیان دەفرۆشن بەخوا**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ ومن الناس من يشري نفسَهُ ابتغاءَ مرضات الله و الله رؤوف بالعباد ﴾ البقرة : ٢٠٧ واتە : کەسانێك هەن خۆیان دەفرۆشن بەخوا و ئامانجیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو زاتەیە ، وە خوا بەسۆز و میهرەبانە بەرامبەر بەو بەندانەی کەلە ڕێی ئەودا تێدەکۆشن . کاتێ عومەری کوری خطاب گوێی لەیەکێك بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند لەبەرخۆیەوە فەرمووی : ﴿ انا لله وانا اليه راجعون ، قام رجل يأمر بالمعروف و ينهى عن المنكر فقتل ﴾ ل ٣٢٩ المسار .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (٢٣) لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِنْ شَاءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا (٢٤) ﴾ الاحزاب

واتە : لەنێوان ئیمانداراندا کەسانێك هەن کە پابەندن بەو پەیمانەی بە پەروەردگاریان داوە و لێی لا نادەن ، هەیانە شەهیدبون یاخود کۆچی دواییان کردو ، هەیشیانە چاوەڕوانن و بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لادان ڕووی تێ نەکردوون .

تا خوای گەورە بەهۆی ڕاستگۆیی پاداشتی ڕاستگۆیان بداتەوەو ، سزای دووڕووەکانیش بدات ، یان تەوبە و پەشیمانیان لێ وەربگرێت ، بەڕاستی خوا هەمیشە میهرەبان و لێبوردەیە .

بەڵێ ئەوانەی خۆیان دەفرۆشن بەخوا یان بەمانایەکی تر کە دنیا دەفرۆشن بە ئاخیرەت ئەوانەن کە دەتوانن گیان لەسەر دەست بن بۆ بەرنامەی خوا و بێ ترس گیان فیدایی بکەن .

قورئان دەفەرموێت : ﴿ فليقاتل في سبليل الله الذين يَشرون الحياة الدنيا بالاخرة ومن يُقاتل في سبيل الله فيُقتل أو يَغلب فسوف نؤتيه اجراً عظيماً ﴾ النساء : ٧٤

واته : با لەرێی خوادا بجەنگن ئەوانەی کە دەیانەوێ ژیانی دنیا بفرۆشن بە ئاخیرەت ، جا هەرکەس بجەنگێ لەرێی خوادا و بکوژرێ یان سەربکەوێ ئەوە پاداشتێکی گەورەی دەدەینەوە ..

بەڕاستی ئەوەی جوانی دنیا نەیخەڵەتێنێ و بەرنامەی خوای بیر نەباتەوە ، مرۆڤێکی دامەزراو و ئازایە ، چونکە زۆرکەس خۆشی و جوانی دنیا لەرێی راست لای دەدات و هیدایەت دەفرۆشێ و سەرگەردانی دەکرێ و خۆی خەسارەتمەندی دنیا و ئاخیرەت دەکات ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ اولئك الذين اشتروا الضلالة بالهدى فما ربحت تجارتهم و ماكانوا مهتدين ﴾١٦ البقرة / واته : ئەوانەی کە هیدایەتیان فرۆشت و گومڕاییان کڕی ، ئەوانە بازرگانی یەکەیان قازانجی نەکرد و هەرگیز بەهیدایەت ئاشنا نەبون . واته: نەك هەر قازانجیان نەکرد لە کڕین و فرۆشتنەکەیاندا ، بەڵکو سەرمایەکەشیان لەدەست چوو ، لەبەرئەوەی سەرمایەکەیان هیدایەتەکە بوو ، جا مادام هیدایەت دراوێن کەواتە سەرمایەکەشیان دۆڕاند ...

**( ٢١٨ ) هەڵۆی بەرزە فڕی ئیسلام**

کۆشکی (طوب قابی) لە دە ڕۆژی دوایی مانگی نیسانی (١٤٨١) دا جموجوڵی زۆری پێوەدیاربوو ، وەزیرەکان و ئەفسەرەکان کۆبوونەوەیان دەکرد لەگەڵ سوڵتان (محمد الفاتح) داو ، ڕاپۆرتی تایبەتیان دەدایە لەبارەی ئامادەیی سوپا و چەك و کەل و پەلیانەوە..

دیار بوو سوڵتان بەتەمای جموجوڵێکی سەربازی بوو بەسەرکردایەتی خۆی ، لە (٢٥) ی نیسانی (١٤٨١) دا سوڵتان لەگەرووی (بەسفۆر) پەڕی یەوە لەگەڵ دەستەو دایرەکەیدا و، گەیشتە ( ئەسکدار) لەبەری ئەوبەر ، ئنجا کەوتە خۆئامادەکردنی تەواو ، بەبێ ئەوەی نهێنی ناو دڵی و مەبەستی خۆئامادەکردنەکەی بەکەس بڵێ ...

شاری (قسطنطينية) بەرگری بەهێزی هەبوو لەناو قەڵاکانیدا و ، لەناو ئاوی دەیاری دەوروبەریشیدا رێگر و زنجیری تایبەت دانرابوون کەکەشتی نەتوانێ پیایا بڕوات .سوڵتان بەپیلانێکی سەربازی زۆر گرنگ هێرشی بردو سەرکەوت ، ئەویش بەوەی کەشتیە جەنگیەکانی بەهۆی پێچکەی تایبەتیەوە بەناو شاخ و دۆڵەکاندا ڕاکێشا و لەلایەکەوە هێرشی بردە سەر شارەکە کە

هەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات ..سوڵتان لەتەمەنی (٣٠) ساڵی حوکم کردنیدا وڵاتی (صرب) و (یونان) و (بۆسنە) ی فەتح کرد و ئالاَی ئیسلامی تیا بەرزکردنەوە ،بۆیە ئەوروپا هەزار حسابی دەکرد بۆ جموجوڵی سوڵتان و بەوردی هەواڵەکانی پێدەگەیشتەوە ..

لەو سەردەمەدا پزیشکێك کەناوی (ماسترو لاکوب ) بوو ، وە بەبنەچە (ئیتاڵی) بوو ، موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی گۆڕی بە ( یعقوب) و ناوو شۆرەتێکی زۆری پەیدا کرد لەئەستەمبوڵدا ، سوڵتانیش نزیکی کردەوە و پارە و سامانی زۆری دایە و کردی بە پزیشکی تایبەتی خۆی و نازناوی ( پاشایی) دایە ..

ئیتاڵیەکان کە ئەمەیان بیست زۆر شادمان بوون ، چونکە لەوەوبەر (١٤) جار هەوڵی تیرۆرکردنی سوڵتانیاندابوو سەرنەکەوتبوون ، ئەم پزیشکە بەفەرمانی دوژمنان وردە وردە ژەهری دەکردە خواردنی سوڵتانەوە بۆ ئەوەی لەماوەیەکی درێژ خایەندا بمرێت و کەس هەستی پێنەکات . بەلاَم کە زانیان نیازی فەتحی تازەی هەیە ژەهرێکی زۆرتریان دایە و تووشی سك یەشەبوو ، وە لەچەند رۆژێکدا شەهید بوو لەتەمەنی (٤٩) ساڵیدا و پاش (٣١) ساڵ حوکم کردن ...

پاسەوانەکانی سوڵتان کەزانیان ئەمە تیرۆرە و دەستی پزیشکەکەی تیایە هەر لەوێدا کوشتیان گیانیان بەجەهەننەم شاد کرد .ئەم پزیشکە پەیمانی وەرگرتبوو کە ئەگەر سوڵتان لەناو بەرێت پارەیەکی زۆر وەرگرێت کە دەکاتە نزیکەی (١٧) ملیۆن دۆلار بەحسابی ئەمڕۆ ،بەلاَم نەگەیشت وەری بگرێ و بەو ئاواتە پیسەوە سەری نایەوە .

پاش شازدە ڕۆژ هەواڵەکە گەیشتەوە ئیتاڵیا لەڕێی نامەی سەفارەتیانەوە لە (ئەستەمبوڵ ) کە تیایا نووسرابوو ( هەڵۆی گەورە و مەزن مرد ) .ئەم هەواڵە بە خێرایی بە هەموو ئەوروپادا بلاَو بۆوە و کەنیسەکان زەنگی شادیان لێدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەفەرمانی ( پاپا ) ی ئەو کاتە ...

بەڵێ ... ئەوروپا بەهۆی ( یعقوب پاشا ) ی پزیشکی خیانەتکارەوە ، ئاواتەکەی هاتەدی و هەڵۆی بەرزە فڕی ئیسلامیش بۆ دواجار دایە شەقەی باڵ و گەڕایەوە بۆ لای خوای پەروەردگاری جیهان ، بەنامەی کردەوەکانی یەوە کە چەندەها فەتحی گەورەی تیاتۆمارکراوە ... خوای گەورە لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و چاکاندا پاداشتی باتەوە لەبەهەشتی بەرینی خۆیدا .

سەرچاوە : گۆڤاری الایمان ژمارە ( ٦)

**( ٢١٩ ) ( ابن الجوزی ) و هیممەتەکەی**

( ابن الجوزی ) لەبارەی خۆیەوە دەڵێ : مرۆڤ بەهیچ شتێك تاقی نەکراوەتەوە بەهێندەی هیممەت بەرزی گەورە بێت ، بەڕاستی هەرکەس هیممەتی هەبێ پایەبەرزی هەڵدەبژێرێ ، هەرچەند ڕەنگەکات و زەمانیش لەبار نەبێ بۆی و هۆکاری باشیشی بەدەستەوە نەبێت ، بۆیە بەدەست هیممەتیەوە گیر دەخوات و ماندوو دەبێت .جا منیش ئەوەندەم لەهیممەت بەرزی پێدراوە کە بە هۆیەوە لەناڕەحەتیدام ، ناشڵێم خۆزگە نەبوایە، ... من کۆمەڵە کەسانێکم بینیوە باسی هیممەتی خۆیان دەکەن ، کە دیقەتم داوە ، ئەوانە لەلایەنێکەوە تەواون و گوێیان بەناتەواوی لایەنەکانیتر نەداوە کە ڕەنگە گرنگترین ، بۆ نموونە :

( ئەبو مسلم ) ی خوراسانی لەتافی لاویدا خەو لە چاوی تۆرابوو، کە پرسیاری لێکرا لەو بارەیەوە ، وتی : بیروهۆش چۆن ساف دەبێ ، لەکاتێکدا هەژار و نەبووم و نەفسیشم دەشنێ بۆ پلەو پایەی بەرز ... و تیان: باشە چی چاوت تێر دەکات ، وتی : کاربەدەستی ، وتیان :دەباشە هەوڵی بۆ بدە ، وتی : موجازەفەی دەوێت و عەقڵیش نایەڵێ ، وتیان : ئەی چیت بڕیارداوە ، وتی : گوێ لەعەقڵم ناگرم و ناچارم موجازەفە بکەم .من سەیری حاڵی ئەم داماوەم کرد ، کە گرنگترین شتی لەدەستداوە و بیری لێنەکردۆتەوە کە قیامەتە ، خۆ سەرەنجام بووە کاربەدەست ، بەڵام مەگەر خوا بزانێ چی ستەم کرد و چەندی لەناوبرد ؟ بۆ ئەوەی دنیای دەست بکەوێ ، ئەم نەگبەتە زۆر نەژیا و تەنها هەشت ساڵ لەدنیادا رای بوارد و پاشان کوژراو گوێی بۆ عەقڵی خۆی نەگرت و بەخراپترین حاڵەوە گەڕایەوە بۆ ئاخیرەت .

من سەیری هیممەتی بەرزی خۆمم کرد سەیر بوو لام ، لەبەرئەوەی ئەمەوێ لەهەموو بوارێکی زانست بزانم و ڕەنگە دەستم بەهەمووشیان نەگات و فریایان نەکەوم ، تەمەن مۆڵەتم نەدات ...

ئەگەر کەسێك ببینم تەنها بۆ بوارێك هیممەتی هەبێ و کەم تەرخەم بێ لەبوارەکانی تردا ، ئەوا هیممەتەکەی بەناتەواو دەبینم ، وەکو ئەو کەسەی کە خەریکی فێربوونی حەدیسە و بواری ( فقه ) ی فەرامۆش کردووە ، هەروەها ئەو ( فقیە ) ەش کە بواری ( حدیث ) ی فەرامۆش کردووە ..

من دەمەویٰ ئەوپەڕی کاربکەم بەو زانینەی کە هەمە ،حەزدەکەم وەرعی( بشر کوری حارث ) و زوهدی ( معروف ) م هەبیٰ ، لەگەڵ خوێندنەوەی بەردەوام و سوود گەیاندن بەخەڵك و تێکەڵ بوونیان ...

من زۆر دڵم لای هەستانە بۆ شەونوێژ و هێنانەدی وەرع و پیاچوونەوە بەعیلم دا و دڵ سەرقاڵ کردنە بە نووسراوەکانەوە ، ئەمە بێجگە لەهەوڵدان بۆ نان پەیداکردن بۆ ماڵ و منال و خواردنی شتێك کە پێویستە بۆ ژیان ...

من بەم هیممەتەوە لەهەڵپەی بەردەوام و ماندوویەتیدام ، بەڵام تەسلیمی بووم ، خۆزەنگە ئەو سەرقاڵی و ئازار و نارەحەتیانەشم بۆ بوو بێتە مایەی چاك بوونم و ساڵح بوونم ، چونکە هیممەت بەرزی مرۆڤ بەرە و پایەبەرزی و نزیك بوونەوە لەخوای پەروەردگارەوە دەبات .

من وا ئێستا خەمی هەناسەکانمە کە بەفیڕۆ بچن و بیٰ سوود لەدەستیان بدەم ، دیارەشاد دەبم بەگەیشتن بەوەی کە خۆم دەمەوێن ، خۆ ئەگەر نەشی گەیشتمیٰ ئەوا نیەتی بڕوادار لەکارەکەی گرنگترە ! ( واتە بەنیەت بۆم نوسراوە ) .

**( ٢٢٠ ) هەرچیت پێدەکریٰ بیکە !**

قورئانی پیرۆز دەفەرمویێت بە موسڵمانان ﴿ و جاهدوا في الله حق جهاده ﴾الحج ٧٨کە ئەمەش هاندانی موسڵمانانە لەسەر هەوڵ و کۆششی بەردەوام بۆ گەیاندنی پەیامی خوا ، بەهەرچی یەك کە دەتوانیٰ ...

لەغەزای تەبووکدا کە غەزایەکی زۆر نارەحەت و زەحمەت بوو ، پێغەمبەر (ﷺ) داوای لەموسڵمانان کرد کە هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ماڵ و سامان ببەخشیٰ ، ئەبوبەکرهەموو ماڵ و سامانەکەی بەخشی ، عومەرنیوەی ماڵەکەی بەخشی ، دەوڵەمەندەکانی تریش هەرکەسە و بەپێی توانا شتی باشیان بەخشی ، دووڕووەکان توانجیان تیٰ دەگرتن و ئەیان وت : ئەوە بۆ خوا نیە بۆ چاوە چاوەی خەڵکە ، ئەو هەژارانەش کە بەچەند دەنکە خورمایەك بەشداریان دەکرد ، پلاریان تیٰ دەگرتن و دەیان وت : ئەمە چی یە هێناویانە .

قورئان بەخشینی هەموو لایەك دەنرخێنێ و دەفەرموێ : ﴿ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٩)﴾ التوبة .واتە : ئەو دوو ڕووانەی کە زەمی ئیمانداری دارا و دەوڵەمەند دەکەن لەخێر و چاکە کردنیاندا ، وە گاڵتە بە ئیماندارانی هەژار دەکەن لەبەخششی کەمیاندا کە هەر ئەوەندەیان لە توانادایە ، ئەوانە خوا تۆڵەیان لێ دەدەسێنی و ڕیسوایان دەکات و سزای بەئیش و ئازاریشی بۆ ئامادەکردون ...

دیارە ﴿ لا یکلف الله نفساً الا وسعها ﴾ البقرە :٢٨٦ واتە : خوا تەکلیف لەکەس ناکات مەگەر بەپێی توانای نەبێت ...

کەواتە هەرچیمان لەدەست دێ بابەکەمی نەزانین و خێرابکەین ، بەڵکو خوای گەورە بەرەکەتی تێبخات و شوێنی خۆی بگرێ ، بەتایبەت لەم زەمانەدا کە دوژمنان لەهەموو لایەکەوە و بەهەموو جۆرێك خەریکی لەناوبردنی موسڵمانانن ..

بۆ نموونە :

* لە بۆسنەدا صربەکان لەسالأنی چلەکاندا نزیکەی ( ٥٠٠ ) هەزار موسڵمانیان قەتڵ و عام کرد ، لەم شەڕانەی دوایشدا نزیکەی ( ٢٠٠ ) هەزار کەسیان لێ شەهید کردن ، چوار ساڵی شەڕەکەی ئەم دوایی یە ئابڵوقەیان خستنە سەر بۆ ئەوەی دەنگی ئیسلام لە ئەوروپادا کپ بکەن . لەکاتێکدا کە پلەی گەرما دەگەیشتە ( ٢٥ ) پلە ژێر سفر و ، خەڵکەکە موحتاجی سوتەمەنی و خواردن بوون تا دوا پلەی موحتاجی بەهەوڵ و کششی خۆیان و پشتگیری موسڵمانان لەهەموو جیهانەوە خوای گەورە سەرکەوتنی پێ بەخشین و صربەکانی ڕیسوا کردو ئەو شەڕە بووە پەڵەیەکی شەرمەزاری بەناو چەوانی ئەوروپاوە.

گیانفیدایی خۆیان ناتوانرێ باس بکرێت لەبوارێکی ئاوا کەمدا ، تەنها ئەوەندە دەڵێین کە یەکێکیان بەناوی ( عصمت حجیجوڤیتش ) بوو ، ( ٧٠ ) پارچە لەلەشیابوو ، لەلایەن هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و صربەکانیشەوە بەهەموو شێوەیەك بەدوایدا دەگەڕان کە لە دوورەوە بە ( قەناصە ) یان لەناوەوە بەپیلانێك لەناوی بەرن،چونکە وەکو شێر بەرگری دەکرد لە( دوبرینا ) و نەیدەهێشت هێزی دوژمن بێن و ناوچەکە داگیربکەن لەدۆڵێکەوە کە لەنێوان دووشاخدا بوو.

* موسڵمانێکی سۆدانی کە چوو بوو بۆ جیهاد لە بۆسنە ، لەشەڕێکدا موسڵمانەکان دەشکێن و خەریکە پاشە کشە بکەن ، خۆی دەگەیەنێتە سەر بڵند گۆیەك و بانگ ئەدات ، بەوە موسڵمانەکان دەگەڕێنەوە و گیان دەکرێتەوە بەبەریاندا و صربەکانیش شپرزە دەبن و دەشکێن ، پاش شەڕەکە ئەو موسڵمانە لەلایەن سەرۆك (علی عزەت ) ەوە خەڵات کراو دەستی ڕێزی لێ نرا .

* هەروەها ( عمید جمال غانم ) یش ئەفسەرێکی میسری بوو لەشەڕەکانی ( ١٩٤٨ ) و ( ١٩٦٧ ) و ( ١٩٧٣ ) دا بەشداری کرد بەرامبەر جوولەکە ، لەساڵی ( ١٩٧٣ ) دا بۆ چوار ڕۆژ بەگری کرد لە ( دەرچەی دیفرسوار ) و نەیهێشت دوژمن بێتە پێشەوە ، تا سەرەنجام چونکە حوکمەت خیانەتی کردبوو ، یارمەتیان بۆ نەناردن و ئەویش بەدیل گیرا ، ساڵێك لەبەندیخانەی ئیسرائیلدا سزایاندا ، پاشان کەلە دیل گۆڕینەوەدا ئازادکرا ، چوو بۆ هۆڵەندا بۆلای کوڕ و کچەکەی ،کە شەڕی بۆسنە هەڵگیرسا پارەی لە منداڵەکانی وەرگرت و لەهۆڵندەوە چوو بۆ بۆسنە.

لە بۆسنە چەك و تەقەمەنیان نەبوو بۆیە مەشقی پێکردن و فێری کردن کە چۆن بەهێرشی پارتیزانی پەلاماری مۆڵگەکانی دوژمن بدەن و چەك و تەقەمەنی پەیدا بکەن ...پاش هەوڵ و خەبات و ماندووبونێکی زۆر ، بارو بارگەی بۆ قیامەت پێچایەوە و لەشەڕێکدا لە بۆسنە گەیشتە ئاواتی خۆی و شەهید بوو ( کەناڵی فەزایی اقرأ / بەرنامەی مواجهات / لەیادی شەڕی بۆسنەدا ) .

* ( دکتۆر بیلال ) کە بانگخوازێکی وڵاتی سعودیەیە دەڵێت ،کاتێك ئەمریکا فرسەتی دەست کەوت و بواری بۆ ڕەخسا کە سەربازی زۆر بهێنێتە ( سعودیە ) و بەناوی پارێزگاری کردنەوە بنکە دروست بکات و پڕیان بکات لە سەربازی ئەمریکی ... قاعیدەی خوبەریش یەکێ بوو لەو بنکە ئەمریکیانەی وڵاتی سعودیە ... ئەوان هاتن بەنیازی دەست گرتن بەسەر وڵاتە ئیسلامیەکاندا کەچی قەدەری خوا بەجۆرێکی تربوو.

ئێمە کەوتینە هەوڵدان لەگەڵیاندا و زۆر بەجوانی ئاینی ئیسلاممان بۆ باس دەکردن ، سەربازە ئافرەتەکانیان لەڕێی بانگخوازە ئافرەتەکانمانەوە و پیاوانیشیان لەلایەن پیاوانمانەوە ، سەرەنجام لەچەند ساڵێکدا تەنها لەبنکەی خوبەردا ( ٣ ) هەزار ئەفسەر و سەربازی ژن و پیاوی ئەمریکی موسڵمان بوون . هەندێکیان وازیان لەسەربازی هێناو گەڕانەوە ئەمریکا و هەندێکیشیان مانەوە کۆمەڵەیەکیان لەسوپادا بۆ خۆیان دروست کرد و کۆنگرەیەکیان بەست و منیشیان بانگ کرد .

که شەڕی ( بۆسنە ) ش هەڵگیرسا ئێمە یارمەتیمان دەنارد بۆ موسڵمانانی ئەوێ ، کەچی موسڵمانانی بۆسنە پەیوەندیان پێوەکردین و ووتیان ئێوە بەم پارەو ماڵە و یارمەتیانە ئێمە قەڵە و دەکەن بۆ ئەوەی ( صرب ) ەکان سەرمان ببڕن ؟ ئێمە پێویستمان بەچەك و تەقەمەنی و سەربازیە ... بۆیە زۆر بیرمان کردەوە چییان بۆ بکەین ، تا گەیشتینە ئەوەی کە پەیوەندی بکەین بەو ئەفسەر و سەربازە ئەمریکاینەی کە موسڵمان بوبون و وازیان لەسوپا هێنابوو کە زوو بچن بەدەم موسڵمانانی بۆسنەوە ، ئەوانیش لەبەر ئەوەی جنسیەی ئەمریکیان پێبوو کەس دەستی نەهێنایە ڕێیان و زوو چوون بەهانایانەوە و پیاوانە فریایان کەوتن ،پاش ئەوەش کە سەرکەوتن ، زۆریان هەر لە بۆسنە ماونەتەوە و ژنیان هێناوە و خێزانیان پێکهێناوە .

* زانای جیهانی بەناوبانگ لەبواری جیولۆجیادا ، پرۆفیسۆر ( زغلول النجار ) دەڵێ : بەهۆی هەوڵ و کۆششی کۆمەڵی لاوی خوێن گەرمی دڵسۆزی بانگخواز ، زۆر لەئەفسەر و سەربازانی ئەمریکی کەلەشەڕی کەنداوودا هاتبوونە وڵاتی سعودیە موسڵمان بوون لەوانە :

(١) پزیشکێکی ئافرەتی ئەمریکی بەپلەی ( رائد ) موسڵمان بوو ، جا کەزانی نابێ ئافرەتی موسڵمان هاوسەری پیاوی نا موسڵمان بێت ، خەمی زۆری لێهات کە چۆن مێردەکەشی موسڵمان بکات ، تاسەر لەماڵ و منالٚ و مێردەکەشی نەشێوێ ، بۆیە ئێمەش هەندێ پەڕاوو بلاّوکراوە و قورئانێکی وەرگێڕاوی زمانی ئینگلیزیمان دایە بەڵکو خوا هیدایەتی مێردەکەی پێبدات ، کابرای مێردی موسڵمان نەبوو ، بۆیە هەر لە سعودیەوە بەتەلەفۆن قسەمان لەگەلاّ کردوو وەلاّمی هەموو پرسیار و گومانەکانیمان دایەوە ، ئەوەش لەسایەی خواوە بووە مایەی هیدایەتی .

(٢) پزیشکێکی پیاویش کە پلەی ( لواء طيار ) بوو لە سعودیە موسڵمان بوو ، وە پێشنوێژی دەکرد بۆ کەتیبەکەی ، لەوکاتەدا پزیشکێکی نەفسی جولەکە وێنەی گرت لەکاتی سووجدە بردندا و شکاتی لێ کرد ، گوایە شێت بووە ئەگینا چۆن دەبێت ئەفسەرێك بە پلەی ( لیوا ) لەگەڵ سەربازەکانی ژێر دەستیدا ئاوا بوەستێ... لە ( واشنتۆن ) درا بە دادگا لەمانگی حەوتی ساڵی ١٩٩١ دا و ئازایانە بەرگری لەخۆی کرد و تێی گەیاندن کە ئەو موسڵمان بووە و ئەوەش فەرمانی ئایینەکەیەتی کە جێبەجێی کردووە و ، بەو جۆرە رزگاری بوو ، وە خوا ئەفسەرە جولەکە داخ لەدڵەکەی ریسوا کرد !

( سەرچاوە لم أسلم هؤلاء الاجانب / بەشی دووەم ل ١٥٣ ) .

## ( ٢٢١ ) ليژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ (١١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ (١٢) فَكُّ رَقَبَةٍ (١٣) أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ (١٤) يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ (١٥) أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ (١٦) ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ (١٧) أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ (١٨)﴾ البلد واتە : نەیتوانی بەسەر کۆسپ و بەربەستەکاندا زاڵ ببێت و ڕێگای سەرفرازی بگرێتە بەر ، تۆ چووزانی ئەو کۆسپ و بەربەستانە کامانەن ؟! ئازاد کردنی بەندەو کۆیلەیە ، یاخود خۆراك بەخشینە لە رۆژێکدا کە گرانی و برسێتی بێت ، بەتایبەت ئەو هەتیوەی کە خزمایەتی هەیە ، یان هەژارێکی خوڵاوی ، کەلەهەژاریدا لەسەر خاك دانیشێ ، یان پەککەوتەو کەفتەکارێك ، سەرەڕای ئەوەش دەبێ لەوانە بێت کە باوەڕ دەهێنن و ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن لەسەر ئارامگری و ئامۆژگاری دەکەن لەسەر بەزەیی و میهرەبانی ، جا ئەوانەی بەو سیفەتە جوانانە خۆیان دەڕازێننەوە ، ئەوانە دەستەی ڕاست و دەستەی بەختەوەرانن .

لەچەند سەدەیەك لەمەوبەرەوە ولاتە دەسەلاتدارەکان ئەفریقیا دەچەوسێننەوە و سەروەت و سامانیان دەبەن و هەژاری و نەداری و نەخوێندەوارییان زیاتر تیا قووڵ دەکەنەوە ... ئەمە سەر باقی ئەوەی کەوشکە ساڵی و قات و قڕیش هەڕەشە لە ملیۆنەها کەس دەکات . وە لەو ( ٣٦ ) ملیۆن کەسەی کە لەجیهاندا تووشی ( ئایدز ) بوون ( ٢٠ ) ملیۆنی لەئەفریقادا یە و زۆر بەخێرایش زیاد دەکات .

لەم ساڵانەی دوایدا لەناوچەیەکی کینیا ، بێ ئاوییەکی زۆر بوو ، تەنکەرێك ئاوهات ، لەوکاتەدا مەیموونەکانیش تینوبوون پەلاماری تەنکەرە ئاوەکەیاندا و شەڕێکی قورس لەنێوان مەیموون وخەڵکەکەدا روویدا .

لەهەندێ ولاتدا مەڕوماڵاتیان تەواو قڕ بوون و هەموویان لەناوچوون ... لەبواری دینداریشەوە لە زنجبار مزگەوتێکیان دۆزیەوە کە ( ١٣٥٠ ) ساڵ لەمەوبەر لەوێ دروستکراوە ... هەر لەزووەوە ئیسلامەتی گەیشتە حەبەشە و ئەفریقیەکان نزیکەی ( ٢٥ ) صحابەیان هەیە .بەلام لەئەنجامی گوێ نەدانی موسڵمانان بەکیشوەری ئەفریقیا ، تووشی نەزانی و نەفامی تەواو بوون بەرامبەر ئیسلام ، زۆریان نازانن زینا حەرامە عەرەق حەرامە و ... هتد ..

لەهەموو ( ئەدیس ئەبابا ) دا تەنها یەك مزگەوت هەبوو ، كە هەر فەرزێك چەند جار جەماعەت دووبارە دەكرایەوە چونكە جێیان نەدەبۆوە ، لەم لاشەوە فاتیكان بەملیارەها دۆلار سالأنە تەرخان دەكات بەو هیوایەی كەلەسالأنی ( ۲۰۰۰ ) دا كیشوەرەكە هەمووی ببنە گاور ! .

لەسالأنی هەشتاكاندا لە (مالاوی ) كەسیان نەبوو زانكۆ تەواو بكات بەلأم بەهۆی هەوڵ و خەباتی كۆمەڵێ موسڵمانی دڵسۆزەوە وەك لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا هەر لەو ولأتەدا تەنها لەیەكێك لەم سالأنەی دوایندا ( ۳۰ ) پزیشك و ( ۱۲ ) ئەندازیار و ( ٦ ) دكتۆرا لە زانكۆ دەرچوون و تەنانەت بەهەڵبژاردن سەرەك كۆمارێكی موسڵمان هاتە سەر حوكم و چەندەها وەزیری موسڵمانیش كاروباریان گرتۆتە دەست .

جاران كەلە ( موزەنبیق ) ( لا الـه الا اللـه ) یان نەدەزانی ئێستا بۆ شوێنی وا دەچین ، كە دەزانن موسڵمانیت بەسەدەها منالٚ بە سرودی ( طلع البدر علینا )پێشوازیت لێدەكەن .

* د . **عبدالرحمن السميط لەچاوپێكەوتنێكدا** : من پزیشكێكی پسپۆڕ بووم لە كۆندامی هەرسدا ، هەروەك هاوەڵەكانم سەرگەرمی كاری پزیشكی خۆم بووم ، تا رۆژێك ژنێكی خواناس برێك پارەی بۆ هێنام و داوای كرد كە مزگەوتێكی لەناوخۆ یان لەدەرەوەی ولأتی ( كوەیت ) دا بۆ بكەین .

برادەرانم بەدڵخۆشیەوە چوون بەدەم كارەكەوە و لە ( مالاوی ) لە ئەفریقیا مزگەوتێكیان بۆ دروستكرد ، ئەم كارە لەخەوی بێ ئاگایی رایچڵەكاندین و بووە سەرەتای كارمان لەو ولأتانەدا .

دیارە هەموو موسڵمانێك ژیاننامە ی خۆشەویست (ﷺ) و یارانی سەرمەشقێكی چاكن بۆی ، كەهانی بدەن كاری خێر و چاكە و فریاكەوتن بكات ، بەلأم من سەرباقی ئەوە لەبواری كاری فریاكەوتندا ، كەسایەتی دكتۆر دیفید لفنكستون ی ئوسكتلندی زۆر كاری تێكردوم ، كە ناوبراو زۆر رِقی لەموسڵمانان بووە و لەیاداشتەكانی دا بەئاشكرا باسی دەكات .

ئەم مژدەدەرەگاورە لە ئەفریقیا ژیاو هەر لەوێش مرد ، لاشەكەیان بردەوە كەنیسەیەك لە لەندەن و ، لەوێ لەگەڵ گەورە پیاوان و ناودارەكاندا ناشتیان .من پەڕاوەكانی ئەم دكتۆرەم هەمووی خوێندۆتەوە و زۆكاری تێكردوم ، بەخۆمم دەووت : كەسێكی وەها ژیانی خۆی و خێزانی لەپێناوی ئایینێكی ناتەواوی دەستكاری كراودا بەخت كرد ، باشە من كە موسڵمانم و ئاینەكەم

تەواوترین پەیڕەو و پرۆگرامە چۆن لەپێناوی دا خۆم بەخت نەکەم ؟! ئالێرەوە گەشتی ژیانم لەپێناوی گەیاندنی شەهادەی (لا الـه الا الـلـه محمد رسول الـلـه ) دا دەستی پێکرد ... بەبێ گوێدانە ئەشکەنجە و دەردەسەریەکان ، دیارە ئەگەر سەروماڵیشمان بەخت بکەین لەپێناویدا هێشتا هەرکەمە .

لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پەڕاوانە و هەرچی دیکەش کە دەردەچوو لەلایەن مژدەدەرەکانەوە شارەزاییەکی باشم پەیدا کرد لەبارەی کارکردن لەکەش و هەوای ئەفریقیادا .راستە من ( ٢١ ) ساڵ زۆر ماندوبووم و تووشی چەندەها نەخۆشی بووم ، بەڵام لەبەرئەوەی کارەکانمان بەشێوەی ( دام و دەزگایە ) ئەگەر منیش بمرم و نەمێنم کارەکانمان پەکیان ناکەوێ و پشت بەخوا بەردەوام دەبێت .

*** دوا گەشتم بۆ ئەفریقیا :**

لەدواهەمین گەشتمدا بۆ ئەفریقیا ، هەرچەندە زۆری خایاند ، بەڵام لەسایەی خواوە بەهەرمی چاکی هەبوو ، سەردانی باکوری کینیا و خوارووی تشاد و ئەفریقیای ناوەڕاستم کرد ، لەباکوری کینیادا لەساڵی ( ١٩٩٤ ) ەوە دەست بەکارکراوە ، بۆ موسڵمان کردنی هۆزی ( الغبرا ) کە نیوەیان موسڵمانن و نیوەکەی تریشیان بتپەرستن ، سوپاس بۆ خوا بەتوانایەکی کەمەوە ، کە هەر هیچ نیە لەچاو توانای مژدەدەرەکاندا زۆربەی زۆریان موسڵمان بوون ... بۆ نموونە ئێمە ئوتۆمبێلێکی کۆنمان هەیە کە بەپاڵ ئیش دەکا و ماتۆڕێکیش ، لەکاتێکدا مژدەدەرەکان دوو ( هلیکۆپتەر ) و شەست و پێنج ئۆتۆمبیلیان هەیە لەناوچەکەدا .

هەروەها لەم گەشتەمدا نزیکەی دووهەزار کەس موسڵمان بوون لەهەفتەیەکدا و ئێمەش بەرنامەی تایبەتیمان بۆ دانان تاوەکو بەتەواوەتی شارەزای ئیسلام بن .

لەخوارووی ( چاد ) یشدا کە ( کەنیسە ) دەیوویست وەك خوارووی سۆدان ی لێ بکات و ئیسلامی تیانەهێڵێ ، بەهۆی شەش بنکەی ئیسلامیەوە زۆربەیان موسڵمان بوون.

لەخوارووی ئەفریقیادا رۆژانە نزیکەی ( ٣٠ ) کەس موسڵمان دەبن .

بوودجەی ساڵانەمان نزیکەی ( ١٠ ) ملیۆن دۆلارە کەیەك لەسەر سێی لەوڵاتی ( کوەیت ) و یەك لەسەر سێی لەوڵاتانی کەنداوو خێرخوازانەوە و یەك لەسەر سێی تریش لە رێکخراوە نێو

دەوڵـەتێکانەوە پەیدای دەکەین ... لـەکاتێکدا کە ساڵانە ( فاتیکان ) زیاتر لـە ( ١٥٠ ) ملیار دۆلار بۆ کاری مژدەدان دابین دەکات لـەجیهاندا .

*** خەوێکی سەیر :**

وڵاتە ئەفریقیەکان بەئیسلام ئاشناترن ، تا بەوڵاتانی رۆژئاوا بۆیە ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسیٚ و پەیوەندیان لـەگەڵ وڵاتە ئیسلامیەکاندا بۆ دروست ببێت زیاتر بەرەو ئیسلام دێن .

کاتێك چووینە لای هۆزی ( البورانا ) لـە ئەسیوبیا و بانگمان کردن بۆ ئیسلام پێیان وتین یەکیٚ لـەباوو باپیرانیان کاتی خۆی خەونێکی بینیوە ، گوایە گەنم ڕەنگێك دێتە لاتان لـە رۆژهەڵاتەوە و بانگتان دەکات بۆ شتێك پێی دەوتریٚ ( ئیسلام ) ، وە سپی پێستیش دێتە لاتان لـە رۆژئاواوە و بانگتان دەکات بۆ شتێك پێی دەوترێت ( گاورێتی ) ، ئەگەر ئەوە بوو دوای موسڵمانەکە بکەون .

*** شێوازی بانگەوازی سەرکەوتوو لەئەفریقیادا :**

بۆ ئەوەی بانگەواز سەرکەوتووبێت و بەرهەمی ببێت لـەئەفریقیا و شوێنانی دیکەشدا دەبێت چەند خاڵێك هەیە لـەبەر چاوبن :

١) نیەتی پاك و چاك ، چونکە ئەوەی نیەتی بۆ خوا نەبیٚ کارەکەی بەرەکەتی نابیٚ .

٢) دەبێت لـەکارەکاندا پابەندیی تەواو هەبێت بە قورئان و سوننەتەوە .

٣) دەبێت شارەزایی تەواو هەبێت لـەشێوازی بەڕێوەبردنی سەردەمدا و سوودی لێوەربگیریٚ ..

٤) بانگەواز دەبێت بە حیکمەت و ئامۆژگاری بێت و تا ئەوپەڕی پلە ئارام گرتن هەبێت بەرامبەر هەڵـە و کەم و کورتی و نەفامی خەڵکی ...

ئەم هۆکارنە و زۆری تریش بەفەزڵی خوا لـەبیست و یەك ساڵدا بوونە مایەی هیدایەتی ( ٢,٥ ) ملیۆن کەسی بت پەرست لـەئەفریقیادا ...

رۆژێك بەپیاوێکی ئەفریقیم وت کە درەختێکی دەپەرست ، ئەگەر کەسێك لـەشەودا درەختەکەی لـەرەگ و ڕیشە هەڵکەند چی دەکەی ؟ وتی : دەگەڕێم بەدوای درەختێکی تری پیرۆزدا و دەیپەرستم !

بەڕاستی زۆر پەندم لەو قسەیە وەرگرت ، جا بۆیە دەبێت بتەکان لەدڵەکاندا بشکێنرێ پاشان خۆی لەدەرەوەی دڵەکان نامێنێ و دەشکێ ...

هەروەها دەبێت ئاگاداری عەقڵیەتی خەڵکی بین و بەپێی پلەی تێگەیشتنیان قسەیان لەگەڵدا بکەین ، بۆ نموونە لەگەشتێکدا بۆ ئەفریقیای ناوەڕاست لەناوچەی کورتە باڵاکاندا زۆر قسەم کرد و هەوڵمدا لەگەڵیاندا ، کەچی بێ سوود بوو ، پاشان یەکێ لەبانگخوازەکان هات و پێی وتم : وەرە سەیرکە وا شایەتمان دێنن و موسڵمان دەبن ، زۆرم لا سەیر بوو ، چونکە من پاش شارەزایی ( ٢١ ) ساڵ بانگەواز هیچم بۆ نەکرابێ ، ئەو برادەرە چۆن قەناعەتی پێکردن ..

کە پرسیارم لێکرد ، وتی : تۆ چوویتەتە قووڵایی باسەوە لەگەڵیان ، کە پێویست نەبووە و نەیان توانیوە لێت تێبگەن ، بەڵام من تەنها شتی سەرەکی و گشتیم پێوتن بۆیە ئاسان بوو بەلایانەوە و موسڵمان بوون .ئیتر دوو مزگەوتمان بۆ دروستکردن و قەشەیەکیشیان کە موسڵمان بوو ناومان نا ( عیسا ) و سیان لەسەرکردەکانیانمان نارد بۆ حەج .

کاتێك کەنیسە ئەمەی زانی تەواو نارەحەت بوو ، چونکە ئەوان لە ( ١٥٠ ) ساڵ لەوەو بەرەوە لەوناوچەیەدا ئیشیان کردووە و ئەوەندەی ئێمە بەرهەمیان نەبووە... لەداخی ئێمە خەستەخانە و قوتابخانەیان کردەوە و هەرچی موسڵمان بوایە وەریان نەدەگرت و چارەسەریان نەدەکرد ، زۆر هەوڵیاندا و زۆر شێوازیان بەکارهێنا ، تەنها یەك کەس وازی هێنا و پەشیمان بووەوە .(شایانی باسە تاکۆتایی ژیانی ، دکتۆر عبدالرحمان السمیط بووە هۆی موسڵمانبوونی ١١ملیۆن و نیو کەس ولە ٢٠١٣دا کۆچی دوایی کرد).

*** ماندوو بوونێکی خۆش :**

دکتۆر عبدالرحمن السمیط لەدرێژەی قسەکانیدا وتی :کەسێ بۆ خوا بژی و پەیمانی بەخوادابێ ، گوێ ناداتە ماندووبوون و زەحمەت و نارەحەتی ، بگرە لەبەر خوا و بەهیوای پاداشتی نەبڕاوەی قیامەت لەزەتی لێوەردەگرێت .چەندەها جار لەناودارستانەکاندا نوستووین و ، چەندەها جار ئاوی پیسمان خواردەوە ، چەندەها جاری تریش پێویستمان بەنانێك بووە ، بەبرسێتی ماوینەتەوە و داوامان لەخەڵکی نەکردووە ، لەکاتێکدا کەمن نەخۆشی شەکرەم هەیە و ناتوانم هەموو خواردنێك بخۆم ...

دەیان جار تەقەمان لێکراوە و پیلانی کوشتنمان بۆ دانراوە ، جارێکیان لەسالآنی هەشتاکاندا لە ( موزەمبیق ) ، چووم بۆ سەردانی دی یەك لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازدا کە پاسەوانمان بوون ، لەرێی گەڕانەوەدا ( مین ) یان بۆ دانابووین و بەئوتومبیلەکەی پێشماندا تەقیەوە و بریندار و کوژراوی زۆر بەو ناوەدا کەوتن ، بەشۆفێرەکەم وت : بوەستە بافریایان کەوین و بیانگوێزینەوە بۆ خەستەخانە ، وتی : نابێ بوەستم ، بەڵکو دەبێت خێرا لەم ناوە رزگار ببین ، چونکە ئەوانەی بەم کارە هەستاون لەناودارستانەکەدا خۆیان مەڵاسداوە و هەرکەوەستاین دێنە سەرمان ، هەرچۆنێ بوو ڕزگارمان بوو ، کە ئەمەش رووداوێکە هەرگیز لەیادم ناچێت.

شایانی باسە لیژنەی موسڵمانانی ئەفریقیا لەماوەی (٢١)ساڵدا (٩٥٠) مزگەوتی دروست کردوە و (٣٧٥٠) بیری هەڵکەندوە و (٩٥٠٠ ) هەتیوی کەفالەت کردوە و (٨٢٠) قوتابخانەی دروست کردوە کە نیو ملیۆن قوتابی تیایانا دەخوێنن .

گۆڤاری ( المجتمع ) ( ١٤٤٠ ) ٢٠٠١/٢/٢٧ رۆژنامەی یەکگرتوو (٣٣٧)

### ( ٢٢٢ ) گەیاندنی پەیامی خوا

قورئان دەفەرموێت لەسەر زمانی خۆشەویست (ﷺ) ﴿ واوحي الي هذا القرآن لأنذركم به ومَن بلغ ﴾ ١٩ الانعام واتە : من ئەم قورئانەم بەوەحی بۆ هاتووە تا ئێوە و هەموو ئەوانەی کە پێیان دەگات ئاگادار و بێداربکەم ...

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ فان توليتم فاعلموا أنما على رسولنا البلاغ المبين ﴾ ٩٢ المائدة / واتە : ئەگەر پشت هەڵکەن و بڕوا نەهێنن ئەوا بزانن کە نێردراومان تەنها گەیاندن و بەلاغێکی ڕوون وئاشکرای لەسەرە ...هەروەها دەفەرموێت ئەم ئاینە ڕاگەیاندن و ئاگادارکردن و بەلاغێکە ، سەرەنجام هەر فاسقەکان تیادەچن ﴿ بلاغ فهل يهلك الا القوم الفاسقون ﴾ احقاف : ٣٥ خۆشەویستیش (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ بلغوا عني ولو اية ﴾ واتە ئەگەر تاقەئایەتێکیش دەزانن بیگەیەنن بەخەڵکی ...

.

.

*** جەماعەتی تەبلیغ :**

برایەك لەسلێمانی یەوە لە كۆتایی ساڵانی هەشتادا دەڕوات بەرەو ئێران و لەوێشەوە بۆ توركیا و یۆنان و پاشان لەپاكستان دەگیرسێتەوە ، ڕۆژانە لەگەڵ كوردەكان و خەڵكانی تردا خۆپیشاندان دەكەن لەبەردەم نەتەوە یەكگرتووەكاندا تا بیانێرن بۆ دەرەوە و مافی پەنابەرێتیان پێ بدرێت ...

لەم ماوەیەدا بانگخوازانی ( جەماعەتی تەبلیغ ) دەستیان دەیگاتێ و دەبن بەمایەی هیدایەتی ، پاشان كە بەچاكی شارەزای ئیسلام دەبێت لەلایان دەڵێن تۆبگەڕێرەوە ولاتی خۆت و بانگەوازی خوا بگەیەنە ، ئێمە لێرە زۆرین و پێویستمان بە تۆ نیە ... جا ئەو بەڕێزە گەڕایەوە كوردستان و لەدیمانەیەكدا بۆی گێڕامەوە و وتی : مەولەوی ئەحمەد پالانپوری یەكێكە لە دامەزرێنەرانی ( جەماعەتی تبلیغ ) هەر لەسالانی بیستەكانی ئەم سەدەیەوە خەریكە و ڕۆژێك لە كۆڕێكدا وتی : ( لەسالانی پەنجادا بەعێراق و ئەردەن و هەندێ ولاتی تردا گەڕاین و بانگی خوامان دەدا بەگوێی خەڵكیدا و لەمزگەوتەكاندا وتارمان دەدا ).

هەر لەو ساڵانەدا كە چووم بۆ حەج ، شەوانە تەنها یەك دوو كەس دەمانەوە لەدەوری كەعبە ، منیش تەوافم دەكرد و دەگریام و دوعام بۆ موسڵمانان دەكرد كەلەخەوی غەفڵەت بەئاگا بێنەوە و بێنە ماڵی خوا و بەشەوو بە ڕۆژ دەوری كەعبە قەرەباڵغ كەن ) ..لەگەڵ ئەوەدا كە مەولەوی ئەحمەد بۆتە مایەی هیدایەتی هەزارەها هیندۆسی و غەیرە موسڵمان ... كەچی ڕۆژێكیان لە كۆڕێكدا دەیووت : خوا ئەگەر قیامەت لێی پرسیم ، چیت كردووە بۆ ئاینەكەم ، دەڵێم : خوایە گیان من تەنها توانیومە ( موسا ) لەگەڵ خۆمدا بهێنم و بیگێڕمەوە سەر ڕێبازە پیرۆزەكەت .. ئنجا ڕووی كردە ( موسا )كەلەوێدا بوو ، پێی وت : موسا دەستم دامێنت لانەدەی ، نوێژەكانت بكەی ، من هیوایەكم بەتۆیە و دڵم بە تۆ خۆشە ، بەڵكو بەهۆی تۆوە منیش لەقیامەت ڕزگارم ببێت ...

( ئەم موسایە ، پیاوێكی هندی بوو ئەوەندە خراپ و جەربەزە بوو دەستی تێكەڵ كردبوو لەگەڵ مافیای ماددە بێهۆشكەرەكانی نێو دەوڵەتیدا ، پۆلیسی فەڕەنسی گیری خواردبوو بەدەستیەوە ، خوای گەورە بەفەزڵی خۆی هیدایەتی دا لەسەردەستی ( مەولەوی ئەحمەد ) دا .

ڕۆژێك ( نواز شریف ) هاتە لایان و وتی : من هاتووم چەند ملیۆنی خۆم ببەخشم بە كۆمەڵەكەتان ، ( مەولەوی ئەحمەد ) یش پێی وت : نامانەوێ ، وتی : باشە با ئەو سەر ئاوو حەوز و

شوێنی دەستنوێژەتان بۆ چاکەم ، پێی وت : نامانەوێ ، وتی : باشە ئەو حەوشە و ڕێ و بانەتان بۆ چیمەنتۆ دەکەم ، پێی وت : نامانەوێ و پێویستمان نیە ماڵت ئاوابێ ... ئنجا وتی : ئەی فەرمانت بەچی یە بیکەم ؟ پێی وت : چەند مانگێك بفەرموو لەلامان فێری ئیسلام ببە ، وتی : ئاخر قوربان کێ وڵات ببات بەڕێوە ؟ ئەویش پێی وت : قەت ناشێ وابزانی وڵات تۆدەییەی بەڕێوە ، تۆ وەرە فێری ئیسلام ببە ، خوا پەکی موسڵمانان ناخات .

### * سەرداری گوندێك :

ئەو برا بەڕێزەی پێشتر باسمان کرد لەدرێژەی قسەکانیدا وتی :

( دکتۆر تاریق جەمیل ) کە پسپۆڕی نەشتەگەری یە و بۆردی ئەمریکی هەیە و یەکێکە لە بانگخوازەکانی ئەو کۆمەڵەیە ، فێری ئیسلامی کردم و، رۆژێك بۆی گێڕاینەوە و وتی : بۆ کاری بانگەواز و گەیاندنی پەیامی خوا چووینە گوندێك لەپاکستان و لەمزگەوت بینیمان سەرداری گوندەکە گەڕاوەتەوە لە خراپە و خەریکی نوێژ و خواپەرستی یە . لێمان پرسی چی وای لێ کردیت ئاواپەشیمان بیتەوە و تەوبە بکەیت ، وتی : شوانێکمان هەبوو پیاوێکی پیری نەخوێنەواری خواناس بوو ، کە مرد چووین لەگەڵ تەرمەکەیدا بۆ گۆڕستان تا ئەسپەردەی خاکی بکەین ، کە خەریك بوو بیخەینە گۆڕەکەوە مامۆستای گوندەکە و خەڵکەکە سەریان سوڕما لەو بۆنە خۆشەی کە دەهات لەناو قەبرەکەیەوە ..

لێم بوو بەمەراق و چووم بۆلای پیرێژنەکەی هاوسەری وتم : ئەم پیرەمێردەی تۆ چیدەکرد بێجگە لە نوێژ و رۆژ و فەرزەکان؟ ، ئەویش وتی : زیاتر لەنوێژ و فەرزەکان هیچی نەدەکرد ، بەڵام بەیانیان دوای نوێژ ئەو قورئانەی دادەگرت و لەسەر کۆشی دایدەنا ، جا لەبەرئەوەی نەیدەزانی بیخوێنێ ، پەنجەی دەهێنا بەسەر ئایەتەکاندا و دەگریا و دەیووت : خوایە ئەمەی لێرەدا دەیفەرمووی ، هەمووی هەقە و ئیمانم پێیەتی ، ئەمانە هەمووی فەرموودەی ڕاستی تۆن ، ئیتر هۆن هۆن فرمێسك بەچاویا دەهاتنە خوارەوە بۆ زیاتر لەکات ژمێرێك ئەمە کاری بوو رۆژانە ...

### ( ٢٢٣ ) دوا وتە یان پوختەی باسەکە

پاش ئەم گەشتە ئیمانییە ، چاك وایە لەسەر چەند خاڵێك بوەستین و زیاتر تیشك بخەینە سەریان :

١-گرنگی عەهد و پەیمان : قورئانی پیرۆز دەفەرموێت :

﴿ وأوفوا بعهد الله اذا عاهدتم و لا تنقضوا الأيمان بعد توكيدها و قد جعلتم الله عليكم كفيلاً ان الله يعلم ما تفعلون ﴾ ٩١ النحل / واتە : هەر پەیمان و بەڵێنێکتان بڕیاردا بەوەفا و بەئەمەك بن بۆ ئەنجامدانی ، وە سوێند و پەیمان و بەڵێنتان هەڵمەوەشێننەوە دوای ئەوەی کە دووپات کرا بۆ وە و جەختی لەسەرکرابوو ، لەکاتێکدا کە ئێوە خواتان کردۆتە شایەت و زامن بەسەریەوە ، بێگومان خوا بەهەموو کارو کردەوەیەکتان دەزانێ .وەدەفەرموێت : ﴿ وأوفوا بالعهد ان العهد كان مسؤلاً﴾ الاسراء : ٣٤ واتە : بەوەفابن بەرامبەر عەهد و پەیمان ، چونکە بەڕاستی بەرپرسیارن بەرانبەریان.شایەنی باسە قورئانی پیرۆز پەیوەندی نێوا ژن و مێرد و هاوسەرگرتن دادەنێ بە پەیمانێکی زۆر گەورە و گران و بەتین وە داوای پاراستنی دەکات هەروەك دەفەرموێت : ﴿ وأخذن منكم ميثاقاً غليظاً ﴾ النساء :٢١

٢) یادخستنەوەی قیامەت و مردن زۆر پێویستن بۆ بڕوادار ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ و اذكر عبادنا ابراهيم و اسحاق و يعقوب اولي الايدي و الابصار انا أخلصناهم بخالصة ذكرى الدار ﴾ ص : ٤٧ واتە : یادی بەندەکانمان بکە ( ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب ) ، کە هەموویان دەستێکی باڵایان هەبوو لەگەیاندنی ئایینی خوادا و ، دەستێکی باڵایان هەبوو لە چاکەکاریدا ، هەروەها بەرچاو ڕوون و شارەزابوون لەهەموو ڕویەکەوە ، ئێمە بەتایبەتی هەڵمانبژاردن ، کە یاداوەری ڕۆژی قیامەت بکەن و هەمیشە لەیادیان بێت و یادی خەڵکیش بهێننەوە ...

عومەری کوری عەبدولعەزیز دەڵێ ( ئەگەر ساتێك یادی مردن لەدڵما نەبێ ، دەشێوێ وتێك دەچێت ) ... خۆشەویستیش (ﷺ) دەفەرموێ : زۆر یادی مردن بکەن ﴿ اكثروا من ذكر هادم اللذات ﴾ ...

بەڵام ئەم باسکردنە بۆ ئەوەنیە کە تەرکی دنیا بکەین و دەست لە ئەژنۆ دانیشین ، بەپێچەوانەوە ، زیاتر هەوڵ دەدەین بۆ بەدەست هێنانی دنیاو خزمەتکردنی بەنارمەی خوا پێی ...

٣) ئەگەر کەسێك بزانێت ژیانی دنیا کەم و کورتە و قیامەتی لەپێشە ، دیارەکاتەکانی بەفیرۆ نادات ، کاتێك معاویەی کوری خەدیج دێتەوە بۆ مەدینە ، هەتا هەواڵی فەتحی ئەسکەندەریە بگەیەنێ بە عومەر دەچێتە مزگەوت و وادەزانێ لەوکاتی نیوەڕۆیەدا عومەر لەمزگەوتدا سەرخەو دەشکێنێ ،

عومەر ناردی بەدوایا و پێی ووت : چیت به خەیاڵدا هات که هاتیته مزگەوت ؟ ئەویش وتی : وا مەزانی که نوستوویت ! عومەریش وتی : شتێکی خراپت هاتووه بەخەیاڵدا ، ئەگەر بەرۆژ بخەوم رەعیەتەکەم لەدەست دەدەم و ئەگەر بەشەویش زۆر بخەوم و شەونوێژ نەکەم خۆم لەدەست دەدەم .

٤ ) نموونەی چاکی ئێستا و رابردوو پێویستن بۆ چوون بەرەو هیمەت بەرزی و ، هەردەم خەڵکی پێویستیان بەکەسانێکی راست گۆیه ئەو ڕووداوو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕنەوه ، هەروەك ئیمام ئەحمەد دەڵێ : ﴿ ما احوج الناس الى قاص صدوق ﴾ ل ١٩٥ المسار/ بۆ نموونه :

کاتێك کەسێك سەیری قسەکانی وەرەقەی کوری نەوفەل دەکات شەرم دەکات که پیاوانه و بەگەرم و گوڕی دەست نەداته ئاینی خوا ... کاتێك خەدیجه لەگەڵ خۆشەویستدا r هاتنه لای وەرەقەی کوری نەوفەل که خزمی خەدیجه بو وەشارەزای ئاینەکان بوو ، وه پرسیاریان لێکرد لەبارەی ئەو حاڵەی کەبەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) هاتبوو له ئەشکەوتی ( حراء ) دا ، وتی : ئەوه سرووشه و لەخواوه بۆت هاتووه ، هەر ئەوەیه که هاتووه بۆ ( موسا و عیسا ) ، خۆزگه رۆڵی خۆمم بدیاییه تیایدا و خۆزگه زیندوو بومایه که گەلەکەت دەریان دەکردی ، خۆشەویست فەرمووی : چۆن دەریشم دەکەن ؟ وتی : بەڵی ، هەرکەسێ ئەوەی تۆی هێنابێ ، دژایەتی کراوه و دەرکراوه .

ئەگەر گەیشتمه ئەو رۆژه ( انصرك نصراً مؤزراً ) ...

چەند پیاوێکی ژیر و تێگەیشتوو دنیا دیدەبووه ، هەر لەسەرەتاوه ، خۆی دا ئەنێ بۆ ئیمان هێنان و سەرخستنی بەرنامەی خوا و گیان لەسەردەستی خۆی رادەگەیەنێ ...

٥) بڕوادار دەبێت هەمیشه بزانێت که ئەو بەرنامەیی خوا بۆی ناردووه ، گەورەترین و بەنرخترین بەرنامەیه لەدنیادا و هەرچی بکات لەپێناویدا هێشتا هەرکەمه ، پرسیار لەخۆشەویست (ﷺ)کرا چ کارێك زۆر پاداشتی گەورەیه ؟ فەرمووی : ( رجل خرج يخاطر بنفسه وماله فلم يرجع بشئ ) بخاری .

واته : گەورەترین کاروکردەوه ئەوەیه که پیاوێکی بڕوادار لەبەر خوا سەروماڵی بخاته مەترسیەوه و بۆ خوا هەمووی ببەخشێ و نەخۆی و نەماڵی نەمێنێ و هەمووی بکا به قوربانی پەیامی پیرۆزی خوا ... دیاره خواش گەورەترین پاداشتی دەداتەوه ..

٦) كاروكردەوە بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار وەری بگرێت ، دەبێت بەپێی بەرنامەی خوا بێت و تەنها لـەبەر ئەوبێت واتە ﴿ أخلصه و أصوبه ﴾ ...

ڕووپامایی ماڵ و ێران دەكات و كردەوەكان لـەناو دەبات ، بۆیە دەبێت هەوڵ نەدەین بۆ ناوو شۆرەت و عینوان ، هەروەك عبدالوهاب عزام ئامۆژگاری بانگخوازان دەكات و دەڵێ : ﴿ كن كتاباً مفيداً وان لم يكن له عنوان ، ولا تكن كتاباً كله عنوان و ليس وراء العنوان شئ ) ل ١٢٤ المسار / واتە : پەڕاوێكی بەكەڵك و بەسوود بە بۆ خەڵكی ئەگەر ناونیشان و عینوانیشت نەبێ و باسیش نەكرێی ، مەبە بەپەڕاوێك كە ناوی زل و دێی وێران بێت و هەمووی هەر عینوان بێ و ناوەكەشی بۆش و بێكەڵك بێت ... ( بەڕاستی ناوەرۆك گرنگە نەك ڕووكەش مەگەر خۆشەویست نا فەرموێ ﴿ ان الله لا ينظر الى صوركم ولا الى أجسامكم ولكن ينظر الى قلوبكم ﴾ ...

ترسان لـە ڕیابازی گرنگە و خۆپاراستن لێی ئەركی سەرشانی هەموو لایەكمانە ، ڕۆژێك كاك ئەحمەدی شێخ دەستنوێژ تازە دەكاتەوە لـەمزگەوت كە دەچێتە ژوورەوە سەیر دەكات چەند كەسێك دانیشتوون باسی هەڵهاتنی ( فجر الصادق ) دەكەن ، خەریكە بڵێ : هەتا دەستنوێژم تازەكردەوە ، ( فەجری صادق ) هەڵهات ، خێرا لـەدڵی خۆیدا دەڵێ ئەگەر وتم دەستنوێژم تازەكردەوە ئەوە دەگەیەنێ كە من شەونوێژم كردووە و نەنووستوم و دەستنوێژم نەشكاوە ، وتم ئەمە ڕووپامایی یە ... ناچار دەیەوێ بڵێ تا دەستنوێژم شت ( فەجری صادق ) هەڵهات ... هەر بەخۆیدا دەچێتەوە و دەڵێ ئەگەر وام وت ئەو چەند كەسە وای بۆ دەچن كەشەو نوێژم نەكردووە و دەشكێم لـەبەرچاویان و كاریگەری خراپی دەبێ لـەسەریان ، بۆیە ناچار هەر باسی دەستنوێژ ناكاو دەڵێ : تا چوومە دەرەوە و هاتمەوە فەجری صادق هەڵهات ...

٧) ئەوەی مەبەستە لـەم هەڵوێستانە شارەزابوونی زیاترە لـە قورئان ، چ ئایەتە ( محكم ) ەكانی كەپێشینان تەفسیری تێر و تەواویان كردووە ، وەچ ئایەتە ( متشابهات ) ەكانیش كە زانستەكەی لای خوایە و بەفەزڵی خۆی زانایان دەنێرێ كە ( تەئویل ) ەكەی بكەن و بەپێی پێشكەوتنی زانست ماناو مەبەستی زیاتری لێ دەربهێنن ... ﴿وما يعلم تأويله الا الله و الراسخون في العلم يقولون آمنا به كل مِن عند ربنا﴾ ال عمران : ٧ / دیارە قورئانیش سەیر و سەمەرەكانی و شتە سەر سووڕهێنەرەكانی تەواو نابن... كە ئەمەش زیاتر مرۆڤی بڕوادار دەبات بەرەو دڵنیایی و یەقین ... بۆ نموونە :

١ــ پرۆفیسۆر مۆریس بۆکای کە پزیشکێکی نوژداری فەڕەنسی یە و موسڵمان بوو ، خۆی فێری زمانی عەرەبی دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئایینی ئیسلام ئەنجام بدات ... لەم دوایی یەدا پەڕاوی ( ماهو اصل الانسان ) ی دەرکرد ، کە تیایدا ئەڵێ : بەچەند لاپەڕەیەك باسی تەورات و ئینجیلم کردووە ، چونکە ئەوەی باسی دەکەن لەبارەی ( اصل ) ی مرۆڤەوە هەمووی خورافاتە و لەبەردەم زانستی سەردەم دا خۆی ناگرێ ... بەڵام کە دیراسەی قورئانم کرد ، سەرم سووڕما لە گەورەیی ئەم قورئانە ، کە چۆن لە چەندەها ئایەتدا باسی ( اصل ) ی مرۆڤ دەکات و باسی قۆناغەکانی دروست بوونی دەکات لەگەڵەوە ، کە بەراستی ئەمە هەر خوا دەیزانێ و ئاسۆیەکی گەشی بۆ کردمەوە ، کە زیاتر بتوانین لە ( اصل ) ی مرۆڤ تێبگەین ، وە باقی کتێبەکەشم بۆ باسی قورئان تەرخان کرد ، کە ئەم راستیەش زانایانی بواری ( جینات ) و سیفاتە بۆماوەییەکان تێی دەگەن .

٢ــ خوای گەورە لەقورئاندا سوورەتێکی بەناوی هەنگەوە ناو ناوە کە بەراستی دروستکراوێکی سەر سوڕهێنەرە و رۆژ لەدوای رۆژیش زانیاری زیاتر لەباریەوە دەدۆزرێتەوە قورئان دەفەرموێ : ﴿ واوحى ربك الى النحل ان اتخذي من الجبال بيوتاً ومن الشجر ومما يعرشون ، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللاً ، يخرج من بطونها شراب مختلف ألوانه فيه شفاء للناس ، ان في ذلك لاية لقوم يتفكرون ﴾ النحل : ٦٩

واتە : پەروەردگاری تۆ ، نیگاو ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی سازبکا لە کون و کەلێنی چیاکاندا ، هەروەها کەلەبەری درەختەکان و لەوشوێنانەش کە ئادەمیزاد بۆی ئامادە دەکات .

لەوەو دوا فێرمان کردووە کەلەهەموو بەروبووم و شیلەی گوڵێك بخوات ، پێمان راگەیاندووە ، ئەو نەخشانەی کە پەروەردگار بۆی کێشاوی بە ملکەچی یەوە ئەنجامی بدە ( لە دروستکردنی شانە و مژینی شیلە و دروستکردنی هەنگوین و پوورەدان بە دەوری شاژندا و بەخێوکردنی گەراکان و ... هتد ) .

لەناو سکی ئەو هەنگەوە شلەیەکی ڕەنگ جیاواز دێتە دەرەوە کەشیفایە ( بۆ زۆر نەخۆشی ) بۆ خەڵکی بەراستی ئالەمەشدا بەڵگەو نیشانەی بەهێز هەیە بۆ کەسانێ کەبیر بکەنەوە ...

زانایان پاش لێکۆڵینەوەی زۆر بۆیان دەرکەوتووە کە :

ا ــ سوورەتی نەحل ، سوورەتی ژمارە شانزەیە لە قورئان دا ، هەنگیش شانزە جووت کرۆمۆسۆمی هەیە و نێرەکانیشی شانزە تاکیان هەیە چونکە نێرەکان بەبێ پیتاندن تەنها لەمی یەوە دروست دەبن .

کە ئەم مەسەلەیەش دیسان موعجیزەیەکی گەورەیە کە خوا لەناو گیاندارانی تریشدا قودرەت و توانای بێ پایانی خۆی پیشان داوین کە دەتوانێ تەنها لەمێینە بەچکەیەك دروست بکات .

ڕۆژێك زانایەك باسی لەم مەسەلەیە کرد ، شێخ عبدالمجید زندانی پێی وت جاکە ئەوە دەزانن و دەیبینن ئیتر بۆ لەدایك بوونی عیسا تان لاسەیرە و ئیمانی پێ ناهێنن .... ( سەلامی خوای لێبێ ) .

ب ــ هەنگ گەورەترین ئەندازیاری تەلارسازی و کیمیایی یە لەو کارەی خۆیدا ، کە ئەو خانە شەش لایانە دروست دەکات ، دیارە شەش لا باشترین بەکارهێنانی ڕووبەرێکە کە هیچی خەسار نەبێت .. هەروەها ئەو هەنگوینە بەوشێوەیە چاك و پاکە کە دروستی دەکا و دەرمانە بۆ چارەسەری نەخۆشی ، چەندگۆڕانی کیمایی بەسەردا دێت ... ئەگەر خوا فێری نەکات ئەوا زانینەی لە کوێ هێنا .

ج ــ قورئان بەهەنگ دەفەرموێ کە ڕێی زەلیل کراو بۆت بگرە بەر ، ﴿ فاسلك سبل ربك ذللاً ﴾ مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لەوەی کە هەنگ چەند کیلۆمەتر دوور دەکەوێتەوە و ئەو هەموو گەشتەدەکات بەبێ ئەوەی ڕێی لێتێك بچێت . کێ ئەو ڕێوبان و هاتوچۆیەی بۆ ئاسانکردووە خوانەبێ ، لەکاتێکدا هەنگێك بۆ دروست کردنی یەك کیلۆ هەنگوین دەبێ نزیکەی ( ٥٠٠ ) هەزار کیلۆ مەتر ڕێگا ببڕێت لەهات و چووندا .

د ــ قورئان دەفەرموێ ( شراب ) ێك ، شلەمەنیەك لەسکی دەردەچێ ، باشە خۆ هەنگوینەکە خۆی ئەو شلەیەنیە تا ئاوا تعریف بکرێ ... زانایان دۆزیانەوە کە هەنگ دوو گەدەی هەیە ، یەکێکیان تایبەتە بە هەنگوین ، جا کاتێ شیلەی گوڵەکە دەمژێ و لەناو گەدە تایبەتەکەیدا گۆڕانی بەسەرا دێنێ ، پاڵە پەستۆ دەخاتە سەر سکی بۆ ئەوەی لەو گەدە تایبەتەوە شلەیەك بێتە دەرێ و هەر لەدەمیدا هەندێ ئاوی دەبێ بەهەڵم ، ئنجا کە دەیکاتە خانەکانەوە بۆ ماوەی شەش حەوت ڕۆژ هەنگی ئیش کەر دێن و بەباڵەکانیان باوەشێنی دەکەن تا ئەو ئاوە زیادەی تیایەتی ببێ بە هەڵم و

تاسەرەنجام ئەو شلـەیە دەبێ بەو هەنگوینەی کە دەخورێت ... سبحان الله کێ ئەم وردەکارییەی فێری خۆشەویست (ﷺ) کردوە لـە قورئاندا ...

جاماوە بڵێین ، بڕواداران دەبێ دڵنیابن لـەگەورەیی و موعجیزەی ئەم قورئانە و بەبێ سڵەمینەوە بکەونە کار و پێشکەش بە مرۆڤایەتی سەرگەردانی بکەن کە گەورەترین دیاری یە و مایەی سەرفرازی دنیا و قیامەتە ...

بەو هیوایەی کە توانیبێتمان تیشکێ بخەینە سەر چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و خوێنەری خۆشەویست زیاتر شارەزا بووبێت لـە قورئانی دوا بەرنامەی خوا بۆ مرۆڤایەتی ، بەهیوای دوعای خێرتان تا بەیەکگەیەشتنەوەیەکی تر بە خواتان دەسپێرین .

## بەشی ٩

# بەرەو ساڵح بوون

| | |
|---|---|
| ٢٢٤- سورەتی النبأ | پێشەکی |
| ٢٢٦-لەگەڵ (صالحان) دا | ٢٢٥- پێغەمبەران وگەلەکانیان |
| ٢٢٨- چاکەکردن لەگەڵ دایك وباوکدا | ٢٢٧- بەرەو صالح بوون |
| ٢٣٠- خوا پێداوەکانی ژێر سێبەری عەرش | ٢٢٩-شەونوێژ سیمای ساڵحانە |
| ٢٣٢- خوا پەکی لەکەس نەکەوتووە | ٢٣١- هەوڵ وتێکۆشان لە ڕێی خوادا |
| ٢٣٤-پلەی بەرزی شەهیدی | ٢٣٣- لاپەڕەیەك لە مێژووی کەعبە |
| ٢٣٦-خەوتووەکان بەخەبەر دێن! | ٢٣٥-ئەوانەی ڕاستەکەن لەگەڵ خوادا |
| ٢٣٨-سوڵتانی ئەم دینە | ٢٣٧-ئەو پیلانانەی شاخ لەبن دێنن |
| ٢٤٠-سوپاس بۆ ئەو خوایەی هیدایەتی داین | ٢٣٩-گەورەترین شایەتی |
| دوا وتە | ٢٤١-لەگەڵ بانگخوازێکدا |

## پێشەکی

سێ پرسیاری گرنگ بەردەوام مرۆڤی سەرقاڵ کردووە و دەیەوێ وەڵامێکی ڕاست و دروست و دڵنیاکەری دەست کەوێ ... ئەو پرسیارانەش :

لەکوێوە هاتووە ؟ بۆ کوێ دەچێ ؟ لەبەرچی هاتووە ؟

جا لەبەرئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە پەیوەندیان بەرابردوو ئێستا و داهاتووەوە هەیە ، بۆیە تەنها وەڵامەکەی لای خوای گەورە دەست دەکەوێ کە زانایە بەنهێنی و بەئاشکرا و زانایە بەڕابردوو بە ئێستا و بەداهاتوو ...

ئەم وەڵامەش خوای گەورە بە پێغەمبەردا (محمد) (ﷺ)بۆی ناردوین ، کەلەقورئاندا بەدوور و درێژی باسکراوە .

مەبەستیشی بەرچاو ڕۆشن کردنی مرۆڤە و دەستگرتنێتی بۆ هەموو خێر و چاکەیەك.

قورئانی پیرۆز دەیەوێت ئیمانداربین ، ئیمانیش حەفتا و ئەوەندە بەشە ( لا الـه الا اللـه) لەسەرووی هەموویانەوەیە و لەخواری خوارەوەش لابردنی ئەزیەت و ئازارێکە لەڕێی خەڵکیدا ، شەرم کردنیش بەشێکە لەئیمان .

بەخۆدا چوونەوە و لەخۆپرسینەوە پێویستیەکی ڕۆژانەیە ، تاکەم و کوڕیەکانی خۆمان چاك بکەین و هەموو (هەق) ەکان لەشوێنی خۆیدا بدەین ، هەقی خوا ، هەقی دایك و باوك ، هەقی میوان ، هەقی ماڵ و منداڵ ، هەقی ڕێگاوبان ... هتد

ڕاستە ئیمانداارین بەڵام ئاخۆ لەچەند هەق دا کەمتەرخەمیمان کردووە ، ڕاستە ئیمانداارین بەڵام ئاخۆ ساڵح بووین ، خۆ ئەگەر ساڵحیش نین ، ئاخۆ دەزانین کە ساڵح نین یان خۆمان لێ بووە بە (ئەولیا) و کەس لەخۆمان بەباشتر نازانین ...

خۆشەویست داوامان لێدەکات کە ( اعطوا کل ذي حق حقه ) ئەم بەشەش هەنگاوێکە بۆ ساڵح بوون ..

**( ٢٢٤ ) سورەتی ( النبأ )**

مرۆڤ هەمووی سەرقاڵی ئەو مەسەلە گەورەیە ، یان ئەو هەواڵ و دەنگ و باسە گرنگ و مەزنەن ، هەرکەس بەجۆرێك قسەی لێدەکات ، لەکاتێکدا تەنها پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ ئەو هەواڵ و دەنگ و باسە تەواوەیان لادەست دەکەوێت ... قورئان دەفەرموێت : ﴿ عم يتساءلون عن النبأ العظيم ، الذي هم فيه مختلفون ، كلا سيعلمون ، ثم كلا سيعلمون ﴾ النبأ : ١ ،ئەو خەڵکە دەربارەی چی لەیەکتر دەپرسن ؟ دەربارەی هەواڵە گەورە و گرنگەکە !! لەحاڵێکدا کە ئەوانە ڕاو بۆ چوونی جیاوازیان دەربارەی هەیە ، نەخێر لەداهاتوویەکی نزیکدا خۆیان دەبیننەوە و ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت ... بەڵێ لەوەدوا ، لەداهاتوویەکی نزیکدا خۆیان دەبیننەوە و ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت ...

ئینجا قورئانی پیرۆز گەشتێکیان پێدەکات بە دروستکراوەکانی خوادا پێش ئەوەی هەواڵە گەورە و گرنگە کەیان پێ بڵێ ... هەروەك دەفەرموێت :

*﴿ الم نجعل الارض مهادا ... ﴾ ئایا زەویمان وەك لانکە بۆ فەراهەم نەهێناون ؟

*﴿ و الجبال أوتاداً ... ﴾ ئایا کێوەکانمان وەك مێخ بۆ دانەکوتاون ؟ ( تا هاوسەنگی زەوی ڕابگرێ ) ..

*﴿ و خلقناكم أزواجاً ... ﴾ ئایا ئێوەمان بە جووت دروست نەکردووە ؟

*﴿ وجعلنا نومكم سباتاً ﴾ ئایا خەوتنمان بۆ نەکردوون بە مایەی سرەوتن و پشوو ؟

*﴿ وجعلنا الليل لباساً ... ﴾ ئایا شەوگارمان بۆ نەکردون بە پۆشاك و داپۆشەر ؟

*﴿ و جعلنا النهار معاشاً ... ﴾ ئایا ڕۆژیشمان بۆ نەکردوونەتە هۆی ژیان و هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی ڕزق و ڕۆزیی ؟

*﴿ وبنينا فوقكم سبعاً شداداً ﴾ ئایا حەوت ئاسمانی بەهێز و پتەومان لە ژوور سەرتانەوە دروست نەکردووە ؟

*﴿ و جعلنا سراجاً و هاجاً ﴾ ئایا چرایەکی پرشنگدارمان بۆ فەراهەم نەهێناون کە خۆرە و ڕووناکی و گەرمیتان دەداتێ ؟

*﴿ و أنزلنا من المعصرات ماء ثجاجاً ... ﴾ ئایا لەهەورە گوشراوەکان بارانێکی زۆرمان نەباراندوە ؟

*﴿ لنخرج به حباً و نباتاً ، و جنات ألفافاً ... ﴾ تا بەهۆی ئەو بارانەوە جۆرەها دانەوێڵە و ڕووەك بروێنین و باخ و باخاتی چڕ و پڕ و لەیەك ئاڵاو بەدی بێنین ، ئینجا قورئان دێتە سەرباسی هەواڵە گرنگ و سامناکەکە و دەفەرموێت :

﴿ ان یوم الفصل کان میقاتاً ، یوم یُنفخ في الصور فتأتون أفواجا ، و فُتِحت السماء فكانت أبوابا ، وسُیِرَت الجبال فكانت سراباً ﴾ ... بەراستی ڕۆژی جیاکردنەوە ، کاتێکی دیاریکراوە بۆ جیاکردنەوەی چاکان لەخراپان و ئیمانداران لەکافران، ئەو ڕۆژەی کە فوو دەکرێت بە ( کەڕەنادا ) و پۆل پۆل و دەستە دەستە بەرەو مەیدانی لێپرسینەوە دەچن ، ئاسمان دەکرێتەوە و دەبێتە دەروازە و دەرگای هاتنە دەرەوەی فریشتەکان ، کێوەکانیش هەڵدەکەنرێت و دەڕۆن بەئاسماندا وەك تراویلکە و سەرابێکی گەورە ...

ئنجا قورئان دێتە سەر باسی پاداشتی تاوانباران بەدۆزەخ و دەفەرموێت : ﴿ ان جهنم کانت مرصاداً ، للطاغین مابا ، لابثین فیها أحقاباً ، لا یذوقون فیها برداً ولا شراباً ، الا حمیماً و غساقا ، جزاء و فاقا ، انهم کانوا لا یرجون حسابا ، و کذبوا بایاتنا کذابا ، وکل شيئ أحصیناه کتابا ، فذوقوا فلن نزیدَکم الا عذابا ﴾ .

واتە : دۆزەخ دەمێکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە و خۆی مەڵاسداوە ، دەبێتە مەنزڵگای خوانەناس و یاخییەکان . هەزارەها ساڵی دووروودرێژ و نەبڕاوەی تیادەبەنەسەر ، لەناو دۆزەخدا ناچێژن فێنکاییەك ، یا خواردنەوەیەکی بەتام ، جگە لە ئاوی لەکوڵ و کێم و زووخاو ، ئەویش پاداشتێکی لەبار و پڕاوپڕە بۆ خوانەناسان ، چونکە ئەوانە کاتی خۆی بەتەمای ئەم ڕۆژی لێپرسینەوەیە نەبوون ، حەزیان لەباسی نەدەکرد ، بەڵکو دژایەتی ئایەتەکانی ئێمەشیان دەکرد ، ئێمەش هەموو شتێکمان لەسەریان سەرژمێری کردووە پاشان پێیان دەوترێت دەبچێژن ، لەسزا و ئازار و ئەشکەنجە بەولاوە ، هیچی ترتان بۆ زیاد ناکەین .

پاشان قورئان لەگەیاندنی هەواڵی گەورە و گرنگی قیامەتدا دێتە سەر باسی چاکەکاران و دەفەموێت : ﴿ ان للمتقين مفازاً ، حدائق و أعنابا و كواعب اترابا ، وكأسا دهاقا ، لا يسمعون فيها لغواً ولا كِذابا ، جزاء من ربك عطاء حسابا ﴾ واتە : بۆ خواناس و پارێزکاران سەرفرازی و خۆشی و شادی و کامەرانی ئامادەیە ، باخ و باخات و باخچەی جوان و رازاوە کەبە کەپری ڕەز و هێشووە ترێ نەخشاون ،لەو جێگە و ڕێگا خۆشانەدا هاوسەر و هاودەمی ئافرەتانی سینە جوان و ڕەوشت جوان و هاوتەمەن ئامادەیە .

لەگەڵ کاسەی پڕ لەشەرابی تایبەتیدا ، لەو بەهەشتە دا هیچ جۆرەکردار و گوفتار و ڕەفتارێکی نابەجێ ، یاخود بەدرۆخستنەوەیەك نابیستن ، ئەمەش هەمووی پاداشتێکە لەلایەن پەوەردگارتەوە ئەی ئیماندار ، بەخششێکە بەحسابێکی ورد دەبەخشرێت ...

﴿ رب السماوات و الارض وما بينهما الرحمن لا يملكون منه خطابا ، يوم يقوم الروح و الملائكة صفاً لا يتكلمون الا من أذِن له الرحمن و قال صواباً ﴾ واتە : لەلایەن پەروەردگاری میهرەبانی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە ، ئەو ڕۆژە کەس ناتوانێت لەبەردەم زاتی پەروەردگاردا بدوێت .

ڕۆژێك دێ که جوبرەئیل و فریشتەکان بەڕیز دەوەستن و ورتەیان لێنایەت و هیچ قسەناکەن ، مەگەر ئەوەیان کە خوای میهرەبان مۆڵەتی بدات و قسەی جوان و بەجێ پێشکەش بکات .

﴿ ذلك اليوم الحق فمن شاء اتخذ الى ربه مآبا ، انا أنذرناكم عذابا قريبا ، يوم ينظر المرء ما قدمت يداه و يقول الكافر ياليتني كنت ترابا ﴾ ئەو ڕۆژژە ڕۆژێکی هەق و ڕاستە و بەڕێوەیە ، جا ئەوەی ئەیەوێت بابەرە و لای پەروەردگار هەنگاو هەڵگرێت . ئێمە ئێوەمان ئاگادار کردووە لەوەی کەسزایەکی نزیك بەرێوەیە ، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئادەمیزاد سەیری دەسپێشکەری خۆی دەکات و ، کافر و خوانەناسیش دەڵێت :خۆزگە هەرخاك بوومایە ئاوا زیندوو نەکرامایەتەوە و گیرم نەخواردایە .

بەڵێ ... وەکو قورئان دەفەرموێت : ﴿ قل هو نبأ عظيم ، انتم عنه معرضون ﴾ص : ٦٨

واتە : پێیان بڵێ ئەی ( محمد) (ﷺ) ئەم هەواڵ و دەنگ و باسانە ، هەواڵ و دەنگ و باسێکی زۆر گەورە و گرنگن ، بەڵام ئێوە پشتی تێدەکەن و گوێی بۆ ناگرن .

هەموو یەكێ لەو دەنگوباسانە كاتی بەدیهاتنی خۆی دێت و ، لە ئایندەدا بۆتان دەردەكەوێت و دەیبینن ﴿ لكل نبأ مستقر وسوف تعلمون ﴾ الانعام : ٦٧ جا ڕاستی ودروستی ئەم هەواڵ و باسانەتان لەدنیاو لەئاخیرەتدا بۆ دەردەكەوێت كەپەیامێكە و یادخەرەوەیە بۆ هەموو جیهان ﴿ ان هو الا ذكر للعالمین و لتعلمن نبأه بعد حین ﴾ ص : ٨٨

**( ٢٢٥ ) دەنگو باسی پێغەمبەران و گەلەكانیان**

دەنگو باسی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ غەیبن و خوای گەورە بەخۆشەویست (ﷺ) و موسڵمانان رادەگەیەنێت كە پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرن هەروەك دەفەرموێت :

* ﴿ أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَاهِيمَ وَأَصْحَابِ مَدْيَنَ وَالْمُؤْتَفِكَاتِ أَتَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (٧٠)﴾ التوبة

واتە : ئایا ئەوانە هەواڵی قەومەكانی پێش خۆیان پێ نەگەیشتووە ، بەتایبەتی گەلی نوح و ثمود ، گەلی ئیبراهیم و نیشتەجێكانی مەدیەن ( گەلی شوعەیب ) و هەروەها ڕەفتار خراپ و بێ ڕەوشتەكانی گەلی ( لوط) ، هەموو ئەو گەلانە ، پێغەمبەرەكانیان بەبەڵگە و نیشانەی ئاشكراوە بانگەوازی خوایان بۆ ڕوون كردنەوە ، بەراستی وەنەبێت خواستەمی لێكردبن ، بەڵكو هەر خۆیان ڕێبازی ستەمیان گرتبوە بەر .

* ﴿ وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (١٢٠) ﴾ هود : واتە : هەموو ئەوانەی بۆمان گێڕایتەوە لەچیرۆك و هەواڵی پێغەمبەران ، بۆ ئەوەیە كەدڵی تۆی پێ دابمەزرێت و دڵنیات بكەین ، دڵنیاش بە كەلەم سورەتەدا حەق و راستیت بۆ هات و بۆت ڕوون كرایەوە ، هەروەها ئامۆژگاری و بیر خستنەوەی باشی تیایە بۆ ئیمانداران .

* ئەم دەنگوباسانە هەمووی غەیبن ﴿ تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ (٤٩)﴾ هود

واتە : ئەم باسانەی بۆمان كردی لەهەواڵە نادیارەكانە ، نەتۆ دەتزانی و نەهۆز و گەلەكەشت پێش ئەم باسەی ئێمە ، خۆگر و بەئارامبە ، پاشەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزكارانە .

**( ٢٢٦ ) لەگەڵ صاڵحاندا**

هەوڵدان بۆ ساڵح بوون ئەرکی سەرشانی هەموومانە ، کە ئەوەش بەکار و کردەوەی چاك و بەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بەدەست دێت ... هەروەك قورئان دەفەرموێت :

* ﴿ و الذين امنوا و عملوا الصالحات لندخلنهم في الصالحين ﴾ العنكبوت : ٩ واتە : ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەی چاکیان ئەنجامداوە ، دەیانخەینە ریزی چاکەکارانەوە .

* ﴿ ومَن يُطع الله و الرسول فاولئك مع الذين انعم الله عليهم من النبيين و الصديقين و الشهداء وحَسُن اولئك رفيقا ، ذلك الفضل من الله و كفى بالله عليما ﴾ النساء : ٧٠ واتە : ئەوەی فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەر بکات ، ئا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن لەبەهەشتی بەریندا کە خوا ناز و نیعمەتی ڕژاندوە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ، ئەوانە هاوەڵ و هاوڕێ و هاودەمێکی بێ وێنەن . ئەم ڕێز و قەدرە لەلایەن خواوەیە بۆ ئەو بەختەوەرانە ، وە خوا خۆی بەسە کە زانیاری تەواوی هەیە دەربارەیان.

* یوسف ( سەلامی خوای لێبێت) پاش گەشتی چەند ساڵەی تەمەنی و گەیشتنی بەپلە و پایەی بەرزی دین و دنیایی ، دەستی بەندایەتی بەرزدەکاتەوە و لەخوای گەورە دەپارێتەوە کە ﴿ رب قد آتيتني من الملك و عَلَمتني من تأويل الاحاديث ، فاطرَ السموات و الارض أنت وليِّ في الدنيا و الاخرة توفني مسلماً و ألحقني بالصالحين ﴾ یوسف : ١٠١ . پەروەدگارا تۆ موڵك و دەسەڵاتت پێ بەخشیم و ، شارەزای لێکدانەوەی خەوت کردم ، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی ، تۆ پشت و پەناو یار و یاوەری منی لە دنیاو قیامەتدا ، بەموسڵمانی بمرێنە و ، بمگەیەنە بە ساڵحان و چاکان .

* ( سولەیمان ) یش سەلامی خوای لێبێ دوعا دەکات و دەفەرموێ : ﴿ قال رب أوزعني أن أشكرض نعمتكَ التي أنعمتَ عليَ و على والديَ وأن أعمل صالحاً ترضاهُ و أدخلني برحمتك في عبادك الصالحين ﴾ ١٩ : النمل واتە : پەروەردگارا یارمەتیم بدە تا سوپاسگوزاری ناز و نیعمەتەکانت بم کەبەسەر من و دایك و باوکما ڕژاندوتە ، هەروەها کۆمەکیم بکە تا ئەو کاروکردەوە چاکە ئەنجام بدەم کە تۆ لێی رازیت ، وە بەرەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندەچاك و ساڵحەکانتەوە .

* ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ دوعا دەکات و داوای نەوەیەکی صالح دەکات لەخوای گەورە و دەفەرموێت : ﴿ رب هب لی من الصالحين ﴾ الصافات:١٠٠ .

خوای گەورەش مژدەی دایە بە ( اسماعیل ) کەلاوچاك و سالّح و ژیر و ئارامگربوو ﴿فبشرناه بغلام حلیم﴾ الصافات : ۱۰۱ / کە (حلیم) بوو ئارامی گرت لەسەر تاقیکردنەوەی بوون بەقوربانی و سەربڕین .هەروەها مژدەی دایە بە ( اسحاق ) کە ئەویش لەسالّحان بوو ﴿ وبشرناه باسحاق نبیاً من الصالحین﴾ الصافات : ۱۱۲ .

* هەروەها قورئان لەبارەی ئیبراهیم و نەوەکانی و هەندێ پێغەمبەری ترەوە سەلامی خوایان لێبێ دەفەرموێ : ﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ (٨٣) وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (٨٤) وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ (٨٥) وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ (٨٦)﴾ الانعام : ۱۸۶ . واتە : بەو جۆرە بەڵگانە کە بەئیبراهیممان بەخشی زاڵ بوو بەسەر گەلەکەیدا ، هەرکەسێك شایستە بێت پلەو پایەی بەرزدەکەینەوە ، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ زۆر زانا و داناو کاربەجێیە ، لەوەودوا ئیسحاق و یەعقوبمان پێ بەخشی ، هەردووکیانیشمان هیدایەتدا ، زووتریش نوحمان هیدایەت دا بوو ، لەنەوەکانی تری ئیبراهیم داود و سولەیمان و ئەیوب و یوسف و موسا و هارون ، هاتنە دنیاوە و بوونە رابەر و چاوساغ بۆ خەڵکی ، ئابەو شێوەیە پاداشتی چاکەخوازان دەدەینەوە بەوەی نەوەی چاك و خواناسیان پێ دەبەخشین ) .

هەروەها زەکەریا و یەحیا و عیسا و ئیلیاس هەر هەموویان لەچاکان بوون . ئیسماعیل و یەسەع و یونس و لوطیش ، لە پێغەمبەران بوون و ڕێزدارمان کردن و فەزڵمان دان بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا .

**( ۲۲۷ ) بەرە و سالّح بوون :**

قورئانی پیرۆز ڕێنمایی موسڵمانان دەکات کە هەوڵبدەن سالّح بن و خوا لەخۆیان رازی بکەن ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ یا ایها الذین امنوا اتقوا الله و ابتغوا الیه الوسیلة و جاهدوا في سبیله لعلکم تفلحون ﴾ ۳۵ : المائدة .

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوابترسن و پارێزکاربن ، لەرێگەی هەموو هۆکار و کردەوەیەکی چاکەوە هەوڵ بدەن رەزامەندی ئەو زاتە بەدەست بهێنن ، هەمیشە تێبکۆشن لەپێناوی

ئەودا ، بەڵكو سەرفراز بن ، یەكێك لەو هۆكارە گرنگانەی كە بڕوادار دەبات بەرە و ساڵح بوون و پایەدار و پلەی بەرزی دەكات ، تەوبەكردن و گەڕانەوەی بەردەوامە بۆ لای خوای پەروەردگار ، قورئان دەفەرمویت : ﴿ ربكم أعلم بما في نفوسكم ، ان تكونوا صالحين فإنه كان للأوابين غفوراً ﴾ الاسراء : ٢٥ /پەروەردگارتان زۆر زاناترە لەخۆتان بەوەی كەلەدڵ و دەرونتاندا هەیە ، خۆ ئەگەر چاكەكار و ساڵح بن ، ئەوە ئیتر ئەو زاتە بۆ تەوبەكاران و پەشیمانان زۆر بەخشندەیە .

**( ٢٢٨ ) چاكەكردن لەگەڵ دایك و باوك**

یەكێكی تر لەو هۆكارە گرنگانەی كە بڕوادار دەبات بەرە و ساڵح بوون چاكەكردنە لەگەڵ دایك و باوكدا ،كە مایەی ڕەزامەندی خوایەوخراپەش بەرامبەریان لەگوناهە گەورەكانە .

﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (٢٣) وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا (٢٤)﴾ الاسراء

واتە: پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە كە جگە لەوكەسی تر نەپەرستن ، هەروەها چاكەكاریش بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا ، هەركاتێ یەكێكیان یان هەردووكیان بەپیری كەوتنە لای تۆ تەنانەت ئۆفیان لەدەست مەكە و هەرگیز پیایاندا هەڵمەشاخێ ، بەردەوامیش قسە و گفتوگۆت لەگەڵیانا با چاك و جوان و بەجێبێت . باڵی میهرەبانی خۆتیان بەسەردا بكێشە و ملكەچبە بۆیان ، نزابكە و بڵێ : پەروەردگارا ڕەحمیان پێبكە و میهرەبان بە لەگەڵیان ، هەروەكو چۆن ئەوان منیان پەروەردەكردەوە بە بچووكی و منداڵی .

*** ئوەیسی قەرەنی :**

ئوەیس لە زەمانی خۆشەویستدا (ﷺ)ژیاوە لەیەمەن و چاوی بە خۆشەویست (ﷺ) نەكەوتووە ، بۆیە لەچینی ( تابعین)ە ، بەلاَم چاكترینی ئەو چینەیە ودوعای قبوڵ بووە و بەهۆی خزمەتی دایكی یەوە پلەو پایەی بەرزی بەدەستهێناوە و یەكێكە لە ساڵحان.

ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) بە عومەری كوڕی خەتاب ی فەرموو : لەناو ئەو لەشكرانەدا كە لە یەمەنەوە دێن بۆ كۆمەكی و یاریدەتان پیاوێ دێ ناوی ئووەیسی كوڕی عامیرە ، لەهۆزی قەرەنە

کەدەچنەوە سەر هۆزی موراد ، لەپێشدا بەڵەك دەبێ و لەپاش ئەوەی دووعا دەکات و لەخوا دەپاڕێتەوە چاك دەبێتەوە تەنها جێگا درهەمێك نەبێ ، دایکێکی هەیە زۆر بۆی باشە ، ئەو ئووەیسە ئەوەندە نازی هەیە لەلای خوای گەورە ئەگەر سوێند لەسەر شتێ بخوا کە دەبێ خوا ئەوشتەی بۆ بکات ، خوا دڵی ناشکێنێ و سوێندەکەی ناخات و داواکەی جێبەجێ دەکا بۆی ، ئەی عومەر ! ئەگەر بۆت ڕێکەوت با ئەو پیاوە لەخوا بۆت بپاڕێتەوە چونکە دوعای ئەو گیرایە .

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ئوەیس ڕێی کەوتە مەدینە و عومەریش کە هەمیشە هەواڵی دەپرسی ، دۆزیەوە و لەبەیەك گەیشتنێکدا ، لێی پرسی : تۆ ئووەیسی کوڕی عامیریت ؟ وتی : بەڵێ ئەوم . فەرمووی : لەخێڵی قەرەنیت کە دەچێتەوە سەر هۆزی موراد ؟ وتی : بەڵێ ، فەرمووی : جاران بەڵەك بوویت ، بەڵام ئێستا چاك بویتەوە ، تەنیا جێگە درهەمێك ماوە ؟ وتی : بەڵێ وایە .

فەرمووی : دە کەواتە بۆم بپاڕێرەوە و داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە .

ئەویش : دوعای خێری بۆ کرد .

ئنجا عومەر پێی فەرموو : بۆ کوێ دەچیت ؟ وتی : بۆ کوفە . فەرمووی : دەبا کاغەزێکت بۆ بنووسم بۆ کاربەدەستی کوفە کە ئاگای لێت بێ ؟ وتی : حەزناکەم ناوم بکەوێتە ناو ناوانەوە ، حەز بەناو مەردومە ڕەش و ڕووتەکە دەکەم . لەساڵی داهاتوودا پیاوێکی خانەدانی کوفە دێت بۆ حەج ، عومەر هەواڵی ئوەیسی لێی دەپرسێ : ئەویش دەڵێ : کە من هاتمماڵێکی پەڕپوت و کەمێ شتومەکی هەبوو . عومەریش فەرموودەکەی خۆشەویستی (ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوە ... کە پیاوەکە دەگەڕێتەوە دەچێتە لای ئوەیس و پێی دەڵێ : دوعای خێرم بۆ بکە ، ئەویش دەڵێ : تۆ تازە لەسەفەری خێر گەڕاویتەوە ، تۆ بۆمن بپاڕێرەوە ! لەپاشا پێی دەڵێ : دیارە عومەرت دیوە و ئەم تەگبیرەی بۆ کردویت ؟ دەڵێ : بەڵێ وایە ، ئەویش بۆی دەپاڕێتەوە و دوعای بۆ دەکات ئیتر بەمە دەردەکەوێت و خەڵکی سەری تێدەکەن بۆ دوعای خێر ، بۆیە ئەویش ناچار ئەو ناوچەیە بەجێ دەهێڵێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ بۆ شوێنێك کە نەیناسن و، دەشڵێن لە سوپاکەی ئیمامی عەلیدا شەهیدبووە .

**( ٢٢٩ ) شەو نوێژ سیمای ساڵحانە**

قورئانی پیرۆز وەسفی چاکەکاران( محسنين ) دەکات کە :

﴿ كانوا قليلاً من الليل ما يَهجعون و بالاسحار هم يستغفرون ﴾ الذاريات : واته : ئەو چاكەكارانە بەشەو كەم دەخەوتن و شەونوێژیان دەكرد و تابەرەبەیان دەپاڕانەوە و داوای لێخۆش بوونیان دەكرد ..

بڕوادار بەكردنی فەرزەكان و پاشان بەجێبەجێكردنی سوننەتەكانی لەخوا نزیك دەبێتەوە و دەبێتە خۆشەویستی خوا ، هەروەك خۆشەویست دەفەرموێت : ﴿ ان الله تعالى قال: من عادى لي ولياً فقد اذنته بالحرب ، وما تقرب الي عبدي بشيئ أحب الي مما افترضت عليه ، وما يزال عبدي يتقرب الي بالنوافل حتى أحبه ، فاذا احببته كنت سمعه التي يسمع به ، و بصره الذي يبصر به ، ويده التي يبطش بها ، و رجله التي يمشي بها ، وان سألني أعطيته و لئن استعاذبي لأعيذنه ﴾ بخارى

واته : خوای گەورە دەفەرموێت : هەركەس دوژمنایەتی دۆستێكی من بكات ئەوا دوژمنایەتی لەگەڵ مندا دەكات و من ڕوو بەڕووی دەوەستم ، بەندەی منیش بەهیچ شتێكی خۆشەویست خۆی لەمن نزیك ناكاتەوە كەوەك فەرزەكان بێت و ، بەردەوام بەندەی من بە كردنی سونەتەكان خۆی لەمن نزیك دەكاتەوە ، تا خۆشەویست دەبێ لەلام ،كە خۆشم ویست هاوكاری دەكەم لەبینین و بیستن و كاروكردەوە و هاتو چوونیدا .

هەرچی داوابكات پێی دەبەخشم و پەناشم لەهەرچی بێ بگرێ پەنای دەدەم ... پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە زۆر لەشەو نوێژدا بەپێوە دەوەستا قاچی ئازاری دەگەیشت و ماندوو دەبوو ، پێیان وت : خۆ تۆ خوا لەگوناهی بەرودوات خۆش بووە بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەكەی ، فەرمووی : ﴿ افلا أحب أن أكون عبداً شكوراً ﴾( ل ١٣٤ریاض الصالحین ) وەرگێڕاوی مامۆستا نوری فارس ).

خۆشەویست (ﷺ) هانمان دەدات بۆ ئەم عیبادەتە كە بەتەنها هەستان و كردنی نوێژێكی زۆر كورت پاداشتێكی زۆر گەورەی پێ دەست دەكەوێت ... هەروەك دەفەرموێت :﴿ اذا أيقظ الرجل أهله من الليل فصلياً أو صلى ركعتين كُتِب في الذاكرين و الذاكرات ﴾ أبوداود / ل ٨٨٨ ریاض الصالحین وەرگێڕاوی مامۆستا نوری فارس ) .

واتە : ئەگەر پیاو لەشەودا خێزانەکەی خەبەرکردەوە و بەیەکەوە دوورکات نوێژیان کرد ، یان هەرکەسە بەتەنها دوو ڕکاتی کرد ، خوای گەورە لە ( الذاکرین ) و (الذاکرات ) دا ناویان تۆمار دەکات .

هەروەها خۆشەویست (ﷺ)هانی عبداللە ی کوڕی عومەری دا بۆ شەونوێژ و فەرمووی : ﴿نعم الرجل عبدالله لو کان یصلي من اللیل ﴾ واتە : عبدالله پیاوی چاکە ، بریا شەو نوێژی دەکرد ئیتر عبدالله هەموو شەو شەونوێژی دەکرد و کەم دەخەوت ...

دیارە لەشەونوێژدا دوعا زیاتر قبوولْ دەبێت چونکە خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێت :﴿ ان في اللیل لساعة لایوافقها رجل مسلم یسأل الله تعالی خیراً من أمر الدنیا و الاخرة الا أعطاه ایا ە ، و ذلك کل لیلة ﴾ مسلم : ل ٨٨٦ ریاض الصالحین .

## ( ٢٣٠ ) خوا پێداوەکانی ژێر سێبەری عەرش

حەوت کۆمەڵی ساڵح لەقیامەتدا لەژێر سێبەری عەرشی خوادا دەبن ، لەکاتێکدا کەلەو گەرما و نارەحەتیەدا هیچ سێبەرێك نیەمەگەر خوا بۆ کەسێك سێبەر فەراهەم بهێنێ ... ئەو کۆمەڵانەش خۆشەویست (ﷺ) لەبارەیانەوە دەفەرموێت : ﴿ سبعة یظلهم الله في ظله یوم لا ظل الا ظله : امام عادل ، و شاب نشأ في عبادة الله عزوجل ، ورجل قلبه معلق بالمساجد ، ورجلان تحابا في الله اجتمعا علیه و تفرقا علیه ، ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتی لا تعلم شماله ما تنفق یمینه ، ورجل ذکر الله خالیاً ففاضت عیناه ﴾ بخاری و مسلم

واتە : حەوت تاقم هەن خودا لەڕۆژی قیامەتا دایان دەنێ لەژێر سێبەری عەرشی خۆیدا ، لەو ڕۆژەدا کەهیچ سایە وسێبەرێکی تر نیە بێجگە لەسایە و سێبەری خۆی، یەکەم: پێشەوای دادپەروەر. دووەم : لاوێ کەلەسەر خواپەرستی گەورە بووبێ . سێیەم : پیاوێ کە دڵی ئالوودەی مزگەوت بێ . چوارەم : دووکەس کەلەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێ و لەبەر ئەو بەیەك بگەن و سەر لەیەکتر بدەن و لەبەر ئەو لەیەکتر جیاببنەوە . پێنجەم : پیاوێك کە ئافرەتێکی جوانی خانوومان داوای خراپەی لێبکا و ئەم لەبەر خوا تووخنی نەکەوێ و بڵێ من لەخوا دەترسم . شەشەم : کەسێك خێرێك بکا بەدەستی ڕاستی و دەستی چەپی پێی نەزانێ . حەوتەم : کەسێك کەبەتەنها یادی خوا بکا

و فرمێسك هۆن هۆن بەچاوەكانیا بێنە خوارەوە لەخۆشەویستی خواو لەترسی سزای خوا ..( لـ ٢٦٢ ریاض الصالحین ) .

* لاوێکی خواناس لەسوریا شتی دەستی دەفرۆشت ، ئافرەتێك بانگی دەكاتە ماڵەوە و دەرگای لەسەر دادەخاو دەیەوێت خراپەی لەگەڵدا بكا ، لاوەكەش كە دەزانێ هیچ چارێكی نەماوە ، دەڵێ : رێم بدە دەچم بۆ سەر ئاو ، ئەویش رێی دەدات ، لەوێ هەندێ پیسایی دەدا لەجلەكانیەوە تا لەبەرچاوی ئافرەتەكە بكەوێ و وازی لێ بهێنێ ،كە دێتە دەرەوە ئافرەتەكە بەوحاڵە دەیبینێ دەری دەكاتە دەرەوە ،هەركە دێتە دەرەوە منالاَن بەو شێوەیە دەیبینن دوای دەكەون و گاڵتەی پێدەكەن و وەزانن شێت بووە ... تا دەگاتەوە ماڵەوە و لەوێ خۆی دەشوا و جلەكانی دەگۆڕێ و زۆر سوپاسی خوا دەكات كەلەو گوناهە گەورەیە رزگاری كرد ...

ئیتر لەو ڕۆژە وە هەمیشە وەك كەرامەتێك لەخواوە بۆنی میسكی لێ هاتووە ، كە دەشمرێ گۆڕەكەی بۆنی میسكی لێدێ و تائێستاش گۆڕەكەی بەناو بانگە بە ( گۆڕی میسكی ) ..

**( ٢٣١ ) هەوڵ و تێكۆشان لەڕێی خوادا**

گرنگترین هۆكار بۆ ساڵحبوون و بەرەوپێش چوون هەوڵ و كۆشش و جیهادە لەرێی خوادا ، كە بازرگانییەكی پڕ خێر و بەرەكەتەو قورئان دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (١٠) تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (١١) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٢) وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (١٣)﴾ الصف

واتە : ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ، رێنماییتان بكەم بۆ بازرگانی یەك كەلەسزایەكی پڕ ئێش و ئازار رزگارتان بكات ؟ كە ئەویش بڕوا هێنانتانە بەخوا و بە پێغەمبەرەكەی وە هەوڵ و تێكۆشانە لە رێی خوادا بەماڵ و بەگیانتان ، كە ئەوەش خێر ترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن .

بەوەش خوا لەگوناهو هەڵەكانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە باخچە و باخاتێكەوە كەجۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەكاندا دەڕوات ، هەروەها كۆشك و تەلاری خۆش و ڕازاوە لەبەهەشتی عەدندا ، بەراستی ئائەوەیە سەركەوتن و سەرفرازیی و دەستكەوتی گەورە و بێ سنوور .

شتێكی تریش هەیە حەزی لێدەكەن ، ئەویش بەخشینی سەركەوتنە لەلایەن خواوەو ، كردنەوەی ولاٌتان و دلٌەكانەو ، ئەو مژدەیە بدە بەبڕوا داران .

هەروەها قورئان دەفەرمویت : ﴿ وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ (٧٨) ﴾ الحج

واتە : بەردەوام بن لەخەبات و جیهاد و هەوڵ و كۆشش لەپێناوی خوادا بەوشێوەیەی كە شایستەیەتی ، چونكە هەر ئەو زاتە هەڵی بژاردوون ، بۆ ئەو كارە لەنێوان ئەو هەموو خەڵكەدا و ، لەئاین و بەرنامەكەیدا هیچ جۆرە شتێكی ناڕەوا و قورس و گرانی بۆ بڕیار نەداون كە نەتوانن ئەنجامی بدەن ، ئەم بەرنامەیە ڕێ و شوێن و بەرنامەی ئیبراهیمی باواتانە كە پێشتر هەر ئەو ناوی ناون موسڵمان و، لەم قورئانەشدا بەموسڵمان ناونراون ، تا پێغەمبەر (ﷺ)ببێتە شایەت بەسەرتانەوە كە پەیامی خوای پێ ڕاگەیاندوون و، ئێوەش بەگەیاندنی ئەو پەیامە ببنەشایەت بەسەر خەڵكیەوە ، كەواتە نوێژەكانتان بەچاكی بكەن و ، زەكاتی ماڵیشتان بەتەواوی بدەن و ، پشت بەخوا ببەستن ، چونكە هەر ئەو زاتەیە یار و یاوەرتانە ، دڵنیابن كە یارمەتیدەرێكی چاكە و، پشت و پەنایەكی مەزنە.

*ئەبو زەڕ فەرمووی : گوتم ئەی پێغەمبەری خوا ! كام كردەوە لە كردەوە باشەكان خێر ترە و پاداشتی زیاترە ؟ فەرمووی : لەپاش باوەڕ بەخودا و پێغەمبەری خودا ، باشترین كردەوە تێكۆشان و جیهادە لەرێی خوادا ﴿ قلت : یا رسول الله : أي الاعمال أفضل ؟ قال : الایمان بالله و الجهاد في سبیله ﴾ بخاری و مسلم ل ٩٤٢ ریاض الصالحین .

*پێغەمبەر (ﷺ) باسی پاداشتی گەورەی تێكۆشەران دەكات و دەفەرموێت : ﴿ان في الجنة مائة درجة أعدها الله للمجاهدین في سبیل الله ، ما بین الدرجتین كما بین السماء و الارض ﴾ بخاری / واتە : لەبەهەشتا سەد پایەی بەرز هەیە ، خوا ئامادەی كردووە بۆ ئەو خەباتگێڕانەی تێدەكۆشن لەرێی خوادا ، نێوانی هەردوو پلەیەك ، بە قەد نێوانی ئاسمان و زەوی لەیەك دوورن .

* هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات كە هەمیشە دڵمان لای جیهاد بێت و لەدڵ و دەروونماندا ئامادە بین ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ من مات ولم یغزو و لم یحدث نفسه بغزو ، مات علی

شعبة من النفاق ﴾ مسلم / واتە : هەرکەس بمریّ و غەزانەکات لەرێی خوادا ، یان لەدڵیدا ئامادەی غەزانەبێت ، ئەوا لەسەر بەشێك لەبەشەکانی دوو ڕوویی دەمرێت .

هەوڵ وتێکۆشان و خەبات کردنیش زۆربوار دەگرێتەوە ،بۆیە خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ جاهدوا المشركين باموالكم و أنفسكم و السنتكم ﴾ ئەبوداود / صحيحه .واتە : بەماڵ و سامان و بەگیان و بەزمان خەبات بکەن دژی هاوبەش پەیداکەران و ڕوو بەڕوویان ببنەوە .

**( ٢٣٢ ) خوا پەکی لەکەس نەکەتووە**

هەرکەس هەوڵ بدات و تێبکۆشێت بۆ خۆیەتی و پاداشتی گەورەی دەست دەکەوێت و سەرفرازی دنیاو قیامەت دەبێت ، خوای گەورە دەوڵەمەندە و ئاتاجی بەکەس نیە و پەکی لەکەس نەکەوتووە قورئان دەفەرموێت : ﴿ ومن جاهد فانما يجاهد لنفسه ، ان الله لغني عن العالمين ﴾ العنکبوت : ٦ .

هەروەها ئەوەی شتێك دەبەخشێ لەرێی خوادا بۆ خۆیەتی چونکە بەچەندەها قات خوا پاداشتی دەداتەوە ، وە ئەگەر چرووکی و بەخیلی بکات هەرزیان لەخۆی دەدات ، چونکە خوا دەوڵەمەندە و بێ نیازە و مرۆڤیش زەبوون و بێ دەسەلأت و هەژارە ... هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ ها أنتم هؤلاء تدعون لتنفقوا في سبيل الله فمنكم من يبخل ، ومن يبخل فأنما يبخل عن نفسه ، و الله الغني و أنتم الفقراء ، وان تتولوا يستبدل قوماً غيركم ثم لايكونوا أمثالكم ﴾ ٢٨ : محمد . واتە : ئەوەتە ئێوە بانگ دەکرێن تا ببەخشن لەرێی خوادا ، هەتانە بەخیلی دەباو بەرچاو تەنگە ، خۆ ئەوەی بەخیل بێ ، ئەوە بەخیلی بەرامبەر خۆی دەکات و زیان لەخۆی دەدات ، چونکە خوا دەوڵەمەندە و ئێوەش هەژارن ، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن لەم ئاین و بەرنامەیە ، ئەوا خوا کەسانی چاکتر لەئێوە دەهێنێتە مەیدان ، کەوەك ئێوە نابن .

هەروەها دەفەرموێت ﴿ ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانْتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤) سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥)﴾ محمد : واتە : خوا ئەگەر بیەوێت خۆی دەتوانێت بەسەریاندا سەربکەوێت و لەناویان بەرێت ، بەلأم دەیەوێت هەندێکتان بەهەندێکتان تاقیبکاتەوە ، بێگومان ئەوانەی لەپێناوی خوادا شەهید بوون ، هەوڵ و کۆششیان بەزایە

نادات . ئەوانە ڕێنموویی دەکات بۆ جێگە و ڕێگەی خۆش ، وە دڵ و دەروون و بیروهۆشیان ئاسودە دەکات ، هەروەها دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە کەبەجۆرەها شێواز بۆی باسکردون .

موسڵمان پێویستە لەسەری لەم تاقیکردنەوەیەدا هەموو هۆکارێك بگرێتەبەر هێز و توانا بەدەست بهێنێ ، سەرکەوتنیش خوا خۆی دەینێرێ و چاوی موسڵمانانی پێ ڕوون دەکاتەوە ... پێغەمبەر r دەفەرموێت : ﴿ ستفتح عليكم أرَضون و يكفيكم الله ، فلا يعجز أحدكم أن يلهو باسهمه ﴾ مسلم واتە : خوای گەورە هاوکارتانە و بەستانە و فەتحی زۆر شار و وڵاتتان بۆ دەکات ، ئەوەی لەسەر ئێوەیە ئەوەیە کەکەمتەرخەمی مەکەن و سست و تەمەڵ مەبن و خاومەبنەوە و لەتیرهاویشتن و ئەسپ سواری و مەشق کردن( ل ٩٣٦ رياض الصالحين ) ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەگەر خوا مەیلی لێبێت دینی خۆی بە(فاجر)یش بێت سەری دەخات ،خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ ان الله لينصر هذا الدين بالرجل الفاجر ﴾ .

## ( ٢٣٣ ) لاپەڕەیەك لەمێژووی کەعبە

پاشای یەمەنیەکان لەپێش ئیسلامدا ناوی ( ذونواس کوڕی تُبَع ) بوو ، لەبەر ئەوەی ستەمکار و دوور لەخوا بوو ، شوێنکەوتوانی ئایینی مەسیحی دەچەوسانەوە ، تاسەرەنجام چاڵی بۆ هەڵکەندن و پڕی کرد لەئاگر و فەرمانیدا هەرچی پەشیمان نەبێتەوە لەئاینەکەی دەسووتێنرێ ... ژمارەیەکی زۆر لەئایین پەروەران سوور بوون لەسەر یەکخواناسی و گیانی خۆیان کردە قوربانی بەرنامەی خوا ، قورئانی پیرۆزیش ئەم ڕووداوە تۆمار دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ (١) وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ (٢) وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ (٣) قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ (٤) النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ (٥) إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ (٦) وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ (٧) وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلَّا أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ (٨) الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (٩) ﴾ البروج

واتە : سوێند بە ئاسمانی خاوەن ئەستێرە و هەسارەی گەورە ، بەو ڕۆژەی کەبەڵێن دراوە پێشبێت ، ( ڕۆژی قیامەت ) ، بەشایەت و شایەتی لەسەردراو ، بەکوشت چن و نەفرینیان لێ بێ ، ئەوانەی کەچاڵی ئاگرینیان هەڵکەند بۆ بڕواداران و ئاگرێکی داگیرساوو بەتینیان کردەوە ، کاتێك کە بەدەوریانا دانیشتبوون و لەنزیکەوە چاودێری ئەو کارەساتەیان دەکرد کەبەسەر بڕوادارەکاندا دەهێنرێت، ئەم ڕق و داخ لەدڵیەیان لەبڕواداران هەر لەبەر ئەوەبوو کە ئەو مرۆڤە ئایین پەروەرانە

بڕوایان هێنابوو بەخوای باڵادەستی شایستەی سوپاسگوزاری ، ئەو زاتەی کە خاوەنی هەموو شتێکە لەئاسمانەکان و زەویدا و شایەتە لەسەر هەموو شتێك و ئاگای لەهەموو ووردودرشتێکی ئەم بوونەوەریە .

یەکێك لەبڕواداران خۆی دەگەیەنێتە پاشای ڕۆم و هەواڵی قەتڵ و عام و سووتاندنی موسڵمانانی دەداتێ ، ئەویش فەرمان دەدات بەنەجاشی پادشای حەبەشە کە ئەویش لەسەر ئاینی مەسیحی بوو ، بچێت و وڵاتی یەمەن داگیربکا و تۆڵەی بڕوادارە مەسیحیەکان بسێنێ .

پادشای حەبەشەش سوپایەکی گەورە ڕێك دەخات و یەمەن داگیردەکات ، پاشان یەکێ لەسەرکردەکانی سوپاکە کەناوی ئەبرەهە بوو لەگەڵ سەرکردەیەکی تردا لێیان دەبێ بەشەڕ لەسەر دەسەڵات و ئەبرەهە دەیکوژێ .

نەجاشی سوێند دەخوات کە جارێکی تر بێتەوە سەر یەمەن و داگیری بکاتەوە و ئەبرەهەش ریسوا بکات و سەروڕیش و برۆی بتاشێ ، کە ئەبرەهە ئەم هەواڵەی پێدەگات و دەزانێ رزگار بوونی نیە ، سەروڕیش و برۆی خۆی ئەتاشێ و دەیخاتە سەر سەتڵێ خۆڵی یەمەن و دەینێرێ بۆ نەجاشی و نامەی بۆ دەنووسێ و دەڵێ : قوربان لەبەر سوێندەکەت ئەوە خاکی یەمەنە پێی پیانێ و ئەوەش مووی سەروڕیش و برۆی خۆم و من هەر لەژێر فەرمانتام و خزمەتکاری مەسیحیەتم ...

بەمەش نەجاشی وازی لێ دێنێ ، جا بۆ ئەوەی زیاتر دڵسۆزی خۆی دەربڕێ کڵێسەیەکی گەورەی نایابی دروست کرد کەپێی دەوترا ( قَلیس) ... ئنجا فەرمانیدا بەگشت خەڵکی و تەنانەت عەرەبەکانیش کە بێن بۆ زیارەتی ئەو کڵێسەیە ... عەرەبەکانیش لەبەر ئەوەی کە عبەیان هەبوو وە زۆر پیرۆز بوو لایان بۆیە نەهاتن بەدەم داواکەی ئەبرهەوە و تەنانەت شەوێکیان عەرەبێك کڵێسەکە پیس دەکات ، بۆیە ئەبرەهە کە دەزانێ ئەو کارە دەستی عەرەبەکانی تیایە بڕیار دەدات کەعبە بڕوخێنێ .

کە سوپا کۆدەکاتەوە ، چەند فیلێکیش دەبات لەگەڵ سوپاکەیدا ، عەرەبەکانی مەککە شار بەجێ دەهێڵن و دەچنە سەرشاخەکان ، لەو کاتەدا ( عبدالمطلب ) دێت داوای وشترەکانی دەکاتەوە کە سوپای ئەبرەهە دەستی بەسەردا گرتبوو ، ئەبرەهە لای سەیر دەبێت و دەڵێت : من وەمزانی تۆ باسی نەڕووخانی کەعبەدەکەیت ، کەچی داوای وشترەکانت دەکەیتەوە ، ئەویش وتی :

ئاخر من خاوەنی حوشترەکانی خۆمم و کەعبەش خاوەنێکی خۆی هەیە کە دەیپارێزێ ...
( کاسێتی (١) ژیاننامەی پێغەمبەر / دکتۆر تاریق سوەیدان ) .

پاشان سوپاکە جوولا بەرە و کەعبە ، کەچی فیلە گەورەکەی پێش سوپاکە هەرچی هەولیاندالەگەلیداڕوو بەکەعبە نەدەچووە پێشەوە ، ڕوویان دەکردە هەرلایەکی تر رای دەکرد کەچی ڕووە و کەعبە جوولەی بۆ نەدەکرد و مانی دەگرت .

ئالەم کاتەدا کەهیچ کەسێ لەگۆڕەپانەکەدا نەبوو بەرگری لەکەعبەی مالی پیرۆزی خوابکات ، خوای پەروەردگار بالندەی نارد کە بەبەردی بچوکی گلێ بەرد بارانیان بکەن ، سەرەنجام وەکو پووش و پەلاش و گژوگیای خوراوی لێکردن ... ئەم ڕووداوەش قورئان لەبەرگرنگیەکی بۆ هەتاهەتا تۆماری کرد ، تا پەند و وانەبێت بۆ عەرەبەکان و گشت خەلکیش کە ئەگەر بەرگری لەمالی خوا و لەئایینی خوا نەکەن ، باباش بزانن کە خوا پەکی لەکەس نەکەتووە ، ئەوەش گەورەرەترین ڕووداوە کەبەچاوی خۆیان بینیان و لەدنیادا دەنگی دایەوە ﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ، ألم تر كيف فعل ربك باصحاب الفيل ، ألم يجعل كيدهم في تضليل وارسل عليهم طيراً أبابيل ترميهم بحجارة من سجيل ، فجعلهم كعصف مأكول ﴾ الفيل .

تۆمارکردنی ئەم ڕووداوە موعجیزەیە لەقورئاندا زۆر گرنگە و خەلکی ئەو سەردەمە یان بینیبویان یان بیستبویان ، کەس نەبوو بلێ وانیەو، لەدایك بوونی پێغەمبەریش (ﷺ)لەهەمان سالدا بوو ، وەك ئەم ڕووداوە سەرنج ڕاکێشانێك بێت بۆیان کە ڕووداوی گەورە و مەزن بەرێوەیە و ئاینێك دێت کەکەعبە دەکاتە رووگە و پێنج فەرزە ڕووی تێدەکرێ لەهەموو شوێنێکەوە ، ئاینێك کە کەعبە پاك دەکاتەوە لەبت و نەفامی و خورافات .

کاتێك خۆشەویست (ﷺ) تەمەنی گەیشتە (٣٥) سالْ ، عەرەبەکان ویستیان کەعبە چاك بکەن و بەرزی بکەنەوە و سەقفی بۆ بکەن ، لەبەرئەوەی لافاو زیانی گەیاندبوو بەکەعبە .

بۆ ئەمەش سوودیان وەرگرت لەپیاوێکی دارتاشی قیبتی کەلەمەککە بوو ، بۆ کەرەستەو دار و تەختەش خوای گەورە بۆی ئاسان کردن بەوەی کەپاشای ڕۆم ( قیصر ) پڕ کەشتیەك کەل و پەلی بینا و داروتەختەی نارد بۆ کلێسەیەك کە سوتابوو لەحەبەشە ، لەرێگادا لەدەریای سووردا ، زریان تێکی شکاند و لەنزیك شاری ( جدە) گیرسایەوە هەروەك خوای گەورە تەقدیری کردبێ کە بۆ

کەعبە سوودی لێوەربگیرێ ، عەرەبەکانیش کەبەو کەشتی و کەل و پەلانەی گوێ دەریای سووریان زانی ، کۆیان کردەوە و بردیان بۆ کەعبە بەکاریان هێنا ( فقه السيرة النبوية / منير غضبان ) ل ٦٠ .

لەم ڕووداوەوە لەقەدەری خوا تێدەگەین ،کە چۆن پەکی ماڵی خۆی ناخات و بەندەکانی تێدەگەیەنێ کە خوا پەکی لەکەس نەکەتووە و هەرکەس هەرچی بکات بۆ خۆی دەکات .

**نمونەیەك لەشاری سلێمانی یەوە :**

مامۆستای مزگەوتی گەورەی سلێمانی(مەلا ماجید) بۆی گێڕامەوە ، کە لەساڵانی نەوەدەکاندا مزگەوتی گەورە زۆر پەڕپووت بوو ، سۆپا و مبردە و ئامێرە کارەباییەکان چاکردنیان دەویست و کەسیش نەبوو لایان لێبکاتەوە و بەوکارە هەستێ .

پیاوێك دەیەوێت زیارەتی مزگەوت بکات ، کاك ئەحمەدی شێخ لەخەودا پێی دەڵێ : بەتەنها مەیە بڕۆ بەفلانەکاربەدەستی گەورە بڵێ با ئەویش بێت .

کابراش دەچێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە ئەوسا لە تەنیشت بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بوو کاتی دوو ئیدارەییەکە ، ڕاسپاردەی خەوەکە دەگەیەنێت ، کاربەدەستەکەش ، شەو کە مزگەوت چۆڵە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا دەچن زیارەتی مزگەوتی گەورە دەکەن و بەمامۆستا دەڵێن ، هیچتان پێویستە؟؟ ئەویش باسی حاڵی خراپی مزگەوت و پێویستیەکانی دەکات ، کاربەدەستەکەش کە دەزانێ حاڵەکە وایە بڕی سەد هەزاری دیناری سویسری دەبەخشێ بۆ چاکردنی مزگەوت و پێداویستیەکانی .

**( ٢٣٤ ) پلەی بەرزی شەهیدی**

قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات کە ژیان و مردنمان و پەرستشەکانمان هەمووی بۆ خوابێ و هاوبەشی بۆ بڕیارنەدەین هەروەك دەفەرموێت : ﴿ قل ان صلاتي و نسكي و محياي و مماتي لله رب العالمين لا شريك له و بذلك أُمرت و أنا أول المسلمين ﴾ ١٦٣ : الانعام

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ( ئەی ئیماندار ) ، بڵێ بەڕاستی نوێژ و خواپەرستی و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهان تەرخان کردووە . هاوەڵ و هاوبەش و شەریکی نیە ، وەمن بەو شێوەیە فەرمانم پێدراوە ، من یەکەم کەسم لەموسڵمانان .

جاكە بڕوادار گیان لەسەردەستبێ و ژین و مردنی بۆ خوابێ ، نابێ بترسێ و سست و لاواز و دەستەوسان بێت ، هەروەك قورئان دەفەرمێت : ﴿ وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (١٤٠) وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ (١٤١) ﴾ ال عمران

واتە : كۆڵ مەدەن و سارد مەبنەوە و خەفەت مەخۆن ، چونكە هەر ئێوە سەر بەرز و سەرفراز و سەركەوتوون ، ئەگەر ئیمانداری چاك و راست و دروست بن .

ئەگەر زام و سەختی و ناخۆشی یەك لەجەنگی ئوحودا تووشی ئێوەهات ئەو خەڵكەش لەجەنگی بەدرا تووشی هەمان زام و سەختی و ناخۆشی هاتن ، ئێمە ئەو رۆژگارە دەگێڕین بەناو خەڵكیدا ، تا لەجیهانی واقعیشدا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوا دەریان بخات و ، هەندێك قوربانی و شەهیدیشیان لێوەرگرێ ، بێگومان خواستەمكارانی خۆش ناوێت .

لەم وانەیەوە تێدەگەین :

(١)موسڵمانان بەهۆی بڕواكەیانەوە نابێ كەمتەرخەم و سست و خەم باربن و كۆڵ بدەن .

(٢)دوژمنان بۆ ناهەق و ناڕاستی خۆیان قوربانی دەدەن ، ئیتر چۆن موسڵمان بۆ هەق و راستی قوربانی نەدات و بەلایەوە گران بێت ، كامیان هەقترە گیان لەسەردەست و فیداكاربێ؟؟

( ٣) خوا كەسانێك هەڵدەبژێرێ بۆ پلەی بەرزی شەهادەت و دەستی رێزیان لێ دەنێت ، بۆیە پێویستە هەمیشە لەخوا بپاڕێینەوە كە شەهادەت بكاتە نسیبمان ، خۆ ئەگەر شەهیدیش نەبین ، بەهۆی ئەو دوعایەوە خوا بە فەزڵی خۆی پلەی بەرزی شەهادەتمان دەداتێ .

(٤) كە كافران سەردەكەون و موسڵمانان لێیان شەهید دەبێ ، مانای وانیە خواستەمكارانی خۆش دەوێت ، لەراستیدا خوا زۆر رقی لێیانە و هەموو لایەك تاقیدەكاتەوە لەم ژیانی دنیایەدا .

ئنجا قورئان دەفەرموێت بەدوای ئەو چەند ئایەتەی پێشوودا :

﴿ و لِيُمَحِصَ الله الذين امنوا و يمحقَ الكافرين ، ام حسبتم أن تدخلوا الجنةَ و لما يَعلمِ الله الذين جاهدوا منكم و يعلمَ الصابرين ﴾ ١٤٢ ال عمران .

واتە : خوا تاقیکردنەوەی پێش دێنێت ، تا ئەوانەی ئیماندارن پاك و بێگەردیان بکات ، کافرانیش نابووت و ریسوا بکات . ئایا وا دەزانن هەروا بەئاسانی دەچنە بەهەشتەوە ، بێ ئەوەی خوا لەجیهانی واقعدا دەری بخات کێتان هەوڵ و کۆششی داوە و کێتان خۆراگر و ئارامگربووە ...

شەهیدی لەفەرموودەدا :

*خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ ما احد یدخل الجنة یحب أن یرجع الی الدنیا وله ما علی الارض من شیئ الا الشهید ، یتمنی أن یرجع الی الدنیا فیقتل عشر مرات لما یری من الکرامة ( وفي روایة لما یری من فضل الشهادة ) بخاری و مسلم . واتە : ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە حەزناکات بگەڕێتەوە دنیا ئەگەر هەموو دنیاشی بدەنێ ، تەنها شەهید نەبێ ، کە حەز دەکات دەجاری تر بگەڕێتەوە دنیا و هەر دە جارەکەش شەهید بکرێتەوە ، لەبەرئەو هەموو کەرامەتەی دەیبینێ و ئەو هەموو رێز و پلەوپایەی کە دەستی دەکەوێت .

*خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ یُغفر للشهید کل ذنب الا الدَین ﴾ مسلم واتە : تەنها قەرزنەبێ ، خوای گەورە لەهەموو گوناهێکی شەهید خۆش دەبێت .

*خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ ما یجد الشهید مِن مَسِ القتل الا کما یجد احدکم من مَسِ القرصة ﴾ ترمذي (حدیث حسن صحیح ) واتە : شەهید لەشەهید بوونیدا ئازار ناچێژێ مەگەر ئەوەندەی کەسێك مێروولە گازی لێبگرێت .

*هەروەها دەفەرموێت : ﴿ من طلب الشهادة صادقاً أعطیها ولولم تصبه ﴾ مسلم واتە : هەرکەسێ بەراستی ، پڕ بەدڵ خۆزگە بەشەهید بوون بخوازێ ، خوا پاداشتی شەهید بوونی دەداتێ ، ئەگەر شەهیدیش نەبووبێ بەنسیبی .

*شەهیدانی ئوممەتی ئیسلام پێنج جۆرن ، هەروەك خۆشەویست (ﷺ) بەهاوەڵانی دەفەرموێت : ﴿ ما تعدون الشهداء فیکم ؟ قالوا : یارسول الله ، من قُتل في سبیل الله فهو شهید ، قال : ان شهداء امتي اذا لقلیل ، قالوا : فمن یارسول الله ؟ قال : من قُتل في سبیل الله فهو شهید ، ومن مات في سبیل الله فهو شهید ، ومن مات في الطاعون فهو شهید ، ومن مات في البطن فهو شهید ، و الغریق شهید ﴾ مسلم .واتە : ( ئێوەکێ بەشەهید دەزانن ؟ وتیان : ئەوەی لەرێی خوا بکوژرێ ئەوە شەهیدە ، فەرمووی : جا ئەگەر وابێ شەهیدانی ئوممەتی من زۆر کەمن ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەی کێ

شەهیدە ؟ فەرمووی : ئەوەی لەرێی خوادا بکوژرێ شەهیدە ، وە ئەوەی لەرێی خوادا بمرێت شەهیدە ، وە ئەوەی بەهۆی تاعوونەوە بمرێت شەهیدە ، وە ئەوەی بەدەردی ناوسك بمرێ شەهیدە ، وە ئەوەی لەئاودا بخنکێ شەهیدە ...)

جا ئەوەی لەرێی خوادا بکوژرێ ، ئەوا نوێژی لەسەر ناکرێ و ناشۆرێ ، بە پێچەوانەی چوار کۆمەڵەکەی ترەوە کە نوێژیشیان لەسەر دەکرێ و دەشۆرێن ، بەڵام بەفەزڵی خوا لەقیامەتدا پاداشتی شەهیدی وەردەگرن ...

*خۆشەویست (ﷺ) لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : ﴿ مَن قُتل دون ماله فهو شهيد ، ومَن قُتل دون دمه فهو شهيد ، ومن قُتل دون دينه فهو شهيد ومن قُتل دون أهله فهو شهيد﴾ أبوداود و ترمذي ( حديث حسن صحيح ) .

واتە : کەسێ لەسەرماڵی خۆی بەنارەوا بکوژرێ ئەوە شەهیدە ، کەسێ لەسەر خوێنی خۆی بەنارەوا بکوژرێ شەهیدە ، کەسێ لەسەر ئاینی خۆی بەنارەوا بکوژرێ شەهیدە ، کەسێ لەسەر کەس و کاری بەناهەق بکوژرێ شەهیدە .

**( ٢٣٥ ) ئەوانەی کەراست دەکەن لەگەڵ خوادا**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا (٢٣) لِيَجْزِيَ اللَّهُ الصَّادِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ إِنْ شَاءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا (٢٤)﴾ الاحزاب .

واتە : لەناو ئیمانداراندا کەسانێك هەن کە ئەو پەیمانەی داویانە بەخوا پابەندن پێی و لێی لانادەن ، هەیانە شەهید بووە و وەفاتی کردووە ، هەشیانە چاوەڕوانە ، بەهیچ شێوەیەك گۆڕان و لاریی رووی تێ نەکردوون .

تا خوای گەورە پاداشتی راستگۆیان لەسەر راستییەکەیان بداتەوە ، هەروەها سزاو تۆڵەی دوو ڕوەکانیش دەدات ، یان تەوبەو پەشیمانیان لێوەردەگرێت ، چونکە ئەو خوایە هەمیشە و بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە .

خوای گەورە وەسفی کۆچکەران و یاریدەدەران دەکات بەراستگۆیی لەچەندەها جێگەدا لەقورئاندا و دەفەرموێت : ﴿ لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (٨) وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (٩)﴾ الحشر

واته : لەو دەستکەوتانەی خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لەفەتحی خەیبەر و قەلاَکانی تری جوولەکەدا ، دەبیَ بەشی کۆچکەرانی هەژار بدرێت کەلە جیَ وریَ و سامانیان دوور خراونەتەوە ، ئەوانە بەتەمای بەخششی خواو رەزامەندی ئەون و،بەبیَ هیچ تەماعێك پشتیوانی لەخواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەولّی سەرخستنی بەرنامەکەیان دەدەن ، بێگومان ئەوانە راستگۆ و راستن.

ئەوانەی کە پێشتر مالّ و شوێنی خۆیان ئامادەکرد ، بۆ پێشوازی لە کۆچکەران کە کۆچیان کردووە بۆ لایان ، وە لەدلّ و دەروونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسوودیی و بەخیلییەك نابێتەوە ، لەسەرئەوەی کەبەشی کۆچکەران بدرێت وبەشی ئەوان نەدرێت و، حەز بەبەخشینی دەستکەوتەکان بەوان دەکەن تا خۆیان ، هەرچەندە هەژار و نەداریشن ، جا ئەوەی خۆی لەرەزیلی دەروونی بپارێزێت و زالّ ببێت بەسەریدا ئەوانە سەرفرازن .

بەلّیَ ئەو چەند ئایەتە وەسفی خوایە بۆ ئەو کۆمەلّە موسلّمانە کە پێشەوای موسلّمانانن ، ئەو خوا پێداوانە هەتا خۆشەویستیش (ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئەو پەڕی لێیان رازی بوو ، بۆیە پێمان باشە چەند ساتێك لەگەلّ ژیاننامەی هەندێکیاندا بەرینە سەر ، تالێیانەوە فێری راستگۆیی ببین لەگەلّ خوادا وهەردەم ساردنەبینەوە لەهەولّ وکۆشش وخەبات لەپێناوی ئاینی خوادا.

یەکەم : ( **عبدالله ذو البجادین** ):ناوی( عەبدول عوزا ئەلموزەنی ) یە ، باوکی لەگەورەکانی هۆزەکەی بوو ، پاش مردنی باوکی لەگەلّ مامیدا دەژیا ، سەروەت و سامانی زۆریان هەبوو ، بەرِەفاهیەت دەژیا ، تەنانەت دوو ئەسپی هەبوو تایبەت بۆ هاتوچۆ ، جلێکیش زۆر چاك نەبوایە لەبەری نەدەکرد.

کاتێك موسلّمانان لەمەککەوە کۆچیان دەکرد بۆ مەدینە بەلای گوندەکەی ئەماندا تێدەپەڕین ، ( عبدالعزی ) ش کەلاوێکی تەمەن (١٦) سالّ بوو ، لەگەلّ ئەو موسلّمانانەدا ئەکەوتە گفت و گۆ

و پرسیارکردن ، وە لەبەرئەوەی موسڵمانەکان دەترسان قورەیش بەدوایانەوەبن و تووشی فیتنەیان بکەن بۆیە نەیان دەتوانی رابوەستن لەگەڵیا و لەلای بمێننەوە ... ( عبدالعزی ) ش ئەوەندە تامە زرۆی قسەکانیان بوو هەر رۆژێ موسڵمانی دەست بکەوتایە لەگەڵیا دەڕۆی بۆ دووری چەند کیلۆمەترێك و قورئانیان بۆ دەخوێند و ئەویش بەدڵ وەری دەگرت و سەرەنجام موسڵمان بوو ، وتیان بۆ کۆچ ناکەی بۆ مەدینە لەگەڵماندا ؟ وتی :چۆن هیجرەت دەکەم تا مامم موسڵمان نەبێت !

بەم حاڵە سێ ساڵ مایەوە ، ناو بەناو باسی ئیسلام و خۆشەویستی دەکرد بۆ مامی ، ئەویش هیچ نەدەجولا ، بۆیە پاش ئەوماوە درێژە رۆژێکیان پێی وت : مامە زۆر دواکەوتی لەئیمان هێنان و منیشت دواخست لەپێغەمبەری خوا ، بەخوا من بەرگەی دووریەکەی ناگرم ، چونکە من بڕوام پێهێناوە و کۆچدەکەم بۆلای ، جا حەز دەکەم تۆش بێیت و، ئەگەر رازیش نابی و نایەیت ئەوا ڕێ لەمن مەگرە بابڕۆم .

مامی زۆر تورە بوو ، وتی: ئەگەر کاری وا بکەی هەرچیت هەیە لێت دەسەنم ، وتی : چی دەکەی بیکە من پێغەمبەر (ﷺ) ناگۆڕمەوە بەهەموو دنیا ...

مامی زیاتر توورە بوو وتی : تەنانەت جلەکانیشت لەبەردا دەکەنم ولێت دەسەنم . ئیتر وەکو شێت پەلاماری جلەکانیدا ودڕاندی لەبەریا و لێی سەند ، ئەویش لەو ناوەدا گەڕا پارچە گوێنیەکی خووری دۆزیەوە ، کردی بەدوو بەشەوە خۆی پێداپۆشی و پشتی لەدنیاکرد و ڕووی کردە مەدینەی خۆشەویست (ﷺ) کاتێ بەم حاڵەوە گەیشتە ئەوێ و بۆی گێڕایەوە ، خۆشەویست لای سەیر بوو بۆیە فەرمووی : ئەمەندەت لەبارابوو ، ئەم هەمووەت چۆن پێکرا !

ئەویش وتی : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ئاوام کرد .

فەرمووی : ناوت چی یە ؟ وتی : عبدالعزی ...

فەرمووی : لەمڕۆوە ناوت ( عبدالله) ی ( ذو البجادین ) ە ...

(ذو البجادین ) مەبەست ئەو جلانەبوو کەلەبەریدابوو (کە دووپارچە گوێنی خوری بوو ) وە فەرمووی : خوای گەورە هەقی ئەوەت بۆ دەکاتەوە بەدەستێ جلی بەهەشت کە پێیەوە دەگەڕێی لەبەهەشتا .

ئەم لاوە بێ کەسە کەوازی لەگشت کەس و کار و ماڵی دنیا هێنا لەگەڵ ( اهل صفه) دا دەمایەوە لەمزگەوتەکەی خۆشەویستدا (ﷺ) ..

لەشەڕی تەبوکدا تەمەنی (٢٣) ساڵ بوو ، کە چوون بۆ غەزاکە بە پێغەمبەری خوای وت : دوعام بۆ بکە بە شەهیدی بمرم ، ئەویش فەرمووی : ( خوایە خوێنی حەرام کەی لەسەر شمشێری کافران ) .

ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا من داوای دوعای شەهید بوونت لێدەکەم و تۆش ئەو دوعایەم بۆ دەکەی ، باشە من چۆن شەهیدبم ؟!

فەرموی : (عبدالله) ئەی تۆ نازانی ئەگەریەکێ لەبەندەکانی خوا لەماڵەوە بێتە دەرێ لەرێی خوادا و تووشی گرانەتا ببێ و بمرێ شەهیدە ، یان لەوڵاخەکەی بکەوێتە خوارەوە و بمرێ شەهیدە ، جا ڕەنگە تۆ تووشی گرانەتایەك ببیت و بمریت و بەوەش شەهید ببی ..

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان گەڕانەوە لەتەبووك و لەرێگا لەنێوان مەدینە و تەبوکدا لایان دابوو ، عبدالله تووشی تادەبێ و لێی قورس دەکات و دەمرێت ...

عبدالله ی کوڕی مسعود بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ :

شەوێکی ساردبوو لەخێمەکەمدا خۆم گەرم داپۆشی بوو ، لەدەنگی پاچ و خاکەناز خەبەرم بۆوە ، وتم ئاخۆ کێ بێ بەم شەوە ساردە چاڵ هەڵدەکەنێ ؟ سەیری جێگای خۆشەویستم کرد (ﷺ) چۆڵ بوو ، چوومە دەرەوەی خێمەکە بینیم خۆشەویست (ﷺ)چاڵ هەڵ دەکەنێ و ئەبوبەکر و عومەریش بەچراوە بەدیاریەوە وەستاون ، چووم بۆلایان و وتم : ئەوە چی یە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ سەری بەرزکردەوە و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە فەرمووی: ( ذو البجادين) ی برات مرد !ئنجا بە ئەبوبەکر و عومەرم وت : بۆ دەیەڵن خۆشەویست ماندووبێ و قەبر هەڵکەنێ ، وتیان : پێمان وتووە خۆی رازی نابێ و دەیەوێ هەر خۆی قەبری بۆ هەڵکەنێ !

ئنجا کە تەواوی کرد تیایدا پاڵکەوت ، بەوهیوایەی کە ببێ بەباخێك لەباخەکانی بەهەشت بۆی ، ئنجا دەستی بەرزکردەوە و بە ئەبوبەکر و عومەری فەرموو : لەسەرخۆ براکەتانم بدەنە دەست ، بەڕاستی ئەوخواو پێغەمبەری خۆشدەویست ! ئنجا کەدایانە دەستی باوەشی پیاکرد و بینیم

فرمێسکی موبارەکی دەتکایە سەرکفنەکەی و پاشان لـەقەبرەکەیدا داینا ، ئنجا هاتە دەرەوە و چوار جار لـەگوێ قەبرەکەی فەرمووی : الله اکبر ... پاشان فەرمووی :خوا رەحمت پێ بکات تۆ زۆر دەگەڕایتەوە بۆلای خوا و تەوبەت دەکرد و زۆر قورئانیشت دەخوێند .

ئنجا خۆشەویست سەری بەرزکردەوە و هەردوو دەستی هەڵبڕی و فەرمووی : ( خوایە تۆ بەشایەت بە من لە (ذی البجادين) ڕازی بووم ، تۆش لێی رازی بە ) ئەمەشی چەند جارێك دووبارەکردەوە .

عبدالله ی کوڕی مەسعود دەڵێ : هەرچەندە من پانزە ساڵ پێش ئەو موسڵمان بووبووم بەڵام سەد خۆزگەم خواست کەمن بوومایە لـەجێی ئەو .

## دووەم : عەمری کوڕی جەموح

ئەم پیاوە تەمەنی چل و یەك ساڵ بوو ، کوڕەکانی موسڵمان بووبوون ، کەچی هێشتا ئەم بتێکی هاوشێوەی (مەناتی) دروست کردبوو لـەماڵەوە دەیپەرست ، شەوێك مناڵەکانی بەدزیەوە بتەکەیان خستە چاڵێکی پیسایی یەوە ، کەبەیانی هەستا لـەخەو شپرزەبوو بەدوای بتەکەیدا و کاتێ کەلـەناو چاڵە پیسی یەکەدا دۆزیەوە پاکیکردەوە و وتی : ئەگەر ئەمزانی کێ وای لێکردویت خۆم دەمزانی چیم لێدەکرد ، شەوی دووەم و سێیەمیش هەمان شت دووبارە بۆوە ، شەوی چوارەم شمشێرێکی لای بتەکەیەوە دانا ، بۆ ئەوەی گوایە ئەگەر کەسێك هات بەو دەردەی بەرێ ، بەرگری لـەخۆی بکا ، مناڵەکانی ئەو شەوەش بتەکەیان برد بەستیان بەلاکی سەگێکەوە و خستیانەوە هەمان چاڵە پیسی ،بەیانی کە هەستا ئەمەی بینی ، وتی : جاکە تۆ نەتوانی بەگری لـەخۆت بکەیت ئیتر خوای چیت وکەی هەقە بپەرسترێیت .

پاشان موسڵمان بوو ،چوار ساڵ بەسەر موسڵمان بوونیدا تێپەڕ بوو غەزای ئوحود هاتە پێشەوە ، بە کوڕەکانی وت : نەتانهێشت لـەبەدردا بەشداری بکەم ، بەڵام ئەمجارە هەرچۆنێك بێت بەشداری دەکەم بەڵکو شەهیدبم و بەم پێ شەلانەم پێبنێم بەخاکی بەهەشتدا !

کوڕەکانی چوونە لای پێغەمبەر وتیان : باوکمان خۆت دەزانی شەلـەو ، خوای گەورە مۆڵەتی داوە کە نەچێ بۆ جیهاد ، کەچی هەر سوورە لـەسەر چوون و شەهید بوون ، عەمریش وتی : رێم بدە ئەی پێغەمبەری خوا بەڵکو بێ شەلـەکانم بنێم بەخاکی بەهەشتا .

خۆشەویستیش (ﷺ)فەرمووی : وازی لێبهێنن بەڵکو خوا شەهیدی بکات بەنسیبی ، کە ڕێیانداو ڕازی بوون لەخۆشیا دەیووت : شوقاً الی الجنة ، شوقاً الی الجنة ... کە گەیشتە لای ئوحود لە ڕۆژی غەزاکەدا دەیووت : رکضاً الی الجنة ، رکضاً الی الجنة ... لەگەرمەی شەڕەکەشدا دەیووت : ئای لەبۆنی بەهەشت ، ئای بۆ بۆنی بەهەشت ...کاتێ لەسەر شاخی ئوحود وەستابوو ، ئاوڕی دایەوە و مەدینە لەپشتیەوە بوو ، وتی : خوایە نەمگێڕیتەوە بۆ مەدینە .

پاشان خۆی و کوڕەکەی کەناوی ( خلاد) بوو شەهید بوون ...

خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : بەخوا چاوم لێیە بەقاچە شەلەکەی لەسەر داوای خۆی پێ دەنێ بەخاکی بەهەشتدا ...( دیارە لەبەهەشتا کەم ئەندامی نامێنێ بەڵام ئەو لەسەر داوای خۆی هەر بەوشەلی یەوە خوا ئاواتەکەی هێنایەدی ) .

ئنجا ژنەکەی کە دەنگ و باسی شەهید بوونی خۆشەویستی(ﷺ) بیست ، بەپەلە هات و دەیپرسی کوا پێغەمبەر (ﷺ) چی بەسەر هاتووە ؟ وتیان زۆر چاکە و سەلامەتە بەڵام مێردەکەت شەهید بووە ، دووبارە وتی : کوا پێغەمبەر (ﷺ) پیشانم بدەن ؟ وتیان زۆر باشە ، بەڵام کوڕەکەشت شەهید بووە ، دووبارە وتی : کوا پێغەمبەر(ﷺ) پیشانم بدەن ؟

کاتێ پیشانیاندا و دڵنیابوو کە سەلامەتە ، وتی : هەموو بەڵاو موسیبەتێك بەمەرجێ تۆ ساغ و سەلامەت بیت ئاسانە و هیچ نیە !!

ئنجا ویستیان لاشەی ( عەمر) بەوڵاخێك بەرنەوە بۆ مەدینە ، هەرچیان کرد وڵاخەکە مانی گرت و نەچوو بەرە و مەدینە ، تێگەیشتن و زانیان کە خۆی دوعای کردوە خوا نەیگێڕێتەوە بۆ مەدینە و ، خواش دوعاکەی گیرا کردووە ، بۆیە هەر لەویا لەگۆڕەپانی جەنگدا بەخاك سپێردرا .

**سێیەم : یەزیدی کوری سەکەن :**

ئەم لاوە تەمەنی بیست ساڵ بوو ، لەشەڕی ئوحودا ، کاتێ موسڵمانەکان شکان بەهۆی هاتنە خوارەوەیان لەسەر شاخەکە دوژمن بە هوروژم هێرشیان هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، خۆشەویست فەرمووی : کێ دەیانگێڕێتەوە و ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە بەهەشت بۆ ئەوە ... یەزید خۆی و (١٠) هاوەڵی هاتن و وتیان : ئێمە دەیان گێڕینەوە ، ئەوانە کەمێژووش ناوی تۆمار نەکردوون ،

پاڵەوانێتیەکی بێوێنەیان نواند و یەك یەك شەهید بوون لەبەردەمی خۆشەویستدا ، پاشان یەزید شێرانە ڕوو بەڕوویان بۆوە و لاشەی هەنجن هەنجن بوو بەشیر و تیری کافران و بەزۆر خۆی ڕادەگرت بۆ ئەوەی نەکەوێ و بیێ بەقەڵغان بۆ خۆشەویست (ﷺ) ...

کاتێ لەتوانایدا نەماو کەوت ، خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی بیگرن مەیەڵن ڕووی بکەوێتە سەر زەوی و خۆڵاوی بیێ ... بۆیان نەگیرا و کەوت و دەم و چاوی خەڵتانی خوێن و خۆڵ بوو ، خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : سەری بخەنە سەر ڕانم ... سەریان خستە سەر ڕانی موبارەکی و ئەویش بەدەم گریانەوە دەمو چاوو ڕوومەتی پاك کردەوە و فەرمووی :

( خوایە تۆ بەشایەت بە یەزیدی کوری سەکەن بەئەمەك و بەوەفا بوو ) .

## چوارەم : مصعب کوڕی عومەیر :

لاوێکی دەوڵەمەندی نازدار بوو ، باشترین جل و بەرگی دەپۆشی و نایابترین بۆنی لەخۆی دەدا ، ئەگەر بەشوێنێکدا بڕۆیشتایە تاماوەیەکیش بە بۆنەکەیدا دەیان زانی مصعب بەوجێگایەدا ڕۆیشتووە .

کە موسڵمان بوو دایکی بێبەری کرد لەهەموو ناز و نیعمەتێك و، لەغەزای ئوحوددا ئاڵا بەدەست بوو ، قۆڵی ڕاستیان پەڕاند ، بەدەستی چەپی ئاڵاکەی گرت ، قۆڵی چەپیان پەڕاند بەقاچ و سنگی ئاڵاکەی گرت ، کەیەکێ لەکافران هێرشی هێنایە سەری و بەیەکجاری شەهیدی کرد ، لەولاخەکەی کەوتە خوارەوە ...

هاوەڵان پارچە قوماشێکیان هێنا دایپۆشن ، ئەوەندە کەم بوو ، ئەیاندا بەسەریدا قاچی دەردەکەوت ، ئەیاندا بەقاچیدا سەری دەردەکەوت کە خۆشەویست (ﷺ)ئەمەی بینی : زۆر گریا و فەرمووی خوا ڕەحم بە مصعب بکات لە مەککە کاتی خۆی بینیم لەچ ناز و نیعمەتێکدا بوو !!

## پێنجەم : ئەنەسی کوڕی نضر :

ئەم پیاوە مامی ئەنەسی کوڕی مالیك بوو ، بەهۆی بازرگانیەوە لەدەرەوەی شاری مەدینە بوو ، نەیتوانی ئامادەی جەنگی بەدربێت ، بۆیە زۆر دڵتەنگ بوو ، لەنێوان خۆی و خوادا وتی : ئەگەر مام جەنگێکی تر ڕوویدا و توانیم ئامادەبم لەگەڵ خۆشەویستدا (ﷺ) ، خوا دەمبینێ چی دەکەم !

لەكاتی جەنگی ئوحودیشدا لەدەرەوەی مەدینە بوو ، زۆر پەلەی كرد تا بەسوپاكەدا بگات و فریای غەزاكە بكەوێت ، ئەو بەرە و دوژمن هەڵمەتی دەبرد و زۆر لەهاوەڵانیش پاشەكشێیان دەكرد ، لێی پرسین چی قەوماوە وتیان : خۆشەویست (ﷺ) شەهید كراوە ، وتی : جا ئیتر ئێوە ژیانتان بۆچی یە دوای ئەو ؟ هەستن هەڵمەت بەرن و بمرن بۆ ئەوەی كە ئەو لەپێناویدا ڕۆی !

سەعدی كوری موعاز دەڵێ : بەلای ئەنەسدا ڕۆیشتم وتم : ها بۆ كوێ ؟ وتی : بەخوای باوكم بۆنی بەهەشت دەكەم لەلای ئوحودەوە دێت ... دوایی سەعد دەڵێ : بینیم لەژێر شاخی ئوحودا شەهیدكرا بوو ، ڕاستی كرد لەگەڵ خوادا و پەیمانەكەی بردە سەر ، خواش بێگومان ڕاست دەكا لەگەڵیداو پەیمانی بەهەشتەكەی بۆ دەباتە سەر .

نزیكەی هەشتا برینی پێوەبوو ، لاشەی شێوێندرابوو ، كەس نەیناسیەوە تەنها خوشكەكەی نەبێ ئەویش بەهۆی پەنجەیەكیەوە..

**شەشەم : عبداللە ی كوڕی جحش :**

ئەم هاوەڵە پورزای خۆشەویست (ﷺ) و برای ( زەینەبی كچی جەحش ) بوو ... یەكەم كەس بوو كە خۆشەویست (ﷺ) فەرماندەیی ( سریە) یەكی دایە لەپێش جەنگی بەدرا .

شەوێك لەپێش غەزای ئوحودا لەگەڵ سەعدی كوڕی موعازدا دانیشتبوون وتیان هەریەكەمان دوعایەك دەكەین و ئەوی تر بڵێ : ئامین .

سەعد وتی : خوایە پیاوێكی كافری بەهێزم بۆ بنێری سبەینێ بیكوژم ، دوایش یەكێكی تر ، دوای ئەویش یەكێكی تر ... عبداللە وتی : ئامین .

پاشان (عبداللە ) وتی : خوایە كافرێكی بەهێزم بۆ بنێری سبەینێ بیكوژم ، پاشان یەكێكی ترم بۆ بنێری بیكوژم ، دوا ئەوە یەكێكی تر بنێری بمكوژێ و لوت و گوێم ببڕێ و ورگم بدرێ ، لەقیامەتدا لێم بپرسی بۆ وات لێكراوە ، منیش بڵێم لەبەر تۆ خوایە ، تۆش بفەرمووی : ڕاست دەكەی .

سەعد وتی : ئامین .

بۆ ڕۆژی دوایی ، سەعد دەڵێ : خەمم هەر ئەوە بوو بزانم چی بەسەردێت ، پاشان بینیم شەهیدكرابوو ، هەروەك داواكەی خۆی لوت و گوێی بڕابوو ، ورگیشی دڕابوو ، دووكافریش

لەملا و ئەولایەوە کەوتبون .بەراستی ئەو راستی کرد لەگەڵ خوادا و خواش ئاواتەکەی هێنایە دی . وەمن هیوادارم کە خوای گەورە باقی هیوا و ئاواتەکەی بۆ بهێنێتەدی لەبەهەشتدا.

**حەوتەم : حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) :**

حەمزە سەرکردەی مەیدانی جەنگی ئوحود بوو ، هێرشی دەبردە سەر ئالاّ بەدەستی کافرەکان کە دەوری تەنرابوو بە ژمارەیەکی زۆر لەجەنگاوەری کافرەکان ، توانی پێنج جار لەسەریەك ئالاّ هەڵگری کافرەکان بکوژێ و دوژمنان بێنێتە لەرزە .

وەحشی کە بەندەیەك بوو لەلای هندی کچی عوتبە( کە باوك و کوڕ و مامی بەدەستی حەمزە کوژرابوون لەغەزای بەدردا) پەیمانی ئازادی دابوویە بەمەرجێ حەمزە بکوژێ ...

وەحشی دەڵێ من لەجەنگی ئوحوودا هیچ ئیشم نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە فرسەت لەحەمزە بهێنم و بیکوژم و ئازادی خۆمم دەست بکەوێ ...

لەپاڵ بەردێکدا خۆم مەلاّسدا و ، ویستم ڕوو بە ڕوو ڕمەکەی تێگرم هەرچیم کرد زاتی ئەوەم نەکرد ، بۆیە لەکاتێکدا لەگەڵ کافرێکدا شەڕی دەکرد لەپشتەوە فرسەتم لێهێنا و ڕمەکەم تێگرت ، چەقی یە پشتی و لەبەینی دوو ڕانیەوە دەرچوو ، ئاوڕی دایەوە لێم و کەچاوی پێم کەوت ، ویستی بێت بۆم ، منیش لەترسا لەجێی خۆم وشك بووم ... چەند هەنگاوێك هات و لەتاو برینەکەی کەوت ... منیش ڕمەکەی خۆم برد و چوومەوە خێمەکەم و هەواڵمدا بە ( هند) ئەویش سکی حەمزەی دڕی ویستی جگەری بخوا بۆی نەخورا و فڕێیدا .

دوایی کە خۆشەویست (ﷺ)هاتە سەر حەمزە و بەو شێوەیە بینی ، زۆر گریا گریانێك کە بۆ کەس نەبینراوە وا گریابێ .

ئنجا فەرمووی : هەموو شەهیدەکان کەس و کارێکیان هەیە بۆی بگرین ، بەلاّم حەمزە کێ بۆ تۆ دەگری ! ( دیارە کەس و کاریان زیاتر لەمەککە بوون ) هاوەلاّنی مەدینە کە ئەمەیان زانی ، خێرا ژنەکانی خۆیان نارد تا لەماڵی خۆشەویست بن بۆ ئەوەی دڵنەواییان بکەن .

.

.

**هەشتەم :ئال میلحان:**

ئال ملیحان دووبراو دوو خوشك بوون ، باوك و دایكیان پێش ئیسلام وەفاتیان كردبوو ، یەكێ لەبراكان ناوی ( حیرام كوڕی میلحان ) و ئەوی تریان ( سولەیم كوڕی میلحان) و خوشكەكانیش یەكێكیان نازناوی ( ئوم حیرام) و ئەوی تریان نازناوی (ئوم سولەیم) بوو .

كاتێك خۆشەویست (ﷺ)كۆچی كرد بۆ مەدینە هەموویان بەرۆژێك موسڵمان بوون ، دووبراكە لەغەزای بەدر و ئوحودا بەشداریان كرد و تەمەنیان نزیكەی سیساڵێك دەبوو .

دوای غەزای ئوحود هەندێ خێڵی یەمەنی هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، وە داوایان كرد باسی ئیسلامیان بۆ بكات ، ئەویش بۆی باسكردن ، پاشان وتیان ئێمە ناتوانین بەشەوو رۆژێك موسڵمان بین و فێر بین ، بۆچی هەندێ لەهاوەڵانت نانێریت بۆ بانگەوازكردن لەهۆز و خێڵەكانی یەمەندا كە زۆر زۆرن . خۆشەویستیش (ﷺ) حەفتا لەهاوەڵانی بە سەرۆكایەتی (حیرام كوری میلحان) نارد ، كاتێ گەیشتنە لای هۆزێكی گەورەی ناوچەكە ،ویتسیان بچنە لای پادشاكەیان ، تەنها رێی ( حیرام ) یان دا ، ئەویش لەبارەگای پادشادا وەستا و بەجوانی باسی ئیسلامی بۆ دەكرد ، لەوكاتەدا پادشا ناپاكی لەگەڵ كرد و بەچاو ئیشارەتی كرد كەلەپشتەوە بیكوژن ، یەكێ لەپیاوەكانی پاشا كەناوی ( جبار ) بوو ، لەپشتەوە رمێكی تێ گرت و پشت و سكی دڕی ، لەم كاتەدا حیرام هاواریكرد ﴿ فزت ورب الكعبة ﴾.

(جبار ) دەڵێ : كە ئەو قسەیەم لێ بیست یەك مانگ پێی سەرمەست بووم و، ئەو دیمەنەش زۆر كاری تێكردم كە خوێنەكەی لەسكی دەهات بەدەست ئەیسوو بەدەم و چاوو سەریدا ،پاشان حەفتاكەسەكەی تریش كەیەكێكیان ( سولەیم) ی برای ( حیرام) بوو هەموویانیان شەهید كرد .

( پاش سێ ساڵ ( جبار) موسڵمان بوو هاتە خزمەت خۆشەویست (ﷺ)و ڕووداوەكەی بۆ گێڕایەوە ...).

پاش چەند رۆژێك كەهەواڵی شەهید بوونی وەفدی پێغەمبەر (ﷺ)گەیشتە مەدینە ، كە دوانیان برابوون ، ( حیرام و سولەیم ) (ئوم حیرام) ی خوشكیان وتی : ( پەیمان بێ ئەبێ لەبەهەشتا پێیان بگەم ) .

خۆشەویست(ﷺ) ئەو خێزانەی خۆش دەویست و سەردانی دەکردن و دەیفەرموو :( ئالی میلحان) م بۆ کۆبکەنەوە ، وەرن دانیشن با دوعاتان بۆ بکەم .

دوای دوعاکە دەیفەرموو : حەزدەکەن لە کوێدا نوێژتان بۆ بکەم ، ئەوانیش هەرجارەی شوێنێکیان پێدەوت بۆ موبارەکی ماڵەکەیان . هەندێ جار لەلایان دەمایەوە و سەرخەوی نیوەڕۆی لا دەشکاندن ، رۆژێك کە خەوتبوو بەپێکەنینەوە خەبەری بۆوە ، ( ئوم حیرام) وتی : ئەی پێغەمبەری خوا بۆ پێدەکەنی ؟!

فەرمووی : ئێستا کۆمەڵێ لە ئومەتم بینی لەخەومدا کەلە دەریادا غەزادەکەن لەپێناوی خوادا و بینیمن لەبەهەشتا هەر دەتووت پاشان و لەسەر تەختن .

(ئوم حیرام) وتی : دوعام بۆ بکە لەوان بم ... خۆشەویست فەرمووی : تۆ لەوانەیت و لەیەکەمەکانی .

(ئوم حیرام) دەڵێ : ئیتر زانیم کە شەهید دەبم ( هاوەڵانیش پێیان دەووت شەهیدی زیندوو ) .

( ئوم حیرام) هەر چاوەڕێی رۆژی شەهید بوونی بوو ، تا ئەبوبەکر و عومەریش وەفاتیان کرد و لەخەلافەتی عوسماندا کەشتیگەلی ئیسلامی دامەزرا و چوون بۆ فەتحی دوورگەی ( قبرص) ، لەساڵی (٢٧) ی کۆچیدا کە تەمەنی (ئوم حیرام ) شەست ساڵ بوو .

کەبەسەرکەوتوویی دابەزین لەسەر دوورگەکە ، (ئوم حیرام) لە حوشترەکەی کەوتە خوارەوە و شەهید بوو ، بەڵێ وەك خۆشەویست هەواڵی دابوویە یەکەم شەهید بوو لەسەر خاکی ( قبرص) کە تا ئێستاش مەزارەکەی ماوە و هەرچی بچێ وەك شوێنێکی ( سیاحی و اثری ) سەردانی دەکات .

( ئوم سولەیم ) یش دایکی ئەنەسی کوری مالیك بوو ، مێردەکەی کافر بوو ، ئەم هەرچەند ئەنەسی فێری ئیسلام دەکرد مێردەکەی دژایەتی دەکرد ، تا ئەو کاتەی مێردەکەی مرد ،کە خۆشەویست کۆچی کرد بۆ مەدینە هەرکەس و بەپێی توانا دیاری یەکی دەبرد بۆی ، ئەمیش ( ئەنەس) ی برد وەك دیاری کە خزمەتی بکا ، ئەوەبوو دەساڵ خزمەتی سەرداری پێغەمبەرانی کرد(ﷺ) .

ئەبو تەڵحە هات بۆ داوای ، وتی تا موسڵمان نەبێت ناتوانم شووت پێ بکەم ، قسەی خێری بۆ کرد و سەرەنجام موسڵمان بوو ، وتی : کەواتە با موسڵمان بوونەکەت مارەیی یەکەم بێت ! ( کە ئەمەش گەورەترین مارەیی یە لەمێژووی ئیسلامدا ) منالێکیان بوو ناوی ( عومەیر ) بوو ، باڵندەیەکی بچوکی هەبوو ، پێیان دەووت ( نوغەیر ) ، خۆشەویست (ﷺ)هەموو جار ئەحواڵی باڵندەکەی لێ دەپرسی و دەیفەرموو : ( یا عُمیر مافعل نُغیر ) ڕۆژێکیان بینی باڵندەکەی مردووە و دەگری ، خۆشەویستیش سەعاتێك لەگەڵیا دانیشت یاری لەگەڵ کرد بۆ ئەوەی دڵی باتەوە .

عومەیر نۆ ساڵ بوو نەخۆش کەوت ، باوکی زۆری خۆش دەویست ، کاتێ لەماڵ دەرچوو شەو هاتەوە ، عومەیر دەمرێت و دایکیشی دای دەپۆشێت کە دەڵێ چۆنە کوڕەکەمان ، دەڵێ ( باشە مات بووە ) ئەبو تەڵحەش دەڵێ ( الحمد لله ) ، ئەو شەوە خۆی دەڕازێنێتەوە هەروەك هیچیش نەبووبێ ، بەیانی بەمێردەکەی دەڵێ : دراوسێیەکمان ئەمانەتێکیان لامانە ، بۆیان بگێڕمەوە ، دەڵێ : بەڵێ ، ئەڵێ نۆساڵ دەبێت لامانە ، ئەڵێ : ئەوە بەپەلە هەقە بیگێڕیتەوە . ئنجا دەڵێ : خوا ئەمانەتەکەی خۆی دوای نۆساڵ بردەوە .

ئەبو تەڵحە زۆری پێ ناخۆش دەبێ کە بۆ شەو پێی نەوتووە ، دەچێتە لای خۆشەویست (ﷺ) بۆی دەگێڕێتەوە و ئەویش پێدەکەنێ و دەفەرموێ ( خوا بەرەکەت بخاتە ئەمشەوتانەوە ) ... پاش نۆ مانگ کوڕێکیان دەبێ ، ناوی دەنێن ( عبدالله ) بەبەرەکەتی دوعای خۆشەویست (ﷺ) ئەژی و گەورە دەبێ و ژن دێنێ و دەکوڕی دەبێ کە هەموویان قورئان خوێن دەبن و قورئانیان لەبەردەبێ .

**( ٢٣٦ ) خەوتووەکان بەخەبەر دێن !**

هیچ پەیڕەوو پرۆگرام و ئاینێك ئەوەندەی ئیسلام دوژمنایەتی نەکراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە بەرامبەر پیلانەکانی ئەوان دژە پیلانی بۆ ناردوون و پووچەڵی کردونەتەوە ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ انه لقول فصل وما هو بالهزل انهم یکیدون کیدا و أکیدُ کیدا فمَهلِ الکافرین أمهلهم رویدا ﴾ الطارق : ١٧

واتە ئەم قورئانە بەراستی گوفتارێکی جیاکەرەوەیە ، هەق و ناهەق لەیەك جیادەکاتەوە ، وتەیەکی هەق و جددیەتە و گاڵتە نیە ، جا کافران خەریکی پیلان و داونانەوەن بۆ بڕواداران ،

منیش پلان و نەخشەی خۆم دەخەمە کار ، تۆش ئەی پێغەمبەر ، ( ئەی بڕوادار ) تاوێك مۆڵەتی کافران بدە و کەمێك لێیان بوەستە ، بزانە چیان بەسەر دێنم .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ ومكروا مكراً و مكرنا مكرا وهم لا يشعرون ﴾ النمل : **٥٠** واته : پیلانیان داڕشت و ئێمەش دژە پیلانمان بۆ دانان بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن .

بەڵێ خوای پەروەردگار بەتوانا و بەدەسەڵاتە ، ئاگای لەخشەی مارو مێرووە لەشەوێکی تاریکدا لەسەر بەردێکی ساف ... ئەوەی مرۆڤ لەدڵیایەتی و بەخەیاڵیدا دێت ، خوا چاکتر لەخۆی ئاگای لێیەتی ، بۆیە دەفەرموێت : ﴿ يعلم السر و أخفى ﴾ طه **٧** واته : خوا نهێنی نێوان دووکەس ( السر ) دەزانێ و ئەوەشی کە یەکێك هەر لەدڵی خۆیدایە و بەکەسی ناڵێ و لەنهێنی نهێنی ترە خوا ئاگادارە پێی .

ئەگەر سەیری سوورەتی یوسف بکەین دەبینین ویستی مرۆڤ شتێکە و خوای گەورەش شتێکی تری مەبەستە ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ والله غالب على امره ولكن أكثر الناس لا يعلمون ﴾ یوسف : **٢١** واتە : خوای گەورە بەتوانایە بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی خۆی و فەرمانی خۆی بەلاّم زۆربەی خەڵکی ئەمە نازانن .

* یەعقوب ( سەلامی خوای لێ بێ ) فەرمووی بە یوسف کە خەوەکە نەگێڕیتەوە بۆ براکانی کەچی گێڕایەوە .

* براکانی یوسف ویستیان یوسف دوور بخەنەوە و باوکیان زیاتر لایان لێبکاتەوە ، کەچی بۆیان نەهاتەدی و خوانەیویست .

* ویستیان یوسف دوور بخەنەوە لەناوی بەرن ، خوا مەیلی وا بوو پایەداری بکات لەدنیا و قیامەتدا .

* ژنی عەزیز ویستی تووشی داوێن پیسی بکات خوا پاراستی .

* یوسف داوای لەوکەسە کرد کەزانی رزگاری ئەبێ لەبەندیخانە کە باسی بکات لای پادشا ، کەچی لەبیری چۆوە و باسی نەکراو ماوەیەکی تر لە بەندیخانەدا مایەوە کە ئەوەش حیکمەتی تیابوو .

.

لەچیرۆکی مووساشدا ( سەلامی خوای لێبێ )فیرعەون ویستی نێرینەی بەنی ئیسرائیل نەهێڵێ و قەتڵ و عامیان بکات نەباوەکو ئەوکەسە پەیدا ببێ کە تەخت و تاراجی تێك دەدات ، خوای گەورەش ئیرادەی وا بوو کەلەماڵی خۆیا و بەدەستی خۆی ئەو کەسە گەورەبکات کە لێی دەترسا .

جاوردبوونەوە لە ڕووداوەکانی مێژوو بەچاکی ئەم ڕاستیەمان تێدەگەیەنێ ، ئەوەش مێژوو نووسی بەریتانی ( توینبی) یە کە هەمان پەند لەمێژوو وەردەگرێ و لەساڵانی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا دەڵێ :موسڵمانان ئێستا وەك ئەهلی کەهف خەوتوون ، بەڵام خەوتوو بەخەبەردێ ئەگەر هۆکارێك ببێت بۆ خەبەرکردنەوەی و، فشاری زۆری ڕۆژئاوا بۆ سەرگەلانی چەوساوەی موسڵمان هۆکارێکە بۆ بەئاگاهاتنی ئیسلام و ، سەرکردایەتی کردنی گەلانی چەوساوە بەرە و ئازادی ) .

ڕۆژهەڵاتناس ( جب) لەپەڕاوەکەیدا ( وجهة الاسلام ) دەڵێ : ( ترسناکترین شت لەم ئاینەدا ئەوەیە کەلەپڕ زیندوو دەبێتەوە و دەبووژێتەوە و هەڵدەسێتەوە ، بەبێ ئەوەی بزانی هۆکارەکەی چی یە ، وەبەبێ ئەوەی بزانی لەکوێ وە سەرهەڵئەدا ) قضية التنوير / محمد قطب ل ١٠٣ .

بەڵێ ... دوژمنان هەرچیان پێکرابێ کردویانە بەرامبەر ئاینی ئیسلام و موسڵمانان ، کەچی خوای گەورە دەستی بەم ئاینەوەیە و نایەڵێ بفەوتێ ، بۆیە نوێکەرەوەی بۆ دێنێ کە بەگوڕوتینێکی تازەوە ، بکەوێتە هەوڵ و تێکۆشان و بەرەنگاری پیلانەکانی دوژمنان بێتەوە ... بۆ نموونە ئیمام بەننا وەك شێر هاتە مەیدان و پاش ڕووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی و پاشا گەردانی موسڵمانان وتی : (ان كانت الخلافة قد ضاعت ، فلماذا لا نعمل على اعادتها من جديد ) ل ٩٩ قضية التنوير .

*** مام باخەوان و ئەزموونەکەی :**

مام باخەوان کە چەند ساڵێکە وەفاتی کردووە ، خەڵکی پێنجوێن بوو ، چەند ساڵ لەبەندیخانەی ئەبوغریب لەبەغدا زیندانی بوو ، لەسەر ئەوەی لەسنووری ناوچەکەیان گیرابوو ، تۆمەتی سیخوڕیان بۆ ئێران دابووە پاڵی و هیچ عەفواتێك نەیدەگرتەوە.

بیرو بۆ چوونی ئیسلامی نەبوو بۆیە دژایەتی بیروبۆچوونی موسڵمانانی دەکرد ، پاشان بەفەزڵی خوا لەبەندیخانە چەند عەرەبێکی ( برایان) دەبن بەهاوڕێی بەندیخانەی کە لەسەر ئیسلامەتی گیرابوون ، بەهەر حاڵ کاردەکەنە سەر مام باخەوان و بیروڕای بۆ ڕاست دەکەنەوە ...

پاش چەند ساڵ زیندانی بەردەبێت و دێتەوە شاری پێنجوێن ، بەلاَم بە ئەزمونێکی نوێوە ...

مام باخەوان دەبینێت کە چەند کەس و لایەنێك پاش راپەرینەکەی کوردستان دژایەتی رابوونی ئیسلامی دەکەن و ئاستەنگ دەهێننە بەردەمی و ئازاری لاوەکان دەدەن، بۆیە رۆژێك دەچێتە لای قایمقام و دەڵێ :

دەبینم دژایەتی موسڵمانان دەکەن و شەڕە قۆچتانە لەگەڵیان نەیکەن باشترە چونکە ئەوانە پەیوەندیان بەخواوەیە و تەنها ئێوە زیانتان لێدەکەوێ و قۆچی خۆتان دەشکێ ، من و برادەرێکم سی ساڵ ویستمان لەم ناوچەیەدا بەپاچە کۆڵە ئاینی خوا بڕوخێنین ، نەمانزانی بەفرعەون و نەمروودو نەڕووخاوە ، بەئێمەی داماو دەڕوخێ ؟!!

**( ٢٣٧ ) ئەو پیلانانەی شاخ لەبن دێنن**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ (٤٦) فَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ (٤٧)﴾ ابراهيم : واته : بێگومان خوانەناسان پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا ، فروفێڵی زۆریان ئەنجامدا ، لەکاتێکدا خوا ئاگاداری هەموو شتێکیانە و ، بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە و هەر خۆیان تیا دەچن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە پیلان و فێڵیان کێوەکانیش لەبن بێنێت .

وا مەزانە و وا حساب مەکە ، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی بڕوادار ، کە خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەران ناباتە سەر ( بەسەر خستنی خۆیان و شوێن کەتوانیان لەدنیادا ، وە سەرفرازی هەمیشەییان لەبەهەشتی بەریندا ) چونکە بەڕاستی خوا بالاَ دەستە و تۆڵەسێنە لەستەمکار و خوانەناسان .

**چەند لا پەڕەیەك لەمێژووی ئیسلامی :**

کاتێك ئاینی ئیسلام هات و دەسەلاَتی پەیدا کرد ، دەوڵەتی فارسی لەچەند جەنگێکدا ڕوو بەڕووی سوپای ئیسلام بووە وە و لەناو چوون و ئەو دەسەلاَتەیان نەما ، بەلاَم رۆمەکان نەفەس درێژتر و بەدەسەلاَتر و مەحکەمتربوون ، بۆیە شەڕ و ڕووبەڕوو بونەوەیان درێژەی خایاند بۆ چەند

سەدەیەك ، لە زەمانی خۆشەویستەوە (ﷺ) دەستی پێکرد لەشەڕی تەبوك و موئتەوەو ، دوای ئەوەش بەردەوام بوو ...

لەساڵی ٤٦٣ی کۆچیدا لەجەنگی ( ملاذ کرد) دا سوڵتانی سەلجوقی ( ئەلب ئەرسلان) سەرکەوتنێکی مەزن سەرکەوت بەسەر ڕۆمەکاندا و کاریگەری زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشت . بەمەش سەلجوقیەکان دەسەلاتیان فراوان بوو ، لە تورکستانی چینەوە هەتا ڕۆخەکانی دەریای ( مرمرە) وە لەلایەکی تریشەوە لە ( قوقاز) ەوە هەتا (کەنداوی بصرە ).

دوای (٣٠) ساڵ لەو جەنگە ، واتە لەساڵی (٤٩٤) کۆچیدا جەنگی خاچپەرستان دەستی پێکرد ...کە ئەم هێرشانەیان دووسەدەی خایاند ، واتە تا ساڵی (٦٩٠کۆچی) کە سوڵتان ئەشرەف شاری عەکا ی پاکردەوە لەخاچپەرستان .

لەکاتێکدا کە هێرشی خاچپەرستان لەسەر شام و میسربوو ، مەغۆلەکانیش بەرە و بەغدا هاتن و وەك گێژەڵووکە هەرچی بهاتایە ڕێیان لوولیان دەدا و رایان دەماڵی ، هەتا لەشەڕی عەین جالوتدا موسڵمانان تێکیان شکاندن و وەستانیانن .

هەر لەوسەردەمەشدا موسڵمانان لە ئەندەلوس رووبەڕووی تاقیکردنەوەی گەورە بوو بوون ، بەلاّم توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان بگرن و، لەدوای دوو سەدە لەکۆتایی هاتنی جەنگی خاچپەرستان ( غرناطة ) ش لەدەست موسڵمانان دەرچوو ... پاش ئەوە بە پەنجا ساڵ موسڵمانان بەهۆی فەتحی ( قسطنطنية) ەوە گڕوتینیان تێکەوتەوە و ڕووە و ئەوروپا بۆ جارێکی تر کشان .

ئەمانە هەمووی لەماوەی چوار سەدەدا ڕوویاندا واتە لە ٤٩٤ کۆچی هەتا (٨٥٧) ی کۆچی کە فەتحی ( قسطنطنية ) کرا و ئەو قەلاّ مەزنە گیرا ...

عوسمانیەکان خزمەتی باشی ئیسلامیان کرد لەگەڵ ئەوەدا کە کەموکوڕیشیان هەبووە ، وە توانیان لەساڵ ( ١٥١٧ی ز ) یەوە تا ساڵی ( ١٩١٧ ) ز خۆیان رابگرن و بەرەنگاری دوژمن ببنەوە ، تا خەلافەتی ئیسلامی پارچە پارچەکرا و، کە ( اللورد اللنبی ) چووە شاری ( قدس) وە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا وتی : ( ئێستا جەنگەکانی خاچ پەرستان تەواو بوون ) ...

## ڕێکەوتنی مەغۆل و گاورەکان :

لویسی نۆیەم کەسەرکردایەتی چەند هێرشێکی خاچپەرستەکانی کرد و تێك شکا ، هەندێ لەپیاوەکانی سەرکردەی مەغۆلی بانگ کرد بۆ ( فەڕەنسا) و ڕێکەوتنامەی سەربازی لەگەڵیاندا مۆرکرد ، کە هەردوولایان دژ بە موسڵمانان بجەنگن .

ئنجا لە ۱/۲/ ۱۲٥۱ زاینی بەرامبەر بە ٦٤٩ ی کۆچی ، دیاری زۆری نارد بۆ سەرکردەی مەغۆلەکان .

هۆلاکۆ ژنەکەی گاور بوو ، هەندێ لەوەزیر و دەستەودایرەکەشی هەر گاور بوون ، ئەم ژنە خزمەتی چاکی بە ئەوروپا کرد ، بەوەی کە کاری کردە سەر هۆلاکۆی مێردی کە هێرش نەباتە سەر ئەوروپا بەڵکو رووبکاتە وڵاتە ئیسلامیەکان و پەلاماری ئەوان بدات .

خاچپەرستەکان و مەغۆلەکان ڕێکەوتن کە مەغۆلەکان خەلافەتی ئیسلامی لەبەغدا بڕوخێنن و خاچپەرستەکانیش پەلاماری میسر بدەن و سەرقاڵیان بکەن تا نەتوانن بچن بەدەم موسڵمانانی بەغداوە.

بەڵێ هێرشی مەغۆلەکان کارەساتێکی گەورەبوو بۆ موسڵمانان ، کە تیایدا خەلیفە و دارو دەستەکەی و نزیکەی ملیۆنێك و شەست سەد هەزار موسڵمان کوژران کە تا چەند میلێك ئاوی دیجلە و فورات سوربوون ، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەهەزارەها دەستنووس و پەڕاوی زانستی سووتێنران و خرانە ئاوی ڕووبارەوە ...

پیلانی دوژمنان کێویان لەبن دەهێنا ، بەڵام خوای گەورە سەرکردەی نارد بۆ موسڵمانان کە بتوانن بەرپەرچی دوژمن بدەنەوە و مەرامەکانیان پووچەڵ بکەنەوە ، وەك (عماد الدین زنکی ) و (نور الدین زنکی ) شەهید و ( صلاح الدین) و ( ظاهر بیبرس ) و (قطز) و ...هتد .

بەهەوڵی ئەم سەرکردانە بەگشتی و ( صلاح الدین ) بەتایبەتی ( قودس ) رزگارکرا ، پاش هەشتا و هەشت ساڵ کە بانگی تیا نەدرابوو ، بانگی ( الله اکبر ) و دەنگی زوڵاڵی بانگ بێژی تیا بەرزبویەوە .

( صلاح الدين) لێبڕابوو بۆ جیهادکردن ، تەنانەت بواری ئەوەشی نەبوو حەجی ماڵی خوا بکات کە فەرزە و زۆر حەزیشی پێدەکرد و هەمیشە خەفەتی بۆ ئەمە دەخوارد و دەیووت ( لەبەر سەرقاڵی جیهاد نەمتوانی حەجی ماڵی خوابکەم ) ، دوژمنان بەهەزارەها دیلیان شەهید کرد ، کەچی سەلاحەدین سەرکەوت و یەك دیلی نەکوشت و ، وتی : ( من ئاینەکەم رێم نادات وەك ئەوان بکەم و دیل بکوژم) .

## سیاسەتێکی نوێ :

کاتێك لویسی نۆیەم بەدیل گیرا و لە ( المنصورة ) لەبەندیخانەدا بوو ، زۆر بیری کردەوە لەحاڵی موسڵمانان و ئەنجامی جەنگی درێژ خایەنی چەندەها ساڵە ، سەرەنجام گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە موسڵمانان بەشەڕ و جەنگ چار ناکرێن و لەناو نابرێن و ، پێویستە هۆکاریتر بەکار بهێنرێ لەگەڵیاندا و بەتێکدانی بیروباوەڕ و رەوشت و خویان زەفەریان پێ ببرێ ...

ئەم سیاسەتە نوی یەش ئەوروپا سوودی زۆری لێ وەگرت و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە ...

کاتێك سوڵتان عەبدول حەمید هاتە سەر حوکم یەکێ لەسەفیرەکانی رۆژئاوا لە تورکیا بانگەوازێکی نارد بۆ کاربەدەستانی ئەوروپا و تیایدا وتی :

( سوڵتان عبدالحمید هاوشێوەی ( سوڵتان محمد الفاتح) ە کە پێشتر بەسوپاکەیەوە لەدەرگای ئەوروپایدا ، سوڵتان عبدالحمید دەیەوێت گەورەیی و دەسەڵات بۆ خەلافەتی ئیسلامی بگێڕێتەوە ، بۆیە وازبهێنن لە دووبەرەکی کردنی یەکتری و ململانێ ، وە بزانن ئێوە ڕووبەڕووی چ کەسایەتیەك دەبنەوە ) .

( یهودی دونمە )ش لەشاری سالونیك کەبەسەرزاری موسڵمان بووبوون نزیکەی (٥٠) ساڵ خەریکی پیلان گێڕان بوون و کۆمەڵەی ( ئیتحاد تەرەقی ) یان دامەزراند و خەلافەتی ئیسلامیان رووخاند ...

لەلایەکی تریشەوە چەندەها شارەزاو پسپۆڕی بیانی بەناوی جۆر بەجۆرەوە کاریان دەکرد و دیراسەی حاڵی موسڵمانانیان دەکرد بۆ زیارتر زەفەر پێبردنیان و جێبەجێکردنی پیلانەکانیان . یەکێك

لەوانە ( لورنس ) بوو کە بەناوی گەڕان بەدوای شوێنەواردا بەناوچەکانی سینا و دەوروبەریدا رووپێوی ناوچەکەی دەکرد و پیلانی دادەنا بۆ کۆچی جوولەکە بۆ فەلەستین .

بەهەرحاڵ لەئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا خەلافەتی ئیسلامی پارچە پارچەکرا ، وا نزیکەی سەد ساڵە دوژمنان بە پیلانی نوێ و سیاسەتی نوێوە هەرچی خراپە کردیان بەرامبەر موسڵمانان، بەڵام ویستی خوا بە جۆرێکی تر بوو ، کە نەیهێشت پیلانەکانیان بۆ بچێتە سەر ، جارێکی تر رابوونی ئیسلامی موسڵمانانی وریاکردەوە و پیلانەکانی دوژمنانیان ئاشکرا کرد .

باشترین شایەتیش قسەکەی ( عصمت ئینونو) یە کەپاش ئەتاتورك هاتە سەر حوکم کە دەڵێ : ( من خەریکم باوەڕنەکەم بەوەی دەیبینم ، ئێمە بەهەموو توانامانەوە هەوڵماندا ئیسلام لەدەروونی تورك دەربهێنین و شارستانیەتی رۆژئاوا لەجێیدا بنێژین ، کەچی ئەوەندەمان زانی لەپڕ ، بەبێ ئەوەی بەخەیاڵماندا هاتبێ ، ئەو عیلمانیەتەی ئێمە ناشتمان ئیسلامی پێ سەوز بوو ! ) .

دوژمنان بەملیارەها دۆلاریان بەخت کرد بەدرێژایی چەند سەدەیەك بەڵکو نووری خوا بەفوو بکوژێننەوە بەڵام لەبەرئەوەی خوا کاروباری ئەم دنیایەی بەدەستە و باڵادەست و بەتوانایە ، هەموو ئەوانەی خەرجیان کرد جێیبۆ نەگرتن و ئاواتی گلاویان نەهاتەدی و بۆیان بوو بەداخ و حەسرەت ... هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ (٣٦)﴾ الانفال

واتە : بێگومان ئەوانەی بێباوەڕن ، ماڵ و سامانی خۆیان بەخت دەکەن تارێ لەئاین و بەرنامەی خوابگرن ، بەردەوام پارە و ماڵیان خەرجدەکەن بەڵام سەرەنجام پەشیمانی و داخ و خەفەتیان بۆ دەمێنێتەوە و شکست دەخۆن و تێك دەشکێن ، بێگومان ئەوانەی کە کافر و بێباوەڕن بەرەودۆزەخ راپێچ دەکرێن .

سەرچاوە ( الضربات التي وجهت للأنقضاض على الامة الاسلامية ـ انور الجندى ) .

.

.

## ( ٢٣٨ ) سوڵتانی ئەم دینە

خوای پەروەردگار سوڵتان و دەسەڵاتی نەداوە بەبەرنامە جاهلیەکان و دەفەرموێ : ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآَبَاؤُكُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنْفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مِنْ رَبِّهِمُ الْهُدَى (٢٣)﴾ النجم

واتە : ئەوشتانەی کە دەیپەرستن تەنها خۆتان و باوانتان ناوتان لێناون ، هەرگیز خوا سوڵتانی نەداوەتێ و بەڵگەی نەناردووە لەسەر ڕەوابوونیان ، سەیرە ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزواتی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون ، لەکاتێکدا کەبەڕاستی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەت و ڕێنموونییان پێگەیشتووە .

هەروەها شەیتانیش کە مامۆستای سەر لێشێواندنیانە سوڵتانی نیە بەسەر بەندەکانی خوادا مەگەر کەسێك بەئارەزووی نەخۆشی خۆی دوای بکەوێ ، هەروەك قورئان دەفەرموێت : ﴿ ان عبادي ليس لكَ عليهم سلطان الا من اتبعك من الغاوين ﴾ ٤٢ الحجر .هەروەها دەفەرموێ : ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآَنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (٩٨) إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آَمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٩٩) إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُمْ بِهِ مُشْرِكُونَ (١٠٠) ﴾ النحل

واتە : هەرکاتێك قورئانت خوێند پەنا بگرە بەخوا لەشەیتانی ڕەجمکراو ، بێگومان شەیتان دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوە و پشت بەپەروەردگاریان دەبەستن ، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کەپشتیان پێ بەستووە و ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەون ، وە بەوانەی کەشەریك و هاوەڵ بۆ پەروەردگار بڕیار دەدەن .

بەڵام بەرنامەی خوا بەپێچەوانەوە سوڵتان و دەسەڵاتی هەیە ، چونکە هەق و ڕاستی پێیە و لەخوایەکی خاوەن دەسەڵات و سوڵتانەوە نێردراوە ، هەروەك دەفەرموێ : ﴿ولقد أرسلنا موسى باياتنا وسلطان مبين﴾ ٢٢ غافر / واتە : بەراستی موسامان نارد بۆ لای فیرعەون بەبەڵگە و نیشانەکانمان و سوڵتانێکی ئاشکراوە .

ئەگەر خوا بیەوێ دەسەڵاتی هەیە کە هەموو خەڵکی بەبێ ئیختیاری خۆیان هیدایەت بدات ﴿ أفلم ييأس الذين امنوا أن لو يشاء الله لهدى الناس جميعا ﴾ الرعد : ١١

واته : با ئیمانداران بێ ئومێد نەبن ، ئەگەر خوا بیەوێ دەتوانێ هەموو خەڵکی ناچار بکات موسڵمان بن ... بەڵام خوای گەورە قورئانێکی ناردووە کە نوور و رووناکی یە و هەرکەسێ بیەوێ دەتوانێ رێی راست بدۆزێتەوە و هەر ئەوەندە هەنگاوی یەکەم بنێ خوای گەورە دەستی دەگرێ و کاری بۆ ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات ، هەروەك دەفەرموێت ﴿ وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِنْ أَمْرِنَا مَا كُنْتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِنْ جَعَلْنَاهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَنْ نَشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٥٢) صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلَا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ (٥٣)﴾ الشورى. واته : ئا بەو شێوەیەی کە دەیزانیت ئەی محمد (ﷺ)ئێمە قورئانمان بۆ رەوانە کردیت لەلایەن خۆمانەوە ، کە ژیانبەخشە بەرۆح و بەعەقڵ، تۆ نەتدەزانی قورئان چی یە و ئیمان چی یە ، بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە رووناکی و نورێك کە هیدایەت و رێنموونی پێدەکەین بۆ هەرکەس بمانەوێ ، ( ئەوانەی دڵی بۆ دەکەنەوە و هەوڵی بۆ دەدەن ) بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر رێنیشاندەریت و رێنمایی دەکەیت بۆ رێگە و رێبازێکی راست .رێگە و رێبازی ئەو خوایەی کە هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە هەر خۆی خاوەنیانە ، ئاگاداریش بن کە هەموو شتێك و سەرەنجامی هەموو کارێك بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە .

یان دەفەرموێت ﴿ و الذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا ﴾ ٦٩ : العنکبوت .واته : ئەوانەی هەوڵ دەدەن لەبەر ئێمە ئەوانە هیدایەت دەدەین بۆ پەیڕەوو پرۆگرامان .

**( ٢٣٩ ) گەورەترین شایەتی**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ﴿ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُلْ لَا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (١٩) الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (٢٠)﴾ الانعام :

واته : ئەی پێغەمبەر بەوانە بڵێ کە شایەتیان دەوێت لەسەر پێغەمبەرایەتی تۆ ، کێ هەیە گەورەترین و راسترین شایەتی بدات ؟! هەر خۆت بڵێ : خوای گەورە شایەتە لەنێوان من و ئێوەدا وە ئەم قورئانەشم بەوەحی و نیگا بۆ هاتووە تا ئێوە و هەموو ئەوانەی کە پێیان دەگات ئاگادار و بێداربکەم ، لەگەڵ ئەم هەموو روونکردنەوانەدا ئایا بڕواتان وایە کەلەگەڵ خوادا پەرستراوی تر هەیە

؟ بلّێ : من بەش بەحاڵی خۆم شایەتی ناهەق و نارەوای وا نادەم ، وە بەراستی ئەو خوایەتاك و تەنهایە ، وەمن بەراستی بەریم لەهەموو ئەوشتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوەڵ و شەریکی ئەو زاتە ... ئەوانەی کە پەڕاوی ئاسمانیمان پێ بەخشیون لەگاور و جوولەکە ، پێغەمبەر (ﷺ)دەناسن ، هەروەك چۆن منالّەکانی خۆیان دەناسن ، بەلاّم ئەوانەی کەخۆیان لەدەست داوە و خۆیان ریسوا کردووە باوەڕناهێنن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ لكنِ الله يشهدُ بما أنزل اليك ، انزله بعلمه و الملائكة يَشهدون ، وكفى بالله شهيدا ﴾ النساء : ١٦٦

واتە : ئەگەر ئەو خەڵکە باوەرت پێناکەن ، خوا خۆی شایەتە لەسەر ئەوەی کە رەوانەی کردووە بۆت ، دڵنیابە کەلەسەر بنچینەی زانستی خۆی رەوانەی کردووە ، فریشتەکانیش شایەتی دەدەن لەسەر ئەوە ، هەرچەندە خوا خۆی بەسە بۆ ئەوشایەتیە .

بەڵێ ئەم ئاینە گەورەترین و تەواوترین ڕاستی ئەم بوونەوەرەیە ، خوای گەورەی بالاّ دەستی زانا بەعیلمی خۆی ناردویەتی و شایەتی بۆ دەدات ، هەرکەسیش بەوژدانەوە لێی بکۆڵێتەوە دوور لەدەمارگیری و خۆهەڵەکردن هەمان شایەتی دەدات

* پرۆفیسۆری بەریتانی ( آرثر اليسون ) سەرۆکی بەشی ( الهندسة الكهربائية و الالكترونية ) لە زانکۆی لەندەن ، موسڵمانبوونی خۆی لە کۆنگرەی ئیعجازی عیلمی قورئاندا لەقاهیرە راگەیاندو وتی : ئیسلام بەو شێوەیەی کەلە قورئان و سوننەتدا هاتووە راستی زانستی زۆری تیایە ئەگەر زانایانی رۆژئاوا تێی بگەن هەموو موسڵمان دەبن ) ...

* عبدالله خوخ سەرۆکی مەرکەزی ئیسلامی لەواشنتۆن دەڵێ : ( مەرکەزەکەمان ساڵانە زیاتر لە (٤٠٠) کەس ڕووی تێدەکات بۆ موسڵمان بوون ) .

* لە مالیزیا لەویلایەتی ( صباح) ( ١٥٠٠) کەس چوون بۆ مەجلیسی ئیسلامی ویلایەکە و موسڵمانبوون ، ئەوانیش ئاهەنگێکی گەورەیان بەو بۆنەیەوە بۆ گێڕان و سەرۆك وەزیران و وەزیری لاوان و وەرزش و دەیەها بەرپرسی حکومیان بانگ کرد، سەرۆك وەزیران وتی : ( سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە نیعمەتی ئیسلامی پێبەخشین و هیدایەتیدان بۆ ئاینی هەق و خێر ، ئەوەی ئەمرۆ

روودەدات کە دەیان و سەدان و هەزاران کەس ڕۆژانە موسڵمان دەبن ، باشترین بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و توانای ئەم ئاینەو ، بەڵگەیە بۆ ڕابوونی ئیسلامی لەهەموو شوێنێك ) .

* هەروەها پەیمانگای ئامار لەفەرەنسا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دا دەڵێت : (ساڵی (٢٠٢٠) ز ئاینی ئیسلام دەبێت بەبەر بلاوترین ئاین لەجیهاندا ) پەڕاوی ( لماذا أسلم هؤلاء الاجانب جزء ١ ،٢) وە وتاری ( مهلا يا دعاة الهزيمة ) محمد حسان .

## ( ٢٤٠ ) سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین

قورئان دەفەرموێت : ﴿ و نزعنا ما في صدورهم من غل تجري من تحتهم الانهار و قالوا الحمد لله الذي هدانا لهذا وما كنا لنهتدي لولا أن هدانا الله ، لقد جاءت رسل ربنا بالحق ، ونودوا أن تلكم الجنة أورثتموها بما كنتم تعملون ﴾ الاعراف : ٤٣ / واتە : هەر لەدەروازەی بەهەشتا هەرچی داخ و بوغزو کینەیەك هەیە لەدڵ و دەروونەکان دەری دەهێنین تا بەسینە سافی و دڵ و دەروونێکی بێگەردەوە بچنە بەهەشتەوە ، کە جۆگە و ڕووبار بەژێر درەختەکانیان و بەبەردەم کۆشکەکانیدا ڕەوان و جاری یە ، ئەوسا ئیتر هەموان بەیەك دەنگ دەڵێن : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین بۆ ئەوەی بەم جێگە و ڕێگە خۆشە شادبین ، ئەگەر ئەو خوایە هیدایەت و ڕێنموونی نەکردینایە هەرگیز ڕێگای هیدایەتمان نەدەزانی و نەمان دەگرتە بەر ، بەراستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان هەق و ڕاستیان پێ بوو ، وە هەق و ڕاستیان گەیاند ، ئنجا بانگیان لێ دەکرێت و پێیان دەوترێت : ئەوبەهەشتەی ئێوە بوون بەمیراتگری و خاوەنی ، لەپاداشتی کارو کردەوەی خۆتاندایە.

بەڵێ ... بەردەوام خەڵکانێکی زۆر ڕێی ڕاست دەگرنە بەر و بەهرەوەردەبن لەنیعمەتی ئیمان ، وە هەموو دەڵێن : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین ، نموونەش بۆ ئەوانە زۆرە :

### یەکەم : سەراب ئیکێنجی ئۆغلی

سەراب ئەکتەرێکی تورکیە و تەمەنی (٢٥) ساڵە و لەپێشبڕکێی جوانانی تورکیادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، لەبارەی پابەندبوونیەوە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام و خۆداپۆشینەوە دەڵێ : خاڵی وەرچەرخان لەژیانما بەهۆی بەشداریکردنەوە بوو لەفلیمی ( بوکی دانیمارکی) دا .

ئەو فیلمەش باس لەژیانی خێزانێکی موسڵمانی تورکی دەکات لەکۆمەڵگای رۆژئاوادا ، کە چۆن پارێزگاری لەئایین و بڕواکەیان دەکەن و ناتوێنەوە لەناو کۆمەڵگای دوور لەخوادا ... لەو فلیمەدا (سەراب) دەوری کچێکی دانیمارکی دەبینێ کە شوودەکات بەکوڕێکی تورکی و لەگەڵیا دێت بۆ تورکیا ، تالەوێ پێکەوە ژیان بەرنە سەر ، لەتورکیادا ئافرەتەکە رۆژ بە رۆژ زیاتر لەئیسلام شارەزا دەبێت و سەرەنجام موسڵمان دەبێت ...

جا (سەراب) کە ئەم دەورە دەبینێ ولەواقیعدا کار لەدەروونی نەخۆشی دەکات و دەوری فلیمەکە ئەبێ بە ڕاست و ئەمیش خۆی دادەپۆشێ و ڕێی خوا دەگرێتە بەر .

پاشان (سەراب) لەوەلامدانەوەیدا بۆ هەندێ رۆژنامەی تورکی عیلمانی کە هێرشیان کردبووە سەری دەڵێ : ( من وای بۆ دەچووم ، کە ئەو ڕۆژنامانە ڕێز لەهەڵبژاردنی من بگرن لەژیاندا ، نەك بهاتنایە درۆ و دەلەسەم بۆ هەڵبەستن ، من وا دەزانم کە ئەو ڕۆژنامانە بە کۆت و پێوەندی عیلمانیەتەوە گیرەوەبوون و ئازادنین و، هەرکەس لەوان نەبێ بەناهەق دوژمنایەتی دەکەن )گۆڤاری الاصلاح /١٩٩٨/٤/١/٣٨٩ .

**دووەم : کلیون موریس توریز :**

کلیون کوڕەزای دامەزرێنەری حیزبی شیوعی فەڕەنسی یە ، خۆی و خوشکەکەی موسڵمان بوون و ، کلیون ناوی خۆی گۆڕی بۆ ( عبدالرحمن) و خوشکەکەشی (کاترین) ناوی خۆی گۆڕی بۆ ( فاتیمە ) .ئەمەش بەهۆی ئەوەی باوکیان شەش ساڵ مامۆستابوو لەتونس و شەش ساڵی تریش لەجەزائیر ، لەم ماوەی دوانزە ساڵەدا ئاینی ئیسلام کاری تێکردن و موسڵمان بوون و لەساڵی ١٩٨٦ دا لەمزگەوتی پاریس بە ئامادەبوونی خەڵکانێکی زۆر شایەتمانیان هێنا

رۆژنامەی شیوعیەکان هێرشی زۆریان کردە سەریان و یەکێکیان دەڵێ : ( کوڕی گەل ( موریس توریز) لەقەبرەکەیدا ئارامی لێهەڵگیراوە ،کەبیستی کوڕەزاکانی بێوەفا بوون بۆ بەرنامەکەی و بوون بە ڕۆڵەی محمد ) .

**سێیەم : دوو ئەکتەری ئیسپانی** :لەکاتی وێنەگرتنی فلیمی ( افغانستان لماذا ؟!) کە دەرهێنەری مەغربی ( عبدالله المصباحی) دەریهێنا ... دوو ئەکتەری ئیسپانی لەکاتی وێنەگرتنەکەدا موسڵمان

بوونی خۆیان ڕاگەیاند ، یەکێکیان ناوی خۆی گۆڕی بۆ ( عبدالله ئیبراهیم ) و دووەمیان ناوی خۆی گۆڕی بۆ ( عومەر کوکا) ...

ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دەرهێنەر ، قورئانێکی دابوونێ کە بۆ زمانی ئینگلیزی مانای ئایەتەکان وەگێڕرابوو ،لەپێش دەستپێکردنی پرۆڤەدا رایانگەیاند کە بەهۆی ئەو قورئانەوە لە ئیسلام تێگەیشتون و وا لەم ساتەشەوە موسڵمان بوون ..دەرهێنەریش پیرۆزبایی گەرمی لێکردن ، نەك بۆ سەرکەوتنی فلیمەکە کە هێشتا تەواو نەبوو بوو بەڵکو بۆ هاتنیان بەرەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام .

**چوارەم : موسڵمان بوونی شەش بیانی :**

شێخ محمود غریب ، کە کاتی خۆی لەعێراق بانگخوازێکی چاك بوو ، وە توانی لە مزگەوتی بونیە ژمارەیەکی زۆر لاو رێنمایی بکات بەرەو دینی خوا ، لەپاش دەرچوونی لەعێراق لە سەڵتەنەی عومان گیرسایەوە و بووە پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی ( المعشی ) لەشاری ( صلالە ) شەش بیانی لەسەردەستیا موسڵمان بوون ، بەوەی کە بانگی کردبوون بۆ ئیسلام و فێری قورئانی کردبوون ... ئەوانیش (ئەندازیاری کشتوکاڵی فەرەنسی ( جون ماریە ) و ئەندازیاری بەلجیکی ( گۆڵد بیارت ) و دکتۆری فلندی ( ئینو لینە لینشوری ) و ( برهارت کالموستن ) ی ئەڵمانی و هیندیەك کەلە مەکتەبی وەزیری دەوڵەت ئیشی دەکرد و ( والی ظفار ) و ژنێکی ئیسپانی کەناوی ( ماری ) بوو ...

ئەوانە دەڵێن: ئێمە بەهۆی نووسەرە رۆژئاواییەکانەوە تێڕوانینێکی هەڵەمان هەبوو بۆ ئیسلام ، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەو بیرورایانەمان بۆ ڕاست بۆوە و خوای گەورە بەفەزڵی خۆی هیدایەتی داین.

**پێنجەم : دکتۆر ئەندریە رۆمانی :**

ئەم دکتۆرە خەڵکی ڕۆمایە و لەساڵی ١٩٠٤ دا لەدایك بووە لەساڵی (١٩٦١) دا لە گۆڤاری ( الازهر) دا باسی موسڵمان بوونی خۆی دەکات و دەڵێ :

من هەمیشە نارەحەتبووم لە زۆر بیروبۆچوونی گاورەکان ، بەڵام نەمدەتوانی ئەوەی لەدڵمایە دەری ببڕم بەهۆی ئەوەی کەهێشتا قوتابی بووم و پێویستم بەماڵەوە بوو یارمەتیم بدەن بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەم ،هەروەها دەمزانی کەقەشەکان هەروا وازم لێناهێنن ئەگەر موسڵمان بم .وردە

ورده دیراسەی ئیسلامم کرد ، تا سەرەنجام کە موسڵمانبوونی خۆمم راگەیاند پاش چەند ساڵێك .تووشی سزا و ئەشکەنجە و بەندکردن بووم لەسەر دەستی فاشستەکاندا و ، تەنها سێ رێگا لەبەردەممدا هەبوو کە بیگرمە بەر :

یەکەم : وازهێنان لەئیسلام .

دووەم : ئارامگرتن لەسەر سزاو ئازار و ئەشکەنجەکان .

سێیەم : بەجێهێشتنی وڵات .

ناچار سێیەمم هەڵبژارد و چوومە فەرەنسا و پاشان بۆ ئەفریقیا و ئنجا سەردانی سنغال و کونغۆ و ئنجا چووم بۆ یابان و ئەندەنوسیا و سەرەنجام لە ( صۆماڵ) گیرسامەوە ، لەوێ ئافرەتێکی صۆماڵیم هێناو بۆم بوو بەپاڵپشتێکی چاك ، هەرچەندە زۆر ئازار دەدرام لەلایەن ئیستعمارەوە کە دەسەڵاتداربوون لەصومالدا .

دیارە غەریبی و دوورکەوتنەوە لەخاك و نیشتمان و کەس و کار و زۆرگرانە ، بەڵام هەرکە بێ تاقەت دەبووم ، بیرم لەپێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی دەکردەوە کە چۆن لەبەرخوا کۆچیان کرد لەمەککەوە بۆ مەدینە و دەستیان لەهەموو شتێك هەڵگرت ...

خۆ منیش بۆ بازرگانی و ماڵی دنیا نەهاتبووم بۆ صۆماڵ ، من بۆ پاراستنی بیروڕاکەم و ئاینەکەم هاتبوومە ئێرە و بەدوای ئازادیدا وێڵ بووم ... صۆماڵیەکانیش زۆر سوودیان لێوەرگرتم کەمن نموونەیەکی زیندوو بووم لەبەر چاویاندا کە چۆن لەبەر خوا کۆچم کردبوو بۆ لایان .

**شەشەم : دکتۆر موراد هوفمان :**

لەساڵی ١٩٨٠ دا دکتۆر هوفمان کە سەفیری ئەڵمانیا بوو لەمەغریب موسڵمان بوو پاش ئەوەی کەسی ساڵ خزمەتی وڵاتەکەی کرد و ناوی خۆی نا ( موراد) چەند پەڕاوی نووسی لەوانە :

١ــ طريقى فلسفي الى الاسلام.٢ــ دور الفلسفة الاسلامية .

٣ ــ يوميات مسلم ألماني .٤ــ الاسلام هو الحل الوحيد .

موسڵمانبوونی هەرایەکی گەورەی نایەوە و لەزۆر لاوە پڕوپاگەندە لەدژی دەکرا و داوای دەرکردنیان دەکرد لەسەفیری ...

لە ٢٥/٤/ ١٩٩٢ دا بەیانی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دەرچوو لەسەر دکتۆر مورادهوفمان ، کە دەڵێ : دکتۆر هۆفمان لەساڵی ١٩٨٠ ەوە موسڵمان بووە و ئەمەش هەقێکی خۆیەتی کە هەر ئاینێك بەراست بزانێ دوای بکەوێ ...

شایانی باسە لەئەڵمانیا ئیسلام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادیە ، ئامارەکان دەڵێن : نزیکەی (٣٠) هەزار ئافرەتی ئەڵمانی لەرێی شووکردنەوە بەموسڵمانان قەناعەتیان کردووە بە گەورەیی ئیسلام و موسڵمان بوون ...( پەڕاوی : لم أسلم هؤلاء الاجانب / ج٢، ١) ( محمد عثمان عثمان) .

**حەوتەم : دکتۆرە عالیە شوعەیب :**

دکتۆرە عالیە مامۆستای زانکۆیە لە وڵاتی کوەیت و لەساڵی ١٩٩٤ دا کە دکتۆرای وەرگرت ، بڕیاریدا کە حیجاب بکات و بەتەواوی پابەند بێت بەجل و بەرگی ئیسلامیەوە و لەبارەی ئەم هەنگاوە پیرۆزەوە دەڵێت ( من نەگۆڕاوم بەڵکو سەر لەنوێ لەدایکبووم ) . پاشان حەجی ماڵی خوای کرد و ئێستاش بەردەوامە لەخزمەتی زانست و پێگەیاندنی قوتابیاندا و چەند نووسین و پەڕاوی هەیە کە باس لەکێشەی کۆمەڵگا دەکات و هەوڵی چارەسەریان دەدات.( المجتمع ژ١٤٤٥)

**( ٢٤١ ) لەگەڵ بانگخوازێکدا :**

لەبەر ئەوەی کاری ئیسلامی کارێکی پیرۆزە و بۆ خوایە ، بۆیە دەبینین زۆر جار کاروکردەوە و سەر گورشتەی چاکی خواناسان کەس پێی نازانێ ، هەندێ جاریش لەیاداشتنامەدا کەسێك بۆ مێژوو یان بۆ سوودگەیاندن بەخەڵکی ، ڕووداو و هەڵوێستە جوانەکانی ژیان تۆماردەکات ..

کاتی خۆی ئەگەر قوتابیەکی هوشیار و بلیمەت نەبوایە لە مەجلیسەکانی شێخ عبدالقادری گەیلانی دا ، کەوتارەکانی شێخی بەپەلە دەنووسیەوە ، ئەوا کتێبی ( فتح الربانی ) رووناکی نەدەبینی و ئەو هەموو قسە خێرە لەکیس دەچوون . بەهەمان شێوە ئەگەر قوتابیەکی شێخ ( منصور عویس ) نەبوایە ئەوا چەند لایەنێکی ژیانی ئەو پیاوە ساڵحە نەدەزانرار و هەروا لەناو دەچوو ...

ئەو قوتابییەش ( شێخ عبدالوهاب الفهد ) ە کە خەڵکی وڵاتی ( کوەیت ) ە و دەڵێت : شێخ منصور یەکێك بوو لەزاناکانی ئەزهەر ، لەمیسرەوە هاتە لای ئێمە لە ساڵانی حەفتاکاندا و بوو بە مامۆستای مزگەوتەکەمان .

ئەم زانایە لەگەڵ ئەوەش کە دەست کورت و کەم دەرامەت بوو ، ڕێزی زۆری لەقوتابی و میوانەکانی دەگرت و زۆر جار دیاری پێشکەش دەکردن ، ڕۆژێك لەخزمەتیا بووم ، هەندێ هەنگوینی لە ( میسر) ەوە بۆ هاتبوو ویستی بەشم بدات ، جا لەبەر ئەوەی هیچی لەبەردەستا نەبوو کەتیی بکات بۆم ، هەمووی دامێ ، هەرچەند هەوڵمدا وەری نەگرم ، تووڕە بوو زۆری لێکردم کەلەگەڵ خۆم ببەم .

ڕۆژێ خواحافیزی لێکردین و گەڕایەوە بۆ میسر بۆ بەسەربردنی ئیجازەی ساڵانەی کە مانگێك بوو ... مانگەکە تەواو بوو دیارنەبوو بگەڕێتەوە ، چەند مانگێکی تر تێپەڕی و سۆراخێکی نەبوو ، بۆیە داوامان لەبەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف کرد کە چاوەڕێ بکەن و فەسڵی نەکەن لەکارەکەی تا هەواڵ دەزانین ...

هەرچۆنێ بوو فاکسمان کرد بۆ ماڵیان لە میسر ، وەڵامیان داینەوە کەباری تەندروستی باش نیە بۆیە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە ،ئێمەش ناو بەناو ئەحواڵمان دەپرسی و هەر بە ئاواتەوە بووین بگەڕێتەوە لامان و لەخزمەتیا سوود مەندبین .

پاش ساڵێك هاتەوە لامان ، کەس دڵی نەهات پرسیاری نەخۆشی یەکەی لێ بکات من نەبێ ، کەلێم پرسی لەهۆی ناساغی و دواکەوتن و نەگەڕانەوەی وتی : کاتێك گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان لە ( میسر) ئێوارەیەك بانگ کرابووین بۆ نانخواردن لە ماڵێکی ناسیاومان ، پاش ئەومیوانداری یە هەستم کرد وەزعم تێکچوو ، بۆبەیانی ویستم هەستم بۆ نوێژی بەیانی ، هەرچیم کرد نەمتوانی ، ئەتووت دیوارێك کەوتووە بەسەرماو جوڵەی لێبڕیووم ..ویستم قسەبکەم ، قسەم بۆ نەکرا ، هەرئەوەنەبێ هاوارم دەکرد تا بێن بەلامەوە بەشێوەیەك کەکەس تێم نەدەگەیشت .

ژن و منداڵەکانم بەپەلە هاتن ، کچەکەم و کوڕەکەم هەردووکیان پزیشك بوون ، فەحصیان کردم و زانیان تووشی شەلەل بووم ، بۆ دڵنیایی زیاتر بردیانم بۆلای باشترین پزیشکی قاهیرە ، بەڵام

بێ سوود بوو ، هەموو جەختیان کردە سەر ئەوەی کە تووشی شەلەلی هەموو ئەندامەکانم بووم ، تەنها سەرم نەبێ ...

دەمبینی ژن و منالەکانم دەگریان ، منیش لەناخمەوە دەگریام بەبێ ئەوەی بێجگە لەخوا کەس پێم بزانێ و ئاگای لەحالّم بێ .

خزمەتکارێکیان بۆ گرتم خزمەتم بکات و خواردن بکات بە دەممەوە و پاکم بکاتەوە ، شەوو رۆژێکم بەسالّێك لێدەرۆیشت ، چەند مانگێکم ئاوا بەسەر برد ، تەنها هیوام بەخوا بوو کە بێت بەهانامەوە .

شەوێکیان لەخەوما رووناکیەکی زۆرم بینی لەپشت دەرگای ژوورەکەوە ئەوەندەی پێنە چوو دەرگاکە کرایەوە و رووناکیەکە هاتە ژوورەوە ، لەبەر زۆری ڕووناکیەکە نەمدەزانی چی لەپشتەوەیە .

لەپڕ کەسێك هات لەپشت ڕووناکی یەکەوە و وتی : ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) هاتووە سەردانت بکات ...ئنجا ئەو پیاوە وتی : ئەوە ( پرتەقالێك و مۆزێك و خورمایەك ) خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت ئەوە دەرمانەکەتە .

منیش نەمتوانی وەری بگرم و بیخۆم ، پیاوەکە وتی : من یارمەتیت دەدەم لەخەوڕاپەڕیم و بەدەنگە دەنگی من منالەکانم بەپەلە هاتن بۆلام ، هەرچیم کرد دوو رۆژ نەمتوانی تێیان بگەیەنم چیم دەوێ .

باش بوو ژنەکەم دوایی تێگەیشت کە هەندێ میوەم دەوێ ، میوەیان هێنا ، تا باش بوو ئەوسێ جۆرەی تیابوو کە خۆشەویست (ﷺ)فەرمووی ، کردیان بەدەممەوە و خواردم ،کاتی چێشتەنگاوبوو ماوەیەك خەوتم کە هەستام هاوارم کرد لەخۆشیا ، ژنەکەم هات بەپەلە کە بینیمی یەکسەر بورایەوە و کەوت کچەکەشم هات و سەرسام بوو، خوای گەورە بەفەزلّی خۆی بۆی کردم بە شیفا و چاك بوومەوە و ئەندامەکانی لەشم کەوتنەوە جوولّە .

کاتێك کچەکەم تەلەفونی کرد بۆ کوڕە پزیشکەکەم لەعیادەکەی و پێیووت : باوکم چاك بۆتەوە و بەپێی خۆی دەڕوات ، بڕوای نەکرد و وتی بەم قسانە کاتم لێ مەگرە ، چونکە خەلّکی زۆر

سەرەیان گرتووە لەبەردەمی ژوورەکەمدا ... ناچار سوێندی بۆ خوارد ، وتی : شتی وا ئەستەمە ببێ ! کچەکەم پێی وت : راست دەکەی لە ( منطق) ی عیلمدا ئەستەمە ، بەڵام ئەوەباوکمە لەبەردەممدا وەستاوە ...

بەپەلە عیادەکەی بەجێهێشت و هاتەوە ماڵەوە کە منی بینی لەجێی خۆی وشك بوو ، قسەی بۆ نەکرا ، هەرئەوەندە نەبێ کە وتی : ( سبحان الله العظیم ، وهو علی کل شیئ قدیر ).

ژنان هەلهەلەی خۆشیان لێداو ، چاوەکانیش فرمێسکی خۆشیان ڕشت ، هەمووان سوپاسی خوایان کرد ... کە چاك بوومەوە هاوسەرەکەم و مناڵەکانم وتیان: لای ئێمە بمێنەوە و مەگەڕێرەوە بۆ وڵاتی کوەیت ، منیش وتم : من بانگخوازم و کاری خۆم هەیە دەبێ بچم بەجێی بگەیەنم و تەواوی بکەم و لەقوتابیەکانم دانەبڕێم .

بەڵێ مامۆستا منصور چەند ساڵێك لەلامان مایەوە و ڕۆژانە ڕێنمایی خێری دەکردین ... تا بەیانیەکیان بۆ نوێژ ئامادە نەبوو ، ناچار یەکێك پێشنوێژی بۆ کردین .

پاش نوێژەکە مجەوری مزگەوتەکە چوو بەرەو ژوورەکەی و لەدەرگایدا ، کەس وەڵامی نەدایەوە ، پاڵی بەدەرگاکەوەنا ، سەیری کرد شێخ منصور ئاوی دەستنوێژ لە ریشە سپیەکەی دەتکێ و هێشتا قۆڵی کراسەکەی دانەداوەتەوە و بەدانیشتنەوە لەسەر کورسیەکەی گیانی پاکی سپاردووە ... جا بەم ئاخر خێرییەوە دوور لەکەس و کاری بەغەریبی لەبەر خوا ، بەدەستنوێژەوە لەچاوەڕێی نوێژی بەیانیدا گیانی سپارد و گەڕایەوە بارەگای ئەو خوایەی کەساڵەهابوو لەخزمەت بانگەوازەکەیدا بوو ... ( المجتمع ١٤٣٧/ ١٤٤٥) عبدالحمید البلالی .

**دواوتە :**

خوای پەروەدگار ئاگادارمان دەکات کە دنیا فرسەتە بۆ کار و کردەوەی چاکە ، بۆ ساڵح بوون ، ئەگەر ئەجەل هات داوای دواخستنی دەکەن ، بەڵام دواناکەوێت ، هەروەك دەفەرموێت : ﴿ یا ایها الذین امنوا لاتلهکم اموالکم ولا اولادکم عن ذکر الله ومن یفعل ذلك فاولئك هم الخاسرون ، و أنفقوا من ما رزقناکم من قبل أن یأتي أحدکم الموت فیقول رب لولا أخرتني الی أجل قریب فأصدق وأکن من الصالحین ولن یؤخر الله نفساً اذا جاء أجلها و الله خبیر بما تعملون ﴾ المنافقون : ١١ .واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە هەوڵ بدەن نەماڵ و سامانتان ، نە ڕۆڵەکانتان ،

نەبنە هۆی ئەوەی لەیادی خوا و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو کەمتەرخەمی بکەن ، جا ئەوەی وابکات ئەوانە خەسارەتمەند و زەرەرمەندن .

لەو ماڵ و سامانەی پێمان بەخشیون ، ئێوەش لێی ببەخشن ، پێش ئەوەی کە مردن یەخە بەیەکێکتان بگرێت و بڵێت : پەروەردگارا ، خۆزگە ماوەیەکی کەمی تر مۆڵەتت بدامایە تاخێر و چاکەم بکردایە و ماڵ و سامانم ببەخشیایە و بچومایەتە ریزی چاکان وساڵحانەوە ...

ئەو داخوازییە بەجێ نیە ، چونکە ڕۆژی هەرکەسێك تەواو بوو ، خوا مۆڵەتی تری نادات و ئەجەلی دوا ناخات ، وە خواش ئاگادارە بەکار و کردەوەتان ...

لە کۆتایدا دەڵێین :

خۆزگە بەوەی کە لێدەبڕێ بۆ چاکە و پیاوەتی و خزمەت کردنی بەرنامەی خوا ، خۆزگە بەوەی کەبەردەوام هەنگاو دەنێ بەرەو ساڵح بوون و لەسەرەمەرگدا داوای مۆڵەت ناکات بۆ ئەوەی ئەجەلی دواخرێ و بگەڕێتەوە ، تا بەڵکو ساڵح بێت ...

## بەشی ١٠

# گەیاندنی

# پەیامێکی جیهانی

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٢٤٢– رەحمەتی خوا |
| ٢٤٣–سەیری ئاسەواری ڕەحمەتی خوا بکەن | ٢٤٤–شەوو ڕۆژ |
| ٢٤٥–ڕەحم وبەزەیی نێوان ژن ومێرد | ٢٤٦–خوا بەڕەحمەو تۆڵە سێنیشە |
| ٢٤٧–ڕێ لە میهرەبانی خوا ناگیرێت | ٢٤٨–ڕەحمەتێك بۆ هەموو جیهان |
| ٢٤٩–کۆمەڵگایەکی میهرەبان | ٢٥٠–ڕێگاکانی گەیشتن بە ڕەحمەتی خوا |
| ٢٥١–هیدایەت | ٢٥٢– بەخشین لەبەر خوا |
| ٢٥٣– مامەڵەی جوان لەگەڵ دیلدا | ٢٥٤–خوا محمدی بۆ هیدایەتدان ناردووە |
| ٢٥٥–گەیاندنی پەیامێکی جیهانی | ٢٥٦–نامە ناردن بۆ کاربەدەست وپاشاکان |
| ٢٥٧– سورەتی روم | ٢٥٨–نامەی پێغەمبەر بۆ هەرقل |
| ٢٥٩– وتاری ماڵئاوایی | ٢٦٠–هەوڵ وکۆششی هاوەڵان |
| ٢٦١–بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئەفریقیاو ئەندەلوس | ٢٦٢–بنەماڵەیەکی بانگخوازی هیندستان |
| ٢٦٣–ئەبوالحسن الندوی | ٢٦٤–ئومەتێکی هەڵبژێردراو |
| ٢٦٥–بانگخوازی حەکیم | ٢٦٦–لەخۆپرسینەوە |
| ٢٦٧–چەند دەتوانیت پارێزکار بە | ٢٦٨–کۆتەرە داری سەر کورسی |
| ٢٦٩–با وتارو کردارمان یەك بێت | ٢٧٩– دوا وتە |
| سەرچاوەکان | |

## پێشەكی

هەڵوێستەیەك لـە خزمەت قورئاندا ، بەچەند هەڵوێستەیەكی نویٚ لـەخزمەتتاندا بەردەوام دەبێت و ژمارەیان دەگاتە ( ٢٧٠) ...

تەوەرەی باسەكانی ئەم ئەڵقەیە ( تبليغ) ە واتە بلاْوكردنەوە و گەیاندنی بانگەوازی خوا بەهەركەسێك كە دەست بیگاتیٚ ... ئاشكرایە كە خوا ( ارحم الراحمين ) ە و پەیامەكەشی ( رحمة للعالمين ) و پێغەمبەرەكەشی ( رؤوف رحيم ) ە و دەیەوێت ئێمەش ( بەڕەحم ) بین ..

به ڕەحم بونیشمان بەرامبەر بەخەڵكی ئەوەمان لـەسەر پێویست دەكات كەبەزەیی و سۆزمان ببێتە كردار و بجوڵێین بۆ گەیاندنی رەحمەتی خوا و پەیامەكەی بەخەڵكی ، تاوەكو ببینە مایەی ئەوەی كە پایەندبن بە بەرنامەی خواوە ، تا شایستەی رەحمەتی خوابن و لـەغەزەب و سزاكەی دووربن لـەدنیاو لـەقیامەتدا ...

گەشتێكیش بەمێژووی پڕشكۆی ئیسلامدا ، هەوڵی بێوچان و بەردەوامی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵاْن و بانگخوازانمان بۆ دەردەخات كە بە ملیۆنەها موسڵمان شەهیدبوون و بەملیۆنەهاش زەحمەت و ناڕەحەتیان چەشتووە لـەپێناوی گەیاندنی ئەم رەحمەتەدا ، جا ئیتر بەندكردن و سزادان بووبێت ، یان دەربەدەری و غەریبایەتی یان لـەدەستدانی سامان و ماڵ و منداڵ ...

كە هەموو ئەوانە پەند و وانەی زۆریان تیایە بۆ ڕێبوارانی ئەم رێیە و مەشخەڵدارانی ئەم كاروانە پیرۆزە ، بەتایبەت لـەمڕۆدا كە دوژمنانی كاروانەكە زۆرن و زۆرزانن و ، هەموو توانا و هۆكارێكی ماددی و مەعنەوییان لـەبەردەستایە .

لـەئادەمەوە تا ئەمڕۆ كاروان بەڕێوەیە ، هەرچەندە زۆر كەس بەكاروانچیانی ئەم سەدەیە و مامۆستایانی رابوونی ئیسلامیان وت :

وەرز یەكجار شوومە

تەمو مژ ئەدیهای ترسە و ،

لـەگەردنی

ئاسۆی ئاینده ئالاْوه !

بەم ناوەختە کاروانەکەی

گولّ و خەندە مەخە نەڕێ

ڕێگا بەدڕك تەنراوە !

گەرووی تێپەڕین گیراوە ،

مەیخەنەڕێ !

لەدەربەندا

تەنانەت ( با ) ش دەپشکنرێ !!

جەستەی هیوای گەش دەجنرێ ..

لاشەی بێگیان

وەك لێژنە دار هەڵدەچنرێ !!

لەدەربەندا ...

چیای کینە وێکدێتەوە !

نەك گۆشت و خوێن ..

پۆلاو بەردیش دەتوێتەوە !

دەربەند فێری خوێن کردنە ...

دەربەند ...

ئامێزی مردنە !

بکەونەڕێ ..

یانی مەرگ هەڵیگرتوون !

رایی بوونتان ...

یانی فەوتان ... یانی تیاچوون !!

بەڵێ کاروانچیان گوێیان نەدا بەسارکردنەوە و تۆقاندنێ کە هەبو لەو دەوروبەرەدا ، بەنناماں شەهیدکرا ، مەودودی و نوورسیشمان هەرچی پەت پەتی دنیا بوو پێیان کرا ... هەرچەند لە ظاهیردا شەهید نەکران ، بەڵام بەبوونی نیەتیان (ان شاء الله ) بەپلە و پایەی شەهیدی خەڵات کران . ( ل ٦٨ پەیامی راستی ژمارە (١١) ئەبوبەکر کاروانی )

**( ٢٤٢ ) ڕەحمەتی خوا**

قورئانی پیرۆز لەچەندەها ئایەتدا باس لە میهرەبانی خوای پەوەردگار دەکات ، ئەو خوایەی کە ( رحمان ) و ( رحیم ) ە ، کە ( خیر الراحمین ) و هەروەها ( ارحم الراحمین ) یشە .

هەروەك دەفەرموێت :

* بسم الله الرحمن الرحیم ﴿ الحمد لله رب العالمین ، الرحمن الرحیم ، مالك یوم الدین ﴾ (سوره الفاتحه )واتە : بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، سوپاس و ستایش هەمووی هی پەروەردگاری جیهانیانە و بۆ ئەوە ، ئەو پەروەردگارەی کە بەخشندە و میهرەبانە و خاوەنی رۆژی سزا و پاداشتی قیامەتە ...

* ﴿ وربك الغفور ذو الرحمة ﴾ الانعام : ١٣٣ واتە : پەروەدرگاری تۆ لێخۆشبووی میهرەبانە

* ﴿ فالله خیر حافظاً وهو أرحم الراحمین ﴾ ٦٤ : یوسف / خوای پەروەردگار باشترین کەسە کەبەندەکانی دەپارێزێ و ئەو میهرەبانی میهرەبانانە .

*﴿ وقل رب اغفر و ارحم و أنت خیر الراحمین ﴾ ١١٨ المؤمنون .

**( ٢٤٣ ) سەیری ئاسەواری رەحمەتی خوابکەن**

*﴿ فانظر الی اثار رحمت الله کیف یحي الارض بعد موتها ، ان ذلك لمحي الموتی ، وهو علی کل شیئ قدیر ﴾ الروم : ٥٠ واتە : سەیری ئاسەواری رەحمەتی خوا بکە ، چۆن زەوی زیندوو دەکاتەوە

دوای مردنی ، ئەو کەسەی ئەو کارانە ئەنجام دەدات مردوان زیندوو دەکاتەوە ، وە هەر ئەو ( زاتە ) دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ...

**( ٢٤٤ ) شەوو ڕۆژ**

﴿ قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِضِيَاءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ (٧١) قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ (٧٢)﴾ القصص .

واتە : پێیان بڵێ : باشە ، خەڵینە ئەگەر خوا شەوگار بکا بە هەمیشەیی تا ڕۆژی قیامەت و هەر ڕۆژ نەبێتەوە ، چ خوایەك هەیە بێجگە لەزاتی ( الله ) بتوانێت ڕووناکیتان بۆ فەراهەم بێنێت ، ئایا ئێوە ئەم ڕاستیانە نابیستن ؟هەروەها پێیان بڵێ : باشە ئەی ئەگەر خوا ڕۆژگاری کردە هەمیشەیی لەسەرتان و تا ڕۆژی قیامەت هەر ڕۆژ بوو ، کام خوا هەیە جگە لە ( الله ) کە شەوگارتان بۆ پێش بێنێت تا ئارامی تیا بگرن ، ئایا ئێوە سەرنجی ئەم دیاردانە نادەن و نایان بینن ؟!

﴿ وَمِنْ رَحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٧٣)﴾ القصص / واتە : لەڕەحمەت و میهرەبانی ئەو زاتە ئەوەیە کە شەوی کردووە بەهۆی ئارامی و حەوانەوە ، ڕۆژیشی داناوە بۆ کارو کاسپیکردن و بەهرەوەربوون لەبەخششەکانی ، بەڵکو تا دەتوانن شوکرانە بژێر و سوپاسگوزاربن .

**( ٢٤٥ ) ڕەحم و بەزەیی نێوان ژن و مێرد :**

﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)﴾ روم

واتە : یەکێك لەبەڵگە و ئایەتەکانی خوا ئەوەیە کە هەر لەخۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایدا ، وە لەنێوانتاندا خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی فەراهەمهێناوە ، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانە و بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك کەبیردەکەنەوە و تێدەفکرن .

*** بەشێك لەسەد بەش :**

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ ان لله مئة رحمة ، أنزل منها رحمة واحدة بين الجن و الانس و البهائم و الهوام ، فبها يتعاطفون ، وبها يتراحمون ، وبها تعطف الوحوش على ولدها ، واخر الله تسعاً و تسعين رحمة يرحم بها عباده يوم القيامة ﴾ بخارى و مسلم

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ جعل الله الرحمة مئة جزء ، فأمسك عنده تسعة و تسعين و أنزل في الارض جزءاً واحداً ، فمن ذلك الجزء يتراحم الخلائق ، حتى ترفع الدابة حافرها من ولدها خشية أن تصيبه ﴾ واتە : خوای گەورە لەسەد ڕەحمەتی ، تەنها یەکێکی ناردۆتە سەر زەوی کەبەوەش سۆز و میهرەبانی دروست بووە لەلای پەری و ئادەمیزاد و گشت گیانلەبەران و تەنانەت بەوە ئاژەڵێك قاچی بەرزدەکاتەوە نەباوەکو ئازاری بێچووەکەی بدات ، خوای گەورە نەوەد و نۆ ڕەحمەتەکەی خۆی هەڵگرتووە بۆ قیامەت بۆ بەندەکانی .

* عومەری کوری خەتتاب دەفەرموێ : ڕۆژێك دیلەکانی غەزایەکیان هێنایە لای پێغەمبەر (ﷺ)لەوکاتەدا ئافرەتێك کەلەمناڵەکەی دابڕابوو ، چاوی بەمناڵەکەی کەوت و بەپەلە ڕای کرد بۆ لای و باوەشی پیاکرد و نووسانی بەسنگیەوە و شیری دایە ، خۆشەویست (ﷺ) بەهاوەڵانی فەرموو : لەو باوەڕەدان ئەو ئافرەتە مناڵەکەی فڕێ بداتە ئاگرەوە ؟ و تیان : نەخێر ، چەند بتوانێ ناهێڵێ بچێتە ئاگرەوە .

ئەویش فەرمووی :دە خوا بەبەزەیی ترە بۆ بەندەکانی لەو ژنە بۆ مناڵەکەی (بخاری و مسلم ) .

**( ٢٤٦ ) خوا بەڕەحمە و تۆڵە سێنیشە :**

قورئان دەفەرموێ : ﴿ قُلْ لِمَنْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلْ لِلَّهِ كَتَبَ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٢)﴾ **الانعام**

واتە : پێیان بڵێ : ئەوەی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیە کێ خاوەنیانە ، بڵێ :هەر خوا خاوەنیانە ، وە ئەو خوایە فەرزی کردووە لەسەر خۆی کەبەڕەحم و میهرەبان بێت ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هیچ گومانی تیانیە کۆتان دەکاتەوە ، ئەوانەی کە خۆیانیان لەدەست داوە هەر باوەڕناهێنن .

واته : هەرچەند خوا بەرەحم و میهرەبانە ، بەلاَم سزاکەشی بێوێنەیە بۆ کافر و خوانەناس و خراپەکاران .

هەروەك دەفەرموێت :﴿ نـبـيء عبادي أني أنا الغفور الرحيم ، و أن عذابي هو العذاب الاليم﴾

* هەروەها دەفەرموێت : ﴿ فان كذبوك فقل ربكم ذو رحمة واسعة ولا يُرَد بأسه عن القوم المجرمين ﴾ ١٤٧ الانعام / واته : ئەگەر بڕوایان پێنەکردی ، پێیان بڵێ : پەروەردگارتان خاوەنی رەحمەت و میهرەبانی بێسنوورە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کەس نیە بەری سزا و خەشمی خوا بگرێت و بیگێڕێتەوە و نەیەڵێ تووشی ستەمکار و تاوانباران ببێت .

**( ٢٤٧ ) رێ لەمیهرەبانی خوا ناگیرێت**

ا ــ ﴿ ما يفتح الله للناس من رحمة فلا ممسك لها ، و ما يمسك فلا مُرسِل له من بعده وهو العزيز الحكيم ﴾ فاطر / ٢ واته : هەرکاتێك خوا دەروازەی رەحمەت و بەخششی خۆی لەخەڵکی بکاتەوە ، هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێ رێی لێبگرێت و، هەرکاتێك بگێرێتەوە و دایخات کەس ناتوانێت بێجگە لەو بیکاتەوە ، ئەو زاتە هەر خۆی بەدەسەلاَت و زانایە .

ب ــ ﴿ قل من ذا الذي يعصمكم من الله ان ارادبكم سوءاً أو أراد بكم رحمة ﴾ ١٧ الاحزاب

واته : پێیان بڵێ : کێ دەتوانێ بتانپارێزێ لەخوا کەبیەوێ تووشی سزا و زیانێکتان بکات ، یان کێهەیە رێ بگرێ لەڕەحمەتی خوا کە دابەزێ بۆ سەرتان .

ج ــ ﴿ و الله يختص برحمته من يشاء و الله ذو الفضل العظيم ﴾ البقرة : ١٠٥

واته : خوا ڕەحمەتی خۆی تایبەت دەکات بەهەر کەسێ بیەوێ و شایستەبێت ، وە خوا خاوەنی فەزڵ و بەخششێکی گەورەیە .

د ــ ﴿ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْءانُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ (٣١) أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَةَ رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا وَرَحْمَةُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِمَّا يَجْمَعُونَ (٣٢)﴾ الزخرف واته : کافرەکان و تیان : چی دەبوو ئەگەر ئەم قورئانە بهاتایە بۆ یەکێك لەو دوو پیاوەی کە گەوەری هەردوو شاری ( مەککە و طائف ) ن ؟!

ئایا ئەوانە رەحمەتی پەروەدگاری تۆ دابەش دەکەن و کەسانی شایستە دەدۆزنەوە بۆ پێغەمبەرایەتی ؟ لەکاتێکدا ئێمە رزق و رۆزیمان دابەش کردووە لەنێوانیاندا لەژیانی دنیادا ، وە پلەوپایەی هەندێکمان بەرزکردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا ، بۆ ئەوەی هەمووان کاروباری یەکتر تەواوبکەن و کەڵك لە توانایی و لێهاتوویی یەکتر وەربگرن ، جا لەگەڵ ئەو هەموو بەهرە و بەخشینانەدا رەحمەت و میهرەبانی پەروەردگاری تۆ چاکترە و بەنرخترە لە هەموو ئەوشتانەی کە خەڵکی کۆی دەکەنەوە لەماڵ و سامان و هۆکاری ژیان .

هـ ـ خوای گەورە رەحمەت و زانستی لەلای خۆیەوە بەخشی بە ( خضر ) ، موساشی بەتایبەتی نارد بۆ لای تا لێوەی بەهرە مەند بێ :

﴿ فوجدا عبداً من عبادنا اتيناه رحمة من عندنا و علمناه من لدنا علماً ﴾ الكهف : ٦٥

**( ٢٤٨ ) رەحمەتێك بۆ هەموو جیهان**

خوای گەورە کە ( أرحم الراحمين ) و ( خير الراحمين ) ە ، بەرنامەی ئیسلامی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەو بەرنامەیە هەرگیز خۆشەویست بەتەمای نەبوو ، قورئان دەفەرموێت :

﴿ وما كنت ترجو أن يُلقى اليك الكتاب الا رحمة من ربك ﴾ القصص : ٨٦ بەڵێ : خوای گەورە بەرەحم و میهرەبانی خۆی قورئانی نارد کە رەحمەتە بۆ هەموو جیهان ﴿وما أرسلناك الا رحمة للعالمين ﴾ الانبياء : ١٧ ، هەروەها دەفەرموێت : ﴿ و ننزل من القران ما هو شفاء و رحمة للمؤمنين ﴾ الاسراء : ٨٢ واتە : قورئان پەیتا پەیتا و بەش بەش دەنێرێنە خوارەوە کە شیفا و چارەسەرە و رەحمەتە بۆ بڕواداران .

خۆشەویستیش (ﷺ) لەبارەی خۆیەوە دەفەرموێت : ﴿ انما أنا رحمة مهداة ﴾ دارمی و حاكم . واتە : بەراستی من رەحمەتێکم و هیدایەت دراوم ، بەدیاری بۆ بەرەی ئادەمی نێردراوم .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ انما أنا لكم مثل الوالد لولده ﴾ واتە من دڵسۆز و میهرەبانم بۆتان هەروەك چۆن باوك بە سۆز و میهرەبانە بۆ مناڵەکەی .

خوای گەورەش لەبارەی سۆز و میهرەبانی و رەحمەتی خۆشەویستەوە بۆ ئوممەتەکەی دەفەرموێت : ﴿ لقد جاءكم رسول من أنفسكم عزيز عليه ما عنتم حريص عليكم بالمؤمنين رؤوف

رحيم ﴾ ۱۲۸ : التوبة / واته بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ رەوانەکراوە کە هەریەکێکە لەخۆتان ، زۆر سەختە بەلایەوە کە ئێوە تووشی بەلاّ و ناخۆشی بن ، زۆر بەتەنگیشتانەوە دێت ، وە زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبانە لەگەڵیان .

**( ۲٤۹ ) کۆمەڵگایەکی میهرەبان**

خوای بەرەحم و میهرەبان ، میهرەبانی میهرەبانان ، پێغەمبەرێکی میهرەبانی نارد بەبەرنامەیەکی پڕ رەحمەت و میهرەبانی بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی بەسۆز و میهرەبان ... یەکەم کۆمەڵ کە ئەم پەیامە رەحمەتەیان پێگەیشت هاوەڵان بوون ، کە بەوتاری شیرینی پڕ رەحمەت و میهرەبانی گۆشکران و کۆمەڵێکی وا چاکیان لێ دەرچوو کە خوا لەوەسفیاندا دەفەرموێت :

﴿ محمد رسول الله و الذين معه أشداء على الكفار رحماء بينهم ، تراهم ركعاً سجداً يبتغون فضلاً من الله و رضواناً ، سيماهم في وجوههم من أثر السجود ﴾ الفتح : ۲۹

واتە : محمد (ﷺ) رەوانەکراوی خوایە ، ئەوانەش کە شوێنی کەوتوون و لەگەڵیدان ، توندوتیژن بەرامبەر کافر و ستەمکاران ، وە بەبەزەیی و میهرەبانن لەنێوان خۆیاندا ، دەیانبینی سەرگەرمی نوێژ و خواپەرستین ، کڕنۆش و سوجدە دەبەن بۆ خوای پەروەردگار ، هەردەم ئاواتیان بەدەستهێنانی رەزامەندیی و پایەبەرزییە لەلای ئەو زاتە ، نیشانەی چاکی و پاکیان لەناوچەوانیاندا دیارەو ، ڕوویان گەش و درەوشاوەیە لەئەنجامی سوجدە بردنیاندا .

* نموونەی موسڵمانان لەمیهرەبانیدا بۆیەکتری :

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ مثل المؤمنين في توادهم و تراحمهم و تعاطفهم مثل الجسد اذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر و الحمى ﴾ بخاری و مسلم .

واتە : نموونەی بڕواداران لەخۆشەویستی و میهرەبانی و سۆزیان بۆیەکتری وەك جەستەیەکە ، ئەگەر ئەندامێکی بیەشێ هەموو ئەندامەکانی تریشی تا دەیانگرێ و شەونخوونی دەکێشن .

**( ۲٥۰ ) ڕێگەکانی گەیشتن بەرەحمەتی خوا**

خوای گەورە داوامان لێدەکات کە هەوڵ بدەین بەر ڕەحمەتی خوا بکەوین ، هەروەك دەفەرموێت :

١ــ ﴿و أطيعوا الله و الرسول لعلكم ترحمون ﴾ / ١٣٣ ال عمران ، واته : گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەربن ، سا بەڵكو ڕەحمتان پێ بكرێ .

٢ ــ ﴿ وهذا كتاب أنزلناه مبارك فاتبعوه و اتقوا لعلكم ترحمون ﴾ / ١٥٥ الانعام واته : ئەم قورئانەمان ناردووە كە پیرۆزە ، دوای بكەون و پارێزكاربن بەڵكو رەحمتان پێ بكرێ .

٣ ــ ﴿ واذا قرئ القران فاستمعوا له وأنصتوا لعلكم ترحمون ﴾ / ٢٠٤ الاعراف واته : ئەگەر قورئان خوێندرا ، بەچاكی گوێی لێبگرن و بێدەنگ بن بەڵكو رەحمتان پێبكرێ .

٤ ــ ﴿ لولا تستغفرون الله لعلكم ترحمون ﴾ النحل : ٤٦ / واته : داوای لێخۆشبوون بكەن بەڵكو بەر رەحمی خوا بكەون ﴿ قل يا عبادي الذين اسرفوا على أنفسكم لا تقنطوا من رحمة الله ، ان الله يغفر الذنوب جميعاً انه هو الغفور الرحيم ، وأنيبوا الى ربكم و أسلِموا له من قبل أن يأتيكم العذاب ثم لا تُنصرون ﴾ الزمر : ٥٤

واته : پێیان بڵێ ( خوا دەفەرموێت ) ئەی بەندەكانم ئەوانەی كە زۆر گوناهتان كردووە ، نا ئومێد مەبن لەرەحمەتی خوا بەراستی ئەگەر تەوبەبكەن لەهەموو گوناهەكانتان خۆش دەبێ ، وە ئەو بەڕاستی لێبوردەیە و میهرەبانە ، هەمیشە بگەڕێنەوە بۆ لای خواو تەسلیمی ئەو بن و موسڵمان بن بەچاكی ، پێش ئەوەی كە سزای خوا یەختان بگرێت لەوەودواش سەركەوتوو نابن .

٥ ــ ﴿ الذين اذا أصابتهم مصيبة قالوا انا لله و انا اليه راجعون ، اولئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة و اولئك هم المهتدون ﴾ ١٥٧ البقرة

واته : ئەوانەی كە تووشی هەر بەلاَ و ناخۆشی یەك دەبن دەڵێن : ئێمە هی خواین و هەرچی هەمانە بەخششی ئەوە و سەرەنجام بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە ئائەوانە رەحمەت و میهرەبانی پەروەردگاریان شایستەیانە ، وە ئەوانە رێبازی هیدایەتیان گرتۆتە بەر .

٦ ـــ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :

*﴿ الراحمون يرحمهم الرحمان ، ارحموا من في الارض يرحمكم من في السماء ﴾ ابوداود

واته : میهرەبانان خوا میهرەبانیان لەگەڵدا دەكات ، میهرەبان بن و بەڕەحم بن لەگەڵ ئەوانەی كەلەزەویدان ، ئەوانەی لەئاسمانن رەحمتان پێئەكەن .

* ﴿ من لايرحم الناس لا يرحمه الله ﴾ بخارى و مسلم /٥ واته : هەركەس رەحم بەخەڵكی نەكات ، خوا رەحمی پێناكات .

* رۆژێك ( ئەقرەع كورى حابس ) هاتە لای خۆشەویست (ﷺ)بینی حەسەن و حسین ماچ ئەكات ، وتی : من دەمناڵم هەیە ماچم نەكردوون ، خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی ﴿ من لا يَرحم لا يُرحم ﴾ بخارى و مسلم .

واتە : هەركەس رەحم نەكات ، خوا رەحمی پێناكات .

* خاتوو عائیشە دەفەرموێ : هەندێ كەسی دەشتەكی هاتنە خزمەت خۆشەویست (ﷺ) وتیان : ئێوە ماچی مناڵەكانتان دەكەن ؟ ئەویش فەرمووی : بەڵێ ، وتیان : بەلاَم بەخوا ئێمە ماچیان ناكەین ، خۆشەویست (ﷺ)فەرمووی : ﴿ او أملك أن كان الله نزع من قلوبكم الرحمة ﴾ واتە : دەسەلاَتم چی یە كە خوا رەحمەتی لەدڵتان دەرهێنابێ .

* ﴿ أهل الجنة ثلاث : ذو سلطان مقسط متصدق موفق ، ورجل رحيم رقيق القلب لكل ذي قربى و مسلم ، وعفيف متعفف ذو عيال ﴾ مسلم / واتە : ئەهلی بەهەشت سیانن ، كاربەدەستێكی دادپەروەری خێركەری موەفەق ، وە پیاوێك كە بەڕەحم و دڵ نەرم بێت بۆ هەموو خزم و موسڵمان و كەسێكی داوێن پاكی نەفس بەرز كە خاوەنی ماڵ و مناڵ بێت .

* ڕەحم و میهرەبانی لەگەڵ دایك و باوكدا :

قورئان دەفەرموێت : ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (٢٣) وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا (٢٤) ﴾ الاسراء : واتە : پەروەردگارت بڕیاری داوە كە جگە لەو كەسیتر نەپەرستن ، هەروەها چاكەكاریش بن لەگەڵ دایك و باوكتاندا ، هەركاتێ یەكێكیان یان هەردووكیان بەپیری كەوتنە لای تۆ تەنانەت ئۆفیان لەدەست مەكە و هەرگیز پیایانا هەڵ مەشاخێ ، بەردەوامیش قسە و گفتوگۆت لەگەڵیاندا چاك و جوان بێت ، باڵی زەلیلی و ملكەچی بكێشە بەسەریاندا لەمیهرەبانیەوە بۆیان نزا بكە و بڵێ پەروەردگارا رەحمیان پێبكە هەروەك چۆن ئەوان منیان پەروەردە كرد بە بچووكی و مناڵی .

هەروەها دەفەرمويت : ﴿ وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ (١٤) وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (١٥)﴾ لقمان

واتە : ئێمە ئامۆژگاری ئادەمیزادمان کردووە بەچاك رەفتاری لەگەڵ دایك و باوکدا ( جا مرۆڤ کە فام دەکاتەوە زیاتر باوکی دەبینیٚ رەنج دەدا و نان پەیدا دەکات بۆیە قورئان دەیەوێ ئەرك و ماندووبوونی دایك بخاتەوە یادی مرۆڤ و بزانێ کە دایکی چەندە نارەحەتی چەشتووە هەر بۆیە دەفەرموێ (دایکی بەئێش و ئازار و لاوازی و بێتاقەتیەکی زۆرەوە بەپێستی سکی نۆمانگ هەڵی گرتووە ،دوای دووساڵ لەشیری بڕیوەتەوە کەواتە ئەی ئینسان سوپاس گوزاری منیش و دایك و باوکیشت بە وە دڵنیابە کە گەڕانەوەشتان بۆلای منە ، کە ئەمەش هەڕەشەیە ئەگەر وانەکات سزای دەدات و مژدەشە کە ئەگەر بەوشێوە چاکە رەفتار بکات پاداشتی گەورەی دەست دەکەوێت ئنجا ئەگەر دایك و باوکت کۆششیان لەگەڵدا کردی تا بەبێ هیچ بەڵگە و زانیاریەك هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت فەرمان بەرداریان مەبە و بەقسەیان مەکە بەلاّم هەر لەدنیادا هاوەڵ و هاوڕێ و خزمەت گوزارێکی چاك بە بۆیان شوێنی ئەوانە بکەوە کە رێبازی بۆ لای منیان گرتۆتە بەر ، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منە ئەوسا هەواڵی هەموو کار و کردەوەکانتان دەدەمێ .

* فەرماندانی خۆشەویست (ﷺ)بەچاکە لەگەڵ دایك و باوکدا :

ا ــ ﴿ رغم انف ، رغم أنف ، رغم أنف ﴾ لوتی خۆلاّوی بێ ، لوتی خۆلاّوی بێ ، لوتی خۆلاّوی بێ ، وتیان کێ ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ﴿ من أدرك و الديه عند الكبر أحدهما أو كلاهما ثم لم يدخل الجنة ﴾ مسلم واتە : ئەوکەسەی کەبەدایك و باوکی دا دەگات بەپیری یابەیەکێکیان و ئەوەندەیان خزمەت ناکات بەهۆیەوە بچێتە بەهەشتەوە .

ب ـ ﴿ الكبائر الاشراك بالله ، و عقوق الوالدين ، و قتل النفس ، و اليمين الغموس ﴾ واتە : گوناهە گەورەکان هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان و خراپەکردن و بێوەفایی لەگەڵ دایك و باوکدا و ، خەڵك کوشتن و سوێندی درۆ .

ج ــ معاویەی کوری جاهمە دەڵێ : باوکم هاتە خزمەت پێغەمبەر r ووتی : دەمەوێ بچم بۆ جیهاد ، خۆشەویست (د.خ)پێی فەرموو : دایکت ماوە ؟ وتی : بەڵێ ، فەرمووی ﴿فالزمها فان الجنة عند رجليها﴾ ئەحمەد و نسائی بەئیسنادی جید ، واتە : خزمەتی دایکت بکە چونکە بەهەشت لەبەرپێی دایە ... ( ئەمە دیارە لەکاتێکدا بووە کە بۆ جیهاد پێویستیان پێی نەبووە و ( فرض كفاية ) بووە ) .

د ــ ﴿ من الكبائر شتم الرجل والديه﴾ واتە لەگوناهە گەورەکانە یەکێ قسە بەدایك و باوکی بڵێ / وتیان ، ئایا کەس هەیە جنێو بەدایك و باوکی بدات ؟ فەرمووی : بەڵێ ، یەکێ قسە بەباوکی کەسێك دەڵێ ئەویش قسە بەباوکی دەڵێتەوە ، یان قسەبە دایکی کەسێك دەڵێ ئەویش قسە بەدایکی دەڵێتەوە .

جا واوەیلا بەحاڵی ئەوەی کە خۆی راستەوخۆ جنێو بەدایك و باوکی دەدات و دڵیان دەیەشێنێت ، کەلە فەرموودەدا هاتووە ، خراپی لەگەڵ دایك و باوکدا خوا زۆر جار لەدنیادا تۆڵەیان بۆ دەسێنێت ، ئەمە بێجگە لە سزای سەختی ئاخیرەت ﴿ كل الذنوب يغفر الله منها ماشاء الا عقوق الوالدين فانه يعجل لصاحبه في الحياة قبل الممات﴾ بيهقي .

هـ ـ ( پیاوێك لە ( بنی سلمه ) هاتە خزمەت خۆشەویست r وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئایا دوای مردنی دایك و باوکم هیچ چاکەیەك دەمێنێ بیکەم بەرامبەریان ؟ فەرمووی : بەڵێ ﴿ الصلاة عليهما ، و الاستغفار لهما ، و انفاذ عهدهما من بعدهما ، وصلة الرحم التي لا توصل الا بهما ، و اكرام صديقهما ﴾ ابوداود و ابن ماجة / واتە : دوعای خێربکە بۆیان و داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکە و پەیمانێکیان دابێ بۆیان بەجێبگەیەنە و ئەوسیلەی رەحمەی کە تەنها بەوان ئەگەیشتەجێ ، بەجێی بگەیەنە و رێز لەهاوەڵانیان بگرە .

٨ ــ بوونی رەحم و بەزەیی بەرامبەر گیانلەبەران ، تەنانەت خۆشەویست جڵەوگیری کردووە لەوەی کەنیشانە بگیرێتەوە لەگیانلەبەران مەگەر بۆ راوکردن و خواردن ، هەروەها ژنێك چووە دۆزەخەوە بەهۆی سزادان و بەندکردنی پشیلەیەکەوە کەلەبرسا تیاچوو .

٩ ــ سوننەتە کە چووینە مزگەوتەوە بڵێین : ﴿ بسم الله و السلام على رسول الله اللهم اغفر لي وافتح لي أبواب رحمتك ﴾ کەواتە لەمزگەوتا قاپیەکانی ڕەحمەت لەبڕوادار دەکرێنەوە . ( ئەحمەد و طبراني ) .

١٠ ــ ئیمان و هیجرەت و جیهاد : خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ ان الذين امنوا و هاجروا و جاهدوا في سبيل الله اولئك يَرجون رحمة الله و الله غفور رحيم ﴾ ١٢٨ : البقرة / واتە : بەراستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی کۆچ و جیهاد و تێکۆشیانیان کردووە لەپێناوی خوادا ، ئائەوانە بەهیوای ڕەحمەت و میهرەبانی خوان ، بێگومان خواش لێخۆشبوو میهرەبانە .

ئیمان و باوەڕ وکێشمەکێش و ڕوو بەڕووبوونەوەی دوژمنان و پیلانیان و کۆچ کردن و دەست هەڵگرتن لەخاك و ئاو و زێدی باوباپیران لەبەرخوا و تێکۆشانی بەردەوام بۆ گەیاندنی پەیامی خوا ، پەیامی ڕەحمەت و بەرەکەت ، بۆ بەرەی ئادەمی سەرلێشێواو و دوور لەخۆشی و بەختیاری و ڕەحمەت ، پاداشتێکی یەکجار گەورەی لەسەرە ، کە بەئەوەندەی دنیا و چی تێدایە مەزەندە دەکرێت ﴿ لان يهدي الله بك رجلاً واحداً خير لك من الدنيا و ما فيها ﴾ ...

گەیاندنی پەیامی خوای ( ارحم الراحمين ) کە ( رحمه للعالمين ) ە بۆ پەروەردەکردنی مرڤێکی چاکی میهرەبان و خاوەن ڕەحمەت ، دەبێتە هۆی دەست کەوتنی ڕەحمەتی خوا و پاداشتی نەك هەر بەهەشت بەڵکو پاداشتی چوونە ناو ڕەحمەتی خواوە کە فراوانترە لەبەهەشت و هەموو ناز و نیعمەتەکانی ، خوای گەورە بەرەحمی خۆی ئەم پەیامەی بۆ خۆشەویست r نارد و ئەگەر ئەو ڕەحمەت و فەزڵەش نەبوایە هەمووان دەبوونە شوێن کەوتەی شەیتانی دوور لەرەحمەت و میهرەبانی خوا ﴿ ولولا فضل الله عليكم ورحمته لأتبعتم الشيطان الا قليلا ﴾ النساء : ١٨٣.

**( ٢٥١ ) هیدایەت**

خوای گەورە یەکێ لەناوو سیفاتە پیرۆزەکانی ( الهادى ) ە واتە ڕێنمایی بەندەکانی دەکات و کارئاسانیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی ڕێی هەق و ڕاستی بگرنەبەر .

هروەك دەفەرموێ : ﴿ والله يدعو الى دار السلام و يهدي من يشاء الى صراط مستقيم ﴾ ٣٥ : یونس وتە : خوا بانگەواز دەکات بۆ بەهەشتی پڕ لەشادی و ئاشتی و ئاسایش ، هەرکەسێ بیەوێ ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگە و ڕێبازی ڕاست و دروست .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ قُلْ هَلْ مِنْ شُرَكَائِكُمْ مَنْ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ قُلِ اللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ أَفَمَنْ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ أَحَقُّ أَنْ يُتَّبَعَ أَمَّنْ لَا يَهِدِّي إِلَّا أَنْ يُهْدَى فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ (٣٥)﴾ يونس :**٣٥** واتە : ئایا ئەوانەی دەیکەن بە هاوەڵ بۆ خوا دەتوانن هیدایەت بدەن بۆ هەق ، پێیان بڵێ : خوایەکە هیدایەت دەدات بۆ هەق ، جا کەسێ هیدایەت بدات بۆ هەق ڕەواترە شوێنی بکەون یان کەسێك کە ناتوانێ هیدایەت بدات مەگەر هیدایەت بدرێ و ڕێنمایی بکرێ ، ئێوەچیتانە ، چۆن بڕیارێکی نارەوا دەدەن لەم مەسەلەیەدا ؟!

خوای پەروەردگار قورئانی ناردووە کە ڕێنمایی مرۆڤ بکات و ڕێی ڕاستی پیشان بدات ﴿ ان هذا القران يهدي للتي هي أقوم ﴾ الاسراء : **٩** واتە : ئەم قورئانە ڕێنمایی و هیدایەتی مرۆڤ دەدات بۆ ڕاست ترین و تەواوترین بەرنامە .

هەروەها محمدیش (ﷺ)هەرکاری ڕێنمایی یە ، ئیتر زۆری لەسەر کەس نی یە ، مرۆڤەکان ئازادن ﴿ وانك لتهدي الى صراط مستقيم ﴾ شوری : **٥٢** وەبەحەز و ئارەزووی خۆشەویست r نیە ، کەسێ نەیەوێ زۆری لێناکرێ باحەزیش بکات کەچاك ببێت و ڕێی ڕاست بگرێتە بەر ، چەند حەزی دەکرد مامی موسڵمان ببێ لەسەرە مەرگدا ، کەچی نەبوو بۆیە خوا پێی فەرموو ﴿ انك لا تهدي من أحببت و لكن الله يهدي من يشاء ﴾ **٥٦** القصص .

جا ئەوەی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)و بانگخوازانە ڕاگەیاندن و ( بلاغ ) ێکی ڕوون و ئاشکرایە ﴿ وما على الرسول الا البلاغ المبين ﴾ جا ئەوانەی هەق وەردەگرن ، ئەوانە خوا هیدایەتیان دەدات و (توفيق) یان دەدات ﴿ ويزيد الله الذين اهتدوا هدى ﴾ مريم : **٧٦** و ﴿ و الذين اهتدوا زادهم هدى و اتاهم تقواهم ﴾ **١٧** : محمد واتە: ئەوانەی ڕێی ڕاست دەگرنەبەر خوای گەورە هیدایەتیان بۆ زیاتر دەکات و پارێزکاری و تەقوایشیان پێدەبەخشێت .

* مامەڵە و ڕەفتاری چاك مایەی هیدایەتە :

ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی دەدات بەمامەڵە و هەڵس و کەوت و ڕەفتاری موسڵمان لەگەڵ گشت کەسێکدا ، چونکە زۆر جار بەرەفتارێکی جوان یان بەقسەیەکی خۆش کەسێك ڕێی ڕاستی گرتۆتەبەر ، هەروەك لەمێژوودا تۆمارکراوە هەندێ وڵات بەهۆی ڕەفتار و مامەڵەی جوانی کۆمەڵە بازرگانێکەوە موسڵمان بوون کە بەهۆی بازرگانی یەوە ڕێیان کەوتۆتە ئەو ناوچانە .

هەر لە بەرەئەوەشە کە ( الكلمة الطيبة صدقة ) و شەو وتاری جوان و چاك خێر و پاداشتی لەسەر وەردەگیرێ . نەك هەر ئەوەندە بەڵکو زەردەخەنە و روو خۆشیش پاداشتی هەیە ﴿ لا تحقرن من المعروف شيئاً ولو أن تلقى أخاك بوجه طلق ﴾ بۆ نموونە سەردانی نەخۆشێك رەنگە ببێتە مایەی هیدایەتی ... پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی ماڵی جولەکەیەکی دراوسێی کرد ، کە مناڵەکەیان نەخۆش بوو ، قسەی خێری بۆ کرد و موسڵمان بوو ، خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە یەکێکی لەئاگر پێ رزگارکردین .

**( ٢٥٢ ) بەخشین لەبەر خوا**

قورئان دەفەرموێت : ﴿ وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا (٨) إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا (٩)﴾ الانسان

واتە : بەندە چاکەکانی خوا ، خۆراك دەدەن بەهەژاران و هەتیوو دیل ، لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستیان بەو خۆراکەیە و خۆشیاندەوێ ،لەبەر رەزامەندی خوا باوی ئەوان ئەدەن بەسەرخۆیاندا ، بەبێ ئەوەی هیچ منەتێك بکەن ، بەڵکو دەڵێن : ئێمە هەر لەبەرخوا خۆراکیان ئەدەینێ و چاوەڕوانی هیچ پاداشتێك نین لێتانەوە و نامانەوێت .

* مامەڵە و رەفتاری جوان لەگەڵ میواندا : ( خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : هەرکەس بڕوای بەخوا و رۆژی دوایی هەبێت با رێز لەمیوان بگرێ )

* ئەبوهەرەیرە دەڵێت : پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی : ماندووبرسیم ، جا ناردیە لای خێزانێکی بۆ ئەوەی خواردنێك پەیدابکات بۆ ئەم میوانە ، کەچی هیچی وای شك نەبرد کە دست بدات بۆ خواردن و بدرێت بەو میوانە ، بەم شێوەیە خێزانەکانی دیکەشی شتێکی وایان لانەبوو شایەنی باس بێت .

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : کێ هەیە میوانداری بکات خوا رەحمی پێبکات ، ئەبوتەڵحە هەستاو وتی : من دەیبەمەوە ،کاتێ بردیەوە ماڵەوە بە ( ئوم سولەیم ) ی خێزانی وت : ئایا هیچمان هەیە ؟ گوتی : نەخێر ، تەنها خواردنی مناڵەکان نەبێت . ئەویش گوتی : بەشتێك بیانخلافێنە هەتا دەخەون ، جا ئەگەر خواردنەکەشت بۆ میوانەکەدانا ، برۆ چراکە بکوژێنەوە ، با وابزانێت چاکیدەکەیت ، بۆ ئەوەی شەرم نەکات و ئێمەش لەگەڵی نەخۆین .

(ئوم سولـەیم ) یش ئەم كارەی كرد ، تا میوانەكە تەواو بوو ، پاشان خەوتن و بۆ بەیانی كە ( ئەبو تەڵحە ) چوو بۆ لای خۆشەویست ﷺ پێی فەرموو : بەراستی خوا سەرسام بوو وپێكەنی بەوكارەی ئەمشەو كردتان بەرامبەر بەو میوانە .

بەراستی ئەم كردەوەیەش رەنگدانەوەی ئەم ئایەتەیە كە دەفەرموێ : ﴿ ويؤثِرون على أنفسِهم و لوكان بهم خَصاصة ﴾ الحشر : ٩ وە دەڵێن ئەم ئایەتە لـەسەر ئەبوتەڵحەو خێزانی هاتە خوارەوە.

**( ٢٥٣ ) مامەڵەی جوان لەگەڵ دیلدا**

یەكەم / ثمامةی كوری آثال ، گەورەی بەنی حەنیفەبوو ، لـەدوای غەزای خەندەق دەیەوێت بچێ بۆ ( عومرە) ، لـەرێگا ئەو سریەیەی كە دەرچووبوو بۆ تەمێكردنی پەیمان شكێنەكان دەیگرن و بەدیلی دەیهێنن بۆ مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)ئەویش فەرمان دەدات بە كۆڵەكەیەكی مزگەوتەوە بیبەستنەوە ، بەڵكو هەڵس و كەوتی موسڵمانەكان كاری تێبكات و رۆژانە دووسێ جار شیروخواردنیان بۆ دەهێنا لـەسەر فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ)، بەیانی یەك خۆشەویست (ﷺ) هات بۆ لای و فەرمووی : چی دەڵێی (ثمامە) ئەویش وتی : ئەگەر بمكوژی سەد هەزار چەكدار بەدوامەوەیە و هەقم دەسێنن ، وە ئەگەر داوای پارەش دەكەی چی داوادەكەی بیكە دەتدینێ ، وە ئەگەر خۆشیش ببی لـەكەسێك خۆش دەبی كەسوپاسگوزارە و لـەبەرچاوێتی .

سێ رۆژ بەم جۆرە حەزەرت(ﷺ)پرسیاری لێكرد و ئەمیش هەمان وەڵامی دایەوە ، پاش ئەو سێ رۆژە خۆشەویست (ﷺ)فەرمانی دا ، ئازادی بكەن ، كە ئازادیان كرد ، چووەلایەكی مزگەوتەكەوە و وتی : أشهد أن لا اله الا الله و أشهد أن محمداً رسول الله ... ئنجا وتی : ئەی محمد كەس نەبوو بەهێندەی تۆ من رقم لێی بێت ، ئێستا لـەهەموو كەس خۆشەویسترێت لـەلام ، هیچ ئاینێ نەبوو بەهێندەی ئاینەكەی تۆ رِقم لێی بێ ، ئێستا بەپێچەوانەوە خۆشەویسترین ئاینە لـەدڵمدا ، بەخوا وڵاتەكەشت خراپترین وڵاتبوو لـەلام و زۆر رقم لێیبوو ، بەڵام ئێستا خۆشەویسترین وڵاتە لـەلام ...

ئنجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش ئەوەی دیلم بكەن نیازی عومرەم هەبوو ئەویش فەرمووی برۆ عومرەكەت بەجێ بگەیەنە ... كە چوو بۆ عومرە و تەوافی كرد وەك موسڵمانان ( لبيك اللـهم لبيك ) ی وت : ئەوانیش وتیان تۆ لـەئاینی باوو باپیرت وەرگەراوی وتی نەخێر بەڵكو موسڵمان بووم .

ئنجا بەدیل گرتیان و یستیان ئازاری بدەن ، ئەویش هەواڵی نارد بۆ گەلەکەی لە ( یەمەن ) کەوا گەنم و جۆ مەنێرن بۆ مەککە و ئابڵوقەی ئابووری بخەنە سەریان بەمەش مەککە پەشیمان بوونەوە و داوایان لێکرد کە ئابڵوقەیان لەسەر لاببات ، ئەویش وتی : هەتا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانم پێنەدات ئابڵوقەتان لەسەر هەڵناگرم ، ئەوانیش ناچار وەفدێکیان نارد بۆلای خۆشەویست و تکاو رجای دنیایان لێکرد کەلەبەرخاتری خزمایەتی داوابکات لە ( ثمامە) کە گەنم و جۆیان بۆ بنێرێ ... خۆشەویستیش (ﷺ)فەرمانی بۆ نارد ، کە بەمەش ئابڵوقەی لەسەر مەککە هەڵگرت .

بەراستی هەڵوێستی جوانی خۆشەویست (ﷺ) و موسڵمانان بەرامبەر ( ثمامە ) بووە هۆی ئەو دەسکەوتە گەورەیە .

٢ ــ حەکەم کوری کیسان لەسریەیەکدا بەدیلگیرا ، بەستیانەوە بە کۆڵەکەیەکەوە ، خۆشەویست (ﷺ) پێی فەرموو: دەنگوباست چی یە ، ئایا بڕوا ناهێنی بەخوا ؟وتی: نەخێر ، عومەر فەرمووی : ریم بدە بالەگەردنی بدەم بەخوا بڕوا ناهێنێ ، خۆشەویست (ﷺ)فەرمووی ئازادی بکەن.کاتێك ئازادیانکرد چوو خۆی شت و وتی : أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله.

خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : براکەتان فێری ئیسلام بکەن ئنجا فەرمووی : ئەی عومەر ئەگەر بەقسەی ئێوەم بکردایە ئەتان نارد بۆ دۆزەخ .

٣ ــ وەلید کوڕی وەلیدی موغیرە بەدیلگیرا و لای عبدالله ی کوری جەحش بوو ، لەشەودا لەبەرسەرما عەباکەی خۆی دەدایە بۆ ئەوەی ئەو سەرمای نەبێت و ، خۆی بەرگەی سەرماکەی دەگرت ، بەیانیان خواردنیان دەدایە پاش ئەوەی ئەو تەواو دەبوو ئنجا عبدالله پاشماوەکەی دەخوارد، وەلید پرسی: بۆ تۆ ئاوا خزمەتی من دەکەیت و پێش خۆتم دەخەیت لەجل و لەخواردنا ؟

ئەویش وتی : خوای گەورە فەرمانی پێداوین ﴿ ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا و یتیما و أسیرا ﴾ ئەم ئایەتە کاری کردە سەردڵی وەلید ، بەڵام ئاشکرای نەکرد ، تا خالیدی کوری وەلید و هشام هاتن کە برای بوون ، بەچوار هەزار درهەم ئازادیان کرد کە گەیشتەوە مەککە لەناو خەڵکدا موسڵمان بوونی خۆی راگەیاند ، وتیان باشە هەر کە موسڵمان دەبووی ، لەوێ ببویتایە ، با ئەو پارەیەمان نەدایە ، وتی : بۆیە لەوێ موسڵمان نەبووم تاوەکو نەڵێن لەترسی دیلێتی موسڵمان بووە ، هەروەها ویستم موسڵمانان پارەیەکیان دەست بکەوێ و پێی بەهێز بن .

ئیتر ( ولید) لەگەڵ ( عیاش کوری رەبیعە ) و چەند موسڵمانێکی تر لە (مستضعفین) بوون لەمەککە و دیلیان کردبوون ، بۆیە خۆشەویست لەقنوتدا دوعای رزگار بوونی بۆ دەکردن .

٤ ــ ئەبو عەزیز کوری عومەیر دەڵێ : دیل بووم لای کۆمەڵێ ئەنصار ، خزمەتی باشیان دەکردم ، ئەگەر نانێکی باشیان دەست بکەوتایە دەیاندا بەمن و خۆیان خورمایان دەخوارد ، لەبەر ئامۆژگاری و فەرمانی خۆشەویست کە پێی دابوون ، بەچاکەکردن لەگەڵ دیلدا .

ئەگەر نانەڕەقێ بکەوتایەتە دەست یەکێکیان دەیاندا بەمن و خۆیان نەیان دەخوارد و بەبرسێتی دەمانەوە ، منیش لەشەرما دەمگێڕایەوە بۆیان ، کەچی قایل نەدەبوون بە زۆر دەیان وت : دەبێ تۆ بیخۆی .

**( ٢٥٤ ) خوا محمدی بۆ هیدایەتدان ناردووە**

لەنزیکەی سی مانگ فرمانڕەوایدا ، عومەری کوری عبدالعزیز توانی خەڵکی بەرە و خواناسی و چاکەکاری بەرێت و ئاسایش و دادپەروەری بچەسپێنێ و هەرکەس ناهەقی یەکی بەرامبەر کرابێ یان مافێکی خورابێ هەقەکەی بۆ بگێڕێتەوە .

عومەر هەوڵی زۆری دا کەبەکار و کردەوەی جوان ( اهل الذمة ) بێنێ بەرە و ئیسلام ، بۆیە لەسەردەمی ئەودا خەڵکانێکی زۆر موسڵمانبوون ...

هەندێك لەکاربەدەستان ، بەتایبەت والی میسر ( ئەیوب کوری شرحبیل ) ترسا لەوەی کە ئەگەر ئاوا زۆر لەخەڵکی موسڵمان بن و ( جزیە ) نەدەن ، ئابووری دەوڵەت زیانی لێبکەوێت ، بۆیە داوای لەعومەرکرد کەرێی بدات ئەگەر ( أهل الذمة ) ی میسر موسڵمان بوون ( جزیە ) هەربدەن عومەری بانگخوازیش بۆی نووسی و وەڵامی دایەوە (جزیە لابە لەسەر ئەوانەی کە موسڵمان دەبن ، خوا بیر و بۆچوونەکەت بەقوڕا بەرێت ، بەراستی خوا محمدی (ﷺ)بۆ هیدایەت دانی خەڵکی ناردووە نەك بۆ پارە وەرگرتن و ( جزیە) سەندن ، کوا عومەر ئەوەندە بەخت باش بوایە و هەموو خەڵکی لەسەردەستیا موسڵمان ببونایە ) .

لە خۆراسانیش ، دەستەو دایرەی خراپ وایان لەوالی ئەمەوییەکان کرد کە ناوی (جراح کوری عبدالله ) بوو ، کە هەرکەس لەئەهلی زیمە وتی موسڵمان بووم داوای لێبکرێ خەتەنە

بكرىَ ، تا بزانن راست دەكات يان لـەترسى ( جزيه ) موسـڵمان بووه ، كاتێ (جراح) ئەم بيرۆكەيى نارد بۆ عومەر لـەوەلاَميدا وتى : ( خوا محمدى (ﷺ)بۆ بانگخوازى ناردووه نەك بۆ خەتەنه كردن ).

هەروەها لـه ( بەصره )شەوه نامەى كاربەدەستى ئەوێ هات و باسى ئەوەى تياكردبوو، خەڵكى زۆر دێن بەرەو ئيسلام و دەترسم ئابوورى دەوڵـەت زيانى لێ بكەوێ ، عومەريش لـەوەلاَميدا وتى : ( لـەنامەكەت تێگەيشتم ، بەخوا حەزدەكەم هەموو خەڵكى موسـڵمان بن و ئيتر ئەگەر دەوڵـەتيش پارەى نەبوو مووچەمان بداتێ من و تۆ دەچين فەلاحەت دەكەين و بەرەنجى شان بژێوى خۆمان پەيدا دەكەين ) ...ل ٨٤ ملامح الانقلاب الاسلامى د . عماد الدين خليل .هەرواش دەرچوو كه عومەر دەيفەرموو  خەڵكانێكى زۆريش موسـڵمانبوون و ئابووريش بەرەكەتى بەجۆرێك تێكەوت كه زۆربەى خەڵك گوزەرانيان باش بوو ، هەژارى تا دواپلـه كەم بووەوه .

بەڵێ ئەو عومەرەى كەپەروەردەى چاك كرابوو لـەبەردەستى مامۆستاى بانگخواز (عبيد الله كورى عبدالله كوڕى مسعود الهزلى )دا .. دەروونى خۆى گۆڕى بەرەوچاكه و هەموو هيوا و ئامانجى رەزامەندى خوا و چوونه بەهەشت بوو ... هەروەك دەڵێ ( من نەفسێكى بەپەرۆشم هەيه ، گەيشتبێته هەر پلـه و پايەيەك ، هەوڵى لـەوه بەرزترى داوه ، تاوەكو ئەمرۆ گەيشتۆته پلـەيەك كه لـەوه بەرزتر نيه و، ئەمرۆ نەفسم بۆ بەهەشت دەشنێ و بۆ بەهەشت پەرۆشه ) ل ٢٤ / ملامح الانقلاب .

عمركوڕى عبدالعزيز به پێنجەم خەليفەى ئيسلام دادەنرێ ، زۆر ژيرانه بەيارمەتى خوا خەڵكى برد بەرەوچاكه و چاكەخوازى ، وايان لێهاتبوو بەيانيان پرسياريان لـەيەكترى دەكرد لـەبارەى شەو نوێژ و قورئان خوێندن و لـەبەركردنيەوه .

عومەر بەراستى شۆڕشێكى بەرپاكرد كه هەردەم موسـڵمانان تووشى بێهيوايى نەبن و بزانن ئەگەر نيەت بۆ خوا چاك بێ دەتوانن گۆڕانكارى گەوره و مەزن بكەن لـەواقيعى خەڵك و ژياندا .

دياره كارى وا مەزنيش بێ دوژمن نابێ ، بۆيه كەسوكارى خۆى لـەئەمەويەكان كەبەرژەوەنديان كەوتبووه مەترسى يەوه پاش نزيكەى سى مانگ توانيان دەرمان خواردى بكەن و بەمەش پشت بەخوا پلـەى شەهيدى دەستكەوتووه ، خوا بەبەهەشتى بەرين جەزاى بداتەوه و ، يارمەتى ئێمەش بدات بۆ رۆيشتن بەرێبازى چاكەخوازى ئەودا ...

## ( ٢٥٥ ) گەیاندنی پەیامێکی جیهانی

ئاشکرایە کە پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) دوا پێغەمبەرە و بۆ هەموو جیهان ، بە ئادەمیزاد و پەری یەوە ڕەوانەکراوە قورئان دەفەرموێت :

﴿ وما أرسلناك الا رحمة للعالمين ﴾ الانبياء : ١٧ واتە : تۆمان رەوانە نەکردووە مەگەر بۆ ئەوەی ببێتە رەحمەت بۆ عالـەم .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ تبارك الذي نزل الفرقان على عبده ليكون للعالمين نذيرا ﴾ الفرقان : ١ واتە : بەرز و پیرۆز و پاك و بڵندە ئەو زاتەی کە قورئانی ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر بەندەکەی ( کە هەق و ناهەق لـەیەك جیادەکاتەوە ) تا ببێ بەهۆشیار کەرەوە و بێدار کەرەوەی هەموو جیهان .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿ هذا بلاغ للناس و لينذروا به وليعلموا أنما هو اله واحد وليذكرَ أُولوا الالباب ﴾ ابراهيم : ٥٢ / واتە : ئەم قورئانە راگەیاندنێکە بۆ خەڵکی بەگشتی تا بەهۆیەوە یاداوەری وەرگرن و پەیڕەوی بکەن ، وە چاکیش بزانن و دڵنیابن ، کە ئەو زاتەی قورئانی ناردووە خوایەکی تاك و تەنهایە ، وە هەروەها بۆ ئەوەیە کە خاوەنی بیرو هۆشەکان یاداوەری وەرگرن و بیربکەنەوە.

جا ئەم پەیامە دەبێ بگەیەنرێ بەخەڵکی ﴿ وأوحي الي هذا القران لانذركم به ومن بلغ﴾ الانعام : ١٩ / واتە :ئەم قورئانەم بە سرووش بۆ هاتووە تا ئاگادارتان بکەمەوە ، وە هەرکەسێکیش کە پێی رابگەیەنرێ و پێی بگات .

خوای پەروەردگار خۆشەویستی (ﷺ) راسپاردووە کە بەچاکی بیگەیەنێ و وریای دەکاتەوە کە دانەنیشێ و سستی نەکات ، لـەکاتێکدا کە خوا خۆی دەیپارێزێ لـەدوژمن : ﴿ يا ايها الرسول بلغ ما أنزل اليك من ربك ، وان لم تفعل فما بلغنت رسالته و الله يعصمك من الناس ، ان الله لايهدي القوم الكافرين ﴾ المائدة : ٦٧

هەروەها قورئان لـەسەر زمانی خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : کە هیچ رزگاری ناکات مەگەر گەیاندنی پەیامی خوا ﴿ قل اني لن يجيرني من الله أحد ولن أجد من دونه ملتحدا ، الا بلاغاً من الله ورسالاته ... ﴾ الجن : ٢٢

واته : پێیان بڵێ کەس ناتوانێت پەنام بدات و رزگارم بکات لەسزای خوا ، وە هەرگیز کە نابێتە پشتیوان و یاریدەدەرم ، مەگەر گەیاندنی پەیام و بەرنامەی خوا رزگارم بکات ﴿ومن یعص الله و رسوله فان له نار جهنم خالدین فیها ابدا﴾ وە هەرچی لەخواو پێغەمبەرەکەی یاخی بێت و بەگوێیان نەکات ، ئەوە بادڵنیا بێت کە دۆزەخی بۆ ئامادە کراوە بۆ هەتا هەتایی .

لەسەرەتادا خۆشەویست (ﷺ) ئەم پەیامەی گەیاند بەکەس و کار و خزمە نزیکەکانی و، هاوسەری بەرێزی ( خەدیجە ) و ئامۆزاکەی ( عەلی ) و ( ئەبوبەکر ) ی هاوڕێ و چەند کەسێکی دیکە موسڵمانبوون ...

پاشان کەخوا فەرمانی پێدا﴿ وأنذر عشیرتك الاقربین ﴾ الشعراء٢١٤ ، خۆشەویست (ﷺ) چووە سەرکێوی ( صفا ) و هاواری کرد لە قورەیش ، ئەوانیش لێی کۆبوونەوە ،پاشان فەرمووی : ئەگەر پێتان بڵێم کە دوژمن لەپشت ئەم شاخەوەیە و دێت بۆتان بروام پێدەکەن ؟ وتیان : درۆمان لێ نەدیوی . فەرمووی : دەبزانن کە من ئاگادارکەرەوەی ئێوەم لەسزای سەختی خوا ... ئەبو لەهەب وتی : تبا لك ! بۆ ئەمە کۆت کردینەوە ؟ خوای گەورە ئەم سورەتەی ناردە خوارەوە ﴿ تبت یدا أبي لهب و تب ، ما أغنی عنه ماله وما کسب ، سیصلی ناراً ذات لهب ﴾ المسد .

پاش چەند ساڵ هەوڵ و تێکۆشان و ئارام گرتن و دانی قوربانی و شەهیدبوونی چەند هاوەڵێك ، خۆشەویست (ﷺ)کۆمەڵێ لەهاوەڵانی نارد بۆ حەبەشە ، دیارە ئەوانیش لەوێ چەندیان پێکرابێ لەچەند ساڵێکدا بانگی خوایان گەیاندووە و بووەتە بنەڕەتی بانگەواز لە ئەفریقیادا ...

ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ طائف بۆ گەیاندنی بانگی خوا ، لە طائف قسەی کرد لەگەڵ هەرسێ سەرۆکەکەیاندا کە ( عەبدیالەیل و و مەسعود و حەبیب ) بوون ، پاش ئەوەی باسی ئیسلامی بۆ کردن ، یەکێکیان وتی : بەرگی کەعبەم دڕیبێ ئەگەر تۆ پێغەمبەر بیت، یەکێکی تریان وتی : خوا کەسی دەستنەکەوت بیکات بە پێغەمبەر تۆ نەبێت ؟ سێیەمیان وتی : من هیچ ناڵێم ، ئەگەر پێغەمبەربیت لەوەگەورەتری من هیچت پێ بڵێم و، ئەگەر درۆزنیش بیت ئەوە هەق نیە هیچت لەگەڵ بڵێم .

بە کورتی خۆشەویست (ﷺ)لێیان بێهیوا بوو ، ئنجا ویستی بگەڕێتەوە ، داوای لێکردن کەباسی ئەم هاتنەی نەکەن تا قورەیش پێی نەزانێ ، جا نەك ئەمەشیان نەکرد بەڵکو مناڵانیان لێ هاندا

کەبەردەبارانی بکەن ، چەند ( زەید) هەوڵی دەدا بیپارێزێ بێسوود بوو سەرەنجام خۆشەویست (ﷺ) ئازاری پێگەیشت و سەروقاچی پیرۆزی بریندار بوون تا گەیشتنە ناوباخی ( عوتبە و شەیبە ) ی کوڕانی ( رەبیعە) ئەوانیش کەبینیان بەزەییان پیادا هاتەوە و منالآنیان دوورخستەوە لێی ، ئنجا خۆشەویست (ﷺ) لەبەرخۆیەوە فەرموی : ( خوایە هەر لای تۆسکالآی کەم هێزی و بێ دەرفەتی و سووکیم لای خەڵك دەکەم ، تۆ پەروەردگاری بێنەوایان و پەروەردگاری منی ، بەکێم دەسپێری ؟ بە بێگانەیەك کە بەڕووگرژی و ناوچاو تاڵی یەوە سەیرم بکا ، یان بەدوژمنێك کە کاروبارمت خستۆتە ژێر دەستی ؟ لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو شتێك دەخەمە پشت گوێ بەمەرجێك تۆم لێ نەرەنجێ ی ، بەڵام خۆشنوودی و میهرەبانیت بۆ من فراوانترە ، پەنا دەگرم بەنووری رووت ( کە هەموو تاریکی یەکان بۆی رووناك بوون و، هەموو کاروبارێکی دنیا و ئاخیرەتی پێ چاك بووە ) لەوەی کە غەزەب و خەشمت برژێنی بەسەرمداو لێم زویر ببی ، هەموو کەس هەموودەم شایانی سەرزەنشتە تا تۆ لەخۆی رازی دەکات ، هیچ پەناو هێزێك نیە مەگەر لەتۆوە بێت).

( عوتبە و شەیبە ) کە چاویان لەم دیمەنە بوو ، ( عداس ) ی خزمەتکاریان بەهێشوویەك ترێوە نارد بۆ لای ، کاتێ ویستی ترێ کە بخوات فەرمووی ( بسم الله ) ، (عداس ) وتی : ئەم وتەیە خەڵکی ئەم ناوچەیە نایڵێن ! پێغەمبەریش (ﷺ)فەرمووی : بۆچی تۆ خەڵکی کوێ یت ؟ وتی : گاورم و خەڵکی نەینەوام . فەرمووی : تۆ خەڵکی شارەکەی ( یونس کوری مەتی ) ی ؟ وتی : تۆ ( یونس ) لەکوێ دەناسیت ؟ فەرمووی : (یونس ) برامە و پێغەمبەری خوابوو منیش پێغەمبەرم ، خوای گەورەش داستانی (یونس) ی بۆگێڕاوەمەتەوە ، ئیتر ( عەداس ) کەوت بەسەر دەست و قاچیدا و ماچیکرد .. (عوتبە و رەبیعە ) بەیەکیان وت : بەخوا بەندەکەی لێ هەڵگێڕاینەوە ، کە هاتەوە وتیان ئەوە چی بوو دەست و قاچت ماچ کرد ؟ وتی : قوربان لەسەر زەویدا لەو چاکتر نی یە ، ئەوشتێکی بەمن وت تەنها پێغەمبەر دەیزانێ ! وتیان : ماڵ وێران وریابە لەدینەکەت وەرنەگێڕێ دینەکەی خۆت چاکترە !!

هەر لەرێی گەڕانەوەیدا لەناوچەی ( نخلە) شەونوێژی دەکرد کە کۆمەڵێك پەری گوێیان لەقورئان خوێندنەکەی گرت و موسڵمان بوون و ، چوونەوە ناو کۆمەڵی پەریان و کەوتنە بانگ کردنیان بۆ ئیسلام ، خوای گەورەش ئەمەی لەقورئاندا باسکردووە کە دەفەرموێ : ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَا

إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (٢٩) قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (٣٠) يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٣٢) ﴾ **الاحقاف**

**واته : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك دەستەی ئادەمیزاد سەرسەختانە بەرەنگاری بانگەوازەکەت بوون ، ئێمە دەستەیەك پەریمان رەوانەی لای تۆکرد هەتا گوێ لەقورئان بگرن ، جا کاتێ کە ئامادەبوون هەندێکیان بەهەندێکی تریان وت گوێبگرن و بێدەنگ بن ، کاتێك کە قورئان خوێندنەکە تەواو بوو پەری یەکان گەڕانەوە بۆ ناو هۆز و گەلـەکەیان و دەستیان کرد بەئاگادارکردنەوەیان .**

**وتیان : ئەی گەلی ئێمە ، گوێمان لـەپەڕاوێك بوو کەلـەدوای موسا نێردراوە ، سەلمێنەری پەیامەکانی پێش خۆیەتی و رێنمونی و هیدایەتە بۆ هەق و بۆ رێی راست . ئەی خزمینە : بچن بەدەم بانگخوازی خواوە و بڕوای پێ بهێنن ، ئەوکاتە لـەگوناهەکانتان خۆش دەبێت لـەسزای پڕ ئێش و ئازار دەتان پارێزێت . جا ئەوەی پێشوازی بانگخوازی خوا نەکات وە نەبێت لـەدەست خوا دەرچێت لـەم سەرزەوی یەدا ، وەکەسیش ناتوانێت رزگاری بکات و پشتیوانی لێبکات ، بەراستی ئەوانەی کە باوەڕناهێنن لـەگومڕایی و سەرلێشێواویەکی زۆر ئاشکرادان .**

**لـەگەڕانەوەدا خۆشەویست (ﷺ) دەگاتە نزیك مەککە ، جوبرەئیل دێتە لای و دەفەرموێ : بەراستی خوای گەورە گوێی لـەقسەی گەلـەکەت بوو بۆت و ئەوەش کەوەڵامیان دایتەوە ، ئەوە مەلائیکەتی شاخەکانە ناردویەتی هەرچیت دەوێ فەرمانی پێبدە ئنجا مەلائیکەتی شاخەکان سەلامی لێکرد و فەرمووی : ئەی محمد ئەگەر دەتەوێ ئەو دووشاخەی دەوری مەککە دەڕوخێنم بەسەریاندا . ئەویش فەرمووی : من ئومێدەوارم کە خوا لـە وەچەی ئەوان کەسانێك بهێنێ کە خواپەرستن و هیچ شتێك نەکەن بەهاوەڵی .**

.

.

***خۆشەویست (ﷺ) لەمەوسیمی حەجدا :**

پێغەمبەر (ﷺ) بیٚ ئەوەی کۆڵ بدات ، شەوو رۆژی خستبوە سەریەك بۆ ئەوەی کەسێك زیاتر بانگ بکات بۆ بەرنامەی خوا ، بەتایبەت لەمەوسیمی حەجدا کەلە هەموو لایەکی نیوە دوورگەی عەرەبەوە دەهاتن بۆ زیارەتی کەعبە و حەج کردن ...

خۆشەویست (ﷺ) سەردانی ئەوهۆزانەی دەکرد کە هاتبوون و دەیفەرموو خەڵکینە بڵێن : لا اله الا الله ، سەرفراز دەبن ،ئەبو لەهەبی مامیشی بەدوایدا دەڕۆیشت و دڵی خەڵکەکەی سارده‌کردەوە و دەیووت بڕوای پێمەکەن ، واز لەلات و عوزا مەهێنن ، بەقسەی مەکەن .

خوای گەورە پاش ئەو هەوڵ و ماندووبوونە زۆرە شەش کەسی بۆ نارد لە (خەزرەج ) کەلە شاری ( یثرب ) ەوە هاتبوون ، باسی ئیمان و ئیسلامی بۆ کردن و موسڵمان بوون ، پاشان لەساڵی داهاتوودا دوانزە کەس لەئەوس و خەزرەج هاتن و پەیمانی عەقەبەی یەکەمیان بەست و خۆشەویستیش ( مصعب ) ی نارد لەگەڵیان کە مامۆستایان بیٚ ...

بۆ ساڵی دواتریش حەفتا و سیٚ کەس ژن و پیاو هاتن و پەیمانی عەقەبەی دووەمیان بەست لەگەڵ خۆشەویست دا (ﷺ) پاشان خۆشەویست کۆچی کرد بۆ لایان و دەوڵەتی ئیسلام دامەزرا .

***خۆشەویست (ﷺ) جوولەکەکان بانگ دەکات :**خۆشەویست (ﷺ) بانگی جوولەکەکانی دەکرد بۆ سەر ئایینی ئیسلام ، بۆ ئەمەش یەك یەك یان بەکۆمەڵ قسەی لەگەڵ دەکردن و وەڵامی پرسیارەکانیانی ئەدایەوە ... جا نەك هەر بەقسە بەڵکو کردار و رەفتاری جوانیش کاریگەری هەبوو لەسەریان وەك لەم رووداوەدا باسی دەکەین :

حاکم ریوایەتی کردووە لە عبدالله کوری سلامەوە کە دەڵێت : کاتێك خوا ویستی هیدایەتی زەید کوری سەعنەبدات ، زەید وتی : هیچ نەماوە لەنیشانەکانی پێغەمبەرایەتی لە محمددا نەیبینم ، تەنها دووشت نەبێت : کە حیلمەکەی پێش هەڵچوونی دەکەویٚ ، وە هەرچەندە زیاتر تووڕە بکریٚ زیاتر ئارام دەگریٚ ... بۆیە دەمویست لیٚی نزیك ببمەوە و خۆم تاقی بکەمەوە .

رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵەوە هاتە دەریٚ و عەلی لەگەڵدابوو ، پیاوێکی دەشتەکی بەسواری ولاٚخەکەیەوە هات و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، خەڵکی فلان دیٚ موسڵمان بوون ، وە

من پێم و تبوون ئەگەر موسڵمان بن ڕزق و ڕۆزیتان زۆر دەبێ ، وا ئێستاش تووشی وشکە ساڵ بوون ، ئەترسم وەك چۆن بەخۆشی ماڵ و حاڵی چاکەوە موسڵمان بوون ، ئاوا لێی دەرچن لەم بارو زرووفەدا ، ئەگەر دەتوانیت بەڵکو هەندێ یارمەتیان بۆ بنێری.

خۆشەویستیش(ﷺ) بە ئیمامی عەلی فەرموو : هیچمان لەبەردەستایە بۆیان بنێری ؟ وتی : نەخێر هیچمان لا نەماوە .

( زەید دەڵێ ) منیش بەفرسەتم زانی وتم : ئەی محمد هەندێ خورمام بدەنێ لەفلاَن باخ و بێستان لەپێشەوە پارەکەیت دەدەمێ .

ئەویش فەرمووی : نا ئەی جوولەکە ، خورمات دەدەینێ هەقی ئەوپارەیە بەلاَم مەرج نیە هی فلاَنە باخ بێت .

منیش وتم : باشە و هەشتا مسقاڵ ئاڵتونم دایە ، کە دوایی خورمام بدەنێ ئەویش دای بەکابرا و فەرمووی بڕۆ بە عەدالەت بەشی بکە لەناویاندا .

( زەید دەڵێ ) پێش ئەوەی کاتی دانەوەی قەرزەکەبێت بە ئەنقەست هاتم و یەخەیم گرت و بەتووڕەیی وتم : هەقەکەم بدەرێ ئەی محمد ، بەخوا ئێوەی ( بەنی عبدالمطلب ) هەروا قەرزکوێرن ، خۆم هەر دەمزانی وان !! لەم قسانەی من عومەر ڕقی هەستا و سەیری کردم و پێی وتم : ئەی دوژمنی خوا ، چۆن ئاوا بە پێغەمبەر rدەڵێت ؟ بەوخوایەی کە بەهەق ناردویەتی ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە لە گەردنم ئەدایت !

خۆشەویستیش (ﷺ) بەهێمنی و زەردەخەنەوە سەیری عومەری کرد و فەرمووی :

ئەی عومەر ئێمە هەردوکمان شتێکی ترمان لەتۆ دەویست ، کە بەمن بڵێی بەچاکی قەرزەکەم بدەمەوە و بەویش بڵێی بەجوانی داوای بکاتەوە ! وە ئنجا بڕۆ هەقەکەی بدەرەوە و بیست ( صاع ) یشی بۆ زیادبکە .

جا کە عومەر زیادەکەی دامێ ، وتم: ئەمەیان بۆچی یە ، وتی : ئەوە لەبەرئەوەیە کە تۆم ترساندووە .پێم وت : دەمناسی ؟ وتی : نەخێر ، تۆ کێیت ؟ وتم : زەید کوری سەعنە .

وتی : تۆ زانای جوولەکەیت ؟ . وتم : بەڵێ .

وتی : باشه چی وای لێکردویت ، ئاوا بکەیت بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئاوای پێ بڵێیت ؟

وتم : ئەی عومەر ، من هەموو نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی ئەوم لا ئاشکرابوو تەنها دوان نەبێت ، کە حیلمەکەی پێش تووڕەیی دەکەوێ و چەندەش زیاتر تووڕەی بکەی زیاتر ئارام دەگرێ و هەڵناچێ و! منیش ئێستا ئەوەم لێ بینی .

ئەی عومەر : تۆ بەشایەتبە ئەوا من رازیم کە خوا پەروەردگارم بێ و ، ئیسلام ئاینم بێ و محمدیش (ﷺ) پێغەمبەرم بێ ، وە من دەوڵەمەندترینی جوولەکەکانم ، بەشایەت بەکە نیوەی ماڵەکەم خێر بێت بۆ ئومەتی محمد (ﷺ) !!

عومەر وتی : بەشی هەمووی ناکات ، بڵێ : هەندێکیان ، منیش وتم : هەندێکیان ! ئنجا زەید لەبەردەم پێغەمبەر(ﷺ)و یاراندا وتی : ( أشهد أن لا اله الا الله و أشهد أن محمداً رسوله ).

پێغەمبەر (ﷺ) گاورەکانی نیوە دوورگەی عەرەبیشی بانگکرد بۆ ئیسلام و هەندێکیان موسڵمان بوون و هەندێکیان هەر لەسەر گاورێتی مانەوە و ( جزیە ) یان دەدا ...لەوانەی کە موسڵمان بوون ( ئەمیری معان ) بوو کە ناوی ( فروة کوری عەمری الجذامي ) بوو ، کەلەسەر ووی نیوە دوورگەی عەرەب بوون لەخوارووی ولاّتی شام .

لەبەرئەوەی رۆمەکان پشتیان بەمان دەبەست بۆ پاراستنی ئاسایشی سنووری خوارووی دەوڵەتەکەیان بۆیە کە زانیان موسڵمان بووە و دوای محمد (ﷺ) کەوتووە ، سوپایەکیان ناردە سەری و گرتیان و هەرەشەی کوشتنیان لێکرد ، ئەویش گوێی پێنەدان و سووربوو لەسەر ئیمانەکەی بۆیە بۆ چاوترسێن کردنی سەرکردەکانی تری ناوچەکە هەڵیان واسی و شەهیدیان کرد لەسەر ئاوێك لەخوارووی ئەردەندا کە پێی دەوترێ ( ئاوی عیفرا ) رەنگە ئەمەش یەکێ بێ لەو هۆیانەی کە خۆشەویست (ﷺ) پێش مردنی سوپای ( ئوسامە ی کوڕی زەیدی ) رێکخست کە رۆم تەمێ بکەن و هەقی ئەو سەرکردە خواناسە بسێنن .

.

.

.

**( ٢٥٦ ) نامە ناردن بۆ کاربەدەست و پاشاکان**

پاش ئەوەی سوڵحی حودەیبیە کرا و وڵاتی حیجاز ئازادی بانگەوازی تیا هاتەدی ، خۆشەویست ﷺ زانی کە کاتی ئەوە هاتووە پەیامی خوا بگەیەنێ بەهەموو سەرکردە و فەرمان ڕەواکانی جیهان ...

بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو : خوا منی ناردووە وەك ڕەحمەتێك بۆ هەموو خەڵکی ، هاوکاریم بکەن خوا ڕەحمتان پێبکات ، لەقسەم دەرمەچن وەك حەوارییەکانی عیسا ، وتیان : بۆ ئەوان چۆن بوون ؟ فەرمووی : وەك من بانگی کردن بۆ گەیاندنی نامە بۆ دەسەڵاتداران ئەوەی شوێنی نزیك و ئاسان بوو رازی بوو ئەوەش شوێنی دوور و نارەحەت بوو پێی ناخۆش بوو تەمبەڵی کرد ، عیساش سەلامی خوای لێ بێ لای خوا شەکوای حاڵی کرد خوای گەورەش وەك موعجیزەیەك هەرکەسێکی بۆ هەرکوێ مەبەست بووبێ بینرێ فێری زمانی ئەو ناوچەیە بوو بۆ ئەوەی ناچاربێ کە بچێت و کارەکەشی لەسەر ئاسان بێت ( السیره النبویه ابن هشام / ٤/٢٥٤ ) .

هاوەڵانی پێغەمبەریش ﷺ زۆر بەگەرمی بەرەو پیری داواکەی خۆشەویست ﷺ چوون لەماوەیەکی کەمدا ئەوانەی کە دەستنیشان کران بۆ ئەوکارە بەزوویی چوون بەدەم کارەکەیانەوە ، نوێنەرەکانیش ئەمانە بوون :

١ ــ دحیه کوڕی خەلیفه الکندی بۆ لای هرقل مەلیکی رۆم .

٢ــ عبدالله کوڕی حذافه ی السهمی بۆ لای کیسرای پاشای فارس .

٣ ــ عەمری کوڕی ئومەییەی الضمری بۆ لای نەجاشی پاشای حەبەشە .

٤ ــ حاتب کوڕی ئەبی بەلتەعە بۆ لای مەقوقس پاشای میسر .

٥ ـ عەمری کوڕی عاص بۆ لای پاشای عوممان .

٦ ــ عەلائی کوری الحضرمي بۆ لای پاشای بەحرەین .

٧ ــ سلیط کوری عەمر بۆ لای پاشای یەمامە .

٨ ــ شجاعی کوری وەهب الاسدی بۆ لای پاشای غەساسنە .

ئەمە بێجگە لەوەی کەکەسانی تریش هەبوون کەبەملاو لادا کاری پێدەسپاردن و دەیناردن .

*** رۆم و فارس :**

رۆم و فارس دوو دەوڵەتی گەورەبوون کە زۆربەی زۆری جیهانی ئەو سەردەمەیان بەدەستەوە بوو ، هۆزە عەرەبەکانیش لەوڵاتی شام و سەرووی نیوەی دوورگەی عەرەبدا لایەنگری رۆم بوون و ، هۆزە عەرەبەکانی عێراق و رۆژهەلاتی نیوەدوورگەی عەرەبیش لایەنگری فارس بوون .

خۆشەویست (ﷺ) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بانگەوازەکەی بگەیەنێ بەفەرمانڕەواو پاشاکان ، وەك قەیصەر و کیسرا و ... هتد ( ئیمامی موسلیم ) لە ئەنەسی کوری مالیکەوە دەگێڕێتەوە کە خۆشەویست (ﷺ) نامەی نارد بۆ قەیصەر و کیسرا و نەجاشی و هەموو دەسەلاتدارێك بانگی دەکردن بۆلای بەرنامەی خوا .

**سەرکەوتنی کیسرا بەسەر هەرقلدا :**

هەرچەندە بەردەوام شەڕو ئاژاوە لەنێوان فارس و رۆمەکاندا هەبوو بەلاّم لەسەردەمی خۆشەویستدا (ﷺ) زۆر زیادیکرد ..

پێش ( هرقل ) قەیصەرێك حوکمی دەکرد ناوی ( موریس ) بوو کە هەواداری فارسەکان بوو، رۆمەکان ئەم هەواداری و دۆستایەتیەی قەیصەریان پێخۆش نەبوو لەگەڵ فارسەکاندا بۆیە شۆڕشێکیان کرد و ( موریس ) یان کوشت وکوڕەکەی رایکرد بۆلای کیسرا و رۆمەکانیش ( قوفا) یان کرد بەپادشایان .

کیسرا جەنگی راگەیاند لەگەڵ رۆمەکاندا چونکە دۆستەکەیان کوشتبوو وە بۆ ئەمەش سێ سوپای نارد ، یەکێ بۆ داگیرکردنی میسر و یەکێك بۆ داگیرکردنی شام و سوپایەکی گەورەش بۆ داگیرکردنی پایتەختیان ( قسطنطینیة ) ، وە ئەم سوپایەی دوایی بەسەرکردایەتی ( شەهربراز ) بوو کەیەکێ لەگەورە سەرکردەکانی فارس بوو .

سوپای یەکەم لەساڵی ٦١٦ زاینی میسری گرت و دووەمیش لەساڵی ٦١٤ زاینی ووڵاتی شامی گرت و چووە ( قدس ) ەوە کەنیسەکانی روخاند ، سوپای سێیەمیش بەرەو پایتەخت کەوتە رێ و لەدەوروبەری پایتەخت مانەوە لەساڵی ٦١٧ زاینیدا .

جا پێش ئەوەی کیسرا سوپاکانی بنێرێ بۆ داگیرکردنی وولاتەکانی رۆم ، رۆمەکان ( قوفا) ی پاشایان کوشت و هرقلیان خستە جێی لەساڵی ٦١٠ ز کەلەم ساڵەدا خوای گەورە ( محمد) ی هەڵبژارد بە پێغەمبەر(ﷺ) ، هێرشەکانی فارسەکان لەسەرەتای ساڵەکانی بانگەوازی ئیسلامەوە بوو وە روخانی ( بيت المقدس ) لە رێکەوتی ساڵی (٤) هەڵبژاردنی پێغەمبەربوو .

کاتێك فارسەکان کەنیسەکانی ( بيت المقدس) یان روخاند کیسرا ( برويز ) واتە ( کیسرای سەرکەوتوو ) نامەیەکی گاڵتە ئامێزی نارد بۆ هەرقل کە تیایدا گاڵتە بەخۆی و ئاینەکەی دەکات و دەڵێ ( لەکیسراوە گەورەترین خواوەند و گەورەی هەموو سەرزەوی ، بۆ بەندەی گێلی زەلیلی هرقل ، تۆ دەڵێی : پشتت بەخواکەت بەستووە ئەگەر وایە بۆچی ( ئۆرشەلیمی ) لەدەستم رزگار نەکرد ؟ ) .

**( ٢٥٧ ) سورەتی روم**

دەنگوباسی سەرکەوتنی فارسەکان بەسەر رۆمدا گەیشتە مەککە و کافران زۆر شادمان بوون بەوەی کە دەیان وت : ئەوە ئاگر پەرستەکانە باشترن ، بۆیە سەرکەوتن بەسەر رۆمەکاندا کە دیندارن ، موسڵمانانیش زۆر خەفەت باربوون و حەزیان دەکرد رۆمەکان سەربکەون لەبەرئەوەی (ئەهلی کتاب )بوون .

خوای پەروەردگاریش سورەتێکی ناردە خوارەوە بەناوی ( روم ) ەوە وە لەسەرەتاکەیدا مژدەی دا بەموسڵمانان بەسەرکەوتنی رۆمەکان لەچەند ساڵی داهاتوودا بەسەر فارسەکاندا ... هەروەك دەفەرموێت : ﴿ الم غلبت الروم في أدنى الارض و هم من بعد غلبهم سيغلبون ، في بضع سنين ، لله الامر من قبل و من بعد و يومئذ يفرح المؤمنون ، بنصر الله ينصر من يشاء و هو العزيز الرحيم ، و عد الله لا يخلف الله و عده ولكن أكثر الناس لايعلمون﴾ الروم : ١ ــ ٦

کە ئەم ئایەتانە هاتە خوارەوە ئەبوبەکر گرەوی کرد لەگەڵ هەندێ لەکافرەکاندا لەچەند ساڵێکدا ( ٣ ــ ٩ ) ساڵ رۆمەکان سەردەکەونەوە ، ئەوەبوو پاش ( ٧ ) ساڵ رۆمەکان سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا و وەعدی خوا هاتە دی وەبەمەش خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون ( ترمذی ) / ٣١٩٤ / حديث حسن غريب .

پەیمان بەستنی سەرکردەی سوپای فارس لەگەڵ هرقلدا :

وتمان سوپایەکی گەورەی فارس لەساڵی ٦١٧ ز دا لەدەوروبەری پایتەختی رۆمەکان ( قسطنطنیة ) بوو ئەم سوپایە سەرکردەکەی ناوی ( شهربراز) بوو وە براکەشی یەکێك بوو لەسەرکردە گەورەکانی بەردەستی کە ناوی ( فروخان ) بوو لە ئاهەنگی شەوێکیاندا بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی فارس لەبەرەی شام و بەرەی میسرەوە ، وە بەخۆشی ئەوەی کەدەوری پایتەخیتان دابوو تابەیانی سەرکردەکان خەریکی مەی خواردنەوەبوون کاتێك ( فروخان ) تەواو سەرخۆش بوو ووتی : لەخەوما بینیم لەسەر تەختی کیسرا دانیشتبووم ئەم قسەیە گەیشتوە کیسرا بۆیە زۆر توڕەبوو قسەکەی وا بۆلێکدایەوە کە حەزدەکات بچێتە سەر حوکم .

ئنجا کیسرا نامەی نارد بۆ سەرکردەی سوپاکەی ( شهر براز ) کە براکەی بکوژێ و سەرەکەی بنێرێ بۆ کیسرا ، ( شهر براز) نامەی بۆ کیسرا نووسی و زۆر لێی پاڕایەوە کە لێی خۆش بێ چونکە سەرکردەی وای دەست ناکەوێ و زۆر توند و تیژە بەرامبەر دوژمن ، کیسرا ئەوەندەیتر توڕەبووو ، وتی : خەڵکی تر زۆرە لەفارسدا کە جێی ( فروخان ) بگرێتەوە زوو بیکوژە و سەرەکەیم بۆ بنێرە ... کاتێ ( شهر براز ) کارەکەی جێبەجێ نەکرد ، کیسرا فەرمانی دەرکرد کەلەسەر کار لابرێ و ( فروخان ) ی کرد بەسەرکردەی سوپا وە داوای لێکرد کە ( شهر براز) ی برای بکوژێ لەبەرئەوەی ( فروخان ) ئاگای لەنامەکەی پێشتری کیسرا نەبوو بۆ براکەی بۆیە خەریك بوو ( شهربراز ) ی برای بکوژێ ، ئالەوکاتەدا ( شهربراز ) نامەکەی کیسرای پیشانی براکەیدا و وتی : برام من سێ جار کیسرا داوای لێکردم بتکوژم نەمکوشتی و بەقسەم نەکرد تۆ بەیەکجار داواکردن خەریکی بەقسەی دەکەیت و من دەکوژیت ، کە ( فروخان ) ئەمەی زانی وازی لەسەرکردایەتی هێنایەوە بۆ براکەی و رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە بەهاوکاری قەیصەر کیسرا لەناوبەرن ( شهربراز ) نامەی نووسی بۆ ( هرقل ) کەچاوی پێبکەوێ و تەنها پەنجا چەکدار بهێنێ لەگەڵ خۆیدا ، لەپێشدا بڕوای نەکرد وایزانی پیلانە بۆیە بە ( ٥٠٠ ) سوارچاکەوە هاتنە ناوچەکە ، کە ناوچەکەیان پشکنی و زانی کەمینی بۆ دانەنراوە و پیلان نی یە لەگەڵ پەنجا سواردا لەخێمەیەکدا لەگەڵ( شهربراز)دا کۆبویەوە و تەنها وەرگێڕێکیان لەگەڵدابوو پاش ئەوەی رێکەوتن وەرگێرەکەیان کوشت بۆ ئەوەی نهێنیەکەیان ئاشکرا نەبێت .

ئنجا هرقل هێرشی هێنایه سەر ئیمپراتۆریەتی فارسی لەلای باکوورەوە توانی بەخێرایی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ چونکە سوپای ( شهر براز ) خۆی دواخست و شەڕی نەکرد و سوپاکانی شام و میسریش دووربوون نەگەیشتن .

سوپای هرقل گەیشتە ناو پایتەختی فارسەکان لەمەدائین و ( کیسرا پەروێز ) بەخۆی و ئاگرەکەیەوە رایکرد بەم شێوەیە هرقل دەستی گرت بەسەر ماڵ ومولکێکی زۆری فارسەکاندا و ئافرەتەکانیانی کۆیلەکردوسەری کوڕی کیسرای تاشی وسواری گوێ درێژێکی کرد وزەلیلی کرد.

**جەنگەکان درێژەیان کێشا :**

شەڕی نێوان فارس رۆم درێژەی کێشا و سەرەنجام رۆمەکان توانیان وولاتی شام بگرنەوە و بچنەوە ناو ( بیت المقدس ) و بینای کەنیسەکانیان بکەنەوە و (صلیب) کەش بهێننەوە بۆ کەنیسەی ( قیامه) .( شیرویه ) کوڕی کیسرا ( بەروێز ) باوکی کوشت و خۆیکرد بەپاشای فارس و ناوی خۆی نا ( قوباذ الثاني ) ئنجا صولحی کرد لەگەڵ هەرقلدا و بەرەسمی دەستی کێشایەوە لەمیسر و سوریا و فەلەستین و دانی نا بەهەقی ( رۆمەکان)دا لەوناوچانەدا .

( قوباذ الثاني ) تەنها هەشت مانگ حوکمی کرد دوای ئەو ( ئەردە شیر) ی کوری حوکمی گرتە دەست کەتەمەنی حەوت ساڵ بوو .

لەم کاتەدا ( شهر براز) هاوپەیمانی هەرقل توانی بێتە مەدائین و حوکم بگرێتە دەست و خۆی بکات بە پاشایان ، هەر زوو فارس هەستان دژی ( شهر براز ) لەبەرئەوەی لەگەڵ دوژمندا هاوپەیمان بوو کوشتیان و لەشەقامەکاندا رایان کێشا لاشەکەی . ئنجا ( بوران ) کچی کیسرا ( پرویز ) یان کرد بە پاشای خۆیان . لەسەردەمی ( بوران) یشدا پەیماننامەی صولحیان لەگەڵ هەرقلدا بەرەسمی مۆرکرد و رازی بوون کە رۆمەکان دەسەڵاتداربن بەسەر شام و میسردا بەم پەیماننامەیەش بە رەسمی شەڕی درێژی نێوان فارس و رۆم تەواو بوو کە ئەمەش ساڵی ٦٢٩ ز بوو .

**(٢٥٥) نامەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەرقل :**

لەساڵی ٦٢٩ ز دا کەبەرامبەر ساڵی (٧) ی کۆچی یە شەڕی نێوان فارس و رۆم تەواو بوو وە هەرقل کەلەشاری ( حمص) ەوە سەرکردایەتی سوپاکەی دەکرد دژی فارس بڕیاریدا کە بەپێ بچێ بۆ

قودس و تیایدا سوپاسی خوا بکات و نوێژ بکات ، لەم ماوەیەدا خۆشەویست سوڵحی حودەیبیەی کردبوو لەگەڵ قورەیشدا و دەیویست پاشا و فەرمانڕەواکانی دنیا بانگ بکات بۆ ئیسلام نامەیەکی نووسی بۆ هەرقل و بە (دحیە الكلبی ) دا ناردی .

( دحیە ) پیاوێکی سەر و سیما جوانی سپۆرت بوو جل و بەرگی رێك و پێك و پاك و تەمیز بوو ، جوبرەئیل لەسەر شێوەی ئەودائەبەزی بۆلای پێغەمبەر ، تەنانەت جاری وا هەبو وایان دەزانی کە ئەوە ( دحیە ) یە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)کەلەراستیدا جوبرەئیل بووە .

دەقی نامە کەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەرقل :

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم من محمد عبد الله ورسوله الى هرقل عظيم الروم

سلام على من اتبع الهدى

أما بعد ..

فأني أدعوك بدعاية الاسلام ، أسلم تسلم ، أسلم يؤتيك الله اجرك مرتين ، فأن توليت فأن عليك اثم الاريسيين ... ( يا اهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا و بينكم أن لا نعبد الا الله ولا نشرك به شيئاً ولا يتخذ بعضنا بعضاً أرباباً من دون الله فان تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون ) ...﴾ .

واتە : بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لە محەمەدەوە بەندە و نێراوی خوا بۆ هەرقل گەورەی رۆم

سەلام لەسەر ئەوکەسەی کە دوای هیدایەت و راستی دەکەوێت

لەدواییدا :

من بانگت دەکەم بە بانگەوازی ئیسلام ، موسڵمان بە سەلامەت دەبی ، موسڵمان بە خوا دوو پاداشتت دەداتیّ ئەگەر وانەکەیت و پشت هەڵکەیت ئەوا بەراستی گوناهی ئەو رەعیەتەش لەگەردنی تۆدایە .

.

### *ئەبوسفیان لەشام :

لە هاوینی ساڵی حەوتی کۆچیدا پاش ساڵێك لەبەستنی پەیمانی حودەیبیە ئەبوسفیان بەپارەیەکی زۆری خەڵکی مەککەوە چووبۆ بازرگانی کردن لەشام بەتایبەت ( غەززە ) کە زیاتر لەوێ شتیان دەهێنا ، خەڵکی مەککە چەند ساڵ بازرگانیان پەکی کەوتبوو لەترسی ئەوەی نەوەکوو خۆشەویست (ﷺ) و موسڵمانان پەلاماری کاروانەکەیان بدەن و بەمەش جۆرێك ئابلۆقە لەسەریان دروست بووبوو .

### *عەدی کوری حاتەمی تائی لەشام :

کاتێك ئیسلام بلاوبویەوە سوپای ئیسلام نزیك بوونەوە لەهۆزی ( طي ) ، عەدی کە سەرکردەی هۆزەکەی بوو خۆی و ماڵ و منداڵی کۆچیان کرد بەرەو شام وەلەبەرئەوەی دۆستایەتی هەبوو لەگەڵ پاشای ( غەساسنە) دا ، لەپایتەختی (غەساسنە ) کە ( بوصرا ) بوو لایدا .

عەدی و پادشای غەساسنە لەو سەردەمەدا کەناوی (حارس کوری ئەبی شەمیر)بوو هەردووکیان گاوربوون .عەدی باسی دەنگوباسی محمدی (ﷺ)کردبۆ پادشای غەساسنە و باسی هۆی کۆچ کردنەکەی خۆیکرد کە پادشای غەساسنە ئەمەی بیست داوای لەعەدی کرد کە ئەم هەوالانە بگەیەنێت بەهەرقل لە ( بيت المقدس ) .عەدی لەگەڵ نوێنەرێکی پادشای غەساسنەدا چوون بۆ ( بيت المقدس ) بۆ ئەوەی چاویان بە هەرقل بکەوێت جا پێش ئەوەی عەدی بگاتە ئەوێ هەرقل رووداوێکی سەیری لێ روودەدات کە مانای گەورەی هەبوو ...

### *ئیبن ناطور هاوەڵی هەرقل :

ئیبن ناطور یەکێك بوو لەقەشە گەورەکانی شام و هاوەڵی هەرقل بوو ، هەرقل کردی بەقەشەی ( بيت المقدس ) کە ئەمەش پلەیەکی ئاینی گەورەبوو .

کاتێك هەرقل هات بۆ ( بيت المقدس ) ساڵی ٦٢٩ ز ئیبن ناگور پێشوازیەکی گەرمی لێکرد و لەخزمەتیابوو، شایەنی باسە ئیبن ناطور ژیا تاسەردەمی فەتحی شام و ئەوسا موسڵمان بوو وە لەخەلافەتی عەبدول مەلیکی کوری مەرواندا محمدی کوری شەهابی زوهری بینی کە مێژوونووسێکی ناودارە ، دەنگ و باسی هرقلی بۆ گێڕایەوە .

ئیبن ناطور دەڵێ : ( هەرقل پیاوێکی زانا بوولەئاینی مەسیحیدا و کاهن و ئەستێرەناسیش بوو ، شەوێکیان زۆر لەئەستێرەکان وورد دەبێتەوە دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە موڵك و دەسەڵاتی پادشای (خەتەنە )کراوەکان جێگیربووە و داهاتوو بۆ ئەو دەبێت وە لەوەش دەچێت هەر ئەو شەوە خەوی دیبێت کە دەوڵەتەکەیان لەناو دەچێت و گەلێکی خەتەنەکراو زاڵ دەبن بەسەریاندا .

بۆ بەیانی قەشەکانی ( بیت المقدس ) دەبینین هەرقل رەنگ و رووی تەواو نی یە و زویر و بێتاقەتە کەلەوبارەیەوە پرسیاری لێدەکەن هەرقل دەڵێ : ئەمشەو سەیری ئەستێرەم کردووە و من وای بۆ دەچم کە ئیمپراتۆریەتەکەمان لەسەر دەستی کۆمەڵێکی خەتەنە کراودا لەناو دەچێت .

ئنجا پرسیاری کرد : کێن ئەوانەی کە خەتەنە دەکەن ؟

وتیان : گاورەکان خەتەنە ناکەن بەڵام جوولەکە کە کەمایەتیەکن لەدەوڵەتەکەتدا ئەوان خەتەنە دەکەن و ئەوانیش هی ئەوە نین لێیان بترسین و ئەگەر دەتەوێت ئەوا فەرمان بدە بەکاربەدەستەکانت کەرەشە کوژیان بکەن و نەیەڵن تاقیان دەرباز ببێ .

ئالەم کاتەدا عەدی و نوێنەری پاشای غەساسنە هاتنە ناو مەجلیسەکەوە و هەواڵی پێغەمبەر(ﷺ)و ناوچەکەیان گەیاند کاتێك هەرقل ئەم گۆڕانە گەورەیەی بیست کەلەنیوە دوورگەی عەرەبدا روویداوە و زانی کە عەرەبەکان خەتەنە دەکەن ، تێگەیشت کە موڵکەکەی لەسەر دەستی ئەواندا لەناو دەچێت نەك جوولەکەکان .

***( دحیەی کەلبی ) دەگاتە ( بیت المقدس ) :**

هەر لەم ماوەیەدا ( دحیە ) دەگاتە ( بیت المقدس ) و نامەکە دەداتە دەستی هەرقل.(دحیە ) دەڵێ : کەنامەکەم دایە فەرمانی کرد بۆی بخوێننەوە کە بۆیان خوێندەوە ( بسم الله الرحمن الرحیم من محمد عبد الله ورسوله الی هرقل عظیم الروم

برازایەکی سوور و سپی و چاوشینی هەرقل لایەوە دانیشتبوو تورەبوو وتی : مەیخوێنەرەوە خاوەن نامەکە ناوی خۆی پێش خستووە نەشی ووتوە هەرقل پادشای رۆم بەڵکو وتویەتی ( عظیم الروم ) .

هەرقل وتی : با بیخوێنێتەوە قەیناکات ئنجا هەمووی خوێنرایەوە بەسەر ئامادەبواندا پاش ئەمە هرقل هەموو ئامادەبووانی ناردە دەرەوە و تەنها ( دحیە ) و (ئیبن ناطور ) ی هێشتەوە ، هەرقل چەند پرسیارێکی لـە ( دحیە ) کرد و ئەویش بەچاکی وەڵامی دایەوە دوای ئەوە لـە ( ئیبن ناطور ) ی پرسی تۆ رات چی یە بەرامبەر ئەو قسانە . ئەویش وتی : ( محمدی کوڕی عبداللّه ) بەخوا ئەو پێغەمبەرەیە کە موسا و عیسا مژدەیان داوە بەهاتنی و،ئەو پێغەمبەرەیە کە چاوەڕێی دەکەین .

هرقل وتی : جا تۆ دەڵێی چی بکەین باشە ؟

ئیبن ناطور وتی : من وای بەباش دەزانم کە بڕوای پێبهێنین و شوێنی بکەوین .

***هەرقل زانیاری زیاتری دەوێ :**

هرقل بەبەڕێوەبەری پۆلیسی خۆی وت هەمووشام بگەڕێ بەڵکو یەکێکم بۆ بدۆزیتەوە کە لـە هۆزی ئەو پێغەمبەرەبن و بەپەلـە بیان هێنە بۆم پاش گەڕانێکی زۆر ئەبوسفیان و سی بازرگانیان لـەشاری غەززە دۆزیەوە و بردیانن بۆلای هەرقل لـە ( بیت المقدس ) .

هرقلیش هەموو گەورەپیاوان و قەشەکانی بانگ کرد و تاجەکەی کردە سەری و لـەسەر تەختەکەی دانیشت ، ئنجا ئەبوسفیان و بازرگانەکانیان هێنایە بەردەمی .

هرقل لێی پرسین : ئێوە لـەهۆزی ئەو پیاوەن کە خۆی بەپێغەمبەر دادەنێ ؟

وتیان : بەڵێ .هرقل وتی : کامتان خزمایەتی نزیکی هەیە لـەگەڵیدا ؟

ئەبوسفیان وتی : من خزمی  نزیکی ئەوم .هرقل وتی : خزمایەتیەکەت چی یە ؟

ئەبوسفیان وتی : ئامۆزامە ( چونکە ئەبوسفیان و خۆشەویست لـەباوکی چوارەم عەبدول مەناف بەیەك دەگەنەوە )

ئنجا هرقل بە ئەبو سفیانی وت : کە بێتە پێشەوە دانیشێ و ئەوانی تریش لـەپشتیەوە دابنیشن ئنجا وتی : من پرسیار لـە ئەبوسفیان دەکەم لـەبارەی ئەو پێغەمبەرەوە ، ئێوە سەیری وەڵامەکانی بکەن ئەگەر دۆری لـەگەڵ کردم پێم بڵێن و درۆکەی بۆ راست بکەنەوە .

ئەبو سفیان لـەحاڵێکی شڵۆقدابوو ئەگەر بەراستی وەڵام بداتەوە ئەوە پڕوپاگەندەیەکی چاکە بۆ محمد کە چەند ساڵە ئەجەنگێت لـەگەڵیدا وە ئەگەر درۆش بکات سی کەس لـەدواییەوە بەرپەرچی ئەدەنەوە و دوایی بەدرۆزن ناو دەردەکات .

ئەبو سفیان دەڵێ : من دەمزانی ئەگەر درۆ بکەم بەرپەرچم نادەنەوە بەڵام دوایی لـەمەککە باسی دەکەن و چۆن دەبێ من کە گەورەیانم بەدرۆزن ناوبانگم بڕوات .

هرقل وتی : هەواڵی ئەو پیاوەم بدەرێ کلـەناوتاندا پەیدا بووە و دەڵێ پێغەمبەرە.

ئەبوسفیان ویستی مەسەلـەکە بچووك بکاتەوە لای هەرقل بۆیە وتی : جەنابی پاشا تۆ چیتداوە لـەو ، ئەو لـەوە کەمترە کە جەنابتان گرنگی پێ بدەن ئەوەی پێت گەیشتووە لـەبارەیەوە وانی یە و ئەوەندە گەورە نی یە ، ئەو پیاوێکی جادوگەرەو گوێی مەدەرێ .

هرقل وتی : من نامەوێ تۆ قسەی پێ بڵێیت تەنها وەڵامی پرسیارەکانم بدەرەوە.

ئەبوسفیان وتی : کەواتە بپرسە باوەڵامت بدەمەوە .

هەرقل وتی : نەسەبی محمد چۆنە تیاتانا ( ئایا لـەئەشرافتانە ) ؟

ئەبوسفیان : بەڵێ ئەو خاوەن نەسەبە لـە ئەشرافمانە .

هەرقل وتی : کەس پێشتر قسەی وایکردوە ئەم چاوی لـێبکات ؟ ئەبوسفیان وتی : نەخێر .

هەرقل وتی : ئایا یەکێ لـەباو و باپیرانی پاشا بوون و لـێتان زەوت کردبێ ، ئێستا بیەوێ بەوقسانەی دەستی بکەوێتەوە .؟ ئەبوسفیان : نەخێر .

هرقل وتی : پێم بڵێ شوێن کەوتوانی چۆنن ئایا ئەشراف و گەورە پیاوان دوای دەکەون یان هەژار و بێ نەوایان ؟

ئەبوسفیان : هەژار و بێ نەوایان شوێنی دەکەون لـەگەڵ گەنجان و ژنان بەڵام سەرکردە و گەورە پیاوان کەس شوێنی نەکەوتووە .

هرقل وتی : ئایا شوێنکەوتوانی زیاد دەبن یان کەم ؟ ئەبوسفیان : شوێنکەوتوانی زیاد دەبن .

هەرقل وتی : ئایا کەس لەشوێن کەوتوانی لەداخی خراپی دینەکە وازی هێناوە ؟

ئەبوسفیان : نەخێر .

هەرقل وتی : ئایا درۆتان لێ دیوە پێش ئەوەی ئەو قسانەی ئێستای بکات ؟

ئەبوسفیان : نەخێر .

هەرقل وتی : ئایا غەدر دەکات و پەیمان دەشکێنێ ؟

ئەبوسفیان : نەخێر ( ئالێرەدا ئەبوسفیان ویستی لەپلەو پایەی پێغەمبەر (ﷺ) کەم بکاتەوە وە گوایە سەرەنجامی رێکەوتنی حودەیبیە غەیبە و نازانێ پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەبێ بەرامبەری بۆیە وتی وە ئێمە لەگەڵیدا مۆڵەتێکمان دیاری کردووە نازانین چی تیادەکات و چۆن دەبێت ) .

ئەبوسفیان دەڵێ : نەم توانی لەوەزیاتر هیچی تری بۆرێخەم هەرچەندە هەرقل گوێی نەدایە ئەم قسەیەم .

هرقل وتی : ئایا شەڕتان لەگەڵ کردووە ؟ئەبوسفیان : بەڵێ .

هەرقل وتی : شەڕەکەتان چۆن بووە لەگەڵی ؟

ئەبوسفیان : جەنگ لەنێوان ئێمە و ئەودا بەنۆبە بوو ، جار بووە ئەو سەرکەوتووە بەسەرماندا و جاریش بووە ئێمە سەرکەوتووین بەسەریدا .

هرقل وتی : فەرمانتان بەچی پێ ئەدات ؟

ئەبوسفیان وتی : پێمان دەڵێ تەنها خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن ، واز لەقسە و رێبازی باو باپیرانتان بهێنن وەدەڵێ نوێژ بکەن و راستگۆبن و داوێن پاك بن و خزم دۆست بن .

پاش ئەم یانزە پرسیارە ئنجا هەرقل بە ئەبو سفیانی وت :

١ ـــ پێت وتم کە محمد نەسەبی هەیە تیاتاندا ، پێغەمبەرانیش هەروان چونکە لەنەسەبێکی شەریفی قەومەکەی هەڵدەبژێرێت .

٢ ـــ پێت وتم کەس لەپێش ئەودا شتی وای نەوتووە جا ئەگەر یەکێ پێش ئەو باسی پێغەمبەرایەتی بکردایە لەناوتاندا ئەموت محمد چاولێکەری کەسێکی پێش خۆی کردووە

٣ ـــ پێت وتم کەکەس لەباوباپیرانی پاشا نەبوون ئێوە لێی زەوت بکەن ، ئەگەر وابوایە دەموت محمد داوای موڵکی باوکی دەکات لەرێی پێغەمبەرایەتیەوە .

٤ ـــ پێت وتم ئێوە درۆتان لێ نەدیوە پێش ئەوەی باسی پێغەمبەرایەتی بکات ،من دەزانم ناگوجێ محمد واز لەدرۆکردن بهێنێ لەگەڵ خەڵکدا و درۆ بەدەم خواوە بکات و بڵێ پێغەمبەرم .

٥ ـــ پێت وتم هەژار و بێنەوایان شوێنی دەکەون جا شوێن کەوتوانی پێغەمبەران هەروان .

٦ ـــ پێت وتم کە شوێن کەوتوانی زیاد دەکەن و کەم ناکەن بەهەمان شێوە شوێن کەتوانی پێغەمبەران زیاد دەکەن و کەم ناکەن وە روو لەزیادیین هەتا کاری ئیمان دەگاتە جێ .

٧ ـــ پێت وتم کەس لەشوێن کەوتوانی لەئاین وەرناگەڕێن پاش ئەوەی دێنە ناوی ، ئیمانیش ئاوەهایە ئەگەر تێکەڵ بەدڵ و دەروون بوو دەستی لێ هەڵناگیرێ .

٨ ـــ پێت وتم کە غەدر ناکات و پەیمان ناشکێنێ ، پێغەمبەران بەوشێوەیەن پەیمان شکێن نین .

٩ ـــ پێت وتم کە فەرمانتان پێ دەدات بەخوا پەرستی و هاوبەش پەیدا نەکردن بۆی ، وە جڵەوگیریتان دەکات لەپەرستنی بتەکان وداواتان لێدەکات نوێژ بکەن و راستگۆبن و داوێن پاک بن.

***هرقل ڕاگەیاند کە محمد پێغەمبەری خوایە :**

پاش ئەو گفتوگۆیە هەرقل گەیشتە ئەو ئەنجامە حاشا هەڵنەگرە کە محمد پێغەمبەری خوایە و (ﷺ) وە ئەو پێغەمبەرەیە کە مژدە دراوە بەهاتنی لەلایەن پێغەمبەرەکانی پێش خۆیەوە .

بۆیە هەرقل بە ئەبوسفیانی وت : ئەگەر راست بکەی لەوانەی کە پێت وتم ، ئەوا ئەم ژێر پێیەی منیش دەگرێت ! ئەوانەی باست کرد سیفاتی پێغەمبەرن .

من دەمزانی کە دوا پێغەمبەر دێت ، بەڵام گومانم نەدەبرد کەلە ئێوە بێت و لای ئێوە دەربکەوێت و! ئەگەر بزانم ئەتوانم بگەمە لای بەسەلامەتی ، ئەوە دەچووم بۆ مەدینە بۆ لای و

بەدیداری شاد دەبووم و گوێم نە ئەدایە زەحمەت و نارەحەتی گەیشتن پێی و ، ئەگەر لەلای بوومایە لەخزمەتیا دەبووم و قاچیم بۆ دەشت  بۆ زیاتر خزمەت و توانەوەم لەبەردەمیا !

ئەم قسانەی هرقل زۆر سەیر بوو بەلای ئەبوسفیان و گەورە پیاوانی دەوڵەت و قەشەکانەوە ، چۆن پاشای گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهان بڵێ من ئەبمە خزمەتکاری ئەو پێغەمبەرە و قاچی بۆ دەشۆم !

ئەبوسفیان بەبرادەرە بازرگانەکانی وت : بەڕاستی مەسەلەی محمد گەورەبووە ئەوەتا پاشای رۆم لێی دەترسێ . ئنجا وتی : لەوساتەوەختەوە دڵنیابووم کە محمد سەردەکەوێ و ئاینەکەی بڵاودەبێتەوە .( ئەوەبو ئەبوسفیان پاش ساڵێك لەم رووداوە لەپێش فەتحی مەککەدا لەساڵی هەشتەمی کۆچیدا موسڵمان بوو ) .

لەمەجلیسی هرقلدا دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵب و دەنگی نارەزایی بەرزبویەوە بۆیە سەرۆکی پۆلیس ئەمانی کردە دەرەوە .

### هرقل نامە دەنوسێ بۆ قەشەی ( رومیە ) :

هرقل نامەکەی خۆشەویستی (ﷺ) بەرێزەوە هەڵگرتوو ،نامەی نارد بۆ هاوەڵێکی قەشەی لەشاری ( رومیە ) کە شارێکی گەورەیە لە (بیزنطة) : ﴿ ئەو ( رۆما ) یەی ئێستانیەکە لە ئیتالیایە ﴾ .

لەنامەکەیدا هرقل باسی رووداوەکانی هەموو بۆ دەکات لەبارەی هاتنی نامەی خۆشەویستەوە (ﷺ) و لەبارەی بیر و بۆچوونی ئەوانەی دەوروبەری یەوە ، وە داوای لێدەکات کە بیرو بۆچوونی خۆی بۆ بنووسێ .

جا هرقل ئەو نامەیەیدا بە ( دحیە) و پێی وت : بەخوا من دەزانم کە هاوەڵەکەت پێغەمبەرە و نێردراوە ، وە ئەوە کە پێغەمبەران مژدەیان بەهاتنیداوە و لەپەڕاوەکانماندا هەیە و هەر ئەوە کە ئێمە چاوەڕێی بوین .بەڵام من لە رۆم دەترسم ئەگەر بێمە سەر دینەکەی و شوێنی بکەوم ، ئەبینی چیان کرد کە ئەو قسانەم بە ئەبوسفیان وت ؟ چ ئاژاوەیەکیان نایەوە ، ئەگەر من ئیسلامەتی خۆم

رابگەیەنم دەمکوژن .ئەی (دحیە) بچۆ بۆلای گەورە قەشەی ( رومیە ) کەناوی ( صفاطر) ە و هەموو شتەکانی بۆ باس بکە ، بزانین ئەو دەڵێ چی .

( دحیە) چوو بۆ لای ( صفاطر) و هەموو نیشانەکانی خۆشەویستی (ﷺ) بۆ باسکرد و نامەکەی هرقلی دایە و دەنگ و باسی ئەوی بۆ گێڕایەوە ... ( صفاطر) زۆر وردبۆوە و پاشان وتی : هاوەڵەکەت محمدی کوری عبداللە پێغەمبەری خوایە ، خوا کردویەتی بە پێغەمبەر و نێردراوی خۆی و رشتەی پێغەمبەرایەتی پێ کۆتایی هێناوە ، وە ئێمە ئەمە دەزانین و لەپەراوە پیرۆزەکانماندا باسکراوە ، وە هەموو قەشەکان ئەمە دەزانن ، قەشەی ( بیت المقدس ) ( ئیبن ناطور) و ( هرقل ) خۆشی ئەمە وەك من باش لێی دڵنیان . ئنجا وتی ( دحیە ) ئەم نامەیەی من ببە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە سەلامی منی پێبگەینە و ، هەواڵی بدەرێ کە من شایەتمانم هێناوە ( أشهد أن لا اله الا الله و أشهد أن محمداً رسول الله ) .

*شەهیدکردنی ( صفاطر) :

قەشە ( صفاطر) یەکەم کەسە لەناو گەورە قەشەکانی رۆمدا کە موسڵمان بوو ، کە رێزێکی زۆری هەبوو لای هەمووان و تەنانەت لەهەرقل پایەدارتربوو لەناویاندا .

( صفاطر) جلەڕەشەکانی بەری داکەند و جلێکی سپی لەبەرکرد و هاتە حەوشە و باخی کەنیسەکەوە و کەوتە ئامۆژگاری کردنی قەشەکانیتر و باسی موسڵمان بوونی خۆی بۆکردن ، ئەوانیش خۆیان پێنەگیراو وەك شێت پەلاماریاندا و شەهیدیان کرد .

بەمەش ( صفاطر) بووە یەکەمین شەهیدی ( رۆم ) ...

( دحیە ) ئەمەی بەچاوی خۆی بینی و پێی ناخۆش بوو ، پاشان هەرقل کە ئەمەی بیستەوە وتی : نەمووت ئەی ( دحیە ) کە ئێمە لەرۆمەکان دەترسین ، ئێمە دڵنیاین کە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خوایە ، بەڵام ئەگەر ئەمە ئاشکرا بکەین دەمانکوژن ها ئەوەتا ( صفاطر) یان کوشت ، کەلەلایان زۆر گەورەترە لەمن .

ئیتر ( دحیە ) گەرایەوە لای خۆشەویست (ﷺ) و هەواڵەکەی دایە .

.

*** هرقل رۆمەکان بانگ دەکات بۆ ئیسلام :**

پاش ئەوەی دەنگ وباس و نامەی ( صفاطر) گەیشتە دەستی هرقل لەشاری ( حمص) رۆژێك هرقل هەموو دەستەودایرە و پیاوماقوڵ و قەشەکانی کۆکردەوە لەناو هۆڵێکی گەورەی کۆشکەکەیدا و دەرگای لەسەرداخستن .

هرقل بەئامادەبووانی وت : ئێوەم بۆ خێر کۆکردۆتەوە ، من نامەم لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ هاتووە لەوڵاتی حیجازەوە ، من و ئێوە بانگ دەکات بۆ ئایینەکەی ، بەخوا ئەو پێغەمبەرەیە کە لەپەڕاوەکانماندا ناوی هاتووە .

ئەی کوڕگەلی رۆم : دەتانەوێ سەرفراز و ژیربن ؟ دەتانەوێ موڵك و دەسەڵاتتان بمێنێ ؟ دەتانەوێ خێری دنیا و ئاخیرەتتان دەست بکەوێ ؟

ئەگەر ئەوانەتان دەوێ وەرنە ناو ئایینی ئەم پێغەمبەرەوە ، وەرن با ئیمانی پێ بهێنین و بەیعەتی لەگەڵ بکەین ، تا دین و دنیامان لەدەست نەچێ و ، خێری دنیاو ئاخیرەتمان دەستکەوێ .

قەشەکان و گەورە پیاوان هەموو ئەبڵەق بوون ، چۆن ( هرقل) ی مەسیحی داوای موسڵمان بوونیان لێدەکات ، ماوەیەك رامان و پاشان وەك شێت هەموویان رایان کرد بەرەو لای دەرگاکان ... تا لەدەرەوە خەڵکی هان بدەن دژی ( هرقل ) .

کاتێك هرقل ئەمەی لێبینین ، بانگی کردنەوە کە دانیشنەوە ، ئنجا بۆ ئەوەی نەیکوژن و موڵکەکەی لەدەست نەچێ وتی : تۆزێك لەمەوبەر بانگم کردن بۆ چوونە ناو ئایینی ئیسلامەوە و بەیعەت کردن لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەداو ، ئەمەشم بۆ تاقیکردنەوەتان کرد ، تابزانم چەندە توند و تۆڵن لەئایینداریەکەتاندا و چەندە سوورن لەسەری .ئەوەش کە بینیم لێتان دڵخۆشی کردم ، ئێوە سوربوون لەسەر ئاینەکەتان و، دەمەوێ هەردەم هەروابن .

کاتێك گوێیان لەم قسانەی دوایی هرقل بوو ، دامرکانەوە و دڵیانخۆش بوو ، وە ڕازی بوون لێی و کڕنۆشیان بۆ برد .بەڵێ هرقل بۆ دەسەڵات و دنیایەکی کەم کافرێتی هەڵبژارد ، ئەو موڵك و ماڵ و دەسەڵاتەی کەنەیدەویست لەکیسی بچێ ، تەنها یانزە ساڵی تر بەردەوام بوو بۆی و لەساڵی ٦٤٠ ز مرد و لەژێر دەستیا نەما !

***غەزای موئتە :**

پاش چاوپێکەوتنی نێوان ( هرقل ) و ( دحیە ) بە پێنج مانگ جەنگی ( موئتە ) روویدا ، کە لەساڵی هەشتەمی کۆچیدابوو .

گرنگترین هۆکاری جەنگەکەش ئەوەبوو کە فەرمانڕەوای ( غساسنە) نوێنەری پێغەمبەر (ﷺ) ( حارث کوری عمیر الازدی) شەهید کرد ، کەنامەی لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ هێنابوو .

لەهۆکارەکانی دیکەی جەنگەکە ئەوەبوو کە دەنگوباس گەیشتبووە مەدینە ، گوایە هرقل سوپای کۆکردۆتەوە و نیازی شەڕی هەیە لەگەڵ موسڵمانان ... بۆیە خۆشەویست ﷺ سوپایەکی سێهەزار کەسی بەسەرکردایەتی ( زەیدی کوڕی حارثە) ی بۆ ناردن کە ڕوو بەڕووی سەد هەزار عەرەبی هۆزەکانی سەر بەڕۆم و دووسەد هەزاری سوپای رۆم بوونەوە کەبەسەرکردایەتی هەرقل هاتبوون .

سەرەنجام لەم جەنگەدا هەرسێ سەرکردەکە شەهیدبوون کە پێغەمبەر (ﷺ) دیاری کردبوون کە ئەوانیش ( زیدی کوری حارثە ) و ( جعفر کوری ابی طالب ) و ( عبداللە کوڕی رەواحە ) بوون ، ئنجا خالیدی کوری وەلید سەرکردایەتی سوپاکەی گرتە دەست و بەمەش موسڵمانان سەرفرازبوون و بەبێ زیان توانیان بکشێنەوە ...

***غەزای تەبوك :**

پاش ساڵێك لەم جەنگە ، واتە لەساڵی (٩) ی کۆچی بەرامبەر ٦٣٠ز غەزای تەبوك بەرپابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دەنگوباس گەیشتە موسڵمانەکان کە ( هرقل ) نیازی هێرش کردنە سەر مەدینەی هەیە و دەیەوێ داگیری بکات و ئیسلام نەهێڵێ ... پێغەمبەر سی هەزار جەنگاوەری کۆکردەوە و بەرەو ( تەبوك) کەوتە ڕێ بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی هرقل و سوپاکەی و ، دوو هەفتە لەو ناوە مایەوە و سوپای (هرقل) هیچ جووڵەیەکیان نەکرد و رووبەڕووبوونەوە رووی نەدا ... پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ دابینکردنی ئاسایشی سنووری باکووری دەوڵەتەکەی رێکەوتنامەی لەگەڵ خەڵکی (دومة الجندل ) وخەڵکی ( معان ) و خەڵکی ( اذرح ) و ( جرباو ) وخەڵکی ( أیلە ) مۆرکرد .

**خۆشەویست (ﷺ) ( دحیه ) دەنێرێ بۆلای هرقل :**

کاتێ خۆشەویست (ﷺ) لەتەبوك بوو ، ویستی زیاتر حوجەت دروست بکات لەسەر هرقل و جارێکی تریش بانگی بکاتەوە بۆ ئیسلام، پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نارد و تیایدا داوای لێکرد کە یان موسڵمان ببێ ، یان جزیە بدات ، یان شەڕبکات .

ئەمجارەش کە نامەکەی پێگەیشت هەموو گەورە پیاوو قەشەکانی بانگکرد لەهۆڵێکی گەورەدا پێشوازی لێکردن و دەرگاکانی لێداخستن ، ئنجا پێی وتن : ئەوە پێغەمبەرە سوپای هێناوە بۆ شەڕکردن لەگەڵتانا و لەتەبوك دابەزیوەو ، نامەیەکی بۆ ناردوم تیایا بانگدەکات بۆ سێ شت : یان بچینە سەر ئاینەکەی و شوێنی بکەوین ، یان پارەیەك بدەین و موڵك و ماڵمان وەك خۆی بمێنێ ، یان روو بەڕووی ببینەوە و جەنگی لەگەڵ بکەین .

ئنجا وتی : بەخوا خۆتان باش دەزانن بەهۆی ئەوەی کە خوێندوتانەتەوە لەپەڕاوەکانتاندا ئەم جێ پێیەی من دەگرێت !

خەڵکینە وەرن بچینە سەرئاینەکەی و شوێنی بکەوین ، ئەگەر نا با پارەیەك بدەین و خاك و ئاومان بۆ بمێنێتەوە و لەدەستمان دەرنەچێ !

هەرکە گوێیان لەمەبوو تووڕەبوون و هەڵچوون و ، هاواریان کرد ، چۆن داوامان لێدەکەی واز لەگاورێتی بهێنین و شوێن ناهەق بکەوین ! یان دەتەوێ ئێمەی رۆم ببین بە کۆیلەی عەرەبێکی دەشتەکی کەلە حیجازەوە هاتووە .

ئالێرەدا هرقل دڵنیابوو کەوەڵامی بەچاکە نادەنەوە ، ناچار وتی : ویستم تاقیتان بکەمەوە بزانم چەند سوورن لەسەر ئاینەکەتان ! ئەوانیش وەك جاری یەکەم رازی بوون وکڕنۆشیان بۆ برد، ئەمجارەش هرقل کفری هەڵبژارد بەسەر ئیماندا .

*** هرقل تەنوخی دەنێرێ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) :**

هرقل ویستی وەڵامی نامەکەی خۆشەویست ﷺ)بداتەوە بەنامەیەکی تر،بەکاربەدەستێکی خۆی وت پیاوێکی عەرەبی وریا و زیرەکم بۆ بدۆزەرەوە ، نامەیەکی پیا دەنێرم ، ئەویش کوڕێکی وریا و زیرەکی گاوری بۆ دۆزیەوە لە ( تەنوخ) ، کە هۆزێکی عەرەبی گاوربوون و سەر بە رۆم بوون .

کاتێ ( تەنوخی ) هاتە لای هرقل ، نامەیەکیدایە و پێی وت کە چوویتە لای ، وریابە بزانە :

١ــ باسی نامە کۆنەکەی دەکات کە بۆی ناردووم .

٢ ــ بزانە باسی شەو دەکات .

٣ــ بزانە لەناو شانیا هیچ هەیە سەرنج راکێش بێت .

( تەنوخی) نامەکەی هێنا بۆ خۆشەویست (ﷺ)کەلە تەبوك بوو ، خۆشەویست(ﷺ) نامەکەی لێوەرگرت و لەکۆشیا دای نا ، ئنجا فەرمووی : تۆ خەڵکی کوێیت ؟

وتی : من تەنوخیم . خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : ئەتەوێ بێیتەسەر میللەتی ئیبراهیم علیه السلام ؟

وتی : من نێرراوی گەلێکم ، ناردومیان بۆلات و ، من لەسەر ئایینی ئەوانم و وازی لێناهێنم تا دەچمەوە لایان .

خۆشەویستیش (ﷺ)فەرمووی : ﴿ انك لا تهدي من أحببت ولكن الله يهدي من يشاء وهو أعلم بالمهتدين ﴾ القصص : ٥٦

ئنجا پێی فەرموو : برای تەنوخی : من نامەیەکم بۆ کیسرا نارد ، دڕاندی و پارچە پارچەی کرد خوای گەورەش موڵکەکەی پارچە پارچە دەکات و، نامەیەکم نارد بۆ هاوەڵەکەتان هرقل ڕێزی گرت و هەڵیگرت ، خەڵکیش لەلاتان لەهرقلدا هێز و دەسەڵات و پاراستن دەبینن ، هەتا لەژیانا خێر و بێر هەبێ .

تەنوخی لەدڵی خۆیدا وتی : ئەمە یەکەم داوای هرقل هاتە دی ، ئنجا نووسی لای خۆی بۆ ئەوەی لەیادی نەچێ .

ئنجا خۆشەویست (ﷺ)نامەکەی هرقلی دابە معاویەی کوری ئەبوسفیان بۆی بخوێنێتەوە ... لەنامەکەدا هرقل بە خۆشەویست(ﷺ) دەڵێ : تۆ بانگم دەکەی بۆ بەهەشتێك کە پانتایی یەکەی بەهێندەی ئاسمانەکان و زەوی یە و بۆ پارێزکاران ئامادەکراوە . باشە ئەگەر بەهەشت ئەوەندەبێ و ، ئاسمانەکان و زەویش ئەو بوونەوەرەیە کە ئێمە دەیزانین دەی ئیتر دۆزەخ دەکەوێتە کوێوە ؟

خۆشەویست(ﷺ)فەرموی : سبحان اللـه ، ئەی شەو بۆ کوێ دەچێ کە رۆژ هات ؟ تەنوخی ئەم وەڵامەشی نووسی ( لـەدڵی خۆیدا وتی ئەمەشی راسپاردم (هرقل) ، ئنجا خۆشەویست (ﷺ) بە تەنوخی وت : تۆ هەقت لـەسەرمانە ، چونکە نێردراوی هرقل یت ، ئەگەر جا ئیزەیەکمان لا بوایە دەماندایتێو، خۆت دەزانی ئێمە لـەسەر سەفەرین و ڕەنگە خواردن وخواردنەوەشمان تەواو ببێ .

کە عوسمان کوری عەففان گوێی لـەمەبوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا من بەرگێکی دەدەمێ بەدیاری ، ئیتر چوو بەرگێکی ( صفوریە ) ی بۆ هێناو کردی بەدیاری بۆی .

ئنجا حەزەرت (ﷺ)فەرمووی کێ میوانداری دەکات ؟ لاوێکی ئەنصاری وتی ( من ) کاتێك خەریك بوون بڕۆن ، خۆشەویست(ﷺ) بانگی کردەوە ، خێرا گەڕایەوە و لـەبەردەمیا وەستا ، ئەویش ناوشانی پیشاندا و فەرمووی سەیری کە ، وەپاشان بڕۆ بۆ ئەوەی کە هرقل فەرمانی پێداوی .

کاتێك سەیری پشتی خۆشەویستی کرد مۆری پێغەمبەرایەتی بینی بەناو شانیەوە ! بۆ سبەینێ تەنوخی گەڕایەوە لای هرقل و وەڵامەکەی بۆ بردەوە ( ئیتر ئەم پیاوە لـە حمص مایەوە تا موسڵمانان فەتحی شامیان کرد ، دوای چەند ساڵێك ئەوسا موسڵمان بوو ، بەپیری بۆ دراوسێکەی ( سەعیدی کوڕی ئەبی راشد ) ئەم دەنگ و باسەی بەدرێژی گێڕایەوە ) .

هەرقلیش هەر لـەسەر کافری خۆی مایەوە تا لـەپاش سی ساڵ حوکم کردن ، واتە لـەساڵی ( ٦١٠ ز هەتا ٦٤٠ ز ) ، دنیای بەجێهێشت .

هەرقل لـەجەنگی تەبوکدا ڕووبەڕووی خۆشەویست(ﷺ) نەبووە و بۆ شەڕکردن ، لـەبەر ئەوەی کە بەدارودەستەکەی خۆی وت : وەك بەقسەم ناکەن موسڵمان بن ، یان جزیەی بدەنێ ، دە بەقسەم بکەن باشەڕ نەکەین لـەگەڵیدا، ئەو پێغەمبەری خوایەوسەردەکەوێ بەسەرماندا ، ئەوانیش بەقسەیان کرد و نوێنەری ناردە لای خۆشەویست (ﷺ) وتی : ئەگەر یەك ساڵیش لـەوشوێنەدا بمێننەوە ئێمە نایەین و شەڕت لـەگەڵ ناکەین .

ئەمەش بۆ موسڵمانان دەستکەوتێکی گەورەبوو ، چونکە بەناو هۆزەکان و خەڵکی دەورووبەردا بڵاوبۆوە کەپاشای رۆم لـە ( محمد) دەترسێ ... وە ئەم غەزایە کەشەڕیشی تیانەبوو وەك مناوەرەیەکی عەسکەری زۆر گەورەبوو ( بۆیەکەمجار بەو سوپا گەورەیەوە بەناو بیاباندا ڕۆیشت ) .

ماوه بڵێین : باشه خۆ خوا دەیزانی شەڕنابێ ، بۆ هێشتی ئەو موسڵمانانه تووشی ئەو هەموو نارەحەتی یه ببن و ئەو هەموو ریوبانه ببڕن بەناو بیاباندا ، رەنگه هەر بۆ ئەوه بووبێ که موسڵمانان ئەم مەشقه گەورەیه بکەن و بۆ دوا رۆژ لەفەتحەکاندا سوودی لێ وەرگرن ...

***نامەکەی حەزەرت (ﷺ) بۆ هرقل تا ئێستا ماوه :**

هرقل گرنگیەکی زۆری دەدا به نامەکەی خۆشەویست (ﷺ) و شانازی پێوەدەکرد لەگەڵ ئەوەشدا که ئیمانی نەهێنا و، لەلولەیەکی ئاڵتوندا هەڵی گرتبوو .

پادشاکانی رۆم دەستا و دەست پێیان دەگەیشت ، وەشانازیان پێوەدەکرد ، تا سەرەنجام گەیشته دەست پاشای فەڕەنسا و ئەویش لە موناسەباتدا پیشانی چەند موسڵمانێکی دابوو .

لە ( فتح الباری)دا هاتووه که ( سیف الدوله ) فلیح المنصوری گێڕاویەتیەوه که جارێك پاشا ( قلاوون ) دەینێرێ به دیاری یەکەوه بۆ لای پاشای ( مەغریب ) وه پاشای ( مەغریب ) یش دەینێرێ بۆ لای پاشای فەڕەنسا بۆ تکایەك ، ئەویش تکاکه قبووڵ دەکا و دەڵێ لامان بمێنەرەوه ، ئەویش نامێنێتەوه .

پادشای فەڕەنسایش دەڵێ : باشه ئێستا شتێکی زۆر بەنرخت پیشان دەدەم ، ئنجا لەسندوقێکی ئاڵتون نامەیەك دەردێنێ کەلەپارچەیەك ئاوریشمەوه پێچرابوو .

پاشان پێی دەڵێ : ئەمه نامەی پێغەمبەرەکەتانه بۆ ( هرقل) ی باپیرم ، تا ئێستا پشتاو پشت بۆمان دەمێنێتەوەو ، باوباپیرمان وەسیەتیان بۆ کردوین که تا ئەم نامەیەمان لابێ موڵك و دەسەڵاتمان لەناو ناچێ ، بۆیه ئێمەش تا ئێستا ئەوپەڕی پاراستن دەیپارێزین و بەرێزەوه سەیری دەکەین و، لە گاورەکان دەیشارینەوه ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتمان بمێنێ ( فتح الباری ) ١/ ٤٤

پاش دەستاودەستێکی زۆر ئەم نامەیه لەوەدەچێ دەست ئەمیرەیەکی عەرەب کەوتبێ ، چونکه لەساڵی ١٩٧٤ زدا ئافرەتێکی ئەمیرەی عەرەب لە لەندەن بلاویکردەوه که نامەی ئەسڵی حەزەرت (ﷺ) بۆ ( هرقل ) لەلای ئەوەو خێزانەکەی نەوه دوای نەوه پاراستویانەو ، لەگەڵ نامەکەش وەسیەتێك هەیه که نابێ بدرێته دەست کەس مەگەر ( حاکم ) ێك نەبێ ...

که حاكمی دەوڵەتی ئیمارات ئەم راگەیاندنەی خوێندەوە ، داوای لەموستەشاری ثقافی دکتۆر عیزەدین ئیبراهیم کرد کە بچێ بۆ لەندەن بۆ سۆراخی ئەوکارەو فەحس کردنی نامەکە تا بزانن راستە کە نوسخەی ئەسڵی یە .

جا دکتۆر عیزەدین بەهۆی دکتۆر ( رید) کە بەناوبانگترین پسپۆڕە لە بواری پێستەدا لە بەریتانیا نامەکەی فەحس کرد ، بۆیان دەرکەوت پاش تاقیکردنەوەی زۆر لەتاقیگەی تایبەتدا کەراستە ئەوە نوسخەی ئەسڵی نامەکەی خۆشەویستە (ﷺ)کە بۆ ( هرقل ) ی ناردووە . ( رۆژنامەی روز الیوسف لە ١٧/ ١٩٧٤/٦ دا بلاوی کردۆتەوە ) سوود لەپەڕاوی ( الرسول المبلغ (ﷺ) / د . صلاح عبدالفتاح الخالدی وەرگیراوە ) لەگەڵ زنجیرە وتاری د . تاریق سویدان لەبارەی خۆشەویستەوە (ﷺ) .

**( ٢٥٨ ) وتاری ماڵئاوایی**

لەساڵی دەیەمی کۆچیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)دوایین حەجی کرد ، کە بەحەجی ماڵئاوایی دادەنرێت ، لەم حەجەدا کۆمەڵ و جەماوەرێکی گەورەی لەدەور کۆبووە وە ، کە نزیکەی سەد هەزار موسڵمان دەبوون بەپیاوو ژنەوە،لە رۆژی عەرەفەدا لەسەر کێوی عەرەفە ، پێغەمبەر (ﷺ) وتارێکی خوێندەوە و فەرمووی :

( خەڵکینە ، وتەکانم ببیستن و وەریان بگرن ، چونکە نازانم ، لەوانەیە لەم ساڵ بەدواوە ئیتر هەرگیز لەم شوێنەدا پێتان نەگەم . ئەی خەڵکینە : بزانن خوێنتان ، ماڵتان لەیەکتری حەرامە ، وەك حەرامێتی ئەم رۆژەتان لەم مانگەتاندا و لەم شارەتاندا ، هەمووشتەکانی دەروی نەفامێتی لەژێر پێمایە ، خوێنی دەوری نەفامێتی رۆیشتووە و تۆڵەی ناسێنرێت ، یەکەم خوێنێ کە بەرۆیشتووی دابنێم خوێنی (رەبیعە) ی کوری ( حارثە) یە ، سووکاری نەفامێتی بەتاڵە ( سووەکەی ناسێنرێت ) ، یەکەم سوویەك کە بە بەتاڵیدا بنێم سووی ( عباس) ی کوری ( عبدالمطلب ) ە .

خەڵکینە،شەیتان بێهیوابووە کەلەم خاکەی ئێوەدا بپەرسترێت بۆیە رازییە ئەگەر تووشی گوناهی بچووکیشتان بکات کەبەهیچی نازانن بۆیە خۆتانی لێبپارێزن تا دینداریەکەتان لێ تێك نەدات.

خەڵکینە : دواخستن و پێش خستن و ئاڵوگۆڕکردن لەکات و مانگدا و دەستکاری کردنی ( النسیء ) زیادەڕەوی یە لە کوفرا وکافرەکانی پێ گومرا دەبن ، ساڵێك بەحەلاڵ و ساڵێك

بەحەرامی دادەنێن ، تارێکی دەخەن لـەگەڵ ئەو مانگانەدا کە خوا بەحەرامی داناوون ، ئەوان حەلاڵی خوا بەحەرام و حەرامی بە حەلاڵ دادەنێن ، کات و چەرخ بەشێوەیەکی نەگۆڕا و دەگەڕێت لـەوەتی خوا ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ، ساڵ دوانزە مانگە ، چواریان حەرامن ، لـەم چوارە سیانیان پێکەوەن (ذي القعدة وذي الحجة و محرم ) ئەوی تریان ( رجب ) ە کە بەتەنهایە ، موسڵمانەکان لـەخوابترسن دەربارەی ژنان ، بە ئەمانەتی خوا دەستتان کەوتوون ، بە فەرموودەی خوا بۆتان حەلاڵ بوون ، ئێوە مافتان هەیە بەسەریانەوە ،ئەوانیش مافیان هەیە بەسەر ئێوەوە ، مافی ئێوە لـەسەریان ئەوەیە ، بێ پرس و ئیزنی ئێوە رێگا نەدەن بەوانەی پێتان خۆش نیە بێنە جێگاو ماڵتان ، ئەگەر ئەوەیان کرد لـێیان بدەن بە جۆرێك زیانیان پێنەگات .

وەمافی ئەوان بەسەر ئێوە ئەوەیە بەشێوەیەکی شیرین رِزق و رۆزیان بدەن و بەرگیان بۆ بکەن . خەڵکینە ، وتەکانم وەرگرن ، وا من گەیاندم بە ئێوە ، من شتی واتان بۆ بەجێ ئەهێڵم ، هەتا ئێوە دەستی پێوە بگرن و پەیڕەوی بکەن ، هەتا هەتایە سەرتان لـێتێك ناچێت و تووشی خراپەنابن ، ئەوەیش بریتیە لـە قورئان کەفەرموودەی خوایە و ، رەوشت و رێگای پێغەمبەرەکەی .

خەڵکینە ، ببیستن و گوێڕایەڵی بکەن بابەندەیەکەی حەبەشی لـوت بڕاویش بکرێتە کاربەدەستان ، مادەم بەگوێرەی فەرمانی خوا فەرمانڕەوایتان بکات ، بەندەکانی ژێر دەستان ، بەندەی ژێر دەستانن لـەخواردنی خۆتانیان بدەنێ ،لـەبەرگی خۆتانیان بۆ بکەن ،ئەگەر تاوانێکیان کرد ،نەتانویست لـێیان خۆش بن ،بیان فرۆشن ،ئەوانیش بەندەی خوان لـێیان مەدەن و سزایان مەدەن .

خەڵکینە : وتەکانم ببیستن و وەریبگرن ، ئەوەش بزانن موسڵمان برای موسڵمانە ، موسڵمانەکان برای یەکن ، ماڵی کەس حەلاڵ نیە بەرەزامەندی دڵی خۆی نەبێت ، کەواتە زوڵم لـەخۆتان مەکەن ، ( اللهم هل بلغت ) خوایە ئایا گەیاندم ؟ لـەپاشە رۆژدا ئەگەن بە خزمەت خوای خۆتان ، نەکەن دوای من بگەڕێنەوە بۆ سەر لـێشێواوی ، هەندێکتان بدات لـەگەردنی هەندێکتان ! با ئەوانەی لـێرە حازرن بیگەیەنن بەوانەی لـێرەنین ، خۆ نزیکە هەندێ لـەوانەی لـێرەنین زیاتر لـێی تێبگەن لـەوانەی کە لـێرەن ، ئێوە دەربارەی من پرسیارتان لـێدەکرێت ، ئایا چۆن وەلاّم دەدەنەوە ؟ وتیان : شایەتی دەدەین کە تۆ گەیاندت و ئامۆژگاریت کردو ئەرکی سەرشانت بەجێهێنا .

ئەویش پەنجەی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و پاشان بۆ خەڵکەکە و فەرمووی : خوایە بەشایەت بە ( سێ جار ) مسلم ریوایەتی کردووە .

خۆشەویست (ﷺ)خوا خستبویە دڵیەوە کە کاری تەواوبووە و وادەو ساڵی ماڵئاوایی نزیکە ، بۆیە حەجی ماڵی ئاوایی کرد و ئەو وتارە شیرینەیدا و ، چەند راستیەکی بنەڕەتی دایەوە بە گوێیاندا و جەختی کردەوە سەریان .

لە کۆتایی وتارەکەشیدا فەرمووی ( با ئەوەی بیستی بیگەیەنێت بەوانەی نەیانبیستووە ، ئێوە دەربارەی من پرسیارتان لێدەکرێت ، ئایا چۆن وەڵام دەدەنەوە ؟ وتیان : شایەتی دەدەین کە تۆ گەیاندت ، سێ جار فەرمووی : (خوا یە بەشایەت بە).

ئەوە خۆشەویست (ﷺ) گیاندی ئەوەتا زیاتر لەسەد هەزار کەس شایەتی بۆ دەدات ، ئەویش خوا دەکات بەشایەت لەسەر ئەوەی کە بەچاکی و بێ کەموکوڕی پێیگەیاندوون ...جا کە دەفەرموێ ئەوەی دەیبیستێت بیگەیەنێت ... وە لەفەرموودەی تریشدا دەفەرموێت ( ئەگەر تاقە ئایەتێکیش دەزانن بیگەیەنن ) ، هاوەڵانی بەئەمەك و خواناس و لەخۆبردوودەبینین کە چۆن گیان لەسەردەست بوون بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە و شێرانە بوونە میرات گری پێغمبەرەکەیان (ﷺ).

دیارە خۆشەویست میراتی لەپاش بەجێنەما کەس وەری گرێ و بەش بکرێ ، هەموو میراتیەکەی لەراستیدا قورئان و سوننەتە ، کێ بیەوێ دەتوانێ ببێتە میراتگری راستەقینەی .

ئەوانەی بەرنامەی خواناگەیەنن و دەیشارنەوە قورئان هەڕەشەیەکی گەورەیان لێدەکات، هەروەك چۆن هەڕەشەی لەئەهلی کتاب کرد کە دەفەرموێت :

﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ (١٥٩) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (١٦٠)﴾ البقرة

واتە : بێگومان ئەوانەی ئەو ئایەتانە دەشارنەوە کە ناردومانەتە خوارەوە لەفەرمودەی رۆشن و رێنمونی ، دوای ئەوەی کە باسمانکرد بۆ خەڵکی لەنامەی خۆماندا ، ئەوانە خوا نەفرینیان لێدەکات و نەفرین کەران نەفرینیان لێدەکەن ، مەگەر ئەوانەی پەشیمان بووبنەوە و کردەوەی باشیان کردبێ و باسی ئەوانەیان کردبێ کە ئەیان شاردنەوە ، ئەوانە پەشیمانیان لێگیرا دەکەم و هەر منم گیراکەری پەشیمانی و میهرەبان ( پەڕاوی ژیانی پێغەمبەری مەزن /بەرگی دووەم– پاڕەزانی ).

هاوەڵانیش دوای پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵا بەدەست و سوارچاك و مەشخەڵداری ئەم ئاینە پیرۆزە بوون و زۆریان بەشەهیدی سەریان ناوەتەوە و دوور لەوڵات و ئەرز و ئاوی خۆیان پاش ئەوانیش تابعین بەهەموو هەوڵ و توانایانەوە هەوڵی گەیاندنی ئەم پەیامەیان بوو ، بەهەموو ئەو هەوڵانەش ئایینی پیرۆزی ئیسلام نیوەدورگەی عەرەبی بەجێهێشت و بە زۆر لەوولاّتانی جیهاندا بلاّو بۆوە .

**( ٢٦٠ ) هەوڵ و کۆششی هاوەڵان**

١ ــ دایکی ئیمانداران خەدیجە :

ئەم ئافرەتە کە بووە هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە نازناوی ( الطاهرة ) ەوە ناوی دەرکردبوو ، ئافرەتێکی سەلار و سەنگین و ژیر بوو ، زۆر خۆشەویست بوو لای خۆشەویست (ﷺ) وە لەبارەیەوە دەفەرموێ ( انی قد رُزقت حبها ) مسلم ...

بەسەر و ماڵ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو (ﷺ) ، چەندەها شەوو رۆژ خۆشەویست بەتەنها لەگەڵ مناڵەکانیدا بەجێی دەهێشت و دەچووە ئەشکەوتی ( حراء ) دەمایەوە ، ئەویش ناو بەناو خواردنی بۆ دەبرد ، لەبەر ئەوەی کێوەکە سەختە و نزیکەی (٨٠٠ ) م لەرووی دەریاوە بەرزە ، جار جار خۆشەویست دادەبەزی و لەنیوەی رێدا خواردن و خواردنەوەکەی لێوەردەگرت .

جارێکیان کەسەرکەوت پاش ئەوەی ( وەحی ) هاتبوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ، جوبرەئیل لەلای بوو ، پێی فەرموو ( ئەی نێرراوی خوا ، ئەوە خەدیجەیە ، هات بەخۆی و خواردن و خواردنەوە وە، ئەگەر گەیشتەلات ، سەلامی خوای پەروەردگاری و سەلامی منی پێ بگەیەنە ، وە مژدەی بەرێ بەخانوویەك لەبەهەشتا لە دوورِ و مراواری کە نەدەنگە دەنگ و نەماندووبوونی تیا نی یە ) بخاری و مسلم .جارێکی تر جوبرائیل دێت بۆ لای خۆشەویست (ﷺ) کە خاتوو خەدیجەی لادەبێ ، پێی دەفەرموێ ﴿ ان الله یقرئ خدیجة السلام ﴾ واتە خوا سەلام لەخەدیجە دەکات ، کە خۆشەویست (ﷺ)ئەمەی بەخەدیجە فەرموو ، ئەویش وتی :خوا خۆی ( السلام ) ەو ، سەلامیش لە جوبرائیل و سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خواش لەسەر تۆبێ . ( نسائی و حاکم ) .

خۆشەویست (ﷺ) لەبارەی خەدیجەوە دەفەرموێت ( چاکترین ئافرەتی بەهەشت ، خەدیجە کچی خوەیلد و فاتیمەی کچی محمد و مەریەمی کچی عیمران و ئاسیەی ژنی فرعەون ) ە .

سوهەیلی لە پەڕاوی ( روض الانف ) دا دەڵێ ( کاتێك کوڕێکی شیرە خۆرەی خەدیجە مردوە ، خۆشەویست هاتەوە خەدیجە بەگریانەوە وتی : کوڕەکەم شیرەکەی تەواو نەکرد مرد ، خۆزگە بمایە تا شیرەکەی تەواو دەکرد !؟ خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : لەبەهەشتا دایەنی هەیە و شیرەکەی لەوێ تەواو دەکات ، وتی : ئەگەر بزانم وایە خەمم نیە ، خۆشەویست (ﷺ)فەرمووی : ئەگەر دەتەوێت داوادەکەم گوێت لەدەنگی بێت لەبەهەشتا ، ئەویش بەوپەڕی ئیمان و یەقینەوە وتی : پێویست ناکات من بڕوای تەواوم هەیە و دڵنیام لەفەرموودەی خوا و پێغەمبەر .

پێغەمبەر (ﷺ) زۆربەوەفابوو بۆ خەدیجە و هەمیشە بەخێر یادی دەکردەوە و ئەگەر خێرێکی بکردایە بەشی هاوەڵانی خەدیجەی دەنارد ، خاتوو عائیشە غیرەی لێکرد و نارەزایی دەربڕی و وتی : خوا چاکتری داویتێ ، خۆشەویستیش (ﷺ)فەرمووی ﴿ ما أبدلني الله عزوجل خيراً منها ، قد امنت بي اذ كفر بي الناس ، و صدقتني اذ كذبني الناس ، وواستني بمالها اذ حرمني الناس ، ورزقني الله عزوجل ولدها اذ حرمني أولاد النساء ﴾ (احمد و طبراني) .

واتە : خوای گەورە چاکتر لەوی نەداومەتێ ، ئەو باوەڕی پێهێنام لەکاتێکدا خەڵکی بڕوایان پێ نەکردم و تەسدیقی کردم لەکاتێکدا خەڵکی بە درۆزنیان دانام و، بەماڵی خۆی هاوکاری کردم لەکاتێکدا خەڵکی هیچی پێنەئەدام و، خوا لەو منداڵی دامێ و لەژنەکانی ترم نەیدامێ . ( پەڕاوی خەدیجەی بنت خویلد / د محمد عەبدە یەمانی ) .

ب ــ ئالی یاسر :

یاسر کوری عامر لەبنەڕەتدا یەمەنی یە و فرۆشرا بە ئەبوجەهل لەمەککە ، پیاوێکی لاوازی بەتەمەنی هەژاربوو ، هاوسەرەکەشی کۆیلەبوو ناوی ( سومەیە) بوو ، ئەمیش تەمەنی نزیکەی شەست ساڵێك دەبوو ...

کاتێ بانگەوازی ئیسلام دەستی پێکرد ، پاش موسڵمان بوونی (٢٩) کەس ( ئالی یاسر) موسڵمانبوون ، کەپێك هاتبوون لەدایك و باوك و عەممارى کوڕیان . ئەمانیش یەکەم ماڵێکن کە هەموویان لەیەك کاتدا موسڵمان بن ، وە لەوکاتەدا تەنها حەوت کەس موسڵمانیەتەکەیان ئاشکرا کردبوو کە ئەوانیش پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبوبەکر و بیلال و خەباب و عەممار وباوکی و دایکی بوون.

ئەبو جەهل هەموو خێزانەکەی بەیەکەوە سزادەدا ، کاتێك خۆشەویست (ﷺ) بەلایاندا دەڕۆیشت دەیفەرموو ( صبراً ال یاسر فأن موعدکم الجنة ) .

جاکە ئەبوجەهل پاش ئەو هەموو سزا سەختە زانی دەستەوسانە لەبەردەم ئیمانی پتەویاندا بەدەستی خۆی ( سومەیە ) ی شەهید کردو بوو یەکەم شەهید لەرێی ئیسلامدا.

پاش چەند رۆژێکیش بەهەمان شێوە ( یاسر ) ی شەهید کرد .

( عەمماریش ) سزای زۆردەدراو داوای لێدەکرا کە قسە بە ( محمد) بڵێ ، ئەویش ناچار هەندێ شتی وت تاوازی لێبهێنن ... کاتێ وازیان لێهێنا بەگریان هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی : شتێکی وا ڕوویداوە لێم ئەویش فەرمووی ئەی دڵت چۆنە ؟ وتی : دڵم دامەزراوە بە ئیمان .

خۆشەویستیش فەرمووی : کەواتە گوێ مەدەرێ گرنگ دڵتە ، ئەگەر جارێکی تر سزایان دایتەوە و داوایان لێکردی قسەم پێ بڵێی قەیناکە پێیم بڵێ .

قورئانی پیرۆزیش هاتە خوارەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە و فەرمووی :

﴿ مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠٦)﴾ النحل

واتە : ئەوەی پاشگەز بێتەوە و کفر بکات بەخوا ، ( جگە لەوانەی کە بەزۆر وشەی کوفر دێت بەسەر دەمیاندا و دڵیان پڕە لە ئیمان و دامەزراوی ) . وە ئەوەی ئیمانی هێناو پەشیمان بۆوە و ڕێی کفری گرتەبەر ، ئەوا نەخەشم و قینی خوایان لەسەرە ، وە سزای سەخت و دژوار چاوەڕێیانە .

﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (١٠٧) أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (١٠٨) لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْخَاسِرُونَ (١٠٩) ﴾ النحل

واتە : ئەو خەشم و قینەش لەبەرئەوەیە چونکە ئەوانە ژیانی دنیایان خۆش دەوێ و هەر ژیانی دنیایان مەبەستە و هەوڵ بۆ ئاخیرەت نادەن ، بێگومان خوا هیدایەتی گەل و کەسانی کافر و خوانەناس نادات .

ئەو جۆرەکەسانە ئەوانەن کە خوا مۆری‌ناوە بەسەر دڵ و دەروون و بیستن و بینینیاندا ، وە ئەوانە غافڵ و بێئاگان ... بێگومان ئەوانە لـە ڕۆژی قیامەتدا خەسارەت مەند و ڕیسوان .

خۆشەویست (ﷺ) ( عەممار ) ی خۆشدەویست ، جارجار بانگی دەکرد و دەیفەرموو وەرە دانیشە ، با دوعا بۆ دایك و باوکت بکەم ، ئنجا دەستی موبارەکی بەرزدەکردەوە و دەیفەرموو ﴿ اللهم اغفر لال یاسر و قد فعلت ﴾ واتە : خوایە لـەخانەوادەی یاسر خۆش ببە ، هەرچەندە خۆشیش بووی لـێیان .

خۆشەویست دەیزانی خوا شەهیدیی کردوون بەنسیب و دەیزانی کە لـێیان خۆش بووە ، بەڵام وەك وەفایەك بۆیان و بۆ دڵدانەوەی ( عەممار ) دوعای بۆ دەکردن .

لـەغەزای بەدردا ، هەواڵ هات بۆ خۆشەویست (ﷺ) کە ئەبو جەهل کوژرا ، خێرا خۆشەویستیش (ﷺ) فەرمووی : الله اکبر ( عەممار ) م بۆ بانگ بکەن ، بزانن لـەکوی یە ، کە ( عەممار ) هات خۆشەویست (ﷺ) پێی فەرموو : مژدەت لـێبێ ئەی ( عەممار ) خوا تۆڵـەی دایك و باوکتی کردەوە و هەقی سەندن .

بەڵـێ ( عەممار )ی خواناس و تێکۆشەر ئەوەندە پایە بەرز و خۆشەویست بوو ، خۆشەویست لـەبارەیەوە دەفەرموێ : ﴿ بەهەشت شەوقی هەیە بۆ سێ کەس ، یەکێکیان ( عمار ) ٥ ) .

ڕۆژێك خالید ڕقی ( عەممار ) هەڵـدەستێنێ و زویری دەکات ، ( عەممار ) یش ئەوەندە نیگەران دەبێ دەگری ، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) دەیبینێ ، بەخالید دەفەرموێ ئەی خالید ( عەممار ) ت نیگەران کردووە ، تۆ نازانی هەرچی ( عەممار ) نیگەران بکات ئەوا خوای نیگەران کردووە .

ئەی خالید نازانی هەرچی ( عمار ) تووڕەبکات ، خوای تووڕە کردووە ...

بەڵـێ ( عەممار ) (٩٤) ساڵ ژیا و لـەشەڕی نێوان ئیمامی عەلی و ( موعاویە ) دا شەهیدکرا لـەلایەن کۆمەڵـی ( موعاویە ) وە ، بەشەهیدبوونی شەڕەکە وەستا ، چونکە دەرکەوت ، کە کۆمەڵـێ ( موعاویە )( لـەسنوور دەرچوون و ( باغی ) ن . هەروەك خۆشەویست (ﷺ) هەواڵـی دابوو کاتی خۆی ﴿ عمار تقتله الفئة الباغیة ﴾ .

**٣ ــ نوسەیبەی کچی کەعب :**

ژنێکی ئینگلیز بەسەرهاتی ( نوسەیبەی کچی کعب ) کاری تێدەکا و موسڵمان دەبێت و کچەکەشی لەخۆشەویستی ئەودا ناو دەنێ ( نوسەیبە ) .

نوسیبەی کچی کەعب ( ئوم عیمارە ) لەغەزای ئوحوددا بەشداری دەکات بۆ تیمارکردنی برینداران و گەیاندنی ئاو بۆ جەنگاوەران ... جا کاتێك موسڵمانان دەشکێن (ئوم عیمارە ) بەرگری لەپێغەمبەر (ﷺ) دەکرد ، خۆشەویست (ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرموێت : ( بەلای راست و بەلای چەپمدا ئاوڕم دەدایەوە ( ئوم عیمارە)م دەبینی بەرگری لێدەکردم .

لەوکاتەدا موسوڵمانێك رادەکات و زرێی لەبەردا دەبێ ، خۆشەویست (ﷺ)دەفەرموێ : زرێکەت بدە بەیەکێك جەنگ بکات ، ئەویش زرێکەی فرێدا و ( ئوم عیمارە ) لەبەری کرد

لەوکاتەدا ( ئیبن قەمیئە ) هێرشی هێناو دەیووت : محمدم نیشان بدەن ، رزگارم نەبێت ، ئەگەر رزگاری ببێت .

( ئوم عیمارە ) و ( مصعب کوری عمیر ) رووبەڕووی بوونەوە ، ( مصعب ) شەهید بوو ، مایەوە ( ئوم عیمارە ) ئەویش لەگەڵ ئەوەی زرێی لەبەردا بوو ، لەچەند لایەکەوە بریندراربوو ، تەنانەت بەهۆی لێدانی لەسەریەکی ( ئیبن قەمیئە ) بەشمشێر ، شانی ( ئوم عیمارە ) شکا .

پێغەمبەر (ﷺ) بانگی عبداللە کوری کرد و ، فەرمووی وەرە بەلای دایکتەوە برینەکانی بۆ بپێچە ، ئنجا خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی ﴿ بارك الله عليكم من أهل بيت ، مقام أمك خير من مقام فلان و فلان ، رحم الله أهل البيت ﴾ واتە : خوا بەرەکەت بڕژێنێ بەسەرخانەوادەتاندا ، رۆڵی دایکت چاکترە لە رۆڵی فلاَن و فلاَن ، خوا رەحم بەخانەوادەتان بکات ...

ئنجا خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی : (من يُطيق ما تطيقين يا ام عمارة ) واتە : کێ ئەوەندەی تۆ خۆڕاگر و بەتوانایە و بەرگە دەگرێ ئەی ( ئوم عیمارە ) ئەویش فەرمووی : خۆم رادەگرم ، خۆم رادەگرم ئەی پێغەمبەری خوا ، بەلاَم دوعامان بۆ بکە هاوەڵت بین لەبەهەشتا ... ئەویش فەرمووی : ﴿ اللهم اجعلهم رفقائي في الجنة ﴾ .

پاش ئەوەی کە موسەیلەمەی درۆزن پەیدا بو ، خۆشەویست (ﷺ) نامەیەکی بە ( حبیب ) ی کوری ( ئوم عیمارە ) دانارد ، کاتێك نامەکەی خوێندەوە ، وتی : تۆشایەتی دەدەی کە محمد پێغەمبەری خوایە ، وتی : بەڵێ ، وتی : ئەی شایەتی ئەدەی کە من پێغەمبەری خوام ، وتی : نابیستم ، ئەمەی چەند جار دوو بارەکردەوە سوودی نەبوو ، بۆیە بەستیانەوە و پارچە پارچە لەشیان دەبڕی و هەمان پرسیاریان دەکرد لێی ئەویش دەیووت نابیستم ، تا شەهید بوو .

کە هەواڵیان دایە وتی : کوڕەکەم پێشم کەوت بۆ بەهەشت .

لەشەڕی یەمامەدا ، ( ئوم عیمارە) بەشداریکرد و لەوکاتەدا کەشمشێرێکی کرد بەلاشەی موسەیلەمەدا ، ( وەحشی) یش ڕمەکەی پیاداکرد ، بە مەش هەردووکیان دەستیان هەبوو لەکوشتنی ئەو تاوانبارەدا و ئاواتەکەی ( ئوم عیمارە ) هاتەدی و تۆڵەی کوڕەکەی کردەوە .

٤ ــ ئەبو ئەیوبی ئەنصاری :

ئەبو ئەیوب ئەو هاوەڵە ئەنصاریەیە کە خۆشەویست (ﷺ) نزیکەی حەوت مانگ لەماڵیا مایەوە هەتا مزگەوت و ماڵەکەی خۆی دروست کرد ، لەو چەند مانگەدا خۆی و خێزانی لەخزمەتیا بوون .

لەوشەوەدا کە خۆشەویست (ﷺ) صەفیەی کچی حویەیەی کچی ئەختەبی جولەکەی هێنا کە تازە موسڵمان بوو بوو ، پاش فەتحی خەیبەر ، ئەبو ئەیوب خەو لەچاوی نەکەوت و تابەیانی پاسەوانی ماڵی پێغەمبەر بوو (ﷺ)، ترسا کە ئەو ئافرەتە یان خزمێکی زیان بە پێغەمبەر (ﷺ) بگەیەنن ، بۆبەیانی کە خۆشەویست (ﷺ) زانی لەدەوری ماڵیان بووە ، دوعای بۆ کرد و فەرمووی : خوایە ئەبوو ئەیوب بپارێزە ، هەروەك ئەمشەو منی پاراست .

ئەبو ئەیوب لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری جەنگەکانی کرد و دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) لەژێر ئالای خەلیفەکانیدا ، جیهادی دەکرد ، سەرەنجام لەزەمانی معاویەدا لەساڵی (٥٢) ی کۆچیدا ، ئەبوئەیوب لەو سوپایەدا بەشداری دەکات کە یەزیدی کوری معاویە سەرکردایەتی دەکات و بەرەو ( ئەستەنبول ) دەچوون ، ئەبوئەیوب تەمەنی نزیکەی هەشتا ساڵێك دەبوو ،لەپێناوی خوادا سواری کەشتی بوو ، لەدەریای ناوەڕاستەوە بەرە و ئەستەمبوڵ چوون ، بۆ

فەتحی شاری (قسطنطينية ) . پاش دەستپێکردنی جەنگ بەماوەیەکی کەم ( ئەبو ئەیوب ) ی تێکۆشەری خواناس نەخۆشکەوت و لەجێگەدا مایەوە و نەیتوانی بەشداری جەنگەکە بکات .

یەزید بەبۆنەی نەخۆشیەکەیەوە سەری لێدا و پرسی ، ئایا هیچ پێوستیەکت هەیە ئەبوئەیوب ؟ ئەویش وتی : سەلامم بگەیەنە بەسەربازە موسڵمانەکان و پێیان بڵێ : ئەبو ئەیوب وەسێتی کردووە بۆتان ، هەتا دەتوانن بەناو خاکی دوژمندا بڕۆنە پێشەوە تا دەگەنە قولایی دوژمن و تاکوێ چوون لەدوا مەنزڵتاندا لەلای شوورا و قەڵاکانی شاری قسطنطينية دا بینێژن . ئەوانیش لەسەر وەسیەتەکـــــــــــەی کـــــــــاتێك گەیشتنە نزیك شووراکانی قسطنطنيية ، لەوێدا بەخاکیان سپارد، ئەو شەوە کە ئەبو ئەیوبیان ناشت ، رۆمەکان پرسیاریان کرد : ئەوەکێ بوو ناشتان ؟ ئەوانیش وتیان : ئەمە هاوەڵێکی بەرێزی پێغەمبەرە (ﷺ) و وەسێتی کردووە لەخاکی دوژمندا بنێژرێت ... رۆمەکان بەوپەڕی سەر سورمانەوە بەیەزیدیان وت :

خۆشت و ئەوەش کە ناردووتی زۆر بێئاگان ، چۆن ئێوە بێخەم بوون لێمان و نەترسان قەبرەکەی هەڵبەینەوە و تەرمەکەی بسوتێنین ؟!

یەزید وتی : سوێند بەخوا ئەگەر دەستی بۆ بەرن ، هەرچی کلێسە و گۆڕی پیاوچاکانتان هەیە لەخاکی ئیسلامدا هەمووی ئەڕووخێنم و تێکیان ئەدەم .

ئەوانیش کە زانیان هیچیان بۆ ناکرێ ، سوێندیان بۆ خوارد کە ڕێزی لێدەگرن و هەتا بتوانن دەیپارێزن .ئەمەش لەوەدەچێ دوعاکەی خۆشەویست بێت(ﷺ) کە داوای کرد لەخوا ( خوایە ئەبوئەیوب بپارێزە ، هەروەك ئەمشەو منی پاراست ) ئەوەتە قەبرەکەشی ، دوژمن ناچارە بیپارێزێ !!
( ژیانی ئەبو ئەیووبی ئەنصاری ) حبيب محمد سعيد .

### ( ٢٦١ ) بڵاو بوونەوەی ئیسلام لە ئەفریقیا و ئەندەلوس

کۆچی موسڵمانان هەر لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامی یەوە بۆ حەبەشە ، هۆکارێکی باش بوو بۆ ناساندنی ئیسلام بە ئەفریقیا و بڵاوبوونەوەی دەنگ و باسی دوا پێغەمبەر (ﷺ).

دوای کۆچی دوایی خۆشەویست (ﷺ)، لەزەمانی خەلیفەکانی راشدین و پاش ئەوانیش لەزەمانی ئومەویەکاندا بانگەوازی ئیسلامی زیاتر بڵاوبۆوە ڕووە و ئەفریقیا ...

یەکێ لەو سەرکردانەی کە رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەوفەتحانەدا ( عوقبەی کوری نافع) بوو ، کە تا وڵاتی مەغریب و رۆخی زەریای ئەتڵەسی گەیشت ، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەرشوێنێکی فەتح دەکرد ژمارەیەکی کەم سەربازی لێ‌دادەنا و بەردەوام دەبوو لەهێرش بردن و نەهێشتنی بەربەست لەبەردەم ئیسلامدا ، خەڵکانی تازە موسڵمان بوو ، چاك لەئیسلام شارەزا نەدەبوون و زوو لەدین وەردەگەڕان .

( عوقبە ) حسابی ئەوەی نەکردبوو کە ئەگەر بەسوپاکەیەوە زیاتر پێشڕەوی بکات ، کەس نابێ لەپشتەوە بیپارێزێ ، بۆیە لەگەڕانەوەیدا بەربەریەکانی لێیاخی بوو وەڕێیان پێگرت وشەهیدیان کرد.

( موسی کوڕی نُصیر ) سەرکردەیەکی قارەمان بوو ، پاش چەند ساڵێك هاتە مەیدان و کەبەسەرهاتی ( عوقبە)ی بیست وتی : خوا رەحمی پێبکا چۆن پێشڕەوی کردووە بەبێ ئەوەی هێزێك بێ لەپشتیەوە بیپارێزێ ، ئاخۆ پیاوێکی ژیری لەگەڵ نەبووە کە ئاگاداری بکاتەوە .

بەڵێ ... هیمەتی بەرزی ( عوقبە) وای لێکردبوو حساب بۆ ئەومەسەلە گرنگە نەکات و سەرەنجام شەهیدیش ببێت ، عوقبە کە گەیشتە قەراغ زەریای ئەتڵەسی وتی : بەخوا ئەگەر بم زانیایە لەپشت ئەم ئاوەوە کەسانێك هەن ، ئەوا لەئاوەکەم دەدا و دەچووم بۆلایان و پەیامی خوام پێ دەگەیاندن .

*** موسا کوری نُصیر :**

ئەم سەرکردە مەزنە بیری کردەوە چۆن ئیسلام بچەسپێنێ لەئەفریقیادا و چۆن بەرە و ئەندەلوس بچێت ،بۆ ئەم کارە گرنگە ئەو بەربەستانەی لەناوبرد کە دەهاتنە رێی موسڵمان بوونی خەڵکی ، بۆیە بەبەری یەکان بە کۆمەڵ روویان کردە ئیسلام ، یەکێ لەوانە ( طارق کوڕی زیاد ) بوو .

ئنجا موسا کەشتیگەلێکی دروستکرد لە تونس ، کە نزیکەی سەد کەشتی دەبوون ، بۆ ئەوەی بەرامبەر رۆمەکان پێی بوەستێ .موسا نامەی نارد بۆ خەلیفەی ئەمەوی وەلیدی کوڕی عبدالملك کەڕێی بدات بۆ فەتحی ئەندەلوس ئەویش ڕێی پێدا .

طارق کوڕی زیاد بە سوپایەکی (١٢) هەزار کەسی یەوە پەڕییەوە و ڕووبەڕووی پادشای ئەندەلوس بۆوە کە بە سەد هەزار کەسەوە هاتبوون بۆ جەنگ ، لە ڕۆژی (٢٨) ی ڕەمەزانی ساڵی ٩٣ ی کۆچی شەڕدەستی پێکرد ، هەشت ڕۆژی خایاند سەرەنجام موسڵمانەکان سەرکەوتن و بەهەزارەهایان لەکافران کوشت و نزیکەی سێ هەزار موسڵمانیش شەهیدبوون .

پاش ئەوەی ( طارق کوری زیاد) ئەوسەرکەوتنەی بەدەست هێنا لەهەمان ساڵدا (موسای کوری نصیر ) بەخۆی و سوپاکەیەوە پەڕینەوە .

ئنجا ویستی سوپای موسڵمانان کەسی هەزار کەس بوون لەژێر فەرماندەیی خۆیدا کۆبکاتەوە و هێرش بەرێت بەرە و ناوەڕاستی ئەندەلوس و پاشان بەرە و ئیتالیا و فەرەنسا و ئنجا بەرە و قسطنطنیة .

بەهەوڵ و کۆششی زۆری ، بەفەزڵی خوا توانی بەخۆی و سوپاکەیەوە بگاتە خوارووی فەرەنسا ...

لەم کاتەدا لەسوپاکەی دا تابیعیەك هەبوو بەناوی ( حبان ) چووە پێش سوپاکەوە و لغاوی ولاخەکەی گرت و پێی وت : قسەکەی خۆتت بیرچۆتەوە ، کە لەبارەی ( عوقبەی کوری نافع ) ەوە دەتووت : بۆچی ئەوەندە زیاد ڕۆیشتووە لەفەتح کردندا ، لەکاتێکدا کە پشتی چۆڵ بووە ، کەسێکی ژیر نەبووە ئاگاداری بکاتەوە ؟ جاوا من ئەو کەسەم و پێتدەڵێم کەس نیە لەپشتەوە بتپارێزێ لە دوژمن ، ئیتر بەرە و پێشەوە مەڕۆ و بگەرێرەوە . ئیتر گەڕانەوە و لەشاری ( قرقشونە) لەخوارووی فەڕەنسا ( حبان کوڕی ئەبی جیبلە ) وەفاتیکرد و هەر لەوێ نێژرا .

ئنجا (موسا ) گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچانەی باکووری ئەندەلوس کە فەتح نەکرابوون ، پاش فەتحی هەموو ئەندەلوس ، لەماوەی سێ ساڵدا و گەیشتنی ئیسلام بە خوارووی فەڕەنسا ، خەلیفە فەرمانی دەرکرد بۆ ( موسا) کەلە فەتح کردن بوەستێ و بگەڕێتەوە ، وە کەباسی فەتحە گەورەکانیان بۆ کرد خەلیفە وتی : ( جا ئەوە فەتحی پێناوترێ ئەوە حەشرە کە ئەو کردوویەتی ! ) .

لەساڵی (٩٦)ی کۆچیدا گەڕایەوە بۆ شام و پاش چل ڕۆژ لەگەیشتنی خەلیفە وەفاتی کرد ، ئنجا سولەیمان کوڕی عبدالملك بوو بەخەلیفە و داوای لێکرد بەیەکەوە بچن بۆ حەج ، لەساڵی (٩٧) ی کۆچیدا چوون بەرەو ماڵی خوا .

شۆڕەسواری پاڵەوانی ئیسلام ( موسا کوڕی نصیر ) کە تەمەنی لەحەفتا ساڵ زیاتر بوو ، وە چل ساڵی ڕەبەق خەریکی جیهادکردن بوو ، دوعای کردبوو لەبارەگای خوادا ، کە یان لەمەیدانی جەنگدا شەهیدی بکە بەنسیبم ، یان با لەمەدینەی پێغەمبەری خۆشەویستدا (ﷺ) بمرم . خوای گەورەش هەرچەندە بەنیەتی خۆی پاداشتی شەهیدی بۆ دەنووسێ ( ان شاء الله ) بەڵام ئاواتی دووەمی بۆ هێنایە دی ، بەوەی کە پاش حەج لەکاتی زیارەتی مەدینەی پیرۆزدا لەوێ کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش بەخاك سپێردرا ، لەساڵی ۹۸ ی کۆچیدا .(کاسێتەکانی تاریخ الاندلس المفقود / د . طارق سویدان ) .

## ( ٢٦٢ ) بنەماڵەیەکی بانگخوازی هیندستان

بەرەچەڵەك ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە سەر پێشەوا حەسەنی کوری عەلی ، لەسەرەتاوە لەمەککەدا بوون و پاشان هاتنە مەدینە و لەوێ نیشتەجێبوون ... لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا گەورەی ئەم خێزانە لەو سەردەمەدا ( قطب الدین کوڕی محمدی مەدەنی ) خەوێك دەبینێ ، کە داوای لێدەکەن لەمەدینەوە بچێ بۆ وڵاتی هیندستان بۆ بانگەوازکردن و جیهادکردن ( ئاشکرایە کە خوا پەیمانی پاراستنی ئەم ئاینەی داوە و هەموو سەری سەد ساڵێك نوێکەرەوە دەنێرێ و بە فەزڵی خۆی هاوکاری و ڕێنمایی بانگخوازان دەکات و ، لە هەرکوێیەکدا پێویست بن لەوێدا دایان دەنێ ، پەیمانی خوایە کە ﴿ انا نحن نزلنا الذکر و انا له لحافظون ﴾ ئەم پیاوە خواناسە بانگخوازەش ، دەچێ بۆ هیندستان و بەبێ گوێدانە دووری ڕێگا و زەحمەت و نارەحەتی و غەریبی ، لەو وڵاتەدا نیشتەجێ دەبێت و، دەبێتە پێشەوایەکی دیار و ناودار و نەوەکەشی بەهەمان شێوە پەنجەیان بۆ ڕادەکێشرێ ، خۆی و نەوەکانی بەردەوام لە سەرتاسەری هیندستان گەڕاون و پەڕاوی هەمە جۆری ئیسلامیان نووسیوە بۆ خزمەتکردن بەخەڵکی ئەو وڵاتە ئەگەر سەیری کتێبخانەی هیندی بکەین جێدەستیان دەبینین ( ل ١٣٥ ) ( یحدثونك عن ابي الحسن).

یەکێك لەهەڵکەوتووەکانی ئەم بنەماڵەیە لەسەدەی یانزەی کۆچیدا ﴿ علم الله بن السید فضیل الحسیني ﴾ یە کە لەساڵی ( ١٠٩٦) کۆچیدا لەدایك بووە ، بنکەیەکی ئایینی و پەروەردەیی گەورەی لە ( رای بریلی ) لە کۆتایی سەدەی یانزەی کۆچیدا دامەزراند ( ل ٢٤٥ ).

ئەم بنەماڵەیە پیاوی ناوداری وەك ( ئەحمەدی کوڕی عیرفان ) ی شەهیدی تیا هەڵکەوتووە ، کە زانایەکی خواناسی ئازای چاونەترس بوو ، کاتێك بینی کە کۆمەڵێ سیخەکان لە بنجاب چی بە

موسڵمانان دەکەن ، لە کوشتار و ماڵ وێران کردن و ، هەتکی ناموسدا ، غیرەتی ئیسلامی جووڵاو ئالأی جیهادی هەڵکرد ، لەهەموو لایەکەوە تێکۆشەران پەیوەندیان پێوەکرد و لەساڵی ١٢٤٢ کۆچیدا بەیعەیان دایە و کردیان بە ئەمیری خۆیان .

( ئەحمەدی کوڕی عیرفان ) سەرکردایەتی سوپای موسڵمانانی کرد و لەسەرکەوتنێکەوە دەچوو بەرە و سەرکەوتنێکیتر ئەمەش دوژمنانی شپرزە کرد ، بۆیە پاش چوار ساڵ لەترسی دەمەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەهێز لەباکوری هیندستاندا ، ئینگلز بەچاکترین چەکی ئەو سەردەمە هاوکاری سیخەکانی کرد و خەڵکانێکی نەفام و نەفس نزمیان کڕی و سەرەنجام لەشەڕی ( بالاکوت) دا پێشەوای قارەمان ( ئەحمەدی کوڕی عیرفان ) شەهید بوو لەگەڵ زۆر لە هاوەڵانیدا ، بەمەش زیانی گەورە لەرابوونی ئیسلامی ئەو وڵاتە کەوت .

مێژووی نەبەردیی ( پێشەوا ئەحمەد ) لەیادی موسڵمانان نەچوو وە هەمیشە سەرمەشق بوو ، بەتایبەت بۆ خێزان و خانەوادەکەی ، باوکی ( ئەبو الحسن) ی نەدەوی کە پزیشکێکی زانا و خواناس بوو لە پەراوی ( نزهة الخواطر ) دا ژیاننامەی (٥ ) هەزار زانا و هەڵکەوتووی موسڵمانی هیندی تۆمار کرد و، سەرۆکی نەدوەی عولەمابوو ، هەرچەندە هەر زوو دنیای بەجێهێشت و ، لەکاتێکدا ماڵئاوایی کرد کە ئەبو الحسن نەدەوی تەمەنی نۆساڵان بوو .

( ئەبو الحسن ) هەرچەند لەنازی باوکی بێبەش بوو ، بەڵام خوای گەورە هەقی بۆ کردەوە بەدایکی و بەبراکەی .

دایکی کەناوی ( خیر النساء ) بوو نووسەر و شاعیر بوو ، خوێندەوارێکی چاك بوو ، قورئانی لەبەر بوو ، بەردەوام تەفسیریشی دەخوێندەوە و وتاریشی دەنووسی ، هۆنراوەکانی بەچاپ گەیاند کە موناجات و دەربڕینی خۆشەویستی بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

ئەم ئافرەتە بانگخوازبوو ، زۆر حەزی دەکرد منالەکانیشی بانگخوازبن ، بۆیە هەر لەزووەوە بە ئەبو الحسن ی دەوت کەلاوێك بوو تازە پێدەگەیشت ، کوڕم وەرە بزانم چەند کەس لەسەردەستا فێری ئیسلامەتی بوون ،ئەویش دەیووت : بەخوا دایە جارێ کە من ئەوانەی کە لەمنەوە فێر بوون !

براکەشی ( دکتۆر عبدالعلی عبدالحی ) کە پزیشکێکی زانا و پیاوێکی دینداری رۆشنبیر بوو ، لەباوو باپیریانەوە هەم غیرەتی ئیسلامی و هەم خوێندنەوەی زۆر و نووسینیان بۆمایەوە .

خوشکەکەشی هەروا زانا و بلیمەت بوو ، ( ریاض الصالحین ) ی لەعەرەبیەوە گۆڕی بۆ سەرزمانی ئوردی ، خوشکێکی تریشی هەروابوو ، منالەکانیشیان هەموو زانا و بلیمەتیان لیٚ دەرچوو ل ٣٢٤ .

**( ٢٦٣ ) ئەبو الحسن الندوی**

خوای گەورە دەفەرمویٚ ﴿ من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله علیه فمنهم من قضی نحبه ومنهم من ینتظر وما بدلوا تبدیلا ﴾ئەم جۆرە پیاوە مەشخەڵدارانە هەمیشە لە ئوممەتی ئیسلامدا هەن و ( ئەبو حەسەن )یش ( انشاء الله ) یەکێکە لەوپیاوە نەبەردە قارەمانانە .

( ئەبو الحسن ) لەساڵی **١٣٣٣** ی کۆچی بەرامبەر بە **١٩١٤** ز لەدێی ( تکیە کلان ) ی هیندستان لەدایك بووە ، باوکی کە پزیشکێکی هەڵکەوتوو ، مێژوونووسێکی دیاربوو ، بەراستی شایانی ناز ناوی ( ئیبن خلکانی هیند ) بو ، بەهۆی پەڕاوی ( نزهە الخواگر ) کەباسی زانا پایە بەرزەکانی هیندستان دەکات ...

( ئەبو الحسن ) لەتەمەنی چواردە ساڵیدا دەچێتە زانکۆی ( لکهنۆ ) بەشی ئەدەبی عەرەبی لەساڵی **١٩٢٧** دا ، کە بچوکترین قوتابی زانکۆکەبوو .

لەساڵی **١٩٢٩**دا پەیوەندی کرد بە ( دار العلوم ) ندوە العلماو و شارەزایی چاکی پەیدا کرد لەفەرموودە و تەفسیری قورئاندا .

لەتەمەنی بیست ساڵیدا واتە لەساڵی **١٩٣٢** زاینیدا بوو بە مامۆستا ( دار العلوم) ( ندوة العلماء ) بۆ وتنەوەی تەفسیر و ئەدەب و، لەساڵی **١٩٢٩** ز دا کەوتە گەڕان بەبنکە ئایینیەکانی هیندستاندا و گەیشت بەخزمەت زانای خواناسی گەورە ( عبدالقادر الرای فوری ) وە موسڵحی بانگخواز ( شێخ محمد الیاس الکاندهلوی ) کە ئەم ناسینەش خاڵی وەرچەرخان بوو لەژیانیدا .

کەلە شێخ ( عبدالقادر ) ە وە پەروەردەیەکی رۆحی وەرگرت و لەشێخ ( محمد الیاس ) یشەوە فێری هەستان بەواجبی بانگەواز و ئیسلاحی کۆمەڵگا بوو .

لەساڵی **١٩٤٣** ز دا بنەکەیەکی تەعلیماتی ئیسلامی دامەزراند بۆ رێکخستنی ئەڵقەکانی وانەی قورئان و سوننەت ، وە ( حەرەکەی رسالة الانسایة ) ی دامەزراند لەنێوان موسڵمان و

هندۆسەکاندا لەساڵی ١٩٥١ دا ، وە ( مجمع الاسلامی العلمی ) دامەزراند لە ( دار العلوم ( ندوة العلماء ) لە لکهنۆ لەساڵی ( ١٩٥٩ ) ز دا ، لەساڵی ١٩٦١ ز دا بووبە ئەمینداری گشتی دار العلوم ( ندوة العلماء ) ، تا ئەوکاتەی لەدنیا دەرچوو .

لەساڵی ١٩٦٠دا بەشداربوو بۆ دامەزراندنی ( هیئة التعلیم الدینی ) لەویلایەتی باکووردا ( اترابر دیش ) وە هەروەها لەدامەزراندنی مەجلیسی ئیستشاری ئیسلامی بۆ هەموو هیندستان لەساڵی ١٩٦٤دا وە بەشداربوو لەدامەزراندنی ( هەیئەی ئەحوالی شەخصی ئیسلامی ) بۆ هەموو هیندستان لەساڵی ١٩٧٢ دا ، لەساڵی ١٩٣١دا واتە لەتەمەنی (١٧) ساڵیدا یەکەم وتاری بەعەرەبی لە گۆڤاری ( المنار ) دا بلاّوبۆوە لە میسر کە ( محمد رشید رەزا ) سەرپەرشتی دەکرد کە باسی ژیانی ( احمد کوڕی عرفان الشهید ) بوو لەساڵی ١٩٣٧ یەکەم پەڕاوی بەناوی ( سیرة احمد شهید ) بەزمانی ( الاردو ) بلاّوکردەوە لەساڵی ١٩٤٠ ـــ ١٩٤٤ دا زنجیرەی پەڕاوی قوتابخانەی بەزمانی عەرەبی دانا وەك ( مختارات من ادب العرب ) و ( قصص النبیین ) بۆ منالاّن وە ( القراءة الراشدة ) کە ئەو کتێبانەش لە زۆر لەزانکۆکانی هیندستان و ولاّتە عەرەبیەکان دەخوێنرێن .

لەساڵی ١٩٤٤ ز دا پەڕاوە بەناوبانگەکەی نووسی ( ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین ) ، وە لەساڵی ١٩٥٦ ز لە کۆلیژی شەریعە لە زانکۆی دیمەشق کۆمەڵێ (محاضرة) ی دا کە دوایی لەپەڕاوی ( رجال الفکر و الدعوة )دا بلاّوکرایەوە کە چوار موجەڵەدە ، نووسینەکانی بەگشتی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و ئوردوی نزیکەی ( ٧٠٠ ) نووسینە لەپەڕاو و نامیلکە و وتار کە (١٨٢) یان عەرەبیە .

**( ٢٦٤ ) ئوممەتێکی هەڵبژێراو**

( ئەبو الحسن ) دەڵێ خەتمی ریسالەت و بچڕانی وەحی لەئاسمانەوە بۆ زەوی و تەواو بوونی ئاین ﴿ الیوم أکملت لکم دینکم و أتممت علیکم نعمتي ورضیت لکم الاسلام دینا ﴾ المائدە :٣ وا پێویست دەکات کە هەمیشە کۆمەڵێ ئالاّ هەڵگر هەبێ بۆ پەیامی ئاسمان ، کە پێغەمبەری خواش (ﷺ) ، بە ئەمانەت بەجێی هێشتووە لەگەردنی ئوممەتەکەیدا ،ئەمەش وادەکات ئوممەتەکەی تا قیامەت ئومەتی بانگەوازبن و میراتگری پێغەمبەربن (ﷺ)، خوا پێغەمبەری نارد لەنیوە دوورگەی عەرەبدا و هەڵی بژارد وەك هەڵبژاردنی پێغەمبەرانی تر بەلاّم جیاوازیەك هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە بەهەڵبژاردنی خۆشەویست(ﷺ) ئوممەتێك هاتەمەیدان و هەڵبژێردرا کە چاکترین ئوممەت بن و

فەرمانبدەن بەچاکە و جلەوگیری بکەن لەخراپە و ئیمانیان پتەوبێت بەخوا ﴿ کنتم خير امة أُخرِجت للناس تأمرون بالمعروف و تَنهَون عن المنكر و تؤمنون بالله ﴾ ال عمران : ١١٠ .

پێغەمبەر لەبارەی هەڵبژاردنی خۆیەوە دەفەرموێت : ﴿ انما بُعثت معلما ﴾ واتە: خوا منی بە مامۆستایی ناردووە، لەبارەی هەڵبژاردنی ئومەتەکەشیەوە دەفەرموێت : ﴿ انما بُعثم ميسرين ولم تُبعثوا معسرين ﴾ واتە خوا ئێوەی هەڵبژاردووە کە ئاسانکاربن و ئێوەی هەڵنەبژاردووە کە ئاین لەسەر خەڵکی قورس وگران بکەن . هاوەڵانیش لەم مەسەلەی هەڵبژاردنە و ئەرکی سەرشانیان باش تێگەیشتبوون ، ئەوە ربعی کوڕی عامر بە رۆستەمی سەرکردەی فارسەکان دەڵێ : (لقد ابتعثنا الله لنُخرج من شاء من عبادة العباد الى عبادة الله ) واتە : خوا ئێمەی هەڵبژاردووە تا خەڵکی رزگاربکەین لەپەرستنی یەکتریەوە بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنیا .ئەبو الحسن لە سیەکانەوە ( کە وردە ووردە زۆر لەموسڵمانان لەئاینەکەیان دوور دەکەوتنەوە و تاقە رووگەی خۆیان بەرۆژئاوا دەزانی ) موسڵمانانی هۆشیار کردەوە و حەقیقەتی ئەو شارستانیەتەی بۆ خستنە ڕوو، وتی : ( ئەو شارستانیەتیە هەرچەندە لاوە و تازە پێگەیشتووە بەلاّم لەگیانەلاّدایە و ئەگەر بۆخۆشی نەمرێت ئەوە بەو خەنجەرەی دەستی ، خۆی دەکوژێ ) ل ١٧٧.

ئەبو لحەسەن کە پێغەمبەرانی کردبووە سەر مەشقی خۆی سەلامی خوایان لێبێت هەروەك ئەوان دەیووت ﴿ يا قوم لا أسالكم عليه أجرا ان اجري الا على الذي فطرني أفلا تعقلون ﴾ بۆیە هیچی لەکەس وەرنەدەگرت لەساڵی ١٩٤٧ ەوە کەوتە گەڕان بەئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا و ئەمریکادا وە گوێی بەوەرگرتنی شەهادە و جەوائیز نەئەدا تەنانەت جارێکیان دوو هەفتە لەزانکۆیەك وتاری داو شەش هەزار دۆلاریان دایە هەقی ماندووبوونەکەی ، کەچی وەرینەگرت و وتی : من لەسەر بانگەواز کردن پارە وەرناگرم ) ل ٣٤٦

لە زۆربەی گەشتەکانیدا لەماڵی قوتابیەکی یان لە مزگەوتەکان دەمایەوە تا زیاتر خواپەرستی بکات و خۆی چاکتر ئامادەبکات بۆ بانگەوازەکەی و زۆرکەم دەچووە ئوتێلەکان ...

ئەم نەفس بەرزی و دەست و دەم و دڵپاکیەی وای لێکردبوو بتوانێ نامە بنووسێ بۆ سەرۆك دەوڵەتەکان و رێنمایی خێریان بکات ، تەنانەت لەیەکێ لەزیارەتەکانیدا بۆ ئەستەمبوڵ ، پرۆفیسۆر ( نەجمەدین ئەربەکان ) سەردانی دەکات و ئەویش باسی گرنگی ئەستەنبوڵ و باسی هەوڵ و خەباتی موسڵمانانی بۆدەکات کە چۆن گیان لەسەر دەستبوون و خوێنی خۆیان بەخشیوە بۆ بلاّوکردنەوەی

ئەم ئایینە ، بۆ نموونە ئەوە ( ئەبو ئەیوبی ئەنصاری ) کە لە نزیك قەلاَکانی ئەستەنبولْ نێژراوە ... جا قسەکانی ئەوەندە کاریگەربوون ، دوای تەواوبوونی ، ( ئەربەکان ) بەچاوی پڕفرمێسکەوە ، دەستی ئەبو الحسنی ماچکرد و پەیمانی دایە کەسەربازێکی بەئەمەك بێت بۆ خزمەتی ئیسلام لەتورکیادا ( ل ۳۳۲ ).

( ئەبو الحسن ) گوێی نەئەدا بەدووری سەفەر و ماندوبوون ، جاری وا هەبوو بەشەمەندەفەر یان ئوتومبیل نزیکەی سی سەعات سەفەری دەکرد و بانگەوازی خوای دەگەیاندە شوێنە دوورەکان ( ل ۳۲۹) جا بەم هەولْ و کۆششە بەردەوامەی بووە کەسایەتیەکی ناوداری جیهانی و لەگشت لایەکەوە نامەی بۆ دەهات و پەیوەندیان پێوەدەکرد ، کە ئەو نامانەش لەپەڕاوێکدا بەناوی ( رسائل الاعلام ) کۆکراونەتەوە ، کەبرتیی یە لەهەڵبژاردەی ئەونامانەی کەلە نوسەر و کەسایەتیەکانی جیهانەوە بۆی هاتوون ، کەنزیکەی پەنجا نامەن .

**( ٢٦٥ ) بانگخوازی حەکیم**

ئەبو الحسن دەڵێ : بانگەوازکردن لەقاڵبێکدا داناڕێژرێ و سنوردار ناکرێ ، چونکە بەپێی بار و زرووف و شوێن و کەسەکان شێوازی بانگەواز دەگۆڕدرێ ،بۆیە دەبێت بانگخواز حەکیم بێت و هەرشتە لەشوێنەی خۆیدا دابنێت و ، چی پێویست بێت لەکات و ساتی دیاری کراودا بەئەنجامی بگەیەنێت ، ئەگینا وەکو ئەو خزمەتکارەی لێدێت کە ئاغاکەی هەندێ ئەرك و واجباتی بۆ نووسیبوو کەچی بکات و چۆن بکات ، رۆژێك ئاغاکەی لەولاَخ دەکەوێتە خوارەوە ، چی هاوار دەکات فریای بکەوێ ، ناچی بەلایەوە و ، ئەڵێ ئەمەت لەئەرك و واجیاتەکانم دا بۆ نەنوسیبووم .

بۆیە دەبینین قورئان نەچۆتە سەرباسی وردەکاری لەبانگەوازکردندا و تەنها شتی سەرەکی و گشتی باس کردووە ﴿ ادع الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي أحسن ، ان ربك هو أعلم بمن ضل عن سبيله وهو أعلم بالمهتدين ﴾ النحل : ۱۲۵ .

شاعیرێکیش دەڵێ :

اذا كنت في حاجة مرسلاً فارسل حكيما ولا توصه

کەسی واهەیە وەك مۆم وایە فووی لێبکەی دەکوژێتەوە ، کەسانی واش هەن وەك ئاگرێکی گەورە وان فووی لێبکە ناکوژێنەوە و زیاد دەکەن و کڵپە دەسێنن ، بۆیە ئەگەر بتەوێ بیانکوژێنیتەوە ، هەڵەیە فوو لە هەردووکیان ، راستە یەکەمیان بەفوویەك دەکوژێتەوە ، بەڵام بۆ دووەمیان بگەڕێ بەدوای ئاودا یان ئاگر کوژێنەوەیەکدا ...

*پلەو پایەی زانستی ئەبو الحسن :

١ ــ هەڵبژێرا لەلایەن مەجمەعی زمانی عەرەبی لەدیمەشق و قاهیرە و ئەردەن ، کە ئەندامێك بێت بە ( موراسەلە ) .

٢ ــ هەڵبژێردرا بەئەندام لە مەجلیسی راوێژی باڵای زانکۆی ئیسلامی لە مەدینە لەساڵی دامەزرانیەوە ( ١٩٦٢ ) ز .

٣ ــ هەڵبژێردرا بەئەندامی ( رابیتەی الجامعات الاسلامیە ) هەر لە دامەزرانیەوە لەساڵی ١٩٧١ ز دا .

٤ ــ هەڵبژێردرا بۆ جائیزەی مەلیك فەیسەڵی جیهانی ساڵی ( ١٩٨٠ ) لەسەر پەڕاوەکەی ( ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین ) .

٥ ــ شەهادەی دکتۆرای فەخری لەئادابدا پێدرا لەزانکۆی کشمیر ساڵی ١٩٨١ ز .

٦ ــ هەڵبژێردرا بەسەرۆکی بنکەی ( ئۆکسفۆرد بۆ دیراساتی ئیسلامی ) لەلەندەن ساڵی ١٩٨٣ دا .

٧ ــ هەڵبژێردرا بە ئەندام لە ( المجمع الملكي لبحوث الحضارة الاسلامية و التاليف و التحقيق ) لە عمان لەوڵاتی ( ئەردەن ) .

٨ ــ هەڵبژێردرا بەسەرۆکی گشتی ( رابیتەی الادب الاسلامی العالمیە ) لە ( ریاض) لەساڵی ١٩٨٤ ی زدا .

٩ ـ هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی جائیزەی ( الشخصية الاسلامية ) بۆ ساڵی ١٤١٩ ی کۆچی لەبەرئەو خزمەتە گەورەیەی کە هەیبوو لەبواری بانگەوازدا وە وەلی عەهدی (ئیماراتی عەرەبی المتحدە ) ( شێخ محمد بن راشد المكتوم ) پێشکەشی کرد .

١٠ ــ لەساڵی ١٩٩٩ دا کۆڕێکی ئەدەبی گەورەی بۆ گیرا لەئەستەنبوڵ بۆ باسکردنی هەوڵ و کۆشش و بەرهەمەکانی .

ئەمە جگە لەوەی ئەمینداری گشتی ( دار العلوم ) ( نەدوەی عولەما ) بوو لە هیندستان ، شایەنی باسە کە شێخ باسی گەشتی ژیانی دەکات لەپەڕاوێکی دووبەرگیدا کەناوی ( في مسيرة الحياة ) ە کە ( ٤٦٣ ) لاپەڕەیە .

*** کۆچی دوایی :**

مامۆستا نەدەوی دوو ڕۆژ پێش وەفاتی تەندروستی زۆر باش بوو بیست ڕۆژ بەرۆژو بوو لەبارەگای ( دار العلوم ) لەگەڵ دۆست و هاوەڵانیدا پاشان بۆ بەسەر بردنی ( ١٠ ) ڕۆژی دوایی رەمەزان ( لکهنۆ ) ی بەجێ هێشت و گەڕایەوە دێکەیان (تەکیە کلان ) تا لەگەڵ خێزانیدا بێت، لەبەیانی دواهەمین ڕۆژی جومعەی رەمەزاندا خۆی ئامادەکرد بۆ نوێژی جومعە و خۆی شت و جلەکانی گۆڕی و خۆی بۆن خۆش کرد و دەستیکرد بە خوێندنی سورەتی ( کهف ) ، پێش نوێژی جومعە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و گیانی پاکی ئەم دنیا فانیە ی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ، پاش نزیکەی ( ٨٧ ) ساڵ تەمەن کە هەر ئەوەندەی فامی کردبویەوە خەریکی ئیسلامەتی و قورئان لەبەرکردن و فێربوون بوو ،کە بەوژیانە پڕ بەرەکەتەی خزمەتێکی گەورەی بە ئیسلام کرد کە هەمیشە بانگخوازان وانەی ئازایەتی و چاونەترسی و بۆ خوا سوڵحانی لێ فێر دەبن . خوای گەورە بەبەهەشتی بەرین پاداشتی بداتەوە و ئێمەش وا لێبکات بەرەحمی خۆی کە هەمیشە و تا دوا ساتەکانی ژیان لەخزمەت بانگەوازە مەزنەکەیدا بین ... ئامین ( پەراوی / يحدثونك عن أبي الحسن الندوي ) د . محسن العثماني الندوي . چ /١

**( ٢٦٦ ) لەخۆپرسینەوە**

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿ يا ايها الذين امنوا تقوا الله و لتنظر نفس ما قدمت لغد و اتقوا الله ان الله خبير بما تعملون ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پارێزکار بن و

لەخوابترسن و باهەریەکێکتان سەیر بکات چی بۆسبەینێی پێش خستووە و چی بۆ ئامادەکردووە ، پارێزکاری سنورەکانی خوابکەن، بێگومان خوا ئاگادارە بەو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن ، بۆ ئەوەی یەکێك بگاتە پلەی پارێزکاری ( التقوی ) پێویستە زوو زوو بەخۆیدا بچێتەوە و لەخۆی بپرسێتەوە و سەرژمێری کردەوەکانی خۆی بکات و هەڵوێستەی لەئاستیاندا هەبێت و سوپاسی خوا بکات لەسەر چاکەکانی و ، تەوبەو پەشیمان بوونەوەش هەبێت بەرامبەر بەخراپەکانی .

*** پێش ئەوەی لێپرسینەوەی قیامەت بێت :**

شێخ حەسەنی بەصری دەڵێت : ﴿ موسڵمانی خاوەن باوەڕ زاڵە بەسەر خۆیدا و لێی دەپرسێتەوە ، لێپرسینەوەی قیامەت لەسەر ئەو کەسانە ئاسان دەبێت کەلەدنیادا لەخۆیان دەپرسنەوە ، لەسەر ئەوکەسانەش توند و گران دەبێت کەلەخۆیان ناپرسنەوە ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ﴿ هەرکەسێك لەقیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵدابکرێت سزا دەدرێت ، جارێك عائیشە وتی : ئەوە نی یە خوا دەفەرموێت ﴿ فاما من اوتي كتابه بيمينه فسوف يحاسب حساباً يسيرا ﴾ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ﴿ ئەوە لێپرسینەوە نی یە بەڵکو تەنها پیشاندانە وئەوەی لێی بپرسرێتەوە سزا دەدرێت ﴾ بخاری و مسلم .

لەفەرمودەیەکدا هاتووە : ﴿ يدني الله تعالى المؤمن في يوم القيامة فيضع عليه كنفه فيقرره بذنوبه ، أتعرف ذنب كذا في يوم كذا ؟ فيقول أعرف فيقول الله عزوجل : أنا سترتها عليك في الدنيا وأنا أغفرها لك ، فيعطي صحيفة حسناته وأما الكافر و المنافق فينادي على رؤوس الخلائق هؤلاء الذين كذبوا على ربهم الا لعنة الله على الظالمين ﴾ بخاری و مسلم .

واتە : خوای گەورە لەرۆژی قیامەتدا لەخاوەن باوەڕێك نزیك دەبێتەوە و ناهێڵێت خەڵك ببینن لەگوناه و تاوانەکانی دەپرسێتەوە و ئەویش دانی پێدا دەنێت . ئایا دەزانیت لەفلاّنە رۆژدا فلاّنە تاوانت ئەنجامدا ئەویش دەڵێت : بەڵێ وایە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ئەوە لەدنیادا بۆم پۆشیویت لێرەش لێت خۆش دەبم ئنجا کارنامەی چاکەکانی دەدرێتە دەستی بەلاّم بێباوەڕ و دوو ڕووەکان بە بەرچاوی هەموو خەڵکیەوە بانگ دەکرێن ئەمانە بوون لەگەڵ خودای خۆیاندا درۆیان کردووە ، نەفرەتی خوا لەستەم کاران .

*** خوا پارێزکارانی خۆش دەوێ :**

١ ــ پەروەردگار پارێزکارانی خۆش دەوێت ﴿ ان الله يحب المتقين ﴾ التوبه : ٦٣

٢ ــ پارێزکاران شەیتان لەخشتەیان نابات ﴿ ان الذين اتقوا اذا مسهم طائف من الشيطان تذكروا فاذا هم مبصرون ﴾ الاعراف ٢٠١ واته : بەراستی ئەوانەی پارێزکارن هەرکاتێك خەیاڵێك لەلایەن شەیتانەوە بۆیان بێت گورج بیری خوای پەروەردگار دەکەنەوە پەنای بۆ دەبەن و خواش زوو حاڵیان دەگۆڕێ بۆ شادمانی و بینینی ڕێگای‌ڕاست .

٣ ــ پارێزکاران خوا ڕۆزیان دەداتێ لەلایەکەوە کە گومانمان بۆی نەچێت وە دەرگای دەرچوونمان بۆ دەکاتەوە لەتەنگ و چەڵەمەکاندا ﴿ ومن يتق الله يجعل له مخرجا و يرزقه من حيث لا يحتسب ﴾ الطلاق : ٢

٤ ــ پارێزکاران بەئاسانی حەق و ناحەق لێك جیا دەکەنەوە ﴿ يا ايها الذين امنوا ان تتقوا الله يجعل لكم فرقاناً و يُكَفِر عنكم سيئاتكم و يغفر لكم و الله ذو الفضل العظيم﴾ الانفال : ٢٢واته : ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە ئەگەر خۆتان بپارێزن لەگوناه و لەخوابترسن خوا ڕووناکیەکی وا دەخاتە دڵتانەوە کە حەق و ناحەق لەیەك جیا بکەنەوە گوناهەکانتان دادەپۆشێ و لێتان خۆش دەبێ وە خوا خاوەن فەزڵ و چاکەیەکی گەورەیە

٥ ــ سەرکەوتن و یارمەتی خوا و پاشەڕۆژ بۆ پارێزکارانە : ﴿ واعلموا أن الله مع المتقين﴾ التوبة : ٣٦ ( والعاقبة للتقوى ) طه : ١٣٢ .

٦ ــ پاشە ڕۆژ و قیامەتیش بۆ پارێزکارانە : ﴿ ان المتقين في جنات و عيون اخذين ما اتاهم ربهم انهم كانوا قبل ذلك محسنين ﴾ الذاريات : ١٦ واته : پارێزکاران وان لە چەند بەهەشت و سەرچاوەیەکدا ئەوەی پەروەردگاریان پێیداون وەری دەگرن چونکە بەراستی ئەوانە لەدنیادا چاکەکاربوون .

٧ ــ لەکاتی زیندوو بوونەوە و گەڕانەوەدا بۆ لای خوا بەرێزەوە و بەکۆمەڵ بەهۆکارێکی تایبەت دەچن نە بەپێ و نەلەسەر دەموچاو وەك کۆمەڵانی تر کە پارێزکار نەبوون هەروەك دەفەرموێت : ﴿ يوم نحشر المتقين الى الرحمن وفدا ﴾ مريم : ٨٥ وە لەسەر پردی ( صراط ) یش

بەسەلامەتی دەپەڕنەوە بەرەو بەهەشت و خوا بەڕەحمی خۆی ڕزگاریان دەکات و کافران و دوورلەخوایانیش سەرەنریٚ دەبن و دەکەونە دۆزەخەوە ﴿ وان منكم الا واردها كان على ربك حتماً مقضيا ، ثم ننجي الذين اتقوا و نذر الظالمين فيها جثيا﴾ مريم : ٧٢ .

**( ٢٦٧ ) چەند دەتوانیت پاریزکار بە**

خوای پەروەردگار دەفەرمویّت : ﴿ يا ايها الذين امنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتُن الا وانتم مسلمون ﴾ ال عمران : ١٠٣ واتە : ئەی ئەوانەی باوەرتان هیّناوە لەخوابترسن و پاریزکاربن بەشیّوەیەکی وا کە شایستەی ئەو زاتەیە وە هەمیشە پابەند و دامەزراوبن لەسەر ئیسلامەتی بۆ ئەوەی هەرکاتیّ مردن بەئیمان و ئیسلامەتیەوە بمرن ، هەروەها دەفەرمویّت : ﴿ فاتقوا الله ما استطعتم و اسمعوا و اطيعوا و أنفقوا خيراً لأنفسكم ومن يوق شُح نفسه فاولئك هم المفلحون ﴾ التغابن : ١٦ واتە : هەتا دەتوانن پاریزکار و خواناس بن ، گویّ ڕایەڵ و فەرمان بەردار بن ، خیّر و چاکە بکەن بۆ خۆتان جا ئەوەی خۆی لەڕەزیلی و ڕژدی دەروونی بپاریزیّت ئەوانە سەرفرازن .پاشان بالیّرەدا هەڵویّستەیەك بکەین وەك قورئان فەرمانمان پیّدەدات ﴿ ولتنظر نفس ماقدمت لغد ﴾ با هەریەکەمان سەیر بکەین چیمان توێشوو پیّیە بۆ قیامەت ئاخۆ چی توانامانە خستوومانەتە کار بۆ ئەوەی پاریزکاربین ، ئاخۆ بەتەواوی و بەچاکی پاریزکارین ؟ .

**( ٢٦٨ ) کۆتەرە داری سەر کورسی**

خوای گەورە بەخۆشەویست (د.خ) دەفەرمویّت کە بلّیّت : ﴿ قل هذه سبيلى أدعوا الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله وما أنا من المشركين ﴾ يوسف :

واتە : پیّیان بلّیّ ئەمە ڕیّباز و بەرنامەمە و بانگ دەکەم بۆ لای خوا بەبەرچاو ڕوونیەوە ، من و ئەوانەش کە شویّنم دەکەون وە خوا پاك و بیّ هاوەڵە و منیش لەهاوبەش پەیداکاران نیم ،ڕاستە ئەبیّ هەریەکەمان بەپیّی توانا هەوڵ بدەین زیاتر بەرچاو ڕۆشن بین لەدین و دنیاماندا بەڵام بەرچاو ڕوونیەکەت هەرچەندە ، ئەوەندە ئەبیّ هەوڵ بدەی ، ئەگەر تەنها نویّژ دەزانی باسی نویّژ بکە ، وە ئەگەر زیاتر دەزانی باسی زیاتر بکە تەنانەت ئەگەر تاقە ئایەتیّکیش دەزانی بیگەیەنە ﴿ بلغوا عني ولو آية ﴾ بخاری ئەوەی پرسیاریّکی لیّدەکریّ و دەیزانیّ و وەڵام ناداتەوە زانست و زانینەکەی دەشاریّتەوە و قسەناکات هەروەك لغاوکرابیّتە دەمی ، ئەوا خوا لەقیامەتدا لغاوی ئاگر دەکاتە دەمی

، خۆشەویست (د.خ) دەفەرموێت : ﴿ من سُئل عن علم فكتمه الجم يوم القيامة بلجام من نار ﴾ ابوداود وترمذي ( حديث حسن ) رۆژێك لەوڵاتی خۆمان لەمەجلیسێکی قەرەباڵغ دا کە چەند کەسێکی بەناو زانای تیابوو لەناو قسەوباسەکانیاندا هێرش کرایە سەر ئاین لەلایەن چەند کەسێکی هەرزە و نەفام و ناحاڵیەوە ، لەم کاتەدا هیچ کام لەبەناو زاناکان نەهاتنە گۆ و هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە بۆیە خاوەن ماڵ کەپیاوێکی عەشایەری فیترەت پاك و ژیر بوو چوو لەدەرەوە کۆتارەدارێکی هێنا کە بۆ سوتاندنی ناوسۆپای زستان دانرابوو لەسەر کورسیەك لەلای سەرووی مەجلیسەکەوە داینا ، هەموو وتیان ئەوە چی یە قوربان ؟ ئەویش وتی : ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە هەق دەزانن و قرِو قەپی لێدەکەن و نایڵێن ئەوانە هەورەك کۆتەرە داری سەر کورسی وان و هەر بۆ سوتاندنی نەك سۆپا بەڵکو ناو دۆزەخ باشن ، خوای گەورەش ئاماژە بە ( خُشب مسندة )دەکات کە کۆتەرە دارێکی هەڵپەسێردراون و دەفەرموێ : ﴿ واذا رأيتهم تعجبك أجسامهم و ان يقولوا تسمع لقولهم كأنهم خشب مسندة ، يحسبون كل صيحة عليهم هم العدو فاحذرهم قاتلهم الله أنى يؤفكون ﴾ منافقون : ٤ واتە : کاتێك بیانبینیت بە قەبارەی زل و سەر و سیمایان سەر سامت دەکەن وە ئەگەر قسەبکەن گوێ لەقسەکەیان ئەگریت ، ئەڵێی کۆتەرە داری هەڵپەسێراون ، وا گومان دەبەن هەر دەنگێك بێت بۆ سەر ئەوانە ( ترسنۆکن و لەخۆیان بەگومانن ) هەر ئەوانن دوژمن ، خۆتیان لێ بپارێزە خوا لەناویان بەرێ چۆن وا ڕوو وەردەگێڕن .

خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێ : هەرکەس لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بیگۆڕێ ئەگەر بەدەست توانی باشە ، ئەگەر نەیتوانی بەزمان خۆ ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا و (دەستەوسان و زۆر بێدەستەڵات بوو ) با لەدڵەوە پێی ناخۆش بێت کە ئەوەش کەمترین ئیمانداریە ﴿ من رأى منكم منكراً فليغيره بيده فأن لم يستطع فبلسانه ، فان لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان﴾ مسلم /٢٧٠

## ( ٢٦٩ ) باوتار و کردارمان یەك بێت

بۆ ئەوەی گەیاندنەکەمان لەدڵەوە بۆ دڵ بێت ، پێویستە قسەوکردارمان یەك بێت وە ئەگەر وانەبێت ئەوە هەوڵ و کۆشش و گەیاندنەکەمان جێناگرێت خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ يا ايها الذين امنوا لم تقولون ما لا تفعلون كَبُرَ مقتاً عند الله أن تقولوا مالا تفعلون ، ان الله يحب الذين يقاتلون في سبيله صفاً كأنهم بنيان مرصوص ﴾

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی ئەوەی دەیلێین نایکەن زۆر مایەی خەشمی خوایە کە قسەیەك بلێین و نەیکەن بەراستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کەشان بەشانی یەك و بەریز( صف ) جەنگ دەکەن لەڕێی خوادا هەرئەڵێی کۆشکێکی قایمی چەسپیون واتە یەك دڵ و یەك گیانن و پشتی یەکتری دەگرن و دوژمنان زەفەریان پێ نابات .

( دکتۆ رمستەفا سەعید الخن ) مامۆستای زانکۆی دیمەشق دەڵێ : بانگەوازکردن بۆ خوا خۆئامادەکردنێکی رۆحی دەوێ شەونوێژ و ( خەلوەت ) ی دەوێت لەخزمەت خوادا تاوەکو قسەکان لەدڵەوە بێنە دەرەوە و لەدڵی بەرامبەرەکەدا جێگیر ببێ ، من مناڵ بووم بەیانیان دەهاتم بۆ نوێژ و پاشان لەدوورەوە گوێم دەگرت لەوتاری مامۆستای مزگەوتەکەمان لەدیمەشق کە پاش نوێژی بەیانی لەمزگەوتێکی بچووکدا قسەی خێری بۆ ئامادەبووان دەکرد ، مزگەوت جمەی دەهات و سەرجادە و کۆڵانەکانیش پڕ دەبوون ، ئەگەر یەکێ جێی هەڵتروشکانێکی لەنزیکەوە دەست نەکەوتایە ئەوا ناچار هەر لەدوورەوە دەوەستا و بەبینینی رووی نورینی مامۆستا فرمێسکی دەڕشت ، ئەو مامۆستایەش ( شێخ علی الدقر ) ە خوا بەبەهەشتی بەرین پاداشتی بداتەوە کەیەکێك بوو لەپیاوچاکانی دیمەشق و خوای گەورە تەوفیقیدابوو بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلامی لەئەردەن و لوبنان و فەلەستین و تورکیادا . رۆژێك قوتابیەکی لێی پرسی مامۆستا ئێمە زۆر وانە بەخەڵك دەڵێینەوە و ئەوکاریگەرییە نابینین لەسەر خەڵکەکە وەك وتارەکانی جەنابتان وە ئەو بەپەرۆشیەی خەڵکی نابینن کە دێن بۆلای تۆ ؟

مامۆستاش فەرمووی : کوڕم ئەگەر پێوویست نەبوایە نەم دەوت ئەم دەرسەی من کە دەیبینی بەخوێندنی (١٠) جزم قورئان پاڵپشتی کراوە کەلەپێش نوێژی بەیانیەوە خەریك دەبم تا کاتی وتار دانەکە و دەڵێم سابەڵکو بەفەزڵی خوێندنی قورئانەکە موسڵمانان سوود لەوتارەکەم وەرگرن و کاریگەری هەبێت لەسەریان ( ل ١٢٣ یحدثونك عن ابي الحسن الندوي ) .

کوڕێك بەباوکی وت : بابە کە تۆ قسە دەکەیت زۆر کار دەکاتە سەرخەڵکی و هەموان دەهەژێنیت و زۆریان فرمێسك دەرێژن کەچی کەسانیتر وانین لەقسەکردندا ، ئەویش وتی : کوڕم ( لیست النائحة کالثکلی ) واتە شینی بەکوڵ و دڵی گەرمی کەسێکی جەرگ سووتاو و کۆست کەوتوو وەکو گریان و لاوانەوەی درۆی کەسێکی بەکرێ گیراو نی یە .

.

**(٢٧٠ )دوا وته**

خوایه خۆت فەرموته ﴿ یدخل من یشاء في رحمته و الظالمین أعد لهم عذاباً ألیماً ﴾ الانسان .خوایه موسا پاڕایەوه لیّت ﴿ قال رب اغفر لي و لأخي و أدخلنافي رحمتك و انت أرحم الراحمین ﴾ الاعراف : ١٥١خوایه ئیّمەش بخەره ناو رەحمەتەکەی خۆتەوه ﴿ فی رحمتك ﴾ کەبەهەشتیش بەشیّکه لەو ڕەحمەتەی تۆ و خۆت فەرمووته ﴿ ان رحمتی وسعت کل شئ ﴾ بەوهیوایەی کەچەند لایەنیّکی گەیاندنی پەیامی تاقانه و لەویّنه نەبووی ئیسلامتان بۆ رۆشن بووبیّتەوه و سوودیّکتان وەرگرتبیّ بەهیوای دوعای خیّرتان که دوعای موسڵمان بۆ موسڵمان لەپاش مله گیرایه لای خوا، تا بەیەك گەیشتنەوەیەکی تر لەسەر سفرەی هەمەڕەنگی دەوڵەمەندی قورئان بەخواتان دەسپیّرم هەرشاد و دووره بەلاّ بن . وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین .

| بابەت | بەش | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هەڵوێستەی گشتی | ١ | ١٣ |
| دەستی پەروەردگار | ٢ | ٦٣ |
| تیشکێك لە قورئانەوە | ٣ | ١٠١ |
| خێرخوازی | ٤ | ١٤٧ |
| بەرەو دڵنیایی | ٥ | ٢٠١ |
| گوڵستانی بانگخوازان | ٦ | ٢٦٥ |
| پتەوکردنی ئیمان | ٧ | ٣٤١ |
| عەهدو پەیمان | ٨ | ٤٠١ |
| بەرەو ساڵح بوون | ٩ | ٤٦٣ |
| گەیاندنی پەیامێکی جیهانی | ١٠ | ٥١٩ |

سەرچاوەکان :


١–قورئانی پیرۆز

٢–في ظلال القرآن

٣–صفوة التفاسير

٤–تەفسیری شەعراوی

٥–التعبير القرآني (د. فاضل السامرائي )

٦–معجزة القرآن ( متولي شعراوي ) ٥ بەش

٧–محمد الخليفة الطبيعي للمسيح ( احمد ديدات )

٨–توحيد الخالق / عبدالمجيد الزنداني

٩–أساس في التفسير / سعيد حوى .

١٠–صيحة التحذير من دعاة التنصير ( محمد الغزالي )

١١–تەفسیری خاڵ ( شێخ محمد خاڵ )

١٢–تەفسیری قورئانی پیرۆز – مامۆستا عثمان عبدالعزیز .

١٣–تەفسیری ڕەوان – مامۆستامەلا محمود .

١٤–تەفسیری ئاسان – مامۆستا بورهان محمد امین .

١٥–رياض الصالحين .

١٦–التاج الجامع للأصول في احاديث الرسول (ص) وەرگێرانی نوری فارس .

١٧–دیوانی مەولەوی وەرگێرانی بۆ سۆرانی محمد امین ئەردەڵانی .

١٨–دیوانی بێخود .

١٩-نبوة محمد من الشك الي اليقين / د. فاضل السامرائي .

٢٠-ديوانى مەحوى .

٢١-الرسول- سعيد حوى .

٢٢-الظاهرة القرآنية - مالك بن نبي .

٢٣-الاسلام يتحدى .

٢٤-الصراع من اجل الاسلام - جيفرى لنك .

٢٥-الخلفاء الراشدون / صلاح عبدالفتاح الخالدى .

٢٦-تأملات من التفسير الحضاري للقرآن الكريم / د. سيد دسوقي .

٢٧-الخطة البراقة لذي النفس التواقة - صلاح عبدالخالق الخالدي .

٢٨-صحيح قصص النبوي / د. عمر الاشقر .

٢٩-الرقائق - محمد احمد الراشد .

٣٠-سيرة ذاتية - سعيد نورسي .

٣١-یادەوەری ئافرەتان - بەشی دووەم - مامۆستا حبیب محمد سعید .

٣٢-باب الهجرتين / ابن القيم .

٣٣-قصص من التاريخ الاسلامى للأطفال / الندوى .

٣٤-الاسلام و أثره في الحضارة و فضله على الانسانية - أبو الحسن الندوي .

٣٥-العلوم المعاصرة في خدمة الداعية الاسلامي / د. محمد الحبال .

٣٦-الى الذي سألني أين الله - عبدالرحمن السنجري .

٣٧-سلسلة اعلام الصحابة - سيف الدين الكاتب . ( طفيل بن عمر و الدوسي ).

٣٨-حقائق في ضوء العلم الحديث – (١- ٥) عبدالرحمن العصافي .

٣٩-قبسات من حياة الرسول / احمد محمد عساف .

٤٠-مەکتوباتی کاك احمد شێخ / مەکتوبی (صلاه الحاجه ) / بەرگی دووەم .

٤١-المبشرات بانتصار الاسلام / القرضاوي .

٤٢-الوقت أنفاس لاتعود / عبدالله محمد القاسم .

٤٣-لم أسلم هولاء الاجانب / ١ – ٢ ( محمد عثمان عثمان ) .

٤٤-المسار / محمد احمد الراشد .

٤٥-يحدثونك عن أبي الحسن الندوي / د. محمد العثماني الندوي .

٤٦-ژيانی ئەبو ئەيوبی انصاری / حبيب محمد سعيد .

٤٧-ژيانی پێغەمبەری مەزن – بەرگی دووەم / عبدالعزيز پارەزانی .

٤٨-خديجه بنت خويلد / د. محمد عبده يمانی .

٤٩-الرسول المبلغ / د.صلاح عبدالفتاح الخالدی .

٥٠-ملامح الانقلاب الاسلامی / د. عماد الدين خليل .

٥١-حياة الصحابة / محمد يوسف الكاندهلوي .

٥٢-فقه السيرة النبوية / منير الغضبان .

٥٣-قضية التنوير / محمد قطب .

٥٤-الضربات التي وجهت للأنقضاض

على الأئمة الاسلامية / انور الجندي .

وتار :

١- وتارەکانی عبدالمجید الزندانی

٢- وتارەکانی د. طارق السویدان بە تایبەتی السیرة النبویة و تاریخ الاندلس المفقودة .

٣- وتاری جومعەی مامۆستا یوسف القرضاوي .

٤- مهلا یا دعاة الهزیمة ( محمد حسان ) .

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان :

١- گۆڤاری المجتمع .

٢- گۆڤاری الاصلاح .

٣- گۆڤاری الفتوی /٨٢/٢٠٠٠

٤- ڕۆژنامەی یەکگرتوو

٥- ڕۆژنامەی ڕێگای ڕزگاری / ژمارە ٢

٦-گۆڤاری الایمان سالّی ١٩٩٣

٧-گۆڤاری پەیامی ڕاستی .

بەرنامەی کەناڵە فەزایی یەکان :

١- المسلمون فی الغرب – إقرأ .

٢- براهین الایمان / الزندانی – إقرأ .

٣- العلم و الایمان – مصطفی محمود.

٤- ملف شخصی – إقرأ .

٥- المواجهات – إقرأ .

٦-ملتقی الاحبه – إقرأ .